گەلاوێژینوێ

گۆڤاڕێکی ئەدەبیی — رووناکبیریە

ئازادی .. داهێنان .. ئەقلانیەت

ژمارە (١٢-١٣) ساڵی دووەم ١٩٩٩

خاوەنی ئیمتیاز : محمد دلێر ئەمین

سەرنووسەر : قوبادی جەلی زادە

جێگری سەرنووسەر : عبدالله تاهیر بەرزنجی

بەڕێوەبەری نووسین : لەتیف هەڵمەت

دەستەی نووسەران

سەلاح محمد

ئەرخەوان

فاروق هۆمەر

سەرپەرشتی هونەری : قادر میرخان

مۆتیف

ڕۆستەم ئاغاڵە

شیلان جەبار

فەرهادی مەلا حەسەن

ئەدرەس : سلێمانی – گردی عەلی ناجی – بارەگای بنکەی ئەدەبیی و رووناکبیریی گەلاوێژ ☎ ٢٣٥٠٧

پەیوەندی کردن لەهەندەرانەوە : نوسینگەی دەریا (تەلەفۆن ٠٠٨٧٣ ٧٦١ ٨٨٨ ٢٧٨) (فاکس ٠٠٨٧٣ ٧٦١ ٨٨٨ ٢٧٩)

کۆمپیوتەری بنکەی گەلاوێژ : جلیل حسین - ئۆفسێت : چاپخانەی داناز - چاپی بەرگ : ئۆفسێتی دلێر

نرخ بۆ ناوولات (١٠) دینار - بۆ هەندەران (٧) دۆلار

- مەولانا شێخ عەبدولڕەحمانی (خالص)/ د. نوری تاڵەبانی — ٤
- بونیادگەریو شیکردنەوەی دەروونی: میشیل فۆکۆ/ و. لەتیف هەڵمەت — ١٠
- رۆلان بارتو خوێنەری دەق/ عادل گەرمیانی — ١٧

دۆسیەی رۆشنگەری:

- سەرەتایەك بۆ چەمکی رۆشنگەری / و. م خالید — ٢٠
- لێك ئاڵاویی ئەفسانەو رۆشنگەری / و. خالید ڕەشید پور — ٥٣
- رۆشنگەریو بیری عەرەبی ئیسلامی/ و. گەلاوێژینوێ — ٧١
- رایرس: ئێمەو سەدەی بیستو یەك/ ئا: گەلاوێژینوێ — ٧٩
- بیریاری گەورەی عەرەب عبدالله العروی/ و: گەلاوێژینوێ — ٨٨
- میتژوونوسی ئیسرائیلی وان کریڤیلد/ و: فریشته سەعید — ١٠١

دەقو ڕەخنە:

- دەقی: سەفەری ژیانو شکستی جەمال غەمبار — ١٠٣
- ڕەخنەی: عەتا قەرەداغی — ١١٠
- هەشتەمین کۆڕ/ و: محمد موکری — ١٢٤
- پیاوی پریاسکە/ فاروق هۆمەر — ١٣٢
- بەشێك لەرۆمانی زانایانی تاریکی سەلیم بەرەکات/ و: غفور صالح — ١٣٩
- یاقووتو پیرۆزە/ سعدالله پەرۆش — ١٥٢
- سیاحەتنامە/ دڵشاد عبدالله — ١٥٣
- شاعیر/ کەریم دەشتی — ١٥٨
- ئەندێشە/ محمد باوەکر — ١٦٠
- رۆژژمێری بەفرو جوانی/ مستەفا صالح کەریم — ١٦٣
- کتێبی گەلاوێژینوێ: الجنس عند العرب — ١٧١
- شیعرو شاعیرو وێنە.. ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی — ١٧٥
- دەربارەی تاقیکردنەوەی خاوەنی تابلۆی بەرگ/ رامیار محمود — ١٧٩

دۆسیەی شیعری بەرجەستەکراو:

- شیعری بینینکاریو خوێندنەوەی/ عبدالله تاهیر بەرزنجی — ١٨١
- بونیادی شیعری بەرجەستەکراو/ د. محمد مفتاح — ١٩٣
- بۆچی بۆشایی؟/ صلاح حسن پاڵەوان — ١٩٨
- نوسینی رۆاو، نوسینی هەڵواسراو/ شەماڵ عومەر — ٢٠٧
- فەلسەفەو دنیای سەردەم/ محمد رشید فتاح — ٢١٣
- بێداچوونەوەی یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید/ سدیق صالح — ٢١٨
- ڕێنووسی کوردی/ عەتا برفی — ٢٢٤
- کەوانە — ٢٣٦
- لێرە — ٢٤٨
- لەوێ — ٢٥٥
- کتێبینما — ٢٥٧
- پرۆشە/ فوئاد قەرەداغی — ٢٦٧
- پاشکۆی گەلاوێژینوێ: لەتەك د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵدا — ٢٦٨

سپیدە

شێرێك..

لەبێشەلانەوە.. بۆ نێو قەفەس

دەیانگوت پیاو نابێ بگری، بەڵام دوو کارەساتی جگەربڕ لەنێو شاشەی تەلەفزیۆنەوە، هەردوو دیدەمیان کردووە بەدوو پەڵە هەورو دوو رێژنە بارانی بەخورپان دابارانددووە. بارانێك رۆح و ویژدانمیان بەسۆزو خۆشەویستی گەلو نیشتمان شەڵاڵ کردووە. منالە شەهیدەکانی هەڵەبجە یەکەم رێژنەو، زنجیرکردنی ئۆجەلانیش دووەم رێژنە.

چەند سەیرە لەسەر دەمی هەڵکردنی باهۆزی دیموکراتی و مافی مرۆڤو سیستمی تازەی دەوڵەتانوهەڵوەشاندنەوەی سنووری ناپێرۆزەکانی دەستکردو، لەسەردەمی ئەنتەرنێتو عەولەمەو فۆتۆکۆپی ئادەمیزادا، کۆترێکی لانەواز بە لقێك زەیتوونەوە، سەرتاپای ئەم دنیا پانو بەرینە بگەڕێت، تاکە لانەیەکی ئاسوودەی دەست نەکەوێت، تیایداکەمێك هەڵکورمێتو هەناسەیەکی حەسانەوە هەڵکێشێت. کۆترێك نامەی ئاشتیو برایەتیو یەکسانی بیست ملیۆن مرۆڤی کوردی، لەنێو پەڕو باڵە سپیەکانیدا، هەڵگرتبێت. لەوەختێکدا هەموو بستێکی ئەم سەر زەمینە بۆ قەلو داڵو باشووکەو کوندەبەبۆو بایەقوش، هێلانەیەکی ئاوریشمین بێت.

چەند تەنیاین. حەقمانە هەمیشە ئەو گۆرانیەیە ملیۆن بارە بکەینەوە: چەند تەنیاین، تەنیا چیاکان هاوڕێی راستەقینەمانن.

ئەو بەزمانی گوڵ بەداگیرکەرانی نیشتمانەکەی دەگوت: تکایە لەوڵاتە خۆشەویستەکەم. بچنە دەرەوە، وڵاتێك پێنج هەزار ساڵە لەسەری دەژیم.

ئەوان بەزمانی گوللە وەرامیان دایەوەو گوتیان: نەء .. نەء.. بیست ملیۆن جار نەء.

بەزمانی پەپوولە پێی گوتن:

باشە لێگەڕێن بابەیێکەوە وەك براو بەیەکسانی لەسەر خاکەکەی مندا بژین.

ئەوان بەزمانی خوێن وەرامیان دایەوەو گوتیان:

نەء.. نەء.. چل ملیۆن جار نەء.

ئەو بەزمانی کۆتر پێی گوتن:

بەشێکم لەمافە رەواکانی خۆم بدەنێو لەبەشەکەی دیکەم خۆش دەبم.

بەزمانی بارووت پێیان گوت:

ئەم وڵاتە وڵاتی ئێمەیە، دەبێ تۆ بارکەیتو لێی دەرچیت.

هەنووکە ئەو لەزیندانایە، بەڵام هاوڕێیانی ئەو، جگەرگۆشەکانی ئەو دەستێکیان کۆترەو دەستێکیان مۆلۆتۆف.. دەستێکیان ئاڵایەو دەستێکیان بەرد.

هەنووکە ئەو لەقەفەسدایە، بەڵام کێشەی گەلەکەی هەڵۆیەکی بەرزەفڕە، تادێ بەرزو.. بەرزو بەرزتر هەڵەفڕێ.

هەنووکە ئەوان لەژوورێکی تاریکو نوتەکدا، وەك سەرکردەی حزبێك، جەستەو دەروونیان خستۆتە ژێر ئازارو ئەشکەنجەوە، بەڵام لەدەرەوی ئەو ژوورەداو لەنێو دڵی هەموو مندااڵێکی کوردا، ئۆجەلان بوو بەرەمزێکی نەتەوەیی گەورە.

نەوە ئەیدا بەنەوەو
شاخ ئەیدا بەشاخو
تیشك ئەیدا بەتیشكو
چاو ئەیدا بەچاو
لێرەوە چەپکە گوڵی خۆڕاگریو نەبەردی دەستەی نووسەرانت پێش کەش..
لێرەوە سڵاوی قەڵەمی ئازادو ورشەی ئەستێرەکانی گەلاوێژی نوێت پێشکەش.

سەرنووسەر

مەولانا شێخ عەبدولرەحمانی (خالیص) زاناو شاعیرو شێخی عیرفان

دکتۆر نوری تاڵەبانی / لەندەن

شێخ عەبدولرەحمانی (خالیص) یەکێکە لەو گەورە زاناو شاعیرانەی کورد کەبەداخەوە تاکو ئێستا لەکۆڕی ئەدەبو شیعری کوردیدا مافی خۆیانیان نەدراوەتێ. دەربارەی شێخانیەتیشی کە لە چەمەنی شاهانەی ئەولیادا بووەو پایەی لە هی کاك ئەحمەدی شێخ و مەولانا خالدابووە. کەچی بە دەگمەن باس دەکرێ. زانای هەمیشە زیندووی کورد تۆفیق وەهبی بەگ، شێخ عەبدولرەحمانی (خالیص) ی وەك فەیلەسوفێك تەماشا دەکردو دەیووت ئەگەر کورد نەبوایە، ناوو شووەرەتی لە هی تاگور (طاغور) ی هیندی زیاتر دەبوو.[1] هەروەها زانای گەورە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس دەربارەی شێخ عەبدولرەحمان نووسیوەتی: ((ئەدیبو نووسەرێکی تاقانە بووە لە باخی ئەصفیاداو، مامۆستایەکی زاناو بەتوانا بووە لەناو مامۆستایانداو، مورشیدێکی هەڵکەوتوو بووە لەناو کۆڕی مورشیدەکانا))[2].

شاعیری شۆڕشگێڕی کوردیش حاجی قادری کۆیی کە هەموو ئاگاداری هەڵوێستێتی بەرامبەر شێخو شیخایەتیو تەکیەو خانەقاکانیان، کە دێتە سەرباسی شێخی (خالیص) وەکو (غەوثی ثانی) ناوی دێنێو لەسەخاوەتدا بە (حاتەمی مەزهەب) وەصفی دەکا:

غەوثی ثانیو حاتەمی مەزهەب
عەبدولرەحمانی خالیصی مەشرەب [3]

ئەم رێزگرتنەی حاجی قادر لە شێخ عەبدولرەحمان لەبەر ئەوە بووە کە لە نزیکەوە ناسیویەتیو بە تەجروبە بۆی دەرکەوتووە کە ئەم زاتە لە کردەوەی ئەو شێخانە بەدوور بووە کە لە شیعرەکانیا دایشۆردوون. کە دەڵیم ئەم شاعیرە بلیمەتە چاو نەترسە لە نزیکەوە شێخ عەبدولرەحمانی ناسیوە، چونکە ماوەیەك لە کەرکوك فەقێی (موستەعید) بووە لە خزمەتی شێخی خالیص دا، پێکەوە لەگەڵ شێخ رەزای تاڵەبانیدا.[4] شێخ رەزا کە باسی باوکی دەکا، هەر بە (غەوثی ثانی) ناوی بردووە:

مەشهور لە جیهان بە غەوثی ثانی
عەبدولرەحمانی تاڵەبانی

شێخ عەبدولرەحمان کە پاشان بە مەولانا شێخ عەبدولرەحمانی (خالیص) ناوبانگی دەرکردووە، کوڕی گەورەو جێ نوشینی باوکی بووە کە ئەویش زاناو شێخی ئیرشاد بووە: شێخ ئەحمەدی تاڵەبان، کە ئەویش کوڕی مەلا محمودی زەنگەنەی کوڕی رۆستەم ئاغای کوڕی یوسف ئاغای کاکەسووریی ناوچەی بۆکانە. دایکی کچی عەبدوڵڵا بەگی زەنگەنەی کوڕی میر سمایل خانی زەنگەنە بووە. لە ساڵی ١٢١٢ ك (٨-١٧٨٩ز) لە گوندی (قرخ) ی سەربەقەزای چەمچەماڵ هاتووەتە دونیاوە. هەر لە خوێندنگاکەی تەکیەکەی خۆیان لە گوندی (تاڵەبان) کە بەرامبەر (قرخ) ە، دەستی بە خوێندن کردووە

لەلای باوکی کە مەلاو شێخی ئیرشاد بووە، پاشان بە گوێرەی دابی ئەو سەردەمە چووەتە کەرکوکو سلێمانیو هەندێ ناوچەکانی تری کوردستان بۆ تەواوکردنی خوێندنی. ماوەیەک لە سلێمانی لەگەڵ کاک ئەحمەدی شێخدا پێکەوە لە خزمەتی شێخ مارفی نۆدەیی خوێندویانە. هەر لەو کاتەوە دۆستایەتیەکی روحی بەهێز پەیدا بووە لە نێوانیاندا هەتا هاتووە بەهێز تر بووە. کاتێ کاک ئەحمەد لە سەفەری حیجازی دەگەڕێتەوە، لە کەرکوک دەبێتە میوانی شێخ عەبدولرەحمان.(٥)

لە پاش کۆچ کردنی باوکی، شێخ عەبدولرەحمان لە گوندی تالەبان دەمێنێتەوە، ئەو گوندەی کە باوکی بنیاتی دامەزراندوەو لەوەوە ناسراوە بە شێخ



ئەحمەدی تالەبان. پاشان (ی) نەسەبی عەرەبی هاتووەتە سەرو بووە بە (تالەبانی). ماوەیەک شێخ عەبدولرەحمان خەریکی دەرس وتنەوە دەبێ لە خوێندنگای تەکیەکەی خۆیان، لەگەڵ ئیرشادکردنی موسڵمانان لەسەر رێبازی (قادری) کە لە باوکو باپیریەوە وەری گرتبوو، ئەوانیش لە پیرێکی هیندی بەناوی شێخ ئەحمەدی هیندی لاهوری کە نیشتەجێی سورداشی پاڵ کێوی پیرەمەگرون بووە. لەو ماوەدا خەڵکێکی زۆر لەو ناوچەو لەناوچەکانی تری کوردستان روو دەکەنە تەکیەکەیی‌و ناوو شۆرەتێکی زۆر پەیدا دەکا. لەوە دەچێ کار بەدەستانی ئەمارەتی بابان لەناوچەکەدا ناڕەحەت بووبن لەوەی کە ئەو خەڵکە بەو چەشنە هامشۆیان کردووە. بەتایبەتی بەشێکیان گەورە پیاوانی ئەو سەردەمەبوون، بۆیە دەکەونە ئەزیەتدانی موریدەکانیو پاشان خۆیشی،و ئەویش بە ناچاری دەچێتە گوندی (باش تەپە) ی خواروی کەرکوک، لەناو خێڵی داوودەی گەرمیان کە لە رێگای ژنخوازتنەوە بوون بە خزم. موریدەکانی لە شاری کەرکوک دەچنە لایو تکای لێ دەکەن کە بچێتە سەر تەکیەکەیان کە هەردوو مەرقەدی باوکو باپیری لێ بووە.(٦)

ئەویش تکاکەیان قبوڵ دەکاو دەچێتە کەرکوک تەکیەی تالەبانی کەرکورک کە سەرچاوەی هەموو تەکیەکانی تالەبانیە، لە کەرکوکدا بە تەکیەی گەورە ناسراوە. ئەم تەکیەیە کە گەلێک فراوانو ئاوەدانە، کەوتووەتە سەر گردێکی گەورە لە کەنار شارەوە، لە نزیکی رێگای کەرکوک سلێمانی، گەرەکی بەردەمی بە (بەرتەکیە) ناسراوە، دانیشتوانی هەموو کوردن، ئەم تەکیەیە لەسەرەتای دروستکردنیا بچووک بووە، پاشان لە سەردەمی شێخ عەبدولرەحماندا فراوان کراوەتەوە بەفەرمانی سوڵتان عەبدولمەجیدی عوسمانیو بەشێوەیەکی تازە دروستکراوەتەوە. شاری کەرکوک لەو سەردەمەدا پایتەختی ویلایەتی شارەزوور بووەو (والی) لەوێ دانیشتووە. وەکو باسی لێ دەکەن، یەکێ لەو والیانە بووە بە موریدی شێخ عەبدولرەحمانو بەهۆی ئەوەوە سوڵتان عەبدولمەجید فەرمانی داوە کە بەشێوەیەکی تازە دروستبکرێتەوە.(٧)

لە سەردەمی شێخ عەبدولرەحماندا، تەکیەکەی لە کەرکوک بووە بە مەڵبەندێکی ئایینیو کۆمەڵایەتی گەورە لە ناوچەکەدا، هەروەکو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس نووسیویەتی: ((سەردەمی ئەو سەردەمی زێڕینی هەموو بنەماڵەی تالەبانی بووە، چونکە ئەوەندە جیلوەی خودایی بووە تەکیەکەی بووە بە بنکە بۆ دائیرەی تەکیەی دەروێشان، خوێندنگاکەی دەرمانخانەی دڵڕێشان بووە، هۆدەکانی تەکیە مەڵبەندی پیاوانو ناوداران بوونو، هەموو جۆرە خوێنەوارو زمانزانێ تیایاندا دانیشتوونو وچانیان داوە.(٨)

کە دێتە سەرباسی تاریفی رەوشتی شێخ عەبدولرەحمان، مامۆستای ناوبراو نووسیویەتی: بە مەعنای کەلیمە مەردی مەیدانو شێری ناو مەردان بووە، تاجی سەری ئەولیاکان بووە، لەناو پیاوە

هەڵکەوتوەکانی جیهاندا لە ڕیزی سەرەوەی ناوی نوسراوە.(٩)

هەر لەسەردەمی شێخ عەبدولڕەحماندا بە دەیەها تەکیەی خانەوادەی تاڵەبانی لە هەردوو بەشی کوردستانی ئەو سەردەمەدا کراونەتەوە، لە هەولێرو خۆشناوەتیو بادینانەوە، تاکو ناوچەکانی زەهاوو جوانڕۆو هەورامانو شارەکانی سنەو مەریوانو بۆکانو سابلاغو ئۆرفەو شارەکانی تری باکوورو باشووور، لە ولاتانی ئیسلامی تردا، لە (سەمەرقەندەوە) تاکو شامو میسرو شاری (مەدینەی مونەوەرە).(١٠)

مەولانا شێخ عەبدولڕەحمان لە مەیدانی تەسەوفدا پایەبەرز بووەو شیعرەکانی هەموویان لەم مەیدانەو لە مەیدانی فەلسەفەدان. لە پارچە شیعرێکیدا بە زمانی فارسی فەرموویەتی:

عقل می گوید بمن هردم که ترك یارکن
عشق می گوید که هیهی ترك این گفتار کن
عقل می گوید برو با سجدەو سجاده باش
عشق می گوید برو تسبیح را زنار کن
عقل می گوید بپوش اخر لباس عاقلان
عشق می گوید که ترك جبەو دستار کن
من نمی دانم کدا مین نکتەرا باورکنم؟
ای خدایا از دلم توکشف این اسرار کن
عقل میگوید چنین و عشق می گوید چنان
همچو (خالص) در جهان یك نکتەرا اقرار کن(١١)

واتە:

هەردەم عەقڵ پێم دەڵێ یار بەجێ بهێڵە
(بەڵام) عەشق دەڵێ ئامان قسەی وا نەکەی
عەقڵ دەڵێ بچۆ لەگەڵ سەجدەو سەججادە بە
عەشق دەڵێ برۆ تەسبیحەکەت بکە بە زونار
عەقڵ دەڵێ برۆ بەرگی عاقڵان لەبەر بکە
عەشق دەڵێ ئەم جوببەو مێزەرە بەجێ بهێڵە!
من نازانم کام خاڵ لەم خاڵانە باوەڕیان پێ بکەم
خوایا ئەتۆ ئەم ڕەمزو ڕازەی دڵم بخەرە ڕوو
عەقڵ دەڵێ ئاوا و عەشق دەڵێ ئاوا

((تۆیش)) وەکوو (خالص) لەم جیهانەدا، دان بەیەك لادا بنێ(١٢)

شێخ عەبدولڕەحمان دۆستایەتی هەر لەگەڵ شێخانی ڕێبازی (قادری) دا بەهێز نەبووە، بە تایبەتی لەگەڵ کاك ئەحمەدی شێخدا، بەڵکو هەمان جۆرە پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ شێخانی سەر بە ڕێبازی (نەقشبەندیش) هەبووە، بەتایبەتی لەگەڵ یەکەم خەلیفەی مەولانا خالید کە شێخ عوسمانی سیراجودین بووە، هەر بۆیە شێخ عوسمان شێخ عومەری کوڕی ناردووەتە کەرکوك تاکو پێکەوە لەگەڵ شێخ عەلی کوڕی شێخ عەبدولڕەحماندا بخوێنن.(١٣)

شێخ عەبدولڕەحمانی خالیص پیاوێکی زۆر سەخی تەبیعەت بووە، هەرچی هەبووە بە گوێرەی توانا سەرفی کردووە، هەر لەوێشەوە بووە کە حاجی قادری کۆیی بە (حاتەمی مەزهەب) ناوی بردووە. لێی دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی حەیفە پیاو ئەوەندە پارەی هەبێ کە حەجی لەسەر (واجیب) بکا! هەروەها فەرموویەتی:

((نوێژ کردن کاری پیرەژنانە، ڕۆژووگرتن کاری بەخیلانە، حەج کردن گەشتی جیهانە، بەڵام دڵی شکستە بەجێگەیاندن کاری مەردانە)) ئەم وتەیە فەلسەفەیەی ڕەنبێ بەلای هەندێ نەزانەوە لادان بێ لە ئیسلامەتی، بەڵام مەبستی ئەم پیرە مەزنە ئەوە بووە کە نوێژکردنو ڕۆژووگرتنو حەج کردن بۆ ئەوانەی کە دەبێتە واجیب لەسەریان، بە هەموو کەس دەکرێن، بەڵام دڵی کەسێکی لێقەوماوو شکستە بەجێ گەیاندن بە هەموو کەس ناکرێ بۆیە بەکارێکی مەردانەی داوەتە قەڵەم.

شێخ عەبدولڕەحمان هەر شێخی عیرفانو تەسەوف نەبووە، بەڵکو شاعیرێکی پایەبەرزو بەتوانا بووە بەهەر سێ زمانی (کوردی _ شێوەی هەورامی _ فارسیو تورکی). بیستوومە شیعریشی بە زمانی عەرەبیش هەبووە، بەڵام کۆنەکراونەتەوەو فەوتاون. ئەو شیعرانەیشی وا لە دیوانەکەیدا بە هەردوو زمانی فارسیو تورکین، هەموو شیعرەکانی نین، هەندێکیان فەوتاونو بەشێکی تریان نەخراونەتە ناو دیوانەکەی.

نازناوی شیعری ((خالیص)) بووە کە لە (خالصاً لله) وە هاتووە، هەر بۆیە نەوکانی بوون بە (خالیصی)، بە تایبەتی شێخانی ئیرشادیان، هەروەها شێخ محمدی (خالیص) کوڕی شێخ ڕەزایش ئەم نازناوەی بۆ خۆی هەڵبژاردوە.

شێخ عەبدوارەحمان لەگەڵ شاعیرانی بەناوبانگی سەردەمی خۆی، بەتایبەتی (مەولەوی)، شیعریان بە سەریەکدا وتووە، مەولەوی چەند جارێك سەردانی

شێخ عەبدولرەحمانی کردووە لە کەرکوک. جارێکیان پێش بەرەبەیان دەگاتە تەکیە لە کاتێکدا کە خەڵکی هەموو نووستوون، بەڵام دەبینێ شێخ عەبدولرەحمان خەریکی شەو نوێژو عیبادەتکردنە، مەولەوی ئەم بەیتە شیعرەی بیسارانی بۆ دەخوێنێتەوە:

شەوەن خەڵوەتەن مالْ بێ ئەغیارەن
عالەم گرد وتەن دۆس خەوەردارەن
لەوەڵامدا شێخی خالیص یەکسەر ئەم بەیتەی بۆ دێ:
ئیرادەم ئێسنەن وی کەڵپۆسەوە
شەو نالێن وەشەن وەڵای دۆسەوە
لە قەسیدەیەکی تردا مەولەوی بەهۆی چاککردنەوەی تەکیەی تاڵەبانییەوە فەرموویەتی:
عقل گفتا چون تفکر کردو ایست
دانی این بانی ومبنی چیست و کیست؟
در تنزل کرد جلوه بی چنین
حق در ان وعرش أعظم ان درین
هرکه داند سر این راز نهفت
خوش (علی العرش استوی الرحمن) گفت
مبتداو منتهای هر شی است
((مظهر حق باد)) تاریخ وی است ١٢٦١ ك (١٨٥٤ز)

واتە:

عەقڵ دوای ئەوەی بیری کردەوەو بە خۆیدا چوەوە، گوتی:

ئایا دەزانی ئەم ((بانی)) و ((مبنی)) بەچییەو کێیە؟

لە ((تنزل)) دا خۆی نواند.. (بێ چنین؟)
حەق لەویاندا عەرشی ئەعزەمیش ئەو لەمیاندا
هەرکەسێ رازی ئەم رەمزە داپۆشراوەی زانی
بەباشی گوتی: ((علی العرش استوی الرحمن))
سەرەتاو کۆتایی هەموو شەوێك (؟) هەموو شتێك(؟)

تەئریخی ئەو، ((مظهر حق باد)) ه[١٣] = ١٢٦١ ك، ١٨٤٥ز

دیوانی شیعرەکانی مەولانا شێخ عەبدولرەحمان تا ئێستا چوار جار چاپ کراوە. چاپی یەکەمیان لە ئەستەموڵو چاپەکانی تر لە ئێران. زۆربەی شیعرەکانی شێخی خالیص بە فارسیو تورکی دەربارەی تەسەوفو عیشقی خودایی‌یە.

بەشێك لە شیعرەکانی لێکدانەوەیان تەخمیسی هەندێ ئەشعاری مەولانا جەلالەدینی رۆمین لە (مثنوی) یەکەیدا لەگەڵ ئەشعاری شاعیرانی تری وەکو (مغربی) و (حافظ) و (نور علی) و چەند شاعیرێکی تری بەناوبانگی تری فارسی زمان لە مەیدانی عیرفانو تەسەوفدا.[١٤] هەروەها تەخمیسی پارچە شیعرێکی مەولانا خالیدی نێدایە کە بەم شێوەیە دەست پێ دەکا:

بشمع طلعت کردم منور خانه خودرا
گشادم درگه عیش‌و فرح پروانه خودرا
بغواص خیالت یافتم در دانه خودرا
بمعمار غمت نوساختم ویرانه خودرا
بیادت کعبه کردم عاقبت بتخانه خودرا

واتە:

من بەهۆی روخساری تۆوە مالّی خۆمم رۆشن کرد
دەرگانەی خۆشیو شادیم بۆ پەپوولەی خۆم کردەوە
یاخود:
لەکاتی خۆشیو شادیدا، پەروانەی خۆم رەها کرد بەهۆی غەواصی خەیاڵی تۆوە، دانەی دووریی خۆم دۆزیەوە
بەدەست میعماری خەمی تۆ، کەلاوەی خۆم ئاوەدان کردەوە
بەیادی تۆوە سەرەنجام بوتخانەی خۆم کردە مالّی کەعبە

بەشی زۆری شیعرە تورکیەکانی هەر دەربارەی خۆشەویستیو عیشقی خودایینو، لە دوسێ قەسیدەدا تەخمیسی چەند بەیتە شیعرێکی شاعیری بەناوبانگی تورکی سۆفی مەزهەب (فضولی) کردوە.

لەناو ژووری مەرقەدەکەیدا، بەدەست خەتێکی گەورەی جوان، ئەم چەند بەیتە شیعرەی خۆی نوسراوەتەوە:

گر بیائی به تماشاگه ویرانه ما
بینی از نیست معمر شده کاشانه ما
همه عالم کلمات اند بود معنی (هو)
درس اینست در این مکتب شاهانه ما
گر بسر منزل عشاق در ائی بینی
رفعتو منزلت این دل دیوانه ما
مرده‌ها زنده‌کند زمزمه حلقه ما
نفخ صور است در این منزل ویرانه ما

ساقی ومطرب وخمار همه یك بینی
گر شوی محروم خلوتگه میخانه ما
(خالص) از نور تجلای جمالش میرخست
هو بهو میزندش این دل دیوانه ما

واته:

گەر بێته سەیری کاولخانەی ئێمە
دەبینێ کە هێلانەکەمان لە هیچەوە ئاوەدان بووەتەوە
هەموو جیهان وشەیەو واتایان ((هو)) ە
لەم قوتابخانە شاهانەی ئێمەدا، وانەی دەرس خوێندن ئەوەیە
گەر بێتو بێیە شوێنی عاشقان،
چاوت بەبەرزیو رێزی ئەم دڵە شێتەی ئێمە دەکەوێت
ورتەی نێو ئاڵقەی (دەروێشی) ئێمە، مردوو زیندوو دەکاتەوە
ئەم ماڵە ویرانەی ئێمە، (نەفخی صور) ی لێیە
ساقیو موتریبو سەرخۆش هەموو بەیەك وەك یەك دەبینێ
ئەگەر بێتو ببی بە مەحرەمی خەلوەتی مەیخانەکەمان
((خالص)) لە شەوقی تەجەللای ئەو (سەری خۆی هەڵدەگرتو) دەڕۆیی
(بەڵام) ئەم دڵە دیوانەیەی ئێمە هەر بانگی دەکاتەوە
شێخ عەبدولڕەحمان لە ساڵی ١٢٧٥ك (١٨٥٨ز) لە کەرکوك ماڵێ ئاوایی لە تەکیەوخانەوادەو موریدەکانی کردوە، لەژوورێکی نزیك بە مەرقەدی باوکو باپیری بەخاك سپێردراوە. گەلێ لە شاعیرو ئەدیبەکانی ئەو سەردەمە لاواندویانەتەوە. یەکێ لەوانە دۆستو هاوچەرخی خۆی (مەولەوی) بووە، لە قەسیدەیەکدا بەزمانی فارسی، مەولەوی بەهۆی کۆچ کردنی شێخی عیرفانو ئەدەبو شیعرەوە وتوویەتی:

ضیائی کو برحمانی در این کون
میان سایها ممتاز گردید
به فیض هریك از اجزای عالم
((علی استعداده)) همزار گردید
مثالش چون ز رحمت مشتق امد
پی مصدر روان پرواز گردید
بتأریخش قلم زان سان رقم زد
((برحمت جان پاکش باز گردید)) ١٢٧٥ك

هەروەها بە کوردیش ئەم چەند بەیتەی وتووە، هەر بەهۆی کۆچ کردنی شێخ عەبدولڕەحمانەوە:

دونیا نەگێجاو تاریکەشەو بێ جەلاو ڕۆشینیش
جەلا چۆن خەو بێ
تا بەم بەیتە تەواوی دەکا:
دڵ پەی تەئریخ وات وەدەم دەرەوە
ئەی وای وەی دونیاش تاریك کەردەوە ١٢٧٧ ك

شێخ ڕەزای شاعیریش لەو قەسیدەی وا تیایا باسی باوکو باپیرانی کردووە، بەم شێوە باسی باوکی دەکا:[١٥]

بە ڕەحمەت چوون ئەوان با بێینەوە سەر بابی ((ئەورەحمان))

فیدات بم ئەی نەتیجەی دوو دمانی احمدو محمود
نەتیجەم مەقصەدە تاڵیو مەقەدەم شەرتی تەحسیلە
ئەوانەی بۆیە ئیجادکرد خودا تا ئەم ببێ مەوجود

مەولانا شێخ عەبدولڕەحمان چوار کوڕی هەبووە: شێخ عەلی کە پاشان بە حاجی شێخ عەلی گەورە ناسراوە، ئەویش زاناو شاعیرو شێخی ئیرشاد بووەو لە پاش کۆچ کردنی باوکی لە جێگاکەی تەواوکەری ئەرکو کارەکانی بووە، لەگەڵ شێخ عەبدولقادر کە ئەمیش شاعیر بووەو نازناوی شیعری (فاین) بووە، لەگەڵ شێخ ڕەزای شاعیری ناسراوو شێخ عەبدولواحد.

لندن ١٨/ ١٠/ ١٩٩٨

پەراوێز:

(١) لە ماوەی ساڵی خوێندنی (٩٧٤ – ٩٧٥) دا لە لەندەن بووم بە ئەرکێکی زانستی (تفرغ علمی) و ماوەم هەبوو زۆر جاران دیدەنی زانای گەورەی کورد تۆفیق وەهبی بەگم دەکرد. جارێکیان کەوتە باسکردنی شێخ عەبدولڕەحمانو وتی شیعرەکانی هەندێکیان ئەوەندە قوڵن ئەگەر هی ئەو نەبوونایا دەموت لادانە لە ئیسلامەتی! چەند ساڵێکی تر شێخ عەلی کاکم کە ئەویش چووە بەر ڕەحمەتی خوا، داوای لە مامۆستا مەلا عەبدولکەریم کرد کە شیعرە فارسیەکانی بکا بە کوردی لەگەڵ لێکدانەوەیاندا. وەڵامی ئەم زانا گەورە ئەوە بوو ((دەترسم هەندێ خەڵکی نەزان هەن کە

لەو شیعرانەی تێناگەن، ئەویش و منیش بەبێ دین بدەنە قەڵەم))!، تەماشای نووسینەکەم بکە لە ژێر دێڕی: ((گەشتێکی تر بە جیهانی شێخ رەزای تاڵەبانیدا))، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٧٠)، ساڵی ١٩٨٨، ل ٢٤، هەولێر.

(٢) مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بنەماڵەی زانیاران، چاپخانەی شەفیق، بەغدا ١٩٨٤، ل ٥٧٦.

(٣) دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم شارەزا، چاپخانەی (دار افاق عربیه) بەغدا ١٩٨٦، ل ٢٢٢.

(٤) محمدی مەلا کەریم، هەندێ بابەتی ئەدەبی لە بارەی حاجی قادری کۆیی و شێخ رەزای تاڵەبانیەوە، گۆڤاری (کاروان) ژمارە (٩٢) ساڵی ١٩٩١، ل ٢٥.

(٥) نووسینەکەم دەربارەی شێخ رەزا، هەمان سەرچاوە، ل ٢١.

(٦) ئەو تەکیەیەی کەرکوک لەسەردەمی مەلا محمود باپیری کراوەتەوەو لەلایەن موریدەکانی لەو شارەدا جارێکیان مەلا محمود دەچێت سەردانی موریدەکانی لە کەرکوک و لەوێ نەخۆش دەکەوێ، وەسیەت دەکا ئەگەر چووە بەر رەحمەتی خوا ئەوا هەر لەوێدا بەخاکی بسپێرن. پاش چەند رۆژێک کۆچی دوایی دەکا و موریدەکانی لەکەنارێکی ناو تەکیەدا بەخاکی دەسپێرن. شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی کۆپیشی هەر لەلای مەرقەدی باوکیا بەخاک سپێردراوە، هەر لەسەر وەسیەتی خۆی.

(٧) ئێستاش لە رەسمیاتدا ناوی تەکیە بە ((مەجیدیە)) ناو دەبرێ، کە لە ناوی سوڵتان عەبدولمەجیدەوە وەرگیراوە.

(٨) مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، سەرچاوەی ناوبراو.

(٩) هەمان سەرچاوە.

(١٠) یەکێ لە خەلیفەکانی شێخ عەبدولرەحمان لە هەورامان شێخ حەمە ئازیزی نیجارە کە بەپیری هەورامان ناسراوە. لە شاری (طنطا) ی میسریش خەلیفەیەکی هەبووە بەناوی (العلامه الشیخ عبدالقادر محی‌الدین الاربلی) کە کتێبێکی نووسیوەتەوە لە ژێر ناوی (حجة الذاکرین ورد الناکرین). نووسەری ئەم کتێبە لە پێشەکیەکەیدا نووسیویەتی نامەمان بۆ (سیدی ابو علی ضیاءالدین عبدالرحمن الکرکوکی الطابانی) ناردووە کە تەکیەیەکمان کردۆتەوە لەو شارەدا لەسەر ئەرکی (حاج محمد أمین الشاقب) کە ئەویش موریدی بووە. ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٢٤ دا لە (طنطا) چاپکراوە، نزیکەی هەشتا ساڵ پاش نووسینی.

(١١) دیوانی (جذبة عشق)، دیوانی حضرت مولانا عبدالرحمن خالص القادری الطالبانی، از انتشارات حاج محمود محمدی سنندجی، مشهد، چاپخانه سعید، چاپ چهارم ١٣٧٣، ل ٢٢. ئەم دیوانە تاکو ئێستا چوار جار چاپکراوە. چاپی یەکەم لە ئەستەمبوڵ لەگۆڤاری سەدەی نۆزدەیەمدا، لەسەردەمی حاجی شێخ عەلی گەورەدا، چاپی دووەم تاران لە سەرەتای پەنجاکاندا، لەسەردەمی حاجی شێخ جەمیلی باوکمو بە سەرپەرشتی کردنی موردێکی بەناوی حاجی محمود محمدی سنەیی. چاپی سێهەمو چوارەم، هەر چاپی دووەمە کە لەلایەن نەوەی حاجی محمودەوە چاپکراونەتەوە.

(١٢) لە وەرگێڕانی ئەم شیعرە فارسیانەدا بۆ کوردی، ئەدیبی ناسراو کاك ئەنوەری سوڵتانی یارمەتیەکی زۆری داوم، زۆر سوپاسی دەکەم بۆ ئەم هاوکاریەی.

(١٣) نووسینمان دەربارەی شێخ رەزا، گۆڤاری (کاروان) کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە.

(١٣) مظهر حق باد! = نوێنگەی جیلوەی خودا بێت!

(١٤) دیوانی شیعرەکانی: جذبة عشق، چاپی چوارەم، ل ٥ تاکو ٣٩.

(١٥) لە ژیانی شێخ عەبدولرەحماندا، جارێکیان هەر چوار کوڕەکانی دەنێرێتە بەغدا بۆ زیارەتی مەرقەدی غەوثی گەیلانی، شێخ رەزا لەو سەردەمەدا گەنجێکی هەرزەکار بووە. وا مەشهورە هەروەکو پاشتر شێخ رەزا خۆی گێڕابێتەوە، لە کاتی ئەواندا دوعای کردووە کە خودا توانی شیعر وتنی پێبدا، پاش ماوەیەك زمانی بە یەکدادێو شێخ عەلی کاکی گەورەی زۆر ناڕەحەت دەبێ، بەڵام پاشتر زمانی دەکرێتەوە. کە دەگەڕێنەوە کەرکوك، شێخ عەلی ئەم رووداوە دەگێڕێتەوە بۆ باوکی، ئەویش بە بزەیەکی سەرلێوەوە دەفەرموێ:

((خۆزگە رەزامان زمانی هەر نەکرابایەوە))!، تەماشای نووسینەکەم بکە دەربارەی شێخ رەزای تاڵەبانی، کاروان، هەمان سەرچاوە.

⌘

بونیادگەریی و شیکردنەوەی وێژەیی

میشیل فۆکۆ

و: لەتیف هەڵمەت

بونیادگەریی چیە؟ زۆر زەحمەتە دیاری بکەین و راڤەی بکەین بەتایبەتی کە زانیمان ئێمە بەم ناوە ئاماژە بۆ زۆر شیکردنەوەو پێڕەوو کتێبی جیاواز دەکەین.. هەر بۆ نمونە وەك ئەو جیاوازییەی لەنێوان مێژووی ئاینەکاندا دەیبینین بەو پێیەی کە (دۆمیزیل) Dumezil داینـاوەو شـیکردنەوەی میسۆلۆژیا لەلایەن لیڤی شتراوس Levistrauss و شیکردنەوەی شانۆنامە تراژیدییەکانی راسین Racine لەلایەن بارس- Barthes و شیکردنەوەی کەلەپوورە ئەدەبییەکانیش وەکو کارەکانی فرایـد N.Fried لەئەمریکاو ئەو شیکردنەوەی چیرۆکە میللییانەی کە (پروپ) – Proop-ی رووسی ئەنجامی داوەو ئەو شیکارە ریزبەندە فلسەفییەی کە (جیرۆ) Guerolt هێناویەتیە بەرهەم.. هەموو ئەم کارانە لەژێر ناونیشانی بونیادگەریدا ناوزەد دەکرێن.. لەوانەیە هەوڵدان بۆ رووبەرووکردنەوەی هەموو ئەم مەسەلانە بەهۆی ئەم جۆرە چەمکە ئالۆزانەوە کارێکی مەترسیداربن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بونیادگەرییە ئەوەیە کە دەمەوێ لەلایدا راوەستم.. بونیادگەری- وەك دەزانین فەلسەفە نیە.. بەڵام دەتوانرێ بەفەلسەفەی جۆر بەجۆرەوە گرێ بدرێ.. شتراوس بەڕوونی پێڕەوکاریی بونیادگەرییەکەی خۆی بەفەلسەفەیەکەوە شەتەکدا مۆرکێکی مادی هەیە.. بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەوە جیرۆ رێبازەکەی خۆی لەشیکردنەوەی بونیادگەریدا بەفەلسەفەیەکی میسالییەوە بەستەوەو –التوسیر–یش Althusser چەمکەکانی شیکردنەوەی بونیادگەری لەبۆتەی فەلسەفەیەکدا بەکار دێنێ کە ئاشکرایە رووگەیەکی ماركسیییە.. لەبەر ئەوە باوەڕ ناکەم بتوانین بوونی پەیوەستییەکی تەنیاو حەتمی لەنێوان بونیادگەریو فەلسەفەدا بسەلمێنین.. لەوانەیە پێم بگوترێ هەموو ئەمانە شتێکی ئاشکرانو بونیادگەری فەلسەفە نیە.. بەڵگو پێڕەوە.. دەمەوێ بەتایبەتی لێرەدا بەرپەرچی ئەوە بدەمەوە.. من وابەدیی دەکەم ئێمە ناتوانین بەراستی بونیادگەری وەکو پێڕەوێك دیاری بکەین.. ئەوەش لەبەر ئەوەی چونکە زۆر زەحمەتە لێکچوونی نێوان رێبازی بونیادگەری بۆ شیکردنەوەی چیرۆکی میللی لەلای –پرۆپ–و نێوان شیکردنەوەی ریزبەندە فەلسەفییەکانی لای –جیرۆ– یالێکچوون لەنێوان شیکردنەوەی هونەرە وێژەییەکان لەلای –فراید– لەئەمریکاو نێوان شیکردنەوەی ئەفسانەکان لەلای –لیڤی شتراوس– بەدیی بکەین.

لەراستیدا لام وایە ئێمە بە–لەفز–ی بونیادگەری کۆمەڵێ تایبەتمەندێتی و کاروبارو ژمارەیەکی دیاریکراو لەو شیکاریانە دەسنیشان دەکەین کە لەراستیدا یەك بابەتیان هەیە. بەڵێ من بونیادگەری و بونیادگەرییە جۆربەجۆرەکان بەیەکێتی بابەت دەسنیشان ئەکەم.. ئەگەرچی ئەوە موفارەقەیەکی سەیر دیارە.. بونیادگەری – حاڵی حازر– ئەو کۆمەڵە هەوڵو تەقەلایەیە کە بەهۆیەوە دەتوانی ئەوانە شیبکەیتەوە کە دەتوانرێ ناوبنرێ کەڵەکەی



بەڵگەنامە.. واتا ئەو کۆمەڵە هێماو شوێنەوارو ئامازانەی کە مرۆڤایەتی لەرابردوودا بۆی بەجێهێشتووینو تائێستاش رۆژانە بەشێوەیەکی زیاتر ئەو کەڵەکەیە دەوڵەمەندتر دەکات..

ئەم کەڵەکەبوونی بەرنامەیە لەچی پێک هاتووە...؟

واتا ئەم شوێنەوارو ئەم هێما سپێردراوو کۆ لەسەر کۆیەی مێژوو تۆمار کراو لەئەرشیفی جیهانیدا کە دروست بووەو تائێستاش دروست دەبێ.. لەچی پێک هاتووە؟ بێگومان لەهەموو هێمبا زارەکییە مفتەکانو هەموو بەڵگە دەستووسەکان پێک هاتووە.. کە بەبێگومان ئەدەبە.. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەموو شتە نووسراوو چاپکراوو باڵوکراوەکانی دنیە.. هەروەها هەموو ئەو شتانەیە کە گوتراونو بەجۆرێک لەجۆرکان لەیادەوەری مرۆڤایەتیدا پارێزراون.. واتا لەیادەوەری دەروونی یاخود مادیدا هەروەها ئەو شوێنەوارانەیە کە مرۆڤ توانیویەتی لەدوای خۆی بەجێی بێڵێو هەروەها عەنتیکە هونەرییەکانو ئەو ئاوەدانییەو ئا ئەو شارانەیە.. واتا شتێکە کە هەمو ئەو شتانەی مرۆڤ دروستی کردوون.. نەک هەر دەیانخاتە ژێر رکێفی بەرهەمهێنانەوەو بەس بەڵکو دەیان بەستێتەوە بەسستەمگەلێکەوە کە تایبەت مەندبن.. وەکو تایبەتمەندییەک بۆ ئەو شتانەی مرۆڤ خۆی دروستی کردوون..

من لەو باوەڕدام ئەوەی کە ئێستا ئێمە لەسونگەی دۆزینەوەیدایین، -ئەگەر بتانەوێ- سەربەخۆیەتی ئەم روانەیە کە لێوەو لەنێوانیەوە دەتوانین ئەوەندە شیبکەینەوە کە مرۆڤ پێی دەکرێ بیکات.. ئەم روانەتە روانەتی بەرهەمهێنانی ئابووری ئەم شتو هێماو ئامازانە نیە.. بەڵکو ئەو روانەتەی کە ئەم هێماو ئامازانەی لێ پێک دێ.. بەوە پێک هاتووە کە لەخودی خۆیاندا هێماو ئامازەن.. مەبەستیش ئەوەیە ریزبەندی دیاری کردنی بەڵگەنامەکە بدۆزینەوە.. بەڵگەنامە چیە.. دەتوانین بەشێوەی لێوەرگرتن ئەم پسپۆرییەی کە بایەخ بەبەڵگەنامە دەدات وەکو بەڵگەنامە بە - دیسکۆلۆجیا- ناوزەدە بکەین.. یاخود بەزانستی بەڵگەنامە /Deixologic/ لەوانەیە لەجەوهەردا دەقاو دەقی ئەو هەوڵە بێ کە حاڵی حازر بونیادگەری دەیدات بۆ دامەزراندنی: شیکردنەوەی بەڵگەنامە وەک خۆی بەهۆکارێکی ناوەکییەوە.

لەم بۆچوونەوە یەکەم دەتوانین مۆرکی خۆتێهەڵقورتێنەری بونیادگەری بەگوێرەی روانەت تێبگەین.. چونکە بایەخ بەهەموو شتێک دەدات: بەفەلسەفەو پرۆپاگەندەو سینەماو شیکردنەوەی دەروونی شتە عەنتیکەکان.. لەو باوەڕەشدام کە دووەم ئەمە ئەو بایەخو گرنگییە دەخاتە روو کە بونیادگەری بەبوارێکی وەکو زمانکاریەکانی دەدات.. ئەوەش بەو پێیەی کە زمانکاریەکان لەجەرگەی هەموو ئەو بەڵگەنامانەدایە کە مرۆڤ لەدەوروبەری خۆی بەجێدێڵێ.. زمان لەکۆتایی کاردا گشتگیرترین شێوەیە کە بەڵگەنامە مرۆڤایەتییەکانی تیا دەردەکەوێ.. لەکۆتاییدا ئەمەش ئەو ململانێیانە راقە دەکات کە پێڕەوو چەمکو پیاداهەڵدانە بونیادگەرییەکان دەیان خەنە روو لەگەڵ ئەو پسپۆڕمەندییانەی تردا کە بەڵگەنامە وەکو بەڵگەنامە ناخوێنەوە بەڵکو وەکو شتێکی بەرهەمهێنەر لەرژێمێکی تایبەتیدا (مۆرکێکی ئابووری هەبێ بەمانای فراوانی وشە).

لەراستیدا دەتوانین لەئاستی هەموو ئەو شتانەی کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەڵەکە بوون دوو هەڵوێست ئەنجام بدەین:

١- گەڕان نەك هەر بەدوای هۆکاری ئەو رەوتانەدا کە بواری بەرهەمهێنانی ئەم شتانەی رەخساندووە کە مرۆڤایەتی دایهێناون.. بەڵکو گەڕان بەدوای یاساکانی بەرهەمهێنانیشدا کە ئەمەش ئەوەیە من سەرو مڕ ناوی دەنێم ئابووری.

٢- دەتوانین هەوڵی خوێندنەوەی ئەو بڕە پاشماوانە بدەین کە ئەم شتانە دیاری بکات کە مرۆڤایەتی ئەفراندوونی. ئەوەش تەنها ئەوەندەی ئەوەی کە بەڵگەنامەن.. ئەمەش روانگەتی دووەمە کە دەتوانین ناوی بنێین (شیکردنەوەی دیسکۆلۆجی) خودی ئەم شتانە..

دەشێ جیاکاری کردنی نێوان ئەم دوو شێوازە شیکردنەوەیە هەندێ زەحمەت بێ.. چونکە گەلێ گێچەڵ بەڕپا دەکات و لەو بارەیەوە نموونەیەکی بەرچاومان بەدەستەوەیە: ئەوەش نموونەی زانستی سروشتییە.. ئێمە لەپێش سیی سااڵی رابوردووەوە دەزانین ئەو شیکردنەوە کۆنەی کە لە سەدەی نۆزدەدا پێڕەو دەکرا.. واتا شیکردنەوەی (کلاسیکی).

ئێستا بۆ ئەوە ناشێ ژمارەیەکی دیاری کراوی دیاردە فیزیایی و کیمایی یا بایۆلۆژییەکانی پێ شیبکەیتەوە.. چونکە جگە لەشیکردنەوەی بەشێوەی رەوتێکی وزەیی دەبێ بەشێوەی رەوتی راگەیاندنکاریش شی بکرێنەوە. حاڵی حازر لەتواناماندا نەماوە بایۆلۆژیا وەرگرین بەبێ ئەوەی پەیوەستی بەردەوامی نێوان رەوەتی وزەیی و ئەو رەوتی راگەیاندنکاریە بزانین کە هەموو دیاردە بایۆلۆژییەکان دەستەبەر دەکات.. دەسنیشانکردنی پەیوەندی نێوان ئەم دووو رەوتە.. بەبێ گومان کێشەی زۆر دەوروژێنێ.. بەاڵم چیە ناتوانرێ ئەم پەیوەندییانە شیبکرێتەوە هەتا وەکو جیاکاری لەنێوان هەردوو ئاستی (وزەیی و راگەیاندکاری)دا نەکەین.

لام وایە مەسەلەکە هەر نزیکەی هەمان مەسەلەیە دەربارەی ئەو رواڵەتانەش کە مرۆڤایەتی یان ناوە. ئەوانەش دەبێ هەر لەسەر دوو ئاست شیبکرێنەوە: ئاستی بەرهەمهێنانیان کە ئاستێکی ئابووریە.. دوایی ئەو ئاستەی کە لەنێوانیەوە یاسا بەڵگەکان وەکو بەڵگەنامە دەکەونە ژێر رکێفیەوە.. کە ئەویش ئاستی دیکسۆلۆجییە.. ئەگەر هاتو رۆژێ لەرۆژان پێویست بوو تێکەاڵوی نێوان ئەم دوو ئاستە کە جەوهەرو بابەتی مێژووە شیبکرێتەوە.. ئەوە بەبێ ئەوەی سەرەتا بەوردبینییەوە جیاکاری لەنێوان ئەم دوو ئاستەدا بکەین.. ناتوانین ئەو تێکەاڵویە دەسنیشان بکەین.. ئاڵێرەدا بەتەواوی گرنگیی بونیادگەری لەاڵیەنی پێڕەوکاری و ئەبستۆلۆجی و فەلسەفەکاریدا دەردەکەوێ.

بونیادگەری لەسەرەتادا پێڕەو بوو.. هەر بەو سیفەتەیش کە پێڕەو بوو خرایە ئەم بابەتە نوێیەو ئەم توێژاڵەو ئەم خشتەی ئەبستمۆلۆجییە نوێیەوە کە ناوی -دیکسۆلۆجیای چۆنکاری- لێ نراوە. ئەم بابەتە تازەیە لەم دەلاقە پێڕەوییەوە هاتۆتە دروستبوون و لەوەتی ئەم بابەتە نوێیە دروست بووە.. لەتواناندا نەما بەئاسانی راڤەی بونیادگەری بەوە بکرێ کە پێڕەوێکە بەڵکو پێویستە لەسەرمان ئەم خشتە نوێیەی بەردەممان شیبکەینەوە.. بونیادگەری گەیشتۆتە نوقتەیەك کە پێویستە خۆبەخۆ لاکەوێ و وەکو پێڕەوێك لەناوچێ تاوەکو دان بەگەڕانەوەیدا بۆ خودی خۆی بنێ هەموو ئەوەی کە بونیادگەری ئەنجامی داوە تەنها ئەوەیە کە بابەتێکی دۆزیوەتەوەو ئیتر هیچ.

دەتوانین ئەم جۆرە بونیادگەرییە.. بەشیتەڵکاری نەخۆشی بەراورد بکەین لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا کورت و کرمانج شیتەڵکاری نەخۆشی رێبازێکی پزیشکی بوو گەلێ باری دژواری دروژاندو لەکۆتاییدا بابەتێکی خستە روو کە پێشتر نائاشنای بووین.. دوایی فزیۆلۆجیا وەکو پسپۆڕ کارییەکی سەربەخۆ.. پەرەی سەندو شیتەڵکاری نەخۆشی کرد بەپێڕەوێکی تایبەتی بۆ خۆی، ئەمە ئەو قسەیە بوو کە دەمویست دەربارەی دەاڵەتی گشتی وشەی (بونیادگەری) و ئەو رۆڵەیدا بیکەم لەم بواری شیکاری ئەدەبییەدا.. لەراستیدا بەمانای پڕ بەپێست شیکاری ئەدەبی بەمسۆگەری بەشێکە لەم بواری بۆ بەڵگە نامە تەرخان کراوە.. کەواتا لێرەدا مەبەست شیکردنەوەیەکی تایبەتمەندییانەی ئەو

بەڵگەنامانەیە کە پێی دەڵێن –پاشماوەی ئەدەبی– شیکردنەوەی ئەدەبی و شیتەڵکاری بونیادگەری بەردەوام جێگایەکی دیاری بووە لەچاو ئەو پسپۆڕکاریانەی تردا کە تاکو ئێستا لەژێر ناونیشانی بونیادگەری‌دا ڕیزبەند کراون.. لەراستیشدا شیکاری ئەدەبی لەپێش وەختێکی زۆر زووەوە خزاوەتە ئەم بواری پسپۆڕکاریەی لیکسۆلۆجیانەوە.. ئەمە بۆچی و چۆن رووی داوە؟

دەتوانین بارودۆخەکە بەم شێوەیە کورتبکەینەوە: لەکۆندا شیکاری ئەدەبی ئەرکێکی سەرەکیی لەسەرشان بووە ئەوەش پەیوەندی و پەیوەستکاریە لەنێوان نووسیندا واتا لەنێوان خودی کتێب و نێوان ڕەواجی‌دا.. واتا خوێندنەوەیدا لەلایەن جەماوەرەوە.. شیکاری ئەدەبی لەو دەمەداو لەجەوهەردا جۆرێك بوو لەکاری نیوچە کۆن و نیوچە نوێ و لەناوەندی ڕێگای نێوان نووسین و خوێندنەوەدا لەتوانایدا هەبوو کە هەندێ کەسی دیاری کراو بخاتە سەر خوێندنەوەی دەقێکی نووسراو بەدەستی کەسێك و.. دەتوانین ئەرکی ئەم پەیوەستکاریە لەسێ خاڵدا دەستنیشان بکەین:

١– ئەرکی سەرشانی ڕەخنەی ئەدەبی ئەوە بوو کە لەنێوان دەقە نووسراوەکاندا ئەو دەقانە هەڵبژێرێ کە پێویستە بخوێنرێتەوە و ئەوانەشی کە شایەنی ئەوە نین.. بەم جۆرە ڕەخنەی ئەدەبی بەیەکجاری بەرهەمەکانی – ساد– Sade–و لۆتریامۆن – Lautereamont– ی چز دەکرد.

٢– ئەرکی سەرشانی ڕەخنەی ئەدەبی ئەوە بوو حوکم بەسەر بەرهەمدا بدات و پێشین بەخوێنەرانی بڵێ کە ئەم بەرهەمە بایەخێکی دیاریکراوی هەیە و ئەو بایەخەی ئەم لەچاو ئەوانی تردا چیە..

٣– ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆڵی لەئاسانکردنی بەرهەمی ئەدەبی و ئاسانکردنی کرداری خوێندنەوەی دەقەکەدا.. هەروەها ئەرکی سەرشانی تاڕادەیەك ئەوە بوو بۆچوونێك لەبارەی خودی دەقەکەوە بخاتە ڕوو.. تیادا باسی ئەوە بکات کە نووسەر چۆن و بۆچی نووسیویەتی.

ئەم سێ ئەرکی سەرشانە (هەڵبژاردنکاری و حوکمدان و ڕاڤە کردن) شیکردنەوەی ئەدەبی والێ دەکات ئەگەر ئەم قسەیە شیاو بێ بیڵێین.. بەرامبەر هەموو بەرهەمێکی نووسراو جێگای خوێنەرێکی میسالی بگرێتەوە.. ئەو کەسەی کە شیکردنەوەی دەکرد.. ئەم خوێندنەوە ڕەها میسالیەی کە پەیوەستە بەدەقەکەوە ئەنجام دەدا..و دەقێکی ئەنووسی ڕەکو پەیوەستکاریەك بوو لەپێناوی خوێنەرێکی دواڕۆژدا..و بەڕەوای دەبینی کە خوێندنەوەی یەکەم دەق سانا بکاتەوەو پاساوی بۆ ئەو کارەشی دەدا.. بەگشتی و ئەمانە هەموو ئەو هۆکارانەن کە هەمو شیکردنەویەکی ئەدەبی یان بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەکرد بەڕەخنە.. هەر لەبەر ئەم هۆیانەش لەهەموو کۆمەڵگا ڕۆژاوایی‌یەکاندا ئەو جۆرە کەسە خۆ هەڵقورتێن و بەسامانە پەیدا بوون کە پێیان دەڵێین (ڕەخنەگرانی ئەدەبی) و دۆزینەوەکانیشیان بەشێوەیەکی گشتی بۆ –سانت بوف– Sainte Beuve– دەگەڕێتەوە.

لەسەدەی بیستەمدا باری شیکاری ئەدەبی گۆڕاو ڕەسمکاری‌یەکی تەواو جیاکار جێگای ئەم ڕەسم کردنە هێڵگەری‌یە –Schema–ی گرتەوەو شیکاری ئەدەبی لەتەوەری: نوسینی – ڕەواج دەرباز بو کە جاران پلەو پایەی بۆ دەستنیشان دەکرد..و بوو بەپەیوەندی‌یەك لەنێوان نووسین و نووسیندا نەك لەنێوان نووسین و خوێندنەوەدا.. واتا جەوهەری شیکاری ئەدەبی توانای دروستکردنی زمانێکی نوێیە ئەوەش لەڕەها بوونەوە لەزمانێکی بەخشندەوە کە ناوی دەنێین بەرهەم.. بەجۆرێك زمانە نوێکە توانای ئاخافتنی لەڕێی زمانی یەکەمەوە هەبێ.. ئێستا مەسەلەکە وەکو سەدەی نۆزدەهەم نیە: خوێنەری میسالی چۆن دەتوانێ حوکم بەسەر دەقی ئەدەبی‌دا بدات و پێویستە ئەوە چۆن بکات؟ ئێستا بابەتی ڕەخنەی ئەدەبی بەم شێوەیەیە: ئەو گۆڕانکاری‌یانە چین کە دەبێ هیوای ڕوودانیان لەزمانی بەرهەمێکی ئەدەبی دیاری کراودا بخوازین.. تاوەکو زمانە گۆڕاوەکە بەم شێوەیە دەربارەی بەرهەمەکە بئاخفێ و شتێك لەبارەیەوە دەربڕێ.

لەمەودوا شیکاری ئەدەبی هەر بایەخ بەهێنانە بەرهەمی دەقو شێوازی لەدایکبوونی دەقەکە نادات.. بەڵکو بایەخ بەدەقەکە وەکو بەڵگەنامەیەك دەدات و بەو پێیە بەو شێوە بەڵگەیی یەش دروستکراوە کە پێی دەگوترێ زمان.. شیکاری ئەدەبی بایەخ بەدەقەکە دەدات بەو پێیەی کە زمانە (ئەم شیکاریە لەشیکاری ئەفسانەکان دەچێ):

١- ئەمە راڤەی چۆنیەتی شیکاری ئەدەبی دەکات و ئەوەندەی زمانێکی دەسنیشان کراو دەگۆڕدرێ بۆ زمانێکی نوێ.. دەبێ ئێستا بەپەیوەندییەکی تۆندوتۆڵەوە بەمەسەلەی زمانکاریەوە لێی بدوێی.

٢- دیسانەوە ئەمەش راڤەی ئەوە دەکات چۆن و بۆچی شیکردنەوەی ئەدەبی پەیوەستە بەمەسەلەی لۆژیکەوە.. واتا بەمەسەلەیەکەوە لەجەوهەردا پەیوەندی بەگۆڕانکاری گوتنەوە هەیە.

٣- شیکاری ئەدەبی کە ئێستا ئەو هۆکاری پەیوەندییەی نێوان نووسین و خوێندنەوە نیە.. هیچی بۆ ناکرێ ئەوە نەبێ دەسبەرداری کاری هەڵبژاردنکاری و رەخنەو حوکم بەسەردادانی کۆنی ببێ.. کە ئەوە ئەرکی سەرشانی جارانی خۆی بوو.. دەبێ هەموو حوکمێك بەسەر دەقدا بەسەر هەموو کردەیەکی هەڵبژاردنکاری دا ئاڕاستەکراوی خوێنەربێ.. هیچ دەقێکی پێرۆز لەئارادا نامێنێ.. یا بەرهەمێکی رێزمەندو سەنگینی زادەی دەسبەجێ.. ئەو دەورەی کە لەحوکمداندا بەسەر بەرهەمدا خۆی دەنواند دەبێ بەوەی کە تەنها (وەکیلی سەفەر)ی ئەدەب بێ..

کەواتا شیکردنەوەی مێژوویی وەکو ئەوەی لێکۆڵینەوە بێ لەهەر بەرهەمێك نابێ ببێتە بابەتی بنەڕەتی شیکردنەوەی ئەدەبی، لەراستیشدا شیکردنەوی ئەدەبی بۆی نیە خۆی بەزانینی ئەو چۆنیەتییەوە خەریك بکات کە بەرهەمەکەی پێ هاتۆتە کایە.. بەڵکو دەبێ بەزانینی ئەوە خۆی خەریك بکات چۆن دەق دەتوانێ بوار بۆ دروستبوونی زمانێکی دی بڕەخسێنێ لەناو خۆیدا.

کەواتا بەم جۆرە دەتوانین لەلایەکەوە بوونی ئەم پسپۆرێتییە نوێیە شیتەڵکاری بکەین کەناوی شیکاری ئەدەبییەو.. لەلایەکی ترەوە شیتەڵکاری نزیکیی ئەم شیکاریە لەگەڵ پسپۆرێگەلێکی دیدا بکەین کە لەروانگەتدا زۆر لێرەو دوورە ئەگەرچی پەیوەستەگیش لەنێوانیاندا روون و ئاشکرایە.. مەبەستمان لەو پسپۆرمەندییانەیە کە بەڵگەنامە وەکو بەڵگەنامە دەخوێنێتەوە.. جا ئەم بەڵگەنامەیەکی مەحەکی روت بێ وەکو شیکاریی دەروونی.. یاخود بەڵگەنامەیەکی ئاسایی زارەکی بێ وەکو شیکردنەوەی چیرۆکە میللییەکان.. یاخود شیکردنەوەی بەڵگەنامە گەلێك بێ لەبارەی زانستی کۆمەڵایەتییەوە.

دەمەوێ ئێستا جێو ڕێی وەوتەکانی حاڵی حازری بونیادگەریتان بۆ دیاری بکەم بەگوێرەی ئەوەی کە شێوەیەکی شیکاری ئەدەبییە.. بەکارهێنانی چەمکەکانی بونیادگەری لەشیکردنەوەی ئەدەبی دا مەسەلەیەکی مێژوویی بچووکی سەیر دەوروژێنێ. شیکاری بونیادگەری لەبواری ئەدەبدا بۆ یەکەمجار بەر لەنیو سەدەی تەواو لەروسیادا هێنرایە کایە.. ئەوە بوو دەوروبەری ساڵی (١٩١٥) فۆرمگەرە روسیەکان /Formalistes/ کە لەبنەڕەتدا ئامادەگییەکیان لەزمانکاریدا وەرگرتبوو کەوتنە چەسپاندنی ئەو چەمکانەی کەسەرجەم چەمکگەلێکی بونیادگەری بوون لەسەر شیکاری ئەدەبی.. دوایی شیکاری ئەدەبی لەشێوە بونیادگەریەکەیەوە لە -بەراغ- و -ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- گۆڕا.. ئەوش دوای کۆچو ڕەوکردنی هەندێ لەفۆرمگەرەکانی روس.. دواییش لەپاش جەنگی ١٩٤٠-١٩٤٥ بەشێوەیەکی زۆر شەرمندانە ئەو شتە سەریی هەڵدا کە پێی دەڵێن بونیادگەری ئەدەبی. بەڵام سەیر لە فەرەنسا ئەوە بوو بونیادگەری لەبواری ئەدەبیدا.. سەرەتا هەرگیز لەو بۆچوونەوە پەرەی نەسەند کە بیر بکرێتەوە زمان چیە.

(نموونەی زمانکاری لەدروستبوونی رێبازی ڕەخنەی نوێدا لەفەرەنسا بەپێی مێژوو رۆڵێکی زۆر گرنگی هەبوو) بەڵکو دەڵێم سەرەتای دروستبوونی ڕەخنەی نوێ لەفەرەنسا شیکردنەوەی دەروونی بوو بەمانای پڕ بەپێستی وشەکە: شیکردنەوەی دەروونی فراوان لەلای باشلار (Bachelard)و شیکردنەوەی دەروونی بوونگەری لەلای سارتەر (Sarter) کەواتا

ڕەخنەی نوێ لەم شێوە شیکردنانەوە دەستی پێکردو دروستبوو. لەم چەند ساڵەی رابوردوشدا – دەساڵ نابێ– لەفەرەنسا شیکاریی ئەدەبی نموونەی زمانکاری دۆزییەوەو پێڕەوەکانی لەدەسەڵاتی شیکاری ئەدەبیی ئازاد کرد بۆ ئەوەی بیانخاتە ژێر رکێفی زمانکاریەوە.. دەسەڵاتی شیکاریی دەروونی بەبێ سێو دوو کردن تاڕادەیەك ئاسانترەو زۆریش ئازادترە بەپێوانەکردنی بەدەقی فرۆیدی. هەرگیز شتێکی سەیر نیە بونیادگەری لەڕێبازی ڕەخنەی نوێدا دروست ببێو لەشیکاری دەرونیەوە دەست پێبکات. هۆی ئەمەش زۆر ئاسانە.. چونکە شیکاریی دەرونی کە لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەیە واتا پەیڤی مرۆڤانە بەو شێوەیەی کە لەلایەن یەکێکەوە گوتراوەو بەو پێیەش کە چارەسەرکردنی بەڵگەنامەیە.. ناتوانێ بونیادگەری نەبێ.. هەر بەلای کەمەوە ئەویش مۆرکێکی دیکسۆلۆجی هەیە.. کەواتا سەیر نیە شیکاری ئەدەبی چووبێتە پاڵ بونیادگەرییەوە نەك لەڕێی زمانکاریەوە بەڵکو لەڕێی شیکاری ئەدەبییەوە.

ئەم ڕەخنە ئەدەبییە چۆنو لەچ ڕووگەیەکەوە پێشکەوت؟

بەرهەمی ئەدەبی دەکرێ بەکۆمەڵێ بەندو بڕگەو ڕستەو وشە.. بەڵام ئەم دابەش کردنەش لەلایەن شیکاریەوە دیاری ناکرێ بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە بەرهەمەکە چۆنو بۆچی کاردەکات.. یەکەم بیروباوەڕی بونیادگەری لەشیکردنەوەی ئەدەبیدا ئەوەیە کە (بەپێچەوانەی بۆچوونی سەدەی نۆزدەهەم)ەوە دەق بەشێوەیەکی بنەڕەتی زادەی زەمەن نیەو لە پێکهاتنو هەڕوەها بوونی ئێستایدا ڕەوتێکی هێڵبەندی وارەچاو ناکات ببێتە زنجیرەیەکی مێژوویی.. دەق بەجێیە وەك بەشێك لەپانتاییەك (یاخود لەشوێنێك) کە هەموو ڕەگەزەکانی هاوکات بن.. لەبەر ئەوەش کە ئەم هاوکاتیە سەلمێنراوەو هەموو دەقەکە بەم شێوەیە شانبەشانی یەکترە لەم کاتەدا دەتوانین بەش کردنەکە بکەین بەچەند ڕەگەزێکو ئەو کارە ڕێکو پێکە دەستنیشان بکەین کە لە نێوانیانداید. جا نابێ هێڵی پەرەسەندنی زمانی بەرهەمەکە ڕێنمایی و ئاڕاستەمان بکات.. بەڵکو هاوکاتکاری زمانەوانی لەگەڵ خودی خۆیدا.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ ئەوە پشتگوێ دەخەین کە دەقەکە لەسەردەمێکی دیاری کراوو ڕۆشنبیریەکی دیاری کراوداو لەلای هەندێ کەسی تایبەتیدا هاتۆتە کایە.. بەڵام بۆ ئەوەی دەستنیشانی ئەوە بکەین کە دەق چۆن کار دەکات دەبێ بەوە قایل بین کە دەق هەمیشە هاوکاتە لەپەیوەندیەکانیدا لەگەڵ خودی خۆیدا.

هەتاکو ئێستا شیکاری ئەدەبی بەشێوەیەکی گشتی هاوکاتکاری دەقی ئەدەبی لەگەڵ خودی خۆیدا بەدوو شێوە سەلماندووە.. یەکەم: لەدووریی خەیاڵداو ئەگەر وبستتان دوایی لەدووریی زماندا.. ئەو جێیەی کە (شوێنگەیی) Spataliser دەقەکەی تیادا ئەنجام دراوەو کردوویەتی بەهاوچەرخی خۆی خەیاڵە..

دەتوانین بەشێویەکی گشتی بڵێین هەندێ بەرهەمی دیاریکراو لەشیکاری ئەدەبیدا.. لۆژیکێك یائەندازەیەکی بۆ خەیاڵ دروستکردو کارەکانی باشلار (Bachelard) لەو جۆرەنو جۆرێك لە لۆژیکی یەکەم خەیاڵکاری ئەدەبی دامەزراند.. ئەوەش بەتاوتوێکردنی ژمارەیەکی دیاریکراو لەو سیفەتانەی کە باشلار بەدوورخستنەوەی لەدەروونبەندی نووسەرو خوێنەر لەگەڵ یەکدا بەراوردی دەکردن.. لەوانەیە ئەم سیفەتانە وەکو بابەت لەخودی خۆیاندا لەدڵی شتەکاندا بن.. بەم پێیە ڕیزبەندی بەراوردکردنیان توانای بوونو لۆژیك بۆ دەقەکە بەدەست دەهێنێ.. فەرموو ئەمەش دیدێکی گشتیە دەربارەی لۆژیکی خەیاڵ.. ئەم هەوڵە بۆ دانانی ئەندازەیەك بۆ خەیاڵکاری بۆ نموونە لە بەرهەمەکانی پولی –Poulet–دا هەیە.. لەچوارچێوەی بازنەیەکدا هەندێ شیکردنەوەی ئەنجامداو تیایدا ئەوەی ڕوونکردەوە خودی بەرهەمو دەق وەکو ئەوەی کە دەیگێڕێتەوەو بەپێی ئەو یاسایەش کە دەیهێنێتە کایە بەشو ڕەگەزە هەمە جۆرەکانی پێکدێنێ.. چۆن پابەندی شێوەگەلێکی ئەندازەیی دەبێ کە هاوکات لەدەقەکەدا بەرجەستەیەو هەورەها بەرجەستەشی دەکات. دوای پولی (Poulet) ستاروبنسکی (Starobinsky) لەهەمان ڕووگەوە کەوتە لێکۆڵینەوەی (ڕۆسۆ) – Rousseau– لەڕووی ئالۆزیو ڕوونیەوە ئەوەی خستە ڕوو کە چۆن لەهەموو ئەو بابەتانەدا کە بەرهەمەکانی ڕۆسۆ خۆیان لەقەڕەیان داوە ئەو شێوە پانتاییە سەیرە دەدۆزینەوە کە جۆرێك تەڵخی یاخود (لێڵی) پێوەیەو شتەکان دەپۆشێو مرۆڤی لێ دوور دەخاتەوە.. دوایی چۆن باسێك

لەبارەی رووبکاریەوە دەدۆزینەوە کە دەبێ بەهۆی زمانەوە دەستمانکەوێ وەکو ئامرازێکی نیوچە رووبی ئەم پەردەیەو ئەم دیوارەی کە تاکە کەس لەشتەکانو زمان دادەبڕێو چۆن ئەوە دەدۆزینەوە کە ئەم جۆرە پەردەیە سفتو رووبن دەکاتەوە.

ئەمە ئەوەیە کە بەرهەمەکە لەبابەتەکاندا دەبزوێنێ.. بەڵام بەرهەم لەهەمان کاتدا هەر هەمان شێوەی پانتاییەیە بەو پێیەش رۆسۆ هەوڵی ئەوەیدا کە بەهۆی بەرهەمو دەقە ئەدەبییەکەیەوە جیهان لەبەردەمی خۆیدا رووبن بکاتەوە.. ئەم جیهانەی کە بەلای ئەوەوە هەر لەمندالێتییەوەو هەر لەوستەمدیدەییەوە کە لەمندالێتیدا تووشی بوو.. تەواو تاریکو وون بوو.. کەواتا دەق لەخودی خۆیدا ئەو جۆرەیە لەشێوەیی پانتاییو بزۆزکاری پانتایی.

بەم شێوەیە دەتوانین گەر بتانەوێ بارودۆخێکی دیاریی ئەو شیکارییانە دەستنیشان بکەین کە شیکاریی لۆژیکو خەیاڵکاریە.. هەروەها رێبازێکی دی زۆر نوێگەرتر هەیە.. ئەوەش شیکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبییە لەنموونەی زمانکاریەوە کە تایبەتمەندییەکی داوەتێ.. ئەم شیکردنەوەیە بۆ یەکەمجار لیڤی شتراوس (Levi - Strauss) لەفەرەنسا لەبارەی یەکێ لەسۆناتەکانی (بۆدلار) – Baudelaire– ەوە ئەنجامی داو دەریخست کە چۆن قەسیدەی –پشیلەکان– بەتەواوی پابەندی ئەو توانا دەنگییانە بووە کە بۆدلێر هەیبووە..و بۆدلێر قەسیدەیەکی نووسیوە پێ بەپێی کەڵەکەکردنی وشە (یاخود هەراو هوریا) Redonance کە ئەدگارە تایبەتمەندییە دەنگسازییەکانی زمانی فەرەنسی بۆیان رەخساندووە.

دوای ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە تاڕادەیەک پشتگوێ خراو چەند ساڵێک لەبیرکرا.. لەم دواییەدا تیشکی خرایە سەرو حاڵی حازر کارەکانی (بارس) Barthesو –جینیت– Genette– لەخانەی ئەم رێبازەدا ریزبەند دەکرێن لەگەڵ هەندێ جیاکاری کەمدا ئەویش ئەوەیە ئەو هێڵکارییە زمانکارییانەی ئەم دوانە بەکاری دێنن بۆ دیاری کردنی بەرهەمێک.. هێڵکاری دەنگسازی نیە بەڵکو هێڵکاری رێزمانو زانستی دەلالەتەو لەم بوارەدا هێڵکاری رەوانبێژی لەبنەڕەتدا ئاڕاستەیان دەکات بۆ شیکردنەوی ئاسەوارەکان.. ئەمەش بێگومان ئەوە دەسەلمێنێ کە بەرهەمی ئەدەبی خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لەهەڵاوسانی بونیادی زمانسازی بەسەر خۆیدا ئەمەش دیسان ئەوە دەگەیەنێ کە بەرهەمی ئەدەبی زمانێکی پاکژکراوەو لەبونیادو لەناوەڕۆکیشدا هەر هەمان شتە.

◆

لەکۆتایی‌دا دەشێ رێبازی سێیەم هەبێو هێشتا بەتەواوی نەدۆزرابێتەوە.. بەڵام ئەمە نابێتە بەربەستێك لەوەی بپرسین ئایا ئەمە دەشێ یا نا.. ئەو کەسانەی کە لەم دواییەدا بیریان لەزمان کردەوە لەلایەکەوە زاناگەلێکی زمانسازی بوونو لەلایەکیشەوە زانا گەلێکی لۆژیك بوونو کە لە گوتراوەکان وردبوونەوە سەرنجیاندا کە رەگەزێك یاخود کۆمەڵە رەگەزێك هەیە کە بایەخی بەلای کەمەوە دەگاتە بایەخی زمان.. ئەمەش ئەوەیە کە بەگشتی پێی دەڵێن سەرووی زمانسازی.. لەراستیدا زانایانی زمانسازی وەکو –پرییتۆ– Prietotو زانایانی لۆژیکی وەکو –ئۆسین– (Austin) ئەوەیان خستە روو بونیادی زمانسازی بێژەیەکی دیاریکراو هەرگیز بەس نیە بۆ ئەوەی سەرجەمی بوونی شیکرێتەوە. بریتۆ ئەوەشی بەتایبەتی رووبن کردەوە کە چۆن ئەو رەگەزە رەوتییانەی هەڵوێستی تاکە کەسی قسەبێژ دروستی دەکات.. رەگەز گەلێکی تەواو پێویستە بۆ ئەوە ی مانایەکی تایبەتی بدات بەبێژەگەلێکی دەستنیشانکراو.. نا بەڵکو بەژمارەیەکی زۆر لەبێژەکان.. بێگومان هەموو بێژەیەك –بەبێ دەنگی– پابەندی هەڵوێستێکی بابەتیو واقیعییەو گومان لەوەدا نییە ئەگەر رەوت جیاواز بێ بێژە ئەو شێوەو شەقڵەی نابێ کە لەبەری کردووە.. هەر بۆ نموونە کاتێك نامیلکەیەکی سوورتان لەسەر مێزێك دانابێ (ئەمە نموونەی یەکەمە کە پرییتۆ دەیخاتە روو) دەتانەوێ داوا لەیەکێ بکەن ئەو نامیلکەیە ببات.. ئەوە ئێوە پێی دەڵێین: (ببیە) یادەڵێن (نامیلکەکە ببە) بەڵام کاتێ دوو نامیلکە بێو یەکێکیان سوورو یەکێکیان سەوز.. ئەو ساتە لەو کەسە دەپرسنو دەڵێن: (سوورەکە ببە) یا (ئەوی لای راست ببە).

ئێوە دەبینن ئەم دوو بێژەیە هەر یەك دەلالەتیان هەیە.. فەرمانێك لە –أ– بۆ –ب– بۆ ئەوەی نامیلکەی سەر مێزەکە ببات.. هەمان دەلالەت دوو بێژەی تەواو جیاوازیان دروستکرد..و بەپێی رەوتی یەکەمیو دوەمی بابەت. ناشتوانین شێوەی هیچ بێژەیەك هەڵبژێرین بە پێ بەپێی رەوتو هەڵوێست نەبێ.

ئەم بابەتە: محمد الخماسی لە –المغرب– کردوویەتی بەعەرەبی سەرچاوە: العرب والفکر العالمی ١٩٩٨

⌘

رۆڵان بارت‌و خوێنەری دەق

عادل گەرمیانی

خوێنەر لەتیۆری دەق‌و پرۆسیسی زانیاریدا رۆڵێکی گرنگی خۆی هەیە لەنووسینی دەق‌و نەمری دەقدا، چونکە خوێنەر گۆشەی سێیەمی تەواوکەری هەردوو گۆشەکەی تیرە (نووسەر، دەق). راستە خوێنەر دەوری پەیاموەرگر دەنوێنێ، بەڵام نووسەر نییە لەجیهاندا حیسابێك بۆ خوێنەرانی دەقەکەی نەکات، تەنانەت ئەوانەی باوەڕیان بەلایەنگیری نووسەرو جەماوەریی دەق نییەو، بۆ خوێنەری نوخبەو هەڵبژاردە بابەت دەنووسن هەر جۆری خوێنەرەکە دەبێتە ئاستەنگی راهێنان لەبیرکردنەوەی والایان. خوێنەری نوخبەیش مەرج نییە ئاستی بیرکردنەوەی رەخنەگری هەبێ، بەڵکو ئەمجۆرە خوێنەرانە بەدوای دەقی خۆشی بەخشدا (نص المتعە) دەگەڕێن، کەوا بەلای رۆلان بارتەوە لەکتێبەکەیدا (چێژی دەق) زیاتر کاریگەرتر لەدەقی چێژداردا و بارت وای بۆ دەچێ لا دەقی خۆشی بەخش پەرەسەندنێکی لۆجێکی‌و مێژوویی دەقی چێژدارە– ل٢٧.

هەموو دەقێك خوێنەری خۆی هەیە لەم رۆژگارە، چونکە جۆرە تایبەتمەندییەك لەنێو خوێنەرانی دەقدا پەیدا بووە. لەگەڵ ئەم بۆچوونەشماندا بۆچوونێکی لۆجیکی تر هەیە لەپرۆسیسی خوێندنەوەی دەقدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا هەموو خوێنەرێك رەخنەگر نییە، بەڵام هەموو رەخنەگرێك خوێنەرێکی زیرەکی دەقە. گەیشتنی خوێنەری ئاسایی بە ئاستی خوێنەری رەخنەگر پێویستی بەجۆرە راهێنان‌و خۆ ئامادەکردن‌و دروستکردنی گەنجینەیەکی زانیاری‌و فەرهەنگی لەبواری زاراوەو ئیدیۆمەکاندا هەیە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ ئاستی لێپرسراوێتی رەخنەگر بەرامبەر بەخوێندنەوەی دەق گەورەترە لەئاستی خوێنەری ئاسایی‌و، لەم حاڵەتەدا دەسەڵاتی خوێنەری رەخنەگر کاریگەرترە لەدەسەڵاتی خوێنەری ئاسایی، چونکە خوێنەری ئاسایی زیاتر بەدوای دەقی چێژ بەخشا دەگەڕێ‌و بۆ سووکە زانیارییەك دەقەکە دەخوێنێتەوە، بەڵام خوێنەری رەخنەگر بەدوای دەقی خۆشی بەخشا دەگەڕێ کەوا بتوانێ شوێن خۆی لەیادو بیری خوێنەراندا بکاتەوە.

رەخنەگر لەخوێندنەوەی دەقی بێ هاوتەبا لەگەڵ سروشتی مەیدانی لێکۆڵینەوەکانی‌و، ناهاوتەبا لەگەڵ جۆری ئایدیۆلۆژیاو بیرکردنەوەی زۆر جار بازدەدا بەسەر چەندین فرێزو رستەی نێو جیهانی دەقەکەدا، بەڵام ئەمجۆرە کردەوە لەلایەن خوێنەری ئاساییەوە روو نادات، چونکە هێشتا ماویەتی ببێتە خاوەن میزاجێکی تایبەت لەخوێندنەوەی دەقدا.

هەروەها خوێنەری رەخنەگرو خوێنەری ئاسایی خاوەنی هەمان دەسەڵات نین لەکارکردن لەهەڵوەشاندنەوەی دەقی نووسەراندا، لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین هەموو نووسەرێك خاوەن ئەقڵێکی پێکەوەنەرە (ترکیبی) لەبینای دەقەکەیدا، بەڵام رەخنەگری ئەو دەقە بەپێچەوانەوە خاوەن ئەقڵێکی شیکرەوەیە لەهەڵوەشاندنەوەی چمکەکانی بینای دەقەکە لەڕووی پێکهێنەرەکانی شێوەو ناوەڕۆکی دەقەکەوە.

رۆلان بارت (Roland Barthes) لەکتێبەکەیدا (چێژی دەق)، کەوا سالّی ١٩٧٣ نووسیوویەتی و سالّی ١٩٨٨ لەلایەن فوئاد صفاد الحسین سحبانەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە، چوار بنەما بۆ تیۆری دەقەکەی دادەنێ: (چێژی دەق، دەقی چێژدار، خۆشیی دەق، دەقی خۆشیی بەخش) ئەم چوار بنەمایە دوو جۆرە نووسەری دەق دروست دەکەن: (نووسەری چێژ بەخش و نووسەری خۆشی بەخش). هەروەها دوو جۆرە خوێنەریش دروست دەکەن: (خوێنەری دەقی چێژدارو خوێنەری دەقی خۆشی بەخش). دەقی چێژدار بەلای بارتەوە ئەو (بەهایەیە بۆ پلەی دەلالەتی بەر بلّۆ دەگوازرێتەوە- ل٦٤). ئەمجۆرە دەقە زیاتر پێناسەکەی چێژ بەلای بارتەوە روون دەکاتەوە، کەوا (لەتوانادا هەیە باسی چێژ بکرێ بەلّام لەتوانادا نییە باسی خۆشی بکرێ و لەناخی ناخەوە دەوترێ و، لەنێوانماندا قەدەغەیە بووترێ - ل٢٨). ئەمجۆرە جیاکردنەوە لەنێوان دەقی چێژدارو دەقی خۆشی بەخشدا وەهای کردووە لەرەخنە، بەپێی بۆچوونی بارت، کەوا هەمیشە رەخنە لەدەقە چێژدارەکان دەکۆلّێتەوەو، قەت دەقە خۆشی بەخشەکان وەرناگرێ- ل٢٨). لێرەدا ئێمە لەگەلّ ئەو خوێنەرەداین کەوا هەست بەتەومژێك بکات لەم دوو چەمکەی بارتدا، چونکە خودی بارت خۆی دان بەهەبوونی ئەمجۆرە تەومژییە دادەنێت لەناو کتێبەکەیدا.

سەرەتای دەست پێکردنی پرۆسیسی خوێندنەوەی دەق لەگەلّ ساتی کۆتایی هاتنی پرۆسیسی نووسینەکەیدا دەست پێدەکات. ئەم هاوکێشانە دروستە بەنیسبەت نووسەری دەقەکەوە کەوا بەیەکەم خوێنەری دەقەکەی دادەنرێت، بەلّام بەنیسبەت خوێنەری ئاسایی دەقو خوێنەری رەخنەگرەوە لەپاش چاپکردنی دەقەکەو بلّاوبوونەوەیەی دەست پێدەکات. لەنێو ئەم سێ جۆر خوێنەری دەقەدا (نووسەری خوێنەر، خوێنەری ئاسایی، خوێنەری رەخنەگر) زیاتر جۆری سێیەمیان خاوەن دەسەلّاتی کاریگەرترە، چونکە بەوردییەوە دەقەکە هەلّدەسەنگێنێ و دەیخاتە ژێر زەرەبینی هەلّوەشێنەری رەخنەوەو، ئەوسا لایەنە باش و خراپەکانی بینای هونەریی دەقەکە زیاتر بۆ نووسەری دەقەکەو خوێنەرە ئاساییەکەی دەردەکەوێت.



گەورەترین کێشەی نووسەری دەقی چێژدار ئەوەیە خوێنەرێکی دەست کەوێت لەهەمان ئاستی چێژی دەقەکەیدا بێت. ئەمجۆرە هاوکێشانە زیاتر لەودەربڕینەی بارتدا دەردەکەوێ کاتێك دەلّێن: (کە ئەم رستەیە، ئەم

پەیڤە، یائەم سەرگوزەشتەیە، بەچێژەوە بخوێنمەوە دەلالەتی ئەوەیە بەچێژەوە نووسراوە – ل١٤) بەڵام بارت گومان دەخاتە سەر ئەم هاوکێشانەیەی کاتێك لەتەواوکردنی ئەو دەربڕینەیدا دەڵێت: (ئایا بەچێژەوە نوسینەکەم بنوسم) چێژی خوێنەرم بۆ دابین دەکات؟– ل١٤). ئەم دڵڕاوەکییەی بارت بەرانبەر پتەوکردنی پێوەندی نێوان نووسەری چێژ بەخش‌و خوێنەری خاوەن چێژ والەبارت دەکات پەنا بەرێتە بەر وتەکەی ئەنجیلۆس سلسیوس: (ئەو چاوەی خوای پێ دەبینم هەمان چاوە خوا لێیەوە دەمبینێ). بەم شێوەیە خوێنەری دەق دەبێتە خوای دەقەکەو، دەقەکەش دەبێتە ئەو چاوەی نووسەری دەق‌و خوێنەری دەق یەکتری لێیەوە دەبینن‌و ئاشنایەتی لەنێوانیان پەیدا دەبێ بەبێ ئەوەی خودی کەسێتی یەکتر لەنزیکەوە بناسن. بەم شێوەیەش هاوکێشانەیەك لەنێوان تەوژمی نووسەری دەق‌و خوێنەری دەقدا دروست دەبێ. رۆلان بارت لەرەخنەی دەقدا جەخت دەکاتە سەر ئەوەی پشت بەستنەوەی رەخنەگر بەلایەنی چێژدا رێی بۆ خۆش ناکات تابەئاسانی بڵێت ئەم دەقە باشەو ئەو دەقە خراپە، کەچی بەلای بارت (ترپەی ئەوەی دەخوێنرێ‌و ئەوی ناخوێنرێ چێژی رۆمانە بەناوبانگەکان دروست دەکات – ل٢٠) هەروەها بارت گێژاوێکی تر دروست دەکات لەبارەی هاوکێشانەی نێوان نووسەری دەقی خۆشی بەخش‌و خوێنەرەکەی کاتێك دەڵێت: (لەگەڵ نووسەری خۆشی بەخش – کاتی المتعە–و خوێنەرەکەی ئەو دەقە لەتوانا بەدەرە دەست پێدەکات. ئەم دەقە لە دەرەوەی چێژە، لەدەرەوەی رەخنەیە، تەنیا ئەگەر لەگەڵ دەقێکی تری خۆشی بەخشدا تووشی دابڕان بوو – ل٢٩).

باشترین خوێنەری دەق بەلای بارتەوە ئەو کەسەیە لەهەمان کاتدا لەدوو هەڵوێستە بێ‌و، ئەوساش دەق چێژی خۆی دەبەخشێ. لەم بارەوە بارت بەم دەربڕینە بۆچوونەکەی دەردەخات: (کە لەگەڵ ئەو کەسەبم خۆشم دەوێ‌و لەهەمان کاتدا بیر لەشتێکی تر بکەمەوە. ئابەم شێوەیە باشترین بیروڕا وەدەست دەهێنم، باشترین داهێنان بۆ ئەوەی گرنگە بۆ کارەکەم وەدەست دەهێنم. ئەمەش ئاستی دەقە، چێژێکی باشترم پێ دەبەخشێ ئەگەر توانی وام لێبکات بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوێی لێبگرم– ل٣١).

بیروڕاکانی بارت لەبارەی خوێنەری دەقەوە لەچوارچێوەی تیۆری دەقەکەیدا دەریخستووەو، ئەم تیۆرەش وەك تیۆری (مردنی نووسەر)ەکەی کەوا لەکتێبی (نووسین لەپلەی سفردا) باسی دەکات زیاتر بایەخ بەدەق دەدات وەك یەکەیەکی سەربەخۆ، بەڵام تیۆری دەقەکەی وەك تیۆری مردنی نووسەرەکە هێزش نەکراوەتە سەری‌و، وەك دان نانێك بەمردنی مرۆڤ، نووسەر مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە، هەرچەندە لەهەردوو تیۆرەکەدا بارت جەخت دەکاتە سەر خوێنەری دەق لەزانیاری پەیداکردندا لەبارەی بینای گشتیی دەق‌و پێکهێنەرەکانی پێوەندە ناوخۆییەکانی نێوان چمکەکانی دەقدا.

⌘

چەمکی ڕۆشنگەری

تیۆدۆر ئادۆرنۆ ـ ماکس هۆرکهایمەر

و: م. خالید

پێشەکی وەرگێڕ:

ڕۆشنگەری چەمکێکی قورسی فەلسەفەیەو ئاساییە بەزمانێکی قورستریش بنوسرێت. شەرتی وابوو ئەمە ڕاستەوخۆ لەئەڵمانیەوە بکرابای بەکوردی، نەك پاش بەئینگلیزی بوونی و پاشتر بەفارسی بوونی بکرێ بەکوردی، چونکە لەهەموو تەرجەمەیەکداو بەتایبەتی لەوەرگێڕانی بابەتی فەلسەفی تێگەیشتن و هەڵێنجینی وەرگێڕ کاریگەری لەسەر بابەتەکە هەیەو بێگومان ئەم دەقەیش لەو یاسایە لای نەداوە، بەڵام چاریشمان ناچارە خۆناکرێ دابنیشین هەتا ئەڵمانی زمانێکی، فەلسەفەزانی، کوردی شارەزای، ئەدەب پەروەر چاکی لێبکا بەلاداو ئەم بابەتانەمان بۆ وەربگێڕێ، کەواتە هەرچەن ئەم دەقانە بێکەموکوڕی نین بەڵام هەرچی چۆنێبێ لەنەبوون باشترن. لێرەدا پێویستە ئەمە وەبیر خوێنەری بەڕێز بهێنمەوە کەشێوازی وتارەکەو ستراکچێری ڕستەکان نەختێك قورسن و پێویستی بەتێفکران هەیە، هەروەك لەووتارەکەدا هاتووە، نوسەر وشەکان بەهۆی ئەوەی هەستێکی شاراوە کاریان تێدەکا، ڕەت ئەکاتەوەو بەپارەیەکی قەڵبیان ئەزانێ و دراوێکی پوچەڵ لەجێیان دائەنێ، کەواتە بەم پێیە ئەبێ خوێنەر زۆر ژیرو وریابێ کەنەهێڵێ هەستی شاراوی کاریگەر لەسەر وشەکان بەرەو مانا ئاسایەکانی بەرن. هەڵبەت من هەوڵم داوە ئەو شێوازەی کەلەوتارە فارسیەکەدا بووە، واتە ڕیزکردنی دە پانزە ڕستە بێ بەکاربردنی فعل . کەئەبێتە هۆی ئاڵۆزی و سەر ئێشە بۆ خوێنەر . هەندێك بشکێنمەوە بەڵام ئەگەر لەمە زیاتریش کار ئاسانیم بکردبایە زوڵمم لەبابەتەکە ئەکرد. لەکۆتاییدا پێویستە خوێنەر ئەمە بزانێ کەئەو ڕوونکردنەوانەی لەناوجوت کەوانەدا هاتوون[[ ]] ئەمانە ڕوونکردنەوەی وەرگێڕی فارسیەکەیەو ئەوانەی لەناو تاك کەوانەدا هاتوون[ ] ڕوونکردنەوەی منن، بۆ باشتر گەیشتن لەدەقەکە، ئەوانەی لەناو ئەم( ) کەوانەدا هاتوون هی خودی دەقەکەیەو ئەو ژمارانەی لە ١ تا ٣٦ هاتوون لەکۆتاییدا ڕوونکراونەتەوە.

وەرگێڕ

ڕۆشنگەری، بەمانای بیردۆزیەکی پێشکەوتوو لەگشتیترین شێوەی خۆیدا، بەردەوام هەوڵی داوە کەمرۆڤ لەکۆتوبەندی ترس ڕزگاریکاو [لەبەرامبەردا] سەروەریو دەسەلاتی بچەسپێنێ. بەم شێوەیە، گۆی زەوی کەئێستا بەتەواوی ڕووناکو ڕۆشنە، ئاکامی درەوشانەوەی سەرکەوتوی تەقینەوەیەکی ڕوناکیە. [هەروەهایش] بەرنامەی ڕۆشنگەری، سڕینەوەی ئەفسانە لەجیهاندا، پۆچوڵکردنەوەی ئوستورەکانو جێگیرکردنی ماریفەت(مەعریفە) بووە لەبری خەیاڵ پەروەری.

فرانسیس بیکۆن((باوکی فەلسەفەی ئەزمونی))[1] دنەدەرەکانی ئەسڵی ڕۆشنگەری پێشتر پێناسە کردبوو. ناوبراو ئوستادەکانی تەقلیدگەرای بەهیچ دانەنا، هەرئەوە((نوسەرە مەزنانەی)) کەسەرەتا ((پێیان وایە خەڵك ئەو شتەی ئەوان نایزانن، ئەزانن، کەچی پاشان خۆیان بەزانای ئەو شتانە ئەزانن کە [هیچی لێ] نازانن)). بەڵام بەڕاستی، بەئاسانی باوەڕکردن، گومان هەڵنەگرتن، بێڕەوایی لەوەڵام دانەوەدا، شانازی بە ماریفەتەوە، دوودڵی لەڕەت کردنەوەو دژایەتیکردن، بەمەبەستەوە مامەڵەکردن، سستی لەتۆژینەوەدا، گەڕان بەشوێن((حەقیقەتی)) شتەکان لەنێوان وشەکاندا، ڕازیبوون بەنەختێك یا بەشێك لەسروشت، ئەمانەو زۆر شتی وەك ئەمانە، هەر ئەو شتانەن کەبوونەتە کۆسپو ناهێڵن لەنێوان زەینی مرۆڤو ماهییەتی شتەکاندا پەیوەندیەکی پیرۆز دروست بێ، و لەبەرامبەردا، بەتەسەورێکی پوچو ئەزمونگەلێکی کوێر کوێرانەو پەیوەندیان داوە. بەم حاڵەیشەوە تەسەووری بەرو دواڕۆژی پەیوەندییکی ئاوها پیرۆز هێندەش سەخت نیە. ماشێنی چاپ، داهێنانێکی مەزن، تۆپخانە، دەستکەوتێك کەزۆریش دورە دەست نەبوو. ئامێری قیبلەنما، کەرەسەیەك کەتاڕادەیەك ناسراوبوو: بەڕاستی ئەم سێ داهێنانە کەڕۆژگاری ئێمەدا سیمای جیهانیان گۆڕیو بوونەهۆی ئاڵوگۆڕێکی گەورە لەجیهاندا. یەکەمیان باری زانستو فەلسەفەی گۆڕی، دووەمیان بنەمای جەنگی ژێروڕووکرد. وەسێهەمیان لەدەریاوانیو بازرگانیدا شۆڕشێکی هەڵگرسان! تازە، بەڕای من، لەئەساسا هەرسێکیان بەرهەمی بەختوڕێکەوتن. کەواتە جێگەی گومانێك نامێنێتەوە کەڕازی دەسەلاّتو سەروەری مرۆڤ لەناو خەزێنەی ماریفەت(مەعریفە)دایە. خەزێنەیەکی سەر شار لە گەوهەرگەلێك کەنەخەزێنەی پادشاکان توانای کڕینیان هەیە و نەهێزەکەیشیان توانای فەرمان پێدانیانی هەیە. جاسوسوو سیخوڕانی پادشایان لەم گەوهەرانە بێخەبەرنو دەستی مەلەوانانو سوسەگەرانی لێوە دوورە. ئێستا ئێمە لەقەڵەمڕەوی باوەڕو بڕوادا، مێرو بەڕێوەبەری سروشتین، بەڵام لەقەڵەمڕەوی پێداویستیدا بەندەو ملکەچی ئەوین، بەڵام ئەگەر لەداهێنانو نوێکاریا پەیڕەویمان لێبکردایە، ئەوجار(ئەوحەلە) بەیارمەتی کردار، ئەبوینە مێرو دەسەلاّتدار بەسەریدا.[2]

بیکۆن هەرچەن لەبیرکاریدا لاوازبوو، ڕوانگەکەی، لەگەڵ ئەو ڕوانگە زانستیەدا کەلەپاش ئەو چەسپا، گونجاو بوو. ئەو جۆرە ڕێك بوونە لەنێوان زەینی مرۆڤو ماهییەتی شتەکان، کەئەو لەزەینیدا بوو پێشاندەری. پەیوەندییەکی باوك سالارانەیە - [واتە] زەینی مرۆڤ کەبەسەر خورافەدا زاڵ ئەبێ، ئێستا ئەبێ بەسەر سەرانسەری قەڵەمڕەوی سروشتی لەئەفسون داماڵدراودا فەرمانڕەوایی بکا. ماریفەت(مەعریفە) کەهەمان هێزە، هیچ ڕادەو سنورو لەمپەرێك ناناسێ.[واتە] نەلە[بواری] بەکۆیلەکردنی ئینسانو نەلە[بواری] پەیڕەوێکردن لە دەسەلاّتدارانی جیهان دا. هەروەك ئامانجەکانو دوا بەرژەوەندیەکانی ئابووریی بۆرژوازی لەمەیدانی کردەوەو کارگادا، لەم بارەیشەوە[مەسەلەی] چاوگەو خواستگە هیچ کۆسپێ لەبەرامبەر فەرمانی خاوەن کاراندا دروست ناکات. پادشایانیش هەر بەئەندازەی بازرگانەکان، ڕاستەوخۆ تەکنۆلۆژیا کۆنترۆڵ ئەکەن،و ئەم تەکنۆلۆژیایش هەر بەقەد سیستەمی ئابووری وابەستە بەخۆی دیموکراتیە. تەکنۆلۆژی گەوهەرو ماهییەتی ئەم ماریفەتەیە. تەکنەلۆژی بەهاوکاری چەمکو وێنەکان، یاژیر بینیی پیرۆز، کار ناکا، بەڵکو کارکردنی پشت ئەستووڕە بەشێواز، واتە هەمان بەهرە کێشانەوە لەکاری کەسانیترو کەڵك وەرگرتن لەدەسمایە. ئەو ((گەوهەرە ڕۆحی)) کەبیکۆن وتەنی لەئەمباری ماریفەت دا ئاخنراون، تەنها وەك کەرەستە وان،[وەك ئەم شتانە کەبەرهەمی ماریفەت(مەعریفە)ن] ڕادیۆ وەك ماشێن



میگل

چاپێکی پێشکەوتوترو فراوانتر، فرۆکەی بۆمب هاوێژی شکاری کەتۆپخانەیەکی کارامەترە، هیدایەتی ڕادیۆیی بۆ دەریاوانەکان کەلەجێگەی قیبلەنمایە بەلاّم متمانە بەخشترە. ئەوەی ئینسانەکان خوازیارن لەسروشتەوە فێری‌ببن، چۆنیەتی یان شێوەی کەلك وەرگرتنە لەسروشت بەمەبەستی بەدەست هێنانی دەسەلاّتی تەواو بەسەر خودی سروشت و[هەروەها] ئینسانەکانی تردا، ئەمە تاقە ئامانجو دوا بەرژەوەندیی[ناسینی سروشت]ە. ڕۆشنگەری بێ بەزەییانە، بەپێچەوانەی ناوەکەی، هەموو نیشانەو شوێنەواری خودو شیاری خۆی سڕیوەتەوەو لەناوی بردوە.. تەنها بیردۆزیەك کەئەوەندە سەخت‌و پتەوبێ، بتوانێ ئوستورەکان بهاڕێ، بیردۆزیەکە لەئاکاما کاولکەری خۆیشیەتی. لەڕوانگەی زەینییەتی پشت بەستو بەواقیع(Factual)ەوە کەلەم ڕۆژگاری ئێمەدا سەرکەوتووە. تەنانەت ئایینی تۆمینالیستی بیکۆنیش جێی گومانە، تاوانبارە بەلایەنگری لەمیتافیزیك،و لەئاکامدا شمولی ئەو بڕیارە ئەکا کەبیکۆن لەپوچەڵ کردنەوەو پووچ بونی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەری‌کردبوو. هێزو ماریفەت(مەعریفە) هاوسەنگی‌یەکن [بەرامبەرن](٣). بۆ بیکۆنیش هەروەك لۆتەر((ماریفەتێ کەئامانجی تەنها خاترگرتن بێ. لەکەنیزێکی دەرباری کەتەنها کەلّکی لەزۆرەت بردنی هەیە، زیاتر نییە،[ئیتر نەکەلّکی] نەوەخستنەوەو نەبەهرەی تر [ی‌هەیە]]). ((نیشانەی ڕاستەقینە))ی ماریفەت هەمان((کردەوە))یان((دەست بەکاربوون))ە نەك ئەو((ڕەزامەندییەی کەخەلّك ناوی ناوە حەقیقەت). ئەمەیە نیشانەی ڕاستەقینەی((دوا بەرژەوەندی‌و چوارچێوەو ئەرکی سەرشانی ڕاستەقینەی ماریفەت،و هەروەها کەخۆم پیشانم داوە، ئەم ماریفەتە نەپەیوەندی بەووتەی جوان‌و دلگیرو ژیرانەو نەستەقەوە هەیەو نەبەلگە هێنانەوەی جێ‌پەسەند. بەلّکو بەڕاستی بریتیە لە کاریگەربوون‌و کردەوەو خستنەڕوی بابەتگەلی تایبەت‌و ئەو شتانەی کەپێشتر کەشف نەکرابوون،[ئەویش] بەمەبەستی چاکترکردن‌و ئاسانکردنی ژیانی مرۆڤ))[٤]. بڕیار وایە کەئیتر هیچ نەهێنی‌و ڕازێك لەبەینانەبێ - ئەمەیش لەهەمان کاتدا بەمانای ڕەت کردنەوەی هەموو مەیلێکە بۆ کەشفی ڕازو نهێنیەکان.

سڕینەوەی ئەفسانەو ئەفسون لەجیهانا بەمانای ریشەکەن کردن(قەلاچۆکردن)ی گیانگەرایی‌یە(animism). گەزنەفون زۆربەی خواوەندەکان بەگاڵتە ئەزانێ، چۆن ئەوان هیچ نین، جگە لەوێنەیەکی هاوچەشنی ئەو مرۆڤانەی کەدروستیان کردوون، ئاوێتەیەکن لەهەموو ئەو شتانەی کەلەمرۆڤ دا(شەڕو زاتی)یە. هەڵبەت نوێترین قوتابخانەی[[زانستی]]مەنتیق یش وشەکانی زمانی[[ئاسایی]] - بەهۆی هەبوونی کاریگەریی هەستی شاراوە تیایاندا - ڕەت ئەکاتەوە،و وشەکان بەسکەیەکی قەڵب ئەزانێ کەواباشترە دراوێکی پوچەڵ لەجێگەیان دابنرێ. جیهان بەرەو هەڵدێران ئەچێ‌و ڕێك کەوتن‌و یەك کەوتن(synthesis) بەرەو ڕزگاری. وائەگوترێ کەئاژەڵی تەوتمی، زیندەخەوی غەیبگۆیان،و ئایدیای ڕەها هیچ جیاوازێیکیان نیە. مرۆڤ بۆگەیشتن بەزانستی نوێ، هەموو جۆرە کێشەیەك بەنیسبەت ماناوە وەلا دەنێ، ئەوان[مرۆڤ] فۆرمۆڵ لەجێی چەمکەکان دەئەنێن‌و[هەروەها] (بنەماو گریمانە لەبری هۆو دنەدەر. بەڕاستی [چەمکی] هۆکار دوایین چەمکی فەلسەفی بوو کەوەك پێوەرو نرخێنەر بۆ ڕەخنەی زانستی بەکاربرا: چونکە، بەڕواڵەت لەنێوان هەموو ئایدیاکۆنەکاندا، هۆ - ئەم تازەترین وێنەی بەزەمینی

کراوی ئەسڵی ئاکاری[[خودایی]] - هێشتا تاقە چەمکێك بۆ کەشیاوی ڕەخنەی زانستی بوو. گەوهەرو چۆنیەتی، کردەوەو ڕەنج، بوون و هەبوون: پێناسەی ئەم چەمکانە بەشێوەیەك کەگونجاوی بارودۆخی سەردەمی بێ، یەکێك بوو لەسەر قاڵبەکانی فەلسەفە لەدوای بیکۆن - بەڵام زانست، بەبێ ئەوەی پێویستی ئەم وتەزایانەبێ، سەرگەرمی کاری خۆیبوو. بەم وتەزایانە بەناوی بت گەلی نمایشی(idola theatri) میتافیزیکی کۆن ئەخەنە لاوە،و تەنانەت ڕای ئەگەیەنن کەئەم وتەزایانە لەسەردەمە کۆنەکانیشدا جگە لەیادگاری ڕەگەزەکان و هێزەکانی پێشتر لەمێژوو هیچی تر نەبوون[واتە هی] ئەو سەردەمەکە مردن و ژیان لەگەڵ ئەفسانەکان تێکەڵاوببوون و ماهییەتی خۆیان لەقاڵبی ئەواندا دەربڕیبوو. وتەزا گەلێك کەفەلسەفەی ڕۆژئاوا ڕێزیەندی(نەزم)ی سروشتی و هەمیشەیی خۆی بەیارمەتی ئەوان پێناسە ئەکرد، خاڵ گەلێکیان [[لەنەخشەی بیردۆزیی مرۆڤ دا]]دەست نیشان ئەکرد کەپێشتر شوێنی خواکان و کەسێتیە ئەفسانەییەکان بوو.

ساتەوەختی تێپەڕین[[لەکەسێتیە ئەفسانییەکانەوە بۆ وتەزا فەلسەفیەکان]] لەتیۆری گەلی گەردون ناسیی بیرمەندانی پێش سوکرات دا تۆمارکراوەو ماوەتەوە. ئاو، گەوهەری تاك[خاك]، هەوا و ئاگر، لەڕوانگەی ئەم بیرمەندانەوە بەمادەی[پێك هێنەری]سەرەتایی سروشت ناسراون، لەڕاستی و لەسەرەتادا، هەمان وێنەگەلی ئەقاڵنی کردنی شێوازی دەرکی ئەفسانەیین. هەروەك ئەو بیرۆکەی لەمەڕ سەرهەڵدانی ژیان لەناخی ئاوو خاکەوە - کەلەهەڕێمی ڕوباری نیل هەوە چووە ناو شارستانیەتی یۆنان - بوونە ئەسڵو ڕەگەزگەلی ئەندێشەی(بەزیندو زانینی)[1] مادەکان، کۆمەڵەی فریشتەو شەیتانە ئەفسانەییەکانیش لەقەوارەی بێخەوشی زاتی بوون ناسی دا، ماهییەتی فیکری و ئەقڵیان پەیداکرد. سەرەنجام لەڕێگەی ئایدیاکانی ئەفلاتونی یەوە، تەنانەت(خواکانی باوك سالاری ئولۆمپ)یش لەلۆگۆس(ئەقڵ)ی فەلسەفیا توانەوە. بەڵام ڕۆشنگەری هەبوونی هێزە[[ئەفسانەییە]]کۆنەکانی لەپشت ڕوخساری ئەفلاتونی و ئەرەستوویی میتافیزیکەوە ناسیەوە، و ئەو قسەیەکە، حەقیقەت یا ڕاستی ئەتوانێ گشتگیر بێ، وەك خورافەیەك ڕەت کردەوە. ڕۆشنگەری ڕایگەیاند کە لە [[قبوڵ کردنی]]چاوگەبوونی چەمکە گشتیەکانا، هێشتا ئەکرێ شوێنەواری ترس لەڕۆحە شەیتانیەکان دەست نیشان بکرێ،

[هەر]ئەو ڕۆحانەی کەمرۆڤەکان هەوڵیان ئەدا لەچوارچێوەی ئایین و ئاهەنگە جادوییەکانا بەرجەستەیان بکەن، بەو هیوایەوە کەبەم شێوە بتوانن کاریکەنە سەر هێزە سروشتیەکان. بەڵام لەمەودوا، سەرەنجام مادە چۆك دائەدا، ئەویش بەبێ هیچ وەهم و گومانێك دەربارەی هێزەکانی دەسەڵاتدار بەسەر مادەدا یان ئەو هێزە زاتیەو ئەو چۆنایەتیە شاراوەی ناو مادە.

لەڕوانگەی ڕۆشنگەریەوە هەر شتێك کەلەگەڵ بنەماو قانونی لێپرسینەوەو سودمەندی دا نەگونجێ، جێگەی گومانە. ئائەو کاتەی ڕۆشنگەری بتوانێ دور لەهەر چەشنە سەر کوتکردنێکی دەرەکی، گەشەبکاو فراوان ببێتەوە، ئەستەمە ڕێی پێبگیرێ. بەڵام لەم پرۆسەیەدا، ڕۆشنگەری لەگەڵ ئایدیاو بۆچوونەکانی خۆی لەمافی مرۆڤ هەروەك گشت بیردۆزیە کۆنەکان، مامەڵە ئەکات. هەرچەشنە بەڕەنگاریەکی مەعنەوی کەسەر ڕێگای پێبگرێ، تەنها یارمەتی زیادبوونی هێزی ئەدا،و ئەمەیش بەومانایە کە ڕۆشنگەری هێشتا بوونی خۆی تەنانەت لەپشت سیمای ئەفسانەکانەوە ئەناسێتەوە. هەموو ئەو ئستورە(ئەفسانە)انەی کە بۆ بەڕەنگاری لەبەرامبەر ڕۆشنگەریدا بەکارهێنراون، لەپرۆسەی بەڕنگاریدا ئەبنە سەلمێنەرو بەلگەی [[ئەقڵی]]،و لەسایەی ئەم واقعیەتەوە، بمانەوێ و نەمانەوێ، لەبەرامبەر ئەسڵی ئەقڵانیەتی سڕینەوەی ئەفسانەدا - کەلەبەرئەوە گاڵتەیان بەڕۆشنگەری ئەکرد چۆك دائەدەن. ڕۆشنگەری دیکتاتۆرو کۆخواز (totaitarian)[2] ڕۆشنگەری هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە کەبڕوا بەمرۆڤ وێنەیی(anthropomorphism)و بلاوکردنەوەی[[وێنەگەل و چەمکی]زەینی بەسەر هەموو عەردی سروشتدا، ئەسڵو بنەمای بونیادی ئەفسانەیە.[3] لەم ڕوانگەوە، شتە میتافیزیکیەکان، ڕۆحەکان و ئەهریمەنەکان، هەموویان وێنەگەلێکی ئاوێنەیی مرۆڤەکانن[ئەو مرۆڤانەی وا]ترس لەدیاردە سروشتیەکانیان لەدل دایە. کەواتە ئەتوانین بۆ ئەژمارێکی زۆر لە سیما ئوستورەییەکان خانەیەکی

هاوبەش قایل بین‌و تائاستی زەین یا سوژەی ئینسانی دایان شکێنین.

وەلامی ئودیپ بەپەردەك(معما)ی ئەبولهەول(سفینکس):{ کەوەلامەکەی ئینسانە} هەمان وەلامی کلێشەیی پژشنگەرییە کە گەلێجار وەك مەعلومات(ئاگاداری) ئەخرێتە بەردەست. بێگوێدانە ئەوەی کەمەسەلەی بەرچاو یابابەتەکە چیە؟ [ئایا] نمونەیەکە لەشعووری بەرجەستەکراو، جۆرە وێنەسازییەکی بێخەوشی تەجریدیە، ترس لەهێزی ئەهریمەنی یان ئومێد بەرزگاری[یە]؟

پژشنگەری، لەپیشدا، تەنها ئەو شتانە وەك وجود یان پوداو ئەناسێتەوە کەبتوانرێ بەشێوەی یەککرتوو دەرك بکرێن:[واتە]ئامانج‌و ئایدیالی پژشنگەری ئەو سیستەمەیە کەهەموو کەس‌و هەموو شتێك لەئەوەوە بێتە بەرهەم.

پوایەتگەلی ئەقلّ گەراو ئەزموونگەرایش لەپژشنگەری لەم خالّەدا کۆك‌و هاودەنگن. هەرچەندە قوتابخانە جۆراوجۆرەکان پەنگە ئەسڵی بابەتەکان بەریگەهای جیاواز پاڤەبکەن، بەلاّم بونیادی یەککرتووی زانستی هەمیشە یەکسان بووە.

ئەسڵی بابەتیی بیکۆن لەمەڕ پێداویستی‌یان زەرورەتی هەبوونی زانستی گشتی‌ی تاکەوە سەرەڕای زۆریی ناوەندە لێکۆڵینەوەکان، ئەوەندە دوژمنی فاکتە تایبەتمەندی هەڵنەگرەکانە[3]، کەپێوەر گشتیەکانی (لاینبینیس) دژی [[دیاردەی]]پچڕان‌و جودایی.[7]

[لەم حالّەتەدا] زیادبوون‌و جۆراوجۆربوونی وێنەکان بەرەو وێستگە‌و خانەبەندی، مێژوو بەرەو ئەمری واقع، شتەکان بەرەو [[مانای تجریدی]] مادە، دائەشکێن بەگوێرەی تیۆری بیکۆنیش هەبوونی پلەبەندی‌و خانەبەندی لەگشتگیری‌دا، پیشاندەری پەیوەندیەکی ژیارەیی(مەنتیقی)‌و دور لەلێڵی‌یەکەئەسڵە سەرەتاییەکان بەحوکمە[[ئەزمونیە]]کانی پشت بەستوو بەبینین ئەبەستێتەوە.[بەلاّم]کۆنت دۆمایستەر گالّتە بەبیکۆن ئەکات، لەبەر ئەوەی کەبڕوای بەبتی پلەو پایەو پێوەر هەیە.[8]

ژیارە[مەنتیق]ی وێنەیی قوتابخانەی سەرەکی‌ی لایەنگرانی زانستی تاك بوو،و تەسمیم یا دیاگرامی لێپرسینەوە هەڵگری‌ی جیهانی پێشکەش بیرمەندانی پژشنگەری کرد. بابەتی ئەفسانەیی یەکیەتی‌و یەکسانی ئایدیاکان لەگەلّ ژمارەکاندا، لەبەرهەمە دواییەکانی ئەفلاتووندا، پیشاندەری ئارەزویەکی زاتی هەموو وێنەکانی ئەفسانە سرپینەوەیە: بەم شێوەیە ژمارە(رقم) بووبە ئەسلّ‌و قانونی پژشنگەری. هەر ئەم یەکسانی‌و بەرامبەر بەسەر عەدالەتی بۆرژوازی‌و ئاڵۆگۆرکردنی شتومەك دا حوکم ئەکات.

((ئایا ئەو دەستورە بەناوبانگەی کەئەڵی(ئەگەر نابەرامبەرەکان بخەینە سەر بەرامبەرەکان هەموویان نابەرامبەر ئەبن) بەڕاستی ئەسڵی بابەتیی عەدالەت‌و بیرکاری‌نیە؟ و ئایا[دو چەمکی]دادگەری (عەدالەت)ی قابیلی ئالّوگۆڕو دادگەری دابەشکردن[4] لەگەلّ پێژەی حیسابی‌و هەندەسەیی‌دا یەکێك نین‌و لێك چونێکی پاستەقینەیان نیە[1]؟)) کۆمەڵگای بۆرژوازی لەسەر بنەمای قانونی هاودراوی بەڕێوە ئەچێ. ئەم کۆمەڵگایە بەگۆڕان‌و داشکاندنی ئەو فاکتانەی لەیەك ناچن بەچونایەتی تەجریدی،[ئەو فاکتانە] ئەکاتە شتێکی پێوەر هەڵگر. لەپوانگەی پژشنگەریەوە هەرشتێك لەگەلّ ژمارە‌و سەرەنجام تاکی‌و یەکیەتی، نەگونجێ‌و قابیلی گۆڕان نەبێ، پووچ‌و خەیاڵیە. پۆزتیڤیزمی نوێیش هەربەم چەشنە، ئەوەی قابیلی کۆڕان نەبێ بەناوی ئەدەبیات ئەیخاتە ئەرشیفەوە. لە(پارمنید)ەوە تا(راسیل)، یەکیەتی دروشمی سەرەکیە،‌و هەمووان بەیەك ئەندازە جەخت لەسەر نابودی خودایان‌و چونایەتی زاتی ئەکەن. بەم حالّەتەوە، ئەو ئوستورانەی بوونە قوریانیی پژشنگەری، بەرهەمی خۆی بوون. بەلێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەی پووداوەکان، بنەمای هەڵسەنگاندن‌و نرخاندنی فاکتەرەکانیش - کەپۆژگارێك لەسەر دەستی فکر لەمەیدانی پووداوەکانەوە، گوێزرانەوە بۆ قەڵەمڕەوی ئوستورەکان - پوچەڵ ئەبێتەوە. ئامانجی ئەفسانە، گوزارشت‌و ناونان‌و پوایەتکردنی سەرەتابوو. لەسەروی ئەمانەیشەوە پێشکەش کردن(presentation)‌و سەلماندن‌و ئاشکراکردن: [واتە] ئەو مەیلەی کە، پابەپای (پێبەپێ) تۆمارکردن‌و کۆکردنەوەی ئەفسانەکان هێزو تەوژمی زیاتری پەیدائەکرد.

پوایەت، هەر لەسەرەتاوە خەسڵەتێکی پەندبێژی پەیداکرد. ئایدیای چالاکی‌و کردەوە، وەك پڕۆسەیەکی

دیاری‌کراو، که‌به‌م حاڵه‌وه بتوانێ له‌ژێر کاریگه‌ریی جادوداببێ، به‌شێکی هه‌میشه‌یی‌و دانه‌برێ چه‌شنه مه‌ناسك‌و ئاهه‌نگێکه. ئه‌م ڕه‌گه‌زه تیۆرییه‌که بوو به‌ڕه‌گه‌زێکی سه‌ربه‌خۆ. ئه‌و سیسته‌مو ده‌سه‌ڵاته‌ی که‌بیکۆن به‌ناوی((ڕاست ترین نیشانه‌ی)) حه‌قیقه‌ت ستایشی ئه‌کات، له‌پیشدا، ته‌نانه‌ت پێشتر له‌وه‌ی تراژیدیا نووسه‌کان بچنه سوراخیان، سیمای ده‌ست نیشانکراوی ئوستوره‌کان بوو. ڕۆح‌و ئه‌ندیمه‌نه‌کانی مه‌حه‌لی جێی‌خۆیان به‌مه‌لووکه‌ت‌و زنجیره‌ی پله‌وپایه‌ی ئه‌و سیسته‌مه به‌خشی. و دۆعا‌و موناجاتی جادوگه‌ران‌و ئه‌ندامانی هۆزیش به‌قازانجی لێپرسینه‌وه‌و خانه‌به‌ندی وردی[[جۆرو ئه‌رزشی]] قوربانی‌و هێزی کاری به‌نده‌کان ـ که‌له‌لایه‌ن مه‌ڵبه‌نده‌کانی ده‌سه‌ڵاته‌وه ڕائه‌گه‌یه‌نرا ـ خرایه لاوه.[[له‌م قۆناغه‌دا]] ئیتر خودایانی ئۆلۆمپ ڕاسته‌وخۆ له‌گه‌ڵ ڕه‌گه‌زگه‌لی سروشتی‌دا به‌یه‌کسان دانانرێ، به‌ڵکو ده‌لاله‌ت ئه‌کا له‌سه‌ر ئه‌و[ڕه‌گه‌ز]انه. له‌شیعره‌کانی هومه‌را، زێوس نوێنه‌ری ئاسمان‌و هه‌وایه، ئاپۆلۆ خۆری له‌خزمه‌تدایه، هلیۆس‌و ئیۆس له‌ئێستاوه وه‌ك په‌ند کاریان پێ ئه‌کرێت. خوایان له‌پله‌وپایه‌ی چه‌مکه گه‌وهه‌ری‌یه‌کانی ڕه‌گه‌زگه‌لی مادی، له‌ئه‌م ڕه‌گه‌زانه جیائه‌بێته‌وه. له‌مه‌ودوا هه‌بوون (وجود) به‌دوو به‌ش، لۆگۆس [ئه‌قل] (که‌له‌گه‌ڵ پێشکه‌وتی فلسه‌فه‌دا تاڕاده‌ی مۆناد، یان نوخته‌یه‌کی ساده‌ی سه‌رچاوه ئه‌چێته یه‌ك)و کۆی هه‌موو شته‌کان‌و ئافراندراوه‌کان، دابه‌ش ئه‌کرێ. ئه‌م جیاوازیه تاقانه له نێوان بوونی ڕاسته‌قینه‌و واقیعیه‌ت[[ڕوداراو]]دا، هه‌موو جیاوازیه‌کانی تری له‌خۆیدا تواندوه‌ته‌وه. جیهان، بێئه‌وه‌ی گوێی له‌م جیاوازیانه‌بێ، ئه‌بێته کەوی‌و ده‌سته‌مۆی مرۆڤ. ڕوایه‌تی ئایینی به‌هوودی‌و ئایینی‌دا ئۆلۆمپیش له‌م باره‌وه هاوده‌نگ‌و یه‌کده‌ن: ((..... باڵا ئه‌وان[مرۆڤه‌کان] به‌سه‌ر ماسیه‌کانی ده‌ریا،و باڵنده‌کان،و به‌سه‌ر سه‌رانسه‌ری زه‌مین،و هه‌موو خشۆکه‌کان که‌به‌سه‌ر زه‌میندا ئه‌خشێن، ده‌سه‌ڵاتدارو زاڵ بن.))[10] [هه‌روه‌ها له‌ئایینی ئۆلۆمپیش دا هاتوه] ((ئه‌ی زیۆس، زیۆسی باوکمان، فه‌رمانڕه‌وایی ئاسمانه‌کان شایانی تۆیه،و ئه‌مه تۆی به‌سه‌رکرداری مرۆڤدا، له‌چاك‌و خراپ،و ته‌نانه‌ت به‌سه‌ر کایه‌و بزێوی ئاژه‌ڵه‌کانیشدا، چاودێری ئه‌که‌ی،و فه‌رمانی تۆ کار دروستی به‌دواوه‌یه.))[11] [دیسان له‌ئایینی ئۆلۆمپ دا هاتوه]((چونکه هه‌ر به‌م شێوه‌یشه که‌یه‌کێك ده‌سبه‌جێ سزای تاوانه‌کانی ئه‌بینێ‌و یه‌کێکی‌تریش پاش ماوه‌یه‌ك، ئه‌گه‌ر که‌سێکیش [له‌و سزاییه] ڕابکا (خۆی بدزێته‌وه)و فه‌رمانی هه‌ڕه‌شه‌ی خواکان داوێنی نه‌گرێ، دیسان بێگومان حوکمی دادگه‌ری ڕۆژێ [پێ] ڕائه‌گه‌یه‌ندرێ ئه‌گه‌ر به‌سه‌ر خۆیشی‌دا نه‌بێ، ئه‌وا به‌سه‌ر منداڵه‌کانی ئه‌وا یان به‌ره‌یه‌کی‌تردا.))[12] [که‌واته] تاقه‌ڕێگه له‌به‌رامبه‌ر خواکاندا مل دان‌و چۆك دادانه.

مرۆڤ به‌سه‌لماندنی ئه‌وه‌ی که‌هێز، ئه‌سڵی ده‌سه‌ڵاته به‌سه‌ر هه‌موو په‌یوه‌ندی‌یه‌کاندا، به‌های ئاگا بوونه‌وه‌ی نه‌فسی خۆی ئه‌بڕێ. له‌به‌راوردکردن له‌گه‌ڵ یه‌کیه‌تی ئه‌م ئه‌قڵه‌دا [[یان ئه‌م ڕێژه ratio]]جودایی نێوان ئینسان‌و خوا ئه‌بێته فاکتێکی زۆر لاوه‌کی‌و بێڕه‌بت؛ ئه‌مه‌یش خاڵێکه که‌هه‌ر له‌کاتی یه‌که‌م ڕه‌خنه‌ی به‌رهه‌مه‌کانی هومه‌ره‌وه، حوکمی نه‌گۆڕی ئه‌قڵ سه‌رنجمانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوه. خوای داهێنه‌رو ئافرێنه‌رو ئه‌ندێشه یان ڕۆحی سیستماتیك، هه‌ردوکیان وه‌ك ده‌سه‌تدارانی سروشت وه‌ك یه‌ك وان. وه‌ك یه‌ك بوونی ئینسان‌و خوا، واته: ده‌سه‌ڵاتداریێتی‌و سه‌روه‌ری به‌سه‌ربووندا، [یان به‌واتایه‌کی‌تر] بینینی ڕۆڵی خواکان‌و خوا چه‌شنه‌کان،و دانیشتن له‌سه‌ر کورسی فه‌رمان ڕه‌واییه.

ئه‌فسانه بوو به‌ڕۆشنگه‌ری‌و سروشت به‌شتێکی ده‌ره‌کی ڕووت. ئینسانه‌کان به‌های زیادبوونی هێزی خۆیان، به‌نامۆبوون له‌شتێك ئه‌بڕێن که‌هێزی خۆیانی به‌سه‌ردا ئه‌سه‌پێنن. ڕۆشنگه‌ری له‌گه‌ڵ شته‌کاندا وه‌ك دیکتاتۆر له‌گه‌ڵ ئینسانه‌کاندا، مامه‌ڵه ده‌کا. [ڕۆشنگه‌ری] مرۆڤه‌کان ته‌نها تائه‌و ڕاده ئه‌ناسێ که‌بتوانێ بیانکاته داردەستی خۆی. پیاوانی زانست، شته‌کان تائه‌و ڕاده ئه‌ناسن که‌بتوانن خۆیان دروست که‌ریان بن.و به‌م شێوه‌یه که‌هێزی ناوناخی شته‌کان له‌خزمه‌تی به‌رژه‌وه‌ندی‌و ئامانجی ئه‌واندا ئه‌بێ. هه‌ر له‌م گۆڕانکاری‌و ئاڵوگۆڕه‌دایه که‌سروشتی فاکت‌و شته‌کان، له‌پله‌و مه‌قامی بابه‌تێکا که‌ده‌سه‌ڵات به‌سه‌ریدا ئه‌چه‌سپێ، وه‌ك فاکتێکی هه‌میشه یه‌کسان دێته به‌رچاو. هه‌ر ئه‌م یه‌کسانی‌و((ئه‌م خۆبوونه))ه‌یه

کەیەکیەتی [[زانستی‌ی]] سروشت پێك ئەهێنێ. بەڵام موناجاتی جادویی ئەوەندە لەم یەکسانی‌و ((ئەم خۆ بوونە)) بێمنەتە کە لەیەکیەتی سوژە(بابەت) یان زەین [بێمنەتە].

ئاهەنگە جادوویی‌ەکانی بت پەرستەکان خوویان دابووە باوباران، دوژمنە دەرەکیەکان، یان ئەو ئەهریمەنانەی کەلەجەستەی نەخۆشدا خۆیان حەشار دابوو،و هەر لەبەرئەمەیش کاری بەمادەو نمونەکان نەبوو. گیانێك کەجادووی ڕێك ئەخست، گیانێکی تاقانەو تاك نەبوو. بەڵکو هەر وەك ڕووبەندو دەمامکە ئایینیەکان، کەهەمیشە ئەبوایە بەگوێرەی گونجان لەگەڵ ڕۆحە جۆراوجۆرەکاندا هەڵبژێردرابان، لەگۆڕاندا بوو. جادوو بەتەواوەتی ناحەقیقی‌یە. بەم حاڵەیشەوە، لەقەڵەمڕەوی جادودا، هێشتا دەسەلآت، لەسایەی وێنە گۆڕان‌و ئاڵوگۆڕی خۆی‌دا بەحەقیقەتی بێخەوش، نادیارو شاراوە نەبووە [کام گۆڕان‌و ئاڵوگۆڕ؟] هەر ئەو گۆڕانەو ئاڵ‌ۆ گۆڕەی کەیارمەتی دەسەلآتی‌داوە، تاوەك بونیادی ئەسڵی‌ی جیهان کاریکا، کەئێستا بووەتە مل کەچ‌و پەیڕەوی ئەو [دەسەلآتە]. جادوگەر لاسایی ئەهریمەنەکان ئەکاتەوە؛ ئەو بەنیازی ترسانن یا ڕازی‌کردنی ئەوان [ئەهریمەنەکان]، یان کردارێکی ترسناك لەخۆی ئەنوێنێ، یان لاسایی کەسانی ڕازی‌و شادمان ئەکاتەوە. هەرچەن ئەرکی ئەو نواندنی ڕۆڵی ئەکتەری یو خۆپیشاندانە، بەڵام قەت [کەسایەتی] خۆی وەك مرۆڤێکی ژیوارەیی (حضاری) دەرك ناکات. هەر ئەو مرۆڤەی کەدیمەنە سادەو بێ ئارایشتەکەی ڕاوگەشادی هێنەرەکان لەچاوی ئەودا، ئەبنە وێنەگەلی کەون یان جیهانی یەکگرتوو، واتە هەر ئەو چەمکە گشتگیرەی کەگشت جۆرێکی گونجاوی تاڵان [ی سروشت‌و مرۆڤەکانی‌تر]ی لەخۆیدا حەشارداوە. جادوگەر قەت خۆی بەوێنەی هێزە نادیارەکان دانانێ؛ کەچی ئەمە کوت‌و مت هەر ئەو وێنەیە کەمرۆڤ لەو قەوارەدا بەناسنامەو ((خۆبوونی))ی خودی خۆی ئەکا. ناسنامەیەك کەبەهۆی یەکگرتن لەگەڵ کەسی‌تردا لەبەین ناچێ، بەڵکو وەك دەمامکێکی کارتێنەکردەنی بۆ یەك جارو بۆ هەمیشە ئەبێتە ملکی خۆی.

لەبەر بەدەست هێنانی ئەم هاوچەشنایەتیە (خۆبوونی)ی ڕۆح‌و وابەستەی ڕۆح، واتە. یەکیەتی سروشتە، کەجۆراوجۆری‌و فرە چۆنایەتی ئەبێتە قوربانی. سروشتێك کەچۆنایەتی خۆی لەدەست داوە، ئەبێتە مادەیەکی خاووبێ سیستەمی خانەبەندی،و نەفسی توانا [ئەبێتە] خاوەن ملکی‌ی بێ چەندوچوون - واتە [ئەبێتە] هاوچەشنایەتی‌و ناسنامەی تەجریدی.

جادوو بەیارمەتی دوبارە نواندن [بەشێوەیەکی] تایبەت‌و ورد کار ئەکات. ئەوەی لەسەر نێزە، موویان ناوی دوژمن ڕووئەدات، لەسەر خۆیشی ڕووئەدات؛ گیان لەبەری قوربانی لەجێگەی سفینکس (خوای ئەفسانەیی) سەر ئەبڕدرێ. بەدیهاتنی ئەم جێگۆڕکێیە لە [[ئاڵوگۆڕی مێژویی]] ئاهەنگی قوربانیدا، پێشاندەری هەڵگرتنی هەنگاوێکە بەرەو مەنتیقی بەڵگەکاری. هەرچەن ئەو ئاسك‌وبەرخەی کەئەبوایە لەبری کێچ یان نۆبەرە قوربانیان بکردایەتن، هێشتا ئەبوایە ئەو چۆنایەتیە تایبەتمەندی‌یەیان ببوایە، بەڵام لەم قۆناغە سەرەتاییەیشدا ئەم گیان لەبەرانە بەنوێنەری ڕەگەزی خۆیان دانەنرێن بەهەمان خۆجیانەکردنەوەو نەبوونی تاکایەتی کەنیشانەی ئاشکرای هەموو نمونە هاوچەشنەکانە. بەڵام قودسیەتی ئەمری تایبەت کەپەیوەستە بەئێستاو ئێرەوە،و تاقانەیی شتە هەڵبژاردە کە[[بۆ قوربانی]] کەئەبێتە هەڵگری تایبەتمەندیی ڕەگەزی‌و نمونە ئاسا، ئەو[فاکتە هەڵبژاردە یان شتە تایبەتە] بەشێوەیەکی ئاشکراو بنەڕەتی جیاکەرەوەی ئەکا،و لەئاکامدا ئەیکا بەشتێکی نەگونجاو بۆ ئاڵوگۆڕ.

زانست زەمینەی پێویست بۆ کۆتایی هێنان بەئەم بارودۆخە فەراهەم ئەکات.

لەزانستدا دا باسێك لەدووبارە نواندنەوەی تایبەت نیە؛ بەڵام ئەگەر گیان لەبەری قوربانی [[وەك فاکتێکی تایبەت‌و هەڵبژاردە]] لەئارادا نەبێ، ئیتر (سفینکس)ێکیش لەکاردا نیە ئێستا شت‌ومەك گەلی بریدار - واتە بری هەڵگری‌ی گشتی - ئەبێتە جێنشینی دوبارە نوێنی. [ئیتر] هەر ئەتۆمێك نەك وەك شتێکی دوبارە نوێن، بەڵکو وەك نمونەیەك لەمادە شی‌ئەکرێتەوە، کەڕوێشکی تاقیگەیش هیچ شتێك دووبارە نوێنی ناکات [واتە نوێنەری هیچ شتێك نی‌یە] بەڵکو تەنها وەك نمونەیەك، لەناو شەوق‌و زەوقی زانایانەی زانایاندا گوم ئەبێ. لەزانستی کردەوەییدا

هەموو جیاوازییەکان هێندە قسابیلی گۆڕانن کەهەموو شتێك ئەچێتە ژێر دەسەلاتی مادە یان بابەتێکی تاقانەوە، بابەتی زانستیش ئەتەزێو ئەوەستێ. لەکاتێکدا کەمناسکی [[جادویی]] سەردەمە دێرینەکان بەپێچەوانەی وەستاوی‌و نەگۆڕیان ئێستا وادیارە نەرمو قسابیلی سازانن چونکە ئەم مناسکە جیاوازییەکی دیاری دەست نیشان کراو بەبابەتەوە ئەبەستنەوە. جیهانی جادوو جیاوازی گەلێکی ئەپاراست کە ئێستا پاشماوەو شوێنەواریشیان تەنانەت لەفۆرمی زمان ناسیشدا کوێربووەتەوە.[١٣] ئێستا نزیکایەتی جۆراوجۆرو زۆر لەنێوان بونەوەران دا، بەقازانجی پەیوەندییەکی تاقانەسەرکوت ئەکرێ: پەیوەندی نێوان بابەت یان زەینێ کەمانا ئەبەخشێ لەگەڵ بابەتێك کەمانای تیانیە، پەیوەندییەکی نێوان دەلالەتی ئەقلانی‌و کەرەسەو هەلگرانی رێکەوتی دەلالەت. لەمەیدانی جادودا، ڕۆیا (زیندەخەو)و وێنەکان تەنها نیشانە نەبوون بۆ ئیشارەت بەفاکتە بەرچاوەکان، بەڵکو ئەوانە لەرێگەی لێك چوون‌و یان ناویانەوە، لەگەڵ خودی ئەم فاکتانەدا پەیوەندییەکی لێك دانەبڕیان هەبووە. لێرەدا، پەیوەندی، بەرهەمی [[واقیعیەتی هەست پێکراوی]] پێکەوە بەستراویە، نەك ئاکامی نیاز یان سەرنجی [[زەینی]]. جادویش وەك زانست ئامانج گەلێکی مەبەستە، بەڵام جادو ئەکۆشێ لەڕێگەی لاسایی‌و ئاخافتنەوە بەئامانجی خۆی بگات ـ نەك بەدوورکەوتنەوەی ڕوو لەزیادبوون‌و ڕێکەوتیانە لەبابەت.

((دەسەلاتی ئایدیاکان)) ـ کەفرۆید واتەنی ـ مرۆڤی سەرەتایی، وەك کەسێکی دەروون ناساز (neurosis)، بەخۆیەوە ئەبەستێتەوە، بنەمای جادونیە. لەنەبوونی جیاوازیەکی بنەڕەتی لەنێوان ئەندێشەو واقیعیەت دا، [[بەپێچەوانەی ووتەی فرۆید]] ناکرێ لەبەراورد لەگەڵ واقیعیەتدا، بایەخێکی زۆر بەپرۆسە زەینیەکان بدرێت. ((بەدڵنیایی پتەو بەوەی کە بەدەستهێنانی دەسەلاّت بەسەر جیهاندا دەست ئەدا)) کەفرۆید ئەمەی بەبێ لەبەرچاوگرتنی گونجاویی مێژویی، بەجادوەوە ئەبەستێتەوە،[١٥] تەنها لەحاڵەتێکدا ئەتوانێ بگونجێ کەبنەماکەی زانست‌و زانیاریەکی پێشکەوتوو پێکی هێنابێت. گۆڕینی شێوازی مەحەل‌و تەقلیدی حەکیم‌و پزیشکی لاکۆڵان بەتەکنۆلۆژیای پیشەسازی گشت گیر، پێش هەمو شتێك پێویستی بەسەربەخۆیی کاملی چەمکەکان‌و ئایدیاکان بوو تاشایەتەکان‌و بابەتەکان. ئەم سەرەخۆییەش پاش دەرکەوتنی نەفس یان ڕۆحی گونجاو لەگەڵ واقیعیەتدا بەدیهات.

ئایینی میلیان ئەفسانەی خۆرینەی باوك سالار، وەك گشتگیرییەك کەلە چوارچێوەی زماندا بەیان کراوەو سوورە لەسەر ئەوەی کەحەقیقەتێکە بالاتر لە بڕوا ئەفسانەییە زۆر کۆنەکان، خۆی لەخۆیدا جۆرێ ڕۆشنگەرییە کە سیما، یان قالبی فەلسەفی ئەتوانێ خۆی بەهاوسەنگی بزانێ. ئێستا ئیتر کاتی تۆڵەکردنەوەیە. ڕوانگەی ئەفسانەیی بەدەستی خۆی پرۆسەی بێپایانی ڕۆشنگەری ڕێخستووە.

پرۆسەیەك کەتێیدا هەموو ڕوانگە تیۆرییە دیاریکراوەکان سەدان جارو بەزەروەتێکی ناچارانەوە، لەبەرامبەر ئەم ڕەخنە ڕووخێنەرەدا کەجگە لە بیروباوەڕ هیچیتر نین، چۆك دائەدەن‌و کڕنووش ئەبەن ـ تاسەرەنجام هەموو تەسەورێك لەڕۆح یان حەقیقەت،و لەئاکامدا تەنانەت خودی ڕۆشنگەریش، بەجۆرێ جادووی گیانگەرایانە دابنرێ. قانونی زەروەت یان چارەنووسی کوشندە کەقارەمانە ئوستورەییەکان ئەڕوخێنێ‌و خۆیشی وەك ئاکامێکی ژیارە (مەنتیق)ی لەدەروونی پەیامە غەیبیەکانەوە دێتە بەرهەم، هەمان قانونەکە، پاش پالاوتن‌و گەیشتن بەمقامی مەنتیقی وێنەیی، نەك بەسەر هەموو سیستەمەکانی ئەقلّ گەرای فەلسەفەی ڕۆژئاوادا حکومەت ئەکا، بەڵکو پاشماوەو کۆی ئەو سیستەمانەی وابەزنجیرەی پلەوپایەی خواکانەوە دەست پێئەکا، ئەخاتە ژێر دەسەلاتی خۆی،و لەئێوارەیەکی جاویدان (هەمیشەیی)ی بتەکان، ناوەڕۆکێکی هاوچەشن‌و هەمیشە یەکسانمان ئەخاتە بەردەست: [واتە] ڕق‌و تووڕەیی لەبەرامبەر خۆپەرێزییەکی ناتەواودا. هەروەك ئوستورەکان کەلەسەرتاوە لەپێناوی پێگەیشتنی ڕۆشنگەریدا کاریان کردوە، ڕۆشنگەریش لەگەڵ هەلگرتنی هەر هەنگاوێك پتروپتر لەڕوانگەی ئوستورەییدا نوقم ئەبێ. ڕۆشنگەری هەموو مادەو ناوەڕۆکی خۆی لەئوستورەکان وەرئەگرێ، هەڵبەت بەمەبەستی لەناوبردنیان؛ بەڵام تەنانەت ئەگەر دەوری دادوەریشی هەبێت ئاەو نزای

ئوستورە داوێنی ئەگرێ. هەوڵو کۆششی ڕۆشنگەریش ئەوەیە کەخۆی لەچنگی پڕۆسەی چارەنووس‌و تۆڵە ڕزگاربکا،و لەهەمان حاڵدا بڕیاری تۆڵە بەسەر ئەم پڕۆسەدا ئەسەپێنێ‌و بەکارئەهێنێ. لەئەفسانەکاندا هەر ڕوداوێک کەڕوی‌ئەدا، بۆ ڕودانی خۆی کەفارەتی ئەدا، لەڕۆشنگەریشدا هەر بەو جۆرەیە: [ئەمەیش بەو مانایەکە] ئەمری واقع (فاکت) بەپوچ‌و پوچەڵ دائەنرێ. چونکە بەئاسانی ئەیتوانی [ئەو ڕوداوە] ڕونەدات یاجۆرێکی‌تر ڕوبدات. پەندی هاونرخی کارو کاردانەوە، هێزو بالأدەست بوونی چەن پات بوونەوە (تکرار) بەسەر واقیع دا ئەسەپێنێ. ئەوەیش پاش ماوەیەکی درێژخایەن پاش ئەوەی‌کە ئینسانەکان ئەم وەهمە [[تایبەت بەبیری‌جادوویی]]یان بەلاوەناوە کەئەتوانن بەیارمەتی چەن پات بوونەوە خۆیان لەگەڵ واقیعی چەن پات کراوەدا، بکەنە هاوچەشن‌و بکەن بەیەک،و بەم شێوەیە خۆیان لەچنگی ئەو [وەهمی بیری جادویی]یە ڕزگاربکەن. شانبەشانی لەناوچوونی وەهمی جادویی،[[قانونی]] چەن پاتەیش بێبەزەییانەو سەرسەختانە بەناوی قانونەوە لەبازنەیەکی داخراودامرۆڤ ئەبەستێتەوە هەر ئەو بازنەی کەمرۆڤ پێی‌وایە بەرجەستەبوونی لەشێوەی یاسایەکی سروشتیدا، زامنی کردەوەکانیەتی، ئەگەر لەمەقامی بابەت یابکەری ئازادیش دابی.

ئەسڵی دەروون جاویدانی (imanance) واتە بنەمای ڕونکردنەوەی هەموو ڕوداوێک، وەک چەنپاتە (تکرار)، کەڕۆشنگەری دژی خەیاڵی ئوستورەیی بەکارئەهێنێ. ئەسڵی دەسەلاتە بەسەر خودی ئوستورەدا. ئەو حیکمەتە وشک‌و بێ بەرە کەئەڵێ لەژێر ئەم ئاسمانە یەک ڕەنگەدا هیچ شتێکی نوێنیە، چون هەموو پووڵێکی ئەم یاریە بێمانای کەشف بووە،و هەموو ئەندێشە قووڵەکانیش لەپێشدا بیری لێ کراوەتەوە،و ئەکرێ هەموو دۆزینەوەیێکی تازەیش لەپێشدا ڕاڤە بکرێ،و هەموو ئینسانەکان لەسەر ئەوە هاوەنگن کە سازان‌و یەکبون تاقە ڕێگای مانە - ئەم زیرەکیە بێبەرهەمە تەنها ئەو حیکمەتە سەمەرەیە ئەهێنێتەوە بەرهەم کەبڕیار نکوولی لێبکا: [ئەمە بەو مانایە کە] بڕیاری سزای چارەنووس کەبەتۆڵە سەندنەوە [قەساس]، بێوچان بارودۆخی پێشوو دوپات‌و هەمدیسان دروست ئەکاتەوە، ئەو شتانەی جیاوازییان هەبوو، ئەبنە یەکسان‌و بەرامبەر [لەگەڵ یەکدا]. ئەمە هەر ئەو بڕیارەیە کەبەشێوەیەکی ڕەخنەیی، سنووری ئەزموونی گونجاو دیاری ئەکات. هەموو شتێك لەگەڵ هەموو شتێکدا ئەبێتە یەکسان‌و هاوچەشن، بەڵام بەبەهای ئەوەی کەئیتر هیچ شتێك ناتوانێ لەهەمان کاتدا لەگەڵ خۆیدا یەکسان بێ. ڕۆشنگەری، بێعەدالەتی کۆن - واتە خودایەتی‌و ئاغایەتی ئاشکراو بێواستە - پوچەڵ ئەکاتەوە، بەڵام بەو حاڵەوە ئەم بێ عەدالەتیە لەچوارچێوەی نێوبژێوی گەریی گشتی، لەڕێژەی هەر بوونەوەرێك لەگەڵ بوونەوەرێکی‌تردا،جاویدان‌و نەمر ئەکات. ڕۆشنگەری هەمان ئەرك بەجێ ئەهێنێ کە(کییرك گۆڕ) بەڕەوشتی چاکی پڕوتستانی خۆی دائەنا،و لەچامەی داستانی‌ی (مەلحەمی) دوانزە قۆناغی هێرۆکۆڵ (هەرقل)دا بەیەکێك لەوێنە ئەزەلیەکانی‌هێزی ئەفسانەیی دائەنرا: [واتە] قەڵاچۆکردنی هەموو ئەو شتانەی دژی‌یەک‌و بەراورد هەڵنەگرن.

نەتەنها هەموو چۆنایەتیەکان لەبیردۆزی بێخەوشدا هەڵئەوەشێنەوە، بەڵکو ئینسانەکانیش بەکردەوە مل کەچی سازان‌و یەک ڕەنگی‌یە لەگەڵ کۆمەڵدا. ئینسان خۆی لەڕێگەی ئالۆگۆڕ [دان‌و وەرگرتن]ی بەیەکسان گۆڕینەوە بەهای بەرەکەت‌و نێعمەتەکان ئەبژێرێ، ئەو نێعمەتانەی کەنرخیان پاش لەدایك بوونی [مرۆڤ] لەلایەن بازاڕەوە دیاری ناکرێ، چونکە ئەمە خودی مرۆڤە کەئەم بەرەکەتانە، واتە تواناو لێهاتووی‌یە بەزەبرو زاتیەکانی خۆی، بەگوێرەی نمونەی دروستکراوی کالای شایانی فرۆش لەبازاڕدا، ئەخاتە چوارچێوەی قەوارەوە. تاکایەتی‌یەکی تاقانەو جیاواز بە مرۆڤ بەخشرا. تابەڵکو لەم ڕێگەوە بەشێوەیەکی بڕاوەترو دڵنیاتر لەگەڵ یەکتردا، هاوشێوەو یەکسان بن. بەڵام لەبەرئەوەی کەنەفس (ego)ی تاقانە هەرگیز، تەنانەت پاش سەردەمی لیبرالیستیش، بەتەواوی لەناونەچوو، ڕۆشنگەری هەمیشە هاندەری مەیل بەکۆمەڵو دنەدەری کۆمەڵگایی‌بوون، بووە. یەکیەتی‌ی کۆمەڵەی قابیلی کۆنترۆڵ، ئاکامی ڕەت کردنەوەی تاك تاکی کەسەکانە، چون [[مانەوەی]] تاکایەتی وەك گاڵتەکردنە بەو جۆرە کۆمەڵگایەی کەهەوڵ ئەدا هەموو

تاکەکان بکا بەکۆمەڵەیەکی یەکگرتوو. ئەو خێڵ‌و خێڵگەرییەی کەلەڕێکخستنی لاوانی هیتلەردا هێندە بەرجەستەیە، پتر لەوەی کەنیشانەی گەڕانەوە بۆ بەربەریەت بێ نیشانەی سەرکەوتنی یەکجۆری‌و یەکسانی‌ی سەرکوتگەرە - ئاشکراکردنی مافی یەکسان بۆ زوڵم کردن لەڕێگەی سەرمەشق وەرگرتن لەهاوڕێیانەوە. بەوجۆرە دەرئەکەوێ کەئوستورەی قەڵبی فاشیزم بەڕاستی هەمان ئوستورەی ڕەسەنی سەردەمی کۆنە، بەتایبەت لەولایەنەوە کەنمونەی ڕەسەنی قەساسی بەچاو ئەبینی، لەحاڵێکدا کە ئوستورەی قەڵب ئەوەی کوێرانەو ڕێزە ڕێزە لەبەین قوربانیەکانیا دابەش ئەکرد. هەر هەوڵێك بۆ پچڕاندنی ئەو زنجیرەی بەسروشتمانەوە ئەبەستێت، بەهۆی وردبوون‌و پچڕانی سروشت، ڕۆژ بەڕۆژ پتر نوقمی دلایەتی سروشتیمان ئەکا. هەر ئەمەیش بناغەی خەتی گۆڕانکاری‌ی ژیوارە (حضارت)‌ی ئەوروپاییە بیردۆزی‌ی تەجریدی کەکەرەسەی ڕۆشنگەری‌یە، سەرەڕای ڕەت کردنەوەی چەمکی چارەنوس، بەلاسایی کردنەوەی شێوازی چارەنووس، بابەتەکانی خۆی وێران ئەکا. لەژێر دەسەلاتی یەك چەشن کەری بیردۆزی تەجریدی (کەهەموو شتێك لەسروشتدا قابیلی چەن پات بوونەوە ئەکا). و پیشەسازی (کەبەحوکمی بیردۆزی تەجریدی مل کەچی بنەمای چەن پات بونەوەیە)، بابەتەکان یان بکەرە ئازادەکان سەرەنجام ئەبنە هەمان (ڕەوە) کەهێگل[16] ووتەنی بەرهەم‌و ئاکامی ڕۆشنگەرین.

مەودای نێوان سوژە‌و ئوبجێکتیڤ [بابەت‌و واقیع]، وەك یەکێك لەپێش گریمانەکانی بیردۆزی تەجریدی، لەسەر بناغەی مەودایەکە کەلەخودی شتەوە تابابەت کەحوکم دراو یان بەندە (عەبد)، بۆ خواکان یان دەسەلاتداری دەستەبەر کردوە.

سەرەتای سروەکانی هومەرو دۆعاو نزاکانی فیدا ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەی حکومەت بەسەر قەڵەمڕەوو دامەزران لەناوچەی ئەمن دا، سەردەمێك کەتێیدا گەلە شەڕانیەکان دەسەلاتی خۆیان بەسەر کۆمەڵ ئێجگار زۆری گەلانی تێك شکاودا ئەسەپان[17]. یەکەم چەشنەخوا (الهە) لەکۆمەڵی چەشنەخواکان هاوکات لەگەڵ ئەم کۆمەڵگای مەدەنیەدا پەیدابوو. کۆمەڵگایەك کەتێیدا پادشا، لەپلەی سەرکردەی نەجیب زادە چەکدارەکاندا، گەلانی ژێرکەوتوی ئەکردە بەندەو ملکەچ، [ئەمەیش] لەحاڵێکدایە کەپزیشکان، غەیب گۆیان، پیشەسازان‌و بازرگانان چاودێری مامەڵەو کڕین‌و فرۆشتنی کۆمەڵگا ئەکەن. بەکۆتایی هاتن بەژیانی پشت بەستو بەبیابان گەردی، سیستەمی کۆمەڵگایش لەشێوەی خاوەن ملکی‌ی نەکۆڕدا ئەگرێتەوە. ئاغایەتی‌و ڕەعیەتی (کار) لەیەك جیائەبنەوە. خاوەنێك [خاوەن ملکێك] وەك ئۆلیس یان ئۆدیسیۆس، لەڕێ‌ی دوورەوە کۆمەڵی چڕو بەوردی پلەبەندی کراوی گاوان، بزن لەوەڕین، بەراز لەوەڕێن‌و خزمەتکاران ئەبینی کەبەڕۆشنایی هەزاران ئاگر ڕوناك بوەتەوە، ئەتوانێ بەخەیاڵێکی ئاسودەوە بچێتە ناو جێگەو بخەوێ، ئەو دڵنیایە کەخزمەتکارە چابوکەکانی ورت‌و وریان کەمەبادا درندەیەك لەڕەوەکانی نزیك بێتەوە، و ئامادەی دوورخستنەوەی دزەکانیش هەن، لەو پاشکەوتانەی کەئەرکی چاودێریان بەئەوان سپێردراوە[18].))

گشتگیری‌یان خەسڵەتی عامی ئایدیاکان‌و چەمکەکان کەبەهاوکاری مەنتیقی بەڵگەکاری فراوان بوەتەوە، واتە هەمان مسۆگەربوونی ئەسڵی دەسەلات لەهەڕێمی چەمکەکاندا، لەسەر بناغەی دەسەلاتی واقیعی دانراوەو جێگیر ئەبی. هەڵوەشاندنەوەی میراتی جادوویی، لەناویەکدا تواندنەوەو ڕاکێش کردنی ئایدیا پەرت‌و بڵاوو بێنەزمەکانی کۆن لەیەکگرتوویی‌و یەکیەتی چەمکی‌دا، نیشانەی بەرپاکردن‌و بونیادنانی ژیانێکە لەقەوارەی هێرەمێکدا بەزنجیرە پلەی دەست نیشان کراوە وەکەئەربابە ئازادەکان ئەو پلە بەندی‌یە دیاری‌ئەکەن.

ئەو تاکایەتیە کەلەپڕۆسەی کۆت‌و بەندکردنی جیهاندا، فێری نەزم‌و ڕێك بوون‌و ئیتاعە (اطاعە) بوو، ڕۆڵ زوو کوت‌و مت‌و تەواو حەقیقەتی لەگەڵ ئەندێشەی ڕێکخراودا بەبەرامبەر دانا. ئەندێشەیەك کەبالأ دەستی‌ی ستاتیکی‌و نەگۆڕی ئەم مەرجی هەبوونی حەقیقەتێکی گشتیە. ئەو، تاکایەتیە سەرەڕای جادوی مایمتیك (لاسایی)، ماریفەت (مەعریفە)‌ی بەڕاستی وابەستەو پەیوەست لەگەڵ بابەتیشدا [بابەتی مەعریفەیی] بەحەرام دائەنێ.

پانتایی نەفرەتی ئەو [تاکایەتی] تەنانەت وێنەی سەردەمە تێك شکاوەکانی کۆن‌و بەختیاریی‌یە

خەیاڵیەکەیشیان ئەگرتەوە. خوا زەمینەکانی، مەحەلیەکانو نیشتەجێ بوانی سەرەتایی دورخراونەوە بۆدۆزەخ،و هەڵبەت بەگوێرەی بنەمای باوەڕی ئایینی [[ئاریایی]] نوروخۆر، واتە ئایینی ئیندارو زیۆس، زەمین یا ئەم گۆخاکیە دۆزەخ بوو.

سەرەڕای ئەمانەیش، بەهەشتو دۆزەخ لەیەک جیانەبوون. هەروەک زیۆس لەهەندێ ئایینە تێکەڵاوەکاندا، کەهەم وەک خوای نورانیو ئاسمانی ناوی ئەبراو هەم وەک چەشنە خوای خاکیو زەمینی[19] یان وەک خواکانی ئۆڵۆمپ کە لەگەڵ چەشنە خواکانی زەمینیدا تێکەڵاویو پەیوەندییان هەبوو. هێزی خێرو شەڕو ڕزگاریو مەینەتییش بەشێوەیەکی ڕاشکاو لەیەک جیا نەبوون. ئەوانیش وەک هەورازو نشێو، مەرگو ژیانو هاوینو زستان بەیەکتر‌ەوە بەسترابوون. ئەو بنەما ئایینیە لێڵو نادیارە کەلە کۆنترین قۆناغی ناسراوی مێژووی مرۆڤدا، بەناوی مانا* ئەناسراو ستایش ئەکرا، لەجیهانی تابانی ئایینی یۆنان دا درێژە بەژیانی خۆی ئەدا. هەموو شتێکی نەناسراوو نامۆ، فاکتێکی سەرەتایی، تێکەڵاو و لێك جیانەکراوەیە.

هەر ئەو شتەی کەتەجاوەزی سنوری ئەزمون ئەکا، ئەو توخمەی کەلەشتەکاندا بالاترە لەو واقیعیەتەی کەلەپێشدا ناسراوە. ئەوەی کەمرۆڤی سەرەتایی لەو لایەنەوە تەجروبەی ئەکا، بەرامبەرایەتی ئاڵۆزی دەرونیی کارێکی سروشتیە لەگەڵ کارێکی تاکی (فەردی)دا، نەك دژایەتی گەوهەری مەعنەوی لەگەڵ گەوهەری مادیدا. لەکاتی تەجروبەکردنی کارێکی نامۆو غەریب دا لەبەر سەر سوڕمان هاوارێکمان لێهەڵدەستێ، هەر ئەو هاوارە ئەبێتە ناوێك بۆ ئەو کارە. ئەم هاوارە، مەزنایەتی کاری نادیار یان مەودای نەناسراو لەناسراوەکان تۆمار ئەکا. هەر لەم ڕووەوە ترس لەژێر ناوی قودسیەتدا کۆنترۆڵ ئەکا. چەن بەرابەربوونەوەی سروشت وە دیاردە [نیشانە]و یەك لەدوای یەك بوون، هەوڵو توانا، کەیەکەم مەرجی سەرهەڵدانی ئەفسانەو زانستە، لەترسی مرۆڤەوە سەرچاوە ئەگرێ، ترسێ کە لەقەوارەی کۆشش بۆ ڕوونکردنەوەو ئاشکراکردنی [[هێزە سروشتیەکان]]دا، خۆی ئەنوێنێ. بەپێچەوانەی پێداگرتنی سایکۆلۆژیزم، ئەمە ڕۆح یا گیانی مرۆڤ نیەکە لەسروشتدا ئەتوێتەوە، [بەڵکو] مانا (MANA)، یان هەمان ڕۆحی دەنەدەر، دەنگدانەوەی بالاً دەستایەتی واقعی سروشتە لەگیانی لاوازی ئینسانە سەرەتاییەکاندا، جیاوازیی گیاندارو بێگیان، داگیرکردنی هەندێ شوێن لەلایەن شەیتانو خوا چەشنە (الهه)کانەوە، سەرەتا لەناخی ئەم باوەڕانەی پێشتر لەسەردەمی گیانگەرایی‌یەوە سەری هەڵدا، کەخۆی هەڵگری یەکەمین ڕیشەی جیاوازیی زەینو بەرجەستە[سابجێکتو ئوبجێکت]ە. ئەو کاتەی کەدرەخت ئیتر تەنها حسابی درەختی بۆ ناکرێ، بەڵکو شایەتو بەڵگەیە لەسەر شتێکی تریش یان بەرجەستەبوونی مانا (MANA)یە. زمان ئەم دژایەتیە دەرئەبڕێ کەیەك شت، لەیەك کاتدا، هەم خۆیەتی‌و هەم شتێکی غەیری خۆی. [هەم خۆچەشنەو هەم غەیری خۆچەشن]. [20] زمان بەنێوبژێوی چەشنە خوا (الهه) لەهەمان بێژی‌یەوە ئەبێتە زمان. چەمك، کەهەندێ کەس بەیەکەیێکی هێمایی (Sign - unit) ئەزانن بۆ هەموو شتێك کە لەژێر چەترێ چەمکی واقع دایە، لەڕاستیدا لەسەرەتاوە بەرهەمی بیردۆزی دیالکتێکی بووە. بیردۆزی‌یەك کەهەموو شتێك لەودا هەمیشە ئەوەیە کەهەیە. هەربەم هۆیەشەوە ئەبێ بەو شتەی کەخۆی‌نیە. ئەمە شێوەی سەرەتایی پێناسەی ڕوالەتی بوو، پێناسەیەك کەچەمکو شت تێیدا جیاوازن. هەمان شێوەی کەفۆرمی پێشکەوتوی بە (ڕەخنە لەداستانەکانی هۆمەر) ناسراوەو جیاکردنەوەی لەزانستی پۆزتیڤیستی نوێ ئەستەمە. بەڵام ئەم دیالکتیکە بەنەزۆکی ئەمێنێتەوە، چونکە چاوگەی گۆڕانکاریو فراوان بوونەوەی ئەو هەمان هاواری بەهۆی ترسەوەیە کەلەڕاستیدا نوسخەی بەدیلو چەن پاتەی خودی ترسە. خواکان ناتوانن ترسی مرۆڤ بڕەوێننەوە، چونکە دەنگی ڕەق هەڵاتووی ترس، وەك ناوی خۆیان، لەگەڵیاندایە. مرۆڤ پێی‌وایە کەزەمانێك بەدەس ترسەوە ڕزگار ئەبێت کەئیتر شتێکی نەناسراو نەمێنێتەوە. هەر ئەم بۆچوونەیشە کەڕێگای سڕینەوەی ئەفسانەو هەروەها ڕۆشنگەری دیاری ئەکات،و هەروەها کەئەفسانە بێگیان لەگەڵ گیان لەبەردا ئاوێتە ئەکات، ئەفسانە سڕینەوەیش گیانلەبەر لەگڵ بێگیاندا تێکەڵ

ئەکات. پژشنگەری جگە لەفۆرمی پیشەیی‌و زێدە پۆیی ترسی ئوستورەیی شتێکی‌تر نیە.

دەرون جاویدانی بێ خەوشی پۆزیتیڤیزم کەوەك دوایین دەستکەوتی ئەوە جگە لە تابوی گشتی[حەرام کردنی گشتی] شتێکی‌تر نیە[٥] هیچ شتێك نابێ لەدەرەوەی قەڵەمڕەوی ئەقڵ دابێ. چونکە خودی ئایدیای فەزایی دەرەکی، چاوگەی سەرەکی ترسە. مرۆڤی سەرەتایی هەندێ جار بۆ تۆڵە سەندنەوەی مەرگی خزمەکانی خۆی، بکوژەکەی لەعایلەی خۆیدا وەرئەگرت‌و لەم ڕێگەوە هەستی تۆڵەسەندنەوەی خۆی دائەمرکاندەوە.[٢١] ئەم نەریتە سەرەتایەیش بەڵگەیە لەسەر تێکەڵاوبوونی خوێنی بیانی لەگەڵ خوێنی خودی‌داو کامڵ بوونی دەروون جاویدانی. دولایەنایەتی ئەفسانەیی لەهەرێمی بوون، ناترازێ. جیهانی پڕ لەمانا (mana)و تەنانەت جیهانی ئەفسانەی هێندی‌و یونانی‌یش، ڕێگەیەکی دەربازبوون‌و هەمیشەیی یەکسانیان نیە. بەهای هەر لەدایك بوونێك مردنە،و بەهای هەربەختەوەری‌یەك، مەینەتیە. ئینسانەکان‌و خواکان ئەتوانن هەوڵی ئەوەبدەن کەلەچوارچێوەی سنووری خۆیاندا، بڕیاری چارەنوس بەگوێرەی شتێك جگە لەپڕۆسەی کوێرانەی قەدەر بخەملێنن، بەڵام سەرەنجام ئەمە بوون (being)ەکە بەسەریاندا زاڵ ئەبێ. تەنانەت دادگەری‌و هەڵخوازیەکەیشیان، کەلەدست تەلیسمی قەدەر دەرهێنراوە مۆرکی قەدەر بەڕوخساریەوەیە. ئەم دادگەری‌یە جیاوازە لەگەڵ ئەو ڕوانگەیەی کەخەڵکانی [سەرەتایی‌و یۆنانی‌و بەربەر] لەدەرونی کۆمەڵگایەکی دامەزراو لەسەر بنەمای تەوژم‌و مەینەتی‌دا، لەجیهانی دەوروبەری خۆیان هەیان بوو. لەئاکامدا، لەڕوانگەی عەدالەت ی ئوستوورەیی‌و ئەقڵانی‌یەوە، تاوان‌و سزا (کەفارەت) بەختەوەری‌و بەدبەختی، هەر دوو یەکسانن. بەم جۆرە دادگەری ئەچێتە ژێر چەتری قانونەوە. شەمەن (shaman) [بت پەرست] بەکەڵك وەرگرتن لەوێنەی خەتەر، خەتەر ئەڕەوێنێتەوە. هاونرخی، کەرەسەی کارەکەیەتی‌و هەر ئەم هاونرخیەیشەکە [دابەش کردنی] سزاو پاداش لەکۆمەڵگای خاون ژیوار [حضارە] دا رێك ئەخات. ئەکرێ ڕیشەی دووبارە بوونەوەی (دوبارە سەرهەڵدانەوەی) ئوستورەیش، بەتەوای بەهەڵومەرجی سروشتیەوە ببەستڕێتەوە. هەروەك بورجی (جوزا) - ئەستێرەی یەکەم‌و دویەمی چامەی گەردونی‌ی (دوانە) - و هێما دوانەییەکانی‌تر هەموویان ئاماژە بۆ سووڕی بەناچاری سروشت ئەکەن - ئەو شووڕەی کەناو نیشانی لەهێمای هێلکەوە وەرگرتوە، واتە [هێلکە، کە هێمایە] چاوگەی سەرەکیی هەموو سەمبۆلە دوانەییەکانە. هاوسەنگی‌ی جێگیر لەئەفسانەی (زیوس)یش دا، کەخۆی هێمای دادگەریە لەسەرانسەری جیهانی باوك سالاریدا، جگە لەسروشتی ڕوت چاوگەیەکی تری نیە. پەڕینەوە لەپشێوی‌یەوە بەرەو شارستانیەت، کەلەو هەڵومەرجە سروشتیەدا، ئیتر هێزی خۆی نەك بەشێوەی ڕاستەوخۆ، بەڵکو بەنێو بژێوانیی ڕاگەیەنەری ئاگایی‌و شعوری ئینسانی بەکارئەبا، لەئەسڵی هاونرخیدا هیچ گۆڕانکاری‌یەکی نەکردوە. لەڕاستیدا ئینسانەکان بەهای یەکەم هەنگاوی ئەم پەڕینەوەیان بەپەرستنی هێزگەلێك بژاردوە، کەپێشتریش دیل‌و بەندەیان بوون، بەڵام بەشێوەیەکی تەنها غەریزەیی، وەك هەموو ئاژەڵەکانی‌تر. پێشتر [[پێش لەسەرهەڵدانی شارستانیەت]]. بتەکان وابەستەی یاسای هاونرخی بوون، [کەچی] ئێستا خودی هاونرخی بووە بەبت. مانای ئەو دەسەرەی کەچاوی فریشتەی دادگەری (عەدالەت)ی پێبەستراوە، تەنها ئەوە نیە کەهەڕەشە کردن‌و تۆقاندنی دادگەری ڕەوانیە، بەڵکو ماناکەی تری ئەوەیە کەعەدالەت لە ئازادی‌یەوە سەرچاوە ناگرێ.

پەندی قەشەکان‌و کاهنەکان بۆیە پەندێکی هێمایی‌بوو، چون تیایاندا نیشانەو وێنە لێك بوو. هەروەك خەتی هیرۆگلیف شایەتە، وشەکانیش سەرەتا کاری وێنەیان ئەکرد. کەپاشان ئەم ئەرکە بەئوستورەکان سپێردرا، وەك ئایینەکان‌و ئاهەنگە جادوویی‌یەکان، دەلالەت لەو سروشتە ئەکەن کە[بەردەوام] خۆی دووبارە ئەکاتەوە‌و لەڕاستیدا ناوك‌و تەوەرەی سەرەکیی بابەتی هێمایی‌یە. [واتە] پڕۆسەیان حاڵەتێك لەبوون کەوەك بابەتێکی ئەبەدی پیشان ئەدرێ، چونکە بەهۆی دەستەبەربوونی‌یەوە (دەستەبەربوونی ئەو پڕۆسەیە) لەقەوارەو پەیکەری سەمبۆلیکدا، بەجۆرێکی بێوچان دیسان دێتەوە مەیدانی کارەوە. بێبڕانەوەیی، ژیان نوێکردنەوەی

بێپایان‌و بەردەوام بوون بەهۆی دەلالەتەوە، هەموو ئەمانە بەشێکن لەناوەڕۆکی زاتیی هێماکان، [ئەمانە زاتی هێماکان پێك ئەهێنن] نەك سیفەت‌و بێزاریی‌یەکان. ئەو وێنەی کەبۆ ئافراندن (خلقت) نوێندراوە، کەگوایە جیهان لەسکی دایکێکی ئەژەلی، مانگا، یان گەردونێکی هێلکەیی زاوە - بەپێچەوانەی سفری ئافراندنی جیهان لەئایینی یەهووداـ هەمویان سەمبۆلیکن . گالتەکردنی باپیرانی بەنی ئیسرائیل بەم خوایانە کەزۆر لەئینسان ئەچوون، چاوگەی سەرەکی وەك خۆی هێشتەوە. ئەم خوایانە بەتاقانەیی (تاکایەتی) کاملێ نەگەیشتن. هێشتا توخم‌و ڕەگێکی مانا (mana)یان تیا مابووەوە. چۆن ئەمانە وەك هێزێکی گشتی‌و جیهانگیر بەپەیکەری بەرجەستەی سروشت دائەنران. ئەوانە بەتایبەتمەندیی پێشتر لەسەردەمی گیانگەرایانەی خۆیانەوە، لەڕۆشنگەریدا جێگەیەکی دیارو بەرچاویان هەیە.

لەپشت پەردەی ڕازاوە بەشەرم‌و نازی، چیرۆکی ڕیسواییە [[جنسی‌یە]]کانی خوایانی (ئۆلۆمپ)ەوە، هەبوونی پەندی [[زانستیانەی]] جووت بوون، تەوژم،و مامەڵەی ڕەگەزە سروشتیەکان، هەر لەپێشدا دیاربوو. پەندێك کەهەر خێرا خۆی وەك زانست تۆمارکردو ئەفسانەکانی کردە وێنە گەلێکی خەیاڵی‌و ڕۆیایی. لەگەڵ جیابوونەوەی تەواوی‌ی زانست‌و شیعر، ئەم دابەش کاریەی کەئەم جیابوونەوە پێشتر یارمەتی دابوو. باڵی بەسەر مەیدانی زمانیشدا کێشا. وشە لەلای زانست تەنها هێمایەکە، بەڵام هەر ئەم وشە لەمقامی دەنگ‌و وێنەو کەلامی ڕاست دا لەنێوان هونەرە جۆراوجۆرەکاندا دابەش ئەکرێ،و مەجالی ئەوە پەیدا ناکات کەئەو هونەرانە بخاتە سەریەکتر،و بەیارمەتی تێکەڵکردنی هەستەکان، یان لەچوراچێوەی پێکهاتەی بەرهەمێکی هونەریی کامڵ دیسانەوە خۆی دروست بکاتەوە. زمان وەك سیستەمی نیشانەکان، فەرزە لەسەری بەلێپرسینەوەو لێکدانەوە ڕازی بێ تالەم ڕێگەوە سروشت بناسێ،و ئەبێ واز لەو داوایە بهێنێ کەخۆی لەگەڵ سروشتدا بەیەکسان بزانێ. ئەمەیش فەرزە لەسەر زمان کەبەنواندنی کاردانەوەو وێنەکان [وێنە ئاوێنەییەکان] ڕازی‌بێ. تاکو لەم ڕێگەوە لەگەڵ سروشت دا بەتەواوەتی ببێ بەیەکێك،و واز لەداوای ناسینی سروشت بهێنێ.(۷)

هاوهەنگاو لەگەڵ پێشکەوتنی ڕۆشنگەریدا، تەنها بەرهەمگەلێکی ڕەسەنی هونەری توانیان خۆیان لەلاسایی کردنەوەی ئەو شتانەی لەپێشدا هەبوون، دوور ڕابگرن.

دژایەتی سودمەندی هونەرو زانست، کەوەك دومەیدانی جیاوازی فەرهەنگ لەیەك جیائەکاتەوە، تابتوانن هەردوکیان ببنە دومەیدانی ئاڕاستە هەلگری تەکنیکی فەرهەنگ سازی،و لەئاکامدا لەسایەی مەیلە دەروونیەکانی زانست‌و هونەرەوە یارمەتیان بدات کە - تەنانەت وەك دوقوتبی دژبەیەك - لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ بن. زانست لە ڕوایەتی نوێ واتە پۆزیتیڤیستیدا ئەبێتە گەوهەری جوان ناسی (ئێستاتیکی). واتە ئەبێتە نیشانە گەلێکی جیاکراوە کەهیچکامیان نایانەوێ‌و مەیلی ئەوەیان نیە کەلەم سیستەمە دەرچن، زانست ئەبێتە ئەو یاریە شادی هێنەرە کەبیرکاری زانان لەدێر زەمانەوە بەشانازی‌یەوە وەك مەسەلەیەکی خۆیان باسی ئەکەن. بەڵام هونەری نواندنەوەی گشتگیر، تەنانەت وەك لایەنی تەکنیك‌و شێوازەکانی، چووەوە خانەی زانستە وردەکان،و لەڕاستیدا جارێکی‌تر خۆی لەگەڵ جیهاندا سازان‌و بوبە ئەڵتەرناتیڤ سازی ئایدیالۆژیکی‌و بەرهەم هێنەرەوەی کینەخواز. جودایی نیشانەو وێنە کارێکە کەقەرەبوو ناکرێتەوە. ئەگەر ڕەزامەندیی نائاگایانە ببێتە هۆی ئەوەی کەئەم جودایی جارێکی‌تر ناسنامەو کەسێتی‌یەکی سەربەخۆ بەدەست بهێنێ،(۸) ئەو کاتەیە کەهەر کام لە دوو بنەما جیاکراوەکان [[واتە نیشانەو وێنە]] هەوڵی وێران کردنی حەقیقەت ئەدەن.

فەلسەفە لەپەیوەندی نێوان بینین (واتە دەرکی ڕاستەوخۆ)و چەمك دا، هەستی بەو درزەکردبوو کەلەپاش ئەم جودایی دەمی کردەوە،و ئێستا فەلسەفە پەلەقاژەی ئەوەیەتی کەدەمی ئەم درزە بهێنێتەوەیەك. لەڕاستیدا هەر ئەم کۆششەیەکە ماهییەتی فەلسەفە دیاریئەکات. هەڵبەت فەلسەفە لەدوولای درزی نێوان زانست‌و هونەردا لایەکی هەڵبژاردوەکە ناوی خۆی [[واتە فەیلەسوف - بەمانای عاشقی زانست]] لێوە وەرگرتووە. ئەفلاتوون هەر بەو فیگۆرو ئیشارەتەوە شیعری قەدەغەکرد، کەپۆزیتیڤیزم بۆ ڕەت کردنەوەی

تیۆری ئایدیاکان بەکاری‌هێنا. بەڵام هۆمەر لەهونەرە پڕ بایەخ‌و بەناوبانگەکەی خۆی، بۆ دەستەبەرکردنی هیچ جۆرە پلانێکی ڕیفۆرمی گشتی‌یان تایبەتی کەڵکی وەرنەگرت. هونەرەکەی ئەو نەبووە مایەی سەرکەوتن لەشەڕداو نەسەرکەوتنی لەکەشفەکان [دۆزینەوەکان]دا بەدەست هێنا. تائەو جێگەی ئێمە ئاگادارین موریدو شاگردو هۆگری ستایش کاریشی نەبوو. هونەر ئەبێ لەپێشدا سودو بەکەڵك بوونی خۆی بسەلمێنێ.[٢٣] هونەریش وەك جوولەکە لاسایی‌کردنەوەی لێقەدەغەکراوە. هەزرو ئایین، ئەسڵو بنەمای ئەفسوونگەریی جادویی ڕەتئەکەنەوەو بەشێکی ڕیسواو سوکی دائەنێن. ئەم ئەفسونگەرییە کاتێك، وەك هونەر، بمانمەوێ نەمانەوێ بەدەستی خۆی لەبوونی واقیعی دورئەکەوێتەوە ، هێشتا لەڕاستگۆیی بێبەهرەیە. ئەوانەی لەم ڕێگەوە بژێوی خۆیان بەدەست ئەهێنن. لەئاکامدا وەك ئەو مسافیرو ئاوارانەیان لێبەسەردێت کەهەرگیز ناتوانن لەسایەی سیستەمێکی جێگیرو مەوجوددا، ببنە خاوەن خانوبەکی جێگیرو پتەو. ئیتر کاتی ئەوە بەسەرچووە لەڕێگەی کارەوە بەسەریدا زاڵ ببن. ئێستایش بەرهەمێکی هونەری لایەنی هاوبەشی لەگەڵ ئەفسونگەری‌دا هەیە: بەرهەمی هونەری قەڵەمڕەو و ناوچەی سنووردار (داخراو)ی تایبەت دروست ئەکا، کەخۆی لێ‌ی ڕازیەو لەزەمینەو دۆخی بوونی جیهانی خاکی بەدوورەو یاسایەکی تایبەتی تێدا بەکاربراوە. ڕاست هەروەك جادووگەر کەلە ئاهەنگەکانی خۆیدا پێش هەموو شتێك خەتی بەدەور ئەو جێگادا ئەکێشا کەهێزە موقەدەسەکان، ئەبوایە خۆیانی تێدا پیشان بدەن‌و کاری تێدابکەن، هەموو بەرهەمێکی هونەریش شووڕایەك بەدەوری خۆیدا دروست ئەکاو خۆی لەواقیعیەتی مەوجود جیا ئەکاتەوە. بەڵام ئەم گۆشەگیری (خۆپەڕێزی)و چاوپۆشی لەتەشەنەو کارتێکردن [[لەواقیعیەت]]، کەهونەر لەیارمەتی‌و هاوسۆزیی جادویی جیائەکاتەوە، لەهەموو فاکتێك زیاتر زامنی مانەوەو پاراستنی میراتی جادویی هونەرە. بەم جۆرە وێنەی ساغ‌و بێخەوش ئەبێتە هاوتاو بەرامبەری ((بوونی گیانلەبەر))،و چەن توخمێکی‌شی بەلای خۆیدا ڕائەکێشێ. ئەمە لەسروشتی بەرهەمی هونەری، یان ساختەی (تەزویر) ئیستاتیك دایە، کەکوت‌و مت هەمان شت بێ، وا ڕوداوی ترسناك‌و بێ پێشینە [بێ ڕابردوو]ی جادووگەریی سەرەتایی ئەیخستەڕوو؛ واتە نواندنی گشت لەبەشێکدا. ئەو ساختەکاری‌و ئاڵۆگۆڕەی، کەبەوانەوە شتەکان وەك دیاردەگەلی ڕۆحانی، یان هێمایەك لەمانا (mana)، دەرئەکەون، هێشتا لەبەرهەمی هونەریدا، دابین ئەکرێت. و هەر ئەمەیش ئەبێتە خەرمانەی دەور بەرهەمێکی هونەری. هەر ئەمەیش خەرمانەی دەوروبەری بەرهەمی هونەری پێك ئەهێنێ). هونەر لەپلەی پیشاندەرو نوێنەری گشتگیریدا، داوای مقام‌و ئابڕوی بابەتی ڕەها ئەکا. ئەم داوایە فەلسەفە هان ئەدا، تاکو بەرهەمی هونەر بەیەکەم‌و پێشتر لەمەعریفەی چەمکیی بزانێ. بەوتەی شلینگ هونەر ئەو کاتە دێتە مەیدانەوە کەماریفەت (مەعریفە) یەخەی ئینسانی بەردابێت. لەڕوانگەی (شلینگ))ەوە هونەر ((سەر مەشقی زانستە،و زانست تەنها ئەو جێگەیە ئەچێت کەهونەری لێیە)). لەتیۆری ((شلینگ))دا ((لەگەڵ هەر نمایشتێکی هونەری‌ی تاك دا)) جیاییی نێوان وێنەو نیشانە ((بەگشتی پوچەڵ ئەبێتەوە)).[٢٤] جیهانی بورژوایی بەدەگمەن تا ئەم ڕادەیە متمانەی بەهونەر کردوە. لەهەر شوێنێکدا ئەم جیهانە [جیهانی بۆرژوازی] سنووری بۆ قەڵەمڕەوی ماریفەت دانابێ، بەزۆری مەبەستی لەم کارە جێخاڵی‌کردن بووە بۆ ئیمان، نەك لایەنگری لەهونەر. ئایینخوازی‌ی شۆڕشگێڕی سەردەمی نوێ هیواداربوو تا لەڕێگەی ئیمانەوە، ڕۆح‌و ژیانی لەگەڵ یەکبەیەکەو ئاشت بکاتەوە. بەڵام ئیمان (باوەڕ) چەمکێکی فەوتێنەرە، ئەگەر بەردەوام دژایەتی یاهاودەنگی خۆی لەگەڵ مەعریفەدا دەرنەبڕێ، خۆی لەناوئەچێ. لەو ڕووەوە کەهەمیشە، بونیادی باوەڕ لەسەر تەحدیدکردنی مەعریفە ساغ بووەتەوە، خۆیشی تەحدید بووەتەوە. بایەخی کۆششی باوەڕی پڕۆتستانین بۆ ئەوەی کە، هەروەك سەردەمی پێش میژوو، بناغەی مەزنایەتی حەقیقەت (کەبەبێ حەقیقەت ئیمانیش ناتوانێ بوونی هەبێ) ڕاستەوخۆ لەسەر خودی وشەکە بونیات بنێت،و ئەم وشەیە جارێکی‌تر بکاتەوە بەخاوەنی هێزی سەمبۆلیك، پەیڕەوکردنی وشەبوو، نەك پەیڕەوکردنی بابەتی پیرۆز (موقەدەس).

تائەو کاتەی کەباوەڕ بەشێوەیەکی بەبڕشتو بێگومانانە ـ وەک دۆست یا دوژمن ـ بەمەعریفەوە بەسترابێتەوە، هەرچەن زیاتر خەبات بکا بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم جیایەدا، زیاتر ئەبێتە هۆی درێژبوونەوەی. دەمارگیریی ئیمان شوێنی ئاشکرابوونی ناحەقیقەتییەتی. بەڵگەیش بۆ سەلماندنو قبوڵ کردنی ئەم واقیعە بەرچاوەکە، ئەوەی واتەنها ئیمانی هەیە، هەربەم بەڵگەیە، ئیتر بێئیمانە ویژدانی ئازارکێش (نامورتاح)، سروشتی دوویەم یەتی. زانیاری پەنهانی ئیمان لەم ناتەواویە خۆییەو لەم دژایەتیە دەرونیە لەپێناوی خەبات بۆ گۆڕانی مەسڵەحەت خوازی بەئەرک یاڕاسپاردەیەکی پیشەیی، ئەم شتەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کەبۆچی پاراستنی پتەوی و گەوهەری ڕۆحی بەلای هەموو ئیماندارانەوە هەمیشە شتێکی حەساس و مەترسیداربووە. کارەساتێ کەلەتێڕو ئاگر، بزاڤی ڕیفۆرمی ئایینی و دژی ڕیفۆرمی ئایینی، کەوتووەتەوە وێنەی بەدیهاتنی گردەوەیی ئەسڵو بنەمای باوەڕی مەسیحیەتن، نەک نمونەگەلێك لەزێدە ڕۆیی و زێدە خوازی. ئیمانی مەسیحی یەکیەتی سروشتی خۆی لەگەڵ سروشتی مێژوی جیهانێکدا، کەخۆی خوازیاری ڕێبەرایەتی و هیدایەتی، ئاشکرا ئەکا. لەسەردەمی نوێدا، بەڕاستی، ئیمانی مەسیحی ئەبێتە کەرەسەیەکی خۆشەویست و فێڵێکی جەنگی تایبەتی مێژووی جیهانی.

ئەمە تەنها ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدەیەم نیە، کەبەسەلماندنی هێگڵ، بەسەر سەختی و دڵ ڕەقییەوە فراوان ئەبێتەوە، بەڵکو هەروەها کەهێگڵ چاکتر لەهەموو کەس ئەیزانێ، خودی پرۆسەی گۆڕانکاری و جوواڵەی فیکریشن ئەم حاڵەتە ئەگرێتەوە. سوکترین و مەزنترین ڕوانینەکان بەیەکسانی پیشاندەری هەمان مەودا (مەیانە)ن لەحەقیقەت کەداکۆکی نوسێك ئەکەن بەدرۆزنێك.

سروشتی پڕ لەدژایەتی و لێڵو تەماویی ئیمان، لەئاکامدا، تاناستی فرت و فێڵو ساختەچیەتی دادەبەزی و ئەبێتە ئوستورەی تایبەتی سەدەی بیستەم.

دژی هزربونی ئەم ئیمانە. ئەبێتە کەرەسەیەك لەخزمەتی بەڕێوەبەرایەتی ئەقلانی کۆمەڵگا [ئەمەیش] لەلایەن ئەو پەروەردەکراوانەوە کەبەتەواوەتی لەبەروبوومی ڕۆشنگەری بەهرەمەندن و بەکارهێنانی ئەم کەرەستانە کۆمەڵگا بەرەو دڕندە خوویی هیدایەت ئەکەن.

کاتێ زمان دێتە ناو مێژووەوە، ئەرباب و مامۆستاکانی، قەشەکان و جادوگەرەکانن. ئەوەی بەناوی هێزە میتافیزیکیەکانەوە، زیان بەسەمبۆلەکان بگەیەنێ، ئەبێتە بەندەو دیلی هاوتا خاکیەکانی ئەم هێزانە. ئەم گروپەیش [هاوتا خاکیەکانی هێزە میتافیزیکەکان] بەهۆی ئۆرگانو ڕێکخراوە هەڵبژاردەکانی کۆمەڵگا کەنوێنەری خۆیانن، کار ئەکەن. ئەوەی پێشتر (پێش مێژوو) ڕووی داوە، لەتارکیدا پەنهانە [شاراوەیە].

لەگەڵ ناسیندا (athnology) هەر کاتێ ڕوبەڕوی مانا (mana) ئەبینەوە، تێدەگەین کەترس و تۆقینێك کەویستی مانا (mana)یە، لانی کەم لەلایەن سەرۆك عەشیرەتەکانەوە، هەمیشە بەپیرۆزو ڕەوا دانراوە. مانا (mana) وەک [هێزێکی] نادیارو ئێجگار بگۆڕ، لەسەر دەستی ئینسانەکان بوو بەبەشێکی یەکدەست و خاوەن نەزم، و بەناچار قەوارەیەکی مادی پەیداکرد. جادووگەران لەماوەیەکی کەمدا ئاهەنگە ئایینیە پیرۆزەکانیان لەگەڵ جۆراوجۆربوونی شوێنە پیرۆزەکاندا گونجاند. ئەوان ماریفەت و زانستی پیشەیی و هەروەها کارێگەریی خۆیان شانبەشانی فراوان بوونەوەی جیهانی ڕۆحانی و تایبەتمەندیەکانی ئەو جیهانە، فراوان کردەوە. سروشت و گەوهەری وجودی پیرۆز تەنها بەو جادوگەرانە بەخشێنرا کەپێشتر تەنها مەحرەمی نهێنیەکانی بوون.

لەیەکەمین قۆناغەکانی ئالۆگۆڕی ژیاندا، لەسەر بنەمای بیابانگەردی و چادر نشینی، ئەندامانی ئاسایی خێڵ هێشتا دەورێکی دیاری و تاکایەتیان [فەردیان] لەپرۆسەی کاریگەربوون لەسەر هێزەکانی سروشت دا هەبوو [ئەبینی].

پیاوەکان ئەچوون بۆ ڕاو، ژنەکانیش سەرقاڵی ئەو کارانەبوون، وا پێویستیان بە ڕێبەریکردن و فەرماندەیی کردن نەبوو. لەپێکهاتنی ئەم نەزم و تەرتیبەدا ئەستەمە دیاریبکەین کەخوو و ڕاهاتن چ دەورێکی بووە.

لەم سیستەمەدا جیهان هەر لەپێشدا کراوە بەدوو بەشەوە، واتە قەڵەمڕەوی هێزو مەیدانی ژیانی زەمینی‌و غەیری پیرۆز. ژیانی سروشت، وەك جلوەی مانا (mana) پلەی بەرزئەبێتەوە تاببێتە پێوەرو نۆرماڵی (هەنجار)ی کۆمەڵگا، و پەیڕەوکردنیشی زەروریە. بەم حاڵەیشەوە، سەرەڕای پابەندبوون‌و وابەستەبوونی مرۆڤ، زەلامی بیابانگەردی وەحشی هێشتا ئەی‌توانی لەو جادووەدا بەشداری‌بکا، کەقەوارەی پێکهاتن‌و فراوان بوونەوەی ئەو پابەندیەی دیاری ئەکرد، ئەو جڵوبەرگ‌و فۆرمی ڕواڵەتی خۆی بەلاسایی‌کردنەوەی نێچیرەکەی ئەگۆڕێ، تالەم ڕێگەوە بتوانێ شوێن پەی هەڵ بگرێ‌و دوای بکەوێ. لەسەردەمەکانی دواتردا، مامەڵ لەگەڵ ڕۆحەکان‌و مل دان‌و پابەندبوون، بەدووچینی جیاواز سپێردرا: ئەم جارە، هێز لەلایەکەوەو مل کەچی‌و بەندەیی لەلایەکی‌ترەوە بوون، بۆ ئەو شکست خواردوانەی‌کەیان لەدەست هۆزە بیانیەکان شکست یان خواردبوو، یان لەدەست عەشیرەت‌و هۆزە خۆییەکان، پڕۆسەی چەن جارەبوونەوەو هەمیشەیی‌و یەکسانی سروشت ئەبوو بەپیتمی کار [بێکاری بڵێین باشترە] لەسەر ئەساسی ترپە یان ڕیتمی گۆپاڵ‌و قەمچی. ڕیتمێك کەدەنگدانەوەکەی لەدەنگی هەموو تەپڵەکان‌و ئاهەنگە ئایینیەکانی [مرۆڤی سەرەتایی]دا یەك ڕیزو یەك جۆر ئەبیستری. ئێستا سەمبۆلەکان ڕۆڵی چەشنە بت‌و تەلیسم ئاسا ئەبینن. لەم پڕۆسەیەدا چەنجاربوونەوەی دیاردە سروشتیەکان، کەئەم سەمبۆلانە دەلالەتیان لەسەر ئەکەن، هەمیشە هاوتای گوشارو ناچاریی کۆمەڵایەتیە، کەئەم هێمایانە پێناسەیان ئەکەن‌و ئەیان نوێنن. ئەو ترسە ئەفسانەییە کەلەقەوارەی وێنەیەکی نەگۆڕدا بەرجەستە بووە، ئەبێتە هێما (سەمبۆل). هێمای دەسەڵاتی جێگیربوونی چینی بالادەستە،و ئەمە ئاکامی هەموو چەمکە گشتگیرەکانە. تەنانەت ئەوکاتەیش کەهەموو چەشنە ڕەگەز یا پاشماوەیەکی وێنەیان لێ‌پاك کرابێتەوە. تەنانەت سیمای بەرهەمهێنەرو بەراوردکاری زانستیش سەمبۆلێکە لەبوونی زنجیرەی تەرتیبی‌و زۆرو ناچاری. کوت‌و مت هەر بەوجۆرەی، کەیەکەمین ووتەزاکان [ی بیردۆزی ئەقلانی] ناسێنەری سیستەمی ڕێکخراوی خێڵ‌و دەسەڵاتی خێڵ بەسەر تاك دا بوون، هەموو سیستەمی ژیارەیی چەمکەکانیش، بەپەیوەندی‌و وابەستەیی‌و کاملبوون‌و یەکگرتوویی‌یانەوە، ڕەگی لەهەلومەرجی واقیعی کۆمەڵگای هاوتای ئەم چەمکانە - واتە دابەش کردنی کار - دایە.[٢٥]

بەڵام هەڵبەت ئەو تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتیەی ووتەزا بیردۆزیەکان، بەپێچەوانەی داوای ((دورکهایم)) سەلمێنەری یەکیەتی ئاڵۆزو پەنهانی کۆمەڵگاو دەسەڵاتە، نەك جلوەو نمایشی یەکیەتی کۆمەڵایەتی. دەسەڵات، توانای سازان، یەکڕەنگی‌و هێزێکی زیاتر ئەبەخشێ، بەو گشتگیری‌یە کۆمەڵایەتیەی کەخۆی تێدا جێگیرو سەقامگیر ئەکا. دابەش کردنی کار، کەدەسەڵات مەیلی هەیە بەلایدا، خزمەتی گشتگیری ژێر دەسەڵات ئەکا، لەپێناوی پاراستن‌و مانەوەی نەفس دا. بەڵام گشتگیری وەکو گشتگیری، واتە جلوەو نمایشی عەقڵانیەتی دەروونی‌و زاتی‌یەکەی، بەناچاری ئەبێتە هۆی وێرانکردنی ئەمری ڕێزەیی (جوزئی)و تایبەت. لەچاوی تاکەکەسدا، دەسەڵات وەك شتێکی گشتگیر ئەنوێنێ، وەك ئەقڵێك کەنەفسی کردەوەی پەیداکردبێ. بەهۆی دابەشکردنی کارەوە کەبەسەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵگادا سەپێندراوە، هێزو توانایان - کەوەك ئەندامی کۆمەڵگا جگە لەپەیڕەوکردنی دابەش کردنی کار چارەیەکی‌تریان نیە - هەمیشەو لەهەموو حاڵەتێکدا، جگەلە دابین کردنی هەمان گشتگیری گەئەقڵانیەتەکەی لەم ڕێگەوە دووبارە دێتە بەرهەم، هیچی تری بەدواوە نیە. ئەوەی کەبەهۆی ژمارەیەکی کەم لەدەسەڵاتدارانەوە بەسەرهەموان دا دێ، هەمیشە لەقەوارەی پابەندکردنی تاك بەکۆمەڵەوە خۆی نواندوە: سەرکوتکردنی بەکۆمەڵ دەمامکی سەرکوتی، بەکەڵك وەرگرتن لەسیمای ئەم یان ئەو کۆمەڵە نمایش کردووە. هەر ئەم یەکیەتی کۆمەڵ‌و دەسەڵاتەیەکە لەوێنەو وتەزاکانی بیردۆزیدا خۆی نواندوە، نەك یەکیەتی یا گشتگیری بێ واسیتەی کۆمەڵایەتی، ئەو چەمکە فەلسەفی‌یانەی کەئەفلاتوون‌و ئەرەستۆ، جیهانیان بەهۆی ئەوانەوە پێئەنواندینەوە، لەسایەی داوای خۆیانەوە لەسەر متمانەی گشتی‌و جیهانگیربوونی، ئەومەرجانەی کەبەهۆی ئەم چەمکانەوە سەقامگیرو ئەسەلمێندران، تائاست‌و ڕوتبەی واقیعیەتی حەقیقی

بەرزکردەوە. بەووتەی ((ویکۆ)) [٢٦] بازاڕی ئەسینا جێگە خواستی ئەم چەمکانەبوو. کەبەڕۆشنیو ڕووبی یاسا فیزیکیەکان، یەکسانی هەموو هاوڵاتیەکانو ژێرچەپۆکەبوونی ژنانو منالأنو کۆیلەکانیان پیشان ئەدایەوە. زمان، خۆی، ئەم بڕیارو داوایانەی ئەسەلماند،و هەروەها تەئیدی (سەلمێنەری) هەلومەرجی دەستەبەربوونی دەسەلأتو ئەو گشتگیرییە بوو کەئەم هەلومەرجە، وەک کەرەسەی مەعامەلە (دانوسەندن)ی کۆمەڵگایەکی بورژوازی، خوازیاری بەشداربوونی بوو. دان پێدانانو سەلماندنی میتافیزیایی بارودۆخی کۆمەلأیەتیو ڕەوابوونی لەسایەی ئایدیاو نۆرماڵ (هەنجار)ەکانەوە، تەنها وەک جۆرێ مەزنایەتیو بەرجەستەیی بەخشین بەوشکیو بێگیانیو خۆویستی چەمکەکان بوو. واتە هەمان، تایبەتمەندی کەهەرکاتێ زمان، کۆبوونەوەی دەسەلأتداران (حوکمداران)ی بە[[کردەوەیەکی لەفزی (دەمی)]] دەرکردنی فەرمانێك، یەکرتووکرد. چەمکەکان بەگشتی ناچاربوون قبوڵیان بکەن. ئایدیاو بیرەکان، وەک کەرەسەو ئامرازێك بۆ بەهێزکردنی توانای کۆمەلأیەتی زمان، شانبەشانی ئەم زیادبوونی هێزە، ڕۆژ بەڕۆژ خۆیشیان تەبوونە شتێکی زیایی و بێکەڵك،و زمانی زانستیش ڕێگەی بۆ ئیفلاسی کۆتایی‌یان خۆش کرد. ئەم ڕاستیەکە هێشتا شتێك وەک ترس لە جادوو یان بت لەزەینی مرۆڤ دا هەبوو، لەهەوڵی ئاگایانە بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخ نەکەوتبوەوە، بەپێچەوانەوە، یەکیەتی کۆمەڵو دەسەلأت لەقەوارەی ئەو گشتگیریو شمولی گشتیەدا دەرکەوت، کەبەتایبەت مەندیی زەروری ناوەڕۆکی درۆینی زمان، چ زانستیو چ میتافیزیکی، دانەنرا. ڕوونکردنەوەی میتافیزیکی، جگە لەبابەتەکانیتر، تەنها بەسەرنج دان بەجیاوازی گەرایی چەمکو واقیعیەت، نادادگەری شاراوەی لەبارودۆخی مەوجوددا ئاشکراکرد. لەچوارچێوەی زمانی بێلایەنی زانستدا، ئەوەی کەلاوازو بێدەسەلأتە، هەموو جۆرە کەرەسەیەکی دەربڕین یاخۆ نواندنی بەتەواوی لەدەست داوە..و لەچوارچێوەی ئەم زمانەدا تەنها بابەتی دراوە (THE GIVEN) یە کەئەتوانێ نیشانەیەکی پووچەڵ بۆ دەربڕین بدۆزرێتەوە. ئەم جۆرە بێلایەنیە ئەسینا، لەخودی میتافیزیکیش، میتافیزیکیترە. سەرەنجام، ڕۆشنگەری نەك هەر تەنها سەمبۆلەکان، بەڵکو جێنشینەکانیشیان، واتە چەمکو ووتەزا گشتیەکان [[ی فەلسەفەی میتافیزیکی]]شی هەڵ لووشی،و هیچ پاشماوەیەکی لەمیتافیزیك نەهێشتەوە، مەگەر هەمان ترسی تەجریدیی کۆمەڵیان کۆمەڵەی مرۆڤ [[لەبابەتێکی نەناسراو]] کەلەڕاستیدا خۆی سەرچاوەی میتافیزیك بوو.

باری چەمکەکان لەبەرامبەر ڕۆشنگەریدا، هەروەك باری خاوەن کارگاکانی بەرهەم هێنەرە لەبەرامبەر تراست (TRUST)ە پیشەسازیەکاندایە، بۆ هیچ کامیان ئاسایش لەئارادا نیە. تەنانەت ئەگەر پڕۆژیتیڤیزمی مەنتیقی، هێشتا ڕۆلێکی کەم بەهاو نەختێك ئازادی کردەوەی بۆ گریمانەو ڕێکەوت لەبەرچاوگرتبێ، ئەوا پڕۆژیتیڤیزمی گەل ناسی (ETHNOLOGY) دەست بەجێ کردیەوە بەجێکەی خۆیا. ((تەسەوری لێڵی ئێمە لەڕێکەوتو گەوهەری بێخەوش، تەنها سێبەرێکی کەم ڕەنگی ئەم چەمکە ئێجگار دەوڵەمەندەیە(٢٧))) - واتە هەمان چەمکی گەوهەری جادوویی.

ڕۆشنگەری، وەک بزوتنەوەیەکی نۆمینالیستی، جوولەی (nomen)، واتە ئەو چەمکی وردو تایبەتو بالأدەستە، یان هەمان ناوە تایبەتییە، ئەوەستێنێ. سەلماندنی ئەمە کەئایا ناوە تایبەتەکانیش - هەروەها کەهەندێ کەس لایان وایە(٢٨) - لەسەرتادا ناوگەلی چەشنی (species names)بوون، ئیتر نەکردەنیە، لەگەڵ ئەوەیشدا ناوە تایبەتیەکان لە چارەنوسی ناوەچەشنیەکاندا بەشدارنەبوون. ئەو نەفس یان خودی (ego) گەوهەرێك کە((هیوم))و((ماخ)) وجودیان/بوونیان/ ڕەت کردوەتەوە، هاوتای ناونیە. لەئایینی یەهوودی‌دا، کەدوندی بەرزی ئایینەکە ئایدیای ڕێکخستنی سیستەمی باوك سالاریە، فەرمانی قەدەغەکردنی، بەزبان هێنانی ناوی خوا، نیشانەی بەردەوام بوونی سەلماندنی هەبوونی پەیوەندی نێوان ناو و وجودە.

جیهانی لەئەفسون پاك کراوەی یەهوود، بەڕەت کردنەوەی جادو [و ڕەگەزی جادویی] لەچەمکی خوادا، لەگەڵ جادودا سازاوە. ئایینی یەهود ڕێگەنادا، هیچ وشەیا دەستەواژەیەك هیوابڕاوی‌و بێدەرەتانی خەڵکی

بمرکەم بکاتەوە. لەم ئایینەدا هیواو ئومێد تەنها لەپەیوەندی لەگەڵ ئەو فەرمانەدا هەیە کە، پەنابردن بەشتی درۆیین لەبری خواو ناساندنی شتی کۆتایی هەڵگر لەجیاتی شتی بێکۆتایی و درۆ بەجێگەی حەقیقەت ڕەت ئەکاتەوە. تەنها زامنی ڕزگاربوون و دەربازبوون، ڕەت کردن و دورخستنەوەی ئەو باوەڕەیە کەڕەنگە ببێتە جێنشینی [خوا]. ئەم زەمانەتەیش هەر ئەو مەعریفەیە کەبەدروخستنەوەی وەهم بەدەست دێ. هەڵبەت ڕەت کردنەوە کارێکی تەجریدی نیە. دژایەتی لەگەڵ هەموو بابەتێکی ئیجابی و باش، بێگوێدانە هەر جۆرە جیاوازی و بااڵ دەستیەك، واتە هەمان فۆرمۆڵو بنەمای کلێشەیی خۆپەرستی و خۆبەزلزانین، کەلەبوزیزمیش دا دەبینرێ، پلەوپایەی خۆی گەڵ بەرزتر لەفەرمانی قەدەغەی ناونانی بابەتی ڕەها (ئەمری موتڵەق) ئەزانێ، و هەڵبەت دژی ئەم ڕەت کردنەوە [[ی دیاری نەکراوی بودیستی]]، واتە تیۆری یەکیەتی بوون، و کاریکاتێرەکەیشی، واتە گومانکاری ی بورژوازی یش، هەر ئەوەندە پایەبەرزە. هەر فۆرمێك لەڕوون کردنەوەو ئاشکراکردنی جیهان، وەك (هیچ) یان (هەموو) [[نیروانا، یان بەرەهما]] تەنها چیرۆکێکی ئوستورەیی یە، و هەموو ئەوڕۆ شوێنە زەمانەت کراوانە بۆ گەیشتن بەڕزگاری، تەنها کارو کردەوەیکی جادوویی سەرکەوتوون. (یان باشتر بڵێین بەزۆر سەرخراون). ڕەزامەندی و خۆویستی کە لەماریفەت و ئاگایی پێشتر [[لەڕووداوی داهاتوو]] و گۆڕاندنی ڕەت کردنەوە بەڕزگاری، سیمای درۆزنی بەرەنگاری دژی فرت وفێڵە. پەیڕەوکردن و پابەندبوونی ڕاستەقینە بەدەستوری قەدەغەی [[ئافراندنی]] وێنە، پارێزەری ڕاستیەکانی وێنەیە. (واتە ئەو قەدەغەکردنە ئەیسەلمێنێ کەوێنە حەقیقەتەو مافی بوونی هەیە). بەپێچەوانەی گومانکاری کەحەقیقەت و درۆ بەلایەوە یەکسان و بێهودەو بێئەساسە، ئەم پەیڕەوکردن و پابەندبونە، یان (ڕەت کردنەوەی دیاری کراو))[٢٩] لەسایەی چەمکە تەجریدیەکانەوە، لەگەندەڵی و لەناوچوونی تێڕوانینە ئەزمونیەکان پارێزراوە. ڕەت کردنەوەی دیاری کراو، بەشێوازی تایبەتی خۆی بۆچوونی ناتەواو و سەقەتی لەمەڕ بابەتی ڕەهاو بتەکانەوە قبوڵ ناکا، : بەاڵم بەشێوەیەکی جیاواز لەگەڵ شێوازی بیری زانستیی پشت بەوردبینی و نەزم بەستوو، کەئەم بۆچوونانە لەبەرامبەر ئایدای [[حەقیقەتی زانستی]]دا دائەنێ کەئەوان توانای بەریەرەکانێیان لەگەڵیدا نیە. دیالێکتیك، بەپێچەوانەوە، هەر وێنەیەك وەك نوسراوەیەك ڕاڤە ئەکا، و پیشانی ئەدا کەچۆن ئەتوانین لەتوێی خەتەکانی سیمای ئەم وێنەدا، دان نان بەدرۆزن بونیدا بخوێنینەوە . - دان نانێکە کەوێنەبوونی لێ ئەستێنێتەوەو ئەیخاتە خزمەتی حەقیقەتەوە.

هێگڵ بەپێشکەش کردنی ووتەزای (ڕەت کردنەوەی دیاری کراو)). ڕەگەزێکی ئاشکراکرد کەڕۆشنگەری لەو داتەپیویە پۆزیتیڤیزمیەی کەهێگڵ دابویە پاڵی، جیاوازی ئەو لەفەلسەفەی هێگڵو میتافیزیك. چونکە ڕۆشنگەری بەئەندازەی سیستەمێکی تر خۆویست و کۆخوازە (تۆتالیتارە). ڕاست و درۆی ڕۆشنگەری لەوشتەدا کۆنابێتەوە کەدوژمنە ڕۆمانتیك گەراکانی هەمیشە لەسەرئەوە لۆمەیان کردوە: [واتە لەسەر ئەم شتانە] شێوازی لێکدانەوە، شیتاڵ کردن و گەڕانەوەی بابەتەکان بۆ ڕەگەزە سەرەتاییەکان، هەڵوەشاندنەوەی بابەت لەڕێگەی بیری شیکاریانەو کاردانەویی بەڵکو بەپێچەوانەوە، ڕەخنەی سەرەکی پڕۆسەکە هەمیشە لەسەرتاوە دەست نیشان و دیاری کراوە. لەمەسەلەی بیرکاریدا، هۆکاری نەناسراو لەهاوکێشەیەکدا، ئەبێتە کەمایەتی یان بگۆڕێکی نەناسراو، کەواتە بەهۆی ئەم گۆڕانکاریەوە، تەنانەت پێش ئەوەی هۆکاری نەناسراو ڕێژەیان بەهایەکی پێبدرێت، بەشتێکی تەواو ناسراو دائەنرێت.

سروشت چ لەپێش‌و چ لەپاش هاتنە مەیدانی تیۆری (کوانتم) مەسەلەیەکە، کەئەبێ بەشێوازی بیرکاری پوون بێتەوەو لێی تێبگەین، تەنانەت ئەو بابەتانەی کەسازاندن‌و گونجاندنیان ئەستەمە. بابەتگەلی شیکاری هەڵنەگرو نائەقلانی، بەیارمەتی کێشە بیرکاریەکان ئەبن بەبابەتگەلێکی قابیلی لێکۆڵینەوە. بیری پژشنگەری لەم پووەوە پێشوازی لەهاوچەشنایەتی‌و یەکسان زانینی جیهانێك ئەکات، کەتەواو پوون کراوەتەوەو لەگەڵ حەقیقەتدا هەڵسەنگێندراوە. چۆن بەنیازە بەم شێوازە خۆی لە بەرامبەر گەڕانەوەی بابەتی ئوستورەیدا، بپارێزێت. پژشنگەری، ماتماتیك‌و بیردۆزی تێکەڵ ئەکا. بەم شێوە ماتماتیك، گوایە، لەکۆت‌و بەند پزگار ئەبێ‌و ئەبێتە لایەنێکی وردکاری پەها. ((ئەبێتە جیهانێکی بێپایان‌و لەم لایەنە تایبەتەوە، جیهانێکی پیکهاتە لەئادیال‌و نمونە، وەك جیهانی دەرك‌و بۆچوونی لێدێ کەشتەکان‌و بابەتەکانی (objects) بەشێوەی تاك‌و ناتەواو و بەڕێکەوت، پێشکەش هێزی بیرو مەعریفەی ئێمە ناکرێن، بەڵکو بەشێوەی ئەقڵانی‌و ڕێك‌وپێك‌و یەکگرتوو - لەجۆرێ پڕۆسەی پێشڕەوی بێپایاندا - دەست ئەکەون. ئەویش بەشێوەیەك، کەشت یا ئوبجێکت سەرەنجام لەسەر بنەمای بوونی زاتی تایبەت بەخۆی دەرئەکەوێ‌و ئەدۆزرێتەوە. بەڵام لەشێوازی گالیلەییدا ماتماتیکی‌بوونی جیهان، ئەم وجودە زاتیەی لەژێر هیدایەتی بیرکاری نوێدا ماهیەتێکی ئایدیال پەیدا ئەکات: بەبەیانێکی نوێ، ئەم وجودە خۆی ئەبێتە جۆرێك چەن چەشنایەتی‌یان زۆرایەتی بیرکاری))[30]. بیردۆزی خۆی بەرجەستە ئەکات تاکو ببێتە پڕۆسەیەکی ئۆتۆماتیك، بەلاسایی‌کردنەوەیەکی ساختە لەمەکینەیەك کەخۆی دروستی کردوە تا سەرەنجام هەر ئەم مەکینەیە ببێتە جێگری خۆی.

پژشنگەری[31] زەرورەتی کلاسیکی‌ی تێفکران لەمەڕ بیردۆزی - کەفەلسەفەی (فیشتە)) نمونەی توندڕەویەتی - وەلاناوە، چون ئەیهەوێ خۆی لەحوکم یان دەستوری کار کەبۆچوون کۆنترۆڵ ئەکاو فیشتە خۆی مەیلی بەپەیڕەوکردنی بوو. بدزێتەوە. بەم جۆرە، شێوازی بیرکاریدا ئەبێتە ئاهەنگ‌و مناسکی بیردۆزی. بیردۆزی ماتماتیك، سەرەڕای سنورێ کەبەناوی (بنەمای بابەتی)) خۆی بۆ خۆی داناوە، خۆی وەك شتێکی پێویست‌و بەرجەستە ئەناسینێ: بیردۆزی ماتماتیکی ئەندێشە ئەکات بەکەرەسەو ئامراز - کەلەڕاستیدا هەر ئەو ناونیشانەیە کە لەقەڵەمڕەوی بیکاریدا بەبیردۆزی‌و ئەندێشە ئەووترێ - بەڵام ئەم جۆرە لاساییە [مایمسیس] کەبیردۆزی‌و چەمکە گشتیەکان وەك هاوکێشەیەك لێئەکا، بەشێوەیەك گەمارۆی سنوری بابەتە واقعیەکان ئەدا، کەتەنانەت بێخواییش ئەچێتە خانەی دەستوری قەدەغەکردن‌و وەلانانی میتافیزیکەوە. ئێستا لەڕوانگەی پۆزیتیڤیزمەوە، کەدادوەری دادگای هزری ڕووناکە، چونە ناو پەراوێزو هێنانە ئارای باسی جیهانگەلی ئەقلانی - (لەبەرامبەر تاقانە جیهانی واقعی‌و هەست پێکراو) - نەتەنها قەدەغەیە، بەڵکو کارێکی سەرتاپا پوچ‌و بێمانایە. تەنانەت ئەگەر جیهانە ئەقلانیەکە ماهیەتی بێخواییشی پەیداکردبێ، بەلای ئەم ڕوانگەوە هەر یەکسانە، چونکە بیردۆزی بەرجەستەکراوو بەشت بوو، تەنانەت توانای ئەوەی نیە باسی ئەم مەسەلەیش بکات. پۆزیتیڤیستی بالادەست، دروست هەر وەك هونەر - (هونەر وەك قەوارەیەکی تایبەت لەچالاکی کۆمەڵایەتی کەلەهەموو جۆرە ڕەگەزێکی فیکری یان ئەقڵی بەرییە) - بەئایین‌و مەرامی باویش ڕوخسەتی هەڵاتن [لەمەیدان] ئەدات. بەڵام هەرگیز چاوپۆشی لەونکولێکەرو نەیارانە ناکات کەخۆیان بەخاوەنی مەعریفەو زانین ئەزان. جیایی بیردۆزی لەکارو پیشە بەنیازی گۆڕان‌و ڕیفۆرمی واقعیەتی باو [[و زیادکردنی لێك چوونی لەگەڵ دەستورەکانی ئەقل]]، یان چوونە دەرەوە لەناوچەی جیاکراوەی بوونی واقعی، بۆ زەینیەتی زانستی بەئەندازەی چونە دەرەوەی جادوگەرێکی سەردەمی سەرەتایی لەبازنەی سێحراوی، کارێکی شێتانەو نەفس وێرانکەرە.

لەهەردوو حاڵەت دا یاسا شکێنی‌و سنور بەزاندن، لەڕاستیدا ئەبێتە هۆی لەناوچوون‌و فەوتاننی تاوانبارو یاسا شکێن. زاڵ بوون بەسە سروشتدا، وەك ڕەخنە لەهزری بێخەوش بازنەیەك دروست ئەکاو ئەو بازنە ئەکا بەمەنفای بیردۆزی. (کانت)) تیۆریی سەبارەت بەپێشڕەوی دژوارو بێوچانی ئەقڵ بەرەو بێپایانی، لەگەڵ جەخت کردن لەسەر ناتەواوی‌و سنوردار‌بوونی

ئەبەدیی ئەقڵ ئاوێتەکرد، بڕیاریان دادوەری کانت، جۆرێ پەیامی غەیبیە. هیچ قەوارەیەك لەهەبوون لەم جیهانەدا نیە کەزانست نەتوانێ زەفەری پێببا، بەڵام ئەو شتەی کەزانست ئەتوانێ زەفەر بەدەرونی ببا، هەبوون (وجود) نیە. بەووتەی کانت، بڕیاری فەلسەفی سوسەی بابەتی نوێ ئەکات.

کەچی هیچ بابەتێکی نوێ بەدی ناکات، چونکە هەمیشە تەنها ئەو شتەی بەبیردێتەوە، کەلەپێشدا ئەقڵ لەناخی بابەت یان ئۆبجێکت دا بەئەمانەت داینـاوە. بەڵام بۆ ئەم جۆرە بیردۆزیەش کە، لەفۆرمی لق‌و پۆپی جۆراوجۆری زانست دا، خۆی لەتێکەڵبوون لەگەڵ ڕۆیا (زیندە خەو)و خەیاڵی عارفە غەیب[8] بینەکان ئەپارێزێ، ڕێو شوێن‌و لێپرسینەوەیەك لەکاردایە. دەسەڵاتی جیهانی بەسەر سروشتدا، دژی خودی سەبجێکت (یان زەین)ی بیریار کار دەکا،و هیچ شتێکی نامێنێتەوە، مەگەر هەمان(تێدەفکرم)ی هەمیشە یەکسان کەدەبێ هاوڕێی هەموو بیرو بۆچوونەکانمان بێت. سەبجێکت‌و ئۆبجێکت (زەینی‌و بەرجەستە) هەردوکیان بێبەهرەو نەزۆك ئەبن. ئەو نەفسە تەجریدیە کەلێپرسینەوەی، تۆمارکردن‌و سیستەم دانان ڕەوا ئەکات. هیچ بابەتێك یان وابەستەیەکی نیە، مەگەر هەمان مادەی تەجریدی کەتاکە سیفەت یان چۆنایەتیشی هەر ئەم وابەستەبوونەیە بەسۆبجێکت (زەین).

هاوتا بوونی ڕۆح‌و جیهان، سەرئەنجام دەرئەکەوێ، بەڵام بەبەهای تەحدیدی هەردوو لایەن. بچوك کردنەوەی بیردۆزی تاڕادەی جۆرێ کەرەسە، یان دەستگایەکی بیرکاری،و قبوڵ کردن‌و بەڕەوا زانینی جیهانی فاکتەکان، وەك تاکە پێوەرو پێودانگ بیردۆزی ئەشارێتەوە. بەڕواڵەت سەرکەوتنی ئەقڵانیەتی زەینی‌و پەیڕوکردنی کاملێ واقیعیەت لەفۆرمالیزم ی مەنتیقی (ژیارەیی)، بەبەهای پابەندی‌و چۆك دادانی ئەقڵ لەبەرامبەر فاکت‌و زانیاری (data)دا دەستەبەر ئەبێت ئەوەی ئەخرێتە لاوەو وازی لێئەهێنرێت، سەرجەم داواکاری‌و پەیبردنەکانی مەعریفەیە. داواکاری دەرك‌و تێگەیشتن لەخودی فاکت‌و دەیتاکان (data)، نەك تەنها دیاریکردن‌و دەست نیشان کردنی ڕێژە تەجریدیەکانی کاتی، شوێنی / زەمانی، مەکانی/ نێوان فاکت یابابەتە واقعیەکان کەتەنها زاڵ بون بەسەر ئەواندا دەستە بەرئەکا، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ناسینی ڕاستەقینەی ئەوانە وەك مەسەلەیەکی ڕوکەشی‌و ڕۆتینی، وەك لایەن وردکارییە چەمکیە، واسیتەدارەکان کە تەنها لەدەقی گۆڕان‌و تەشەنەی مەعناو دەلالەتی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئیسنانی خۆی، گەشەئەکاو دێنە دی.

پەیامی مەعریفی بریتی‌ی نیە لەخانە بەندی‌و دەرك‌و تەنها لێپرسینەوە، بەڵکو بەمەعنای، ڕەت کردنەوەی دیاریکرداوی هەموو بێواسیتەیی‌ێکە، بەڵام فۆرمالیزمی ماتماتیك، کە لانکەو ئامێری ڕاگەیاندنی، تەجریدی ترین فۆرمی بابەتی بێ واسیتەییە، واتە هەمان ژمارەیە، لەبەرامبەردا پیرۆزیی‌و بێ واسیتەیی روت پێکەوە گرێ ئەدا، هەڵبەت دوابین براوە هەمان واقیعیەتی کرداری‌و ئەزمونی‌یە، مەعریفە لەچەن جار بوونەوە (تکرار)ی ئەم واقیعییەتەدا کۆئەبێتەوە. بیردۆزیش دەبێتە، زانراوی چەن پاتەکراو یاخۆ بوونیگۆیی ڕووت. هەرچەن مەکینەی بیردۆزی بەتوانایەکی زیاترەوە، بوون بهێنێتە ژێر دەسەڵات‌و ژێر رکێفی خۆی، ملدان‌و چۆکدادانی لەبەرهەم هێنانەوەی ئەم بوونەدا، کوێرانەترە. ئابەم جۆرە ڕۆشنگەری ئەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانە، بۆ هەمان ئوستورەی کە بەڕاستی قەت نەیدەزانی چۆن خۆی لێ بپارێزێ. چونکە هێماو خوازەکانی ئەوستورەیش جگە لەوەسفی بارودۆخی مەوجودو سەلماندن‌و چەن پاتکردنەوە. یان، زات‌و گەوهەرێکیان نەبوو: (واتە) خستنەڕووی وێنە یارەنگدانەوەیەك لەگەردوون، چارەنووس‌و زاڵ بوون بەسەر جیهاندا وەك حەقیقەت، بەبێ هەبوونی تیشکێکی ئومێد بەخش یائەگەری گۆڕانی بارودۆخ.

لێڵی وێنەی ئوستورەیی‌و ڕوونی‌و ڕاشکاوی فۆرمۆلی زانستی، هەردووکیان، سەلمێنەری مانەوی ئەبەدی مەسەلەی واقی یان واقیعییەتی هەبوو (مەوجود)و ئاشکراکەری بوونی بێ خەوشن،و بوونی بێ خەوش‌و بەرین وەك هەمان مەعنایەك پێناسە ئەکرێ، کە لەلایەن واقیعیەتی مەجودەوە سەرکوت‌و قەدەغە کراوە.

وەسفی جیهان لەپلەی یەك ڕاڤە یا بڕیاری شیکارییێکی زەبەلاحدا، تاکە بڕیارێکە کە پاش ماوەی هەموو ڕۆئیا (زیندەخەوە)کانی زانستەو لەهەمان هەوێری ئەفسانەی گەردونیی پێرسێفۆن

(presephone)ه. لەو ئەفسانەدا سووڕی بەهارو پایز ئەدرێتە پاڵ رفاندنی پێرسێفۆن (چەشنە خوای زاوزێ) لەلاین هادێس (چەشنە خوای مەرگو جیهانی ژێرین)ەوە، تاقانەیی ئەم پرۆسە ئەفسانەییە، کەواقیعیەتی مەوجود بەڕەوا لەقەڵەم ئەدا، مەسەلەیەکی تەماوی‌و خڵەتێنەرە. لەسەرەتادا دزین‌و گواستنەوەی چەشنە خوای زاوزێ /بەروبوم/ بۆ قەڵەمڕەوی مردووەکان، راست هاوتای مەرگی سروشت بوو. ئەم پرۆسە لەهەموو پایزێکیدا خۆی دووبارە ئەکردەوە، وەتەنانەت ئەم دووبارە بوونەوەی سالانەیش وەك رووداوێکی هەمان رووداو بو نەك ئەنجام یان (دروست بوو بەهۆی) پرۆسەی پێشوەوە. (واتە ئەم ئاهەنگە، دووبارەکردنەوەی هەمان یەکەمین ئاهەنگە، نەك شتێکی تر کە لەو ئاهەنگەی پێشوو بچێ یان کۆپیەکەی ئەوبێ، هەر خۆیەتی‌و چەن بارە ئەبێتەوە، کە ئەمەیش بەهۆی سووڕی زەمانەوەیە) لەگەڵ ناڕاگایی لەزەمەن، ئەم پرۆسەیەش وەك پرۆسەیەکی تاقانە لەرابردوودا تۆمار کرا،و لەهەر سووڕێکی نوێی وەرزەکاندا، هەوڵێکی ئاتیینی ئەدرا، تاکو بەیارمەتی‌و کەڵك وەرگرتن لەرووداوە رابردووەکان، ترس لەمردن کۆنترۆڵ بکرێ. بەڵام ئەم جیایی‌و پچڕانە (ی ئێستا‌و رابردوو) بێهودەیە. (چون) سووڕی زەمەن بەهۆی جێگیربوونی لەرابردوودا وەك رووداوێکی تاقانە، ئەبێتە مەسەلەیەکی ناچاری،و ترس‌و تۆقینێ کە لەو رووداوە کۆنەوە بڵاوئەبێتەوە، هەموو رووداوێك ئەکا بەدووبارە بوونەوەی سادەی ئەو رووداوە، شیکردنەوەو کێشکردنی واقیعیەت، چ بۆ ناو دەروونی پێشتر لەمێژووی ئەفسانەیی‌و چ بۆ دەروونی فۆرمالیزمی بیرکاری، (وەروەها) پەیوەندی سەمبۆلێکی رووداوی هاوچەرخ لەگەڵ پرۆسەی ئەفسانەیی ئاهەنگی ئایینی، یان لەگەڵ ووتەزا تەجریدیەکانی زانست، بابەتی نوێ والێ ئەکا کە وەك بابەتێکی لەپێشدا دیاری کراو، و لەئەنجامدا بابەتێکی کۆن‌و دێرین، دەرکەوێ. ئەمە مەعریفەیە کە هیوا بڕاوە، نەك بوون (وجود) چونکە ماریفەت لەقەوارەی سەمبۆلی وێنەیی یابیرکاری‌دا، وجودێك وەك شیما (schema) واتە نەخشەیەکی تەجریدی ئەهێنێتە ژێر رکێفەو تائەبەد دووبارەی ئەکاتەوە.

لەجیهانی بەهەرەمەند لەرۆشنگەری‌دا، ئوستورە پێی ناوەتە قەڵەمڕەوی بابەتی زەمینییەوە، ئەو واقیعییەتەی کە لە ئەرواح‌و بوونەوەری ئەفسانەیی‌و لەپاشماوەی ئەقڵی‌و مانایی ئەوانەیش پاك بووەتەوە، بەروخساری پاك‌و بێگەردی خۆیەوە، ئێستا خاوەنی هەمان سروشتی پرشنگدارو نورانییە کە جیهانی دێرینی بەرۆحی ڕەوا ئەدی.

لەژێر ئاڵای فاکتەکان یاحەقیقەتی بێ خەوشدا، ئەو نادادگەریی کۆمەڵایەتیە کەهەر لەم حەقیقەتانەوە سەرچاوە ئەگرێ، ئێستا بەهەمان بڕواو دڵنیاییەوە بەخاوەن رێزو پیرۆز دائەنرێ کە پێشتر تەنها لە پیرۆزکردنی جادوگەرو دوکتۆردا، (بەهۆی پشتگیری خواکانەوە) ئەبینرا، ئەم حەقیقەتە، کە بەهای دەسەلات، بێگانەبوونی مرۆڤە لەشتەکان‌و مەسەلەکانی ژێر دەسەلاتی، هەموو مەسەلەکە هەر ئەمە نیە: (بەڵکو) بەشت‌و بەبابەتکردنی رۆح، گیانی پەیوەندی نێوان ئینسانەکان (تەنانەت پەیوەندی لەگەڵ خۆیش)ی تەلسیم جادوبەند کردوە، تاك بەرەو ئاستی داخراوی کاردانەوە باوەکان‌و کردەوە چاوەڕوانکراوەکانی، دادەبەزێ.

گیانگەرایی، شتەکانیە رۆحانی کرد، لەکاتێکدا، کە پیشە سازیگەرایی رۆحی ئینسانەکان ئەکا بەشت. دام‌و دەزگای ئابووری کۆمەڵگا – بەشێوەیەکی ئوتوماتیك، تەنانەت پێش فەراهەم کردنی بەرنامەیەکی گشتی، ئەرزشێك ئەنێتە سەر شتومەکەکانی خۆی کە (تەنانەت) چونایەتی کرداری مرۆڤیش ئەوان دیاری ئەکەن.

لەو کاتەوە شتومەك، لەگەڵ بەسەرچوونی ئاڵۆگۆڕی ئازاددا، هەموو چۆنایەتیە ئابووریەکانی خۆیانیان، جگە لە لایەنی فتیشیزم (چەشنە بتی) لە دەستدا، ئەم فتیشیزمە کاریگەری تۆندی خۆی بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا پەرە پێداوە،و لەرێگەی هۆکاری ئێجگار زۆری، بەرهەم هێنانی بەکۆمەڵ‌و ئەو فەرهەنگەی پشتی پێ بەستوون، فۆرمی (وێنەی) باوی کردار وەك تاکە وێنەی سروشتی، ئەقڵانی‌و خاوەن رێز، بەسەر تاکدا ئەسەپێنێ، بەم جۆرە تاك خۆی تەنها وەك شتێك یان رەگەزێکی وەستاو، و بەگوێرەی سەرکەوتن یان شکست، پێناسە ئەکات. پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەو، پاراستنی نەفسە.

(لەرێگەی) خەملاندنی سەرکەوتوو یا سەرنەکەوتوو بەکۆششی بەرجەستەی تایبەت بەخۆی‌و ئەو نموونە

بالآیانه‌ی که بۆ ئەم کۆششە دیاری کراوە. هەموو شتێکی تر، لەبیری تایبەتیەوە (فیکری خصوصی) تاپیاو کوژی، ئەبێتە وابەستەی هێزی کۆمەڵ، هێزێك کەهەموو شتێك لە پۆلی وانەوە تاسەندیکا، لەژێر چاودێریدایە، بەڵام تەنانەت ئەم کۆمەڵە تۆقێنەرەیش تەنها بەشێکە لە روالەتی خەیاڵی و فریودەری (واقیعیەتی کۆمەڵایەتی) کە هێزە واقعی‌یەکان خۆیان لەپشت ئەمانەوە پەنهان کردووە. هێزێك کە ئەم هێما روالەتیە وەك کەرەسەیك بۆ هێز بەکاربردن، بەکار ئەهێنێ. تووندو تیژی‌و درندەیی ئەم کۆمەڵە، کە تاك ناچار ئەکا بەهەر شێوەیەك لەئاستی ستەندەری دیاریکراودا بمێنێتەوەو بەرەو خوارتر دانەبەزێ، نیشانەی چۆنایەتی‌و خەسڵەتی حەقیقی مرۆڤ نیە، هەورەها کە نرخی (ئاڵوگۆڕ)یش پیشاندەری چۆنایەتی شتومەکی بەکار هێنراونیە. قەوارەی لەجنۆکە تۆقیوو تێك‌و پێکدراوێ کە ئینسان‌و شتەکان، لەژێر تیشکی نوری مەعریفی بێ کینەدا، پەیدایان کردووە، پیشاندەری ئەسڵی دەسەلاتە، هەمان ئەسڵ، کە هۆکاری دەست نیشانکردنی مانا (mana) لەروح‌و خواکاندا بوو و لەرێگەی چاویەستن‌و سیحری جادوگەران‌و نوشتە نوسانەوە بەدی ئەهات. ئەو ناچاری‌و چارەنووسەی کە (پێشتر لەمێژوو)، بەکاری هێنابوون بۆ ئەوەی مۆری سەلماندن لەشعور وەرنەگرتنی مەرگ بدات، ئێستا تەواو ئەگوێزرێتەوە بۆ مەیدانی شعور وەرگری‌ی وجودی راستی. ترسێ کە لەپڕ چاوی ئینسانی لەئاست سورشتدا کردەوە تاوەك گشتگیرێك دەرکی بکەن، ئێستا وێنەی خۆی لەترسێکدا دیوەتەوە کە جیهانگیر بوونی لەئان‌و ساتایە. خەڵکی هەست ئەکەن کە جیهان جیهانی بەری لەمەسەلەو مانا (مەعنا) بەدەست هەمان (گشتیەتی)یەك وێران ئەبێ کە هەمان خودی خۆیانن‌و بەهیچکەسیش کۆنترۆڵ ناکرێ.

ئەو ترسە ئەفسانەییە کە بووەتە مایەی تۆقێنی رۆشنگەری، لەگەڵ ئەفسانەدا دەسازێ‌و یەك دەگرێتەوە. رۆشنگەری وجودی ئەم ترسە – هەروەها کە رەخنەی مەعناناسی زمان سەلماندویەتی– لەهەموو چەمك‌و وشەی لێڵ‌و گوماناوی‌و ناروونداا هەست ئەکاو ئەیناسێتەوە. بەڵام ئەوەی راستی بێ لەروانگەی رۆشنگەری‌یەوە هەر بڕیارو پلانێکی مرۆڤ کە جێگایەکی دیاریکراوی لەدەقی مەسەلەی بالای پاراستنی نەفسدا نەبێ، ئەبێتە کەژاوەی ئەم ترسە. ئەم ووتەی (سپینوزا) کە ئەڵێ: (ئەستەمە تەسەووری فەزیلەتێك بکەین کە لەپێشترو مەزن تر لەفەزیلەتی خەبات بۆ خوپاراستن بێ) بنەمای ئاکاری هەموو ژیوارە (حضارة)ی رۆژئاوا لەم وتەیەدا. بنەمایەك کە تایبەتمەندیەکانی ئایینی‌و فەلسەفی چینی مامناوەندی تێیدا سازاون. نەفس (کە لەسەر بنەمای پرۆسەی ئوسلوبداری، لابردنی هەموو پاشماوە سروشتیەکان، بەهۆی ئەو خەسڵەتە ئەفسانەییەوە کە دراونەتە پاڵ ئەم پاشماوانە، ئیتر نابێ لەگەڵ، لەش یاخوێن، یاگیان، یان تەنانەت منی ئاسایش بەیەکسان دابنرێ. پاش ئەوەی بەهۆی بەرزبوونەوەوە بوو بەبابەتی مەزن یان مەنتیقی ئەبێتە خاڵی سەرچاوەو وردکاری دیاریگەری کار.

کەسێك کە بەبێ هیچ پرس‌و پەیوەندییەکی ئەقڵانی لەگەڵ پاراستنی نەفسدا، ژیانی خۆی بەڕێوە ئەبا، بەگوێرەی بنەماکانی رۆشنگەری –و ئایینی پرۆتستانت– بۆ سەردەمی پێش مێژوو ئەگەڕێتەوە (لەم روانگەوە) هاندەرەکانیش بەئەندازەی خورافە – شتێکی ئوستورەیین. عەبدایەتی کردنی ئەو خوایەی کە لەلایەن نەفسەوە هەڵنەبژێردراوەو نەسەلمێندراوە، بەئەندازەی زۆر خواردنەوەو بەمەبەستی دەبەنگانەیە. پێشکەوتن هەم بۆ بەرزبوونەوە لەباری ئایینی‌و هەم بۆ دابەزین تائاستی بارودۆخی وجودی سورشتی، چارەنووسێکی یەکسانی لەبەرچاو گرتووە،و ئازادکرنی لەغاوی بیردۆزی‌و لەزەتی قەدەغەو حەرام کردووە، لەکۆمەڵگای بۆرژوازیدا کاری کۆمەڵایەتی هەر تاکە کەسێ بەنێوبژیوانی ئەسڵی (پاراستنی) نەفس دابین ئەکرێ. بۆیەکێك، کار، گەڕانەوەی دەست مایەی زیادکردووی بەدوایەوەو بۆ ئەوانی تر، وزەو توانای زیاتر کارکردن، بەڵام تاپرۆسەی پاراستنی نەفس بەهۆی کار بەشکردنی بۆرژوازی‌یەوە رۆژ بەرۆژ زیاتر پەرەبستێنێ ئینسانەکانیش هەر بەو پێیە، بەهۆی سازاندنی لەش‌و گیانی خۆیانەوە لەگەڵ نمونەی ئامێرە پیشەسازییەکان، پێویستە لەخۆیان نامۆ بن.

بەڵام بیردۆزی بەهرەگرتوو لەرۆشنگەری چاوپۆشی لەمەیش ناکا: لەکۆتاییدا، تەنانەت زەین یابابەتی مەزنی مەعریفەیش، وەك دواین یادگاری زەینیەت وەلا

ئەنرێ تا میکانیزمی کۆنترۆڵی ئۆتۆماتیك، کە بەڕەوانی‌و ئاسانیی یەکجار زیاتر کار ئەکا، جێگەی بگرێتەوە. زەینیەت جێگەی خۆی ئەدا بەمەنتیقی بنەمای بێ لایەنی یاری (مەنافسەو پێشکەوتن) تادەستوورەکانی خۆی بەخۆێنساردی زیاترەوە بچەسپێنێ. پۆزیتیڤیزم، کەسەرەنجام بەزەیی بەخودی بیردۆزی، (ئەم خەیاڵە پووچەی کە بەرهەمی کردەوی مێشکە)یشدا نەهاتەوە، و دواین تۆپژاڵی لەمپەر لەنێوان رەفتاری تاکەکەس‌و نۆرماڵی کۆمەڵایەتیدا هەڵداوەتەوە.

پرۆسەی تەکنیك‌و تەکنۆلۆژی، – کە بابەت پاش دەرکردن لەهەرێمی ئاگایی، خۆی لەئەودا بەرجەستە کردووە– لەتەمی شاراوە لەبیردۆزی ئەفسانەیی‌و بەگشتی لەهەموو جۆرە مانایەك بەدوورە، چونکە ئێستا هەزر خۆی بووە بە کەرەسەیەکی رووت لەخزمەتی ئامێری سەرتاپاگیری ئابووریدا. ئەقڵ وەك کەرەسەیەکی هەمەکارە، کار ئەکا، کە گونجاوی دروست کردنی هەموو جۆرە کەرەسەیەکی تر،و بێ هیچ گومان‌و ڕاڕایێك وابەستەی دوایین ئامانجی خۆیەتی،و کردارەکانیشی بەئەندازەی پێشڕەفتی بەوردی حساب کراوی بەرهەمی مادی، چارەنوس سازە، پێشڕەوتێك کە دیاری کردنی ئەنجامەکانی بۆ مرۆڤ لەهەموو حساباتێ بالاترە. ئارەزوو (ئاوات)ی دێرینەی ئەقڵ، واتە گۆڕینی بەئۆرگان یان ئامێرێکی ساغ لەخزمەتی ئامانجە مەبەستەکاندا، سەرەنجام هاتووەتەدی. ماهیەتی تایبەتی یاسا مەنتیقیەکان، لەم ماناو بەڵگەکاری کرداری‌و تایبەت بەئەقڵەو سەرەنجام لەسروشتی ناچاری‌و سەپێندراوی پاراستنی نەفسەوە، ئەکەوێتەوە. پاراستنی نەفسیش بەردەوام بەهەڵبژاردنی نێوان مانەوەو کاولکاری کۆتایی پێدێ. نیشانەی تری ئەم ئەسڵە مەنتیقیەیەش ئەوەیە کە لەنێوان دوو پلانی دژ بەیەکدا، تەنها یەکیان راستەو ناچار ئەوی تریان درۆیە. ماهییەتی ڕواڵەتی ئەم ئەسڵە،و گشت ئەو سیستمە لۆژیکیە کە بەڕواڵەت بنەمای سەلماندنی ئەو (ماهییەتە) فەراهەم ئەکا، ئاکامی ئالۆزی‌و ڕوون نەبوونی دژایەتی بەرژەوەندی، لەکۆمەڵگایەکدایە، کە لەو کۆمەڵگادا پاراستنی ڕواڵەتەکان (و بنەماو هەنجار –نۆرماڵ–ە ڕواڵەتیەکان) تەنها لەباری ڕێکەوت‌و بەختەوە لەگەڵ مانەوەو پاراستنی خەڵکیدا جووت ئەبن.

هەڵهێنجانینی بیردۆزی لەژیارە (مەنتیق) لەپۆلەکانی وانەدا، ئەمە ئەسەلمێنێ‌و تەئکیدی ئەکا، کە ئینسانەکان لەکارگا‌و لەدایرەکاندا بوونەتە شت (کەرەسە، ئامێر) بەم شێوەیە کە بابەتی حەرام (تابوو) بەسەر هێزی حەرام کردن‌و قەدەغەکردندا، سەر ئەکەوێ‌و ڕۆشنگەریش بەسەر ئەو ڕۆحەدا کە خۆی پێکهێنەریەتی (سەرئەکەوێ)، بەڵام، ئەوکاتە، سروشت وەك خۆپاراستنی حەقیقی لەسەر دەستی هەمان پرۆسەکە ئەیهەوێست لەرەگەوە دەری بهێنێ، ئازاد ئەبێ. ئەوەیش لەقەوارەی هەمان چارەنووسدا کە ئێمە، بەشێوەی تاك‌و کۆ، بەرەو قەیران‌و شەپێکی چەکدارانە ئەبات. ئەگەر تاکە ستەندەرو پێوەرێك کە بۆ تێڕی مابێتەوە، بەزرە ئامانجی زانستی تاکە، کەواتە کردەوەیش ئەبێ مل کەچ‌و پابەندی پرۆسەی سەرکوتنەکردەنیی مێژووی جیهانی بێت. ئەو نەفسەی کە ژیارە (حضارة) دەسەڵاتی تەواوی بەسەریدا هەیە، لەو دڕندایەتیە دژە مرۆڤەدا ئەتوێتەوە کە هەر لەسەرەتاوە خۆی لەژیوارە ئەپاراست‌و ئەدزیەوە. سەرەنجام ترسی ئەزەلی ئینسان لەونکردنی ناوی خۆی دێتە دی. بۆ ژیوارە، بوونی (وجودی) سروشتی بێگەرد، حەیوانی‌و نەباتی، وەك خەتەری ڕەها وابوو.

شێوازەکان یالایەنە کرداریەکانی لاسایی (مایمتیك)، ئەفسانەیی، و میتافیزیکی، یەك لەدوای یەك بەفەوتاو دائەنران‌و هەر گەڕانەوەیەکیش بۆ سەر ئەوانە بەشتێکی (کارێکی) ترسناك لەقەڵەم ئەدرا، چونکە هەم زامنکاروهەم وەك بڕیاری گەڕانەوەی نەفسە بۆ ئەو بارودۆخە وجودیە سروشتیە بێ خەوشەی کە مرۆڤ بەهەوڵ‌و خەباتێکی مەزن خۆی لێ رزگارو هەم نامۆ کردبوو، هەر بۆیەش تەنانەت (بیری گەڕانەوە) بۆ ئەو بارودۆخە، نەفسی ئینسانی تووشی حەپەسانێکی قوڵ ئەکرد. بەدرێژایی سەدەکان، هەرچەشنە بیرەوەری‌و یادگارێکی زیندوو لەسەردەمە کۆنەکان، چ ئەوەی پەیوەندی بەسەردەمی دێرینی بیابانگەردیەوە هەبوو و چ خراپتر لەوانیش، هی سەردەم‌و قۆناغەکانی پێش باوك سالاری، بەتوندی‌و بەوردیەکی تەواو، و بەیارمەتی سزادان‌و ئاگەدار کردنەوە، لەئاگایی ئینساندا سڕدرایەوە‌و قەلاچۆ کرا. گیانی ڕۆشنگەری هەر کە

مۆرکی نەفرەتی بەناوچاوانی هەموو سیمایەکی دژە ئەقڵەوە نا، بەتۆمەتی بڵاوکردنەوەی گەندەڵی و بێ ئاکاری، جێگەی داخ و دڕەوشەو قەمچی گرتەوە، لەزەت پەرستانیش، کە وەک ئەرەستۆ لەزێدەڕۆیی بێزاربوون، میانەڕەویان گرتەبەر، ئامانجی بۆرژوازیی ژیان و کرداری ئاسایی، بەدوای فەزیلەتێکدایە، پەشت بەستوو بەمیانەڕەوی بێ، نەک سروشتی بێ قەوارە. شەروالپیسی و داوێنپاکی، دەم چلێسی و برسیەتی، سەرەڕای دژایەتی و نەیاری، وەک هێزە کاولکارەکان، راستەوخۆ یەکسان و هاوچەشنن، کەمایەتی ستەمکاری دەسەلاتدار، بەبەستنەوەی هەموو ژیان بەپێداویستی و زەرورەتی پاراستن و مانەوەی ژیان، سەرەڕای ئاسایشی خۆی، زەمانەتی بەردەوامی و هەمیشەیی گشتی ئەکا.

لەسەردەمی هۆمێرەوە تا سەردەمی نوێ، رۆحی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤدا ئەیهەوێ تالەناو چاڵ و چاڵاوە وەرێگەیەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە، رێگەیەکی ئەمن، لەنێوان خەتەری گەڕانەوە بۆ (دۆخی ئامێری) زاوزێی ڕووت و مەترسی لەزەت خوازی بەرەڵایانە، ئەم گیانە بەهەموو ئەسڵ و بنەمایەکی رێنوما، جگە لەبنەمای هەڵبژاردنی شەڕ (خراپە)ی کەمتر، بەدگومان بووە. بێ بڕوایان و شەڕخوازانی ئەڵمانیایی سەردەمی نوێ ئەیانەوێ جارێکی تر لەزەت بەرەڵا بکەن. بەڵام لەزەت بەتێپەڕبوونی زەمەن و لەژێر گوشاری کارو زەمەندا، وافێر بووە نەفرەتی لەخۆی هەبێ، لەم ڕووەوە لەهەڵو مەرجی ڕەوانەوەی تۆتالیتەر[9] (کۆخوازی)یشدا پەککەوتەو لاواز ئەمێنێتەوە، لاوازیەك کە لەخۆ بەسوك زانینەوە سەری هەڵداوە. لەزەت پابەندی ئەو نەفس پارێزیە ئەبێ کە زەمانێك ئەقڵی ڕائەهێنا کە خزمەتی بکات –ئەقڵێك کە لەم ماوەدا لەسەر کار لابراوە.

لەهەموو قۆناغە گرنگەکانی ژیوارە (حضارة)ی ڕۆژاوا، لەتێپەڕاندنی ئاییینی ئۆلۆمپەوە تارێنسانس، ریفۆرمی ئاییینی و بێ خوایی بۆرژوازی، هەر کاتی میللەتان و چینە نوێکان ئەفسانەیان جدی تر سەکوت کردبێ، ترس لەسروشتی نەناسراو و هەڕەشەگەر، کە خۆی بەرهەمی مادی و بەرجەستەی سروشت بوو، لەقەوارەی خورافەی سەرەتاییدا خۆی نواندو بەچۆکداهێنانی سروشت بوو بەدوا ئامانجی رەهای ژیانی روالەتیی و دەروونی (ظاهر، باطن) لەکۆتاییدا تەنانەت پاراستنی نەفس (خۆپەرێزی)یش بۆوە پرۆسەیەکی ئوتوماتیك. و لە ئاکامدا هزریش لەلایەن ئەو کەسانەوە کە بەڕێوەبەری بەرهەم بوون و دەستکەوتەکانی ئەقڵیان بەمیرات برد، خرایە لاوە، و ئێستا لەخۆپیشاندانی هەمان ئەقڵ لەقەوارەی ئەوانەی وا لەو میراتە بێ بەرین، ترس هەڵیان ئەگرێ.

گەوهەری ڕۆشنگەری هەمان ئەو دوورێیانەیە کە وەک خودی دەسەلات فەوتانی بۆ نیە. ئینسانەکان هەمیشە ناچار بوون لەنێوان پابەندبوونی خۆیان بەسروشتەوە لەگەڵ پابەندبوونی سروشت بەنەفسی (ئیسنانی)یەوە یەکیان هەڵبژێرن، لەگەڵ گەشەکردنی ئابووری شوەکی بۆرژوازی، ئاسۆی تاریکی ئوستورە بەنور خۆری ئەقڵی زیرەك ڕوناك ئەبێتەوە. هەمان خۆرێ کە لەسایەی تیشکی ساردیدا، تۆوی دڕندەیی نوێ بەخۆی ئەنازێ و ئەپشکوێ. کاری مرۆڤ لەسایەی گوشاری دەسەلاتدا، هەمیشە ئینسانی بەرەو لایەنی دورکەوتنەوە لەئوستورە هیدایەت کردووە، بەڵام لەسایەی سیستەمی دەسەلاتی مرۆڤدا، هەمیشە گەڕاوەتەوە ناو هەرێمێك کە یاسای ئوستورە بەسەریدا حوکم ئەکا.

تێکەڵاوبوونی ئوستورە، دەسەلات و کار ناوەڕۆکێکە کە لەیەکێك لەروایەت (چیرۆك)ەکانی هۆمیرۆسدا پارێزراوو تۆمارکراوە. کتێب یانەسك (فصل)ی دوانزەهەمی ئەفسانەی ئودیسە. داستانی روبەڕووبوونەوەی ئەو لەگەڵ (سیرن)ەکان ئەگێڕێتەوە. ئەفسونی ئەوان (سیرن –پەری دەریایی) هەمان ئەفسونی لەش بەخشینو ون بوونە لەناو رابردوودا. بەڵام پاڵەوانێك کە روبەڕوی ئەم کەڵکەڵە ئەبێتەوە (واتە ئۆدیسۆس یاخۆلیس) لەسایەی ڕەنجکێشانەوە بەکامڵ بوون و پێگەیشتن ئەگات. لەسەرانسەری ئەو کارەساتە ترسناکانەی بەناچاری بەسەری هاتووەو تێیانی پەڕاندووە، یەکیەتی ژیان و خۆچەشنایەتیشی، بۆ خۆی سەلماوە، هەرێمی زەمەنیش هەروەك (هەرێمەکانی) ئاوو خاك و هەوا لەسەر ڕێگەیداو لەبەردەمیدا تەسلیم و کراوەیە. بۆ ئەو، لافاوی رابردوو (کارەساتی رابردوو) لەبەرامبەر گاشەبەردی ئێستادا

پاشەکشێی کردووەو، داهاتوویش لێڵو تەماوی، لەئاسۆدا ئەبینرێ. ئەوەی بەسەر ئۆدیسێوس هات، بەناخی جیهانی ژێرینـدا رۆچووە (و هەموو ئەزموونەکانی لەبیر چوونەوە) چونکە (لەم قۆناغی سەرەتایی مێژوودا) نەفسی ئینسانی، هێشتا ئەوەندە لە ئوستورەکانی پێش مێژوو، – کە نەفس لەزیندانی ئەوەوە زاو جیابویەوە– نزیك بوو، کە رابردووی تەجروبەکراوی وابەستە بەخودی نەفس، ئەبێتە پێش مێژووی ئەفسانەیی. نەفس هەوڵ ئەدا تالەرێگەی سیستەمی نەگۆڕی یەك لەدوای یەکی زەمەندا، لەگەڵ ئەم ئوستورە روبەڕوبێتەوە،. ئامانج لەباسکردنی سێگۆشەی [زەمەنو دەرکی زەمەن بەگوێرەی پلانی رۆتینیی رابردوو – ئێستا (رانەبردوو) داهاتوو] رزگار کردنی ساتەوەختی ئێستایە لەچنگ رابردوو، ئەویش بەراگوێزانی ئەم هێزە بۆ پشت دیوار یا لەمپەری رەهای چەن بارە هەڵنەگری رابردوو،و بەخشینی ئەم هێزە بەزەمەنی ئێستا (رانەبردوو) لەقەوارەی مەعریفەی سودمەنددا.

مەیلی غەریزەیی بۆ رزگاری ئەوەی تێپەڕیوە (و پاراستنی) وەك کارێکی زیندوو، لەبری بەکارهێنانی ئەوە وەك مادەیەکی خاوی پێشڕەوی و پێشکەوتن، تەنها لەقەڵەمڕەوی هونەردا رازی بوو و دامرکایەوە. هەر ئەو قەڵەمڕەوەی کە خودی مێژوویش وەك نمایشی ژیانی رابردوو پێوەی وابەستەیە.

تائەوکاتەی هونەر لەپێشکەشکردنی خۆی وەك مەعریفە، پارێز بکا (سڵ بکاتەوە)و لەئاکامدا لەمەیدانی کار کردنەوە (ی کۆمەڵایەتی) جیاو دووربکەوێتەوە، کرداری کۆمەڵایەتیش، کارئاسانی ئەکاو وجودی ئەو (هونەر) وەك وجودی لەزەت، تەحەمول ئەکات.

بەڵام (لەسەردەمی ئۆدیسێوس) سترانی (سیرنەکان) هێشتا، لەسایەی سوك بوونو دابەزین تاپلەو مقامی هونەر، نەزۆکو لاواز نەببو.

سیرنەکان ((لەهەموو شتێك کە زەمانێك لەم سەر زەمینە بەپیتەدا روی داوە، ئاگادارن))[٣٣] بۆ نموونە هەمو ئەو رووداوانەی کە ئۆدیسۆس خۆی تیایاندا بەشداری کردووە (هەموو ئەو شتانەی کە لەسەر بڕیاری خواکان لەدەشتەکانی تڕۆوادا بەسەر کوڕەکانی ئارگۆسو خەڵکی تڕۆوادا هات)[٣٤] سیرن (پەریەدەریاییەکانی ئودیسە)ەکان، کە سترانەکانیان لەچەشنی گفتێکی بەرگری هەڵنەگری لەزەت خواز ئەهاتە بەرگوێ، لەهەمان کاتدا کە راستەوخۆ رابردووی نزیك لەزەینی مرۆڤدا زیندوو ئەکەنەوە، هەڕەشە لەرژێمی باوکسالاریش ئەکەن، هەر ئەو رژێمەی کە ژیانی هەر کەسێ، تەنها لەبەرامبەر بەشی تەواوی ئەو کەسە لەزەمەن (کات)دا ئەبەخشێ. هەر کەس کە ببێتە قوربانی فرتو فێڵی ئەوان، ئەبێ بفەوتێو لەناو بچێ، چونکە تەنها بەهۆی وشیاربوونی هەمیشەی زەینەوەیە کە ئیسنان ئەتوانێ بوونی خۆی لەناو دڵی سروشتدا بەدەست بهێنێ. ئەگەرچی (سیرن)ەکان ئاکاداری هەمو ئەو شتانەن کە رووی‌داوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەو ئاگایی‌و مەعریفەی خۆیاندا، داوای دوارۆژی ئینسان ئەگەن، بەڵێنی گەڕانەوی شادمانانە (بۆ نیشتمان) هەمان فێڵە کە مرۆڤی دڵتەنگ بەدەست غەریبایەتیەوە، ئەخەڵەتێنێو ئەیخاتە دوای رابردووەوە.

سیرنە، ئەو چەشنە خوایەی کە نیشانەی گەڕانەوە بۆ پلەی ئاژەڵیە، ئۆدیسێوس ئاگادار ئەکاتەوە، ئودیسۆس ملی بۆ کەچ ناکاو لەئەنجامدا سێرسە، هێزو توانای بەرخۆدانی لەبەرامبەر هێزە کاولکارەکانی تری (نەفس)دا پێ ئەبەخشێ. بەڵام هێشتا ئەفسونو جادووی سیرنەکان گەلێ بەهێزترە. هەر کەس گوێی لەسترانی ئەوان بێ، راکردنی ئەستەمە، بۆ ئەوەی نەفسو زاتی مرۆڤ، واتە هەمان دڵو دەرونی یەکپارچە،و ئامانجدار،و تەماحکارو بەتوانای ئەو (مرۆڤ) پێك بێت، بەناچار ئینسانەکان گۆڕانکاریگەلێکی ترسناکیان بەسەر خۆیاندا هێناوە،و هەتا ئەمڕۆیش هەموو ئینسانێك روایەتێك لەو روداوە لە (سەردەمی) منالّی خۆیدا تەجروبە ئەکات.

کێشەو گوشاری لەمەڕ یەکپارچە راگرتنی (من– EGO) لەهەمو قۆناغەکاندا، لەگەڵ (من) (یانەفس)دایە، کەڵکەڵەی رزگارکردنی ئەم (من)ە لەگەڵ ئیرادەیەکی کۆیرانە بۆ پاراستنی، هەمیشە بووە. ئەو..... سڕکەرەی کە یارمەتی مرۆڤ ئەدا تابەخەوێکی مەرگ ئاسا، کەفارەتی ئەو سەرخۆشیە دەبر بکا کە نەفسی تێدا هەڵدەواسرێ، یەکێکە لە کۆنترین شێوازو تەرتیباتی کۆمەڵایەتی، کە پاراستنی نەفسو وێرانکردنی نەفس بەیەکەوە گرێ ئەدا..

(خەباتی، نەفس بۆ رزگارکردنی خۆی لەدەست خۆی، ترسی لەدەست چوونی نەفس‌و فەوتان‌و نەمانی لەگەڵ سنوورو دیواری نێوان خۆی‌و زیندەوەرانی تر، ترس لەمەرگ‌و نەمان پەیوەندیی نزیکی بەبەڵێنی بەختیاری‌و بەختەوەرییەوە هەیە، هەمان بەڵێنی کە هەمیشە هەڕەشەی لەژیوارە کردووە، رێگای ژیوارە، رێگای فەرمان بردن‌و کاربوو، رێگایەك کە هەمیشە نووری بەختەوەری‌و کامەرانی لەئاسۆیدا ئەدرەوشێتەوە).. بەڵام تەنها وەك نیشانەیەکی خەیاڵی‌و جوانیەکی بێبەری لەژیان. زەینی ئۆدیسۆس کە هەم لەگەڵ مەرگ‌و هەم لەگەڵ خۆشبەختیدا لەدژایەتیدایە، ئاگای لەهەموو ئەم شتانەیە، ئەو بۆ هەڵاتن لەچنگ سیرنەکان تەنها دوو رێگا ئەناسێ، رێگای یەکەم پێشنیار ئەکا بەهاوڕێکان‌و پیاوەکانی خۆی، بەم شێوەیە کە گوێیان لەمێو پڕ ئەکاو فەرمانیان پێ ئەدا کە بەهەموو هێزو توانایانەوە سەوڵ لێدەن. ئەوەیش وارزگاری ئەبێ، نابێ بانگەوازی واسواسەی ئەو شتە ببیستێ، کە قەت دوپات بوونەوەی بۆ نیە،‌و تەنها بەهۆی نەبیستنی ئەم بانگەوازەوەیە کە رزگار ئەبێت. کۆمەڵگا بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، هەمیشە زەمینەی پێویستی ئامادە کردووە. کرێکارەکان ئەبێ ورتو وریابن،‌و لەگەڵ ئەوەدا کە بەردەوام ئەبێ چاویان لەپێشەوە بێ، ئەبێ بیرو هۆشیشیان لەسەر کارەکەیان بێ، نابێ سەرنجی هیچ شتێکی دەوروبەریان بدەن، ئەوان ئەبێ بەپێداگرتنی تەواو، ئەو مەیل‌و غەریزەی کە ئەبێتە هۆی پەرتەوازەبوونی بیروهۆش‌و سەرنجدانە شتێکی جگە لە کارەکە، بەیارمەتی بەکاربردنی وزەی زۆرترو هەوڵی زیاتر، لەخۆیان دوورببخەنەوە،‌و لەم رێگەوە ئەبنە (پیاوی کارو کردەوە) بەڵام رێگەی دووهەم، ئۆدیسێوس، ئەربابێك کە یارمەتی خەڵکی ئەدا، کە بۆ خۆیان کاربکەن، بۆ خۆی هەڵئەبژێرێ، ئەو گوێ [بۆ ستڕانی سیرنەکان] رائەگرێ، بەڵام لەحاڵێکدا کە بەحەبل بەئەستوونەکی پاپۆرەکەوە بەستراوەتەوە، توانای هیچ جوڵەیەکی نیە، لەسەر فەرمانی خۆی هەرچەن واسواسە زیاتر بێت، گرێی حەبلەکان تووندتر ئەکرێن – هەروەك بۆرژوازەکانی سەردەمەکانی دواتر، کە هاوکات لەگەڵ زیادبوونی هێزو نزیکتر بوونەوەی بەختەوەری‌و لەزەت بەئیرادەیەکی پێداگرانەوە کۆنترۆڵی نەفسی خۆی ئەکات. ئەوەی ئودیسیۆس ئەیبیسێ هیچ کەڵکی بۆ خۆی نیە، چون ئەو ئێستا ئەوەی لەدەستی دێ تەنها ئەوەیە کە بەسەر ئیشارەت بدات کە گوریسەی (حەبل)ەکان شل بکەنەوە، بەڵام تازە درەنگە، خزمەتکارەکان هیچ نابیستن، و تەنها بیر لەخەتەری ستڕانی سیرنەکان ئەکەنەوە، نەك لەجوانی ئەو ستڕانە، لەم رووەوە بەنیازی رزگارکردنی خۆیان‌و ئودیسیۆسیش، گرێی حەبلەکەی ناکەنەوە، ئەوان بەم کارەی خۆیان، ژیانی ئەربابە ستەمکارەکەیان لەگەڵ ژیانی خۆیاندا دووبارە ئەکەنەوە،و ئەربابیش تازە ناتوانێ واز لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆی بهێنێ. (واتە) ئەو حەبلانەی کە بەجۆرێکی بێچارەسەرانە خۆیی بەکارو کردەوەوە پێ بەستوونەتەوە. لەهەمان کاتدا سیرنەکان لەمەیدانی کار دوور ئەخەنەوە: واسواسە (و کەڵکەڵە)و ئەفسونی ئەوان (سیرنەکان) پوچەڵ بووەتەوەو بووەتە بابەتێك، تەنها بۆ تێفکران – (ئەفسون‌و جوانی‌و لەزەت) بووە بەهونەر.

ئەمڕۆ ئەوەی لەکۆنسێرتدا دانیشتووە زیندانیەکە، گوێگرێکی هەژاوە کە وەك هەموو ئاشقانی مۆسیقاو هۆگری کۆنسێرت، تەنها گوێی راگرتووە،و بانگێشەی پڕ جۆش‌و خرۆشی بۆ ئازادی، وەك چەپڵەو هاندانی بینەران لەبەین ئەچێ.

بەم شێوەیە کە لەگەڵ تێپەڕاندنی جیهانی وابەستە بەپێش مێژوو، لەزەت بردن لەهونەرو کاری جسمیش لەیەکتری جیا ئەبنەوە. داستانەکەی هۆمێرۆس تیۆری گونجاوی ئەم بارودۆخەی لەخۆیدا جێکردووەتەوە. بەرهەم‌و بابەتە فەرهەنگیەکان لەگەڵ کارێکدا کە بەگوێرەی فەرمان ئەنجام ئەدرێ پەیوەندی وردیان هەیە،و بناغەی هەردوکیان هەمان جەبری ناچاریەیە بۆ گەشەپێدانی دەستەڵاتی کۆمەڵایەتی بەسەر سروشتدا.

ئەو فرت‌و فێڵ‌و کارانەی کە سەرنشینانی پاپۆڕی ئۆدیسیۆس بۆ رزگار بوون لەخەتەری سیرنەکان. بەکاریان هێنا، هەستی پێشوو و شانۆی پێشگویانەی دیالیکتیکی ڕۆشنگەری پیشان ئەدات. دروست هەروەها کە توانای نمایشکردنەوە، پێوەری هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتە،و دەسەڵاتیش لەزۆربەی نمایشەکانیدا بەهێزترین شت یامەزنترین هێزە کە بکرێ

نمـــایش بکرێتـــەوە. توانـــای نمایشـــکردنەوە (نواندنەوە)یش لەیەک کاتدا کەژاوەی پێشکەوتن‌و دواکەوتنیشە، لەهـەل‌و مـەرجی ئێستادا، بێکـار بوون، نەتەنها لەناو بێکاراندا بەڵکو تەنانەت لـەناو پێکهاتەی زنجیرە مەراتیبی کۆمەڵایەتیشدا –وەک لێنـەهاتوویی‌و پەککەوتوویـــە. حکومـــدارانو ئەربابان، بوون‌و ژیان– کـە ئیـتر مایـەی نگـەرانی نیـە بۆیـان– تەنـها وەک جـۆرێ بـەردە بناغـە تەجروبـــەی ئەکـــەن،و لەقـــەوارەی نەفســـی فەرمانڕەوادا وشک ئەبن (رەق هـەڵدێن). ئینسـانی سەرەتایی شتە سروشـتیەکانی وەک بابـەتی سـرک (شتێکە کـە لـەراکردن‌و هـەڵاتندا خێرایـە‌و ئـارام ناگرێ)ی مەیل (ئارەزوو) تەجروبە ئەکرد.

(بـــەڵام ئـــەربـاب) [خواکـــان] کـــە ئێســـتا خزمەتکارەکانی لەنێوان خۆی‌و شتەکاندا دانـاوەو بەم جۆرە خۆی تەنها بە لایەنی وابەستەی شتەوە ئەبەستێتەوەو لەمـەیش بەتـەواوی لـەزەت ئـەبا، لایەنـە راستەوخۆی شتەکانی بەخزمەتکار [یـان عـەبد] بەخشـیوە کـە کـاری لەسـەر بکـەن[۳۵]. لەداستانی هۆمیرۆسـدا، کارکردنی ئۆدیسیۆسـیش نمایشـکراوەتەوە. ئـەو ناتوانـێ لەبەرامبـەر کەڵکەڵـەی ئـازادکردن‌و بەخشـینی نەفسـدا خۆڕاگربێـت،و لـەم رووەوە، وەک خـاوەن ملـک، سەرەنجام واز لەبەشـدار بـوون لـەکارداو تەنانـەت بەڕێوەبەرایـەتیش ئـەهێنێ. کـەچی پیاوەکـانی (عـەبدەکانی)– سـەرەڕای نزیکایـەتیان لەگـەڵ شتەکاندا– ناتوانن لەزەت لـەکاری خۆیـان بـەرن، چون کارەکەیان لەسایەی گوشار، نـائومێدی‌و بـێ دەرەتـانی،و بـەچاوو گـوێی بـەرۆر بەسـتراوەوە، ئەکەن. خزمەتکار لەباری رۆح‌و لەشەوە، بەدیلی‌و بـەندەیی ئەمێنێتـەوە، کـەچی ئـەرباب دوچـاری پاشـڕەوی ئـەبێ [پاشـڕەوی لـێرەدا بـەمانای گەڕانەوە بۆ حاڵەتی ئاژەڵیـە‌و لەدەست چوونی توانای کارو بیرکردنەوەو پەیوەندی کرداری لەگەڵ شتەکاندا، کـە هێگـل، لەلێکدانـەوەی پـەیوەندی (خواو بەندە)دا ئیشارەتی پێداوە]. تائێسـتا هیـچ دەسـەڵاتدارێک نـەیتوانیوە لـەبژاردنی ئـەم بەهایـە خۆی بدزێتەوەو هـەر ئـەم لاوازی‌و شـل‌و شـەوێڵی [ئەربابان‌و خواکان] کە لەراسـتیدا هاوتـای هـێزە، تاڕادەیەک ماهیەتی بازنە ئاسـای پرۆسـەی مێژوو روون ئەکاتەوە.

ئینسان، کە هێزی گونجان‌و مەعریفەکەیشـی لەگـەڵ کـار بەشـکردندا جیـا ئەکرێتـەوەو شـی ئەکرێتـەوە، بەشێوەی هاوکات وەک لایەنی مرۆڤناسی بەرەو قۆناغی سەرەتایتر ئەکشـێت، چونکە شانبەشانی گەشـەکردنی ئاسـایش‌و خۆشـگوزەرانی بـاری تـەکنیکی‌ی ژیـان، بـەردەوامی دسـەڵات، لەرێگـەی سـەرکوتکردنی تونـدو تیژترەوە، ئەبێتە هۆی جێگیربوونی غەریزەکان. هـێزی خەیاڵ کەم ئەکاو وشک ئەکا (وەک کانییەک). کارەسـات تەنـها لـەوەدا نیـە کـە رەنگـە ئـەندامانی کۆمـەڵگا لـە کۆمەڵگا، یان لەبەرهەم هێنانی مادی دوا بکەوون، لـەو جێگەدا کە کامڵ بوونی ماشین (مەکینە) لەحاڵی حازردا بۆوەتـە ماشـینی دەسـەڵات (بـەجۆرێ کـە مـەیلی تـەکنۆلۆژیک‌و کۆمەڵایـەتی‌ی کـە هەمیشـە پەیوەسـت‌و تێکـەڵاون لـەئامانجی کۆتـاییدا، کـە شـیماتیزە – SCHEMATIZATION– کردنی [بەپلانی تەجریدی کردن] ئینسانە، بەیـەک ئەگـەن) تەنـها بـەجێ ماوەکـان نین کە نیشانەی درۆو دووڕە حەقیقەتن، بەپێچەوانەوە، تائەو جێگەی پـەیوەندی بەپێشـەنگانی ریـزی یەکـەمی کامڵ بوونەوە هەبێ، ئەبێ بڵێین کە هاوگونجـان لەگـەڵ هێزی پێشکەوتندا، زامنی پێشکەوتنی هێزەو. ئەم هـاو گونجانەیش هـەموو جارێ کـە رووئـەدات، داڕوخانێکی نـوێی پێوەیـە کـە پیشـانی ئـەدا، دژی راسـتەقینەی کاملبوون، بابەتـە سـەرکەوتووەکانی پێشکەوتنە. نـەک بابەتە سەرنەکەوتووەکان.

نـــەفرەتی پێشـــکەوتنی بێوچـــان، لەنـــەفرەتی دواکەوتنی بێوچان، جیاواز نیەو هەریەکن.

ئـــەم دواکەوتنـــە، تەنـــها بەتەجروبـــەی ئینســـان لەجیهانی هەست پێکراوو ژینگە کۆتایی پێنایەت، بەڵکو لەهـەمان کاتدا لەسـەر بـیردۆزی ئینسـان کـە هـێزێکی سـەربەخۆیەو دەسـەڵاتدارە بەسـەر خۆیـدا، شـوێنەوار دانەنێو کاریگەریی هەیە، هەر ئەو بیردۆزی‌یـەی کـە لـە ئەزموونی هەستپێکراو جیا ئەبێتەوە تا بتوانـی زاڵ بـێ بەسەریدا.

یەکیەتیی کـردەوە فیکریـەکان کـە ئەبنـە هـۆی زاڵ بوون بەسـەر هەستەکان‌و غەریزەکاندا،و ملدانی بیردۆزی لەبەرامبـەر دەرکەوتنی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی، بـەمانای هەژار کـەوتنی، بـیردۆزی‌و ئەزمونـە. جیـاوازی ئـەم دوو قەڵـــەمڕەوە لەیـــەکتر، ئەبێتـــە هـــۆی ناتـــەواوی‌و عـەیبداربوونی هـەردوکیان. سـنوربەندکردنی بـیردۆزی تائاستی رێکخستن‌و بـەڕێوەبردن، – واتـە هـەمان رۆڵ‌و

کـــرداری هـــەموو حوکمـــداران لەئۆدیسیۆســـی زیرەکەوە هەتا بەرێوە بـەرە گەمژەکانی ئـەمرۆ- بەناچار بەستراوە بەسەپاندنی سنوربەندی بەسەر بیرو ئەندێشەو کـاری مرۆڤـە مـەزنو بـەتواناکاندا، مەگـەر لـەکاتێکدا کـە تەنـها مەبەسـت کاڵتـەکردن بەمرۆڤـە لاوازو پوچـەکان بـێ. بـەم شـێوەیە کـە گیـان ئەبێـــە هـــەمان ئـــامێزی دەســـتکەوتنی دەسـەڵات بەسـەر نـەفسو جیـهاندا، کـە بـیردۆزی بۆرژوازی هەمیشە بەهەڵە، بـەدوا ئامـانجی گیـانی دادەنا.

ئـەو گـوێ بەســتراوو بـەمێو ئـاخنراوەی کـە پڕۆڵتاریـاری کـار کـەر لەســەردەمی ســەرهەڵدانی ئەفســانەوە تائـــەمڕۆ پاراســتوویانە، هیچیـــان لـەلاوازیو سـکونی ئـەربابانی بـەگوریس (حـــەبل) پێچراو زیاتر نیـە، کـاملّ بـوونو گەیشتنی زیـایی [میـــوە گـــەنیوەکانی] کۆمـــەڵگا، لـــەناکاملّیو ساویلکەیی چینی ژێـر دەسـەڵات ئـەخوا، هـەرچی وردیو ئالۆزی ئەو ئامێرە کۆمەڵایـەتی، ئـابووریو زانســتیە - کـــە بەیارمـــەتی ئـــەو سیســـتەمی بەرهەمهێنان زۆر دەمێکـە لەشـی مرۆڤـی لەگـەڵ خۆیدا رێکخســتووە- زیـاتر بکـات، ئەزموونـەکانی مـرۆڤ [لەمـەڕ ئـــەو ئـامێرەوە] هـــەژارتر ئـــەبێ. لابردنـــی چۆنایـــەتیو گۆڕینیـــان بـــەکارکردنی چەندییەتی، بەهۆی شـێوازگەلی بەئـەقڵانی کـراوی کارەوە، لەقەڵـــەمڕەوی زانسـتەوە بـەرەو هـەرێمی ئـــەزموونی تاکـــەکانو گەلـــەکان لەجیـــهانی هەسـتپێکراو ئەگۆڕێزرێتـەوەو کـــەم کـــەم ئـــەم ئەزموونە جارێکی تر لەئـــەزموونی گیانلەبـەرە دوو ژیانەکان [یان ئەو ئاژەڵە هەرە نزمو دواکەوتوانەی سـەرەتایی] نزیـک ئەکاتـــەوە. ئـــەمڕۆ پاشـــڕەویی کۆمـــەڵی ئینســـانی پیشـــاندەری لاوازیانـــە لەبیسـتنی، نەبیسـتراوەکان بـەگوێی خـۆی، بـێ تواناییان لە لـــەمس کردنـی شتە نەناسـراوو دەرک نەکراوەکان بەدەستی خۆیان. - (فۆرمێکـی نـوێ لـەوەهمو خـەیاڵ کـە هـەموو فۆرمـە ئوسـتورەییە بەسەرچووەکان ئەخاتە لاوە. لەرێگەی نێوبژیوانی کۆمەڵگای کامڵەوە (TOTAL SOCIETY) کـە ئـــەمڕۆ هـــەموو پەیوەندییـــەکانو عاتیفـــەکان بـەنێوبژیوانی ئـەوەوە دەسـتەبەر ئـەبن، بـــەناچار ئینسانەکان جارێکی تـر ئەبنـەوە بەوشتەی کـە پێشـتر، یاسـای کـامڵبوونی کۆمـەڵگا [لەرێگـەی جیاکردنەوەو دابەشکردنی کار]و بنـەمای تـەکنیزی نەفس [جیاکردنەوەی نەفسی فەردی] دژی ئەوە کاریان کـردووە: بوونـەوەرە چەشـنیە رووتـەکان کـە بـەهۆی گۆشـەگیری سـەپێندراو لەلایـەن یەکیـەتی کۆمەڵـــەوە، هەرکامەیان، کوتو مت وەک ئەوی تروان، کۆیلە ســـەوڵ لێدەرەکان [پـاپۆڕەی ئئۆدیسـیۆس] کـە نەیانـــەتوانی لەگەڵ یەک بدوێن، هەموویان ئەبێ لەیەک ریتم پەیڕەوی بکەن، راست وەک کرێکارانو خەڵکانی رۆژگاری خۆمان، لەکارگەکاندا، سینەماکاندا، شوێنە گشـتیەکاندا، هـەڵو مەرجی راستەقینەی فەرماندەر بەسەر ژیانی کۆمـەڵگادا کـە سـازانو هاوچەشـن بـوون بەســـەر هـــەموان دا ئەسەپێنێ)- نەک ئەو بەگوێدا خوێندنانە کـە ئاگایانـەو بـەئۆرەی خـۆی خـەریکی کـەڕو کوێـر کردنـــی خـــەڵکی سەرکتوتنکراوەو ئەیهەوێ لەحەقیقـەتیان دوربخاتـەوە. نەزۆکی [فیکری]و لاوازیو گێژو وڕی کرێکاران تەنها لـە ئـەنجامی نەخشـەی خـاون کارانـــەوە نیـــە، بـــەڵکو دەرەنجامێکی مەنتیقیی ئەو کۆمـەڵگا پیشەسازییەیە کـە چارنووسـی دێرینو ئەفسانەیی مـرۆڤ - دروسـت بـەهۆی خـەبات بـۆ دووریکـردن لـــەدەرنجامێکی وا- سەرەنجام قەوارەی [کۆمەڵگای پیشەسازی] پەیدا کرد.

بەڵام ئەم پێویستیە مەنتیقیە وەک بڕیاری دواین قسەیان دواین ئاکامو کۆتـایی نیـە. دەسـەڵاتیش وەک کاردانەوەی ئەو [پێویستیە]و هەم وەک کەرەسەی ئـەم چارەنووسـە، هێشتا بـەو [پێویستیەوە] گـــرێ دراوە. گەواتە حەقیقەتی ئەم چارەنووسە بەئەندازەی پوچەڵی بەڵگەکانی، گومانـاوییو پرسیار هەڵگرە.

هەڵبـەت بـیردۆزی وەک لایـــەنی نـاوەڕۆک هەمیشـە توانای ئەوەی بووە، کە ئیلهامو چەند مانایی شاراوە لەخۆیدا، دەستنیشانو ئاشکرا بکات.

ئەمـە خزمـەتکارو عەبدەکـە ئـــەربابە ناتوانـــێ ئـــەو جۆرەی پێی خۆشە، بیبەسـتێتەوە. لـەکاتی نیشـتەجێ بوونی ئینسانەوە،و پاشـانیش لەسـەردەمی کۆمـەڵگای شـومەکیدا، دەســـەڵات هەمیشـە لەقـەوارەی قـانونو رێکخراوەدا بەرجەسـتە بـووەو لـەم رووەوە ئـەبێ خـۆی تەحدید بکا. کەرەسە سەرەنجام بەسەر بەخۆیی ئـەگا: ئـەو بزیسـکە یـان لایەنـەی رۆح کـە رۆڵـی نێـو بژیـوان ئـەبینێ، راسـتەوخۆ بـێ گوێدانـــە خواسـتو ئـیرادەی ئەربـاب، خەسڵەتی راستەوخۆییو بێ دادگەریی ئابووری یەکسـان ئەکاتـەوە. کەرەســـەی دەســـەڵات کـــە ئـــەبێ هەمووشـت - زمـــان، چـــەک، ماشـــین- لـــەخۆ بگـــرێ، لەئەنجامدا ئەبێ یارمەتی ئـەوەیش بـدات کەهەمووشـت لـەخۆی بگـرێ. لـەم رووەوە لەقەڵـەمڕەوی دەسـەڵاتدا،

لایەنی ئەقڵانیەت، وەك لایەنێكی جیاواز لەدەسەڵات گەشە ئەكات. بەرجەستە بوونی (بابەتی بوونی) كەرەسەو ئامراز، كە رێگە ئەدا لەخزمەتی هەموان دابێ، بەڕاستی زامنی رەخنە لەو دەسەڵاتەیە كە بیردۆزیو هزرو لەپێشدا وەك كەرەسەو ئامرازی ئەو پیشاندران. لەسەر رێگەی ئەم بزاڤە، لە ئەفسانەوە بەرەو ژیر بێژیی (مەنتیقی) سەمبولێك، بیردۆزی توخمی ئەندێشە (تێفكران)ی لەنەفسدا لەدەست داوە،و ئەمڕۆ ماشینو ئامێر لەگەڵ دابین كردنی بژێوی ئینسان، گۆت‌و گۆچ‌و زەمینگیریشی ئەكەن.

بەڵام هزری تاراو، لەقەوارەی ماشینو ئامێری تەكنیكیدا، بەرەو كۆمەڵگایەك ئەڕوا، كە بیردۆزیی وەستاو (چەقیو) وەك ئامێرێكی مادیو فیكری لەگەڵ بیری ئازادو زیندوودا ئاشت ئەكاتەوە.و خودی كۆمەڵگایش وەك سۆبجێكت یان بكەرێكی راستەقینەی بیردۆزی سەیر ئەكا، چاوگەی تایبەتو دیمەنی گشتیی بیردۆزی هەرگیز لێك جیانەكراونەتەوە. ئەمڕۆ وێڕای گۆڕانی جیهان بەكارگەیەك، دیمەنو دورنمای گشتگیری، دابین بوونی بیدرۆزی لەكۆمەڵگادا، تائەو رادەیە گەشەی كردووە كە خودی حوكمدارانیش بەنوێنەرایەتیو بەناوی ئەم گشتگیریی ئەقڵانیە، بیردۆزی وەك ئایدیۆلۆژی رووت، رەت ئەكەنەوە. نییەتی چەپەڵی ئەو گروپانەی كە سەرەنجام زەروەتی ئیقتیسادی لەئەواندا بەرجەستە ئەبێ، ئاشكرا بووە، چونكە ئایەتە ئاسمانیەكانیان، لەبینینو دۆزینەوەی پێشەواوە بیگرە هەتا جیهان بینی چالاكی پەیڕەوان (شوێنكەوتووان)، ئیتر ناتوانێ (لەبەرامبەر پاساوی بۆرژوازیی سەردەمە پێشوەكان)دا ئاژاوە گێڕیەكانیان وەك ئاكامی پێویستی یاسا بناسێنێ. ئەو درۆ ئەفسانەییانە لەمەڕ ئەركی سەرشان [پێغەمبەرایەتی]و چارەنووسی گەل كە ئەوان، ئەمڕۆ لەبری درۆو پاساوە كۆنەكان بەكاری ئەهێنن، هەرگیز هەموو حەقیقەت دەرنابڕێ: ئەمڕۆ ئیتر باوی سەردەمی یاسا بابەتیەكانی بازاڕ نەماوە، ئەو یاسایانەی كە لەرێگەی كرداری خاوەن كارەوە بەدی ئەهاتو كۆمەڵگای بەرەو كارەسات ئەبرد. ئەمڕۆ لەبری ئەو یاسایانە، بڕیاردانی ئاگایانەی بەڕێوەبەرانی كار، لەئاستی ئاكامێ (كە لە كوێرترین میكانیزمەكانی نرخ دیاری كردنیش زەروری ترن) یاسای كۆنی نرخی ئاڵوگۆڕ،و لەئەنجامدا، چارەنووسی سیستەمی سەرمایەداریش ئەخاتە كار. خودی دەسەڵاتدارانیش، ئیتر بەهیچ جۆرە زەروەرتێكی بابەت بڕوایان نیە، هەرچەندە ناو بەناو داهێنانەكانی خۆیان وەك شتێك لەو بابەتە، وەسف ئەكەن. ئەوانە خۆیان بەئارشیتێكت (معمار)و ئەندازیاری مێژووی جیهانی ئەزانن، تەنها بەندەكانو ژێر دەسەكان رەوتی گۆڕانكاریی مێژوو وەك زەروەتێكی پرسیار هەڵنەگر قبوڵ ئەكەن: گۆڕانكاریەك كە تێیدا لەگەڵ رووداتی هەر بازێكی بچوكیش لەئاستی ژیانی فرمانبەران بەئەمری حكومەت، لاوازیو بێ توانایی ئەوانیش بەو ئەندازەیە زیاتر ئەكا. لەو جێگای كە چەن سەعاتێك كار لەسەر ئەمری دەسەڵاتدارانی كۆمەڵگا، ژیانو بژێوی ئەوانە مسۆگەر بكا، كەهێشتا لەخزمەتی ماشیندانو لەسەر كارن (دەوام ئەكەن)، [یان] پاشماوەی زیایی [هێزی كارن]، واتە هەمان زۆرینەی كۆمەڵ، وەك سوپاو لەشكرێكی تر مەشقی رژێم ئەكەن [كە ئەمانە وەك] مادەو وزەیەكی زیایی وان لەخزمەت دابین كردنی پرۆگرامە گەورەكانی ئەمڕۆو داهاتووی رژێمدا. جەماوەر وەك سوپای بێكاران نیشتەجێ ئەكرێنو بژێویان ئەدرێتێ. لای ئەوان، سوك بونیان تائاستی شتەكانو بابەتگەلی رووت كە تەنها بەشێك لەسیستەمی ئاڕاستەكراوی ژیانن (واتە هەمان میكانیزمێك كە هەموو لایەنەكانی بوونو ژیانی مرۆڤی نوێ، وەك زمانو دەرك كردنی لەپێشدا بەرجەستە كردبوو) پیشاندەری پێویستیەكی بابەتیە كە پێیان وایە بەرەنگاریو دژایەتیكردنیشی نەكردەنیو ئەستەمە.

پەككەوتەیی‌و كۆڵۆڵی، وەك قوتبی دژی تواناو دەسەڵات، لەڕادەبەدەر گەشە ئەكات، دروست بەئەندازەی گەشەی توانایی ئینسانەكان بۆ نەهێشتنی هەژاریو كڵۆڵی هەمیشەیی لەسەر زەمین، چوونە ناو باندو ئۆرگانی جەنگەڵ ئاسای تەكەتوول بازی بۆ هەموو كەس دەست نادا، جەنگەڵێك كە، لەسەرەوە (فەرماندەكەی) بگرە هەتا دەڵاڵو راو روتگەرەكانی خوارەوە، هەمویان هەوڵی زەمانەتی مانەوی ئەم بارودۆخە ئەدەن. لەروانگەی سەرۆكی سەندیكاوە، هەتا بەڕێوەبەرو سەپەرشت، پرۆلتەر (ئەگەر بەهەڵكەوت چاویان بەچاوی بكەوێ) جگە لە نموونە یابابەتێكی

زیایی لەکۆگای بێ قەوارەی کرێکاران، شتێکی تر نییە. بەم حاڵەیشەو، خودی سەرۆک بەردەوام دڵەڕاوێکی لاچوونی خۆیەتی بەدەستی رەقیبەکانی.

بێ مانایی رەهای بارودۆخێك کە روو لەزیادبوونی دەسەڵاتی سەپێندراوی رژێم بەسەر ئینسانەکاندا، دەرەنجامی بەناچارانەی هەر هەنگاوێکە کە ئەم رژێمە لەچوارچێوەی دەسەڵاتی سروشت دەرئەکاو بەسەر سروشتدا زاڵی ئەکا، باس لەم واقیعییەتە ئەکات، کە ژیارایەتی کۆمەڵگای ئەقڵانی، خەیاڵێکی رەتکراوەو پووچەڵە. زەروورەتی بابەتیی ئەم بارودۆخە شتێکی خەیاڵیە. بەئەندازەی ئازادیی کردەوەی ئەو سەرمایەدارانەی کە سەرەنجام سروشتو خوویی (لەگەڵ جەبرو ستەم راهاتوو)ی خۆیاندا لەکێشەو رێکەوتنە ناچارییەکانیاندا دەرئەبڕن. سڕینەوەی ئەم وەهمو خەیاڵە، کە مرۆڤی پەروەردەکراوی سەردەمی رۆشنگەری خۆی تێدا ون کردووە، کاری ئەو فەلسەفە نیە کە وەك کەرەستەیەك، ناچارە لەنێوان دەسەڵاتو ژێر چەپۆکەدا، لایەك هەڵبژێرێ. گەرچی فەلسەفە ناتوانێ خۆی لەچنگ ئەو شێرزەییەی کە هێشتا بەسەردەمی پێش مێژووی ئەبەستێتەوە رزگار بکات، بەڵام ئەتوانێ ژیارەی ئەم یان ئەو، ژیارەی ئەنجامو دژ بەیەکبوون - کە لەرێگەی ئەوەوە خۆی لەچنگی سروشت ئازاد کرد- وەك ئەم سروشتە، سروشتی لەخۆ نامۆو رزگار نەکراو، بناسێتەوە. بیردۆزی کە میکانیزمی جەبرو سەپاندنی، رەنگدانەوەی جەبر (زۆر)ی سروشتو گۆیای بەردەوامیی ئەم جەبرە لەچوارچێوەی فەرهەنگدایە، بەناچار نەفسی زاتی، خۆی وەك سروشتو خووی فەرامۆش کراوی خۆی - واتە وەك میکانیزمی جەبرو زۆر - ئاشکرا ئەکات. خەریك بوون بەچەمکەوە تەنها وەك کەرەسەیەك وایە. ئینسان بەهۆی بیردۆزیو لەقەڵەمڕەوەی بیردا، خۆیان لەسروشت دوور ئەخەنەوە تا لەم رێگەوە لە قەوارەیەکی خەیاڵیدا بۆ خۆیانی بنوێننەوە - بەڵام تەنها بەنیازی دیاریکردنی چۆنایەتی دەسەڵاتو زاڵبوون بەسەر سروشتدا، هەروەك شتێك یاتامێرێکی مادی، کە لەهەڵو مەرجی جۆراو جۆر وەك شتێکی تاقانەو یەکسان بەکار ئەبرێ -و بەم شێوە جیهانی ئاڵۆزو بێ سەرو بەریو چەند لایەنەو سەر شار لەجیاوازیو نابەرامبەری لەبابەتێکی تاقانەوە یەکسانو ناسراو جیاکاتەوە - چەمکیش وەك کەرەسەیکی ئایدیاڵە، کە هەر کاتێ بتوانێ بەکاری بهێنێ، بۆ هەر مەبەستو ئامانجێ بەسودو بەکەڵك ئەبێ. بەم شێوەیە بیردۆزی هەر کاتی هەوڵی دابێ نکوڵی لە رۆڵو دەوری خۆی، واتە شیکردنەوەو دابەشکردن، دابڕانو بەرجەستە کردن، بکات، ئەبێتە وەهمو خەیاڵ. هەوڵە فانیەکان بۆ یەکگرتووکردنی شتەکانو بابەتەکانی جیهانی هەمووی فێڵو هەڵخەڵەتاندنە، و هەوڵو کۆششێکی نەزۆکو بێبەرە بۆ ئەو شۆڕشە رزگار کەرە دروونیە. بەڵام ئەگەر چی بەپاستی رۆشنگەری لەگەڵ هەموو بەرجەستەکردنێکی یوتوپیادا دژایەتی ئەکاو بەدڵنیاییو بێ هیچ گومانێك رایگەیاندووە کە بونیاتی دەسەڵات، یەك نەگرتنو نەبوونی یەکیەتیە، بەڵام دوو چەشنایەتی نێوان سۆبجێکتو ئوبجێکت (بابەتو زەین) کە رۆشنگەری پەیجۆری رونکردنەوەو سەلماندنیەتی، ئەبێتە نیشانەو دیاریکەری درۆیینی ئەم دوو چەشنایەتیە و ئەبێتە مەدالیای حەقیقەت. سەلماندنو ڕەواکردنی خورافە پەرستی نەتەنها لەسەر پێشکەوتنی دەسەڵات، بەڵکو دەلالەت لەسەر سازان لەگەڵیاندا ئەکا.

رۆشنگەری [راستەقینە] شتێکە مەزنتر لەرۆشنگەری. شتێکە بالاتر لە نمایشکردنەوەی رووەو ئاشکرای سروشتی لەخۆ نامۆ. سروشت لەئاستی پێش مێژوودا،و هەروەها لەئاستی ناسینی رۆحی خۆیدا وەك سروشتێکی نامۆو ناڕازی لەخۆ، لەخۆی ئەپرسێتەوە، بەڵام نەك بەشێوەی راستەوخۆو وەك مانا (MANA) واتە بەپاڵپشتی ناوونیشانی درۆزنانەکە دەلالەت لەسەر دەسەڵاتی رەها ئەکات-، بەڵکو لەقەوارەی سروشتێکی کوێرو کۆڵەواردا. فەوتانو لەناوچوونی سروشت جگە لە دیالیەتیو پابەندی سروشت، چی دیکە نیەو بێ ئەوەیش رۆح وجودی نیە. رۆح لەرێگەی ئەو نەخشەوە کە یەکیەتی خۆیو دەسەڵاتی پێ ئەسەلمێنێ،و بەرەو دەروونی سروشت پاشەکشێ ئەکا، واز لەداوای خۆی لەدەسەڵات ئەهێنێ بۆ ئەوەی عەبدو نۆکەری سروشت نەبێ. هەرچەندە ئینسان ناتوانێ بەهەڵاتن لەزەروەت، لەجادەی پێشکەوتنو زیوارە

(حضـارة)دا، بـەبێ وازهێنـانو رەت کردنـەوەی ماریفەت (مەعریفە)، لایـەنو ئاڕاستەی ڕۆیشتنی خۆی بپارێزێ.

لانی کەم ئێستا ئیتر ئەو شوراو دیوارانـەی کـە بۆ خـەبات دژی زۆرو زەرورەت دروستی کـردوون (واتـە هـەمان ئۆرگانو کردارانـەی لەمـەڕ کـۆتو بەندەوە کـە هەمیشـە وەک کاردانـەوە لەبەرامبـەر هـەوڵی مرۆڤ بـۆ دەسـەڵات بەسـەر سروشـتدا، یەخەی کۆمەڵگای گرتووە) بەزامنی دەستکەوتنی ئازادی بەڵێندارو، نازانێ.

هەر پێشکەوتنێک کە بەهاوکاری ژیوارە دەست کەوتبێ، لەگەڵ دسەڵاتدا، دیمەنی لەناوچوونیشـی بـۆ داڕشـتووە، بـەڵام وەک ئاشـکرایە مێژوویـی راستەقینە لـەرەنجی راستەقینەوە سـەرهەڵئەدا، کە هیچکاتێ بەرێژەی گەشـەی کەرەسـەو ئامێزی سڕینەوە، ئەم رەنجە کەم نابێتەوە.

دەستەبەربوونی دەروون جـاویدانی کۆمـەڵگای بـێ دەسـەڵات، هەمیشـە بەچـەمکو شـێوەی راو بۆچوون سـپێردراوە.[10] چونکـە چـەمک تەنـها، لەئاستی زانستدا، مرۆڤ لە سروشت دورناخاتەوە، بـەڵکو وەک بـیردۆزی خودئاگـایی لەقـەوارەی زانستدا کە هەمیشـە وابەسـتەی مەیلـە کوێـرە ئابووریەکانی شتومەکە، پێوانەی ئـەم دووڕاییـیـە، کە زامنی بەردەوامیی هەمیشـەیی بـێ عەداڵەتیـە. ئەگونجێنێ.

لەسـایەی ئامـادەبوونی یادگـاری سروشـت لەسـۆبجێکت (زەیـن)دا، کـە حەقیقـەتی نەسـەلمێندراوی هـەموو فەرهـەنگی ئینسـانی لەکامـەرانی ئـەو (سـۆبجێکت)دایـە، رۆشـنگەری بەگشـتی دژی دەسـەڵاتە. تەنانـەت لەسـەردەمی ڤانینیشـدا**، بانگـەوازی لەمپـەرکردنی رۆشنگەری پتر بەهۆی نەفرەت لەبۆچوونو ئایدیـا ئاڵۆزو نارێکو پێکـەکان بـوو نـەک تـرس لەزانسـتە وردەکان، نەفرەتێک کە لـەناخی دەسـەڵاتدارێتیو هێزی یاسادانانی سروشت هەڵدەستێتو لەهـەمان حاڵدا نیشانەی ترسی سروشـتە لەناسـینی خـۆی. قەشـەکان هەمیشـە تۆڵـەی مانـا (MANA) یـان لەپێغەمبـەرانی رۆشـنگەری سـەندوەتەوە، ئـەو پێغەمبـەرانـەی وابـەهۆی روانگـەی تـرس ئـامێزی خۆیانەوە بەرامبەر بەحکومەتی تیرۆر لەگـەڵ مانـا (MANA)دا رێکـەوتن (پێکەوەسـازان)، و هەڵبـەت پێشکۆو غەیبزانەکانی رۆشنگەری لە غروروخۆپەرسـتی قەشـەکاندا شـەریک بـوون. رۆشـنگەری لەقـەوارەی بـۆرژوازی خۆیدا، زۆر پێشـتر لـە (تۆرگـۆ)و (دالامـبر) رادەسـتی*** لایـەنی پۆزتیڤیسـتی خـۆی بـبـوو.رۆشـنگەری هـەرگیز لەوەسوەسـە (کەڵکـەڵە)ی گۆڕینەوەی ئازادی لەگەڵ خۆپاراستندا بەدوور نـەبووە. هەڵپەساردنو وەلانانی چەمک، چ بەناوی پێشکەوتنو چ بەناوی فەرهەنگەووە – کـە هـەردووکیان لـە کۆنـەوە بەدزییەوە چوو بونە ریزی نـەیارەکانی حەقیقەتـەوە – رێگـەی بـۆ بڵاوبوونـەوەی درۆکـردەوە، ئـەوەیش لەجیهانێکدا کە تەنها پلانـی پشت بەستوو بەشـایەتە ئەزمونیـەکانی ئەسـەلماند،و بـیردۆزیی– کـە ئێسـتا تائاستی دەستکەوتی بیرمـەندانی نـاودار دابـەزیبوو– وەک کۆمەڵێک لـە کڵێشـە زیادیـەکان ئەپاراست: ئـەو کڵێشە گەلەی کە ئیتر جیاکردنەوەیان لەحەقیقەتێک کە لەئاستی (شومەک)ی فەرهەنگیدا، پووچەڵو خەسـیبوو ئەستەم بوو.

بـەڵام دەسنیشـانکردنو ناسـینەوەی دەسـەڵات، تەنانەت لەقەڵەمڕەوی بیردا، وەک سروشتی نامۆو نـەیار لەگەڵ مرۆڤ، بـەمانای شـل بوونـەوەی کۆتو زنجیری ئەو جەبرو زەرورەتە بوو کـە تەنانـەت سوسـیالیزمیش، هەمیشەیی بوونی، ئـەوی لـەژێر ناونیشـانی (بەخشـینی بالادەسـتی بەئەقڵی ساغی دواکـەوتوو) بـێ بیرکردنـەوە سـەلماند. سوسـیالیزم، بـە بەرزکردنـەوەی پێویسـتی (زەرورەت) تامقـامی بناغـەی هـەموو سـەردەمەکانی داهاتوو،و بەدابەزاندنی رۆح بەشێوەیەکی ئایدیالیستیو دانانی لەسەر هـەمان خاڵی دونددا، بـەکردەوە میراتی فەلسەفەی بۆرژوازی بەکۆڵەوە گرت. بەم جۆرە، رێژەی پێویستی (زەرورەت) لەگەڵ قەڵـەمڕەوی ئازادیدا، وەک رێژەیەکی چەندێتیو میکانیکی ئەمێنێتەوە،و سروشت – کـە دروسـت وەک ئەفسانە کۆنـەکان بـەکارێکی تـەوا نـامۆو غەریبـە دائـەنرێ، خەسڵەتی تۆتالیتـەری پـەیدا ئـەکاو ئـازادیو سۆسـیالیزم لـەخۆیدا ئەتوێنێتـەوە. رۆشنگەری بەڕەهاکردنی بیردۆزی، کە ئێستا لەقەوارەی چەشنەشتی خۆیدا، ماتماتیکو ماشینو رێکخـراوە، لـەو مرۆڤانـەی کـە لـەبیریان کـردووە تۆڵـە ئەسـتێنێ، لەراسـتیدا وازی لەدەسـتەبەربوونی خـۆی هێنـاوە. رۆشنگەری بەفراوانکردنەوەی دەسـەڵاتی خۆی بەسـەر هـەموو ئەوشتانەی کە تاقانـەو تـاکن، یارمـەتی ئـەو

گشتگیره نەناسراوەیدا، کە وەک دەسەلات، و بەهاوکاری شتە بێگیانەکان، گورزێکی تۆڵە لەبوون و ئاگایی ئینسانی بوەشێنێت.

بەڵام کردەوەی بەراستی شۆڕشگێڕانەی پشت بەستوو بەسەرسەختی تێڕی، لەبەرامبەر کۆمەڵگایەکدایە کە بەخۆێنساردیەوە رێگە ئەدا بیردۆزی وشکەڵێت. ئەوەی بەدیهاتنی کامەرانی ئەخاتە مەترسیەوە، پێش مەرج و پێویستیە مادیەکانی کامەرانی – واتە هەمان تەکنۆلۆژی ئازادکراو لە بەندی پەیوەندیە بۆرژوازیەکان– نیە. جەخت کردنەوە لەسەر رۆڵی تەکنۆلۆژی، بڕیاری سەلێمنداوی ئەو کۆمەڵگا ناسانەیە کە جارێکی تر گەران بەدوای جۆرە هەتوانێکدا – لەحاڵێکدا کە کەڵکی ئەم هەتوانە تایبەتمەندیی بەرنامە یان پرۆگرامێکی کۆمەڵ گەرایانەی هەبێت – کۆنترۆڵ و دەسەلات بەسەریدا یان دەست پێکردووە[٣٦]. هەستکردن بەکەمتەرخەمی و قەرزاریاری، بەراستی زەمینەو مەیدانی سەرهەڵدانی وەهەم و خەیاڵاتی کۆمەڵایەتیە.

ئەو رێزو شکۆ زانستیە کە خەڵکی ئەم گۆخاکیە بۆ ئەم بارودۆخەی کە، خۆیان بێ وچان سەرقاڵی دروست کردن و بەرهەم هێنانین، دائەنێن، باوەڕێکی ئوستورەییە کە لە ئاکامدا خۆی ئەبێتە فاکتێك یاباباەتێکی واقیعی و ئیجابی: هەمان قەڵای قایمی ستەمکارانی خۆپەرست کە لەبەرامبەریاندا، تەنانەت خەیاڵی شۆڕشگێڕانەیش زەلیل ئەبێ و خۆی وەک ئایدیالیزمێکی خۆشخەیاڵ، سووک دێتە بەرچاو، و سەرەنجام تاڕادەوی دڵنیایی و متمانەیکی منااڵنەو خۆش باوەڕ، تائاستی رەوت و لایەنگیری بەرجەستە /بابەت/ی مێژوویی دادەبەزێ.

رۆشنگەری وەک کەرەسەی گەیشتن، بەم جۆرە سازان و گونجانە لەگەڵ جیهاندا، وەک پرۆسەیەکی روتی ئامێرو کەرەسە دروستکردن، دروست بەئەندازەی تاوانبار کردنی لەلایەن دوژمنە رۆمانتیکیەکانیەوە، کاولکارو وێرانگەرە، زاتی ئەو [رۆشنگەری] تەنها کاتێ دابین ئەکرێ کە رۆشنگەری دواین پاشماوەی سازان و خۆگونجان لەگەڵ ئەم دوژمنانەدا لەخۆیدا نەهێڵێ، و بوێرانەو بێ پەروا ئەو ئەمرە درۆ، واتە ئەسڵی دەسەلاتو عەبدایەتی کوێرانە، فرێ بداتە پشت سەریەوە.

رۆحی زاڵ بەسەر جەستەی ئەم جۆرە تێڕیکاریە سەخت و ئاشتی نەویستەدا، تەنانەت زەینی خاوەن بڕوا بەپێشکەوتنی بێ وچان و سازش نەکەریش لەپایانی خۆی ئاگادار ئەکاتەوە. بێکۆن، پێشەنگ و موژدەهێنەری رۆشنگەری، خەوی ئەو شتانەی ئەدی کە (خەزێنەی پاشایان توانای کڕینییان نیە) و (جاسوس و سیخوڕەکانی پادشاکان لێیان بێ خەبەرن).

هەروەها کە ئەو ئارەزوی ئەکرد، هەموو ئەم تاڵانیە بەرهاوڵاتیانی بۆرژوا کەوت، بەر ئەو میراتبەرانەی وادەستپەروەردەی هەمان پادشایانن.

ئیقتیسادی بۆرژوازی لەهەمان حاڵدا کە لەرێگەی دەاڵڵی بازاڕەوە هێزی خۆی چەند بەرابەرکرد، شتەکان و بابەت و تواناکانی خۆی تائەو رادە زیاد کردە کە بۆ بەڕێوەبردنیان، ئیتر نەک هەر پادشاکان، یان چینی مامناوەند، بەڵکو بەشداریی هەمو ئینسانەکان پێویستە. سەرەنجام ئینسانەکان رێگەی رزگاربوون لەدەسەلات، هەر لەهێزی شاراوە لەناو شتەکاندا فێر ئەبن.

رۆشنگەری بەراستی رۆژێك دێتە دی و بەئامانجی خۆی ئەگا، کە نزیکترین ئامانجی کرداری، وجودی راستەقینەی خۆی لەئاستی دوورترین دوا ئامانجە دەست کەوتووەکان، ئاشکرا بکات، ئەو سەر زەمینانەی وا (سیخوڕان و جاسوسانی پادشاکان لێی بێ خەبەرن) واتە هەمان قەڵەمڕەوی سروشت کە زانستی زاڵ و خاوەن دەسەلات بەسوکیان دائەنێ، وەک سەرزەمینی لانکەزاو نیشتمان بناسرێتەوە. ئەمڕۆ، کاتێك کە خەیاڵی یوتوپیایی بیکۆن لەمەڕ (فەرمانڕەوایی ئێمە لەرێگەی کردارەوە بەسەر سروشتدا) لەئاستێکی جیهانیداو لەسەرانسەری گۆی زەویدا مسۆگەر بووە، ماهیەتی ئەو عەبدایەتی و کۆیلایەتیەی کە ئەو ئەیدایە پاڵ سروشتی پابەند نەکراو، رۆشن و ئاشکرایە.

ئەم ماهییەتە جگە لە دەسەلات هیچی تر نەبوو. زانست و مەعریفە کە بەڕای بیکۆن سڕی (فەرمانڕەوایی ئینسانی) تێدا شاراوەیە، ئێستا ئەتوانی وەک بڕیارێ فەوتان و قەلاچۆکردنی دەسەلات بێ. بەڵام رۆشنگەری لەبەرامبەر ئیمکانیەتێکی ئاواداو لەخزمەتی سەردەمی ئەمڕۆدا، ئەبێتە فریوی تەواو بۆ هەموو جەماوەر.

● ئەم وتارە وەرگێڕدراوی ، نەسکی یەکەمی کتێبی (دیالکتیکی ڕۆشنگەری)یە.

پەراوێز:

١- بەزیندوزانیی مادە: بیرێکی کۆنەو بەگوێرەی ئەم بیرە هەموو مادەیەك لەهەر قەوارەیەکدا گیانی هەیەو ئەژی. و ـ ف

٢- تۆتا لیتاریەت، یاکۆخواز واتە کەسێك یاحزبێك یا ئایدیایەك، کەخوازیاری دەسەلاتە بەسەر هەموو کەس‌و حیزب‌و ئایداکانی تردا‌و خۆی ئەسەپێنێ بەسەر هەموو دەوروبەرەکەیدا‌و جگە لەخۆی بواری چالاکی بەکەس نادات. و ـ ك

٣- ئەو فاکت یا ئەو دیاردانەن کەناتوانین وەك ڕاستیەکی فاکتی تایبەتی چەمکێکی پێناسەی بکەین‌و بیخەینە پاڵ یەك سیستەمی تەجریدی‌ی گشتیەوە. گرۆبەندی‌و خانەبەندی ئەم فاکتانە ئەمرێکی نەکردەنیە هەروەك دیاردەی جودایی لەبیرکاریدا، لەبەرئەمەیە کەنەبیرمەندانی ڕۆشنگەری چاری ئەم فاکتانەیان ئەوێ نەپسپۆرانی بیرکاری چارەی دیاردەی جودایی. و ـ ك

٤- دادگەری قابیلی ئاڵوگۆڕ. لەسەرپایەی ئاڵوگۆڕێکە کەزەرەرو زیانی بەرامبەر بێ واتە قەساس. بەڵام عەدالەتی دابەشکردن لەسەر ئەساسی کۆمەڵێك قانونی مافی تاکە کەسی دانراوەو خەسڵەتێکی تەجریدی تری هەیەو گونجاوی کۆمەڵگا پێشکەوتوەکانە و ـ ف

٥- ئەمە ئیشارەتە بەدژایەتی ئەم قوتابخانەیە لەگەڵ شتە میتافیزیکیەکان یان هەر شتێك کە لەهەرێمی زانستی ئەزمونی‌دا نەگونجێ. و ـ ف

٦- هونەری کامڵ: بەمانای هونەرێکە کەلەهەموو هونەرەکان پێکهاتبێ، ئەم وشەیە لەڤاگنەرەوە داکەوتووەو یەکەم جار ئەو ئەیویست بەتێکەڵ کردنی موزیك‌و شانۆو شیعر بەرهەمێکی ئاوها بخولقێنێ - و ـ ف

٧- ئیشارەتە بەو شانازی‌و لەخۆبایی‌بوونەی ئەندێشەی پۆزیتیڤیستی کەبەهۆی دەستکەوتە زانستیەکانی خۆیەوە شادمانەو هەوڵ ئەدا کەپێش مەرجەکانی ئەم دەسکەوتە واتە دابەش کردنی کارو جیاکردنەوەی زانست لەهونەرو نیشانەی وێنە بکا بەبنەمایەکی مەنتیقی‌و بنەڕەتی. و ـ ف

٨- ئیشارەتە بەکتێبێکی کانت بەناوی (خەیاڵەکانی یەك غەیب بین) کەلەسالی ١٧٦٦ لەکۆنیکسبرگ بێناوونیشانی خۆی بلاوکرایەوە، کانت لەم کتێبەدا لەڕوانگەی هزرگەرایی زانستی سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە بەشێوەیەکی سوك‌و تەوس ناميّز، گاڵتە بەبیروبۆچوونی میتافیزیکی‌ی (ئامانویل سویدنیبرگ) عارفی سویدی ئەکا. و ـ ف

٩- مەبەست، تۆتالیتەری زاڵە بەسەر کۆمەڵگای ئێستای ئەورووپاو بەتایبەت ئەمریکادا. و ـ ف.

* راو بۆچونم لەبری وشەی (NOTION) داناوە ـ و ـ ك

** لوچیلیو ڤانینی L.VANINI فەیلەسوف‌و عارفی ئیتاڵی (١٥٨٤-١٦١٩) بڕوای بەتێڕی یەکەیتی وجود هەبوو و بەتاوانی کوفربێژی دادگکایی کراو سوتانیان.

*** رادەست: دیلی دەست‌و پێ بەستراو.

* مانا (Mana) لەئایین‌و باوەڕە سەرەتاییەکانی خەڵکی پولینزیدا، نیشانەی هێزی غەیر مادی‌یە کە لەشت یان کەسانی دیاردا، بەشێوەیێکی زاتی هەبوون‌و نیشانەی باڵا دەست بوونی ئەوانە بوو لە شت یاکەسانی تر ـ م.ف

⌘

لێك ئاڵاوی ئەفسانەو ڕۆشنگەریی

ماکس هۆرکهایمەرو تیۆدۆر ئادۆرنۆ

یورگەن هابەرماس

و: خالید ڕەشید پور

نوسەرانی (تاریك ئەندێشی) بۆرژوا، وەك ماکیاولی، هابزو ماندۆیل هەمیشە بۆ ماکس هۆرکهایمەر- کە لەسەرەتادا هۆگری شۆپن هاور بوو- سەرنج راکێشەر بوون. [بەڕای ئەو] ئەندێشەی ئەم نوسەرانە هێشتا سودمەند بوو،و بیروڕای بەرنگارانەیان لەهەندێ بواردا [بواری فیکری] بەرەو تیۆرییە کۆمەڵایەتیەکانی مارگس دەکشا. نوسەرانی (ڕەش ئەندێش)ی بۆرژوا. لەپێش هەموویاندا مارکی دوسادو نیچە ئەم پەیوەندیانەیان پچڕان. هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ لەڕەشترین بەرهەمیاندا - دیالکتیکی ڕۆشنگەری- چوونە پاڵ ئەو نووسەرە ڕەش ئەندێشانەوە کە پرۆسەی (خۆداڕماندنی) ڕۆشنگەری لەقەوارەی چەمکدا دەربڕن.

بەگوێرەی لێکدانەوەی ئەوان ئیتر نابێ هیوامان بەهێزە ڕزگاری بەخشەکانی ڕۆشنگەری بێ. ئەم دوانە، وتەکەی بنیامین کە بەتەوسەوەو وتبووی (ئومێدی نائومێدان)ە کاری تێکردوونو حەزیان نەکردووە دەست لەکۆشش بۆ چەمکگەرایی - بەئەو هەمووە دژایەتییە شاراوەییەوە- هەڵبگرن. ئێمە لەم ڕوانگەو لەم نەفسیەتەدا ئیتر لەگەڵ ئەواندا نین، بەڵام لەژێر ئاڵای نیچەدا کە لەسەر دەستی، سۆپەر بونیادگەرایان گیانێکی تازەی پەیدا کردووە، جیهانو بیروباوەڕێك لەحاڵی پەرەسەندنداید، کە بەشێوەیێکی پەرێشان (شپرزە) لەجیهانو بیروباوەڕی (هورکهایمەرو ئادۆرنۆ) ئەچێ.

(دیالکتیکی ڕۆشنگەری) کتێبێکی سەیرو نائاساییە. بەشی سەرەکیی کتێبەکە بریتیە لە یادداشتەکانی (گێرێتێل ئادۆرنۆ) لەسەر گوتارەکانی ماکس هۆرکهایمەرو نیۆدۆر ئادۆرنۆ لەسانتا مۆنیکای کالیفۆرنیا. دەسنووسی ئەم کتێبە لە ١٩٤٤دا ئامادەکراو پاش سێ ساڵ بەکۆششی بنکەی بڵاوکردنەوەی (کووریدۆ- Querido) لەئامستردامدا چاپو بڵاوکرایەوە. هۆکهایمەرو ئادۆرنۆ بەبڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە کاریگەرییکی وامەزنیان لەسەر گۆڕینی بیری خەڵکی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا - بەتاییەت لەبیست ساڵی سەرەتای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەدا - دانا، کە لەگەڵ ژمارەی کرپارانی کتێبەکەدا بەراورد ناکرێو ناگونجێ. پێکهاتەی بابەتەکانی کتێبەکەیش نائاساییە. کتێبەکە بریتییە لەگوتارێکی سەرەکی کە پەنجاو چەن لاپەڕەییکە، دوو گوتاری وێڕایی‌و سێ پاشکۆ. هەر پاشکۆکان پتر لەنیوەی کتێبەکەی گرتووەتەوە، پێکهاتەو بەش بەندیی (هاوکێش لەگەڵ خانەبەندی- بەمانای تەرتیبی بەشەکانی کتێب-و) نائاسیی کتێبەکە

تەقریبەن ناهێڵێ لەسەرەنجی یەکەمدا، بواری بیری نوسەرانمان بۆ دەرکەوێ. لەم رووەوە، ئەم گوتارە بەباسکردنی دوو تیۆریی سەرەکی کتێبەکە دەست پێ ئەکەم (بەشی یەکەم). بەگوێرەی بارودۆخو چۆنیەتی ئەم سەردەمە، دەرکی هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ لەنوێو نوێخوازیم بەلاوە سەیرە – واتە بۆچی ئەوان ئەیانەوێ بەشێوەیێکی رادیکاڵ، رۆشنگەری لەبارودۆخی خۆی ئاگادار بکەنەوە (بەشی دووەم). ئەندێشەی نیچە نمونە بالآی سەرەکیی خەسڵەتی گشت گەراو بەسەرخۆدا زاڵبوون (self- overcoming)ی رەخنەی ئایدیۆلۆژییە.

بەراوردکردنی هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ لەگەڵ نیچەدا نەتەنها وەک لایەنی جیاوازیی بۆچوونیان لەرەخنەی فەرهەنگدا ئامۆژگاریو سوودمەندە (بەشی سێهەم)، بەڵکو لەمەڕ رەخنە پەیتا پەیتاکانی رۆشنگەرییەوە چەن گومانێك دروست ئەکات (بەشی چوارەم).

(١)

لەنەریتی رۆشنگەریدا، ئەندێشەی رۆشن بین بەقوتبی بەرامبەرو هێزی دژە ئەفسانە دائەنرێ. قوتبی بەرامبەری ئۆستورە، لەو رووەوە کەهێزی ناچارنەکەری بەڵگەکاریی بالآدەستتر لەبەرامبەر نۆرماڵەکانی ناچارکەری نەریتێکدا کە پەیوەندیی بەچەند بەرەی یەك لەدوای یەکەوە هەیە، دائەنێ،و هێزە دژ بەئەفسانەکان لەو رووەوە کە ئەو بۆ چوونە هەیە کە ئەندێشەی رووناك بین بەو دیدانەی کە لە ئەزموونی تاکە کەسییەوە سەری هەڵداوەو بەشێوەی دنەدەر خۆیان دەرئەخەن، تەلیسمی هێزوویی هێزە کۆمەڵییەکان ئەشکێنێ، [کەواتە] رۆشنگەری دژو نەیاری ئەفسانەیەو لەم رووەوە لەدەست درێژی ئەفسانەیش پارێزراوە. هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ گوزارشت لەهاودەستێکی نهێنی ئەکەن تاکو دژایەتی نێوان رۆشنگەریو ئەفسانە – کە ئەندێشەی رۆشنگەری بڕوایەکی پتەوی پێ هەیە– ببەنە ژێر پرسیار: (ئەفسانە، لەرابردوو، رۆشنگەری بووە، گەڕانەوەی رۆشنگەری بۆ ئەفسانەیە*). ئەم داوایە لەپێشەکی کتێبەکەدا هاتووەو لەگوتاری سەرەکی کتێبەکەیشدا فراوانو شیکراوەتەوەو بەلێکدانەوەیێك لەئۆدیسە هەوڵی سەلماندنی دراوە.

رەنگە وشەناسان رەخنە لەوە بگرن کە نوسەرانی دیالیکتیکی رۆشنگەری بە هەڵبژاردنی روایەتێکی ئەم دواییانە لەنەریتێکی ئەفسانەیی کە بەشێوەی داستان بەیان کراوەو لەپێشدا لەسەردەستی هۆمیرۆس خانەبەندیی میژوویی کراوە (واتە قۆناغێکی لە میژوودا بۆ دیاری کردووە). تووشی تاوانی چاوگە داتاشین یان چاوگە لێتێکچوون بوون، بەڵام نوسەرانی ناوبراو ئەم لێ تێکچوونەیان وەك چالاکییکی ستایل ناسی داوەتە قەڵەم و ئەڵێن: (ئوستورەکان لەتوێی روایەتە چیرۆکیەکی هۆمەردا جێگەیان کردۆتەوە بەڵام شێوەی ناساندنو خستنەڕوویان لەچیرۆکەکەداو هەوڵی یەکگرتووکردنی روداوە پەرتەوازەکانی چیرۆکەکە، خۆی پیشاندەری دووەم پەرێزگرتنی مرۆڤە لەئەفسانەکان).

(دیالەکتیکی رۆشنگەری: نوسینی هۆرکهایمەر ئادۆرنۆ: وەرگێڕدراوی ئینگلیزیەکەی، ل١٦).

(دیالکتیکی رۆشنگەری، ل ٤٦).

بەسەرهاتێکی ئەزەلی لەهەوڵەکانی زەینیەتێك بۆ رزگار بوون لەدەست هێزە ئەفسانەییەکان لە ئۆدیسیوسدا پیشان دراوە کە بەمانای دوبەرابەربونەوەی سەر لێ شێواویە، جیهانی ئەفسانە مەنزلگەو نیشتمان نیە، بەڵکو پێچو پەنایەکی هەزار توێیە کە مرۆڤ بۆ رەگەزنامەی خۆی ئەبێ لێیان دەرباز بێت: (پەرۆش بۆ نیشتمانە، کە ئەم بەسەرهاتانەی لێ ئەکەوێتەوەو ئەبێتە هۆی ئەوەی کە زەینیەت (کە بەسەرهاتی دەستپێکردنی لەئۆدیسەدا وەسف کراوە) لەجیهانی پێشتر لەمیژوو رابکا. دژایەتی بناغەیی ئەم داستانە لێرەدایە کە چەمکی نیشتمان بەقوتبی بەرامبەری (واتە دژی) ئەفسانەدائەنێ – کە فاشیستەکان بەدرۆ وەك نیشتمانو لانکەزا ناوی ئەبەن) (دیالکتیکی رۆشنگەری. ل٧٨).

لەراستیدا، روایەتە ئەفسانەییەکان ئینسان لەپێگەی زنجیرەی جیلەکانەوە بە سەرچاوەگەکانیان ئەبەستێتەوە، بەڵام نەریتو مەناسك (ئاهەنگی ئاینی)ێك کە رەنگە لامان وایە دورکەوتنەوەی تاوانبارانەی سەرچاوگەکان لەناو ئەباو چارەسەری ئەکا، لەهەمان کاتدا دورایەکان[دورایی کەس و سەرچاوگەکانی] زیاتر ئەکات.

ئەفسانەی سەرچاوگە دەلالەت لەسەر دوو لایەنی واتایی وشەی (راچەنین) ئەکا: لەلایەکەوە لەرزو موچوڕکەی ترس لە لەناوچوون و قەڵاچۆبوون، و

لەلایێکی تـرەوە ئاسـوودەیی لـەدوای راکـردنو دەربازبوون.

لەم رووەوە ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر لەدەقێکی پاك و بێ خەوشی کردەوەگەلی خۆبەخشانەدا دوای فیلّو تەرفەندەکانی ئۆدیسیۆس کەوتوون، تائەو رادەیەی کـە بـۆ دوورخسـتنەوەی وەزەنـی خراپـی هـێزە ناپاکەکان، وەك هێمایەكو بەنـەریتی نوێنەریـەتی، قوربانییەکەیان کـە ئـەرزش و بـەهایێکی نوێـی پـێ بەخشراوە، پێشکەش ئەکـەن، توخمـی فـرت و فێـڵ بەشـی دانـەبڕی ئـەم جـۆرە کارانەیـە. ئـەم لایەنـە لەئەفسانە پیشاندەری جیاوازیی شـاراوە لـەناخی جۆرێك لەئاگاییـە، کـە تێیـدا داب و نـەریت، هـەم واقیعیەت لەخۆ ئەگرن و هـەم وەهـم و خەیاڵ. هێزی دیسان خولقاندنی مەناسك (ئاهـەنگی ئایینی) کـە لەخەسڵەتی گەڕانـەوە بـۆ سـەرچاوگەدا سـەرچاوەی گرتووە ((بەبڕوای (دورکیم) یەکیـەتی کۆمەڵایـەتی ئاپارێزێ) بۆ زانیاری کۆمەڵ، ئێجگار پێویستە. بەڵام خەسڵەتی خـەیاڵیی گەڕانـەوە بـۆ سـەرچاوگەیش بەهەمان ئەندازە پێویستە، چونکـە هـەر ئـەندامێکی کۆمەڵەی خێڵ ئەبێ بەگۆڕینی خـۆی بـە (EGO)یێك بتوانێ لـەم سـەرچاوگەیە دەربازبێت. بـەم شێوەیە هـێزە سـەرەتاییەکان کـەهاوکات پـێرۆز کـراون، فریـودراون. یەکـەم قۆنـاغی رۆشـنگەری لـەقۆناغی سەرەتاییدا لەپێکهاتـەیێکی زەینیـەت دروست ئـەبێ (دیالکتیکی رۆشنگەری ل٦٠).

ئەگەر دوورکەوتن لەسەرچاوگە، بڕیـاری ئـازادی و رزگاری بوایە، دەکرا بەرۆشـنگەریی سـەرکەوتووانەی بزانـین. بـەڵام هـێزی ئەفسـانە بـەکردەوە هۆکـاری دواکەوتوویـە. واتـە لەمپەرێکـە لەبـەردەم رێگـای کۆشش بۆ رزگاربوون و پەیوەندییە دێرینەکانی مرۆڤ لەگـەڵ سـەرچاوگەکانیدا، کـە بەوأتایـەك مانـەوە لەزیندانی[رابردوو]دا، بەردەوام ئەهێڵێتـەوە. ئەمەیـە کـە ئـادۆرنۆو هۆرکهایمـەر هـەموو ئـەو پرۆسـەیە کـە لەنێوان ئـەم دوو سنورە باسکراوەدا ئەگونجێ، نـاوی (رۆشـنگەری) لـێ ئـەنێن، وا لەقەڵـەم ئـەدرێ کـە پرۆسـەی هـەوڵو کۆشش بـۆ زاڵبـوون بەسـەر هـێزە ئەفسانەییەکاندا، لەهـەر قۆنـاغو هـەر سـەردەمێکی نوێدا، بەشـێوەیەکی چارەنووس سـاز زەمینـە بـۆ گەڕانـەوەی ئەفسانە خـۆش ئـەکات. کەواتـە ئـەم بۆچوونە دێتە ئاراوە کە رۆشـنگەری ئەگەڕێتـەوە بـۆ ئەفسـانە. جگـە لەمـەیش ئـەم دوو نووسـەرە هـەوڵی ئەوە ئـەدەن کـە قۆنـاغی ئاگاییێك کـە لـە ئۆدیسـەدا رەنگی داوەتـەوە بەبەڵگـەی راسـت بوونـی داواکـەی خۆیان دابنێن.

ئەوان رووداوەکانی ئۆدیسە یەکبەیەك ئەدەنە بەر لێکۆڵینـەوە تـاکو بـەهاییێك کـە ئۆبسیۆسـی خـاوەن ئـەزموون لـەپێناوی نەفسـی خۆیـدا بژاردوویـەتی، بدۆزنەوە، بەهاییێك کە ئەو بژاردوویەتی تاسـەرەنجام لەهەموو ئـەو رووداوانـەی کـە بەسـەری دێ بەهـەمان ئـەندازە پتـەو و بـەتوانا، رزگـاری بـێ کـە رۆح بەبۆچوونی هیگل وەك دیاردەناسێك (بەهەمان نیەتی هۆمەرەوە وەك نوسـەرێکی داستان بێژ) لـەقوڵایی ئەزمونی ئاگاییەوە سـەر دەربێنـێ. بەسـەرهاتەکانی ئۆدیسـە بـاس لەمەترسـی، فیلّو تەڵەکـە، راکـردنو چاوپۆشـی خۆڕاگرانـە ئـەکا، کـە نـەفس بـەهۆی ئەوانـەوە، بـەفێڕبوونی شـێوەی زاڵبـوون بەسـەر مەترسـیدا، بەخۆناسـین (Identity) ئـەگاتو [لەبەرامبەردا] لەگەڵ شادمانیی سەرەتایی کە پشـت ئەستوور بەیەکیەتیو سروشتی دەرەکیو ناوەکی بوو، مالّئاوایی ئەکات. سرودی (سیرن)ەکان شـادیو کامەرانییـەکمان وەبـیر ئەهێنێتـەوە کـە زەمـانێك لەسـایەی (پـەیوەندیی نـەرمی هـەڵگرو هاوسـەنگ لەگەڵ سروشتدا) دەستەبەر ئـەبوو، ئۆدیسـیۆس کـە لەپێشدا ئـەزانێ گـیرۆدەی چ داوێکـە، لەبەرامبـەر واسواسـەی سـیحراوی ئـەواندا خـۆی نادۆڕێنـێ. ((دەسـەڵاتی مرۆڤ بەسـەر خۆیدا کـە بەدیهێنـەری ئەفسانەیە ئەوە، تەقریبەن هەمیشە وەك وێرانکـەری سۆبجێکت (زەین)ێکە کە دەسـەڵات لەخزمەتی ئـەودا بـەکار ئـەبرێ، چونکـە ئـەو گەوهـەرەی کـە لەبـەر پاراستنی نەفس کۆنترۆڵ، سەرکوتو شی ئەکرێتەوە جگـە لـەو ژیانـەی کـە پاراسـتنی نـەفس لەدەسکەوتەکانیەتی، چی تـر نیـە)) (دیـالکتیکی رۆشنگەری، ل٥٤٠).

ئەم سیمای ئینسانییە کـە خۆناسـینی لەرێگـەی فێڕبوونی شـێوازگەلی دەسـەڵات بەسـەر سروشـتی دەرەکیـدا، بەبـەهای سـەرکوتکردنی سروشـتی دەروونی قـەوارە وەردەگـرێ، نمونـە بـاڵایێك بـۆ وەسفی پرۆسەی رۆشنگەری بەدەسـتەوە ئـەدات کـە تێیدا رۆشنگەری سیمای (ژانـوس)یی خـۆی ئاشـکرا ئـەکات. رەتکردنـەوەو سـەرکوتکردنی غـەریزەکانو

شاردنەوەی نەفس‌و پچڕاندنی پەیوەندیەکانی نێوان خۆو سروشتی خۆ (کە ئێستا بە id ناوئەبرێ) بەبەهایەك دائەنرێ کە مرۆڤ لەپێناوی بەدەروونی کردنی ئاهەنگی قوربانی ئەی بژێرێ. (خۆ) کە زەمانێك لەچارەنووسی ئەفسانەیی رای کردبوو و بەسەریدا زاڵ ببوو، هەر کە بەپێویستی بزانێ ئاهەنگی قوربانی بکاتە دەروونی (ناوەکی) بۆ جارێکی تر ئەچێتەوە ژێر دەسەڵاتی ئەفسانە. ((نەفسی خاوەن خۆناسیی جێگیرو یەکسان کە بەسڕینەوەی ئاهەنگی قوربانی سەرهەڵئەدا، بێ سێو دوو ئەبێتە جۆرێك مەناسکی قوربانیی تەقەتو قایمو وشك‌و رەق، کە مرۆڤ لەرێگەی بەرامبەرایەتی ئاگایی خۆی لەگەڵ زەمینەو دەوروبەری سروشتیدا، بەسەر خۆیدا بەکاری ئەهێنێ)) (دیالکتیکی رۆشنگەری، ل٥٤٠).

ئینسان لەدرێژایی مێژوویی‌و جیهانی رۆشنگەریدا رۆژ لەدوای رۆژ زێتر لەسەرچاوگەکانی خۆی دوور کەوتووەتەوەو لەگەڵ ئەوەیشدا نەیتوانیوە خایلەی گەڕانەوە بۆ ئەفسانە لەخۆیدا لەناو ببا. جیهانی مۆدێرنیتەو یەکسەرە بەعەقڵانیکراو تەنها بەڕواڵەت ئەفسانەی لەخۆی سڕیوەتەوە، بەڵام لەناخدا گیرۆدەی نەفرەتی ئەهریمەنی گۆشەگیری‌و شت چەشنایەتی ((بەچەشنی شت بوو، وەك شت بوون))و تەنهایی گوشەندە بووە.

شوێنەواری ئیفلیج کەری ئەم رزگار بوونە کوێرانەو بێ سەرو بەرەیە باس لەتۆڵە ئەستاندنی ئەو هێزە ئەزەلیانە دەرهەق بەو مرۆڤانە ئەکات، کە ئەیانەویست خۆیان رزگار کەن بەڵام بەنامورادی مانەوە. خولیای زاڵبوون بەسەر هێزە سروشتیە دەرەکیەکاندا، زەینییەتی رێبازێکی بەرهەم هێنەری ئاڕاستە کردووە کە هێزە بەرهەم هێنەرەکان تەنها لەخزمەتی پاراستنی نەفسدا بەلوتکە ئەگەیەنێ، لەحاڵێکدا هێزەکانی ئاشتی‌و هاوژینی کە لە پاراستنی نەفسی رووت بەرزتر ئەفڕن، ئەتوێنێتەوە.

هێمای رۆشنگەری هەمیشە بریتی بووە لەزاڵبوون بەسەر دەوروبەرو سروشتی دەرەکیدا –کەکراوە بەئۆبجێکتێك–و سروشتی دەروونی (ناوەکی)ی سەرکۆنەکراو.

کەوایە هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ هەمان ناوەڕۆکی ووتە بەناوبانگەکەی (ماکس وێبر) دوپات ئەکەنەوە کە بەبۆچوونی ئەو خواکانی سەردەمی کۆن کە لە ئەفسانە پاك بوونەتەوە لە قەوارەی هێزگەلی ناکەسی (غیر شەخسی)دا سەر لە گۆڕەکانیان دەرئەهێنن تاکو کێشمەکێشی رق ئەستوورانەی خۆیان لەگەڵ ئەهریمەنەکاندا دەست پێبکەنەوە.

خوێنەرێك کە لە بەرامبەر ئەفسوونی وشەو زمانی دیالکتیکی رۆشنگەریدا خۆی نەدۆڕێنێو هەوڵبدا بەدورەپەرێزگرتن لەبابەتی کتێبەکە لەداوا فەلسەفیەکەی نوسەران بەوردی بکۆڵێتەوە، تێدەگات کە گرفتی ئەو تیۆرییەی کە ئاماژەمان بۆ کرد، هیچ لەگرفتەکانی ئەو رێبازە هاوشێوەی نیچە کەمتر نیە کە بۆ روونکردنەوەی نەخۆشین ناسانەی نییلیزم گرتبوویە بەر، هەروەها خوێنەر تێدەگات کە نوسەرانی کتێبەکە خۆیان بەم گرفتانەیان زانیوەو بەپێچەوانەی ئەوەی کە لەسەرنجی یەکەمدا بەرچاو ئەکەوێ بەردەوام هەوڵئەدەن تیۆرییە رەخنەییەکەیان پتر سەبارەت بە فەرهەنگ (کەلتوور) پتەوو بەڵگەدار بکەن، دیسان پەی بەوە ئەبا کە لەم بوارەدا نوسەران کەوتنەتە باسکردنێك بەشێوەی گشتی‌و کەمتەرخەمی بابەتەکان، تائەو جێگایەی کە پیاو لەراستبوونی داواکەیاندا تووشی گومان ئەبێ[لەبەر ئەمە] حەز ئەکەم پێش هەموو شتێك راستبوونی ئەم بۆچوونەی خۆم[لەمەڕ کتێبەکە] بدەمە بەر لێکۆڵینەوە.

(هزر، مرۆڤایەتیێك لەناو ئەبا کە سەرەتا خۆی بوونی پێ بەخشیوە) هەروەها کە دیومانە ئەم داوا گەورەیە کە لەیەکەمین گوتاری وێڕایی[پاش گوتاری سەرەکی] کتێبەکە باسکراوە بەم بڕوایە پشت ئەستوورە کە پرۆسەی رۆشنگەری، لەسەرەتای پێکهاتنییەوە، بەرهەمی غەریزەی پاراستنی نەفس بووەو ئەم پرۆسەیە وێرانکەرو داپاچێنەری هزرە، چونکە رۆشنگەری ئەم هزرە تەنها بەشێوەی دەسەڵاتی ژیرانەو ئامانجدار (- purposive rational) بەسەر سروشت‌و غەریزەدا بەکار ئەبات، واتە کوت‌و مت وەك هزری کەرەسەیی. سەرەڕای ئەمەیش ناتوانین لەم وتەیە ئەمە هەڵێنجنین کەهزر لەژێر فەرمانەکانی ژیرایەتی ئامانجدارو تازەترین بەرهەمەکانیدا ئەمێنێتەوە، بەرهەمەکانی واتە زانستی نوێ، ئەندێشەی گشت گەرایانەو ئاکارو هونەری خۆ ئایین. بەڵام گوتاری سەرەکیی کتێبەکە

سەبارەت بەچەمکی ڕۆشنگەری، گوتارە وێڕاییەکان سەبارەت بەڕۆشنگەریو ڕەوشتو یادداشتەکانی پاشکۆ سەبارەت بەتەکنیکی فەرهەنگسازی، هەموویان ئەیانەوێ ئەم خاڵە بسەلمێنن.

ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر لەو باوەڕەدان کە زانستی نوێ لە پۆزتیڤیزمی ژیارەیی‌دا هاتەدیو ئەم زانستە هەموو داوایەکی راشکاوو نەگۆڕی لەقەڵەمڕەوی مەعریفەی تیۆرێکدا بەقازانجی سودمەندیی تەکنیکی ڕەتکردوەتەوە. ((ئەوەی ڕەتدەکرێو وەلا ئەنرێ هەموو داواو ڕێ دۆزینەوەی ماریفەتە: داوای دەرکو تێگەیشتنی خودی دراوە (Data)کانو فاکتەکان، نەک تەنها دیاریکردنو دەستنیشانکردنی ڕێژە تەجریدیەکانی زەمەنی مەکانی نێوان فاکتەکان کەتوانای دەسەڵاتداریتی‌مان بەسەریاندا ئەبەخشێ، بەڵکو لەبەرچاوگرتنی ئەوانە وەک شتگەلێکی ڕوکەشیو ڕۆتینی، وەک وردکاریە چەمکیە واستەدارەکان کە تەنها لەناخی گۆڕانو فراوانبوونەوەی مانای میژوویی، کۆمەڵایەتیو ئینسانی خۆیدا دێتە دی)) (دیالێکتیکی ڕۆشنگەری، ل٢٦-٢٧).

ڕەخنەی پۆزتیڤیستانەی زانست کە پێشتر باسی کرا بوو ئێستا ئەگاتە ئاستی ڕەخنەی تۆتالیتاریانە، واتە ئەو داوایە دێتە ئاراوە کە خودی زانستەکانیش ڕاکێشی هزری کەرەسەیی بوونو تێیدا تواونەتەوە. بێجگە لەمانەیش، هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ، هاوتەریب لەگەڵ ناوەڕۆکی دوو کتێبی (بەسەرهاتی ژولیێت)و (نژاد ناسی-ی ئاکار) ئەیانەوێ واپیشاندەن کە هزر لەمەیدانی ئاکارو مافدا دەرکراوە، چونکە بەخامۆش بوونی ئەستێرەی جیهانبینیە ئایینی-میتافیزیکیەکان ئیتر هەموو هاوسەنگیەیە هەنجار (نۆرمال) دانەرەکان لەبەرامبەر تاقە چاوگەیێک کە ماوەتەوە -واتە هزر- متمانەی خۆیان لەدەست داوە. (دیالکتیکی ڕۆشنگەری، ل١١٨).

هەروەها ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر ئەڵێن کە ((دوسادو نیچە ئەوەیان دەرنەبڕیوە کە هزری فۆرمالیتە پتر هاوپەیمانی ئاکارە تابێ ڕەوەشتی)) (دیالکتیکی ڕۆشنگەری ل١١٧و ١١٨). ڕەخنەی پێشینی ئەوان سەبارەت بەلێکدانەوەکانی ((ئەودیو ئاکارییەوە)) لەئاکار، ئەبێتە هاوەنگی تەوس ئامێز لەگەڵ گومانکاریی ئاکاری.

سەرەنجام، هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ لەڕاقەکەیاندا سەبارەت بەفەرهەنگی خەڵکیانە ئەیانەوێ نیشانی بدەن کەهونەری ئاوێتە بەسەرگەرمی، توانای داهێنانی لەدەست داوەو هیچ هەوێنێکی ڕەخنەییو ئاماجیی تێدا نەماوە: ((هۆکارێك کە ئەبێتە هۆی بەرزتر فرینی کاری هونەری لەواقیعیەت، بێگومان لەستایل جیاوازو سەربەخۆ نیە، بەڵام نابێ ئەم هۆکارە لەهاوەنگیی بەکردەوە، یان هەر چەشنە یەکیەتێکی گوماناویی فۆرمو ناوەڕۆك، دەرەوەو ناوەوەو تاکو کۆمەڵگادا بۆی بگەڕێن، بەڵکو ئەبێ لەو تایبەتمەندییانەدا سوسەی بکەین کە باس لەداپچڕانو دژایەتی ئەکەن - لەهەرەس هێنانی بێگومانی هەوڵی بەگوڕ بۆ گەیشتن بەناسینو یەکسانی. بەرهەمە هونەرییە سوکەکان لەبری ئەوەی خۆیان لەم هەرەس هێنانە بدەن، کە تێیدا ئەو ستایلی بەرهەمە هونەرییە گەورانە هەمیشە بەرەتکردنەوەی خۆیان گەیشتوون، بەردەوام جەخت لەسەر چواندنی خۆی لەگەڵ بەرهەمە هونەرییەکانی تردا ئەکاتەوە، واتە لەسەر ناسنامەیێکی دەستەدووەمو درۆیین. لەپیشەی فەرهەنگسازیدا ئەم لاسایی کردنەوە بەپۆپە ئەگاو ئەبێتە فاکتێکی ڕەها)) (دیالکتیکی ڕۆشنگەری، ل١٣٠و ١٣١).

ڕەخنە سەرەتاییەکانی ئەوان سەبارەت بەخەسڵەتی ڕووت ئیجابی فەرهەنگی بۆرژوایی، بەرهەمێکی لێ ناکەوێتەوە، مەگەر تووڕەیێکی نەزۆك دژ بەیەکسانیی تەوس ئامێزی حەشاردراو لەبڕیارێکی بەڕواڵەت نەگۆڕدا کە فەرهەنگی خەڵکی، کە خۆی هەمیشە خەسڵەتی ئایدیۆلۆژیکی بووە، دەری ئەکات.

بەم شێوەیە، سەبارەت بەزانستو ئاکارو هونەریش هەمان شێوازی بەڵگەکاری بەڕێوە ئەچێ: لێکدابڕانی ناوەندە فەرهەنگیەکانو ئاوابوونی هزری گەوهەری کە هێشتا بەشێکە لەپەیکەری ئایینو میتافیزیك وردکاریە ژیرانەکان (کە گۆشەگیرکراونو یەککڕتوویان لەدەست داوە) بەتوندی لاواز ئەکا. تائەو ڕادەیەی کە ئەم وردکاریانە تائاستی جۆرە عەقڵانیەتێك ئەکشێنرێتەوە کە لەخزمەت جۆرە پاراستنی نەفسێکی بێ لەغاودان. لەنوێخوازیی فەرهەنگیدا، داوای دروستی، بێگومان لەبەرنامەی هزر ئەسڕدرێتەوەو هزر تێکەڵ بەدەسەڵاتو هێزی بێ خەوش ئەبێ. هەر ئەوەی کە هێزو داوای

دروستی، پێکهاتەیێکی نابارو نەگونجاو پێك ئەهێنن، توانا رەخنەییەکان بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی ((ئەرێ)) یان ((نەء))و جیاکردنەوەی مەسەلە راستو ناڕاستەکان لاواز ئەبن.

کاتێ رەخنەی هزری کەرەسەیی تاڕادەی ئەم وتەزایە دا بشکێ، ئەتوانین تێبگەین کە بۆچی وێنەیێك کە دیالکتیکی رۆشنگەری لەنوێخوازیی ئەکێشێتەوە تاڕادەیێکی سەرسووڕهێنەر ساویلکانەیە. مەقامی تایبەتی نوێخوازی فەرهەنگی (کەلتووری) لەوتەزایەکدا دەرئەکەوێ، کە ماکس وێبر بەناوی (جیاکردنەوەی ناوەندە ئەرزشییەکان بەگوێرەی ژیارەی تایبەتی خۆیان) ناوی بردووە. ئەم جیاکردنەوە پتر لەوەی هێزی رەتکردنەوەو توانای دیاریکردنی (ئەرێ)و (نەء) لاواز بکا، توانای پێ ئەبەخشێ، چونکە لەم حاڵەتەدا ئەتوانین هەموو پرسیارێك دەربارەی حەقیقەت، یەکسانیو زەوق، گونجاو لەگەڵ ژیارە (مەنتیق)ی تایبەتی هەرکامەیان، بدەینە بەر لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەو راڤە. راستە کە لەناخی ئابووریی سەرمایەداریو حکومەتی مۆدێرندا، ئەو مەیلەیش کە ئەیەوێ هەموو پرسیارو داوا متمانەدارەکان لەناوەندی سنوربەندکراوی عەقڵانیەتی ئامانجداردا بگونجێنێ- ئەقڵانیەتێك کە تەنها شیاوی مەسەلەکانی لەمەڕ پاراستنی نەفسو سیستمە خۆ پارێزەکاندا- بەهێزتر ئەبێ، بەڵام رەوتی بەناچاریی جیاکردنەوەی ئەو هزرەی کە قەوارەی جۆرێك ڕێباز یان شێوازی بەخۆوە گرتووە، لەگەڵ ئەم مەیلی بەرەو پاش چوونی کۆمەڵایەتی هەزردا، لەمنافەسەو پێشبڕکێدایە، هەر ئەو رەوتە ناچارییەی کە بەرهەمی ئەقڵانی بوونی جیهانبینیەکانو ژینی جیهانەکانەو بەهیچ شێوەیێکیش ناکرێ بەسوکو کەم بەها لەقەڵەم بدرێ. قەوارە وەرگرتنی فەرهەنگە تایبەتەکان کە لەراندا ناوەندەکانی متمانە بەوردی پێناسەو روونکراونەتەوە، ئەم هەلەیان رەخساندووە کە داواکاریەکانی لەمەڕ راستی-ی بابەتەکان، راست بوونی[دادوەریی] تۆرمالیتیەکان،و رەسەنایەتی، مەنتیقی تایبەت بەخۆیان بەدەست بهێنن (و هەر بەم شێوەش ژیانی تایبەتی خۆیان بدۆزنەوە، ژیانێك کە لەسروشتی خۆیدا نەهێنی ئامێزەو بەردەوام روبەڕوی مەترسی دابڕان لەڕەوتی پەیوەندیی رۆژانە ئەبێتەوە)و ئەم گۆڕانکاریە [وەك لایەنی فراوانبوونەوەو جیابوونەوەی ناوەندە باسکراوەکان] لەپێشبڕکێو دژایەتی لەگەڵ رەوتێك دایە کە ئەیەوێ بەشێوازی سروشت گەرایانە[و پۆزیتیڤیزمی] داواکاریی متمانە لەناو داواکاریی هێزدا بتوێنێتەوەو توانا رەخنەییەکانی ئێمە لەناو بەرێ.

دیالکتیکی رۆشنگەری دەربارەی ناوەڕۆکی ژیرانەی نوێخوازی فەرهەنگی کە براوەتە ژێر دەسەڵاتی بۆرژوایی (و بووەتە شتێکی کەرەسەیی) بەویژدانەوە دادوەری ناکات. لێرەدا بیر لەسوسەیێکی تیۆریکی تایبەت ئەکەینەوە کە بەردەوام زانستەکانو تەنانەت خود ئەندێشیی زانستەکانیش بەرەو گۆڕەپانی بەرزتر لەتەنها، بەرهەم هێنانی زانستی سودمەند بۆ تەکنیك داهێنان، ئەبا، سەرەڕای ئەمەیش بیر لە بونیادی گشتگەرایانەی ماقو ئاکار ئەکەینەوە کە ئەمانیش (هەرچەن بەشێوازگەلێکی کەمو کوڕو ناتەواو) لەناخی حکومەتە مەرجیەکان (مشروطة)، لەفۆرمگەلی دروستبوونی ئیرادەی دیموکراتیکو لەنمونە باڵاکانی تاك گەرایانی پێکهاتنی ناسنامەدا، جێگەی خۆیان کردوەتەوە، بێجگە لەمانەیش تیشك ئەخەینە سەر لانکەزابوونو وزەی تەقینەوە (و رزگاربەخش)ی ئەزموونە جوان ناسیەکانی بنەڕەتی، کەزەینییەتی ئازاد کراو، لەپێداویستیەکانی کردەوەی ئامانجدارو داب‌و نەریتو بنەماکانی دەرکی رۆژانەو باو، لەپرۆسەی ناوەند رەوێنی (decentering)ی خۆیدا بەدەستی ئەهێنێ - ئەزموونگەلێك کە لەبەرهەمەکانی هونەری پێشڕەوو لەگوتراوەکانی رەخنەی هونەریدا دەرئەبڕدرێ، و هەروەها لەمەیدانی ئەو ئەرزشانەی کە لەسایەی نوێکاریدا پەروەردە کراونو یارمەتی هاتنەدی نەفس ئەدەن، تاکو بەپلە گەلێك لەئاکامەکانی رۆشنی بەخش (یان لانی کەم، ئاکامگەلێك لەدژی بارودۆخی ئێستانو بەکەڵکن) بگات.

ئەگەر ئەو وشە گرنگانە بەلەبەرچاوگرتنی ئامانجەکانی ئەم گوتارە بەجوانی پەروەردە بکرێن، ئەم بۆچوونە ئەسەلمێنێ کە، ئەگەر کەسێك بۆ یەکەم جار کتێبەکە بخوێنێتەوە واهەست ئەکا کە باسی کتێبەکە - بەخۆپەرێزییەوە - ناتەواوو یەکلایەنەیە.

خوێنەر بەئاسانی هەست بەوە ئەکا، کە کتێبەکە، بەلەپێشگرتنی شێوازێکی کەمتەرخەمانە

خۆی لە تایبەتمەندییە بنەڕەتیەکانی نوێخوازیی فەرهەنگیی، گێڵ کردووە.

بەڵام ئێستا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە چ شتێك، هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆی هانداوە کە ڕەخنە لەڕۆشنگەری بگرن، ئەویش ڕەخنەیێکی ئەوتۆو بنچینەیی کە تەنانەت خودی پڕۆژەی ڕۆشنگەرییش ئەباتە ژێر پرسیارەوە.

دیالکتیکی ڕۆشنگەری تەقریبەن هیچ ڕێگەیێك بۆ دەربازبوون لە[چارەنووسی] ئەفسانەی ژیرانەی ئامانجدار کە لەقەوارەی تووڕەیی بەرجەستەدا خۆی ئەنوێنێ، ناهێڵێتەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلە، ئەمەوێ ئاستی ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی مارکس لەپڕۆسەی ڕۆشنگەریدا بەشێوەیەکی گشتی دەستنیشان بکەم، تاکو دەرکەوێ کە بۆچی هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە نەك هەر ئەبێ لەم جۆرە ڕەخنەیە دەست هەڵبگرن، بەڵکو پێویستە ڕەخنەیێکی تر بکەنە جێنشینی.

(٢)

تائێرە لەگەڵ ئەندیشەی ئەفسانەییدا تەنها وەك لایەنی ڕەفتاری نادیاری زەین لەبەرامبەر هێزە ئەزەلییەکاندا ئاشنابووین، واتە لەروانگەی ڕزگاربوونەوە کە بۆ قەوارە گرتنی ناسنامە – خۆبوون (identity) پێویستە، بەڕای هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ، ڕۆشنگەری کۆششێکە بۆ ڕاکردن لەچنگ هێزەکانی چارەنووس، بەڵام، نەفرەتو تووڕەیی ئەفسانە یەخەی ئەو کەسانە ئەگرێ کە بەبیانووی ئەم جۆرە ڕزگارییە – کە چۆڵەوانێکی تاراوو خەمناك زیاتر نیە – بیانەوێ لەچنگ ئەفسانە ڕابکەن.[لەدیالکتیکی ڕۆشنگەریدا] ڕەهەندێکی جیاواز لەوەسفی دوو وتەزای (بیردۆزی)ی ئەفسانەو (ئەندێشە)ی ڕۆشنگەری، تەنها لەچەن ڕستەدا باسکراوەو تێیدا ئەفسانە سرپینەوە وەك ڕەوتی گۆڕانکاریو جیاکردنەوەی چەمکە بنچینەییەکان باسیکراوە.

ئەفسانە هێزە گشتگیری بەخشەکەیو یەکپارچەگەرایی خۆی لەهێزێکەوە ئەزانێ کە ئەتوانێ هەموو دیاردە ڕووکەشیەکان لەناو تۆڕێك لەپەیوەندییە پشت بەستوو بەلێکچوونو وەك یەکبوونو بەرامبەرەکاندا، لەگەڵ چەمکە بنچینەییەکان تێکەڵاو بکاو بیانکا بەیەك. چەمکگەلێك، کە بەیارمەتی ئەوان ئەو وتەزایانەی لەجیهاندا ئیتر قابیلی سازان نین پێکەوە، یەکگرتوو ئەبن، بۆ نموونە، زمان وەك کەرەسەیێکی بەیان (دەربڕین) هێشتا ئەوەندە لەواقعییەت دوور نەکەوتووەتەوە کە یەك هێمای ناسراو،[لەهێماکانی زمان] بەجارێ لەناوەڕۆکی واتایی‌و وابەستەی خۆی جیا بووبێتەوە، ئاسمانی زمان هەروا بەردەوام لەگەڵ سیستەمی جیهاندا پێکەوە چنراون. ناتوانین بەبێ خستنە مەترسی–ی سیستەمی مەسەلەکان‌و ناسنامەی نەتەوەیی‌و خێڵایەتی سەقامگیریان، نەریتە ئەفسانییەکان ڕێکبخەینەوە دروستیان بکەینەوە. وتەزاکانی هەڕێمی متمانە وەك (ڕاستگۆ)و (درۆزن)و (خێر)و (شەڕ) هەورەك خۆیان لەگەڵ چەمکە ئەزموونییەکان وەك (ئاڵوگۆڕ)، (هۆکارێتی)، (تەندروستی)، (مادە)و (سامان) تێکەڵاوو لێك ئاڵاون. لەبیردۆزیی جادوویدا جیاوازکردنی چەمکی بنچینەیی لەنێوان شتەکان‌و کەسەکان،و گیاندارو بێ گیان، هیچ جێگایێکی نیە. واتە جیاکردنەوەی ئەو بەرجەستانەی کە ڕێی دەست تێوەردانیان هەیە لەگەڵ ئەو بکەرانەی کە کردەوەو وتە زمانیەکانیان پێوە ئەبەستینەوە، تەنها لەڕەوتی ئەفسانە سڕینەوەدایە کە ئەم ئەفسوونە پاکسازی ئەکرێ، ئەفسوونێ کە لەبەرچاوی ئێمە لە تێکەڵاوەیێکی فەرهەنگو سروشت ئەچێ.

پڕۆسەی ڕۆشنگەری ئەنجامی ئەبێتە کۆمەڵگا سڕینەوە لەسروشتو سروشت سڕینەوە لەجیهانی ئینسانەکان؛ دەکرێ لەگەڵ (پیاژە) هاودەنگ بین‌و ناوی ئەم ڕەوتە بنین سڕینەوەی ناوەند لەجیهان ببینیدا.

جیهان بینی کۆن لەکۆتاییدا خەسڵەتێکی زەمەندار پەیدا ئەکاو، وەك پەڕژین (لێکدانەوە)یێکی گۆڕان هەڵگر، لەخودی جیهان جیا ئەکرێتەوەو دیاری ئەکرێ. ئەم جیهانە دەرەکیە ئەکرێ بەدوو جیهان: جیهانی بەرجەستەی ووتەزاکان‌و جیهانی کۆمەڵگایی هەنجارەکان (NORMALS) (یان پەیوەندیی داڕێژراوی نێوان تاك بەهۆی هەنجارەکانەوە)، ئەم هەردوو جیهانی لەبەرامبەر جیهانی دەروونیی ئەزموونە زەینییەکانی تایبەت بەتاکدا وەستاون، هەروەك ماکس وێبر پیشانی داوە ئەم پڕۆسەیە

شانبەشانی بەژیرانە بوونی جیهان بینییەکان بۆ پێشەوە ئەڕوا، جیهان بینی گەلێك کە لەقەوارەی ئایین‌و میتافیزیکدا، خۆیان بەرهەمی رەوتی ئەفسانە سڕینەوەن. لەجێگایێکدا کە رەوتی بەژیرانەبوون لەسنووری چەمك گەلی ئیلاهیاتی‌و میتافیزیکی ناوەستێتەوە (وەك نەریتی خۆرئاوا) قەڵەمڕەوی پەیوەندیەکانی متمانە نەك تەنها لەهەرچەشنە غەل‌و خەوشێکی ئەزموونی ئەپالاوترێ بەڵکو بەگوێرەی روانگە گونجاوەکان لەگەڵ حەقیقەت (یان راستی)‌و دروستی هەنجاری‌و راستی زەینی، یان رەسەنایەتی‌دا خانەبەندی ئەکرێ.

ئەگەر پرۆسەی نێوان ئەفسانەو رۆشنگەری بەم شێوەیە وەسف بکرێ، واتە وەك رەوتێك کە تێیدا ناوەند سڕینەوەیی یان ناوەند پژاوی (DECENTERED) لە جیهان دەرك ئەکرێ، ئەو کاتە ئەتوانرێ جێگایێك کە شێوازی رەخنەی ئایدیۆلۆژی بەم رەوتەوە ئەبەستێتەوە، دەستنیشان بکرێ. تەنها ئەو کاتەی کەناوەندەکانی واتاو واقیعیەت‌و پەیوەندیی دەرەکی‌و ناوەکەی‌لێك نەدرابێتن، تەنها کاتێ کەزانست، ئاکارو هونەر هەر کامەیان داوای متمانەی تایبەتی خۆیان هەبێ، و ئەو کاتەی کەهەر کامەیان لەژیارەی تایبەتی خۆیان پەیڕەوی بکەن‌و هەموو ناپاکیەکانی گەردوون ناسی، ئیلاهیاتی‌و ئایینی لەخۆیان دوربخەنەوە – ئەوکاتەیە کە ئەم گومانە پەیدا ئەبێ کەدوای هەر تیۆرییەك (چ ئەزموونی‌و چ هەنجاری) لەسەرخۆ ئایین بوونی متمانەی خۆی، وەهەو خەیاڵێك زێتر نیە چونکە بەرژەوەندیی شاراوەو داواکاریی دەسەڵات بەکەڵێن‌و کۆڵێن‌و کەلەبەری ئەم تیۆرییەدا رەگاژو بوون. رەخنەیێك کە لەم تەمو بەدگومانییە سەرچاوە بگرێ هەوڵ ئەدا، بیسەلمێنێ کە تیۆری گومانەوی پیشاندەری جۆرێك بۆ دواوە گەڕانەوەیەو هەروەها لەچوارچێوەی هەمان ئەو بابەتانەی کە ئەم تیۆریە راستەوخۆ داواکاری متمانەییانە، وابەستەیێك ئەبینرێ کە قبوڵ کردنیان بەبێ متمانە بوونی تیۆرییەکە ئەشکێتەوە. رەخنە، ئەو کاتە خەسڵەتی رەخنەی ئایدیۆلۆژیك پەیدا ئەکات کە بکۆشێ پیشانی بدات، لەنێوانی متمانەی تیۆرییێکداو ناوەندێك کە تیۆرییەکە لەناخیەوە سەری هەڵداوە، دووڕایی‌و جیاوازییێکی ئەوتۆ دروست نەبووە، و دیسان پیشانی بدات کە لەپشت تیۆرییەکەوە، تێکەڵاوییێکی پاساو هەڵنەگر لەهێزو متمانە خۆی شاردۆتەوە، تێکەڵاوەیێك کە تیۆرییەکە ناوبانگی خۆی لەوەوە ئەزانێ. رەخنەی ئایدیۆلۆژی ئەیەوێ پیشانی بدات کە چۆن لەهەمان ئاستدا کە جیاکردنەوەی ورد لەنێوان ناوەندەکانی واتاو ناوەندەکانی واقیعیەتدا، مەسەلەیێکی بنچینەیی‌و ژێر خانییە، ئاوهایش هەر ئەم پەیوەندییە ناوەکی‌و دەرەکیانە تێکەڵ ئەبن‌و رەخنەی ئایدیۆلۆژی ئەیەوێ بیسەلمێنێ کە ئەم تێکەڵاوییونە لەو ڕووەوە ڕووئەدات کە داواکارییەکانی متمانە، بۆنەو هۆکانی هێز دیاری ئەکەن. رەخنەی ئایدیۆلۆژی خۆی نابێ ببێتە تیۆرییێك لەبەرامبەر ئەم یان ئەو تیۆریدا، بەڵکو تەنها لەهەندێ لەگریمانەکانی تیۆریی مەوجود کەڵك وەرئەگرێ‌و بەیارمەتی ئەوان هەوڵ ئەدا راست بوونی تیۆرییێکی گومانەوی بەئاشکراکرنی رەگەزە درۆزنەکانی شاراوە تێیدا، ئەو تیۆرییە بخاتە ژێر پرسیارەوە. رەخنەی ئایدیۆلۆژی بەپیشاندانی ئەم مەسەلە کە تیۆرێك کە دەرکی ئەفسانە سڕینەوە لەجیهان، پێشەکی بەحەقیقەتێك ئەزانی خۆی هێشتا کۆیلەی[ئەفسوونی] ئەفسانەیەو هەروەها دەستنیشانی بەهەڵەدابردنی چەمکگەلێکە[متمانەو هێز] بکات کە بەڕاشکاوی ئاشکرا کراوەو راست کراوەتەوە، پرۆسەی رۆشنگەری بەرەو پێشەوە ئەبا.

بەیارمەتی ئەم جۆرە رەخنەیە، رۆشنگەری بۆ یەکەم جار ئەبێتە جێگەی هەڵوێستەیێك‌و ئەم کارەیش لەسایەی دەستکەوتەکانی خودی رۆشنگەری، واتە تیۆرییەکانەوە دێتە دی. لەگەڵ ئەمانەیشدا، درامای رۆشنگەری بۆیەکەمجار کاتێ ئەگاتە پۆپە کە ئەم بەدگومانیە پەرە ئەستێنێ کە خودی رەخنەی ئایدیۆلۆژی–ش (ئیتر) هیچ حەقیقەتێ بەدەستەوە نادات–و[بەم شێوەیە] رۆشنگەری ئەچێتە قۆناغی هەڵوێستەی دوو چەندانەوە. ئینجا بیابانی گومان فراوانتر ئەبێتەوە‌و بیردۆزیی هزریش ئەگرێتەوە، هەمان هزرێك کە رەخنەی ئایدیۆلۆژی پێوەرەکانی لەئامانجەکانی بورژوایی‌دا دۆزیبوەوە،و زۆریش بەجدی‌و سەلمێندراوی ئەزانین. ئەم هەنگاوە دیالکتیکی رۆشنگەری هەڵی ئەگرێ. بەم شێوەیە کە رەخنە،

تەنانەت لەبناغەکانی خۆی[واتە هزر] جیاو سەربەخۆ ئەکات. بەڕاستی بۆچی هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە بەئەرکی خۆیان ئەزانن؟ تیۆریی رەخنەیی، سەرەتا لەبازنەی[ئەندێشەی] هۆرکهایمەردا سەری هەڵدا، تاکو بیرێك لەنائومێدیە سیاسیەکانی لەهەلو مەرجی نەبوونی شۆڕش لەخۆرئاوادا، پەیدا بوونی ستالینیزم لەروسیەداو سەرکەوتنی فاشیزم لەئەڵمانیا بکاتەوەو هەڵوێستەیێك بکات. ئەم بازنە نیازی وابوو پێشگۆییە ناڕاستەکانی مارکسیستی روون بکاتەوە، بەبێ ئەوەی لەمەبەستەکانی مارکسیستی جیا ببێتەوە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو زەمینەی کە باسمان کرد، ئەمە دەرك ئەکرێ کە چۆن لەتاریکترین سااڵەکانی جەنگی جیهانیی دووەمدا ئەم باوەڕە[لەبازنەی هۆرکهایمەردا] دروست ئەبێ، ئەمە لەکاتێکدایە کە دواپین تیشکەکانی ئومێد لەئاسۆی زەمەندا رەو ئەکەنو لەوێرانەکانی ژیوارە (حضارة)ی لەگیانەڵادا لەتەخشتێکی هیوا بەدی ناکرێ. وادیار بوو ئەندێشەی مێژووی سروشتی کە لە -بنیامین- هەوە بەئادۆرنۆی گەنج گەیشتبوو، بەشێوەیێکی چاوەڕوان نەکراو ببوو بەواقیعیەت.

لەساتەوەختێکدا کە مێژوو بەوپەڕی پەلەو هەڵپەی خۆی گەیشتبوو، لەقەوارەی سروشتدا تەزیو گۆت بوو، یان باشتر بڵێین لەگۆڕستانی ئومێددا توایەوەو لە ناوچوو.

ئەم جۆرە ڕوونکردنەوانە لەسەر بناغەی مێژوو سایکۆلۆژیی سەردەم تەنها تائەو جێگا - لەگۆڕپانی تیۆرێکدا- سودمەندو بەکەڵکن، کە هەڵگری چەن خاڵو ئیشارەتێك بن بۆ وروژاندنی دنەدەری[لێکۆڵینەوە] دیسپلین داراکان، بەڕاستی، گریمانەکانی بناغەیی ماتریالیزمی مێژوویی کە قوتابخانەی فرانکفۆرت بنەماکانی خۆی لەساڵەکانی ١٩٣٠دا لەسەر ئەو دامەزراند، بەناچار ئەبوایە لەژێر کاریگەریی ئەزموونە سیاسیەکان[ی ئەو سەردەمەدا] بوایە.

لەیەکێك لە "یاداشتو دەستنووسەکاندا" سەبارەت بە"فەلسەفەو دابەشینی کار[ی زانستی]" کە زۆریش پەیوەندی بەبابەتەکانی تری کتێبەکەوە نیە چەن رستەیێك سەرنج راکێشەرن، کە ئەڵێی لەسەردەمی کلاسیکی تیۆریی رەخنەییەوە هاتوونەتە ناو دەقەکە: "فەلسەفە، یاسا، یان ئامانجگەلێکی تەجریدی کە شیاوی کار پێ کردنو تەنفیز بێ شك نابا، تاکو، بینێتە جێگەی یاساو ئامانجەکانی یاوو رۆیشتووی ئێستا. فەلسەفە لەو ڕووەوە کە ئامانجە بۆرژوازییەکانی قبوڵ کردووە، بارودۆخی ئێستا کاری تێناکاو لەکاریگەریی بارودۆخ پارێزراوە، بەڵام بەبێ ئەوەی هۆکاری شاراوەی بەدینەهاتنیان لەبەرچاو بگرێ. ئەمانە رەنگە هەر ئەو ئامانجانە بن کە لەلایەن کەسانێکەوە کە نوێنەری پاراستنی بارودۆخن - هەرچەن بەشێوەیێکی لادەرانە- رەئەگەیەندێرن، و یان ئەوئامانجانەی کە سەرەڕای هەموو دەستێوەردانیان، هێشتا دەکرێ وەك واتای بەرجەستەی ئۆرگانە مەوجودەکان - چ فەرهەنگیو چ تەکنیکی- بناسرێتەوە". (دیالکتیکی رۆشنگەری ل٢٤٣).

کەواتە هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ هەمان نمونەی بااڵی رەخنەی ئایدیۆلۆژیی مارکس یان هێناوەتە ئاراوە کە لەسەر ئەو داوایەیە، کە لێهاتوویی ژیرانە شاردراوەکان لە "ئامانجە بورژوازییەکان"داو هەمان لێهاتوویەکان کە لە "واتای بەرجەستەی ئۆرگانەکاندا" ڕۆچووە، سیمایەکی دوانە (دووچەشنە) وێنە ئەکەن: لەلایەکەوە رواڵەتێکی فریودەر بەئایدیۆلۆژی دەسەڵاتدار ئەبەخشن وەك ئەوەی ئەنەما ئەوانە تیۆرییێکی ڕەواو جێی متمانەن؛ و لەلایەکی ترەوە خاڵێکی دەستپێکردن بۆ رەخنەی ناوەڕۆك جاویدی ئەو بونیادانە فەراهەم ئەکات کە ئەوەی واتەنها لەخزمەت چینی دەسەڵاتداری کۆمەڵگادایە، ببێتە شتێك، کە لەبەرژەوەندیی هەمواندابێ.

رەخنەی ئایدیۆلۆژیکی[کلاسیك] لەم تیۆریانەدا بە هەڵە بەکار هێنراون، سەرەداوێکی لە هزری زیندوو کاریگەر بەدەستەوەدا کە لەخودی هزر شاراوە بوو. رەخنەی ئایدیالۆژیکی ئەم تیۆرییانەی بەرێنمایێك دائەنا کە ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیانەی والەگەڵ فراوانبوونەوەی هێزی بەرهەم هێناندا گونجاون، ئەتوانن کەڵکی لێوەربگرن.

لەدەیەی ١٩٣٠دا تیۆریسیەنەکانی قوتابخانەی رەخنەیی تاڕادەیێك بڕوایان بە کارامەیی ژیرانەیی شاراوە لەفەرهەنگی بۆرژوازی (کە ڕەگی لەفەلسەفەی میژوودایە) هەبوو. کارامەیێك کە

گریمانەی ئەوە ئەکرا لەژێر گوشاری هێزە بەخۆنازەکانی بەرهەم هێنەردا خۆبنوێنن. زنجیرەیێك لێکۆڵینەوە کە لە گۆڤاری (لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکان) (١٩٣٢- ١٩٤١) بڵاوکرایەوە، هەر لەم باوەڕەوە سەرچاوەی گرتووە. "هێڵمۆت دۆبی بێل" وێڕای شیکردنەوەی چۆنیەتی گەشەی قوتابخانەی رەخنەیی لەسەردەمی دەستپێکردنیەوە پیشانی ئەدا کە بۆچی سەرچاوەی بڕواو متمانەی ئەم قوتابخانەیە[بەکارامەیی ژیرانەی فەرهەنگی بۆرژوازی] لەسەرەتای دەیەی ١٩٤٠دا بەرەو وشك بوون چوو،و چۆن بوو کە هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ بانگەوازی رسوابوونی رەخنەی ئایدیۆلۆژیکی مارکسیستیان راگەیاند،و چۆن چۆنی بوو کە بڕوایان بەئەگەری راست بوونی گفتەکانی تیۆری رەخنەیی لەمەڕ کۆمەڵگا بەیارمەتی کەرەسەکانی زانستی کۆمەڵایەتی نەما.

لەبەرامبەر هەوڵی رایدکاڵیزە کردنی رەخنەی ئایدیۆلۆژیك‌و زاڵبوونی بەسەر خۆیاندا. بەم بۆچوونەوە کە رۆشنگەری لەچۆنەیتی خۆی ئاگادار بکەنەوە. پێشەکیی دیالکتیکی رۆشنگەریش بەدڕان نان بەم خاڵەدا دەست پێ ئەکا: [هەرچەن دەمێ ساڵ بوو ئەمان زانی کە دەستکەوتە مەزنەکانی زانستی کارامە بەلاوازکردنی رۆژ لەدوای رۆژی زانیاریە تیۆرییەکان ئەشکێتەوە، هەروەها لەو باوەڕەیشدا بووین کە لەقەڵەمڕەوی چالاکیە زانستیەکاندا رۆڵی ئێمە لەچوارچێوەی رەخنەیان فراوانکردنەوەی دەستکەوتە پسپۆڕیانەکاندا سنوربەند ئەکرێ، یان لانی کەم وەك باری ناوەڕۆك ناچار ئەبین کە لەسنووری -بەشە تەقلدییەکان- سۆسیۆلۆژی، سایکۆلۆژی‌و مەعریفە ناسی- دا بمێنینەوە. سەرەڕای ئەمانە، ئەو گوتارانەی کە لەم کتێبەدا کۆمان کردووەتەوە شایەنی ئەم راستەقینەیە کە بەحوکمی پێویست ئەو سنورانەمان بەزاندووە (دیالکتیکی رۆشنگەری، پێشەکی، ل١١).

ئەگەر زانیاریی نەهامەتی نوسەرانی "رەش ئەندێش" باس لەواقعییەتی فەرهەنگی بۆرژوازی ئەکات، رەخنەی ئایدیالۆژیك ئیتر هیچی پێ نامێنێ کەشانازی پێوە بکات،و لەهەڵو مەرجێکدا کە هێزە بەرهەم هێنەرەکان بەژیانێکی سوك‌و کەم بایەخانەوەقایلن لەگەڵ پەیوەندییە بەرهەم هێنەرەکاندا، هەڵکەن،- ئەو هێزانەی کە وایان دانابوو هەرچی پەیوەندیی بەرهەمهێنانە یەکسەرەبی رمێنو تێکی بشکێنن- ئیتر چالاکیەك لەکاردا نامێنێ کە رەخنە دڵی پێ خۆش بکا.

تائەو رادەی کە رەخنە، هێرش ئەکاتە سەر هزر کە وەك بونیادو پێوەری متمانەی خۆیەتی،و ماهیەتێك بەخۆوە ئەگرێ گشتگیرو فرە لایەن[وای لێ دێ خۆیشی ئەگرێتەوە] چۆن ئەتوانین ئەم پرۆسەی تۆتالیتاری بوون‌و خۆئایین بوون‌و سەربەخۆبوونەی رەخنە پاساو بدەین؟

(٣)

بەدگومانی بەرامبەر ئایدیۆلۆژی، گشتگیرو فرەلایەنگیر ئەبێتەوە، بەپێ ئەوەی بارو لایەنەکەی بگۆڕدرێت، ئەم بەدگومانیە نەك تەنها کردەوە ناژیرانەکانی ئامانجەکانی بورژوازی، بەڵکو لێهاتوویەکانی ژیرانەی خەودی فەرهەنگی بۆرژوازیش ئەگرێتەوە،و بەم شێوەیە هەموو چەشنە رەخنەیێکی ئایدیۆلۆژیك کە خەسڵەتی ناوەڕۆکجاویدی هەبێ دیسان ئەچێتەوە ئەو خانەیە. بەڵام لەئامانجدا کە هەمان پەردە لادان‌و نهێنی ئاشکرا کردنە هیچ گۆڕانکارییەك رووناداتە. ئەو شێوەی بیردۆزییەکە گومانکاری لەهزر بەهۆی ئەوەوە دروست ئەبێ نەگۆڕو وەك خۆی ئەمێنێتەوە. ئێستا خودی هزر ئەکەوێتە بەر تیری ئەم بەدگومانیە شوومەوە لەبەر ئەوەی هەرێمی هێزو داواکارییەکانی متمانەی تێکەڵ کردووە،و هەڵبەت ئەمەیش بەمەبەستی رۆشنگەری کراوە، هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ بەهێنانە ئارای چەمکی "هزری کەرەسەیی" ئەیانەوێ لەنرخی گرتنەوەی پانتایی هۆش لەلایەن هزری حسابگەرەوە دڵنیامان بکەن. هەروەها، ئەم واتایە دڵنایامان ئەکاتەوە کە کاتێ عەقڵانیەتی ئامانجدار کە تاپلەی گشتگیری‌و هەمەلایەنی هەڵگشاوە، جیاوازی نێوان وتەزاکانی داواکاری متمانەو وتەزاکانی سودبەخش بۆ نەفس پارێزی لەناو ئەباو لەئەنجامدا، دیواری نێوان متمانەوهێز داواکارییەکانی متمانەی تێکەڵ کردووە،و هەڵبەت ئەمەیش بەمەبەستی رۆشنگەری کراوە، هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ بەهێنانە ئارای چەمکی "هزری کەرەسەیی" ئەیانەوێ لەنرخی گرتنەوەی پانتایی هۆش لەلایەن هزری حسابگەرەوە دڵنیامان بکەن. هەروەها، ئەم واتایە دڵنایامان ئەکاتەوە کە کاتێ عەقڵانیەتی ئامانجدار کە تاپلەی گشتگیری‌و هەمەلایەنی ئەوانەوە بەتەواوی بەسەر ئەفسانەدا زاڵ بووە، ئەوەیش لەناو ئەچێ.

هـزر لەسیمای کەرەسـەییدا راکێشی هـێز ئـەبێتو لەئـەنجامدا توانـای رەخنـەیی خـۆی لەدەسـت ئـەدا، ئەمـە رووداوێکـە کـە وەك دەوایـین ئاشـکرا کردنـی رەخنـەی ئایۆلۆژیك لەرێگـەی بـەکارهێنانی بەسـەر خۆیدا.

لەراسـتیدا لـەم شـێوەی خۆوەسـف کردنـە – وێرانگـەریی توانـای رەخنـەیی– دژایەتیـیـەك هەیـە چونکە لەقۆناغی وەسفیشدا ئەبێ، رەخنـەیێك بـەکار ببرێت کە لە پێشدا مەرگی راگەیاندراوە .[بەواتایـەکی تـر] ئـەم وەسـفە ئەیـەوێ خەسـڵەتی تۆتالیتـاری رۆشنگەری هـەر بەکەرەسـەکانی خودی رۆشـنگەری مـەحکوم بکـا. ئـادۆرنۆ بەتـەواوی ئاگـاداری ئـەم دژایەتیـە بـەکار بردنـە (دژایـەتی تـەنفیزی) (Performative contradiction)ی شـــاراوە لەرەخنەی تۆتالیتاردا بووە.

دیالکتیکـە نەگەتیڤەکـەی ئـادۆرنۆ وەسـفێکی فـراوانو چـڕە دەربـارەی ئـەم پرسیارە کـە بۆچـی ناچارین لەبازنـەی ئـەم دژانـەی جـێ بـەجێ کـردن (دژەکانی تـەنفیزی)دا گیرۆدە بـینو بەواتایـەکی تر تێیدا بمێنینەوە،و هەروەها وەڵامی ئەم پرسیارەیش کە بۆچی تەنـها لەسـایەی تیشکی هـەوڵو کۆششی بەردەوامو بێ وچان بۆ ئاشکرا کردنی ئەم دژانەیە کە دەلاقـەی جـادویی (چـاودێریو هۆشـیاری لەئاسـت سروشتدا لەسۆبجێکت یان زەین"دا ئەکرێتەوە، هـەر ئـەو سـۆبجێکتەی کـە "حەقیقـەتی بـەرەسمی نەناسـراوی تـەواوەتی فەرهـەنگ لەبەدیـهاتنو رەزامەندی ئەودایە" (دیالکتیکی رۆشنگەری، ل٤٠).

بیستو پێنج ساڵ پاش بڵاوبوونەوەی دیالکتیکی رۆشـنگەری، ئـادۆرنۆ هێشتا بەرامبـەر بـەو خایلـەو دودڵیـە فەلسـەفیەی خـۆی وەفـادار بـوو و هێشـتا بڕوای بـەبونیادی دژ بەیـەکی روکـاری نەدێشـە وەك رەخنەی تۆتالیتار، هەرمابوو. کاتـێ مەزنایـەتی ئـەم نـەگۆڕانی بـڕواو بۆچوونـەمان بـۆ دەرئەکـەوێ، کـە ئادۆرنۆو نیچە لەبواری رەگەزناسی ئاکاریی نیچـەوە کـە نمونـە بـاڵای سـەرەکیی هەڵوێسـتەیە لەرۆشـنگەریدا، پێکـەوە بـەراورد بکـەین. نیچـە ئـەم بونیادی دژ بەیەکی روکارەی سەرکوت کردو کۆششی کرد کـە بەهێنانـە گـۆڕی تیۆرێـك دەربـارەی هـێز، توانـەوەی تـەواوەتی هـزرو تێکـەڵاو بـەهێز بوونـی لەپرۆسەی نوێخوازیدا روون بکاتەوە، واتە تیۆرێك کە لەلایەکەوە جۆرێ ئەفسانەسازی دوبارە بوو، بەکەڵك وەرگرتن لەهەندێ کەرەسـەی دڵخوازی هـەڵبژاردە،و لەلایـەکی تـرەوە لـەبری داواکـاریی حەقیقـەت، داواکـارییێکی راگـەیاند کـە شـایەنی بەرهـەمێکی ئێستاتکی بوو. نیچـە پیشانی دا کـە چـۆن رەخنـە، تۆتالیتـاری لـێ دەرەچـێ، بـەڵام ئـەنجامی کارەکـە تەنها ئەوەیە کە ئـەو تێی گەیشتووە،[واتـە] کـاری تێکـەڵاوکردنی[داواکـاریی] متمانـەو هـێز بـەرەو ریسـوابوون ئـەچێ چونکـە ئـەم تێکەڵاوییـە ئەبێتـە لەمپـەری رێگای خواستی هێز، ناونیشـانێکی نـاوێ زڵو شارێ وێران کە بەشێوەیەکی لاوەکی ئیشارەت بەبەرهەمهێنانی هونەری ئەکات. بەراوردی[ئادۆرنۆ]و نیچە بۆمان دەرئەخات کە رەخنـەی تۆتالیتـار خـۆی لـەخۆیدا خـاوەنی سیماو لایەنێکی دیـاریکراو نیـە. نیچـە یەکێکـە لـەو تیـۆری دانەرانـە کـە لەنـهێنی درکاندنی [هزرو رۆشـنگەری]دا، هەمیشـە بـەردەوامو سوور بووە واتـە نـهێنی درکاندنێك کـە[بزاڤـی] دژی رۆشنگەریی رابدکالیزە ئـەکا. (نیچـە هەمیشـە خـۆی بـەدژی سۆسیۆلۆژی زانیـوەو شاگردەکانی ئـەویش هەر لەسەر ئەو رێبازە ئەم داواکارییەیان هەیە).

هۆرکهایمـەرو ئـادۆرنۆ لەبەرامبـەر نیچـەدا دوو هەڵوێستی جیاوازیـان هەیـە. لەلایەکـەوە گـەواهی ئەدەن کە "لەو بـیردۆزە پەنجە بژێرانەیـە کـە پـاش هیگـل دەرکـی دیـالکتیکی رۆشـنگەری کـردووە" (دیـالکتیکی رۆشـگەری، ل٤٤). بێگومـان ئـەوان بڕوایان بە "ئامۆژگاریی بـێ بەزەییانـەی خۆبوونـی دەسـەلاتو هـزر" (دیـالکتیکی رۆشـنگەری، ل١١٩). بـووە، واتـە بـڕوا بـەرووکردنی (رووتێکردنـی) تۆتالیتاریگـەرای رەخنـەی ئـایدیۆلۆژیك لـە زاڵبـوون بەسەر خۆیدا. لەلایـەکی تـرەوە ئـەوان نـاتوانن ئـەم راستەقینە بخەنە پشت گـوێ کـە هێگـل بەڕاشکاوی دژو لەبەرامبەری نیچەدایە. نیچە واتای رەخنەی هـزر بەڕادەیێك لەپێچو لـووڵی سـەلماندنەوە ئـەئاڵێنێ کـە تەنانـەت وتـەزای رەتکردنـەوەی دیاریکـەریش بـێ کەڵكو بـێ خاسـیەت ئـەکا– هـەر ئـەو وتەزایـەی کـە هۆرکهایمـەرو ئـادۆرنۆ ئەیانـەوێ وەك تاقـە شـێوازی کاری خۆیان بەکار بهێنن چون پێیان وایە خودی هزر بەخەستی تووشـی سستی بـووە– رەخنـەی نیچـە، خودی دنەدەر یان خایلەی رەخنەییش وێـران ئـەکا" "رەوشـتی پیاومـاقوولان لەپلـەی نـاڕەزایی بەرامبـەر

بـــەژیواره (حضـــارة) بەشـــێوەیێکی پێچەوانـــە نوێنەری[بـەرژەوەندیی] زەحمەتکێشانە. لەراستیدا بێزاری لەغەریزە پەژمووردەکان درکێنـەری سروشتی راستەقینەی ئەربابەکانـە– کە تەنها بەهۆی بـاری قوربانیەکانـەوە ئاشـکرا ئـەبێو ئـــەدرکێ. بـــەڵام رەوشـتی پیاومـاقوڵان وەک هـێزێکی گـەورە یـان ئـــاییننێکی رەسمـــی بـــەجارێ یارمـــەتیدەری دەسـەڵاتدارانو هـێزە ژیـواره سـازەکان، زۆرینـەی یەکگرتوو، هەسـتی بـێزاریو هـەموو ئەوشتانەن کـە پێشـتر دژایـەتیان ئـەکرد. بەدیـهاتنی بڕیارەکـانی نیچەش هـەموو ئەوانـە پووچـەڵ ئەکاتـەوەو هـەم حەقیقەتی ئەوانەیشمان بۆ ئاشکرا ئەکات، حەقیەتێك کە سـەرەڕای ئـەو هـەموو "ئـەرێ وتنـەی" نیچـە بەژیان، بۆ گیانی واقیعیـەتو ژیـان زیانمـەند بـووە" (دیالکتیکی رۆشنگەری، ل۱۰۱).

ئـەم روانینـە دوو جۆرە لەنیچە جێگـەی پـەندو ئامۆژگاریـەو جگـە لـەوەیش ئـەم خاڵـەمان بـۆ روون ئەکاتـەوە کـە دیـالکتیکی رۆشـنگەری، زێـتر لەتەنـها[ناساندنی] سـتراتیژی جـۆری رەخنـەی ئایدیۆلۆژیك کە لەخۆی راپەڕیوە– قەرزاری نیچەیە. بەڕاستی ئـەوەی کـە لـێرەدا هیـچ رونکردنەوەیـەك هـەڵناگرێ، کەمتەرخـەمیی بەڵگـە نەویسـتی هۆرکهایمـەرو ئادۆرنۆیـە لەئاسـت دەسـتکەوتە ژیرانیـەکانی خۆرئـاوادا. چۆن ئـەو کەڵـە پیاوانـەی مەیدانی رۆشنگەری (کە پلەو پایەیشیان وەك خـۆی ئەمێنێتـەوە) ئـەتوانن تائـەم رادەیـە بەرامبـەر بـەناوەڕۆکی ژیرانـەی نوێخـوازی فەرهـەنگی دوور لەویژدانو بێ ئینسافانە بدوێن،و لەهەموو شـوێنێکدا بەتێکەڵـەیێکی هـزرو دەسـەڵات،و هـێزو متمانـەی لەقەڵەم بدەن؟ تۆ بڵێی ئـەوان لەپێوەردانانـەکانیاندا دەربارەی رەخنـەی فەرهـەنگی لـەدەقی ئـەزموونێکی بونیـادیو بنچینـەیی لەمـەڕ نوێخوازیـی ئێستاتیکییەوە، کە ئێسیتا بۆتە شتێکی سـەربەخۆ، لەژێر کاریگەریی نیچەدا بووبێتن؟

لەیەك چوونی ناوەڕۆکەکان لەسـەرنجی یەکـەمدا پیـاو توشـی سەرسـوڕمان ئـەکات. لـەنێوان داڕشـتنەکەی نیچـەو ئـەو سـتراکچێرەی کـە هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ بۆ رونکردنـەوەی "بەسـەرهاتی سەرەتایی زەیننییەت" هەڵیان بژاردووە، یـەك بەیـەك بەرامبەرایەتی پێوە دیارە. نیچە ئەڵێ هەر کە مرۆڤ لەغەریزە شیکراوەکانی خۆی بێبـەری بـوو، بـەناچار پـاڵی دا بـە زانیاریـیـەکانی خۆیـەوە، واتـە پـاڵی بەدەزگایەکـەوەدا کـە سروشـتی دەرەوەی بـۆ بەرجەسـتە ئـەکردو توانـای دەسـتکاریکردنی سروشتی[بەنیازی دەسـەڵات] پـێ ئەبەخشی. "ئـەم چارە رەشانە جگە لە مامەڵەی بیرو بیردۆزی، ژیریو بیرکردنەوە، حەسێبو کتێبو رێکخستنی پەیوەندیی نێوان هۆکـارو کارلێکراو، هیـچ سـەرمایەیێکی تریان بەدەستەوە نـەما" هاوکـات لەگـەڵ ئـەم شتەیشـدا، دەبا غەریزە کۆنەکان کـەوی‌و کۆنـترۆڵ بکرابایـەتنو ئەو سەرنجو مەیلانەی کـە هیـچ رێگایـەکیان بـۆ رازی کردنـی ئـەو شـتانەی لـە خـودی خۆیـاندا سـەری هەڵدابوو، بۆ نەمابووەوە جگە لەوەی ئەبوایە خۆیـان سـەرکوت بکـــەن. لـــەرەوتی ئـــەم پرۆسـەدا، هەڵگەڕانـەوەی بـارو لایـەنی مەیلـەکانو بـەدەرونی کردنی[ئەوانە] بوو کە لەژێر ناونیشانی نەفس پارێزی یـان "ویژدانـی ئـازارکێش"دا زەینییـەتێکی دەرونـی قـەوارەی پـەیدا کـرد: "هـەموو ئـەو غەریزانـەی کـە رێگایەکیان نەبێ خۆیان بڕژێننە دەرەوە، ئاڕاستەی دەروون ئەبنـەوە– ئەمەیە ئەوشـتەی کـەمن نـاوی دەروون گەرایی ئینسانی لـی ئـەنێم: بـەم جۆرە هـەر ئـەم ئینسـانەیە کـە بـۆ یەکـەم جـار خووی‌دایـە پەروەردەکردنی وتەزایەك کە پاشـان نـاوی "رۆح"ی لێنرا. هەموو جیهانی دەروونی مرۆڤ کە لەسـەرەتادا جگە لە تۆپکڵو تۆپژاڵێکـی ناسـك هیچـی تـر نـەبوو، هاوکات لەگەڵ قەدەغەبوونی دامرکاندنەوەی غـەریزە لەدەرەوە، رۆژ بەرۆژ ئەستوورترو فراوانتر بوویـەوەو چـووە نـاو خانـەی رەهـەندەوەو پانتـاییو درێژاییـو ئەستووریی پەیدا کرد." (Ibid)

سـەرەنجام ئـەم دوو رەگـەزی دەسـەڵات بەسـەر ناوەوەو دەرەوەی مرۆڤدا تێکەڵاو بـوونو بەشـێوەی دەسـەڵاتو گـەورەیێکی داڕشـتنەو بنچینـەداری ئینسـان بەسـەر ئینسـاندا تۆمـار کـراو مانـەوە: "نـەفرەتی کۆمـەڵگاو ئاشـتیو ئاسـایش" لـە زاتـی هەموو دەروونەکاندا هەیە، چونکە ئەمانە مرۆڤ هـان ئـەدەن بـەرەو نـەفس راگـریو سـەرکوتکردنی غەریزەکانیان، ئەو لەمپەرو دیـوارە سـامناکانەی کـە ئۆرگـانێکی سیاسـی کۆمـەڵگا، لەبەرامبـەر غـەریزەی کۆنی ئـازادیخوازیدا، خـۆی پـێ ئـەپارێزێ–و هـەموو جۆرەکـانی سـزادانیش ئەچنـە خانـەی ئـەم لەمپـەرو

دیوارانەوە– بوونەهۆی ئەوەی کە ئەم غەریزانەی مرۆڤی وەحشی، و ئازادو سەرکەش، هەمووی دژی خۆی بەکاربێنێ" (Ibid, p.84-85)

هەر بەم شێوەیە، نیچە بەهێنانە ئارای بابەتێك بەناوی رەخنەی مەعریفەو ئاکار، ئەندێشەیێکی پەروەردەکرد کە پاشتر هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ لەژێر ناونیشانی رەخنەی هزری کەرەسەیی باسیان لی ئەکرد: لەپشت ئامانجەکانی سۆبجێکتیو داواکاریی حەقیقەت، هەروەها لەپشتەوەی ئامانجەکانی گشتگەرایانەی ئاکاریی زوهدو داوای حەقانیەت، پێویستیو پێداویستی نەفس راگری (صیانەی نەفس)و دەسەلات حەشار دراوە. مەعریفەناسی کردەوە گەراو سایکۆلۆژیی ئاکار پێشانی ئەدەن کە هزری کرداریو هزری تیۆریی ئەفسانەیەو بەس، ئەفسانەیەکە، کە تێیدا داوای پشت بەستوو بەهێز، بەهانەو پاساوی کاریگەر بۆ رەواکردنی خۆی بەدەست ئەهێنێ – ئەویش بەیارمەتی هێزی خەیاڵو "مەیلی بەخوازەکردن" کە دنەدەرە دەرەکیەکان تەنها بەهانەیێك بۆ ئەم خەیاڵو مەیلە دەستەبەر ئەکەن تاکو کاردانەوەکانی خۆی بخاتە ناو دەقەوەو تۆڕێك لەراڤە فەراهەم بکا کە خودی دەقیشی لەپشتەوەدا بشارێتەوە.

نیچە دەلاقەیێك ئەکاتەوە کە لەناویەوە ئەتوانێ بەشێوەیێکی جیاواز لەدیالکتیکی رۆشنگەری، لەنوێخوازی بکۆڵێتەوە،و تەنها لەم روانگەیشەوە کە ئەتوانین رووبکەینەوە کە بۆچی سروشت بەرجەستایەتی پەیدا کردو کۆمەڵگای باوەڕدار بەئاکار، قەوارەگەلێکن لەهێزە ئەفسانەییە یەکگرتووەکان کە وابەستەی یەکترنو پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، ئێستا چ لەقەوارەی ئیرادەی سەربەهێزی لادەر،و چ لەقەوارەی هزری کەرەسەییدا.

دەلاقەو روانگەیێك کە باسی لێوە کرا بەنوێخوازیی ئێستاتیکیو دۆزینەوەی نەفسی سەرکەش (ئەو نەفسەی واهونەری پێشەنگ بەرەو پێشەوە ئەبا) دەستی پێکرد، دۆزینەوەی خودی زەینییەتێك کە سەنتەری نیەو لەهەموو کۆتو بەندی مەعریفەو ئامانجە بالاکانو هەموو وابەستەییەکانی کارو سودبەخشینی رەها بووە. نیچە تەنها، هاوسەردەمو خزمی مەعنەویی "مالارمە" نیە، ئەو نەتەنها لەرۆحی ڤاگنەر لەکۆتایی سەردەمی رۆمانتیکدا خۆی تێراوکرد، بەڵکو پێشتر لەهەموو کەسیش روانگەی نوێخوازیی ئێستاتیکیی بەخانەی چەمکەوە بەستەوە، واتە پێش ئەوەی زانیاریی پێشەنگ لەئەدەبیاتو شێوەکاری موزیکی سەدەی بیستەمدا بەرجەستە ببێت– و لەسەر دەستی ئادۆرنۆ ببێتە تیۆریی جوان ناسی.

لەنرخدانان بۆ بابەتێکی زوو تێپەڕو ناسەقامگیر، لەنرخدانان بۆ بابەتگەلی تازەو زیندوو، هەروەها لەرێزدانان بۆ بابەتێکی باوو نوێ جۆرێك ئاگایی لەزەمەن کە دنەدەری ئیستاتیکی هەیە،و جۆرێ تاسوق بۆ حوزوری دەروونیو ناوەکی بێ خەوش سەر هەڵ ئەدا. مەیلی ئانارسیشتانەی سوریالیستەکان بۆ پچڕانو تێکشاندنی زەمینەی ئەفسانەی فەوتان، زۆر لەپێشتردا لەئەندێشەی نیچەدا هەبووە. هێزی کاولکاری بەرگریی ئیستاتیکی کە پاشان بووە مایەی ئیلهامی (بنیامین)و تەنانەت (پیتراویس)یش، سەرچاوەی لەئەزموونی شۆڕشەکەی نیچەدا بوو کە دژی هەرچەشنە هەنجار (نۆرمال) مەندێك بوو. ئەمە هەمان هێزەکە هەم بابەتی باش لەدیدی ئاکارەوەو هەم بابەتی سودمەند لەدیدی زانستەوە، رەت ئەکاتەوەو لەمتمانەی ئەخات، هێزێك کە لە دیالکتیکی راز (نەهێنی)و ریسوایی‌و لەلەزەتی ترسی شاراوە لەحورمەت شکاندنو بێ پەروایی‌دا خۆی دەرئەخات. نیچە، سوکرات‌و مەسیح – (ئەو دوانەی وا ئەرکی راگەیاندنی بڕوا بەحەقیقەتو ئامانجەکانی زوهدیان گرتبووە ئەستۆ)– وەك دوو دوژمنی گەورەی خۆی ناو ئەبات،و ئەڵێ: ئەم دوانە ئەو کەسانەن وابایەخەکانی ئێستاتیکی رەت ئەکەنەوەو وەلای ئەنێن! لەروانگەی نیچەوە تەنها ئەتوانرێ پشت بەهونەر ببەستری، چون " لەهونەردا بەڕاستی درۆ پیرۆز ئەکرێ، واتە ئەبێ بەخواستی فریو[ئیرادەی سەربەفریو]"و بەترسی شاراوە لەبابەتی جواندا، تەنها ئەم دوانەن کە ناهێڵن لەجیهانی ئەفسانەیی زانست‌و ئاکاردا زیندانی بکرێن.

نیچە رێزێکی یەکجار زۆر بۆ زەوق دائەنێ، "(ئەرێ)و (نە)ی هەستی چەشتن" (ئەودیوی چاکەو خراپە، نیچە، ١٩٦٩. ل٣٤١)، و تاقە ئەندامی "مەعریفە" کە لەوپەڕی راست‌و درۆ،و خێرو

شەڕدایە. نیچە دادوەریی رەخنەگەرانەی هونەریی تاپلەی نمونە بالآیەك بۆ دادوەریی ئەرزش،و بۆ "نرخدانان" بەرز ئەکاتەوە، واتای دروستی رەخنە بریتیە لەدادوەریی ئەرزشێك کە دیسپلینی خانەبەندی بەرپا ئەکا، بەهاوکێشی شتەکان دیاری ئەکا، و هێزەکان هەڵئەسەنگێنێ[یان ئەیان پێوێ]،و هەر راڤەییك وەك نرخدانانێك وایە. "ئەرێ" پیشاندەری ئەرزشی بالآو "نە" پیشاندەری ئەرزشی نزمە. "بالآ"و "نزم" بەشێوەییکی گشتی پیشاندەری رەهەندەکانی هەڵوێستی "ئەرێ/ نە"ی ئینسانەکانە.

واچاکە بزانین نیچە چۆن بەم ئامانجە ئەگا، کە هەڵوێستەکانی "ئەرێ"و "نە" لەمەڕ ئەو داوایانەی متمانە کە قابیلی رەخنەن، لەبنەڕەتدا بێ ئیعتبارو بێ متمانە، نیچە سەرەتا پێوەرەکانی متمانەو بێ متمانەیی تائاستی بڕیاری بەهاداری سەلماندنو رەتکردنەوە دائەبەزێنێو بەم چەشنە راستبوونی بابەتە راستەکانو بابەتە هەنجار (نۆرمال)یەکان رەتئەکاتەوە. ئەو بابەتانەی وەك "p راستە"و "h دروستە" (واتە بڕیارگەلێکی تێکەڵاو کە بەهۆی ئەوانەوە بڕیاری متمانەی بابەتێك یان هەنجارێك دەرئەکەین) تائاستی بڕیارێکی ئەرزشیی سادە دائەشکێنێ کە بەهۆی ئەوانەوە تەنها دادروەی لەسەر ئەرزشەکان ئەکرێ، واتە بڕیاری ئەوە ئەدەین کە راست لەدرۆ، یان چاك لەخراپ لەپێشترە. بەم شێوەیە نیچە داواکانی متمانە وەك لەپێشتر بوون (بالآتربوون)ێکی ئەرزش لێك ئەداتەوەو ئینجا ئەپرسی: "گرینگان حەقیقەتو یەکسانیمان پەسەندبێ: بەڵام بۆچی ناحەقیقەتو نایەکسانیمان لاپەسەندتر نەبێت؟" (Ibid,p.196). وەڵامەکانی ئێمە بەو پرسیارانەی لەمەڕ "ئەرزشی" حەقیقەتو یەکسانیەوە، تەنها دادوەرێکی پشت ئەستوود بەزەوقە.

هەڵبەت رەنگە لەپشت ئەم دادوەریو سەلماندنە ئەرزشیە بنچینەییانەوە دیسپلینێك هەبێ کە، وەك ئەوەی کە لەبەرهەمەکانی شلینگدا ئەیبینین، لەناوەڕۆکی هێزی دادوەریی زەوقدا، یەکیەتی هزری کرداریو هزری تیۆری دەستەبەر بکا. تەنها بەلابردنی هەموو جۆرە رەگەزێکی مەعریفە لەمەڵبەندی دادوەریە ئەرزشیەکانو هەروەها بەپیشاندانی ئەوەی کە هەڵوێستی ئەرێ/ نە لە قەڵەمڕەوی نرخ گوزاری ئەرزشیەکاندا پیشاندەری داوا متمانەکان نیەو بەڵکو پیشاندەری داوای هێزی رووتە، نیچە توانی داوای خۆی لەمەڕ لێکدانی تەواو عەیاری هزر لەگەڵ هێزدا بەحەقەجێ بگەیەنێ.

لەدیدی لێکدانەوەی زمانییەوە، دووهەمین هەنگاو لەم باسەدا بەم نیازەوە هەڵئەگیرێ کە دادوەریەکانی زەوق لەبڕیارو فەرمانەکانی ئیرادەو سەلماندنەکانی ئەرزشیی لەچاوگەکانی ئیرادەدا بتوێنەوە. نیچە لێکدانەوەکانی کانت لەمەڕ دادوەریەکانی زەوق ئەباتە خانەی پرسیارەوە تائەم تیۆریە بهێنێتە ئاراوە کە نرخ گوزاریەکان بەناچاری زەینینو ناکرێ لەگەڵ داوای متمانەی نێوان زەیندا بەپەیوەندیداریان بزانین. واتاگەلێك وەك لەزەتی بێ مەبەستو کەسایەتی غەیر شەخسیو جیهانگیری دادوەریی ئێستاتیکی، وەهمو خەیاڵێکی کە تەنها لەدیدی یەك بینەرەوە سەرچاوە ئەگرن، بەڵام لەروانگەی هونەرمەندێکەوە کە خەریکی بەرهەمهێنانی هونەرە (ئەگەر سەرنج بدەین) تێدەگەین کە نرخگوزاریە ئەرزشیەکان لەئەرزشگوزاریە نوێکاریەکانەوە سەر هەڵئەدەن. ئێستاتیکی شاراوە لەبەرهەمدا، ئەزموونی هونەرمەندی خاوەن زەوق کە لەکاری ئافراندنی ئەرزشیەکاندایەمان بۆ ئاشکرا ئەکا: لەدیدی ئەوەوە، نرخاندنە ئەرزشیەکان لە"چاوی ئەرزشگوزار"ی ئەوەوە سەرهەڵئەدەن. بەرهەمی سەر بەئەرزشگوزاریە کە یاسای نرخاندنە ئەرزشیەکان دیاریو رەوا ئەکا. ئەوەی لەداوای متمانەی پشت بەستوو بەدادوەریە زەوقیەکان ئەگوترێ جگە لە "وروژاندنی ئیرادە یان خواست لەلایەن شتی جوانەوە" هیچی تر نیە. خواستێك وەڵامی خواستێکی تر ئەداتەوەو هێزێك ئەچێتە پاڵ هێزێکی ترەوە. ئەمە ئەو رێگایە کە نیچەی لەهەڵوێستی ئەرێ/ نە لەمەڵبەندی نرخاندنی ئەرزشیەوە- مەڵبەندێك کە پێشتر هەموو جۆرە داوایەکی مەعریفەی لی سڕابۆوەوە- بەرەو ئیرادەی سەربەهێز رابەری کرد. بابەتی جوان "وروژێنەری خواستی سەر بەهێزە" کاکڵەو تەوەری ئێستاتیکی خواستی هێز، لێهاتوویی جۆرە دەرکێکی هەستیە کە خۆی ئەباتە ژێر کاریگەریی زۆرترین حاڵەتو بارودۆخی گونجاوەوە. (Ibid.p36)

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەگەر ئیتر بیردۆزی ڕێگای گۆڕەپانی حەقیقەت، یان داواکانی متمانەی بەشێوەیێکی گشتی لی ببەسترێ، دژایەتیو ڕەخنە، هەردووکیان واتای خۆیان لەدەست ئەدەن. ئێستا نەفی کردنو ڕەتکردنەوە، تەنها مانای "مەیل بەجیاواز بوون" ئەگەیەنێو بەس. بەڵام نیچە لەڕەخنەکەیدا لەفەرهەنگ واتایەکی وامان بۆ ناخاتە ڕوو. مەبەست لەڕەخنەی فەرهەنگ تەنها جۆری ڕاگەیاندنو هاندان نیە، بەڵکو سەلماندنی ئەم بابەتەیە کە بۆچی ناساندنو سەلماندنی دەسەڵاتدارێتی ئامانجەکانی زانستو سیستەمی ئاکاریی جیهانگیر کە زیان بەژیان ئەگەیەنێ کارێکە ناڕەواو ناڕاستو ناپەسەند. بەڵام بەڕاستی ئەگەر هەموو بابەتەکانی چاودێری متمانە بێ ئەرزشن.و ئەگەر نرخاندنە ئەرزشیەکان تەنها پیشاندەری بڕیاری هێزن نەك داواکانی متمانە، لەم حاڵەتەدا ڕەخنە بەپاڵپشتی چ پێوەرێك بتوانێ جیاوازی لەنێوان شتەکاندا بکا؟ ڕەخنە ئەبێ بتوانێ لەنێوان هێزێکدا کە شایانی بایەخدانەو هێزێکدا کە سزاباری (مستحق) سوکایەتیو بێ متمانەییە، جیاوازی قایل بێ.

ئەو بەڵێکدانەوەی خۆی لەدنیایەکی وەهمو خەیاڵدا سەیریان ئەکا، جیاکردنەوەی ژیری (هزر) لەنازیری ئەستەمەو تەنها سێبەرە تاریکو ڕوونەکانیان قابیلی لەیەك جیاکردنەوەیە. ئەم جیهانە، گوایە جیهانێکی پاڵ پێوەنراوە بەڕەو مەیدانی ئەفسانە، مەیدانی چالاکیی هێزەکان کە تێیدا شتێك بالاتر لەخەباتی هێزەکان نەماوەتەوە.

ڕەنگە ئەمە گونجاوی شێوازی دەرکی نامێژوویی تایبەت بەنوێخوازیی فەرهەنگی بێ کە ناسنامەی[مێژوویی] سەردەمە تایبەتەکان لەسایەی پەیوەندیی پاڵەوانانەی هەنووکەوە لەگەڵ دوورترینو سەرەتاییترین سەردەمدا کاڵو بێ ڕەنگ ببێتەوە: سەردەمی ڕوو لەفەوتان هەوڵ ئەدا بەقەڵەمباز خۆی بەسەردەمی بەربەریەت،و سەرەتاییو وەحشیەت ببەستێتەوە. کۆششی نیچەیش بۆ بیناکردنەوەی چوارچێوەی ئەفسانەی سەرچاوگەی گونجاو بۆ ئەم زەینییەتەیە: فەرهەنگی ڕەسەن لەمێژە کەوتووەتە دۆڵی فەوتانەوە، نەفرەتی دورکەوتنەوە لەسەرچاوگەکان داوێنی هەنوکەی گرتووە،و بەم جۆرە نیچە ئەندێشەی گەشەی جاویدانەی کازیوەی فەرهەنگی بەواتایەکی نا "ئامانجشاری" لەسەردا پەروەردە ئەکرد- هاتنەوەو گەڕانەوەی[جاویدان].

پلەی ئەم چوارچێوە تەنها پلەو پایەیێکی میتافیزیکی نیە، بەڵکو ئەرکی ئەمەیە کە بەشێوەیێکی ڕێکخراو ڕێگا بۆ چالاکیە دژ بەیەکەکانی ڕوکاری ڕەخنەیێکی ڕەها لەکۆتو بەندی ئەندێشەی ڕۆشنگەری خۆش بکا. بەواتایێکی تر بەڵای نیچەوە ڕەخنەی نایدیۆلۆژیکی تۆتالیتارو تەزایێکە کە نیچە ناوی "ڕەخنەی ڕەگەزناسی" لێ ناوە. نیچە، هەرکە چەمکی ڕەخنەیی "نە" وتنی هەڵپەساردو ڕێبازی ڕەتکردنەوەی لەکەڵك خست، بێ چەندو چوون بۆ مەیدانی ئەفسانەی سەرچاوگەکان ئەگەڕێتەوە، مەیدانێك کە جۆرە جیاوازیکارییك ئەڕەخسێنێ کە کاریگەری لەسەر هەموو مەیدانو ڕەهەندەکانی تر ئەکا: ئەوەی کە کۆنترە، لەزنجیرەی نەوەکاندا لەپێشترە،و بەسەرچاوگەیش نزیکترە. بابەتی دێرینتر، زێتر شایانی ڕێزە، و هەروەها مەزنترو خاوێنترو بێ خەوشترە: دێرینتر (ئەزەلیتر)، چاکترە. ڕەگەزو نژاد، هەم بەواتای کۆمەڵایەتیو هەم بەواتای ژیارەیی، پێوەری مقامو پلەو پایەیە.

بەم شێوەیە، نیچە بەردی بناغەی ڕەخنەکەی خۆی دەربارەی ئاکار لەسەر بنچینەی نژادناسی بینا ئەکا. ئەو سەرچاوگەی نرخاندنی ئاکاریی ئەرزش کە دیاریکەری پلەو شوێنی یەك تاك یان یەك ڕەفتار لەزنجیرەیێك لەسیستەمدا پشت بەپێوەرکانی متمانە ئەبەستێ، لەنژادو پلەی کۆمەڵایەتی کەسێکدا بۆی ئەگەڕێ کە دادوەریی ئاکاری بونیاد ئەنێ: "ئەوەی کە منی خستە سەر ڕێگەی ڕاست ئەم پرسیارە بوو کە ئایا لە باری ڕەگو ریشە ناسینەوە، ڕاست ترین مانا بۆ ئەو ناونانەی کە لەزمانە جۆراوجۆرەکاندا بەسەر "کاری چاك"دا دەڵاڵەت ئەکا، کامەیە؟ تێگەیشتم کە ئەمانە هەمووی لەپرۆسەی کاملبوونی چەمکی یەکسانی سەرچاوە ئەگرن - واتە هەمیشە "ڕەسەن" یان "ماقولایەتی" بەمانای کۆمەڵایەتیەکەی، چەمکێکی بنەڕەتی بووە کە "کاری چاك" بەناچار لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، چاك بەمانای "ماقولایەتی"، "نەجیبو ڕەسەن" "گەورە پیاوی"و "مەزنایەتی": هاوتای ئەم ڕەوەتەیش هەمیشە پرۆسەیێکی تر ڕووی‌داوە کە

تێیدا هەموو ئەوانەی کە "عەوامانە"، "خەڵکی ئاسا"و "کەم بەها"یە سەرەنجام ئەبێتە چەمکی "خراپ".)) (nietzshe. Genealogy. Pp.27,28).

بەم شێوەیە ئەم پلەو شوێن دیاریکردنە بەگوێرەی پێداویستیی نژادناسی، چەمکێکی رەخنەیی بەخۆوە ئەگرێ: هێزەکان وەك لایەنی نژاد، هەرچەن کۆنترو رەسەنترین، چالاکترو ئافرێنەرترن، لەحاڵێکدا فۆرمی داڕماوی خواستی هێز لەو هێزانەدا دەرئەکەوێ کە نژادیان، تازە پێکهاتووترو نزمترەو ئاسانتر کاریان ئەکرێتە سەر. (lbid, p, 112) ئەم لێکدانەوەیە، کەرەسەیێکی چەمکیی بەدەست نیچەوە ئەدات کە بتوانێ بەو کەرەسەیە پرۆسەی هەمەلایەنگیری بڕوا بەهزرو ئامانجەکانی تەقواو بڕوا بەزانستو بڕوا بەئاکار، تەنها وەك فاکتێکی سەرکەوتن لەقەڵەمڕەوی هێزەکانی، نزمو دواکەوتنخواز، مەحکوم بکا. (هەرچەندە بێگومان ئەم سەرکەوتنە لەچارەنووسی نوێخوازیدا دەوری کاریگەری هەبووە) هەروەك ئەزانین، نیچە لەو بڕوایەدا بوو کە سەرچاوەی ئەمانە لەهەستی نەفرەتو بێزاریی خەڵکانی کەم تواناو لاوازدایەو هەروەها لە "غەریزەی پارێزەرو چارەسەرکەر [لە بەرامبەر مەترسیەکانو مەینەتیەکانی] ئەو ژیانەی واتوشی داڕمانو فەوتان بووەدایە".

(٤)

تائێستا باسی دوو جۆر رەخنەی تۆتالیتارمان کرد کە لەسەر خۆیان بەکار ئەبرێن. هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆیش تووشی ئەو گرفتە بوون کە نیچە تووشی ببوو؛ ئەوان ئەگەر نەیانەوێ نکوڵی لەرۆڵی درکاندنو دەرخستنو نهێنی زڕاندنی یەکجاری بکەنو رەتی بکەنەوەو لەهەمان کاتدا بیانەوێ دوای رەخنە بۆ بکەون، لانی کەم ئەبێ پێوەرێکی ژیرانە بۆ بەیانکردنی لاڕێو داڕژانی هەموو پێوەرە ژیرانەکان بپارێزن. لەزەلکاوی ئەم دژایەتیەدایە کە رەخنەی سەرنج خۆدەر (self- referential) تووشی سەرلێشێواوی ئەبێ. تەنها دوو رێگا هەیە:

نیچە پشت بەتیۆرێکی هێز ئەبەستێ کە یەکگرتوو تۆکمەیە، چونکە تێکەڵەی هزرو هێز کە بەهۆی رەخنەوە بۆمان دەرکەوت، جیهانی کردوەتە مەیدانی کێشمەکێشی نێوان هێزەکان، بەشێوەیێکی وا کە ئەڵێ ئەم جیهانی هەمان جیهانی ئەفسانەییە. ئەمە شتێکی دوور لەچاوەڕوانی نیە کە بیرورِاکانی نیچە بەهۆی (دۆلۆز)ەو لەفەرانسەی پیشەگەرادا ناوبانگ دەرئەکاو رەگاژۆ ئەبێ. فۆکۆیش لەم بەرهەمە دواییانەیدا نموونە بالاّی ئیستراتیژیە چەند چەشنەکانی هێزی کردووەتە جێ نشینی نمونە بالاّی دەسەلاّتی پشت ئەستوور بەسەرکوت (نموونە بالاّیێك کە لە نەریتی رۆشنگەریدا لەسەر دەستی مارکسو فرۆید پەروەردە کرا). ئەم ئیستراتیژی هێزانە پێکەوە پەیوەست ئەبنو جێگەی یەکتر ئەگرنەوە. ئەوانە بەگوێرەی جۆری قەوارەگرتنی گوتار و رادەی توانا و توندییان لەیەکتر جیا ئەکرێنەوەو ئەناسرێنەوە؛ بەڵام وەك لایەنی دروستیو راستیو متمانەیان ناتوانین داوەریان لەسەر بکەین، واتە بەشێوەی چارەسەری ئاگایانەی کێشەکان لەبەرامبەر چارەسەری نائاگایانەی ئەواندا.

ئەندێشەی هێزە چالاکو بەکارەکان،و هێزە کاردانەوەییەکانیش ناتوانێ گرفتی ئەو رەخنەیە چارەسەر بکا کە پێش گریمانەکانی خۆی ئەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو ئەوپەڕی بتوانێ رێگە بۆ راکردن لەئاسۆی بیری نوێخوازی خۆش بکا. ئەگەر جیاوازیی تەواو لەنێوان داواکانی هێزو داواکانی حەقیقەتدا، بناغەیێکە کە ئەبێ هەموو تیۆرییەکان رێبازی خۆیان لەسەر ئەوە دابڕێژن، لەم حاڵەتەدا ئەندیشەی ناوبراو وەك تیۆرێكو بێ بناغە ئەمێنێتەوە. سەرەنجام ئاکامی رۆڵی درکاندنو ناوزڕاندنیش بەگشتی پێچەوانە ئەبێتەوە: ئەوەی کە مرۆڤ رائەچڵەکێنێو لەخۆی ئاگای ئەکاتەوە، بروسکەی دیدێك نیە کە توانای دەرکی ئاڵۆزکاویەکانی ناسنامە شێوێن مان پێ ئەبەخشێ، (وەك دەرکی خاڵی شاراوە لەنوکتەیەکدا کە ئەبێتە هۆی زەردەخەنەیێکی ئارامبەخش) بەڵکو ئەوەی کە ئینسان رائەڵەکێنێ، جیاوازی سڕینەوەیە بەشێوەی سەلماندن، واتە لەناوبردن بەشێوەی سەلماندن—ی ئەو وتەزایانەی کە ئەتوانن بابەتی ئیشتباە، بیرچوونەوە یان هەڵەکەلامدا وەك نمونە گەلی جۆرەکانی هەڵەکاریو تەزایی ئاشکرا بکەن کە تێکدەری ناسنامەن، یان ئەو وتەزایانەی کە ئەتوانن هونەر بکەن بەئەفسانە. ئەم وەرچەرخانە پاشەو پاشە ئەبێتە هۆی ئەوەی هێزە رزگارکەرەکان لەخزمەتی دژی رۆشنگەریدا بمێننەوە.

هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ بەقوولکردنەوەو ئاشکراکردنو نمایش کردنی ئەو دژایەتی جێ بەجێ

کاریـــەی (دژایـــەتی تـــەنفیزی performative contradiction) شـاراوە لـــەو جـۆرە رەخنـــەی ئایدیۆلۆژیکـــەدا کـــە بەســـەر خۆیـــدا زاڵ ئـــەبی‌و پارێزکردن لەزاڵبوونی تیۆرێك بەسەر ئەم دژایەتیەدا، رێگایەکی تر ئەگرنە بەر.

هەموو کۆششێك بۆ داڕشتنی تیۆرێك لەم ئاستەی هەڵوێستە، تێفکران‌و دووبارە ئەندیشیەدا، بەناچار نوقمی گێژاوی زەلکاوی بێ بونیادی ئەبێ؛ هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەوان خۆیان لەتیۆری ئەدزنـــەوەو روو ئەکەنـــە رەتکردنـــەوی دیاریکراوەکـــان ئـــەویش بەشێوەی بابەتی‌و کاتی،و بـەم شێوەیە لەبەرامبـەر ئەو جۆرە تێکەڵە لەهێزو هزردا کە هەمو درگاکانمـان لـــێ دائـــەخات[و هیـــچ رێگایـــەك بـــۆ دەربـــازبوون ناهێڵێتەوە]، ئەو دووانـــە بەڕاستی بـەرگری ئەکـەن‌و راوەستاون: "رەتکردنـەوەی دیاریکراو، نکـــۆلی لـــە بۆچوونە هەڵەکانی بابەتی رەها، واتە بتەکان، ئـەکاو ئەیانخاتـە لاوە، بـەڵام نـەك بەشێوەیێکی واسواسـە ئامێزو سەختگیرانە کە کاتی رووبەڕوبوونـەوە لەگـەڵ بۆچوونە رەها گەراکاندا هەوڵ ئەدا بۆچوونێك بخاتـە بەردەسـت کـە ئـەوان نـەتوانن هاوتـای بکـەن، بەپێچەوانـەوە دیالکتیك، هـەر دیمـەن[و بۆچونێـك] وەك نووسراوە راقە ئەکا،و پیشانی ئـەدات کە چۆن ئەتوانین ددان نـان بەهەڵـەکانیدا لەسـیمای خـۆی بخوێنینەوە- ددان پێدانانێ کـە هێزی لـێ ئـەبڕی‌و سزابار (مستحق)ی حەقیقەتی ئەکا. بەم جۆرە زمـان بەپلەو پایەیەکی بەزرتر لـە "تەنها سیستەمێك بـۆ هێماکان" پەیدا ئـەکا. هێگـل بەباسکردن لەچـەمکی رەتی دیاریکراو، رەگەزێکی دۆزیەوە کـە رۆشنگەری لەگـەندەڵی‌و داڕزانی پۆزیتیڤیستی کە خـۆی پێـوە ئەبەســـتێتەوە، جیـــا ئەکاتـــەوە" (دیـــالکتیکی رۆشـنگەری، ل٢٤). هـەموو ئـەو شـتەی کـە لـە "گیانی... تیۆری سەرکەش" ئەمێنێتەوە، گیـانی بەئەزموون‌و کـردار پیشـەی دژایەتیـە.و ئـەم کـرداره بـەمانای ورتـەورتێکی جادوویـە کـە ئەیـەوێ گیـانی نەگەتیڤی پێشکەوتنی بێ وچان "بۆ ئەوپـەڕی..... بگەڕێنێتەوە" (دیالکتیکی رۆشنگەری، ل٤٢).

تەنانەت ئەبێ لەپاشەکشێ لەهەڵوێستێکی ئاوا دژ بەیەك دا خۆی بپارێزێ، چونکـە پاشەکشـێ بـەمانای بوونی رێگایەکە بۆ دەربازبوون -رەوتـی پاشـەوپاش کشانەوە- بەڵام من لام وایـە ئـەنجامی کارەکـە هـەر بەم شێوەیە ئەشکێتەوە.

بەراورد لەگەڵ نیچەدا تا ئەو ئاستە سوودی هەیە کە سەرنجام بەرەو روانگەی ئیستاتیکی ئەزمونگەلێك رائەکێشی کە رێبـەرو هـاندەری دیـدی نەخۆشـین ناسانەی سەردەمی ئێستایە. من پیشانم داوە کـە نیچە چۆن لایەنێك لـەهزر، لـەهزری تیۆرێك‌و هـزری کـرداری جیـا ئەکاتـەوە، لایـەنێك کـە لـــەژیارەی گونجـاوی مەڵبـــەندی ئێســـتاتیکی‌و مەڵبـــەندی بـەیانکردنی ئـەرزش‌و بەتایبـەت لەهونـەرو رەخنـــەی هونەریی پیشـەنگدا، سـەرهەڵئەدا، هـەروەها پیشانم داوە کـە چـۆن لەسـەر بنـەمای نمونـە بـاڵاییێکی "نرخاندنی ئـەرزش" کـە بـۆ مـەیدانی لەژیرانیـەت راکـــردن دورخرابـــوەوە، دادوەری ئیســـتاتیکی بەستایلێك تـەیار ئـەکا، کـە ئـەتوانێ دادوەریی ئـەو دیوی چاکەو خراپـە، راست‌و درۆ بکـاو لێکیان جیـا بکاتەوە، بـەم شێوەیە نیچە پێوەرگەلێکی لەرەخنەی فەرهەنگیدا دەست ئەکەوێ کە دەمـامك لەرۆخساری زانسـت‌و ئاکاریـەکان - کـە وەك یـەك، دیـاردەی ئایدیۆلۆژیکیی خواستی هـێزی گـەندەڵن- لائـەبا، هـەروەها کـە دیالکتیکی رۆشـنگەریش ئـەم جـۆرە بونیادانـە وەك دیـاردەیێکی هـزری کەرەســـەیی مـەحکوم‌و رسـوا ئـەکا. ئەمانـە ئـەم گومانـەمان لادروست ئەکەن کە ئادۆرنۆو هۆرکهایمـەر لەروانگـەی ئەزمونگـەلێکی نیچـە ئاسـاوە سـەیری نوێخـوازی فەرهـەنگی ئەکـەن، واتـە بەهـەمان هەسـتی لەڕادەبەدەر ناسك‌و لەهـەمان دیدو دەلاقـەی تەسك بینانەوە کە ئینسان لەنیشانەو فۆرمـە مـەجودەکانی ژیرانیـەتی پەیوەندیـەکان دوور ئەخاتـەوە. شـایەنی ئەم وتەیە، بینای فەلسەفەی ئەم دواییەی ئادۆرنۆیـە کە تێیدا، دو کتێبـی دیالکتیکی نەگـەتیڤ‌و تیۆریـی ئێستاتیکیەکەی، هـەردووکیان پاڵپشـتی یـەکترین: کتێبی یەکەم کە پەرە بەچـەمکی دژ بەیـەکی هێمـای نەبوونی خۆبوونی ئەدات، ئاماژە بـۆ کتێبـی دووهـەم ئەکا کە نـاوەڕۆکی لاسایی کارانـەی شاراوە لـەکارە هونەرییـە پیشـەنگەکاندا ئـەدرکێنێ‌و ئاشـکرایان ئەکات.

ئایا هیچ رێگایێك بۆ دەربازبوون لەو گرفتـەی کـە ئـادۆرنۆو هۆرکهایمـەر لەسـەرتای دەیـەی ١٩٤٠دا دەستەو یەخـەی بـوون نەماوەتـەوە؟ بێگومـان ئـەو تیۆریەی کەئەوان لەسـەرەتادا، ئەندێشـەو شـێوازی رەخنەی ئایدیۆلۆژیکی خۆیان لەسەر داڕشـتبوو ئیـتر

چالاکو زیندوو نەبوو - چونکە هێزە بەرهەم هێنەرەکان نەیانتوانیبوو هێزگەلێکی شۆڕشگێڕ[بۆ تێکشاندنی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان] پێک بهێنن؛ چونکە قەیرانو کێشمەکێشە چینایەتەیکان لەبری پەروەردەکردنی خۆیان- واتە خۆ ئاگاکردنەوەی شۆڕشگێڕانە یان لانی کەم ئاگایی یەکدەستو یەکڕیز تەنها بوونە ئاگایێکی چەن پارچەو پەرتو بڵاوو، سەرەنجام لەو رووەوە کە ئامانجەکانی بۆرژوازی وردە وردە خرانە لاوە یان وایان لێ هات کە خۆیان لەمەودای خەدەنگی رەخنەی دەروونجاویدان بدزنەوە. لەلایەکی تردە، هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ لەو سەردەمەدا هیچ هەوڵێکیان بۆ پیاچوونەوەی باری کۆمەڵایەتیو زانستی تیۆرییەکە نەدا، چونکە رەشبینی[ئەوان] بەرامبەر بەناوەڕۆکی حەقیقەتی ئامانجەکانی بۆرژوازی، تەنانەت خودی پێوەرەکانی رەخنەی ئایدیۆلۆژیکیشی خستبووە ژێر پرسیار.

ئەوان لەبەرامبەر ئەم مەسەلەی دووهەمەدا، شێوازێکیان گرتبووە بەر کە بەڕاستی کێشە سازکەر بوو، واتە بەم شێوەیە کە وەک مێژوویی گەریی، خۆیان دابوو بەدەم شەپۆلی دەریای بێ سنوری رەشبینیەوە بەرامبەر بەهەزر، بەبێ ئەوەی لەو لایەنو بەڵگانەوە بکۆڵنەوە کە ئەم رەشبینیە ئەباتە خانەی گومانەوە بەم شێوازە، رەنگە ئەوان توانیبێتیان لەقەڵەمڕەوی تیۆریی کۆمەڵایەتی- رەخنەییدا بناغەی بینایێکی هێندە پتەو دابڕێژن کە رەوتی شیکردنەوەو داڕماندنی فەرهەنگی بۆرژوازی کاری تێ نەکا، رەوتێ کە لەدوای ئەوان لە ئەڵمانیا دەستی پێکردو بەڵگە نەویستە. لەلایێکەوە، رەخنەی ئایدیۆلۆژیك لەراستیدا هەمان رێگەی رۆشنگەریی نادیالکتیکیی گرتەبەر کە شایانی بیردۆزیی بوون ناسی بوو. ئەم جۆرە رەخنە، لەژێر کاریگەری روانگەی بێخەوشخوازانە (purist) گرفتاری ئەم شێوە بیرە بوو کە[گوایە] شەیتانێك لەپەیوەندیەکانی دەروونیی نێوان پەیدابوونو متمانەدا خۆی حەشار داوە کە ئەبێ لەدەستی رزگار ببی تاکو تیۆریی بتوانێ لەهەموو واتا ئەزموونیە شاراوەکان پاك ببێتەوەو لەسەر پێی خۆی راوەستێ. رەخنەی توتالیتار نەیتوانی ئەم میراتیە بسڕێتەوە.

"دوایین درکاندن (ئاشکرا کردن) کە بەبۆچوونی هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ ئەیتوانی پەچەو روبەندی یەکیەتی ناسازی (نەگونجاو) هێزو هەزر لابدا، بەئامانجێکی بێخەوشخوازانە دەرچوو، وەك ئامانجەکەی بوون ناسسی کە ئەیهەوێ وتەزاکانی بوونو ئەندێشە[بەشێوەیێکی کاریگەر] بەجارێکو بۆ هەمیشە لەیەکتر جیا بکاتەوە. بەهەرحاڵ، هەروەها کە لە کۆڕی پەیوەندیەکانی توێژەراندا، زەمینەی توێژو لێکۆڵینەوەو زەمینەی رەواکردنی متمانە بەجۆرێ لەیەکتری ئاڵاون کە ئەبێ بەگوێرەی رەوتو شێوازی کار، بەنێوبژیوانی جۆرێك لەئەندێشە،و بەواتایێکی تر بەشێوەیێکی نەبڕاوەو بێ وچان لەیەکتر جیا بکرێنەوە لەمەڵبەندەکانی بوونو ئەندێشەیشدا ئەم فۆرموله هەیەو راستە.

لەپەیقێنو بەڵگەکاریدا. هەمیشە رەخنەو تیۆری، رۆشنگەریو بونیادبەخشین لەیەکتری ئاڵاون، لەم رووەوە کاربەدەستانی گوتار هەمیشە ئەبێ گریمانەی ئەوە بکەن کە بەگوێرەی پێش گریمانە ناچاریەکانی پەیوەندیەکانی گوتاری بەڵگەکاری، تەنها هێزی ناچار نەکەری بەڵگەکاریی سەرتر حوکم ئەکاو بڕیار ئەدا. بەڵام ئەوان ئەزانن، یان ئەتوانن بزانن کە ئەم ئامانجگەراییە تەنها لەو رووەوە پێویستە کە راوبۆچوون لەڕێگەی نێوبژیوانەوە پێك دێو ئەسەلمێندرێ. نێو بژیوانێك کە نە بەشێوازی "بێخەوشی" ئەفلاتونی، "بێگەرد" و پارێزراو لەجیهانی دیاگرامەکانە،و نەبەشێوەی ئایدیای ئەفلاتونی لەدەرەوەی ئەم جیهانی دیاگرامانەدایە.

تەنها ئەتوانین بڵێین، گوتارێ کە ئەم راستیانەی قبوڵ کردبێ، رەنگە بتوانێ تەلیسمی (جادوی) ئەفسانەو ئوستورە بشکێنێ بەبێ ئەوەی خۆی لەرووناکیی لێهاتوویی کانی واتایی شاراوە لەئەفسانەدا بێبەری بکا.

* * *

ئەم گوتارە وەرگێڕدراوێکە لەنەسکی پێنجەمی ئەم کتێبە:

Jurgen Habermas, "the Entwinenment of myth and Enlightment", in the philosophical discourse of modernity, traslated by fredriek lawrence (london: cambridge, polity press), 1987.

⌘

رۆشنگەری و بیری عەرەبیی ئیسلامیی

هشام جعیط

و: گ. ن.


فەلسەفەی رۆشنگەری دیاردەیەکی رۆشنبیری ئەوروپییە گرنگیەکی گەورەی هەیە. لەبنەڕەتدا لەفەرەنسا و ئەڵمانیا لەسالانی (١٧٢٠و ١٧٧٠)دا پەرەیسەند. گارێکی زۆری کردە سەر سەردەمی خۆی و سەردەمەکانی دوای سەرهەڵدانی خۆیشی. لەفەرەنسا ئەم دیاردەیە شێوەیەکی تێکۆشان ئامێزی لەخۆگرت و چووە ناو چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرادەیەک کەدەتوانین بڵێین کۆمەڵگای فەرەنسی هەر لەرۆژی بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنساوە بووبە هاوسۆزو هەڵگری بیرەکانی فەلسەفەی رۆشنگەری.

لەئەڵمانیایش رۆشنگەری کارێکی زۆری کردە سەر ئەڵقە تەسکەکانی دەوڵەت و کۆمەڵ، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر قوول.

زۆرن ئەو رەگەزانەی کەتێکەڵدەبن و بەیەکادەچن تا بزوتنەوەو جموجووڵی رۆشنگەری دیاریبکەن، بەڵام شتی سەرەکی ئەوەیە کەئەم بزوتنەوەیە وەک رەخنەگرتن لەئاین و دەوڵەت پەرەیسەندووە، رەخنەگرتن لەئاین زیاتر لەدەوڵەت لەرەگەوە سیستمی کۆنی بەگشتی هەڵتەکاند، بەتایبەتی باوەڕی ئایینی. چونکە بزوتنەوەی رۆشنگەری لەگەوهەریا ئاین و دەسەلاتی رەها بووە، و هەوڵی سەپاندنی دەسەلاتی رەهای عەقڵی داوە. لەم روەوە ئاڕاستەکردنێکی جیهانیی هەبووە. دەتوانرێ بوترێ فەلسەفەی رۆشنگەری نوێنەرایەتی سەرچاوەی بیری نوێی رۆژئاوا دەکات و بووە بەبنکەو بناغەی. لەبەر ئەوەی بیری رۆژئاوایش بەهەموو جیهانا بڵاوبۆتەوە، لەتواناماندا هەیە بیسەلمێنین کە - فەلسەفەی رۆشنگەری - بنکەیەکی ئیدیۆلۆجییە بۆ چەند تۆیژێك لەجیهانی نوێدا. شۆڕشی فەرەنسی بەرهەمی ڕەوای ئەم فەلسەفەیە، دەتوانین شۆڕشی روسیشی بخەینەسەر کەنزیکترین شۆڕشە لەئێمەوە. ئێمە هەست بەرۆشنگەری دەکەین وەك پڕۆژەیەکی نوێگەریی، رۆژئاوایی، جیهانگەری بۆ ئەو شارستانیانەشی کەئەوروپیی نین. سەبارەت بەجیهانی ئیسلامیش، کاریگەریی ئەم بزوتنەوەیە دەتوانێ ڕاستەوخۆ بێت هەرکە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ ببینین، بەڵام دەکرێ جێگای بەچەند بزوتنەوەیەکی داهاتوو پڕبکرێتەوە کەلەناوەوە لەسەر بنکەو بنەمای فەلسەفەی رۆشنگەری دروست دەبن.

پەرەسەندن و بێداربوونەوە:

باهەر لەسەرتاوە بڵێین ئەم ئیدیۆلۆجیایە نەیتوانیوەوە - و ناتوانی - بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریکاتە سەر بیری سیاسی لەجیهانی ئیسلامیدا، و دەبوایە نیو سەدە چاوەڕوانمان بکردایە تا بەڵای کەمەوە کامڵ دەبوو و هەستمان بەجێپەنجەی یەکەمی کاریگەرییەکانی دەکرد. بەم مانایە، ناتوانین باسی کاری ڕاستەوخۆی یا هاوچەرخی بکەین بەو جۆرەی لەبواری رۆشنبیریی ئەوروپا هەیە. لەسەروی



سلامه موسی



طه حسین

ئەمەوە، ئەم کاریگەرییە زۆر بەهێواشی پەرەی سەند هەندێ جاریش بەجیاوازی زەمەنی گەورەوە. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کەیەکسەر و راستەوخۆ نەبووە بەڵکو بەچەند قۆناغێکی زەمەنی جۆراوجۆردا بووە لەهەمان کاتدا لەژێر کاریگەریی رۆشنبیریی ئەورووپا نەشونمایکردووە.

لەدوایدا دەکرێ بڵێین ئیدیۆلۆجیای رۆشنگەری لەکاریگەرییە ئاشکراو بەهێزەکانیا لەجیهانی عەرەبیی ئیسلامیدا رەتکراوەتەوە چونکە ئەم جیهانە بەیەکجاری و بەئاشکراو بەتەواوی دابڕان لەئاین پەسەند ناکات، جگە لەمە فەلسەفەی رۆشنگەری درەنگ وەخت و بەشێوەیەکی شێواو زۆر جیاواز لەواقیع گەیشتۆتە جیهانی عەرەبیی ئیسلامی. لەگەڵ ئەمەشدا، هەر خۆی ئەم ئیدیۆلۆجیایە کەبوو بەئیدیۆلۆجیای دەوڵەتی داگیرکەر، بەهێزەوە لەسەرەتادا چووە ناو زۆر لەرەوتە فیکرییەکانەوە، پاشانیش تێکەڵی زۆر لە توێژە کۆمەڵایەتیەکانو ئیشو کاری دەوڵەت بوو. لەراستیدا، جیهانی ئیسلامی لەسەدەی هەژدەیەمدا، واتا لەو ماوەیەدا کەکۆمەڵێ بیری ئەورووپی لەرەگەوە دەگۆڕان و لەئامادەبوونی درێژخایەنی مەسیحی دائەبڕان، و بنەمای دەستوری نوێیان بۆ ئایندەی کۆمەڵێ مێژوو دادەنا، لەو کاتەدا دور بوو لەهەموو ئەو شتانەی کەپەیوەندییان بەجموجوڵی رۆشنبیریو فیکرییەوە بوو. هەر لەسەردەمانێکیشەوە، لەبواری تاقیکردنەوەیەکی ترا دەژیا. مەبەستمان ئەوەیە لەو ماوەیەدا ئیسلام لەئیسلامیەتێکی مەعریفیو قەزایی و مەدرەسییەوە دەگوازرایەوە بۆ ئیسلامێکی نائەقلانیو سۆفی و، میللی گەری؛ چاکترە بگەڕێینەوە بۆ رابوردوی کلاسیکی تا بتوانین شتێك بدۆزینەوە تارادەیەك لەشۆڕشی رۆشنگەری بچێت، واتا گفتوگۆیەك دابهێنین دەربارەی باوەڕ، هەروەها دەربارەی ئارەزوکردنمان لەموناقەشەکردنی بەرهەمی ئاین لەچەند ئەڵقەیەکدا: ئەویش لەسەردەمی زێڕینی عەباسیدا بوو کەسەدەیەك دوو سەدەی خایاند (لەسەدەی نۆوە بۆ سەدەی دوازدە)و هاوکات بوو لەتەك سەرهەڵدانی ئەوەی کەدەکرێت پێی بوترێت ئیسلامی بەغدادی و ئیسلامی قورتوبی لەوپەڕی رۆژئاوای جیهانی ئیسلامیدا. بەڵام ئێمە نامانەوێت ئێستا موناقەشەی ئەم بابەتانە بکەین... ئەوەی کەدەمانەوێ رونیبکەینەوە ئەوەیە کەبزوتنەوەی رۆشنگەری لەکاتی سەرهەڵدانیا رووبەڕوی ئیسلامێکی شەعبی بووەوە، کەلەهەموو رەگەزێکی شیتەڵکاری خاڵیبوو، بیرگەیەکی وشیاری دەربارەی رابوردوی خۆی نەبوو، بیرگەیەکی وشیاری دەربارەی رابوردوی خۆی نەبوو... تا سەدەی هەژدەیەمیش جیهانی ئیسلامی هەموو هوشیارییەکی دەربارەی

هـێزی سـەربازیو حەسـانەتی هـەبوو. بەلایـەوە بەیەکگەیشـتن لەتـەك رۆژئاوایشـدا کارەسـاتێکی گـەورەبوو. سـاڵی ١٨٠٠ یەکسـەر جیهانی ئیسـلامی کەشفی لاوازیی خۆی کرد. بەئاگاهاتەوە کەروبەروی رۆژئاوایەکی بەهێز دەبێتەوە لەلایـەن سـەربازییەوە، رۆژئاوایـەکی شارسـتانی، و ناتوانێت خـۆی لەتـەك دوژمنـی مەسـیحی کۆنـدا بـەراورد بکـات، چونکـە مەسیحیەت وەك پێوەرێکی کۆن نەماوە تـا کـارو سیسـتمی خـۆی پێبپێـوێ. ئـەم گۆڕانکارییـە لەئـەنجامی سـەرهەڵدانی بزوتنـەوەی رۆشـنگەریدا سـەریهەڵدا کـەبوو بـەهۆی دروسـتکردنی چـەند جیاوازکارییـەکی گرنـگ لـەبواری سیاسـەتو شارسـتانیا. موسـوڵمانان دەرکیـان بـەوەکرد کەئەوروپیەکان لەبورای هێزا جێیان هێشتون.

هـەروەها دەرکیانکرد لەلایـەنی ئابوریو بـورای شارسـتانیو مـادیو رێکخسـتنی شـاردا، سـەریان کـەوتون. ئـەو کـات هـەوڵیان ئـەدا لـەواقیعی نوێـی خۆیان،و نـهێنی سـەرکەوتنی دوژمـن بگـەن. بـەڵام بـەهیچ جۆرێـك بیریـان بـەلای ئـەوەدا نەئـەچوو کەگەوهـەری ئـەم گۆڕانکارییـە گەورەیـە کەئـەوروپا بینیویە لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەئەوروپا بـەهۆی چاکـەی بزوتنـەوەی رۆشـنگەریی لەرەگـە ئایینییەکانی دابڕاوە. کێشـەکان لەمـە ئاڵۆزتربوون وەختێك کەدیتیان ئەوروپا نەك تەنها وەك هـێزێکی شارستانی ئاشتیخواز پێشی گرتـوون، بـەڵکو وەك هێزێك بەتەمایە دەسەڵاتی خۆی بەڵوبکاتـەوە. لەبـەر ئەوەی موسوڵمانەکان نەیانزانی شارستانیی ئـەوروپا هێزەکـەی لەسـەر بنکـەی رەخنـەگرتن لـەئایندە دەسـەڵات دامـەزراوە بۆیـە بـۆ ماوەیـەکی درێـژ لەتەنگژەیەکی تراجیدیا ژیان.

بـەڵام لەلایـەکی تـرەوە دەشـێت بێداربونـەوەی وشیاری ئایینیو سیاسـیو تەنانـەت کۆمەڵایـەتیش شیاو نـەبێت، چونکـە موسـوڵمانان نوێگـەرییان وا وەرنەگرتووە کەدابڕان بێت لەتەك رابوردوودا، بـەڵکو وا وەریانگرتووە کـە بـەردەوام بێت لەتـەکیا (واتـا لەتـەك رابوردودا)، وەك پەرەسـەندن وەریـانگرتووە بەڵکو وەك بێداربوونەوە وەریانگرتووە.

بـەڵام ئەمـە ئـەوە ڕەتناکاتـەوە تـەوژمێك هەیـە کەمایەتییەك رابەری بـوون بەشـێوەیەکی راستەخۆو ناراستەوخۆ سەرچاوەی لـەئیدیۆلۆجیای رۆشـنگەری وەرگـرت. هـەر لەتەهتەهاوییـەوە تـا (طـه حسـین)، هەروەها (فرح انطوان)و(شبلی شمیل)و(قاسم أمین)و هـەموو ئەوانـەی کەبەپشبەسـتن بەچـەمکی نوێکردنـەوەو و چـەمکی مـادیو عـەقڵانی بیریـان لـەئایندو سیاسـەتو کۆمـەڵ دەکـردەوەو هـەروەها ئەوانـەیش لەسـەدەی نۆزدەهـەمدا ڕەخنـەیان لەدەسـەڵاتی ڕەهـا لـەتورکیا و تونـس ڕۆژهـەڵاتی عەرەبی دەگرت. کارێکی ڕەوایە بورقیبەو بزوتنەوەی کـەمالی(١) لـەچوارچێوەی تـەوژمی ڕەخنـەیی دژ بـە ئایین لەقەڵەم بدەین واتا لەچوارچێوەی ئەو بۆچوونـە جیایەی کەبزوتنەوەی ڕۆشنگەری بۆ ئایینی دەکات.

لـەدوای ئەمانەشـەوە دەتوانـین بزوتنـەوە نەتەوەییـەکانیش وەك (نـاصری)و چـەندەهایتر لەڕۆژهەڵاتی عەرەبیا کەلەقۆناغی زەمەنیی جیاجیادا گۆڕانکاری بنەڕەتیان لەکۆمەڵەکانی خۆیانا کـردووە، بخەینە پاڵ ئەوانە. واتە، دەتوانین بڵێین کاریگـەریی کەلـەپوری ڕۆشـنگەری زۆر گرنـگ بـوو، نـەك تەنـها لـەنێوەندی نوێنـەرانی ڕەسـەنایەتی ئیسـلامی لەسەرەتاداو پاشان لەبزوتنـەوە ئیسـلامییەکانی نیو سەدە پێش ئێستادا، بەڵکو لەروی تری بێداربوونەوە لەجیهانی ئیسلامیدا، واتا لەنێوەندی نوێخوازەکـاندا، و بەسیفەتێکی ڕونترو بەبەهێزتر لـەنێوەندی خـاوەن کاردا.

هەرچەندە ئـەم بزوتنەوانـە هـەوڵیانداوە پێـش هەموو شتێك ئیسلامی هاوچەرخ لەلاوازی ڕزگارکـەن، ئەگـەرچی ئامـانجی دیاریکراویـان پراگمـاتیکیبوو، بـەڵام دەگمەنـە دەنگدانـەوەی گفتوگۆیـەکی فیکـری ڕاسـتەقینەمان بێتـە گـوێ، یـا جورئـەتێکمان بەرچاوکەوێت لەروبەروبونەوەی دیاردەیەکی ئـاینیدا. یـا شـتێك لەبەریەرەکانێیـەکی حەماسـیانەدا بێـت لەپێناوی عەقڵدا.

جارێکیتر، هـەموو شـتێك بـەدەوری چاکسـازیا دەسـوڕایەوە. جەدەلیـەتی ڕابـوردو و ئێسـتا ژیانەوەیـەکی بێنمونـەی بەخۆیـەوە بینـی. ئـاینیش لەهەموو گفتووگۆ و ڕەخنەگرتنێك دورخرایەوە.

لـەژێر زەبـری بومەلـەزەی ڕۆشنبیریی ڕۆژئـاوادا کێشەی ناسـنامە هاتەکایـەوە.و لەبەرچـەند هۆیـەکی شـەرعی کێشـەی ڕەخنـەی خودیـی و ڕەخنـەی مەوزوعی لەبەرهەمی باوەڕبوو بەکارێکی لاوەکی.

روناکبیەی سیاسیە پێشەواکان:

روناکبیرە سیاسیەکان کەلەسەرەتادا دەرکەوتن، واتا پێش سەرهەڵدانی ئیمپریالیەت، وەختی دەسەلاتی محمد عەلی لەمیسرو ئەحمەد بای لەتونس، و بەشێوەیەکی گشتی لەسەردەمی رێکخستنەکاندا (چاکسازی ئیداریو سیاسی) ئەو



طهطهاوي

روناکبیرانە بەشێوەیەک لەشێوەکان دەرکیان بەفیکری رۆشنگەری کردبوو و تا رادەیەکیش هاوسۆز بوون لەتەکیا، بەڵام لەگەڵیا بۆ رووبەڕووبونەوەی ئایئو رەخنە لێگرتنی رێکنەبوون. ئامانجی سەرەکییان بەشارستانیبون بوو واتە چاندنی پێشکەوتن لەبواری شارستانیو هێزا. بۆ نمونە، کەسێکی وەک (طهطهاوی)(١٨٠١ ــ ١٨٧٣) ڤولتیرو مونتسکیو و رۆسۆی خوێندبووە وە. لەکاتی گەڕانەوەیشیا لەئەورووپا کتێبی (مەزنیو داڕمانی) مونتسکیوی کرد بەعەرەبی. بەڵام خەمی سەرەکی ئەم گەیشتن بەراستیەکی نوێ نەبوو بەڵکو خەمی ئەوەی بوو ئەو فاکتەرانە بدۆزێتەوە کەیارمەتی ولاتە ئیسلامییەکان دەدەن بۆ گێڕانەوەی هێزی خۆی کەلە وەرگرتنی زانستە سروشتیەکاندا بەرجەستە دەبوو. ئەم هەڵوێستە سەبارەت بەشۆڕشی پیشاسازیو زانستی ئارەزوویەک دەنوێنێ بۆ وەرگرتنی شت لەوانیتر، نەک شتێک هەبونی ناوەوە تێکبدات، بەتایبەتی نرخی نەریتەکان. لەگەڵ ئەمەشدا کارێکی سەرسوڕهێنەرە ئەوە کەشف بکەین یەکەم کۆششی رۆشنبیری کە لەبەیەک گەیشتن بەئەورووپا هاتەگۆڕێ خەسڵەتی گوێگرتنی بۆ کەسانی دی پێوە دیاربوو بەڵام وەک هەڵوێستێک بۆ چاکسازی گۆڕین.

ئەم هەڵوێستە لای تیۆر رێژێکی سیاسی تریش کەتامو بۆو گرنگیی (طهطهاوی) هەیە، هەبوو ئەویش (خیر الدین باشا التونسی)یە. بەڵام ئەم زیاترو چاکتر لەکەسانیتر، دەکۆڵێتەوە چونکە بیری لەبنەمای گۆڕانکاری ئەو مەرجانە کردەوە کەدەیانگەڕێننەوە بۆ ئەخلاقیەتی دادپەروەریو ئازادی، بەڵام طهطهاوی لەسنوری چەمکی دادپەروەری ئیسلامیدا دەوەستێ. (خیر الدین باشا) دەیەویست لەئەورووپای سیاسیو ئابوریو تەکنۆلۆجی بگات، و قەناعەت بەزانا موسوڵمانەکان بهێنێت کەئەم کارە بەهیچ جۆرێک ناکەوێتە دژایەتییەوە لەگەڵ ئایندا.

(خیرالدین) پیاوێکی روناکبیرو واقیعیبوو، دەرکی بەو مەترسیانە دەکرد کەهەڕەشە لەدەوڵەتە ئیسلامییەکان دەکەن بەهۆی دواکەوتنیانەوە. بۆچونیشی بۆ دادپەروەری چەمکێکی سیاسیانە بوو چونکە ئەو دیکتاتۆرێتی حوکمی رەها ئامێزی رەتدەکردەوە. دەتوانین لەمەوە کارتێکردنی رۆشنگەریمان بۆ دەرکەوێ هەروەها ئەو رۆشنبیرییە سیاسییەیش کەلەئەورووپادا بەگشتی بلاوێکردەوە.

خیرالدین لیبرالیە بەپێی مەفهومی سەدەی هەژدەیەم واتا لایەنگری ئەو حوکمەیە کەپێی دەگوترێت (حوکمی رەهای رۆشنگەر). کاتێکیش لەدوا ساڵەکانی ژیانیا بوو بەوەزیری یەکەم لەتورکیا داوای تەتبیقکردنی (شەریعەتی ئیسلامی) کرد چونکە باوەڕی وابوو کەرێگایەکە بەرەو چاکسازی بنەرەتیمان دەبات نەک نیمچە چاکسازی. وردە وردە، باوەڕی بەوەهێنا کەناشێت مەنهەجی ئەورووپی وەک خۆی وەرگرین و دورکەوینەوە لەنەریتی جەماوەر، لەگەڵ ئەمەشدا، داوای کرد وەک پێویستیەک پەرلەمان دابمەزرێت.

باوەڕیشی دەهێنا کەدەوڵەت دەتوانێت بەشداری لەکاری گۆرانکاریو نوێکردنەوەدا بکات ئەویش لەڕێگای هێنانە ناوەوەی رۆشنبیرو کەسە زیرەکەکان بۆ هەیکەلەکەی (واتا هەیکەلی پەرلەمان).

لەتونس زاناو رۆشنبیرو ئەوانەی کەباوەڕیان بەئیجتیهاد بوو لەدەوری خیرالدین کۆبوبونەوە. بەڵام موعاریزی ئەم رەوتە زۆر بوون‌و سەربەهەموو چین‌و پایەکان بوون. وەك ئەو فەرمانڕەوایانەی کەنەیاندەتوانی لەم دیدە نوێخوازە تازەیە بگەن، هەیکەلی دەوڵەت‌و دام‌و دەزگاکانی، و ئیستیعماریش کە وردە وردە لەئاسۆوە بەهەڕەشەوە سەرو سیمای دەرئەکەوت، تەنانەت جەماوەر خۆیشی. ئەو کەلەپورە رۆشنبیرییەی کە(خیرالدین) جێیهێڵا کارێکی قوڵی لەتونس کرد هەر وەك لەتورکیا: عەقڵیەتێکی چاکسازیانە و فیکرێکی دەستوری لیبرالی.. ئەوەی لەفیکری خیرالدین‌و فیکری (طهطاوی)و چاکسازە سیاسیەکانی جیهانی ئیسلامیا سەرنجڕاکێشە زاڵبوونی پراکتیکە بەسەر تێوردا. بەکورتی، هەمویان ئیمانیان بەکردەوە هەبوو فیکریان بەپلەی دووەم دادەنا.

ئێمەیش دەبینین ئەم دیاردەیە روناکترین دیاردەی فەلسەفەی رۆشنگەری فەرەنسییە. بەڵام دەبێ ئەمەیش بخەینەسەر ئەوانەی پێشوو بڵێین ئامانجی سەرەکی رۆشنگەری روخانی جیهانی کۆن‌و تیکشکاندنی بنەما رۆشنبیرییەکانێتی، بەڵام کارەکە لای خیرالیدن و چاکسازەکانی‌تر جیاوازبوو چونکە مەبەستی کارەکانیان لەخۆگونجاندن لەتەك واقیعدا، خۆی دەنواند.

دەکرێ بوترێ فیکری سیاسی نوێ لەجیهانی ئیسلامیدا لەسەر ئاستی شکڵ سودی لەو بزوتنەوەیە وەرگرت کەفەلسەفەی رۆشنگەری بەرجەستەکرد بەڵام بەجیاوازییەکی زەمەنییەوە کەبەیەك سەدە مەزەنە دەکرێت.

عەقڵخوازە پێشەواکان:

ئەم رەوتە فیکرییە بەبەردەوامی سود لەبۆچوونەکانی رۆشنگەری دەبینی‌و پەرەی بەخۆی دەدا. لەخیلاڵی ئەوەی کەپێی دەگوترێ فەلسەفەی وەزعی، و سان سیمۆنی، و تیۆری گۆڕان، و بیروباوەڕە بێداربوونەوەییەکان (نهضویه). لەتورکیا لەژێر ناوی ((یەکێتی‌و پێشکەوتن))دا بوو، هەروەها ئەم رەوتە فیکرییە لەنوسینەکانی شێخ عەلی یوسف‌و عبدالله النديم وعلی پاشا مبارك‌و بیریارە مەسیحیەکانی لوبنان‌و سوریادا کەهۆگری فیکری شۆڕشی فەرەنسی بوون بەرجەستە بوو. بەڵام لەهەموو ئەمانە گرنگتر (عبدالرحمن الكواكبی)یە سالّی (١٩٠٢) مردووە.

فیکری ئەم رەسەن بوو سەرچاوەی لەواقیعی عەرەبیی ئیسلامی وەرگرتبوو. بۆچوونەکانی تەنها بەدەوری کێشەی پێشکەوتنی بەردەوامدا ناسورێتەوە بەڵکو شانبەشانی رەوتی فەلسەفەی رۆشنگەری دەڕوا لەڕێگای رەخنەگرتنی توندوتیژی لەحوکمی زۆرداریی رەها. ئەمەش بەتەواوی لەکتێبی بەناوبانگی کەواکبیدا روندەبێتەوە کەلەژێر ناونیشانی ((طبائع الاستبداد))دایە.

بیری پێشکەوتن،و رەخنەگرتن لەزۆرداری‌و توندوتیژی، خەسڵەتە گرنگەکانی فیکری ئیسلامی سەدەی نۆزدەیەمن.

بۆیە لەسەرمانە توخمێکی‌تر بخەینەسەر ئەمانە توخمێك کەبەستراوە بەبواری فیکری‌و رۆشنبیری‌و جەخت لەسەر لایەنی عەقلیی کەلەپوری ئیسلامی دەکات‌و فیکری (معتزلة)ء فەلسەفەی (ابن رشد) دەکات بەخاڵی دەرپەڕینی تێزەکانی. سالّی ١٩٠٣ کتێبەکەی (فرح انطوان) (ابن رشد وفلسفته) دەرکەوت. لەهەمان کاتدا (شبلی شمیل) هەوڵیدا رەخنە لەدیاردەی ئاینیی بەدرێژایی مێژوو بگرێت. ئەم دوانە بیری خۆیان‌و تێزەکانیان لەبواری رۆشنبیریی‌و فیکریدا هەڵرشت‌و سەرهەڵدانی رەوتی عەقلانییان لەبزوتنەوەی بێداربونەوەی عەرەبیی ئیسلامیا ئاشکراکرد. عەقلانیەتیش چووە مەیانی کێشمانکێشەوەو هەوڵی سەرلەنوێ خوێندنەوەی رابوردوی‌دا. بیریاری سیاسی وازی لەجێگاکەی خۆی هێنا بۆ سودی بیریاری رۆشنبیری کەکێشەی ئاین پلەیەکی گرنگ لەبیرکردنەوەی داگیر ئەکات.

ئەم گۆڕانکارییە لەوکاتەدا رویدا کەئیمپریالیەتی ئیستیعماریی ئەوروپی گەیشتبووە لوتکەی هێز ئەمەیش لەسالّی (١٨٨٠)دا بوو.

چاکسازی: ئیسلام‌و عەقڵ‌و ئیسلام‌و پێشکەوتن

ئەو ئەوروپایەی لەو ماوەیەدا رونبووەوە ئەوروپای تۆپ‌و ئارەزوی دەسەلاّتە. بەمانایەك، ئەم ئەوروپا نوێیە هیچ پەیوەندییەکی بەرۆشنگەرییەوە نەبوو. چونکە هەر وەکو لەپێشدا رونمانکردەوە بزوتنەوەیەکی کراوە بوو بەسەر هەمەچەشنەیی

رۆشنبیریيه ئینسانییه‌کان‌و له‌پێناوی ده‌ستورو بنه‌مای به‌رزا به‌ربه‌ره‌کانێتی ده‌کرد، به‌واتایه‌کی‌تر به‌رهه‌می ره‌وای ئه‌م بزوتنه‌وه‌یه بوو چونکه دیدی ئیمپریالی خۆی له‌سه‌ر بنه‌مای ئیدیۆلۆجی پێشکه‌وتن‌و سه‌ربه‌ستی‌و عه‌قڵ داده‌مه‌زراند که‌ته‌واوی ئه‌و عونسورانه‌ن بوبوون به‌خه‌سڵه‌تی بزوتنه‌وه‌ی رۆشنگه‌ری.

له‌ساڵی (۱۸۸۰)، ره‌وتی چاکسازی سیاسی‌و ئایینی له‌سه‌ر ده‌ستی (جه‌ماله‌دینی ئه‌فغانی‌و محمد عبده)دا ده‌رکه‌وت. ئه‌م ره‌وته بوو به یه‌که‌م بزوتنه‌وه‌ی بێداربوونه‌وه‌ی عه‌ره‌بیی ئیسلامی.

به‌ڵام ئه‌م ره‌وته به‌هیچ شێوه‌یه‌ك خۆی له‌ره‌خنه‌گرتن له‌ئاین نه‌ئه‌دا به‌ڵکو بۆچوونی چاکسازیی خۆی له‌سه‌ر چه‌ند بنه‌مایه‌ك دامه‌زراند که‌له‌ته‌ك بۆچوونه سه‌ره‌کییه‌کانی رۆشنگه‌ریا جۆر نه‌بوون. واتا له‌جیاتی دوورکه‌وتنه‌وه له‌ئاین نزیکبوونه‌وه‌یه‌کی زیاتری له‌به‌رو روی ئاین گه‌ره‌ك بوو. ئه‌فغانی ده‌ڵێ: ((روخاندنی ئاین واته گرتنه‌به‌ری ڕێگایه‌ك که‌ڕێگای شارستانییه)). ره‌وتی ناوبراو وادەبینێت که‌روخانی ئیسلامی ناگه‌ڕێته‌وه بۆ نارێك و پێکییه‌کی ناوخۆیی یاخی‌بوون، به‌ڵکو ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ هه‌ڕه‌شه‌ی ده‌ره‌وه‌و سته‌می ده‌سه‌ڵاتداران، له‌هه‌ڵه تێگه‌یشتن له‌ئاین، گوتاری ئه‌فغانی له‌کێشه‌ی بانگهێشت بۆ گه‌ڕانه‌وه‌ی سه‌فا بۆ ئیسلام ره‌تده‌کات ئه‌ویش له‌ڕێگای جێبه‌جێکردنی بیروباوه‌ڕی پێشینانه‌وه(السلف) ره‌خنه له‌بنه‌ماکانی رۆشنگه‌ری ده‌گرێت.

بۆ نموونه وادەبینێت که((پیشه‌سازی رۆژئاوایی به‌رهه‌مهێنه‌ری شه‌ڕه))و((ئه‌م پێشکه‌وتنه‌یش شێوه‌یه‌که له‌شێوه‌کانی به‌ربه‌ره‌یه‌ت)) ئه‌فغانی چه‌خت له‌سه‌ر ئه‌وه ده‌کات شارستانیی نوێ تووشی چه‌ندەها نه‌خۆشی ئه‌خلاقی بووه‌و شارستانی شه‌ڕو تەماحه، هه‌روەها ڕای وایه که‌پێشکه‌وتنی راسته‌قینه ده‌بێت ئینسانی‌و ئه‌خلاقی بێت‌و له‌سه‌ر بنه‌ماو دەستووری ڕۆحانی دامه‌زرابێت، و ڕۆژئاوا جیهانی ئیسلامی ته‌نها له‌بواری هێزی مادی‌و ئامڕازه‌کانیدا به‌جێدێڵێ. به‌ڵام ڕۆژئاوا ڕۆژه‌ڵات به‌یه‌که‌وه له‌پێشکه‌وتن دوورن.

مرۆڤایه‌تیش به‌گشتی دوچاری داڕمانێکی گه‌وره دەبێت چونکه له‌ره‌گه ڕۆحییه‌کانی خۆی دورکه‌وتۆته‌وه.

چه‌مك گه‌لێکی وەك ئه‌مانه سه‌رنج رادەکێشن چونکه خه‌ریکه له‌فیکری ئه‌و بیریاره ڕۆژئاواییانه‌وه نزیکبێن که‌پتر له‌نیو سه‌ده‌یه دەستیانداوەته ره‌خنه‌گرتن له‌ئاراسته‌کردنی شارستانی‌و ته‌کنه‌لۆجی ڕۆژئاوا که‌خۆی به‌ڕووومی فه‌لسه‌فه‌ی ڕۆشنگه‌رییه، چونکه جه‌ماله‌دینی ئه‌فغانی زۆر ئاگای له‌لایه‌نی خراپی ڕۆشنگه‌ری له‌سه‌ر ئاستی به‌شه‌ری، و لایه‌نی خراپه‌کاریی عه‌قڵ بوو. سه‌ده‌یه‌ك دوای ئه‌فغانی قوتابخانه‌ی فرانکفۆرت له‌ته‌ك هورکیمرو ئادۆرنۆدا به‌ناوی مه‌بده‌ئی ئینسانییه‌وه شه‌ڕێکی توندو تیژیان دژ به (عه‌قڵانیه‌تی ڕۆشنگه‌ری) ئاشکراکرد، دیاره مه‌غزی بیره‌کانی ئه‌فغانی سه‌باره‌ت به‌م کێشه‌یه زۆر ئاڵۆز بوو، بۆیه نه‌یتوانی مانای فراوانی خۆی بپارێزێ. هیچی بۆ نه‌ماوه ته‌نها داکۆکی کردن له‌ئاین



بونی رۆشنبیری نەبێت. ئەمەش دوای خۆی (محمد عبدە)ی قوتابی خۆی پەرەپێدا. ئەم سوربونە لەسەر پێویستی پاراستنی باوەڕو ئاین لای ئەفغانی وردە وردە بەرەو پێشینانگەری (السلفیە) رەهای دەبرد کەئەمڕۆ بووە بەرۆحی بزوتنەوە ئایینییە نوێکان. رۆژ بەرۆژیش بۆچوونەکانی تەسکدەبوونەوە. بەلأم بۆ ماوەیەکی درێژ، ئاسۆیەکی فیکریی فراوانی رەخسان تەنانەت ئەو بیریارانەیشی گرتەوە کەزیاتر بەهاوچەرخی و نوێگەرییەوە نوسابوون، و بەشداریان لەچەسپاندنی ئەو سنورانەدا کرد کەرەتناکرێنەوە:

پاراستنی ئیسلام وەک باوەڕ و وەک وشیاریی میژوویی و رۆشنبیری.

ئەم تێبینیانەم خستەڕو بۆئەوەی بیسەلمێنم کەرۆشنگەری نەیتوانی بگاتە کۆلەکەی جیهانی ئیسلامی کە(ئیسلامە). بەلأم شتێك لەناوەڕۆکەکەی لەو کارەدا بەرجەستەبوو کەلەسەرەتایدا پێی دەوترا چاکسازی، رەوتی لیبرالی و عەقلأنی - کەرەوتێکی رۆشنبیرە پالأوتەکانە - پەرەی بەکاروانی خۆیدا بەلأم بێئەوەی هێرشی زەق بکاتە سەر ئاین و هەموو رەوتە فیکرییەکان لەسەر ئەوە کۆکبوون کەئیسلام و شارستانی یەک شتن، و پێویستە ئەو داڕمانە رەتبکرێتەوە کەهەموو لایەنێك هەستی پێدەکرد، تا ڕوبکرێتە پێشکەوتن و پەرەسەندن.

پۆپکەی لیبرالیەتی عەقلأنی

لەماوەی هەردوو جەنگی جیهانیدا، هەلۆیستەکان بەرامبەر ئەم کێشەیە بوون بەچەند جۆرێکەوە. لەسەر ئاستی میللی ئیسلام پایەی خۆی وەک باوەڕی رۆژانەی خەلك پاراستبوو. لەسەر ئاستی وشیاری رۆشنبیریشی، رەوتە چەکسازییەکە بەرەو عەقلأنیەت دەچوو: ئیسلام ((عەقلأنییەتێکی تایبەت بەخۆی)) دۆزییەوە، ئەویش لەڕێگای رەوتی (الاخوان المسلمین)وە بەم شێوەیەیش بوو بەئیسلامێکی نوێ. هەرچی رەوتی نوێگەریخوازیشە پایەو پلەی خۆی بەجورئەتەوە ئەستورکرد. هەلۆیستەکانی خۆی پلەی خۆی بەجورئەتەوە ئەستورکرد. هەلۆیستەکانی خۆی لەخیلالی خۆسوانی لەرەوتە رۆژئاوایی و لیبرالی و عەقلأنییە جۆراجۆرەکان دەگوڕی یا دەسکاری دەکرد. بەلأم لەتورکیا پرکێشی نەکرد هێرشبکاتە سەر باوەڕو نەریت. هەرچ کاتێك روبەڕوبوونەوەیەك لەنێوان ئیسلام و عەقلأدا ببوایە شکست بۆ عەقلأ سەرکەوتنیش بۆ ئیسلام دەبوو. بۆچی؟ چونکە مەودا دەرەکییەکە، واتا جەدەلیەتی من و ئەو، عەقلی لەئامانجی خۆی دورخستەوە ئەویش گەڕان بوو بەدوای راستیداو کێشەی ناسنامەی رۆشنبیری دەخستەڕو. راستە ئەگەر ئێمە لایەنی رۆژئاوایی لەرۆشنبیری عەرەبی ئیسلامیدا هەلبسەنگێنین بەم مەودا زەمینیەی کەلەسەردەمی سەرهەلدان و پەرەسەندنی جیاماندەکاتەوە، بۆمان دەرئەکەوێ کەئەم رەوتە ملکەچی نیمچە تەواو بووە بۆ نەریتە زاڵەکانی رۆژئاوا، بەبێ ئەوەی لەلای خۆیەوە هەوڵبدات رەخنەی ئاڕاستە بکات و بەشێوەیەکی عەقلأنی راستەقینە لەبناغەو ئامانجەکانی بکۆڵێتەوە. بۆیە لەسەرمانە بەرونی جیاوازی لەنێوان ئەو (طە حسین)دا بکەین کەکتێبی (دەربارەی شیعری سەردەمی جاهیلی) نوسیوەوەو ئەو (طە حسین)ی کەکتێبی (ئایندەی رۆشنبیری لەمیسر) نوسیوە. هەموومان دەزانین یەکەمیان رەتکرایەوەو هێرشکرایە سەری و حوکمدرا بەلأم کتێبی دووەم بنەما عەرەبیەکانی رۆشنبیری میسری لەرزان هەروەك (ساطح الحصری) بۆی دەچێت کتێبەکەی (عەلی عبدالرزاق)یش کەدەربارەی (اسس السلطة فی الاسلام) بوو و هەراو هوریایەکی زۆری لە نێوەندی رۆشنبیراندا نایەوە، لەکۆتایدا هەوڵی شکاندنی باوەڕی نەئەدا بەلأکو دەیویست لەگەردو لەکەی سیاسی رزگاری بکات.

ئەوەی کەزەینی (عبدالرزاق) لەبیری کردبوو ئەوە بوو کەتاقیکردنەوەی ئیسلام لەسەرەتادا رونیکردبووەوە سیاسەت ناتوانێت لەئاسۆی ئایینی دەربازبێت، ئەو ئاسۆ ئاینییەی کەسنوری بەدەق و دەستوری پێغەمبەرانە بۆ کێشرابوو.

دەکرا سەردەمی لیبرالیەت رۆشنگەرییەك بۆ رۆشنبیریی عەرەبی ئیسلامی نوێ دابمەزرێنێ، چونکە بەراستی سەردەمی گەڕان و لێکۆڵینەوەو سەربەستی بوو تیایدا فەیلەسوف وەك نوسەرێك پەیوەندی بەزۆرترین ژمارەی جەماوەرەوە هەبوو. توانای هەبوو گفتوگۆ دەربارەی کێشەی گەوهەری و ناسك بەهێزبکات. هەروەها سەردەمی سەرهەلدانی کەسایەتی نوێی رۆشنبیری عەرەبی بوو: (لطفی السید)،(سلامة موسی)، (علی عبدالرزاق) ،(حسین هیکل). بەشێوەیەك، لەتەك هەندێك ئاگاداریا، دەتوانین بڵێین بەراستی ئەو سەردەمە سەردەمی رۆشنگەری بوو. بێگومان بڕێکی زۆر لەئینتلجنسیای

عەرەبیی ئێستا سودێکی زۆری لەبزوتنەوەی ئەو رۆشنگەرە پێشەنگانە بینیوە.

بەڵام ئەوەی کەدەبێت تێبینی بکرێت ئەوەیە کەرۆشنبیرە لیبرالیەکان بزوتنەوەیەکی فراوانو پتەویان پێکنەدەهێنا. هەروەها تارادەیەک خۆیان لەتەنکاو دەدا، جۆش‌و گورێکی تیژو بەردەوامیشیان نەدەخستەرو بۆ چەسپاندنی بنەمای عەقلانی تایارمەتی خوێندنەوەی سەرجەم رابوردوویان بدات. ئەو عەقلانیەیشی کەبانگێشتیان بۆ دەکرد زۆر ساکار بوو، لەکاتێکدا کەچاکتر بوو عەقلانیەتێك دابمەزرێنن لەواقیعی عەرەبیی ئیسلامی بگات، و توانای هەبێت نەریت و پێکهێنەرەکانی وەربگرێت، کاریگەریی چاکی بەسەر جەماوەری فراواندا هەبێت، بەڵام ئەو ئیسلامە رەسمییەی کەروبەڕوبووەوە بەقەڵای پڕ لەئامرازی داکۆکیکردن دەوردرابوو، واتا عەقڵیەتێکی بەرەلستکارانەی ناوەکی هەبوو. عەقڵیەتە. باوەکەیش فرەکردنی رەوت‌و بۆچوونە فیکریەکانی رەتدەکردەوە؛ و پەسەندیشی نەدەکرد لەفەزایەکی کۆمەڵایەتی‌و مێژوویدا لەتەکیا بژی. هەموو ئەمانە دێنینەوەیاد تا سەرنەکەوتنی رێژەیی سەردەمی لیبرالی شیبکەینەوە کەنەیتوانی مەعریفەیەکی عەقلانی‌و بیرێکی رۆشنی راستەقینە بنیاتبنێ لەسەردەمێکدا کەفەیلەسوفی - نووسەر بایەخێکی زۆری لەلایەن نێوەندی گەلەوە پێدەدرا، ئەو بایەخپێدانەی کەلەدواییدا بەهۆی گۆڕانی جەماوەر بۆ سیاسەت‌و سیاسی لەدەست درا.

زاڵبوونی سیاسەت

وردە وردە سیاسەت بەسەر ئاسۆی بیرکردنەوەی جیهانی عەرەبیی ئیسلامیدا دەکشاند بەتایبەتی لە سەردەمی بیری نەتەوەیی هەڵکشاودا کەلایەنی حەماسی‌و توندوتیژی لای جەماوەر بەهێزکرد، هەروەها شەرعیەتی ناسنامەی رۆشنبیری‌و ئایینیی زلکردەوەو کاتێکیش توانی دەوڵەتێك دابمەزرێنێ، وەك ئیدیۆلۆجیا چووە ناو هەیکەلی کۆمەڵایەتییەوە. بیری نەتەوەیش لەوەختی (جمال عبدالناصر)دا شت‌و شێوازی زۆری لەمارکسیەت وەرگرت لەهەمان کاتدا هەوڵی ئەوەی ئەدا ئەو پرۆژە سەرەکییە جێبەجێ بکات کەخۆی لەجێبەجێکردنی، یەکێتی، ئیشتراکیەت‌و رزگارکردنی فەلەستین‌و تێکۆشان دژی ئیمپریالیەتی رۆژئاواییدا دەنواند.

لەپاڵ هەموو ئەمانەدا ئیدیۆلۆجیای نەتەوەیی ئیلهامی دیموکراتیەتی لەئیسلامەوە وەرئەگرت بێهیچ گفتوگۆیەك دەربارەی چەند بیرێك کەلەپێشدا ئامادەکرابێت. ئەو سەردەمەی سەردەمی شۆرشە (یەکبەدوا یەکەکاندا) بوو.

لەتەك تێپەڕبوونی زەماندا ئیدیۆلۆجیای نەتەوەیی توانی بڕێکی فراوان لەئنتلجنسیا بەلای خۆیدا رابکێشێت بەتایبەت لەوانەی کەخۆشیان بەبیری نوێگەری‌و ئیدیۆلۆجییە شۆشگێڕەکانی وەك مارکسیەت‌و ئەوانەی تردا دەهات. نەوەی نوێی رۆشنبیران زۆر جیابوون لەنەوەی رۆشنبیرە لیبرالیەکان. بەتایبەتی لەمیللیگەرای‌و تووندرەوی‌و دوژمنایەتیکردنی تووندی رۆژئاوای بۆرجوازی و نەریتەکانی تەنانەت بەنەریتی سەربەستیشەوە.

ئەم نەوەیە واریسی مەوزوعیی لایەنی بنەڕەتی‌و شۆڕشگێڕی‌و یەکسانیگەری بزوتنەوەی رۆشنگەری بوو، نەك هی مەودای لێبوردنکاری، و لیبرالی‌و ئینسانی‌و نازۆرداری رۆشنگەری‌و بێداربوونەوە (نهظه)، کەخۆیشی‌بوو بەقوربانی ئەم زۆرداری‌و تووندڕەوییە نوێیە. ئیتر قسەو باس لەبێداربوونەوەیەکی نوێ دەکرا لەبنەڕەتدا بەدەوری پرۆژەی رۆشنبیری‌و سیاسیدا دەسوڕایەوە، هەروەها بەدەوری سەرهەڵدانی چەپێکی عەرەبیی رۆشنبیردا کەلەسالانی یەکەمی شەڕی ناوخۆی لوبنانیدا (١٩٧٥ - ١٩٧٨) گەیشتە ئەوج‌و پۆپە. بەڵام ئەم چەپە لەلایەن دامودەزگای دەوڵەتەوە بەزەبری چەك سەرکوتکرا.

نەوەی لەم کۆپە هەڵچووە مایەوە ئەوەیە کەبەشی گەورەی ئنتلجنسیای عەرەبی باوەڕی خۆی بەئامانجە یەکگرتوویەکان پاراست، لەگەڵ ئاشکراکردنی دابڕان لەدام‌و دەزگای دەسەڵاتدار.

پەراوێز:

١. راستە کەمالیەت جۆرە بیرێکی رۆشنگەری داڕشت بەڵام شکستی لەوەدا دەرئەکەوێت کەسەربەستی نەك لەتاکە کەسێك بەڵکو لەمیللەتێکی وەك (کورد) زەوت دەکات، ئاشکاریشە سەربەستی یەکێکە لەبنەما دیارەکانی رۆشنگەری.

* ئەم لێکۆڵینەوەیە بەرهەمی نووسەرو بیریاری گەورەی عەرەب (هشام جعیط)و لەگۆڤاری (مقدمة) وە وەرگێراوە کەلەفەرەنسا بەعەرەبی دەرئەچێت

وەرگێڕ

ئێمەو سەدەی بیستو یەک

رەنگە کارێکی قورس بێت خۆمان روبەڕوی پرسیارێکی وا بکەینەوە:
ئایا ئامادەییمان تێدایە بۆ چوونە ناو سەدەی بیستو یەکەوە؟
یا ئایا دەکرێت پرسیارێکی وا لە بوونی کوردی دێرینو ئێستا بکەین؟
بڵێی ئەم پرسیارە پرسیارێکی گونجاو بێت بۆ کورد؟
کوردێك کە تائێستا نەك وەرنەگرێ، بەڵکو ئامادەیی نییە بۆ وەرگرتنی لایەنی رێکوپێکی ئەوانی تر، کوردێك کە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتگەلێکەوە پێیان دەوترێ جیهانی سێیەم، یا دەوڵەتانی جیهانی سێیەم لە چوارچێوەی ئەم پوڵێنکردنەیشدا، ویستو ئارەزوی زەتکراوەو بوونی بەند کراوە.

ئەگەر عەرەبێك، یا فارسێك خەمی ئەوەی هەبێ وەك مرۆڤێکی ئەوروپی خاوەن دەسەڵاتی تەگنەلۆجیی ناچێتە سەدەی بستو یەکەوە ئەوە ئێمە خەمی ئەوەمانە هەوڵی سرپینەوەمان لە جیهانی سێییەمدا رەتکەینەوە. وەك کێشەی نەتەوەیی تازە مەلەفی کێشەی پارچەیەك لە وڵاتەکەمان لە ئەوروپای رۆشنگەرییەوە دەخرێتە قەفەزەوەو دەنرێتەوە بۆ بەردەستی درندەترین دوژمنمانو لەسەر ئاستی رۆشنبیریو کتێب سەیری کتێبخانەیەکی بەتاڵ دەکەینو تازە دێین لەسەردەمی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتا بە رۆنیۆ بەرهەمی رۆشنبیری چاپدەکەین نەماتوانیوە جەستەی فیکری بەرامبەرەکانمان بخوێنینەوە.

بەڵی ئێمە دەچینە سەدەی بیستویەکەوە بەڵام بە پاشکۆییەوە، بە هەمان بوونو شێوەی سەدەکانی ترمانەوە.

دیارە پرسیارەکە زۆر گونجاو نییە بەڵام دەبێت ئێمەی سەدەی هەژدەو نۆزدەو بیست، کە پەنجەیەکمان لەسەر زەمینی سەرەتاکانی نوێگەرییەو نۆ پەنجەی ترمان لەسەر زەمینی کێشەکانی سەدەی حەفدەو هەژدەو نۆزدەدایە، بەتایبەتمەندییە لاوازەکانیشمانەوە دەبێت بیر لەم خاڵە گرنگانە بکەینەوە. بێگومان چۆنێتی لەدەرگادانیسەدەی بیستویەك لەلایەن ئەمریکییەکەوە جیاوازە لە دەرگادانی هەمان سەدە لەلایەن عەرەبێکەوە. ئێمە لە سەدەی بیستدا هەر تەنها وەرگر بووین، وەرگی بەرهەمهێنانی بەرامبەرمان وەك بەشداربوو رۆڵمان نەبووە. بۆ تاوتوێکردنی ئەم بابەتە ئەم تەوەرەمان گردەوەو ئەم نوسەرە بەڕێزانەیش بەشداربوون:

(فەرید ئەسەسەرد: سەرنوسەری گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، عبد الله قەرەداغی: نوسەرو رۆژنامەنوس، جەزا تۆفیق تالیب: ماموستای جیۆپیۆلەتیك لە زانکۆی سلێمانی، اکرم محمد کریم، نوسەر).

گەلاوێژی نوێ


فەرید ئەسەسەرد

سەرنوسەری گۆڤاری

(سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی)



فەرید ئەسەسەرد



دارشتنی بەرنامەیەک بۆ سەدەی داهاتو ئەرکێکە تەنها دەوڵەتانو دامەزراوە گەورەو بەتواناو دووربینەکان لێیان رادەبینرێ ئەنجامی بدەن، رەنگە کورد ئەو توانایەی نەبێ کە بەرنامەی خۆی بۆ سەدەی داهاتو هەبێ یاخود هێشتا دامەزراو و دامو دەزگای وای تێدا هەڵنەکەوتبێ کە بیر لە دارشتنی بەرنامەیەکی تایبەت بۆ سەدەی داهاتوو بکا. ئەمە خۆی لەخۆیدا کەموکوڕییەو بەڵگەی ئەوەیە کە دیدی ئایندەیی کورد دیدێکی لاوازە.

دو سەدەی رابردو بۆ کورد بایەخی خۆیان هەبوە. سەدەی نۆزەدەهەم بۆ کورد سەدەی هەرەس هێنانی دەرەبەگایەتی و چەکەرەکردنی سەرمایەداری بوو. سەدەی بیستەم سەدەی بزوتنەوەی نەتەوەیی بوەو بێر بۆ ئەوە دەچێ کە سەدەی داهاتو سەدەی دەوڵەتی کورد بێ.

ئەگەر چی رەوشی سیاسیی کورد، بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا، بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکانی دەچێ، بەڵام سیاسەتی نانەتەوەییی لایەنی سیاسیی ناو بزوتنەوەی کورد، بەتایبەتی لە پێنج سالّی دوایی ئەم سەدەیەدا، سەبارەت بە هاریکاری کردنی دەوڵەتێکی داگیرکەری شۆڤێنیو یارمەتیدانی بۆ سەرکوت کردنی خواستە نەتەوەییەکانی پارچەیەکی کوردستان، لە سەدەی داهاتودا ئاسەواری خراپی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان باکورو باشور دەبێ.

کورد ستراتیجێکی یەکگرتووی بۆ سەدەی داهاتوو نیە، بەڵام پێی وایە هەلومەرجی سەدەی داهاتو بۆ بەدیهێنانی خواستە نەتەوەییەکان لە هەلومەرجی ئەم سەدەیە باشتر دەبێ.



د. اکرم محمد

عەبدوڵڵا قەرەداغی

نووسەرو رۆژنامەنووس



جەزا تۆفیق قالیب

پیم وایە ئەو پرسیارە هێندێ ((وردکردنەوە))ی پێویستە، ئەو (وردکردنەوە) یەش، بەلای منەوە، بریتییە لە شیکردنەوەی ئەو ئایتم (عنصر) انەی لەم پرسیارەدا بەدی دەکرێنو پاشان شیکردنەوەی شوێنی هەریەکێک لەو ئایتمانە لەو چوارچێوەیەی بۆیان دیاریکراوە.

لە یەکەمین چرکەی تێڕامانو هەڵوەستەکردن لە ئاستی ئەو پرسیارەدا رەنگە وامان بێتە پێش چاو کە کورد، تەنها ئایتمە، ئەمەش بەو پاساوەی گوایە بیستو یەکەمین سەدەی

لەدایك بوون (میلادیی) دەبێتە چوارچێوەی زەمنی بۆ کوردو (ئامادەیی) ش بریتییە لە حاڵەتی دەروونی، یاخود هەڵوێستی دەروونیی کورد بۆ چوونە نێو ئەو چوارچێوە زەمەنییە دیاریکراوەوە، بەڵام ئەو بۆچوونە هەڵەیە چونکە کورد، ئەگەرچی لەناوجەرگەی بایەخی ئەم پرسیارەدا جێگیر کراوە، بەڵام بەنیسبەت ئەو چوارچێوە زەمەنییە دیاریکراوەوە لە پەراوێزدایەو، تەنانەت لەو پەراوێزەشدا پتر، بەهۆی نەبوونی کیانەوە، گەردێکی ناجێگرەو تا ئێستا بەشێوەی کاتیو بەپێی ئارەزووی زلهێزەکان تاقە خاڵێکی لەو پەراوێزەدا پێ ڕەوا بینراوە. هەر لەسەر بناغەی ئەم ڕاستییە زەقەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە مەسەلەی (ئامادەیی) لێرەدا ئایتمێکی سەربەخۆیەو ناکرێ بە زۆر بە پاشکۆی ((کورد)) ی بزانین، هەڵبەتە ناشکرێ یە تەواوی لە کوردی دابڕین.

سەرەتای سالّی دوو هەزار لە دوو ڕووەوە زۆر گرنگە: لە ڕووی مێژوویییەوە ئەوە سەرەتایە لە هەمان کاتدا سێ سەرەتای دیکەش لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، سەرەتای یەکەمین (دەیە) ی سەدەیەکی تازەو سەرەتای یەکەمین سەدەی هەزارەیەکی تازەو سەرەتای سێیەمین هەزارەی تەقویمێکی مێژوویی، واتە لەو ڕووە مێژوویییەوە دووری ێان (منعطف) ێکی ئەوتۆ پێکدەهێنێ کە ناکرێ بەبێ چاوبەخۆداگێڕانەوە لێ بگەڕێین ئەم یادەمان بەسەردا تێبپەڕێ. لە ڕووی زانستیشەوە دەکرێ ماهییەتی ئەم ئایتمە بەم شێوەیە بخەینە پێش چاو:

((بیست و یەکەمین سەدەی لەدایك بووون)) دەروازەی سێیەمین هەزارەیە. لە دوو هەزارەی ڕابوردووەوە کۆکراوەی ئەزموونی ژیان و داهێنانی مرۆڤ گەیشتە ئەو ئاستەی کە ئێمە، لە ڕۆژگاری ئێستاماندا، هەر بە بینینی دیوی دەرەوە (ڕووکەش) ی ئەو گۆڕانە گەورەیە سەرسام دەبین و نازانین چۆن ئیعجابی خۆمان دەربڕین، کەچی خەڵکانی دیکە (واتە پسپۆڕو نیمچە پسپۆڕی بواره زانستییە جۆربەجۆرەکانی ولاتە پێشکەوتووەکان، لە نزیکەوە و لەناوجەرگەی ئەو ڕەوتە خێرایەدا هەست بە گەرمی گۆڕانکارییەکان دەکەن.

لەماوەی دوو هەزار سالّی ڕابوردوودا دەبینین کە ڕەوتی پێشکەوتن هەرگیز بە وەتیرەیەکی سادەی ئەوتۆ بەڕێوە نەچووە کە بڵێین هێڵێکی هەڵکشاوی پڕ لە خاڵی پێکەوە گرێدراوی کێشاوە ... واتە ناتوانین ئەو دوو هەزار ساڵە بە پلپلیکانەی بەرەو سەرەوە ڕاگیراوی دوو هەزار پلەیی ئەوتۆی بشوبهێنین کە پلەیەکانی لەیەك بچن، بەڵکو زۆر بە ڕوونی ئەو ڕاستییە بەدی دەکەین کە لە یەکەمین پازدە سەدەدا (واتە تا سالّی ١٥٠٠) کێڕفی پێشکەوتنی زانست هەرگیز ناگاتە ئەوەی لە شازدەیەمین سەدەدا تۆمار کرا. هەر بەو شێوەیەش دەتوانین ئاماژە بکەین بۆئەوەی کە تەنها بیستەمین سەدەی لەدایکبوون پتر لە سەرجەمی نۆزدە سەدەی پێشوو ڕەنگە بە سەدان جار، کێڕفی پێشکەوتن زەقتر و تەنانەت هێڵێکی نزیك لە ستوونی ڕوونتری تۆمار کردووە.

ئەم ڕاستییە خۆی دەتوانێ ببێتە زەنگێکی مەترسی بۆ ئێمە، چونکە زانست وا دەرکەوت کە ئەسپێکی دەسەمۆ نەکراوەو بەکەس جڵەو ناکرێت، ئەگەر ئەو ڕەوتەی زانست ڕەچاو بکەین کە ئاماژەکان بۆ کرد دەبینین ڕەوتی گۆڕانەکان هێندە خێرایە کەئەگەر یەکێك لەو کەسانەی (لایەنانەی) لە ڕیزی پێشەوەی پێشبڕکێدان، هەر بۆ ماوەیەکی کورتیش لەو پێشبڕکێیە دابڕێ ئەوا گەردی پێشبڕکی کارانای دیکە وای دەپێچنەوە کەچیدی نەتوانێ خەون بە (بەشداریکردن لە پێشبڕکێدا) نەبینێ.

ئەم ڕاستییە ولاتانی ناوچەکەمانو سەرجەمی هێزە ئابووریەکانیشی دەخاتە پەراوێزێکی قەرامۆش کراوەوە، دەبێ بەنیسبەت ئێمەی بێکیانو بێهیچ بنەمایەکی خاوەن بڕیار بوونو، بەنیسبەت ئێمەی خاوەن ئەم عەقڵییەتەوە کە لە هەشت سالّی ئەزموونی خۆبەڕێوەبردندا نەمانتوانی یەك خشتیش لە بناغەی سەرەتایی ترین کارگەی بەرهەمهێناندا دابنێین، دەبێ ئەو مەسەلەیە چۆن بشکێتەوە !؟.

نامەوێ لێرەدا هێندێ لە پێشبینیی گەورە پسپۆڕانی بواره جۆربەجۆرەکان بۆ چۆنێتیی ڕەوتی ڕاستییەکان دووبارە بکەمەوە، بەڵام وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییانەی کە لە پەنجا سالّی

کۆتایی ئەم سەدەیەوە (واتە لە ساڵی (١٩٥١_ بەم لاوە) خۆیان سەلماندووە هێندەی لەباردایە کە بەتوندی جەستەی خاومان راتەکێنێ‌و رامان بچڵەکێنێ‌و ناچارمان بکات بیرێك لەخۆمان بکەینەوە. لە سەرەتای ئەو ماوەیەدا _رێك لە ساڵی ١٩٥٥/ هوە) روون بووەوە کە لە هێندێ ووڵاتی وەکو ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژمارەی کرێکارە یەخە سپیەکان (کرێکارانی ئەو بوارانەی کار نابێتە مایەی پیس کردنی جلەکانیان، وەکو کۆمپوتەر) لە ژمارەی کرێکارانی دیکە زیاترن، ئەمە جگە لەوەی رۆژانە هێندێ بوار بەتەواوەی دەسپێردرێنە دەستی رۆبۆت (ئامێری بەرمەجەکراو بۆ ئەنجامدانی کاری دیاریکراو _ مرۆڤی ئاڵی _)، ئەم وەزعەش چەند ئەنجامێکی بەم شێوەیەی لێکەوتۆتەوە:

١- کەم بوونەوەی پێویستی بە کرێکاران، واتە پاڵ پێوەنانی ژمارەیەکی زیاتریان بەرەو باوەشی بێکاری لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کە بواری دۆزینەوەی کاری گونجاویش کەمتر دەبێتەوە.

٢- پێویستی بە شارەزایی‌و لێهاتوییەکی دەگەمن بۆئەوەی کار دابین بکرێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەچیدی بواری کارکردن بۆ کرێکاری نەخوێندەوار یان نیمچە نەخوێندەوار نامێنێ، نەك هەر ئەمەش، بەڵکو هەڵی کار تەنها بۆ ئەوکەسانە دەبێ کەزیرەکیەکی نائاسایی‌یان لەخۆدا سەلماندبێ.

٣- ئەو (زیرەکی) یەی ئاماژەی بۆکرا، نەك هەربۆ دۆزینەوەی کار پێویستە، بەڵکو لە ئاستە بەرزەکاندا زیرەکی کاڵایەکی دەگەمەنەو دەفرۆشرێت‌و بازارێکی یەکجار گەرمیشی دەبێ. واتە هێزێکی تازە لێرەدا هاتۆتە نیوانەوە کە پێی دەگوترێ هێزی (دانایی) کە جێگای (هێزی کار) ی جارانی گرتۆتەوەو ئەم هێزەش هەم جۆری بازاڕو هەم جۆری سەوداو هەم کاڵای بە تەواوی گۆڕیوەو، تەنانەت شێوازی کڕین‌و فرۆشتنیشی هێندە ئاسان کردۆتەوە کە چیدی کڕیارو فرۆشیار پێویستیان بەوە نی‌یە یەکدی ببینن.

٤- ئازادی‌ی بازاڕو ئازادی‌ی هاتوچۆی شمەك تێیدا گەیشتۆتە ئاستێك کە چیدی دەوڵەت‌و دام‌و دەزگاکانی حکوومەت نەك هەر بواری دەست وەردانیان لەکاروبارەکانی بازاڕ بۆ نەماوەتەوە، بەڵکو بواری خەون بینینیشیان بەو بوارەوە نەماوە، ئەم راستی‌یە بەرەو ئەوەمان دەبات کە لە دووتوێی یاسا تازەکانی بازاڕدا سەرەتاو پێشهات (بادرة) ی مەرگی دەسەڵاتی گەورەی دام‌و دەزگاکانی حکوومەت ببینین. بەشێوەیەکی وردتر: مەرگی مەرکەزییەتی حکوومەت ببینین. هەڵبەتە ئەم مەرگی مەرکەزییەتە هەر بەو ئاسانی‌یە ناکرێ بیری لێبکەینەوە. خودی ئەو دەوڵەتە کە ناوی ((دەوڵەت یان حکوومەت _ نەتەوە)) ی لێنراوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی‌و نەمانی فیودالی (دەرەبەگایەتی) یە. واتە بەرهەمی سەرمایەداری، سەرەڕای ئەوەی شۆڕشێکی یەکجار گەورەی لە بواری بەرهەمهێناندا بەرپاکرد: بەڵام بەئاسانی نەیتوانی جێ بەشێوە کۆنەکەی دەوڵەت _ حکوومەت _ (واتە فیودالی) لەق بکات، بۆیە قۆناغ بە قۆناغ، بەڵام بە هەنگاوی بەهێزو جێگیر، بەرەو ئەو مەرگی یەکجارەکی‌یەی فیودالیزمدا لە رۆژئاوا هەنگاوی نا. خودی ئەو ((دەوڵەت _ نەتەوە)) یەی سەرمایەداری‌یە کە پێویستی‌یەکانی گەشەسەندنی بەرهەمهێنان‌و داهێنانی بازاڕی تازە‌و ئازاد لەسەردەمێکی دیاری کراودا خولقاندی، وا ئەمڕۆ گەشەسەندنی بەرهەمهێنان‌و یاسا تازەکانی بازاڕ هەڕەشەی مەرگی لێدەکەن.

ئایا کورد ئامادەیی تێدایە لەوچوارچێوەی تۆڕی ئەم پەیوەندی‌یە ئاڵۆزەدا جێگای خۆی بکاتەوە؟

پرسیارەکە دەکرێ‌و باشتریش وایە، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

ئایا خاسیەتە تایبەتی‌یەکانی کورد لەو ئاستەدان کە بتوانین حاڵەتی (ئامادەیی) بدەینە پاڵیەوە.. واتە ئایا کورد دەتوانێ مەوقیعی خۆی لەم جیهانە ئاڵۆزەدا دیاری بکات، یاخود ئەو مەوقیعەی لە دەرەوە، لەلایەن گەشەسەندنی بەرهەمهێنان‌و بازاڕو یاساکانیەوە دیاری بکرێت؟

بۆئەوەی وێنەکە روونتر ببێتەوە دەڵێم ئەمانەی ئاماژەم بۆ کردن پێشبینین، بەڵکو کۆمەڵە

راستی‌یەکن‌و بەنیسبەت سەرجەمی راستی‌یەکانەوە زۆر بچووکن. دەکرێ هێندێك بەرەو پێشەوە بڕۆم تا وێنە گشتی‌یەکە رونتر بکەمەوە. بۆئەم مەبەستە بە پێویستی دەزانم کە ئاماژە بۆ چەند لایەنێك بکەم، کە سەرجەمیان پەیوەندی‌یان بە راستی‌ی سەرەوە هەیەو بە درێژی لە ئاستی یەکێك لەو لایەنانە بوەستم.

گەشەسەندنی سەرمایەداری بەم شێوەیەو پێشکەوتنی زانست‌و داهێنانەکانی بوونەتە مایەی دروست بوون، یاخود قۆڵبونەوەی هێندێ کێشەی جیهانی‌ی گرنگ. لە رووی‌کەوە پیس بوونی ژینگە گەیشتۆتە ئاستێك کە چیدی تەنها چینەکەی خوارەوەی هەوا زیانی‌ی پێناگات، بەڵکو ئەگەری ئەوەش لەئارادایە کە گۆڕانی‌ی بونیادی‌ی بۆ پاشەڕۆژ بەدواوە بێت، هەڵبەتە هێشتا ناتوانرێ بە رونی بزانرێ کە نەمانی سەرچاوەی سەرەکی‌ی وزە، کە دووەمین چارەکەکانی ئەم بیست‌و یەکەمین سەدەیەی لەدایك بوون ئاسەوارەکانی دەردەخات، تا چ رادەیەك کاردەکاتە سەر مەسەلەی پیس بوونی ژینگە، بەڵام پشت بەستن بە هەر بەدیلێکی نەوت بۆ وزە، بێگومان ئاسەواری ئیجابی‌و سەلبی‌ی خۆی دەبێت. لە رووی‌کی دیکەوە تا ئێستا جیاوازی‌یەکانی نێوان باشوور _ باکوور گەیشتۆتە رادەیەك کە داهاتی وڵاتانی باشووری و خاوەن دانیشتوانیش هەر زۆرکەمی باکوور ناتوانرێ بە داهاتی وڵاتانی بەژمارە کەم‌و بەژمارەی باشووری‌و خاوەن دانشتووی یەکجار زۆر بەراورد بکرێ.

ئەم کێشەیەی سەرەوە پێشکەوتنی زانست وازەقی کردۆتەوە، پێشکەوتنی زانست‌و زۆری‌ی رێژەی لەدایك بوون لە وڵاتانی باشوور هەمیشە قوواڵتری دەکاتەوە. لەسەرجەمی لایەنەکانی زانستدا پێ دەچێ تەنها چاك کردنەوەی شێوازی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی –لەرووی گۆڕینی سروشتی زەوی‌و رادەی بەپیتی زەوی‌و بەرهەمهێنانی پەیین‌و بەکارهێنانی‌و، ئەندازیاری‌ی جینەکان بۆ چاك کردنەوەی تۆوەکان‌و پێشخستنیان پێ دەچێ تەنها ئەو لایەنە چاوەڕوانی گۆڕانی گەورەی لێنەکرێت، ئەم مەسەلەیەش بە رەچاوکردنی ئەو راستی‌یەی کە ژمارەی دانیشتووانی جیهان لەزیادبوونی بەردەوامدایە، بۆماوەیەکی تر رەنگە رووبەڕووی مەترسی‌یەکی گەورەی (برسێتی) ی ناوچە هەژارەکانی جیهان (بەتایبەتی ئەفریقا) مان بکاتەوە.

ئەم دو ئەگەرەی دواییش زەمینە بۆ قوواڵبوونەوەی ململانێی (باکوور _ باشوور) و (رۆژهەڵات _ رۆژئاوا) سازترو بەهێزتر دەکات. لە سەرجەمی ئەم خاڵانەش ترسناکتر ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئابووری‌و راگەیاندنی جیهانی خەریکە لەدەستی کەمینەیەکی‌ی یەکجار کەمدا کۆدەبێتەوە، ئەمەش ئەو خاڵە گرنگەیە کە دەمەوێ پێی لەسەر دابگرم.

ئامارەکانی نزیکەی بیست ساڵ پێش ئێستا بە رووی هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکردین کە ئەم سەرمایەداری‌یە بوونەوەرێکی یەکجار بەهێزی بەناوی (کۆمپانیا فرەنەوتەکان)ەوە داهێناوە. ئەم بوونەوەرانە، بەپێی ئاماری ساڵی (۱۹۸۰)' تەنها فرۆشی کۆمپانیایەکیان بەناوی ئیکسۆنەوە گەیشتە (۲۸) بیست‌و هەشت ملیار دۆلار، واتە پتر لە بەرهەمی ناپوختەی وڵاتگەلێکی وەکو نەرویج‌و نەمسا‌و دانیمارك. لەهەمان ساڵدا تەنها دە بوونەوەری زەبەلاحی لەوجۆرەی ئاماژەمان بۆکردن، هەریەکە بایی نزیکەی (۲۸) ملیار دۆلار فرۆشی هەبووە واتە پتر لە داهاتی ساڵانەی هەشتاو حەوت دەوڵەتی جیهان.

ئەم بوونەروەرە زەبەلاحە ترسناکانە دەستیان بەسەر هەموو ئامرازە گرنگەکانی میدیا (راگەیاندن) لە جیهاندا گرتووە. بە رەچاوکردنی ئەو راستی‌یەی کە لە رۆژئاوا بە گشتی‌و، لە ئەمریکا بە تایبەتی، راگەیاندن کاریگەرترین کەناڵەکانی پێکهێنانی رای گشتی‌یە، دەزانین تا چ رادەیەك ئەو کۆمپانیایانە فشار دەخەنە سەر کەناڵەکانی دروست کردنی بڕیارو، لە راستیدا تا چ رادەیەك بڕیاری سیاسی دروست دەکەن.

لە پەنای کۆمپانیا فرە نەتەوەکاندا بوونەوەرێکی زەبەلاح و ترسناکتر کە پێی دەگوترێ (بانك) لەو بانکانەدا، بەبێ وەستان، رۆژانە هەزاران ملیار دۆلار، لە رێگای جێگۆڕکێ پێکردنی زانیاری‌ی کۆمپیوتەری لە تۆڕە کۆمپیوتەری پێکەوە گرێ دراوەکانەوە، لە بازاڕە دارایی‌یەکانی جیهان لە حاڵەتی هاتوچۆی بەردەوامدان. ئەو پارەیەی لەوێدا

بەوشێوەیە دەچـی کـە هیـچ بـانکێکی مەرکـەزی (نەتەوەیی) ی هیـچ وڵاتێك تەنانـەت ناشتوانێ هـەر خۆی لەگەڵیاندا بەراورد بکات.

لە پەنای ئەمانەشدا بوونەوەرێکی بچووکتر هەیە کە رۆژانـە، لـەچوارچێوەی سـەوداگەریدا، نزیکـەی (٦٤٠) ملیار دۆلار شمـەك دەگـڕێ‌و دەفرۆشـێ، کـە ئەمـە لـە خـەونی بـەهێزترین بـانکی مەرکـەزیی بەهێزترین دەوڵەتی جیهانیشدا بەدی ناکرێ. هەڵبەتە دەشێ بڵێین کە ئەو کۆمپانیایانە لـە ژێر ئـاڵای هیـچ وڵاتێك‌و بەناوی هیچ گەلێکەوە کار ناکـەن، هـەروەها بـانك‌و دامـەزراوە دارایی‌یـەکان، بـەڵکو بـە تـەواوی سەربەخۆن. ئەو سەربەخۆییەش لە ئاستێکدایە کـە دەوڵەتگەلێکی زۆر بەهێزی وەکو ئـەمریکا، ئـەڵمانیا، ژاپـۆن‌و ... هتـد، لـە ئاسـتی ئـەم بوونـەوەرە زەبەلاحانەدا، لە رووی قەبارەی هێزی ئابووری‌یەوە، زۆر کورتـەباڵاو بچووك دێنـە پێش چاو، هـەر ئـەو بوونەوەرانەش جڵەوی زانستیان لەبەردەستدایە.

ئەمـە واقیعی بیسـت سـاڵ پێـش ئێستاو هـی ئێستایە، ئـەی لـە سـەدەی داهـاتوودا دەبـێ چـۆن بێت!؟

ئەمە نەخشەی جیهانی ئەمڕۆو هاوکێشەکانیەتی، دەبێ هاوکێشەکانی سبەینێی چۆن بێت!؟

ئێستا من دەپرسم: ئێمە لە ئاستی ئەم واقیعەدا، یاخود لەم هاوکێشەیەدا، چ سەنگێکمان هەیـەو، ئایـا دەتوانین، بەنایەکگرتوویی‌و بێهێزی‌ی ئێستامانەوە، باس لـە هیـچ جـۆرە ((ئامـادەیی)) یـەك بکـەین بـۆ پێشوازی کردن لەو داهاتووەی کە بێگومان گەلێك لە ئێستا ئاڵۆزتر دەبێ!؟

جەزا تۆفیق طالب

مامۆستای جیۆپۆلەتیك‌و ئەمنی قەومی

زانکۆی سلێمانی

سەدەی بیست‌و یەك تەنها مانا مێژوویەکە نـادات بـە دەسـتەوە، بـەڵکو زۆر رەهـەندی تریشـی لێ دەبێتەوەو چارەنووسی سەرجەم مرۆڤایەتی دەخاتە قۆنـاغێکی نـوێوەو هـەموو بۆچـوون‌و پێناسـەو بنەماکانیشی سـەرلەنوێ لەبـەردەم هەڵسـەنگاندن‌و لێکدانـەوەو چاوپیاخشـاندندا دانـاوە؛ چونکـە لـە کۆتایی‌یەکانی سەدەی بیستەمدا گۆڕانکاری ریشـەیی بەسـەر چـەمکی ئـایدیۆلۆجی‌و ئـابووری‌و رۆشنبیری‌و... هات، هەروەها نەخشـەی جوگرافیـای سیاسی جیهان گۆڕانکاری ریشەیی بەسەردا هاتووەو دێـت‌و خوێندنـەوەی مێـژوو و سیاسـەت‌و رووداوەکانیش شێوازێکی نوێی بەخۆوە گرتووە.

ئـەوەی لـێرەدا پێویسـتە ئامـاژەی پێبکرێـت ئەوەیـە کـە لـە ئـەنجامی ئـەو ململانـێ سیاسـی‌و ئـایدیۆلۆجی‌و ئابوریـیەی لـە نێـوان گروپەسیاسـی‌و هاوپەیمانەکاندا هاتە کایەوە، کۆتایی‌یەکەی بە چەند تەوەرەیـەکی ئاسـۆ روون‌و خـاوەن بنەمایـەکی ئـایدیۆلۆجی‌و ئـابووری چەسپی کـە وەك یاسـایەکی جیهانی‌و دەرەنجـامێکی گشـتی هاتـە گـۆڕێ کـە دەتوانـین بـە ((دەرەنجـامی کۆتـایی سـەدە نـاوی ببەین)).

ئەم دەرەنجامەش تەوەرە سەرەکیەکانی بریتـین لە:

١- سـەرنەکەوتن‌و هـەرەس هێنـانی ئـەزموونی سۆشـیالیزم لـە جەمسـەری شۆشیالیسـتدا ((یەکێتی سۆڤیەتی جاران)).

٢- زاڵ بـوون‌و پەرەسـەندنی سیسـتمی سـەرمایەداری‌و نوقڵانـە لێـدان بـۆ ((کۆتـایی هاتنی مێژوو بە مۆدێلی لیبرالیزمی.

٣- بەدەرکـەوتن‌و گەشەسـەندنی جەمسـەری بچـوك‌و هـەوڵدانیان بـۆ چوونـەنێو مونافەسـەی سیاسی‌و ئابووری جیهانی‌یەوە.

٤- زاڵ بوون‌و بەرفراوان بوونی دیاردەی ((بـە جیـهانیکردن)) لـە گشت بوارەکانی ئـابووری‌و رۆشنبیری‌و راگەیاندن‌و...

لێرەدا پێویستە ئامـاژە بـەوە بکـەین کـە هـەموو گـەلانی جیـهان بەتایبـەت مـەندی‌و خەسـڵەتی نەتـەوەیی‌و ئـابووری رۆشـنبیری خۆیانـەوە هـەنگاو بەرەوسـەدەی داهـاتوو دەنێـن‌و هەریەکـەیان زۆر تـا کـەم هـەڵگری بنەمایـەك یـان خەسـڵەتێکی تایبـەت مەندی خۆیانن لەسەدەی داهاتوودا.

سەبارەت نەتـەوەی کوردو سـەدەی بیستویەك کـە کاکڵـەی پرسیارەکەیە، پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکەین کە نەتـەوەی کورد لـە سـەدەی بیستدا هیـچ ئەنجامێکی سـتراتیژی ئـەوتۆی بەدەسـت نـەهێناوەو تەنانـەت مافـە سروشتی‌یەکانی خۆشـی لـە بـواری

سەربەخۆیی نەتەوەیی و پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ نەهێناوەتە دی و تەنانەت خاوەنی دیالێکتێکی زمانی یەکگرتووش نییە و نەمێژوونووسان و نە جوگرافی ناسانیش نەگەیشتوونەتە رایەکی یەکگرتوو بەرامبەر سنووری جوگرفایی کوردستان! ئەڵبەتە ئەم جۆرە ئەنجام و سەرەنجامانەش هۆکارەکانی دیارو ئاشکران.

ئەوەی لێرەدا دەمێنێتەوە و بوترێ ئایا گەلی کورد لە کۆتایی سەدەیی بیستەمدا گەیشبێتە ئەم جۆرە ئەنجامەو بیەوێت لە دەرگای سەدەی بیستوویەك بدات ئاخۆ بە چ جۆرە چەك و کەرەستەیەکەوە یەکەم لاپەڕەی رۆژنامێی سەدەی بیست و یەك هەڵبداتەوە.

ئەوەی دەتوانرێت ببێتە بنەمایەك و کەرستەیەك بۆ نەتەوەی کورد لەسەدەی داهاتوودا سوود وەرگردتنە لە دیاردە باوو بەهاکانی سەدەی داهاتوو خۆی، چونکە لە سەدەی داهاتوودا ئاڕاستەو شێوازی بەرژەوەندییەکان و جۆری ململانێکانی جیهان دەچێتە قاڵبێکی تازەوە کە پێویستە لەگەڵ خەسڵەتەکانی سەدەی داهاتوودا بگونجێت ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت کە لە سەدەی بیست‌ویەکدا ببێتە دیاردەو بەهای باو بریتییە لە مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی ئەم مافانە ((بە هەموو جۆرەکانێوە)) رۆشنبیری نەتەوەیی و... ، هەروەها جۆری ململانێکان و جەنگەکان زیاتر شێوازێکی ((شارستانی و جەنگی سەرچاوە سروشتییەکان دەبێت))، ململانێی شارستانی و جەنگی سەرچاوە سروشتییەکانیشی رێگە خۆشکەرە بۆ پاوەندکردنی مەودایەکی گەورە لە گوێ زەوی واتە بەرفراوان کردن لە رێگەی (_جیۆ _ ئابووری) یەوە بە مەبەستی (بە جیهانیکردن)).

هەروەها زمانی دپلۆماسییەت و سیاسەت مەودایەکی زۆری پێدەدرێت لە داهاتوودا، کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین نەتەوەی کورد بە هیچ خەسڵەت و تایبەت مەندییەکی خۆیەوە ناچێتە نێو سەدەی داهاتووەوە ((مەبەستمان لە تایبەت مەندییەکانی کورد نەدەوڵەتی سەربەخۆ نە تەکنەلۆجیایەکی بەهێزو نەزمان و ئاستێکی رۆشنبیری یەکگرتوو بەرزە))، ئەوەی بە دەست نەتەوەی کوردەوە دەمێنێتەوە دەتوانین بڵێین بنەما جیۆپۆلەتیکیەکانی نەتەوەی کورد کە لە سەدەی بیست‌ویەکدا بە شێوازێکی نوێ دەتوانرێت سوودیان لێ وەربگیرێت چونکە لە کوردستاندا ((دوو رەگەزی شەڕی سەرچاوەکان بەشێوەیەکی بەربڵاو چنگ دەکەوێت کە ئەویش سەرچاوەی ئاوی شیرین و سەرچاوەی ووزەیە)).

هەروەها خاوەنی پێگەیەکی جیۆستراتیژییە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە جێگایەکی تایبەتی هەیە لەنێو تیۆری ((ململانێی شارستانییەکاندا))، هەروەها دپلۆماسیەت و ئاستی رۆشنبیری و سیاسی کورد بەهۆی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و دیاردەی بەجیهانیکردنەوە تا سنورێکی کەم توانیوویەتی بچێتە ناو گوندە جیهانییەکەوە.

کەواتە چوونە ناو سەدەی بیست و یەك سەبارەت بە نەتەوەی کورد شتێکی زۆر نامۆیە چونکە تا ئێستا بنەماو دیاردەکانی سەدەی بیستی بەتەواوەتی پێ نەگەیشتووە، بەڵام ئەوەی بەدەست نەتەوەی کوردەوە دەمێنێتەوە تەنها بارودۆخی جیۆپۆلەتیکی کوردستانە ئەگەر بتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت بیکاتە چەکێکی سەردەم.

اگرم محمد کریم

نووسەر

لە بەرامبەر ئاوەها پرسیارێکدا، پێویستە بیر لە تواناو ئامادەیی ناو کۆمەڵی کوردەواری بکەینەوەو بپرسین، کە ئایا ئەو توانایانە بەهاو هێزی ئەوەیان هەیە، کە کورد بەرەو سەدەی بیست و یەکەم ببەن؟

پاشان لەوە بکۆڵینەوە، بۆئەم مەبەستە، پەیامی کورد بۆ خۆی و بۆ جیهان و بۆ سەردەم چییە؟!

کورد خاوەنی گەلێك تواناو ئامادەیی بەرچاوەو کوردستان بەهرەمەندە لە هەموو زەمینەکانی فەرهەنگی، ئابووری و ئامادەبوونی خەڵك بۆ پێشکەوتن. سەبارەت بە زەمینە فەرهەنگی، میللەتی کورد لەکۆنەوە میللەتێکی خاوەن پەیام بووەو مەعریفەیەکی مرۆڤانەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە بەرهەم. پەیامی کورد لە فەرهەنگدا بە رادەیەك مرۆڤانە بووە، کە هەندێك جار تەنانەت لەسەر حسابی خودی میللەتەکەش بووە. بیریاران و رووناکبیرانی کورد لە هەموو بوارەکانی فەرهەنگ دا توانیویانە بوون و ئامادەیی خۆیان بسەلمێنن. گەر

تەماشای نووسراوو گۆڤارو رۆژنامەکان بکەین، سەرەڕای ئەوەش بە هەموو شێوەیەك ئابڵۆقەمان لەسەرە، بەڵام نووسەرانو پسپۆڕانی کورد لە هەموو چەمکەکانی تێنەگەیشتنی سەردەم شارەزانو بگرە رۆڕ جاریش داهێنانیشیان کردووە. هەموو ئەو چەمکانەی کە رۆژئاوای بالادەست، پێوەی دەنازن، لەلای ئێمە کاری پێدەکرێتو لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێتو تەنانەت هەندێ جار لەلای هەندێك لەو هاوڕێو هاوکارە نووسەرانەش لەسەر خاتری دڵسۆزی بۆ ئەو چەمکانە، تایبەتمەندیەکانی ناو کۆمەڵی کوردستانیش فەرامۆش دەکرێت.

مەسەلەیەکی دیکەی زۆر گرنگ هەیە، ئەویش مەسەلەی ئەدەبو هونەرە، ئەدەبو هونەری کوردی لەچاو دراوسێکاندا ئەگەر لەوان لەپێشتر نەبێت، بێگومان لە ریزی ئەواندایە. لەم زەمینەیەدا ئامادەیی کورد تەنها هەر لە سنووری کوردستانانەبووە، بەڵکو گەلێك خزمەتی گەورەشی بە میللەتانی تورك، فارسو عەرەبیش کردووە. لە تورکیادا، یەکەمینو گەورەترین رۆمان نووس، یەشارکەمالی کوردە، یەکەمین دەرهێنەریی سینەمایی یەڵمازگۆنای کوردە، هونەرمەندو گۆرانی بێژی یەکەمین دیسان هەر کوردەکانن، وەکو ئەجمەد کایا، مەحسون قرمەزگول... هتد.

لە ئێران، بەپێی قسەی خودی ئێرانیەکان مۆسیقاو شانۆو سینەماو وەرگێڕان بەدەست کوردەوەیە. ناوەکانی وەکو کامکارەکان، جەمشیدی عەندەلیبی، شەهرامی نازری محمدی قازی، ابراهیم یونسی گەواهی ئەو قسەیە دەدەن. یەکێك لە گەورەترین رۆمان نووسەکانی عەرەبو لە ئاستی جیهانی عەرەبیشدا، سەلیم بەرەکاتی کوردە، گەورەترین شاعیرەکانی ناو عەرەب، بڵند حەیدەری کوردە، هەموو ئەمانە زۆر چاك ئەوە بەیان دەکەن، کە کورد لە زەمینەی فەرهەنگدا، سەرەڕای بارودۆخی سیاسیو نائارامیی سەپێنراو خاوەنی گەلێك ئامادەیی بەرچاوو مەزنە.

سەبارەت بە باری ئابووری لە کورستاندا، هەرگیز ئاستێکی گوزەرانی ناجۆر بەرچاو نەکەوتووە، سەرەڕای ئەوەش کە هەندێك جار بەزۆر قات‌و قڕی لە ئەنجامی جەنگەکانی داگیرکەرانەوە بەسەر کوردستاندا سەپێنراوە. ئێستا ئەگەر تەماشای باری ئابووری کوردستان بکەین، بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا چەندین مەسەلەی گرنگ دەبینین.

یەکەمیان:

ئەوەیە کە باری گوزەرانو توانای کڕینی پارەی کە ئێستا لە باشووری کوردستان مامەڵەی پێوە دەکرێت لە تەواوی دراوسێکانی دەوروبەر باشترە.

دووەمیان:

ئەوەیە، کە بەشێکی زۆری خەڵك بەهۆی باشی گوزەرانیانەوە توانیویانەو دەتوانن کە منداڵەکانیان بەپلەیەکی بەرزی خوێندن بگەیەنن.ئەمەش دیسان توانو ئامادەییەکی باش لەبواری زانستو زانیندا دەخاتە بەرچاو. لەگەڵێگ مالی کوردستاندا زیاتر لە کەسێك خاوەنی بڕوانامەی بەکالیوریوسن.

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە بەشێکی هەرە زۆری خەڵك لەناو کوردستانداو لە هەموو پارچەکاندا، توانو ئامادەییەکی زۆر مەزن یان هەیە بۆ خۆ بەخت کردنو قوربانی دان لەپێناوی بەها پیرۆزو نیشتمانییەکاندا. رەنگە بپرسن باشە ئەمە چ پەیوەندییەکی بە چوونە ناو هەزارەی سێیەمەوە هەیە؟

وەڵامەکە ئەوەیە، کە ئەوە دەردەخات لە زەمینەو پانتاییەکی جەماوەری فراوان دا بەهاکان نرخی خۆیان هەیە تا رادەی خۆبەخت کردن بۆیان. ئەوانەی کورد بۆ سەرۆك (ئاپۆ) و لە پێناوی ئازادی ئەو و نیشتمان دا خۆیان دەسوتێنن، لەبەرئەوەنییە بێزران لە ژیان، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە تا ئەو رادەیە، ئەوان ئامادەی ئەو قوربانیدانەنو هەڵگری ئەوگیانە مەزنەن.

پاش ئەوەی ئامازەمان دا بە تواناو ئامادەییەکانو سنوربڕینی ئەو گیانەش بۆ وڵاتانی دەوروبەرو خزمەت بەوانیش، مەسەلەی گرنگو چارەنووس ساز ئەوەیە کە ئاڕاستەپێدانی ئەم تواناییانە، بەرەو کوێ دەبێت؟ چ بیرکردنەوەیەك، چ پەیامێك دەتوانێت میللەتی کورد بەرەو ئایندەیەکی باشتر بەرێت چ بۆ خۆی و چ بۆ دنیاش؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، ناچار دەبین قەدەرێك بۆ مێژوو بگەڕێینەوەو بزانین کە پەیامی راستەقینەی مرۆڤانەی ئێمە چی بووە؟!

لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی مسیۆلۆجیو ئایینی لە کوردستاندا بۆ یەکەمین جار

بۆچوونی مرۆڤ گەرایی، واتە خۆشویستنو بەهەندگرتنی خودی مرۆڤو هەوڵ دان بۆ بەرزکردنەوەی ئەو بەهایانەی مرۆڤ تا رادەیەی خودایی بوون، یان هەوڵ دان بۆ بنیات نانی مرۆڤی _ خودایی و بەدەست هێنانی ((کەمال)). پاشان بیروباوەڕی زەردەشتی پەیامبەری مەزن، کە دەفەرموێ مرۆڤ دەتوانێت هێزێکی سەربەخۆبێت لە هێزی شەڕو هێزی خێر بۆ خۆیو بەهاکانیو ئیرادەکانی ببنە هێزێکی جیا لەو دوو هێزە.

ئەگەر بە وردی لەم پەیامە ورد بینەوە، گەورەییو دانایی ئەو بۆچوونەمان لەوەدا بۆ دەردەکەوێت کە تەنها مرۆڤ خاوەنی پەیامەو بەکارو کردەوەو بەردەوام بوونی بیگومان، پەیامەکەی پیرۆز دەبێت. بیروباوەڕە دینیو دنیاییەکانی دیکەی دواتریش بەهەمان رادە، سەرەڕای جیاوازی دەربڕینیش ئەو پەیامە دووبارە دەکەنەوە.

ئەگەر بە وردی تەماشای جوگرافیاو ژیانی تۆبۆگرافی کوردستان بکەین، دەردەکەوێت کە ولاتی خۆمان، ناوچە هەرە شاخاوییە سەختەکەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست پێک دەهێنێت، سەرەڕای ساردو سڕیو بەپیتو بەرەکەتی خاکەکەی.

ئەو پەیامەی کە باسمان کردو ئەم ژیانە سەختەش هێزوتوانایەکو هەندێک جار سەرکەشییەکی گەورەو گوێنەدانێکی گەورەی بەو میللەتە بەخشیوە. سەرەنجام بەهۆی ئەو بارودۆخەوەو سەرەڕای داگیرکردنو پارچەپارچە کردنی کوردستان، کورد میللەتێکی سەرکەشو بە ئیرادەو خاوەن پەیام بووە.

سوود وەرگرتن لەو پەیامەو بەکارهێنانی ئەو توانو ئەمادەییانەو لە پێش هەموو شتێکەوە بۆ رزگاری کوردستانو ئازادی مرۆڤی کورد، بە هێزێکی گەورەوە دەبێت پێک هێنەری فەرهەنگو پەیامی کوردی بێت، یان لە راستیدا هیوادارم کەوابێت بەو لەبەر ئەو ئاستانەی سەدەی بیستو یەکدا.

من پێم وایە کە دەبێت کوردستانو مرۆڤی کورد خۆسەلماندنو گەیاندنی پەیامەکەیان بە پلەی یەکەم لەوەدابێت ئەو پەیامو توانایە بە ئاڕاستەیەکدا بێت کە تایبەتمەندی رۆحو کلتورو کێشەی کوردی تێدا بێتو رزگاری کوردستانو پێک هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی لە هەناوی خۆیدا هەڵبگرێتو هەر لەو رێگەیەشەوە، کە لە راستیدا تەنها رێگەی شەرافەتمەندانەشە، تێکەڵاو بیین بە فەرهەنگو پەیامی میللەتانی دیکەو جیهان. بیروڕای من بەو مانایە نییە کە زانستو زانینی دنیاو فەرهەنگو پەیامەکەی بەهای بەرزو مرۆڤانەی تێدانییە یان کورد نابێت لەو بەهایانە نزیک بێتەوە. بەڵکو بەو مانایەیەسەرەڕای ئەوەی کە دەبێت پەیامو فەرهەنگی خۆمان بەدەستەوە بگرینو گەشەی پێبدەین، لە هەمان کاتدا فەرهەنگی دنیاو دەسکەوتەکانی ئێستای دنیاو تەکنەلۆژی نوێ دەتوانێت خزمەتێکی زۆر گەورە بە پەیامو فەرهەنگی میللەتی ئێمەش بکات.

مەسەلەکە لەوەدایە سەرەڕای بوونی فەرهەنگو پەیامی کورد، بەڵام دەبێت هێزێك هەبێت، توانایەك هەبێت، کە ئەو پەیامە بەرێتە کۆڕی پەیامی نوێی جیهانەوە. لە راستیدا ئەو هێزو توانایەش، سەرەڕای هێزو تواناکانی خۆمان، لە بەهاو بیروباوەڕەکانی، بە تایبەتی پێشکەوتووخوازەکانی، ئێستای دنیادا دەستمان دەکەوێت. بەم شێوەیە، مرۆڤ بوونی خۆمان، پەیامی خۆمان لە پاڵ پەیامو مرۆڤیی ئەوانی دیکە، دەهێنینە مەیدانەوە.



عبدالله العروی

هزرو میژوو

و: گ.ن

هـــزری راســـت و دروســـت لـــەناوەندە رۆشنبیرەکانماندا دیاردەیەکی دەگمەنە. ئەگەر بێتـو بـەپێوەری بەخشش و بەرهـەمی بـاش هزرمـەندانی هاوچـەرخمان بژمـێرین، هیـــچ ماندوێتییـــەك بەژماردنیانەوە ناکێشین. ئێمە کەلەم دیدەنـی یـەدا لەگـەلّ مامۆسـتا (عبـدالله العـروی)دا دەپـەیڤین لەبەرئەوەیـە کەلـــەدیارترین هزرمـــەندە کەمـەکانی رووبـەری - مغـرب - و عەرەبەو لەبەرئەوەیشـە کەرۆشـنبیریەیە فراوانکـەی بەراسـتیو دروسـتی لەسـەر لۆژیکێکـی چەسـپو پەسـەند دامـەزراوە، دەتوانـی وامـان لێبکـات بـیر لەژیان و کێشە ئالۆزەکانمان بکەینەوە.

ئەمـەش گەلـێ رەخنـەگری لێهاتوو دانیـان پێدا ناوەو ئێمە تەنها بیروڕای یـەکێ لەوانـە دەخەینـەروو کەئەویش (ماکسیم رۆدنسـۆن)ەو لەپێشـەکی یەکـەم کتێبـی (عبـدالله العـروی)دا (الایدیولوجیـا العربیـە المعاصرە)(ئایدیۆلۆژیای هاوچەرخی عەرەب) تۆماری کردووەو دەڵێ: لەسایەی تێگەیشتنیەوە لـەمێژووی ئایدیۆلۆژیای جیهانی عـەرەبی و هـەروەها ئـەوروپاش بـەهۆی شـارەزاییەوە لـەو رێبـازە شـیکاریانەدا کەجیـهانی نـوێ ئـەفراندوونی (.....١..) هـــەروەها لەسایەی بەربلاوی زانسـتی و ئاگاداریـەوە لەهـەموو ئەو بابەتانەی کەشایستەی تێڕامـانی مرۆڤێکـی زانـاو سـەریەسـت بـێ، (عبـدالله العـروی) گرنگـترینی کێشەکانی ئـەم جیهانـەی کەلایـەنگرێتی رام کـرد بـۆ پەسەندترین شیکاری گونجاو.

یەکێ لەو تەنگو چەڵەمانەی کەئەمڕۆ رووبەڕووی رۆشـنبیری بەرپرسـیار دەبێتـەوە لەچۆنیـەتی ئـەو هەڵوێستەوە دەست پێدەکـات کەپێویستە لـەبارەی کەڵەکـەبووە رۆشـنبیریەکانو هەمـەجۆری خشـتە ئەبستمۆلۆژیەکانەوە... ئـەنجامیبدات: ئایـا ئـەو هەڵوێستە هـەڵبژاردنو هەڵاوێرکاریـە... کەئـەویش ئەنجامەکـــەی هـــەر ســـەقەت کردنـــی هـــزرو تێکشکاندنیەتی. یاخود وەرگرتنێکی فـرە بابەتـە کەخودی وایە بێکۆتـایی بێو هەلومـەرجی داهێنـانو هێنانـە بەرهـەمی تیـادا کۆنابێتـەوە...؟ وادیـارە وردبوونـەوە لـەم مەسـەلەیە دواندنـی هزرمـەندو لێکۆڵەرێکی وەك مامۆستا (عبدالله العروی) خۆشو ئاسان دەکات کەبەنووسراوی سەنگینو جموجوڵی هزری بایەخدار وەلأم گەلێکی کارامەی داوەتەوە.

گومان لەوەدا نیە کەنووسینەکانی (د. العروی) لەبنەڕەتدا هێزوتینی خۆی لەپەیوەست بوونیەوە بەزەمینەی مێژووەوە وەردەگرێ... ئەو لەگەڵ ـ ماركس ـ دا لەبازنەی زانستیی‌یە مرۆڤایەتی‌كاندا تەنها ددان بەزانستی‌یەكدا دەنێ ئەویش زانستی مێژووە. لەبۆتەی ئەم زانستی‌یەداو لەبواری رێبازە نوێكانی‌داو بەشوێن كەوتنو شیتەڵكردنەوە (عبدالله العروی) دووكاری بنەڕەتی پێشكەش كردووە: یەكەمیان شوێنو كاتی دیاری كراوەو پەیوەستە بەئەتروحەیەكەوە دەربارەی رەوشتی كۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌و بزووتنەوەی رۆشنبیری مەغریبی (١٨٣٠ ـ ١٩١٢)و دووەمیان لەبارەی مێژووی گەورەی مەغریبەوەیە (محاولة تركیبیة) لەم دوو كتێبەدا (د. العروی) پسپۆرێتی و شارەزایی خۆی لەبواری شیتەڵكاری مێژوویی‌یەوە سەلماند. تەنها ئەمەش بەس بوو بۆئەوەی بخرێتە خانەی ئەو هەڵسەنگێنەرانەوە كەپشت بەرووداوو بەڵگەنامە دەبەستنو وای لێبێ ببێ بەجێی موتمانەو رێزی مێژوونووسە بەئەزموونەكان.

بەڵام ناوبانگی ئەم مێژوو نووسەمان لەناو رۆشنبیرانداو خوێندنەوەی‌و هاتو هاوار لەسەری بەبۆچوونی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ دووجۆر لەوكارانەی كەبەپاڵپشتی رۆشنبیری مێژوویی خۆی‌و شارەزایی‌دا لەڕێبازە نوێكان‌و زمانە گرنگە بیانی‌یەكان ئەنجامی داوە كەئەمانەن:

١ـ كارگەلێكی تیۆریی سازگەری: الایدیولوجیا العربیة المعاصرة/ (تەنگەژەی رۆشنبیرانی عەرەب)/ العرب والفكر التأریخی/ (عەرەبو هزری مێژوویی) ثقافتنا فی ضوء التأریخ/ (رۆشنبیریمان لەروناكی مێژوودا) الاسلام والحداثة/ (ئیسلامو نوێگەری)

٢ـ كارگەلێكی رووەو شیگەری فێركاری: مفهوم الدولە/

(چەمكی دەوڵەت)/ مفهوم الحریة/ (چەمكی سەربەستی) بەم دوو چەشنە كارگەلەوە (د. العروی) دەچێتە بواركەوە زیاتر لەفەلسەفەو مێژووی هزرەوە نزیكە نەك لەمێژووەوە بەمانا باوو ناسراوەكەی... لەم بوارەدا قسەكردن لەبارەی دەسەلاتی مێژووی رووداوو توانایەوە لەبڕیارو حوكم داندا سەختە وەك هەندێ لەقسەو هەڵوێستەكانی (د. عبدالله العروی) وادەگەیەنن. ئێمە لێرەدا لەبواری لێكدانەوەو هێنانەدی چەمكو ماناداین كەناتەبایی پێڕەوو مەعریفە سەرهەڵدەدات. واشدەردەكەوێ كەمەسەلەی تیۆرو تیۆركاری چەنەبازی نیە، بەڵكو پلەو پایەیەكی هزریی بەپیتو پێزو ئاڵۆز ئاشكرا دەكات.

لەم بوارەدا تەوژمی تیۆرییەك رووبەرووەمان دەبێتەوە كە(العروی) كۆششی كردووە تیادا بگیرسێتەوەو بە گۆڕانكاری‌و زیادەكاری پەرەی پێبدات‌و دەوڵەمەندی بكات.

ئەم تەوژمەش تەوژمی مێژووگەری‌یە كەلەوانەیە بنەڕەتەكەی بۆ ئەو ئەتروحەیەی ماركس بگەڕێتەوە كەدەڵێ: تەنانەت ئەگەر هاتو كۆمەڵگەیەكیش گەیشتبێتە ئەو رێگای یاسای ئاساییە كەبزوتنەوەكەی بەڕێوە دەبات[1] ناتوانێ بەبازێك تەجاوزبكات یا بەبڕیارێك قۆناغەكانی نەشو نمای سروشتی خۆی بشكێنێ. بەڵام لەتوانایدا هەیە قۆناغی ژان‌و ژووری كورت بكاتەوەو ئازاری لەدایكبوونی هێوربكاتەوە.

(پێشەكی سەرمایە ١٨٦٧ چاپە كۆمەڵایەتی‌یەكان، ل ١٠ ـ ٢٠) تایبەتمەندێتی ئەم راڤەیە ئەوەیە كەرووی دەكاتەوە لۆژیكی قۆناغبەندی لەگەشەی كۆمەڵگەری‌دا نەبەرپاردەركردن دێتەدی‌و نەبەمسۆگەرییەتی پێشكەوتنكاری... كەواتە نەلیبرالیەت‌و نەپێشكەوتنكاری نەمێژووگەرێتی دەزانن‌و نەئامێتەی جەوهەری ئەركەكانی دەبن... چونكە یاسای قۆناغبەندی كۆمەڵگەری ئەوەندە شل و شاو نیە بەتەنها ویستی مرۆڤایەتی حوكمی لەسەربدات‌و ئەوەندەش تونددو تۆڵ نیە رێگای بازدان‌و كرژبوونەوە بگرێ.

لەرۆژئاوادا نووسین دەربارەی مێژووگەری زۆرو هەمەجۆرەو لەهەڵچوون‌و داچووندایە لەنێوان هەڵوێستگەلێكدا كەلەئەستۆیان دەگرێو بەم شێوەو بەو شێوە كاریان پێدەكات‌و لەنێوان هەڵوێستگەلێكی دیشدا كەدژیان دەوەستێو پووچەڵیان دەكاتەوە. هەڵومەرجی بوونی ئەم لێكدانەوەیەی كەهەندێجار بەلای ـ سكولاتیدا ـ دەچێ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كەلەجیهانێكدا دەخولێتەوە نەشونمایەكی ئاسایی‌و شۆڕشگەلێكی كاملّی كردووە كەهۆكارەكانی پێشكەوتن‌و دەسەلاتیان بۆ سازكردووە.

بەڵام لەوڵاتانی دواکەوتوو دەسبەسەردا واتا وڵاتانی جیهانی سێهەم - مێژووگەری دەبێ هـەر جیاکاربێو مۆرکی تایبەتمەندێتی هەبێ. چونکە دەربڕینێکە بەئاگاوە دەربارەی مێژوویـەکی بەلەسـەو بیرکردنەوەیەکـە لـەلۆژیکی کـار یابراکسیسـی شایانی فریاکەوتنی دواکەوتنو رەهاکردنی بەردەوامکاری.

بەکورتی ئەم مێژووگەرییە لەسـەر ئـەم بنەمایانـە دەچەسپێ:


١ـ چەسـپینی یاسـاکانی پێشـکەوتنی مێژوویـی (حەتمییەتی قۆناغەکان)

٢ـ یەکێتی رووگە (رابوردوو داهاتوو)

٣ـ تواناکاری خواستنی رۆشنبیری (یەکێتی رەگەز)

٤ـ ئیجابییـەتی رۆڵـی رۆشـنبیرو سیاسـی. (قەڵـەمبازو کورتکردنەوەی زەمان.

ئـەم مێژووگەرییـە کاریگـەرە ئەوەیـە کـە(د. العـروی) هـەوڵی گەشانەوەو قوڵبوونەوەی دەدات لەسەر ئاستی جیهانی سێهەمو وڵاتانی عەرەب بەتایبەتی... ئـەوەش لـەژێر رۆشـنایی ئەزموونـەکانی وڵاتـی مـەغریب لـەبواری پێشـکەوتنی مێژوویـیو زاڵبوونـدا بەسـەر کۆسـپو تـەنگژەکانداو نزیکترینی ئەو ئەزموونانە لـەزەروورەت و پێداگرتنـەوە ئـەزموونی لیبرالیەتـە کەپێویسـتە گرووپـی سیاسـەتەدارانو رۆشـنبیران مێژووەکـەیو بەخششـەکانی وەرگـرنو بنوێنـن. ئـەوەش یەکـەم بەمەبەستی چوونـە نـاو رۆحـی سـەردەمو بـەجوانی لایەنگیرکردنیو دووەم لەپێناوی گەیشتن بەتێگەیشتنی هەرچییەك کەسەردەمی لیبرالیو رژێمـی سـەرمایەداری خسـتوویانەتەروو. واتـا مارکسـیەتو کۆمەڵگـەی سۆسیالیزم. دەرباەری ئـەم دوو مەبەسـتەو لەئـەنجامدا بەهاوشـانی ئـەوی‌تر لەرووبـەری عـەرەبی‌دا هەسـت بـەخودکردن دروسـت بـوو... رووە نوێنـەرەکانی ئایدیۆلۆژیـای هاوچـەرخی عـەرەبی... ئـەم رووانـە سـەرجەم فـەقێو سیاسـەتمەدارو پیشـەگەرنو یـەك لەدوای یەك هەریەکەو لەم رووانە جۆرێك لـە دەسەلاتیان هەیە لەو جۆرە دەوڵەتانەدا کەمێژووی هاوچەرخی عـەرەب ئاشنایانە: دەوڵەتی کۆلۆنیـالیو دەوڵـەتی لیـبرالیو دەوڵـەتی نەتـەوەیی... ئـەوەی شـەرعییەتی ئـەم هەمەجۆرییـە بـەرەوا دەبینێ تەنها جیاکاری هەڵوێستو دیدگایە لەسەر ئاستی هەست کردن بەخودو بەوی‌دی... و لەسەر ئاستی درك کردنـی دواکـەوتنی مێژوویی عەرەبیو بۆچوونی بۆ قەرەبۆکردنیو چارەکردنی.



بەڕاستیش دەبینین کەموکوڕی ئەو ریزبەندە رووی رۆشـنبیر خۆیـەتیو نموونـەیش بۆئـەوە خـودی نووسـەرە کەلـە توانـایدا هەیـە مەودایـەکی

رەخنەیی بگرێتەبەر دەربارەی ئەو رووانەی پێشتر ناوبراون و ئەنجا خەستکردنەوەی هەڵوێستیان لەدوو دیدگای سەرەکیدا: دیدگایەکی سەرەوکۆن و دیدگایەکی بژارکاری... کەهەردوو دیدگاکە تاقیکردنەوە سەلماندوویەتی تائێستا سەرەنجامیان تەنها شکستی و ڕێگای داخراوبووە... بۆچی؟ لێرەدا ڕۆشنبیر بانگەشەی ئایدۆلۆژی خۆی روون دەکاتەوەو کۆششی پێڕەوکردنی قایل کردن دەکات ئەوەندەی کەتێگەیشتن و نوێنەرێتی پێڕەوکردووە... دەردی ئەوە خۆی لەخۆیدا بەوەوە پابەندە وەکو بەسووربوونێکی زۆرەوە تۆماری دەکات کە(بانگاشەکەرانی چارەسازی لەسەردەمی بەئاگاهاتنەوە هزرەکانی ڕۆژئاوایان بەش کردو هەریەکەو لەدوای یەك پشتیان بەبەشێك بەستو ئەم دابڕینی بەشە هەموو کاریگەرییەکی لێدامالّی..) ئەی چارەسەر چییە؟ کەوابێ وەکو خاوەن بانگەشەکە دەیلێتەوە پێویستە پەنا بەرینە بەر سیستمێکی هزری کامڵ کەهەموو بەشە پشت پێبەستراوەکان کۆکاتەوە... و مارکسیەت ئەو سیستمە داواکراوەیە کەلۆژیکی جیهانی نوێمان پێدەبەخشێ.

چونکە ئێمە لەخولە یەك لەدوای یەکەکانی جیهانی نوێدا ژیاین و بونیادە جەوهەرییەکەیمان وەرنەگرت (واتا لۆژیکی دیموکراتی لیبرالی). ئەمە لەلاپەڕە - ٢٥ - ی کتێبی (عەرەبو هزری مێژوویی)دا دەخوێنینەوە.. لەلاپەڕە - ٣٠ - شدا نووسەر دانپیادانانێك دەخاتەروو کەپەیوەستەگی تۆندوتۆڵی نێوان مێژووگەرێتی خۆی و نێوان مارکسیەت ئاشکرا دەکات. (دوای وردبوونەوە لەهەندێ ڕەخنەگەل کەروبەرووم کرایەوە... بۆم دەرکەوت ئەو مارکسیەتەی کەهەوڵی وەسپکردنی هەنگاوە فراوانەکانیم دا... خۆی لەخۆیدا بەراستی مارکسیەتێکی مێژووگەرییە -

ئەمە ئەگەر مێژووگەرییەکی مارکسی نەبێ. ڕەنگە لەڕووی ڕاستیی ئەم بانگاشەیە بکۆڵینەوە... کەئەوەش دەزانین جیهانی عەرەبی بەشی خۆی هەبووە لەحزبی شیوعی و سۆسیالیزمی و ڕۆشنبیرانی مارکسی.

لەنووسینەکانی - العروی - دا وادەردەکەوێ ئەم ڕۆشنبیرانە.. چ لەڕێکخراوێکدا بن یانا.. بەدەستی سستی و پووکاوی پەیوەندییانەوە (بەکەلەپووری نەتەوەیی عەرەبی ئیسلامییەوە) گرفتارن و هەروەها مارکسیەتەکەیان بەگشتی دەقی و خودییەو بەپێی پێویست عەرەبگەری نەکراوەو ناتوانێ پێویستییەکانی کۆمەڵگا عەرەبییەکان بهەژێنێ یابەدەنگیانەوە بچێ.. ئەم دوو ڕێگرەش دەچنەپاڵ ئەو کۆسپە ئەستوونییەی کەلەوەرنەگرتن یا لەبەد وەرگرتنی ئەزموونە لیبرالییەکانی سەر ئاستی هزری و سیاسیدا بەدیدەکرێ.

زۆر بەکورتی کەواتا: ئەگەر مێژووگەری زەروورەتی هەڵبژاردنی یەك گری لەروبەرووبوونەوەی هەرەشەکانی سەردەم و ڕژێمە دەسەلاتدارەکاندا بەسەرماندا فەرزی بکات ئەوا مارکسیەت ڕژێمێکی گونجاو دەبێ بۆ قبوڵ کردنی نوێگەری و تەجاوزکردنی دواکەوتن. لەم بارەیەوە (د. العروی) گرەوکاری لەسەر مارکسیەتی ئایدیۆلۆژی دەکات کەنموونەی ئەڵمانیای پێش (١٩٤٨) جێگای بیرکردنەوەی بووە. ئەوەش لەبەر لێکچوون و هەڵبژاردەیی لەنێوان ئەڵمانیای دواکەوتووی ئەوسا کەنەوەك فەرەنسا شۆڕشی سیاسی تیادارووی دابوو نەوەك ئینگلستان شۆڕشی ئابووری تیادا بەرپابووبو.. مارکسی ئایدیۆلۆژی بەپێی پێشبینی مێژوونووسەکەمان هەتا وەکو ناوچەیەکی دواکەوتوو لەجیهاندا هەبێ هەر زیندووەو مارکسی زانستیش هەمیشە وەکو مومکیناتێك دەمێنێتەوەو هیچی ترو بەبێ هاتنەدی هەتاوەکو مارکسی ئایدیۆلۆژی زیندووبێ. لەبانێژەی جیهانی سێهەمەوە هەموو لێکدانەوە مارکسییە ڕەگداکوتاوەکانی ناخی واقیعی کۆمەڵگاکان لەروانگەیەکەوە سەرهەڵدەدەن و لەم مانایەوە دەڵێین ((جیهانی سێهەم نوقتەی ڕەسەنایەتی و یەکبوونە)). - العرب والفکر التاریخی - (ل ١٨١)

لاقی ئەوە لێنادەین کەئێمە هزری د. (العروی)مان خەست کردۆتەوە یاباسی هەموو ئەو کێشانەمان کردووە کەلێکۆڵینەوەو نووسراوەکانی خستوویانەتەڕوو. بەڵکو هەوڵمان داوە لەبۆتەیەکی ڕووتدا پەیڤێنێکی لەگەڵدا سازبکەین.. بەمەبەستی بەیادهێنانەوەی هەندێ بنەماو بیرویاوەڕی مێژوونووسمان لەبواری کارە هزری و تیۆرییەکانیدا. بەبێگومان بەهای ئەم کارانە لەوەدایە کەگەڵ پرسیارو تەنانەت نارەزایی و ڕەخنەکاری

دەوروبەرێنیو سەرجەم یاموزرکی ئایدۆلۆژیا دووپات دەکاتەوە بۆ رەخنەگرتن لەئایدۆلۆژیا لەلای - العروی - و پێڕەوە میسالیو گرووپێکەی .. یاخود تەوسکاریەکانی دەخەنەروو دەربارەی فەیلەسووفە دژە مێژووگەریەکانی وەکو لێڤی شتراوسو لۆی ئەلتیسێرو کارل بووبەر... تەنها هیماگەلو وردە سەرنج بەس نیە بۆ بەرپەرچدانەوەی قەوارەی ئەو رەخنەکاریانەیان کەوا دەبینن مێژووگەری مەزهەبێکی دۆغمائی هەژارەو مۆرکی درێژ دادڕیو دووبارەبوونەوەی هەیەو لەموساوەمەکردنی مەعریفەسازی کاردەکاتو بەهیچ شێوەیەك مشووری دۆزینەوەی بنەماو بونیادەکان ناخواتو پێشبینی نیەو لەداهاتوو بێئاگایە. هەروەها هەندێ رەخنەیدی وایان خستە روو کەنووسینەکانی (د. العروی) لەبورای هەزرو تەنانەت لێکۆڵینەوەی مێژوویشدا سەرقاڵی دەسەلاتەو هەربەدەوری وێستگەو سەرچاوەکانی حوکمو بڕیاری سیاسیو ئایدیۆلۆژیادا دەخولێتەوە....

دیارە ئێمە ناتوانین لێرەدا خۆمان لەقەرەی ئەو رەخنەکاریانە بدەین یابازنەکەی فراوانتر بکەینەوە.. بەڵکو بۆ خۆپاراستن لەگرژی هەڵوێستو حوکمدان ئەوەمان بەلاوە باشترە پەیڤێنێك لەگەڵ (د. العروی) دا سازبکەین دەربارەی گرنگترین بەرهەمە هزرییەکانی... دەشێ لەتوانایدا بێ لێکتر حاڵینەبوونەکان روون بکاتەوەو جیاکارییەکانیش بخەملێنێ.

پەیڤین:

گەڵێ لەرۆشنبیرانی مەغریب ئەو ئەتروحەیەت پێڕەودەکەن کەتیایدا لەجارێك زیاتر دووپاتت کردۆتەوەو گوتووتە کارکردنی رۆشنبیری زەرووریەیەکو مەرجێك رێخۆشکەرە لەسەرتادا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو تەگەرانەدا کەئەمڕۆ روبەڕووی کۆمەڵگای عەرەبی دەبێتەوە.. هەروەها کۆتایی لێکۆڵینەوەکانت دەربارەی کەموکوڕی رۆشنبیریی سەلەفیو رۆشنبیری هەڵبژاردنکاریو شکست هێنانی کارەکانیان لەکردەوەیی ئاسایی‌دا... وەکو سارتەر دەڵێ... ئەو کۆتاییەیە بووە ئەزموونی مێژوویی بواری مەغریبو بەتابەتمەندی پێی لەسەر دادگەریو دووپاتی دەکەیتەوەو لەلات وایە رێگای تەجاوزکردنی هیچ یەکێك لەو دوو رێبازە نیە ئیللا لەرێگای خەفەبوونەوە نەبێ بۆ هزری مێژوویی و بااوبوونەوەی هەستی مێژووگەری.

ئایا تۆ لەم بانگاشەیەتدا مل بۆ لاسایی کردنەوەی ئەو مێژووگەریەیە دەدەی کەلە مەغریبدا لەسەر دەستی فەیلەسووفگەلێکی گەورەوە هاتەکایە... یاسەرچاوەکەی شتێکیترە؟

* (عبدالله العروی): لەلای هیگڵ هەروەها لەلای مارکس مێژووگەریی بەلای ئەوەدا دەچێ بڵێ حەقیقەت لەمێژووەوە دێتەدی.. ئەم حەقیقەتەشی کەسیفەتی گشتیو رەهای هەیە... تەنها لەپێشکەوتنکاری مێژوویی هاوکاتەوە دێتەدی نەك لەجیهانێکی بەدەر لەم جیهانەی کەئێمە تیادا دەژین.. بەڵام نیتشە سەرەڕای ئەوەی کەئینکاری جیهانی غەیبی دەکات... سیفەتی رەهایی لەحەقیقەتی ئەم جیهانە دادەماڵێ.. حەقیقەت لەلای ئەو تەنها ئەوەیە کەمرۆڤی سۆپەرمان بەدی دێنێو ئەوەیە کەویستی هێزو بااوبوونەوە ئەنجامی دەدات.

کەواتا حەقیقەت لەلای هیگڵ لەخودی مێژووی مرۆڤایەتیدایەو مەبەستێکە هێنانەدی پەیوەستە بەهێنانەدی ئازادییەوە.

ئەم ئازادییەش نەئازادی تایبەتەو نەئازادی حەزو خواست بەڵکو ئازادی ئەقڵیو رەهایە کەدەربڕینو بەرجەستەبوونی لەلای هیگڵ هەروەها پێش ئەویش لەلای میکیافیلی لەدەوڵەتدا بەدی‌دەکرێ... لەبەرئەوە هەر بۆ نموونە دەبینین لێکۆڵەرێکی وەکو کاسبرر بنەمای هزری نازی کەلەسەر ویستی هێزو پیرۆزمەندی دەوڵەت دامەزراوە تەنها هەربۆ نیتشە ناگێڕێتەوە بەڵکو بۆ ئەو دوو فەیلەسووفەی تریش دەگێڕێتەوە.

بەڵام بەلای منەوە چەمکی مێژووگەری مانایەکی جیاکارو جیاوازی هەیە. ئەوەش لەبەرهۆ گەلێك کەپەیوەستن بەجێوڕێو بابەتەکانمەوە. لەبەرئەوەش کەمێژووگەریی وای لەفەیلەسووفەکانی رۆژئاوا کرد کەسەرقاڵی مێژووی کۆمەڵگاکانیانو شارستانیەکانیان بن... ئەمە بەلای منەوە بەڵگەیەکە ئاڕاستەی کۆمەڵگەکەمو مێژووەکەییم دەکاتەوە.. ئەگەر من تەنها پشتم بەبابەتکاری ببەستایە لەمێژووگەری‌دا وەکو فەلسەفەیەك یاخود وەکو کۆمەڵێ هزروڕا.. ئەو کاتە منیش تەنها لاف

لێدەرێـك دەبـووم وەكـو برجسـۆنیەكان یـاوەكو سارتەریەكانی عەرەب.

ئـەو هەڵێنجانـە مێژوویـیـەی كـە مێژووگـەریی دەمباتـەوە سـەری دواكـەوتنی عەرەبـە.. ئـەم چەمكەش ئەوە دەگەیەنێ كە ئێمە وەكو وڵاتگەلێكی لەپێشدا داگیر كراو ئێستا لەبارودۆخێكداین حوكمان بەسەردا دەكات كە بەرهەمهێنراوی رۆژئاوا بێنینەوە بەرهـەم.. و ئـەو ئەزموونانـەی رۆژئـاوا دووبـارە بكەینەوە كە پێمان وەردەگیرێ. ئەمە بەتەواوی وەك چۆن داهێنراوێكی زانستی وەردەگرین كە كەسانی دی پێـش ئێمـە دایـان هێنابـێ و ناچـار دەبـین لەئەزمونگەو تەقەنیاتی هەستماندا بەمەبەستی سوود لـی وەرگرتن و خۆمالّی كردنی بیخەینە روو.. بـەم جـۆرە هەڵوێسـتی مێژووگەریانـە بەگشـتی تێگەیشتن و زانینـی سـەرجەمی ئـەو مەبەسـت و ئامانجانەیـە كـە لـەرەوتی پێشـكەوتندا ریزبـەند دەكری و ناچار دەبـین قبووڵی بكەین و بەدەنگیەوە بچین.. بێگومان بوار كراوەیـە لـەرووی بانگاشـەكاندا بـۆ گۆڕینـی رەوت بـەناوی تایبەتمـەندی و رەسـەنایەتیەوە ئەمـە وەك لـەلای فرانـز فـانۆن و كەسانی تـرەوە بـەدی دەكرێ.. بەڵام ئـەم جـۆرە بانگاشـانە لەراسـتیدا تەنـها هەڵوێسـت دەربڕینێكی هونەری و ئەدەبی تایبەتمەندە بەهەندێ گـروپ و كەسـەوە نـاكرێ ببـێ بەهەڵوێسـتێكی نەتـەوەیی گشتی كـە گرووپـی نەتـەوەیی یادەوڵـەت باسـی دەكـەن. چونكـە مەسـەلەكە لـەم بازنەیـەی بەرپرسـیارێتیدا پەیوەسـتە بەڕووبەڕووبوونـەوەوە بـەڵكو بەجەنگـەوە.. بـەڵام بـەمانای كوشـتاری سەربازی نا.. بەڵكو لەسەر ئاستی ئابووری و بازگانی كـە ئـادەم سمیس باسـی لێكـردووە. ئـەم جەنگـە هەمیشـەییەیە ئـەو مونافەسـەو رۆڕانبایەیـە كـە ناچاری هەڵبژاردنی نوێترین داهێنان و ئامێری بكـەین ئەگـەر بێت و نەشونما بەبەرهـەم بكـەن و خـەرجیی بەرهـەم كـەم بكەنـەوە. بـەم شێوەیە ئێمـە ناچـاری نەخشەكێشانی ئـەو ئامانجانـە دەبـین كـە ئـەوی دی بەشێوەیەكی فـراوان بەشداری لـەدانانیدا دەكـات. نموونـە لـەم بارەیـەوە گـەلێك هەیـە.. لەوانـەی كـە مەبەسـتمانە كێشـەی فۆسـفاتە كـە سـەرەكی نووسینگەكەی بۆی نیە لە بازنـەی لۆژیكـی كۆمپانیا ئەمەریكاییـەكان و بـازاڕی جیهانی دەربچـێ.. ئـەم بازاڕەی كـە لـەدونیای ئـەمڕۆدا دەوری خواوەنـدی تەرازیدای یۆنانی دەبینێ.. بـەم جـۆرە هـەموو ئـەم هۆكارانـە بایـەخی تایبـەتی خـۆی دەدەینـێ چونكـە ئێمـە دەمانـەوێ لەبۆتـەی كـارو بەرپرسـیارێتیدا بیربكەینـەوە.. دوور لەهەڵوێسـتی خودكـاری و هـەڵچوون لەبـەر ئـەوە بێهودەیـە لەگـەڵ هـەندێ بانگاشەكەردا بڵێین هۆی نوشوستیەكانی ئەمڕۆمان بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە كـە ئێمـە هـەمان ئامانجمـان رەچاو كـرد كـە ئـەوروپا بـۆ خـۆی دەسـتەبەری كردبوو.. ئـەم ئامانجانە هەر لەسەردەمی بزووتنەوەی رۆشنبیریەوە چ لـەلای رۆسـۆو چ لـەلای ڤۆڵتـێرو لیسـنج و كەسـانی دی بریتیـیـە لەسەربەسـتی و دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر سروشـتدار دیموكراتیـیەت و پێشكەوتن و رۆشنگەری و دابینكردنـی خوێندەواری و هتد.. ئایا ئـەم ئامانجانە تایبـەتن یاگشـتین؟ هـەندێ خـەڵك هـەن دەڵێـن ئـەم ئامانجانـە لەشارسـتانیەتەكەماندا دابـین كرابـوون.. هـەندێكیانمان وەرگرتبوو هەندێكیشـیمان بـەداهێنا داهێنان بوو.. ئیتر بۆچی دەبێ پڕوپووچ و بـێ كـەڵك بن لەكاتێكدا كە دەبینین لەشـوێنی دی كۆمـەڵگاكان دەبزوێنـێ و كـار لـەدام و دەزگاكـانی دەكـات..؟ لەراستیدا لـەبارەی ئـەم بابەتـەوە گەلـی تێكـەڵ و پێكەڵی هەیە كە لەسەر بنەمای درك نەكردنی گەلـێ كارو بـارو كێشـەو درك نـەكردنی مێـژووی نـوێی ئـەوروپاو لۆژیكی سیاسـەتكاری و عـەقڵی جیـهانی هاوچەرخ بونیاد نراوە.

كەواتا مێژووگەرێتی كۆششی كردنە بۆ پەی بـردن بەبارو دۆخمان و بەو وەزعەوە كە خۆمانی تیادایین.. لەگەڵ كارکردنا بۆ چارەسەر كردنی تـەنگو چەڵەمـە مێژوویـیەكانمان لەسـەر زەمینـەی مێـژوو خـۆی.. لەبەر ئەوە بانگاشەكردن بۆ تەجاوزكردنی قۆناغەكان یا بەهاكانی خـەڵكی دی بانگاشـەیەكی تـەواو بەتاڵـە لەهەموو ناوەڕۆكێكو هـەموو كاریگەرییـەك.. رێگای راستو دروستمان بـۆ هـەنگاو هەڵـهێنان و تـەجاوز كـردن دەبـێ بەئیسـتیعاب كـردن و ژان و ژووری لەدایكبووندا تێپەڕی.

* ئێمـە ئەگـەرچی لەسـەر ئـەم هێڵـە - بەدیلـەدا لەگـەڵتابین بـەڵام لێـت دەپرسـین چـۆن دەتوانـی بـەرگری لـەم رایـەت بكـەی لـەدژی ئەتروحەكـەی فەیلەسـووفێكی وەك نیتشـە كـە دەڵـێ (مانـای مێژوویـی و نـەفی كردنـی تەندروسـتی تاكـە كەسـێك و نەتەوەیـەك و شارسـتانیەتێك وەكـو یـەك پێویسـتی بەهەردووكیانە).

– ع.ع: بۆ وەڵامدانەوەی ئەم ئیعتیرازە پێویستە زیاتر سروشتی ئەو بواڕە روون بکەمەوە کە قسەی لێ دەکەم. ئەوەش بواری کاری مێژوویی‌یە نەک بواری فەلسەفەی سەرنجکاری. من لەبنەڕەتدا لەپێویستی‌و زەرووڕەتەکانی کاری کۆمەڵی‌یەوە دەس پێدەکەم.. بەبێ ئەوەی لافی ئەوە لێبدەم کە هەزری مێژوگەری باشترین پێشکەوتووترین جۆری بیرکردنەوەیە.. ئەم حوکم دانە خۆی لەخۆیدا حوکمدانێکی فەلسەفی‌یانەیە‌و من خۆمی لێ دوور دەخەمەوە.. کاکڵەی ئەتروحەکانم ئەوەیە کە عەرەب ئەمڕۆ لەناو گێچەڵگەلێک‌و ڕووبەڕووبونەوە گەلێکدا دەژین لەسەدەی رابردووەوە ڕەنگ‌و ڕووە کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و ڕۆشنبیری‌یەکەی دیاری کراوە.. واتا لەو سەردەمەوە کە ناونراوە سەردەمی ڕاپەڕین. ئەم گێچەڵ‌و ڕووبەڕووبونەوانەش پێویستی‌یان بەشیکردنەوە‌و درک کردن‌و تێگەیشتنی هەیە. لەبەر ئەوە پێویست بوو ڕێگاگەلێکمان هەبێ شایستەی ئەوەبێ کە زاڵبوونمان بەسەر سەختی‌یە مەعریفی‌یەکاندا ئاسان بکات‌و گەشەش بەتوانامان بدات بۆ لەغەیری خۆمان.. ئەلێرەدا ڕێگ‌و پێگ زەرووڕەتی هەستی مێژوویی دێتە کایە.. چونکە ئەو کەسانەی دی کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە ڕۆژئاوای دەسەڵاتدارەو ڕاڤەی خۆی وادەکات کە مێژووەو پێشکەوتووە. بێگومان لەڕۆژئاوادا گەلێ ڕێبازی فەلسەفی جیا جیا هەیە.. بەڵام گرنگترین شت ئەوە نیە ئەم ڕێبازانەی دەیڵێن بەڵگو ئەوەیە ئایدیۆلۆژیی‌یەتەکان دەیڵێن‌و سیاسەتمەداران‌و کارمەندانی بواری سیاسەت دەیڵێن‌و کاری پێدەکەن. لەسەر ئەم ئاستەی دووەم کە مشتومڕی لەسەر نیە هزر لەسەر بناغەیەکی مێژووگەریی دامەزراوە.. لەبەر ئەوە ئایا دەچێتە ئەقڵەوە ڕوو بەڕووی ناحەزێک ببینەوە کە ئەو تایبەتمەندی‌یانەی تیایە کە باسمان کرد.. بەبێ ئەوەی خودی خۆمان وەکو دیاردەیەکی مێژووی تێبگەین‌و هەست‌و ئاگای مێژووگەریمان قوڵ بکەینەوە؟ لەوانەیە هەندێ ڕووتگەری لەم دەربڕینەدا هەبێ بەڵام ماناکەی ئەوەیە زەرووڕەتی پەنابردنە بەر هزری مێژووی زەرووڕەتێکی کاتی‌و عەمەلی‌یەو ناچێتە بازنەی مەسەلە فەلسەفی‌یە ڕووتەکانەوە.

ئێمە بەنمونە دەبینین چۆن دیدی مێژووی حوکم بەسەر یاسای دەوڵی یاسیاسەتی ئەمری واقعیدا دەکات.. هەورەها دەبێتە مەرجەعی بنەڕەتی بۆ تاوتوێ کردنی کێشەی دیارەکانی وەک ئەو ململانێ‌یانەی کە لەنێوان وڵاتاندا ڕوودەدات یان لەدادگایەکی نێو دەوڵەتی‌دا چارەسەر دەکرێ یان بەجەنگ.

* ئێمە ئەگەر سەرنجی سەرجەمی ئەو تەنگ‌و چەڵەمە ئاڵۆزانە بدەین کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە دەردەکەوێ کە بێ توانایی ئێمە لەتێنەگەیشتنی لۆژیکی خەڵکی تر دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانین سیاسەتێکی لەبارو کاریگەر بخەملێنین.

کەواتا ئەمە ئەو لۆژیکە گشتی‌یەیە کە موشکیلەکەی تیادا دەخەمە ڕوو وەڵامیشی دەدەمەوە. ئەوەش چوارچێوەیەکی کۆمەڵگەیی ناتاکەگەسی‌و عەمەلی نارووتگەڕی‌یە.. دیارە نوقتەی قورسی ئەمانە هەموو ئەوەیە کە من هەوڵ ئەدەم چارەسەرێکی هزری بۆ تەنگ‌و چەڵەمە عەمەلی‌یەکان بدۆزمەوە. لەبەر ئەوە زووربەی خوێنەران وادەزانن گێچەڵەکە تەنها هزری‌یەو بۆ چارەسەرێکی هزری ڕووت دەگەڕێن. یاخود دەڵێن چارەسەری هزری بێ کەڵکەو چاوەڕوانی سەرەنجام لەخودی کارکردن دەکەن. بەڵام ئەگەر هاتوو سەرکەوتین لەدروستکردنی پەیوەندی‌یەکی جیناسکاری‌و ڕەتدانەوەیەکدا لەنێوان تێۆرو کارکردندا ئەوسا ئەم موفارەقەیە بەتاڵ دەبێتەوە. بەکورتی پەنابردنە بەر مێژوو وەکو چوارچێوەیەکی گشتی بۆ شیکاری فەرزە لەسەرمان‌و تیادا ڕۆچووم‌و بەپێویستی نازانم لەمە زیاتر تیاڕۆچم. ئەوەی بکرێ سەرباری ئەوەی وتوومە ئەوەیە کە ڕۆشنبیریی عەرەبی بەگشتی ئەگەر لەبایەخی مێژووی کەم کردبێتەوە بەهۆ گەلێک بووە کە هەمان شت مێژوویی‌یە.. لەبەر ئەوە کاری بەرزبوونەوە بۆ ئاستی لۆژیکی سەردەم‌و تەحەداکردنەکانی کارێکی شۆڕشگێڕی‌یە دژی هزری بەمیرات جێماو لەسەدە کۆتایی‌یە نزیکەکانەوە لێمان. من ئەگەرچی هەر بۆ نموونە ئینکاری ئەوە ناکەم کە هزری سۆفی‌یانە سامانێکی بەهادارە..

نابینم چۆن دەتوانرێ ئەمرۆ وەکو هۆکارێکی کارکردنو ئامێرێکی کاریگەر هزری سۆفیانە بەکار دێ بۆ بەرگری کردنی ئیجابیو رزگاربوون.

* تۆ باسی دواکەوتنی مێژوویی دەکەیتو کەسانی دیش بەتایبەتی ئابووری زانەکان زیاتر باسی -پاشکۆیەتی- و -داگیرکاری- و -ناوەند- و - دەوروبەر- دەکەن هتد.

- ع.ع: کە شێوەکان هەر هەمان شێوەن ئیتر جیاوازی ناو لێنانەکان چ گرنگییەکی هەیە؟ هەموو لێکۆڵینەوەکان هەر بۆ نموونە لەبارەی کشتو کاڵەوە لەمەغریب لەپێش نیو سەدەو زیاتریشەوە دەتگەیەنن ئەو بڕیارەی کە دونیای گوندنشینمان لەبارەی هێزو شێوازی بەرهەمهێنانەوە دواکەوتووە. هەروەها لەبواری داهاتی بەرهەمیشەوە. لەسەر ئاستی ئەم لایەنە لایەنە تۆ زیندەگییەکانی دیش بپێوە.. لەبواری هزرو بەرهەمە هزرییەکاندا هەمان حاڵەتی دواکەوتن یەخەمان دەگرێ.. ئەم حاڵەتەی کەدەتوانین بۆ نموونە بەپشت بەستن بەخودی خۆمانو بێئاگایی تەواومانەوە لەزمانەکانو مێژووی شارستانیەتەکانو بێتوانایییمان لەدرک کردنی خود لەسنووری هەر سێ مەوداکەیدا دەستنیشان کەین کە رابردوو ئێستاو داهاتووە.. هتد. ئەمە هەمووی وا لەم هزرە دواکەوتووە دەکات کار بەبەندو باوەکانو شتە ئاسایییەکانو هەستی گشتی بکات.. دوور لەو کارە سەرسوڕهێنەرە رەوایانەی کە بزوێنەری لێکۆڵینەوەو خستنەرووی کێشەکانە. بەڵام ئەو دواکەوتنەی کە باسی دەکەمو دەمەوێ تەئکیدی لەسەر بکەم هەرگیز سیفەتی رەهایو قەدەرییەتی نیە.. بەڵکو کێشەیەکی رێژەییە.. سەربار یابارکراوە بەبێ ئەوەی کۆمەڵگاکەمان لەبارەی وەدەست هێنانی هێزو خۆڕاگرییەوە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی تردا بەراورد بکەین ناتوانین چارەی کەینو بڕیاری لەسەر بدەین. ئەم وەدەستهێنانەش کاری خودەو ناکرێ بەخششێ یاتەبەروعێك بێ لەهی ترەوە. نەخوازەڵڵا ئەوە هی تۆرە بەخۆڕسکی خۆی هەوڵی ئەوە دەدات دەسەڵاتو حوکمی خۆی لەبنەماکانی مونافەسەکردنو داگیرکردنی بازاڕەکانی جیهاندا بخاتە کار.. تەنیا هەڕەشە کردن لەوڵاتانی مەرکەز بەپێی قسەیەکی باو بەهیچ جۆرێك کەڵکی نیە بەڵکو گرنگ تێگەیشتنی ئالیاتی ئەو دەسەڵاتداریەو کارکردنە بۆ پارێزگاری کردن لەزەرەرەکانی.. بەوریا کردنەوەی زەینو دەزگاکان بۆ تەجاوزکردنی ئەودواکەوتنە زاتییە بۆ ئەوەی مەڵبەندەکانی بەرپرسیارێتیو بڕیار لەسەردان داگیر نەکەن.

* ئەی دەتوانی رەنگو رووی بنەڕەتی ئەو پێڕەوکاریەی خۆتمان پێ بناسێنی کە پێ بەپێی کار دەکەی؟

- ع.ع: پەیڤینی دوورو درێژ لەبارەی پێڕەوکاریەوە لەگەڵ تێپەڕبوونی زەماندا گرنگی خۆی لەدەس دەدات پێڕەو کاری راستەقینە لەدیدگای منەوە ئەوەیە کە شانبەشانی لێکۆڵینەوە عەینیەکانی هەندێ بابەتی دیاری کراو بڕوات. ئەگەر هاتوو بەپێڕەوکاری مێژوویی قایل بووین بایەخەکە تەنها لەرێگای بەکارهێنانیەوە بۆ شیکردنەوەی هەندێ خاڵی تایبەتی لەمێژووی کۆمەڵ یاخود مێژووی رۆشنبیری دەردەکەوێ. بەڵای منەوە لاوازی رۆشنبیری ئێستای عەرەبیو مەغریبیو لاوازی رۆشنبیرانمان بەگشتی لەوەوەیە کە درێژە بەقسە دەدەن لەبارەی کێشە پێڕەوکاریەکانەوەو وادەزانن رەخنە لەخودی خۆیدا داهێنەرە. رەخنەی داهێنەر نەڕەخنەی ئەدەبییەو نەڕەخنەگرتنە لەرەخنەو نەڕەخنەگرتنە لەقوتابخانەو رێبازەکان.. بەڵکو خوێندنەوەیەکی شیکارانەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی یا کەلەپووری رۆشنبیرییەو ئەم خوێندنەوە پەیوەستەگییە بەبابەتەکەوە خۆی لەخۆیدا چەمكو واتاکان روون دەکاتەوە یادەیچەسپێنێ.. واتا لەخۆیدا پێڕەوی خۆی دروست دەکات.

* کەواتا تۆ رات وایە هزری مێژوویی .. رێژەییە؟

- ع.ع: من لەختسنە رووی ئەوەدا هیچ سوودێك بەدیناکەم.. ئەوەش بەحوکمی ئەوەی من لافی ئەوە لێنادەم کە ئەم هزرە فەلسەفەیەك دروست دەکات یاحەقیقەتێکی هەمیشەیی دەزانێ.. بەدڵنیاییەوە لەبارودۆخێکی تایبەتدا نەشونمای کردووەو لەبارودۆخێکی تایبەتدا بەکەڵك دێو دەشێ لەبارودۆخێکی تایبەتیشدا لەناوچێ. هزری مێژوویی لەسەدە پێشووەکانی ئیسلامیدا زۆر گرنگ بووەو دوایی لەسەدەکانی دواییدا بەتەواوەتی کشایەوە ئەوەش لەبەر هۆکارەکانی نوشوستیو تێکشکان. دەزانین کە سەدەی نۆزدەهەم لەئەوروپا سەدەی

گەشانەوەی بیری مێژووگەریی و بارودۆخی زانستی و پەرەپێدانی داگیرکاریی یە.. بەڵام دوای جەنگی دووەمی جیهانی گەڕانەوەی لەهەموو ئەو بوارانەدا بەخۆیەوە بینی و کەوتە گۆشەگیری بەسەر خودی خۆی‌دا.

گرنگ بەلای ئێمەوە چ لەروی هزری و چ لەروی سیاسی‌یەوە ئەوەیە هەمیشە بپرسین: ئایا باسکردنی کێشە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان بەدیدێکی مێژوویی‌یەوە یارمەتیمان دەدات بۆ رووبەڕووبونەوەی هزرو هەڵو مەرجی داهاتەکانی کارمان بۆ دەرەخسێنێ.. ؟ ئایا دیراسەکردنی تەنگو چەڵەمە زمانی‌یەکان لەچوار چێوەی دیدگایەکی مێژوویی‌یەوە بۆ کاری رۆژانەو چارەسەرکردنی پێویستو بەکەڵکترە لەدیراسەکردنی لەبازنەی دیدگایەکی جیاوە؟ بەڵام شتێکی روون بەلای منەوە ئەوەیە کە دیراسەکردنی کێشە ئابووریەکان بەهزرێکی نامێژوویی.. بێ هوودەیی‌یە.. کەواتە ئاشکرایە کە مێژوو تەنها چوارچێوەی لەبارە بۆ دیراسەکردن و لێکۆڵینەوەی ئەم جۆرە کێشانە.

* ئەو هەستە مێژووگەری‌یەی کە بانگاشە بۆ دابینکردن و بڵاوبوونەوەی دەکەن لەلای ئێمە دەبێ بەهەستکردن بەپاشکۆیەتی و دواکەوتن.. تۆش دەبینی چەندێ هەستکردنی رۆشنبیر دەربارەی دواکەوتن پەرە بسێنێ ئەوەندە بەرپرسیارێتی‌یەکانی گەورە دەبێتەوە و لەوانەشە فریودەرەکان زیاد بکەن بۆ راکردن بەرەو واهیمەو ئەفسانە.. بەڵام بەپێچەوانەی هەموو سەختی و مەترسی‌یەک تۆ نابینی کە ئیجابیاتی کاری هەموو رۆشنبیرو سیاسی‌یەک بەتایبەتی لەوەدایە کە کۆشش بۆ دروستکردنی قەڵەمبازو کورتکردنەوەی قۆناغەکان بدات.. واتە کورتکردنەوەی ماوەی ژان و ژوورو هێورکردنەوەی ئازاری لەدایکبوون.. ئەمە بەگوێرەی قسەی مارکس..؟ ئایا بەبۆچوونی تۆ ئایا پێویستە ئەم ئەرکە لەبۆتەی ئەرکە پێویستی‌یەکاندا ریزبەند بکرێ کە لەریزی پێشەوەی خشتەی کارە هزری‌یەکاندا دانراوە لەو وڵاتانەدا کە ئەمڕۆ خامۆشی‌یەک گرتوونی یاخود لەگواستنەوەیەکی دەسبەسەردان..؟

– ع.ع: زۆر کەس مێژووگەرێتی و پێشکەوتنکاری تێکەڵو پێکەڵ دەکەن.. ئەمە بەبێ گوێدانە جیاوازی و جیاکاری بابەتەکانیان.. تیۆری دووەم لەبازنەی زانستی‌یەکی وردەوە بایەخ بەسروشتکاری‌یەکان و مێژووگەری دەدات و ئەوە کە حەتمیەتی قۆناغەکان و مەحاڵ بوونی کورتکردنەوەیان دەخاتە روو.. بەڵام لەگەڵ مێژووگەری‌دا ئێمە بەمێژووی مرۆڤایەتی‌دا تێدەپەڕین و هۆکارێکی نوێ دێتە کایە کە هۆکاری کارو ویستەو ئەگەر وامان دانا کە مێژووگەریی پێشکەوتنکاری‌یە لەبواری ژیانی مرۆڤایەتی‌دا.. ئەوە ئەو لەبارەی زانستی زەوی‌یەوە لەپێشکەوتنکاری جیایە.. هەر بۆ نموونە چونکە ئەو ناچارە هزری کورتکردنەوەو قەڵەمباز قبوڵ بکات. ئەم قبوڵ کردنەش ناکۆکی‌یەک نیە چونکە هەستی مێژوویی لەکاریگەرێتی نێوان دوو بارودۆخی مێژوویی جیاکارەوە دێتە دی.

کاتێکیش کە دەربارەی بارودۆخێکی مێژوویی دەڵێین بەقۆناغەکاندا تێپەڕیوە مەبەستمان ئەوەیە گەر لەبەدواداهاتنی ئەو قۆناغانە تێگەیشتین و لۆژیکمان زانی دەتوانین شانبەشانی بین و لەبڕینی‌دا زەمان کورت بکەینەوە.. لەبەر ئەوە دەبینین زۆربەی شۆڕشگێڕان مێژووگەرین.. هەروەها ئەم بیروبۆچوونە لەسەر بنەمایەکی دی دامەزراوە کە ئەویش کاری کاری تاکەکەس و چ کاری کۆمەڵو پێویستی بەنەخشەیەکی پێشتر هەیە کە زۆر جار شۆڕشگێڕ رەگەزەکانی لەمێژوودا دەدۆزێتەوە.. لەکۆتایی‌دا قسەکردن لەبارەی حەتمیەتی قۆناغەکانەوە مانای هەڵوێستێکی قەدەری واناگەیەنێ کە لە ئاستی زەمەندا دەسەپاچەبێ، بەڵکو مانای هەوڵو کۆشش دەگەیەنێ بۆ تێگەیشتنی رابوردوو درککردنی یاساکانی تاوەکو بوار بۆ کورت کردنەوەو کاری هوشیارانە بڕەخسێ. شۆڕشیش کە لەبنەمادا کورت کردنەوەی زەمانو تێکەیشتنی ئەوەیە کە ون بووە بەبێ خولقاندنی پێویستی بۆ چارەسەرکردن و پاڵپێوەنانی خەڵک بۆ چەسپاندنی.. بەرپانا بێ.. کەواتا چارەسەرکردن ناوەڕۆکی هەموو شۆڕشێکە کە لەسەر زەمینەیەکی مێژوویی روودەدات و لۆژیکی خۆی لەتێگەیشتنی مێژوویی‌یەوە وەردەگرێ..

* لەرەوتی تەوەری ئەم چاوپێکەوتنەدا لەبارەی هەستی مێژووگەری‌یەوە هەمیشە دەمەوێ بیروڕات بزانم لەبارەی لێکدانەوەی (سمیر أمین)ەوە دەربارەی شۆڕشی ئێرانی کە حاڵەتێکە لەپووانەوەی

هەستی میژووییو کاردانەوەیەکی میللییە لەسەر ئەو گرفتانەی کە بزووتنەوە سۆسیالیزمیو رزگاری خوازە نیشتمانییەکانی ولاتانی لێوارو دەوروبەرە تێوەی دەگلێن.

– ع. ع: هەروەکو هێما کردنێك بۆ ئەوە من وەکو میژوونووسێك ئەم جۆرە تەعلیماتە لەبارەی ولاتانی مەرکەزو ولاتانی قەراغو دەورەبەرەوە قبوڵ ناکەم.. چونکە تایبەتمەندییەکانمان لەبیر دەباتەوەو تێگەیشتنمان لەبارەی قووڵێتی میژووەوە سەقەت دەکات. بەڵام دەربارەی شۆڕشی ئێرانی ئەوەی بەکورتی بگوترێ ئەوەیە کە بارودۆخێکی ئێرانی تایبەتمەند هەیە لەسەرجەمی رژێمە جۆربەجۆرەکانی ئێراندا دیارە.. ئەم بارودۆخە تایبەتییە جوگرافیا حوکمی بەسەردا دەکات. ئێران دەوڵەتێکە کەوتۆتە نێوان کۆمەڵێ دەوڵەتی گەورەی وەکو ولاتانی عەرەبو هیندستانو یەکێتی سۆڤیەتی (یەکێتی سۆڤیەتی جاران)و هەروەها لەلایەکی ترەوە رۆشنبیرێتی کەلەپووری شیعەییو ئەو گۆڕانکارییە کۆمەلایەتییانەی کە لەچارەسەرکاریەکانی نیوەی دووەمی سەدەی رابوردووەوە حوکمی بەسەردا دەکات.. ئەم بەخشکاریە تایبەتمەندییە دیاردەی شۆڕشی ئێرانی تەفسیر دەکات.. بەڵام تەفسیرکردنی بەبارودۆخێکی جیهانی وەك تەنگژەی بزووتنەوە سۆسیالیزمییەکانی جیهان یا ململانێی رووسو ئەمەریکاو شتی تر.. تەنها دەمارگیریو جۆرێکی تر لەرەملێدان.. قسەکەی سەمیر ئەمینیش لەبارەی شەعبیەتی شۆڕشی ئێرانیەوە دەسکەوتی سەرەنجامە ئەگەر مەبەستی لەوە ئەوە بێ بەبێ شێوازێکی کلاسیکی رێکخستن هاتۆتە کایە.. لەم حاڵەتەشدا زووربەی راپەڕینە نیشتمانییەکان میللیو لەوە گەورەترن وزەی سەرکردایەتی حیزبی بیانگرێتە خۆی چونکە سەرکردایەتییەکان لەچاو گەلدا کەمینەن. هەروەها شەعبیەتی شۆڕشی ئێرانی مانای گەڕانەوەی دەمارگیری ئیسلامی نیە وەکو سەمیر ئەمین بۆی چووە. بەڵکو بەڵگەی بێدەسەڵاتی سەرکردایەتییە سیاسییەکانە (چ سەرکردایەتییەکی سۆسیالیزمی چەپڕەو بێو چ برژوایەکی تۆندڕەو بێو چ لیبرالییەکی مامناوەندی) لەداڕشتنی بەرنامەیەکی گشتی دەربارەی داواکارییەکانی گەلی ئێرانی لەبارەی یەکسانی کۆمەڵایەتی یاخود لەیەکێتی نەتەوایەتیو دەسەڵاتداریێتی نیشتمانیدا.. لەو هۆکارانەی کە ئەو سەرکردایەتییانەی لەگەڵ دوورخستەوە.. بوونی رێکخراوێکی شیعی تەقلیدی بوو کە رێکخراوە عیلمانییەکان نەیانتوانی رووبەڕووی ببنەوە یاتوانای هاوکووفی ئەویان نەبوو بۆ کارکردن لەزەمانی شادا.. لەبەر ئەوە دەبینین قوربانییەکانی سەردەمی شاهەنشایی سەرکوتکەر بەپلەی یەکەم سەرکردە عیلمانییەکانو ئەوخەباتکارانە بوون کە سەر بەحیزبە سیاسییە موعارەزەکان بوون.. کەواتا بەکورتی تایەبتمەندێتی شۆڕشی ئێرانی ئەوەمان بەسەردا فەرز دەکات هۆکارەکانی لەداواکاریو زیتو وریایی گەلی ئێران خۆی هەڵێنجین.

* کە کتێبەکەتم لەبارەی میژووی مەغریبی گەورەوە خوێندەوە ئەم بڕگەیە سەرنجی راکێشام کە تیایدا دەڵێی: (کاتێ کە ئەوە دووپات دەکەینەوە ئیستعمار خۆی تۆوی لەناوچوونی خۆی دەچێنێ.. ئێمە سااڵە ونبۆکانو موناسەبە گومەکانو چاالکییە ئاڵۆزەکان لەزیانێکی تەواوی جیهانی روالەتدا لەیاد دەکەین. ئەوەش لەتێکۆشانی نیشتمانی خۆیەوە.. ئایا دەکرێ ئەم بیرە کە لەالی هەندێ کەس بەگۆشەگیرو الدەرو نابەجێ لەقەڵەم دەدرێ.. یابەالی کەمەوە بەالی هەندێ کەسەوە رەقە بەرامبەر هەستی نیشتمانی.. نەختێ زیاتر روون بکەیتەوە؟

– ع.ع: زووربەی میژوونوسانی دیاردەی داگیرگەری دەڵێن: داگیرکەر هەمیشە کارێکی دوو الیەن دەکات لەالیەکەوە دەچەوسێنێتەوەو ولاتانێك دەبەزێنێ کە داگیری دەکات لەالیەکی تریشەوە ناچار دەبێ بەنوێکاری ئاوەدانی بکاتەوە. بەڵام ئەوەی کە لەبیری ئەم میژوو نوسانە دەچێتەوە ئەوەیە کە ولاتانی داگیرکراو ناچارن هێزو وزەی خۆیان بخەنە کار لە هەڵوێستی بەرگری کردندا لەخودو پێناسەی خۆیانو سروشتی هەڵوێستی بەرگریکاریش وایە کە نەبەرهەمهێنەر بێو نەداهێنەر.. ئەو بیرۆکەیەی کە باسم کرد لەسەرەنجامی شیکردنەوەیەکی حاڵەتی تووسەوە بوو کە ئیستعماری فەرەنسی کەوتە بەربەستکردنی بزووتنەوەی چارەسەرکاری کە لەناوەندی سەدەی

نۆزدەوە دەستی پێکرد.. نەتەوەی تووتس لەکۆتایی هەمان سەدەدا لەبار بوو بۆ قبوڵ کردنی.. دەشزانین ئەو بزووتنەوەیە دوای سەربەخۆیی شایستەی ئەنجامدان بوو واتا دوای هەشتا ساڵ داگیرکردنو بۆنەو هەلە ونبوو و لەدەستچووەکان.

لەکۆتاییدا کە ئێمە دەڵێین داگیرکەر سیستمە کۆنەکان هەڵدەوەشێنێو رێکەی دەخاتو ئاسۆگەلێکی نوێ بۆ جووتیاران دەکاتەوەو هتد.. دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ - ئەمە لەهەموویان گرنگترو مەترسیدارتر- ئیستعمار وڵاتانی داگیرکراو دەخاتە بازنەی کارگەلێکی بەرگری سەلبیەوە کە بنەماکانی لەرابردوو گەنجینەی رۆشنبیریەوە هەڵدەهێنجێ ئەوەش لەسەر حیسابی دواکەوتنی ئیلتزامی داهێنانکاریو هاوچەرخایەتی راستو دروستەوە.

* ئایا لەبەر ئەم هۆیە لەئەتروحەکەتدا لەبارەی بناغە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریەکانی بزووتنەوە نیشتمانیەکانی مەغریبەوە گوتووتە: (سەلەفیەت لەمەغریبی ١٩١٢دا تاوەکو ١٩٥٦ خۆی فەرز کردو وەکو شێوازێکی لەهەموو رژێمو ئایدۆلۆژیەکانی دی رەسەنتر بوو)..!

- ع.ع: بەڵێ سەلەفیەت دەربڕینێکی رەسەنی بزووتنەوە نیشتمانیەکان بوو.. بەڵام ئەمە لەهەڵوێستی ئەو بەرگریە دەرناچێ کە لەبنەماوە بەمەبەستی خۆ پاراستن لەشەڕی حاڵەتێکی مێژوویی دروست دەبێ نەك بۆ ئەفراندنو داهێنان. هەڵوێستی مێژوونووس دەربارەی ئەم کێشانە هەڵوێستێکی درامیە.. ئەو لەلایەکەوە وەکو هەموو هاووڵاتیەك چاو نەترسەو هەموو پاڵەوانکاریەکی بزووتنەوەی نیشتمانی گەورە دەکاتەوەو بەڕێزەوە بۆ شەهیدەکان دەچەمێتەوە.. بەڵام لەلایەکی ترەوە داواڵێکراوە کە بەشێوەیەکی زانستیانە رادەی رێژەیی و ناداهێنانی ئەو حاڵەتە بخاتە روو.

* لەمێژووی مەغریبی گەورەدا دیسان نووسیوتە: (زەحمەتە ئینکاری ئەوە بکەین داگیرکردنی مەغریب پێشین ریزیەند کرابوو لەو چارەسەرە ساختە کاریانەدا کە بۆ تەنگژەکانی سەدەی چواردەو پازدە دانرابوو..) ئایا تۆ لات وایە هێشتا لێکۆڵەران دواقسەی خۆیان دەربارەی ئەم تەنگژەیە نەکردووەو بەردەوام بوون لە پشکنیندا دەتوانێ بەشێوەیەکی عەمەلی ویستمان بەهێز بکات بۆ ئەوەی لە قووڵایی رابوردووی هەرەسهێناودا لۆژیکی دژ بدۆزینەوە.. واتا فەرمانی گۆڕانکاری قەتعی؟

- ع.ع.: هەموو موشکیلەیەکی مێژوویی بەپێی گۆڕانکاری مێژوو خۆی.. سەر لەنوێ دەکەوێتەوە روو. ناشتوانین دوا وشە لەبارەیەوە بڵێین. بەتایبەتی ئەگەر لەقەوارەو گرنگێتی ئەو موشکیلەیەدا بێ کە ئامازەی بۆ دەکەی.. کەواتا دەبێ درێژە بەشیکردنەوەی بدەین بۆ ئەوەی لۆژیکی دژ بدۆزینەوە.. بەڵام شتی چاوەڕوانکراو لەم شیکردنەوەیە ئاشکرا کردنی بەرنامەیەکی عەمەلی نیە بۆ چارەسەرکردنی تەنگو چەڵەمەکانی ئێستامان.. بەڵکو تێگەیشتنێکی دینامیکی گرێی مێژوویی و چەسپاندنی ناسنامەی بەشداربووانو دەورەکانیانە لەم کارەدا.. ئەمەش بە پیادەکردنی پێڕەوکاریەکی بەدەر لەلۆژیکی ئەو سەردەمەی لێیدەکۆڵینەوە.. ئەگەر وانەکەین ئەوا لەتێگەیشتندا بەهەڵەدا دەچینو لێکۆڵینەوەکە سەقەت دەکەین.. هەروەها بۆ باشتێگەیشتنمان لەتەنگژەی سەردەمانی نوشوستیو تێکشکان دەبێ ئەوەبزانین کە خۆی لەقەرەی هەموو هاوچەرخەکانی دەداتو دەیانگرێتەوە.. تەنانەت ئەوەیشی کە لەدژی رادەپەڕێ لەبازنەی سیستەمی ئەودا کاردەکاتو پێویست ناکات بێ بەریی بکەین لەی یاوای لێ بکەین بازی بەسەردا بدات.. دانانی ئەو تەنگژەیە وەکو دیاردەیەکی گشتی لەباری دایە وامان لی بکات هۆو عیللەتەکانی دەستنیشان بکەینو سەرەنجامو ئاسەوارەکانی بپێوین. واتا تێگەیشتنمان لەبارەیەوە پێ زیاد بکەین.. بەم جۆرە دەتوانین توانای تێپەڕاندنی دابڕو تەجاوزی راستەقینە ئامادە بکەین.. ئەوەی کە تاکو ئێستا فێری نەبووین خستنەڕووی کێشە بنەڕەتییەکانو ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگو چەڵەمە سەختەکانە.. بەهەزرێکی گشتی مێژوویییەوە.. لەبازنەی سەردەمانی ئەو نووشوستییانەدا کە باسمان کردن.. هەندێ کێشەی جەوهەری هەن نەخرانە روو ئەویش ئەوەیە بۆچی خەڵك لەوکاتەدا نەیانتوانی تەنانەت چارەسەری ساناترین عەمەلیاتی ماتماتیکی بکەن.. ئەمە لەگەڵ ئەوەدا کە عەرەب جەبریان داهێناو سفریان خستە کار؟ بۆچی ئەو بێ توانایییە رووبدا؟

ئەی بۆچی مەزەنەی پێشینی عەرەب و دۆزینەوەکانیان بەردەوامی و پەرەسەندنی بەخۆیەوە نەبینی؟ هەموو ئەم کێشانەو گەلێکی دی وەها بەهەڵواسراوی دەمێنێتەوە.. لەکاتێکدا هەزاران لێکۆڵەرو پسپۆڕ وزەو توانای خۆیان لەهەندێ مەسەلەی رووکەشدا سەرف دەکەن کە هیچ سوودێکی نیە.

* لەسەر ئاستی نوچدانەکانی عەرەب لەروبەڕووبوونەوەی ئیسرائیلداو دەسەپاچەییان بۆ روبەڕووبوونەوەیەکی بەهێزو گورچکبڕ حوکمی مێژووگەریی وەکو تۆ بایەخی پێ دەدەی لەم بارەیەوە چیە؟

– ع. ع: لەبارەی ئەم پرسیارەوە تەنها چەند تێبینییەك دەخەمە روو.. جۆرێك لەگەورە کردنەوی حوکمدان هەیە لەبارەی ئەو روداوە سەربازییانەوە کە عەرەب دیویەتی بەتایبەتی لەسالی ١٩٦٧ەوە. بەجۆرێك قسە زۆر بووە لەبارەی کارەساتی عەرەبی و بەزینی عەرەبو تێکشکانی و هتد.. یەکەم پێویستە هەمیشە ئەو بارو دۆخانەی جیهان بێنێتە بەرچاو کە لەئەنجامی شەڕی دووەمی جیهانیەوە هاتنە کایەو لایەنگیری مافی عەرەب ناکەنو تێیناکەن. بۆ نموونە تۆ دەبینی ئەڵمانیا بەهەموو هێزێکی ئابووری گەشەکردوویەوە نەیتوانیو لەئاستی بەرچاویشەوە ناتوانێ لەپەیمانی یالتا دەربچێ یان خۆی لەمشتی دووهێزە گەورەکە دەرباز کات.. دووەم هەموو تێکشکانەکانی عەرەب لەسالی ١٩٤٨ەوە تێکشانێکی تەکنیکیە نەك ئیستراتیژی.. من نالێم ئاسانەو مەوداو کاریگەرییەکی دیاری کراوی هەیە.. بەڵگو تەنها جزئیو ناوچەییە.. سێیەم: ئەوەی کە بەشێوەیەکی جەدەلی لەبەرژەوەندی عەرەبیدایە ئەوەیە کە بەش بەش بوونی سیاسیو ئایدیۆلۆژیان بەربەستێکە دوژمن ناتوانێ لەیەك کاتدا بەسەریاندا زاڵ بێ.. چونکە ئەگەر هاتوو ئیسرائیل توانی ویستی خۆی بەسەر دەوڵەتێك.. یاهەندێ دەوڵەتی عەرەبیدا بسەپێنێ ناتوانێ هەموو دەوڵەتە سەنگینو بایەخدارەکانی عەرەب لەناوچەکەدا داگیر کات.. ئەمەو ناشبێ هەرگیز هەموو رووبەکی کەمو کووڕی لەمەیدانی دبلۆماسییەتی عەرەبیدا پشتگوێ بخەین کە هەمووی ناگەڕێتەوە بۆ هۆی ڕێکخستنکاریو شوێنو کات. چوارەم.. لەمەودای دوورتردا ئەمەش ئەو بۆچوونەمە کە بۆ زۆر کەسی دەخەمە روو.. زەرەرمەندی راستەقینە لەم شەڕانەی نێوان عەرەبو ئیسرائیلدا کە هەمەجۆرو فرەبازنەیە.. بیرو هزری زایۆنیەیە کەوا دەردەکەوێ توانای چارەسەرکردنی موشکیلەی جوولەکەی نامێنێ.. ئەمە ئەگەر وای دابنێین موشکیلەیەکی یەهودی هەیەو ئەوروپای دژ بەسامیەت دروستی کردووە لەسەرووی هەمویانەوە نازیەتی ئەڵمانی.. هۆی ئەمەش ئەوەیە هەمیشە بیرۆکەی زایۆنی هۆکارەکانی جێ بەجێ بوونی تاوەکو سالی ١٩٤٨ لەیارمەتی بەریتانیاوە وەرگرتووەو ئەمە سێی سالیش زیاترە لەئەمەریکای وەردەگرێ. لەکۆتاییدا ئەگەر دان بەوەدا بنێین کە زۆر کەس دانی پیادا دەنێین کە موشکیلەی بنەڕەتی لەهەموو ئەم میحنەتانەدا موشکیلەی جیاوازی شارستانیەتە لەنێوان ئێمەو رۆژئاوادا.. ئەوکاتە دەڵێین مەسەلەکە لەبنەڕەتدا بۆ ئەو نوێکەریو هاوچەرخایەتییە دەگەڕێتەوە کە پێویستە عەرەب بەقوولی تێیبگەنو بیخەنە چوار چێوەی راستەقینەی خۆیەوە.. ئەم چوارچێوەیە جموجوڵی بازنەکانی وەرگرتنی لۆژیکی مێژووی نوێ مسۆگەر دەکاتو هزری عەرەبی ناچاری لێکۆڵینەوە دەکات لەبواری چالاکیو ئیستراتیژیە ئامانجدارەکاندا.

* ناو بەناو لەلای تۆ نیوچە بێزاریەك دەربارەی فەلسەفە بەدی دەکرێ.. وەکو ئەوەی فەلسەفە چاوەڕوانی هیچ سوودێکی لێ نەکرێ لەبواری لێکۆڵینەوەی مێژوویی‌دا.. یاوەك ئەم بوارە هەر بۆ مێژوونووسان پاوان کرابێو کەسی دی مافی توخن کەوتنی نەبێ.. ئایا ئەم بۆچوونە دروستە؟

– ع.ع: وەڵامەکەم کورت دەبێ ئەوەش لەبەر ئەوەی لێرەدا لەگەڵ تۆدا مشتومڕێك بەرپانەکەم کە ئێرە جێگای ئەوەنیە.. ئەوانەی خاوەنی بونیادی فەلسەفین بەگشتی ئەگەر لێکۆڵینەوەی مێژوویشیان بۆ بڕەخسێ هەر بەجۆرە زەینێکەوە پەیوەست دەبن کە نارێکو ناتەبایە لەگەڵیاندا بەجۆرێك نیە کە پێویستە زەینی مێژوونووسانی پێوە پەیوەست بێ. بۆ نموونە ئەوان لەبارەی منەوە وای نابینن و باوەڕ ناکەن کە ئەو پێڕەوەی باسی دەکەمو بەکاری دێنم هەڵهێنجراوی لێکۆڵینەوەی عەینیو هەڵپژانە لەگەڵ بارودۆخی ڕۆشنبیری ئێستای جیهانی عەرەبی‌دا..

بەڵگو وادەزانن لەسەر هەڵبژاردنێکی خودکاری پەیوەست بەزەوقی تاکە کەسییەوە بونیاد نراوە.. هەرچەندە بیرۆکەیەك دەیان تەزێنێ یەکسەر پەنا دەبەنە بەر بیرۆکەیەکی دژکە هەمیشە لەلایان ئاسانە لەمێژووی فەلسەفەو بیرکردنەوەی دوورو درێژدا بەدیی بکەن. لەم کارەشدا دەیانبینی ئەو کێشەو پرسیارانەی خراونەتە روو تەنها (بابەتگەلێکی ئینشائین) بەداخیشەوە لەلایەن مامۆستاکانیانەوە هاندانو پاکانەکردن بۆ ئەم لایەنە بەدیی دەکرێ. بەم جۆرە قسەکردن لەسەر هەموو شتێك و کۆتایی دانان بۆ هەموو شتێك فێر دەبنو وادەزانن ئەم کارە ئەوەیە کە فەلسەفە لەبابەتی دی جیا دەکاتەوەو لەبیری خۆیانی دەبەنەوە کە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە لەسەردەمی گریکدا نەبێ نەکراوەو جیاوازی نێوان ئەو سەردەمەو ئەم رۆژگارەی کە ئێمەی تیا دەژین زۆر زۆر فراوانە..!

* لەبارەی خۆلادان لەمشتومڕەوە لەسەر ئەم مەسەلەیەو لەم بوارە تەسکەدا لەگەڵتدامو منیش وام پێ باشە.. بەڵام لێت ناشارمەوە کە داخ دەخۆم بەو جۆرە قسە لەسەر فەلسەفە دەکەی کە کردت.. نەخوازەڵا لەم رۆژانەدا کە فەلسەفە شالاوی بیروکراتیەتی لەسەرەو مەترسی ئەوە دەکرێ لقەکانی فەلسەفە ببن بەقوربانی ئەو شالاوە..

– ع.ع: پێویست بەداخ ناکات چونکە من هەڵوێستم وەکو لێکۆڵەرێك لەبارەی فەیلەسووفەکانەوە شتێکەو ئەوەشی کە تۆ ئێستا دەربارەی کۆسپەکانی خوێندنی فەلسەفە دەیڵێی شتێکی ترە.

لەراستیدا تەنگوچەڵەمەی حاڵێ حازر تەنها رووبەڕووی فەلسەفە نابێتەوە بەڵکو سەرجەمی فێرکاری زانکۆکان دەگرێتەوە.. ئەم فێرکاریەی کە هەموو لایەنەکان وایان لێهاتووە واهەست دەکەنو دەڵێن تەجاوزی کردووە.. ئەوەشی کە ئەم هەستە بەهێز دەکات کەڵەکەبوونی موشکیلەو زیادبوونی ژمارەی قوتابیانو کەمی هەلو بوارە..هتد. ئەوی کە هەڕەشە لەپاشەڕۆژی رۆشنبیری لەولاتماندا دەکات ئەو جیاکاریەیە کە لەنێوان پەیمانگاگەلێکی تەرخانکراو بۆ دابینکردنی مووچەخۆر بەشێوەیەکی تەنۆقراتیو بەزمانێکی بێگانەو ئەو کۆلێژانەدا دەکرێ کە تایبەتمەندن لەبواری زانستی مرۆڤایەتیو زانستی گشتیو ئەم جیاکاریەی کە دەگاتە سنووری دابڕان.. پێویستە بۆ سوودی شێوازێکی نوێ هەڵوەشێتەوە.. شێوازێك بواری کردنەوەی پەیمانگا لەناو زانکۆکاندا بکرێتەوە سەر بەزانکۆکانیش بێ.. ئەمەش پێویستی بەچارەسەرێکی گشتیو بنەڕەتی هەیە. بەڵام خەملاندنی فەلسەفی ئەگەر بێهوودەیی بێ بڵێین نە بۆ ئێمە نەبۆ هیچ رۆشنبیرێك پێویست نیە.. ئەوە شتێکی ئاساییە لەچوار چێوەی بارودۆخی فێرکاری ئێستادا رووبەرووی تەنگوچەڵەمەی تایبەتی بێتەوە (واتا رۆشنبیر)و لەسەر ئاستی بڕیاری مەنهەجیو تەنزیمیدا وەکو هەموو بوارە تایبەتمەندەکانی دی.. لەو باوەڕەشدام زاڵبوون بەسەر ئەم کۆسپە ناوخۆییانەدا.. سەرەتا دەبێ دەسبکەین بەکەمکردنەوەی جیاکاری ناو ریزەکانی گەل.. ئەوەش بەمەبەستی چەسپاندنی پەناگیریو ئاڵوگۆڕ.. و چونکە قسەمان لەسەر لقی فەلسەفەیە.. بایەخی زۆر زیاد دەکات ئەگەر بێتو سوود لەکۆلێژی زانستی ببینێو یەکانگیریەکی ئیجابی رێکو پێك لەنێوان لقی مێژوو لقی ئادابدا بخەملێنێ.

سەرچاوە: کتێبی [illegible]وجها لوجه (مقابلات) ۱۹۹۱.

⌘

میژوونوسی ئیسرائیلی

مارتین وان کریڤیلّد

و: فریشته سەعید

ئەم چاوپێکەوتنە بەیامنێر جیفری بارتۆلّد لەم دواییەدا لەتەك میژوونوسی ئیسرائیلی وان کریڤیلّدا سازیداوە.

ڤان کریڤیلّد لەبواری جۆراو جۆرا وەك راوێژکار پرسی پێدەکرێت. راو بۆچوونەکانی لەمەڕ شەڕو ئایندەو جەنگی سەدەی بیستو یەك قووڵو دروستن.

بارتۆلّت: ئایا هیچ لێکچوونێك لەنێوان شەڕی سەدەی بیستو یەکو شەڕی ئەم سەدەیەدا دەبێت؟

وان کریڤیلّد: بەبڕوای من، شەڕەکانی سەدەی بیستو یەك هەر لەئێستاوە لەشوێنانی دەوروبەری ئێمەدان. ناوی بۆسنیە. ناوی سۆماڵە. ناوی ئەنگۆلاو کوردستانو لوبنانو سەری لانکایە. ناوی رێودوزانیرۆیە. ئەمە، ئایندەی جەنگە.

بارتۆلّت: ریودیوژانیرۆ بۆ؟

وان کریڤیلّد: لەبەر ئەوەی چەند رۆژی پیشوو، دەوڵەتی بەرازیل هێزەکانی سوپای بەمەبەستی سەر لەنوێ داگیرکردنەوەی هەندێك لەگەڕەکەکانی شار بۆ ئەوێ نارد. شاری ریودیوژانیرۆ ناوچەیەکە کە مەئموری دەوڵەت جورئەتی ئەوە ناکات پێ بنێتە سەر خاکەکەی.

بارتۆلّت: بەم پێیە، جەنگە نوێکان چ تایبەتەمندییەکیان هەیە؟

وان کریڤیلّد: شەڕ لەنێوان دەوڵەتەکانا نابێت، شەڕ شەڕی نێوان سازمانە جۆراوجۆرەکان خۆیان دەبێت، لەم ساتەدا، نزیکەی سی شەڕێك کە لەسەرتاسەری دنیادا هەن، هیچیان شەڕی نێوان دەوڵەتان نییە. لەشەڕەکانی ئایندەدا هێزی ئامادەکراوو رێکخراوی ئونیوفۆرم پۆس شەڕ ناکەنو لەبڕێك زۆر لەچەکی قورسی نوێ سود وەرناگرن. راستیت بوێت، بەڕای من ئێتر زۆربەی چەکە قورسە نوێکان بێکەڵکن.

بارتۆلّت: چ شتێك جێگای دەوڵەت دەگرێتەوە؟

وان کریڤیلّد: چەندەها جۆرو بەشی تر لەسازمان کە هەندێکیان لەسەروی نێو دەوڵەتییەوە دەبنو هەندێکیشیان کەمترو بچوکتر. سازمانی وڵاتە یەکگرتووەکان یەکێك لەوانە دەبێت، هەر بەم شێوە یەکێتی ئەورووپاو (نەفتا)و سەدەها و سەدەها رێکخراوی نێو نەتەوەیی دەبێت، باوەڕ ناکەیت؟

بارتولت: بەڵام بۆچی کەسێ هەستی وەفاداری بەرێکخراوی نێو دەوڵەتی یا (نەفتا) بکات؟

وان کریڤیلّد: ئەم رێکخراوانە هەر لەئێستاوە دەیانەوێت هەندێك لەئەرکەکانی دەوڵەت بگرنە ئەستۆ. هەستی وەفاداری گەرەکیە بۆ رێکخراوی بچوکترو جۆرو بەشی لەخوارتر لەدەوڵەت بگوازێتەوە کە دەشێ کۆمپانیا بێت، دەشێ خێڵ بێت، دەشێ تایفە بێت. دەوڵەت لەسەرو ژێرەوە کەوتۆتە ژێر فشارەوەو خەریکە وردو خاش دەبێت.

بارتۆلت: بەرای ئێوە، نەخشەی جیهان لەناوەڕاستی سەدەی بیستو یەکەمدا بەچ شێوەیەك دەبێت؟

وان کریڤیلّد: حەتا لەئێستا پەرتو پارچە پارچە تر. ئەمڕۆ سەدو حەفتا تا دوو سەد دەوڵەت هەنە. وا دەبینم ئەم ژمارەیە زیاتر دەبێت. بەڵام زۆر لەو دەوڵەتانە توانای بەڕێوەبردنی حوکمی میللی خۆیان نابێت، تەنها نیمچە دەسەڵاتێکیان دەبێت. هەرکە سەریان هەڵدا یاپێش سەرهەڵدانیان، بەدوای دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکانیاندا

دەگەڕێن، چونکە دەزانن کە خۆیان ناتوانن لەڕووی ئابوریو تەکنۆلۆژییەوە بەردەوام بن. باشترین نموونەیشی دەوڵەتی فەلەستینە. هەڵبەتە هێشتا دەوڵەتی فەلەستین دروست نەبووە، بەڵام هەر لەئێستاوە فەلەستینیەکان خەو بەجۆرەها پەیمانی ناوچەییەوە دەبینن لەتەک ئیسرائیل، ئوردون، میسردا. دەلیلەکەیشی ئەوەیە کە دەزانن بەتەنیا هەر خۆیان ناتوانن بگەنە شوێنێك.

بارتولت: ئایا ئیسرائیلیش یەکێك لەو دەوڵەتە تاك میللەتیانەیە کە ئیتر بوونی نابێت؟

وان کریڤیلد: تەقریبەن بەجۆرێکی تەواوو راست. لەماوەی پەنجا ساڵی ئایندەدا ژمارەیەك جولەکەی زۆر لەوێ دەبن، بەڵام زۆر گومان دەکەم لەوەی کە دەوڵەتێك بەدەسەڵاتی میللیەوەو بەناوی ئیسرائیلەوە ببێت. ئەمە پەیوەستە بەوەوە کە چۆن چۆنی دەسەڵاتو حوکمی میللی تاریفکەیت.

بارتولت: پاشان لەم ناوچەیەدا چی بوونی دەبێت؟

وان کریڤیلد: ئەشێ شتێکی وەك یەکگرتووی ئەوروپا بێت کە حوکم وردە وردە لەدەستی ئەو دەوڵەتانە دەرئەچێت کە خاوەنیحوکمی میللی خۆیانن. ڕەنگە چەند ناوچەیەك هەبن وەك ئیرلەندەی باکور سەرد کە چەند دەوڵەتێك تیایدا هاوبەش بن.

بارتولت: گەورەترین مەترسی درێژ خایەن کە هەڕەشە لەئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات چییە؟

وان کریڤیلد: مەکسیکە، چونکە مەکسیك لەئەمریکاوە نزیکە. دەشێ لەکاتی بەڕابوونی شەڕی ناوخۆ لەمەکسیك، ژمارەیەکی زۆر لەئاوارەو پەنابەران سنور بشکێنن‌و بچنە ئەمریکاوەو لەوێ ببن بەچەکدارو پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا ببەستن‌و دەست بخەنە شەڕی ناوخۆی وڵاتەکەیانەوە. ڕەنگە بەشی خواروی وڵاتە یەکگرتووەکان لەکونترولکردنی دەرباز بێت.

بارتولد: ئێوە ئەگەری شەڕی ئەتۆمی نێوان دەوڵەتانی ڕەتئەکەنەوە. ئایا دەشێ سیناریۆیەك لەئایندەدا بهێنرێتە پێش چاو کە تیرورویستەکان سود لە چەکی ئەتۆمی ببینن؟

وان کریڤیلد: بەبۆچوونی من، ئەمەیش بەشێکە لە سیناریۆیەك کە لێی ئەدواین. وادابنێنن مەترسی ئەسڵی ئەتۆمی لەئایندەدا لەلایەن رێکخراوە تیرۆریستەکانەوە بێت، نەك لەلایەن دەوڵەتەکانەو. باشە، لەم بارەدا، ئەبێت دەوڵەتەکان چی بەم هەموو تانك‌و فڕۆکەو ژێر دەریایی‌و کەشتی جەنگییە بکەن؟ هەموو ئەو چەکانە هەتا لەم ڕۆ زیاتر سەرف ناکرێن، باوەڕ ناکەی؟ ئەمەیش، بەبڕوای من، مێخێکی تەرە لەتابوتی دەوڵەت‌و هێزە سوپاییە رێکخراوەکان دەدرێت. لەکۆتاییدا هێزە سەربازییە رێکخراوەکان نایانەوێت باوەڕ بەشتگەلێکی وابکەن.

بارتولت: ئایا سەرەنجام ئەمە. هەمان سیناریۆی ڕۆژی مەحشەرە؟

وان کریڤیلد: بەهیچ جۆرێك لەهەندێك ڕووەوە ئومێدی زۆر هەیە، تەنها شتێك کە چاوەنواڕ ناکرێت جەنگی جیهانی سێیەمە. ڕاستە، شەڕ دەبێت، بشێوی‌و پەرێشانی‌و لەیاسالادان دەبێت، کوشتن دەبێت. بەڵام جەنگێکی جیهانی تر بەشەست ملیۆن کوژراوەوە نابێت. شتێکی تر کە چاوەنواڕ ناکرێت (ئۆردوگای مەرگ)ێکی تری وەك ئاو شویتسە، کوشتاری جولەکەمان موحتاجی بورکوکراسی‌و بەڕێوەبەرێتی بوو. مێژوو ئەوە نیشان نادات کە کارێکی وا لەدەست هیچ رێکخراوێك بێت غەیری دەوڵەتان.

بارتولت: سەرەندام ستراتیژیستە سەربازییەکان دەبێت ئێستا چ بکەن تا ئامادەگی بەدیبهێنن؟

وان کریڤیلد: دەبێت رازی بن ببن بەپۆلیس کە بۆ ئەمەیش زۆربەیان رازی نابن.

کتێبی: خرد در سیاست — عزت الله فولادوند.

⌘



کەسێ نەبوو تووڕە ببێ!


شیعری : جەمال غەمبار

ببیستن، لەم ئێوارەی مروەتەدا
کێ لەگەڵ منداا ئەم دەنگە دەباتەوە
بۆ سەر زەوی..
ببینن، لەم کەڤالی برینەدا
کێ لەگەڵ منداا ئەم رەنگە
دێنێتەوە قسە خۆشەکانی جاران..
دەنگ/ بۆ ئەوەی ئاوەکان
لە غەرق بوونی خۆیان وەئاگا بێن..
رەنگ/ بۆ ئەوەی ئەو رووخسارانە ببینین
پاش نقووم بوونی دەمامکە رەشەکانیان
زیتە زیتی چاویان
بەو چرایانە دەچن، یەك ئەوی ترپان دەشکێنێ!
* من لەگەڵ ئەوانم بوو، ئەوانم ئەدواند..
کەچی تۆ ئەی کچی گیا، ئەی نەسلی باران!
لە ئێوارەی باخچەیەکدا، پێت وتم:
کە شمشێریان بە رووی بەفردا هەڵکێشا
ئیدی کەس نەیتوانی،
قسەکان بەرێتەوە مالێ
کەس نەیوێرا بە مەسافەکانی نێوان
مەرگ و عیشق بڵێ:
- چەندە کورت و کەم خایان بوو،
چیرۆکی ئەو عومرەی
لەسەر هەڵمی دڕۆکان، نووسرایەوە..
هێشتا بناری ئەو قسانە، خاڵتانی
وەنەوشەکانی برین بوون
ئەی کچی گیا!
تۆ ئاوت کرد بە گالیسکەو
تۆ لە پاڵتۆی کاهینێکدا،
رووتبوونەوەی خۆتت جێ هێشت!
نازانم من لەم چیرۆکە هاتمە دەرێ،
یان تۆ گوڵێك بووی لە گوڵە شەرعییەکانی
پێك گەیشتنی جەستەی نێوان

باخێ یەئس و
کانییەك دوو دڵیی و گریان!
ئەی کچی گیا!
لە قەفەسی ئەم چیۆکە روونا کەوە،
یەقینێکی ئەرخەوانیی دێت و
ناهێڵێ چیی دی بە باوەش
تەم بگوێزمەوە ناو ڕەحمی ئەو باڵندە
چاو ڕەشانەی
لە گۆرانیی وتندا، لە ئادەمیی دەچن،
بە گوڵ و ماچ خۆیان دەشۆن..
ئەم چیۆکە، لە ئێوارەیەکدا دەگێڕمەوە
نامەوێ چ ئەستێرەیەکی ڕووت
لە شەربەتی حەرفەکانی بخواتەوە..
گێڕانەوەی ئەم چیۆکە،
وەك ئەوە وایە گوڵ ئاتەشێکی تێ بەربێ
وەك ئەوە وایە، دەلیلی ئەم سەفەرە (با) یەك
بێ و
ئاوڵەی وەریوی وەرزەکانی جەنگ
کوێریان کردبێ..
یان ڕووبارێکی سیلاویی بێ،
گلەیی بەلەمەوانەکانی هاوڕێی، پەریان کردبێ،
دواتر، گێڕانەوەی ئەم چیۆکە
لە درزی ئەو دەرگایەوەی
چاوەڕوانی هاتنەوەی غوربەتزەدەکانی
دنیا بێ،
وەك ئەوە وایە، بە ئاسمان بڵێی:
کۆشی خۆت داپۆشە
پۆلێ چۆلەکە بە ڕێوەن

ژێر باڵیان پڕە لە فەساد!
لە دەرەوەی عیشقیشدا، ئەی کچی گیا، ئەی
نەسلی باران،
گوێ گرتن لەم چیۆکە
لە تەماشاکردنی مەمکی ڕووتی
میوە شازادەکان دەچێ
بە چاوی ئەو کاپتنە پیرانەی،
هەر بۆ زەوق، شەپقەکانیان پڕ دەکەن
لە پووڵەکەی ماسی!
لەتەماشاکردنی جەستەی خواوەند دەچێ
بە چاوی ئەو هەورە شەبەقییانەی
سەر لە باران دەشێوێنن، کەی ببارێ!
ئەم چیۆکە، لە پەرداخێکەوە ڕژا
کریستاڵەکەی پەرژینی دڵی من بوو..
بەیتەوانە مێینەکانی دەرەوەی مێژوو
مرواریی ئەم بەیتەی ئێمە وا دەهۆننەوە
دەڵێن:
* ئێمە سێ هاوڕێی سەیر بووین،
یەکەمان، کائینێ بوو سەر بە خێڵی ئاگر..
دووەمان، خەڵکی شارێ بوو
پیشەیان داتاشینی خاچ و
تابووتگەریی بوو..
لەو شارە، کەس نەبوو دەستی ڕوناکیی
بگرێت و
سکێچە خواروخێچەکانی ئەڤین
لەسەر تەختە ڕەشی پۆلەکان بکێشێ..
لەو شارە، ئەگەر خۆت لەگەڵ جەمعی

که هاواریان دەکرد:
ئەی عیشق، هەوڵ بدە، ژەنگ لێیت نەدا
لەولاوە پیە درەختێکی کرمۆڵی جبە لە شان
دەهات و
وەک موراقیبەکەی جارانی پۆل
ناوی لە لیستی گوڵە زۆر هارەکاندا
دەنووسیت،
تا کە باخەوان هاتەوە
بەرەشەبا وەدەرت نێ!
ئێمە سێ هاوڕێی سەیر بووین،
سێیەمیشمان: لەسەر ئەڵقەی
شەپۆلە تەڵخەکان
بە مرواری بێدەنگیی
قوبەی بۆ گۆرانییەکانی
سەبری خۆی هەڵدەچنی
ئێمە هەریەکەمان گۆڕێ سەفەریی خۆی بە
کۆڵەوە،
کە بڕیارمان دا، لە ترسی پەتای کوشندەی
شارە جەنگەڵییەکان هەڵێین،
بیست و یەک شەوی تەواو بوو
هەریەکەمان حەنینی خۆی
بە قفڵی دەرگاکانی ئەو زیندانەوە جێ هێشتبوو
کە هێندە تاریکیی و،
شێی ئازارو،
عەزابی شەڕ لێی دابوون،
قفڵەکان خۆشیان
نەیاندەزانی دەچنەوە سەر کام
مەعدەن!



ئەو ئەستێرە بێدارانە ناو نووس بکردایە

هەریەکەمان، بیستو یەك شەوی تەواو بوو
کە ئەگەر بەگریان پێوانە بکرایە
یەکی حەوت گلێنەمان بەر دەکەوت..
لە بیستو یەکەمین شەودا،
لە پشوویەکی کورتی ناو کۆنە سەنگەرێکی
رووخاودا
- یەکەمان، گۆڕە سەفەرییەکەی بێ چوو..
- دووەمان،
لەبەر ئەوەی باوکی تابووتگەرێکی ناسراو بوو،
گۆڕەکەی لەسەر شانی روا بوو..
- سێیەمان،
چونکە لە قوبەکانی ئاو شارەزا بوو،
چونکە عاشق بوو،
بە خەمساردییەوە پێی وتین:
خەمتان نەبێ،
هەموو زەمین، گۆڕێکی جوانە بۆ ئێمە!
ئێتر لەو شەوەوە،
خێڵی ئاگرو
خێڵی تابووتگەرانو
خێڵی عاشقان، بڕیاریان دا:
سێ هاوڕێی سەیرو، خاوەنی یەك کراس بن!
سێ نەدیمی یەکترو، خاوەنی تاقە یەك گۆڕ بن!
- ئێمە، سێ هاوڕێی سەیر بووین،
ئەوکاتەی هەستمان دەکرد
لە ناوقەد بەرەو ژووری هەریەکەماندا،
گوڵە رازیانەی کۆستێك دەڕوێ،
ئەو گوڵەمان دەخستە سەر هەر بەردێ
بەرد، خۆی لە بۆنەکەی دەتەکاند..

دوا جار، بەناوی خۆشەویستی و
بە ناوی ئەو وەسوەسە غەددارەی
مەسیحی هێنایەوە سەر زەمین،
بەزەمینمان وت:
- ئەی زەمین،
کۆتایی تۆ لەوێوەیە کە ئێمە دەست پێدەکەین!
ئەوەمان وتو،
دواجار شوێن قسەی غەریبێ کەوتین
پێش وەخت سەعاتەکانی دەستمانی
پێ خستبووینە سەر
چارەکی بوێ بۆ گومڕابوون،
بۆ وڕێنەی گوڵەکان!
ئەو غەریبە، هەریەکەمانی راسپارد
لە کۆتایی نووسینەوەی هەر مردنێکا
نەنووسین، ماوێتی..
لەناو پاشماوەکانی لاپەڕە حەوتیشدا
تێڕوانینی هیچ (نیشتمان)ێك
ئیعلان نەکەین..
ئێمە سێ هاوڕێی سەیر بووین، سەیر!
شوێن قسەی غەریبێ کەوتین،
خۆی نەبوو، مەرگ بوو..
لە ئاو پارڕاینەوە،
ئەگەر پێویست نەبێ، نەمانکوژێ..
بەسەدەفی کەنارەکانمان وت،
ئێمە خەرقەمان پۆشیوە،
لە گیرفانی شیعرماندا
لە باخەڵی قسەماندا
لیرەی حەرفێ نادۆزیتەوە

ڕەسمی گۆرانییەکی ئەتک کراوی
لەسەر کێشرابێ!
ئێمە سێ هاوڕێی سەیر بووین، سەیر!
لەناو قەیرەیی ئەو هەموو ڕەزو تریێیەدا،
شەرابمان لە ڕۆحی گوڵە یاسەمینەکان
چێ دەکرد..

تەنیایی پەنگوینەکانەوە،
نەواری دەریایەک
یان جانتای خاڵی‌ی تارەکەی
پڕ دەکات لە مینای ئەو سۆزەی
کە لە قوودامسی ناشتنی
عیشقێک هەڵدەستێ!

لە خواردنەوەی یەکەمین پێکدا،
من گوێم لە چرە چڕی
دامرکانەوەی پشکۆی ناخی یەکێکمان دەبوو،
نەمەزانی کامانین..
ئەوەمان کەسەر بە خێڵی ئاگر بوو،
پێی دەوتین:
گوێ بگرن.. ئەو دەنگە
نالە نالی سەرەمەرگی زەمینە
بەو هەموو قەداسەتەی خۆیەوە
لە بەینی ئێمەدا دەمرێ..
بەو دەمو لەبزە شیرینەی خۆی،
ئەو هاوڕێیەمان قسەی بۆ دەکردین و
چاوی برێبووە زەمەن
چۆن ئێمە لەبیر دەکات و
چۆن لە نوری ئاتەشگەدەکانی خۆیمان
بێ بەش دەکات..
هەندێ جاریش بە ورتە ورتێکەوە دەیوت:
لە ڕێگا، تووشی نزای تارۆنێ دەبین
کە چاوی چەپی شووشەیەو
هەمیشە لەگەڵ ڕەنگەکاندا، مشتو مڕێتی..
بە دەم هێنانە قسەی ژێی تارەکەیەوە
بەدەم ئێوارەباشی تێکەڵ بە نووزەی

تەنیایی پەنگوینەکانەوە،
نەواری دەریایەک
یان جانتای خاڵی‌ی تارەکەی
پڕ دەکات لە مینای ئەو سۆزەی
کە لە قوودامسی ناشتنی
عیشقێک هەڵدەستێ!
ئێمە سێ هاوڕێی سەیر بووین،
لەسەر خوانی زمان،
یەکترمان داوەتی فێربوونی
حیکمەتەکان دەکرد..
دووەمان هەمیشە دەیوت:
دەبێ من باجی فرۆشتنی ئەو تابووتانە بدەم
کە باوکم دوای پڕکردنەوەیان
بە تەرمی جەنگاوەرەکان،
هەر خۆیشی، فرێی ئەدانە دەریاوە..
ئەو پێی وابوو، کاتێ وتارە حەماسدارو
مێژوویی‌یەکانی نەهەنگ
لە ئاپۆرای ماسییە زەلیلەکاندا
وەکو بنێشتیان لێ دێ،
ئەوکات برۆانن زەمەن چەندە
ئەشکەنجەگەر دەبێ..
زەمەن چەندە ماسۆشییانە
کەیفی بەو زوڵمە دێت
کە مێژووی شمشێر لە ئێمەی دەکات!
هاوڕێی سێیەمان پێی وابوو:
لە ڕێگا، ئەردەڵانییەک دێتو
بەو ژنێتی‌یەی خۆیەوە
پێمان دەڵێ:

تازه ئێوه‌ بۆ گۆڕێك بگه‌ڕێن
نه‌فره‌ته‌كانی خۆتانی تێدا بشارنه‌وه..
سه‌فه‌ری ئێوه‌ سه‌فه‌ری گه‌ڕان بوو
به‌ دووی ره‌نگێكدا
نه‌ بۆ گۆرانیی،
نه‌ بۆ شیعرو،
نه‌ بۆ گه‌ڕانه‌وه‌ بۆ لای
جه‌سته‌ مۆنالیزاییه‌كان نه‌شیا!
ره‌نگێ، نه‌یتوانی له‌ مه‌نبه‌عی
پێكه‌نینی گوڵه‌وه‌ بدوێ..
ره‌نگێ، نه‌یتوانی به‌ دووربینی ئه‌هلی دڵ،
ته‌ماشای مه‌وجی ئه‌و بریانه‌ بكات
كه‌ یۆتۆبیای برا خه‌سیوه‌كان،
گوڵدانه‌كانی حه‌سره‌تی ئێمه‌یان
پێ ئاو دا!
ئه‌و هاوڕێیه‌مان پێی وابوو،
ئه‌و ئه‌رده‌ڵانییه‌ پڕ خورمایی‌یه‌،
دێیتو، به‌و ژنێتی‌یه‌ی خۆیه‌وه
هێنده‌ به‌ هه‌یبه‌ته‌وه‌ ئه‌دوێ،
دیواره‌كان، له‌جیاتی گوێی جاسووسیی
هه‌ڵخه‌ن
چاوی ئه‌وین، ده‌برێنه‌ قسه‌كانی ئه‌و..
ئه‌و ئه‌رده‌ڵانییه‌، هێنده‌ گه‌زۆی عه‌قڵ
له‌ قسه‌كانی ده‌باڕێ،
لووته‌كان په‌شیمان ده‌بنه‌وه‌ له‌وه‌ی
ڕۆژێك بووه‌ چوون بۆنیان
به‌ ده‌می عه‌شیقه‌كه‌ی (شاملو)ه‌وه‌ كردووه‌،
گوزارشیان له‌خۆشه‌ویستی ئه‌و داوه!

ئێمه‌ سێ هاوڕێی سه‌یر بووین،
دواجار، من كه‌ نازانم كامیان بووم،
به‌ هه‌موومان، یان به‌ یه‌كێكمانم وت:
ئای، ئێمه‌ چه‌نده‌ بچووك بووین
له‌وه‌ بچووكتر بووین نه‌هێڵین
درۆ سپییه‌كانمان
باوێشك بۆ یه‌كتری بده‌ن..
له‌وه‌ بچووكتربووین بتوانین
سه‌ماوات‌و فڕینی جه‌سته‌مان
له‌سه‌ر میزێك كۆ كه‌ینه‌وه..
به‌ هه‌موومان، یان به‌ یه‌كێكمانم وت:
به‌ر له‌ كه‌وتنه‌ خواره‌وه‌ی به‌ردێك
بۆ ناو جامێ له‌ غه‌ریزه‌،
به‌ر له‌وه‌ی تۆش
بكه‌ویته‌ ناو شه‌معه‌دانی قه‌سیده‌وه
له‌ هێڵانه‌یه‌كدا، كه‌ هیی خۆت نه‌بوو
موسته‌عار بوو،
سه‌رنجت ئه‌دایه‌ زاووزێی
ئه‌و بوونه‌وه‌رانه‌ی
له‌ یه‌كتریان ده‌پرسی،
ئه‌م هه‌تاوه‌ چیی لێ ماوه‌ته‌وه‌ له‌به‌ری كه‌ین؟
ئه‌م ئاوێنه‌یه‌ بۆ ئه‌وه‌نده‌ زوو شكاو
تێر سه‌یری خۆمانمان
تێدا نه‌كرد؟
به‌ یه‌كتریان ده‌وت:
هه‌ر (باخۆس) مابوو، كه‌مێ سه‌ماو له‌زه‌تی
لێ قه‌رزكه‌ین
ئه‌ویش بێ تووڕه‌بوون،

بێ ئەوەی دوایین وەرزەکانی
وشک بوونەوەی
شەراب ببینێ،
بە کوێریی مرد!
دوا وردە وردت کە هەر هیی
هاوڕێی سێیەم بوو،
بەو ئەردەڵانییە پڕچ خورماییەی بەخشی و
وەک ئەوەی پێشتر بیناسێ، عاشقانە پێی وت:
کە هاتم، دەمێک بوو خۆر لەسەرمادا
فووی بە لەپ و پەنجە سڕەکانی خۆیدا دەکرد..
دەمێک بوو زمانی بەفری منو
حەرفی ڕێگاکانی جەستەی تۆ
لە دەفتەری هەردووکماندا شکابوون،
دەمێک بوو..
چ لێقەومانێکە ئازیز!
ئەو چۆلەکە خامۆشانەی، ڕۆژانێ
کەمانچەیان دەژەند
ئەمێستا قوڵاپ دەهاوێژنە گۆمی چاوڕوانییو
غەریبیی ئێمەوە!
ئەو چۆلەکە خامۆشانە، نازانن بە کام
مەرەکەبی دڵگوشران
حیکایەتی تووشبوونیان بە تاعوونی
گەشبینیی
بنووسنەوە!
چ لێقەومانێکە ئازیز!
ئیدی ئەمە ئەو ڕۆژەیە، تۆ بێ باکانە
موحتاجی دڵکوشتنێکی تر دەبیت..
بێ باکانە، فەنەری خەمێ دەخەیتەوە ئاسمانم!

ئیدی ئەمە ڕۆژێکەو،
ئەجەلی سەدەها عاشق
بە دەست سااڵەکانی تۆوە
مۆمیا دەکرێن!
ئیدی ئەمە ڕاژەنینی کۆستێکە،
تیایدا، گەڵێک لە پێکەنینداا
شێوەی ناچێتەوە سەر دەرخت..
ئەمە ڕۆژگارێکە،
ئازارە وردەکان کە دیلانێو چاوشارکێ
لەگەڵ یەکتریدا دەکەن
ئاگایان لەوە نییە، منو تۆ
چۆن پرسیارەکان لەخەو ڕادەکەین!
چ لێقەومانێکە ئازیز!
ئێمەی سێ هاوڕێ سەیرەکە،
بە تڕپەی دڵ، نامەمان بۆ
شەراب نۆشێکی ناو فارگۆنە بەتاڵەکانی
ژیان نووسی،
پێمان وت:
وەرە بمانکەوە بە ئادەمیی..
بمانخەرەوە سەر باڵی
ئەو ئێوارە ڕەنگ مۆرانەی
هەموومان پێکەوە،
لە زندی یەک گۆرانیمان دەخواردەوە..
وەرە بارینمان فێر بکە..
بمانکەوە بە ئادەمیی!

سەفەری ژیان و شکستی بەبکەربوون و



مەرگی هەڵوێست لەشیعری (کەسێ نەبوو تۆپەببێ)ی جەمال غەمباردا

نووسینی: عەتا قەرەداغی

(کەسێ نەبوو تۆپەببێ) ناونیشانی ئەم شیعرەی جەمال غەمبارە کەراستەوخۆ ئەم ناونیشانە دەمانگێڕێتەوە بۆ یادکردنەوەی ناونیشانی یەکێک لەڕۆمانە کورتەکانی مارگیز((کەس نامە بۆ کۆڵۆنێڵ نانووسێ یان کەسێ نییە نامە بۆکۆڵۆنێڵ بنووسێ)) بەهەرحاڵ هیچ نزیکییەک نییە لەنێوان ئەم شیعرەو ڕۆمانەکەی مارکیزدا جگە لەناونیشانەکەیان دیارە ئەمە یەکەم جار نییە کەمن لەسەر بەرهەمی جەمال غەمبار بدوێم، هەر بۆیە بەئاشکرا لەمیانەی شیکردنەوەی ئەم دەقەو دەقەکانی تری ئەم شاعیرەوە دەتوانم بەشێوەیەکی گشتی هێڵی ئێشکردنی ئەم شاعیرە دیاریبکەمو سنووری ئەو گوتارەش دەست نیشان بکەم کەلەئەزموونی شیعری جەمال دا لەدوای ڕاپەڕینەوە بەئاشکرا دیارە. سەرەتاش دەبێ ئەوە بڵێین کەجەمال یەکێکە لەو چەند شاعیرە بەژمارە کەمەی کەلەدوای شاعیرانی سالأنی حەفتاوە جێ دەستیان دیاربووەو لەئەزموونی ناسەقامگیری خۆیدا لەنێوان مەیلی گەڕانەوەو درێژەپێدانی ئەزموونی شاعیرانی حەفتاو خۆ دەربازکردن لەدەسەلأتی گوتاری شیعری حەفتاکانو بنیادنانی ئەزموونو گوتاری نوێدا هەوڵی بەرەو دەربازبوونو دەرچوون لەسایەی دەسەلأتی ئەزموونی شیعری حەفتاکان بالأدەستتر بووەو لەسەرجەم ئەو شیعرانەیدا کە توانیوێتی لەکارتێکردنو کاریگەری ئەزموونی روانگەو شیعری حەفتاکان دەربازبێت بنەماکانی بنیادنانی گوتارێکی جیاواز لەشیعرەکانیدا دەبینرێتو لەو بوارەشدا زیاتر خاسیەتەکانی ئەزموونی نوێی شیعری لای ئەم شاعیرە بەرجەستە دەبێت.

جیهانبینی شیعری جەمال لەدوای ڕاپەڕینەوە بەشێوەیەکی گشتی ناچێتەوە سەر جیهانبینی شیعری روانگەو نەوەی حەفتاکان کەگوتاری بالأ

دەستی ئەو ئەزموونە گوتاری مانەوەیە هەروەك بۆ یەكەمجار لەمێژووی رەخنەی كوردیداو لەلێكۆڵینەوەیەكماندا لەسەر گوتارەكانی ئەدەبی كورد خاسێتەكانی گوتاری مانەوەمان دیاریكرد.

گوتاری شیعریی جەمال غەمبار تاكو ئێستا تاكە هێڵێكی دیاری نییە یان ناكرێت تاكە ناوێكی لێبنرێت ئەوەیش لەبەر شێوەی ناسەقامگیری ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەو زۆرجار كارتێكردنیشی لەلایەن ئەزموونەكانی ترەوە. دیارە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە كەجەمال خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی نییە بەڵكو مەبەستمان ئەوەیە كەلەبەرهەم هێنانی شیعرو شیعریەتدا هەندێجار دەچێتەوە سەر شێوازی ئەزموونە دیارەكانی شیعری كوردی. بۆ نموونە لەڕوی جیهانبینییەوە بەشێك لەخاسێتەكانی جیهانبینی شیعری مەحوی لەبەرهەمی ئەم شاعیرەدا هەستی پێدەكرێت، لەگەڵ خاسێتی ئەزموونەكانی تریشدا.. بەتایبەتیش زمانی شیعری ئەو نەوەیەی كەلەدوای رابەڕینەوە دەنووسن لەكۆمەڵە سیفاتێكدا یەك دەگرنەوە كەئەویش بەكارهێنانی شێوازە زمانێكە هاوشێوەی بەكارهێنانی زمانی كوردی شیعری كلاسیكی كوردییە لەرووی زاراوەوە وەكو بنەمای زمانی بۆ بنیادنانی دەق كەدیارە لێرەدا مەبەستمان یاساو رێساكانی شیعری كلاسیكی نییە.

ئەمەش بەبۆچوونی من بەشێوەیەكی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ هەستكردن بەنەتوانینی بەرهەمهێنانی شیعریەت بەزمانی هاوچەرخ كەدەبێ زمانێكی كوردی خاوێنتربێت لەوەی كەئێستا شاعیرانی ئەم نەوەیە پێی دەنووسن. زۆرێك لەشاعیرانی ئینگلیز هەر لەسەردەمی (چۆسەر)ەوە تاكو سەردەمی ئیلیەتیش بۆ رووكەش كردنو بەحیساب بەهێزكردنی بنیادی زمانی شیعرەكانیان پەنایان دەبردە بەر بەكارهێنانی چەندین وشەو رستەی گریكی بەو مەبەستەی كەوای لەخوێنەر بگەیەنن كەئەمان شارەزاو سەردەرچووی كەلتوری گریكینو ئەو جیهانبینییە شیعرییە قوڵەی كەئەوان بەرهەمیان هێناوە زمانی ئینگلیزی بەشی ئەوە ناكات كەببێتە هۆی بەرجەستەكردنی.

دەشێ زۆرێك لەشاعیرەكانی ئەم نەوەیەش لەژێر كاریگەری هەمان هۆكاردا پەنابەنە بەر بەكارهێنانی چەندین وشەو زاراوەی عەرەبیو فارسیو چەندین زاراوەی زانستەكانی تەسەوفو فەلسەفەو مەنتیقو...تاد بەبێ ئەوەی بزانن مەبەستیان چییە لەبەكارهێنانی ئەم زاراوانەو لەو جێگایانەشی كەبەكاریان دەهێنن زۆربەی كات نەدەتوانن بیانكەنە هەڵگری مانا جێگیرەكانی خۆیان نەبەجۆرێكیش بەكاریان بهێنن كەمانای جیاواز یان نوێیان پێببەخشن.. ئەمەش زۆرجار بنەماكانی بنیادنانی شیعریەتو لەوێشەوە گوتاری شیعریشی لاوازكردووە.

جەمال غەمبار سەرباری گەڕانەوە بۆ ئەو جۆرە مامەڵەكردنە لەگەڵ زماندا، دەزانێت چۆنو كەیو لەكوێدا پەنا ببات بەر ئەو جۆرە خواستنو بەكارهێنانەو چۆنیش بیانخاتە خزمەتی بنیادنانی دەقەكانیەوە. لەسەر ئاستی ئەزموونە ئەدەبیەكان لەمێژە قسەكردن لەسەر تێكشكاندنی زمان مایەی گفتوگۆ لەسەردواندنە... بەڵام لەنێوەندی ئەدەبی كوردیدا لەبەر نەشارەزایی زۆربەی شاعیرانو چیرۆكنوسان نازانن مەبەست لەتێكشكاندنی زمانی دەق چییە.. هەندێ واتێدەگەن كەبەرهەمهێنانی جۆرێكە لەنووسین كەپەیرەوی یاساكانی سنیتاكسو رێزمان بەشێوەیەكی گشتی نەكاتو جۆرێك لەنووسینی نامەئلوف دابڕێژن كە زوبەری كات ئەو جۆرە نووسینە لەهاوكێشەی كۆتایدا ناتوانێت ببێتە هەڵگری مەدلوولات مەگەر تەنیا لەزهنو خەیاڵی نووسەرەكەیدا دەلالاتی هەبێت. جۆری دووەمیش خۆیان لەنێو بەكارهێنانی زاراوەو دەستەواژە عەرەبیو فارسیەكاندا ونكردووە بێئەوەی بتوانن نەشیعریەتیان لێبەرهەم بهێنن نەماناو دەلالاتیان پێببەخشن... دیارە هیچ كام لەم دوو حاڵەتەش ناچنەوە سەر ئەو دیاردەی كەلەمێژووی نوێی ئەدەبدا پێی دەوترێت تێكشكاندنی زمان..! بەهەر حاڵ ئەزموونی شیعری جەمال غەمبار ناچێتە سنووری هیچ كام لەو دوو هێڵەوە، بەڵكو لەشێوازێكی تایبەتیدا سەرباری مامەڵەكردن لەگەڵ رابردووی زمانی ئەدەبی ئێمەدا دەتوانێت جۆرێك لەشیعریەت بەرهەم بهێنێت.

—٢—

مێژووی دەست پێكردنی زەمەنی شیعری لە((كەسێ نەبوو تۆپەببێ!))دا دەكەوێتە پێش بەرهەمهێنانی خودی ئەم دەقەوە بەواتایەكیدی

زەمەنی شیعریەت لەم دەقەدا لەساتەوەختی بەرهەم هێنانی خودی دەقەکەوە دەست پێناکات بەڵکو زەمەنی شیعریەت لە((کەسێ نەبوو تۆپەببێ))دا دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی شیعریەتی ((مەنفاکان لێرەوە دەست پێدەکەن)). ئەم حاڵەتەش هەردوو بواری جیهانبینی شیعری‌و شێوازی شیعریش دەگرنەوە. واتە دەتوانین بڵێین لەڕووی جیهانی شیعری‌یەوە (کەسێ نەبوو تووڕە ببێ) تەواوکەری ئەزموونی (مەنفاکان)ەو دەتوانین بڵێین لەوێوە بۆ ئێستا جەمال قەسیدەیەکی درێژ دەنووسێتەوە. قەسیدەیەك کەدەشێ بەقەسیدەی وەسفی ناوی ببەین لەکاتێکدا کەوەسفکردن پانتاییەکی زۆر داگیردەکات‌و کردار پانتاییەکی کەمتر، ئەمە سەرباری ئەوەی کەڕووداو بەئاسانی دروست نابێت، بەڵکو کردار لەشێوەیەکی جێگیرو بێجوڵە یان جوڵە سستدا دەمێنێتەوە. لەحاڵەتی وەسف کردنیشدا زەمەن ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نابێت یان دەشێ زەمەن لەدەرەوەی وەسفکردندا دیاری‌بکرێت بەو پێیەش بونیادی زەمەن لەدەق دا دەبێتە بنیادێکی ناکاریگەر. کەئەم حاڵەتە لەشیعری ((کەسێ نەبوو تۆپەببێ)) لەڕووی ئامادەبوونی جۆرێك لەتوخمەکانی بنیادی چیرۆکەوە دەبوو بەپێچەوانەوە بوایە واتە زەمەنی کردار بگۆڕایە بۆ زەمەنی ڕووداو. لەو حاڵەتەشدا بکەر ئامادەبوونی دەبوو. بەڵام بالاّ دەست بوونی بنیادی وەسفکردن بواری کرداری تەسك کردۆتەوە ئەوەش وایکردووە جۆرێك لەوەسفکردنی دوورودرێژو چەند بارەبووەوە لەبنیادی زمانی دەقەکەدا بەرجەستە بکرێت. کەسەرجەمی حاڵەتەکانی وەسفکردنیش باس لەپێش ئێستا دەکەن، رابردوو دەگێڕنەوە. ئەم حاڵەتەی وەسفکردن لەئەزموونی شیعری جەمال دا بەگشتی‌و لەشیعری (کەسێ‌نەبوو تۆپەببێ!)) بەتایبەتی ئەو دەلالاتە هەڵدەگرێت کەبکەری ڕووداو دروستکەر ئامادەبوونی نی‌یەو لەبنەڕەتەوە ڕووداو بوونی نی‌یە، ئەمەش دەلالەتی ژیانی نێو کۆمەڵگایەکە کەنەیتوانیووە ببێتە بکەری ڕووداو دروستکەر، بەڵکو لەبری کردارو ڕووداوو دروستکردن وەسفی شتەکان دەکات‌و رابردوومان بۆ دەگێڕێتەوە. بەمانایەکی تر دەلالەتی کۆمەڵایەتیانەی ئەم حاڵەتە ئەوەیە کەبکەری ئەو پانتاییەی دەقەکە دەیگێڕێتەوە نەبکەرێکی ڕووداو دروستکەرە نەبکەرێکە لەپشتی کردارێکەوە ڕاوەستابێت بەڵکو بکەرێکە کەتەنیا دەتوانێت وەسف بکات. دیارە وەسف کردنیش حاڵەتێکی چەسپاوو بێجوڵەیەو ناتوانێت هیچ ئامادەبوونێکی بکەرەکەی بسەلمێنێت، ئەمەش خاسێتی ئەو کۆمەڵگایانەیە کەنەیانتوانیووە مێژوو دروست بکەن، چونکە مێژوو بەبێ بوونی ڕووداو دروست نابێت، کەواتە حاڵەتی وەسفکردن لەئەزموونی شیعری جەمالدا بەشێوەیەکی گشتی هاوشانە لەگەڵ حاڵەتی بکەری کوردی‌دا کە بکەرێکە تەنیا دەتوانێ وەسفی رابردوو بکات بەبێ ئەوەی توانای دروستکردنی هیچ ڕووداوێکی هەبێت.

—٣—

ناونیشانی شیعرەکە(کەسێ نەبوو تۆپەببێ) کلیلی کردنەوەی دەقەکە پێشکەش دەکات‌و ڕێگا خۆش دەکات بۆچوونە ناو دەقەکەو هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی دەلالاتەکان‌و ئاشکراکردنی شاراوەو نادیارەکان ئەویش بەمەبەستی دەست نیشان کردنی ئەو پرسیارانەی دەقەکە هەڵیدەگرێ‌و ئاڕاستەیان دەکات.

بەڵام دەلالەتی تایبەتی (کەسێ نەبوو تۆپەببێ)) جارێکی‌تر ئەم شیعرە دەبەستێتەوە بەئەزموونی (مەنفاکانەوە) کەئەویش دوولایەنی هەیە یەکەمیان ئەوەیە لەئەنجامی وێرانبوونی ڕۆحی‌و مەیسەری ئێمەدا کەسێ نەبوو بەدەنگ بێت‌و کاردانەوەیەکی هەبێت، بەڵکو هەموو کەس بەئاسایی مەسەلەکانی نغرۆبوونی مادی‌و مەعنەوی ئێمە وەردەگرن‌و کەس کاردانەوەی نابێت بەرامبەریان.

لایەنی دووەمیان ئەوەیە مادەم ژیان بۆخۆی جۆرێکە لەبێهودەیی‌و چاوەڕوانی هیچ ئایندەیەکی گەش ناکرێت، ئەوا پێویست بەوە ناکات هیچ کەس تۆپەببێت چونکە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیربکرێت ئەوا ژیان هیچ ئومێدێکی تێدا نی‌یەو پێویستی بەهەڵوێست لەئاستدا وەرگرتن نی‌یە.

شیعری (کەسێ نەبوو تۆپەببێ!)) لەشێوەی چیرۆکێکی شیعریدا پێشکەش دەکرێت بەتایبەتی شێوازی دایەلۆگ‌و گێڕانەوە ئەو خاسیەتە بەشیعرەکە دەبەخشن کەوەکو گێڕانەوەیەکی چیرۆکێ دەربکەوێت کەئەمەش دیسان بوار بۆ حاڵەتی وەسفی بەردەوام لەشیعرەکەدا خۆش

ده‌کات. جگه له‌وه له‌م شیعره‌دا بنیادی که‌سی ئاماده‌بوونی هه‌یه‌و ئه‌گه‌رچی که‌سه‌کان ناتوانن ببن به‌بکه‌ری رووداو دروستکه‌ر به‌لأم له‌پوانگه‌ی هه‌ڵس‌وکه‌وت‌و جوڵه‌و وه‌سفه‌کانه‌وه ئاماده‌بوونیان هه‌یه که‌ئه‌وه‌ش زیاتر خاسیه‌تی چیرۆکه. به‌لأم ئه‌وه‌ی که‌وه‌ها له‌شیعره‌که ده‌کات خاسیه‌تی درامی لاواز بێت نه‌بوونی بنه‌ماکانی گرێچن‌و کرداروجوڵه‌ی که‌سه‌کانه، واته ملمانێ‌و سه‌رکه‌وتن‌و دابه‌زین له‌شیعره‌که‌دا به‌جۆرێك لاوازن که‌ده‌توانرێت وه‌کو ره‌گه‌زێکی ئه‌ده‌بی (وه‌سفی) سه‌یر بکرێت. له‌پانتایی ده‌قه‌که‌شدا چه‌ند پێکهاته‌یه‌کی زمانی ڕێگا بۆ حاڵه‌تی وه‌سف‌و لێکچواندن خۆش ده‌که‌ن که‌ئه‌ویش زیاتر له‌ده‌سته‌واژه‌کانی (له‌وه ده‌چێ، وه‌ك ئه‌وه وایه،...)دا ده‌رده‌که‌وێت. چونکه له‌بری (کردار) شیعره‌که له‌سه‌ر بنه‌مای لێکچوون بنیادنراوه که‌وه‌سفی هه‌ر شتێك ده‌کات ده‌یشوبهێنێ به‌شتێکی‌تر، له‌کاتێکدا ئه‌و شته‌ی تریش مه‌رج نی‌یه خۆی جێگیر بێت‌و خاسیه‌ت‌و سیفه‌ته‌کانی زانراوبن. هه‌ر ئه‌م حاڵه‌ته‌ش له‌ئه‌زموونی شیعری جه‌مال دا بۆته هۆی دروستکردنی حاڵه‌تێکی هه‌ڵواسراو واته ڕۆربه‌ی کات ناتوانرێت زه‌مینه‌یه‌کی پته‌وی ریالیستانه بۆ ده‌قه‌کانی بدۆزرێته‌وه ئه‌وه‌ش وادەکات که‌تێگه‌یشتن له‌گه‌وه‌ری ده‌قه‌کانی‌و دۆزینه‌وه‌ی جیهانبینی ده‌قه‌کانی ئاسان نه‌بێت‌و ڕۆڕێکیش له‌وانه‌ی ده‌یان خوێندنه‌وه یان گوێیان لێده‌گرن ته‌نیا ناوبه‌ناو وێنه یان رسته‌و ده‌سته‌واژه‌یه‌کی کاریگه‌ر کاریان لێبکات‌و له‌ئه‌نجامیشدا نه‌توانن جیهانبینی ده‌قه‌که یان ئه‌و پرسیارانه‌ی که‌ده‌قه‌که هه‌ڵیده‌گرێت تێبگه‌ن. ره‌نگه یه‌کێك له‌جیاوازییه سه‌ره‌کیه‌کانی ده‌قه‌کانی سالأنی حه‌فتا له‌گه‌ڵ ده‌قه‌کانی جه‌مال دا ئه‌وه‌بێت که‌ده‌قه‌کانی سالأنی حه‌فتا زه‌مینه‌یان له‌سه‌ر واقیع بۆ دۆزرێته‌وه‌و ده‌قی کرداری بن‌و وه‌سفیش له‌خزمه‌تی کردارداببێت.

ـــ٤ـــ

له‌گه‌ڵ ده‌ست پێکردنی ئه‌م شیعره‌دا که‌تیایدا زه‌مه‌ن ئێستایه، خاسیه‌تی ئه‌و زه‌مه‌نه پێشکه‌ش ده‌کرێت که‌زه‌مه‌نێکی نالەباره، ئه‌و نالەباری‌و خراپیه‌ی له‌حاڵه‌تی ئێستای به‌رهه‌م هێنانی ده‌قه‌که‌دا هه‌یه ڕاسته‌وخۆ ئاڕاسته‌یه‌ك به‌ره‌و رابردوو دیاری ده‌کات‌و به‌وپێیه گه‌ڕانه‌وه بۆ رابردوو دروست ده‌بێت. ئه‌و گه‌ڕانه‌وه‌یه‌ش ڕاسته‌وخۆ بۆ ئه‌وسای ساده‌و ساکاری سه‌ره‌تایه، ئه‌وسایه‌ك که‌هه‌موو شتێك تێیدا خۆی بوو، ڕووکه‌ش ره‌نگدانه‌وه‌ی گه‌وه‌رو ناوه‌ڕۆك بوو، وه‌کو ئێستا گه‌وه‌ری شته‌کان ڕووپۆش نه‌ده‌کران به‌رووپه‌کی جوان‌و به‌لأم له‌ڕاستیدا شتێکی تربن. ئه‌وه‌تا هه‌ر له‌سه‌ره‌تای شیعره‌که‌وه شاعیر به‌م جۆره ده‌ست پێده‌کات:

له‌م ئێواره‌ی مروه‌ته‌دا.
کێ له‌گه‌ڵ منداا ئه‌م ده‌نگه ده‌باته‌وه بۆ سه‌ر زه‌وی..
ببینن له‌م که‌ڤاڵی بریندا.
کێ له‌گه‌ڵ منداا ئه‌م ره‌نگه دێنێته‌وه
قسه خۆشه‌کانی جاران..

هه‌ر له‌م ده‌ست پێکردنه‌وه ئه‌وه ئاشکرا ده‌بێت که‌قسه‌که‌ری شیعره‌که به‌جۆرێك وه‌سفی ئه‌و زه‌مینه‌یه ده‌کات که‌تێیدایه، زه‌مینه‌یه‌کی نالەبارو ناجۆربێت هه‌ربۆیه ڕاسته‌وخۆ به‌جۆرێك له‌بێزاربیه‌وه له‌وه ده‌پرسێت که‌کێ ئاماده‌یی ئه‌وه‌ی تێدایه له‌گه‌ڵ ئه‌وا یه‌کبگرێته‌وه هه‌تا ئه‌و ده‌نگه‌ی که‌له‌و ئێواره مروه‌تیه‌دا ئاماده‌بوونی هه‌یه ببات‌ه‌وه بۆ سه‌ر زه‌وی، واته بۆ ئه‌و سه‌ره‌تاو زه‌مینه‌یه‌ی که‌خودی ئه‌و ده‌نگه‌ی لێوه دروست بووه، دیاره تا ئه‌م چرکه ساته له‌سنووری ده‌قه‌که‌دا ناسنامه‌ی (ده‌نگه‌که) دیارنی‌یه، بۆیه ده‌شێ لێره‌وه به‌شێوه‌یه‌کی گشتی لێی بڕوانرێت‌و وه‌ها لێکبدرێته‌وه که‌مه‌به‌ست گه‌ڕانه‌وه‌ی هه‌موو ئه‌و ده‌نگ‌و بیرو لێکدانه‌وانه‌یه که‌له‌سه‌ر زه‌مین دروستبووه، ئێستا قسه‌که‌ری شیعره‌که ده‌یه‌وێت ئه‌و ده‌نگه‌یه بگێڕێته‌وه بۆ سه‌رچاوه‌که‌ی واته له‌بری ده‌نگ که‌حاڵه‌تی ئاماده‌بوون ده‌نوێنێت بێ ده‌نگی دروست بکات که ده‌لاله‌تی نائاماده‌بوون هه‌ڵده‌گرێت، واته لێره‌وه ئه‌وه ده‌رده‌که‌وێت که‌سه‌ره‌تای شیعره‌که جۆرێك له‌هیوا خواستنی به‌ره‌و سه‌ره‌تا هه‌یه. به‌لأم له‌میانه‌ی ده‌قه‌که‌وه دیاره که‌ده‌نگ له‌سنووری زه‌مین خۆی ده‌رچووه واته گه‌یشتۆته ده‌ره‌وه‌ی سنووری سه‌رچاوه‌که‌ی به‌لأم ئێستا قسه‌که‌ری شیعره‌که ده‌خوازێت له‌گه‌ڵ که‌سانی‌تردا ئه‌و ده‌نگه بگێڕنه‌وه بۆ سه‌رزه‌وی واته بۆ سنووڕێکی ته‌سکتر.

له‌لایه‌کی‌تره‌وه قسه‌که‌ری شیعره‌که ئێستا ده‌شوبهێنێت به‌جۆرێك له‌برین‌و ده‌شخوازێت له‌و

حاڵەتە نامەمواوەدا کەسێك ببێتە یارمەتی دەری بۆئەوەی ئەو (ڕەنگە) بێنێتەوە قسە خۆشەکانی جاران. واتە ئێستا ئەم ڕەنگە کاریگەرییە جوانەکانی جارانی نەماوە. ئەمی قسەکەری شیعرەکە دەیەوێت جارێکیدی (ڕەنگەکە) کەئەمیش ناسنامەکەی ئاشکرا نیە بگێڕێتەوە بۆ حاڵەتی پێشتر. بۆ ئەوسا کەتیایدا کاریگەری خۆیی هەبوو. ئەگەر لەم دەروازەیەوە بنواڕین گەڕانەوە بۆ سەرزەوی و گەڕانەوە بۆ جاری جاران هەردووکیان ئەو دەلالەتە هەڵدەگرن کەئێرە لەزەمەنی ئێستادا ناپەسەندو نەگونجاوە، بۆیە هەوڵدان بۆ گەڕانەوە بۆ ئەوێی جاران پەسەندترو دڵگیرترە. ئەمەش دەلالەتی نەگونجان لەگەڵ زەمینەی ئێستاو زەمەنی ئێستادا فۆرمەلە دەکات. کەلەپشتی ئەمەشەوە هیوا خواستن بۆ ڕابردوو، بۆ ئەو زەمەنەی کەلەڕابردوودا لێرە ئامادەبوون هەبووە بەرجەستە دەکات. بەڵام هیچ خاسیەتێکی ئیجابی ئەو ڕابردووەش دیارنییە کەقسەکەری شیعرەکە دەیەوێت بۆی بگەڕێتەوە، بۆیە دەشێ تەنیا لەئەنجامی بێمرۆەتیو بریندا پێی وابێت ڕۆیشتن بەرەو ئایندە یان تەنانەت ئێستاش مایەی نەسرەوتنو نیگەرانیە بۆیە باشتر وایە بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو چونکە ڕابردوو ئەوی سپاردووە بەئێستا، بەڵام دەترسێت لەئێستادا نەتوانێت بەردەوام بێت بۆیە لەپێناوی پاراستنی خۆیدا مەیلی گەڕانەوە بۆ ئەوسا بەسەریدا زاڵ دەبێت دەشێ جۆرێك لەغەریزەی خۆپاراستنو لەهەمان کاتدا ترس لەگۆڕانکاری فاکتەری سەرەکی بن کەلەئێستادا پاڵ بەئەوی قسەکەری شیعرەکەوە بنێین بەرەو ڕابردوو بگەڕێتەوە بەو هیوایەی (دەنگەکە) لەسەر زەوی واتە لەوسادا پارێزراو بێتو (ڕەنگە)کەش بگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆیو حاڵەتی سروشتی خۆی وەربگرێتەوە.

لەکاتێکدا قسەکەری شیعرەکە دەیەوێت دەنگ ببات‌ەوە بۆ سەر زەوی لەهەمان کاتدا ئامانجی گەڕانەوەکەی دەنگیشی ئاشکرا دەکات واتە لەپێناوی مەبەستێکدا دەیەوێت دەنگ لەو ئێوارە ناجۆرەوە بگەڕێتەوە بۆ زەوی کەلێرەدا زەوی دەلالەتی شوێنی نییە بەڵکو دەلالەتی کات هەڵدەگرێت واتە سەرەتایی‌بوون یان سروشتی سادەیە چونکە لەرووی لۆژیکەوە پەیوەندی نێوان ساتەکانی کات لەسەر زەمینەی شوێن ڕێك دەخرێت، نەك پەیوەندی بەئەوسای شوێنەوە. مەبەستی گێڕانەوەی دەنگ بۆ سەر زەوی دەلالەتێکی تریش هەڵدەگرێت کەدەشێ دەنگ هێمابێت بۆ ئەو ئاوانەی کەدەچنە ناو زەریاو دەریاکانەوەو ون دەبن، ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی بەو هیوایەی خۆیان لەو ونبوونە بپارێزن. ئەوە دەنگ دەڵێت.

دەنگ/ بۆ ئەوەی ئاوەکان
لەغەرق بوونی خۆیان وەئاگابێت ...

ئەنجا دەبێ چ دەلالەتێك لەپشتی غەرق بوونی ئاوەکانەوە وەستابێت لەکاتێکدا لەرووی ڕاستییەوە ناشێت وابیر لەوەبکرێتەوە کەئاوەکان غەرق دەبن چونکە خودی ئاو کرداری غەرق بوون دروست دەکات واتە بێبوونی ئاو کەسەرچاوەی یەکەمە بۆ غەرق بوون کرداری نابێت ناوی غەرق بوون بێت. کەواتە لێرەوە دەشێ شۆڕببنەوە بۆ ئاشکراکردنی نەزانراوێك لەپشتی ئەم حاڵەتە زانراوەوە، ئەویش ئەوەیە کەبەشێك لەئاوەکان لەناو ئاودا غەرق دەبن، لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کەجیاوازی هەیە لەنێو ئاوەکاندا، هەندێ لەئاوەکان ئەوانیتر غەرق دەکەن، ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، واتە سەرباری ئەوەی کەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەیەك توخمە کەئەویش مرۆڤە کەچی بەشێك لەئەندامانی ئەم توخمە سەرەکیە لەنێو ئەوانیتردا غەرق دەکرێنو ون دەبن دەشێ ئەمە لەمەودایەکی دوورتریشدا بۆی بڕوانین کەچۆن هەندێ لەکۆمەڵگاکان لەسنووری کۆمەڵگای چاوەڕوانکراوی داهاتوودا کەگوایە خاسیێتی یەك (گوندی) دەبێت ون دەبن بەتایبەتی ئەو کۆمەڵگایانەی کەنائامادەن لەڕووی ناسنامەو شارستانێتی‌یەوە، یان دەشێ لەبنەڕەتەوە ئاوەکان هێمابن بۆ مرۆڤایەتیو چۆن چارەنووسی نادیاری لەناوچوون چاوەڕوانیان دەکات... دەنگ ئەو زەنگی بەئاگاهێنانەوەیە کەئەرکی وریاکردنەوەی ئێمە لەئەستۆ دەگرێت. هەر لێرەشەوە واتای (زەوی) دەشێ مەبەست خودی زەوی خۆی بێت کەچۆن ئەو ئاوانەی دێن لەنێو قوڵایی دەریاو زەریاکاندا نقوم دەبن... ئێستا وریا دەکرێنەوە کەئاگاداری نقووم بوونی خۆیان بن بەهەمان شێوە ئەم وریاکردنەوە دەشێ وریاکردنەوەی کۆمەڵگا نائامادەکان بێت کەچۆن

لـەئایندەی پەرەسـەندوی کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتیدا ئەمان نقووم دەبن و ون دەبن.

ڕەنگ دەیەوێت تاریکی بسڕێتەوە و هیچ بواریّك بۆ حەشـاردان نەهێڵێتـەوە واتـە ڕەنـگ دەیـەوێت لەهاتنـەوەی خۆیـدا هـەموو دەمامکـەکانی درۆو خۆحەشاردان دابماڵێت، لـەکاتی ئـەنجامدانی ئـەو کارەشـدا ئـەو روخسـارانە دەردەکـەون کـەفێڵ و تەڵەکـەیان حەشـارداوە... هـەمان شـێوەی ئـەو چرایانـەی کەیـەکتری دەشـکێنن. لـێرەدا ڕەنـگ دەیـەوێت گەوهـەری ڕاسـتەقینەی شـتەکان ئاشکرابکات و وەکـو خۆیـان نیشانیان بدات. کـاتێ دەمامکـەکان دادەمـاڵرێت درۆکـان ئاشـکرا دەبـن و هـەموو پەیوەندییـە درۆینـەکان دەکەونـەڕوو، بـرا دوژمنەکانیش ناتوانن حەقیقەتی خۆیـان لـەوە زیـاتر بشـارنەوە، کەدەشـێ هاوشـێوەی ئەمـەش لـەژیانی کۆمەڵایـەتی و لـەمێژووی ئێمـەدا ئاشـکراو لەبـەرچاوبێت. ئـەوەتا ڕەنـگ بۆئـەوە دێـتەوە سـەر شێوەی جارانی خۆی کەهەموو شـتێ وەکـو حاڵـەتی (سـەرتایی بوونـی) نێـو سروشـت بـەروونی واتـە بێپەردەو دەمامك نیشان بدات. کاتێ دەڵێ

ڕەنگ/ بۆ ئەوەی ئەو ڕووخسارانە ببینن
پاش نقوومبوونی دەمامکە ڕەشەکانیان
زیتە زیتی چاویان
بەو چرایانە دەچن یەك ئەوی تریان دەشکێنێ!

ڕەنـگ دەیـەوێت ناسـنامەی ڕاسـتەقینەی ڕووخسـارەکانمان بخاتـە پێـش چـاو بـەجۆرێك کەبتوانین بەسـەرجەم سـیفاتەکانیانەوە بیـانبینین بینینـی لـەوجۆرەش تـەنیا بـەدەماڵینی هـەموو دەمامکـەکان و گەڕانـەوە بـۆ سـەرەتای ئـافریدەبوون دەبێت کەئـەوەش حاڵـەتی نێـو سروشـت و بێگـەردی نێـو سروشـت دەتوانـێ زەمینـە بۆجێبـەجێکردنی خـۆش بکات، گەڕانـەوەش لـێرەوەو لەئێستاوە بـۆ ڕابـردوو مەبەست لەگەیشتنەوەیە بـە(ئـەوێ) واتـە سروشـت و لـە سـەردەمی ئەوسـادا واتـە ڕابـردوو، ئەوکاتـەی هەمووشـتێ بێڕووپـۆش و بێپـەردەبوو، بەگەوهـەری سروشـتی خۆیـەوە دەردەکـەوێت و هیـچ شتێ نەبوو پەردە پۆشی کەموکورتیەکان بکات.

—٥—

قسەکەری شیعرەکە کەدەکەوێتـە دواندن لەگـەڵ گوێگرێك کەئـەویش بـەناوی (کچـی گیـا) نـاونراوە درێـژەی کۆمەڵـە ڕووداوێك دەگێڕێتـەوە کەسـەرجەم ئـەوە بەرجەسـتە دەکـەن جوانیـەکان سـەربڕاون، ڕاسـتیەکان پـەردەیان لەسـەرنراوە لەوسـاتەوە کەڕێگا بـۆ خاوێنی نەماوەتـەوە شتەکان هـەموویان لەژێر پـەردەی درۆو خۆحەشاردانداً شاردراونەتەوە. ئیـتر مەودایـەك بـۆ جوانـی و مەودایـەك بـۆ ڕاسـتی نەماوەتـەوە.. هـەموو شـتێك بۆتـە جۆرێـك لـەدرۆو شـاردنەوە، هیـچ کەسـیش پرکێشـی لابردنـی ئـەو پەردانەو دامـاڵینی ئـەو دەمامکانـە ناکات، تەنانـەت کەس پرکێشی ئەوە ناکات باس لـەکورتی داوەکـانی درۆبکات. لێرەدا ئەو پرسـیارە سـەرهەڵدەدات داخۆ بۆچی لـەدوای دەسـتپێکردنی شـیعرەکەوە شـاعیر لەگێڕانـەوەو ئاخـاوتنێکی ناڕاسـتەوخۆی چـیرۆکیدا کەزیاتر ئاخاوتنە لەگـەڵ غـائیبدا جۆرێـك لـەونبوونی جوانـی و دەمـامك لەسـەرکردنی بـەهاکانی جوانـی و ڕاستی بەرجەستە دەکات، ئایا ئـەم حاڵەتـە بریتـی نیـیە لەئامادەکردنی زەمینەیەك بـۆ ئـەوەی بتوانێت لەسـەری مەودایـەکی فراوانـتر بـۆ بەرجەسـتەکردنی حاڵەتی بێئومێدی و بەگومانەوە سەیرکردنی شتەکان بدۆزێتەوە.

قسـەکەری شـیعرەکە چـیرۆکێك دەگێڕێتـەوە کەسەرجەم دەلالەتی بێئومێدی و ونبوونـی ماهیـەتی ڕاسـتی و جوانـی هـەڵدەگرێت، لەڕاستیشـدا لـەو گێڕانەوەیەدا کەخاسیەتی کردار تیـایدا لاوازەو تێکڕا وەسـفی حاڵەتـەکانی ڕابـردووی نێـوان خـۆی و بـۆ گێڕەرەوەکـەی واتـە (کچـی گیـا) دەکـات لـەم گێڕانەوەیەدا جۆرێك لەفرێدانی وێنـەو ڕستە بـەرچاو دەکەون کەهیچ بەشداریـیەك ناکەن لەبەرهەم هێنـانی دەلالاتو جیهانبینی شیعرەکەدا، ئـەوەش لەلایـەك ئاستی شـیعریەت لاواز دەکـات، لەلایـەکی تـرەوە دەقەکە دەکات بەدەقێکی هەڵواسراو کەلەڕووکەشدا بـەجۆرێك لەجوانیـیەوە خـۆی نیشـان دەدات بـەڵام لەپشتی ئەم ڕووکەشەوە مەودایەکی ئەوتۆی بەرهـەم هێنانی دەلالەت نابینرێت.

ئەوکاتە لەبنیادی زمانی دەقەکەدا کۆمەڵێ (دالی) بێ(مەدلول) ئامادەدەبن کەئەمەش بەیەکێك لەبنـەما لاوازەکانی ئەم دەقە دەژمێردرێت. ناشکرێت هەندێك لـەم حاڵەتانـە بخرێنـە سـنووری جۆرێـك لەنامەئلووفەوە. چونکە هەموو نامەئلوفێکیش دەبـێ هـەڵگری جۆرێـك لەدەلالـەت بێـتو لەهاوکێشـەی

کۆتایشدا بەشداری بەرهەم هێنانی جیهانبینی دەقەکە بکات.

لەدرێژەی چیرۆکەکەیدا قسەکەر بەدوو ئاڕاستە کاردەکات ئەمە سەرباری هەندێ بەشی زیادەو ناکاریگەر لەشیعرەکەدا، ئاڕاستەی یەکەم هەوڵدانە بۆ خۆشکردنی زەمینە بۆ بەیەقین کردنی حاڵەتی بێئومێدی‌و بەبێبەها سەیرکردنی شتەکان. حاڵەتی دووەم هەوڵدانە بۆ گەڕانەوە بۆ (سەرەتاو بۆ ئەوێ) واتە هەوڵدان لەپێناوی گەڕانەوەدا بۆنێو سروشتی سادەو زەمەنی ئەوسای نێو سروشت. بەڵام لەگێڕانەوەی ئەم چیرۆکەشدا کەچیرۆکی گەڕانەوەیە بۆ نێو سروشتو بۆ ژیانی سەرەتایی، بۆ کاتێك کەباڵندەکانیش وەکو ئادەمی گۆرانی دەڵێن، دەلیل‌و ڕێنیشاندەری ئەو گەڕانەوەیە کۆێرێکە، ئەو کۆێرەش(با)یە کەنازانێ بەرەو کوێ بڕوات‌و لەکوێوە بڕوات، هەربۆیە ناشێت بەسەرهاتی چیرۆکەکە بباتەوە ئەو سەرتایەی کەقسەکەرو گێڕەرەوەی چیرۆکەکە دەیخوازێت، واتە گەیشتنەوە بەوسای نێو سروشتو دەرکەوتنی شتەکان بەحەقیقەتی خۆیانەوە کارێکی مەحاڵە. هەستکردن بەمەحاڵبوونی گەڕانەوە هۆیەکی سەرەکییە بۆ دروستکردنی ئەوبارە دەرونیە ناجێگیرەی کەهەرسێ کەسێتی چیرۆکی شیعرەکە تێیدان. تەنانەت هەرلێرەوەیە کەقسەکەری شیعرەکە پێی وایە باڵندەکان لەگۆرانی وتندا لەمرۆڤ دەچن.. ئەم وێنە پێچەوانەکەڕاستییەکەی ئەوەیە مرۆڤ وەکو باڵندەو گۆرانی بڵێن بەپێی ئاڕاستەو جوڵەی گەڕانەوە بۆ گەیشتنەوە بەڕابردوو لەکاتێکدا گۆرانی باڵندەکان خاوێنی‌و بێگەردی سروشتیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتووەو لەم چەرخە جەنجاڵەی کەشیعرەکەی تێدا بەرهەم هاتووە مەیلی گەڕانەوە بۆ ئەو بێگەردی‌و خاوێنییەی سروشت بالأدەستەو لەچرکەساتەکانی هەستکردندا بەپیس بوونی جوانیەکان‌و بەلەکەداربوونی رۆح، مرۆڤ ئارەزووی ئەوەی هەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرەتایی بوونەی ناو سروشتو بتوانێت گۆرانیەکانی وەك گۆرانی باڵندەکان لەگۆرانییەکانی مرۆڤ بچن، ئەوا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کەسروشتیشی بەخۆی و هەموو توخمەکانیەوە پیس‌و ناشرین بووە هەمان شێوەی پیسبوونی خودی مرۆڤ. لەم حاڵەتەشدا گەڕانەوە بۆ نێو سروشت هیچ بەهایەکی نامێنێت.. ئەمەش بارودۆخێك دەخولقێنێ کەسەرتاپا ژیان دەکات بەجۆرێك لەتاریکستان‌و هەموو مەوداکانی ئومێدو حەوانەوەو دەربازبوون هەرەس پێ دەهێنێت. کەئەو دەلالەتەی لەم شیعرەدا بالأدەستە لەسنووری گەیشتن بەو یەقینە تاڵەدا خۆی دەبینێتەوە هەرئەوەش دەبێتە هۆی فرێدانی چەندین وێنەو پێکهاتەی زمانی کەماناو دەلالەتێکی ئەوتۆ نابەخشن هەرچۆن ژیان لەو شێوەیەدا کەمرۆڤ بەونبوونی جوانی‌و لەکیس چوونی ماهیەتی راستەقینەی بوون بکات هیچ بەهایەکی نامێنێت‌و دەبێتە شتێکی بێماناو پوچ.

ئەی کچی گیا!
لەقەفەسی ئەم چیرۆکە روونا کەوە
یەقینێکی ئەرخەوانی دێت‌و
ناهێڵێ چی‌دی بەباوەش
تەم بگوێزمەوە ناو ڕەحمی ئەو باڵندە
چاورەشانەی
لەگۆرانی وتندا، لەئادەمی دەچن
بەگوڵ و ماچ خۆیان دەشۆن.

سەرباری ئەو شیکردنەوەیەی لەسەرەوە بۆ پەیوەندی نێوان خوێندنی باڵندەکان‌و گۆرانییەکانی مرۆڤمان دۆزییەوە. دیسان دەشێ لێکدانەوەیەکی تریش بۆ هەمان حاڵەت بکرێت کەئەویش ئەوەیە قسەکەری شیعرەکە مەبەستی لەباڵندە چاورەشەکان ئەو ئافرەتانە بێت کەجۆرێك لەهیواخواستنی چووستبوونی بۆیان هەیە، بەڵام یەقینێك نایەڵێت ئەوە ڕووبدات کەدەشێ ئەو یەقینەش تارماییەك یان وەهمێك بێت لەخەیاڵی ئەمداو وێنە راستەقینەکەی بریتیبێت لەداب‌ونەریتی جێگیری کۆمەڵایەتی واتە لێرەدا جۆرێك لەتارماییەکانی رابردو کاردەکات‌و ڕێگا بەقسەکەری شیعرەکە نادات چۆنی دەوێت وەهابکات، دیسان دەشێ یەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی بێئومێدبوونیش هەربگەڕێتەوە بۆ هەمان کۆت‌و پێوەند کەڕێگانادات قسەکەری شیعرەکە ئەو تەمەی کەدەیەوێت بیگوێزێتەوە بۆ نێو ڕەحمی باڵندەکان واتە ئافرەتەکان لێرەوە جۆرێك لەئارەزووی سێکسی موتڵەق دەردەکەوێت کەوێنەیەکی راسپۆتینانەیە‌و ئەو ئارەزوو توانا ئەفسانەیە بەرجەستە دەکاتەوە یان دەخاتەوە یاد کەلەئەفسانەیدا راسپۆتین دا هەیە.

-٦-

شاعیر گێڕانەوەی چیرۆکی شیعرەکە دەشوبهێنێ بەچەند شتێك کەتێکڕا لەدەوری

بەرجەستەکردنەوەی هەمان زەمینەی بیرۆمێدیدا دەخولێنەوەو ئەوەنیشان دەدەن کەلەبنەڕەتەوە ئەم پێشەکیە لەشیعرەکەدا هەتا دەگاتە سەر قۆناغی دەرکەوتنی (سێ هاوڕێکە) بریتییە لەخۆشکردنی رێگا بۆ هێنانە سەر شانۆی سێهاوڕێکە، مادەم سێ هاوڕێکەش هەیە بەشێك لەگرفتو بەدبەختیو کارەساتەکانی بوونو ژیانیان هەلگرتووە کەواتە بەوپێیە ناکرێت لەزەمینەیەکی پەسەندو لەبارەوە بێنە دەرەوەو بەلاّم هەلگری ئەو هەموو ئیشو ژانانەبنو بیانەوێت گوزارشتی لێبکەن.

لەگێڕانەوەی چیرۆکەکەدا (دەلیل) بـ یەکە کویربووە، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەلدەگرێت کەهەنگاوی بەرەو ئایندە. بەرەو رزگاربوون مەحالّە چونکە کارێکی نەشیاوە کەدەلیلێکی کوێر رێنومایی سەفەرێك یان کاروانێك بکات بەرەو ئایندەیەکی گەش یان بەرەو دەربارزبوون.

جارێکیدی دەلیلی سەفەرەکە رووبارێکی سیلاوییە کەئەمەش دیسان وننبوونی ئومێدی گەیشتن بەمەنزڵ، بەئامانج دەگەیەنێت.. کەلەپشتی هەلّبژاردنی ئەم دەلیلە ئیفلیجانەوە بۆ گەیشتن بەئامانج دەلالەتی هەرەسی سەفەرەکە راوەستاوە، دەشێ لەپلەی یەکەمدا ئەو سەفەرەش سەفەری ژیان بێت بەلاّم دیارە ئەو دەلیلانە ناتوانن سەفەرەکە بگەیەننە خاڵی مەبەست ئەوەش شکستی سەفەرەکە دەسەلمێنێت، بەواتایەکی دی شکستی ژیان هەرلەوساتەوە بۆتە یەقین کەڕێنیشاندەرانی بای کوێرو روباری سیلاوی بێت.

هەر لەمیانەی قسەکردن لەسەر چیرۆکی ئەو سەفەرەکە دووانەیەك دروست دەبێت بۆ گوێگرتنو روانین لەخودی سەفەرەکە یان لەچیرۆکەکە ئەویش گوێگرتن لەدەرەوەی عیشق بەرامبەر گوێگرتن لەنێو عیشقدا، هەر لێرەشەوە عیشق دەبێت بەخاسیەتی سەفەرەکەو ماهیەتی سەفەرەکە، واتە دەتوانین سەفەرەکە ناوبنێین سەفەری عیشق. واتە ئەگەر لەنێو قولاّیی ژیان خۆیەوە سەرنجی ژیان بدەیت ئەوا ماناو واتای تایبەتی خۆیی هەیە، خۆئەگەر جۆرێك لەخۆجیاکردنەوە لەژیانو مانای ژیان دروست بکرێتو لەوێوە سەیری ژیان بکرێت بێگومان ماناو واتای جیاوازی دەبێت، ئەگەر لەناو گەوهەری ژیانو خودی ژیان خۆیەوە قسەلەسەر ژیان، بکرێت ئەوکاتە بەفیعلی لایەنی (کردار) لەژیانیدا بالاّدەست دەبێتو نزیکیەکی تەواو لەنێوان خودی ژیانو باس کردنیدا دەبێت، بەلاّم ئەگەر لەدەرەوەی ژیان واتە لەخۆ (تجرید)کردن لەژیان دا باسی ژیان بکرێت ئەوە جۆرێك لەوەسف بەرهەم دێت، هەروەك ئەم حالّەتەش هاوشانە لەگەڵ جێگای بەشێك لەدەقەکە کەتارادەیەکی ئاشکرا (تجرید) کراوە لەدەلالاتو ماناو وەکو پێکهاتەیەك وایە لەبۆشایدا هەڵواسرابێت.

کەمەبەست لەم حالّەتی هالّواسینەش ئەوەیە شاعیر کۆمەڵێ یەکەی زمانی لەوشەو دەستەواژەو رستە فرێداوەو دەشێ لای خۆی هەڵگرێ جۆرێك لەدەلالات بن، بەلاّم خوێنەرو وەرگر تەنها ئەو یەکە زمانیانە دەبینێ بێ ئەوەی ئەو ماناو دەلالاتانەی لادروست بکەن کەدەشێ لای شاعیر بەرهەمیان هێنابێت، واتە ئەو بەشانەی دەقەکە بەهەڵواسراوی لەنێوان شاعیرو خوێنەردا ماونەتەوە.

لەدەرەوەی عیشقدا واتە بەخۆجیاکردنەوە لەهەستو ئیحساسو ماناکانی ژیان گوێگرتن لەهەرشتێ بێت، هیچ مانایەکی نییە، چونکە هەموو شتێ لەگەردوندا لەپوانگەی ژیانەوە مانای بۆ دەدۆزێتەوەو بێبوونی ژیان هەموو ماناکان هەڵدەوەشێنەوە، چونکە لەدەرەوەی ژیان هیچ مەودایەك بۆ قسەکردن لەسەر (بوون) نامێنێەوە، هەر بۆیە ئەم چیرۆکەش کاتێ بە(تجرید) کردن لەژیان گوێی لێبگیرێت یان باس بکرێت هیچ مانایەك نادات بەدەستەوە. هەرچۆن مردن هیچ مانایەکی نابێت ئەگەر ژیان بوونی نەبێت، بەهەمان شێوە سەفەری ژیانو گوێگرتن لەبەسەرهاتەکانی لەدەرەوەی بەهێندگرتنی ژیان هیچ مانای نییە لەم روانگەوە شاعیر چیرۆکەکە دەشوبهێنێ بەمەکی رووتی میوە شازادەکانو گێڕایەوەشیان لەسەیرکردنی ئەو کاپتنە پیرانە دەچێت کە چۆنیان بوێت وادەکەن یان بەتەماشاکردنی جەستەی خواوەند دەچێت لەلایەن ئەو هەورانەوە کەجوڵەو کاری سروشتی هەورەکان دەشێوێنن.

لەدەرەوەی عیشقدا ...
گوێگرتن لەم چیرۆکە
لەتەماشاکردنی مەمکی رووتی
میوە شازادەکان دەچێ
بەچاوی ئەو کاپتنە پیرانەی
هەر بۆ زەوق شەپقەکانیان پڕدەکەن
لەپوولەکەی ماسی!
لەتەماشاکردنی جەستەی خواوەند دەچێ
بەچاوی ئەو هەورە شەبەقییانەی

سەر لەباران دەشێوێنن، کەی بباری؟!

لێرەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کەئەو زەمینەی سەفەرەکەی تیادا دەکرێت زەمینەیەکی ناسەقامگیرەو لەسەر ئەو زەمینەش ژیانو بوون هیچ مانایەکیان نییە بەوپێیەش هەروەسفێکی ژیانو بوون بکرێت ناجۆریو ناسروشتیبوونی ژیانوبوون نیشان دەدات.

ئەو زەمینەیەی دەستپێکی شیعرەکەش لەپێناوی فۆرمەڵەکردنی فەزایەکی گشتیدایە بۆ بنیادنانی جیهانبینی دەقەکە.

قسەکەری شیعرەکە ئەگەرچی لەدەستپێکدا خۆی وەکو گێڕەرەوە دەردەکەوێت کەبەشداری کرداری شیعرەکەش دەکات سەرباری لاوازی کردار لەشیعرەکە دیسان لەساتەوەختی دەرکردنی کەسەکانی چیرۆکی شیعرەکەدا بەڵام دواتر خۆی دەبێتە یەکێك لەکەسێتی چیرۆکەکە واتە چیرۆکی شیعرەکەدا ئەم سەرباری ئەوەی یەکێکە لەو سێکەسێتە هەر خۆیشی گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیەو خۆی باسی جوواڵەی کەسێتەکان لەچیرۆکەکەدا دەکاتو لەبری ئەوەی ئەو کەسێتانە خۆیان جوڵەیان هەبێتو بەفیعلی کردار دروست بکەن ئەم باسی کردارو جوڵەو چالاکیەکانی خۆیو ئەوانیش پێکەوە دەکات. بەڵام هەر پێشتریش خۆی پێمان دەڵێت ئەم چیرۆکەی کەلەبەردەستدایەو بەسەرهاتی سەفەرێکە کەدەلیلەکانی (با)ی کوێرو (روبار)ی سیلاوییە لەناخی ئەمی گێڕەرەوە سەری هەڵداوەو لەبنەڕەتدا بەشێکە لەبوونو وجودی ئەم، لێرەوە ئەگەر بشێ قسەکەری شیعرەکە بکەین بەسەرچاوە بۆ بەرجەستەبوونو فۆرمەلەکردنی ئەم چیرۆکە ئەوا دەبێ وەکو ئۆتۆبایۆگرافیای قسەکەر(کەدەشێ ئەویش وێنەی شاعیر بێت)لێی بڕوانین، بەڵام ئەوەی گرنگە ئایا ئەم چیرۆکە وەکو گەوهەری شیعری (کەسێ نەبوو تۆڕببێ!) تەنیا لەسنووری داخراوی خودی قسەکەردا ماوەتەوە یان بۆتە حاڵەتێکی گشتیو گوزارشت لەماهیەتی بوونی هەموو ئەوانیتریش دەکات لەم سەردەمەدا؟ بەمانایەکیتر ئایا بەرجەستەکردنی حاڵەتە زاتیەکانی قسەکەر دەشێ هەر لەسنووری خودی قسەکەر خۆیدا بمێننەوە یان خاسێتی گەردونی ئەم چەرخە وەردەگرنو شاهیدی سەردەمو چاخێك دەبن کەچاخی لەدایك بوونی دەقەکەیە.؟

چیرۆکی ئەم شیعرە سێکەسێتی تێدایە کەهەریەکەیان بنەمای کەسێیان هەمان شێوەی کەسێتی چیرۆکێکی سەرکەوتوو دیارە، واتە کەسەکان خاوەنی ناسنامەی خۆیانن، لێرەشەوە ئەوە دەردەکەوێت کەسەرباری باری خراپو دژواری نێو دەسپێکی شیعرەکە سەرباری ونبوونی ماهیەتی جوانیو بەهاکانی بوون، سەرباری تێکچوونی ئیقاعی شتەکان لەگەردوندا بەڵام هێشتا دیواری جیاوازیی نێوان کەسەکان نەڕوخاوە، واتە هێشتا ژیان بەوجۆرە هەرەسی نەهێناوە کەشتەکان سەرجەم ناسنامەی خۆیان ونبکەن. واتە ئەو حاڵەتی نامۆبوونە وجودیەی کەلەدەسپێکی شیعرەکەدا بەرهەم دێت کەچی هێشتا لەقۆناغی دەقەکەدا ئەو نامۆبوونە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کەدەست بەرداربوونی مرۆڤ لەخودی خۆی. لەماهیەتی خۆی بکات بەئەمری واقیع.

هەربۆیە کاتێ قسەکەری شیعرەکە دێتە ناو گێڕانەوەی چیرۆکەکەو کەسێتەکان پێشکەش دەکات هەریەکە خاسیەتو سیفاتی خۆیی لەگەڵدا باس دەکات کەکەسێتێکی سەربەخۆیە.. بەڵام دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەبکەین کەقسەکەر چیرۆکێك دەگێڕێتەوە کەرووداوەکانی لەرابردوودایە کەئەوەش دەشێ لەئێستادا نەخاسێتی کەسێتەکانو نەجیاوازی نێوانیشیان وەکو ئەوسا نەمابێتەوە، بەڵکو کارەساتەکانی رابردوو لەسنووری چیرۆکەکەدا بووبن بەهۆ بۆونبوونی ئێستا.. کەئەمەیان بواری لێکدانەوەو لایەنگیریکردنی شیاوترە چونکە دەسپێکی شیعرەکە پێدەچێت زیاتر زەمینە بۆ ئەنجامەکانی چیرۆکی شیعرەکە خۆش بکات نەك بۆ رووداوەکانی ناو چیرۆکەکە. لەم روانگەیەشەوە دەشێ بڵێین دیارە ئەنجامەکان زۆر سەختن بۆیە دەسپێکی شیعرەکە بەوجۆرە تێڕوانینە پڕلەنائومێدیەوە بەرجەستەکراوە. بەڵام بابڕیاردان لەسەر ئەو ئەنجامە بهێڵینەوە بۆ کۆتایی شیکردنەوەکانمان.

قسەکەری شیعرەکە بەمجۆرە کەسێتەکان دەناسێنێ کەدیسان کرداری ناساندن لەشێوازی وەسفکردندا دەبێت ئەوەش دیسان دەبێتەوە بەبەشێك لەحاڵەتی وەسفکردن لەم دەقە شیعرییەدا.

ئێمە سێهاوڕێبووین،
یەکەمانن کائینێبوو سەربەخێڵی ئاگر ...

دووەمان، خەڵکی شارێ بوو
پیشەیان داتاشینی خاچ و
تابووتگەری بوو
لەوشارە کەس نەبوو دەستی روونا کی بگرێت و
سکێچەخوارو خێچەکانی ئەڤین
لەسەر تەختە رەشی پۆڵەکان بکێشێ
لەوشارە، ئەگەر خۆت لەگەڵ جەمعی
ئەو ئەستێرە بێدارانە ناونووس بکردایە
کەهاواریان دەکرد:
ئەی عیشق، هەوڵبدە ژەنگ لێت نەدا
لەولاوە پیرە دەرختێکی کرمۆڵی جبەلەشان
دەهات و
وەک موراقیبەکەی جارانی پۆل
ناوی لەلیستی گوڵە زۆر هارەکاندا دەنووسیت
تاکە باخەوان هاتەوە
بەڕەشەباوە دەرت نێ!
ئێمە سێهاوڕێی سەیر بووین
سێیەمیشمان: لەسەر ئەلقەی شەپۆلە تەڵخەکان
بەمرواری بێدەنگی
قوبیەی بۆ گۆرانیەکان
سەبری خۆی هەڵدەچنی.

ئێستا ناسنامەی هەریەکە لەم سێ کەسێتە ئاشکرایە، کەلەیەکتری جیاوازن، ئەمەش وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد گرنگیەکی لەوەدایە کەلەسەختی ئەو سەفەرەدا کەسەفەری ژیانە سەرباری سەختی و ئالۆزی هێشتا بنەماکانی (بوون) هەرەسیان نەهێناوە، هێشتا ناسنامەی (فەردی) بوونی ماوە. ئەنجا بالێرەوە سەرنجی هەریەکە لەوسێ کەسێتە جیاوازە بدەین و بزانین هەریەکە چ لایەنێک و چ بەشێک لەمرۆڤایەتی دەنوێنن و هەریەکە نوێنەری چ کەلتورو دیدو ئایدیاو جیهانبینیەکە هەریەکەیان خاوەنی چ زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی دەرونیەو جوڵەو سیفاتەکانیان چ دەلالەتێک بەرهەم دەهێنێ و ئەو پرسیارانە لەئەنجامی شۆڕبوونەوە بۆ دەهالیزەکانی نێو رستەو دەربڕینەکانیان کەلەهەمان کاتدا بریتیە لەدەهالیزەکانی دەقەکە کامانەن و چۆن ئاڕاستە دەکرێن؟

کەسی یەکەم مەخلوقێکە سەر بەخێڵی ئاگر ناسنامەی ئەم کەسە دەشی لەڕوانگەی واقیعی مێژوویەوە سەیر بکرێت و دەلالەتێکی مێژوویی ئیتنیکی بۆ بدۆزرێتەوە و وەکو نوێنەری دەستەیەکی ئیتنیکی ئایینی کەلەمێژوودا بەئاگر پەرست یان ئەهلی ئاگر نابراون دەبنرێت کەئەویش لەڕاستیدا باپیرانی ئێمەن. دەشێ (خێڵی ئاگر) دەلالەتێکی جیاوازی هەبێت و مەبەست لەو شارستانێتیە بێت کەتوندڕەوانە مامەڵەی دەرەوەی خۆی دەکات و بەردەوام رۆحی خۆسەپاندن و خۆفەرزکردن و خۆبەگەورە زانینی هەیەو پێوایە رۆحی ئەو سوپەرئیگۆیە ناوەندێتی بالادەستی گەردوون و ژیان بۆئەوەو لەدروستکردنی دووانەی من و ئەوانیتردا، وەها بڕوانێت (من) لەسەروی ئەوانی تر هەوەیەو ئەوەش لەتێگەیشتنی خۆیدا شەرعیەتی خۆبەیەکەمو سەروەر زانینی لادروست کردبێت، لەئەنجامی ئەوەشدا تەنها خۆیی پێشت بێت و هەوڵبدات ئەوانیتر لەپێناوی بوونی خۆیدا بپوکێنێتەوە.

کەسی دووەم خەڵکی شارێک بووە، لەبری ناوی شارەکە خاسێت و سیفاتی شارەکەمان پێشکەش دەکات، بەڵام ئەو خاسێتانەی کەشارەکەی پێدەناسێنێت سەرجەم سەلمێنەری ئەوەن کەشارەکە جۆرێکە لە دۆزەخ یان وێرانە، ئەو شارستانێتیەی لەپشتی ئەم شارەوە وەستاوە، شارستانێتێکی بەربەریەو سەرجەم شتە جوانەکان تیایدا ون دەبن. هەروەها پێشمان دەڵێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان زۆر سەرەتاین و هیچ بواریک بۆ ئازادی فەردی لەم شارەدا بوونی نیە، هیچ مەودایەک بۆ رەتکردنەوەی ئەو حاڵەتە باوە ژەنگ گرتووەش لەئارادا نیە، هەر لادانێک لەحاڵەتی باو کەحاڵەتێکی جێگیرەو بەرهەمی ئیشکردنی لاوەعی کۆمەڵایەتیە مایەی بەنەفرەت بوونە.

هەر لادانێک لەیاسا باوەکانی ئەوشارە دەبوو بەهۆی ئەوەی لەریزی لادەراندا ناونووس بکرێیت. واتە لەم شارەدا یەک سیستەمی بەهێزی باوکسالاری ئامادەبوونی هەیە کەهەرلادانێک یان دەرچوونێک لەژێر سایەی دەسەلاتی ئەو دەبێت بەهۆی لێپرسینەوەو ئازاردان و بەنەفرەت کردن. دیسان دەشێ دەلالەتێکی مێژوویی. سێوسێوڵۆژی لەپشتی ئەم بۆچونەوە راوەستابێت و مەبەست جۆرێک لەبیرو ئایدیۆلۆژیا بێت لەسەر بەشێکی دیاریکراو لەولاتی ئێمەدا کەبەهۆی بالادەستی ئەو بیرو ئایدۆلۆژیایەوە کەئەویش لەسنووری دەقەکەدا دەدەکەوێت ئایدیۆلۆژیایەکی توندڕەوو کۆنەپەرستە ئازادیەکان داگیردەکرێن.

هەر دەنگێکی دژیش بەرامبەر بەیاسای باو دەبووە هۆی بەنەفرەتبوون لێرەوە هاوشێوەییەک لەنێوان پیشەی شارەکەو فیکرەو ئایدۆلۆژیای بالادەستی نێو شارەکەدا دەردەکەوێت کەپیشەی خەڵکی ئەو شارە داتاشینی خاچ و تابووتگەری بووە.

لەگەڵ کوشتنی رۆحی رەتکردنەوەو بەنەفرەتکردنی وەستان لەبەرامبەر ئەو دەسەلاتەدا هەمان ئاڕاستەیان هەیەو، ئەو دەلالەتە لەپشتیانەوە وەستاوە کەئەوشارە کەوتۆتە ژێر سایەی دەسەلاتی مەرگەوەو گۆڕانکەی تاناتۆش بەڕێوەی دەبات، دیارە تاناتۆسیش بەرەو مەرگ شار ئاڕاستە دەکات، کەدەشێ ئەو مەرگە بەپلەی یەکەم مەرگێکی مەعنەوی بێتو مەبەست کوشتنی رۆحی یاخی بوون بێت. بەواتایەکیتر لەسنووری دەقەکەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کەهەر لادانێك لەفەرمانەکانی دەسەلآت دەبێتە هۆی بەنەفرەت بوون.

کەسی سێهەم نوێنەری جۆرێکیترە لەشارستانێتی کەبێدەنگی پیشەی سەرەکیەتی واتە لەم حاڵەتەیاندا رووبەڕووبوونەوەیان خۆنواندنو خۆدەربڕین لەئارادا نییە. ئەمەش خاسێتی کۆمەڵگایەکە کەتوانای خۆنواندنو خۆدەربڕینو خۆسەلماندنی نیە. بۆیە لەحاڵەتی بێدەنگیدا ژیان بەڕێ دەکات، تەنانەت کەسی سێهەم لەسنووری دەقەکەدا لەدوای کەسی یەکەمو دووەم دێت ئەویش لەبەرئەوەی حاڵەتی بێدەنگییەکەی کەدەلالەتی نائامادەبوون هەڵدەگرێت لەململانێی لەگەڵ دووکەسێتەکەی تردا خستویەتیە پەراوێزەوەو هەریەکە لەکەسی یەکەمو دووەم لەسنووری وەسفکردنیاندا جۆرێك لەئامادەبوونیان هەیە لەبەرئەوە لەسنووری دەقەکەشدا کەوتوونەتە پێش کەسی سێیەمەوە کەئامادەبوونی نییە، بێگومان ئەم کەسێتە هەڵگری هەمان بوونی کۆمەڵایەتیو شارستانێتە ئەو بوونە کۆمەڵایەتیو شارستانێتیەش لەو ئاستەدانین کەئامادەبوونی بۆ دەستەبەربکەن، بێدەنگی کەسی سێهەم بێدەنگییەکی سایکۆلۆژیانە نییە بەڵکو بێدەنگی کۆمەڵایەتیو شارستانێتییە کەئەوەش لەبنەڕەتدا بریتییە لەنائامادەبوونی سێولۆژیانەو کەپەل دەهاوێت بۆ حاڵەتە ئەنتۆلۆژیەکانی خودی ئەو کەسێتەو لەوێشەوە بۆ ئەو کۆمەڵگایەی کەئەو نوێنەرایەتی دەکات واتە بێدەنگی ئەم کەسێتە بەهۆی نائامادەبوونی کۆمەڵایەتییەوەیە.

ئێستا لەمیانەی چیرۆکی شیعرەکەدا سێنموونەی کۆمەڵایەتییان سێنموونەی شارستانێتی کۆدەبنەوە شارستانێتی ئاگر واتە شارستانێتی تووندوتیژو دیار یان کەلتوری ئاگرپەرستی کەئەمەی دواییان بۆچوونێکی لاوازە- دووەمیان شارستانێتی سەرکوت کەری نازادییەکان کەبەمەرگ کۆنترۆڵکراوە. سێیەمیش شارستانێتی نائامادەو پەراوێز کەسیفاتەکانی بێدەنگییەو لەهەمان کاتیشدا رازییە بەو حاڵەتەی کەتیایدایە. بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە چۆن ئەم سێ نموونەیە پێکەوە کۆدەکرێنەوە؟ بێگومان ئەگەر لەدیدێکی ریالیستانەوە سەرنج بدەین ئەوا بەئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کەخودی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەم حاڵەتە جیاوازانە پێك هاتووە. جگە لەوە ئەم سێنموونەی شارستانێتی ئەگەر یەکەمیان وەکو نموونەی ئەوانە وەریگرین کەبەپەرستنی ئاگر مەحکوم کراون واتە باپیرانی ئێمە ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کەجۆرێك لەنزیکی لەنێوان هەرسێ کەسێتەکەدا هەیە کەنوێنەری سێپێکهاتەی کۆمەڵایەتیو شارستانێتی جیاوازن بەڵام ماهیەتو گەوهەری شارستانێتەکانیش لەبنەڕەتدا نزیکن لەیەکتری کەسەرجەم سادەو ساکاری سەرەتایی بوونیان پێوەدیارەو هەرسێکیشیان جۆرێك لەخاسێتی (مەرگ)یان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتووە- لەیەکەمیاندا (ئاگر) وەکو هێمای سوتاندنو وێرانکردن لەدووەمیاندا (خاچو تابووت) وەکو هێمای چوارمێخەکێشانەوەو مردن، لەسێیەمیاندا (بێدەنگی) کەبۆخۆی دەلالەتی (مەرگ)یان مردن هەڵدەگرێت. لێرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کەهەرسێ کەسێتی چیرۆکی شیعرەکە بەشداری پێکهاتنی ستراتیژی دەقەکە دەکەن ئەگەر چی لەدەستپێکی شیعرەکەدا هەندێ رستەهەن بەشداری ئەو ستراتیژە واتە ستراتیژی دەقەکە ناکەن.

هەرسێ کەسێتی چیرۆکی شیعرەکە (شار) بەجێدەهێڵن، بیانووی بەجێهێشتنی شار هەرچییەك بێت ئەو دەلالەتە لەپشتیەوە وەستاوە کەئەم سێنموونەی کەسێتی چیرۆکی شیعرەکە ناتوانن لەژیانی جەنجاڵی شاردا بەردەوام بن بۆیە شار بەجێدەهێڵنو دەگەڕێنەوە بۆ دەرەوە بۆ نێو سروشت، ئەوەش زیاتر دەیسەلمێنێت کەئەم سێ نموونە نوێنەری سێپێکهاتەی سەرەتایی کۆمەڵگان کەناتوانن لەنێو پەیوەندییەکانی شاردا بوونی خۆیان بسەلمێنن. دەشێ شار لای ئەمان ئەو بەندیخانەیە بێت کەهەموو ئازادییەکانی داگیرکردبن، هەربۆیە بەکۆمەڵ لەترسی پەتای کوشندەی شارە جەنگەڵیەکان هەڵدێن. دیسان بەجێهێشتنی شار لەژێر کاریگەری هەر فاکتەرێکدا بێت ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کەئەو سێکەسێتیە کەنوێنەری سێجۆر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یان ئینتنیکین هێشتا نەگەیشتیونەتە ئەو ئاستەی کەلەشاردا بژین یان کۆمەڵگای شار پێکبهێنن.

لەکۆچی بەجێهێشتنی شاردا هەریەکە لەم سێ کەسێتیە رێگای گەیشتنەوە بە(ئەوێ)دا لەپشوویەکی کورتدا هەریەکە بەشێکیتر لەسیفاتەکانیان لەلایەن قسەکەری شیعرەکەوە کەخۆی یەکێکە لەسێ کەسێتەکە دەردەخرێت. کاتێ دەڵێت:

— یەکەمان، گۆڕە سەفەرییەکەی بیرچوو،
— دووەمان
لەبەرئەوەی باوکی تابووتگەرێکی ناسراوبوو
گۆڕەکەی لەسەر شانی روابوو..
— سێیەمان
چونکە لەقوبەکانی ئاو شارەزابوو
چونکە عاشق بوو
بەخەمساردییەوە پێچی وتین،
خەمتان نەبێ
هەمرو زەمین، گۆرێکی جوانە بۆ ئێمە.

کەسی یەکەم کەسەربەخێڵی ئاگرە، زوو ئەو وەهمەی کەکۆنترۆڵی پانتای هەستو نەستی کردووە لێی دەبیەوەو گۆڕەکەی (کەدەلالەتی جۆرێک لەمردن هەڵدەگرێت) لەیاد دەچێت، واتە لەو سەفەرەدا هەر لەسەرەتاوە ئەم لەم ترسە دەرباز دەبێت کەبەندیخانەکانی شار لەرۆحیدا دروستی کردبوو، ئەویش ترسی مردن، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات ئایا لەدوای لەیادچوونی گۆڕەکەی کەسی یەکەم زیندو دەبێتەوەو لەگەڵ گەڕانەوە بۆ ئەوێ (سروشت) زیندەگانی دەست پێدەکاتەوە؟

کەسی دووەم کەئەفریدەبووی ئامێزی خاچو تابووت بوو، باوکیشی تابووتگەربوو، مردن چووبووە رۆحیەوەو رزگاربوون لەتارمایی مردن مەحاڵ بوو، تەنانەت خاسێتی مردن کەلە (گۆڕەکەدا) دەردەکەوێت وەکو میراتو سیفاتی بۆماوە لەڕووی بایۆلۆژییەوە چووبووە پێکهاتنیەوەو ئەم بوو بووە هەڵگری میراتی باوکی، مادەم باوکی تابووتگەربووە، ئەوا ئەم (گۆڕ) لەوجودیدا دەڕوێتو ناکرێت گۆڕ لەبوونی ئەم جیابکرێتەوە، واتە کەسی دووەمو تاناتۆش جۆرە یەکگرتنەوەیەکی بەتین لەنێواندا هەیە.

کەسی سێیەم کەکەسێتیەکی سادەیە وەکو سروشتو هێشتا لەدیدێکی رۆمانسیانەوە سەیری دنیا دەکاتو توانای خۆنواندن خۆنمایش کردنی نییەو کەسێتێکی بەسەرخۆدا شکاوەیە، ناتوانێت مانایەک بۆبوون بدۆزێتەوە بۆیە وەها دەڕوانێتە زەمین کەبریتی بێت لەگۆڕێکی گەورە یان گۆڕێکی دڵگیر بۆ مرۆڤایەتی، بەواتایەکی دی لەتێڕوانینی ئەم کەسێتیەوە دیوارێک نییە لەنێوان ژیانو مردن یان بوونو نەبوون یان ئیرۆسو تاناتۆس دا، ئەمەش خاسێتی مرۆڤی سادە یان کۆمەڵگای دواکەوتوو سەرەتاییە کەشتەکان لای ئەو پێناسەی تایبەتیان نییەو بەیەک چاو سەیری دنیا دەکات بەهەموو توخمو رەگەزو پێکهاتە جیاوازو دژەکانیەوە.

ئەم سێکەسێتە کەنوێنەری سێ پێکهاتەو سێ وجودی جیاوازن لەکۆچێکدا کۆدەبنەوەو یەک دەگرنەوە کەئەویش سەفەری بەجێهێشتنی شارو گەڕانەوەیە بۆ ئەوێ (سروشت). ئەم یەکگرتنەوەیەش لەئەنجامی فشاری سەختی شارە جەنجاڵەکاندا دروست بووە، ئەوەش حاڵەتێکی ئاسایییە کەمەترسی لەنێوچوون زۆرجار یەکێتی لەنێوان دژەکاندا دروست دەکات. دەشێ لەسەر زەمینەی واقیع دەلالەتی ئەم بۆچوونە لەمێژووی خۆماندا بدۆزینەوە کەچۆن مەترسی لەنێوچوون لەساتەوەختەکانی شکستدا بۆتەهۆی دروستکردنی یەکێتی نێوان لایەنە نەیارو دژەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد.

خێڵی ئاگرو خێڵی تابوتگەران و خێڵی شتان
بڕیاریان دا:
سێ هاوڕێی سەیرو خاوەنی یەک کراس بن!
سێ نەدیمی یەکترو خاوەنی تاقە یەک گۆڕبن.

دوای سەفەری گەڕانەوە بۆ نێو سروشت کەلەدەقەکەدایە زەمین ناودەبرێت. هەرسێ کەسێتیەکە هەست بەجۆرێک لەبوون دەکەن و لەسەر ئەو بنەمایەش وای بۆدەچن کەمێژووی ئامادەبوونیان دەست پێدەکات، ئامادەبوونی ئەمانیش لەوساتەوە دەست پێدەکات کەلەسەر زەمین بین بەبکەری رووداو دروستکەرو نهێنییەکانی زەمین (سروشت) ئاشکرا بکەن و کۆنترۆڵی سروشت بکەن، بێگومان ئەوکاتەی کەمرۆڤ دەتوانێت کۆنترۆڵی سروشت بکات واتە مرۆڤ دەبێت بەخاوەنی سروشتو سروشت کەسێتی پڕلەنهێنیو شاراوەی خۆی ون دەکات کەمەزنیو سەروەری سروشت لەو نهێنییە شاراوانەدایە کەهەیەتی.

کاتێ ئەو نهێنیانە ئاشکرا دەکرێت لەلایەن مرۆڤەوەو مرۆڤ دەسەلاتیان بەسەردا دەکات مانای وایە بوونی مرۆڤو مەرگی سروشت دەست پێدەکات.

سەرباری خستنەڕووی ئەم بۆچوونانە کەسێتی چیرۆکی شیعرەکە ئەو بنەما ئامادەیان نییە کەبتوانن کۆنترۆڵی سروشت بکەنو لەوێشەوە بوونی خۆیان وەکو بکەری رووداو دروستکەر بسەلمێنن،

هەر لێرەشەوە کۆمەڵێ وێنەو رستە لەلایەن قسەکەری شیعرەکەوە کەخۆی یەکێکە لەکەسێتەکانی چیرۆکەکە دەگێڕدرێتەوە کەجێگایەکی ئەوتۆیان نییە لەبنیادنانی ستراتیژی دەقەکەداو بگرە واش دەردەکەون کەهەندێ جار بەئاڕاستەی پێچەوانەی ئاڕاستەی ستراتیژی دەقەکە کاربکەن. بەڵام دەشێ لەپشتی ئەم حاڵەتەشەوە وەکو جۆرێك لە(دژە شوێن ـــJexta-position) وەکو لەشیعری کلاسیکیدا باوبووە بیانوو بۆ ئەو حاڵەتە دژانە بدۆزینەوە کەئەویش لەمەدا بەرجەستە دەبێت، مەبەست زیاتر نیشاندانی ئەو زەمینە پەشێوو ئاڵۆزەیە کەئەم دەقەی تێدا بەرهەم هاتووە کەزەمینەیەکە زۆربەی شتەکان ناسنامەی خۆیان لەدەست داوەو جۆرێك لەفەوزاو پەشێویی واقیعی دەرەوەی دەقەکەی گرتۆتەوە هەربۆیە دەشێ هەمان واقیعی ئاڵۆز لەڕێگای پرۆسەی شیعریەت بەرهەم هێنانەوە بگوازرێتەوە بۆنێو دەقەکەو لەبنیادی زمانی دەقەکەشدا جێگای خۆی بکاتەوە. سەرجەم گێڕانەوەکانی ئەو چیرۆکە خۆشکردنی زەمینەیە بۆ بەرجەستەکردنی واقیعێك کەئەنجامەکەی بەمردنو ونبوونی ناسنامەو پەرت بوونو جیابوونەوە لەماهیەتی بوون کۆتایی دێت.

هەموو (هەڵەکان)ی بەبکەربوونو پراکتیك کردن لەدەست دەچن چونکە هەلی خۆناسین لەشکاندنی ئاوێنەکەوە لەدەست دەچێت.

ئەم هەتاوە چیی لێماوەتەوە لەبەری کەین؟
ئەم ئاوێنەیە بۆ ئەوەندە زوو شکاو
تێر سەیری خۆمانمان
تێدا نەکرد؟

ئاوێنە دەلالەتی خۆناسین هەڵدەگرێت، چونکە لەو بینینەدا مرۆڤ دەتوانێت هەڵسەنگاندنی خۆی بکات، کەموکورتیەکانی ببینێ، ماهیەتی خۆی بخاتە بەردەم دادگاییکردنەوە. بەڵام شکاندنی ئاوێنەکە ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کەئیحتمالی خۆناسین لەدەست چووە، بۆیە دەشێ قسەکەری چیرۆکی شیعرەکەو کەسێتەکانی تریش ئەو هەلی بەخۆداچوونەوەیان لەدەست چووبێت، یان لەبنەڕەتەوە درکیان بەگرنگی ئەو پرۆسەیە واتە پرۆسەی بەخۆداچوونەوەو سەیرخۆکردنو خۆهەڵسەنگاندن نەکردبێت، هەربۆیە لەهەنگاوەکانی تریشدا نەیانتوانیبێت بەرەو بەبکەرو بوون هەنگاو هەڵبهێنن. چونکە بەبێ خۆناسین مەحاڵە هیچ پرسیارێکی ئەنتۆلۆژیانە سەرهەڵبدات، لەحاڵەتی نەبوونی ئەوجۆرە پرسیارانەشدا مرۆڤ بەجۆرێك لەپەشێویی‌یەوە کەئەویش خاسێتی فەوزای هەیە دەبینرێت،

هاوپێی سێیەمیان کەکەسێکی نوێنەری شارستانێتی‌یەکی سادەو سەرەتاییەو بەدیدێکی رۆمانسیانەوە دەڕوانێتو لەو ئاقارەشدا بێئومێدبوونێکی رۆمانسیانە وای لێدەکات دنیا بەگۆڕ بزانێت. ئێستا پێی وایە پەیامبەرێك کەئەویش نوێنەری بەشێك لەئێمەو مێژووی ئێمەیە نامەی مەرگ دەدات پێمانو لەحاڵەتی گومانو نیگەرانی رزگارمان دەکاتو بەیەقینی مەرگمان دەسپێرێت کەدیارە ئەو یەقینەش جۆرێك لەدڵنیایمان بۆ دەهێنێت.

ئەوەتا ئەردەلانیەکە دەڵێت:

تازە ئێوە بۆ گۆڕێك بگەڕێن
نەفرەتەکانی خۆتانی تێدا بشارنەوە.

لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت کەتازە کات بۆ زیندووبوونەوەو خۆسەلماندن بەسەرچووەو هیچ کام لەکەسێتی چیرۆکی شیعرەکە تازە ناتوانێت زیندەگانیو بوون بەدەست بهێنێت، بەڵکو باشترواید هەوڵی دۆزینەوەی گۆڕێك بدات کەشکستو نائامادەیی‌و هەروەها درێویی‌و نەفرەت لێکردنەکانی خۆیانی تێدابشارنەوە.

لێرەوە لەسنووری یادەوەرییەوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو سەرەتایەی چیرۆکی شیعرەکە، کەپێی دەگوترێن هەر لادانێك لەیاسای باوی شار دەبێتە هۆی ئەوەی بەرنەفرەت بکەوێت، بۆیە لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت کەهەریەکە لەم سێکەسێتیە ئەوانەن کەدژی یاسای باوی شارە جەنجاڵەکان بوون، لەئەنجامی ئەوەشدا پیرە درەختە کرمۆڵە جبە لەشانەکە ناوبانی لەلیستی لادەراندا نووسیوون‌و لەئەنجامی ئەوەشدا بەرنەفرەت کەوتوون، کەواتە ئەم سێکەسێتە ئەوانەن کەلەو شارەدا دژی ژەنگ لێدانی عەشق بوون بۆیە بەرنەفرەت کەوتوون‌و لەشارەوە بەسەفەرێکی ئەفسوناوی گەڕاونەتەوە بۆ ئەوێ، بەڵام لەوێش لەبەرئەوەی توانای خۆسەلماندنیان نەبووەو نەیانتوانی دەربازبوون لەسایەی گۆچانەکەی تاناتۆسی بکەن بەئەمری واقیع ئەوا دەبێ لەدوای گۆڕێ بگەڕێن کەنەفرەتەکانیان بۆحەشار بدات، لەکاتێکدا لەدرێژەی ئەو گەشتەدا کەگەشتی ژیانە لەنێوان لەدایك بوون‌و مردندا بەبێ ئەوەی توانای خۆسەلماندن هەبووبێت ئەمان لەسایەی مێژووی شمشێرو لەخواردنەوەی شەرابی رۆحی گوڵە یاسەمینەکان‌و لەباجی فرۆشتنی تابووتەکانی باوکی کەسێتی دووەم‌و لەئەنجامی نەناسینەوەی ئەو مەعدەنەی کەکلیلی بەندیخانەکانی بوونی ئێمەی

ڵێدروست کرابوو، لەئەنجامی ئەوەدا کەنەمانتوانی سەماوات‌و فڕینی جەستەمان لەسەر مێزێك کۆبکەینەوە، کەنەمانتوانی ببینە خاوەنی هێلانەیەك کەوجودی خۆمانی تێدا بسەلمێنین کەوتینە بەردەم گەورەترین پرۆسەی تێکشکاندنێك کەمەرگی مەعنەوی لەماهیەتی ئادەمی خۆمانی روتکردینەوە، هیچ رزگاربوونێکیش نەبوو واتە ئێمە مەحکوم بووین بەمردن، بەڵام مردنێك کەلەپێش ئەودا ئێمە نەمانتوانیبوو (بوون)مان هەبێت، هەربۆیە نەدەشیا کەسێك یان رۆحێکی بالاّ بێت‌و رزگارمان بکات، دیارە رزگاربوونیش لێرەدا رزگاربوون نییە لەمردنی جەستەیی کەمردنێکی سروشتی بێت، بەڵکو مەبەست رزگاربوونی مەعنەوییە کەتەنیا لەسایەی (بوون)دا ئەو رزگاربوونە دەستەبەر دەبێت. چیرۆکی شیعری ((کەسێ نەبوو تووڕەببێ)) هەر لەسەرەتاوە لەقۆناغی دەقەکەدا ئەو پرسیارە ئەنتۆلۆژییەی هەڵگرتووە مادەم گرفتی (بوون) وەکو چەمکێکی فەلسەفی‌و ئەنتۆلۆژی لەبەردەم گومانداییە ئەوا دەقەکە لەڕووی ستراتیژەوە بەئاڕاستەی فۆرمەلەکردنی ئەو پرسیارە کاردەکات‌و مادەم (بوون) لەبەردەم گومانداییەو بەنیگەرانی سەیر دەکرێت ئەوا بنیادی زمانی دەقەکەش لەپێناوی بەرجەستەکردنی ئەو جیهانبینییەدا کاردەکات ئەگەرچی هەندێ وێنەو رستەش هەبن کەلەخزمەتی بنیادنانی ئەو جیهانبینییەدا نەبن واتە لەخزمەتی ستراتیژی دەقەکەدا کارنەکەن.


لەکۆتایداو دوای بێئومێد بوون لەگەیشتن بەئاستی (بوون)و خۆسەلماندن کەسێتی چیرۆکی شیعرەکە دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ سەرتای دەست پێکردن‌و جارێکی‌دی لەوێوە دەست پێبکەنەوە بەوهیوایەی ئەمجارەیان فێری بارین ببن‌و ببنەوە بەئادەمی، واتە لەدرێژەی ئەم سەفەرەدا کەسەفەری ژیانە بوونی خۆیان وەکو ئادەمی لەدەست چووە، ئەمە سەربای ئەوەی کەنەیانتوانیووە بوونی خۆیان بسەلمێنن. لێرەدا ئەوەمان بۆئاشکرا دەبێت کەمرۆڤ مەحکومی چارەنووسێکە کەناتوانێت لێی دەربازبێت ئەوبش سەفەری ژیانە کەبێوێستی خۆی دەبێ بیکات ئەویش یان دەتوانێ خۆیی تێدابسەلمێنێت یان لەهەوڵی ئەو خۆ سەلماندنەدایەو پێشیی ناگات، لەئەنجامی ئەوەشدا رووبەڕووی ئەو هەموو ئازارە سەختە رۆحی‌و جەستەییە دەبێتەوەو دوایش هەردەبێ خۆی بسپێرێتە گۆچانەکەی تاناتۆس، بەڵام ئەگەر توانیبێتی خۆی بسەلمێنێ ئەوا ون نابێت.

واتە ئەگەر لەسەفەری ژیاندا مرۆڤ توانی بوونی خۆی بسەلمێنێت ئەوا مانای وایە لەڕووی رۆحییەوە دووچاری ئەو ئازارە سەختە نابێت کەلە حاڵەتی نەتوانینی خۆسەلماندنا دووچاری دەبێت. بەڵام لەو دنیایەی کەشاعیر لەسنووری ئەم دەقەدا بەرجەستەی کردووە کەسێتەکانی چیرۆکی شیعرەکە سەربازی نەتوانینی خۆسەلماندن‌و سەربازی هەستکردن بەلەدەستچوونی ماهیەتی ئینسانیان کەچی هێشتا تووڕەنابن دەشێ هۆی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ جۆرێك لەسەیرکردنی ژیان‌و بوون کەئەنجامەکەی بەبێئومێدی کۆتایی بێت‌و لەم حاڵەتەشدا ژیان هێندە کەم بەهابێتە پێش چاو کەشایەنی ئەوە نەبێت لەپێناوی‌دا مرۆڤ هیچ هەڵوێستێك وەربگرێت لەکاتێکدا (تووڕەبوون) جۆرێکە لەهەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بەشتێك یان مەسەلەیەکی نادروست.

دەشێ لەسنووری دەقەکەدا (تووڕەبوون) وەکو کرداریك لێکبدرێتەوە کەبکەرێکی بەهێز لەدوایەوە بێت بەڵام لەنێو کەسێتیەکانی چیرۆکی شیعرەکەدا کەسێتێکی ئامادەی وەها بەرچاو ناکەوێت کەتوانای دروستکردنی رووداوی هەبێت لەکاتێکدا (تووڕەبوون) پێویستی بەبکەرێکی رووداو دروستکەرە لەدوایەوە بووەستێت. واتە لێرەدا لەهەریەکە لەم دوولێکدانەوەی سەرەوەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کەیەکەم ئەگەر ژیان ئەوەندە بێبەها بێت، دیوارێك لەنێوان بوون‌و نەبوون، ژیان‌و مردن دا نەبێت، ئەوا وەرگرتنی هەر هەڵوێستێکیش هیچ مانایەکی نابێت، لەم روانگەیەشەوە هیچ بیانوویەکی گونجاو بۆ (تووڕەبوون) نادۆزرێتەوە.

دووەم ئەگەر بەسنووری دەقەکەدا بکەرێك نەبێت بتوانێت گۆڕانکاری دروست بکات‌و رووداو بخوڵقێنێ لەبری ئەوەی شار بەجێبهێڵێ‌و پاشان بکەوێتە وەسفی شارو ژیان‌و خودی خۆی‌و تێڕوانینی خۆی لەسەر ژیان‌و مردن‌و بوون‌و نەبوون بخاتەڕوو، ئەوا دیارە کەسێتێك لەسنووری دەقەکەدا نادۆزرێتەوە کەتوانای هەڵوێست نواندنی هەبێت، (تووڕەبوون) ئەو هەڵوێستەیە کەدەبێ بکەرێکی زیندو رووداو دروستکەر لەپشتیەوە بێت چونکە کاتێ بکەرێك دەتوانێت کرداری تووڕەبوون ئەنجام بدات کەتوانای لەرووداوەستانی هەڵوێستی دژی هەبێت‌و بتوانێت بوونی خۆی لەبەرامبەر ئەوانی‌تردا بسەلمێنێ‌و ئامادەبوونی هەبێت.

⌘



هەشتەمین کوڕ

و/ موکری

کوڕی نۆهەمی، کووڕەکەی دەمدەدا، عەمۆ مورسیل لەکاتێکدا نالّە سووڕە بووەکەی ساف دەکرد، بەشاگردەکەی خۆی گوت:

- غەیبەلی!..

- بەلّێ.. وەستا..

- غەیبەلی، ئەگەر خواوەند، لەجیاتی کوڕێکی بێفیراسەت، کچێکی کوێری بەئینسان دابا، باشتر نەبوو

- ؟

- ئەوە بۆ بیّدەنگی غەیبەلی؟

- وەستا راست دەفەرمووی

- غەیبەلی مەبەستم ئەوەیە ئەگەر خواوەند لەجیاتی کوڕێکی بێفیراسەت یەك پارچە بەردی بەئینسان دابا، باشتربوو! زۆر باشتر بوو..

- وەستا، جارێکی دیش ئێوە....

کوڕی نۆهەم، کووری دەمدەدا، قسانیش لەسەر هەشتەمین کوڕە، ئەم قسانە تازەنین، لەو رۆژەی کەغەیبەلی بووەتە شاگردی مۆمۆرسیل، هەمیشە ئەم قسەیە دەبیستێ.. ئەگەر هەموو رۆژێکیش نەبێ، بەلای کەمەوە هەفتەی یەکجار، وەستا لەمەڕ هەشتەمین کوڕی خۆی دەردەدلّو شکات دەکات..

وەستا مورسیل، وەختێکی، ئومێدی فراوانی بەم کوڕەی هەبوو، بەلاّم سەرئەنجام چۆن کەوتەوە، تەنها بووە مایەی بەدبەختی ئەم، بەقەولی مەعروف، ئەم هەشتەمین کوڕە دلّی ئەوی لەنێو ئاگردا کردووەتە کەباب.

هەشتەمین کوڕ، تەنهاوتەنها فوتبالیستە، ژمارە (٧)یان ناوەتە قەد کراسەکەی، مورسیل بەهیچ شێوەیێك نەیدەتوانی ئەم گوناهەی ئەو، ببەخشێ، لەزەمانێکدا لەجیهانا هەموو دەرس دەخوێنن هەموو بۆهەڵبژاردنی پیشەییێکی ئابڕومەند کۆشش دەکەن، تۆفیق. هەشتەمین کوڕی ئەو، لەمەیدانی فوتبالّدا بەدوای تۆپدا رادەکاتو خەڵکی سەیری دەکەنو فیکەی بۆ لێدەدەنو هاواری بۆ دەکێشن، وەستا مورسیل پێیوابوو: ((هەر حەوت کوڕەکانی من لەم جیهانە پانو بەرینە، جێیەکیان بۆخۆ دۆزیوەتەوە، تەنها هەشتەمینیان بەئەحمەقی چاوی کردووەتەوە))

کاتی کەمورسیل لەنزیکی کورەی گەشاوەدا، بیری لەکوڕەکەی دەکردەوە، وەك ئاسنی تووا سوور دەبووەوە، بەرۆژی لەم کاتانەدا مورسیل باوکی خۆی دەهاتەوە یاد، کەتەواوی تەمەنی خۆی بەهەژاریو بێنەوایی بەسەر بردبوو، جگە لەهەڵگرتنی

باری قورس لەسەر شانە بێتواناکانی چ کارێکی دەی نەدەکرد.. پوختەی قسە باوکی حەمال بوو، مورسیل ئەمەی دەهێنایەوە یادی خۆی، کەچۆن باوکە بێچارەکەی ئەمی‌نارد لای وەستا رەمەزانو کردیە شاگرد.. ئەو دەمە گەلێکیان پێیان وابوو مورسیل - یش هەر دەبێتە حەمال، بەلام رۆژێ، باوک دەستی کوڕی خۆی گرت ئەوی بردەلای مەرحووم وەستا رەمەزانو گوتی:

- رەمەزان، ئەمەم بۆ بکە بەپیاو! من هەرچەندم کۆشا نەبووم بەپیاو لێگەرە بەلای کەمەوە بائەم ببێ بەپیاو.

بەدەستی لەرزۆکەوە کیسە بۆرەکەی لەگیرفان دەرهێنا، (دە)سکەی زێڕینی پێنج رۆبلی تیا دەرهێنا

مورسیل تائەوکاتە، ئەو هەموو پولەی لەلای باوکیا نەدیبوو، بەمجۆرەش بیری دەکردەوە. ئەگەر باوکم ئەم هەموو پولەی هەیە بۆچی بۆ دایکم سەرپۆشێکی نوێ ناکڕێ؟ بۆ ئێمە بەسگی نیوەبرسی دەخەوین؟ سونگەی هەموو ئەمانە چیە؟

مورسیل لەخۆی دەپرسی، بۆ پرسیارەکانی خۆم هیچ وەلامێکم دەست نەدەکەوت، لەم کاتەدا وەستا رەمەزان سکە زێڕینەکانی بەکەمالی مەیلەوە وەرگرت، خستیە نێو کیسەی پارەی گوڵدراوەکەی و گوتی.

- باوکی منیش، وەختێك ئاوها پارەی داوە..

بەجۆری ئەم رستەیەی گوت، وەك ئەوەی گوناهێکی گەورەی کردبێ.

مورسیل نزیکەی دووسالێ، لەلای وەستا رەمەزان کاری کرد، پاش ئەو دووسالە لەبەردەم دوکانەکەی ئەودا، بۆخۆی دوکانێکی ئاسنگەری کردەوە، کاتێ کەمورسیل بووە ئاسنگەر، باوکی لەخۆشیا خەریکبوو پەڕوبالێ دەرکات..

- کوڕە گیانەکەم، ئارەزووەکانی منت بەدیهێنا، ئەگەر بشمرم بێغەمو خەفەت دەمرم، سەنعەت بازووبەندی زێڕینە، هەرکاتێ بە((بازووی خۆتەوە بیبەستێ، ئەوا هەمیشە بەهێز دەبی، دەبێ منالانی تۆ، فێری ئەم سەنعەتە بن، بەکورتی کوڕە گیانەکەم لەدنیادا چ شتێ لەسەنعەت گرانبەهاتر وجودی نیە...

ئەو زەمانە، سەردەمی، گالیسکەو ئەسپو ولاغ بوو رۆژێ نەبوو ئاسنگەر بێکار بمێنێتەوە، مورسیل بەبێ ئیرادە ژیانی خۆی لەگەلێ ژیانی باوکیا بەراورد دەکرد، ئەڵبەتە شادو کەیفخۆش دەبوو نەیدەتوانی شاد نەبێ چونکە مورسیل لەچنگی هەژاری ونەداری دەرباز ببوو، گەلێ سوپاسگوزاری وەستا رەمەزانیش بوو، کەئەم نیعمەتەی بەهەرزانی داوەتێ..

مورسیل ژنی هێنا، یەکەمین منالّی کوڕ بوو، بووە خاوەنی کوڕێکی دیش مورسیل، ئارەزووی شیرینی لەسەر سەردا دەخەملاند، سنووروو ئەندازەی بۆ نەبوو: ((لێگەڕێ پەروەردگار پانزە کوڕم پێببەخشێو هەرهەموویان دەکەم بەپیاو))

مورسیل دەیویست، یەکەمین کوڕی حەتمەن ببێتە ئاسنگەر، دووەمی ببێتە سەرتاش‌و لەبەردەمی دەروازەی ((سەرچە بازار)) ئارایشگایێك بکاتەوە، بەرانبەری ئەویش، کوڕەکەی‌تری دەبێ کارگەی دوورین دامەزرێنێ، ئەو کوڕانەی کەپاشانیش دێنە دنیاوە دەبێ سەعات ساز، و کەوشدرو، زێڕەنگەربن، بەم تەرتیبە کوڕانی مورسیل سەرتاسەری (سەرچە بازار)) داگیردەکەن.. مورسیل سەیری خوێندکارە بەگزادەو بازرگان زادەکانی دەکردو ئاهی دەکێشا، بەلام تەنانەت جەسارەتی ئەوەی نەبوو، ئارەزووی خوێندنی منالەکانی لەسەردا پەروەردە بکات، چونکە دەیزانی ئەم کارە بۆ ئەو، غەیرە مومکینە ئەو ئارەزووی هەبوو، نەك تەنها ئارەزووی هەبوو، بەڵکو سوێندی خواردبوو کەکوڕەکانی وەك پیاوی‌کار پەروەردەبکات، کاتێ کەچەکوشی دەکێشایە سەر ئاسنی سوورەبوو پێی وابوو ئارەزووەکانی هاتوونەتەدی، لای وابوو تەواوی ئەو شتانەی فکری لێکردووەتەوە، لەسنووری توانای ئەودایە، بەلام مەعلومیشە وەدی هێنانی ئارەزووەکان ئەوەندە ئاسان نییە، هەندێجار ئارەزوو هەیە هیئەوەنیە دەستی پێبگات...

سیمای جیهان گۆڕا، کەسانی تازە بەکراسی سەربازی‌و پانتۆڵی گالیفە پەیدابوون هەموویان، منالەکانیان بۆ قوتابخانە ناردووە ئەمە بەراستی موعجیزەبوو! مورسیل دەترسا کەسێ یەخەی بگرێ، داوای مانگانەی قوتابخانەی کوڕەکانی لێبکات، یا منالەکانی بەئابڕو تکاوی لەقوتابخانە

دەرکـەن لەبەرئـەوەی کـەکوڕەکانی دەچوونـە قوتابخانـە، بەپەنـهانی ئاسـنگەری فـێردەکردن، دەبوایی کوڕەکانی پـاش دەرس وەرگرتـن، بچنـە دوکـانی ئاسـنگەریيەکەی باوکیـان.. شـوکریۆخوا کوڕەکـانی مورسـیل بـەجوانی دەرسـەکانیان دەخوێنـد.. ئەگـەر کەسـێ تـاریفی ئـەوانی کردبـا، مورسیل بەسەرسوڕمانەوە دەیگووت:

- چۆن دەبێ چـاك دەرس نـەخوێنن؟ قوتابخانـە مانگانـەیان لەئێمـە نـاوێ! چۆن دەتوانـن جورئـەت بکـەن لەقوتابخانـەیێکی ئاوهـادا بەبـەدی دەرس بخوێنن؟

کاتێ کەقسان دەهاتە سەر پـارە عـەمۆ مورسـیل هەستی بەمشەوەشـی دەکردو تێکدەچوو، دەترسـا وەختێ داوای پارەی خوێندنی منالەکانی لـێ بکـەن، بەلام شتی وا رووی نەدا، سەرباری ئەمەیش، خۆیی‌و ژنەکەیشـیان بـردە پۆلـەکانی نەهێشـتنی نـەخوێندەواری، خوێندنیـان فـێرکردن، ئەمەیشـیان هەر بەخۆڕایی بوو..

کوڕە گەورەکەی ((ظـهیرالدین)) گـەلێکی دەرس خوێند دە سالّ لە((گەنجە)) پێنـج سالّ لـە((باکۆ)) هەروەها پێنج سالّیش لە(موسکۆ)) دەرسی خوێند..

موعجیزەیێك رویدا، کـوڕە گەورەکـەی مورسـل یـان نـاردە سـەفارەتی سۆڤیەتی لەیـەکێ لـەولاتانی رۆژهـەلات، مورسـیل بـاوەڕی نـەدەکرد کەکوڕەکـەی ئـەو، مومکینـە کارمـەندێ، مەسـئوولێ بـێ لەسەفارەتخانە ((کوڕی من کونسۆلە؟ نا، کـوڕی مـن نیە، بەڵکو لەئاسمانەوە هاتووەتەخوارێ))

دووەمـین کـوڕی ((فـەروخ)) لەمۆسـکۆ مایـەوە لەئەنستیتۆی وزەی ئەتۆمی کاری دەکـرد، سێیەمین کوڕی (صلاح) نەگەڕایەوە بۆ (گەنجە)) ئـەو زانکۆی ئەندازیاری بیناسازی تەواوکردبوو، بووە ئـەندازیار و ئێستا لە ((براتسك)) کاردەکات، دوو کوڕی مورسـیل بوونە پزیشك‌و لە(باکۆ) مانـەوە، لـەوێدا کاردەکـەن، شەشـەمین کـوڕی بـووە بەڕێوەبـەری قوتابخانـە، حەوتەمین کوڕ لەقوتابخانە دەرس دەخوێنێ...

((بـەڵام ئـەم هەشـتەمینە، کەکەمـەری منـی شکاندووە، لەساحەدا بەدووی تۆپدا رادەکات!))

کاتێ کەتۆفیق، لەقوتابخانـەدا دەرسـی بـەجوانی دەخوێنـد، زۆرجـار، لـەوەختو ناوەختـا دەهاتـە کارگـەی ئاسـنگەری باوکی بەچـەکوش ئاسـنەکانی سـەر سیندانەکەی دەکوتـا، مورسـیل بـەلا چـاوەوە سەیری دەکـرد، نـەیدەزانی لەخۆشیا چ بڵـێ، لـەژێر چـەکوش وەشـاندنە وردەکـەی توفیـق ئاسـنی سوورەوە بوو وەکو مۆمی نەرم بوو

مورسیل دەیڕوانیيە ماسـۆڵکە بەرجەستەکانی و بیری دەکردەوە

((وەك ئەوەی ئەم کـوڕەم لەهـەموویان عـاقڵ‌تر بێ، تەنـها لـەکوڕە کونسـوڵەکەم نـەبێ، ئـەو کـوڕەم گەڵ هۆشیارو بەفیراسەتە...

بەڵام وانەبێ بازووانی بەهێزوو عەقڵەکەی زەعیف بێ؟ خوانەکات))

کاتێ کەوەستا مورسیل، چەکوشی بـەلاوە دەنـا، عارەقی نێو چووانی دەسـڕییەوە، بـیری دەرۆیشـت، ماوەیێکی زۆریش سەیری ئاگرە سوورەکەی دەکرد.. بـەڵێ، ئـەم منالّـە عـاقڵ‌و کارزانـە، قوتابخانـەی تەواوکرد، نەڕۆیشتە زانکۆ، دەستی بەکارکردن کـرد، هـەموو مـانگێ معاشـەکەی - کەهـەندێ بـاش بـوو - وەردەگرت‌و دەیهێنایـە مالّـەوەو دەیدایـە دایکـی، مورسیل سەری سوڕمابوو بەخۆی گوت:

((مەگـەر مـن مـردبم کـەتۆفیق گـەواهی نامـەی خوێندنـی بالاّی نییـە؟ تـازە چ کارێکیش دەکـات؟ لەمـەیداندا بـەدوای تۆپـدا رادەکات! رەنگـە عـەقڵی خەڵکەکەیش کـەم بووبێتـەوە، کـەبۆ ئـەم کـارە ئـەم هـەموو پارەیـە خـەرج دەکـەن؟ نـەء نـابێ وابـێ، مومکین نییە))

جـاری‌وا رووێـدەدا کـەتۆفیق سـێچوار رۆژ نەگەڕێتـەوە بـۆ مالّـەوە، مورسـیل لەژنەکـەی خـۆی دەپرسی

- کوڕەکەت لەکوێیە؟

- خەریکی رێژیمە

- رێژم چیيە؟

دوا کوڕ، یانی نۆهەمین کوڕ، تێکەڵی قسان دەبوو

- ئەو، بەر لەموسابەقە، دەبێ چـەند رۆژ تـەمرین بکات

- نەعلەت لەشەیتان

هـەندێ جـار وارێکدەکـەوت، کەهەشـتەمین کـوڕ، پانزە رۆژ تەنانەت یەك مانگ گوم دەبوو:

مورسیل لەنۆهەمین کوڕی خۆی دەپرسی:

- براکەت لەکوێیە ؟
- لە((قەرەغەندە))یە
- لە((قەرەغەندە)) چ... دەخوات؟
- بۆ موسابەقە چووە
- نەعلەت لەشەیتان

ماوەیێکی دی تێدەپەڕێ، جارێکیدی مورسیل دەپرسێتەوە

- براکەت لەکوێیە ؟
- لەسەمەرقەندە
- ئێستا بۆ کوێ چووە ؟
- ئێستا چووەتە ((عەشق ئاباد))
- ئەم بێسەروبەرو سەرگەردانە لەوێدا چ دەکات؟
- یاری دەکات..
- نەعلەت لەشەیتان

جاری واهەبوو دایکی غەیبەلی لەمانگێکدا زیاتر لەشەش جار نەخۆش دەکەوت، غەیبەلی بەبیانووی پەیداکردنی دەرمان، ماوەیێك بەرلە خۆرنشین، تێی دەقوچاند، لەهەمان رۆژیشدا کوڕی تۆهمیش حەتمەن کارێکی لەئەستۆدا دەبوو.

لەم رۆژانەدا، لەکاتی عەسردا، هەموو سەرتاشخانەو ئارایشتگاو کۆگاکانو دوکانەکان دەرگا دەبەستن و دادەخرێن.. وەستا مورسیل پێی سەیربوو چ بووە،؟ چ شتێ رویداوە؟

دەیپرسی

- ئەمانە لەکوێدان؟
- چوون سەیری فوتبۆڵ دەکەن.
- نەعلەت لەشەیتان

لەو رۆژەدا شار چۆڵ دەبوو مەعلوم نەبوو، خەڵکەکە بۆ کوێ چوون

بێدەنگیو خامۆشی دەستی بەسەر هەموو شوێنێکدا گرتبوو. جارجار دەنگی ((شوت لێدە)) بەرگوێ دەکەوت، ئەم هەموو شتانە لەبەرچاوی مورسیل دا گەڵێ سەیربوون گەڵێ جاریش رووید‌ەدا یەکێ لەسەرتاشەکان دەهاتەلای مورسیلو دەیگوت:

- مورسیل، کوڕەکەی تۆ دوێنێ دوو گۆڵی کرد
- خۆزیا سەری بەر بەرد دەکەوت
- ئەی وەستا ! ...
- نەعلەت لەوەستای تۆیش !

دەبێ ئەوەیش بگوترێ، مورسیل، لەتەواوی تەمەنی خۆیدا، تەنانەت یەکجاریش لەمناڵەکانی خۆیی نەدابوو، تەنانەت یەك کەلیمەی نابەجێی پێنەگوتبوون تەنها کوڕی هەشتەم ئەویش تەمێکی جدی کردبوو: قسەی لەگەڵ نەدەکرد. شەوانە، کاتێ شیڤ خواردن، کەتۆفیق لەماڵ دەبوو، مورسیل بەزەهرای هاوسەری خۆی دەگوت

- بەو بڵێ، بایەك زەڕە عەقڵ بێنێتەوە سەری خۆی

لەم بەزمەدا، تۆفیق بێئەوەی سەیری باوکی خۆی بکات بەدایکی خۆی دەگوت:

- بەو بڵێ، عەقڵەکەی من لەجێی خۆیدایە باوك دەسبەردار نەدەبوو
- بەو بڵێ، عەقڵ لەسەردایە، نەك لەپا...

تۆفیق بەکینایە، ئەوێ بێ ولام نەدەهێشتەوە

- بەو بڵێ کەپای تۆندڕەو هیچ خەلەڵ بەعەقڵی سەر ناگەیێنێ
- بەو بڵێ، چەنەبازی نەکات، بڕوات بۆ زانکۆو دەرس بخوێنێ
- دایکە بەو بڵێ بەغیاب لەزانکۆ، دەرسی پەروەردەی بەدەنی دەخوێنم.
- بەو بڵێ، کاتێ بیەوێ ژن بێنێ هیچ کەسێ ئامادە نیە کچەکەی خۆیی بداتێ
- بەو بڵێ، کچی هەریەك لەلایەنگرانی تیپەکەی ئێمەم بوێ، ئەوا دەیدەنێ
- نەعلەت لەشەیتان

دەردو غەمی تۆفیق گەڵێ ئازاری مورسیلی دەدا، تەواوی ئومێدی بەکوڕە کونسولەکەی بوو:

((ئەگەر ئەم کوڕەم جارێك لەگەڵ تۆفیقدا قسان بکات، حەتمەن تۆفیق عەقڵی دێتەوە سەر، کوڕە کونسولەکەم گەڵێ هەورازو نشێوی ئەم دنیایەی بینیوە، بەچاکی دەیانناسێو دەزانێ...

بەزووبی، کوڕە ئازیزەکەم... کوڕە کونسولەکەم، دێتەوە، لەدوا نامەیدا وەعدی داوە بۆ ماوەی مانگێ ئیستراحەت دەگەڕێتەوە.

مورسیل بەڕونی ظهیرالدین - ی لەبەرچاوی خۆیدا بەرجەستە دەکرد، کەلەڕێوەدێو لەدەرگاوە دێتە ژوورێ، مورسیل، بەرانەکە لەبەر پێی یەکەمین کوڕی خۆی دەداتە سەر زەویو دەیکاتە قوربانی: (ئاه.. چ خۆش دەبوو... ئەگەر زووتر بهاتبا))

- غەیبەلی !
- بەڵێ وەستا !

- غەیبەلی، بۆچی تەواوی کارەکانی دنیا بەپێچەوان؟

- بەڵێ... وەستا.. بەڵێ!

خودی مورسیل خەریکی دەمدانی ئاگرەکەبوو، پارچە ئاگرێ لەکورە دەرپەڕی کەوتە سەر پێی غەیبەلی و پەنجەکانی سوتان..(کورەکە) بەدەست بەمەحکەمی پای خۆی گرتو بەپایەکەی دی دەستی بەبازدان کرد

- غەیبەلی، چ بوو؟

- سووتام، وەستا، سووتام

- ئاخر، بەکەوشی کراوە، دەکرێ ئاسنگەری بکرێ؟ نەعلەت لەشەیتان.

غەیبەلی ئارامی گرت، سەرنجێکی پۆزش ئامێزی گرتە وەستا مورسیل و گوتی

- وەستا، ئەمڕۆ دەمەوێ کەمێ زووتر بڕۆمەوە، جارێکیدی دەبێ دەرمان بۆ دایکم بکڕم.

- مەگەر دایکت تائێستا چاك نەبووەتەوە؟

- نەخێر وەستا نەخێر!

- خراپ نیە، بڕۆ... خوا شفای بداتێ!

هەر لەهەمان کاتدا، نۆهەمین کوڕی مورسیل وەك تیر هاتە ژووری کارگەوەو گوتی:

- باوکە مژدەم دەرێ ظهیرالدین هاتەوە !

- هەر مژدەیەیێکت دەوێ، دەتدەمێ! غەیبەلی ئەوا من ڕۆیشتم! دوکانەکە، کۆکەوە، پاشان بەدووی دەرمانی دایکت بگەڕێ...

مورسیل، (پێشبەند[1]) هکەی خۆی کردەوە، لەگۆشەیێکدا دانیاو بەکوڕەکەی خۆی گوت:

- تەکسییەك بانگ کە

- باوکە گیان، ئێستا تەکسی پەیدانابێ

- بۆ پەیدا ناکرێ؟

- لەبەرئەوەی ئەمڕۆ موسابەقەی فوتبۆڵ هەیە

- نەعلەت لەشەیتان... ئێستا هەموو شتێ بەظهیرالدین دەڵێم تابرا فوتبالیستەکەی تۆ بەزللەیێکی چاك، حاڵی کات

نۆهەمین کوڕ بزەیێکی هاتێ

کوڕو باوك لەکەناری جۆگەی شەقامەکەوە ڕێیان دەبڕی، مورسیل گەڵێ پەلەی بوو، دەیویست هەرچی زووە کوڕەکەی خۆی ببینێ، سەر لەبەری ڕێ خۆی دەدواند: ((لەدەرگای پشتەوە، دەچمە حەوشە، شاخەکانی بەرانەکە دەگرم لەبەر پێی کوڕەکەمدا سەری دەبڕم، پاشانیس مانگێکی تەواو قسان دەکەین))

ئۆتۆمۆبێلێکی ((فۆلگای)) شین وەستا، گەنجێکی بەهێز سەری هێنایە دەرێو گوتی:

- عەمو مورسیل، ئەگەر بۆ موسابەقەی فوتبال دەڕۆید فەرموو سواربە

- فوتبالّی چی! ئەگەر دەتوانی ئێمە بگەیێننە مالّێ...

گەنجەکە سەیرێکی سەعاتەکەی کردو گوتی:

- چ دەتوانین بکەین.. فەرموو سواربە، ئێوە باوکی تۆفیقن...

ئەگەر ئەم قسەیە لەحاڵەتێکی دیدا، بەمورسیل گوترابا، سواری ئۆتۆمبیل نەدەبوو، بەڵام ئێستا دەیەوێ، هەرچی زووە ظهیرالدین ببینێ

- وەستا ئەگەر کوڕەکەی ئێوە گۆڵێ بکات، ئەوا میوانیێکی گەورە دەبەمەوە

- خۆزیا ئەمە دوا گۆڵی بێت!

- وەستا، بۆ؟

- لەمڕۆ بەدواوە، ئەو بەدوای تۆپەوە نابینن، ئەوەی تەڵەی ناوەتەوە هاتووەتەوە

- وەستا چ تەڵەیێك

- گەر خوا بیەوێ دەیبینن.

گەیشتنە مالّێ، مورسیل، بۆ دەرگای پشتەوەی حەوشەکەچوو، ظهیرالدین لەباغچەکەدا پیاسەی دەکرد، هەر کەباوکی بینی بەرەو پیری رایکرد یەکیان لەئامێزگرتو یەکدیان ماچ کرد.

مورسیل، خۆی لەباوەشی کوڕەکەی هێنایەدەر، تابچێت بەرانەکە سەربڕێ بەڵام ظهیرالدین نەیهێشتو گوتی:

- باوکە گیان پێویست ناکات! زوو پۆشاکەکەت بگۆڕەو برۆین.

- بۆ کوێ برۆین؟

- بۆ موسابەقەی فوتبالّ

- بۆ کوێ؟!

- بۆ موسابەقەی فوتبالّ، باوکە گیان، دەبوایە من دوو ڕۆژ دواتر بهاتبام، لەبەرخاتری ئەم موسابەقەیە، دوو ڕۆژ زووتر بەفڕۆکە هاتم.. دەمەوێ ببینم براکەم چۆن وازی دەکات...

---

[1] پێشبەند: بەروانك...

مورسیل باوەڕی نەدەکرد کەگوێیەکانی بەدروستی ئەمەیان بیستووە. بەسەرسوڕمانەوە پێڵووەکانی بەیەکا دەدا

- باوکە گیان بۆ وەستاوی؟ زووکەو بڕۆ پۆشاکەکەت بگۆڕە

مورسیل پێرخۆی دەدواند (کاتێ کەبینیت هەموو شێت بوون تۆیش ببە بەشێت))

- زەهرا.. ئەی زەهرا! ئەو چاکەتو پانتۆڵەم بۆ بێنە!

- ئەی پیاو لەم هەوا گەرمەدا چاکەت و پانتۆڵت بۆچیە؟!

- بیانهێنە، دەبێ بیانپۆشم.

- چاکەتو پانتۆڵێ، کەسی سالێ لەمەوبەر بۆیان دووریوی، ئێستا دەتەوێ بیپۆشی؟!

- بێنیە دەمەوێ بیپۆشم!

ژنەکەی مورسیل، چاکەتو پانتۆڵەکەی لەسنووق دەرهێنا، بۆنی نەفتالینی لێدەهات، مژوڵی ئوتوکردنیان بوو، لەم کاتەدا مورسیل دەستەکانی بەبەردی لێواری حەوزەکە پاکدەکردەوەو دەیشوشتن... کراسێکی سپیی لەبەرکرد چاکەتو پانتۆڵەکەی ئەگەرچی بەتەواوی تەنگ بوو، بەڵام جوانی لێدەهات، کۆڕە کونسوڵەکەی بەگاڵتەوە گووتی:

- باوکەگیان چاکەت و پانتۆڵەکەی تۆ رێک وەکو چاکەتو پانتۆڵی ژیگولو - کانە...

وەستا مورسیل سەرنجی دەوروبەری‌دا، تابزانێ ژنەکەی لەو نزیکانە نییە کاتێ دڵنیابوو کەزەهرا لەماڵێدا نییە، بەشەیتانییەوە چاوێکی لەکۆڕەکەی داگرتو گوتی:

- ئەم چاکەتو پانتۆڵە بەسەرهاتێکی دوورو درێژی هەیە... مەرحووم مەشهەدی بۆی دووریوم.. مەرحووم کەریەلای یەعقوب چەند جارێ بۆ کەیفو سەیران بۆ (تەفلیس)ی بردووم.. ئەم چاکەتو پانتۆڵەی بۆ دووریم، تاپێوەی بچمە ((تەفلیس))...

کۆڕی خۆم، من ئامادەم.

سواری تەکسی بێک بوون، کەنۆهەمین کۆڕی وەستا مورسیل بانگی کردبوو.

مورسیل خۆی دەدواند سەرەڕای ئەوەی کەبۆ موسابەقەی فوتبالێ دەڕوات بەڵام شەوێ حەتمەن لەگەڵ کۆڕە کونسوڵەکەیدا لەمەڕ تۆفیق قسان دەکات.

بۆ ئەوەی بچنە ئستادیۆ[2] - مەکەوە، ناچاربوون لەرێزێکی درێژدا بووەستن، مورسیل سەری سوڕمابوو (خودایە، چەندێ خەڵکی لێیە پزیشکەکان لێرەن، سەرتاشەکان لێرەن، سەرۆکی فرۆشگاکان لێرەن، تەنانەت پاسەوانەکانیش لێرەدان.

لەپڕ مورسیل لەنیوانی خەڵکەکەدا غەیبەلی بینی کەهەوڵدەدات رعایەتی تۆبەت نەکات بچێتە وەزشگاکەوە

- غەیبەلی!

- بەڵێ... وەستا!

- غەیبەلی! مەگەر ئێرە دەرمانخانەیە؟! مەگەر دەرمانی دایکی نەخۆشت لێرە دەفرۆشن؟!

غەیبەلی بەسەرسوڕمانەوە سەرنجێکی چاکەتو پانتۆڵەکەی وەستای داو وتی:

- وەستا، دایکم نەخۆش نییە، من نەخۆشم، هەموو ئەم خەڵکانەی لێرەدا دەیانبینی نەخۆشن. ئینشائەڵڵا ئەم نەخۆشیەش دەگاتە تۆ!

- بێدەنگ بە غەیبەلی، وەرە لەگەڵ ئێمەدا بڕۆین!

- وەستا، هەرکە چوویتە ژووریێ دەبینیێ ئەم نەخۆشیە چەندزوو نەقڵ دەبێ!

لەوەرزشگاکەدا جێێ سوزنێك نەدەبووەوە، هەموو موجامەلەی مورسیلو کۆڕەکانیان دەکرد، کەلەتەنیشتیان دانیشتن، نۆهەمین کۆڕ کەسانێکی نیشانی باوکی‌دا کەهەندێ لەسەرووەوە دانیشتبوونو گوتی:

- باوکە، سەیرکە، هەموو گەورە پیاوەکانی شارەکەمان ئەم نەخۆشیەیان هەیە.

باوکو کۆڕەکانی لەنزیکی تریبیۆنی مەرکەزی دانیشتن،کەمی مابوو موسابەقەکە دەست پێبکات بیستو دوو گەنج بەکراسی وەرزشی شینو سوور، هاتنە ناو ساحەکە، بەتۆپ پاسیان بەیەکدی دەدا.

---

[2] ئیستادیۆم: ساحەی تۆپێن

تریبیون: ئەو کورسی‌یەی پشتی مایکرۆفۆن

نۆهەمین کۆڕی مورسیل گەنجێکی نیشانی باوکیدا کراسێکی وەرزشی لەبەربوو، ژمارە حەوتی لەسەر نووسرابوو گوتی:

- سەیرکە، ئەوە تۆفیقە

- ئێوە بەمە دەڵێن موسابەقە؟!

- نە، باوکە گیان ئەمە هێشتا ((ئیحمایە))

- ئیحما یانی چی؟

- کاتێ کەپیاو لەخەو هەڵدەستێ، هەندێ دەجوڵێتەوە، تانەرم بێتەوە ئیحما - یش شتێکە لەو بابەتە

- نەعلەت لەشەیتان!

کۆڕە گەورەکە، دەستووری موسابەقەکەی بۆ باوکی روون کردەوە، داوەر[3] فیکەی لێداو موسابەقە دەستی پێکرد، جگە لەعەمۆ مورسیل هەموو چاویان بڕیبووە گەمەکە مورسیل تێنەدەگەیشت بۆ هەر بیستو دوو یاریچیەکە، بەتەواوی دیقەتەوە خەریکی تۆپەکەن.. ئاسنگەر هەوڵیدا لەکۆڕەکانی خۆی ببرسێ، بەڵام ئەوان ئەوندە سەرگەرمی تەماشای گەمەکە بوون، ولأمیان نەدایەوە. وەستا مورسیل هاوقسانی دەستنەکەوت ناچار بوو تەماشای یاری چیەکان بکات. کاتێ کەیاری چیە کراس سورەکان تۆپیان گەیاندە نزیکی گۆڵی حەریفەکەیان دەنگی:

(شووت لێدە ! شووت)

بەرزبووەوە، مورسیل دەیبیست، لەدەوروبەریا ئەو خەڵکە چ جۆر هاوار دەکەن.

- تۆفیق پەلەکە !

- تۆفیق شووت لێدە

- ئاسنگەر زادە خۆت شووت لێدە.

ئەم دەنگو هاوارانە بووە هۆی ئەوەی کەعەمو مورسیل، بەشەوقەوە زیاتر چاوی بدورێتە تۆپەکەوە، هێشتا هیچ یەک لەو دوو تیپە گۆڵیان نەکردبوو، لەهەموو لایەکەوە دەنگی هاوارو فریاد دەگەیشتە گوێ..

- ئەمڕۆ کۆڕانی ئێمە ئەسڵەن هەر گەمە ناکەن!

- تا گۆڵێ لەکۆڕانی ئێمە نەکەن، بەو شێوەیەی کەدەبێ وازیبکەن، هێشتا وازی ناکەن!

- ئاسنگەر زادە ئەمڕۆ ئەسڵەن ناتوانێ وازیبکات!

- دەبوایێ پێشتر پاکانەیان بکردیایە

مورسیل، سەری خۆی وەرچەرخاند، ویستی لەکەسێ کەهاواری دەکرد بپرسێ، بۆچی دەبێ عوزر لەتۆفیق داواکەن، یەکێکیدی ولأمی دایەوە

- چ دەڵێی، کاکیبرا، تۆفیق چاکترین یاریزانی ئێمەیە، سەیرکە چەند جوان یاری دەکات...

مورسیل، ئارام بووەوە، خەریك بوو تایمی یەکەم تەواوبێ، تیپی حەریف گۆڵێکیان کرد

یەکێ گوتی:

- ئێستا وازی واقیعی دەست پێدەکات

فیکەی داوەر بەرزبووەوە، یاریزانەکان عارەقیان دەردابوو، بەرەو ئیستراحەت رۆیشتن

یەکێ هاواریکرد

- نانتان لێحەرام بێ

عەمو مورسیل، سەیرێکی کۆڕەکانی خۆیکرد، هەردوکیان غەمبار و رەنگپەڕیوو بوون.

- بۆ ئەوەندە غەمبارن؟

- چۆن دەبێ غەمبار نەبین؟ خەریکە دەدۆڕێنین

- پێم بڵێن ئەو برایەتان لەکوێدایە، تابچمو پەی بڵێم دوو گۆڵ بکات، پاش ئەوەی کەمن پەی بڵێم، چۆن جەسارەت دەکا گۆڵ نەکات!

پاریزانەکان دەرکەوتن، لەتایمی دووەمدا یاری گەرم بوو، زوو زوو پاسیان بەتۆفیق دەدا، نزیك گۆڵی حەریف دەبووەوەو پاسی بەهاوڕێکانی دەدا، بەڵام ئەوان نەیانتوانی گۆڵ بکەن

- خۆت لێبیدە !

عەمۆ مورسیل نەیتوانی دان بەخۆیا بگرێ لەپڕ هاواری کرد

– دەی خۆت لێبیدە !

وەك لەخەو بیێداربێ، لەترسی ئەوەی پەی پێنەکەنن سەیرێکی دەوروبەی کرد. بەڵام هەر کەسەو سەرگەرمی کاری خۆی بوو..

تۆفیق دووبارە نزیکی گۆڵی حەریف بووەوە

- خۆت لێبیدە !

تۆفیق شووتی لێدا، بەسەروی گۆڵەکەدا تێپەڕی

مورسیل هاواری کرد

- خۆزیا ئەو پێیەی تۆ دەشکا ! دەبێ پێیەکانی تۆ نالێ کرێن..

---

[3] داوەر: حەکەم

دیسانەوە تۆپ کەوتە پێی تۆفیق، لەکەسێ تێپەڕی

- سەیرکەن چ کارێ دەکات...

لەپڕ تۆفیق لەبەردەم گۆڵی حەریفدا دەرکەوت

- شووت لێدە !

- شووت لێدە !

عەمو مورسیل - یش هاواری کرد

- خۆت شووت لێدە ! ئەگەر گۆڵ بکەی، لەبەرپێتدا بەرانێ سەردەبڕم و دەیکەمە قوربانی

لەم کاتەدا عەمو مورسیل، هەموو شتێکی فەرامۆش کردبوو، تەنها تۆپ و تۆفیق و گۆڵی حەریفی دەبینی... شووت! گۆڵچی خۆی هەڵدا بەلام کار لەکار ترازاو گۆڵ بوو.

جۆش و خرۆش کەوتە ساحەکە هەموو بەرز دەبوونەوە و هاواریان دەکرد

- ئافەرین، ئاسنگەر زادە، بارەکەڵا!

- هەزار سال بژیت !

- بەقوربانی ئەو پێیانەت بم!

گۆڵی دووەم لەوەوە هات، تۆفیق پاسی دایە یەکێك، سێهەمین گۆڵیش خۆی کردی.

مورسیل، هەند خۆشحال بوو، خەریك بوو پەپۆڵە دەرکات، بەئاسمانی وەرزشگاکەدا بفڕێ، لەناوەڕاستی ساحەکەدا بنیشێتەوە، تۆفیق بگرێتە باوەشی، موسابەقەکە کۆتایی پێهات، هەموو شادو لێو بەخەندە بوون، ئەو هەموو خەڵکە بەشەقامەکاندا شۆڕبوونەوە، عەمو مورسیل هیچ کاتێ ئەوەندە شادو کەیفخۆش نەبووە، دڵی دەیویست هەشتەمین کوپی خۆی ببینێ

- باوکە گیان نابێ! لەماڵێدا دەیبینی

پیرەمێرد دەیپرسی

- بڵێ بزانم، ئەم موسابەقانە بەردەوام دەبن؟

- بەڵێ

- ئەی بۆ بەمنیان نەدەگوت؟ نەعلەت لەشەیتان!

ئەوەند سەرنج راکێشو لەزەت بەخشە، منیش لەماڵێدا دانیشم.. غەیبەلی!

- بەڵێ وەستا

- چیدی دایکت نەخۆش ناکەوێ

- نەخێر.. وەستا، نەخێر

- غەیبەلی!

- بەڵێ وەستا

- پاش ئەمە، هەرکاتێ بەدوای دەرمان بۆ دایکت کەوتیتەڕێ، منیش لەگەڵ خۆتا ببە

- سەرچاو.. وەستا

- غەیبەلی، هەر تیپێ چەن یاریزانی هەیە؟

- وەستا، یانزە..

- غەیبەلی، باوەڕ بکە ئەگەر یانزە کوڕم هەبا لێدەگەڕام هەموویان فوتبالیست بان.

ئاڵتای مەحەمەدۆف


لەدایك بووی ساڵی ١٩٣٠

موحەمەدۆف، لەکۆنترین شاری ئازەربایجان، لەزادگای شاعیری گەورە نظامی گەنجوی دەژێو کاردەکات، لەگەڵ دەرس گوتنەوە لەزانکۆی بەرزی پەروەردەی مامۆستایانو خوێندکارانی گەنج، خەریکی نووسینیشە محمدۆف نووسەرێکی گوڵمەز ئامێز و درامنوسە، حیکایەتە گوڵمەزەکانی وەك ((هاوشاریەکان))و((مردووەکان)) لەکۆماری ئازەربایجاندا لەلایەن هەموو خەڵکەوە جێی پەسەندە، ئەم نووسەرە گەڵ چیرۆکی غینائی دەربارەی عەشق - ی ولأتو ئینسانە چاکو راستگۆو وەفادارەکان هەیە.

⌘

پیاوی پریاسکەکە

فاروق هۆمەر



من ئەو پیاوەم کە لە منالّییەوە پریاسکەیەک لەسەر شانم رواوە..ئیتر بۆم ناکرێ ئەم پریاسکەیە دانێم. بۆتە سایەو سێبەرم.. دەبێ تاوەکو مردن بەسەر شانمەوە بێ.

خۆشم نازانم لە چ شوێنێکدا بۆ هەوەلّین جار لە کۆلّم گرت. رەنگە هەر بۆشم نەکرێ ئەوە بە بیر خۆم بهێنمەوە کە ئەم پریاسکەیەم کەیو چۆن ناسی.

بەلّام تاکە شتێك کە بە تەواوی لێ دلّنیام ئەوەیە کە ئەم کارە بەمەرامو ئارەزووی خۆم رووی نەدا.. هەر لە ساواییمەوە بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم لەسەر شانم هەلّتۆقی.. وەك مشتێك هەناسە رژایە ناو دووتوێی سنگمەوە.. وەکو دووچاو دوو گوێ بە روخسارمەوە روان. من وام ئەزانی لە دەرەوەی تواناو دەسەلّاتی ئەوا ئەژیمو هەرکاتێك بۆم بلوێ دەتوانم زۆر بە سانایی هەموو سۆزو پەیوەندییەکانمی لەگەلّا بپچڕێنمو لێ جیا ببمەوە. بەلّام ئەفسوس وا دەرنەچوو. ئەو بەبێ پرسو ئارەزووەکانی من لەناو لەشو گیانما هیلانەی چێکرد.. وەکو جالّجالّۆکە لەناو مولوولەی خوێنما تەونی تەنی. ئەو دەمەی جانتاکەم کردەشانو دەرگاکەم پێوەدا شێوەی منالّێکی چکۆلە دەستی کردە گریانو هەنگاو هەنگاو لە دوامەوە هات.

من ئەو کاتە گەنجێکی سەرەڕۆ بووم.. بە رادەیەك سەرەڕۆ.. وەك بەرد رەق بووم. دلّم بۆی نەسووتاو بڕیارم دا بۆ هەتایی بەجێی بهێلّم. زۆریشم لەخۆم کرد ئاوڕی لێ نەدەمەوە.. کەچی لەهەر گۆشەو کۆلّانێکەوە تێ ئەپەڕیم لە پێشمەوە بەرەو رووم رای دەکرد. سەرەتا هەر خۆی تەنیا بوو.. دواجار هەموو منالّە شەلو کوێرو چلّکنەکانی شاری خستە شوێنم. هەموویان لە شێوەدا وەکو یەك وابوون.. زەردەلّگەڕاو.. قژیان تالّ تالّی سپی تێکەوتبوو. هەندێك لە ددانەکانیشیان کلۆر ببوو. سەرم دانەواندو خۆم لێ هەلّەکردن..

لەهەرکوێوە دەڕۆیشتم بە زیقە زیق ئەیاندۆزیمەوە. هەریەکە شوێنێکیان ئەگرتم.. یەکێ داوێنی کراسو پانتۆلّەکەمی رائەکێشا.. یەکێ لە پشتەوە خۆی پیا هەلّدەواسیم. خەریك بوو بە دەنگە ناقۆلّاکانیان کەڕوکاس دەبووم. بە نوکی پێشەقم تێ هەلّدانو روخساریانم پڕکرد لە تف. بەسەر حۆیاننەدەهێناو بەردەوام پەلاماریان ئەدام. نەك هەر

جلوبەرگەکانم بەپارچە پارچەکراوی بـە دەستیانەوە بەجێما.. بەڵکو چاوو لوتو گوێمیان لـەبن دەرهێنـا. دڵو جگەرو هەناومیان کوت کوت کرد. هەرچۆنێ بوو لـە دەستیان هـەڵاتم _ بـە ڕووتـی هـەڵاتم _ تـک تـک خوێنم لێ دەچۆڕایەوە.. ئێستاش وا هەست ئەکەم بە دوامەوەن.. کە چاو ئەنوقێنم تارمایی ئاپۆرەی منـاڵ دەبینم لەبەرچاوما گێژ دەخۆن‌و خەریکە بە شـەپۆلی هەناسەی گڵاویان دەڕشێمەوە.

بەڵام دواجار بـۆم دەرکـەوت مـن تـەواو بەهەڵـەدا چـووم.. بـە دورکەوتنـەوەم زیـاتر رێگـەم پێـدا بگەڕێتەوە ناو دڵو هەناوم.

ئەوەی من پێشبینیم ئەکرد بـەجێم هێشتبێو لـە کۆڵـم بووبێتـەوە لەگـەڵ خـۆم هـەڵمگرتبوو.. لەسـەر شانی راستم بینیمەوە..

مـن ئـەو پیـاوەم کـە سـاڵانێکی دوور درێـژە ئـەم پریاسـکەیە بـە کۆڵمـەوە دەگـێڕم. بـۆ هەرکوێیـەک چووبم لەگـەڵ خـۆم بردوومـە. پریاسـکەیەکی نـهێنی تائێستا کەس پێی نەدیوم‌و کەچی پێشمە.

شـەوو ڕۆژ دەسـتی ناوەتـە بینـەو دەیـەوێ بمخنکێنێ.. بۆ چرکەسـاتێ چیـە ڕێگـەم نـادات لـە بیری بەرمەوە.

هەمیشـە هـاوار دەکـاو دەقیژێنـێ.. بـەردەوام کەڕوکاسـی کـردوم.. مـن شـەکەتو مـاندووی ئـەم پریاسکەیەم. ئەو پیاوەم کە لە ژێر ئەو پریاسکەیەوە ڕێ دەکات. ئەو پیاوەی کە دەبێ بەردەوام خۆی بـۆ هەڵگرتنی ئەو بارە قورس‌و گرانە ئامادەکات. لەگـەڵ ئەوەشدا خۆشم دەوێو پێم خۆش نییە لێی دابڕێـم. پڕپەتی لە سەبوری‌و ئارامی.

هـەندێ جار جوانـی لێ دەرژێو ڕوونـاکی لێـوە هەڵدەقوڵێ. کتومت بە چەشنی دڵم گوڕو تین‌و ژیانم پـێ دەبەخشـێ..وا هەسـت دەکـەم بۆتـە پارچەیـەک لەلەشم.. چاوێك یان گوێیەک..

دەتوانم بڵێم بە جیا لە هەموو خەڵکی من چاوێکی زیادەم لێ ڕواوە. خۆشـم نـازانم من گیرۆدەی ئەم پریاسکەیە بووم یان ئەو گـیرۆدەی من بووەو بێ من هەڵناکات.

بە شێوەیەک دەقم پێوە گرتووە کە ئیـتر ناتوانم لێی جیا ببمەوە. لەوەتەی ئـەم پریاسـکەیەم بەسـەر شـانەوەیە نـەمتوانیوە ئۆقـرە بگـرم. بـەردەوام بەڕێوەم.. لە شوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی دی. جێیـەک نییە ئەم پریاسکەیەی لێ دانێم‌و تاوێك ئارام بگرم.

هـەموو دنیـام تـەی کـرد.. وەکـو شـێت بـەگردو شـاخ‌و دەشـت‌و دەریـاو ئۆقیانووسـەکاندا دەخولێمـەوە. حەسـانەوەم بـۆ نـیـە. خۆشـم نـازانم لەکوێوە دێم‌و بۆ کوێ دەچم.

بـیرم نایـەت لـە کەیـەوە ئـەم پریاسـکەیەم هـەڵگرتووە.. ئـەوەندە ئـەزانم ڕۆژێـك لـە ڕۆژان مـن لەناویا دەژیام.. مـاڵێك بوو بۆخۆی..مـاڵێکی گـەورەو گران.. لەوێدا فامم کردەوەو بەشێکی زۆری منداڵیشـم لەویدا گوزەراند.

ئەوکاتـە ئـەو منـی هـەڵگرتبوو.. بەسـەر شـانی ڕاسـتی ئـەوەوە بـووم.. ئەوکاتـە هـەمو خـەڵکی دەیانبینی بەڵام لەوەتەی ئەو بەسەر شانی منەوەیـە کەس نایبینێ. لەوەتەی هەم هاوار بۆ هـەموو دنیـا.. بۆ هەموو ئەستێرەو ئاسمان‌و گەردوونەکان دەکـەم‌و پێیان دەڵێم: تەماشاکەن چ پریاسکەیەکم بەسـەر شانەوەیە.

کەچی کەس تەماشام ناکات‌و ئاوڕم لێ ناداتەوە.. وەك ئەوەی هەموویان کوێر بووبن. من گومانم لـە بوونی خۆم‌و لە بوونی پریاسـکەکەم نییـە. ئـەوەتام دەستم تێوە دەن.

بمبینن.. پیاوێکی قـەموور بـە گۆچانێکـەوە دنیـا تەی دەکەم.

بۆم دەکرێ دەرگای پریاسکەکە.. دڵو هەناویتان پـێ نیشـان دەم.. تەماشاکەن چـۆن ڕوومەتـەکانی چرچ‌و لۆچ بوون‌و داخ‌و زوخاو لەدڵی دەتکێ.

لە دورەوە هەر لە پـیرە ژنێکـی ئیفلیـج‌و کۆمـاوە دەچێ لە ژێر تریفەی مانگەشەوا دەستی نابێتـە ژێـر چەنەی خەم‌و قوڵپ قوڵپ بگری.

ئەو دەمەی پێـم لـە مـاڵ نایـەدەر گـەنجێکی بـێ مێشك‌و سەرەڕۆ بووم.. گوێم نەئەدا بە گەرم‌و گـوڕی مـاڵ.

تامەزرۆی وردبوونەوەو تەماشاکردنی چواردەوری خۆم نەبووم. هەموو یادەوەری‌و خەم‌و شـادییەکانی منداڵیم تورداو هەڵاتم. پێم وا نـەبوو مـاڵیش وەکـو ژن شـۆخ‌و شـەنگ بـێ. چـاوم تـەڕایی دااڵن‌و ژوورو حەوشەو سەربان‌و بن بانی نەدەبینی.

دەرگام پێوەداو چوومە دەرێ.. هێندەی نەمابوو دەرگاکە لە گرێژنـە بـەرم.. بـە بـێ ئاوڕدانـەوە جێـم هێشت. چـەندە بـانگی لێکـردم گوێـم پـێ نـەدا.. هـەموویان بانگیـان کـردم.. حەوشـەو دااڵن‌و ژوورو سەربان‌و بن بان بانگیان کردم.. گوێم لێ نەگرتن.

لە دورەوە گوێم لە پڕمەپڕمی گریانیان بوو. پێدەچێ ئێستاش ژیر نەبووبنەتەوە.

ئەوسا ئاگری شێتی هەڵی گرتبووم، وامئەزای دەتوانم بڕۆم و هەموو شتێ جێ بهێڵم هەروەکو چۆن باڵندەیەک کۆچ دەکاو هێلانەکەی خۆی جێ دەهێڵێ.

بەڵام هەر لەوساتەدا کە پشتم کردبووە دەرگاکەو دورئەکەوتمەوە دڵنیا بووم لەوەی تەنیانیم.. ماڵێکم لەگەڵ خۆم هەڵگرتووە..

حەوشەو دالآن و ژوورو سەربانم لەگەڵ خۆم هەڵگرتووە..هەموو منالێم.. یادەوەریەیە شیرینو تاڵەکان.. گۆڕستانێکم لەگەڵ خۆم هەڵگرتووە.

هەموو رابردووم لەگەڵ خۆم بردو ڕۆڵ لە دوای ڕۆڵ لە گیانو لەشما وەکو قارچک هەڵئەتۆقین.. وەکو کانیاو لە چاوو گوێما ئەتەقینەوە.

ئەتوانن هەموتان بێنو تەماشاکەن.. ئەوە دەرگای پریاسکەیە چۆن بۆ دواجار بە توڕەییەوە لێوەی چوومە دەرێو دامخست هەروا داخراوە.. هەمان ئەو دەرگایەیە کە بۆم دەکرێ وەک هەر باڵێکی خۆم بیناسمەوە.

هەموو ئەو جێ بەردانە بەسەر سنگیەوە دەبینم کە لە منالیا بۆ وەرگرتنی پارچە پارەیەک بەردە بارانم دەکرد تا دایکمی پێ ناچار کەم فەقیانەکەیم بۆ بکاتەوە.

ئەگەر چاویشم کوێرکەی دەتوانم هەر بە بۆن بگەڕێمەوە ئەم کۆڵانەو لەناو هەزاران دەرگادا بەلەپی دەستم بیدۆزمەوە.

هەر بۆشم نەکرا بیناسمەوە خۆی دەمناسێتەوە. سیمام لەناو هەزاران سیمای دیدا جوێ دەکاتەوەو بانگم دەکات.. ئەگەر گوێشم لێ نەبێ بەرەو پیرم دێ. دەستم دەگرێو دەمبا. منو دەرگاکە لە منالیەوە یەکدیمان خۆش دەویست.

زۆرجار من ئەبوومە دەرگاو ئەو لە منەوە دەهاتە ژورێ. پیرم دێ ڕۆژێك لە قوتابخانە دواکەتبووم.. زۆر بەپەلە لێوەی چوومە دەرێ.. قاچی لە قاچم ئاڵاندو بەسەرا فڕێی دامە ناو قوڕولیتاوەکەوە.. هەموو جلەکانم پیس بوون. بە هۆی ئەوەوە کەوتم.. هەموو دەمولوتم پڕ بوون لە خوێن.. بە ترسو لەرزەوە پێی گوتم: ((بمبە خشە))

بەڵام من زۆر تووڕە بووم.. هەموگیانم قوڕوچڵپاوی لێ ئەتکایەوە.. شەپازللەیەکم تێ سرەوواندو بۆ ماوەی هەفتەیەک بوغزاندم. هەر زووش بڕیارم دا تا قاچ لە قاچی نەئاڵێنمو نەیخەمەوە ناووقوڕولیتاوەکە لەگەڵی ئاشت نابمەوە.

کەچی شەوێك بە گریانو هەنسکەوە هاتە لای دایکمو پێی گوت ئاشتمان کاتەوە. من کە بەوحاڵەوە دیم دامە قاقای پێکەنینو دڵم لە قەهرو کینە پاکبۆوە.. بەرەو پیری چوومو باوەشم پیاکردو تێر تێر ماچم کرد.. بە خێرایییش فرمێسکەکانیم بۆ سڕیەوە. ئێستا دەرگاکە بچوك بۆتەوە. ڕەنگە بۆم نەکرێ هەروا بە ئاسانی لێوەی ئاودیو بم. ئەبێ خۆمی بۆ دانەوێنمو لەسەر لا لێوەی بچمە ژورێ.

هەنوکە وەکو من پیربوەو بە گۆچان دەڕوات بەڕێوە. ئەوەتا چاوەکانیشی کز بوونو هەموو ددانەکانی هەڵوەڕیون. ئای چ زوو هەڵوەرین.

ئەوسا بەبێ ئەوەی خۆم دانەوێنم وەکو بێچوە پشیلەیەك ڕۆژی سەد جار فرتەم لێوە دەکردە دەرێو لێوەی دەهاتمەوە ژورێ. بە گیرفانی پڕ لە هەڵماتەوە لێوەی دەچوومە دەرێ. ئەو هەڵماتانەی هەمووی دەسکەلا بوونو ڕۆژانە دەیان هەڵماتم پێ دەبردنەوە، تا منالەکانم قلوچ نەکردایە نەدەهاتمەوە ماڵێ. یەکەم دەست ڕاستی گەڕەك من بووم. هەرکە لە دوورەوە چاویان پێم دەکەوت یاریەکەیان تێك ئەدایەوەو بڵاوەیان لێ دەکرد. تۆ بڵێی ئەوکاتەش ئەم دەرگایە ئەوەندە چکۆلە بووبێو من هەستم پێ نەکردبێ.. نا باوەڕ ناکەم. من گەورە بووموو بالآم وەکو چنار هەڵکشاوە. دڵنیام دەرگاکە بچکۆلە نەبوو. ئەگەر بۆم بکرایە سێ چوار جار بچومایەتەوە سەر شانی خۆم هێشتا دەستم نەئەگەیشتە سەری دەرگاکە. کەچی ئێستا سەرم لە دەرگاکە هەڵکشاوترە. ئەتوانم زۆر بە ئاسانی دەست لە بنمیچەکەی بدەمو پیا هەڵگەڕێمو بچمە سەر بانەکەشو لەسەربانەکەشەوە خۆم هەڵدەمەوە خواریێ، ئای پریاسکەکە چ زوو پیر بوویتو پشتت چەمایەوە..بەڵام خەفەت مەخۆ.. تۆ لای من هەر جوانی.. تۆ هەر ئەو ماڵە شۆخو شەنگەی کە هەنوکە وەکو دارگوێزێك لەناو دڵما ئەژیت. سەدجار هەڵتکەنن دەژێیتەوە.

تۆ ئەوە بهێنە پێش چاوی خۆت دارگوێزێك لەناو دڵتا ڕوابێو هەزاران گوڵو گەڵاو چڵیش لە دەمو لووتو گوێتەوە دەڕپەڕپینەتە دەرێ. هەمیشە

چاوەڕوانم رەگەکانت لەبەری پێمەوە بێنە دەرێ و بە خاکمەوە گرێ دەن.

بە تەنیا ئەو کاتە بۆم دەکرێ بحەسێمەوەو ئارام بگرم. ئیدی لە کونجێکا جێگیر ئەبم تا خەڵکی بەلاما تێپەڕن و چنگیان پڕکەن لە گوێزو تاوێك بۆم پێبکەنن و ئەوجا بە شادیەکەوە جێم بهێڵن.

پێم خۆشە بەیانیان ئاورنگ قاچم تەڕبکاو باڵندەکانیش لەسەرم بنیشنەوە. واپێشبینی ئەکەم لەناو هەموو باڵندەکانا ڕۆحم بە ریشۆڵەیەکی مەلول ئاشنا ئەبێ. ریشۆڵەیەك وەك پیرەمێردێکی ڕەشپۆش هەموو بەیانییەك بە غەمگینیەکەوە دێتە لامو بە شێنەیی فێری زمانی خۆیم دەکا تا بۆم بکرێ گوێ لە رازو نیازەکانی بگرم، ریشۆڵەکە بە پەڕۆشەوە باسی رابردووی خۆیم بۆ دەکا کە چۆن لە تافی گەنجێتیا عاشقی ریشۆڵەیەکی بێوەژنەکە هاتە لات پێی بڵێ لە دوریتا هەستی بە تەنیای و بێکەسی و بێزاربوون دەکرد)).

ڕۆژی پێناچێ ریشۆڵەکە سەری خۆی هەڵدەگرێ و دەڕوا. بزرو بێ سۆراغ لە گۆشە چۆڵەکانا.. لە دنیا نادیارەکانا.. خەڵوەتنشین و لاتەریك ئارەقەی شەرم و گوناە لە ڕووی دەتکێتەوە.

سەوداسەری و پەڕۆشیەکانی لە ڕووناکیەوە بەرەو تاریکی ڕاپێچی ئەکەن و لە قوڵترین چرکەساتەکانی پێکەنین و ئاسودەیی دەحەپەسێ و تەزوو گیانی دەچنێ و فرمێسك لە چاوانیەوە چەشنی دەریا دەچۆڕێتەوە.

دواتر لە ئێوارەیەکی پایزییا کە بەفر سەرتاپای گیانم دائەپۆشێت.. ریشۆڵەیەکی ناوەختە دێتە لامو پێم ئەڵێ: ((ئەو ریشۆڵە مەلولەی کە هۆگری ببوی لە کاتی گەڕانەوەدا دڵی تەقی و کەوتە دەریاوە)).

کە خۆم لەبەردەم دەرگای پریاسکەکەدا دەبینمەوە بەشەوقێکی سامناکەوە دەڕوانمە دەرگاکەو وەك ئەوەی لە رابردوودا راوەستابم دەرگاکە دەترازێنم بەهەمان ئەو شەوقەوە دەرگاکە دەترازێنم کە منادڵێك بۆ هەوەڵین جار دەرگا دەترازێنی و لە ماڵە بچکۆلەکەی خۆیەوە دەڕوانێتە دەرەوەو دنیا ئەبینێ.

هێتا دەگاکە بەتەواوی نەکراوەتەوە من دەڕوانمە دار هەنجیرەکە. کە منادڵ بووم پێم وابوو دار هەنجیری حەوشەکەمان دەجوڵێتەوەو هەر ڕۆژەی دەچێتە ماڵێك.

باوکم پێی دەگوتم ((هەنجیرەکان لێنەکەیتەوە ئەگینا دار هەنجیرەکە تووڕە دەبێو دەڕوات)).

ئیتر من بۆئەوەی دار هەنجیرەکە زویر نەبێو ماڵەکەمان چۆڵ نەکات هەنجیرەکانم لێنەئەکردەوە تا بۆ خۆیان وشك ئەبوونەوەو ئەکەوتنە خوارێ.

هەموو بەیانییەك کە لە خەو ڕادەبووم بە خێرایی ڕامدەکردە حەوشەکەووتەماشایەکی دار هەنجیرەکەم دەکرد تا دڵنیا بم لەوەی هەر لێرە ماوە یان تووڕە بووەو ڕۆیشتووە.

ئەوەتا دار هەنجیرەکە هەر ماوەو هیچ نەگۆڕاوە. بە دووچاوی منادڵیەوە دیقەتم دا.. هەموو گەڵاکانی وەڕیبوون. حەوشەکە پڕ ببوو لە گەڵا هەنجیر.

تۆ بڵێی دایکم ئێستاش هەر لەوێ سەرقاڵی گسك دانی حەشەکە بێ. جوان تەماشام کرد. کەسم نەبینی.. گوێم شل کرد تا دەنگێ بێتە گوێم بەڵکو ئەمە خوایە دەنگی دایکم بێو پێم بڵێ ئادەی ((کاڵزو)) ئەو تەنەکەی خۆڵم فریاخە با ئەو گەڵا دواپڕاوانەی تێ فڕێدەم.

ڕۆژ چاوەڕوان بووم هیچ دەنگێکم نەهاتە گوێ. کە دایکم گەڵاکانی دەمالّی و فڕێی دەدانە ناو تەنەکەی خۆڵەکەوە، ئیدی ئەو شەوە تا بەیانی خەو نەئەچووە چاوانم. تا دایکمو باوکم دەخەوتن خۆم لەناو جێو بانەکەدا دەخڵافاند.

ڕۆژ جار نیوەی شەو لە نێو جێگەکەم ڕادەپەڕیمو ڕامدەکردە سەر تەنەکەی خۆڵەکە.

هەموو گەڵا هەنجیرەکانم دەردەهێنانەوەو جارێکی دی لە حەوشەکەدا بڵاوم ئەکردنەوە. من لەتاو گریانی گەڵا هەنجیرەکان زۆربەی شەو خەو نەئەچووە چاوم.

ئای چەندە حەزم لە خشەی گەڵاکان بوو کە رەشەبا گەمەی پێ ئەکردن. من هێشتا لەبەر دەرگاکەدا راوەستاوم و لە رابردووەوە دەڕوانمە ناو حەوشەکە. لە پڕێکا خوڕەی بەلوعەکە بە ئاگام دەهێنێتەوەو دڵۆپ دڵۆپ ئاوی لێ دەچۆڕێتەوە. لەوە دەچێ سەدەیەک بێ ئەم ماڵە ئاوی بەخۆوە نەدیبێ.. ئەوەتا هەموو شتێك نیشانەی چۆڵۆ هۆڵی ئەم ماڵەم پێ نیشان ئەدا.. هەزاران کۆترو چۆلەکە بەبێ ترس هێلانەکانی خۆیان تیا چێ کردووەو جاڵجاڵۆکەکانیش بە ئارەزووی خۆیان تەونیان تیا چنیوە.

خوڕەی ئاوەکە تەواو بە گوێم ئاشنا بوو. بۆم دەکرا هەر لە دورەوە هەست بە ساردو گەرمی ئاوەکەی بکەم.


ئەگەر ئێستا ژنێك لەم کەلاوەیەدا بژیایە بەسەرسامیەوە تەماشایەکی بەلوعەکەی دەکردو بەرەو پیرم دەهاتو پێی دەگوتم ((چەندین ساڵە ئەم ماڵە تەڕایی بەخۆوە نەدیوە.. خەریکە تەپو تۆزو ریقنە دەمانخوا. کە تۆ دەرکەوتی ئاوەکەش هاتەوە. کابرا تۆ کێی ئاوا پێوقەیمت بە خێرە)).

تاوێك لێم دەڕوانێو جارێکی تر دەڵێ ((کابرا شێوەت زۆر لە خدری زیندە ئەچێ.. فەرموو وەرە ماڵێ)).

منیش بەر لەوەی لەگەڵی بچمە ژورێ پێی دەڵێم ((ئەو بەلوعەیە رۆژێك لە رۆژان پەنجەیەك بووە لە پەنجەکانی باپیرەم.. نازانم ئەمە کەیو چۆن رووىداوە بەڵام وا پێشبینی ئەکەم هەر ئەو شەوە بووبێ کە باپیرەم بۆ دواین جار لەم ماڵە چووە دەرێ. ئەشێ کەمێك لە ماڵەکە ورد بووبێتەوەو بە خەیاڵیدا هاتبێ پارچەیەکی لەشی خۆی لێرە جێ بهێڵێ)).

ژنەکە پەلم دەگرێو دەیەوێ بمباتە سەرێ، بەڵام من کەمێك رایدەگرمو دەیبەمەوە دەرێ.. بەو نیازە دەیبەمە دەرێ تا قاڵدرمەکەی پێ نیشاندەم. ئەگەر چی ئێستا بە تەنیا پاشماوەکەی لێماوەتەوە. ئەمجا ئەوە بۆ ژنەکە دەگێڕمەوە کە باپیرەم چۆن لەسەر ئەم قاڵدرمەیە گیانی دەرچوو.. من لێرەدا بەردەوام موچرکەیەك بەلەشما دێت.

من ئێستا کتومت قاچم لەسەر شوێن پێی ئەو داناوە. شوێن پێی پیاوێك کە ناتوانم بیری لێ



نەکەمەوە.. پیاوێك کە نەمدیوەو ناینasسم.. ئەویش نەمنی دیوەو نە دەمناسێ.. بەڵام نەنکم دەیگوت باپیرەت کتومت لە تۆ ئەچوو.

دووچاوی حەوت رەنگ.. هەر رۆژە رەنگێك.. بالآبەرزو ریشن.. هەمیشە حەزی بە جلی رەش بوو.

لەگەڵ ژنەکەدا تاوێك لەو شوێنەیا دائەنیشین کە باپیرەم بۆ دواین جار شوێن پێی خۆی لەسەر جێهێشتبوو. لە شەوێکی وەك ئەمشەودا باپیرەم دەچێتە سەر جێگای کورپەکانیو یەکە یەکە ماچیان دەکا.. بۆ یەکەمین جار لە ژیانیا ماچی کردن.. ئێستاش هیچ یەکێك لە کورپەکانی لەبیریان نییە باوکیان ماچی کردبن..

نەنکم ئەیگوت بەدەم خەوەوە ماچی کردن. ئەمجا یەکە یەکە هەوویانی داپۆشیەوەو بە ئەسپایی چووە دەرەوە. پشتی نا بە دەرگای

حەوشەوەو بە ئارامیيەوە لە کون‌و قوژبنی خانوەکە ورد بۆوە. وەك ئەوەی بیەوێ قسەیان بۆ بکا.

ئێستا ئەتوانم هەست بەوە بکەم کە ئەو شەوە باپیرەم بیری لەچی کردۆتەوە. وەك ئێستای من بیری لەوە کردۆتەوە وێنەی هەموو ژیانی رابردووی خۆی بێنێتە بەرچاوی. لەو چرکەساتەی روانیوە کە خۆی‌و نەنکم بۆیەکەمجار پێیان ناوتە ئەم ماڵەوە.

پێم وایە هەر ئەو رۆژە دار هەنجیرەکەی رواندبێ.

رەنگە هەموو بەیانییەکیش هەر لە ژێر ئەودار هەنجیرەدا نەنکمی ماچ کردبێ. نەنکم ئەیگوت ((کە باپیرەت لەبەر دەرگا راوەستا بوو خەرمانەیەك رۆشنایی لە چواردەوری پرشنگی ئەدا. من لە پەنجەرەکەوە لێم دەڕوانی. رەنگ‌و روخساری سپی ئەچۆوە. من یەکەمجار کەبینیم پێم وابوو خدری زینەیە یان لە دواچرکەساتەکانی ژیانیا بووە بە خدری زینە‌و بەیەکجاری مردنی وەلاوە نا.

ماوەیەکی زۆر لەوێدا مایەوە.. لەوەدەچوو بگری.. من ئەو شەوە لێوەی دور بووم.. فرمێسکم بەچاوییەوە نەدی بەڵام وای بۆ دەچم ئەو شەوە تێر تێر لەوێدا گریابێ‌و بەبێ دەنگی مااڵناوایی لە هەموومان کردبێ. من دڵنیا نەبووم لەوەی کە ئەمە دواجارەو ئیتر نایبینمەوە دەنا هەر زوو دوای دەکەوتم‌و تا تێر بوون نەمنوساندایە بە سنگمەوە‌و بە ئارەزووی خۆم ماچم نەکردایە نەمدەهێشت بڕواتە دەرێ)).

نەنکم نەیدەزانی ئەو شەوە باپیرەم بۆ کوێ دەڕوات..دوایی خەڵکی گەڕەك بۆیان گێڕابۆوە کە ئەو شەوە لە دەرگای ماڵ بە ماڵی دەرو دراوسێی داوەو هەمووپانی ماچ کرد\ووەو ماڵناوایی لێکردوون. دواتر چووە بەناو شاردا سوڕاوەتەوەو تا پڕبوون تەماشای مانگ‌و ئەستێرەو ئاسمان‌و درەخت‌و شەقامەکانی کردووە.

ئەو شەوە لە هەر گۆشەو کۆڵانێکی شاردا پارچەیەکی لەشی خۆی جێهێشتبوو. تەنیا قاچەکانی نەبەخشی بوو.. کە گەڕایەوە ئەویشی بەخشی بە دەرگاکە.

نەنکم دەیگوت ((نیوەشەو بوو.. لەبەر دەرگا چاوەڕوانی گەڕانەوەی بووم.. لە دورەوە دوو قاچم دی بەرەو ماڵی ئێمە دەهات.. قاچەکانم ناسیيەوە.. دووقاچی ئەو بوون. کە دەستم تێوەیا هێشتا زیندوو بوو. هەستم بە گەرمی رۆحی ئەکرد.. هێندەی نەبرد هەردوو قاچەکە لەبەرچاوما کەوتن‌و سارد بوونەوە. زۆری نەمابوو بە تەواوی بێتە ژوورەوە.. قاچێکیان لەم دیوو دەرگاکەو ئەویتریانی لەودیوەوە دانابوو)).

کە سەرم هەڵبڕی روانیم ژنەکە بە دیارمەوە راوەستاوەو بە شێنەیی گوێی بۆ شل کردوم.. پێم گوت ((بمبە خشە لەوە دەچێ بێزارم کردبی)).

– نا ئەمشەو بە ئارەزووی خۆت بدوێ.. بەڵام وەرە با بچینە ژورێ..

ژنەکە دەستی گرتم‌و لەگەڵ خۆیا بردمیە ژورێ.. لەو دیوو دەرگاکەوە کەمێك وەستام.. لەیەك ساتا ترس‌و سام‌و ئاسودەیی خزانە نێو دڵو دەرونمەوە.

تازە بۆم نەدەکرا بگەڕێمەوە.. هێزێکی ئەفسوناوی تا دەهات بەرەو قوڵایی پەلکێشی دەکردم. پاش دابڕانێکی دوور درێژ گەڕامەوە نێو پریاسکەکە.. بەڵام جیهانی ناو پریاسکەکە بە تەواوی گۆڕا بوو.. ئەو شەوق‌و جوانیەی جارانی نەمابوو.. کتومت بە گۆڕی دەکرد، بێ لە دنیایەکی تاریك‌و نوتەك چاوم هیچی کەی نەدەبینی..

رەشاییيەکی قوڵ‌و کۆتا نەبووش لەبەردەمما درێژ دەبۆوە..

لە رێگە هەزاران بااڵندە لەبەر قاچما بەرز دەبوونەوە‌و هەڵدەفڕین.. گوێم لەشەقەی باڵەکانیان بوو.. بەڵام هیچیانم بۆ نە دەبینرا. تەنیا هەستم بە باڵەکانیان دەکرد کە بەپڕتاو بەر گیان‌و لەشم دەکەوتن.

بەردەوامیش دەم‌و چاوم بەرتەونی جاڵجاڵۆکەکان دەکەوتن‌و لەگەڵ خۆما دەمپچڕاندن. دەترسام لەوەی لەناو شەپۆلی تەونی جاڵجاڵۆکەکاندا بخنکێم.. قاچم بە ئاستەم لەدوای خۆمەوە بۆ کێش دەکرا. هەندێك لە تەونەکان وا رەق هەاڵتبوون بۆم نەدەکرا بەناویانا تێپەڕم. بە گران هەنگاوێکم دەناو دەوەستام. لەپڕێکا لە دەستی ژنەکەش ونبووم. دەستم بەهەر چوارلای خۆما گێڕا.. هیچ ئاسەوارێکم بەدی نەکرد..

پێم وابوو ئیتر لێرەدا ژیانم کۆتایی پێ دێ‌و بۆم ناکرێ دەرباز بم. لەو تاریکیەشدا گەڕانەوە بەتەواوی مەحاڵ بوو.

کەتبوومە ناو تەونی هەزاران جاڵجاڵۆکەوە. هێزێك بەرو سەرەوەی هەڵدەکێشامو قاچم بە شێنەیی لە زەوییەکە دا ئەبڕا.. کاتێکم زانی وەك کۆلکە دارێك بە ئاسمانەوە هەڵواسراوم‌و هەر چوارپەلم توند شەتەك دراوە. کتومت بە شێوەی مەیتێك لەناو هەوادا راکشابووم.

که لەسەرەوە تەماشای خوارەوەم دەکرد هەموو شتێك بە روونی دەبینرا.

هەمان ئەو ماڵە بوو کە منداڵیم تیا بەسەر بردبوو.

لەبەر دالانەکەدا باوکم بینی بە توڕەییەوە لە ژنێکی ئەدا.. کە لە ژنەکەم روانی ناسیمەوە.. دایکم بوو.. هەمان ئەو ژنە بوو کە لەگەڵ خۆیا هێنامیە ژوورێ..

ژنەکە بە خێرایی خۆی لە دەست پیاوەکە رزگار کردو رای کردە ژوورێکەوە.. منداڵێکیش کە لەو نزیکانە دەگریا بە دوای ژنەکەدا رۆیشتو لە دوایەوە خۆی خزاندە ژوورێ.. پیاوەکە لە دەرەوە شوشەیەکی پەنجەرەکەی شکاندو سۆندەیە ناوی خستە سەر ژورەکە.. وردە وردە ژورەکە پڕ دەبوو لە ئاو. تا دەهات ئاوەکە بەرز دەبۆوە.. لەوە دەچێ تاوێکی‌تر ژنو منداڵەکە بکەونە سەر ئاوەکەو پێکەوە بخنکێن.. منداڵەکە من بووم..

ئەوەمنداڵی منە لەناو ئاوەکەدا دانیشتووەو منیش پیری ئەوم.. بەڵام سەیر بوو نەخنکامو هەڵاتم.. ئێستاش کە تەماشای ئەو ژورە دەکەم وا ئەزانم پڕێتی لە ئاو.

بەردەوام چاوم لەو ژنو منداڵەیە کە لە ناو ئاوەکەدا مەلە دەکەن.

نەنکم ئەیگوت ئا لەم حەوشەیەدا ئاهەنگمان بۆ دایکت گێڕا.. بە جلی زاراوە لەسەر کورسیەك دامانناو.. ئەم ماڵە پڕببوو لە خەڵك..

دایکم دواتر لەم ماڵەیا خۆی سوتاند.. دایکمیان بۆ ئەوە هێنا خۆی بسووتێنێ.. ئەوەتا ئەوە دایکمە بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە لای بەرمیلە نەوتەکە.. ئەوەش منداڵیمە بە شوێنیەوە.. دایکم لەبەرچاوما نەوتەکەی کرد بە خۆیا.. هەموو گیانی نەوتی لێ دەتکایەوە.. شقارتەکەی بە دەستەوە بوو.. زوو زوو شقارتەیەکی دائەگیرساندو منداڵەکەش فووی لێ ئەکرد..

پیاوە توڕەکە هاتە حەشەکەو منداڵەکەی بانگ کرد.. منداڵەکە دوو دڵ بوو لەوەی لای دایکی بمێنێتەوە یان لە ترسی باوکی بگەڕێتەوە ژورەکە..

پیاوەکە گوێیەکی منداڵەکە دەگرێو دەیبا.. زۆر دور ناکەوێتەوە منداڵەکە بە پەلەپروسکێ خۆی لەدەستی باوکی رائەپسکێنێو بەرەو لای دایکی دەگەڕێتەوە.. کە ئاوڕ ئەداتەوە ئەبینێ دایکی لەناو ئاگرەکەدا سەما دەکات..

ئەگەر لە ئاهەنگی بوکێنی دایکما لەوێ بوومایە.. بە خەڵکەکەم ئەگوت: تکاتان لێ ئەکەم مەڕۆنەوە.. هەر گۆرانی بڵێنو چەپڵە لێدەن.. دەی چەپکە گوڵەکانی بدەنێ.. ئەوەندەی گوڵ بدەنێ تا بەگوڵ دەیشارنەوە. ئەگەر لەناو گوڵەکانیشا بیکوژن قەیناکە.. پێم خۆشە لەناو گوڵەکانا بمرێ. کە تەماشام کرد خەڵکەکە گوێم لێناگرن.. هەر بۆ ئەوە هاتبوون گۆرانی بڵێنو چەپڵە لێدەن. کە بێزار بوون کۆمەڵ کۆمەڵ رۆشتنەوە.. ئاهەنگەکە چۆڵ بوو. چەندە هاوارم لێکردن.. گریام.. لێیان پاڕامەوە.. کەڵکی نەبوو. پێم گوتن ((دەخیلتان بم فریاکەون.. ئێستا دایکم خۆی دەسوتێنێ.. ئێوە دایکمتان بۆ ئەوە هێناوە خۆی بسووتێنێ ؟)).

هەر ئەوەندەی ماڵەکە چۆڵ بوو.. باوکمو دایکم شەڕیان کرد.. دایکم هەر بە جلە زاراکانیەوە نەوتەکەی کرد بە خۆیاو دەنك دەنك شقارتەکانی داگیرساند.. منیش یەکە یەکە شقارتەکانم بۆ دەکوژاندەوە. ئیتر باوکم هات.. گوێچکەی گرتمو دوری خستمەوەو پێمی گوت: ((وەرە هەتیو.. وازی لێ بێنە با ئەو بەرازە خۆی بسوتێنێ)).

لە ترسی باوکم نەبوایە من دایکم بەجێنەدەهێشت.. کە ئاوڕم دایەوە دایکم لەناو ئاگرەکەیا وەك باڵندەیەکی سپی لە حەوشەکە بەرزبۆوەو هەڵفڕی بۆ ئاسمان.

ئەگەر من تۆزێك پەلەم نەکردایەو لەبەردەم گوێ راکێشانەکانی ئەو پیاوە دڵڕەقەدا ئارامم بگرتایە دەمتوانی تا هەم دەنکەو شقارتەکانی ئەو ژنە بکوژێنمەوەو نەهێڵم خۆی بسووتێنێ.. ئەوە گەلێك خۆشتر بوو لەوەی ببمە ئەو پیاوەی تا مردن ئەو پریاسکە قورس‌و گرانەی بەسەر شانەوە بێو بۆ تاوێك نەحەوێتەوە.

ئەوەتا لە منداڵیەوە پشتم قەمور بووەو بە گۆچانێکەوە دنیا تەی ئەکەم. ئەگەر لێشم بپرسی نازانم من گیرۆدەی ئەم پریاسکەیە بووم یان ئەو گیرۆدەی من بووەو بێ من هەڵناکات.

١٩٩٨/١٢/٢٦

⌘

بەشێکی دی لەرۆمانی:

زانایانی تاریکی

سەلیم بەرەکات

و: غفور صالح عبدالله

((کـرێ)) پێـش براکـەی و بووکەکـەی کـەوت بـەرەوژووری میـوان هـەنگاوەکانی خرمـەخرمیان بەبەفرەکـە دەخسـت، چرایـەکی نـەوتی رووناکی لەرزۆکی بەدەستەوە بوو، دەرگاکەی کردەوەو چووە ژوورەوە، هـەردوکیان لەدووایـەوە چوونـە ژوورەوە، چراکەی لەسەر دیوارەکە بەمێخێکەوە هەڵواسی.

بەپارچە پەڕۆیەکی نەوتاوی کەبەتێلێکی درێژەوە پێچرابوو خـەریکی هـەڵکردنی زۆپاکـەبوو، هەرکـە لەترپەترپی ئاگری زۆپا تەنەکەکە دڵنیا بـوو چـووە دەرەوە. نوێنەکـە بەپـەڵ لەتەنیشـت زۆپاکـە داخرابوو، لێفە ئەستورەکەیش بەپەڕووتی لەسـەری لوول درابوون چەرچەف سوورەکەیش بـەبێ بایـەخی لەنزیک بالیفەکە تووڕدرابوو، چـاوەڕێی یـەکێک بـوو لەسـەر نوێنەکـەی راخـات، ((بێکـەس)) رێـک لەسـەر لێفەکە دانیشـت، لـەزەوی بـەرز دیـاربوو، ئیشـارەتی دایـە (سـینەم) کەئـەویش دانیشـێ، ئـەویش لـەنزیک زۆپاکـەوە شـوێنێکی بـۆ خـۆی هـەڵبژارد، قاچـە رووتەکانی بەرەو تەنەکەکە کەخەریک بوو داخ دەبـوو دڕێژ کرد، لەدانیشتنەکەیدا دەتووت منداڵـەو خەریکـە دەکەوێو بەلەوەی لەسەر گازی پشت بکەوێ یـەکێک دەیگرێتـەوە. بزەیـەکی گەمژانـە دەبێتـە ئەهـەئـەهێک، (بێکـەس)یش بیر لەمەسـەلەکە دەکاتـەوە، وەکـو یـەکێک بەتـەمای گەمـەکردنێک بێـت، پەنجەیـەکی درێژکـردو لـەناو تەنگـەوە ختووکـەیدا، کچەکـە بەخۆبادانەوە قاقای پێ کەوت، بەسکەخشکە لەسـەر لێفـە لـوول کراوەکـە هاتـەخوارەوەو، سەرپۆشـە مووسـڵیەکەی سـەرکچەکەی راکێشـاو جووتـە کەزیـە رەشەکانی تەکەیان هات، هێندێ ترسی لێنیشت. یان وریا بوو، وەڵێ سادەیی کیژە دەم بەخەندەکە و روح سووکیەکەی ئەوەیان بـۆ ئاسـان کـرد کەلەدۆزینـەوە غەریبەکـەی خـۆی رابمێنـێ. هەناسـکە هەناسـکی ئاڵۆشـاویەکەی بەرزدەبێتـەوە، بەزەردەخەنەیـەک وەکـو زەردەخەنـەی کیژەکـە خـۆی پێچاوەتـەوە. دەستی لەسەرشـانی بـەرەو مـەمکی شـۆڕدەکاتەوە، کیژەکە بەنیمچە پێکەنینێک سەیری دەسـتی دەکـات لەسـووچێکی زاریدا لێـک دەدرەوشـێتەوە، دەسـتی گەڕانەوە بۆ ئامێزی خۆی، بـەدەنگێکی پچڕپچڕ لێی پرسـی: ((ئایـا دەزانـی تۆبـۆ لـێرەی؟)).. کیژەکـە بـەدووچاوی گاڵتـە پێکردنـەوە چـاوی تێبڕیبـوو و وەرامـی دایـەوە: (بـۆ ئـەوەی زەمـاوەند بکـەین)).. دووبارە لێی پرسـی: ((ئـەرێ تـۆ دەزانـی مێردکردن چییـە؟)) سـەروچاوی هـەمان سـەروسـیمای هـەبوو وەرامـی دایـەوە: ((واتـا دەبێتـە مـێردم)).. گەمژەیەکەی وای لێکرد کەبڕوای بـەخۆی بێوقسـە

لەزاری نەبڕێ: ((ئەرێ کەس سەربووردی منی بۆ گێڕاویتەوە؟)). بزەیەکی هاتێ بێئەوەی لەپرسیارەکەی تێبگە: ((من کێم؟)) لێی پرسی و کێژەکەیش وەرامی دایەوە: ((تۆ بێکەسی)). بەورتەیەکەوە وتی: ((دەزانم من بێکەسم)). کچەکە قسەکەی پێبڕی وتی: ((تۆ ئامۆزامی)) ((ئۆە))، بێکەس ورتەیەکی لێوەهات و گاڵتەی دەهات بەدۆزینەوەکەی کچەکە. ((بێکەس)) وەکو ئەو لەنزیك زۆپاکە قاچەکانی درێژکرد، بەپێی سووکە ختووکەیەکی پێیەکانی ئەوی‌دەدا.

کێژەکەیش بەدەمی نووقاوەوە بێوچان نووکە نووکی بوو، پێی وتو کێژەکەیش سەیری بزووتنی پێی ئەوی دەکرد: ((بڕوا دەکەی کەئیمڕۆ لەدایك بووم؟)) ((هاه....هاه)). کێژەکە وەرامی دایەوە: ((ئیمڕۆ لەدایك بووی و گەورەبووی تابووی بەپیاو)). ((هاء...هاء)).. بەردەوام بوو لەختووکەدانی پێی کێژەکە: ((ئەسڵەن تەمەنی مرۆڤ خۆی یەك رۆژە، ئەوانەی کەسالانێکی دوورو درێژ دەژین ئەوانە جیان...)) . بەچرپەوە وتی‌و وازی لەختووکەدانی هێنا بەلاّم هەرکە ئەو راوەستا، کێژەکە بەپێی دەستی بەشەڕ فرۆشتن کرد تاگەمەکە پەرەبسەنێ کەپێی خۆش بوو، بێکەس بۆ شەڕ فرۆشتنەکەی خۆی دایە دەستەوەو لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو: ((رۆژێك بەسە.. تەمەنت چەندە؟ بیست سال؟ ئەگەر یەك رۆژ بژیتایە چ پێویست بەو چەندان ملیارە (هاء... هاء))ەش لەماوەی چەند سەعاتێدا لەنیگا ووردبینەکانیان بێزاربووم. ئەی چی دەبوو ئەگەر ئەو نیگایانەیان چەندان سالّ درێژەیان هەبووایە؟. هەموو رۆژێ رووبەڕووی هەمان نیگا دەبیتەوە لەکەسێکی غەریبەوە کەبەرلەوەی لێت دڵنیابێ وەکو سەگ بۆنت دەکات)). وریابوەوە وەك بڵێی لەخۆی دەپرسێ! ! لەکوێ سەگت ناسیوە؟

لەهەموو شتێك دا ئامادە بووم لەشوێنێکدا،، گرنگ نیە لەمێشکی خۆمدا بگەڕێم تا ئەو شوێنە بناسم، زۆرم دیوەو هەر هێندەش بەسە)).. کێژەکە بەردەوام بەپێی ختووکەی پێی دەدا، چرچ‌و لۆچی شوێنێکی سەروچاوی دەگرتەوە کەلەوەوبەر پێی نەگەیشتبوو، ردێنەکەی دەهاتەوە یەك‌و چڕەبوو، هێندێجار نووکە نووکی پێکەنین هاوڕێی سووکە قرچەقرچێکی تەنەکەی زۆپاکە دەبوو، کەبەهۆی گڕپی ئاگرەکەوە درێژەی هەبوو، و توێکڵەسووتاوەکەی ناوەوەی لێی دەبوەوەو بەردەبوەوە بنەکەی: ((حەزم لەجگەرەیە)).

هەرکە بیری کەوتەوە ئەمەی وتو سەری بەسەرشانیدا شۆڕکردەوە: ((خۆزگە قووتووەکەی باوکم دەهێنا... دەزانی)). هەرکە ئاوڕی لەکێژەکە دایەوە بەرۆح سووکی و بێپرسین تێی رامابوو ((ئایا دەزانی بایەخ بەشتەکان دەدەم، دەڵێ هەست بەتامیان ناکەم، لەمەوبەر لەشوێنێکدا دیتم نان و گۆشتیان دەخوارد بەدووایانا ناگەڕێم چونکی ماندووم، وەڵێ ئیمڕۆ تامم کردن وەك بڵێی تازە تامی دەکەم نەك لەمەوبەر، ئافرەتم دی هەستم بەموچرکە کرد لەژێرگەیەو ریخۆڵەکانم دا. بۆ هەست بەموچرکە دەکەم لەریخۆڵەکانمدا؟ چونکی وام لەبەردەم تام کردنیدا؟)) هەرکە هەستی بەناکۆکی‌کرد بۆیە هەڵیدایە: ((تەنیا رۆژێك بەسە. ئەگەر لەتام کردن بەردەوام بووی، واتا دەبێ زۆرتر بژیت. تەنیا زانین بەسە بۆئەوەی لەبنەماکەدا هەست بەتامی ناجۆر بکەی)).. ((هاء...هاء سبەی دایکم دان بەمریشکەکان دەدات چونکی من لێرە دەمێنمەوە))... کێژەکە ئەم قسانەی دەکردو بێکەسیش هەستی بەختووکەی پێی دەکرد: ((مریشکەکان)) لەدوای ئەوەوە ئەمەی وتوەوەو بەگاڵتەوە هاواریکرد:

((کاء.. کاء... کا... کیك)) لاسایی گارەگاری مریشکی دەکردەوە، ژاوە ژاوی کێژەکە هێندەپتر بوو خەریك بوو سەری بتەقێ بەسەر لەرزۆکەکەیەوە، هەستایە سەرپێ، پاشان چامایەوەو پێی راستی لەزەوی هەڵبڕی : ((کاء... کاء... کاء)) پێکەنین لەزاری کێژەکە پەراش پەراش دەبوو و بەتفە پەرش بووەکەی تەپدەبوو.

((کاء، کاء، کیك) بەدەوری زۆپاکەدا سووڕێکی خواردو کێژە گەمژەکەیش هەڵیدایە: ((کاء، کاء)) و لەسەر گازی پشت وەرکەوت، ((بێکەس)) یش لەنیشت سنگیەوە بەچۆکدا هات، لەپاشان ژێر مەمکی چەپی بەلووت بەردەنووك دەدا، وەك چۆن مریشك دەنووك لەدانەوێڵە دەدات، بەدەم پێکەنینەوە کێژەکە هەردوو لاقی چوو بەئاسمانا. (بێکەس)یش لەگەمەکەی بەردەوام بوو هەرکە کێژە گەمژەکە بەدەم پێکەنینێکی کەفاویەوە پێی‌وت:

((تۆ دەبێ بڵێی..... کوو... کوو)) سەری لەسەر سنگی هەڵبڕی‌و لێی پرسی: (('بۆ؟)). کیژەکە وتی: ((چونکی تۆکەڵەشێری، نەك مریشك)). بێکەس بەدەم پرسیارێکی گاڵتەجاڕیەوە بڕۆی هەڵبڕی‌و: ((چۆن دەزانی من کەڵەشێرم؟)) کیژەکە وەرامی دایەوە: ((کەڵەشێر جووتێ گونی هەیە، پیاویش جووتێ گونی هەیە)).. ((ئۆوە.. ئەوەم لەبیر چووبوو...)) بەبزەیەکەوە وتی و لەپاشان بەتەنیشتیەوە لەسەر گازی پشت وەرکەوت‌و خۆی دادایە سەر هەردوو ئانیشکی و سەر لەنوێ ختووکەی پێی دەدا. بڕەك سەیری زۆپاکەی کرد. لەپاشان ئاوڕی لەکیژەکە دایەوە دیتی چاوی بڕیوەتە پێیە بەگەمەکەی، بەئەسپایی لاقی چەپی کێشایەوە تاگۆشەیەك تیژ لەو سێگۆشەیەدا کەدوو باڵی لەلاق‌و ران پێك هاتبوو و بنەماکەیشی زەوی ژووەکەبوو. لەو حاڵەتەدا کراسەکەی تائەژنۆی هەڵکشاو بەئەنقەست بەنووکی پەنجەکانی رایکێشا تا بەدزییەوە تا ناوەندی رانی بخزێ، سەر لەنوێ سەیری کیژەکەی کرد دیتی ئەویش بەزاریکی بەخەندەی‌دا بچڕاوەوە چاو لەو بزووتنە ئاشکرایەی ئەو دەکات، دەستی بۆ رانی خۆی هەڵبڕی‌و لەقەراغی کراسەکەوە شۆڕبوەوە‌و لەناوەراستی هەردوو رانی‌دا گرمۆڵەبوو. ئەو دوو رانەی کەبەگەنەموویەك داپۆشرابوون لەسەر پێستەیەکدا کەهیچ رەنگێکی نەبوو جگە رەنگی چراکە نەبێ.

رووناکی چراکە بەهۆی فتیلەکەیەوە کەجارێك بەپەلە نەوتی دەمژی و جارێکیش لەسەرەخۆ، ئاگرەکەی بەرزونزم دەبوەوە.

دڵی لێی‌دەداو پچڕپچڕیش هەناسەی دەدا، زانیاریەکە جێبەجێکراوە، وەلێ تامی زانیاریەکە هێشتا لەدووری جوولانەوەیەکی بچووکی جەستەی‌دایە: (دەستت لێرەدانێ)). بەچاو ئاماژەی بۆ ئەو شوێنەکرد کەکراسەکە لەناوگەڵی گرمۆڵە بوو بوو. کیژە. کیژە گەمژەکەیش بەئەسپایی بەسووکە (هاء..هاء) یەك دەستی درێژکرد تا لەو شوێنە جێگیربوو کەئاماژەی بۆ کردبوو: ((کراسەکەت هەڵدەرەوە)) بەچرپەیەکەوە وتی. کیژەکە لەناکاو بەدەم قاقایەکی بەرزەوە دەستی کێشایەوە ((کوکوو.. کەڵەشێر)).

دیاربوو کیژە گەمژەکە لەگەمەکەی بەردەوام بوو بێئەوەی گوێ بداتە هەناسکە هەناسکەکەی. وەلێ: ((بێکەس)) لەدەستی‌گرت بەخێرایەوە گەڕاندیەوە بۆ شوێنەکەی خۆی بەراکێشانێکی تووڕەییەوە کەلەسەروچاوی‌دا دیارنەبوو، وەلێ هەمان زەردەخەنە لەسەر لێوی (سینەم)دا باڵە فڕەی بوو کەدەستی لەسەر ناوگەڵی جێگیر بوو، ئیدی دەستی نەکێشایەوە: ((کراسەکەت هەڵدەرەوە)) دووبارە پێی‌وت، کیژە گەمژەکەیش تاسەر ناووکی کراسەکەی راکێشا.. (بێکەس)) سەیری جەستە نیوەڕووتەکەی خۆی کرد، لەپاشان ئاوڕی لەکیژەکە دایەوە ئەویش چاوی بڕیوەتە ئەندامەکانی جەستەی.

بەئەسپایی دەستی درێژکرد تا لەسەر رانی کیژەکە جێگیربوو، ئەویش دەستی‌کرد بەراکێشانی جل‌و بەرگی کیژەکە، وەلێ کیژەکە راست بوەوەو دانیشت، بەهەردوو دەستی ئەژنۆکانی خۆی لەئامێزگرت‌و چاوانی لەو درێژبوونەوە نامۆیەی جەستەی کابراکە هەڵنەدەبڕی.

گەمژەیی بۆ بۆتەی فزووڵ دەکشایەوە. دەستە لەرزۆکەکەی (بێکەس))یش بۆ شتێك نوقلانەی پێدا کەلە گەمەکردن دووتربووە سەرچاوەی تووندوتیژی دیاربوو لەو کردەوە سەرسووڕماوەی کەتەنانەت لەمەڕ مریشکێکی گەمژە شاراوەبوو. بەچرپەوە وتی (چیتە...؟) کیژەکە چاوی لەنیوە ڕووتەکەی ئەو هەڵنەبڕی، دووبارە چرپاندی: ((ئەی نەتوت کەڵەشێر جووتێ گونی هەیە، پیاویش جووتێ گوونی هەیە‌و منیش پیاوم...؟)) کیژە گەمژەکە وەك بڵێی ئاشنای ئەو دەمەتەقێیە بوو بوو کەدووای بێدەنگیەکی چاوەڕوان کراو بەرگەشت بوەوە، سووکە هاء، هائێکی لێوەهات: (کاء...کاء) دەنگی بێکەس بەرزبوەوە دەیزانی خۆ ئامادە کردنە کوت‌و پڕەکەی وەکو نێرینەیەك بەلایەوە گران بوو وەکو مێینەیەك خۆی بداتە دەستەوە کیژە گەمژەکە هەرکە گەمەکە دووبارەبوەوە دایە قاقای پێکەنین. کەواتە (بێکەس)) لەسەریەتی سەر لەنوێ دەست بەهەوڵدانەکەی بکات، ختووکەی ناو تەنگای‌داو خۆی بادەداو سەرلەنوێ لاسایی مریشکی کردەوە‌و بەکەپووی دەنووکی لەژێر مەمکەکانی دەدا، کیژەکە پاڵ کەوت، ئەویش بەرەبەرە بۆی کشا تالەسەری جێگیربوو، بەبیانووی گەمەکردن هەردوو لاقی

کیژەکە وەکو جۆلانە بەئاسمانەوە دەهات‌و دەچوو لەنێوان لاقەکانی خۆیدا گرتنی، بەدەستی راستی ختووکەی ناوتەنگەی دەدا، وەلێ بەدەستی چەپی جلوبەرگەکەی تاناوگەلی رادەکێشا، کیژەکە لەژێرەوە بەژاوەژاوێکی گەمژانەو تووندوتیژو بەقاقای پێکەنین گینگلی دەداو جوولە جوولی بوو، وای لێکرد کەئاگای لەفێلی گۆشتەکە نەبێ کەبەدزیەوە دەکشا، لاقی پیاوەکە لەدەروازەی نێوان هەردوو لاقی کیژەکەدا جێگیربوو، لەپاشان لەنێوانیان پاڵەپەستۆ دەستیپێکرد. کیژە گەمژەکە کپ بوو، لەپڕێکا بەشڵپەی شتێکی رەق بەئاگاهاتەوە هەرکە بەرئەو شوێنەی کەوت دەمێکە بەپێی غەریزە دەیشارییتەوە دەستی (بێکەس) لەوەی کەروویداو هەستی پێکردبوو خێراتربوو، بەدەستی تووند دەمی‌گرت، کەچی هەردوو قەبرغەی دەهاتنو دەچوون هەروەکو چۆن لەیەکەم گەیشتنی خەڵقەندە چۆن بووە هەروابوو.

مەسەلەکە لەچەند ساتێکدا تەواوبوو، خۆ ئامادەکردنی (بێکەس) وایلێکردبوو هێندە بەدەستوبردبێ ئاگای لەوەنەبێ کەلەگەڵیدا چی رووەدات. وەلێ هەرکە لەتەنیشتی پاڵ کەوت هەر کە کیژەکە پاڵی پێیەی‌ناو بەماندوویی لەسەر رایەخەکە لێی پاڵ کەوت، هەستی بەدۆزینەوەیەکی ئەوتۆکرد کەهەرگیز لەمەوبەر نەدۆزرابێتەوە، کیژە گەمژەکەیش بەدەم نیمچە لالآنەوەیەك ئەو هەستەی قرتاند: ((خوێن، خوێن دەستی بۆ ئاقاری چاوانی هەڵبڕی. ئەویش پڕ بەدەم هاواریکرد ((بێدەنگ بە))، کیژەکە زۆر حەپەساو هێشتا دەستی بەرزکردبوەوە، لەقوژبنێکی نزیك دەرگاکە شوێنێکی بازنەیی هەبوو، چەمەنتۆرێژ بوو، بۆ دەرەوە ئاوەڕۆیەکی بۆکرابوو، دەستشۆرێكو دوو مەسینەی لێبوو، ئەو قوژبنە تایبەت بوو بۆ شۆردن ((بێکەس)) مەسینەیەکی هێناو خستیەسەر زۆپاکە. پاشان لەتەنیشت ((سینەم)) کەدیاربوو دەترساو هەڵدەلەرزی دانیشت.

هیچی پێنەووت، وەلێ دەستێکی بەشانیدا هێناو بەدڵنیایەوە دەستی پیادەهێنا. دوای قەدەرێك (بێکەس) دەستیدا لەمەسینەکەو دایگرتو دای بەدەستی ((لەوێ بیشۆ)) ئاماژەی بۆ قوژبنی لای دەرگاکە کرد. کیژەکەیش مەسینەکەی لێوەرگرتو بەرەو بازنە چیمەنتۆیەکە رۆی، تاناوقەدی جلوبەرگەکەی هەڵکردو ئەنجا کسکۆڵەی کردو دەستی بەخۆشتن کرد. هەر لەوێش مەسینەکەی بەجێهێشتو چووە تەك (بێکەس) ئەویش وەکو ئەوی‌کرد بەکراسەکەی نێوگەڵی خۆی وشك کردەوە. هەرکە سەرلەنوێ لەدەوری زۆپاکە دانیشتن، بەکیژەکەی وت: ((دەستت بێنە)) ئەویشی دەستی درێژکرد: ((دەست بدە لەدانەکانم)). دەمی بەتەواوی داپچڕاند: ((خەریکە دەلەقێن. هەر کەکیژەکە ئەوەی وت دەستی کێشایەوە.

کیژەکە سەرلەنوێ نووزەی پێکەنینی دەهاتێ و وەرامی دایەوە: ((باوکیشم دانەکانی دەلەقێن. ئەگەر دانێکت کەوت چاو بنووقێنە و فڕێدە بۆ ئاسمان)). بەخۆشنوودەیەوە لێی پرسی: ((بۆ ئەوەی شەیتان نەیبات، چاو بنووقێنەو بۆ ئاسمانی هەڵدە)). ویستی زیاتر لەبارەی مەسەلەکەوە لێی بپرسێ، دیتی بەدزیەوە دەستی بۆ ژێر جلوبەرگەکەی درێژکرد، بەتووڕەیی دەستی راکێشا: ((سینەم لەبیری خۆتی مەبەرەوە هەموو ژنێك وای لێبەسەردێ)).. بەخشکە کشایەوە دواوە تا لەسەر شوێنەکە جێگیربوو لێی راکشا...

یەکەمجار بوو (بێکەس) هەستیکرد چرپە دیمەنێکی ناڕێك لەمێشکیدا پەنگ دەخواتەوە، دایکی بەسۆزناکی دەست بەسەروچاویدا دەهێنێ، دواجار بەسەرسووڕمانەوە، پاشانیش نەشونمایەك دەخوێننەوە کەلێی تێناگا. بەرانێکە بەچەقۆ داوەشانێك کەلەژێر تیشکی خۆردا دەدرەوشێتەوە پەلەخود دەبێو هەرەس دێنێ. ئەمەی لەکوێ دیوە؟.

بڕە زەلامێك لەبەردەرگا داخراوەکە وەستاون‌و، وەکو بەزیسەر ئاگر بەرەبەرە دەتوێنەوەو دەبنە جۆرە زەلامێکی دیکە، لەدیوی ناوەوە هەمان وەستان وەستاون... ((باوە)) خۆی بینی رادەکاو پەلاماری وەستاوەکان دەداو هاواردەکا ((باوە)). تۆ پێکی سپی گەورە بەرزتر لەئاستی سەری زەلامەکان غلۆردەبێتەوە، پاشان بەهێوری بەرەو لای غلۆر دەبێتەوە، دەست هەڵدەبڕی بۆ ئەوەی بەرپەرچی‌بداتەوەو خۆی بەپێوەگرت. قورسایی پەلامارەکە پتر دەبێ، (بێکەس) هاوار دەکا باوە. باوکیش لەنزیکیەتی و لەنێو هەردوو بڕە پیاوەکەدا

دێتـــەدەری، کەبەرامبـــەر یـــەکدی وەســـتاون و دەرگایـــەکی تـــواوە نیوانیانـــە. (بێکـــەس))


بەهەناسکەبڕکێ دانەکانی دەباتە چیڕەوەو سەیرێکی باوکی دەکا تا بەحەپەساوی پـێی بڵـێی: ((باوە وامزانی لەناوەڕاستیانی))، لەبەرخۆیەوە ((وایزانـی)) دووبارە کـردەوە هەرکـە لەسـەر نوێنەکـە هـەڵڕابوو، وەك بڵـێی تووشی گەرمـەتا هـاتبوو، دوای قـەدەرێك جەستە شـەکەتەکەی خـاوبوەوەو سـەری هـــەڵبڕیو تاســەیری بووکەکـــەی بکـــا، دیتـــی ئـــەویش چـــاوی تێبڕیوەو بەدەم گاڵتەوە چرپاندی: ((کاء... کـاء)).

پـتر حەپەساندبووی، خـۆی دادایـە سـەر هـەردوو ئانیشکیو پرسی: ((سـینەم ئـەوەچیت لێقـەوماوە)) بەپەنجـە ئیشـارەتی بۆکـرد. نـاو لـەپی دەســتی لارکردەوەو بۆ ئاقاری چاوانی هەڵبڕی تا روونـاکیەکـە لەســەری بریســکایەوە، لەحەپەســـاوی کیژەکـــەدا هەستی بـەوەکرد کەلـەناخیدا هەستی پێکردبـوو، دیتی پڕپەتی لەچرچ‌و لۆچی‌و پەنجەکانی گرمۆڵەبوو بـوون چـەندی دەکـرد و دەکۆشـا بـــووی راســت نەدەبوونـەوە: ((ئـۆو..)) بەچرپـــەوە ئەمـــەی وت... ((کەواتە گەمەکە تەواوبوو..؟)). موچڕکـی ترسـێکی شاراوە لەشی دادەبێـژێ، دیـاربوو لەخولـە نامۆکـەی خۆی دڵنیابوو، وەڵ هەرکە شـپرزەیی لەسـەروچاوی کەسێك دا بەدی کردبایە دڵنیایەکەی جێڵەق دەبـوو. مـــاوەی ئاســـوودەیەکەی خـــۆ بەدەســـتەوەدانی چاودێرەکە بـوو، بەرلـەوەی چاودێرەکـە بگەڕێتـەوە کـــەخۆی بـــوو، ســـەرلەنوێ دەگەڕایـــەوە ســـەر سەرسـووڕمانی رۆژگارێك کەتـەنیا لەسـەر جەسـتەی (بێکەس)دا بەرچاودەکەوت.. ((قەیناکە))

لەبەرخۆیـەوە وتـی: ((ئەگـەر بێتـو جووتـە گـونم بخەنـە تـای تەرازوویـەك‌و هـەموو سـالانی خۆشـیان بخەنە تایەك،ئەوا تایەکەی من لاسـەنگ دەبـێ....)). بەشـەکەتی سـەری لەبالیفەکـە هـەڵبڕی: ((ئـۆە... سینەم)). بانگیکردو گەرچی پێویستی بـەو بـانگ کردنـە نـەبوو. چونکـی چـاوی لەرووخسـاری ئـەو هەڵدەبڕی: ((پیاو بەدرێژایی ژیانی چەند جار لەگـەڵ ژن دا دەخـەوێ..؟)). هەرکـــە کیژەکـــە مەتـــەقی لێوەنەهات، هەڵیدایە: ((لەماندوویا هەموو شتی لەبیر دەچێتەوە، پەنا دەباتە بەرتڕپەی دڵی نەبا خیانەتی لێبکـا...)). لەپاشـان ئامـــاژەی بۆکـــرد: ((نزیـــك بەرەوە)). کیژەکەیش بەخشکە لەپێخەفەکـەی نزیك بوەوە، وتی: ((کراسەکەت هەڵبڕە)). کیژەکە نووکـە نووکێکی بێتام دایگرت... ((هەڵیبڕە.... هەڵیبڕە)). بەفەرمایشتەوە پـێوت. کیـژە گەمژەکـەیش تاسـەر مـــەمکانی جلوبەرگەکـــەی هـــەڵماڵی. ئـــەویش بەگەردنێکی لارەوە چاوی بڕیـە نێوان هـەردوو رانـی کیژەکەو چرپاندی: ((ئەوەتا.... ئەوەتا)) دوای کپو بێدەنگیەکی کەم خایـەن کلووبـەفرەکان پەیتاپـەیتا دەبارین. وەکو نێچیری نێو تۆڕێکی خۆڵەمێشی، لـەم لایـەی جەسـتە لاکێشـەیەکەیەوە شـەوێکی لـەرزۆك دەدرەوشایەوە. یان وەکو بۆنی خـاك بەروونـاکیـەکی ساردوســـڕ لەلایـــەکی دیـــەوە دەدرەوشـــایەوە، لەژوورەکـەی مـەلا و ژنەکـەی کەمندااڵـەکان تیـا بەتەنیشـت یەکـەوە لـەژێر جێگـاوە هـــەڵکورماون روونـاکیـەکی کـز دێتـە ژوورەوە، یـان لـەکونی کلیلـە گەورەکەی دەرگاکەوە کەلەبیریان چوو بوو بەپارچـە پەڕۆیەك بیگرن تا(با)ی لێـوە نەیەتـە ژووری، دەرگـا گەوورەکـــەیش لەســـەر هێنـــدێ پـــەزو دوو چێـــڵ داخرابـوو، وەڵ سـووکە گەرمایـــەك لـــەو شـــوێنە بەرزدەبوەوە کەپـێی دەڵێن ((تەنوورخان)) بەدارکاژ سـەری گـیرابوو. لـەو دەمـەدا هـەموو گیانلەبـەرێکی رێبواریش لەئاسمانی حەوشەکەدا هەسـتی پـێدەکرد ئەگـەر ئـەو گیانـەوەرە سـەگ بـێ یـان مـرۆڤ بـێ. دەرگای ژوورەکەی (بێکەس) جیڕەیـەکی لێوەدێت‌و دەکرێتـــەوەو کەســـیش گـــوێی لێنیـــە مەگـــەر لەدەرگاکـەوە نزیك، تارمایـەك پشـتی بەگێژەنـەی دەرگاکـەوە داوە، تـا پێڵاوەکـانی لـەپێ هەڵگێشـێ. پاشان لەدوای خۆیـەوە دەرگاکـە پێـوە دەدا، کـەس گوێی لەجیڕە جیڕەکە نابێ، مەگەر لێوەی نزیك بێ، لەحەوشەکەدا تارمایەکە پێیـەکانی بـەدوای خۆیـەوە بەکێش دەکا، خشپەیەکی لێبەرز دەبێـتەوە، بـەرەو دەرگای ژوورەکـە مـل دەنـێ، هەرکـە دەگاتـە ئـەوێ بـڕەك پـاڵی پێـوە دەدا وەکـو یـەکێ پشـوویەك بـدا، کڵۆمەکـە هـــەڵدەبڕێو لای چـــەپی دەرگاکـــە و پیـــا تێدەپـــەڕێو کڵۆمەکـــە دەگەڕێنێتـــەوە شـــوێنەکەی خۆی.

پاشان بـەرەو باکوور مـل دەنـێ، لـەنێو تۆڕێکـی خۆڵەمێشـــی لەشـــەوو بەبـــەفرچنراودا ون دەبـــێ. (بێکـەس) ماوەیـەك بەرلـــەوەی لەژوورەکـــە بچێتـــە دەرێ بەکیژە گەمژەکەی وت: ((عەباکەم بۆ بێنـە)).

مەبەستی ئەو عەبایە بوو کەبەرەگن ناوەخن کرابوو، بەدەم یاریکردنی هەردووکیان لوول بوو بوو. بەهەرحاڵ ئەو عەبایە بوو لەباوکی وەریگرتبوو، لەرۆژێك کەبەرگ درووو نەیدەتوانی بەگوێرەی پێوانە سەرسووڕهێنەرەکەی یەکێکی دی بۆ ئەو بدرووێ. هەرکە کێژەکە عەباکەی بۆ هێنا بەشەکەتی راوەستا، دوای لێکرد بۆ لەبەرکردنی یارمەتی بدات، هەرکە تەواو بوو لەودیوی برۆ شۆڕەوەبووکانیەوە سەیرێکی کێژەکەی کرد: ((سینەم دانیشە)). کێژەکەیش بەبزاوتێکی ئامێز ئاسای نەزانراوەوە دانیشت. عەباکەی بەهەردوو دەستی لەبەرسنگیەوە ((لەمەوپاش دەرگاکە داخە))،(سینەم)یش لەناولەپیدا سەری رەزامەندی بۆلەقاند، بەرەو دەرگایەکی ملی ناو کردویەوە، (با)یەکی بەسۆزی بەفرە بەخشندەکە سەروچاوی گرتەوە، پشتیدا بەگێژەنەی دەرگاکەوە، پیلاوە تەسکەکەی لەپێهەڵکێشا، پاشان دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخستو بەرەو چارەنووسی خۆی تێی تەقاند. شوێن پێی لەسەر بەفرە لاسارەکەدا لەدوای خۆیەوە وون دەبوو. خانووەکانیش لەدووری چەند هەنگاوێکەوە دیارن، دوای چەند هەنگاوێك ئەوانیش وون دەبن، ئاقاری باکوور تونێلێکە و لەتاریکیدا



تاهەردوو پێی لەسەر کراسەکەی هەڵدایەوەو چرپاندی: ((بۆنم بکە لەسەرتاخواری)). کێژەکەیش حەپەسا حەپەسانێك تێکەڵ بەسەرسووڕمان و گەمژەیی بوو بوو، لەسەری گرتو بەتووندی بۆ خوارەوە شۆڕیکردەوە: ((ئالێرەوە دەستی پێبکە)). هێندە بەتووندی پاڵی بەسەریەوەنا خەریك بوو بەرایەخەکەوە بنوسێ، کێژەکە، نووکە نووکێکی پێکەنینی بۆکرد، هەرکە خەریك بوو وەکو سەگێکی ئێسك سووك لەخوارەوە تاسەرەوە بۆنی پێوە دەنا، ئەنجا لەسەرەوە تاخوارەوە، لەگەمەکردنێکا کۆتایی نەبوو رایگرتو، بەناولەپی چەناگەی کێژەکەی گرتو لەپاشان سەروچاوی رووەو خۆی بەرزکردەوە، وتی:

بەچاو بازنەکەی دەکێشێ. (بێکەس) هەرکە زیاتر کزوهێور دەبێ، بەوجۆرە هەستی پێدەکا، ئامێزی دەکاتەوەو دەستیبەر هیچ دیوارێکی بازنە لوولەکە ناکەوێ: (بێکەس بڕۆ، بڕۆ...)). لەگەڵ خرمەخرمی پێی لەسەر بەفرەکە هیچ نابینی، لەپڕ دەوەستێ تاگوێی لێ بگرێ، دەگەڕێتەوە نێو بەیەکاچووی تاریکیو بێدەنگیەکە، تۆڕێکی دێرینەو جەستەی لەچۆڵەوانیدا لەئامێز دەنێ، هێندە هەست بەتەسکیو فراوانیەکەی دەکا، کەواتە ئەمەیە، ئەو تۆپەیەکە لەرابووردویەوە دەرفرتاوە، تۆپی رۆژێکی دیاریکراوە بەبەیانیو نیوەڕۆو دەمەو عەسرو خۆرئاواو ئێوارەو شەوەکەیەوە، تۆپییێکی نەزانراوە،

تۆپێکەو بەدووچاوی نوقاوەوە لەبەرامبەر زانینی پەپینەوەدا بۆ ئەو دیو سواری گوێدرێژ بەچۆکا هاتووە: ((ئەی تامەکە؟)) بێکەس لەخۆی دەپرسێ، وەرام دەداتەوە: ((هەرکە چاوم هەڵهێنا ئەو هەموو شتەم دیت کەدەمزانی، وەڵێ تام هیچ نیە تەنیا ئەم ماندووبوونە نەبێ)).

((چیە.. چیە؟)) ئەوە جوولانەوەی دەمی بوو کەقەپاڵی لە((با))و بەفرەدەدا. ((چیە.. چیە)). ((بێکەس)) هاوارەکاو دانی دەباتە جێرەوە وەک بڵێی شتێکی نەدیتراو دەجوێ، لەنێو بازنەکەدایەو دەستی بەرەو سبەینێ هەڵدەخات، ئەو سبەینەی کەنایەت. ((خاتێ))ی خوشکی مەلایش لەهەمان کاتدا مەسەلەکەی بۆ مێردەکەی دەگێڕایەوە، چیدیوەو چیبیستووە بۆی دەگێڕایەوە، مێردە ساویلکەکەیشی بەحەپەساوی گوێی بۆ شل کردبوو. مالی ((خاتێ)) دەکەوێتە تەنیشتی مالی براکەیەوە، هێشتا بۆ خەوتن خۆیان ئامادەنەکردبوون گەرچی پاسێك لەشەو بەسەر چووبوو. باوکەکە زۆر تەقەلای دابوو کەوەختی نانخواردنو خەوتنی منداڵەکانی بزانێ، وەڵێ بۆی سەری نەگرتبوو، پاشان ناچاربوو کەمەتەڵی لە ئاسانتریان بۆ بگێڕێتەوەو کۆتایەکەیانی لەبیردەچوەوە، منداڵەکانیشی زۆریان لێدەکرد، یان ئەوەتا خۆیان شتێکیان دادەهێنا، تاباوکیان لەو گرفتە قوتاربکەن، ئەویش وەکو منداڵ پەڵپی لێدەگرتن کەئەوەی ئەوان دەیڵێن وانیەو بڕوای پێناکرێ.

ئەوسایش خولەکە دەسووڕایەوە. باوکەکە دەیوت: ((سەگەکە خەریك بوو دەخنکاو قایغێکی دۆزیەوەو خۆی پێوە هەڵواسی)). منداڵەکان لێیان دەپرسی: ((باشە قایغەکە لەکوێبوو؟)). باوکەکە وەرامی دایەوە: ((لەوێبوو، لەروویارەکەدا بوو، خۆتان دەزانن)).

منداڵەکانیش بەدەم هاوارەوە وەرامیان دەدایەوە: ((سەگەکە کەوتە بیرەکەوە، نەك رووبارەکەوە)). باوکەکە بەئاگا دێتەوە: ((ببوورن، سەگەکە خۆی بەدەولکەکەوە هەڵواسی)). منداڵەکان دەڵێن: ((بەو دەولکەیەوە کەڕێویەکە بۆی فڕێدایە خوارەوە)).

سەرێکی بادا: ((بەڵێ.. بەڵێ ڕێویەکە دەولکەکەی بۆ هەڵدا!)). منداڵەکان بەدەم قاقای پێکەنینەوە سەیری یەکدی دەکەن: ((کام ڕێوی؟ سەگەکە بەهەڵەکەوتە بیرەکەوە و ڕێوی لەوێنەبوو!)) پیاوە ساویلکەکە هێندەێ تووڕەدەبێ: ((باشە بۆ داوام لێدەکەن مەتەڵ بگێڕمەوە کەخۆتان لەمن باشتری لێدەزانن؟)). وەرامی دەدەنەوە: ((تا دڵنیا بین لەوەی کەدایکمان لەبارەتەوە دەیڵێ)). لێیان دەپرسێ: ((باشە دایکتان چیم پێدەڵێ؟))، وەرامی دەدەنەوە: ((گەمژەیە، گونەژیژکە)) کاردانەوەی پیاوەکە هەر هێندەی دەبێ وەکو بالوول هەڵدەستێتە سەرپێو جەمەدانیەکەی سەری دەکاتەوەو بەئاسمانەوە رایدەوەشێنێ بێ ئەوەی بەسەر کەسێکیدا بدات، وەڵێ منداڵەکان هەر بەدانیشتنەوە چەپڵە بۆ بزاوتە پێکەنیناویەکەیو هەڕەشەو گوڕەشەکەی لێدەدەن بێئەوەی سامی لێبکەن.

((خاتێ)) سەربوردێکی دەگێڕایەوە لەووزەی تێگەیشتنی مێردەکەیانەبوو.

تەنیا هەر هێندەی پێدەکرا بڵێ: ((هـا))، ((ئۆه))، ((پەح.. پەح)) منداڵەکانیش لەژێر جێگاوە سەردەردێنو لەپشتەوە زمان لەباوکیان درێژدەکەن. ((خاتێ)) دەیانبینێ، وەڵێ لەگێڕانەوەی سەربوردەکە بەردەوامە، هەروەکو کەس نەیگێڕابێتەوە، بەدەست راوەشاندنو بەنیوە وشەکانی کەژاوەژاو دەگەیەنن پتر لەوەی کەلێیان تێبگا. هەرکە دەزانێ بێسوودە یان نەیتوانیوە ئەو گەمژەیە تێبگەیەنێ، رادەپەڕێو بەسەر منداڵەکانیدا دەقیژێنێ کەگاڵتەی پێدەکەن:

((ئیزرائیل میزتان پیابکا)). لەپاشان قووتووە زیوەکەی مێردەکەی کەلەقەراغەوە تۆپکڵی بەرداوە تێیان دەسڕوێنێ، بەر دیوارەکە دەکەوێو تووتنە کوتراوەکەی بەسەر بالیفەکاندا پەرت دەبێ. ((حەشمۆ، بروام پێبکە))، خاتێ بەمێردەکەی دەڵێ، دوای هەندێ تووڕەبوونێکی سەرپێی: ((بڕوام پێبکە لەدوێنێ وەیە دڵم دەگوشرێ)). بێدەنگ دەبێ تالەسەروچاوی گوێرەکەکە ووردبێتەوە: ((دوێنێ... بەڵێ.. مریشکەکەی مالی - ڕەمۆ - کەوتبوو هێلکە بکات، بۆ ئەم کاتە ساردەی هەڵبژاردوە تاهێلکە بکات ؟ خوا دەیزانێ. زۆر گارە گاری بوو، لەنێو بەفرەکەدا لەم سەر حەوشەوە بۆ ئەو سەر حەوشە دەهاتو دەچوو، کوڕەکەی - ڕەمۆ

- کوێریش لەم سەر حەوشەوە بۆ سەر حەوشە دوای کەوتبوو، کوڕەکەی - رەمۆ - برسی بوو داوای لەدایکی‌کرد لەتێتان‌و هێندێ رۆنی خۆمالّی بداتێ تاکورەکەی - حووبێ - بیخوات، وەلێ دایکی لێی تووڕەبوو و هاواری لێکرد: ((بکەوە دوای مریشکەکەو هێلکەکەی بۆ خۆت)). خاتێ وێستێکی کرد تا لەمێردەکەی بپرسێ: ((بڕوام پێدەکەی هەرکەژنەکەی رەمۆ ئەوەی پێوتم یەکسەر دڵم گوشرا؟)). ((حەشمۆ)) بەبزاوتێکی خێرا سەری بەرەو ژوورو بەرەو خوار رادەوەشاند: ((گەیشتینە کوێ)). خاتێ لەخۆی پرسی، سەر لەنوێ تیامەڵچوو: ((بەڵێ ژنەکەی رەمۆ وتی کوڕەکەی دوای مریشکەکە کەوت تاچووە کولانەوە. پاشان زیاتر لەسەعاتێك چاوەنۆڕ بووو هیچ دیار تەبوو تاچووە کولانەوە. چووە لای دایکی‌و هاواری‌کرد: ((برسیمە، چاوەڕێی ئەو مریشکە ناکەم کەهێلکە ناکات... دایکەکەیش لەودوا کەوتنە سەری سووڕما، گزگەکەی هەڵگرت‌و بەرەو دەرگا بچووکەکەی کولانەکە رۆیکە دەڵێی کولبێنەی تەنووڕە، گزگەکەی لەنێو کولانەکەدا سووڕداو مریشکەکەش لەترسا دەرفرتایە دەرەوە.)). خاتێ پەنجەی بۆ ئاستی برۆکانی هەڵبڕی‌و لەمێردەکەی پرسی: ((دەزانی چی‌بینی؟)). پیاوەکەیش وەرامی دایەوە: ((نەخێر)) ژنەکە وتی: ((رەمۆ)) وتی ((دیتی لایەکی هێلکەکە لەپاشەڵی مریشکەکەوە بەدەرکەوت. مەسەلەکە رووندە، هێلکەکە تیا عاسی بوو بوو لەم حاڵەتەدا ژنەکەی دەبێ هێلکەکە بشکێنێ‌و بەپەنجە دەریبینێ نەبا مریشکەکە مرداربێتەوە. شتی‌وا زۆر رووی‌داوەو مریشکێکی قەڵەوپش بووەتە قوربانی. خۆی‌و کوڕەکەی بەدوای مریشکە تۆقیوەکەدا رادەکەن تابیگرن، هەرکە لەسووچێکی دیوارە قوڕەکە بەگیری دێنن، دەفڕێ تادەگاتە سەر دیوارە بەرزەکە. ژنەکەی (رەمۆ) دارێکی درێژ دێنێ تامریشکەکەی پێداگرێ، وەلێ بێسوودبوو، چونکی خێرا لەم لا بۆ ئەولا دەفڕی. خۆی‌و کوڕەکەی ناچار خۆیان دایەدەست مەسەلەکەوەو چوونە ژوورەوە نەبا لەسەرما رەق ببنەوە. مریشکەکەیش مەگەر لەخۆیەوە بێتە خوارەوە)). (خاتێ) بێدەنگ بوو و باوێژگێکی‌دا و سەرلەنوێ وتی: ((دەزانی چی‌رووبدا؟)) ژنەکە مریشکەکەی بەرەق هەڵاتووی لەسەر دیوارەکە دۆزیەوە، مردارەوەبوو بوو، بەشێکی کەمیش لەهێلکەکە هاتبووەدەرێ)).

ئاگر لەنێو رۆپاکەی (مەلا بێناف) دەگەشێتەوە. منداڵەکانی خەوتوون، ژنەکەیشی خەوتووە، یان خۆی کردوەتەخەو،وەلێ خۆیشی کۆمەڵێ قاقەزی لەبەردەم بوو و بلاوی کردبوونەوە، لەو بەڵگەو روون کردنەوانە هەڵدەهات کەدەبێ سبەینێ ئەنجامیان بدات، هەستی دەکرد کەوەکو خۆی لەبەر رۆپاکە رۆنیشتووەو دەستو پێی بۆ بەرئاگرەکە درێژ کردوە. بزەیەکی نامەردانە لەسەرچاوەی وەنەوزی‌دەدا. ژمارەکان چەند هێلێکی ستوونی لەدەفتەرێکی خەت دارا کەڵەکەدەبن.

ئەنجامی کۆکردنەوەکان لەلاپەڕەیەك کۆتاییان نایەت، بەتیرێك بۆ لاپەڕەیەکی‌دی ئاماژەکراوە، ژمارەو تیرە بچووکەکان ئەنجامی لێکدانێکی سۆزناکی دەوڵەمەندێکی دێرینن. هەر رۆژێك و لەگەڵ خۆیدا سااڵنێك لەسااڵنی دەفتەرەکانی (بێناف) رادەمااڵێ. دەفتەرێکیش بەروبوومی سەرجەم زەویەکان رادەماڵێ ئەگەر بەهاتبا گوندەکان بەوێنەیەك چووبان کەهیچ کامیرایەك نەیگرتبن، لە وێنەی ئەو ژمارانە دەردەچوون کەمەلا نووسیوونی، ماڵەکان بەیەکەوە لکاون‌و دیارن ئەوانی‌دی هیچیان نەماوە جگە ئەو دیوارە رماوانە نەبێ کەبەدەم سڕینەوەوە رماون. قەیدکردنیش لەسەر لاپەڕەکان بەقەڵەمی رەش وەکو شوێنەواری جۆگەلەی ووشك چاڵ‌و چۆڵی قوواڵی تیادەکەوێ. رۆژەکانی مەلایش تەنیا لەو چاڵ‌و چۆڵیانە هەڵدەنووتێن، گوێیان لێدەگرێ، لێرە گوێ لەژمارەیەك دەگری، لەوێدا گوێی لەسەگوەڕ دەبێ، بۆ ژمارەیەکی‌دی گوێی لەهاڕەی دەڕاسەکانە، لەنێوان ژمارەیەك لێرەو ژمارەیەك لەوێ هەرای شەڕو شۆڕی گوندیەکان بەرزدەبێتەوە کەلەسەر بەرەڵاکردنی پەزەکان بۆنێو بازاڕی گەنم دوای دروێنە نۆرەبڕێ دەکەن، مەلا هەرکە بەچاو لەهێڵە ئاسۆیەکانی ژێر ژمارەکان وورد دەبێتەوە، کەدوای ئەنجامی کۆکردنەوەو لێ دەرکردن دێن. دەوەستێ‌و چاویان لێ هەڵناگرێت. هێندەجار ئەنجامی کۆکردنەوەیش جۆرە تاقی‌کردنەوەیەکە.. کابرا دەیەوێ بەژماردن چارەنووسی خۆی تاقی‌بکاتەوە ژمارەکانیش پێکرا تاقی‌کردنەوەی هەنووکەو دوا رۆژن: زیان، یان قازانجی هەنووکەیی.

پێویسته لەسەرت ئاماژەیەکی‌دی بۆ هەنگاوەکان بکێشێ: زیادبوونی ئەوەی کەزیادی کردوە. یان قەرەبووکردنی ئەوەی کەکەمی کردوە. یاریەکەیش لەسەر قاقەزە بێ پلانو دواجار دەبێ بەپلان بۆ دروست کردنەوەی خانووبەرەو کڕینی ئاژەڵ، ئازایانەیش تەقەکردن لەقایمقام ئەگەر پێویستی کرد... ((ئەگەر لێرە زیادی کردبایە)) مەلا ورتەیەکی لێوەدێتو بەچاوە بەکل رەشکراوەکانی دەڕوانێتە ژمارەکان. ئەگەر بەفر ببارێت پیاوانی باکوور وەک ژنان کل لەچاوان دەکەن تاخۆیان لەتیشکی ئەو سپایە بپارێزن کەچاو کوێردەکا،: ((ئەگەر لێرە زیادی کردبایە)). دووبارەی دەکاتەوە..((گەریش لێرە کەمی کردبایە، دەتبینی چۆن مزگەوتەکان وەکو مراوی تووڕە لەم بەری شاری (قامیشلی)یەوە بۆ ئەویەری رایان دەکردو، قشڵەکەیش بۆ نزیکی خانووەکەم دەگوێزرایەوەو پۆلیس پرسی پێدەکرم، کێ دەستگیر بکرێو کێش بەرەڵا بکرێ)) پاشان دەستی هەڵبڕیو تائەو هێڵە رەشە گەرمە تێکەڵەی فرمێسک و کل بسڕێتەوە کەلەچاوی چەپی شۆربوەوەو لەنێوردێنەکەیدا ون بوو. تارمایەکەی (بێکەس) لەتۆڕێکی خۆڵەمێشی شەوو بەفردا لەتری دەدا. تەقەلای دەدا بەدەست ئەو ئاسۆ بازنەیە بگرێ کەلەدووری دوو هەنگاوبوو، دەکەوێتە سەر ئەژنۆو چیتر ناتوانێ لەوەزیاتر هەنگاو هەڵبێنێ، چاو دەنووقێنێ، بەوێنە گەمژەکەی (سینەم) بزەیەکی هاتێ.((بۆ باوکم ئەوی هەڵبژارد؟ یەکێکم دەویست قسەی لەتەک بکەم)).

وەک بڵێی هەستی بەپرسیارە نەزۆکەکەی خۆی کرد بێو پاکانەی مەسەلەکەی بۆ خۆی هێنایەوە: ((دەمتوانی بۆ کێی دی قسەبکەم جگە ئەو کیژە دەم بەپێکەنینە نەبێ؟ هەموو شتێك وەکو خۆی وابوو، جگە ئەوەنەبێ کەلەم رۆژە لەدایك ببم)). پاشان عەباکەی تاسەرە رووتەکەی هەڵبڕی. خەریك بوو قژەکەی بەچەند کەزیەکی تەڕ دەگەیشتە سەر هەردوو شانی. ((بێکەس)) خۆی نووشتانەوە تاسنگی گەیشتەوە سەر هەردوو رانی، لەدانیشتنەکەیدا وەکو سڕبوونێکی ئەفسوناوی خۆی دابووە دەستی هەژانی گالیسکێکی بەفرەوە، کەگالیسکەکەی بەفری خودی خۆیەتی کە ژنانی (سینەم) ئاسا بەسەر بەفرەکەدا رایدەکێشن، وەڵێ لەپڕێکا سەری هەڵبڕی غەڵبە غەڵبێك هاتەگوێ، بەچاوێك لەدرزی عەباکەوە دوور هەڵێروانی، دیتی کۆمەڵە پیاوێك دەوریان داوەو هێستری شینی بەبریسكو باسکیان بەدواوەیە، وەك بڵێی رۆشنایی‌لەجێگایەکەوە شۆڕدەبێتەوە شاراوەو ئاشناو بەتەنیا لەسەر ئەو ئاژەڵانە جێگیربووبوو، وەڵێ پیاوەکان تاریك بوون، ردێنە درێژو گفەکانیان دیاربوو کەلەبەر ئەو تیشکە دەرەوشاوەیەی پشتیانەوە بەنەوشەیی دیاربوون. ((کەواتە هاتی)) لەبەرخۆیەوە وتی. ئەنجا لغاوێکی شاراوەی گرت بەدەستەوە، چۆن یەکێك گالیسکە داژۆێ، بازنەی پیاوو هێسترەکان دوورکەوتەوەو رێگایان بۆ ژنانی ((بێکەس)) کردەوە کەپێش گالیسکەی بەفرەکە کەوتبوون.

رووناکی لەپەنجەرەکەی (مەلا بێناف) دەلەرزی، ئەو پەنجەرەیەی کەبەدایکی بیست ناو زەدەکرابوو، ئەو کلوو بەفرانەی تاریك دەکرد کەلەدەرەوەی پەنجەرەکە بەرووناکی دەبینران. وەڵێ ژوورەکەی (بێکەس)و بووکەکەی هێشتا وەکو خۆی بوو و رووناکی تێدا سەرەتاتکێ دەکا کەلەدووری بستێکەوە کلوو بەفرە بەخەندەکانی رووناك دەکردنەوە. هێشتا (سینەم)ە گەمژەیش لەژوورەوە بەجلوبەرگەکەی خۆیەوە پێی لەبەر زۆپاکە ڵێراکێشاوە. کیژە گەمژەکە نەیدەپرسی بۆ مێردەکەی نەگەڕایەوە. چونکی بیری لەو تارمایە بچووکانە دەکردوە کەلەگەڵ رۆژە بچووکەکانیاندا یەکسانن، زۆربەناڕێکی تەقەلا دەدا کەئەو هەڵوێستە لەیەك چوانە بەیەکەوە گرێدات کەبەجەستەیدا رەت دەبن بەئازارەوە کە(بێکەس) پێی گەیاند هەرکەبەتاو پەلاماری‌دا، نهێنیە پشتاوپشتەکەی هەر لەیەکەم داپیرەوە تادەگاتە دوا دایك لەم مێژووە شەرمنەدا ئاشکرا کرد. تا دەشگاتە هەوڵەکەی (حەیندەر) خاوەنی کەڵەگایەکە. تەمەنی دوانزە ساڵ بوو ئەو دەمەی (حەنیدەر) بەخۆیو گایەکەیەوە خۆی کرد بەحەوشەکەیاندا، زۆر هەبوون بۆ کەڵدانی مانگاکانیان گایەکەی (حەنیدەر) یان بەسەد قرش بەکرێ دەگرت کەدراوێکی قورسو سێبەشی زیوەو ئەو بەشەکەی‌دی کانێکی هەرزان بەهایە. زۆرجار مەسەلەکە لەمەڕ حکوومەت تێکچووە کەخۆی سکەی پارە لێدەدات، بۆیە دراوێکی سەد

قرشی لەزیوی رووت لێدەدا، وەلێ تاماوەیەکی دوورودرێژ هەست بەمەسەلەکە نەکرا، کاتێ ئەم دراوە لەولاتدا بەهۆی بەقاچاخ بردنی بۆ تانکی ئاو بۆ ئەو دیوی سنوورو نەما. چونکە هەر پارچەیەك لەنرخی خۆی زیاتر پارەی دەکرد دوای بەرزبوونەوەی نرخی زیو، ئەوساو دوای ئەوەی هیچ نەما حکوومەت ئەو پارچە دراوەی بەنیگلێکی هەرزان بەها گۆڕیەوە، وەلێ ئەوسایش نرخی هێلکەیەك لەولاّت دوو ئەوەندەی جاران بوو و بەرزبوەوە.

((حەیندەر)) بەخۆی و گایەکەیەوە هاتەژوورێ و بەپەتێك سەری گرتبوو و پێشی کەوتبوو، هاواریکرد: ((هۆ خاوەن مالێ، مانگاکەتان لەکوێیە؟)) دایکی سینەم لەژوورەوە تاهەردوو ئانیشکی لەهەویر بوو وەرامی دایەوە: ((حەیندەر، سەرم قاڵە، باسینەم پێت نیشان بدا)). بانگی کیژەکەی کرد کەخەریك بوو بەمەسینەیەك ئاوی بەهەویرەکەدا دەپرژاند: ((بیبە بۆ گەورەکە)).

کیژەکەیش بەدەم پێکەنینەوە بەراکردن چووە دەرەوە. دیارپوو کەس لەمالێ نەبوو جگە کیژە گەمژەکە نەبێت کەئەو کارەی پێ بسپێرێت. کیژەکە بەدەم گاڵتەوە بەدەست ئامازەی بۆ (حەیندەر) کرد، بۆ ئەو شوێنەی کەمانگاکە بەبۆڕاندن چاوەنۆڕبوو، ئەو ناوەی بەبۆڕاندن هەراسان کردبوو بەرلەوەی کەلەگایەکەی (حەیندەر) ی بۆ بەکرێبگرن تائەو مانگا شیردەرە رۆح سووکە هێدی کاتەوە.

(حەیندەر)یش بەخۆی و گایەکەیەوە چووە گەورەپە سەقف نزمەکەوە، کیژەکە دوای کەوت، ئەویش بەجۆرێکی غەریزی سێ مەڕەکەی لەسووچێك دا مۆڵ دا، نەبا بەو هاتنە کوت و پڕەی گایەکە بۆ شانشینە ئاسوودەکەیان بتۆقن، بەقەد بەژنە چەماوەکەی ئامێزی کردەوە. (حەیندەر) گایەکەی بەدەوری مانگاکەدا سووڕانەوە.

سووکە هاندانێك هانیدەدا ئەوکارە راپەڕێنێ کەلەبری سەد قرش وەردەگرێ، مانگاکە چاوی گەش بووەوە، بەڵکو تامەزرۆیەك لەقەراغی چاوانی دەخنایەوە، گایەکە سکی درێژدەبووەوە، شتێکی سپی باریك بەرە بەرە رەپ دەبوو، کیژەکەیش بەخۆشنوودیەکی منداڵانە سەیری ئەو رەپ بوونەی دەکرد، گایەکە هەردوو پێشووی خۆی هەڵبڕی و لەسەر پشتی مانگاکە جێگیربوون: ((حەیندەر))یش چاوی تێبڕی وەلێ بەکاژێرەیەکی خاوو شلوێوە، سەیرێکی کیژەکەی کرد، پاشان دەستی بەرەو ژێرسکی شۆڕبوەوە. ئەو بزووتنە سەرنجی کیژەکەی راکێشا، قۆقزیەك لەژێر کراسەکەی (حەیندەر) بەدیارکەوت، کەبەپشتێنێکی چەرمی پان لەناو قەدەوە شەتەکی دابوو. بزەیەکی نامەردانەی هاتێ، کیژەکەیش پێکەنی. چرپاندی: ((وەرە)) کیژەکە لێی نزیك بوەوە، بەبزاوتێکی خێراو ئاڵۆشاوی لەدەستی گرتو لەژێر کراسەکەیەوە کەژمکێکی هەڵبڕی بوو دەستی دانا. تووند لەناوگەڵی دەستی گوشی، کیژەکەیش بەبێ بێزاری دەیگوشی. بزوتنە ئاژەڵیەکەی گایەکە بەهەناسکە هەناسکی ((حەیندەر))دا زاڵ بوو، هەرکە گایەکە دوور لەمانگاکە خۆی هەڵدا، کیژەکەیش لەپڕ دەستی کشایەوە، تەقینەوەیەکی گەرمو گوڕ شاڵاوی بۆ هێنابوو، پلیدەداو ترپە بەترپە مستی پان دەکردەوە. ئەوسا (حەیندەر)یش جەمانیەکەی سەرشانی راکێشاو بەپەلە دەستی کیژەکەی پێسڕیەوەو جەمانیەکەی هەڵدایەوە سەرشانی، پاشان بەپەلە بەخۆی و گایەکەیەوە بۆی دەرچوو.

لەوانەیە لەبیرو هۆشی خاوی ((سینەم))دا نیشانەی لەو جۆرە زۆر هەبن وەلێ هەستیان پێناکات، تەنیا ئەوانە نەبێ کەزۆر بەجورئەتو لەبەرچاون، ئەو لەودیمەنەیش رانامێنێ کە(شێخۆ)ی کوڕی (سیدەری) هەموو جارێ هەرکە هەلی بۆ هەڵکەوتایە کەکیژەکە لەبیرەکە ئاوی هەڵدەکێشاو لەدواوە دەیگرت و خۆی پێوە دەنوساند. نەك ئەو دیمەنەیش هەموو جارێ (بەکرۆ رەش) کراسەکەی خۆی هەڵدەبڕی و شتێکی رەپی پیشاندەدا، هەروەکو ئەو سەگانەی کەلەنزیك گەورەکەی ((هەمزە جەکەر))دا سوورو گووڕی یەکیان دەدا، یان وەکو جۆرە گەمەیەکیش هەرکە دەستە خوشکەکانی لافی ئەوەیان لێدەدا کەبەریان مووی هاتووەو، هاواریان دەکرد: ((بابزانین سینەمیش هەیەتی))و پەلامارياں دەداو بێ ئەوەی کیژە گەمژەکە بتوانێ بەرپەرچیان بداتەوە، لەدامێنەوە رووتیان دەکردەوە. تادەگاتە فەقێ (سمۆ)یش کەمندالانی فێر خوێندن دەکردو، زۆرجاریش نازناوی (فەقێ)ی لێدەنێنو (جزمعەمەو

یاسین))ی فێردەکرد جگە لەو سوورەتە کورتانەی کەبەشێوە زمانێك دەیخوێننەوە. سەردەمیان بەسەرچووبوو. کیژە گەمژەکە دوو حەرف چیە لێی حاڵی نەدەبوو. (سمۆ) چاو سپی لەبیرناچێتەوە، دەتوت کوێرە، وەلێ لەنزیکەوە بەچاکی قوواڵیی ناخی هەموو کیژو کوڕێکی دەخوێندەوە باوك‌و دایکی بەقورئانێکی بەرگ ڕەنگ زێڕینەوە ناردوویانە لای ئەو، بەڵکو ئەمە داوێك لەداوە پەڕیوەکانی کەوەکو پرشی ئاوی پلوسك پەرش‌و باڵو دەبوونەوە دەستگیربکات، یان ئەوەتا ڕۆحێکی دیکەی تیاجێگیر بێ کەشایستەی کیژێکی چواردە ساڵی وەکو ئەوبێت، هەتا وەکو دەستە خوشکەکانی دیکەی بزانێت چۆن ژیرانە چارەسەری سەرو عەوزر شۆڕی خۆی دەکات‌و، وەکو مێینەیەك چۆن ئەوەی کەشایستەی دەربڕین‌و ئاشکراکردن بێ ئاشکرای دەکاو، ئەوەیش چۆن دەشارێتەوە کەپێویستە بیشارێتەوە، چۆنیش ناز تێکەڵ بەزیرەکی دەکا، یان چۆن خۆی لەچاوی نێرینە دەپارێزێ‌و، ئەگەریش لێی تێکچوو و تێی رادەمێنێ، ئەنجامیش ببێ بەخاوەن پەن‌و ژیری لەو ماڵەی کەڕۆژێ لەڕۆژان لەسایەی کەڵێك دا دەبێ بەماڵی خۆی، وەلێ، ئەیهوو ئەمە دوورە لە(سینەم) بوەشێتەوە، چەندجارێ (سمۆ) هەرکەسێك لەگەڕانەوە بەرەو ماڵ ڕێگای لێگرتووەو بەدار حەیزەران جەزرەبەی داوە. ((سمۆ)) هەرکەسێك لەخوێندنەوەو تێگەیشتن دوابکەوتایە دوای تەواوبوونی ماوەی وانەکان جەزرەبەی دەدا، قەوی‌و قۆڵترین منداڵی هەڵدەبژارد تاقاچەکانی قوربانیەکەی بۆبگرێت، تادارکاری بکات، باوکانیش دڵیان بەتووندوتیژیەکەی خۆش بوو. لەدوا ڕۆژەکانی دوومانگی کوتانی خوێندندا (سینەم) درەنگ دەهاتەوەو بەجۆرێك کەدایك‌و باوکی هەستیان پێکردبوو. هەموجارێ بەشەل دەهاتەوە. تەنانەت هەرکە پێی لەزەوی دادەنا لەپڕێکا لەبەر ئازاری دارکاریکردن هەڵی دەبڕین، بەڵام هەشت ڕۆژ دەبوو، هەرکە ئەو کونجە ڕووتەی کەبۆ فێرکردنی زمانی سەر زارەکی تایبەت کاربوو دادەخراو دەگەڕایەوە، لەسەرخۆ دەڕۆیشت‌و شوێنەواری هیچی ئازارێکی پێوە دیارنەبوو، هەرچەندێکیش درەنگ دەگەڕایەوە، کەس بەمەسەلەکەی نەدەزانی جگەخۆی نەبێ. فەقێ (سمۆ) بەنرخێك سزاکەی لەسەر هەڵگرتبوو، ((سمۆ)) ئیدی پێویستی بەمندالّی بەهێز نەبوو تاهەردوو پێی سزادراوەکەی بۆ بگرێت و لەسەرخۆ بەرداری دات، تەنیا داوای لەکیژەکە دەکرد کەبمێنێتەوە، ئەو وێنەیە هێندە تووڕەبوو کەکیژەکە لەگەڵیدا هەستی دەکرد دوای تۆزێکی دیکە ژوورەکە پارە پارە دەبێ. دوو دیوار بۆ دۆزەخ‌و دوو دیواریش بۆ بەهەشت.

وەلێ سەقفەکەی بەئاسمانەوە وەکو خۆی دەمێنێتەوەو لەسەر زمانی ئەو قومقۆکانە ڕادەوەستێ کەوەکو حەرفی کتێبەکانیان لەنێو کاریتەکاندا زاوزێ دەکەن، چەندان بەچکە قومقۆکیش بەردەبوەوە سەر لاپەڕە کراوەکان، یان بەدانیشتنەوە دەکەوتنە نێو کۆشیان، هاتو هاوارێکی کەپۆلاڵیان لێبەرز دەبوەوەو حەیزەرانەکەی فەقێ کەبەچەشنی بەیداخی ڕزگاریی جیهان بەرزدەبوەوە لغاوەکەی دەکردن.

(سینەم) درەنگ دێتەوەو بێنهێنیەنیە، مادامێکی فەقێ بەنرخێکی بێهەمیەتی ڕازی دەکا، ئەگەر هەر لەسەرتاوە داوای لێبکردبایە ڕازی دەکرد، تاخۆی لەو سزایە دوورخاتەوە کەئیشێکی بلیمەتانە گڕی لەپێیەکانی بەردەدا. فەقێ دەڵێ: (قاچەکانت هەڵبڕە) ئەویش هەڵیاندەبڕێ، فەقێ حەیزەرانەکەی وەلا دەنێ، هەردوو قاچی کیژەکە لەپشتی خۆی دەئاڵێنێ ((ئەمە سزا نوێیەکەتە)).

پاشان دەست بەلەشی کیژەکەدا دەهێنێ، بەشتێکی گەرمونیان لەو شوێنە گەرمەدەداو کیژەکەیش نایبینێ، بگرە لەچەمانەوەو کووڕبوونی فەقێدا هەستی پێدەکا، وەك بڵێی کەسێك هەردوو قەپۆزی گرتبێ وەکو گوێرەکە دەبۆڕێنێ. چوار ڕۆژ دەبوو (سمۆ) تەنیا بەشە دیارەکەی لەشی مێینەکەی دەست کەوتبوو، تاژنەکەی مەلا (بێناڤ)یش بەرلەوەی (بێکەس) لەدایك بێ بەماوەیەکی دوورودرێژیش، دایکی کیژەکەی ئاگادارکردەوە: ((ئەرێ مەمکی کیژەکەت نابینی؟)). ((چیەتی؟)) دایکی سینەم وەڵام دەداتەوە.. ((خەریکە گەورە دەبن بەشێوەیەکی....)). ژنەکە لەسەرنجی براژنی مێردەکەی حەپەسا: ((ئەی خودایە بۆچ ئاگام لێی نەبوو..؟ سینەم)) بانگی کیژەکەی کرد، کیژەکەیش بەدەم هەناسکە هەناسکی پێکەنینەوە هاتە پێشەوە: ((کێ گەمەیان

پێ‌ده‌کات؟))و ده‌ستی بۆ مه‌مکانی درێژکرد. ژنان بۆنی گه‌وره‌بوونی مه‌مکی کیژه هه‌رزه‌کان ده‌که‌ن ئه‌گه‌ر هاتوو له‌راده‌ی خۆی ده‌رچوو، بۆنی شوێن پەنجه‌ی ره‌قی نه‌بینراوی نێرینه ده‌که‌ن، هه‌رکه بۆنی نێرینه به‌سه‌ر مه‌مکاندا هه‌ڵبکات گه‌وره‌ده‌بن، باوه‌زی نێرینه باوه‌زه باوه‌ز. کیژه‌که گه‌مژه‌که‌یش به‌حه‌پەساوی سه‌یری سنگی خۆی ده‌کات، حه‌پەساویه‌که‌ی شه‌پازله‌یه‌ك ده‌گرێته‌وه‌و دوورتر له‌حه‌پەسان تووڕی هه‌ڵده‌دا: ((کێ..؟). کیژه گه‌مژه‌که‌یش وه‌رام ده‌داته‌وه: ((سمۆ)) به‌ده‌م سه‌ره‌گێژکه‌و ووڕبوونه‌وه ناوه‌که‌ی ده‌درکێنی. ده‌ستی فه‌قێ (سمۆ) گه‌مه‌ی به‌سنگی کردوه، ژنه‌که به‌چاکی شوێن پەنجه کۆمپو نینۆکه درێژه‌کانی ده‌بینێ، که‌وه‌کو پەنجه‌ی پێ قه‌ڵه‌شاون، هیچی له‌بارنه‌بوو جگه ئه‌وه‌نه‌بێ که‌ده‌ستنیشانی ئه‌وه‌بکا که‌ده‌ستی □سمۆ– ده‌یانبینێ. ئه‌وه‌بوو ((بارام)ی برای ئه‌و فه‌قێیه‌ی گۆشه‌گۆش سه‌ربڕی، بێ ئه‌وه‌ی که‌س گوێ‌ی پێ‌بدا یان حکومه‌ت بزانێ چی قه‌وماوه. چوار رۆژ ته‌رمه‌که‌ی له‌و کولیته قوڕه سپی‌نه‌کراوه مایه‌وه، به‌یانیان مندالان ده‌هاتن‌و سه‌یرێکی ده‌رگا داخراوه‌که‌یان ده‌کردو ده‌گه‌ڕانه‌وه، به‌خۆشنوودیه‌کی راده‌به‌ده‌ر که‌له‌سه‌رو چاویان دا دیاربوو، بێ‌ده‌نگی ده‌رگاکه له‌چه‌ند سه‌عاتێکی خوێندن قوتاری‌کردن که‌وه‌کو کێڵگه به‌حه‌یزه‌ران چێنرابوو. چوار رۆژبوو مندالان به‌بێ ده‌نگی پیلانیان دژ به‌ته‌رمه‌که سازده‌دا، ئه‌وه‌ی که‌ڵه‌گه‌ت بووایه لاشه‌که‌ی ده‌بینی، که‌وه‌کو چۆن گه‌وره‌کان پێچکه پاسکیله‌کانیان پەمپ ده‌ده‌ن ئه‌وها گه‌رما پەمپی دابوو، له‌و پەنجه‌ره‌یه‌ی پشته‌وه که‌به‌چه‌پەڕێکی ئاسنی ژه‌نگاوی له‌به‌ر مێش‌و مه‌گه‌ز گیرابوو: جانتاکانیان داده‌ناو میزیان به‌دیواراندا ده‌کرد، ئه‌نجا بۆماڵ ده‌گه‌ڕانه‌وه.

گه‌وره‌کانیش سه‌رقاڵی ئیش‌و کارن‌و لێیان ناپرسن ئه‌و رۆژچی‌فێربوون.

که‌س نه‌یزانی چۆن فه‌قێ وونبووه‌که‌یان له‌بیابانی ژووره‌که‌ی خۆیدا دۆزیه‌وه، ته‌رمه‌که پڕبوو بوو له‌قومقمۆك‌و له‌نیوان پەراسووه داڕزاوه‌کانیدا ده‌رده‌فرتان. هه‌ندێ خێره‌ومه‌ند به‌رله‌وه‌ی له‌گۆڕستانی (هیلالیه) به‌خاکی بسپێرن به‌کیسه‌ی که‌للەشه‌کر دایان پۆشی‌بوو، (هیلالیه)یش ئاوایه‌که له‌گه‌ڵ شاری (قامیشلی)دا جه‌نگه‌ڵستانێکی کاڵوچنار ده‌که‌وێته نیوانیان، هه‌روه‌ها جۆگه‌له‌یه‌کی قوڕاویش پێیان ده‌وت رووبار پڕیه‌تی له‌ماسی سه‌ڵتون‌و حه‌نکلیس، به‌پشته مشار ئاساکانیان رانی منداڵان شه‌قارده‌که‌ن کاتێ له‌رووباره مه‌له‌یان کردبایه.

((سینه‌م)) له‌به‌رده‌م زۆپاکه پاڵی‌داوه‌ته‌وه، شانی‌داداوه‌ته سه‌ر ئه‌و باليفه‌ی که(بێکه‌س) به‌رله‌وه‌ی ژووره‌که به‌جێبهێڵی شانی دادابووه‌سه‌ری، بیری ووردوخاش ده‌بێ‌و وه‌کو تۆپه‌ڵه تیشکێك ده‌دره‌وشێته‌وه، وه‌کو پارچه ته‌خته‌یه‌کی ته‌نك ده‌ساووتێ‌و داده‌ڕێ. خۆڵه‌میشه‌که‌یشی وێنه‌یه‌کی حه‌پەساوه‌و کامێرایه‌ك وێنه‌ی گرتووه. له‌پشته‌وه‌یش تارمایه‌ك وه‌ستاوه‌و سه‌ری به‌تووره‌که ره‌شه‌که داپۆشیوه، خۆڵه‌میشی گه‌مژه‌یه‌که‌و پڕ له‌قاقای پێکه‌نینه: (سینه‌م.. سه‌یرکه).. ده‌نگێ له‌خامۆشی ژووره‌که‌دا به‌رزده‌بێته‌وه، به‌پرووشه‌ی تف ته‌ڕبووه. خۆی له‌سه‌ر باليفه‌که هه‌ڵده‌بڕێ‌و له‌به‌رده‌م کونی زۆپاکه که‌به‌شووشه‌یه‌کی ئه‌ستورگیراوه داده‌نشێ، گڕ به‌بڵێسه‌ی شین‌و په‌رته‌قاڵی گڕ ده‌لێسێته‌وه وه‌کو گوجیله سه‌گێکی دیکه به‌شه‌ڕهاتبوو، تووڕه‌یی وه‌کو ریشه‌که‌ی باوکی‌و ده‌ڕپێ درێژه‌که‌ی دایکی، تاپاژنه شۆڕبوه‌ته‌وه‌و له‌مه‌ودای سه‌رقاڵیه ته‌سکه‌کانیدا ده‌شه‌کێته‌وه: ((سینه‌م.. سه‌یرکه)). له‌به‌رخۆیه‌وه ده‌ڵێ‌و سه‌ری سووڕده‌مێنێ، سه‌یری کێ بکات؟ سه‌یری لایه هه‌ڵزه‌پاوه‌که‌ی سه‌روچاوی (بێکه‌س) بکات‌و، ئه‌و لایه‌که‌ی دیکه‌ش که‌تیشکی چراکه سێبه‌ری لێکردووه، ئه‌و ده‌مه‌ی که‌به‌ده‌م هه‌ناسکه هه‌ناسکێکی ته‌ڕه‌وه به‌سه‌ریدا چه‌مابوه‌وه؟ یان سه‌یری ئه‌و فه‌قێیه بکات که‌له‌سه‌ر بڵێسه‌ی ئاگره‌که دانیشتوه‌و خۆی داداوه‌ته سه‌ر ده‌رگا زیوینه‌که‌ی‌و له‌ترساندا ده‌می داپچڕیوه‌و بێئه‌وه‌ی هاواری لێوه‌بێت؟: ((هه‌ڵفڕه.. هه‌ڵفڕه)). ده‌چڕپێنێ‌و ده‌مه داپچڕاوه‌که‌ی پڕ له‌پێکه‌نینه. کیژه گه‌مژه‌که چی ده‌بینێ؟ چ مه‌لێك ده‌فڕێ؟ وه‌کو کاو کۆته‌ڵی گه‌ووڕه‌که‌ی باوکی گڕ قه‌پاڵ له‌گڕ ده‌دات، جوانه گاکانیش قۆچ له‌دیواره ته‌نکه‌کانی زۆپاکه ده‌ده‌ن، وه‌کو بۆنه‌که‌ی (حه‌یندەر) بۆنێکی لینجیان لێ دێت. (سینه‌م) به‌کاوه خۆێکی ئیجگار خۆی له‌سه‌ر پشت به‌کێش ده‌کا، تاده‌گاته سه‌ر پێخه‌فه‌که‌ی

کەلەتەنیشت دیوارەکە راخراوە، خەوە نووتکیەتیو چاوەڕێش نیە کەس خەبەری کاتەوە. زۆپاکە دەسووتێ، وەکو چرا هەڵواسراوەکەی سەر دیوارەکەیش هەرکە نەوتیان نامێنێ خۆیان خامۆش دەبن.

(سینەم) فێرنەبوو ئیشوکاری لەوجۆرە جێبەجێبکات، ئەوەتەی هاتبووە ئەم دنیا تەسکەوە وەکو ئەو پشتێنەی پشتی کەبەداوی ئاوریشم چنرابوو، و رێگایشی لە(بێکەس) نەگرت تاسەر مەکانی جلو بەرگەکەی هەڵماڵێ. (سینەم) بەرەو هەڵدێرێکی نەرمونیان خل دەبێتەوە، لێفەکە لەسەر لەشی لادەدا، شانشینی سادەو بچووک بچووک وەکو گوڵە ئەندازیەکانی سەرقاڵیەکە لەناخیدا دەپشکوێن، جۆرە شانشینێك کەجێگای سەری منداڵێکی لێنابێتەوە کەلەدەرگای کراوەی ئاودەسەکەی سەیری بکات، یان بۆ مریشکێك تاکەڵەشێر لەجووجەڵەکانی دوورخاتەوە.

(سینەم) دەکەوێتە سەر لای چەپ، هەردوو دەستی دەخاتە نێو رانە گەرمەکانیەوەو هەناسەی بەرێکوپێکی وەکو نووستوویەك بەرزبوەوە، تەنیا جەستەی بەئاگایەوەو دوای شانشینە ئەندازەییەکانی ناخی کەوتووە.. بەڵێ .. جەستەی .. ئەو شوێنەی هەموو دەستی گەمەیەك دەیگەیشتێو گەمژەیەکیش هۆی ئەو جورئەت کردنەبوو، کێ گوێ بەجورئەت دەدات؟ دەشێ ئەوەی لەدەور دەبینێ کەسێکی دیکە نەیبینێ، دەشێ هەموو شتێ بەگەمەوە بزانێت، ئەگەر هاتوو هاواربوو یان پێکەنین، بزووتن لەگەڵ دەربڕینی جودایە، ئەو مەبەستیەتی. زەمەن بێدەنگەو خەڵکیش بێدەنگن: دەمو لێو، دەست، پێ، نووشتانەوەکان، چاوە زەقو نووقراوەکان، جوولانەوەکان بەهەموو جۆرێك خۆیان دەنوێنن و پێکەنین لەزاران دەڕژن، ختووکەدانی هەمیشەیی ناوتەنگەی، دیمەنەکەیش هەریەك دیمەنە.

دەرەوە تاریکە، زەوی و بەفر لەهاوشانی یەکدی نووستوون، تۆڕە زیوینەکە هەڵگیراوە دوای ئەوەی هەرچیەکی راوکردبوو، کلوو بەفرە تەمەڵو لاسارەکان نەماون. بێدەنگیەکی مەست دوای چەند سەعاتێکی دیکە بەرەبەیان وەکو شووشەیەکی بەتاڵ تووڕ دەدات.

وەڵێ تیشکێك لەپەنجەرەی ژوورەکەی (سینەم) بۆ نێو هەوشەکە سەرەتاتکێ دەکات، تیشکێکی خنکاو، باریکە رێگایەك لەسەر بەفرەکە روونـاك دەکاتەوەو لەسەر گەلاکانی ئەو دار زەیتوونەی کەهەرگیز لەتەنیاییدا گەورە نابێ جێگیردەبێ.

(سینەم) بزەی دێ، لێوانی بەچرپە دەلەرێنەوە: ((کاء..کاء) بزەکە دەبێتە قاقایەکی بێدەنگ: ((بێکەس کەڵەشێرە، مریشك نییە، دەبێ بڵێ کوکوو..))

(*) سەلیم بەرەکات: ساڵی ١٩٥١ لەپارێزگای قامیشلی لەکوردستانی سوریا لەدایك بووە.

شاعیرو رۆماننوسی کوردە، بەزمانی عەرەبی دەنووسێ، سەردەمێ لە(قـبرس) وەکو نەفی کراوێك دەژیاو سکرتێری نووسینی گۆڤاری (الکرمـل) بـوو کـە یـەکێتی نوسـەرانی فەلەستین دەریدەکا.

بەرهەمەکانی:

١. زانایانی تاریکی (رۆمان) ١٩٨٥.
٢. گیانە ئەندازەییەکان (رۆمان) ١٩٨٧.
٣. ئەو بەڵگانەی کە مەم ئازاد لەوێ لەبیری کردون، یان پەڕ، ساڵی ١٩٩٠ (رۆمان).
٤. ئۆردوگاکانی هەتا هەتایی (رۆمان).
٥. کڵێسەی جەنگاوەر ١٩٧٦ (یادەوەری).
٦. ئەستێرە ناسەکان لەسێشەمەی مەرگدا (رۆمان).
٧. قاڵونچەی ئاسنین (یادەوەری مندالی) ١٩٨٠.
٨. پێنج کۆمەڵە شیعر ١٩٨١.
٩. بەرزی بێنە، تاسەری نەفیرەکەیش بێنە (سەربوردی هەرزەکاری) ١٩٨٢.

یاقووت



سەعدوڵڵا پەرۆش



مەدەد دەریا..
شاژنە نورانیەکەی ئاو مەدەد
ماسیگریّ ئوستادم وەلـیّ پیرو کەنەفت
گیرۆدە لێبوارمو رۆحم
خوناوی غوربەتی لـیّ نیشتووە غوربەت
لەغوربەتا
نەبەمالّی گولّفرۆشان دەکەومەوە
نە بە مەجلیسی مەیزەدان
مەدەد دەریا..
شاژنە بەفرینەیکەی سپی بوونەوە مەدەد
ماسیگریّ ئاو ناسمو نابینا لەچاوان
هاوارکە شەپۆلان
هێور ببنەوە وەك لم
عومرێکە ئەسەف
بەتەمای دانەیێ یاقوتی ژوان
گیرۆدەی کەنارم!

پایزی ۱۹۹۸

سیاحەتنامە

دڵشاد عبدالله

... ئێتر، ئەوە دوا ئێوارەی ئاوە
ئێوارەی گەڵای زەیتونی.
کەس تەماشای لای راست ناکا
کەس تەماشای کەس ناکا
کەس تەماشا ناکا.
لەناکاو،
ئەوانەی ناوکەشتی، بەوجلو بەرگانەی
هەندێکی لە ڕەنگی خۆخۆ ئەوانی دی لەگژوگیان
هاواریان لێ هەستا؛
تیلماسکی بەردێکی زەبەللاح، تاریکو لووت بەرز
لوزی کەشتیەکەی داگرتین.

ئەوە سەردەمێکی زوو بوو
پەیکەرێك دەتوت هەنگوینە
لەناو شانەکانی ڕۆژدا دەبریسکاوە.

ڕیش سپیەکی باریکەڵە، بە ئاستەم بۆ خاك چەماوە
بانگی کرد: حەزرەتی کەشتیەوان!

لەنگەری زێڕو زیو، بەلەم قاپی فەخفوری
شەمدانو سندوقی سەدەفی گەورەو بچوکو ناوەنجی
گۆزەو کوپەو گۆی زەوی پڕاوپڕ لسێی دەڕژێ.
لێی دەڕژێ ئارەقو خوناو سەندەلووس
لێی دەڕژێ زەمزەمەو قافیە
لێی دەڕژێ یاقووتو چەهچەهەو کەمەندبازی
لێی دەڕژێ سپی پات
لێی دەڕژێ پیازی.



ئەو خۆڵە بناسە ئەوجا بیلاوێنەوە
بەو ئاوە بڵێ چەند باڵێك بکشێتەوە
جا ئاو بەقسەی کێ دەکا؟

دەپرسێ: ئەو بارەگرانە چۆن هەڵدەگیرێ؟
رۆژێ سێ جاران بەقسەی خۆشو حەندك
ئەو هەموو کەرۆشكو بازو باشوکە، قەڵو قومری
سیسارکە کەچەڵو هەوێردە.. هتد
کەشتیان پڕ دەکرد لەهەراو هەوەسو دەسبازی.
من بەندەیەکی بچوكو بێ نرخ
بەنیازی گەشتو دڵدانەوەی با
دەستم بۆ بنی هەمبانەو بنی ئاو درێژکرد.
رۆژی یەکەمی دوای تۆفان،
لە شەنگاریّ کەوتمە خواریّ
رووم کردە ئەیالەتی رۆژ
لەپم پڕاوپڕ لەرۆنی گەنەگەرچەك
هاتووم..
سەفەرێك فریا نەکەوتم، سەفەرێکی دی.
سەفەرێك بۆ گوڵو.. یەکێك بۆ باران

سەفەرێك بۆ یەکجاری بەفرو
سەفەرێك بۆ پەشیمانی
سەفەرێکو دوا سەفەریش بۆ منداڵی.

لە سوچێکدا: دوو سەدو شەست بەیاز
بە خەتی لۆ ئەنفالو تەعلیق
بە برژانگی ئائومێدی دەنووسرانەوە.
تۆماری وایان تێدا بوو،
کە گومبەزێکی پڕ دوڕو مەرجانی دەهێنا.
هەر تاقە لاپەڕەیەکی،
بەفرێکی تازەباریو بوو
لەجوانیدا شەڕی لەگەڵ شیعر دەکرد.
ئەسپێکو فیلێکی جادوویی
لە بەردەمی قەڵایەکدا، کە کتومت دەتووت: ئۆردووی قۆرەتووە
قەڵایەك بە زەحمەت رەنگەکانی تێکەڵی یەك دەکرد
بەزەحمەت وێنەکانی لەیەکتر جیا دەکردەوە
ئەسپێکو فیلێکی جادوویی بۆ تەیمور
کەچی تەیمور لەنگ سواریان دەبوو.

لە سوچێکدا: دەفری ئاوو دەفری شەراب هەراج دەکرا
یەك تریفە بە پوولێکو
دەتریفە بە پوولێکو
هەزار تریفە بە پوولێك
لە سوچێکدا: کتێبخانەی کۆنو نوێ هەراج دەکرا
هەزار لاپەڕە بەپوولێك.

ئەو هەموو ئەنتیکەو گەنجینە بۆچی‌یە؟
شیری جەوهەردارو گرانبەها، کە هەمویان لە پۆڵای ئەسفەهانین

سندوقی نقیم دارو مەتاڵی حەڵەبی
ئەو هەموو تیرو خەدەنگو سەرەڕمبە بۆچی؟
کە هەریەکەیان یادگاری وڵاتێکو سەردەمێکو
پاشایەکی دۆڕاوی لەسەر نەخشاندوە.
تیردانەکانیان بەپەڕی تاوسو شاباڵی هوما رازاوە
کلکی تیرەکان پەڕی کۆتری سەردەمی تۆفانو
جقەی شەهێنی هەورامانیان لێ بەستراوە.
بۆچی بوو، ئەو هەموو پێستی بەورو پڵنگە؟
سەڵتەی حەریرو سوخمەی گەوهەرو
دوگمەی ئینجونی حەبەشیو زمروتی ئەسوانیو
پلپلەی تاجو بازی بەند بۆچی بوو؟
دواجار،
فنجانی پیرۆزەو زمروت، دانە دانە لەعلی بەدەخشانو ئەڵماس
لەبن سوخمەو کراسان دەبریسکانەوە
تیشکیان لە کاسەی یاقیقی دەدا
ئەویش چەند دڵۆپ ئاوی تۆفانی تێدا قەتیس مابوو
بە قونەخشکێ دەچوینە لای
ئەو ئێوارەمان لەوێ بەسەر دەبرد.



چەند قسەیەکم لەسەر پێستی نەهەنگو بە بەرچاوی ئاسمانەوە
لەئاوێ جێهێشت.
کەس لەو قسەیەی نەپرسییەوە.
بەو شێوەیە وازم لە سروشت هێنا
سەردەمو هەوایەکی تازە هەڵیکرد.
کام قسە بوو؟ کام نەهەنگ؟

لکی پشکووتووی دار هەنجیرێك، لار ببووەوە
بۆ دڵدانەوە بانگی کردمە لای خۆی


بۆنی گوڵە هێرۆ نار لووتی دەبرژاندەوە
سروشت تیرهاوێژێك دوور بوو
مراوی زەرکەفت لە چەشنی گزنگی پەیام
هەندێکیان باڵی بازیان لە پشت بەستبوو
بەری ئەیالەتی دۆژیان دەگرت.
بەو حاڵە پێش مردن یەك رەنگ دەما
یەك رەنگو بەس.
دار هەنجیرێك بانگی دەکرد: سەفەرێك بۆ لەشو..
ئیتر بۆ بگەڕێینەوە؟
مەرج نییە جوانی دووبارە بێتەوە
گوڵە مێخەك زمانی تەتەڵە دەکا
پەلکەزێڕینەی پەراسوو دەچەمێتەوە لای پشتو
لەوێ کێ تەماشا دەکا؟

لەنێوان تۆفانو تۆفاندا
ئەستێرەکان سەرسامن لەبەر پەنجەرە
لەنێوان ئێوارەو گەڵایەك
شەرمەزاری خوداحافیزی دەمکوژێ.

ئیتر ئەوە دوا ئێوارەی ئاوەو،
دوا سەردەمی تۆفان بەسەرچوو.

ئەیلولی ۱۹۹۸

شاعیر




کەریم دەشتی

تۆ چار بەستەی ژێر شەمشێری دیۆکلیسی
تۆ سەمەندەرێکی تەنهای ئاسمانانی
گۆرانیەکانی خۆت بڵێ و
بچۆرە ناو مەترسیەکانی رەهایی
تۆ کەڵە میێردێکی تائەبەد لەبیرکراوی
تۆ غەریبی نێو میگەلێکی پڕ سامی
تەکانێ بدە برادەر
تابگەیتەوە ناو سیحری جاویدانی
تۆ کەسێکی بێ نەزیری
تۆ مەخلوقێکی پڕ سەفاو بێ خەڵوەتی
تۆ کوورەکەت بێ ئاگرە
تەنها تری لەزەمینێکی چۆڵکراو
تۆ دیرۆکت تاشەبەردێکی بنگۆمە
پێکێکی تر هەڵقوڕینە
باپڵنگی مەستی بتگرێ
تۆ لەنێو ئەم خەراباتە
بەتەنها دیدگا شك دەبەی




ئەوان کە ڕەت بوون ترس قوتی‌دان
تۆ یاریت بەکتێبی خۆر دەکرد
کە ڕەشەبا بینایی دارکاژی دەچنی
تۆ گەڵا ڕژاوەکانت کۆدەکردەوە
زۆرم بیر لەتۆ کردۆتەوە
نەڕۆژێ ویستت مەشخەڵە ئاگرێ بدزیت
نەووچان دەگری لەحەرفێ
تۆ چەند تەنهای ئەی مرۆڤ
بۆ کوێ دەچیت
با تەلبەندێکیش تەی بکەی
بپەڕیتەوە ئەوبەری
یالەکەنارێ سەمای بێهودەیی بکەی
باگۆرانیەکی خۆشیش بڵێی
خەمگینی سیمای سەردەمە
گریمان ڕزگارت بوو
ئەوسا کەسێ لەدەروبەرت نەماوە
دەست لەشانەکانت بدا
هەرچەند ڕاکەی
هەر دەگەیتەوە ڕۆحی خۆت
تەنها تریشی لەجاران
گریمان دەتەوێ سۆراغی کتێبی ڕەهایی بکەی
دەبێ تائەبەد خاچت لەدەست بێ
ئای چەند تەنهای ئەی مرۆڤ؟؟



بەشێك لەدژە ئەندێشەكان

محمد باوەگر/ هەولێر

ماڕەكان ژەهری تازەیان دراوەتێ
ترۆقان.. لاشەی خۆیان هوردە كوت كرد،
چوار ریانی سۆمای ئەفسونگەر لەچاواندا
یەكدەگرنەوە.
گشت بوونەوەران لەڕووی ئێوەی بەهەشتی
ذكریان كرد.. میزیان هاتێ...و
هەر بزرن دە بیابانی هەنگوستە چاودا
[لەبنەڕەتدا، یەكڕۆژ تەمەنی ئادەمێزادانە]
تەمەنی تۆ زەوی ڕەباسبووی پڵینگە سپیەیە
گەڵای درەخت هەڵوەری.. گیان دەرنەچوو
جوانەگای پیرۆز بووە پیسایی
نەفرەت بەئێوە نەگەیشتو
لەسرتەی خۆشاوی بێخوداوەندیش نزیك
گۆزینگانت دەكرووشكێ.
چاویش بەئاهوو هات
بەری شاڵاوی لافاو بەچی دەگیرێت؟
لە ئێستای ڕۆژانی داهاتوو
خم شێواوە، سەرگەردانە



هەور نایەڵێ سێبەری پەڕۆز بەسەر ئادەمیزاددا ڕەتبێت
ڕێی هەزار ساڵ سەر بەرەو ژێر
ڕێی هەزار ساڵ سەر بەرەو ژوور
لەسووان باریکتر.
دەنگدانەوەی زایەڵەی مردووی ئەهرامەکانە
فەرمانێکی خراوەتە سەر ماسییان..
هەمیشە لەدەرێ ئاوردا بژین
خوداوەند گفتی دا
نەمامی بەردان بچێنن..
پێشدان.. نزاو تکا هەبوو..
ئاگرنشین.. ئاگر دۆست
ئایا ڕەوایە.. ئایا ڕەوایە
ئەتۆی سەر لەشکری هەڵگەڕاوەکان لەسکی کەروێشکانەدا
بنووڵ..
گەردنمان ئازادکە
لەودیو سروشتەوە هاتیتە گیانان
بەر هەینێ بێزت نەدەهات بێیتە دەف شینایی،
جەستەو دەروون جۆراوجۆن
کەڤر بووە نان، مردیی تازەش لەئەزموونێتدا تێر بوون
تۆو بەرەچەی ئەژدیهای باوکانە، لەدەریای دایکان
سێویان خوارد..
ئاوسان..
دااڵش لەگۆشتخۆری کەوت
کەڤەر هاودۆستی پەك کەوتووانە
ژێننامەی سەدو بیستو چوار هەزار ساڵەی دیرۆك
دەبێتەوە هیچ
لەشکری تاووس نەوە مرۆڤەکانی خۆی لەئاسمانان
وەرگرتەوە

جوبرائیل بەژێر سێبەری زەویدا نارِوات

ئاهوو.. ئاهوو

چاویش گوتی:

یاساکانی خواوەند گشتیان فیشارن

لەبەینی ئێمەدا ئاگادارو شارەزای شتەکان دەبێت.

ئەهامەتی دەسکێشی سەر گیانە تازەکان دەکات

متفەرِکی پاك بەتاڵە.. وەرگەرِاین

پەیمانی نۆژەنانەی پاکیزە مۆر دەکەین

لاسایی لوڕەی با، گەڵا هەڵوەرین، مرِەی شەوان دەکرێتەوە

هەرماس شارەزای دەنگانە

چۆن بەدیداری شاد نەبووین؟

وا لەعەرشێیدا

تنۆك تنۆك ئارەقەی شەرمەزاری دەرِێژرێت

زۆری گوت:

ئێمەی بەدفەساڵ کەمان بیست

سەیری دەروونمان مەکە

زەندەقت دەچێت

تەماشا بکە.. سەیری دەروونمان مەکە دیسانەکێ

زەندەقت دەرِوات

سەیرکە ڕووەکان پڕن لەبەزەیی پێدا هاتنەوە

ئەستێرە لەکزبیە

تروسك نابەخشێ

سێجاران گفت بەشیری تەرِی دایکان

ڕێی هەرگیز نەهات هەهاتە

عومری ساڵ کڵێشە گۆرِە.. دۆنای دۆنە

ئێمەی مریدو

ئێوەش کریفی پێدۆز

خۆر لای شانی راستی فریشتە تاووس هەڵدێت.

رۆژ ژمێری رۆژانی بەفرو جوانیی

لە شارێك دا کە دەڵێی گوڵە بەهەشتیەو پێی دەڵێن: مۆسکۆ

مستەفا سالح کەریم

مۆسکۆ: شارێك بوو ئاوی دەکردە روونا کیی و خەون و بەواقیع، بەڵام ئێستا کاربەدەستەکانی دۆستیش دەکەن بە دوژمن!!

لەوکاتەوە کە هاوڕێیەکی خۆشەویستم رۆمانی (دایك) ی دامێ و خوێندمەوە، مەکسیم گۆرکیم خۆشەویست، بەوپێیە ئیتر بەرودوا ئاشنایەتیم لەتەك نووسەرە مەزنەکانی رووسیادا پەیداکردو بەپەرۆشەوە بەدوای بەرهەمەکانیاندا دەگەڕام، بەهۆی گەورەیی ئەو شاکارانەوە شان بە شانی ئەوبیروباوەڕەی سەردەمێك هەموو دنیای گرتبوەوە، یەکێتیی سۆڤیاتم خۆش دەویستو مۆسکۆشم بەقیبلەگای تێکۆشەرانی رووی سەرزەمین دەزانی، لەبەرئەوە ئاواتم بوو ئەو شارە ببینم، دووجار بۆم رەخسا کە ئەو ئاواتەم بهێنمە دی، بەڵام هەر دووجارەکە کۆسپی ئەوتۆم هاتنە رێگای بەدی هێنانی ئەو حەزەم کە خەونەکانم بخەمە ناو بوخچەیەکەوەو توند گرێی بدەمو نەیکەمەوە.

یەکەمیان:

هاوینی ساڵی (١٩٥٩) بوو، ئەو دەمە لە هەڤەتی لاوێدا بووم، وێڕای جموجۆڵی ئەدەبیی، چالاکی سیاسی بەرچاویشم هەبوو، ئەوکاتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی (ئاسۆس) بووم لە قەڵادزێ، بۆ مێژوو دەیگێڕمەوە کە هاوڕێی ئازیزم بەڕێز د. عزالدین مستەفا لە بەغداوە هات بۆ دیدەنیم بۆ قەڵادزێ و پێی گوتم: ئێستا چەند کەسێك دەنێرن بۆ خوێندنی بالا بۆ یەکێتیی سۆڤیات، من یەکێکم لەو کەسانە، زۆر حەز دەکەم تۆش بێیت، ئەمە فرسەتە، ئەو شەوە تا دەرنگانێ لەوبارەیەوە دواین، وتی:

((بریاری خۆت بدەو ئەوی تری لەسەر من، لە بەغدا بۆت ئاسان دەکەم)).

منیش وەك یەکیکی پابەند بەلایەنیکی سیاسییەوە پرسم بە برادەری لیپرسراوم کرد، لەوەڵامدا گوتی:

((هاوڕی تۆ بروانامەت بۆچییە، بروامانەی جەماوەرت هەیە)).

بەو قسە هەنگویناوییە هەلخەلەتامو سەرپیچی فەرمانم نەکردو هاوڕیکانم ((د. مارف خەزنەدارو د. عزالدینو د. کمال مظهرو د. احسان فۆاد د. کاوس قەفتانو د. نەسرین فەخری)) سەفەری خیریان کردو منیش کەوتمەوە گیژاوی سیاسەتو کاری رۆژانەی سیاسییەوە، دوور بەدووریش مۆسکۆم هەرخۆش دەویست



دووەمیان:

بۆ ساڵی دوایی سەفەر هەبوو بۆ مۆسکۆ، نەقابەی مامۆستایان رێکی خستبوو لەبەرئەوەی هاوڕێم (د.فؤاد مجید فرج) کە ئەو سەردەمە مامۆستای ناوەندیی بوو لە قەڵادزەو بەرپرسی سیاسی ئەو لایەنەبوو کە پێکەوە کارمان تێدا دەکرد، خۆی بۆ ئەو سەفەرە ناونووس کردبوو وە دەبوایە هەریەکێکمان بچین.. ئەو جارەش بە نسیبم نەبوو.

بەڵام دوای نزیکەی (٣٠) سالّو پاش هەڵوەشانی سۆڤیەت مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) ئەو ئاواتەمی هێنایە دی لەسەر بانگهێشتی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیو سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردیی لە مۆسکۆ، بۆ بەشداربوون لە سیمیناری یادی (١٠٠) ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ڕۆژی ١٩٩٨/١١/٣ گەیشتمە فڕۆکەخانەی مۆسکۆ، ئێمە لێرەوە کاك دڵشاد عبدالله و من بووین، لە هەولێریشەوە بەڕێزان فلك الدین کاکەیی و د. ناصح غفور کە پێش ئێمە گەیشتبوون.

بەڕ لەوەی تاران بەجێ بهێڵین دەبێ ئەوە بدرکێنم کە تاران شارێکی خۆش و دڵگیرە، شەرمو ماتەمینی لە چاوی کیژۆڵەکانیدا چەندین داستانی ئەفین دەگێڕنەوە، تاران بۆ من ئەو ڕۆمانە بوو کە هێشتا نەم خوێندبوەوە، چونکە یەکەم جارم بوو ببینم، ئەگەر چی ساڵی (١٩٧٤) کە لە ریزی شۆڕشی ئەیلولدا بووم زۆر بە تاسەوە بووم، سەردانی ئەو شارە دێرینە بکەم. بەڵام بۆم نەڕەخسا.

سەعات یەکی پاش نیوەڕۆی (١٩٩٨/١١/١٢) گەیشتینە فڕۆکەخانەی مۆسکۆ، هەرکە لە فڕۆکە دابەزین هەستم بە تەوژمی سەرماکردو بەفریش لە پێشوازیی ئێمەی کوێستانیدا لە سەمای خۆیدا بوو، لە کاتی پێشوازیکردنماندا مامۆستا ((شاکرۆیی محۆیی)) سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردیی وتی:

— پێیو قدومتان خێرە، ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی بەفرباریە، ئێمە لێرە لە پێشوازیی یەکەم ڕۆژی بەفرباریندا پێشبینی خێرو بێر دەکەین.

کاك دڵشاد لەگەڵ کاك موفق دەرگەڵەیی و کاك شێرزاد خۆشناودا چوونە ئوتومبێلەکەی کاك شێرزادەوە، مامۆستا شاکرو کاك شۆڕش خالدو منیش چووینە ئوتومبێلی د. ئەمین مستەفایۆفەوە که بۆ پێشوازیمانی ناردبوو.[1]

کەوتینە ڕێ، دیمەنی دڵڕفێنی شاری مۆسکۆ یەك بەدوای یەکدا جوانییو خۆشییان دەبەخشی، تا گەیشتینە نزیك کرملینو گۆڕەپانی سوور پاشان گەیشتینە شوێنی حەوانەوەمان کە لە ئوتێلی ((مالّدافیا)) بوو[2] دوای حەوانەوەیەکی کورت خایەن بەرەو ژوورێکی تایبەتی براین لەوێدا بۆ بەخێرهاتنی ئێمە مامۆستا شاکرو ئاهەنگێکی پێشوازیی بۆ ئامادەکردبووین. لەیەکەم ساتی دانیشتنماندا دوو شت فێر بووم: یەکەم _ جگەرە کێشان لەژوورو لە چێشتخانەو کافیتیریاو شوێنی گشتیو ناومالّ دا نادروستە، دووەم: (تۆست) تۆستی ڕووسیی واتە پیاهەڵدان، بۆ هەرپێکێکی ڤودکا خاوەن مالّ ئەمجا

بەشداربووان شتێك دەڵێن: بۆ بەخێرهاتنی میوانو بۆباسی یەکێ لە بەشداران، یان بۆ رووداوێکی پیرۆز. کیژۆڵە مالدافی یەکیش کە لە کار مامزی گەرمیان دەچوو پێش خزمەت بوو، مامۆستا پرۆفیسۆر شاکرۆیی محۆیی بە تەمەنی دلّ تەپی قسەخۆشی دلسۆز:

یەکەم (تۆست) ی بۆ ئاشتیی کوردستانو بۆ تەبایی کورد بوو[٣] هەروەها وتی:

من زۆر بەختیارم کە ئەمە یەکەم وەفدی هاویەشە لەیەکێتیو پارتی پێکەوە دێنە مۆسکۆ، لە دوای سالانی شەڕو ناخۆشی، کە چووینە ژوورەکەمان کاك فلك الدین کاکەیی هاتە لامان بۆ بەخێر هاتنمان.

١٩٩٨/١١/٤:

نیوەڕۆ خانمە کوردێکی گورجستانی کە لە مۆسکۆ دەژی، لەسەر شەرەفی وەفدی کوردستانی عێراق ئاهەنگی نان خواردنی لە سەنتەری کوردی رێك خستبوو، وە لە مالّی خۆیانەوە هەموو جۆرە خواردنێکی هێنابوو، (ژینی) خان زۆر شانازیی بەکورداییەتی خۆیەوە دەکات، بۆیە بە پێویستی سەرشانی دەزانی کە دەبێ ئەو ئەرکە میوانداریی بە بخاتە ئەستۆی. جگە لە کاك فلك الدینو د. ناصحو ئێمە گەلێ کەسی تری بانگ کردبوو، کوردی سوریا، کوردی کوردستانی تورکیا، هەروەها لە کوردستانی ئێران لە کازاخستانو گورجستانو ئەرمینیا، زۆربەیان باوەڕنامەی دکتۆرایان لە مێژوودا هەبوو، وتەیەکیان زۆر دووپات دەکردەوە ((ئێمە چاومان لە ئێوەیە، با بە هەمومان هەوڵ بدەین کوردستانی عێراق بکەینە قیبلەگای سەرفرازیی)).

دوای تەواوبوونی چەندین تۆست کە هەریەکەیان تەقسیکی تایبەتی هەبوو ئاهەنگ بەپیاهەڵدانی ئاشتی کوردستان کۆتایی پێهات.

لەبەرئەوەی د. ناصح لە مۆسکۆ ژیاوەو هەر لەوێش خوێندنی بالای تەواو کردووەو شارەزای ئەم شارە جوانەیە، هەر چوارمان بە شارەزایی ئەو رووماں کردە گۆڕەپانی سوورو ناوچەی کرملین. لە جەرگەی گۆڕەپانی سووردا پەیکەرێکی دیار هەیە کە ئەویش پەیکەری ژەنەڕاڵ (ژۆکۆف) ە بە سواری ئەسپەکەیەوە داستانی سەرکەوتنی بەسەر نازییەکاندا بۆ نەوەی نوێ دەگێڕێتەوە، لە کاتێك دا لەشکری ئەڵمانیای هیتلەریی تەنگیان بە مۆسکۆ هەڵچنیبوو، ئەم قارەمانە بە (ستالین) ی گوت:

((دلّ لە دلّ مەدە، پەیمان بێ سوپای سوور، شوورەی پۆلّایینی سۆڤیات هەرگیز رێگا بە ژەنەڕاڵەکانی هیتلەر نادات لەبەر بالّاوێنەی کرملین دا دەست بە سمێلّیاندا بهێنن)).

لە نزیك ئەو پەیکەرەوە ئاگری فیداکاریی بەبەردەوامی بلّێسەی ناکوژێتەوە ئەو گڕی وەفایە بۆ (سەربازی گومناو)ە. کۆشکی (کرملین) بینایەکی دێرینەو لە خشتی سوور دروست کراوە، بریتییە لە (١٧) قوللە، کۆتایی هەر قوللەیەك بە ئەستێرەیەکی سوور هاتوە، لەخوار ئەم کۆشکەوە کلّیسایەك هەیە، کە لەو نزیکانەدا جارێکی تر دەستی رازاندنەوەو تازەکردنەوەی پێدا هێنراوە، بەلای د. ناصحەوە سەیر بوو کە پۆلیس نەی هێشت بچینە ناو کرملیتەوە، بەلام کە گەڕاینەوە بۆ ئوتێل بەهۆی تەلەفزیۆنەوە زانیمان کە خانە نشینێك خۆی و (لادا) شۆڕەکەی لەبەردەم (کرملین) دا تەقاندۆتەوە، لە ئەنجامی ئەو کێشەیەی لەسەر شوققە لەگەلّ خوشکەکەیدا هەیبوە.

هەر لەوێوە چووینە بازاڕێك کە سێ نهۆم دەچیتە خوارێو هەمە جۆر کۆگای رازاوەی تێدایە، کافیتریا کانیشی شوێن ژوانی عاشقان بوو.

ئەو رۆژە تا شەوگارێکی درەنگ ئێمە مەستی جوانیی مۆسکۆ بووین، جوانیی لەو هەموو کۆشکە بە ئاسمانا هەڵکشاوانە، لە بالّای بەرزو ناوقەدی باریکو قژی زێڕینی کچە رووخۆشەکانیا، لە رووباری مۆسکۆو یاوزەدا، لەو تارا سپیی‌یەی هەزاران بەلقیس دەیپۆشن، لە درەختە پەڵو پۆ سەوزەکانیا، لە ژوانی نیوەشەوی ناو بەفرو دارستاندا .. لە هەزاران دیمەندا بەدی دەکرێ.

١٩٩٨/١١/٥:

سەعات یازدە لە هۆڵێکی گەورەی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسیدا سیمیناری (١٠٠) ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی دەستی پێکرد، هۆڵەکە بەوێنەی رۆژنامەنووسە ناودارەکانی کورد رازێنرابووەوە، لەسەر مێزەکانیش هەموو ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی لە هەرێمی کوردستان دەردەچن کە لە کوردستانەوە بردبومان خرابوونە بەرچاو. دوای پێك هێنانی دەستەی سەرۆکایەتی مامۆستا

شاکرۆیێ محۆیی سەرۆکی سەنتەری کوردیی بە وتەیەکی گەرم و گوڕ سیمینارەکەی کردەوە.

پاشان پرۆفیسۆر ((انتونیواوگرین)) (جێگری بەڕێوەبەری ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی) وتەیەکی پێشکەش کرد. ئیتر بەرودوا ئەم بەڕێزانە باسەکانیان پێشکەش کرد: ((فلك الدین کاکەیی (سەرنووسەری خەبات)، پرۆفیسۆر لازاریف (سەرۆکی بەشی کوردیی لە ئامۆژگا)، پرۆفیسۆر میدفید کۆ (مامۆستا لەئامۆژگا)، پرۆفیسۆر حسرتیان (مامۆستا لە ئامۆژگا) باسەکانیان زۆر بە پێز بوون، لە پاڵ باسی رۆژنامەنووسیدا گەلێك مەسەلەی گرنگیان وروژاند کە پەیوەندی بەچارەنوسی کوردەوە هەیە.

بڕیار وابوو کە نانی نیوەڕۆ لەسەر خوانی سەنتەر لە ئوتێلی ((مالدافیا)) بخۆین (کە ئێمە لێی دابەزیبووین)، بەڵام لەبەرئەوەی پێش کات ئاگادار نەکرابوون، رێ نەکەوت، ئیتر ئێمەی گرووپی کوردان چووینە ((ماگدۆنالد)) تا بەرمانکەوتو نانمان خوارد، بارانیش لەبری بەفر ئەو رۆژە خۆی کردبووە میوانی مۆسکۆ، کەمێك بۆ کاتی دانیشتنی دووەم دواکەوتین، بڕیار وا بوو یەکەم کەسە ئەم کۆڕەیان بۆ خوێندنەوەی باس من بم، بەڵام کە گەیشتین پرۆفیسۆرە (ژالینکا) باسەکەی خۆی دەخوێندەوە، دوای ئەو من بەخوێندنەوەی بروسکەیەکی بەڕێز (مام جەلال) دەستم پێ کرد کە بۆ سیمینارەکەی ناردبوو، بەچەپڵەڕێزانێکی گەرم پێشوازی کرا ئەمجا هەندێ لایەنی رۆژنامەنووسیی _ پیرەمێرد _ م پێشکەش کرد.

ئەو بەڕێزانەی تر کە لەم دووەم کۆڕەدا باسیان پێشکەش کرد ئەمانە بوون ((د. بشیر صبری رسول /لێکۆڵەرەوە لە ئامۆژگاو کارمەند لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردی ، خالوق از تورك / سەرنووسەری گۆڤاری رۆژا نوێ _ سوید، یولیا سعید / مێژوو زان و رۆژنامە نووس، ئازاد اکرم / کوردستانی تورکیا، پرۆفیسۆر زەرێ یوسف / مامۆستا لە ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی لە لینینگراد)).

۱۹۹۸/۱۱/٦:

سەعات (۱۱) دانیشتنی سێیەم دەستی پێکرد، ئەم بەڕێزانە باسیان خوێندەوە د. ناصح غفور (کورستانی عێراق)، دڵشاد عبدالله (جێگری سەرنووسەری کوردستانی نوێ)، موفق دەرگەڵەیی (خوێندکاری خوێندنی باڵا لە رۆژنامەنووسیی کوردی‌دا)، د. شریف افراسیاب (کوردستانی ئێران)، د. کرم رش (سکرتێری یەکێتی‌ی نوسەرانی رووسیا)، د. رۆژان (لە کوردستانی ئێران)، د. توسن رشید (کوردی یەریڤان و نیشتەجێی ئوسترالیا)، عادل ئەنوەر (نوێنەری گۆڤاری بەربانگ).

لە کۆتایی باسەکاندا پرۆفیسۆر ((لازاریف)) بەباشی باسەکانی هەڵسەنگاند، دوای ئەو پرۆفیسۆر ((ئەناتولی (یگورین) باسی ئاشتی کوردستانی کردو ئامادەیی ئامۆژگای پیشان دا بۆ هەموو جۆرە هاوکاریەك، زۆر بە شادی‌یەوە ئامازەی بۆ تەبایی‌و گونجاندنی وەفدەکەی کوردستانی عێراق کرد، کە وەك تیمێك کاریان کرد.

لە کۆتایی‌دا بڕیار درا کە لای ئێوارە دانیشتنێکی سیاسی رێك بخرێت، لەو کۆڕەدا ئامادەبووانی ئەم کۆڕە نێو دەوڵەتی‌یە هەمە جۆر پرسیاریان لە چوار نوێنەرەکەی کوردستانی عێراق کردو ئەوانیش بەرێك‌و پێکی‌و بە وردی وەڵامیان دانەوە لە نێو چەپڵە ڕێزان‌و دیاری گۆڕینەوەدا کۆتایی بە سیمینارەکە هات.

۱۹۹۸/۱۱/۷:

ئەمڕۆ یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو، حکومەت (۵۰) هەزار پۆلیسی تەرخان کردبوو بۆ پاراستنی ئاسایشی شاری مۆسکۆ، زۆربەی شەقامە گەورەکانی سەنتەری مۆسکۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبێلی تێدا قەدەغە کرابوو، شیوعیەکان لە گەلێك لاوە بە خۆپیشاندان بەرەو شوێنی کۆبوونەوە دەهاتن کە گۆڕەپانێکی گەورە بوو لەبەر دەم ئەو بینایەی جاران بارەگای (K.G.B) (موخابەراتی رووسیا) بوو، لەگەڵ د. ناصح‌و کاك دڵشادا سێ قۆڵی چوویین بۆ ئەو گۆڕەپانە، زیگانۆف سکرتێری حزبی شیوعی رووسیا وتارێکی توندی خوێندەوە، تێیدا ئاماژەی بۆ مەینەتی گەلی رووسیا کردو ئۆباڵی خستە سەر حکومەتی سەرۆك یڵتسن، گوتی: ئەمە هەشتەمین ساڵە ئەم یادە مەزنە لەژێر سێبەری رژێمێکی رزیودا دەکەینەوە کە هیچ کات بەرژەوەندی گەلی پەچاو نەکردووە، هەروەها بە ژمارە باسی برسی‌و بێکاری کرد، وە ئەنگوستیشی بۆ حکومەتی مافیا راکێشا.

* لە دواییدا بە سواری (مەترۆ) بەرەو گۆڕەپانی (پووشکین) ڕۆیشتین، مەترۆ یەکێ لە دیاردە هەرە شارستانی‌یەکانی مۆسکۆیە، رۆژانە دوو ملیۆن کەس بۆ هاتووچۆیان بەکاری دەهێنن، کە ئەچیتە

تۆنێلەکانەوە لەژێرزەمینەکاندا وادەزانی هەموو مۆسکۆ لەوێیە، ئەوەی سەرنج راکێشە لێرەدا کەم کەس هەیە لەناومەترۆدا گتێبو گۆڤارو رۆژنامەی بە دەستەوە نەبێ، هەموویان دەخوێننەوە، خەڵکەکە زۆر شەیدای خوێندنەوەن.

گەیشتینە لای پووشکین لە دڵەوە سڵاومان لەو شاعیرە هەست ناسکە کرد، ئەوساتانەم هاتەوە یاد کە شاعیرو نووسەرێکی وا مەزن کۆتایی ژیانی بەشەڕەشیر بێت. لەگەڵ هەر نیگایەکی چاوەکانیا بڕگەیەکی (کچی ئەفسەرەکەم) بیردەکەوتەوە کە یەکێکە لە رۆمانە شاکارەکانی، وێنەی یادگارمان لە تەنیشتەوە گرت دەوری پەیکەرەکە گەڵاڕێزان تەنبووی، بەفرێش دەوری دابوو، بەواتەی د. ناصح باخچەکەی پووشکین جێ ژوانی دڵدارانە، لە گەڕانەوەماندا سڵاومان لە نوسەری لالەقانیاو باخی گێڵاس کرد، پەیکەرەکەی زۆر هونەرمەندانە کرابوو دەتگوت چیرۆکێکی نوێی پێیەو بەتەمای نووسینیەتی، لێرەدا چیرۆکنووس رەئووف بێگەردی هاوڕێم بیرکەوتەوە، کاتی خۆی لە رۆژی قەدەغە کردنی هاتووچۆدا لە تشرینی یەکەمی (١٩٨٥) لە سلێمانی بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی لەبەرگی کتێبێکدا، لە مالّی کاك رەئووف وێنەی چیخۆفی دیبوو کتێبەکە بریتی بوو لە گۆمەڵە چیرۆکێك لە فارسییەوە کردبووی بە کوردی، پێی گوتبوو:

– بۆ شتی ئەم سەگە کافرە تەرجەمە ئەکەی؟

لە کاتی خۆیدا من ئەو رووداوەم کرد بە ماددەیەکی نووسینو لە (کاروان) دا باڵاوم کردەوە.. ئەوا ئێستا لە تەنیشت ئەو (کافر)ەوە وێنە دەگرمو خۆم بە بەختیار ئەزانم کە زۆری بەرهەمەکانیم خوێندۆتەوە، ئاواتیشم خواست بێگەردم لەگەڵدابوایە.


شەو کە گەڕاینەوە لە تەلەفزیۆن دا ئەفسەرە ناوداره خانەنشینەکانمان بینی وەك نەریتێکی باو لە بۆلشوی تیاترۆ ئاهەنگی یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەریان دەگێڕا.

١٩٩٨/١١/٨:

سەعات دوو گەیشتینە ((کرملین)) و چووینە کۆشکی کۆنگرەکان، ئەو کۆشکەی ((خرۆشۆف)) بنیاتی نا بۆ کۆنگرەی بیستەمی حزبی شیوعی.

ئەمڕۆ ئێمە هاتووین بۆ بینینی باڵێی ((دەریاچەی / بجج)) (٤) ی چایکۆفسکی، هۆڵەکە پتر لە (٤٠٠٠) کەسی تێدابوو، ورتە لە هیچ کامیانەوە نەدەهات، تیپی ئۆکسترا بە فەرمانی مایسترۆیەکی بەناوبانگ ئاوازەکانی چایکۆفسکی وەك نامەی دڵداریی بەگوێماندا دەدا، کچانی سەر شانۆش وەك پەپوولە دەهاتنو دەچوون، ئێمەش بەدوربین زیاتر دیمەنەکانمان لەخۆمان نزیك تر دەکردەوە ئەگەر چی زۆر دووریش نەبووین، لە ریزی چوارەم دا بووین. دیمەنی کیژان کە وەك بێچوە مراوی بەسەر ئاودا دەڕۆیشتن تەماشاکەر وای دەزانی بەڕاستی لەناو دەریاچەدان. زۆر بەخەڵکی مۆسکۆ سەرسام بووم کە ئەوەندە بەپەڕۆشن بۆ هونەرو ئەدەبو بۆسامانی نەتەوەیی خۆیان.

* بۆ شەویش لەمالّی د. ئەمین مستەفایۆف دەعوەت بووین لە ڤیلاکەی خۆی لە دەرەوەی مۆسکۆ لەناو باخچەو دارستانێکی چڕدا. ئەم کوردە کازاخیيە زۆر دڵسۆزە، دکتۆرای لە مێژوودا هەیە، ئێستا بە کەسابەتەوە خەریکە دەوڵەمەندە، بەڵام دڵ فراوانە، وەك دەگێڕنەوە ئەرکی دارایی هەموو سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردیی گرتۆتە ئەستۆی خۆی، جگە لەوەی کە زۆر بەتەنگ ئەو کوردانەوەیە کە لێیان قەوماوە، ناو بەناو مەڕێکی سەردەبڕیو دەیبرد بۆ کوردە پەناهەندەکان کە لە کەمپی مۆسکۆدا دەژیان،درەنگانێ بەئوتومۆبێلەکانی خۆی بە شەقامە درێژەکەی لینینو بەلای پەیکەرەکەی گاگارین دا رەوانەی کردینەوە.



١٩٩٨/١١/١١:

بریار بوو لەگەڵ هونەرمەند کاك مهدی ئومێد بچین بۆ بۆڵشۆی تیاترۆ بلیتیشی بۆ

بڕیبووین، بەڵام بەهۆی گواستنەوەمانەوە لە ئوتێڵی مالداڤیا (لە سەنتەری مۆسکۆ) بۆ ئوتێڵی (یارسلافسکی) دواکەوتین بەتایبەتی مەسەلەی تازەکردنەوەی (اقامه) مان نۆری ویست، کاری ئەو برادەرانە راست بێ کە پێمانەوە ماندوو بوون.

١٩٩٨/١١/١٢:

ئەمڕۆ بەفڕێکی زۆر باریبوو، کاك موفق هات بەدواماندا، سێ قۆڵی چووین بۆ زانکۆی مۆسکۆ، ئەم زانکۆ دێرینە شارێکە بۆخۆی، کاك موەفق گوتی:

((خوێنکار لێرەدا، دەتوانێ یەك سااڵی تەواو بژی، بێ ئەوەی پێویستیی بە هیچ شتێکی دەرەوە هەبێ. بازاڕی پڕ شتومەك، دوکانی هەمەجۆر، کتێبخانەو بابەتی قرطاسیة، هۆڵی یاری، چەندین کافتریاو قاوەخانەو چێشتخانە، ژووری حەوانەوەو نووستن، ئالەم شوێنە گرنگەدا چەندین زانای بەناوبانگو ئەدیبو سیاسەتمەدار پێگەیشتوون، سەیر ئەوەیە تائێستا دووشت نەگۆڕاوە یەکەم چەوکوشو داسەکەی سەری سەرەوەی بینای زانکۆ. دووەم سەرۆکی زانکۆ شیوعییە شوێنەکەی زۆر دڵگیرە، لە هەر لایەکەوە بۆی دەچیت دەرگای دەرەوەی لەوەی دی دەچێ، کەوتۆتە ناوچەیەکی پڕ لە دارستانو درەختیجوانو باخچەی دڵگیرەوە، لایەکی زانکۆ ڕێك دەڕوانێتە سەر ڕووباری مۆسکۆ.

هەرچەندە بەفڕێکی زۆر دوێنێ شەوو ئەم بەیانییە باریبوو، بەاڵم ناوبەناو کە خۆر دەردەکەوت ئەوەندەی تر ئەو ناوە جوان دەبوو، بە قەراغ ئەو موحەجەرانەوە کە دەڕوانێتە سەر ڕووباری مۆسکۆ چەند وێنەیەکمان گرت، نانی نیوەڕۆشمان، بەیادی سەردەمی قوتابێتییەوە لە زانکۆ خوارد.

١٩٩٨/١١/١٣:

دوو ڕۆژ لەوەبەر بلیتی سێرکمان بۆیەئێوارە سەعات حەوت بەفرمان شێاڵو سێقۆڵی: کاك دڵشادو کاك موفق و من بەڕێکەتین، پلەی سەرما (١٥) لە ژێر سفرەوە بوو، بەفریش بەردەوام دەبارییە، بەاڵم سەیر ئەوەیە کە چووین سەدان ئوتومبیل لە گۆڕەپانی بەردەم سێرکەکەدا ڕیز بوو بوون کە خاوەنەکانیان بە خاوو خێزانەوە هاتبوون.جگە لەوانەی پیادە بوون وەك ئێمە، سێرکی ڕوسی بەناوبانگە بەاڵم هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد کە ئەوەندە داهێنەڕو هونەرمەند بن، گەاڵ چاالکیی تێدا نوێنرا کە هەریەکەیان بۆ خۆی نموونەی کارێك بوو بە ستایشەوە باس بکرێ.

لەناو هۆڵەکانی ئەم سێرکەدا جگە لە شوێنی پاڵتۆو کاڵو وەرگرتن کافتریای خۆشو شوێنی حەوانەوەی تایبەتی هەبوو.

١٩٩٨/١١/١٩:

ئەمڕۆ بەفڕێکی زۆر دەبارییە، بەاڵم ئێمە لە بەرنامەمان دا بوو بچینە دیدەنی (لینین) لە کرملین. بەر لەوەی بچینە ناو کرملینەوە گۆڕەپانێك هەیە، لەوەو پێش جارێکی دی هەرچوارمان برایان (فلك الدین کاکەییو د. ناصحو دڵشاد) و من سەردانمان کردبوو د. ناصح وتی: ئالێرەدا لەسەردەمی قەیسەردا ملی تاوانباران ئەپەڕێنرا، خەڵکمان دەبینی ڕۆبڵیان دەهاویشتە ئەو شوێنەوە، ئێمەش وەك ئەوانمان کردو سەرو چەند ڕۆبڵمان فڕێدایە ئەو شوێنەوە.

لە ژێر بەفرا ڕیز بووین، ئەفسەری لێپرسراوی پشکنینیو ئەمجا چووینە ژوورەوە. بە تەنیشت دیواری گۆشکی سوورەوە، مەزارەکەی لینیی تێدایە کە لە ژێرزەمینێکی پاکو خاوێن دایە، بە چەند پلیکانەیەکدا چووینە خوارەوە، هەموومان کاڵوەکانی سەرمان داگرتو بەڕێزەوە، بەدەوری ئەو شووشەبەندە گەورەیەدا سووڕاینەوە کە تەرمی لینینی تێدا پارێزراوە، بە جلو بەرگی ئاساییو ریشە تۆپزییەکەیەوە دەتووت: زیندووە. ژنو پیاوێکی بیانیی ورتەیەکیان لێوەهات، خێرا ئەفسەرێك ئەموستی بۆ الی دەمو لێوی برد نیشانەی بێدەنگ کردنیان. دیارە ئەو قەدروحورمەتەی لینین هەرماوەو دەستەودایەرەی تازە نەیانتوانیوە رای ماڵن.

لە دەرەوەی مەزاری لینین گۆڕی سەرکردە ناسراوەکانی سۆڤیات پەیکەری بچوکیان لەسەرکراوە، لەوانە یەکێکیان ستالینە بەخۆیو بەوسمێڵەیەوە کە وڵاتانی وەك الی ئێمە چەندین کەسی لەسەرگیراوە، لە پشت ئەوانیشەوە خۆڵەمێشی جەستەی (٧٠) کەسایەتی ناودار کراون بەخشتو لە دیواری کرملیندا جێیان بۆ کراوەتەوە، یەکێ لەوانە ((ماکسیم گۆرکی)) بوو کۆشکی لینینو گۆرکیو ستالین گەاڵ یادگاریان الا وروژاندمو ((شریتی عومری رابردووم سەراپا وەك خەو _ هاتە بەرچاوم)).

١٩٩٨/١١/٢٤:

ئەمڕۆ بۆ بینینی گەورەترین‌و مەزنترین (پانۆراما) ی جیهانیی بەناوبانگ سەرلەبەیانی بەپێکەوتین. لەوشوێنەدا کە ژەنەڕاڵ (کینیزوف) ساڵی ١٨١٢ لەشکرە گەورە پەلامارەرەکەی فەرەنسای شکاندو شارە جوانەکەی مۆسکۆی لە داگیرکردن رزگارکرد، ئێستا ئەو شوێنە بۆتە مەزار، بینایەکی گەورە وێنەی ئەو ئەفسەرانەی گرتۆتە خۆ کە دەوری باڵایان لە شەڕی بەرگریدا هەبوو و بەجەرگانە ڕووبەڕووی لەشکری فەرەنسا بوونەتەوە، جگە لە چەند پەیکەرێك کە لە هۆڵەکانا بۆ ئەفسەرو سەرکردەکانی ئەو شەڕە کراون.

لەنێو هۆڵێکی بازنەیی گەورەدا دیواربەندێك لەلایەن هونەرمەندەمەزنەکانی ڕووسیاوەکراوە کە بەراستی کارێکی سەرسوڕهێنەرە.

سەرکەوتینە نەهۆمی دووەم، لەوکاتەدا مامۆستایەك خوێندکارەکانی خۆی هێنابوو، وانەی ئەو شەڕەی پێدەگوتن‌و پانۆراماکەشی دەکردە هۆی ڕوون کردنەوە، وەك بۆمان دەرکەوت، زۆربەی مامۆستاکان خوێندکارەکانیان بۆ ئەم شوێنە دەهێنن.

پانۆراماکە وردەکاری شەڕەکان بەشێوەیەك پیشان دەدا، بینەر وا دەزانێ لەناویاندایە، تەنانەت داروپەردووی سووتاو، ئەسپی گلاو، تۆپی تێك شکێنراو، سەربازی لە ئاودا خنکاو، ئەمانە هەمووی بەشێوەیەکی زۆر هونەریی بەرجەستەکراون.

من بەش بەحاڵی خۆم لەوکاتەدا کە سەیری ڕووبارەکەو لەشکری فەرەنسا و لەشکری ڕووسیم دەکردو ئەو دیمەنانەم دەهاتنە پێش چاو بەرادەیەك سەرسام بوو بووم، ئاگام لەخۆم نەمابوو تا کاك دڵشادو کاك موفق وتیان:

با بچینە خوارەوە، لەوێش هەمەجۆر مەدالیاو تەقەمەنی ئەو سەردەمە لە شوێنی تایبەتدا پارێزراون. لە چوونە دەرەوەش دا هەمە جۆر نامیلکەی وێنەدار دەربارەی ئەو شەڕە لەسەرمێز بۆ فرۆشتن دانراون.

نایشارمەوە (پانۆراما) ی مۆسکۆ، لەو کارە بەنرخانەیە کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، چونکە مێژوویەکی دووری ئەو وڵاتە دەگێڕێتەوە کە سەرتاپای پڕە لە سەروەریی.

* * *

لە ماوەی ئەو (٣٥) ڕۆژەدا کە لە مۆسکۆ بووین، ڕۆژانە موتابەعەی ڕۆژنامەو کەناڵەکانی تەلەفزیۆنمان دەکرد، ڕووداوی سەیریش ڕووی دەدا لە هەموویان دیارتر بەلای منەوە ئەمانە بوون:

١. ڕۆژی (١٩٩٨/١١/٨) یادی تۆرگنیف بوو، بێجگە لە سەدان کەس کە دەچوونە سەرمەزارەکەی، بووك‌و زاوا بە بەرگی بووکێنییەوە بۆ پیرۆزیی دەچوونە سەرمەزاری‌و چەپکە گوڵیان لەسەر دادەنا.

٢. بریژۆفسکی کە دەوڵەمەندێکی دەست ڕۆیشتووی جووە بە هاوکاریی لەگەڵ گریگۆرتا ئاڤالنسکیی پرۆژەیەکیان پێشکەش بە پەرلەمانی ڕووسیاکرد، داوایان کرد حزبی شیوعی قەدەغەبکرێ‌و ماوەی کارکردنی ڕەسمیی نەبێ. ئەم هەڵوێستە بەرانبەر بەو کارە کرا کە ئەفسەرێکی کومۆنیست هێرشی بردبووە سەر زایۆنیزم‌و گوتبووی ئێستا ئەوان دەسەڵاتیان بەسەر مۆسکۆدا سەپاندووە.

٣. بەرەبەیانی ڕۆژی (١٩٩٨/١١/٢٠) لە لینینگراد خاتوو گالینا ڤاسیلیڤیا ستراڤویتەڤە) کوژرا، ئەم بەڕێزە ئەندامی پەرلەمان بوو، دۆستێکی نزیکی کورد بوو، لە گرووپی سخاروف بوو، لە کارەساتی هەڵەبجەدا لەوانە بوو کە لەسەر کورد هەڵی‌دایە، کوشتنی ئەم خاتوونە بەلای هەندێ لە سیاسەتمدارەکانەوە خاڵێکی ڕەش بوو لەمێژووی ئێستای ڕووسیادا، حکومەت (٣) ڕۆژ بە ڕەسمی پرسەی بۆ دانا.

٤. ١١/٢٤ هەر ئەو ڕۆژەی (پانۆراما) مان تێدا بینی بۆ ئێوارەکەی سەردانی بارەگای یەکێتی‌ی نووسەرانی ڕووسیامان کردو لەوێ چاومان بە د. کرم ڕش سکرتێری یەکێتی نووسەران کەوت.

٥. لەو ماوەیەدا ڕۆبڵ ڕوو لە شکان بوو، کە ئێمە گەیشتینە مۆسکۆ دۆلارێك بە (١٥) ڕۆبڵ بوو تا هاتینەوە گەیشتە (٢٠) ڕۆبڵ، بانکەکانی بەداخەوە باسی ئەو هەموو قەرزەیان دەکرد کە ڕووسیا کەوتۆتە ژێریو بۆی نادرێتەوە.

٦. ئەو دوو گەنجە کوردەی لەبەردەم پەرلەمانی ڕووسیادا خۆیان سووتان دژی سیاسەتی ڕووسیا بەرامبەر بەکوردو ماف نەدان بەسەرۆکی P.K.K کە ببێتە پەنابەری سیاسی لە هەموو کەناڵەکانی تەلەفزیۆندا ڕەنگی دایەوەو بووە باس‌و خواسی خەڵکی.

٧. لەتەك ئەم بەڕێزانەدا چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسیم کرد کە هەریەکەیان دڵسۆزیەکی تایبەتیان بۆ مەسەلەی کورد هەیە:

٨. پرۆفیسۆر لازاریف، پرۆفیسۆر حسرتیان، پرۆفیسۆر ڤالینکا، پرۆفیسۆر شاکرۆ، د. بشیر صبری، د. کرم رش.

٩. ١٩٩٨/١٢/٦ چووینە بۆڵشۆی تیاترۆ کە گەورەترین شانۆی مۆسکۆیەو بەم زوانە جارێکی تر بەرگێکی نوێی بەبەردا دەکەنەوە، ئەوشەوەی چووین ئۆپەرای (بووکی پادشا) پیشان دەدرا، دایالۆگی ئۆپەراکە بە گۆرانی دەوترا.

١٠. یادی هەشتا ساڵەی سوڵجنستین بوو، زۆربەی کەناڵە تەلەفیزیۆنیەکان چاوپێکەوتنی تایبەتیان لەگەڵدا سازدەکرد، ئەم نووسەرە مەزنە ناوداراە کە بەرەو ئەمەریکا کۆچی کرد لە نیویۆرکو واشنتون نەژیا بۆ ئەوەی شاری گەورە لە کاری نەخات بە تەنیا ژیانی بردەسەر. کە یەکێتی سۆڤیات هەڵوەشا بەخێرایی گەڕایەوە بۆ نیشتمان، بەڵام سەیری کرد لە وڵاتێك دایە نە ئەو ئەم دەناسێ نە ئەمیش دەیناسێتەوە، ئێستا غوربەتی دەروونیی خۆی بەلاوە زۆر لە ساڵانی دوورە وڵاتیەکەی ناخۆشترە. ئەوەی ئێستا دەینووسێ رەخنەیە لە ژیانی ڕووسیای دوای سۆڤیات.

نووسەران دەڵێن: سوڵجنستین بەوە ناسراوە پێشبینی وردی هەیە ساڵی (١٩٩٠) ئەوەی پێش بینی کرد کە دوای هەرەس هێنانی ریژیم برسێتی لە وڵاتدا بڵاودەبێتەوە، هەروەها دوای دەرچوونی ئەم کتێبەی دوایی (روسیا لەنێو کەلاوەکان دا) ئەوەندەی پێنەچوو کە رۆبڵ تووشی شکستێیەك بوو هەرگیز ئەوەی بەخۆیەوە نەبینیوە.

کاتی خۆی کە ڕووسیای بەجێ هێشت وتی: ڕۆژێ دەبێ بگەڕێمەوە ئەو سەردەمە سۆڤیات لەئەوپەڕی هێزو توانایدا بوو، بۆیە خەڵکی پێکەنینی بەقسەکەی دەهات، بەڵام پێشبینیەکەی هاتەدی و گەڕایەوە بۆ وڵات .. بەڵام بە نائومێدی.

کۆتایی

ڕۆژی ((١٩٩٨/١١/٨)) بەرەو فڕۆکەخانەی مۆسکۆ بەڕێکەوتین کاك شۆڕش خالد لێرسراوی مەکتەبی پەیوەندیەکانی (ی.ن.ك) لە مۆسکۆ کە زۆر پێمانەوە ماندوو بوو لەگەڵ کاك (میران) ی خوێندکاری خوێندنی بالا لەوێنەگرتنی سینەمایی‌دا لەبەڕێکردنماندا ئامادەبوون.

پرۆفیسۆر (شاکرۆ محوێی) بە تەلەفۆن مالێ ئاوایی لێکردین‌و عوزری هێنایەوە کە لەبەرئەوەی لە (شوێن حەوانەوەی مامۆستایانی زانکۆیە) و لە ژێر چاودێری پزیشکاندایە، بۆی ناکرێ بێتە فڕۆکەخانە.

وا کاتی گەڕانەوەمان هات‌و مۆسکۆ بەجێدەهێڵین، ئەو شارەی دەیانەوێ وشە بەنرخەکانی بە مۆری سوور دابخەن، بەڵام ئەو گەلەی کە ئەوەندە شانازیی بە میژووی خۆی‌و بە رابوردووی‌و بە پیاوە هەڵکەوتووەکانیەوە دەکات . ئەو مۆرە سوورانە دەشکێنێ‌و جارێکی دی وشەی بەنرخ گەشە دەکات‌و بە هەموو دنیادا بەبێ پەساپۆرت بڵاو دەبێتەوە.

پەراوێزەکان:

١. د. ئەمین مستەفایۆف، گەنجێکی کازاخستانیە، باوەڕنامەی دکتۆرای لە میژوودا هەیە، خۆی بەکەسابەتەوە خەریك کردووەو تێیدا سەرکەوتووە، ئێستا یەکێکە لە دەوڵەمەندە ناسراوەکانی شاری مۆسکۆ، دەست‌و دڵی زۆر باشە، لە هەموو لێقەومانێك دا فریای برادەرە کوردەکانی دەکەوێ.

٢. ئوتێلی مالدافیا: دەکەوێتە سەنتەری مۆسکۆوە، هەر بۆیەش ئەوێیان بۆ گرتبووین چونکە نزیکی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی بوو کە سیمیناری‌کەی تێدا گێڕا. ئەم ئوتێلە لەکاتی خۆی‌دا (ریست هاوسی) سەفارەتی مالدافیا بوو، بەڵام لەبەر باری دارایی کردبوویان بە ئوتێل‌و شەوانەی هەر ژوورێکی بە (٨٠) دۆلار بوو.

٣. هەر لێرەدا کاك شۆڕش خالد ئەوەی درکاند کە پرۆفیسۆر شاکرۆ بڕیاری دابوو ئەگەر ڕێکەوتننامەی واشنتۆن مۆر بکرێ مەڕێکمان بۆ سەردەبڕێ‌و دەیکاتە پێخۆری ئاهەنگێك.

ئەوی راستی بێ پرۆفیسۆر شاکرۆ محوێی بەڵێنەکەی خۆی بردە سەرو ئێوارەی (١٩٩٨/١١/١٤) مەڕی کردە قۆچی قوربانی‌و ئاهەنگێکی زۆر ڕێك‌و پێکی ڕێك خست، گەڵێ کەسیشی بانگ کردبوو، ئەو بانگهێشتنەی ئەو شەوە ناونرا ((ئاهەنگی ئاشتیی کوردستان))، چونکە زۆربەی (تۆست) هەر بۆ ئاشتیی بوو، تەنانەت بۆ یەکێکی وەك منی (ڤودکا) نەخۆر دەبوایە بەپەرداخێك ئاوی پرتەقاڵەوە (تۆست) بڵێم: تا وام لێهاتبوو مونافەسەی مامۆستا شاکرۆ بکەم لەرستەڕیزکردنی تۆست دا.

٤) بالێی دەریاچەی (بجع)، (بجع) نە قازەو نە مراوی، ئەو وەسفەی لە (المنجد) دا باسی دەکات، پێ دەچێ ئەو باڵندەیە لای ئێمە نەبێ.



(الجنس عند العرب) بریتییە لەپێنج کتێب، دەزگای (الجمل) بۆ بڵاوکردنەوە لەساڵی ١٩٩١ بەدواوە بڵاوی کردونەتەوە، لەساڵی ١٩٩٧ — ١٩٩٨یشدا جارێکی تر چاپکراونەتەوە.

پێشەکی ئەمەوێ ئەوە بڵێم دەزگای (الجمل) بۆ بڵاوکردنەوە کە برای شاعیر (خالید المعالی) دایمەزراندووەو بەڕێوەی دەبات. دەزگایەکی سەربەستە چەندێ بایەخ بەڕۆشنبیری عەرەب دەدات ئەوەندەش بەبێ سڵەمینەوە لالەڕۆشنبیری جیهان دەکاتەوە. چەندێ بایەخ بەڕۆشنبیری نوێ دەدات ئەوەندەش بەدوای ئەو دەستنووس‌و نووسنانەدا دەگەڕێت کە لەکۆندا فەرامۆش کراون، هەر بەم مەبەستەیشە هاتووە چەندەها کتێب‌و دەقی کۆنی عەرەبی کۆکردۆتەوەو لەپێنج کتێبدا بەناونیشانی (الجنس عند العرب) واتا: سێکس لای عەرەب دووجار چاپی کردووە، بەرگی یەکەمی کتێبەکە لە دوو بەش پێک هاتووە، یەکەمیان دەقێکی (ابن القیم الجوزی)ییە. (٦٩١–٧٥١ ك)یە. دیارە ئەمە کتێبێکی چاپکراوی وەرگیراوەو ساڵی ١٩٥٧ مامۆستای فیقە لەکۆلیجی شەریعەی ئیسلامی‌و (پزیشک عادل ئەزهەری) ساغیان کردۆتەوەو دیسانەوە ساڵی ١٩٨١ لەگۆڤاری ژیانی نوێدا کە لەبیروت دەردەچێت بڵاوبۆتەوە– بەشی دووەمی بریتییە لەوتارێکی (سقر ابو فخر) لەژێر ناونیشانی (سێکس لای عەرەب) بەرگی دووەمی کتێبەکە دوو کتێبی لەخۆگرتووە، یەکەمیان (الروض العاطر في نزهة الخاطر)ە کە زانای بەناوبانگ (محمد النفراوی) داینـاوە، کتێبی دووەمیش لەژێر ناونیشانی (کتاب الایضاح في علم النکاح)ە لەدوالاپەڕەکانی ئەم بەرگەدا نووسینێکی (عبدالکبیر الخطیبي) دەخوێنینەوە لەژێر ناونیشانی (بلاغه الجماع)دایە شاعیر وەرەخنەگر (محمد بنیس) کردوویە بەعەرەبی، بەرگی سێهەمی کتێبەکە دوو بابەتی لەخۆگرتووە یەکەمیان لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەگر (عبدالکبیر الخطیبي)یە لەژێر ناونیشانی (الجنس فی القران) وەبەشی دووەمیشی کتێبێکی سیوتییە (شقائق الاترنج فی رقائق الغنج).

بەرگی چوارەمیش کتێبی (رجوع الشیخ الی صباه في القوة علی الباه)ی (احمد بن سلمان) کە بە (ابن کمال پاشا) ناسراوە.

گرنگی کۆکردنەوەی ئەم بابەتانە کە ئاماژەی راستەوخۆ بۆ سێکس دەکەن لەلای عەرەبەکانی سەردەمانی پێشوو، لەوەدایە کە ئەم پێنج کتێبە وەکو پانۆرامایەکی سێکسی لێ کراوەو هێڵێکی راست‌و روون دەخاتە بەر زەینی خوێنەر.

سێکس گرنگی تەواوی خۆی لەژیاندا هەیە، لەنوسینیشدا بەئاشکرا رەنگی داوەتەوە، ئەو وەسفانەی کە بۆ کاری جنسی لەم کتێبەدا هاتوون زۆر زەقترن لە وەسفی جنس لەنوسین‌و دانراوی نوێدا. لەپەڕاوە پیرۆزەکانیشدا جەختێکی زۆر کراوەتە سەر جنس‌و بەشێوازی ئەمرو نەهی ئاماژەی

بۆ کراوە، بەڵام ئەم شێوازی ئەمرو نەمیە لەخۆیدا سەلمێنەری رۆڵی سێکسە لەژیانی مرۆڤدا، بەتایبەتی زمان زۆر جار شێوازێکی تایبەتییە لەبەکارهێنان، بەپێچەوانەشەوە دەخوێنرێتەوە، پەیوەندی نێرو مێ لەسنوری دیاریکراودات یالەدەرەوەی ئەو سنورەدا روبەرێکی زۆری لەپەڕاوە پیرۆزەکان بردووە، بۆیە موفەسیرو زانایانی شەریعەتیش دەیەها کتێبیان لەسەر داناوەو بەئاشکراو بێ سڵەمینەوە باسی سێکس و وشە جۆراوجۆرەکانی دەکەن.

ئیبن قیم الجوزیە (٦٩١-٧٥١ك) زۆر بەوردی باسی جیماع و جۆرەکانی و باشترین کاتی دەکات یان وەسفی ئەندامەکانی لەشی ئافرەت دەکات، یاوەسفی ئەندامەکانی لەشی ئافرەت و پیاو دەکات. یاچۆنێتی چوونە لای ئافرەت. بۆ نموونە دەربارەی مەبەستە سەرەکییەکانی جیماع دەڵێ: مەبەستی سەرەکی لەلێکنووسان سێ شتە: یەکەمیان بۆ پاراستنی نەسل و بەردەوامی مرۆڤە، دووەم فرێدانی ئەو ئاوەیە کە بەندکرنی زیان بەلەشی دەگەیەنێت، سێیەم، لەزەت وەرگرتنە، خۆشی لەنیعمەت بینینە. دیارە ئەمەیان وەک ئیبن قیم الجوزیە بۆی دەچێ سودی سەرەکییە لەبەهەشتدا، چونکە لەوێ زاوزێ کردن نییە، یا لەجێگایەکی ترا ئاماژە بۆ مانەوە بەندکردنی ئەو ئاوەیە لەلەشدا، دەکات چونکە زۆر جار دەبێتە هۆی وەسواس و فێو شێتی. موفەسیرەکان بەدەیەها دەستەواژەی جۆراو جۆریان رونکردۆتەوە ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر واز لەجیماع بهێنرێ ئەوە بیرکردنەوەی کز دەبێ. زەکەری تەسکدەبێتەوە. لەجێگایەکی ترا دەڵێ: أما الدبر (واتا پاش .....) فلم يبح قط على لسان نبي من الابنياء. واتە بەسەر زاری هیچ لەپێغەمبەراندا نەهاتووە کە لەپاشەوە کاری سێکسی لەتەک ئافرەتدا بکەیت.

لێرەدا چەند وتەیەک لەبەشەکانی کتێبەکە دێنینەوەو دواجار لەسەر دەلالەتەکانیان دەوەستین:

أحسن اشكال الجماع: أن يعلو الرجل المرأة مستفرشا لها، بعد الملاعبة والقبلة. واردأ اشكاله: أن تعلوه المرأة، ويجامعها على ظهره.

واتا باشترین لێکنوسان یاچوونە لای ئافرەت ئەوەیە پیاوەکەو بچێتە سەر ئافرەتەکەو خراپترینیشیان ئەوەیە ئافرەتەکە بکەوێت بەسەر پیاوەکەدا.

لە (الروض العاطر في نزهة الخاطر)دا نەفزاوی وەسفی ئەندامە جنسیەکانی مرۆڤ دەکات، جۆری جیماع، سەرەتاو کۆتایی دەژمێرێ.

لەبەشی سێیەمی کتێبی (الجنس عند العرب)دا، لە لاپەڕە چلدا چەندەها وەسفی لەم جۆرە هاتووە:

وكثير من النساء من تستعمل السكوت عند الجماع، ولكن مع رشاقة الحركة واظهار القبول للوط، وضم الرجل اليها وتقبيله مرة بعد اخرى.

لەلای عەرەب کاری جنسیو چۆنێتی ئەنجامدانیو جۆرەکانی بەچەند شێوەیەک نوسراوەتەوە. یەکەمیان لەپێگای شیعرەوە، دووەمیشیان لەگوتاری ئاییینی لای شەریعەتناسەکان، سێیەمیشیان لەفەرهەنگە زمانەوانییەکاندا. شیعری عەرەبی کۆن دەریارەی عیشقو غەزەل بەئاشکرا زۆری پیشانداوە، بەڵام جۆرێک ئەدەبیان هەیە زۆر بەمەکشوفی باسی سێکس و ئەنجامدانی کاری سێکسیو ئەندامە سێکسییەکان دەکات. بۆ نموونە دیوانی (أبی حكيمة- راشد بن اسحق الكاتب(کەسالی (٢٤٠ ك) مردووەو د. محمد حسين الاعرجي ساغيكردۆتەوە، هەر بۆ خۆی وەک فەرهەنگێکی سێکسی وایە لەئەلفەوە تا با، هەر وەسفکردنی ئەندامە جنسیەکانە. حکیمە لەشیعرێکدا دەڵێ:

ولئن نمت، لكم من حاجه
قمت لي فيها قيام الصومعة
طالما جدلت فرسان الوغى
فعرفت الضيق منها والسعة

لەلای موفەسیرو شەریعەتناسەکان زۆر بەزەقیو بێ ترس، باسی سێکسو کاری جنسی دەکرێت، یالەلای ئەو کەسە کۆنانەی کە مێژووی ئەدەبیان نووسیوەتەوە. شەریعەتناسەکان پشتیان بەسەرچاوە ئاینییەکان بەستووە بۆ باسکردنی جنس، واتا ئەو باسکردنانەی ئەوان سەرچاوەیان لەکتێبە پیرۆزەکان وەرگرتووە، ئاینیان کردووە بەپشت تاباسی سێکس بکەن. لەلای ئەوان بەئاشکرا باسی چوونە لای ئافرەت لەدووبورەوە یا لەشوێنێکی تەوە کراوە بەڵام بەمەبەستی پەروەردەکردنو سیغەی قبوڵکراو لەسنووری دەقە پیرۆزەکاندا. واتا باسکردنی ئەو کارە جنسیانە بەو زەقییە بۆ مەبەستی پەروەردە بووە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا لەتەک خۆیدا زمانێکی دروستکردووە کە دەچێتە چوارچێوەی دەوڵەمەندکردنی زمانە سێکسییەکەوە بەگشتی، شاعیرێکی وەکو حکیمە کە دیوانەکەی بریتییە لەگفتوگۆکردن لەتەک ئەندامە سێکسییەکانی لەشدا، ناودارێکی وەک (ابن قيم الجوزيه) کە لەسنووری شەرعا باسی سێکس دەکات، هەردووکیان ئادابی جنس دەوڵەمەندو فراوان دەکەن، بەڵام بەمەبەستی جیاواز، واتا بەمەبەستی دانانی ئاداب و

ئوسولێك بۆ سێكس‌و پەروەردەكردنی سێكسی زۆر بەئاشكراو راستەوخۆیی بەوشە كاری جنسی ئەنجامدراوە. دیارە هەر بەزمانە ئاینیەكەیش تیشك خراوەتە سەر. بەشێكی جەستە، بەشێكی تریشی فەرامۆشكراوە. بۆ نمونە، كاتێك كە پیاوێكی شەریعەت دەنوسێ: أما الدبر (واتا لەپاشەوە) فلم يبح قط على لسان نبي من الانبياء، كاتێك كەرستەیەكی وات بەرچاو دەكەوێت هەست بەوە دەكەیت كە بێدەنگی‌و فەرامۆشییەك دەخرێتە سەر ناوچەیەك لەجەستە، ناوچەیەكی تر لەجەستە، گرنگی پێ دەدرێت‌و دەخوێنرێتەوە. ئەو روتییەی لەلای پیاوانی شەریعەت دەربارەی سێكس خراوەتە روو، بەمەبەستی روتكردنەوەی جەستە نییە، بەڵكو بەمەبەستی داخستنەوەیەتی.. بۆ نمونە، هەر وەك رەخنەگری گەورە (عبدالكبير الخطيبي) لەنوسێنیكیا دەربارەی سێكس دەڵێ (كتێبی — الروض العاطر في نزهة الخاطر) بەتەواوی ئەدەبێكی روتی سووك نییە، وەك ئەو روتیەی كە رۆژئاوا لێی گەیشتووەو والەقەڵەمی دەدات كە كارێكی پیس‌و چەپەڵ بێت‌و پیرۆزی پێ نەدرابێت.

ئەم وتەیەی د. عبدالكبير الخطيبي، ئەوە دەگەیەنێت كە كەسێكی وەك (العلامة الشيخ سيدي محمد النفزاوی) یاشەریعەتناسێك لەئاماژەكردن‌و وەستان‌و ئاوڕدانەوە لەجەستەو كاری سێكسیا پیرۆزییەك بەسێكس دەبەخشن. دیارە ئەو پیرۆزییە رەنگدانەوەی كتێبە پیرۆزەكانە.

لای عەرەب سەرچاوەیەكی تری نوسین دەربارەی سێكس بریتییە لەو وشەو زاراوانەی كە لە فەرهەنگە كۆنە بەناوبانگەكاندا هاتوون، یاخود فەرهەنگی تایبەتی گچكەیان بۆ دروستكراوە. بۆ نموونە، لەو كتێبانەدا هاتووە: عرب. چییە؟ماناكەیشی دراوە، واتا: المتعشقات لعبولتهن.

یا الهلوك من النساء: واتا ئەو ئافرەتەی لەجیماعا نازونوك دەكات.

الفطافط: دەنگو نالەی وەختی جیماع.

الربوخ: ئەو ئافرەتەی كە جیماعی لەتەكا دەكرێت وەك شێتی لێ دێت‌و لەهۆشی خۆی دەچێ.

ئافرەت لەسەردەمی جاهیلی‌و سەردەمەكانی تریشا لەجیهانی پیاو دوور نەبووە. بەشێكی سەرەكی بووە لەژیانی. تێكەڵاوی پیاو بووەو بەیەكەوە كاریان كردووە. تەنانەت بۆ ژن هێنان لەپاڵ مەرجی دینداریبا باسی جوانییان كردووەو وەك مەرج گرنگییان پێداوە.

لەو وتارانەدا كە نووسەرە هاوچەرخەكانمان نوسیویانەو هەندێكیان لەم كتێبەدا كۆكراوەتەوە (صقر ابو فخر) ئاماژە بۆ ئەوە دەكات چەندەها جۆر ژنهێنان‌و كاری سێكسی لەسەردەمی جاهیلیدا هەبوون. بۆ نموونە، نیكاحی (خدن) هەبووە واتا، ئافرەتەكە بەنهێنی،و بەڕەزامەندی خۆی بەبێ هیچ پەیمان بەستنێك، لەتەك پیاوەكەدا بووە. ئەم جۆرە نیكاحە تائێستاش لەناو میللەتە ئیسلامییەكانیشا هەر هەیە، واتا ژن‌و پیاو بەنهێنی دەچنە لای یەك، بەڵام جیاوازی ئەمەی ئێستاو ئەوەی سەردەمی جاهیلی ئەوەیە، لەناو موسوڵمانانداو دەبێت بەپێی شەریعەتی ئیسلام بێت‌و شاهیدی نهێنی هەبن ژن‌و مێردایەتی ئەو ژن‌و پیاوە بسەلمێنن. بەڵام لەسەردەمی جاهیلیدا عەقد لەنێوان ژن‌و پیاوەكەدا نەبووە، واتا پاش سەردەمی جاهیلیش ماوەتەوە بەڵام مەرجی ئایینی بۆ دانراوە.

هەروەها لەسەردەمی جاهیلیدا نیكاحی ئیستبیضاع هەبووە، واتا هەندێك جار پیاو ژنەكەی خۆی ناردووە بۆ لای كەڵەپیاوێكی بەناوبانگ تانیكاحی بكات بۆ ئەوەی منداڵێكی نەجیبی هەبێت. لەو سەردەمەدا نیكاحی (البدل)یش باو بووە. واتا دوو پیاو رێكدەكەوتن لەسەر ئەوەی ژنەكانیان بگۆڕنەوە. زۆر جار لەسنور دەریان كردووە وەك ژنهێنانی (المقت) كە كوڕ ژنی باوكی خۆی دەهێنا. دەگێڕنەوە سێ كەس لەكوڕەكانی قەیسی كوڕی ثعلبة (فكيهة)ی ژنی باوكی خۆیان هێنا، رێكەوتووە پیاو كچەكەی خۆی هێناوە. لەوانە (حاجب بن زراره)یە، كە گەورەی بەنی تەمیم بوو، كچەكەی خۆی هێناو منداڵیشی لێ بوو.

ژیانی ئوروستوقراتی لەشفرۆشی لەتەك خۆیدا هێنا، سەرچاوەكان باسی لەشفرۆشەكەی (عكاظ) دەكەن كە بەكرێ خۆی دەدایە دەس پیاوان. ئەگەر لەزەتی لەهەرچ پیاوێكیش ببینیایە ئەوە كرێكەی بۆ دەگەڕانەوە. لەشفرۆشێكی بەناوبانگی تر هەبووە ناوی (ظلمة الهذلية) بووە، بۆ چل ساڵ لەشی خۆی فرۆشتووە، چل ساڵیش گەوادی كردووە. وەختێكیش توانای گەوادی‌و لەشفرۆشی نەماوە، ئاژەڵی نێرو مێی لەیەك دەناو سەیری دەكردن. پێیان دەووت بۆ ئەمە دەكەی؟ دەیوت: تا گوێم لەئاخ‌و هەناسەهەڵكێشانی وەختی جوتبوون ببێت. نوسەری وتار بۆ ئەوە دەچێت كە (سحاق) واتە ئافرەتێك بچێتە لای هاوجنسی خۆی، یەكەم جار لەكۆشكەكانی (المناذرة)دا لەحیرە سەریهەڵدا. بۆ یەكەم جاریش هیندی كچی نعمان زەرقائی یەمامەی خۆشویست‌و لەتەك یەكدا مومارەسەی سێكسیان دەكرد. بەپێی بۆچوونی (صخر ابو فخر) هیند یەكەم كەسە لەناو عەرەبدا ئەم كارەی كردووە. رەنگە

لەتەك نوسەری وتاردابین‌و لەچەند خاڵێکدا یەکبگرینەوە، بەتایبەتی دەربارەی ئەوەی کە ئوروستقراتیەت لەپاڵ سەرهەڵدانی هەندێك لەم دیاردەیانەدا بێت، بەڵام ناکرێت بەتەواوی لەگەڵ ئەو رایەدابین کە دەڵێت هیندی کچی نعمان یەکەم ئافرەت بووە کە مومارەسەی سێکسی لەتەك هاوجسنی خۆیدا کردووە. مێژووی ئەم جۆرە جوتبوونە زۆر لەوە کۆنترە.

بەهاتنی ئیسلام ئەم دیاردانە، کەمبوونەوە، ئیسلام نیزامێکی بۆ پەیوەندی نێوان پیاوو ژن دانا، بەڵام جار جاریش. لەکەس‌و دوو کەسدا سەریان هەڵئەدایەوە. بۆ نموونە (ابن منظور بن زبان) لەسەر شێوەی نیکاحی (المقت) ژنەکەی باوکی خۆی هێنا. ئەمەی کە ئایینی ئیسلام بەتوندی رەتیکردەوە. ئەم هەواڵەیان گەیاندە لای حەزرەتی عومەر ئەویش پێی وت: ژنەکەی باوکت دەهێنی کە دەکاتە دایکت؟ ئیتر خەلیفەی موسوڵمانان لەیەکی جیاکردنەوە. بەڵام ئیسلام بۆ ڕێگرتن لەم دیاردانە ڕێگای بەفرەژنی‌و ژنهێنانی (متعه)داوە.

پاش جێگیربوونی کۆمەڵگای ئیسلامی نوێ لەژێر سێبەری دەوڵەتی شارستانیا، پاش پتەوبوونی پەیوەندی نێوان عەرەب‌و میللەتانی تر لەسەردەمی ئەمەویدا، چ لەڕێگای فتوحاتەوە بێت یالەڕێگای بازرگانییەوە، عەرەب کەوتنە سەر خۆشی‌و خواردنەوە‌و گۆرانی‌و سەماکردن. سێکس ڕەوتێکی تری وەرگرت. شارە گەورەکان بوون بەجێگای پەرەسەندنی شەهوەت‌و غەریزە. تەنانەت لەپایتەختە گەورەکانیشدا. هەر وەك ابن عبد ربه خاوەنی کتێبی العقد الفرید دەیگێڕێتەوە: کەسانێك هەبوون پیاوو ئافرەتیان کۆدەکردەوە شەرابیان بۆ دەگێڕان، کۆبوونەوەیشیان بۆ زکری خوا نەبوو بەڵکو بۆ لەهوو لەزەتی سێکسی بوو. کاری سێکسی لەدەوڵەتی ئەمەویدا ئەوەندە فراوان بوو کە کەسێکی وەك (یزید بن عبدالملك) شەیدای (حبابه) بوو، وازی لەنوێژی جومعە، لەپێناوی ئەمدا، دەهێنا. کار گەیشتە ئەوەی کاروباری دەوڵەتیش بوەستێ. وەلیدی کوڕی عبدالملك لە نۆ ساڵدا (٦٣) ئافرەتی هێنا، (معاویه بن ابی سفیان) جاریەکانی روتەکردەوەو زەکەری بەسەر ئەژنۆیاندا دەهێنا.

ئەگەرچی ئەم بەربڵاوییەی جنس لەسەردەمی ئەمەویدا کاردانەوەیەکی خراپی بۆ سەر ئیش‌و کاری دەوڵەت هەبوو بەڵام لەتەك خۆیدا هەندێك چەشن‌و هونەری سێکسی لێ پەیدا بوو. جۆرێك لە زاراوەو وشەی جنسی هاتە بوونەوە. تەنانەت چووە بواری پەندو قسەی نەستەقیشەوە. بۆ نموونە لەو سەردەمەدا وشەی پیشەی (سمسار) هاتە کایەوە واتا دەڵاڵ کە ئیشی ڕێکخستنی پیاو ژن بوو.

لەسەردەمی عەباسیشدا غەریزەو هەستی تاك پەرەسەندنێکی زۆری بەخۆیەوە بینی. مانای تایبەت بۆ لەزەت فرۆشتن زۆر بوو. لەشفرۆشخانە لەزیادبوونا بوو. مەیفرۆشە جولەکەکان کەرنەڤاڵی سێکسی تایبەتیان سازدەدا. لەلازقییە (محتسب) خۆی لەشفرۆش‌و غەریبەکانی کۆدەکردەوە، ئەوەی کە مەزادی لەسەر دەکرا، ئەو شەوە دەبرا بۆ میوانخانەو موستیلەیەکی مەترانیان دەدایە تاکەسێ بەناوی والییەوە دەس نەخاتە ڕێگای، چونکە ئەگەر کەسێکی لەم جۆرەیان بگرتایەو موستیلەی مەترانی پێ نەبوایە ئەوە پارەیان لێ دەسەندن.

دیارە خەلیفە عەباسیەکان دەورێکی زۆریان هەبووە لەپتەوکردنی ئەم دیاردانەدا. هەر یەکەو دەیەها هەتیوو جاریەیان هەبووە. دەگێڕنەوە متوکل چوار هەزاری هەبووە.

ئەگەر باسی ژیانی کۆمەلایەتی سەردەمی عەبباسی بکەین ناتوانین باسی هەتیوو هەتیوبازی‌و شیعر نەکەین، لەو وەختەدا جۆرێك شیعر سەریهەڵداوە بۆ هەتیو دەنوسرا، هەتیوو کچە هەتیوی وا هەبوون ناوبانگیان لەناویانگی سەرکردەو میرەکان زیاتر بوو. تاوای لێهات چۆن شیعر بۆ خەلیفە دەوترێ، ئاوهایش شیعر بۆ هەتیوو کچە هەتیوەکان دەنوسرا (جاحظ) دەڵێت: ئەو هەتیوو کچەتیوانە دەیانزانی چۆن شەهوەتی پیاو دەوروژێنن. لەسەر زیکری زیناو گەوادی‌و عیشق دەژیان. دیارە ئەمانە بەم ژیانە تایبەتییەی خۆیانەوە شەست جۆر لەپاڵگەوتنیان هێناوەتە ناو زمانی عەرەبی‌و فەرهەنگی جنسییەوە. ڕەخنەگرو نوسەری گەورە (عبدالکبیر الخطیبي) بەفەرەنسی دوو لێکۆڵینەوەی نوسیوە کە لە پێش‌و پاشی دوو بەرگیانا هاتوون، هەردوو لێکۆڵینەوەکەی بەفەرەنسی نوسیوە. شاعیرو ڕەخنەگر محمد بنیس کردوونی بەعەرەبی. ئەم نوسینانەی عبدالکبیر الخطیبي چەند خوێندنەوەیەکی بونیادگەرییانەی نوێن بۆ سێکس‌و گێڕانەوە سێکسیەکان لای عەرەب، واتا پەیڕەوی ئەم ڕەخنەگرە شیتەڵکردنی زمانی سێکسە، بەڵام نوسینەکانی (صقر ابو فخر) کە لەهەمان کتێبدا هاتوون، وەستانن لەسەر مێژووی سێکس لای عەرەب، بۆیە پەنا دەباتە بەر کۆکردنەوی حیکایەتە جنسیەکان کە لەسەرچاوە عەرەبییە کۆنەکانەوە هاتوون.

سێکس زۆر بەئاشکرا لەو سەرچاوە کۆنانەدا باس کراوە، بەپێچەوانەی زۆربەی زۆری ڕۆمانەکانی ئێستا کە ڕۆماننووس خۆی لێ دوور ئەخاتەوە. لەکۆتاییدا وتەیەکی (محمد شکری) دەهێنمەوە کە دەڵێت: (بۆ ئەو هەموو لەشفرۆش‌و لەشفرۆشخانانە لەشەقام‌و کوچەکاندا هەبن بەڵام من بۆم نەبێت لەڕۆماندا باسیان بکەم)!



ئەحمەد

رەزا ئەحمەدی

لەم ژمارەیەوە، لەژێر ناونیشانی شیعرو شاعیرو وێنەدا، هەر جارەی، شاعیرێك بەچەند شیعرێکی کورتو چەند وێنەیەکی جۆراو جۆرەوە پێشکەشدەکەین، مەبەستمان لەشاعیران، شاعیرانی خۆمانو میللەتانی تره. ئەم ژمارەیە، شاعیری ناسراوی فارس ئەحمەد رەزا ئەحمەدی بەچەند وێنەیەکەوە پێشکەشدەکەین.

ئەحمەد یەکێکە لەنوێخوازە راستەقینەکانی ئێران، دوور لەئیدیۆلۆجیاو سیاسەت کاری ئەدەبی خۆی کردووە. ناوێکی دیاری رەوتی نوێخوازی ئێرانە. کاریگەری بەسەر چەند نەوەیەکەوە هەیە. ئەحمەد لەپاڵ شیعرا سیناریۆو چیرۆك بۆ منداڵان دەنوسێو گفتوگۆ بۆ فیلم ئامادە دەکات، ماوەیەك سەرنووسەری (روزن) بووە، چەند کاسێتێکی شیعرەکانی : نیما،و سهراب سپهری بەدەنگی خۆی پڕ کردۆتەوە.

دەروازەکانی سپیدە



دەروازەکانی سپیدە کۆتایی
بیابان بوون
بیابان لەکەناری گوڵی سورا
منداڵی منی پەسەند نەکرد
بیابان تازە بۆنی گوڵی سوری
ناسی بوو
کە من پیر بووم

گوڵی سوریان بەگالیسکە هێنا
من بۆنی گوڵی سورم کرد
گوڵی سور ڕەش بوو
ئەرابەڕان بەڕەشی گوڵە دەزانی
کە هێشتا رێگا زۆری ماوە
گوڵە سورە ڕەشەکەی
دا بەئەسپەکان
خۆیشی گیانی سپارد.


◆

بەدوای ئەوانەوە...

بەدوای ئەوانەوەم
دەستم ناکەون
هەر کەسێ ناوی قاپغ بزانێت
یەکجار ئەوانی بینیوە
دەبێت سەرمان لەسەر زەوی دانێین، بمرین
گەر نەیاندۆزینەوە.
قاپغ هەر هەمان قاپغ بوو

کە ڕۆژێ لەدەریادا بینیمان
بەتەواوی لەناوەڕاستی زستاندا
ئەوانمان بینی
لەبێ قایغیا مردبوون
ئێمە بەوەفا بووین بۆ قسەی خۆمان
چوویینە ناوەڕاستی زستانەوە
نەبوون

◆



هەور یەکەم گۆرانی موعجیزەی...

هەور یەکەم گۆرانی موعجیزەی
لەسەر لێوەکانی هەڵگۆڵی
زیانی خۆمانمان فەرامۆشکرد

کەوش و جلەکانمان بەکۆنەیی مانەوە
ئێمە
بەماچ
دەرختەکانمان کرد
بەبەهار.

ئێمە لەبەدبەختیا،
لێکنەیەکگەیشتنی خراپ بووین
پفیلکەکانمان
کە هەناسەی عەشقی هاوبەشمانی
تیا بەند بوو
دایان لەتیغو تەقین
دڵمان وەستا
کاتژمێرە نوستووەکانی زەمین
کەوتنەوە کار.

◆

گوڵە یاسەمینێ...

گوڵە یاسەمینێك کە لە تابووتەکە
بەستراوە، بەسەر زەمینا دەکشێ، مەترسی
لەوەدایە گوڵە یاسەمینەکە سیسبێتەوە. تا
گۆڕستان هەزاران فەرسەنگ ڕێیە.
گوڵە یاسەمینەکە لەتابووتەکە جیا
دەبێتەوە. بەرەو کۆتایی کوچەکە دەڕواو دەچێتە
گوڵخانەکەوە کە دەکەوێتە کۆتایی کوچەکەوە.
خاوەنی گوڵخانەکە نییە. پیاوێك لەتابووتەکەدا
نوستووە خاوەنی گوڵخانەکەیە. گوڵە
یاسەمینەکە بە تابووتەکەدا هەڵواسراوە.

◆

تەنێك لەتەنهایی...


تەنێك لەتنهایی جیا دەبێتەوە، ژورەکە ڕەها
دەکاتو دەچێتە ئاوی ڕەوانەوە، لەئاوە
ڕەوانەکەدا یاقوتو ئەڵماسەکان دەوری تەنەکە
دەدەن، ئەویش لەناو یاقوتو ئەڵماسەکاندا
تەنیا دەمێنێ لەئاو دێتە دەرەوە.. ڕزگاری
دەبێت، دەچێتەوە بۆ ژوورەکەو تەنهای لەبەر
دەکا.

◆

بەشێك لەشیعرێك

یاسایە

شەوی ڕابوردوو
ئەندامەکانم بوون بەئاو
ڕژانە شەقامەکانەوە
ڕێبوارانێك کە بەسەر ئەندامی
بەئاو بوو و سارەوە بووی منا
دەچوون بۆ ماڵ
نانی گەرمیان بەدەستەوە بوو
یاسایە
هەموو حەز لە نانی گەرم بکەن.





دەربارەی تاقیکردنەوەی خاوەنی تابلۆی بەرگ

دوو قۆناغ و یەک جیهانی

رامیار مەحمود

شیوەکاری وەک کایەیەک لەرۆشنبیری ئیمەدا تائیستا دیاردەیەکی نامۆیە، نامۆیی ئەم بواره ئەگەر لایەنیکی ئەوە بیت ژیاری کوردی لەناو نەریتیکی ئیستاتیکی دا ناژی‌و (جوانی) وەک گوتەزایەک رەهەندیکی وتی ناو پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی ئەم کۆمەلگایەبیت ئەوا رەهەندیکی گرنگتر لەپشت نامۆبوونی ئیمە بەشیوەکارییەوە بەندە بەبزربوونی رەخنەی شیوەکارییەوە کەتائەم دەقەش ناوەندی هونەری نەیتوانیوە رەخنەیەکی شیوەکاری بەرهەم بهینیت.. هەلبەتە کاریکی ئاسان نیە وەرگیرانی (تابلۆ) بۆ زمانیکی‌تر کەنوسینە... هەربۆیە رەنگە بلیم تەفسیرکردنی کاری شیوەکاری چەند تەفسیرکردنبیت ئەوەندەش لەپشت ئەم تەفسیرکردنەوە جۆریك لەوەرگیرانە لەزمانیکەوە بۆ زمانیکی‌تر.. هەلبەتە لیرەدا ناخوازم زۆر بچمە وردەکاری تیۆرییەوە بەلکوو هەولی خویندنەوەو نمایشکردنی هەردوو کوراسەکەی شیوەکار (وشیار سعید) ئەدەم، کە ئیستا خویندکارە لەئەکادیمیای هونەر لەهولەندا. ئەوەی شایەنی باسە هەردوو کوراسەکە سەر بەدوو قۆناغی جیاوازن، کوراسە رەش‌و سپیەکە تایبەتە بەو کارانەی هونەرمەند کە لەقۆناغی بەندیخانەدا کیشاونی.. کوراسەی دووەمیشیان کارە نویکانی قۆناغی ئەوروپان.. بەلام ئەوەی جیگای سەرنجی منە گیرانەوەی سەرجەم هەردوو قۆناغەکەیە بۆ ناو یەك جیهان بەلام ئەمە هەرگیز بەو مانایە نایەت کەدوو قۆناغی لیك جیاواز نەبن بەلکوو مەبەستمە بلیم (پەرچەکردار) رەنگە گرنگترین شتیك بیت بۆ ناسینی جیهانی وشیار سعید





(پەرچەکردارە) ئەگەر لەقۆناغی یەکەم دا رۆڵی پەرچەکردار دروستکردنی هیمای بەرهەلستی بیت ئەوا قۆناغی دووەم (پەرچەکردار) قودرەتی دۆزینەوەی شیوازیکی هونەری هەیە.. گرنگترین سیماکانی ئەم پەرچەکردارەش گەرانەوەیەکی فەنتازییە بۆ یادەوەری کە(فرەرەنگی)و لیشاوی ئەو هیمایانە تیایدا زاڵن کەهەم دەلالەتی ئاسودەین هەم سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی ئەزمونی منالینو هەم رزگارکردنی هونەری ئەو جیهانە کوردییە (وشیار) پیوەی پەیوەستە.. بۆیە ئەشیت ئەم وەک فەزای گشتی تەماشابکەین، فەزایەک کەزۆرجار کۆلیکتیفی پارچەی جیاجیان.. بەمانایەک ناتوانین لەجۆرێک لە(سەنتەر) بدوێین لەم کارانەدا بەلکوو ئەبیت هۆکاری وبنبوونی (چەق) ڕاڤەبکەین تائەو ڕادەیەیی ئەشیت بلێین هەموو شتێک لەم کارانەدا خزمەتی فەزایی گشتی ئەکات. (وشیار) لەڕووی تەکنیکەوە ئەشیت هەڵگری نەریتیکی ئینتیباعی بیت لەو ڕووەوە وەک (براك) پێی وایە (ئینتیباعییەت هیرشە بۆ سەر فەزا لەبەرئەوەی لەسەربردنە ناوەوەی ڕەنگ کارئەکات بۆ سەر بۆشایی). ئەوە ڕستەیەکی ئیجگار هەڵەیە کە(شەمال عومەر) پێی وایە (ڕەنگ سەر بەهەموو جیهانە) کاندنسکی ئەڵیت: ئێمە کاتێك ڕەسمی سێگۆشەیەك ئەکەین لەسەر وەرەقەیەکی سپی ئەو سپییەی لەناویدایە ئەگۆڕیت بەبەراورد لەگەڵ ئەو سپییەی لەدەرەوەیەتیو ئەبنە دوورەنگی جیاواز بێبەکارهێنانی ڕەنگ ئەمەش ئەو حەقیقەتە فیزیاییو دوور نییە لەیەک کاتدا.

لەبەر ئەوە لەم کارانەدا ناشیت بۆ ڕەگەزێکی سەربەخۆ بگەڕێین بەلکوو ئەبیت تەفسیری ئەو پەیوەندییە بکەین کەوا ئەکات هەموو ڕەگەزەکان بەسەرێکەوە بن لەگەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ (وشیار سعید) و پێڕۆزبایی لەهەردوو کۆراسەکەی.

تێبینی: نوسینی هەڵواسراو ـ شەمال عومەر –باسێك بەناوی (وشەو ڕەنگ) لەسەر ڕێبوار سعید.

ئەمڕۆ شیعر هونەرێکی دووڕەڕێز نییە، بەڵکو بەسەر هونەرەکانی تردا کراوەتەوە، پەیوەندی تووندوتۆڵی لەتەك شانۆو سینەماو ڕۆمانو چیرۆكو وێنەدا هەیە. سوود لەکەرەستەی ئەو هونەرانە دەبینێ. یەکێك لەو هونەرە گرنگانە، هونەریی شێوەکارییە، کە لەوەتەی لەشیعر نزیك بۆتەوە، پەرەی بەشیعر داوەو جۆرە شیعرێکی تایبەتی لەئەنجامی نزیك بوونەوەی هەردووکیان پەیدا بووە. بۆ بەخشینی کەمێك زانیاری دەربارەی ئەم بابەتە گەلاوێژی نوێ ئەم دۆسیەیەی ئامادەکرد.

گ.ن

دەقی بینینکاری و خوێندنەوەی



عبدالله تاهیر بەرزنجی

١- پێش ئەوەی بگەمە کێشەی دیاردەگەری خوێندنەوەی دەقو باسی بونیادی سەرخانی دەقو شێوەی دیارو بەکارهێنانیان بۆ گەیشتن بەبونیادی قوولّی دەق (البنیة العمیقة) بکەم دەمەوێت لادەمەسەر دەقی نیگارکاری و کۆنکرێتی دواجار بۆ ئەم مەبەستە چەند شیعرێکی ئەحمەدی شاملۆو قوبادو نەوزاد رەفعەتو فرخ تمیمیو چیرۆکی (شیزوفرینیای) فەرهاد پیربالّ بکەم بەنموونەی شیتەلّکردن. چونکە دیاردەگەری خوێندنەوە لەهەندێك رووەوە پەیوەندی بەشیعری کۆنکرێتیو دەقی بەرجەستەکراوی نیگارکاریو فەزاو بۆشاییو خالّبەندیو هێلّو... چەند شتێکی ترەوە هەیە.

دەقی نیگارکاری (النص البصري) ئەو دەقە شیعرییانەن کە لەتێکەلّاوکردنی وشەو وێنەو هێلّو شێوەی جوگرافی دابەشبوون بەسەر وەرەقەدا پێکدێن. واتا نزیکبوونەوەی دوو جیهانن، جیهانی پیتو جیهانی هێلّو وێنە. بەلّام جاری واهەیە شیعری لەم جۆرە لەیەك دوو پیتو یەك دوو هێلّ یاوێنەیەك پێکدێت، جاری وایش هەیە تەنها پەنابراوەتە بەر پیتو وشە بۆ پێکهێنانی وێنە، واتا بەکەرەستەکانی شێوەکاری وێنە نەکراوە بەلّکو بەوشە وێنەکراوە یا شتێك بەرجەستە کراوە وەك چۆن لەشیعری (شەهید)ی قوبادی جەلی زادەدا هاتووە.

ئەمڕۆ هیچ رەگەزێکی هونەری یانەدەبی وەك دوو سەد سالّ پێش ئێستا ناتوانێت رەسەنایەتی خۆی بپارێزێتو دوورەپەرێز بێت لەگۆڕانکاری نەشونماکردن لەتەك هونەرو رەگەزەکانی تراء سەیری ئەو هەموو گۆڕانکاریانە بکە کەبەسەر شیعرا هاتوون، تاگەیشتۆتە ئەوەی سوود لەسینەماو چیرۆکو شانۆو پەخشان ببینێت، یا لەتەك شێوەکاریدا بەیەکابچن بەمەبەستی پێکهێنانی دەق. لەم جۆرە شیعرە بەرجەستە کراوانەدا جۆرە پەیوەندییەك لەدوو جیهان دروست دەبێت بۆ لەدایکبوونی دەق، واتا کەرەستەکانی زمان وەك (پیتو وشە)و کەرەستەکانی هونەری شێوەکاری وەك هێلّو جۆری وێنە.

لاباشری دەلّێت (وێنەکاری پابەندی دەقە- واتا دەقە شیعرییەکەیە- (ئەو نیگارکارییەی کە لە


فرخی تمیمی

دانـانی دەق لەلایـەکـانـدا دروسـتـدەبێت دەلالەتـەکانی لەسـەر دەلالـەتی گوتـاری زمانـەوانی دەبێت).

واتـا لەشـیعری نیگارکاریـیا دەلالـەتی وشـە زاڵـە هـەرچی دەلالـەتی کەرەسـتە وێنەییەکانـە بـەهۆی دەلالـەتی وشـەوە دروسـتدەبن‌و هـێز بەدەقەکـە دەبەخشن.

لێرەدا لاباشری کێشەی جەدەلیەتی نێوان وشـەو وێنـەو هێڵ دەوروژێنێـت‌و پێـی وایـە نیگارکـاری‌و ئامرازەکانی لەدەقی نیگارکاری‌و کۆنکرێتیا پاشکۆی زمانن، واتا وشەو پیتن کـە هـەر لەکۆنـەوە شـیعریان لـی پێکـهاتووە. هـەندێك لـە رەخنـەگران ئـەم کێشەیەیان (ئەم پاشکۆییەیان) بەواژەی جەدەلیەتی نێوان رەش‌و سپی لەقەڵەم دراوە، ئەگەر رەشـی کـە بریتییـە لـە وشـە لەسـەر کاغـەز کەمبێتـەوە یـا پاشەکشێ بکات ئەوە نیگارکاری زاڵتر دەبێت.

دیارە ئەگەر نیگارکاری روبەر زیاتر داگیر بکات‌و روبـەری وشـە کەمبێتـەوە ئـەوە رەنگـە لایەنـە شـێوەکارییەکە –وەك رەگـەزێك– بەسـەر شـیعرا زاڵبێـت، بەمانایـەکی رونـتر شـیعر کەمدەبێتـەوەو شـێوەکاری زیـاد دەبێـت، ئەمـەش پێچەوانـەی قسەکەی لابباشری دەبێتەوە کە نیگارکاری لەدەقی شیعریا بەپاشکۆی لایەنی زمـان دەزانێـت. بـەڵام شیعری واهەیـە هـێزی نیگارکارییەکەی‌هـەر لەلایەنـە زمانەوانیەکـە خۆیدایـەتی، واتـا هـەر بەوشـە وێنەکـە کێشـراوە، نموونـەیش زۆرە وەك شـیعری (خلـود) فـەرهاد پیربـاڵ کـە بەتەنـها وشـەیەك دەرەخـت دروستکراوە، یا لە شیعرێکی جـەلال زەنگابادیدا کـە دارخورمایەك بەزمان دروستکراوە. لێرەدا زمان خۆی دەبێت بەهێڵ‌و شێوەی دابەشبوون‌و دەوری هونەری شێوەکاری دەبینێ.

هـەندێ جـار کێشـەکە لـەوەدا نییـە کـە کامیـان لەشـیعری نیگارکاریـا زاڵـن، وێنـەو کەرستەکانی یـا زمـان‌و کەرەستەکانی چونکـە شـیعریەت لەشـێوەی دابەشکردنی وشەو هێڵ بەسـەر روبـەری کاغەزەکـەدا دێتە دی نەك زۆرو کەمی رێژەی وشە یاهێڵ‌و وێنە.

لەشیعری نیگارکاریا خوێنـەر بـۆی هەیـە بپرسـێ لایەن‌و ئامرازەکانی هونەرە شێوەکارییەکە تاچـەندێ لەخزمەتی لایەنی زمانەوانی شـیعردان. چونکـە بڕێك شیعریەت لەوشـە کـە کەرەسـتەی خۆیـەتی لەتـەك جوڵانـدن‌و تـەوزیفکردنی کەرەسـتەکانی شـێوەکاریا پەیدا دەبێت.

هەروەك چۆن هونەری چیرۆك‌و رۆمـان‌و سـینەماو شـانۆ دێنـە نـاو جیـهانی دەقـی شـیعرییەوەو واز لەلایەنی گێڕانەوەیی (سردی) خۆیان دێنـن دەخرێنـە ئاستی شیعرەوە بۆ زیادکردنی رێژەی شیعری.

۲- دیارە گرنگی شیعری بەرجەستەکراو لـەزۆرو کـەمی رەش‌و سپیدا نییـە، بـەڵکو زیـاتر لەشـێوەی دابەشبوون‌و بـەکارهێنانی خەسـڵەتە مادییـەکانی زماندایـە، لەتـەك نزیکبوونـەوەی لەوێنـەکاری بەواتایەکی رونـتر جۆری شێوەی (شوێن) گرنگی‌و بەهایان دەردەخات. ئەم بۆچوونانە زۆرتر لەشـیعری کۆنکرێتیا (Concrete poetry) وەدەرئەکـەون. جـا بـۆ زانیـاری دەربـارەی شـیعری کۆنکرێتـی کـە پـەیوەندی بەباسـەکەوە هەیـە دەڵێـین: شـیعری کۆنکرێتی دیاردەیەکە لەجیهاندا بـاڵاوە. سـاڵی ۱۹۵۳ شاعیری سویدی ئویفند فاهلستروم کۆمەڵە شیعرێکی کۆنکرێتی بڵاوکردەوە‌و پێشەکییەکی بۆ ئەم دیوانەی بـەناوی (بەیاننامـەی شـیعری کۆنکرێتـی)یـەوە نوسیبوو. یوجین غومرنجر کە (سویسرییە) دادەنرێت بەپێشرەوی شیعری کۆنکرێتی.. ساڵی ۱۹۵۱ هەندێك لەشیعرە کۆنکرێتییەکانی خـۆی بڵاوکردەوە. سـاڵی ۱۹۵٦ چاوی بەچەند شاعیرێکی (ساوباولو) لەبەرازیل کەوت، بڕیاریاندا ئەو جۆرە شیعرانەی خۆیان ناوبنێن (شـیعری کۆنکرێتـی). بـەڵام پـاش ئەمـە بۆیـان

دەرکەوت ئویفتد فاهلستروم ساڵی ١٩٥٣ کۆمەڵە شیعرێك و بەیاننامەیەکی دەربارەی شیعری کۆنکرێتی باڵاوکردۆتەوە.

بەمەدا دەرئەکەوێ (یوجین غومرنجر) لەپێشدا شیعری نیگارکاری نووسیوە بەڵام فەزڵی ناولێنانەکەی (شیعری کۆنکرێتی) دەگەڕێتەوە بۆ (ئویفند فاهلستروم).

زۆربەی زۆری لێکۆڵەرەکان، یوجین گورمنجر بەپەرەپێدەری شیعری کۆنکرێتی دەزانن، ئەگەرچی کەسانێکیش هەن ئاپولینیر دەکەن بەدامەزرێنەری. من لێرەدا نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ سەر رەگی کۆن و نوێی لای خۆمان و رۆژئاوایش، و دوبارە ئاماژە بۆ موشەحاتی ئەندەلوسی و نەخشانی درەخت و چوار چێوەو بازنە لەکاتی دوعا نوسیندا بکەم چونکە لەمانەدا لایەنە نیگارکارییەکە بەمەبەستی رازاندنەوە بووەو وەعی وای لەپاڵا نەبووە. بەڵام کە یۆجین کورماژە یا ئویفند فاهلستروم بەیاننامەی بۆ دەرئەکەن و ناوی ئەم جۆرە شیعرە ئەنێن شیعری کۆنکرێتی ئەوە دەزانیت بەیاننامە یەعنی کۆمەڵێك زانیاری و هێڵی پان و ڕون و ئاشکرا.

تاهیرەی صفارزاد کە یەکێکە لەشاعیرە نوێخوازەکانی فارس و چەند ساڵێك لەئەوروپا بووەو چەندەها شیعری کۆنکرێتی سەرکەوتووی هەیە دەربارەی تاقیکردنەوەی خۆی لەم شیعرانەدا دەڵێ: لەشیعری کۆنکرێتیا سود لەپۆستەر دەبینرێت و لەراستیدا جۆرە هاوکارییەکە لەنێوان وێنەکێش و شاعیرا. لەشیعری کۆنکرێتیا بایەخ بە بەشبەشکردنی وشە ووێنەکردنیان دەدرێ.

تاهیرە رای وایە دەبێت ئەم تاقیکردنەوانە لەدووبارە بوونەوەو بێ مەعنایی دوور بن. بۆیە هەوڵیداوە لەهەموو تاقیکردنەوە شیعرییە نیگارکارییەکانیا مەودای مەعنایی بەخوێنەرو بینەر ببەخشێ.

ڕەخنەگرە عەرەبەکان لێکۆڵینەوەی زۆریان لەسەر ئەم جۆرە شیعرە هەیە، بەڵام زۆربەیان هەر بەشیعری (بینینکاری) یا بەرجەستەکراو ناویان هێناوە، بەڵام شاعیرێکی فارسی وەك تاهیرە زۆد بەئاشکرا ناو لەم جۆرە تاقیکردنەوانەی خۆی دەنێ (شیعری کۆنکرێتی) و لە چاوپێکەوتنێکدا کە ڕەخنەگر موحەمەدی حقوقی لەتەکیا سازیداوە ئاماژە بۆ ئەمە دەکات و باسی شێوەی پێکهێنانی دەکا. شاعیران خۆیان سەربەستن چی دەنوسن، خۆیان لەچ جۆرە شیعرێکدا تاقیدەکەنەوە، شیعری کۆنکرێتی، یابینینکاری دەنوسن یانە، بەڵام سەرهەڵدان و بوونی ئەم چەشنە شیعرەیش حەقیقەتە، ئێمە ڕەتیاناکەینەوە چونکە چەندەها بەیاننامەو دیوان و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەرچووە، بەڵکو بایەخ بەلایەنی ستاتیکی دەدەین و ڕێژەی سەرکەوتن و شیعریەت و داهێنانمان، وەك هەموو شیعرێکی تر، لەخاوەنەکەی دەوێ. بەڵام شاعیر نابێت چاو لەپەرەسندنی بونیادی شوێنکاری شیعر بنوقێنێ کە زیاتر گۆڕان و پەرەسەندنی فاکتەری لایەنی بیستن و زەمەنیی شیعر دەیهێننە کایەوە. (پەرەسەندن و گۆڕانی بیستن و تەفعیلە لەکۆن و نوێدا دەبنە هۆی گۆڕانی شوێن)[1] یا (مەتنی شیعری هاوچەرخ بونیادی زەمانی باوی شکاند، ئەمەش بووە هۆی دەرچوون لەبونیادی باوی شوێن)[2].

دیارە مەبەستی محمد بنیس لەبونیادی شوێن لایەنی مادی و بیناوی سەرکاغەزە، هەرچی بیستنکاری شیعر هەیە، وەك ریتم، و تەفعیلە و هەرەکەتی ئیقاع بەزەمەنی شیعرەوە پەیوەستن. ئەگەرچی من هەشت نۆ ساڵێك لەمەوبەر، چەند جارێك لێکۆڵینەوەم لەسەر ئەم بابەتانە نوسیوە بەڵام لێرەدا جارێکی تر ناچارم بۆ ڕونکردنەوە ئاماژە بەهەندێك لەو خاڵانە بکەمەوە.

وەك وتم، شاعیر بۆی هەیە لەشیعری کۆنکرێتی و بینینکاری دورکەوێتەوە و بیر لە نوسینیان نەکاتەوە، بەڵام ناتوانێت خۆی لەدەسەڵاتی گۆڕانکاری شوێن لەشیعرا دەرباز بکات. پەرەسەندنی تەشکیلی شوێنکاری کارێکی حەتمییە، پێداویستیە بۆ هونەری شیعر.

دابەشکردنی وشەو جۆرەکانی یەکێکە لەبنەماکانی شوێن. سەیری دابەشکردنی وشەو ڕەشی سەد ساڵ، سێ سەد ساڵ، پێنج سەد ساڵ، پێش ئێستا بکە، دەبینین شێوەیەکی نەگۆڕاوی هەبووە، لەهەموو شیعرێك و لای هەموو شاعیرێك بەم شێوەیەی خوارەوە دوبارە بۆتەوە:

ڕەشی بۆشایی ڕەشی

_____ _____

_____ _____

_____ _____

بەڵام لەشیعری نوێدا ئەم بونیادە شوێنکارییە گۆڕاوە، چونکە تەفیلە جێگای بەیتی گردۆتەوە. لەشیعری کێشدارا فەزای بەیت تێکدراوەو شاعیری نوێ لەجیاتی بەیت بەئارەزووی خۆی تەفیلەی بەسەر رووی کاغەزدا دابەشکردووە. بۆ نموونە – بەویستی خۆی– ڕەنگە لە دێڕێکدا تەفیلەیەکی دانابێت لەدێڕێکی ترا دوان، لەدێڕێکی ترا شەش، لەدێڕی چوارەما دوو یایەك، یاهەشت.. هتد.

بۆ ڕوونکردنەوە، سەیری دابەشبونێکی وەك ئەمەی خوارەوە بەتەفیلە بکە:

تەفیلە
تەفیلە تەفیلە
تەفیلە تەفیلە تەفیلە تەفیلە تەفیلە
تەفیلە تەفیلە تەفیلە
تەفیلە
تەفیلە
تەفیلە تەفیلە
تەفیلە تەفیلە تەفیلە تەفیلە
تەفیلە
تەفیلە

جائەگەر بەهێڵ نەخشەی دابەشبوونو جوغرافیای شیعرێکی نوێ بەو شێوەیەی سەرەوە بکێشین وادەردەچێت:

_____
_____
_____
_____
_____
_____
_____
_____
_____
_____

پەرەسەندنو گۆڕانی لایەنی زەمەنی شیعر کە پەیوەستە بەهەستی بیستنەوە لەپشت ئەم گۆڕانکارییە شوێنەی شیعری نوێدایە، جاران لەشیعری ستونیدا چوار چێوە لەشێوەی (بەحرەکانا) بۆ تەفیلە دانرا بوو، بۆیە شێوەی دابەشبوونی وشەیش لەقاڵبدراو بوو. لەشیعری نوێدا کە سەربەستی بەتەفیلە دراوە سەربەستی زیاتر بەجۆری دابەشبوونی وشەو ڕەشایش دراوە، فاکتەری شوێن کە پەیوەندی بەتەماشاکردنی وشەو دابەشبوونی بەسەر کاغەزدا هەیە گۆڕاوەو جۆرێکی دی لێکراوەو سەربەستو بێ قەیدو بەندی لێدەرچووە.

هێشتا لەشیعری تەفیلەدا کە بەشێکە لەشیعری سەربەست، سنور هەر ماوەتەوە بۆ تەفیلەکان بەڵام لەشیعری پەخشاندا ئەو سنورە تێکچووە. بونیادی شوێن لەشیعری نیگارکاریو کۆنکرێتیا بەجۆرێکی تر، جاری واهەیە بەتەواوەتی لەچەشنی شوێنی شیعری تەفیلەو سەربەست دائەبڕێت، مێژووو پێشینەی بۆ نییە. چونکە لەشیعری نیگارکاری وەهادا بازنەیەك دەبینین، وێنەی چۆلەکەیەك بەوشە، سەری زەلامێك کە وشەی بەسەرا دابەشکراوە، ئەم جۆرە بونیادە شیعرییانە ڕەگو مێژووی پێش خۆیان نییە، ناچنەوە سەر بونیادی باوو دیاریکراو.

هیچ جۆرە تەفیلەو دابەشبوونێك، حازر بەدەست نین، پێش دروست بوونیان لەزەینی شاعیرو خوێنەرا نەبوون. بۆ نموونە وەك شیعری تەفیلە نین کە لەبونیادی شوێنو زەماندا گۆڕانکارییان بەسەرا هاتووە. ئەگینا دابڕانی تەواویان لەشیعری ستوونی یابەیت ئاشکرا نەکردووە. شاعیر لەوەدا سەربەستە کە تەفیلەکان بەئارەزووی خۆی کەم یازیاد بکاتەوەو بەویستی خۆی بەسەر دێڕەکانا دابەشیان بکات. ئەگینا هەر جۆرە پەیوەندییەك لەتەك بەیتا ماوە.

لەزۆربەی زۆری ئەو شیعرە نیگارکارییانەدا کە وشە کەمتر ڕوبەڕ داگیر دەکات پەیوەندی نێوان تەفیلەو بەیت دەپچڕێت، نەئیقاع ئیقاعی تەفیلەو بەیتە نەبونیادی شوێنەکە لەبونیادی شوێنی شیعری بەیتو تەفیلە دەچێت. ئەگەر یەکێکمان سەیری شیعری (خلود)ی فەرهاد پیربااڵ، یا (پەرداخێك خوێنی) نەوزاد ڕەفعەتمان کردبێت تێبینیمانکردووە هیچ جۆرە ئینتیمایەك بۆ شێوەی بونیادی شوێنی شیعری ستوونیو سەربەستو شیعری پەخشان نەماوە، جۆرێك شیعری تایبەتن، بەسەر هونەرێکی ترا کراونەتەوە (شێوەکاری). ئیقاعیان بەتەواوی

ئیقاعی تەفعیلە نییە، بەڵکو ئیقاعێکی بینیکارییە، شۆڕنکارییە، نەک بیستنکاری، هێز لەچاو وەردەگرێ.

ئێستا دەکرێت بپرسین بۆچی حەوت سەد یاهەشت سەد ساڵ پێش ئێستا ئەوەندە بایەخ بەبونیادی شوێن‌و شێوەی دابەشبوونی وشەو رەشی نەدراوە، ئەم جۆرە شیعرەیش کە وێنەکاری رۆڵیان تیا دەبینێت لەو سەردەمانەدا وادەرنەکەوتووە؟


دیارە لەکۆندا بەزۆری شیعر هەر دەماو دەم وتراوەتەوە، رەنگە شاعیر شیعرەکەی نوسیبێتەوە پاشان چەند نوسخەیەکی لەرێگای خۆشنووسەوە نوسرابێتەوە ئەگینا دەماو دەم وتراوەتەوەو بزووتنەوەی نوسینەوە (تدوین) یاکەم بووە یانەبووە، ئەم دووانە: واتا، گێڕانەوە لەتەک کزبوونی تەدوین بوونەتە هۆی بەهێزکردنی دەسەڵاتی گوێگرتن‌و خیتابیەت، بۆیە دەسەڵاتی تەواو دراوە بەبونیادی زەمەنی (ئیقاع‌و گوێگرتن) شیعر، خەڵکیش بەهۆی نەخوێنەواری‌و نەبوونی تەدوینەوە لەسەر روی کاغەز شیعریان نەبینیوە بەڵکو بیستویانە، (مەبەستم لەخەڵک دە کەس‌و بیست کەس نییە) بۆیە شاعیریش ئەوەندە خۆی بەنووسینەوەو شێوەی دابەشبوونی وشە بەسەر کاغەزدا خەریکنەکردووە. خۆ ئەگەر خۆیشی خوێنەوار بووبێت ئەوە شیعری ئاڕاستەی کەسانێکی نەخوێنەوار کردووە، واتا لێرەدا نەپەیامنێر (المرسل) کە شاعیرە، و نەوەرگر (کە شیعرەکەی ئاڕاستە دەکرێت) هیچیان لای وایان لەنوسینی شیعرو شێوەی دابەشبوون‌و جوگرافیای دەق نەکردۆتەوە. بەرونتری دەڵێین گێڕەرەوە هەبووە (الراوی) لەتەک خۆشنوسا (پاش سەردەمی تەدیون). گێڕەرەوە خەمەکەی هەر ئەوە بووە شیعرەکە بگاتە سەرزارو لەبەر بکرێت‌و لەبیرگەدا (ذاکرة) بچەسپێت. بەشێوەیەکی رێک‌و پێک، بێ هیچ هەڵەیەکی ئیقاعی بگاتە کەسانی تر. خۆشنووسەکەش تەنها هەر بایەخی بەنوسین داوە تابەشێوەیەکی جوان دەرکەوێ، جا ئەگەر هێڵکاری‌و پەراوێزکاری کردبێت ئەوە لەپێناوی رازاندنەوەدا بووە، بێ ئەوەی هیچ وەعیەک لەپاڵ ئەم رازاندنەوەدا هەبێت، دیارە خۆشنووس دەوری شاعیر خۆی نابینێت.

ئەمانە ڕوانکردووە بایەخ بەشێوەی نوسینی شیعرو دابەشبوونی وشەو پەرەسەندنی بونیادی شوێن لە بەرهەمهێنانی شیعرا نەدرێت‌و گرنگی تەواو بەهێزی بیستن‌و ئیقاع بدرێت‌و ببێت بەدەسەڵاتێکی درێژخایەن.

ئالێرەوە دەرئەکەوێ دەسەڵات بۆ ئیقاع و بیستن‌و بونیادی زەمان بووە، بەڵام وردە وردە لەپاش سەرهەڵدانی چاپ‌و باڵوبوونەوەی چاپەمەنی‌و رۆژنامەو گۆڤار دەسەڵاتی بونیادی شوێنیش لەشیعرا هاتۆتە کایەوە چونکە روکراوەتە کتێب‌و گۆڤارو رۆژنامەو بونەتە هۆی گەیاندنی لایەنی بونیادی شوێن بەوانەی کە خوێنەوار بوون.. دەسەڵات لە تەنها دەسەڵاتی بیستنەوە بووە بەدەسەڵاتی تەواویش بۆ بونیادی شوێن. لەکۆندا خوێنەران، گوێیان بۆ شیعر خوێندنەوە گرتووە بەڵام پاش داهێنانی چاپ‌و باڵوبوونەوەی کتێب سەیری کتێبیان کردووە، تەماشای شێوەو روی مادی شیعریان کردووە، واتا شیعر لەقۆناغی گوێگرتنەوە گۆزراوەتەوە بۆ قۆناغی نوسینەوە، لەپاڵ گوێدا چاویش خراوەتە گەڕ بۆ گەیاندنی شیعر. بۆیە شاعیر بایەخی زۆری بەشێوەی نوسینەوە داوە، کارمەندانی چاپخانەیش بەمەبەستی دەرخستنی دەلالاتی شیعریی خەتی تۆخ‌و باریک‌و بچوک‌و درشتیان بەکارهێناوە.

داهێنانی چاپ پاڵپشتێکی چاک بوو بۆ بەهێزکردنی لایەنی مادی شیعر بەکَشتی‌و شیعری نوێ بەتایبەتی، ئەرکێکی گرنگی بۆ شاعیرو خوێنەر دەستنیشانکرد ئەویش لاکردنەوەیە لەپێکهێنانی شوێنی شیعرو جۆری دابەشکردنی وشەو رەشی‌و دانانی بۆشاییو فەزاو کەمو زیادی سپێتی‌و هەڵپشتنی دەلالاتی شیعری لەڕێگای جۆری خەت‌و خاڵبەندی‌و نیشانەی پرسیارو سەرسوڕمانەوە.... هتد.

رەنگە داهێنانی چاپ یەکێک بێت لەو هۆیانەی کە رۆڵیان لەپێشخستنی سەرهەڵدانی شیعری نوێدا هەبووبێت. چونکە رووی ئەو کاغەزەی کە دەقەکەی تیا دەنوسرێ کردووە بەفەزایەکی سەربەست بۆ شاعیر تابەئارەزووی خۆی بایەخ بەبونیادی مادی شوێن لەشیعرا بدات. لەوەو پێش بەهۆی کەمبوونی نوسین‌و کەرەستەکانێوە ئەمەی بۆ نەڕەخسابوو. نزیکبوونەوەی نێوان شیعرو هونەری شێوەکاری پاش



چاپو پێشکەوتنی چاپەمەنی سەردەمی ئەلفاوەو بەشێوەیەکی چاک پەرەیسەندووە، چونکە هونەری شێوەکاریش لەسەر بنەمای شوێن بەرز دەبێتەوە.

داهێنانی رادیۆو ئامێری دەنگ تۆمارکردن دوو هۆکاری یارمەتیدەر بوون بۆ بەهێزکردنەوەی لایەنی بیستن لەشیعرا، واتا لایەنی زەمەنیو ئیقاعو گێڕانەوەو گوێگرتن، چونکە رادیۆو تۆمارکەی دەنگ دەنگو ئیقاع ئامادە دەکەنو شوێنو تۆبوغرافیاو شێوەی مادی نوسینی شیعر بەیەکجاری بزر دەکەنو تۆزقالێك بواری سەرهەڵدانی نادەن چونکە لەبنەڕەتدا تایبەتن بەسەرچاوەی دەنگەوەو بەس. داهێنانی تەلەفزیۆنیش بۆتە هۆی بەهێزکردنی لایەنی نیگارکاریو بینینی شیعر لەپاڵ فەرامۆشنەکردنی ئیقاعو هێزی بیستنی شیعر چونکە تەلەفزیۆن ئامێری دەنگو رەنگە.

سەرهەڵدانی کۆمپیوتەر لەئێستاو ئایندەیشا کارێکی وادەکات دەسەلاتی بونیادی شوێن لەشیعرا فراوان بکاتو نوسەرو لایەنگرو خوێنەری شیعری بینراوو نیگارکاری زۆر بکات.

رەنگە لای کوێرێك یا شۆڕشگێڕێك کە بیەوێ هەڵچێ شیعرێك لێوە نزیك بێت کە دەسەلاتی ئیقاع وبیستنی تیا زاڵ بێت، بەڵام کەسێك بیەوێت لەتەك دەقێکدا بکەوێتە گفتوگوە بەمەبەستی تێڕامانو پرکردنەوەی بۆشایی ئەوە رەنگە زیاتر شیعرێك هەڵبژێرێ کە بونیادی شوێنو لایەنی مادی فەرامۆشنەکرابێت.

۳- خوێندنەوەی ئەم جۆرە دەقانە تاراەیەك شێوەیەکی تایبەتییان هەیە. مادام دەقی بینراو بریتییە لەبەیەکاچوونی دوو هونەر، هونەری شیعرو هونەری شێوەکاری ئەوە لەخوێندنەوەدا چاویش بەخێرایی دەخرێتە گەڕ، واتا تەماشاکردن دەسەلاتی فراوانی لەخوێندنەوەدا دەبێت، لەپاڵ بیستنا کە شاعیری واهەیە لەیەك شیعرا کۆیان

دەکاتەوە بەڵام نەك بەجۆری بیستنی ئیقاعی شیعری ستوونی کە شێوەی نوسینی دەلالەتی لەبەرچاو نابەخشێ چونکە شیعری ستونی لەبنەڕەتدا بونیادە جێگەییەکەی نەگۆڕو چەسپاوە. خوێنەری شیعری بەرجەستەکراوو (المجسد، البصری)و کۆنکرێتی بەزۆری دەبێت بەبینەر چونکە بونیادی شیعرەکە وای لێ گەرەکە، جا ئەگەر لەشیعرەکەدا وشەو زمان هەبوون ئەوە هەستی بیستنیشی دەجوڵێ بەڵام لەدەرەوەی چوارچێوەی سیستمی ئیقاعی عەروزو شیعری کێشدارا.

لە خوێندنەوەی شیعری بینینکاریا بونیادی شوێنو شێوەی مادی دەکرێت بەبنەما بۆ ئەنجامدانی خوێندنەوە. بونیادی زەمەنیش وەك ئیقاعو کێش یاکز دەبن، یادەوستێنرێن یا بزر دەبن چونکە رۆڵی وایان نامێنێ، دەوری کاغەز دێت کە دەقەکەی بەسەرا دەپژرێ. خوێنەرو رەخنەگری ئەم شیعرانە لەشێوەو شتی دەرەکییەوە بەرەو بونیادی قوواڵی دەق دەچن، واتا لەسەرخانی دەقەوە کە بونیادە جێگەییەکەی تیا چەسپیوە. شێوەو شتە دیارە بینراوەکانی شیعرەکە دەبن بەخاڵی دەستپێکردنی خوێندنەوە، دینامیکیەت بەناوەوە دەبەخشنو دەلالاتی شیعری بەرهەمدێنن.

رەخنەگری ئەم چەشنە شیعرە جەخت لەسەر بوونی مادی دەقی سەر کاغەز دەکاتو بەوردی لەسەر، نیشانەی پرسیار، نیشانەی سەرسوڕمان، فەزا، شێوەی دابەشبوونی زمان، وێنە، هێڵ، بۆشایی سپی، زۆری وشەو کەمبوونەوەی، یازۆری وێنەو هێڵو زاڵبوون یاشکستیان، دەوەستێت. جاری واهەیە لەدەقێکدا نیشانەی پرسیارێك، یانیشانەی سەرسوڕمانێك، یابۆشاییەکی بینراو دەبن بەکلیلی بونیادە قووڵەکانی ناخی دەق. یادابەشبوونی دێڕێك یا فاسیلەیەك، یاخود جۆری خەت دەبن بەبزوێنەرو بکەری بەرهەمهێنەرو دروستکەر (العامل أو الفاعل المولد)، دەبن بەناوکێك تیشکی بنیاتانو بەرهەمهێنەری دەلالی بەسەر کونو قوژبنی ناوەوەی دەقەکەدا دەڕژن. ئێمە لێرەدا بۆ لایەنی تەتبیق چەند نموونەیەك دێنینەوە، هەندێکیان ئیقاعو کێشیان هەیەو بونیادی بیتسنیان پتەوە بەڵام جۆری دابەشبوونیان لەسەر کاغەز دەمانباتە سەر وەستان لەسەر بونیادی شوێن. هەندێکیشیان شیعری بینراوی (بصری) تەواون، دەکرێت پێیان بوترێت شیعری کۆنکرێتی.

لەشیعری (پەیژە)ی نەوزاد رەفعەتدا روبەروی دەقێك دەبینەوە هەستی بیستن تیایا زۆر بەهێزە، بەڕادەیەك خوێنەر تووشی هەناسە برکێ دەکات، کتو مت ئەو هەناسەبڕکێیەکی کە ئیقاعی شیعرەکە دەریدەبڕێت لەحاڵەتی کەسێك دەچێت بەسەر پەیژەدا بێتو بچێت.

دابەشبوونی زمانەکە لەسەر کاغەزەکە بەشێوەیەکی ستوونی باریك هاتووە واتا بەڕووە ئاسۆیەکەیشیا دوو وشە پاندەبنەوە ئەگەر وردبینەوە وێنەی پەیژەیەکت دێتە پێش چاو. دەقو ناونیشانەکە کە (پەیژەیە) یەکدەگرنەوە لەیەکچوونیانا.

سەری دانام
پەیژە ئاسا
بەرەو ژورتر
پێی سەرکەوێ؛
کەچی گەمژە
هەر پێی دانا
سەر بەرەو ژێر
بۆ دۆزەخ و
گەرووی هەڵدێر
هەڵخلیسکا
نەیدەزانی
هەموو سەرێ
بۆ پردو پەیژە
دەست نادا
هەموو سەرێ
سەری ناخا

لێرەدا وك دەبینین نەوزاد رەفعەت بەزمانو وشە وێنەی پەیژەیەکی کێشاوە هەر پلەیەك لەپلەکانی پەیژەکە لەدوو وشە پێکهاتووە. دەکرێت خوێنەر بپرسێت چ دەلالەتێك لەپاڵ وێنەی ئەم پەیژەیەدایە کە لەجیاتی رەنگو هێڵ بەوشەکراوە؟

راناوی قسەکەری ناو دەقەکە ئاماژە بۆ کەسێکی هەلپەرست دەکات گەرەکی بووە سەری ئەم بکات بەپەیژە، وەك سەری کڵۆڵانی تر پیایدا سەرکەوێ، بەڵام راناوی قسەکەری دەقەکە لەم یاسایە دەرباز بووە، نەیهێڵاوە بکرێت بەپەیژەو ئامرازی

سەرکەوتنی هەلپەرستان. لەجیاتی ئەوەی بکرێت بەئامرازی سەرخستنی هەلپەرست بووە بەهۆی خستنی. پەیژە حاڵەتی لێکچوون لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا دەرئەخات. دروستکرنی پەیژەکە دەربڕی بونیادی قوواڵی دەقە، (پەیژەی لەوشە) بەرهەمهێنەری بونیادی دەلالیە.

لای ئێمە ئەم شیعرە هێزی خۆی لەبونیادی شوێنی (البنیە المکانیە) خۆیدا دەبینێتەوە، نەک لەبونیادە زەمەنییەکەیدا (وەک ئیقاع و رستەو) چونکە ئەگەر بێینە سەر ئیقاع ئەوە بۆمان دەرئەکەوێت ئیقاعێکی باوی نزیکە لەکێشە سەرەتاییەکانەوە دورە لەژوربەی زۆری هەوڵە دەوڵەمەندەکانی نەوزاد، لەسەر ئاستی دیدی شیعریش شتێکی وا قووڵمان بەرچاو ناکەوێت، بۆچوونێکە رەنگە بەخەیاڵو مێشکی هەزارەها کەسا بێت، یا دەقەکە خۆی زۆر بەئاشکراو راستەوخۆ ئاماژە بۆ حاڵەتێکی واقعی باو دەکات، هەر بۆ نموونە زۆری سەدها جار تووشی حاڵەتی ئەم دەقەو ئەو کەسانە دەبیت کە خەڵک دەکەن بەپردو پەیژە، واتا دید دیدێکی باوی ئاشکرایە، خەیاڵ کزە، وشەو زمان راستەوخۆن و هیچ وەرچەرخانێکیان تیا روونەداوە، هەر لەزمانی ئەو کەسانە دەچن کە بەئاسانی شەو رۆژو بەهەمان شێوازو رستەو زمان ملی خەڵک دەشکێنن. واتا زمانو وشەو جۆری پێکهێنانی رستەو بۆچوونو ساکاریی شێواز، هەمویان هەواڵەی شتێکی زۆر واقیعیانەمان دەکەن. ئەگەر لەکۆڕێکدا ئامادەبین و کاك نەوزاد یا هەر کەسێکی تر ئەم شیعرەمان بۆ بخوێنێتەوە ئەو هەست بەبوونی وێنەی پەیژە ناکەین کە لەسەر روی کاغەزەکە کراوە، بەڵام هەست بەحاڵەتی پەیژەیی دەکەین بەوشێوازە هەلپەرستانەی کە رۆژانە دەیبینین و شیعرەکەیش لەسەر ئاستی بۆچوون و زمان لێی دەرناچێ. دیسانەوە وەک گوێگر بەهایەکی وا لەشیعرەکەدا بەرگوێمان ناکەوێت چونکە زمانی شیعری تیا دورست نەبووە دیدو بۆچوون و حاڵەتەکە دیدو بۆچوونی تاك نییە وەک شاعیر بەڵکو دیدو بۆچوون و زمانی دەستە جەمعی و کۆمەڵە.

بەڵام هەر ئەو کەسانەی کە لە کۆڕێکدا ئامادە دەبن و شاعیر ئەم شیعرەی تیا دەخوێنێتەوە، لەهۆڵەکە دەرچن و بێن سەیری شیعرەکەی دیوانی بەفری گەرمی نەوزاد رەفعەت بکەن کە شیعری (پەیژە)ی تیایە تووشی سەرسوڕمان دەبن چونکە واز لەبیستن دێنن کە شیعریەتێکی ئەوتۆی دەقەکەی نەوزادی پێنەگەیاندن و دێنە سەر عەمەلیەتی تەماشاکردنی دەقەکە کە وێنەی پەیژەیەکیان بەوشە بەرچاو دەکەوێت. کەواتە زمان نییە (وەک وشەو رستەو .... هتد) نین کەشیعریەتی دەقەکەیان دروستکردووە بەڵکو وێنەکێشانو هونەری شێوەکارییە.

راستە وشە دەقەکەی پێکهێناوە بەڵام ئەگەر هەر حسابی زمانی بۆ بکەین شیعریەتی وامان پێناگات، لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە کە باسمانکردن، بەڵام دابەشبوونی رەشنیەکەو کردنی بەوێنەی پەیژە جاڵەتی شیعریی فەراهەمدەکات. واتا هێزی شیعریی دەقەکە کەوتۆتە سەر کاغەز نەك گوێ لە عەمەلیەتی تەماشاکردنا لەسەر کاغەز یا لەسەر کۆمپیوتەر، یالەسەر روی کتێبو گۆڤار هەست بەهێزی داهێنانی شیعری دەکرێت.. دیسانەوە لەسەرکاغەز کاتی تەماشاکردن زمانەکە دەخوێنیتەوە بەڵام هەر وەک وەختی گوێگرتن لەکۆڕەکەدا زمانەکەو لایەنە زەمەنییەکەی شیعرەکە رێژەیەك لەشیعریەتی وات نادات. داهێنانەکە لەبونیادی مادیو شوێنکاری شیعرەکەدایە.

کەس ناتوانێ نکۆلی لەجوانی ئەم شیعرەو داهێنانی فراوانی لەڕووی مادییەوە بکات. دەتوانرێ بۆ زیاترکردنی داهێنانی ستاتیکی (شیعرەکەو قوڵترکردنی دەلالاتی) شکاندنێ یالاربوونەویەك بخرێتە وێنەی پەیژەکەوە، بەوشە، ئەمەش لەوەوە دەڵێین کە هەلپەرستەکە لەشیعرەکەدا ناگاتە سەرەوە. بەڵکو دەکەوێ و لار دەبێتەوە، واتا حاڵەتی سەرکەوتنو لاربوونەوەو کەوتن رووی داوە، نەك سەرکەوتنو دابەزینی ئاسایی و رێکوپێك.

شیعری (شەوان)ی ئەحمەدی شاملویش بەم شێوە لەسەر روی کاغەز نوسراوە:

کۆڵانەکان
باریکن
دوکانەکان
داخراون،
خانووەکان
تاریکن

تاقەکان شکاوون،
لەسەدا
کەوتووە
تارو کەمانچە
مردوو ئەبەن
کوچە بە
کوچە
*
جەماعەت!
من ئیتر
حەوسەڵەم
نەماوە
بە (باشە)
ئومێدو
لە (بەدیش) گلەیم
نەماوە
ئەگەرچی
لەوانی تر
جیا
نیم!
کارم
بەکاری ئەم
کاروانەوە
نەماوە!
*
کوچەکان
باریکن
خانوەکان
تاریکن
تاقەکان
شکاون
لەسەدا
کەوتووە
تارو
کەمانچە
مردوو
ئەبەن
کوچە
بە
کوچە ...

لەم شیعرەدا شاملو بایەخی بەئیقاع و هەستی بیستن داوە بەڵام لەپاڵ ئەمەدا ئەمیش وەک نەوزاد رەفعەت لای لەبونیادی شوێنی شیعرەکە کرۆدتەوە. چاوی خوێنەر بۆ تەماشاکردن و سوڕانەوە بەسەر ڕوبەری کاغەزەکەدا دەخاتە گەڕ. لەکاتی بینینی شیعرەکەدا کاری تەماشاکردن گوێ بیستن دەدات.

ئەحمەدی شاملو یەکێکە لەوانەی کە هەر زوو شیعری پەخشانی نوسیوە لەپاڵ شیعری کێشدارا، بەڵام وازی لەشیعری کێشدار یاتەفعیلە نەهێناوە، لەچەندەها دەقدا کە کێشداریشن بەدیقەت زمان بەسەر کاغەزدا دابەشدەکات بەجۆرێک کە تیشکی دەلالی بۆ بەرچاوی تەماشاکەری دەقەکە دەهاوێ.

ئەگەر لەهۆڵێکدا یالە شوێنێکدا بێینە سەر گوێگرتن بۆ ئەم دەقەی شاملو ئەوە لەسەر ئاستی ئیقاع و بیستن شیعریەتێکی وامان بەرگوێ ناکەوێت چونکە ئیقاعێکی زۆر باوە، لەسەر ئاستی زمانیش، نالێین شیعرەکە خاڵییە لەشیعریەت، بەڵام دەکرێ بڵێین زمانێکی هونەری وا دروست نەبووە، تا لە زمانی فەرهەنگ و قسەکردنی ڕۆژانە دورکەوێتەوە. بۆ نموونە:

کوچەکان باریکن، دوکانەکان داخراون، تاقەکان شکاون.. هتد رستەی زۆر ئاسایین هەموو کەسێک کە وەسفی ئەم جۆرە شتانە بکات هەروا لەژیانی ڕۆژانەدا باسیاندەکات، وا ڕێکیان دەخات، واتە ئەم زمانە زمانی کۆمەڵە، نەک زمانی شاعیر کە دەبێت زمانی تاکبێت. زمانی شاعیر لەزمانی خەڵک و کۆمەڵ پێکدێت و بەدەستووری ئەوان دێتە نەشونماکردن و بونیادی باوی ئەوان تێکدەشکێنێت تازمانی تاک، زمانی تایبەتی شاعیر دروستبکات. بەقەولی نوسەرێکی فەرەنسی زمانێکە لەزمانێکی ترا، زمانی تاکە لەزمانی کۆمەڵدا، بەرزبوونەوەیە لەناو زمانی کۆمەڵەوە، لەهەمان کاتدا شکاندنێتی بەمەبەستی سەر لەنوێ دروستکردنەوە بەڵام دروستکردنەوەی زمانی شاعیری تاک.

ئەوەی شیعریەت بۆ ئەم دەقەی شاملو دەپارێزێت زیاتر تەماشاکرنە، تەماشاکردنی دەقەکە جا ئیتر لەسەر ڕوی کاغەز یالەسە کۆمپیوتەر، یالەسەر تەختەڕەش بێت.

وەک دەبینرێ دابەشکردنی وشەکانی ئەم دەقە بەچەشنێکی وایە سەرسوڕمان لای تەماشاکەر – نەک

گۆیگر– دروست دەکات، دەبێتە هۆی پرسیارکردن. شیعرەکە لەناوەڕاستی کاغەزەکەدا بەچەشنێکی تاڕادەیك باریك نوسراوە بەڵام وشەکان لەیەکەوە دوور بۆشاییان لەنێواندایە لابەلا دەڕۆن، بێ ئەوەی ئەم لابەلاییە لەهەمو شوێنێکدا وەك یەك بێت. واتا تۆبۆغرافایەکی ئێجگار جیاوازی لە تۆبۆغرافیای باوی شیعری نوێو نوێکانی شاملوش هەیە.

شێوەی مادی شیعرەکەو دابەشکردنی وشەکانی وەك دیوی دەرەوە، وەك دیاردەیەك دەبن بە ڕێگایەك بۆ گەیشتن بەبونیادی قوڵی ناوەوەی دەقەکە. دیاردەو سەرخانی دەق دەلالەتی ناخی دەق دەخەنە روو.

ئەو رستە سەرەتاییانەی ئەم شیعرە کە بەناو دەسپێدەکەنو بەهەواڵ ماناکانیان تەواو دەبن هەموویان ئاماژە بۆ شکستو کپبوونەوە دەکەن (کۆڵانەکان تاریکن/ دوکانەکان داخراون/ لەسەدا کەوتووە تارو کەمانچە/... هتد) هەرچی شێوازی فرمانو بانگکردنیشە کە بەشێکی دەقەکەیان لێپێکهاتووە دەلالەت لەبێزار بوونو دابڕان دەکەن. ئێمە دەزانین ئامرازی بانگکردن (النداء) ئامادەگیو نزیکبوونەوەو پەیوەندیکردن بەرهەمدێنێ بەڵام شیعریەتی شێوازی بانگردن لەم شیعرەدا لەوەدایە کە دوورکەوتنەوەو دابڕانو جیابوونەوە دەرئەبڕێ، بەدەلیلی ئەوەی قسەکەری ناوەوەی دەقەکە دەڵێ: (جەماعەت من ئیتر حەوسەڵەم نەماوە/ بەباشە ئومێدو لە (بەدیش) گلەیم نەماوە/ ئەگەرچی لەوانی تر جیانیم کارم بەکاری ئەم کاروانەوە نەماوە.)

دیارە شێوازی خیتابو بانگردن لێرەدا بەئەرکی خیتابو بانگردن هەڵناسن بەڵکو بەپێچەوانەی ستراتیجییەتیانەوە ئیشدەکەن. قسەکەر لەڕێگای شێوازی بانگردنەوە (اسلوب النداء– کە لێرەدا ئامرازی (ئەی) بانکردنی لەپێشەوە نییە بەڵام بۆ چڕکردنەوە شاعیر نەیوتووە ئەی جەماعەت بەڵکو تەنها وتویە جەماعەت) موخاتەبەی جەماعەت دەکاتو بێزاریو جیابوونەوەی خۆی بۆ ئەوان دەرئەبڕێ، نەك ئامادە بوونو نزیکبوونەوەی.

ئەو شێوە بەڵاوە لەیەك دوڕەی وشەکانی شیعرەکە لەپێناوی ستراتیجیەتی دەقدایە، مانای دابڕانو بێزاربوون دەرئەبڕی، واتا تەماشاکردن بەشێك لەخوێندنەوە بەرەو دابڕانو جیابوونەوە دەبات.

جوگرافیای شیعری (شەهید)ی قوبادی جەلی زادە زۆر جیاوازە لەو جوگرافیا باوانەی کە شیعری تەفعیلەو پێش تەفعیلە هەیانە. دنیامیکیەتێك لە دابەشبوونیا هەیە. ئەویش بەوشە تەشکیلەیەکی سەیری بۆ کێشاوین.

نۆ
پێشمەرگەبوون
لەدوورەوە تاتەشۆرێکی کزەمان
لەبەر قاپی مزگەوتێکا بەدی کرد
(ولا تحسبن الذین قتلوا فی سبیل الله..)
فاتیحامان خوێندە، خۆی بوو بەخێرهاتنی کردین
(رحمه الله لمن اعاد له الفاتحه).. دڵنیام خۆی بوو
باسکی زەردەخەنەی کردینە مڵو بەڕێی خستین
لەدوورەوە کە ئاوڕمان لەمزگەوتەکە دایەوە، تاتەشۆرەکە نەمابوو
هەر کە خۆشمان یەکە یەکە سەرژمێر کرد بوو بوویین بەدە.

قوباد لەسەر روبەڕی کاغەزەکە هەر بەزمان وێنەیەکی کێشاوە تاڕادەیەك لەسێ گۆشە دەچێت. بینەری دەقەکە هەست بەبوونی ئەم شێوە مادیە دەکات نەوەك گوێگرەکەی. هەر گۆشەیەك لەگۆشەکانی شیعری شەهید لەدە وشە پێکهاتووە، بەڵام سەرسوڕمان لەو جوڵەو گۆڕانکاریو دینامیکیەتەدا دروست دەبێت کە بەسەرەتاو کۆتایی جەستەی دەقەکەوە دەبینرێن.

سەرەتای دەقەکە بە نۆ کەس دەستپێدەکات بەڵام لەکۆتاییدا نۆکە دەبێت بە دە. نۆ پێشمەرگە هاوڕێیەکی خۆیان بەخاك دەسپێرن بەڵام لەکاتی گەڕانەوەدا سەیرەکەن بوون بە دە کەس دیارە گەڕانەوە بۆ ناونیشانەکە کە (شەهیدە) هۆی ئەم گۆڕانکاریە دەرئەخات. بەڵام بێچگە لەناونیشانیش چەند رستەیەکی پەخشان ئامێز دەخوێنینەوە شەخسیەتو ناسنامەی کەسی دەیەممان بۆ دەرئەخەن وەك رستەی ئایەتەکان (ولا تحسبن الذین قتلوا فی سلبیل الله...) یا دەستەواژەی (رحم الله لمن اعاد الفاتحه) یاشوێن (مزگەوت)...

ئەحمەدی شاملو پەنای نەبردۆتە بەر وێنەکێشان بەڵام وردەکاری لەبەکارهێنانی کاغەزەکەدا کردووە بۆ پتەوکرنی لایەنی ستاتیکی تەماشاکردنی دەقەکە. وەک نەوزادو قوبادی نەکردووە کە لایەنی بیستنکاری دەقەکەیان پاراستووە لەهەمان کاتدا جۆرە تەنێکی غەریبیان بەوشە دروستکردووە، واتا دەستیان بۆ سودوەرگرتن لەجیهانی هونەری شێوەکاری کێشاوە.

پێویستە لەسەر شاعیری نوێخواز کاغەزەکە بکات بەپرۆژەی بەکارهێنانی بەردەوامی عەمەلیەتی بینینکاریو بەوردی هەوڵی دابەشکردنی زمان بەسەر کاغەزدا بداتو وئیقاعێکی بینین بەچاوی تەماشاکەر ببەخشێ، ئەمە یەکێکە لەئەرکەکانی نوێگەریو تەکنەلۆجیای ئایندەیش لەخزمەتی ئەم بۆچوونەدایە. بەڵام بۆ مەسەلەی نوسینی دەقی شیعری نیگارکاریو کۆنکرێتی ئەوە هەر شاعیرەو دەکەوێتە سەر ئارەزووی خۆی.

بۆ نموونە نەوزاد رەفعەتو فەرهاد پیرباڵ لەچەند دەقێکدا بەتەواوی سودیان لەهونەری شێوەکاری بینیوەو دەقی نیگارکاریو کۆنکرێتیان نوسیوە. فەرهاد بەتەنیا وشەی خلود داری دروستکردووە، نەوزاد بەوشەی خوێن پەرداخی دروستکردووە، جەلال زەنگابادی دارخورمای کێشاوە.

وەک لەپێشەوە وتمان رەخنەگری ئەم جۆرە شیعرو شێوەی دابەشبوونی زمانانە دەتوانێ نیشانەی پرسیارێک یا بۆشاییەک یاژمارەیەک یا چەند خاڵێک بکات بەکلیلی کردنەوەی دەروازەی دەق. چەند ساڵێک پێش ئێستا شیعرێکی شاعیری ئێرانی (فرخ تمیمی)م لەرۆژنامەیەکدا کرد بەعەرەبی، بەداخەوە ئێستا نەکتێبەکەیو نەرۆژنامەکەم لانەماوەن بەڵام لەبیرمە شیعرەکە ئاماژە بۆ دوو حاڵەت دەکات، دوو شێوەی جوڵەو کارکردنی دەستی ئینسان، لەیەکەمدا شاعیر بۆ ئەوە دەچێت دەستی ئینسان درێژە دەگاتە ئاسمان، مانگ، ئەستێرە، و شتە بێ سنورەکان لەدووەمدا شاعیر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەستی ئینسان چەند کورت دەبێتەوە کە هاوڕێیەک دەیەوێت بۆ تەوقەکردن درێژی بکات.

فرخ تمیمی لەنێوان ئەم دوو بۆچوونو حاڵەتەدا سێ چوار خاڵی ئاوەهای داناوە (...) واتا حاڵەتی یەکەمی لەدووەم جیاکردۆتەوە. خوێنەرو رەخنەگری ئەم دەقە دەتوانن ئەو سێ خاڵە بکەن بەبنکەی خوێندنەوەو رەخنەی لەسەر بنیاتبنێن. ئەو سێ خاڵە سێ کلیلن دەرگای دوو جیهانو بۆچوونی جیاواز دەکەنەوە. مرۆ دەستی درێژە بۆ دەرەوەی خۆی بۆ سروشت، بەڵام دەستی بۆ خۆی کورتە، بۆ ناوەوەی خۆی. ئەو سێ خاڵە تۆخە لەخۆوە دانەنراون، فرخ تمیمی وەعی بەو دانانە هەیە. وەک تەنێک دەخوێنرێتەوە چونکە سێ نیشانەن کۆمەڵێک دەلالەت هەڵدەڕێژن. ئەو سێ خاڵە دەبن بەپاڵپشتی جیاکردنەوەکە.


جار جارێک لەچیرۆکی کورتیشا، چیرۆکنوس لەسەر بۆشایيو خاڵبەندیو لاکێشە دروستکردن دەوەستێت. لەتەکیا رەخنەگریش دەوەستێتو پرسیار دەکات. فەرهاد پیرباڵ وەک چۆن لە شیعرا، پەنا دەباتە بەر وێنەو بۆشاییو خشتە، لەچیرۆکیشا گرنگی لایەنی شێوەی رستەو برگە لەچاو دەگرێت. لەچیرۆکی (شیزوفرینیا)دا ژمارەی برگەکان دەگەیەنێتە (١٥)و هەر یەکەیان دەخاتە ناو چوار گۆشەیەکەوە بۆ دینامیکیەت روداوو چارەنووسی کەسی سەرەکی چیرۆکەکە خۆی خوێنەر هەواڵەی بەهەر یەک لە ژمارەکانی برگەکانمان دەکات. واتە رەوتی چیرۆکەکە بەشێوەیەکی ئاسۆیی، بەبێ بوونی رێنمایی منی دەقەکە، تەواسولێکی وا ناگەیەنێت، رەوەتە ستوونییەکە کاملبوون بە روداوی دەقەکە دەبەخشێ.

ژمارەو چوارچێوەو، رێنمایکردنی منی دەق تاخوێنەر بچێتەوە سەر ژمارەیەک لەژمارەکان جۆرە شپرزەییو بشێوییەک دەنوێنن کە بائاشکرا بەبوونو بزووتنەوەی کەسی چیرۆکەکەوە لکاون. ئەم دیاردە دەرەکییە زەقانە بونیادی قوواڵی چیرۆکەکە دەخەنە روو.

بونیادی شیعری بەرجەستەکراو

د. محمد مفتاح*

و: گ ن



١/ زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان لەسەر ئەوە هاوکاتە؟ رێدەکەون کە شیعری بەرجەستەکراو (نیگارکاری) لە دوو رەگەز پێکدێت: ((رەگەزی زمانو رەگەزی نیگارکاری. واتا رەگەزی زمان کە لە چەند پیتو رستە یان گوتاردا دەرئەکەوێ، و رەگەزی وێنە یا نیگارکێشی کە دەکرێت پیتێك یا چەند پیتێك بە ئەنجامی بگەیەنن. یا دەبێتە نیگارکارییەکی سەربەخۆو جیاواز لە رەگەزی زمان یا دەکەوێتە چوارچێوەیەوە یا تەنیشتیەوە.

ئەم بونیادە تێکەڵاوە باری کێشەی داکوتانی نێوان دوو گوتار دەسەپێنێ. گوتاری (ئەیقۆنی) و گوتاری (زمانەوانی).

ئایا ئەم دوانە هاوتای یەکن؟

ئایا یەکێکیان نلخنەو یەکێکیان گەورەر؟ کامیان لە پێشەوەن؟ ئایا بوونیان ((لاباشری)) بۆ ئەوە دەچێت کە نیگار پاشکۆی دەقە. دەڵێ: ((ئەو وێنەی یا نیگارکارییەی کە لە دانانی دەق لە لاپەڕەو دیڕەکانا دروست دەبێت دەڵالەتەکەی لەسەر دەلالەتی گوتارە زمانەوانیەکە پێکدێت)). ئەوەی کە لاباشری وتوویەتی تەواوە بەڵام بەشێوەیەکی رەها راست نییە. راستە لەلایەن پەیوەندییەوە بە چەند شیعرێکەوە کە بریتین لە وێنەکێشان بە شیعر، وەك هۆنراوەی ((کۆتر)): لەم شیعرەدا بە وشە شێوەی کۆتر دروستکراوە، بە دەقەکەیش خۆیا زانیومانە کە وێنەکێشراوەکە کۆترە، ئەم دەقانە بریتین لە لێکچوونی تێکەڵاو بەیکا چوونی

(نیگارکاری _ زمانەوانی _ هاوبەشبوونی زمانەوانی– نیگارکاری).

هاوبەشبوونی زمانەوانی لە دوو جار خوێندنەوەی دەقدا روون دەبێتەوە:

زمان	کۆتر	باڵندەیەکی سپیە دەنوکێکی باریکی هەیە بە سوکی دەفڕێ.
	کۆتر	کیژێکی بێگەردەو کلکێکی خنجیلانەی هەیە.

وێنە	کۆتر	باڵندەیەکی ناسراوە رەمزی ئاشتیە.
	هەڵۆ	باڵندەیەکی ناسراوە رەمزی شەڕە.

لەم دەقە _ نیگارەدا وشەکان دوو ڕۆڵیان بینیوە: ڕۆڵی گوتارو ڕۆڵی نیگارکاری کەلەم پێکهاتە دژێك دروست بووە: کۆتر / هەڵۆ، ئاشتی / شەڕ.

بەڵام نیگارکاری وا لە دەقدا هەیە کە بە وشە ناکێشرێت، بەڵکو خاوەنی سەربەخۆییە، نموونەیشی لە شیعری جیهانیو (مەغریبیدا) زۆرە. بەڵام ئەم سەربەخۆییەش ئەوە ناگەیەنێت کە شێوە نیگارکارییەکان تەنێکی نامۆ بێگانەن بە سەر شیعرەکەوە. یان شێوە وێنەییەکان ڕێژەی شیعرییان نەخراوەتە پاڵ. دەتوانرێ لەسەر بنەمای لە حیمکردنی هەردوو بونیادەکە (زمانەوانیو نیگارکاریەکە) ئەم جۆرە شیعرانە هەڵسەنگێنرێن.

۲/ شیعری نیگارکاری لە نێوان رەسەنایەتیو زۆرلەخۆکردنا:

شیعری بەرجەستەکراو بریتیە لە تێکەڵاوکردنی وتەو وێنەکێشان، یان زمانو شێوەکاری. شیعری بەرجەستەکراو گوازراوەتەوە ((لە زمانو دەربڕینی چاوکاریدا بۆ چەند شێوەیەك دەربڕینی تر))، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بونیادێکی عوزوی لە نێوان زمانو وێنەکاریدا هەیە بۆ جێبەجێکردنی چەند ئەرکێکی دیاریکراوو بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی ستاتیکیو ئیدیۆلۆجی مەبەستدار.

لەگەڵ ئەمەشدا، ڕێکەوتنێکی تەواو لەنێوان موفەکیرو لێکۆڵەرەوەکاندا دەربارەی ماهیەتی ئەم دەقی تێکەڵاوە پێکهێنراوانە نەهاتۆتە کایەوە. بۆچوونێك هەیە بەلای ئەوەدا دەچێت نموونەی ئەم جۆرە دەقانە ئەرکو ئامانجی نییە، بۆچوونێکی تریش هەیە بەتەواوەتی بە پێچەوانەی بۆچوونی یەکەمەوەیە.

((جان جیرارد لاباشری)) سێ بەربەستی ئیپستمۆلۆجی دیاریکردووە کە لەبەردەم پەسەنکردنو بڵاوبوونەوەی شیعری وێنەکاریدا دەوەستن، ئەو سێ بەربەستەیش ئەمانەن: مەرکەزیەتو بالایی دەنگی، نوسین بێزانن، و چەمکی وێنەکاری وەك کاری گواستنەوەی واقیع.

بەڵام لاباشری بەربەستێکی تری لەبیر چووە کە دەبێت بەبەربەستی چوارەم، ئەویش بزربونو ئاوا بوونی چەمکی ئەیقۆنیو بارە ئاینیو ئەخلاقیو ئەرککارییەکەیەتی. ئامادەنەبوونی چەمکی ئەیقۆنییە لەلای ((میشێل فۆکۆ)) کە وای لێکردووە بڵێت ((شیعر وێنەکاری دویارە دەکاتەوە))، دیسانەوە ریکولوتیشی والێکردووە کە بە شیعری لاسایکردنەوەو شیعری وازی ببینێت. بەڵام ئەمە حوکمدانێکی نوقسانەو ئینسافێکی زۆری دەوێ. راستە ئەم جۆرە شیعرە شیعری لاسایکردنەوەن (واتا لاسایکردنەوەی هونەرێکی ترن) بەڵام بەهیچ جۆرێك شیعری گەمەو وازی نین، زۆربەی زۆریان شیعری تەواو و سەنگینن، ئەگەرچی لە کۆتی شێوەی گەیاندنی باو دەدەن، بەڵام شیتەڵکار دەتوانێ یاسای گەیاندنی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە.

بزربوونو ئامادە نەبوونی مەودای مێژوویی کە دەبێتە هۆی ئەوەی تیشك بخاتە سەر پەیدابوونی چەمکو ماهیەتو ئەرکیو پەرەسەندنی،و زاڵبوونی چەند نەریتێکی ڕۆشنبیری دیاریکارو، و بڵاوبوونەوەی ئیپستمۆلۆجیەتی وەزعی، و گوێنەدانە پەرەسەندنی سیستمە ڕۆشنبیرییەکان بونەتە هۆی ئەوەی مەودای شیاو و شایستە بدرێت بە شیعری نیگارکاری یا بەرجەستە کراو.

بەڵام نەوەیەك لە لێکۆڵەرەوەکان پەی بەوە دەبەن کە ئەم دیاردە شیعرییە شایانی بایەخپێدانە تا هۆکارو ئالیاتو ئەرکە ستاتیکیو ئیدیۆلۆجییەکانی بدۆزێنەوە بەم شێوە چەندەها وتارو لێکۆڵینەوە دەربارەی شیعری نیگارکاری لە گۆڤارە بەناوبانگەکانا بڵاوبوونەوە وەك گۆڤاری

((شیعریەت)) و ((زمانی فەرەنسی)) و گۆڤاری ((سیمیوتیکا)) و چەندەهای تر.

٣/ شێوە وەك نمونەی گرفت

لە پێشدا رونمانکردەوە کە پەیدابوونی ئەیقۆن بۆ خزمەتکردنی کاری پیرۆز هاتووە، بەڵام رۆشنبیریی هاوچەرخ شێوەی زیاتری خستە کارو بۆ ئامانجی تر بەکاری هێنا. لێکۆڵەرەوەیکی پسپۆر لەبواری شیعری فەرەنسیو شێوەکاریو (دیزاین) دا ئەو ئامانجانەی رونکردۆتەوە لە گۆڤاری (شیعریەت) دا میهی نادین وتارێکی نووسیوە لەژێر ناونیشانی ((دەربارەی مانای شیعری بەرجەستەکراو)) تیایدا هۆکانی باڵوبونەوەی رونکردۆتەوە، یەکێك لەو هۆیانە، شۆڕشی جیهانیی قوتابیانی ساڵی (١٩٦٨) ە، یەکێك لە هۆکانی تر بەکارهێنانای ئەم جۆرە شیعرەیە لە پیشەسازیو شوهرەتدا. بەڵام لەوەیە ئەم دوو هۆکارە ببن بە دژی یەکتر. چونکە لە رووبەکەوە هەروەکو هونەری نوێ _ جۆرێکە لە شێوەکانی دژە رۆشنبیری (الثقافة المضادة) و رەگەزێکی هونەرییە بۆ ئەو دەزگاو بابەتو تەکنیکانەی کە رۆڵو هێزیان لە هونەری پێشوا هەیە، لە لایەکی تریەوە بەکاردەهێنرێت بۆ زەوتکردنی سەربەستی بینەرو پاڵپێوەنانی بەرەو کەوتنە کۆشی شەهوەتی سەرفکردنو بەکارهێنان.

ئەم ئاڕەزووە پیشەسازیو بازرگانییە خۆیەتی بەسەر شیعری نیگارکاریا زاڵبووەو شێوەو ناوەڕۆکی بەرەو خزمەتکردنی ئامانجە پیشەسازی سەرفکردنییەکان ئاراستە دەکات. رەنگە وتارێکی تری میهی نادین کە لە گۆڤاری ((سیمۆتیکا)) دا باڵوبۆتەوە بە پێچەوانەی ئەم رەوتەوە بێت.

پاش بایەخدانو وەستان لەسەر مەودا ستاتیکیو ئیدیۆلۆجییەکانی شیعری بەرجەستەکراو لە فەرەنسا، هاتە سەر لێکۆڵینەوە لەسەر (دیزاین) لە ئەمریکا پاش ئەوەی مومارەسەیەکی زۆری هێرمیونتیکی جۆراوجۆری شیعری بەرجەستەکراوی فەرەنسیکرد، سیستەمە گەیاندنکارییە پشتبەستووەکان بە ژمێریاری ئیلکترۆنی وای لێکرد کارە تەئویلییەکانی چڕ بکاتەوەو تێبینی زاڵبوونی وێنە بەسەر زماندا بکات، بە جۆرێك کە گواستنەوە لە شارستانی پیتەوە بەرەو ئەوەی کە ناوینا شارستانی ناپیت رویدا، وێنەکاری لەسەر دەستی نەخشەکێشو ئەندازیارانو دەرهێنەرە سینەماییەکانو پەیامنێرەکان وێنەکێشانی بەکارهێنانی ژمێریاری ئلکترۆنی باڵوبووەوە.

بەمانەدا کە لە پێشەوە باسکران ئەوە دەرئەکەوێ کە دان بە ئەرکەکانی شیعری بەرجەستەکراوداو تێکەڵاوبوونی لەتەك گوتاری شیعریا بۆ پێکهێنانی یەك دەق، نراوە، جا ئیتر ئەگەر وێنەکارییەکە بە وشە بێت یا هەر وێنەکێشانێکی سەربەخۆبێت بەمەبەستی رووبکردنەوە پیت یاچەند پیتێکی لە تەکدا بێت، هەموو وێنەکێشانێکیش بە وشە، وێنەکێشانە بە شتێکی بەدەر لە خۆیو پێی دەوترێ (ئەیقۆن)، هەموو ئەیقۆنێکیش شێوەیەکی دیاریکراوی هەیە، هەموو ئەیقۆنێکیش بۆ خزمەتکردنی ئامانجی دیاریکراو دروستکراوە. لەبەر ئەمە ئەگەر ئەوەی بیەوێت ئەیقۆن بگوێزێتەوە یا وەرگێڕێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر پێویستە پەیوەستبێت بە گوێزانەوەیەوە بەشێوەیەکی وا وەك خۆی دەرچێت یا لێیەوە نزیك بێت.

٣/ وەرگێڕانی شیعری بەرجەستەکراو

گومان لەوەدا نییە کە شیعری بەرجەستەکراو گیروگرفتی قورسی بۆ وەرگێڕی دەخولقێنێ ئەمە لە پاڵ ئەو هەموو گرفتەدا کە لە هەموو وەرگێڕانێکی ئاسایی خۆیدا هەیە، و زۆر لە نووسینی ئامادەکراو دەربارەی وەرگێڕان دەخاتە تەنگژەوە چونکە چڕبونەوەی دەخاتە رو، ئەو نوسینانە چەختیان لەسەر تیۆری داڕێشتن بۆ دەقی زانستیو نیمچەزانتسی کردووە،هەروەها بایەخیان بە دەقی شیعریی ئاسایی داوە بەڵام رەچاوی ئەو جۆرە شیعرانەیان نەکردووە کە تیایاندا وێنەو وشە تێکەڵاو دەبن.

بنەماکانی وەرگێڕانی شیعری بەرجەستەکراو

ئەو تیۆرانەی کە بۆ وەرگێڕان کراون لەسەر دوو بنەما بەرزبونەتەوە. وەرگێڕانی دەلالی / و وەرگێڕانی تەواسولی .. بەڵام ئەوەی سەرنج رادەکێشێ نەبوونی جیاوازییە کە ئەم دوانە لە یەکتر جیا بکاتەوە، تیۆر داڕێژەکان مەرجی تەواو و پێویستیان بۆ ئەم کارە دانەناوە. زۆریان پێوەریان لە تیۆری زمانەوانیو تیۆری (سیمیاتی) یەوە وەرگرتووە هەروەك چۆن

زریسلەر بە ئەنجامی گەیاندووە، بەڵام چەمکی ئەیقۆنی کەمکردەوەو زۆر بەلای شیتەڵکردنو ئەنجام ورگرتنا نەچوو. چەمکی ئەیقۆنی خستە چوارچێوەی تاکە مانایەکەوە، بەڵام (پێڕیس) کردی بە ئەیقۆنی رەسەنو چەند چڵە ئەیقۆنێکەوە.

ئێمەیش لەسەر ئەو کارەی پێڕیس ئەیقۆن دەکەین بە چەند جۆرە نمونەیەکەوە:

ا/ ئەیقۆنی میسالی، لێرەدا مەبەستیشمان لەو ئەیقۆنەیە کە بە تەواوەتی لە تەك ئەسڵەکەیدا گونجاوە.

ب/ ئەیقۆنی هاو نموونە، مەبەستمان لەو ئەیقۆنەیە کە لە زۆربەی سیفاتەکاندا لەتەك ئەسڵەکەدا هاوبەشە وەکو مرۆڤو شێوەو وێنەی.

ج/ ئەیقۆنی لێکچوو، واتا ئەو ئەیقۆنەی پەیوەندی لە تەك ئەسڵەکەیدا پەیوەندی لێکچونە، رەنگو چڵ کۆدەکاتەوە.

د/ ئەیقۆنی هاوسەنگ، مەبەستمان لەو ئەیقۆنەیە کە بونیاتەکەی چەسپاوە بەڵام ئەو رەگەزانەی کە لێی پێکدێن جیاوازن. جا ئیتر بەگشتی جیاواز بن یا بەپارچەیی، یاخود ناوەڕۆکەکەی هاوسەنگ دەبێت بەڵام بونیادە پێکهێنەرەکەی جیاواز دەبێت.

هـ/ هاوڕو، واتا ئەو ئەیقۆنەی کە لەگڵ بەرانبەرەکەیدا لە رەگەزو سیفاتا هاوبەشە.

ئەگەر ئەم نمونە داڕێژراوە بگوێزینەوە بۆ مەیانی وەرگێڕان دەتوانین بڵێین چەند وەرگێڕانێك هەنە:

ا/ وەرگێڕانی ئەیقۆنی نمونەیی. ئەم وەرگێڕانەیش بە دەگمەن دێتە دی لەسەر ئاستی چەند دەربڕینێك لەو زمانانەدا کە سەرچاوەکانیان لێکەوە نزیکن، بەڵام بتەوێ لەسەر ئاستی دەق بێتە دی ئەوە کارێکی مەحاڵە.

ب/ وەرگێڕانی هاو نمونە. رەنگە بەشێوەیەکی گشتی ئەم وەرگێڕانە ئەنجام بدرێت: جیاوازی دوو زمانەکە سیفەتی نمونەکاریی لەسەر لائەبات. بەڵام دەتوانرێت پلەی هاو نمونەییان بپارێزرێت وەك چۆن لە وەرگێڕانی دەقی زانستیو شیعری فەزاییا دەبینرێ.

ج/ وەرگێڕانی ئەیقۆنی لێکچوو. ئەمەیش لە کاتێکدا دەبێت کە وەرگێڕ هەوڵئەدات شێوەو تاوەڕۆك بپارێزێت بەجۆرێك کە ناگاتە پلەی پاراستنی نموونەیی، وەك ئەوەی هۆکە بگەڕێنرێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی وەرگێڕو کورتی شێوازو ئامرازە تەکنیکییەکان یا بۆ جیاوازی هەردوو زمانەکە لە زۆر رووەوە کە پەیوەندییان بە پێکهێنەرەکانیانەوە هەیە وەك زمانی عەرەبیو هیندوئەوروپی.

د/ وەرگێڕانی هاوسەنگ کە هاوسەنگی بابەت دەپارێزرێت لەگەڵ جیاوازی هەردوو بونیادەکە.

هـ/ وەرگێڕانی ئەیقۆنی هاوڕوو هاوتا. کەمترین مانای هاوتایی لێرەدا: ((بەشداربوون لە شتێکدا)) یە، یا ((هاوتایی کارتێکردنە)).

دەستنیشانکەرکانی پلەی ئەیقۆن لە وەرگێڕاندا

ئەم نموونە داڕێژراوە هێزی شتەکان دەیسەپێنێت، چونکە دەقەکان لەسەر یەك شێوە نین. بەم پێیە لەسەر وەرگێڕە بزانێت چ جۆرە دەقێك وەردەگێڕێ. بۆیە، تیۆرداڕێژانی پەنایان بردۆتە بەر نموو داڕشتنی جۆرەکانی دەق: دەقی زانستیو دەقی ئەدەبی. دەقی ئەدەبی بریتییە لە دەقی شیعریو دەقی پەخشان. بەڵام نمونە داڕشتنێکی ساغو خۆماڵی نییە چونکە هەموو جۆرەکان تێکەڵاو دەبن. رەنگە لە ناو تاکە جۆرێکدا چەندەها جۆری لاوەکی هەبن.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە وەرگێڕانی شیعرە، بەتایبەتی وەرگێڕانی شیعری فەزایی: پێویستە لەسەر وەرگێڕی بایەخ بە ناوەڕۆکو بونیادو شێوەو وێنەو رەمزو دەنگەکان بدات، بەڵام گوتاری شیعری تیایدا چەند رەگەزێك زاڵە بەسەر چەند رەگەزێکی ترا بەپێی بارودۆخی مێژوویی و قوتابخانە هونەریی و سیستمی گشتی.. زەمانێك شیعری بابەت باو بووە، زەمانێکی تر شیعری شێوە بااڵوبۆتەوە، زۆر کاتیش جەخت لەسەر دەنگ کراوە، وەختی تریش بووە زمانو وێنە تێکەڵاوکران. بەڵام لە هەموو ئەمانە گرنگتر پەنابردنە بەر زاڵترین شتی دەقە لە وەرگێڕاندا، چونکە وەرگێڕانی هەموو پێکهێنەرە شیعرییەکان موعجیزەیە کەس ناتوانێ پێی هەڵسێت. لەبەر ئەمە وتراوە: ((لە هەموو وەرگێڕانێکی شیعرییدا پێویستە شتێك بکرێت بەقوربانی بۆ رزگارکردنی ئەو شتەی کە لەهەموو شتەکانی تر گرنگترە)).

دەبێت جەختکردنە سەر (لایەنی گرنتر) بە لاکردنەوەوە بێت لە دوو رەگەزی گرنگ: یەکێکیان

مەبەستی خاوەن دەق و ستراتیجیکەیەتی، دووەمشیان مەبەستی دەق و رەگەزو جۆرو ئامانج دیاری دەکەن، مەبەستەکانی دەقیش وادەکەن کە دق خۆی رێکخاتو لەخودی خۆیەوە بێتە کایەوەو زاوزێ بکات. بەڵام رەگەزی سێیەم هەیە کە حیسابی بۆ دەکرێت، ئەویش خوێنەر _ یا وەرگر _ یا وەرگێڕە، چونکە ئەو بۆچوونە نەماوە کە ئەوەی روندەکردەوە گوایە هەموو ماناکان لە دەقدا دراون، وەرگێڕیش تەنها ئەوەی لەسەرە وەک خۆیان بیانگوێزێتەوە بۆ بۆ کەسانی تر، لێرەدا بۆچوونێکی تر هەیە هەوڵەدات جیگای ئەو بۆچوونەی پێشەوە بگرێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە دەق بنەمایەکە وەرگرو وەرگێڕیش بەهۆیەوە مانای خۆیان دروست دەکەن.

رای سێیەمیش بۆ بەخشینی کاردانەوە دەچێت، واتا دەق مادەو بەخشراوی خۆی پێشکەشدەکات و دەتوانرێت پشتیان پێببەسترێت بۆ داڕشتنی خوێندنەوە یا وەرگێڕانێکی زەوقاوی و پەسەندکراو لە لایەن کۆمەڵێک خەڵکەوە، زۆربەی تیۆرو وەرگێڕان و لێکۆڵەرو رەخنەگرانی تیۆری بەهاناهاتنی خوێنەر بەلای ئەم بۆچوونەدا دائەشکێنن.

شێوەو پێویستی وەرگێڕانی لە شیعری بەرجەستەکراودا

بەپێی ئەو زانستیانەی پێشو، لە وەرگێڕانی هەر دەقێکدا، جا ئیتر رەگەزو جۆرو پۆلەکانی چۆن بن پێویستە رەچاوی هەموو دەستنیشانکەرانی دەق بکرێت هەر لە سیاق و خوێنەرو بەردەوامی و گەیاندن و شێوەوە تا نمونەی داڕێژراوی ئەیقۆن.

بۆ مەشقکردنی ئەو زانیاریانە، با سەیری وەرگێڕانی شیعری ((ئەبولونیر)) بکەین کە لە فەرەنسییەوە کراوە بە ئینگلیزی تاوەکو جیاوازی نێوان هەردوو دەقەکەمان بۆ روونبێتەوە تاوەکو ئەو نموونە داڕشتنەیشی کە بۆ ئەیقۆن کردوومانە بخەینە سەر مەحەک.

ا/ نموونەیی: ئەم ئەیقۆنە لەسەر ئاستی وەرگێڕانی هۆنراوەکە نایەتەدی، بەڵام بە کوپیکردنی هۆنراوەکە بەشێوەیەکی تەواو وەک خۆی بێ کەموزیاد لە شێوەو قەبارەدا ئەنجام دەدرێ، لێرەدا بەشبەش لەسەر ئاستی ناوو ئاستی چەند قافیەیەکدا هاتۆتە دی.

ب/ ئەیقۆنی هاو نموونەیی: لە جیاوازی هەردوو شیعرەکەدا رەنگ دەداتەوە، جا ئیتر لەسەر ئاستی فەزا بێت یا لەسەر ئاستی پێکهێنان یا لەسەر ئاستی قافیە. لەکاتی بەراوردکردنی هەردوو دەقەکەدا دەرئەکەوێ کە شێوەی دەقە ئینگلیزییەکە گەورەترو درێژترە لە شێوە فەرەنسییەکە. شێوەی دەقەکە بە فەرەنسی ئەتوانێ دەلالەت لە دوو باڵندە بکات:

کۆترێکو هەڵۆیەک. ناونیشانەکە راستەوخۆ، و وێنەکێشانەکە بە وشەو کۆتایی برگەی یەکەم دەلالەت لە کۆتر دەکەن، بەڵام باقی وێنەکە لە شیعرەکەدا دەلالەت لە هەڵۆ دەکا، واتە رەمزێک کە لە کۆتر پێکهاتووە، رەمزی ئاشتییە، و رەمزێک کە لە هەڵۆ پێکهاتووە رەمزی شەڕە. رەنگە کۆتر رەمزیش بێت بۆ کچێ:ی داوێن پاکی بێگەرد، و هەڵۆیش رەمز بێت بۆ پیاوێکی فێڵبازی مەیلدار بەلای ئەزێتدانا. شیعرەکە ناکۆکی تیایە لەنێوان شەڕ / ئاشتی، نێر / مێ. بەڵام شێوەی دەقەکە لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەدا رەمزێکی بەسەر رەمزێکی ترا زاڵکردووە .. ئەوەی کە زاڵبووە هەڵۆیە. وێنەکێشانەکە بەقەبەییو باڵوییەوە وێنەی کۆترەکەی خستۆتە دواوە، بۆیە هیچ شتێک نەماوە دەلالەتی لێ بکات تەنها وشە فەرهەنگیەکان نەبن کە لە ناونیشانو کۆتایی برگەی یەکەمدا هاتوون، وێنەکێشانەکە دەلالەت لە شەڕوکوشتار دەکات. ئاوەها رەمزی شەڕ زل کراوەو هێنراوەتە پێشەوەو رەمزی ئاشتیش خراوەتە دواوە. ئەمەیش زیانێکی گەورەی زەقی لە دەقە وەرگێڕاوەکە داوە بێگومان هۆکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ بێدیقەتی لە وێنەکێشانەکەدا.

ئەگەر رەسمەکە جێبێڵینو بچین بەلای پێکهێنانەوە چاومان بە پاشو پێشخستنێک دەکەوێت، بەتاییەتی پێشخستنی ئاوەڵناو بەسەر مەوسوفدا کە سروشتی زمانی ئینگلیزی سەپانویەتی بەپێچەوانەی زمانی فەرەنسییەوە.

* دکتۆر محمد مفتاح یەکێکە لە رەخنەگرە بەناوبانگەکانی عەرەب چ بە نوسین بێت یا وەرگێڕان بایەخێکی زۆری بە مەنهەجە رەخنەییە نوێکان داوە. چەندەها کتێبی رەخنەیی هەیە، وەک : ((تحليل الخطاب الشعري ، ديناميكية النص ، التشابه والاختلاف ، نحو منهاجية شمولية)). ئەم نوسینەیشی لە کتێبی (التشابه والاختلاف) دایە. (و).

بۆچی بۆشایی

سەلاح حەسەن پاڵەوان - هۆڵەندا

بۆشایی لەهەردوو روەوە، رووە فیزیکییەکەی‌و رووە جێگەییەکەی شێوەیەکە لە دابڕانی نێوان دوو حاڵەت، حاڵەتێکی ئامادە، حاڵەتێکی نائامادە، زۆر جار لە بۆشاییدا، کە بەپێی زاراوەی زانستی پێی ئەوترێ بۆشایی شتی ماددی هەیە، بەڵام ئەوەی لەهەستو هزردا نابینرێ، ناوی بۆشایی لێ ئەنێ، چونکە ئەوەی لەمامەڵەی باودا لەگەڵیا کراوە هەموو شوێنێکی لەگەردیلە بێ بەش بێ ئەوە مانای بۆشاییە، بەڵام ئەم حاڵەتە بۆ کەون ئەکرێ راست بێ‌و دەلالەتی خۆی هەبێ، بەڵام ئەمەیان لەسەر رووی لاپەڕەدا حاڵەتێکی تر‌ە، لەکۆندا بەو شتانەی لەسەر دیوارەکان کێشراون چ وێنە بووبێ یان وشەی ئاماژەیی پێی وتراوە وێنە، چونکە تەنیا دەلالەتێك هەبووە بۆ تێگەیشتنی بوونی ئەو وێنانەو نەبوونی، چونکە نەبوونی ئاماژە بووە بۆ بۆشایی سەر ئەو رووە، هەروەها لەزۆر شوێندا وەك رەمزی ترس تەماشای بۆشایی کراوە بەوێنە ئەو شوێنە پڕ کراوەتەوە تاکو ببێتە شێوازێك بۆ قەلارەباڵغ کردن‌و زۆرکردنی پرێتی، لەرووی ئیستاتیکای شوێنەوە، شوێن نیشانەی ژیانە، ئەگەر پەیوەستێك لەنێوان روحێکی زیندوو، تەنێکی مادیدا نەبێ ئەوا لەبیردا شوێن دروست نابێ، راستە هەموو شوێنێك شوێنە بەڵام ئەوانەی بەبوونی گیانی‌و ماددی پێن ناویان هەیە بەڵام بەپێچەوانەوە، ئەوانەی بێ بەشن لەگیان‌و رووحی ماددی بەبۆشایی دائەنرێن، دیارە لەبیری مرۆڤدا ئەم لێکدانانەوە پەیدا بووە.

بۆیە ئەگەر دیاردەیەك هەبێ بۆ ئامادەیی‌و نائامادەیی بۆشاییە، دەمێکیشە ئەم مامەڵە کردنەی نێوان پڕێتی‌و بۆشایی لەنێو ئەدەب‌و نووسینە باوەکاندا ئامادەگی هەیە، دیارە هەر لەسەرهەڵدانی دەقی شیعری‌و دەقی ناشیعری‌یەوە (واتە پەخشان بەهەموو بەشەکانی‌یەوە) بۆشایی لەسەر رووی دەقەکان بووە، بەڵام ئەوەی مەبەستە، ئایا بۆشایی بەچ مەبەستێك‌و بۆچی هەبووە؟ بۆ وەڵامدانەوی ئەم پرسیارە، هەر لەسەرەتای بیرکردنەوەی مرۆڤ‌و دەست دانە بیری نووسین‌و وێنەکێشان رووی تایبەت بەنووسین [هەر رووبەك بووبێ.. دار، پێستە، دیوار، درەخت... کاغەز] یەکەم شت بیرلەوە کراوەتەوە کە چۆن دەست پێ بکرێ‌و چۆن کۆتایی پێ بهێنرێ، هەروەها دابەش بوونی نەخشە نووسینەکان یەکەم هەوڵی بیرکردنەوە بووە، دیارە دابەش بوونی جۆرەکانی نووسینیش، لەسەر شێوەی ئاسۆیی‌و ستوونی بۆ ئەم راستی‌یە ئەگەڕێتەوە، ئەو دابەش بوونە بەخشینی ئیحایەك بووە بەناوەڕۆکی نووسراوەکان، دیارە لەم حاڵەشدا هۆشمەندیەك بەشدار بووە لەبرەودان بەم بیرە، دابەش بوون بریتی بووە لەجێ کردنەوەی وشەکان‌و دروست کردنی رستە‌و بەجێهێشتنی نێوەندەکان‌و جیاکردنەوەی مەبەستەکان. بۆ نموونە لەنامە کۆنەکاندا، کە تایبەت بوە بەشەڕو هەڕەشە، شێوەی نووسینەکەی جیاواز بووەو جۆرێکی لەناڕێکی‌و

شپرزەیی بەئەنقەست لەنامەکاندا ئەبینرا بەمەبەستی دەربڕینی حاڵەتی بێزاری‌و تووڕەیی، بەڵام لەنامە خۆش ئامێزەکان‌و ئەو نامانەی تایبەت بوون بەگۆڕینەوەی پەیوەندی‌و دۆستایەتی بەهەندێ زەخرەفات ئەڕازایەوە، هەروەها حاڵەتی دابەش بوونی وشەو رستەکان بەسەر کاغەزدا جۆرێك بووە لەحاڵەتی دەروونی، بەڵام بەجێهێشتنی بۆشایی ئەمەشیان دوو ڕووی هەبووە: یەکەمیان ڕوویەکی سەرپێی‌و ناهۆشمەندی دووەمیان: ڕووی ئەنقەست‌و هۆشمەندی.

بۆ ئەم مەبەستە بەوردی ئەگەڕێینەوە بۆ ئەو هەوڵانەی لەم بوارەدا ئەنجام دراون.

هەمیشە ڕووی نوسراو، ڕویەکی تەختی بەخۆوە گرتووە‌و لاکێشەیی‌و چوارگۆشەیش لەهەمو مەوداکانی تر زاڵتر بووە بۆ بەکارهێنان‌و دابەش کردنی نووسین بەسەریدا. ڕووی بینیاری (بصیری)‌و بەیان کردن لەسەر ڕووی تەختا بەدی ئەکرێ، ئەمڕۆ ڕوانگەی هاوچەرخ بۆ ڕووی لاپەڕە گۆڕاوە، ئەو کاتە دوو زاراوەی بۆشایی‌و پڕێتی لەو مەودایەوە دیاری ئەکرا کە ئایا تاچ ڕادەیەك ڕووی تەخت نووسینی لەسەرەوە لەسەری نیە، هەرکات نووسین بەچڕی‌و پڕی‌و تێروتەسەلی شوێنی خۆی لەسەر ڕووی ئەو تەختاییەدا داگیر بکردایە، ئەوا مانای وابوو کە دەلالەتێك لەوشەو ڕستەو دەستەواژەکان ئامادەن‌و جۆرە ڕەنگدانەوەیەك لای خوێنەر دروست ئەکا، جا ئیتر ڕنگدانەوەی دەروونی بێ یاکۆمەڵایەتی. واتە ڕووی تەخت تەنیا ڕوویەکی ڕاوەستاو نابێ بەڵکو لەجوڵەیەکی بەردەوامدا کاری خۆی ئەکاو هێدی هێدی لەنێو مەودا دەقیەکاندا خۆی ئەدۆزێتەوە، پانتایی پەڕاو یاڕووی تەخت ئەو پانتاییە نیە کە لە خۆیەوە لەدایك بووبێ‌و لەنێو هزرو بیری هاوچەرخدا جێی خۆی کردبێتەوە، ئەم پانتاییەیە لەئەنجامی گونجاندنی ئەو بارە سایکۆلۆژی‌و بینابیانە دروست بوو کە لەسەرەتادا مرۆڤ لەگەڵ پەیوەندییە سروشتییەکاندا ئامادەم بۆی کرد بیری پڕکردنەوە‌و بۆشایی کردنەوە خولقاندی، تەنانەت دەروون ناسیش بڕوایان بەوە هەیە کە گشت پەرێشانییە دەروونیەکان لەم دوو چەمکەوە سەرچاوە ئەگرن.

دەروون ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی پەیوەندە سوسیۆلۆژیەکان‌و دەرونیەکانە، جا بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندی بەردەوام بێ ئەبێ دەروون ڕۆڵی خۆی ببینێ لەژیان‌و ئیدارەکردن‌و بەردەوامی، ئەویش بەڕاگرتنی ئەم دوو حاڵەتە واتە پڕکردنەوە‌و بەتاڵ کردنەوە. هەر بۆ نموونە دەروون لەدنیای جەنجاڵدا لەپەیوەندی‌و ململانێ‌و ڕووداوەکاندا تووشی دەیەها حاڵەتی هیستری‌و هەڵچوون‌و دڵەڕاوکێ ئەبێ کە ئەمەش پەرچدانەوەیەکی پێویستە بۆ ئەوەی لەو بارە ئاڵۆزە گوزەر بکا، کە بەبۆشایی کردنی دەرونە لەو ئاستەنگانە، لەم حاڵەتەشدا سڕینەوەی تەواوی پانتاییەکانی دەروون نیە لەبیرو هەڵچوون‌و ململانێکەدا، بەڵکو وێنەکێشانێکی تایبەتە بەسەر ڕووی ئەو بارە دەروونییە ناشیرینەوە. ئەمەیش فرۆید بۆی ئەچی‌و بەو لێکدانەوەیە ئەگاتە ئەوەی کە: (پەیوەندییەکی پتەو هەیە لەنێوان پەشێوییە سایکۆلۆژیەکان‌و ژیانی دەرونیدا).. هەروەها لەمەوداو پانتاییەکانی بیری نووسەرو پڕکەرەوەی دەقەکان دیسانەوە حاڵەتە فیزیۆلۆژی‌و سروشتیەکان دەوریان هەیە ئەڵبەتە دەق، کە بریتییە لەڕووبەری تەختایی لەخۆیەوە دروست نابێ بەڵکو لەئەنجامی پەیوەندییەوە دروست ئەبێ، گەیاندن.. حاڵەتێکی لەدەرئەنجامی ئەو پەیوەندییە، هەموو گەیاندنێ شێوازی خۆی هەیە، جا چ بیناری یان بیسەری، یان هەستیاری بێ.. گرنگ ئەوەیە ئەم پەیوەندییە گەیاندنەکە ئەگۆڕێ بۆ جۆرێك لەئاوێتە بوونی بیرێ یاهەستێ...

ئەم گەیاندنە بەهەر شێوازێ بێ گرنگ پەرچدانەوەی بەرامبەرەکەیە، لە شکلانیەتی ڕووتدا پەیوەندیەکە ئەگەڕێتەوە بۆ نێوان چاوو ئاماژەکان، دیارە لەدەقی نووسراودا ئاماژەکان بریتین لە پیت‌و وشەکان، لەدەقی وێنەیدا، هێڵ‌و گۆشەو دیمەنە ئەندازەیی‌و ڕەنگەکانن، ئەو شتانەی کە هێنانە کایەوەی مانایەکی زەینین.

بۆیە ئەگەر بەپێی بۆچوونی بارت سەیری ئەم پەیوەندیانە بکەین ئەوا هەموو شێوەیەك خۆی لەخۆیدا بەهایە. بەڵام لەنێوان زمان‌و شێوازدا جێگایەك هەیە بۆ واقیعێکی شکلی ترکە پێی ئەوترێ نووسین. کەواتە لای بارت پەیوەندییەکە پەیوەندی زمان‌و شێواز نیە بەتەنیا، بەڵکو نوسینێکە کە لەم مەودایەشەوە، پڕ بوونەوە‌و بەتاڵ بوونەوەی دەق دەست پێ ئەگات. چونکە زمان

لەپانتایی دەقدا کار ئەکات‌و دەقیش لەپانتایی رووی تەختدا. (هەر بۆیە ئاسۆیی زمان‌و ستوونی شێواز سروشتێك بۆ نووسەر دیاری ئەکەن چونکە نووسەر هیچ کامیان هەڵنابژێرێ. لەو پەیوەندیانەوە بۆشایش بۆ خۆی مەودایە لەدەقدا هەمیشە زاڵێتی خۆی ئەسەپێنێ چ وەك مەودا بێ چ وەك ناوەڕۆك.

ئەکرێ لەپەیوەندی بۆشایی لەپرۆسەی کارکردندا بەم شێوەیە بکۆڵینەوە بەتایبەتی لەدەقی پەخشانی‌دا واتە دەقی دژە شیعر.

١. بۆشایی لەگەڵ ئاماژەکاندا.
٢. بۆشایی لەنێو دابەش بوونی نووسین بەسەر رووی تەختدا.
٣. بۆشایی‌و تابلۆو دیمەن‌و شتە وێنەییەکان.

بۆشایی لەگەڵ ئاماژەکاندا

وەك پێشتر روونمان کردەوە. نووسین ئەرکە. ئەوەی بەم ئەرکە هەڵدەستێ بریتی‌یە لەشێوازو زمان.. دیارە چ زمان‌و چ شێواز هەردووکیان لەکۆمەڵێ ئاماژەو وشەی وەزیفی پێکهاتوون کە لەڕووی بونیادگەری‌یەوە پەیوەندی‌یەك پێکەوە ناوەڕۆکەوە ئاماژەیە بۆ رەوشتەکان‌و ئاماژە پێکراوەکان. لەم بەینەشدا وەرگر رۆڵی مەزن ئەبینێ.. هەموو ئاماژەیەك پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، هەروەها شێوەی شکڵی ئەو ئاماژانەش دەلالەتن بۆ حاڵەتێك لەحاڵەتەکان.

جادابەش بوونیان بەسەر رووی دەقدا یان لەدوو تۆێی دەقدا جۆرە بۆشاییەك دروست ئەکەن کە رەنگە هەریەکەیان لەخۆیەوە نەهاتبێتە گۆڕێ.. ئاماژە بەتەنها خۆی بۆشایی خۆی لەدوو تۆێدا هەڵگرتووە، وشە بەتەنیا ناتوانێ دەلالەت بێ واتە دەلالەتێکی تێرو تەسەل، ئەمە رووی‌یەکی ئەو بۆشایی‌یە، رستە بەتەنیا ناتوانێ بگاتە وەرگر ئەگەر ئەو رستەیە نەبێتە سەرەتاو کۆتایی لەنێوەندی رستەکاندا ئەتوانێ کار بکات. شێوەی پەخشانی یاخود چیرۆك کاتێکی کە زمان ئەیگوێزێتەوە، پێکهاتووە لەدەیان یەکەی (شێوەکاری –الوحدات الشکلیە– وەك کەسایەتی‌یەکان، رووداو، قۆناغەکانی گێڕانەوە، بابەتەکان، یەکەکانی مانا (وەك کات‌و چین‌و صیغەو دەستەو...)، رستەکان، وشەکان)[٤]

ئەمانیش لەنێوەندی خۆیاندا جۆرە بۆشایی‌یەکی ناوکۆیی هەیە، کە لەڕێگای پەیوەندی نێوان دەق‌و چاودا درکی پێ ئەکرێ، کە ئەمەش پەیوەستە بەبونیادی دەقەکەوە، واتە بونیادو جومگەی نێو دەقەکە.

(بۆ نموونە لەشیعردا ئەبینین ئەوەی ئەم پەیوەندی‌یە دروست ئەکا ئەو پەیوەندە لۆجیکی‌و زەمەنی‌یە نی‌یە، چونکە هەمیشە دەقێك یاشیعرێ ئەکرێ بۆ پەخشان بگێررێتەوە. ئەم بەگەڕانەوە بۆ شێوازی ئەو بۆشاییەی دەقێك دروست ئەکا، چونکە (بۆشایی نابێ بەبۆشایی، هەروەك پارچە مۆسیقایەك، تائەوکاتەی بەهەموو بەهاکانیەوە لەگوێماندا بزرنگێتەوە. بەڵام ئەگەر لەسەر کاغەز بێ ئەوە رەنگە تووشی ون کردنی ئەو شتانە بین کە لەو دەقەدا بناغەی پێك ئەهێنن، واتە بەها تەواوەکەی ون کەین،)[٥]

بۆ روون کردنەوەی ئەمە ئەم شیعرە بەنموونە ئەهێنینەوە:

سەرت بەخشی‌ی بەڕەشەباو ئەویش کردی:
بەساباتی ئەو لوتکانەی
بەسەر پێ دەشتی ئاوێنەی دڵدارانا،
ئەیان روانی
نەت ئەزانی؟!
نەت ئەزانی.. سەرت گەواڵە هەورێکە،
ژانی رەهێڵەو.. کورژنی بروسکەکان رای ئەژەنی؟!

(شێرکۆ بێکەس، دوو سرودی کێوی ل٧).

ئەمە بۆ خۆی شیعرێکە کە ئیقاعێکی ناوەکی هەیە ئەکرێ بەلەبەرچاوگرتنی بۆشاییەکانی سەر رووی کاغەزەکە دەستنیشانی ئەوە بکەین ئەم دەقە تاچ رادەیەك شیعرەو دابەش بوونی برگەکان بەسەر بۆشایی‌دا ئەیخاتە خانەی شیعرەوە بەڵام ئەگەر هەر ئەم رستەیە بەم شێوەی خوارەوە بنوسین:

[سەرت بەخشی‌ی بەڕەشەباو ئەویش کردی بەساباتی ئەو لوتکانەی بەسەر پێ دەشتی ئاوێنەی دڵدارانا، ئەیان روانی نەت ئەزانی؟! نەت ئەزانی.. سەرت گەواڵە هەورێکە. ژانی رەهێڵەو.. کورژنی بروسکەکان رای ئەژەنێ؟!]

کاتێك ئەم حاڵەتە لەپەخشاندا ئەبینین جیاوازە لەگەڵ حاڵەتی شیعردا چونکە لەپەخشاندا بۆشاییەکان ون ئەبن‌و ئەچنە حاڵەتی وەهمی‌و

زەینی‌یەوە بەلام لەشیعردا بارێکی بینیاری هەیە کە چاو لە پەیوەندی لەتەک کاغەزدا ئەو بۆشایی‌یە دروست ئەکات.

بێ دەنگی‌یەکی کوڕت .. وەک:

... ...

... ...

... ...

... ...

... ... بێ دەنگی


... وەستان ... بێ دەنگی


کە ئەمەش وەک هەمیشە لەنێوەندی دایالۆگەکان یاخود لەکۆتایی کورتە دایالۆگەکاندا ئەبینرا، ئەم جۆرە دابەش کردنە لەمامەڵەی باوی نووسینەوە سەرچاوەی گرتبوو، واتە لەڕۆمانە هونەریەکاندا زیاتر بەدی ئەکرا.

بەڵام پاش گەشەکردنی هونەری چیرۆک‌و هونەری پەخشانی ئەم حاڵەتە بەرەو گەشەکرنێکی پتەو ڕۆیشت، لەم سەردەمەدا ڕۆمانی تازەو بڵاوبوونەوەی قوتابخانە شکلیەکان لەبواری وێنەکێشاندا وەک سوریالیزمی‌و دادایزم‌و مستەقبەلی‌و ... هتد تاڕادەیەکی زۆر کاری کردە سەر هونەر بەگشتی‌و پەلی هاویشت بۆ نێو ئەدەب، بەتایبەت شیعر، ئەوان بەشێوەیەکی نائاشنایەتی (لامألوف) مامەڵەیان لەگەڵ هونەرەکەیانا ئەکرد هەروەها لەئەدەبیشدا گەلێ گۆڕانی مەزن رویدا لەڕووی دابەش بوونی دەق‌و سوود وەرگرتن لەپانتایی کاغەزو پانتایی دەقەکان بۆ بەخشینی ڕوویەکی نائاشنایەتی بەئەدەب. هەر لەبواری شیعردا (ئەندریە بریتون) گەلێ نموونەی شیعری هێنایەوە، کە سوودی لەدابەش کردنەکانی بۆشایی بینیبوو، هەروەها دابەش کردنی رستەکان بەشێوەیەک بگونجێ لەگەڵ باری دەروونی‌و ئالۆزبوونی وشەکانا، دیارە ئەمەش لای بریتون لەوەوە سەرچاوە ئەگرێ کە جیهان دونیایەکە لەپشتی مەئلوفەکانەوە خۆی حەشار داوە. لەگۆڤاری (VVV ف ف ف) کۆمەڵێ لەم هەوڵانە ئەبینین.. مەسەلەی بۆشایی لەلای زۆربەی شاعیرانی ئەو سەردەمە ئەبینرا، بەڵام کەمتر لەدژە شیعریەکاندا ڕەنگی ئەدایەوە، مالارمی ئەڵێ بۆشایی (بێ دەنگی‌یەکی پڕ لەمانایە)(٩) وەک پێشتر ڕوونم کردەوە ئەبێ. بۆشایی دالێک بێت لەپشتیەوە مەدلولێکی گەورە خۆی مەڵاس دابێ، نابێ هەروا بە فیکری ئاسایی لێکۆڵرێتەوە. لەدەقی پەخشانی‌دا زۆر جار دابەش بوونەکان بەجۆرێکن کە هیچ بۆشاییەک دروست نابێ، واتە ئاستی ستوونی‌و ئاسۆیی لەم پەیوەندیەدا گیانی دەق لەت لەت‌و شێواو ئەکات، چونکە وا پێویست دەکا ئەم حاڵە بگونجێ لەگەڵ دروستی‌و باری دەروونی دەقەکەدا.

کەواتە ئامازەکان، شێوە دروست ئەکەن ئەو کاتەش شێوە (وەک پەردەیەک یان پەرداخێکی لێ دێ‌و شلەیەکی تیادا کۆ ئەبێتەوە کە ناوەڕۆکە)[٦] ... دیارە لەدەقدا بەتایبەت لەدەقی دژە شیعردا ئامازە وشەیەکان کەمتر جێگای درک پێکردنن‌و پەیوەندی لەگەڵ چاودا دروست ئەکەن، کە ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆشاییە زەینییەی لەنێوان گەیشتنی چەمکەکان بەهزر ڕووئەدا، واتە ئەو بڕوارەی کە دروست ئەبێ لەنێوان دەقی نووسراوو خوێندنەوەی بینیاری‌دا، یاخود وەرگر ئەبێتە هۆی خولقاندنی بۆشایی‌یەکی درک پێکراو زۆر جار لەدەقی نامەئلوفدا ئەم بڕوارە درێژە ئەکێشێ چونکە بڕوارەکە بەرفراوانتر ئەبێ‌و بۆ دروست بوونی تێگەیشتن ئەبێ ڕوونتر ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە، کە ئەمەش دیسان پەیوەستە بەو ئامازانەی کە لەنێوان دەقی نووسراوو خوێنەردا هێڵی هاویەشیان هەیە بەڵام ئامازە وێنەیەکان کەمتر بڕوارەکە فراوان ئەکەن. ئەو دەقانەی حاڵەتی بواریی بەرفراوانیان کەمتر تیادا دروست ئەبێ یان کەمتر وێنەیان تیادا زاڵە: بۆ نموونە دەقی نووسراوی سادە کە ڕووبەری کاغەز داگیر ئەکا، تۆزێ تووشی تێکەڵی‌و پێکەڵی ئەبی‌و ناتوانێ خۆی مەودای خۆی داگیر بکا.

بۆیە ئەبینین ئەم حاڵەتە هەندێ جار پێچەوانە ئەبێتەوە لەڕووی دەرەوەی دەقەکە. ئەو دەقانەی بۆشاییان تێدایە ئامازەن، واتە بۆشایی ئەگۆڕێ بۆ ئامازە، بۆ نموونە دەقێک ئەگەر بەم شێوەیە لەسەر کاغەز دابەش بووبێ:





ئەمە جیاوازە
لەگەڵ ئەم دابەشبوونە

لەشێوەی یەکەمدا ئاشکرایە هیچ بۆشاییەکی سەرنج راکێش بەدی ناکرێ دوو هێڵی ئاسۆیی لەلای راستو لەلای چەپ، بەڵام شێوەی دووەم هێڵی ستوونی لای راستە لەسە رهێڵە ستوونیەکەی لای چەپ هێڵەکان حاڵەتێکی ناهاوسەنگیان وەرگرتووە کە لێرەدا پانتایی رووەکە بارێکی ناگونجاوی وەرگرتووە. دیارە بەرەنگیش بێ لای راست رەشەو لای چەپ سپیە. لای چەپ ئاماژەیە بۆ بێدەنگی بەڵام ئەولا بەپیچەوانەوە کە ئەمەش بەئاشکرا ئەتوانرێ لەپەیوەندی نێوان ناوەڕۆکی دەقەکەو خوێنەر ئاماژەکان دەست نیشان بکرێنو ئەوەش روون بکرێتەوە کە ئەو بۆشاییە تاچ رادەیەک بەهۆشمەندی کراوە یابەناهۆشمەندی (چونکە پانتایی گێرانەوە لەهەردوو رووەکەیە، شوێنیەتیو کاتێتی، بەیەکداچوون لەدژایەتیو تێکەڵ بوونی یەکەکانی رستە دەقیەکە)[٧]..

ئاماژەکان ئەبنە بۆشایی لەو کاتەیدا کە بۆشاییەکە دالێك بێت بۆ مەدلوولێکی بەرفراوانتر یان بەپێی زاراوەی یاکۆبسنی ئەو بۆشاییە خواستێك بێ بۆ لەجێ دانانی ئاماژەیەکی دیکە.

شێوە هەیە وەك بازنەیەك وایە، بێ بەرییە لەهیچ مانایەکی دیاریکراو بەڵام ئەو کاتەی شێوە بەرجەستە ئەبێ ئاماژەکان ئەکەونە کارو جموجوڵ. لەزۆربەی کارە ئەدەبییەکاندا زمان لەسەرەتاوە کە دروست ئەبێ ئاماژەیە بۆ پەیوەندیەکی پتەو کە لەنێوان خوێنەرو نووسینەکەدا دروست ئەبێ. چونکە. لەئەنجامی ململانێی نێوان ئاماژەکانا مانا دەرئەکەوێ. ئەم جیهانەی ئێمەی لەسەر ئەژین جیهانی ئاماژەکانە نەك جیهانی راستیەکان، ئەو جیهانەی ئێمە ئەیکەین بەئاماژە لە ئەنجامدا خۆشمان هەر ئەو ئاماژانە شی ئەکەینەوە.)[٨] بۆیە وا چاکە ئەم سەرچاوەیە سەرەتایەك بێ بۆ لێکدانەوەی بۆشایی..

بۆشایی لەنێوان دابەش بوونی دەق بەسەر رووی تەختدا

وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کردو ئەڵێم رووی تەختیش چونکە ئەم باسانەی ئێمە تەنیا تایبەت نین بەباس کردنی رووی کاغەز یاپەڕە، بەڵکو هەمو رویەك ئەگرێتەوە کەشتی لەسەر تۆمار ئەکرێ. دابەش بوونی یەکە دەقیەکان پەیوەستە بەناوەڕۆکو دەلالەتە زمانەوانییەکانەوە، دەق هەمیشە لەحاڵەتی جێگۆڕکێی بەردەوامدایە لەنووسەرەوە بۆ رووی تەخت لەوێشەوە بۆ خوێنەر لەخوێنەریشەوە بۆ نووسەر، واتە شێوەیەکی بازنەییە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە بەرهەمهێنەری دەق لەچ سەرچاوەیەکەوە دەقەکەی بەسەر رووی تەختدا دابەش ئەکا.

هەندێ لەرەخنەگران ئەم جۆرە دابەش کردنە لەسەر رووی تەخت ئەگێڕنەوە بۆ (رەزم) واتە ئیقاع، پول ڤالیری رای وایە کە هیچ شێوازێك لەرەزم زیاتر نیە بتوانێ بگاتە خوێنەرو ئەوە دڵنیاییەش لای خوێنەر دروست بکات.

دیارە رەزمیش مەسەلەیەکی جەوهەرییە لەنووسیندا، بەتایبەتی لەنووسینی ئەدەبیدا، لەچێژکدا رەزم پەیوەستە بەدابەش بوونی دەق بەسەر رووی کاغەزدا، دیارە هەندێ جار ئەکرێ گوێ ئەو توانایەی هەبێ دەستنیشانی ئەو دابەش کردنە بکات، ئەویش لەڕێگای گوێ گرتن بۆ رەزمەکان (ئەمە بەمەرجێ خوێندنەوەکە هەستی لەگەڵدا هاوجووت بێ).


لێرەدا لەزۆربەی دەقە باوەکاندا بۆشایی سەر لاپەڕەکان دەلالەتی بێ دەنگی بووە، هەروەها هیچ جیاوازییەك نەکراوە لەنێوان بۆشاییو بێ دەنگیو سپێتی دەقدا.. بەیەك چاو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە کە ئەمەش بەزۆری لەدەقە کلاسیکیەکانو دەقە رۆمانسیەکاندا ئەبینرێ، واتە ئەو بۆشاییانە لەنێوەندی پەرەگراف و پەرەگرافێك یاخود رستەیەك و رستەیەکدا ئەبینران حاڵەتێك بوون لەناهۆشمەندی، تەنیا شتێك کە باو بووە لەدەقی ئەو سەردەمەدا بێ دەنگی بووە.. واتە بەجێ هێشتنی نێوەندە لەنێوان رستەیەکدا کە هەمیشە ئاماژە بووە بۆ حاڵەتێکی ناهۆشمەندی.

سەرتاپای رووەکە، بەڵام بۆ ئەوەی فەراغ دروست بێ ئەبێ ئاماژە بۆ شتێك بکرێن، راستە (لەپەخشاندا سپێتی لەکێشەی نێوان خۆی و رەشێتی دا دەدۆڕێ و ناکۆکی بنەڕەتی دەبێت)، دیارە ئەمەش لەسروشتی خودی پەخشانەوە سەرچاوەدا کە بەپەرش و بڵاوی و کراوەیی و خۆکشانەوە ناسراوە، بەپێی ئەم سروشت و کراوەییە رەشێتی

بەسەر کاغەزدا پەرت دەبێتو خۆ دەکێشێنێو خۆبەکێش دەکات تابانگی دەسەلاتی خۆی بەسەر دژەکەیدا (کە سپێتی)یە بدات)[10].

بۆیە لەدەقدا واتە دەقی پەخشانی دەسەلات بۆ زمانو ئاماژە، دەگەڕێتەوە لەکاتی دابەش بوونیدا زۆرترین سەرچاوە کە بەجێی دێڵی ئەنتی بۆشاییەیە، واتە دژە بۆشاییەیە، بەلام ئەمەوا ناگەیەنێ کە ئیتر هەر دەسەلاتەکە بۆ ئەو ئەبێ، شیعر خۆی لەخۆیدا قانعە بەکەمترین جێگا، واتە شیعر بەدرەنگی ئەگاتە پانتاییەکانی کاغەز ئەمەش خوویەکی ئەزەلییەو شیعر بەهەموو بوارەکانیەوە هەمیشە ئیقاعی لەسەر رووی کاغەز بریتی بووە لە شەپۆلێك سپێتی/ رەشێتی، بۆشایی/ پڕێتی، بەرزی/ نزمی.

بەلام ئەگەر ئاوڕێك لەمێژووی بۆشایی سەر دەقەکان بدەینەوە ئەبینین سروشتێکی دێرینەو ئەم دەسەلاتی پەخشانییە هەروا بۆ نوسراوو پڕێتی نەبووە، بەڵکو جار ناجارێ ئەم حاڵەتە گەیشتووەتە تێکوپێکدانی دەقو بۆشایی خستنە نێو دەقەکەوە، یان دابەش کردنی رووی دەرەکی دەقەکە بۆ چەندین مەودای جیاوازو بۆ شێوەی ئەندازەیی، لەسەرچاوەکانی کەلەپووریدا، بۆ نموونە لەکەلەپووری ئیسلامیدا زەخرەفە بەکار هێنراوە، هەندێ لەو زەخرەفانە رووبەکی شکلی هەبوو بۆ بەخشینی ئیستاتیکاو رووکەش بەدەقەکان، بەلام هەندێکی تری سەرچاوەیەکی رۆحی هەیە، کەم تازۆر پەیوەستە بەو بارە رۆحیو ئایینیانەی کەلەو سەردەمەدا لەبیرو بۆچوونی نووسەرەکانیاندا زاڵ بووە. هەر بۆ نموونە باتەماشایەکی ئەم نموونانە بکەین:



لاور بم خیر وابدل کر باتساهل هل تضربین شد هل تضربان یغنی ایامنیر نید شمادر زمان حاضر، ودر زمان اینده صغیر

.....

.....

.....


.....

.....


ئەمە نموونەیەکە لە (کتاب الامثلة)ی عبدالرحیم بن محمد تقی دایە کە باسی رێزمانی عەرەبی ئەکات، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە دابەش بوونی نووسینەکانی ئەو بۆشاییانەیە کە کەوتووەتە نێوەندی رووەکەوە، دیارە رووەکە لاکێشەیە، لای راست بەتەواوی بۆشاییەیە، لای چەپ بەپێچەوانەوەیە. نووسەر ئەوەی مەبەستێتی لەشێوەی چوار هێڵی رەش یان چوار وتەدا تۆماری کردووە کۆتایەکەشی لەسەر شێوەی سێ گۆشەیەکی هەڵگەڕاوە کە لە زۆربەی ئەو نووسینانەی بەم شێوەیە هاتووە بەچوار حاڵەت، یان چوار عیبارەت کۆتاییان دێ کە ئەویش یەکەم ژیانو ناوی نووسەرەکە، دووەم ستایشی، جا ئەگەر زیندوو بێ یان مردوو، سێیەم مەدحو سەنا، چوارەم میژووی ئەو نووسینە..

لێرەدا ئەوەی مەبەستی ئێمە بێ دەلالەتەکانێتی. ئەم شێوە نووسینانە زیاتر شتێك بووە لەپێناوی بەخشینی رووی ئیستاتیکی بەدەقەکە، بەلام لەو سەردەمەدا کە ئەم شێوە نووسینە باو بووە ئەم وێنەیە ئاماژە بووە بۆ ئەو هونەرە زەخرەفیانەی لەو سەدەمەدا باووبوون.. بەلام گرنگ ئەوەیە بەشێوەیەکی هونەری ئەو بۆشاییانە بەکار هاتوون.


لەکتێبی (الکتاب الکبری فی المنطق)دا بەکارهێنانی بۆشایی بەدی ئەکەین کە هەندێکیان دوو حاڵەت زاڵە بەسەریانا: یەکەمیان دابەش بوونی دەقە پەخشانییەکەیە لەسەر شێوەی لاکێشەیی، ئەوی تریشیان سێ گۆشەیی، هەر بۆ نموونە بەم شێوەی خوارەوە دەبێ:



شێوەی (١)



شێوەی (٢)



شێوەی (٣)

لەهونەری نووسینی ئیسلامیدا جۆرە حاڵەتێکی روحی زاڵ بووە بەسەر مرۆڤدا ئەوانەش مردن و ژیان و قیامەت بوون، کە خۆیان لەخۆشەویستی ئاین و خوا پێغەمبەردا بینیوە، لەنووسینەکاندا سێ گۆشە لە شێوەی نووسین، واتە دەقەکە بەشێوەی سێ گۆشەیی لە سەرەتا بەوشەیەك دەست پێدەکات لەکۆتایشدا بەدێڕی کۆتای دێ وەك لەشێوەی یەکەمدا ئەبینرێ.. ئەگەر دەڵاڵەتی ئەمە بخوێنینەوە لەڕووی بونیادگەرییەوە خواستنی ئەم شێوە دەڵالەتە بۆ خۆشەویستی و پەیوەندییەکی پتەو لە ئیسلامدا بەم شێوەیە خۆی ئەنوێنێ:



کە هەموویان پەیوەندییەك دروستی کردون.. سێ گۆشەش لەو نووسینانەدا گەڕانە بۆ بیرکردنەوە لەو سێ شتە، یان تەعبیرە بەرامبەر بەڕێزگرتن لەو سێ شتە، یاخود حەزکردن لەبیرکردنەوەیە دەربارەیان، ئەمڕۆش لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان بۆ ئەوە ئەچن کە سێ گۆشە نیشانەیە بۆ حەزو ئارەزوو خۆشەویستی، ئەو کەسانەی زۆر ئارەزووی کێشانی سێ گۆشە ئەکەن کەسێتی حەزخوازان.


ئێستاش ئەبینین ئەم شێوەیە لەزەخرەفەی ئیسلامیدا زاڵە. بەڵام شێوە لاکێشەیەکە سێ دەڵالەتی هەیە، ئەوانیش دڵنیایی و مەرگو پەرستن بوونە. لەسەر ڕووە لاکێشەکەی کاغەزکە ئەم لاکێشەیە ئەکێشرا بۆشاییەك دروست ئەبوو ئەو بۆشاییانە بەمەبەستی تەعبیرکردنە بۆ ئەم جۆرە نووسینە هەروەها لەکاتی وێنەکێشانەکەدا چەند بازنەیەکی بۆشایی دەرئەکەوتن، لەم بارەدا ئەو لاکێشانە لەلایەك ڕۆڵەکەی خۆیان ئەبینی و لەلایەکی تڕەوە ئەو کارانەیان ئەنجام ئەدا کە مەبەستیان بوو دەلالەتی لاکێشە بۆیە دڵنیایی بوو چونکە لەو لاکێشەیەدا حاڵەتی کونجی قەناعەتو خەڵوەو مالّ بەدی ئەکرا، کە مرۆڤ لەو جێگایانەدا هەست بەئارامی و پشوودانی جەستەیی و ڕۆحی ئەکات، ئەو کاتەش مرۆڤ بۆ ئەوەی بۆشاییەکی لەنێوان خۆی و دەرەوەی خۆی دروست بکردایە پەنای ئەبردە بەر ئەو جێگایانە.

بۆ باری دووەم مەرگو فەنابوون ئەگەیەنێ، مرۆڤ کە ئەمرێ لەنێو تابوت یاخود لەسەر چواردارێ لاکێشەیی هەڵئەگیری و هەروەها گۆڕەکەشی شێوەی لاکێشەیی وەردەگرێ، بۆیە مەرگیش چارەنووسەو هەریەخەی مرۆڤ ئەگرێ، ئەکرێ ئەو شێوەیە بۆ ئەوە بووبێ کەمرۆڤ هەمیشە لەو خەیاڵەدا نەبێ کە نەمرەو ژیانێکی ئەبەدی ئەژی.

باری سێیەمیش پەرستنە. زۆربەی ئەو شوێنانەی کاری پەرستنی تیا ئەکرێ ئەم شێوەیەی گرتوەتە خۆ.. بەردی نوێژ، ئەو شوێنەی خەلیفەو مەلاکان و بانگدەران عیبادەتیان تیادا دەکرد شێوەیەکی لاکێشەیی هەبوو یان لاکێشەیەکی سەر قۆقزی واتە بەشێوەی ∩، تەنانەت پێش ئیسلامیش شوێنی لاکێشەیان بەکارهێناوە. لە سەردەمی جاهلیدا بەرامبەر بەبتەکان بەردێکی لاکێشە هەبووە.

ئەمەو لەسەرچاوەی کەلەپووری ئیسلامیو دەقە پەخشانیەکانی ئەو سەردەمەدا دەیان نموونەی بەکارهێنانی شێوەو بۆشایی هەبووە بەمەبەستی تەعبیرکردنو جوانکاری.

ئەمڕۆش لەکەلەپووری فۆلکلۆریو هەندێ کەلەپووردا نموونە ئەبینین وەک دوعاو دوعا نوسین: لای کۆمەڵە سەرەتاییەکان مومارەسەی دوعاکراوە وەک هێزێکی غەیبی بۆ ڕەواندنەوەی ئازارو نەخۆشیو کاریگەرە دەرەوونیو بەدەنیەکان. ئەمڕۆش ئەم کارە لەدوعا نووسیندا بەدی ئەکرێ، تائەمڕۆش دەسەلاتی ئەم جۆرە دابەش کردنی نوسینە دوعا ئامێزانە بەردەوامن بەسەر بیرکردنەوەو بۆچوونی مرۆڤی هاوچەرخا، ئەوەی لای ئێمە مەبەستە دابەش بوونی دووعاو ئاماژەکانو نووسینە نهێنیو ڕەمزەکانی سەر ئەو ڕوپەڕەیە کە لەسەری دوعاکە تۆمار ئەکرێ. ئەگەر سەیرێکی ئەم دوو نموونەیە بکەین کە لە (شمس المعارف الکبری)دان دەبینین زۆر گرنگی بەم مەسەلەیە دراوە:



ئەمە یەکێکە لەو دوعایانەی کە دابەش بوونەکەی بەسەر کاغەزدا شێوەیەکی تایبەتی گرتووەتە خۆ. لەسەری سووچەکانەوە چوار بازنە دروست کراوە، کە پێی ئەوترێ بازنەی شکۆمەندی راستەقینە. لەسەر هەر شتێک ئەم وێنەیە دروست بکرێ یاخوود هەڵگەندرێ، ئەوا ئەوکەسە سەرکەوتن بەسەر دوژمندا بەدەست دێنێ هەروەها ئەگەر پێی بڵو بچێتە لای گەورە پیاوان بێ سێو دوو بەمەرامەکانی خۆی دەگا، تووشی هیچ گرفتێک نابێ لەماڵو دەرەوە نەخۆی نەماڵو منداڵی، دزو پیاوکوژ پێی ناوێرێ.. دابەش بوونی ئەم حاڵەتە بەسەر کاغەزداو هەروەها جێهێشتنی ئەو بۆشاییە دەلالەتێکی هەیە لەسەرەوەی ئەو وشانە وشەی ترابین واتە وشەی خۆڵین کە سیفەتەکەیان ساردیو ڕەشبینییە، وشەکانی نێو بازنەی بەرامبەر ئاگرین واتە سیفەتەکەیان گەرمیو زەردویە، کە عەقڵ لەم نێوەندەدا لەنێوان عزەتو توانادا ئەجوڵێتەوە واتە توانای عەقڵ زاڵە، لەخوارەوە، وشەکان ئاویو هەوایین، داواکان لەژێر رکێفی عەقڵو لەنێوەنیاندا ڕوحو نەفس ئامادەیە کە عەقڵ سەرچاوەی جووڵەکەیەو بازنەکانیش بەچوار پیتی گرنگ کە هەریەکەیان لەمەرتەبەی دووەمن، واتە ئەو مەرتەبەیەی کە هێزە کەی یەکسەر لەخوارەوە پێ دەگا، ئەوی لای ئێمە گرنگە ئەم وێنەیە کە شێوەی سەرەتای مامەڵەکردنی وشەو وێنەیە بەسەر کاغەزدا.


خوودی ئەو دابەش بوونە دەلالەتی ڕوحیو گیانیو ئاینی هەیە، بۆ زاڵ بوونی بۆشاییەیە بەسەر دەسەلاتدا، ئەمانەش سەرچاوەیان لەئەستێرەو بورجەکانی ئاسمان وەرگرتووە بۆیە ئەبینین هەموو ڕەمزەکان دەلالەتن بۆ جیاوازی سیفەتەکانی سروشتو میقافیزیکیەت.

٣- بۆشاییو تابلۆو دیمەنە وێنەییەکان.

کە باسی بۆشایی ئەکەین، دیارە هەموو دیاردەکانی ژیانو هەموو حەقلە مەعریفیەکان تاپادەیەک سەروکاریان لەگەڵ گەمەی هێڵو هێڵکاریو بۆشاییو پڕکردنەوەدا هەیە، بەڵام لەدەقدا بەتاییەت ئەو دەقانەی ڕووی هونەریان هەیە، هەردەم دەق ویستویەتی سوود لەهەموو هونەرێک وەرگرێ بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆی وەک زانستو سوسیولوژیاو هونەری شێوەکاریو سایکۆلۆژیاو.. هتد، ئەم سوودە بۆ مەبەستی گۆڕینەوەی شێوەو ناوەڕۆک بووە چونکە دەقی پەخشانی هەوڵ ئەدا هونەرێکمان لادروست بکات، واتە حاڵەتێکی دەروونیمان لا بخولقێنێ، هەروەها بەپێی بۆچوونی ڤالیری نووسەر پێویستی بەوە هەیە کە بەدوای هەمەچەشنیدا بگەڕێ، (کەواتە هەمەچەشنی داوای گۆڕان ئەکا چونکە تەواوکەری بەردەوامی هەستەکانمانە).

یەکێک لەو لایەنانەی کە زۆر خۆیان هاویشتووتە نێو دەقی شیعریو پەخشانییەوە تابلۆیە، هەورەها هەندێ لەدیمەنە وێنەییەکان، واتە ئەو دیمەنانەی لەژیانی ڕۆژانەو لە دەوروبەرماندا هەن وەک وێنەو دیمەنی سروشتی.. کۆنترین شتێ کە خۆی هاویشتبێتە نێو پەخشانو دەقە دژە شیعریەکانەوە، ئەو هەوڵە عەفەویانەیە کە لەنێو خودی خەڵکە عامەکەدا بڵاوبۆتەوە لەوانە، شەجەرەی نەسەب.. واتە درەختی ڕەچەڵەک، ئەم درەختە کە بەکار هاتووە لەگەڵ خۆیدا هەندێ دەلالەتی فەراغی لەسەر ڕووە تەختەکان دروست کردووە ئینجا توانیوێتی لەڕووی شکڵییەوە ئەوەمان پێ بگەیەنێ کە مەبەستێتی لەڕووی بەصەری (بینیاری)یەوە لای چاوی خوێنەر دروستی بکا. بۆ دروست بوونی هەر دیمەنێکی بەصەری، پێویستە فەراغ دروست بێ بۆ نموونە شەجەرە، پێویستی بەوە هەیە کە ئەو ڕووەی لەسەری ئەکێشرێ هەندێ فەراغ بێتە کایەوە تامەدلولەکە ئەوە بگەیەنێ کە نووسەرەکەی مەبەستێتی.. وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد خۆ ئەشبێ نووسینی ئەو شەجەرەیەش هەر بەشێوەی ستوونیو ئاسۆیی بەئەنجام بگاو ڕون کردنەوەکان

وێنەی پەخشانی وەربگرن، بەڵام ئەم کارە تەنیا لەڕێگای دروست کردنی بۆشاییەوە دروست ئەبێ.



١ ٢

ئەگەر سەرنج بدەین ئەبینین لەدیمەنی[1] بەستووندا و ئاسۆیی رەشێتی و سپێتی سەرتاپای رووەکەی داگیر کردووە کە ئەمەش دەلالەتە بۆ زاڵ بوونی پڕێتی و دەست کورتی بۆشایی، بەڵام لەدیمەنی[2] بەشێوەیەکی ئەندازەیی دیمەنەکە ئەگۆڕێ وەک کۆکردنەوە، لەئەنجامی بۆشایی خستنە نێو دەقەکەوە ئەو وێنەیە دروست ئەبێ کە رەنگە لەحاڵەتی یەکەمدا دەلالەتەکان رووەیەکی ناوەکییان هەبێ واتە (ضمني) بەڵام لەحاڵەتی دووەمدا دەلالەتەکە شکڵییە چونکە شێوەکە لەئەنجامی بۆشایی خستنە نێو چەند لایەک دروست ئەبێ، ئەمەش دیمەنێکی رووتر:

لەدیمەنەکانی تردا بۆ نواندنی ئەم دەلالەتانە بۆشایی تاقە رێگایەکە، ئەم پەیوەندییە هەروا بەسادەیی نەهاتوەتە دی بەڵکو لەئەنجامی چەند هۆکارێکو پەیوەندیەکی جەدەلیانەی نێوان هونەری شێوەکاری و پەخشاندا هاتووەتە دی، ئەرستۆ تالیس پێی وایە (وێنە لەناوەڕۆکدا زەخرەفەیەکی شێوازییە لەسەر لێکچوون دائەمەزرێ لێکچوونی نێوان دالو مەدلوول)[3].


ئەم باسەو ئەم پەیوەندییە لەهەردوو زاراوەی خواستنو خوازەوە سەرچاوە ئەگرێ کە لەدوایدا ئاماژەی بۆ ئەکەین، بەپای زۆربەی رەخنەگران پەیوەندی نێوان چاوو دیمەنە زەینییەکان، وەک پەیوەندی نێوان تاریکیو چرا وایە، هەرکاتی چرا هەڵکا تاریکی نامێنێو چاوویش کە دیمەنە زەینییەکانی، ئەبینێ هەستی پێ ئەکا، بەڵام کەنایبیسێ هەستی پێ ناکا، بۆ نمونە زۆربەی رۆمان نووسەکان کە دەستیان ئەدایە نووسین لەهزریاندا وێنەیەکی ئامادە هەبووە لە کەسایەتیو دیمەنو دەوروبەر.

بەپای فیرجینا وولف (وێنەو نوسین، زۆر شتیان هەیە لەگەڵ یەکتری ئاڵوگۆڕی ئەکەن، زۆر شتی هاوبەشیان هەیە)[4].

بەڵام پەیوەندی وێنەو تابلۆو نووسین لەوەدا نابینین کە ئایا وێنە ئەبێتە سەرەتا بۆ بیری نوسین یان نووسین ئەبێتە سەرەتا بۆ بیری وێنەکردن. ئێمە لەوەدا زۆر مەبەستمانە کە شکڵی وێنەیەک ببێتە پانتایی دەقێک، زۆر دەق هەیە کە سوود لەناوەڕۆکی تابلۆیەک ئەبینێ بۆ داڕشتنی پانتایی نووسینەکەی هەر بۆ نموونە لەچیرۆکدا، زۆر جار یان لەرۆماندا ئەم کارە ئەنجام دراوە، د: هـ لورانس لە (نساء عاشقات) سوودی لەبەناوبانگترین تابلۆی مارک گیتلەر وەرگرتووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لەنێو رۆمانەکەدا دروستی کردووە.. ئەو تابلۆیەش تابلۆی (دوامة الخيل) بوو، ئەم تابلۆیە پەرچدانەوەیەکی سۆزداری تووندی لای لۆرانس دروست کرد. کەئەمەش معاناتێک بوو لەگەڵیا ئەژی، ئەم تابلۆیەشی وەک ئاماژەیەک بەکار هێنا بۆ پوکانەوەی کۆمەڵگای هاوچەرخ کە ئالەت چارەنووسی دیاری ئەکات)[5].. سەیرەکە لەوەدایە بەکێشانەوەی ئەم تابلۆیەو ناوەڕۆکی تابلۆکە بۆشاییەکی گەورە ئەکەوێتە نێو پانتایی دەقەکەوە ئەمەش پێی ئەوترێ (دەقە بۆشایی) بەڵام ئەوی لێرەدا زۆر گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێ، ئەوەیە هەندێ تابلۆ ئەبن بەسەرچاوەو پانتاییەک کە زۆر جار کەسە راوەستاوەکانی نێو تابلۆکە، دێنە نێو بۆشایی دەقەکەوە باسی هەستو هۆشو بیرکردنەوەی خۆیان ئەکەن. یان هەندێ جار بەپێچەوانەوە کەسایەتی نێو دەقەکە ئەچنە نێو تابلۆکانەوە ئەمانەش تەنیا لەمیحوەری کەسەکانا ناخولێنەوە بەڵکو زۆر جار درێژ ئەبنەوەو ئەگەنە دیمەنو شتو مەکی نێو تابلۆکەش ئەم جۆرە هەوڵدانەش لەرۆمانەکانو یاچیرۆکەکانی (ئیتالۆ کافینۆ)دا بەدی ئەکرێ.

هەروەها لەئەدەبی چیرۆکو چیرۆکنووسدا بەبەرفراوانی رەنگی داوەتەوە کە ئەتوانین لێرەدا ئاماژە بەهەندێ نموونەی زیندووی ئەو بوارانە بکەین:

١. رولان بارت: درجة الصفر للكتابة.
٢. كتاب في شرح الاحوال.
٣. شمس المعارف الكبرى.
٤. عبدالله طاهر بەرزنجی: جوگرافیای دەق ئامادەبوونو ونبوونی رەشیو سپی، گۆڤاری کاروان.
٥. ظاهرة الشعر المغربي. محمد بنيس.
٦. رولان بارت / كتابة درجة الصفر.
٧. كتاب في شرح الاحوال.
٨. محمد بنيس – ظاهرة شعر المعاصر.
٩. كتاب المنزلات. طراد الكبيسي.



نووسینی رژاو،
نووسینی هەڵواسراو
پرۆژەی (وشەو ڕەنگ) لەبەردەم
نووسینی شل و نووسینە ڕەقەکاندا

شەمال عومەر

دەکری نووسین لەنیو تابلۆدا لای (ریبوار) لەم کۆمەلانەی خوارەوەشدا دەستنیشان بکەین:

– ووشەیەکی نائاشکرا + ڕەگەزیکی وینەیی؛ کە زۆر لە نووسین دەچی.

– پیتیکی نائاشکرا + ڕەگەزی وینەیی، کەزۆر یان (بەشیکی) لە پیت دەچی.

– ڕەگەزە وینەییەکان کە زوریان (بەشیکی) لە نووسین دەچی.

– ڕەگەزە وینەییەکان کە زوریان (بەشیکی) لە پیت دەچی.

– هیلەکان، کەزۆر لە پرۆسیسی نوسین دەچی.

ریبوار سەعید کە دەنوسی :

بە پیی شیوازی خۆی پیمان دەلی جەوهەری نوسین نەفۆرمیکەو نەبەکاربراویکی ڕاهاتوو، بەلکو جولەیەکە. لە جولەشدا جیاوازی نیوان پالنەرو ئەنجام نامینیت، بۆیە لە نوسینی تابلۆکانیدا جوولە لە دەرەنجام گرنگترە. پیتو وشە وەکو سیستەمیکی سمبولی بەکاردینیت تاوەکو گریمانەی تازە لە تابلۆدا بخولقینیو توانستی دەربرینو نوومایشت بەهیزبکات. لەلای ریبوار (نوسین) بەشیك نیە لە پانتایی، بەلکو خۆی پانتاییەو هەرخۆشی بە پانتایی بووەکەیە. بەمەش ریبوار نوسین دەرژینیتە ناو تابلۆوە، نوسینی شل، نووسینی رژاو.

بەم پییە گەر لە ریبوار بپرسین : (نوسین) چیە؟

پیمان دەلی : نووسین چیژە. پیتو وشەکان تایبەتن بە منیش.

(وشە) سەر بە هەموو جیهانە، بەلام ڕستە تایبەتە بە (نووسەر).

(ڕۆلان پارت) وای نووسیوە. دەکری هەر لیرەشدا لە (پارت) بپرسین) :ڕەنگ چیە؟ لە وەلامدا پیمان دەلی : (ڕەنگ چیژە). تاوەکو لەمە بگەین پیویستە ئەوە لەیاد نەکەی کە ڕەنگ بیرۆکەیە. ڕەنگ وەکو ڕووداو وایە هەموو جارێك شتیکی نوێیە. ئەمەشە کە ڕەنگ دەخولقینی هەروەك چۆن چیژ بەئاکام

دێنێ.گەر لێرەوە هەنگاوێك بنێین ئەوا دەکرێ ڕستەیەکی تایبەتی بەرهەمبێنین‌و بنووسین : (ڕەنگ سەر بە هەموو جیهانە، بەڵام تابلۆ تایبەتە بە هونەرمەند). ئێستا دوو ڕستەمان لەبەرچاودایە : ڕستە تایبەتە بە نووسەر / تابلۆ تایبەتە بە هونەرمەند.

لەم دوو ڕستەیەوە هەنگاوێکی تر دەچینە نێو پرۆژەی (وشەو ڕەنگ) وەو ڕاستەوخۆ گومانی ئەوەمان لەلانامێنێ کە تابلۆ دابەش دەبێ بەسەر (هونەرمەند / نووسەر)داو تێکڕای پرۆژەکەش وەکو پرۆژەی خوڵقاندنی (پێکەوەیی کۆلێکتیڤی) خۆی نومایشت دەکات، تاوەکو ئەو ئاستەی کەبۆمان بلوێ بەئاسانی پرۆژەی (وشەو ڕەنگ) بە ئەزموونی : (تابلۆ / ڕستە + هونەرمەند / نووسەر) ئاماژە بکەین.

لەم خستنەکارەوە ئێستر ئێمە ناتوانین پانتاییەکانی تابلۆ وەکو دەرکەوتەیەکی ڕووتی ڕەنگی‌و فیگوینی بەبێ ڕستەکان چاودێری بکەین. وەکو تریش ناتوانین ئەو دوو ڕستەیە ئەگەرچی بۆ ساتە وەختێکیش بووە لە یەکتری جودا بکەینەوەو سەربەخۆ قسەیان لەبارەوە بکەین. لەهەمان کاتدا سروشتی پێکهاتەیی کۆلێکتیڤی‌و ئامانجی پرۆژەکە هەناسەیەکمان پێ دەبەخشێ لەسەر دوو ئاستی پێکەوەیی نەك داپچڕاو سروشتی پێکهاتەیی هەردوو ڕستەکەو چۆنێتی گواستنەوەیان بۆ نێو ئەزموونەکە بپشکنین. ئەمەش لەو موتیفەوەی کە سەرەتا تابلۆ خوڵقاوەو پاشان بەخشراوە بە (نووسەران) کە بنووسن.

پێکهاتە ڕەنگی‌و فیگوریەکانی ڕێبوار لە (شوێنەوار) دەچن پتر لەوەی کە فیگوری ئاسایی‌و مامەڵەی ڕەنگی ئاسایی بن.شوێنەوارەکانی ناو قووڕ، سەر ڕێگاو بانەکان، شوێنەواری هەڵکۆڵینی یادەوەرییەکان لەسەر قەدی درەخت، گەلا، سەر دیوارەکان، ناو ترامەکان‌و پاسەکان.

هەڵکۆڵینی (دژە تابلۆ)ی سەر دیواری ئاودەستخانەی مزگەوت‌و زانکۆکان. وەکو تریش نووسینی جەستەیانە. جێهێشتنی شوێنەوارەکانی جەستە لەسەر جەستەکانی تر.(شوێنەوار) لێرەدا لەم ئاستانەدا خۆی نومایشت دەکا :

- شوێنەواری جەستە لەسەر ماتریالەکان.
- شوێنەواری جەستە لەسەر جەستەکان.

بۆ ئەوەی ئاستی پێکەوەیی پرۆژەکە بزر نەکەین ئەوا هەر لە(شوێنەوارەوە) نووسینی نووسەرەکانیش سەیر دەکەین، ئەو نوسینانەی لێرەدا بۆ(هەڵواسین) لە ئارادان. ئەمانە نووسینی هەڵواسراون، ئەو نووسینانەن کە یادەوەرییەکانی نووسەریان وەکو(شوێنەوار) بۆ ڕووبەری وێنەیی گواستۆتەوە.گەر ئێمە لەوێوە هەنگاو بنێین کە هونەرمەند(ڕێبوار سەعید) لەنێو پرۆسەی خوڵقاندنی (شوێنەوار)دا کاری کردبێ، ئەوا نووسەران لەنێو پرۆسەی خوڵقاندن‌و خستنەکاری (شوێنەوار) لەنێو/ لەسەر شوێنەواردا کاریان کردووە.

لەمیانەشدا چێژی یادەوەری خۆی بەزەمەن، شوێن، ڕیتوالەوە دەبەستێتەوەو تێکڕای ئەزموونەکەش پێمان دەڵێ: (ڕیتوال لەهەناوی نوومایشتایەو هیچ نوومایشتێکیش بەبێ یادەوەری ناخوڵقێت).

لەلای هونەرمەند وێنە (نە)کراو لەبواری وێنە کراوەوە لەبەرچاودایە.لەلای نووسەر (نە) نووسراو لە بواری نووسراوەوە لەبەرچاودایە. بۆیە دەکرێ بنوسین پرۆژەی (وشەو ڕەنگ) وەکو یادەوەری ئەو شتانەمان بیر دەخاتەوە که نەیتوانیوە بیڵێت.

٢

(مالارمێ) دەرکەوتنی سەردەمێکی تازە بوو بۆ شیعری فیزوێلی. تاوەکو ساتی مالارمێ شیعری فیگوری (فۆرمێکی داخراو)بوو بەڵام لەمەوە بۆ یەکەمین جار (فۆرمێکی کراوەیی) بۆ خوڵقا.شیعری فیگوری‌و فیزوێلی (بینراویی) دابەش کردنی پیت‌و ووشەکانە لە فۆرمات‌و پێوانەی نووسینی جیاواز جیاوازداو لەسەر پانتایی سەربەستی کاغەزی سپیدا.

لێرەدا ووشە پابەست نیە بە ڕوخسارێکەوە بەڵکو بەوپەڕی سەربەستییەوە لە پانتاییدا بەرجەستە دەبێ. فۆرم لاسایی ئۆبجێکتێك ناکاتەوە؛ بەمەش یەکەم شیعری فیزوێلی ئەبستراکتی سەری هەڵدا. کە (مالارمێ) تێکست وەکو داهێنانێکی سەربەخۆ مامەڵە دەکات ئەوکاتە شیعر گەڵ خاڵی پێکداچوویی شیعری فیزوێلی لەخۆ دەگرێ.

هەروەك چۆن (هرابانۆس) شیعری خاچیی وەکو لقێکی تێکڕای مانایی جیهانی مەسیحی پێشکەش دەکات، ئاواش لە شیعری فیزوێلی مالارمێدا پرۆسیسی دونیا خۆی تاودەداتەوە. هەروەها چۆن لەسەدەی حەڤدەیەمدا (لیریکی باروك)شیعری فیگوری وەکو (ئاوێنە) بیناسازی دەکات‌و دەبێتە





ناوەندێك لەنێوان مرۆڤ‌و خوادا؛ ئاواش مالارمێ‌و فیگوریيەت‌و فیزۆلییەتی شیعرەکانی یەك جار خستنە کارە وەکو ئاوێنەی هەموو جیهان.لەلایەکی تریشەوە (پرۆژەی کتێب) کاریگەری بۆسەر هونەری شیعرلە شیعر کەمتر نەبوو.(کتێب ئامرازێکی روحییە)؛ ئەمە چەمکی کتێبە لە بیرکردنەوەی مالارمێدا.

(هەموو شتێ کەلە جیهان دا بوونی هەیە، بۆ ئەوەیە کەلە کتێب دا کۆتاییان پێ بێت).


ئەمە مانای وایە ئەدەب وەزیفەو خستنەکارێکی پیرۆزە بۆ پاشکۆیی کردنی نووسینی پیرۆز کە سەرەتای خەلیقەت وەسف دەکاو کۆتایی دونیاش پێش بینی دەکات. (نووسینی پیرۆز پێویستە لەبواری کتێبەکانی ترەوە تەواو بکرێ‌و هەموو بوون بگرێتە خۆی) .... (لە پەیوەندی نێوان تێکڕای شتەکاندا پێویستە کتێب هاڕمۆنی‌و خۆش نوودی بێت).مالارمێ بەمانە دەگاتە داهێنانی شیعری ئیکۆنی.

هەڵبەتە ئەم ئامازانەی سەرەوە دەمانگەیەنێتە ئامانجێك. بۆیە لێرەوە دەگەڕێینەوە سەر ئەزموونی (وشەو ڕەنگ) و دەبینین تیایدا. نووسینی پیرۆز، شیعری فیزۆلی‌و فیگوری، شیعر لە پانتاییە سەربەستەکاندا دەگۆڕێ بۆ خستنەکاری (شیعری هەڵواسراو)و بە (نووسینی هەڵواسراو) کۆتایی پێدێت.


من لێرەدا ئەزموونی نووسین لەم دەرکەوتنانەدا بە (هەڵواسراو) دەناسێنم.وەك ئەوەی نوسەران گەرەکیان بێ پێمان بڵێن هەموو شتێ کەلە کتێبەکانماندا بوونی هەیە، بۆ ئەوەیە کەلە تابلۆدا هەڵواسرێن.بەمەش (ڕووبەری تابلۆ) لای نووسەران دەبێتە ناوەندێك لە نێوان لێرەدا (چەمکی هەڵواسین) جێگای (چەمکی کتێب) دەگرێتەوە. نووسەران (کتێب) وەکو (مالارمێ)بەشوێنی تەواوکردنی نووسینی پیرۆز نازانن؛ بەڵکو بەو شوێنەی کە پێویستە تیایدا یادوەرییە پیرۆزەکانی خۆیان تەواو بکرێ‌و (تابلۆ)ش پاشکۆیی یادوەرییەکان بێ‌و وشەکان لە خۆیدا هەڵواسێ.


ئەوساتەی کە ڕستەو ووشە پیرۆز دەبێ ئەوا (نووسەر) شوێنەوارێك هەڵدەکۆڵێ بۆ پاراستنی یادوەرییەکانی. گەر پرۆسەی (نووسین) لەخۆیدا کردەی هەڵکۆڵینی شوێنەواری یادوەری بێ لەسەر ڕووبەرە سپییەکان؛ ئەوا دەشێ (نووسەر) شوێنەکانی تریش بۆ خستنەکاری یادوەری نووسین تەرخان بکات.

لەسەرجەمی پرۆژەی (وشەو ڕەنگ) دا نووسەرێك نابینین بە (تاکە ووشە) (تاکە پیت) لەسەر تابلۆیەك کاری کردبێ.یان هەوڵی ئەوەی دابێ وشەیەك لەنوسینێکیەوە یان ناونیشانی نووسینو قەسیدەیەکی لەبری (کۆپلە)و (پەڕەگراف) بهاویژێتە سەر ڕووی تابلۆ.









بەمەش پیرۆزگەرایی بەجۆریکی دی بۆنیو پانتاییەکانی تابلۆ دەگویزیتەوەو لە کۆنتیکستی (سیاق) جیاواز تردا نووسینی پیرۆز لە شیوەی نووسینی هەلواسراودا هەلدەستیتەوە .لەلایەکەوە هیچ کامیك لە نووسینی دەقەکان نەبوونەتە (تیکستوری گرافیکی)؛ ئەمەش حەزی نووسەرە بۆ بانگهیشت کردنی (خوینەران)و پیمان دەلی : بخوینەوە .لەلایەکی تریشەوە لەم ئەزموونەدا پیتی تەنیا، ووشەی تەنیا، پیتو ووشەی تەنیای شاراوە، پیتو وشەی تەنیا تەنیای بەکارهاتووی ئاشکرا، بەکار نەهاتوون. هەندی جاریش وشەکان ئەمەندە زۆرن کە ناکری نەخوینرینەوە، ئەمەش حەزی نووسەرە بۆ خستنەکاری رستەیی دەقەکانی. بۆیە وشەو فۆرمەکان دەبنە شتیکو لەوە دەردەچن کە تەنیا رەگەزیکی وینەیی بن.

٣

بۆچی پیت‌و وشەکان لەسەر ڕووبەری وێنە مانایەك لەخۆ دەگرن‌و ئیدی وەکو فۆرمێکی گرافیکی نابینرێن؟

نووسین ئامادەگی پیتەکان ناشارێتەوە چونکە سیستەمی سیمبۆلی نووسراوە لە ڕێگەی یان بەهۆی تێکەڵ بوونێکی وردەوە لەتەك جۆری سیمبۆل‌و فۆرمی تابلۆدا دانەتاشراوە. لەم پێکهاتە وێنەیی / زمانییەدا سنووری نێوان ناوەندە وێنەیی‌و نووسراوەکان ئاشکرایەلە زۆربەی پێکهاتەکاندا وا دەردەکەوێت کە نووسەران نەیانەوێ جیاوازی نێوان پیتە جیاجیاکان‌و نێوان پیتەکان‌و سمبۆلەکانی تری وەکو (نیشانەی وێنەیی)و ڕەگەزە وێنەییەکان بکوژێنن‌ەوە. بە پێچەوانەی ئەوەی کەلای هونەرمەندێك ڕووئەدات کاتێ خۆی پیت‌و ووشەکان دادەنێت.لای نووسەران هەردوو سنووری کە بەئاشکرا لەیەکدی جیا دەکرێنەوە، بەمەش سیستەمێکی تەواوی سیمانتیکی لەلای هەریەکێکەوە کۆنترۆڵ دەکرێ‌و (تابلۆ) دەبێتە (ئامرازێك) بۆ خوڵقاندنی کۆمۆنیکاتسیۆنی زمانی / ووشەیی.

ئەمەش وای کردووە کە پیت‌و وشەکان وەکو ناونیشان‌و ڕوونکردنەوە لەلایەن چاودێرانەوە بۆ ڕاڤە کردنەوەی نوومایشتەکە بەکار بهێنرێتەوە.

واتە لەسەرجەمی تابلۆکاندا (زمان / ووشە) دەبێتە ناوەندی کۆمۆنیکاتسیۆنی‌و بەهۆی زمانیشەوە ڕوو ئەدات.زۆربەی تێکستەکان ئەگەر نەڵێین هەر هەموویان تێکستی ئەنجامدراون‌و بۆ کارەکان هەڵبژێردراون، (واتە ئەو تێکستانەی کە لەوەو پێش نووسراون) لەگەڵ ئەمەشدا بوونی تێکستەکان لەسەر ڕووبەری وێنە؛ نوومایشتەکە ڕوون دەکەنەوە.

ئەوساتەی ئەم ڕووبەرە وێنەییە دەچێتە بەردەمی نووسەر ئەوا شکڵێکی دیار، زەق، پێکهاتوو دێتە پێش چاوی. ئەو ڕووبەرە سپیانەی دەوروبەری فۆرمەکان لە پێکهاتە هونەرییەکەدا، ئەمەندەی تایبەتە بە پرۆسیسە هونەرییەکە ئەمەندە مەرجییەت نییە بۆ شوێنی بەئاکامهێنانی نووسینەکان. کەچی دەبینین ئەو ڕوبەرانەی دەکەونە شوێنی تر چاپکراوی نوسین لەبەرچاو گیراون سەرەڕای ئەوەش هەندێ لە نووسەران وشەو ڕستەکان بەشێوەی جیاواز جیاواز لەگەڵ فۆرمەکان تێکەڵ دەکەن، بەڵام هێشتاوەکو لەنێو نووسینی هەڵواسراودان. بەگشتی دووجۆر لە نووسەران دەبینین : ئەو نووسەرانەی کە دەیانەوێ وەکو نووسین بخوێنرێنەوە. ئەو نووسەرانەشی کە گەرەکیانە لەنێو پێکهاتەی تابلۆدا جۆرێك لە ئاهەنگسازی بخوڵقێنن.

نووسینی یەکەم جولەیەکی چاپکراوییە، زمانێکی هەڵواسراوە؛ ئەوەی لە سەدەکانی پێشوودا بە (خەتی جوان) ناوبراوەو ئەوەشی لە کوردستان بە (پۆستەر) ناو دەبرێ. من ناوی دەنێم (نووسینی ڕەق). کەواتە نووسینی ڕەق بریتییە لە(زمانە هەڵواسراوەکان). ئەو نووسەرانەشی لەتەك تابلۆکاندا ئاهەنگسازن ئاراستەیەکی تر دەگرن‌و بەشداری لە ڕیتوالیزمی تابلۆدا دەکەن. من ئەمەشیان ناو دەنێم (نووسینی شل).


لێرەشدا (نووسینی شل) بریتییە لە (زمانە ڕژاوەکان). لەمەی دواییاندا سنووری نێوان نووسین‌و فۆرم زیاتر چڕەو دیاری نەکراوە. باشترین نموونە بۆ ئەمەیان نووسینی نووسەری چینی (لینگ فێ‌و وانگ سینگ) کە سەرنجم زۆر ڕادەکێشێ، چونکە هیچ نووسەرێ لەم پرۆژەیەدا جگەلە (وانگ سینگ) نەیتوانیوە نووسین هەڵوەشێنێتەوە. هەڵوەشانەوە لە ماناکەی (پارت)دا واتە نەناسراوی بکەی.


٤

بۆچی گەڕانەوە بۆ وشە؟ ئایا لای (ڕێبوار سەعید) ڕەنگ‌و پێکهاتە فیزیاییەکان بەتەنیا توانستی ئەوەیان نەماوە کە دەربڕین بەرەو ئاستی تەواو بەرن؛ یان ڕێبوار گەرەکیەتی (وشەو ڕەنگ) ئاشت بکاتەوە لە ساتێکدا کە پانتایی شێوەکاری واتە تێپەراندنی پانتاییە لینگویستییەکان؟

(بنووسە؛ چۆنت دەوێ بنووسە). ئەمە بانگداشەی ڕێبوارە بۆ نووسەرەکان؛ ئەمە حەزێکە بۆ نووسینە هەڵواسراوەکان. لەلایەکی دییەوە دەنووسێ؛ (لە ساتی نووسینو هەڵەکردن‌و کۆژانەوەو ڕەش کردنەوەدا گوێ مەدەرە پیس بوونی ڕووبەری تابلۆکە). ئەمەش حەزێکی تڕە بۆ خوڵقاندنی تیکستۆری گرافیکی، حەزێکە بۆ (نووسینە ڕژاوەکان).

دەکرێ ئەمە بەتەنیا بەس بێت بۆ حەزی هونەرمەند کە گەرەکی بێت پرۆسەی (خوێنەر / بینەر) پێکەوە بهێڵێتەوە؟ تا ئێرە هیچ وەڵامێك ڕازیم ناکات تاوەکو جارێکی دی نەگەڕێینەوە نێو پێکهاتەی تابلۆ.





من هەمیشە لە تێڕامانی کاری هونەری داهێنەرانەدا چاکترین ڕێگە بۆ نزیکبوونەوە لە دونیای پێکهاتەکان وادەبینم؛ کە پڕۆسەی (مەبەستگەرایی) کارە هونەرییەکە ببزوێنم بۆ گەیشتن بەو (ووزە سیمۆنتیکی)یەی کەلە خۆیدا هەڵی دەگرێ. چونکە هەڵبژاردنی ئاستە (سینتاکتییەکان ــ فۆڕم و دەرکەوتەکان) لە ئاگاییەوە بە ئەنجام دەگات؛ یان (عەفەوییەتێك) کە دیسانەوە دەرەنجامی مەعریفەی خولقاندنە.

بە (پرسیاری قەبارە) دەست پێ دەکەین؛ پرسیار لە قەبارە پرسیارێکی ئاسایی نیە. قەبارە بەشێکە لە ئاستی سینتاکتیکی، بۆچی قەبارەی بچووك؟ بۆچی (ڕێبوار سەعید) ڕووبەری بچووکی بۆ پێکهاتەکانی هەڵبژاردووە؟ بە بڕوای من سروشتی قەبارەی تابلۆکان والەبینەران دەکات لە ئاستی بینینی تابلۆدا ماوەی نێوان (چاو)و (ڕووبەرەکە) کەم کاتەوە بەهەمان شێوەی خوێنەرێك کە ماوەی نیوان (چاو)و (ڕووبەری کتێبێك)، (لاپەڕەیەکی نووسراو) کەم دەکاتەوە. لە پرسیاری قەبارەوە ئەو گومانەشمان لەلانامێنێ کە هونەرمەند دەیەوێ پرۆسێستی (خوێنەر / بینەر) بپارێزێت.

٥

پڕۆژەی نووسین لە دونیای هونەریی (ڕێبوار سەعید)دا پڕۆسەیەکە دەچێتە نێوڕێپورتواری هونەرییەوە. بەچاکی دەزانم لەم دەرفەتەدا بڕێك دەربارەی کارە تایبەتیەکانی (ڕێبوار) بدوێم کە تیایاندا خۆی وەکو هونەرمەندێك لەسەر ڕووبەری تابلۆکانی دەنووسێ.

ڕێبوار سەعید کە خۆی دەنوسێ لەوەدەچێ بە پەنجەکانی نووسرابن. ئامادەگی پیتەکان بەجۆرێك دەشارێتەوە کە هەردوو سیستەمەکەلەڕێگەی تێکەڵ بوونێکی وورد وەوە پێك بێن. سنووری نێوان ناوەندە وێنەیی و نووسراوەکان ئیتر ئاشکرا نییە. فۆڕم لەهەمان کاتدا پیتەو هێڵەکانیش لە هەمان کاتدا نووسینن.

گەر لە کارەکانی وورد بینەوە دەبینین سنوری نێوان فۆڕم و پیت تێپەڕێنراوە، فۆڕمەکان لە هەمان شێوەی هێڵی پیتەکان پێك هاتووە. بەشێکیان دەشێ وەکو پیت ببینرێن. لەلایەکی تریشەوە پیتەکان واوێنە کراون کە دەکرێ نەك تەنیا وەکو پیت؛ بەڵکو وەکو ڕەگەزی وێنەیی یان فۆڕمی فیگوری سەیر بکرێن. ئەو ماتریالەی کە پیتەکانی پێ دەنووسێ، هەمان ماتریالە کەلە پێکهاتەکەدا بەکار دەهێنرێتەوە.

ڕێبوار سەعید کەخۆی دەنوسێ:

ــ ووشەکان لە نووسینی ڕەق دا ئاڕاستە ناکات. ئەمەش بەهۆی بەستنەوەی پیتەکان بە هێڵە ڕەنگییەکانەوە، ئەمەش جۆرێکە لە شاردنەوەی ووشە.

ــ هەر لە بواری تۆنە ڕەنگییەکانەوە پیتە تاکەکانو وشەکانیش دەڕوشێنرێن، وایان لێ دەکات کەلە هێڵ بچن.

ــ پیتەکانو فۆڕمەکان لە یەکدی دەکەنو جیا ناکرێنەوە.

• ئەم بابەتەمان درەنگ پێگەیشت، بەڵام بەباشمان زانی لەدۆسیەی دەقی بەرجەستەکراودا بڵاوی بکەینەوە چونکە تاڕادەیەك پەیوەندی بەپەیوەندی وشەو زمانو ڕەنگەوە هەیە، ئەگەرچی نوسینێکی شێوەکارییانەیە.

گەلاوێژی نوێ

فەلسەفەو دنیای سەردەم

نووسینی: هارۆلد - هـ- تایتوس
و: محمد رشید فتاح

باری گرانی ئەم سەردەمە جە نجاڵە

هێندێك لە خاوەن فیكرو پسپۆران لەوە ئاگادارمان دەكەنەوە، كە كۆمەڵگاكەمان لە قۆناغی لێك ترازانو رۆچووندایە، ئێستەش كاتی ئەوە هاتووە كە بلیمەتو ناودارانی بایەخ بە ململانێو هەڵچوونو داچوونو شەڕو شۆڕی ئەم سەردەمە بدەن.

هەروەها ئەو كتێبانەش كە لەم دواییەدا دەربارەی فەلسەفەی مێژوو شارستانیەت بەشێوەیەكی خێرا هاتوونەتە بەردەست، لەو رووەوە لەسەر ئەوە یەكدەگرنەوە. سەرباری ئەوەش كە شارستانیەتەكەمان لە هێندێ لایەنەوە پێشكەوتنی بەخۆیەوە دیتووە، بەتایبەتی لە كەلتووری ماتەریدا، كەچی رەتكردنەوەیەكی فراوانو تێشكان بە ئاشكرا دەردەكەون.

لە كاتێكدا زۆربەی نووسەران لەسەر یەك هەڵوێستی ناكۆكن، كەچی زۆربەشیان لەو باوەڕەدان كە ژیانەوە كارێكی شیاوو گونجاوە، لەبەرئەوەی لەتوانادا هەیە، لایەنە دژوارەكان لەبەرچاو بگیرێو، لە هەمان كاتیشدا كۆنترۆڵ بكرێت، گەر ئەو كەسانە توانای خۆڕاگریو لێهاتوویان هەبێت.

پێدەچێ شیكردنەوەو تێگەیشتنی بەسەرچوو بنیات نەر نەبێ، بەوەی هێندێك بەیدەست بن لە دۆزینەوەی بنەماكانی سەقام گیربوونو بژێوی نوێ. یا هێندێ لەو قسانەی كە پەیوەندییان بەئاڵۆزی سەردەمەوە هەیە بخەینە پێش چاو. پرۆفیسۆر (رای . جی. كونكلی) كە زانایەكی زیندەوەرزانیە دەڵێ: ((مرۆڤی ئەمڕۆ لە نێوەندی مەترسیدارترین تەنگژەی مێژووی درێژخایەنی خۆیدایە)).

هەروەها دكتۆر (اف.اس.سی) نورثروبا _ ئاماژە بۆ ئەوە دەكات. كە ململانێی ئایدیۆلۆژی لە گشت لایەكدا هەیە. دیسان لەسەری دەڕواو دەڵێ (دنیاكەمان دنیایەكی ناكۆكە). ئەو دەستكەوتانەی كە ناوبانگی پێپەیدا كردووە، هەر ئەوانەش هەڕەشەی لەنێوچوونی لێدەكەن.

واپێدەچێ ئێمە هەرچەندە بەرەوپێش بچین لەبواری شارستانیەتەوە، وامان لێهاتووە كە لە ئاستی پاراستنی ئەم شارستانیەتەدا بێ دەسەڵات بین.

(لویس ممفورد) یش دەربارەی لەنێوچوونی ئەم شارستانیەتە دەڵێ: ((لەنێوچوونی بەهاو پەرشو بڵاوی ئامانجەكانی مرۆڤو، خۆهەڵبواردن لە جیاكردنەوەی چاكەو خراپەو، راستو ناراست، گەڕانەوەیە بۆ قۆناغەكانی سەرەتای مرۆڤایەتی)).

زانایەكی دەروونناسی لەتەك زانایانی دەروونناسی كۆمەڵایەتیتردا، لەگەڵ لەوڵاتانی دنیادا

بەمەبەستی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بنەماکانی ململانێو ئاڵۆزی ئەم سەردەمەی کە سەرتاپای دنیای گرتۆتەوە. دەڵێ:

((ئەو حەقیقەتە تاریکەی پێش دەمی کاروانی مێژووی دنیا، وای دەردەخات کە ئێمە سەرتاپا بەرەو لەنێوچوون مل دەنێین. هەر لەوباوەڕەشدایە کە ناپاکی رەوشتی، کەسایەتیو، سیاسەتو، کۆمەڵایەتیشی گرتۆتەوە.

سیاسەتمەدارێکیش دەڵێ:

((نەخۆشی جیهانی سەردەم، نەخۆشی ئاڵۆزی رەوشتو، ئاژاوەی فیکرو، خەمۆکی گیانیە)).

ئێمە هەوڵی چارەسەرکردنی بواری سیاسیو ئابووری لە هەموو رووبەکەوە دەدەین، بەڵام نازانین کە دنیا بەدەست تەنگژەی گیانی نێوەوەی مرۆڤ خۆیەوە دەنااڵێنێ.

رەوتی کاروانی رووداوەکانی ئەم سەردەمە بە ئاشکرا وایکردووە کە شتێکی هەڵەو نادروست پەیوەست بە مرۆڤایەتی لە ئارادایە، مرۆڤ هێزێکی گەورەی لە بوارەکانی زانستو تەکنەلۆژیادا بەدەست هێناوە، کەچی ئەم هێزە زۆرجار بۆ مەبەستی لەنێوچوون بەکار هاتووە.

رادەی چەندێتی مەعریفی مرۆڤ بەشێوەیەکی فراوان بووە، بەڵام لە بەکارهێنانیدا بۆ بەختیاریو خۆشی ژیانی زۆرکەم بەرەوپێش چووە. هەر بۆ ئەم مەبەستە چەندین رێکخراوو پلانی جۆربەجۆری داهێناوە، تا ئاسایشو خۆش گوزەرانی دابین بکرێت.

روناکبیری بەشێوەیەکی بنەڕەتی برێتیە لە کۆمەڵێ فیکرو بەهای وا کە مرۆڤ لە نێویدا دەژی، ئەم بەهاو فیکرەش لە بنەماکانی ژیانو دامەزراوەکانیدا بەرجەستە دەبێتو، واتاو یەکبوونی ژیانیش دەبەخشێ. ئەو دەمەش کە لەبەرچاو ون دەبێتو، وەکو هاندەریش دەوری خۆی لەدەست دەدا.. ئەوا شارستانیەت بەرەو داڕمان دەچێت.

شارستانێتی چاخەکانی ناوەڕاست بایەخی بە دڵسۆزیو نیزامی میتافیزیکی دەدا، هەروەک لە کڵێسەو کاتدرائیەکانو شوێنە ئاینیەکانی تردا بەرچاو دەکەوێ. بەڵام کۆمەڵگەی سەرمایەداری هاوچەرخ لە بازرگانیو دەسکەوتی زۆردا، لە کارگەکان بانقەکانو گواستنەوەی خێرادا خۆی دەنوێنێ.

شارستانێتی رۆژئاوا کە لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە بەدەستەڵاتو باوەڕبوونی تەواو بۆ خۆیەوە سەری هەڵدا.. کەچی لەسەربنەمایەکی جێگیر خۆی رانەگرت. بۆیە هەر لێرەشەوە دەڵێین..

شەڕی دووەمی جیهانی، شەڕی فیکرو، پیاوانو مادده بووە، ناکۆکیەکیش بوو لە نێوانی دوو فەلسفەی وادا مەحاڵە پێکەوە بگونجێن. ئەو دوو فەسەفەیەش بانگەشەی مل کەچ بوونی پیاوانو جیاوازی ژیانیان لە ولاتە دیموکراتیو فاشیەکاندا دەکرد. ئەو جیاوازیانەش جیاوازی تەکنەلۆژیاو زانستو بگرە فێرکردنی گشتی نەبوو، بەڵکو جیاوازی فیکرو بەهاو شەڕی سارد بوو، تا چەند ساڵێکیش ناکۆکیەکی بێ هاوتا بوو لەنێو فەلسەفەکانی ژیاندا.

گرنگ ئەوەیە کە باوەڕمان پێیەتی:

هێندێ جار دەگوترێ باوەڕی کەسێك گرنگ نیە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە هەڵە نەکات. لە نێو خەڵکانێکی زۆردا واباوە کە پێ لەسەر کارکردنو شتەکانی دی زێتر لەبیر بۆچوون دادەگرن. بەڵام فیکر بنەمای کارکردنە. کەسێك ئارەزووی ئەنجامدانی کارێکی نابێت گەر بڕوای پێێ نەبێ.

دەرکەوتنی ئەو مەترسیانەش کە بە راستی رووبەڕوویان دەبینەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەڵکانێك باوەڕی پتەوو قوواڵیان نیەو، هێندێ کەسیش بەشێوەیەکی تریندتۆڵ باوەڕیان بە بیروڕای ساختەو رووخێنەر هەیە.

کەواتە بۆچی دیکتاتۆریەتەکانی دنیای تازە لە پێناوی کۆنترۆڵ کردنی فیکری ئادەمیزادی ئاسایدا توندوتیژی دەنوێنن،

• دەشێ مرۆ وای بۆ بچێ، لەبەرئەوەی میسالیاتو، پرۆگرامی دیموکراتی ئاوەژووبوونەتەوە، و دەسەڵات لەسەرکردە گەورەکانەوە هاتۆتە خوارەوە، ئەوا دەبێ چاو بپۆشین لەوەی کە گەل باوەڕی پێیەتی.

رۆژنامەو، کتێبو، قەڵەمو ئیستگەو شانۆکان، لەپێناوی چەسپاندنی فیکرێکی دیایکراو هاتوونەتە گۆڕێو، بۆ پووچەڵ کردنەوەی فیکرێکی دیش لەکاردان.

هەریەك لەچاکەی پرۆپاگەندەو، خراپەکانی سانسۆرو، داپلۆسینو سەرکوت کردن، بۆ مەبەستی ئەوە بەکار دەهێنرێن، کە خەڵکی بەپێی ویستی سەرکردەکانیان ببر بکەنەوە، سەرکردەکان چاك لەوە گەیشتوون کە سەپاندنی دەسەڵات بەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤدا، واتای دەستەڵات گرتنە بەسەر کارو کردەوەکانیشیاندا، ئەوەش دەبێتە نموونەی راپۆرتی کارو کردەوەی کۆمەڵگا، یاخود میللەتێك.

بیروبۆچوون بە کردار ئارەزووی خۆ دەرخستن دەکات، لە ناخماندا بۆ چوونێکی قوواڵ رەگی داکوتاوە، بۆ سەلماندنی بوونی خۆمان، ئەوی راستی

بێ بیرو بۆچوون لەنێو کۆمەڵگەی ئادەمیزاددا لە هەموو شتێکی دی زیندووترە، هێزێکی پاکتاوکردنیشی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەیە.

نوسەرێك دەڵێ:

توانای باوەڕهێنان، توانایەکی بنەڕەتی و پڕبایەخە، گرنگترین شتیش ئەوەیە کەوا مرۆڤ باوەڕی بەوەیە کەوا لە قوواڵایی ناخیایەتی. ئەویش ئەوەیە کە ژیانی مەیسەر دەکات و، دەشی ژینی و، تواناو هێزی بەرگریشی تێدا دروست دەکات، تا لە هەموو رووبەکەوە بپپارێزێ.

واز بێنە با بێلایەنی و. ئاڵۆزی و، کەمتەرخەمی و، گومان، بچنە ناخی ناخەوە، دوای ئەوە دەبینی سەرچاوەکانی ژیان وشک دەکەن. ئەو دەمەش خەڵکی لەکارکردن دەکەون و، دووچاری سەرلێشێوان دەبن و، مل کەچوو دڵ ڕەقیش دەبن، گومانیش لەسروشتی ئادەمیزاد پەیدا دەکەن و، تەنیایی و بێکاری دەبێتە هاوەڵیان و، بەرەو دنیای خۆکوشتن و، تاوان کردن و، خەیاڵ پاڵاوی دەبنەوە.

ئەو فەلسەفەیە چیە کە باوەڕمان پێیەتی؟

گەڵێ جار دەگوترێ فەلسەفەی تاکە کەسێك دەرەنجامی بیروباوەڕو بۆچوونێتی، بەم پێیە هەر کەسە لەئێمە خاوەنی فەلسەفەی تایبەتی خۆیەتی، گەر خۆشی هەستی پێنەکات، بە واتایەکی دی بڵێین: هەر کەسەو بیروباوەڕی پەیوەستە بە شتە ماتەریەکان و، ئادەمیزادو، مانای ژیان و سروشت و، خواو مردن و، راست و ناراست و، جوانی و، دڵڕفێنی لەتەك خۆیدا هەڵگرتووە.

دەشێ ئەم بیروباوەڕە نیوەحاڵی بوونی پێوە دیار بێ، یاخود شاراوەو، هاکەزایی و ناڕێك و پێك بێت.

سالانی سەرەتای ژیانمان بێدەنگ بەردەوام لەکارداین بۆوەدەست هێنانی بیروباوەڕ، دەشێ لە بۆچوون و سەرنجدانی نێو خێزان و، هاوەڵەکانمان و، کەسانی نێو کۆمەڵەوە. بێئاگا یاخود بە ئاگا شت وەرگرین. هەروەها دەشێ لەنێوەندی سوڵتەی دابوونەریتەوە دەستگیرمان بێت، هەروەك لە ماڵەوە و، کڵێسە و، قوتابخانەوە دەستمان دەکەوێت.

دیسان دەشێ لە ئەنجامی بیرکردنەوە و، لاسایی کردنەوە و، تێشکانی سۆزەوە دەستگیرمان بێت.

ئیمڕۆ زۆربەی خەڵکی لەسەر بنەمای فەلسەفە دەژین، بەرلەوەی بەخۆشیان بزانن کە خاوەنی چ جۆرە فەلسەفەیەکن! پێدەچێ ئەو توانایەشیان نەبێت کە بە ئاشکرا گوزارشت لەو فەلسەفەیە بکەن. دەبێ سالانێ گەنجێتی ئەو سەربەستی و ئارەزووەمان پێبەخشێ کە خۆمان بیر لە شتەکان بکەینەوە، ئەویش دەبێتە ئەو قۆناغی سەرەتاییەی کە دووبارە بیروباوەڕەمان بەشێوەیەکی ئاسایی دادەڕێژێتەوە،

لەم قۆناغەی ژیاندا، بگرە دوای ئەوەش پێویستە هەوڵی ئەوە بدەین کە بیروباوەڕمان دیارو داڕێژراو و مەعقول بێت، بە ڕەخساندنی هەلو مەرجی لەبارو، ڕێنمایی کردن و، ئارەزووی بیرکردنەوە لە شتەکان، دەشێ بگەینە ئاستی کامڵ بوون و پێگەیشتن.

بە واتایەکی سادەو ساکار ئەم وتانەی خوارەوە گوزارشت لە فەلسەفە جۆراوجۆرەکانی ژیان دەکەن.

(ئەمە دنیایەکی نەگبەتەو، ژیانی تیا ناگوزەرێ).

(من گوێ نادەمە فەلسەفەو، باوەڕیش بە بوونی شتەکان ناکەمو، خەمیشیان بۆ ناخۆم).

(من باوەڕم بە چاکەی ئەو کەسانە نیە کە هەڵسوکەوتیان لەتەکدا دەکەم).

(من ئێستە بەهۆی ناسینی خۆمەوە باش دەژیم، بەڵام ئامادەم گەر پێویستی کرد ئەم بیروبۆچوونە بگۆڕم).

(هەسەلەی گەورەیی هەر یەکێکمان ئەوەنیە کە خاوەنی فەلسەفەیەکین، یا نا.. بەڵکو ئەوەیە خاوەنی فەلەسەفەین یا نا؟).

(جون کاوبرێویس) لە کتێبەکەیدا (واتای رووناکبیری) دەڵێ:

(گەر کەسێکی رووناکبیر بیت، ئەوا کەسێکی خاوەن فەلسەفەیەکی تازەیت).

ئەم پێناسانە یەخەی تۆ دەگرنەوە یا نا؟.

گەر ئێمە پێڵەسەر ڕەسەنایەتی دابگرین، ئەوا زۆربەی زۆرمان ناگرێتەوە، پێویست بەوە ناکات تەنیا بیروباوەڕمان ڕەسەن بێت. بەو واتایەی بیروباوەڕێکی تایبەت بە خۆمان بێ و، گوزارشت لە قەناعەتی نێوەوەی خۆمان بکات. بەڵکو پێویستە پەیوەست بێ بە باشترین ئەزموونی ڕەگەزی مرۆڤایەتیەوە.

دیسان دەبێ فیکری چاك و بەڵگەی زیندووبێ، لەتەك ئەوانەشدا مەعریفەی فەلسەفی و زانستی و هونەری و ئایینیش بێت.

فەلسەفەی خۆمان هۆکارێکی واقعیە لە ژیان و هەڵسوکەوتماندا.

خوالێخۆش بوو (جیسترتون) گوتوویەتی: ((پێویستە لەسەر ئەو ژنە خاوەن ئوتێلەی کە ژوورەکان دەداتە میوانەکانی، بەر لەزانینی ئەو بڕە پارەیەی کە لە بانقەکاندا بەنێوی خۆیانەوە هەیانە، فەلسەفەی ژیانیان بزانێت).

جیاوازی نێوانی خەڵکی بەشێوەیەکی ئاشکرا فەلسەفەیە، ئەویش بریتیە لە بیروباوەڕو، هەڵسوکەوت و شتی تریان.

فەلسەفە چیيە؟

پێناسەی وشەی فەلەسەفە بەشێوەیەکی گونجاو، لە وشەیەکی یۆنانیيەوە وەرگیراوەو، واتەی (حب الحكمة) دەگەیەنێت. پێناسەکردنو تێگەیشتنی فەلسەفە هێندێ جار بەلای کەمەوە لە چوار لایەنەوە تێدەڕوانرێت، ئەو چوار لایەنەش ناکۆك نینو، تەواکەری یەکدیشن. بۆیە پێویستە لەسەرمان هەریەك لەم لایەنانە بخەینە پێش چاو، تاکو بە روونی لەواتەی فەلسەفە تێبگەین، ئەو چوار لایەنەش ئەمانەن:

١. فەلسەفەی هەڵوێست بەرانبەر بە ژیانو کەون.
٢. فەلسەفە بەرنامەیە.
٣. فەلسەفە کۆمەڵێ گرفتە.
٤. فەلسەفە کۆمەڵێ تیۆرو سستمی تێفکرینە.

هێندێ پێناسەی فەلسەفە:

چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ فەلسەفە هەن، هەروەك (دبلیورلیی موتاغیو) دەڵێ: فەلسەفە هەوڵدانێکە بۆ تێگەیشتنی عەقڵانی کەونو، جێگەی ئادەمیزاد تێیدا). (جی. ای. لاثیون) یش دەڵێ: فەلسەفەی تەواو بریتیيە لە تێڕوانینی گشتیو، تێگەیشتنی عەقڵانی کەونو سەراپای تێڕوانینی ژیانو، مەبدەئو واتاو مەبەستی ژیانی مرۆڤایەتی.

(ای. اس. امیس) فەلسەفە وا پێناسە دەکات: (هەوڵدانە بۆ وەدەست هێنانی تێڕوانینی گشتی ژیانو ماناکانی لەسەر بنەمای زانستە جۆراوجۆرەکان).

زۆربەی پێناسەی فەلسەفە لەسەر تێڕامان بناغە دادەکوتێ. لەوەش دڵنیامان دەکاتەوە کە ئامانج بە دەست هێنانی یەکبوونو تێڕوانینی ژیانە لە تاکە روانگەیەکەوە.

سەرەنجام دەتوانین بڵێین: فەلسەفە دراسەکردنی سروشتە بە گشت خەسڵەتەکانی عوزویو ناعوزیو، سستمی کۆمەڵایەتیو گیانیيەوە. فلەسەفە هەوڵ دەدات بۆ یەکبوونی ئامانجەکانی زانستە تاییبەتەکانو، بنەماکانی رەوشتو ئاینیش.

ئێمە کە فەلسەفە لەسەر فەلسەفە دەکەن بەشێوەیەکی گشتی، دەبێ کەسانێك هەبن بەشێوەیەکی چاك بیری ئەوەیان بێت، کە لە تاکە ئەزموونێکدا خاوەنی فەلسەفەیەك بن، ئەو فەلسەفەیەش هاوکارە لەتەك کۆمەڵێ لە سیستمی مەبدەئو گریمانە گشتییەکاندا، ئەو ئەزموونەش دەگرێتەخۆ.

بۆ نموونە فەلسەفەی زانستو، پەروەردەو، هونەرو، مۆسیقاو، یاساو، بیرکاریو، ئاین .. هەن، هەر بابەتێك بگری بەشێوەیەکی فراوان مەیلی بەلای فەلسەفەدا دەشکێتەوە.

فەلسەفەو بواره پەیوەندیدارەکانی:

خواستو بایەخو چالاکی ئادەمیزاد لە چوار لایەنەوە گوزارشتی لێ دەکرێت. ئەوانیش بوارەکانی (فەلسەفەو، زانستو، هونەرو ئاییینە) هەروەکو لەمەوبەر زانیمان فەلسەفە هەوڵدانێکە بۆ تێگەیشتنی دنیاو واتاو بەهای ئەویش. بواریشی بەرفراوانو گشتیيە. ئێمە زۆرجار ئەوەمان بەرگوێ دەکەوێت. بەتایبەتی دەربارەی پێگەیاندنی قوتابیان بۆ ژیان، وەڵ چۆن چۆنی ئەو کەسانە پێدەگەیەنین، بەر لەوەی پرسیار بکەینو، یاخود هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەوپرسیارانەش بدەین کە پەیوەندیيان بەجۆری کەونو ئەودنیایەوە هەیە کە تێیدا دەژین؟

کۆمەڵێ لەیەك چوون لەنێوانی فەلسەفەو زانستدا هەن، هەردووکیشیان لەسەرچاوەی رامانو لێکۆڵەرەوەو هەڵدەقوڵێن، دیسانەوە هەردووکیان ئاوێتەی خۆشەویستیەکی پاکو بێگەردی راستین، هەرچۆن بێت ئەوا زانست لە بوارە تاییبەتیەکاندا کار دەکات. مەبەستیشی وەسف کردنی دنیایە لە پێناوی لێکدانەوەو شیکرنەوەیدا. ئەویش لە رێگەی زاراوەی گونجاوو، کرداری حسابیو، کۆنترۆڵکردنی، بەشێوەیەکی میکانیکی بەپێی توانا.

کەواتە بۆچی پێویستمان بە فەلسەفە هەیە؟

با بەکورتی هێندێ لەو شتانە بخەینە روو، کە بە ئاشکرا ئادەمیزاد لە پێناوی ژیانی خۆیدا پێویستی بە فەلسەفە هەیە.

١- پێویستە هەموو کەسێك بڕیاردەربێتو، کاریش بەو بڕیارانە بکات. گەر ویستیشمان بڕیار بدەینو بەشێوەیەکی لەبارکاربکەین، ئەوا پێویستمان بە فلەسەفە هەیە. ژیان پاڵمان پێوە دەنێ کە پرسیار دەربارەی حەقیقەتو، درۆ دەلەسەو، جوانیو ناشیرینیو، هەڵەو راستی بکەین.

دەشێ فەلسەفە بنەمایەك بێت بۆ کاری کۆمەڵایەتیو، هەڵسوکەوتی خەڵکی، پێداگرتنێکی زۆریش هەیە لەسەر فەلسەفەی کۆمەڵایەتیو سیاسی. دەشێ لێکۆڵینەوەش لەم رووەوە یارمەتیدەرمان بێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گرفتی نوێی کۆمەڵایەتیو، تێگەیشتن لەلایەنە کۆمەڵایەتییەکان.

٢- هەڵسوکەوتمان تاییبەتە بە خۆمان، ئێمە سەربەرستین، کاتێکی پشت بەخۆ خواردنەوەو، مەبەستە تاییبەتیەکانمان دەبەستین.



ئەرستۆ

هەڵسوکەوتی مرۆ بەرێگەیەکی دیاریکراوو بەهۆکاری داب‌و نەریت‌و یاساوە ئەوە ناگەیەنێت کەوا کتومت سەربەستە.

لە (ئەرستۆ) یان پرسی: چی لە فەلسەفە دەستگیر بووە؟

ئەویش لە وەڵامدا گوتی: ئەرستۆش هەروەکو ئەو پیاوانەی کە لە ترسی یاسا کاردەکەن. ئەمیش بەهۆی فەلسەفەوە بە خواستی خۆی کاری کردووە.

مرۆی ئازاد مەبدەئو یاسای گونجاو بۆخۆی دادەڕێژێت. لە کۆمەڵگەی باشدا، بەشێوەیەکی نموونەیی هەموو کەسێك مل کەچی یاسایە. گەر دابونەریتێکو یاسایەکیشی بەدڵ نەبێ، ئەوا لەپێناوی کەسانی دیدا رەخنەی لێدەگرێت‌و، بەرەنگاری دەبێتەوە.

٣- فەلسەفە تاکە رێگەیە کە لێوردبوونەوەی لەسەر بنیات دەنرێ.

دەشێ فەلسەفە یارمەتیدەربێت بۆ بووژاندنەوەو رابوونمان لە ژیان‌و دنیاشداو واشمان لێبکات کە زیاتر تێگەیشتنمان هەبێت‌و، بواری رەخنەلێگرتن‌و زیرەکیشمان هەبێت.

لە بوارە تایبەتیەکانی مەعریفەدا کۆمەڵێکی دیاریکراوی راستی هەن. کاتێك هێندێ گیروگرفت‌و تەنگوچەڵەمە دەدرێتە قوتابیان بەمەبەستی راهێنان، تاکو بەشێوەیەکی خێرا بگەنەوە وەڵامی راست‌و دروست. لە فەلسەفەدا تێڕوانینی جیاواز هەیە.. کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێ، هێندێ گرفتیش هەن کە چارەسەریان بۆ نەدۆزراوەتەوە، ئەویش لە ژیاندا گرنگن.

٤- دەشێ فەلسەفە هاندەرمان بێت بۆ رواندنی ئاستی هەڵسەنگاندن‌و پێکەو گونجان تێماندا. ئەو شتانەی کە لە ژیاندا بڕیایەخن، ئەوانەن کە توانای پەل هاویشتنیان لە بواری نموونەیدا هەیە.

ئەو ئاستە بەرفراوانەی بایەخدان‌و بەشتەپیرۆزەکانیش مەرجی سەرەکی ژیانن.

ئێمە پێویستمان بەوەیە بگەینە ئەو گەورەوناودارانەی کە خاوەنی بیرو ئەندێشەی قوڵ بوون‌و، توانیویانە ئاسۆیەکی تازەمان لە بواری تێفکرین‌و هەستدا بۆ والاکەن.

هەرچی بکەین، ئەوا پێویستە بایەخ بە پێشکەوتنی نێوەوەی خۆمان بدەین. ئەو ئاستە فراوانەشی لە هەڵسەنگاندن‌و پێکەوە گونجاندا لەهونەرو ئەدەب‌و سروشت‌و فیکری بەرزدا، ژیانێکی خۆش‌و بەتام‌و بەختیاریمان دەست دەخات.

٥- ئێمە لەسەردەمی گومان‌و گۆڕانکاریدا دەژین، لەسەردەمێکدا کە زۆر لە بیروبۆچوونی کۆن بەکەڵکمان نایەت.

لەم هەلومەرجەدا پێویستمان بە پێوانەکردنی بەهاو هەستەکان هەیە. لە رووی رێڕەوو دابین کردنەوە، هەروەك چۆن هەست بە ناڕەحەتی مەعنەویش لەکاتی رووبەڕووبوونەوەی زوڵم‌و زۆرو توندوتیژیدا، کەواتە ناڕەحەتی عەقڵیی دێتە ئاراوە ئەو دەمەی کە ئێمە هەست بە دابەشبوون‌و ئاڵۆزی دنیا دەکەین.

پەراوێز:

١- ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری (الثقافة الاجنبية) وە کراوە بەکوردی.

٢- بە پێویستی دەزانم کە بڵێم من لەکاتی وەرگێڕاندا لە رووی کورتکردنەوەو دەستکاری نووسینەکەم کردووەو، هەوڵم داوە باری (ئاسایی) یشی نەشێوێ.

پێداچوونەوەیەکی (یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید)

سدیق سالح

(یادداشتەکانیشێخ لەتیفی حەفید) کە کاك کەمال نوری مەعروف ئامادەو ساخی کردووەتەوەو سالی (١٩٩٥) چاپ کراوە، سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگە سەبارەت بە بنەمالەی شێخانو بەسەرهاتی هەردوو حکوومەتەکەی کوردستانی باشوورو لەوەبەدوا تا سالی (١٩٢٨)، چونکە شێخ لەتیف بەشێکی ئەو مێژووەی لە باوکونێزیکەکانیەوە بیستووەو، بەشێکیشی خۆی بە مندالی تێیدا ژیاوە، کاك کەمال بەم خزمەتە گۆشەی خانەیەکی کتێبخانەی مێژووی کوردی ئاوا کردووەتەوە، شایستەی دەستخۆشی لێکردنو رێزلێنانە.

من پاش دوو جار خوێندنەوەی وردی ئەو بیرەوەریانە، بۆم دەرکەوت لە چەند جێیەکدا کەلێنیان تێکەوتووەو ناتەواون، هێندێکی هیی شێخ لەتیف خۆینو ئەوانیدیکە کاك کەمال لێیان بەرپرسە، بە پێویستم زانی چ روونکردنەوەو سەرنجو راستکردنەوەیەکم هەن بۆخزمەتی راستیو مێژوو بەرچاویان بخەم، بەڵکوو بۆ چاپێکی دیکەی ئەو بیرەوەریانە سوودیان هەبێ. پشت بەستنم بەسەرچاوەی بیانی (ئینگلیزی) بۆ راستکردنەوەی برێك لەمێژوەکان، لەبەرئەوەیە کە ئەوکاریەدەستانەی ئینگلیز یا کەمو زۆر بیرەوەریی رۆژانەی خۆیان تۆمارکردووە، یان بەڵگەنامەی رەسمیی حکوومەتیان لە بەردەستدا بووە، بۆیە پێم وایە مێژوەکانیان وردترو راستترە.

أ – چەند سەرنجێکی گشتی:

١. کاك کەمال زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەر رەشنووسی ئەو بیرەوەریانە نەخستووەتە روو و، نەیگوتووە ئاخۆ هەر دەقاودەق روونووسی کردوون، یان خۆی رێکی خستوونو بەشێوازی خۆی دایڕشتوونەتەوەو بەپێی زنجیرەی مێژوویی بابەتەکان ریزبەندی کردوون؟ پێویست بوو ئەم خاڵە پتر روون بکرایەتەوە.

٢. ژمارەیەکی زۆر نامەو مەزبەتەی مێژوویی لەو کتێبەدا جێ کراونەوە، دەبوو فۆتۆکۆپیی دەقی ئەسڵیان بڵاوبکرێتەوە تا زیاتر جێی متمانەو پشت پێبەستن بن، هەیانە بەشێوازێکی نوێ داڕێژراونەوەو، هەیشیانە دەستکاریی وشەو رستەی دەقەکە بنەڕەنەکەی کراوە، لە کاتێکدا بەڵگەنامەو دەقی مێژوویی بەپێی رێوشوێنەکانی ساخکردنەوەو بەکارهێنانیان زیادو کەم یا دەستکاری ناکرێن.

٣. باشتر وابوو چەند دیوێکی ناڕۆشنو ناوو هەڵەو ناتەواویەکانی نێو بیرەوەرییەکان



بەیارید‌ەی سەرچاوە‌ی دیکە‌ی بڕواپێکراو دە‌ست نیشانو ڕوونو ڕاست بکرانایە‌تە‌وە.

ب _ چە‌ند سەرنجێکی تایبە‌ت:

١. شێخ لە‌تیف سالّی (١٩٤٢) نە‌چووە‌تە ئێران (ل ٥)، بە‌لّکە بە‌پێی بیرە‌وە‌ریی عە‌ولاّغای پشدە‌ری١ و محە‌مە‌د خدر کۆیی (حە‌مە‌ی تاپۆ)٢ و ئە‌و شیعرە مێژوو لێدراوانە‌ی (ئە‌سعە‌د مە‌حوی) ش کە لە (سە‌ردە‌شت) نووسیونی٣، نیوە‌ی دوە‌می سالّی (١٩٤٣) لە‌گە‌لّ ئە‌سعە‌د مە‌حویو محێدین خدر چنارە‌یی‌دا هە‌لاّتووە‌تە ئێرانو لە (سە‌ردە‌شت) گیرساوە‌تە‌وە. سالّی دواییش بە‌پێی ڕۆژنامە‌ی (ژین) لە مانگی نیساندا هاتووە‌تە‌وە سلێمانی٤. واتە کە‌متر لە سالّێك لە‌وێ ماوە‌تە‌وە.

٢. پلە‌ی عە‌سکە‌ریی (براتۆف) ناوی سوپای ڕووس لە (ل ٢٧) دا دوو جار بە (ژە‌نە‌ڕاڵ) هاتووە. کە‌چی لە‌نامە ئالّوگۆڕکراوە‌کانی نیوان ناوبراو و شێخ مە‌حموددا (ل ٢٨_٣١) بووە بە (مارشاڵ). نازانین کامیان ڕاستە؟ پێویست بوو ڕوون بکرێتە‌وە، نامە‌کان بە چ زمانێك نووسراون.

٣. کۆبوونە‌وە‌ی فراوانی بە‌ردە‌رکی سە‌ڕای سلێمانی بۆ ڕاگە‌یاندنی حکوومە‌ت لە ناوە‌ڕاستی مانگی ١١ی سالّی ١٩١٨ دا (ل ٣٩)، ڕاست لە ١٧ ی تشرینی دووە‌می ١٩١٨ دا بووە (٥).

٤. مێژووی ئە‌و نامە‌و مە‌زبە‌تانە کە شێخ مە‌حموود بە ڕە‌شید کابانو سە‌ید ئە‌حمە‌دی مە‌ڕە‌خە‌س دا بۆ پاریسی ناردوون ١٩١٩/٣/٢٠ یە (ل ٤٠). کاتێك ڕە‌فیق حیلمی _ بە قسە‌ی خۆی _ نامە‌و مە‌زبە‌تە‌کانی بە دە‌ستخە‌تی خۆی نووسیوە‌تە‌وە، مێجە‌ر نۆئێل ئامادە بووە‌و ٦، نۆئێل شوباتی (١٩١٩) لە‌گە‌لّ فایە‌قی تاپۆدا بە ڕە‌وە‌اندزدا ڕوویکردووە‌تە تورکیا٧. (ڕە‌شید کابان) یش بە‌پێی دە‌فتە‌ری خزمە‌ت (دفتر الخدمة) کە‌ی ١٩ ی مارتی (١٩١٩) مۆڵە‌تی ڕە‌سمیی لە وە‌زیفە‌ی مامۆستایی وە‌رگرتووە بۆ چوونە پاریس ٨.ئە‌م سێ مێژووە دە‌مانخە‌نە گومانە‌وە؟ ئە‌گە‌ر فۆتۆکۆپیی دە‌قی نامە‌و مە‌زبە‌تە‌کان بڵاوبکرایە‌تە‌وە، گومانی دروست نە‌دە‌کرد.

٥. ناوی (سە‌ید ڕە‌شید زە‌کی) لە (ل ٤٢) دا تە‌نیا ڕە‌شید زە‌کی کابانە‌و (سە‌ید) ە‌کە‌ی زیادە.

٦. ناوی جووتە دێی (گە‌وڕە‌دێم) و (قاشان) لە (ل ٤٨) دا هە‌ڵە‌نو، (گۆڕە‌دێم) و (قە‌شان) ن، یە‌کە‌میان لە خۆڕە‌ڵاتی شارۆچکە‌ی چوارتاو دووە‌میان لە خۆڕاوای شارۆچکە‌ی (ماوە‌ت) دایە.

٧. ١٩١٩/٣/٢٢ لە (ل ٥٢) دا مێژووی ڕێککە‌وتنە‌کە‌ی نێوان شە‌ریف پاشاو بۆغۆس فۆباری نوێنە‌ری ئە‌رمە‌ن نییە، بە‌ڵکە مێژووی ئە‌و یاداشتنامە‌یە‌یە کە شە‌ریف پاشا سە‌بارە‌ت بە مافە‌کانی کورد بە زمانی فە‌ڕە‌نسی خستیە بە‌ردە‌م کۆنگرە‌ی ئاشتی ٩.

٨. لە (ل ٥٤) دا گوتراوە مێجە‌ر سۆن (١٩١٩) هە‌ڵاتە شارەزوور و، لە‌وێشە‌وە بۆ بە‌غدا. ئە‌دمۆندز گوتوویە: سۆن ئە‌وکاتە سلێمانی ڕوو بە کە‌رکووك بە‌جێ هێشتبوو بۆ پێشوازی ژنە‌کە‌ی کە لە بە‌سرە‌وە هاتبوو ١٠.

٩. ١٩١٨/٥/٢٣ گوایە هێزەکانی ئینگلیز نێردرابنە تاسڵووجە (ل ٥٦)، هەڵەیە، چونکە لەو مێژووەدا جارێ ئینگلیز نەگەیشتبوە سلێمانی، ساڵەکە دەبێ (١٩١٩) بێ، لەبەرئەوەی باس لەوێدا باسی شەڕی تاسڵووجەیە. ئەو مێژووە هێزەکانی کورد سلێمانیان تێدا لە ئینگلیز پاک کردەوە ١١. هەرچی ئەو شەڕەیشە پاش ئەو مێژووە کراوە، باسی لەسەر سنوور قوت بوونەوەی ئوزدەمیر لە هەمان لاپەڕەدا کراوە کە لەجێی خۆیدا نییە، ئوزدەمیر لە حەزەیرانی (١٩٢٢) بەدواوە ناوی لەسەر شانۆی رووداوەکانی کوردستانی باشوور کەوتە روو.

١٠. ئەوەی زانراوە دوای دادگاری (محاکمة) ی شێخ مەحموود، ئەو و شێخ حەمە غەریبی زاوای دوورخرانەوە بۆ هیندستان، نەك هەموو دیلە ساخەکانی شەڕی دەربەندی بازیان وەك لە (ل ٦١) دا هاتووە. کەچی لە (ل ٦٥) دا نووسراوە شێخ مەحموودو شێخ محەمەد غەریب رەوانەی دەرگەی (ئەندامان) ی هیندستان کران. دەبوو گاك کەمال راستەکەیانی تۆمار بکردایە.

١١. لە (ل ٦٦) دا نووسارە ١٩١٩/٦/٢٢ هەوالی شەری دەربەندی بازیان گەیشتە نیو سلیمانی. بەڵام بە قسەی ئەدمۆندز ٦/١٨ ئەو شەرە قەوماوەو، هەمان رۆژ هێزی ئینگلیز گەیشتووەتە شار ١٢. ئەوەکەی ئەدمۆندز راستتر دیارە، چونکە کاتیك هیزی بنەرەتی کورد لەو شەرەدا شکاوەو شیخی گەورەیشی تیدا بەدیل گیراوە، ئیدی هیچ بەربەستیك لە ریگای هیزی ئینگلیزدا نەبوە تا هەمان رۆژ نەگاتە سلیمانی. ویرای ئەوە، نەبیستراوە هیزی کورد هیلی دیکەی بەرگریی لەپیش بازیانەوە هەبووبی تا ریگریی ئەو هیزە نەیارە بکات.

١٢. ناوی (خۆ سل ماس) لە (ل ٧٠) دا هەلەیەو، (خۆی و سەلماس) راستە. رەنگە هەلەی چاپ بی.

١٣. ناوی (ماژۆر مایکلی) لە (ل ٨٠) دا هەلەیەو (میجەر ماکەنت) ە (١٣).

١٤. لە (ل ٨٤) دا وا هاتووە کە شیخ مەحموود (١٩٢٢) لە هیندستان هینراوتەوە، ویلسن حاکمی سیاسی ئینگلیز بووە لە عیراق. بەڵام راستیەکەی ئەوەیە: سیرپیرس کۆکس ئەو ماوەیە حاکمی سیاسی بووەو، لە ٥ ی تشرینی یەکەمی (١٩٢٠) بە دواوە تا نیسانی (١٩٢٣) لەوکارەدا ماوەتەوە ١٤.

١٥. لە (ل ٨٨) دا گوتراوە شیخ مەحموود (١٨) ی ئەیلوولی (١٩٢٢) گەیشتەوە سلیمانی. ئەوە هەلەیەو، شیخ لە (٣٠) ئەیلوولی ئەو ساڵەدا گەیشتووەتەوە ١٥.

١٦. (ئیرادەی علییەی عەدەد _ ١ ی حەضرەتی حوکمداری) لە (ل ٨٩ _ ٩٠) دا جاریکی دیکەو بە کوردیەکی رەوان داریژراوەتەوە. ئەو دەقە بەلگەنامەیەکی میژوویی یەو، کاتی خۆی لە رۆژنامەی (بانگی کوردستان) دا بڵاو بووەتەوە ١٦. دەبوو دەق وەکوو خۆی بنووسریتەوە یا بە رینووسی نوێ دابریژرێتەوە. بەلگەنامە زادەی قۆناغیکی میژوویی یە، مەرجە وەك خۆی بەکاربهێنری و دەستکاری نەکرێت.

١٧. (ئیرادەی علییەی عەدەد _ ٢ ی حەضرەتی حوکمداری) لە (ل ٩١) دا دەستکاریی ئەم بەشەی کراوە: (وە ئیرادە دەکەم دەرحال دەست بە تەدویری ماکینەی حکوومەت بکەن، ومن الله التوفیق)، کراوە بە (داوا دەکەم کە لە ئیستاوە دەست بە ئیش بکەن، سەرکەوتنیش هەر لەخواوەیە). هەروەها لە دەقی ئەو ئیرادەیەدا کە لە هەمان ژمارەی (بانگی کوردستان) دا بڵاو بووەتەوە شەرع و عەدل بە خالی هیلراوەتەوە ١٧. کەچی لیرەدا ناوی (شیخ عەلی ئەفەندیی قەرەداغی) ی بۆ دانراوە، لەکاتیکدا ناوبراو پاشترو لە تشرینی دووەمی (١٩٢٢) دا ئەو وەزیفەیەی پێ سپێردراوە ١٨. ئاماژە بۆ سەرچاوەی ئیرادەکەیش نەکراوە.

١٨. (ئیرادەی حوکمداریی عەدەد _ ٣) ی (ل ٩٤ _٩٦) سەرچاوەکەی دیاری نەکراوە کە (بانگی کوردستان) ە و ١٩. لە چەند جییەکیشدا دەستکاریی وشەو مانای کراوە کە ئەمانەن:

- (پشت بە خوا) لە دەقی بنەرەتدا نییە.
- ئەو ناونیشانەی سەرەوە کراوە بە (فەرمانی حوکمداری، ژمارە :٣).

- وشەی (رۆژی) بۆ ٢٤ ی سەفەری (١٣٤١) زیاد کراوە.
- (لە)ی (پێش پایتەختی) زیادە.
- پاش (لە سلێمانی) (دا) یەك پەڕیوە.
- بڕگەی (٣): لە (خصوصاتی ئاتیەوە) کراوە بە (خصوصاتی ئایینەوە)و، وشەی (علی العجلە) بە (بەخێرایی).
- بڕگەی (٤): (تەرتیباتی ئاتیە) کراوە بە (تەرتیباتی ئانیە) و (قادرۆنامەیەکی) بە (قدرۆکە نامەیەکی).
- بڕگەی (٥): (وظائف) کراوە بە (وەزیفەکان) و (بەر وەجهی ئاتی) بە (بروجە ئانی) و (بە غەیر ئەن) بە (بەغەیری) و (عند الاقتاد) بە (بەپێی پێویستی)و (بالجملە) بە (تێکڕا).
- بڕگەی (٦): (اعلان) کراوە بە (باڵاوکردنەوە)و (مرعی الاجرا) بە (مەرعی ئێجرا) و (مفسوخە) بە (بەتاڵە).
- بڕگەی (٧)ك (بالجملە مأمورین) کراوە بە (تێکڕا موچەخۆرەکان) و (تکاسلو عجز) بە (تەمەڵیو دواکەوتن) و (ادنی) بە (کەمترین) و (ظاهر بوو) بە (دەرکەوتبوو) و (بلاتفریق) بە (بێجیاوازی) و (مبتلای أشد جزای ئەکەم) (شدیدە) بە (شدیدیە).
- بڕگەی (٨): (بلا تفریق درجە ومقام) کراوە بە (بێ جیاوازی پلەوپایە).

١٩) (فەرمانی حوکمداری ژمارە ٤) لە (ل ٩٧) دا ئاماژە بۆ سەرچاوەکەی نەکراوە کە (بانگی کوردستان) ە. (صورەتی ئیرادەی علییەی جەنابی حوکمداری کوردستان عەدد _ ٤) کراوە بەو ناونیشانەی سەرەوەو)پشت بەخوا) کەیش زیادە. ئەو (لە) یەی کە خراوەتە سەر (پایتەخت) زیادە. (أخذ) کراوە بە (وەرگرتن)و (سریعا) بە (بەخێرایی) ٢٠.

٢٠) بابەتی (حەزرەتی حوکمداری مەعاریف پەروەر لە (ل ٩٧ _ ٩٨) دا سەرچاوەکەی دیاری نەکراوە کە (بانگی کوردستان) ەو ئەم دەستکاریانە کراوە: (بۆ ئاسایشی داخلی) کراوەتە (بۆ ئاسایی ناوخۆ) و (استراحەت) بە (ئیسراحەت) و (احتیاجی) بە (پێویستی) و حقیقتا) بە (لە راستیدا) و (مسئول نەکراوە) بە (لێپرسراو نەکراوە) و (دەوایری تر) بە (دایەرەکانی تر) و (مستعجلی) بە خێرایی)و (لە نەفسی سلێمانی‌دا) بە (لە سلێمانیدا) و (حقیقتا) بە (لە راستی‌یا) و (لە اذکیای شبان وطنە) بە (لە گەنجە زیرەکەکانی نیشتمانە) و (صنف) بە (پۆل) و (یعنی) بە (یانی) و (بەو نەعە) بە (بەوجۆرە) و (نام نرانیان) بە (ناونرانیان) و (بەسببی) بە (بەهۆی) و (معلمان) بە (مامۆستاکان) و (حسێکی علوی) بە (هەستێکی بەرزی) و (مافوق) بە (لەسەروو) و (عالیە) بە (بەرزە) و (اعلیحضرت) بە (حەزرەتی)و (انتخاب) بە(هەڵبژاردن)و (تقدیم وشوکرانی) بە (تقدیرەِ شوکران)و (مومی الیە) بە (ناوبراو) و (عموما) بە (بەگشتی) و (مسلم) بە ٠مەعلووم) و (اعظم) بە (گەورە) ٢١. جگە لەوە ئەم بەشەی ناوەکانی تێدا نییە کە لەوانەیە لەچاپدا پەڕیبێ:

معلم اول رشدیە قادریە معلم رشدیە قادریە کذا
سعید زکی عبدالعزیز عثمان عبدالعزیز
معلم ثاني ابتدائية رؤفية
احمد

٢١)نامەی ١٩٢٢/١١/١٥ ی نۆئێل لە (ل ٩٩ _ ١٠٠) دا نەگوتراوە لە بنەڕەتدا بە چ زمانێك نووسراوە. پێویست بوو دەقی ئەسڵیی باڵاوبکرێتەوە.

٢٢) دەقی کوردیی بروسکەی ئاڵوگۆڕپێکراوی نێوان شێخ مەحموودو سمکۆو سەید تەها لە (ل ١٠١ _١٠٤) دا ئاماژە بۆ سەرچاوەیان نەکراوە کە ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) ەو، دەقاو دەق نین‌و جارێکی دیکە داڕێژراونەوە ٢٢.

٢٣) سمکۆ بەپێی (ل ١٠٤) ١٩٢٢/١٢/٨ گەیشتووەتە سلێمانی. ئەمە هەڵەیەو مێژووی راستی ئەو هاتنە ٨ ی کانوونی دووەمی (١٣٣١) ی ڕۆمی (١٩٢٣) یە ٢٣.

٢٤) ڕێوڕەسمی پێشوازی سمکۆ لە (ل ١٠٥ _١٠٧) دا دەقاودەق نییەو ئەم دەستکاریانە کراوە: (قووەتێکی) کراوە بە (هێزێکی) و (استقبال) بە (پێشوازی) و (کانوونی ثانی ٣٩ _ واتە ١٣٩٩ ی ڕۆمی) بە (کانوونی یەکەم) و (موجود بوون) بە (ئامادەبوون) و (٨ کانون ثانی ٣٩) بە (٨ کانوونی یەکەم) و (دەوایر) بە (دایەرەکان) و (انتظار) بە (چاوەڕێ) و (حاضر بوون) بە (ئامادەبوون) و (صورەت) بە (شێوە) و (جیاوان) بە (بێجیاوازی) و (معظم) بە (گەورە) و (مخصوص) بە (ئامادەکراو) و (استراحەت) بە (پشوو) و (ڕۆسای کرام و ذی

الاحترام) به (روئەسای کەرامی خاوەن ئیحتیرام) و (ئۆجاغ) به (ئەوجاغ) و (مصافحه) به (تەوقه) و (له هەردوو جهتەوه) بە (لە هەدروو لاوه) و (اراده) بە (فەرمان) و (خارج) به (دەرەوه) و (احترام) به (رین) و (ترقی) بە (پیشکەوتن) و (موفیقیت) بە (سەرکەوتن) و (بە عمومی) بە (بە گشتی) و (سامعین) به (گویگران) و (لەطرف) به (له لایەن) و (ئیحا) بە (ئەحیا)و (تأریخی) بە (میژوویی) و (مقدس) به (پیرۆز) و (لکن) به (بەلام) و (کبریا) بە (گەورەیا) ٢٤.

٢٥) ئەو گوتەیەی سمکۆ لە (ل ١٠٧ _ ١٠٨) دا کە گوایە لەئاهەنگی هاتنیدا بۆ سلیمانی خویندوویەتیەوه، تەنیا سوپاسنامەی ئەوه بۆ خەلکو کاربەدەستانی شار کە بەگەرمی پیشوازیان کردووه، نەک لە ئاهەنگدا خویندبیتەوه ٢٥. (لە رۆژی کوردستان) کە بە وردی باسی ئەم هاتنەیی کردووه، ئاماژەی بۆ گوتار خویندنەوەی نەکردووه. رەفیق حیلمی له (یادداشت) و ئەحمەد خواجەیی لە (چیم دی) دا له شتیکی وەها نەدواون ٢٦. جگە لەوه، دەقی گوتەکە دەستکاریی چەند وشەیەکی کراوه: (ئیراده) کراوه به (فەرموودە) و (سید السادات) بە (سەییدی سادات) و (ملك محمود اول) بە (مەلیك مەحمودی یەکەم) و (معظم) بە (گەورە) و (خصوصیکەوه) بە (رووبەکەوه) و (استقبال) بە (پیشوازی) و (گەلی) بە کۆلی) و (خلاص) بە (رزگاری). (سادات کرامو رؤساو) یش پەریون.

٢٦) راگەیاندنی هەردوو حکومەتی بەریتانیاو عیراق له (ل ١١٠) دا میژووەکەی ٢٤ ی کانوونی یەکەمی (١٩٢٢) ە نەك ٢٤ ی کانوونی دووەمی (١٩٢٢)، چونکە ئەوه وەختیك بلاوکراوەتەوه کە شیخ مەحموود لە هیندستان گەراوەتەوه ٢٧. پاشان دەقە عەرەبییەکە بە وردی نەکراوەتە کوردیو ئاماژە بۆ سەرچاوەکەی نەکراوه.

٢٧) له (ل ١١٠) دا گوتراوه پاش تیکچوونی نیوان شیخ مەحموودو ئینگلیز وەفدیکی پیکهاتوو لە کەریمی عەلەکەو عزەت بەگی عوسمان پاشای جافو محەمەد ئاغای عەبدولرەحمان ئاغاو ژمارەیەك منەووەر بە سەرۆکایەتیی مستەفا پاشا یامولکی بەرەو بەغدا بەریکەوتن. راستیەکەی ئەوەیە ئەو وەفده ٣ ی مارتی (١٩٢٣) چووەته لای ئەدمۆندز له کەرکووك، پیاوی دیاریان _ بە قسەی ئەدمۆندز _ شیخ قادرو مستەفا پاشا بووه ٢٨.

٢٨) (ئیعلان بۆ شیخ مەحموود ئەفەندیو خەلکی سلیمانی) لە (ل ١١٦) دا بە بەراورد لەگەل دەقی بنەرەتیدا کە لە (چیم دی) دا هەیە دەستکاری کراوەو ناوی سەرچاوەکەیشی دیاری نەکراوه ٢٩.

٢٩) لە (ل ١٢٠) دا وا هاتووه گوایە پاش ئەوەی ئنگلیز لە (١٩٢٣) دا سلیمانیی داگیرکردووەتەوه، سالح پاشا کراوەتە موتەسەریف. بەلام وەك ئەدمۆندزی گەوره بەرپرسی ئەو رۆژانەی ئنگلیز لە شاردا لەو قۆناغە دوواوه، ئەو ماوەیە شیخ قادری حەفیدو ئەحمەدبەگی تۆفیق بەگ دوو کەسی هاوکارو بەریوەبەری شار بوون ٣٠.

٣٠) له (ل ١٢٧) دا باسی دامەزراندنی سییەم جاری حکوومەتی کوردستان کراوه. له کاتیکدا وەك زانراوه شیخ مەحموود بەرەبەیانی ١٩٢٣/٣/٤ سلیمانیی چۆل کردو ٧/١١ ی هەمان سال هاتەوه نیو شار ٣١.

کەچی بابەتەکانی (ل ١١٤ _ ١٢٣) سەبارەت بە رووداوەکانی سالی (١٩٢٤) ن. دەبوو ئەم بەشە بەپیی زنجیرەی میژوویی بەسەرهاتەکان دوابخرابایە.

٣١) بروسکەو مەزبەتەکەی (ل ١٣٧ _ ١٤٠) دەقی بنەرەت نین. پیویست بوو روون بکریتەوه بە چ زمانیك نووسراون و فۆتۆکۆپیەکان بلاو بکرایەتەوه.

٣٢) ناوی (کورنیل والس) ی موعتەمەدی بالای ئینگلیز لە (ل ١٥٠ _ ١٦٧) دا هەلەیە و، (گۆرنوالس)ە.

٣٣) نامەی ١٩٢٦/٥/١٢ ی شیخ مەحموود بۆ عەبدوللا خانی تەهماسب نەگوتراوه بە چ زمانیکە. پیویست بوو فۆتۆکۆپیی بلاوببیتەوه.

٣٤) پەراویزی (٩) (ل ١٨٦) هەلەیە. ئیتیحادییەکان ٢٧ ی نیسانی (١٩٠٩) سولتان عەبدولحەمیدی دووەمیان هینایە خواریو لایانبرد ٣٢.

٣٥) پەراویزی (١٣) (١٨٨) ١٩١٨/١١/١ هەلەیەو، ١٧م١٩١٨/١١ راستە ٣٣.

٣٦) پەراویزی (١٤) (ل ١٨٨) کە گوتراوه ١٩١٩/٥/٢١ یەکەمین شۆرشی کورد بەرانبەر بە ئینگلیز دەستی پیکرد، هەلەیەو، راستیەکەی ١٩١٩/٥/٢٣ یە کە شیخ مەحموود بە هاوکاریی هیزەکەی مەحموود خانی دزلی سلیمانیی له ئینگلیز پاك کردەوه ٣٤.

٣٧) پـــەراویزی (١٥) (ل ١٨٨) کـــە گوتـــراوە ١٩١٩/٦/٢٢ سوپای ئینگلیز گەیشتە دەربەندی یازیان، هەلەیەو ١٩١٩/٦/١٨ راستە ٣٥.

٣٨) پەراویزی (١٨) (ل ١٨٩) شیخ مەحموود شەوی ١٩٢٣/٣/٤/٣ سلیمانی چۆل کرد، نـەك ١٩٢٣/٣/٢ ٣٦.

٣٩) پـــەراویزی (١٩) (ل ١٨٩) کـــە گوتـــراوە ١٩٢٤/٧/١٦ شیخ مەحموود سلیمانیی چۆل کردەوە، هەلەیەو ٧/١٥ راستە کە سوپای ئینگلیزو عیراق سلیمانیی‌یان تیدا گرتەوە ٣٧.

پەراویزو سەچاوەکان:

١. مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، چـ ١، ستۆکهۆلم، ١٩٩٢،ل ٢٢٤.
٢. دەستنووسیکی ١٣ لاپـەرەیی بیرەوەریـەکانی ناویراو لە ١٩٩٠/٣/٢١ دا بۆ مامۆستا (عەبدولرەقیب یووسف) ی نووسیوە.
٣. بەشیك لە دیوانی ئەسعەد مەحوی، چ ١، سلیمانی، ١٩٧٠، ل ٣٢ ،٣٣ ، ٦٠ ،٨٥ ، ٨٦ ، ١١٣ ، ١١٥.
٤. ژین، ژ ٧٣٩، ١٨ ی نیسانی ١٩٤٤.
٥. نۆئیل بـە پیـی بروسکەی خـۆی ١٩١٨/١١/١٦ گەیشتووەتە سلیمانی‌و، رۆژی دواییش _ بـە قسـەی ئەحمەد خواجە _ کۆبوونەوەکە کراوە (بروانـە: الدکتور احمد عثمان أبوبکر، کردستان في عهد السلام بعد الحرب العالیمـة الاولی، القسـم الثـاني عشـر، مجلـة (اثقافـة) البغدادیـة، العـدوان ١١ _ ١٢، تشـرین الثـاني _ کـانون الاول ١٩٨٠ و، احمـد خواجـه ، چیـم دی، ب ١، بغـداد، ١٩٦٨، ل (٢٠ _٢١).
٦. رفیـق حیلمـی، یادداشـت، بەشـی یەکـەم، ب ١، هەولیر، ١٩٩٨، ل (٦٥ _٦٦).
٧. هەمان سەرچاوە، ل ٧٢.
٨. (دفتر الخدمة)، ص ٣ . (فۆتۆکۆپییەکەیم لەلایە).
٩. بروانـە: دەقـی یادداشـتنامەکەی شـەریف پاشـا لـە کۆنفرانسـی ئاشـتی لـە پـاریس (١٩١٩) یادداشـتنامە لـەبارەی داخوازیـەکانی گـەلی کـورد، ورگـیرانی لـە فەرنسییەوە: فەرهاد پیربـال، گۆڤـاری (رابـوون) و ژ ٢، ستۆکهۆلم، هاوینی ١٩٩٠.
١٠. سـی. جـی. ادمونـدز، کـرد وتـرك وعـرب، ترجمـة جرجیس فتح الله، بغداد، ١٩٧١، ص ٣٤. {زۆر پیدەچی سۆن پیشبینی ئـالۆزبوونی بارەودۆخەکـەی کردبـی‌و پیشوەخت هەلاتبی‌و رووبکردبیتە کەرکووك.
١١. سی.جی.ادموندز، المصدر نفسه، ص ٣٤.
١٢. المصدر السابق ص (٤٩ _٥٠).
١٣. المصدر السابق، ص (٢٢٣).
١٤. عبدالرزاق الحسیني، تأریخ الوزارات العراقیة، المجلـد الاول، الجزء الاول، بیروت، ١٩٧٨، ص ١٧٣.
١٥. بـانگی کوردستان، ژ (٩ ، ٨) ی تشـرینی یەکـەمی (١٩٢٢) لـە: بـانگی کوردسـتان، کۆکردنـەوەو لەسەرنووسینی جەمال خەزنەدار، بەغدا، ١٩٧٤، ل ٨٧.
١٦. بـانگی کوردستان، ژ ١٠ ، ١٥ی تشـرینی یەکـەمی (١٩٢٢، ل٩١.
١٧. بانگی کوردستان، هەمان ژمارە، ل ٩٢.
١٨. بـانگی کەردسـتان، ژ ١٣، ٣ی تشـرینی دووەمـی (١٩٢٢)، ل ١١١.
١٩. بـانگی کوردسـتان، ژ ١٢، ٢٧ی تشـرینی یەکـەمی (١٩٢٢)، ل (١٠٣ _١٠٤).
٢٠. بانگی کوردستان، هەمان ژمارە، ل ١٠٤.
٢١. بانگی کوردستان، ژ ١٣، ل (١٠٩ _١١٠).
٢٢. رۆژی کوردسـتان، ژ ٧، ٣ی کـانوونی یەکـەمی (١٣٣٨) ی رۆمی _ لە : رۆژی کوردستان.
٢٣. رۆژی کوردسـتان، ژ ٨، ١٠ی کـانوونی دووەمـی (١٣٣٨)ی رۆمی، ل ٤٨.
٢٤. هەمان سەرچاوە.
٢٥. هەمان سەرچاوە، ل ٤٧.
٢٦. رفیـق حلمـی، یادداشـت، بەشـی دووەم، ب ٦، هەولیر، (١٩٩٨، ل (٥٠،٥٢) ، چیـم دی، ب١، ل (١٤٠ _ ١٤١).
٢٧. سی.جی ادموندز، کرد و ترك و عرب، ص ٢٨١.
٢٨. المصدر السابق، ص٢٨٥.
٢٩. چیم دی، ب ٢، سلیمانی، (١٩٦٩)، ل ٥٨.
٣٠. سی.جی.ادموندز، ص ٣٠٢.
٣١. المصدر السابق، ص (٢٨٥ _ ٣٠٩).
٣٢. اورخان محمد علی، السلطان عبدالحمید الثاني حیاته و احداث عهده، بغداد، (١٩٨٧)، ص ٣٣٣.
٣٣. بروانه: پەراویزی ژمارە (٥) ی ئەم پیداچوونەوەیە.
٣٤. سی. جی . ادموندز، ص ٣٤.
٣٥. المصدر السابق، ص ٤٩.
٣٦. المصدر السابق، ص ٢٨٥.
٣٧. رفیـق حلمـی، خلاصـەی مسئلەی کـورد، موصـل، ١٩٣٤، ل ٢٩(له کتیبی عراق و عصبة الامم به فەرەنسی تەرجەمە کراوە).

رێنووسی کوردیی

عەتا برفی

زانایانی زمانی یۆنانی کۆن، شێوازو چۆنیەتی نووسینی وشەو رستەوو بەگشتی "رێنوس"یان بە گراماتیکا (Grammatika) واتە، هونەری نوسین.. ناو بردووە. بەڕاستی یەکەم هەنگاوی "نوسین"و "جوان نووسی" فێربوونی رێنووسی زمانەو دیارە هەرچەند ناوەڕۆکی وتەو وتار و نووسراوەیەك شیرین بێ، بەڵام رێنووسەکەی ناحەزو هەڵە بێ؛ ئەو ناوەڕۆکە جوانە دادەپۆشرێو خوێندەوارانیش لێی تێناگەن...

رەنگە یەکەم پرسیار کە بەدیتنی سەر دێڕی ئەم بابەتە بێتە ئاراوە. ئەوە بێ کە گەرچی گەلێ کتێب سەبارەت بەڕێنووسی کوردیی نووسراوە، چ پێویستییەك بەم کارە هەیەو ئایا خوانەخواستە دەمانەوێ رێنووسێکی نوێ بۆ زمانی کوردیی بخەینە بەر باس؟ یالەمەیدانی کێشەکانی زمانەوانیدا، رێبازێکی تایبەتیو جیاوازمان گرتۆتەبەر؟..

بۆیە لێرەدا بەکورتی سەرەکی ترین ئامانجەکانمان لەنووسینی ئەم بابەتە دەستنیشان دەکەین:

١. گەلێ لەمیللەتەکانی دونیا قەرزداری زمانەکەیانن‌و کەسێتی‌و قەوارەی نەتەوەییان بەهۆی زمانەکەیانەوە پارێزراوەو لەمێژووی کوردیشدا، هیچ شتێك نەیتوانیوە بەقەد وشەی کوردیی، خزمەتی ئەم گەلە بکا. ئەرکی فەرهەنگیی‌و مرۆڤانەی هەموو ئەدەب دۆستێکە بەپێی توانای خۆی، هەوڵ بدا خزمەتی پێرۆزی زمانەکەی بکا...

٢. گەلێ هەنگاوی قایم لەهەورازە رێی کێشەکانی زمانەوانیی کوردیدا هەڵگیراوەو لەم سی چل ساڵەی دواییدا، زۆر وتاری بەنرخ‌و کتێبی بەبایەخ لەبواری زمانەوانی‌و زمانناسیی کوردیدا چاپ کراوەو گەرچی هێشتا هەوڵدانی هەرە زیاتری پێویستە، بەڵام ئێمە نامانەوێ بەم رێگایانەدا بچینەوەو خۆمان لەو دەسکەوتانە نەبان بکەین‌و گەرەکمان نییە هەر بەڕواڵەت شتێکی نوێ بخەینە بەرچاو؛ بەڵکوو مەبەستمان ئەوەیە هەندێ لەبەکەڵکترینی ئەم دەستکەوتە گرینگانە پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێز بکەین‌و هاودەنگ‌و هاوشان لەگەڵ دڵسۆزانی تری زمانی کوردیی، لەڕێگای پێکهێنانی "زمانی یەکگرتووی ئەدەبیی کوردیی"دا هەنگاوێکی بچووك هەڵبگرین. شایانی باسە، لەم نوسراوەدا فرەتر لەهەموو سەرچاوەیەك، لەنووسینەکانی "دوکتور ئەوڕەحمانی حاجی مارف" و بەڕێز "مەسعوود محەمەد" کەڵك گیراوە.

٣. کاتێ دەڕوانینە بەرهەمی هەندێ لاوی هۆگری هونەرو ئەدەب، کە دەست دەدەنە قەڵەم‌و جاروباریش شتی جوان دەنووسن؛ گەلێ هەڵەی رێنووسی (تەنانەت لەشتە سەرەتاییەکاندا) تێدا دەبینین، بۆیە مەبەستی سەرەکیمان لەنووسینی ئەم بابەتە ئەوەیە کە بەزمانێکی سادەو ساکار، لەنووسین‌و خوێندنەوەی کوردیی بدوێین؛ هەرچەند کە

بەپێی سروشتی خودی بابەتەکانەوە، زۆر جار ناچار دەبین لەزمانی سادە لابدەینو پەنجە بۆ لایەنی زانستییو وردتری باسەکان رابکێشین.

ڕێبازی نووسینی ئەم بابەتە

جگە لە چەند سەرنجێك سەبارەت بەئالۆزیو دیدی هەڵەی هەندێ لەقەڵەم بەدەستان سەبارەت بەبابەتی وەك بزوێن (Vowel/) لەزمانی کوردیدا؛ زۆربەی ناوەڕۆکی ئەم بابەتەیە، تازە نییەو یەکەمجار نییە باسی لێ دەکرێو لەزۆر کتێبی ڕێزمانو ڕێنووسی کوردیدا، وێنەی ئەم باسانە کراوە. ئەوەی ویستومانە، هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی دەلاقەیەك لەدنیای هەستی مرۆڤانەی لاوەکان بکەینەوەو بەزمانێکی سادەو لەدڵی فۆلکلۆرو ئەدەبو بە ئامرازی نموونە هێنانەوە لەشیعرو فۆلکلۆرو پەندو مەتەڵی کوردیی.. لە "ڕێنووس" بدوێین.

پیتەکانی زمانی کوردیی

لەپێشدا بەبیانووی لێدوانی پیتەکانی ئەلفوبێی کوردیی، ئاماژە بەدوو بابەت دەکەین کە هەندێ لێکۆڵینەوەی زمانەوانیشی لەسەر کراوە؛ بەستێنێك بێ بۆ باسەکانی داهاتوومان.

یەکەم: کاتێ کە باسی پیتەکانی زمانی کوردیی دەکەین، فرەترمان راستەوخۆ سەرنجمان بەرەو ئەلفوبێیەك رادەکێشرێ، کە لە ئەلفوبێی عەرەبییەوە سەرچاوەی گرتووەو بەپێی گومانی زۆربەی نووسەران، سەرەتای نووسینی زمانی کوردیی بەم ئەلفوبێیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە فارس زمانەکانیش بەم ئەلفوبێیە دەستیان کرد بەنووسینو بەوتەیەکی تر سەردەمی پەرە گرتنی دەسەڵاتی ئیسلامی لەم وڵاتانەی دەوروبەردا.. ئەمە تائێستا هەر گومانێکەو ئەگەریش وابێ، بەرهەمە نووسراوەکانی ئەو سەردەمانە نەپارێزراون و فەوتاون.

وەك ئاشکرایە نووسراوە کوردییەکانی ئێستا تەنیا بەم ئەلفوبێیە بڵاونابنەوە، بەڵام ئەوەی کە لەم بابەتەدا باسی لێ دەکەین؛ ڕێنووسی کوردیی بە "ئەلفوبێی عەرەبی"یە.

دوو: ئەم ئەلفوبێیە، بەهەموو جوانییەکانییەوە، هەندێ گیروگرفتی هەیەو لەبڕێ شوێندا لەگەڵ فۆنەتیکی زمانی کوردیی یەك ناگرنەوە کە هەندێ لێکۆڵینەوەی بەنرخ، بەڵام بەداخەوە زۆرتر بێ سەرەنجامو بێ ڕێ نیشاندانی مسۆگەری لەسەر کراوە... ئەم گیروگرفتانە زۆر جار بوونەتە هۆی ئەوەی نووسەران هەوڵ بدەن بۆ هەڵبژاردنی ئەلفوبێیەکی سازگار لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیی و بۆ نموونە هەندێ کێشەی زمانەوانیی لەسەر هەڵبژاردنی ئەلفوبێی عەرەبی، یان لاتین... بۆ زمانی کوردیی کراوەو ڕای جۆراو جۆر دەربڕاوەو گەرچی هەندێ بۆچوونی زانستیانەی جێی سەرنج لەم بوارەدا هاتۆتەگۆڕ؛ بەڵام گەلێ هۆی ئاشکراو نادیار، نەیانهێشتووە ئەم تەقالایانە بگەنە ئەنجامێکی بەکەڵکی دابین کراوی ڕەچاوکراو و زیاتر هەر لەدوو توێی کاغەزەکاندا نێژراون و تەنیا توانیویانە ببنە شفتەڕێژی بینای زمانێکی یەکگرتوو لەداهاتوودا.

هەندێ دەنگ و نیگاری جێی سەرنج

جگە لە هەندێ پیتی[1] هاوبەشی نێوان زمانی کوردیی و فارسی، کە نیگارگەلێکی[2] یەکسانن بۆ هەندێ دەنگی[3] یەکسان؛ چەند نیگارو پیتێکی تایبەتی لەڕێنووسی کوردیدا بەکارگیراوە کە لەزمانی فارسی و دیکەی زمانەکانی دەروبەردا نابینرێن [وەك: "لام"ی قەڵەو (ڵ)، "ر"ی قەڵەو (ڕ)، "ڤ"و...]. سەرەڕای هەندێ جیاوازیی بێژە (تلفظ) بەکارهێنانی زۆربەی پیتەکان لەڕێنووسی کوردیدا وەك فارسین. ڕەنگە ئەو گومانە بێتە پێش کە هەندێ بەراوردی نێوان زمانی کوردیی و فارسی، بەراوردکارییەکی تەواوو لاساییکارانەیە؛ بۆیە پێویستە بڵێین: هەندێ بابەتو لایەنی زمانیی بنەڕەتیی هەن، کە لەهەموو زمانەکانی دنیادا یەکسانو یەکڕەنگن؛ وەك کەرتەکانی زمانی ئاخاوتن، کە لەوەتی بۆیەکەمجار لەلایەن زانایانی زمانی یۆنانییەوە (لەسەدەی دووەمی پێش زایینداا) باسی لێ کراو پاشان ڕۆمییەکانو خۆرئاواییەکان وەریانگرتو ڕووسەکان، بەهەندێ ئاڵوگۆڕەوە سەلماندیان؛ لەنێوان هەموو زمانانی دنیادا هاوبەشن.[1]

لەهەر ڕوانگەیەکەوە بڕوانینە زمانی کوردییو زمانانی دیکە، ئەم دابەشکارییە هەموویان دەگرێتەبەرو کاتێك لەم بابەتەدا بۆ دەرخستنی هەندێ تایبەتمەندی زمانی کوردیی، جارو بار لەگەڵ فارسیدا بەراورد دەگەین؛ مەبەست وێنەگرتنێکی لاساییکارانە لەفارسی، یان هیچ زمانێکی تر نییە، بەڵکوو هۆی

یەکەم هاوبەشبوونی هەندێ لایەنی زمانەکانـەو هـۆی سەرەکی تریشمان سادەکردنەوەی بابەتەکانە بۆ ئەو لاوانەی بەزمانی فارسی راهاتوون:

پیتە جیاوازەکان

هەمزە (ئـ)

ئەم نیگارە لەکوردیدا، هەموو کاتێ لەپێش پیتـی بزوێن (Vowel)دا[٥] دێت.[٦] وەك ئـەم نموونانـەی خوارەوە:

* رێکەوەندی[٧] [ئـ+ بزوێنی سـەر[٨] (ـە)+ ...]

لەم وشانەدا:

ئەسرین ، ئەهوەن، ئەستێرە، ئەشکەوت، ئەڵێم

نموونە:

ئـەزانی دڵ هەیـە وەك مـس کـە ژەنـگ دێنـێ بەئاسانی؟

دڵی تۆ زێڕی تێدایە لەکوێوە ژەنگی هەڵهانی؟

ئەحمەد هەردی

من ئەڵێم هەتا هەتایە دەوری جوانییە.

سواڕە ئێلخانی زادە

ئەوە بەهارێکم گەیوەتێ کاکە سـەیدەوانە گیـان، بەهارێکی لەمن چەند گەشە...

بەیتی سەیدەوان

* رێکەوەندی [ئـ+ بزوێنی "ا" (ی)+ ...] لەم وشانەدا:

ئیمـان، ئیـتر، ئیپـە،[٩] ئیـتریس (ڕەزاگـران)، ئیکسیر[٧] نموونە:

دەوڵەتەکەی وەسڵ پانە زەوالّەن

دیدەنی باڵات ئیتر مەحاڵەن

مەولەوی تاوەگۆزی

مینەت ژ خودایێ کوب عەبدێ خۆمەلایێ

ئیکسیری غەمی عێشق نەدینارو درەمدا

مەلای جزیری

رێکەوەندی [ئـ + بزوێنی "e" (ێ)+ ...]

لەوشەگەلی:

ئێوە، ئێزنگ (داری سووتەمەنی)، ئێستا، ئێمە

نموونە:

ئێوارە سا هەڵگرە دەی گۆزەیی تازە

بەردەرگەکەتان قیبلەیی ڕووی ئەهلی نیازە

گۆران

"... من دەمەوێ ئێوارەیەك

لەگەڵ هەورا ببارێیت‌و تەواو نەبیت..."

عەبدوڵڵا پەشێو

رێکەوەندی [ئـ+ بزوێنی "ه" (ۆ)+ ...] لەم وشانەدا:

ئۆبالّ، ئۆغر، ئۆبە، ئۆخژن

نموونە:

کلاّولار گورجی کەو ڕەفتار، نەزەر ناکەی ئـەڕۆی ئۆغر

لەتیری ئاهی ناکامیم حەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر گۆران

ئۆبالّ بەستۆم زێدە جوانی

(فۆلکلۆر)

رێکەوەندی [ئـ+ بزوێنی "u" (و) + ...] لەم وشانەدا:

ئومێد، ئوستاد، ئـوچ (پێنووسـی قـامیش)، ئـوك (ئەوك، گەروو)

نموونە:

نالی ئوستادەکەی گەلـێ چا بوو

خزری ئابی حەیاتی مەعنا بوو

حاجی قادری کۆیی

رێکەوەندی [ئـ+ بزوێنی "u" (وو)+ ...[لەم وشانەدا:

ئوومك (چەمۆڵە)، ئووفە (نەخۆشینێکی یەکسمە وەك هەڵامەت)، ئووك (گەروو)

نموونە:

من ئووشم حەوزە تۆ بێژە قووڵە

من ئووشم زوڵفە تۆ بێژە لووڵە

(فۆلکلۆر)

رێکەوەندی [ئـ + بزوێنی "a" (ا)+ ...] لەوشە گەلی:

ئاگر، ئاوێنە، ئاشتی، ئاسمان

نموونە:

هەر کەسێ هاتو وتی من ئاشقم بڕوا مەکە

تاڵەسەر گۆنای نیشانی زەخمی مارانگەز نەوێ

(لەسترانێکی سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی)

".. من خۆم دیومە؛ "ژیلا" بووە بەشەتاوێ

لەو کاوانەو "ژیلا" بووە بەچنووڕێ لەو کەژانەو

"ژیلا" بووە بەماسییەکی باڵداری ناو "زرێبار".

من خۆم دیومە، ئێستە ئەو لەناو هەورایەو

لەسـەر کورسـیەکی بـەرزی ئەرخـەوانیی دانیشتووەو

بەگزنگ شێعر ئەنووسێ‌و کراسێکی ئاودامانی

مانگەشەوی لەبەردایە.."

شێرکۆ بێکەس

ئاوی ئاغا بەرەو ژووریش ئەڕوا.

(قسەی نەستەق)

- دەنگی هەمزە (ئ) جگە لە سەرەتای وشە، لەناوەندی وشەشدا دەوێژرێ؛ وەك لەم وشانەدا دەیبینین:

بیئالێنە، سوئال، دەئاخێوم، بیئەنگێوە

سوئالەکت لی دەکەم، ئیسمی شەریفت چییە؟

ناوی خۆم بەکوڕان نالێم، بولبولم شاپەریە

فۆلکلۆر

پرچت وەسە رەشماری بیئالێنە گەردنم

هەرچی ئەم چزگە[11] دوورە، نزیکە لێم مردنم[12]

فۆلکلۆر

نیگاری(۱۲) "ڕ" ®- "ر"ی قەڵەو

بۆ دەربڕینی دەنگی (ر)ی قەڵەو، پانایی زمان (بەشی ناوەڕاستی زمان) دەنووسێ بەمیچی مەڵاشووەوە؛ بەپێچەوانەی (ر)ی لاواز، کە لەکاتی دەربڕیندا، نووکی زمان دەنووسێ بەمەڵاشووەوە[14].

نموونەی وشە:

شەوگەڕ، هەڵفڕین، کوڕینە، گڕوو

(ڕ)ی سەرەتای وشەی کوردیی، هەمیشە (ر)ی قەڵەوە، بۆیە زۆربەی نوسەران نیشانەی (ڕ)ی بۆ دانانێن[15]

وەك: ڕێگا، ڕاژان، ڕێوی، ڕاوە کەرووێشك

نموونە:

کۆتەی ئاوەسووی بەهار بڕوام

بەشەوی پاییز تا ڕۆژ گڕاوم

فۆلکلۆر

غەزاڵ چێشم کەرد، دڵت لێم ڕیشەن

خۆت ساحێو تێشەی، تەقسیر من چێشەن

(گۆرانی (یار غەزاڵ)ی سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی

شەوگەڕو داوەت خۆشە

مەرد بە لەمنی تێك مەدە

فۆلکلۆر (لەگۆرانی حەسەن زیرەك)

لەپردێ باسان کاریتەی مێوە

گەیمە حەیرانێ کوڕ بە بەڕێوە

مارێژگەم وێران، ماندووی بووی پێوە

حەیران

نیگاری "ڵ" (L) - لامی قەڵەو

بۆ دەربڕینی "لامی قەڵەو" سەری زمان وەردەگەڕێو بەمەڵاشووەوە دەنووسێ؛ بەپێچەوانەی لامی لاواز (ل)، کە لەنوسیندا هیچ نیشانەیەکی نییەو بۆ دەربڕینی؛ پانایی پێشەوەی زمان، ڕاست دەنوسێ بەناوەڕاستی مەلاشووەوە.[16]

نموونەی وشە:

هەڵۆ، کەڵ، هەڵاڵە، وڵات

نمونە:

سەعات بۆ دەسی، کلە بۆ چاوی

عەتری حەفتاو حەوت، بۆ زوڵفی خاوی

فۆلکلۆر

دایبە لەباڵم گوللەی تۆپە خۆ

بپێچن زامم (با) لێم نەکاتە سۆ

لەهۆرەیەکی (عارف دیواندەرە)یی وەرگیراوە

دەنگ ئەکەم خەڵك مەنام ئەکا، دەنگ ناکەم دەرد کونام ئەکا. (پەندی پێشینان)

پیاو کۆڵەکەی ماڵە (پەند)

دەنگی "لامی قەڵەو" لەسەرەتای وشەی کوردیدا ناوێژرێ.

نیگاری (ڤ)

زانا کوردەکان، ئەم نیگارەیان بۆ نیشاندانی دەنگی "v" (دەنگێکی وەك v ی ئینگلیزی) داناوە.

ئەم دەنگە زۆرتر لەزارەوەی کرمانجی ژوورودا هەیەو کەم وشەمان لەزارەوەی کرمانجی باشوودو زاراوەکانی دیکەی کوردیدا هەبووە کە ئەم دەنگەی تێدا بێو لەم دواییانەدا کە نووسەران و شاعیران هەوڵ دەدەن بەرهەمەکانیان بەواژەگەلی زاراوە جیاجیاکانی کوردیی، موتوربە بکەن و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش، هەندێ وشەی فرەتر لەزارەوەی کرمانجی ژوورو وەردەگیرێ، فرە یەك وشە، کە ئەم دەنگەیان تێدایە هاتوونەتە زاراوەکانی دیکەی کوردیی[17]

ئەم دەنگە لەهەندێ وشەی وەك ئەمانەدا دەبیسین: بڤڤە، گڤڤە، تاڤگە، بزاڤ، ڕاڤە[18]

(کاکە مەم)ی بەیتی (مەمو زین) لەزیندانداء، لەگەڵ (شەم)یك دەردەدڵ دەکاو دەڵێ:

هەرچەند ب شەڤ دبینی بیدار

سبحان دنڤی حەتا ڤە ئیڤار

ئیڤارو سەحەر ب ڕۆژ ئەگەر شەڤ

ئەز هەر دسژم، وەسال سەرهەڤ

ڕاهێنان:

کامیان هەڵەیە خەتی بکێشن:

تاریفی بەرەو ڕوو، لەزەمی پشتەملە خراپترە.

قەڵاکەم روخا پاڵ بەم بەکویوە.

دڵداری خوشە لە هەر دوو سەر بێ نك من بسوتێم ئەو بیخەبەر بی.

گەوهری دەریا بەدایم وا لە ژێر خاشاکەوە.
(قانیع)
بێ بەرگییە عیللەت کە هەتێو مەیلی هەتاوە.
(نالی)
کەلەکەی چەپم کون بو لێوانْ بەمست لێی داوە.
(فۆلکلۆر)
گا دەگریەم گا دەسوتێم غەرقی ئاوو ئاورم
ئاخ لەبەر بەختی سیام نازانم ئەز بۆچ نامرم
(لەگۆرانییەکی هونەرمەند "محەمەدی ماملێ" -شێعری وەفایی

بزوێن گەلی (سەر - ژێر)

زانا کوردەکان، بۆ رزگار بوون لەدەس هەندێ گیروگرفتی نووسین بەئەلفوبێی عەرەبیو بۆ نیشاندانی بزوێن (vowel) لەنوسینی کوردیدا [بەپێچەوانەی فارسی کە بۆ نیشاندانی بەشێك لەبزوێنەکان، شێوە رێنووسی عەرەبی رەچاو کردو لەبزوێنەر (إعراب) کەلکی وەرگرت] هاتن، بەپێی ناسیاریی خۆیان لەپەیکەرو ساختمانو تایبەتمەندییەکانی رێزمانی ئاخاوتنی کوردیی؛ بزوێن (vowels)ەکانیشیان وەك بێدەنگەکان (consonants)، بە پیت دەستنیشان کرد.

بزوێنی (سەر) [ـە - ە (a)]

نیگاری (ـە - ە) بۆ نیشاندانی بزوێنی (سەر) دانراوە. بڕوانە چەند وشەیەکی هاوبەشی کوردیی‌و فارسیو چۆنیەتی نووسینیان:

فارسی	کوردیی
سَر	سەر
حَیران	حەیران
دَست	دەست
بَهار	بەهار
کَمَر	کەمەر

نموونە:
ئاوی سپی کانییە
وازم لەمەشکەی نییە
حەیرانم لەمالْ نییە
(گۆرانی مەشکەژەندن)
هەرچی کۆرپەم نەلاوێنێ
کەرەی بەهار نەتاوێنێ
بەسەر نانیا نەساوێنێ
("لای لایە"ی کاتی بێشکەڕاژەندن)
تاخان ئەڕازێ، لەشکر ئەترازێ، (پەند)
بۆ وردبوونەوەی زیاتر لەم دەنگە، بڕوانە بەراوردی ئەم وشانەی خوارەوە:

کەڕ ـــــ کڕ
شەڕ ـــــ شڕ
گەڕ ـــــ گڕ

بەسەرنجدانی ئەم وشەگەلە، دەردەکەوێ کە جێگۆڕکێی بزوێنی سەر (ـــە -ە) لەگەلْ بزوێنی دیکە، مانای وشەکە دەگۆڕێ؛ لەم نمونانەدا بزوێنی "سەر" لەگەلْ بزوێنی "ژێر"ی کورت (i)- نزیك لەدەنگی کسرە مختلسە عربی - گۆڕاوەو وشەیەکی جیاوازی دروست کردووە...

بزوێنی "ژێر"/ "ی"ی کراوە ["ێ"/e]

بزوێنی (ێ) گەرچی جیاوازی فۆنەتیکی لەگەلْ بزوێنی "ژێر / کسرە"ی فارسیدا هەیەو لەبزوێنی "ژێر"ی فارسی درێژترو کێشراوەتر دەوێژرێ، بەلاّم نزیکترین دەنگ بەبزوێنی (یا)ی کراوەی کوردیی، دەنگی "ژێر"ی فارسیە.[19] بڕواننە چۆنیەتی نووسینی ئەم وشانەی ژێرەوە، کە گۆڕینی بزوێنێك لەوشەیەکدا بەبزوێنی "ژێر" چۆن جیاوازیی مانایی دروست دەکا:

شیو ـــ شێو دیو ـــ دێو ژێر ـــ ژیر

نمونەی چەند وشەیەکی هاوبەشی کوردییو فارسی (یافارسی)، بەڕێنووسی کوردیی:

مِهرَبان ـــ مێهرەبان شِعر ـــ شێعر پِهنام ـــ بێهنام

نموونەی چەند وشەیەکی کوردیی:
هێرۆ، کوێستان، لادێ، سێبەر، لاڕێ
نموونەی ئەدەبی:
دایە شەوەو کچی لادێی زامەکانم
کوننەو گۆزەی خۆیان پڕ کرد
لەرووباری قوولّی ژانم...
(لەتیف هەلّمەت)
نموونەی چەند زاراوە[20] (اصطلاح)ی کوردیی:
شەکرە سێو، فرەوێژ، شێرەژن
راهێنان:
ئەم وشانەی ژێرەوە کە بەناتەواوی نوسراون، تەواو بکەن:
شـ وانشـ و - ر بـ ندان - بالاّبـ رز- شـ نگ بـی - ناسگ هەرمـ

بزوێنگەلی "واو"ی کورت – "واو"ی کراوە – "واوی" درێژ

رێنووسی کوردیی، بۆ دیاریکردنی هەندێ بێدەنگ (consonants)و بزوێن (vowels)، تاقە نیگار (پیت / حرف)ێکی هاوبەش، یان چەند پیتی وێکچووی هەڵبژارد، کە ئەمە بۆ خۆی مایەی هەندێ گیروگرفتیشە و بۆ فێربوونی باشتری رێنووسی کوردیی، وردبوونەوە لەم بابەتە پێویستە؛ بۆ نموونە، لەکوردیدا بزوێن (vowel)ی "واو"ی کورت (و/u) و بێدەنگ (consonant)ی "و" (w) تاقە نیگارێکیان هەیە. پێش ئەوەی ڕاڤەی ئەم بزوێنانە بکەین، بڕوانینە ئەم چەند نموونەیە:

وێنە	وەڵام	شەواڕە	وەنەوز
Wena	Wâlâm	Sawâra	Wanawz
کورت	خوڕ	توڕ	کوڕ
Kurt	Xuŕ	Tur	Kuŕ

۱- (واو)ی کراوە ["ۆ"/o]

بزوێنی "واوی کراوە" (ۆ) نزیکترین دەنگە بە ("پیش"ی فارسی)و "ضمة"ی سەرەتاو ناوەندی وشە عەرەبی. بۆیە پەنجە لەسەر دەنگی "بۆر"ی سەرەتاو ناوەندی وشەی عەرەبی دادەنێین چونکە بەپێچەوانەی فارس زمانەکان؛ عەرەبگەل، "بۆر"ی ئاخری وشە، بەکورتیو خێرایی نابێژن (واتە دەنگی oی نییە...) وەک دەبێژن: "یەزهەبو" (یَذهَبُ). لەفارسیدا ئەم وشەیە، بەم شێوەیە دەوێژرێ: "یەزهەبۆ". وەک دەبینین عەرەبگەل "بۆر"ی ئاخری وشە، وەک "واو"ی کورتی کوردیی دەوێژن، کە خۆی دەکێشێ بەرەو "واو"ی درێژ:و ← وو. بەڵام لە سەرەتای وشە، یان ناوەندی وشەدا دەنگی بۆری عەرەب، خێراترو کورتترو وەک واوی کراوە (o/ ۆ) دێتە بێژ، وەک:

بُعدَ (دوور خرایەوە)– کَرُمَ (ڕێزی لێ گیرا)
– ضُرِبَ (لێ درا)

دەنگی "ۆ" لەم نمونە کوردییانەدا دەبینین:

شۆڕەبی (soŕabi)، شۆخ (sox)، سۆڵ (soÎ)، ڕۆژگار (ŕojgár)

نموونە:

... شۆڕەبی کە بۆتە داری چاکی بێ نەشە و شنە،
زەلکە گەر تەیاری قۆشەنە...
خۆشەویستەکەم!
لەپەنجەرەی نیوە تاکی بوومەلێلەوە،
چاوی من لەدیمەنی کچی بەیانییە؛
لەحەنجەرەی زەمانەوە،
گوێم لەزەمزەمەی زوڵاڵی خێزە وردەکانی کانییە.

(سوارە ئێلخانی زادە)

.. کەی وشەکان یاخی دەبن،
لەبازاڕی بازرگانی؟...
کەی بڕینەکان گڕ دەگرن؟
دەبنە سەرەتای گۆرانی؟...

(لەتیف هەڵمەت)

.. من لەسایەی ئەم دەرە ناڕۆم هەتا ڕۆژم نەبێ

(حاجی قادری کۆیی)

۲- "واو"ی کورت ["و"/u]:

ئەم بزوێنە، لەفارسیدا ناوێژرێو گەرچی نیگاری وێکچووی لەگەڵ بزوێنی "و"ی درێژی فارسی هەیە، بەڵام یەکێك نینو لەنێوان بزوێنی "واوی کراوە/ ۆ" و "واوی درێژ/ وو"ی کوردیدا دێتە بێژ؛ وەك وشەگەلی: خوڕ (xuŕ)، گوڕ (guŕ)، خوم (xum)، گوڵ (guÎ)

نموونە:

جام نا وەبان چاو سورمەڕێز کەرد
دووبارە مێڵ برد، قەتڵ پەرۆیز کەرد

(مام ستار– هۆرەوێژی ۱۲۰ ساڵەی خەڵکی ئاوایی "قاشوق"ی تیکاپ)

بارەشەبا فڕێ بدا تەوری ژەنگن،
نێرگزێك دەیەوێ بڕوێ.
تفەنگەکان، بابێدەنگ بن،
منداڵێك دەیەوێ بنوێ.
چی قەیسەرو پاشا هەیە باگوێ بگرن،
شاعیرێك دەیەوێ بدوێ
ئەوەی نەتوانێ ببێ
بەگوڵ بۆ پەرچەمی کچێ؛
ناتوانێ ببێ بەدرك،
بەپێی زۆردارانداببچێ...!

(لەتیف هەڵمەت)

۳- "واو"ی درێژ ["وو"/ u]:

لەلایەن زۆربەی نووسەرانی کوردەوە، نیگاری دو "واو" (وو) بۆ نیشاندانی بزوێنی "واوی درێژ" بەکار دەبرێ[۲۱] وەک وشەگەلی: ساووك (sūk)، هوون (hūn)، سوور (sūr)، سنوور (snūr)

سەبارەت بەبزوێنی "واوی دریژ"ی ئاخری وشە، هەندێك لەسەر ئەو بڕوایەن، چونکە دوایین دەنگەو بەروالّەت، کورتتر لەواوی درێژ دەویژرێ، دەبێ بەیەك واو بنوسرێ؛ بەلاّم رەچاوکردنی ئەم بۆچوونە بەمانای گۆڕینی بزوێنی "واوی درێژە" لەگەلّ "واوی کورت"داو هەلّەی رێنووسییە.

نموونە:

سەری، وەکوو هۆنراوەیەك،
هێدی هێدی، لار کردەوە؛
منیش، شانم وەك دەفتەرێ
تامەزرۆ بوو
هەلّبەستێکی بێتە سەرێ!
خەو بردیەوە
تابەیانی خەو بردیەوە...
(عەبدولّلاّ پەشێو)
وەتفەنگی بڕنەو ئاهوو لەکەل وڕ
پێکیاگم وەدەس غەزالّەی کەلوڕ
(فۆلکلۆر)

ئێستا بڕوانینە جیاوازیی مانایی کە بەگۆڕینی تاکە دەنگی (یەکێك لەم بزوێنانەی سەرەوە) لە وشدا پێك دێت:

وشە	فونەتیك	مانا
کول	Kul	ناتیژ
کۆل	Kol	ئاوەخۆرەی ئاژەلّ، کە لەدار، یان بەردو قوڕ دروست دەکرێ
کوول	Kul	تەشتێ نانکاران، غار
کوڕ	Kuŕ	مرۆڤ (منداڵ)ی نێرینە
کۆڕ	Koŕ	کۆبوونەوە، ئەنجومەن، دەستە...
کووڕ	Kūŕ	پشت کۆم
بۆز	Boz	کەوو، کەوگ، رەنگی شینی ئامالّ سپی
بووز	būz	لووان

ڕاهێنان:

بنووسن:[٢٢]

بەهار، دەشت، سەر، سەیرو سەمەرە، قازی کەوسەر، مێهرەبان، تێکڕا، زێویە، شێخ نافێع، شۆڕەبی، نەکەڕۆز، ئارام، ئاسەوار، شاهۆ، ئێلاّخ، عەبدولّلاّ ناهید، کۆڕ، گولّستان، مەلەکولکەلام مەجدی، گولّبەدەم، شۆڕەسوار، بۆرەپیاو، نۆرەئاو، گۆزە، تەمتوومان، سوورەگولّ، پەپوولە، کەرەفتوو، بزاڤ، ڕاڤە، گڤڤە، گەل، گلّ، گل، گولّ، گۆلّ، گول، گۆل، کۆڕ، کوڕ، کووڕ، کۆڕ، کور.

زێویە، تەختسلێمانو کەرەفتوو؛ چەند شوێنەواری مێژووییەن، کە نیشاندەری ڕەسەنبوونو ریشەداربوونی فەرهەنگی دانیشتوانی ئەم ناوچەیەنو مایەی شانازیی ئێمەن.

ئەو نۆنەمامەی دلّ لەلا گیرە
پەلکەی خەیاتەی لۆلۆی زنجیرە
خالّ چون هەسارەی عاسمانیگیرە
گۆنا چون خواردن گ[٢٣] شاو وەزیرە
وەنەوشەی نەسیم دەزگای کشمیرە
دلّ تاوە مردن بۆی پاوانگیرە
(مەنزوومەی وەنەوش‌و بەڕەزا)

(بزوێنگەلی ("ی" I – و "ا" ā)و کورتە بزوێنی "أ"")

لێرەدا باسی بزوێنگەلی (یا)ی ئاسایی [I]و "کورتە بزوێنی I"و بزوێنی "ا" (a) دەکەینە بیانووی بەسەکردنەوەی بەیتی کوردییو ڕوانینێکی تر بۆ فۆلکلۆر:

ئەوەی دلّسۆزانی فەرهەنگی کورد، لەئێراندا دەخاتە پەژارەوە؛ خەمی خەریکبوونی زۆربەی هۆگرانی ئەدەبە، بەتەنیا لایەنێکی ئەدەبی کوردییەوە، وەك چالاکی هەر لەمەیدانی شێعری کلاسیکی، یان تەنیا فۆلکلۆر، چیرۆك‌و بابەتی دیکە؛ کە لای زۆربەمان ئەو لایەنە شێعرە. ڕاستە کە شێعر، زیاتر لەهەموو بەشێکی ئەدەب‌و چالاکی فەرهەنگی، کەسپە لەهەناو دێنێ‌و خوڕپە دەخاتە دلّانەوەو هەست بزوێنە؛ بەلاّم ئەگەر بێین هەندێ بەفرەوانتر بڕوانینە ئەرکە فرە پێویست‌و چالاکییە سەرەکییەکانی ئێستامان، دەبینین کە دەتوانین وێڕای خەریکبوون بەشێعرەوە؛ لەهەندێ مەیدانی دیکەدا کە کاری کەمتر گراوە، تەقالاّ بدەین.

بۆ نموونە، بەگشتی کاری کۆکردنەوەی میرات‌و کەلەپوورو فەرهەنگی نەتەوایەتیمان لە زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی ئێراندا ئەوەندە کەم کراوە، کە شەونمێکی لەچاو دەریا...

لەزۆربەی ناوچەکاندا؛ بۆ کۆکردنەوەی ڕێ‌و ڕەسمی جۆراو جۆرو پێوەندیە کۆمەلایەتیەکانی پێشوومان، شێعرو هۆنراوەی ناو شایی‌و شیوەن‌و کاتی دروێنەو مەشکەژاندن‌و منداڵ لاواندنەوەو

لبادکوتان‌و هۆره‌و لاوك...، رووداوه مێژووییه‌كان، ناسین‌و ناساندنی شاعیرو هونه‌رمه‌ندو نوسه‌رانی پێشوومان‌و ده‌یان بابه‌تی دیكه، كه بنه‌مای فه‌رهه‌نگ‌و زمانمانن، كارێكی شایان نه‌كراوه.

خوانه خواسته نامانه‌وێ ئه‌و كارانه‌ی كراوه، بێبایه‌خ بكه‌ین، به‌ڵام (بۆ نموونه) كه‌س نازانێ چه‌ندان به‌یت‌و مه‌نزومه‌ی كوردیی فه‌وتاون.. ئێستاش به‌مردنی هه‌ر پیره‌پیاو و پیرێژنێك، كه‌ڵێ وشه‌و زاراوه‌و چیرۆك‌و په‌ندو مه‌ته‌ڵی.. كوردیی ده‌چنه ژێر گڵه‌وه...و به‌شێك له كه‌ره‌سه‌ی ره‌سه‌نی نووسه‌رو شاعیرو هونه‌رمه‌ندی كورد، روو له‌نه‌مانێكی هه‌رمانه‌و ئه‌ركی گه‌وره‌ی هه‌موو قه‌ڵه‌مبه‌ده‌ستێكه؛ جوامێرانه قۆڵی هیممه‌تی لێ هه‌ڵماڵێ‌و هه‌ركه‌س له‌ئاست خۆیدا هه‌وڵ بدا بۆ كۆكردنه‌وه‌و پاراستنی ئه‌م كه‌له‌پووره.

به‌یتی كوردیی، یه‌كێكه له سه‌رچاوه‌كانی هه‌ره ره‌سن‌و دێرینی كورده‌واری كه هه‌م پڕه له‌وشه‌ی ره‌سه‌ن‌و ساده‌و ساكارو شیرینی كوردیی‌و هه‌م گه‌لێ رووداوی مێژوویی‌و به‌سه‌رهات‌و ڕێ‌و ره‌سم‌و خووخده‌ی كورده‌واری‌و بیروڕای ئایینی‌و فه‌رهه‌نگیی كوردی له‌خۆیدا پاراستووه، كه سه‌رچاوه‌یه‌كی به‌پێزه بۆ لێكۆڵینه‌وه‌ی جۆراو جۆرو هه‌وێنێكی باشه بۆ خولقاندنی به‌رهه‌می هونه‌ری...

بزوێنی "ی":

بزوێنی "ی" (İ) كوردیی‌و فارسی وه‌ك یه‌ك ده‌نووسرێن‌و بێژه (تلفظ)یان وێنه‌ی یه‌كه، وه‌ك له‌م نمونانه‌دا ده‌یبینین:

كوردیی	فارسی
ژیلا	ژیلا
تیر	تیر
سینا	سینا
ئیمان	ایمان

له‌هه‌ندێ وشه‌دا ئه‌م ده‌نگه كێشراوه‌تر ده‌وێژرێ‌و هه‌ست به‌هه‌بوونی بزوێنێكی درێژتر له‌بزوێنی "ی" ده‌كرێ؛ به‌ڵام كورت ده‌ربڕین یان كێشراوه ده‌ربڕینی ئه‌م بزوێنه، هیچ ماناگۆڕكێیه‌ك له‌وشه‌دا پێك ناهێنێ‌و پێویست ناكا وه‌ك هه‌ندێ نووسه‌ر "ی"ی درێژ به‌دوو "ی" بنوسین. بۆ نموونه، وشه‌ی "پیر" ئه‌گه‌ر به‌دوو "یا" بنوسین (پییر)، جیاوازییه‌كی مانایی تێدا به‌دی نایه‌ت. [ئه‌گه‌ر چی ره‌نگه له‌بواری دیكه‌وه (وه‌ك وورده‌كاریی فۆنه‌تیك) دیاریكردنی ئه‌م ده‌نگانه، به‌قازانج‌و پێویست بێت؛ به‌ڵام به‌گشتی ئه‌م دیاریكردنه، ده‌بێته هۆی قورسكردنی پتری ڕێنووس.][٢٤]

نموونه:

سه‌د وه‌ستام ده‌وێ، له‌پایه عه‌رزی / دوو سه‌د شاگرد بێ بۆ خۆی‌و ده‌رزی / كراس بدوڕێ له‌گوڵووكی ره‌زی / له‌به‌ژنی یارم بۆ خۆی بله‌رزێ * سه‌د وه‌ستام ده‌وێ له‌بانی كۆیه / هه‌شت له‌مووسڵێ، شێست له شنۆیه / كراس بدروون له‌گوڵی لیمۆیه * ده‌بڵا ته‌نك بێ / ناسك‌و شلك بێ / بۆ چاو هه‌ڵۆیه... (به‌یتی خه‌زێم).

گورته بزوێنی (İ):

گه‌رچی باسی ئه‌م كورته بزوێنه له‌بنه‌ڕه‌تدا سه‌باره‌ت به‌یه‌كێ له گیروگرفته‌كانی ڕێنووسی كوردییه‌و شیكردنه‌وه‌ی تایبه‌تی‌و چاره‌سه‌ریی بنه‌ڕه‌تی ده‌وێ؛ به‌ڵام چونكه له‌م به‌شانه‌شدا كه پێشكه‌ش كراون؛ به‌پێی پێداویستی، ئه‌م ده‌نگه‌مان ده‌ستنیشان كردووه؛ لێره‌دا به‌كورتی لێی ده‌دوێین:

له‌ڕێنووسی كوردیی به "ئه‌لفوبێی عه‌ره‌یی"دا، ئه‌م ده‌نگه دیاری نه‌كراوه، ئه‌م بزوێنه كورتتره له‌بزوێنی "ێ"و ده‌نگێكه وه‌ك له (كسره مختلسه"ی عه‌ره‌بی، بڕوانته نوسینی فۆنه‌تیكی ئه‌م چه‌ند وشه كوردییه:

مه‌ن (mazin)، گڕ (giŕ)، شنه (sina)، من (min)

دانه‌نانی ئه‌م بزوێنه له‌وشه وێكچووه‌كاندا، هه‌ندێ جار ده‌بێته هۆی ماناگۆڕكێ، یان شێواندنی مانا:

وشه	فۆنه‌تیك	مانا
شینك	Sinik	پشتوێن
شینك	Sink	شینكایی، سه‌وزه‌لانی
ده‌شت	dast	چۆڵگه، سارا
ده‌شت	dasit	ده‌یشۆرد (جلی ده‌شت)
ئه‌من	amn	ئه‌منییه‌ت، (ئیستخبارات)
ئه‌من	amin	من
مانگ	Mang	مانگی ئاسمان
مانگ	Manig	ماندوو

نموونه:

"... لاسه! ئه‌و په‌رچه‌مانه‌م بۆ تۆ په‌روه‌رده كردوون هه‌روه‌ك ئاوریشمی دووكانێ،

ئەمن ئەو هەنیەم بۆ تۆ نیگادا شتیی کردووە، هەزارو حەوسەد مەلایکەتی جلّەوکێشە، وەك مانگی مونەوەر وایە، شەوقی داوەتە عەرزو ئاسمانێ..."

(بەیتی لاس و خەزاڵ)

بزوێنی "ا" (a):

بێژەی بزوێنی "ا" وەك بزوێنی "ا" فارسییە کە لەم وشانەدا دەیبینین:

ڕۆژان، شەماڵ، باران، وەستا، نیشتمان، مامۆستا

نموونە:

دمدمم بەردێکی شینە / چوار زستان و پێنج هاوینە / تێیدا خانی لەپ زێڕینە / زەفەرمان پێ نەبردینە *

دمدمم بەردی لەبەردی / لێی دەن بەتۆپی نەبەردی / تارۆژی مەردی و نامەردی (بەیتی دمدم).

گیرە (تشدید)

لەزمانی کوردیدا کەم وشەمان هەیە کە گیرەی هەبێ و بۆ نووسینی ئەو وشانە وشەی زمانەکانی دیکە، کە گیرەیان هەیە و بەکوردیی دەنووسرێن؛ بەجێی دانانی نیشانەی گیرەی فارسی و عەرەبی ( )؟ دەنگی گیرەدار دووبارە دەنووسرێتەوە؛ وەك:

بڤڤە زڵڵە، عەبدوڵڵا، شەددە، موحەممەد، میللەت، میللی، گوڵڵە

زۆر نوسەریش بەپێوانەی فۆنەتیکی زمانی کوردیی، کە خۆی دوور دەخاتەوە لە "گیرە"، لەنوسینی ئەو وشانەدا؛ دەنگە "گیرەدار"ەکە بێ دووبارەبوونەوە دەنوسن؛ وەك: محێدین، نەجمەدین، عێزەت، سەلاحەدین

خاڵدانان

بۆ تێگەیشتنی وردو خێرای خوێنەران لەبابەتێك، ڕەچاوکردن و بەڕێوەبردنی یاساکانی خاڵدانان لەلایەن نووسەرانەوە، زۆر پێویستە. گەلێ جار، دانان، یان دانەنانی نیشانەیەك لەرستەیەکدا، مانای رستەو بابەتەکە دەگۆڕێ؛ هەروەها خاڵدانان پێوەندی نێوان کەرتەکانی رستەو ئاهەنگی وتە دیاری دەکات. خاڵدانان لەنوسینی کوردیدا مێژوویەکی کورتی هەیەو هێشتاکە هەر کەسەی بەدڵخوازی خۆی خاڵ دادەنێ....

لێرەدا سەرەکیترین هۆیەکانی خاڵدانان دەستنیشان کراون:

خاڵ .

دانانی خاڵ لەئاخری رستەدا بەمانای کۆتایی هاتنی مەبەستی رستەیەو لەدوای رستەیەك دادەنرێ کە هەواڵێك ڕادەگەیەنێ و هەروەها رستەی هەواڵی لەرستەی دوای خۆی جیا دەکاتەوە:

ئەگەر مۆسیقاو گۆرانی هەر میللەتێك، دەربڕینێکی ڕاستگۆیانەی ناخ و دەروونی ئەو میللەت بێت، ئەوا تێکڕای مۆسیقاو گۆرانی شەقڵێیکی تایبەتمەندی خەمناکی هەیە. (مێژووی مۆسیقای کوردی – نوسینی: محەمەد حەمە باقی.)

گۆرانیەکانی من
هەمیشە
بەسەر دارەکانەوە دەنیشنەوە.
دەنیشنەوە ئەو شوێنەی
کە جارو بار
لەخەونمدا
چاوانی تۆ دەبینم. (شێعری "گۆرانیەکانی من" – وەرگێڕاوی: فەرەیدوون ئەرشەدی.

کاما ،

کاما نیشانەی ڕاوەستانێکی کاتیی و کورتە لەرستەدا. ئەم جۆرە ڕاوەستانە لەشوێنی جۆراو جۆری رستەدایەو پێش کۆتایی رستەیەکی تەواو دادەنرێ. لەکاتێکدا بمانەوێ رستەی سادە لەناو رستەی لێکدراو (مرکب)دا جیابکەینەوە، یان بۆ جیاکردنەوەی وشەو زاراوە...ی لەدوایەکی رستە، لەکاما کەڵك وەردەگرین. هەندێ کەس لەنووسیندا بۆ نیشانەی بانگکردن، کاما بەکار دێنن؛ کە جوان نییەو نیشانەی (!) بۆ ئەمە مەبەستە بەجێترە:

وێنەی خێزانو منداڵەکانی دێتە بەرچاو، ڕواڵەتیان تێکدەشکێ. سەریان درێژتر دەبێ، چاویان بەقەت کونە دەرزییەکی لێ دێ، زاریان وەك ئەشکەوتێکی ڕەش و بێ بن دیاری دەکا. قامکی دەستیان وەك تووڵەمار باریك و درێژ دەبن، لەلەشی دەهاڵێن و قەفی پێدا دەخۆنەوە، وردە وردە دەم لەجەستەی دەنێن و دەیخۆن. (کورتە چیرۆکی "گورگ" – نوسینی: ناسر وەحیدی).

کامای خاڵدار؛

کامای خاڵدار نیشانەی ڕاوەستانێکی فرەتر لەکامایەو لەنێوان دوو رستەدا دادەنرێ کە مانایان بەیەکەوە بەستراوەتەوە:

ئاخ گۆمی مەند! مەگەر هەر خۆم بزانم چەندەم دەرد لەدڵدایەو چەند شەیدام؛ کەس نازانێ چەندەم دڵ پێوەیە ئەو شوورەیەت لەدەور لابەمو تۆش وەکو هەزاران رۆخانەو دەریای ئازادی ئەم دنیایە؛ ڕەوان، ڕەوان، بەسەر گاشەبەردو لمو زیخدا لەنجە بکەیت. بڕۆیتو هاژەت بێت، دەرونت پڕ بێ لەماسیو دەورو بەرت بەدارستان تەنرابێ (کورتە چیرۆکی "خرمەی بەستەڵەک"– نوسینی: نەجیبە ئەحمەد).

نیشانەی سەرسوڕمان (!)

ئەم نیشانەیە لەکۆتایی رستەدا، لەکاتی سەرسوڕمان، بانگ کردن، پێداگریو پەنجە لەسەر دانان (تأکید)، دۆعاو نزا، پێداهەڵگوتن، خەفەتو مخابن... دادەنرێ.

بۆ نیشاندانی سەرسوڕمانی فرەتر لەهەندێ شوێندا دوو (!!)، یان سێ (!!!) دادەنرێو هەندێ جار نیشانەی پرسیاریشی دەخەنە پاڵ:

ناوی چیت لێ بنێم، کە تۆ وەک تەزوو سەرتاسەری بوونم دەخەیتە جوواڵەو بەدیت ناکەم، وەک هەنسک نهێنیی خەمو ژان دەدرکێنیو نابیتە گریان، وەک شەرم نیگاری تاسەو ئەوین دەکێشیو نابیتە حەزو نابیتە ئارەزوو. ناوی چیت لێ بنێم، ناوی چی؟! (فەرهاد شاکەلی).

نیشانەی پرسیار؟

وەک لەناوەکەیەوە دیارە لەکۆتایی "رستەی پرسیاری"دا دادەنرێ:

شیعرێکی جوانە؟ نا؟ بەڵام رەنگە زۆرتان پێسەیر بێ ئەگەر بزانن ئەم شێعرە یەکو دوان نییە، بەڵکو هی پێنج شاعیرەو لەکاروانی شێعری گۆواری سروەدا شێعرەکانیان چاپ کراوەو من لەهەر یەکەیان یەک دوو دێڕم وەرگرتووەو ئەم شێعرەم لێ خولقاندووە! (جەلال مەلەکشا) گۆڤاری سروە.

دوو خاڵ:

ئەم نیشانەیە بۆ دیاریکردنی "وتەی راستەوخۆ" (نقل قول مستقیم) دێت:

وەک گۆران کە شێعرەکانی فرێدایە بەر پێی پیرەمێرد، گوتی: (کێهەپیان زۆڵە، بەسەری گۆچانەکەت سەری پان بکەوە"، فرێتان دەدەمە بەر پێی. (کۆمەڵە کورتە چیرۆکی "زریکە" – نوسینی: عەتا نەهایی).

هەروەها لەدوای رستەیەک دادەنرێ کە بەدوایدا رستەیەکی دیکە ڕاڤە (شەرح)ی بکات، یان هۆیەکانی رستەی یەکەم باس بکا:

ئەم خۆشەویستە دڵڕەقە عیشق پەروەردەی
نەدەتوانم وەکو کیژێک بیخەمە پاشتەرکی ئەسپو
لەژێر سایەی زێڕەوشانی تریفەی مانگەشەوێکدا هەڵیگرم،
نەدەتوانم هەرگیز دڵی لێ بەردەمو خۆم گێرۆدەی شوێنێکی دیکە بکەم،

ناوی: "خاک"ە (لە: شیعری "مانەوە"– مارف ئاغایی).

کەوان ( )

کاتێک بمانەوێ هاومانای وشەیەک، یادەستەواژەو زاراوەیەک لەپەنایدا بنوسین، دەتوانین بۆ شەرحکردنی وشەکە.. ماناکەی بخەنە ناو کەوانەوە. هەروەها ئەگەر بمانەوێ مەبەست لەرستە، یان بەشێک لەرستە، بەوشەیەک دەربڕین یان وشەیەک کە پێوەندی بەو رستەوە هەیە دیاری بکەین، لە "کەوان" کەڵک وەردەگرین، جاروباریش شەرحی زیایی وشە، وتە، یان مەبەستێک لەرستەدا لەنێو کەوانەدا دەکرێ:

شوێنکەوتنی کوێرانەو لاساییکردنەوەی دەقاو دەقی شێواز (سەبک)ە هونەرییەکان، بێجگە لە گۆشەنشینیو دوورکەوتەیی هونەر، ئاکامێکی نییە. هەموو جۆرە خولقاندنو داهێنانێکی هونەری پێوەندێکی لۆژیکی (مەنتیقی) لەگەڵ قەوارەو پێوەندیگەلی گۆمەڵایەتیو هونەرەکانی پێش خۆی هەیەو بناخەی لەسەر پێشەکییەکی مێژووییە کە بوەتە هۆی بەدیهاتنی ئەو دیاردە نوێیە. (هونەرمەند هادی زیائەدینی – وەرگێڕاوی: وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری ئاویەر).

جووت کەوان (( ))

جووتێ کەوانی بچووکەو لەشوێنی جۆراو جۆردا دادەنرێ. کاتێ بمانەوێ ناوێکی تایبەت (خاص)، یان وشەیەکی گرینگ لەرستەیەکدا دیاری بکەین، کاتێک وتەیەکی راستەوخۆی کەسێک دەنووسینەوە، وتەکە دەخەینە ناو جووت کەوانەوە:

میرزا ڕەحمان گەشابۆوەو وا خافڵابوو "پادشای شووتییەکان"ی هەر بەجارێ لەبیر چوو بۆوە.

(چیرۆکی "پادشای شووتییەکان" – نوسینی: محەمەد رەمەزانی).

نیشانەی شەرحکردن [ ] یا - -

بۆ راڤەی بابەتێك لەنێوان رستەدا، یان شیکردنەوەی فرەتری مەبەستێك لەم نیشانانە کەڵك وەردەگیرێ. نیشانەی هێڵی بچووك (–)، لەشوێنی دیکەش، بۆ جیاکردنەوەی وشەکانی دوابەدواو... بەکار دەبرێ.

وابزانم بەر لە پرسی "زمانو کەسیەتی نووسەر" لای ئێمە کێشەیەك هەیە کە کێشەی "کۆ"یە [نەك تاك]، چونکە بەر لەبوونی تاك کۆمەڵ هەیە، لەکەلتووری ئێمەدا هێشتا "تاك" بەو مانایەی کە لە رۆژاوادا هەیە، نەك هەر دروست نەبووە، بەڵکوو جێگەی باسکردنیش نییە، نەتاك هەیەو نەشتێك بەناوی تاکخوازی Individualityیەوە. (شێرزاد حەسەن).

کۆمەڵە خاڵ ...

ئەگەر بەهەر هۆیەك، مەبەست لەرستەیەکدا بەناتەواوی بمێنێتەوەو رستەکە بپچڕێو هەموی نەنووسرێ، ئەم نیشانەیە بەکار دەبەین، لەئاخری پاراگرافدا بەجێی سێ خاڵ، چوار خاڵ دادەنرێ:

چاو هەڵدێنم. هەموو لەشم ژان دەکا. لەسەر زەوی فڕێ دراوم. دەستی خدر لەسەر سەرمە:

– میرزا! چاو هەڵێنە! منم خدر. تۆ نابێ بمری. تۆ بەهێزی... سەرم قورسە. چاوم تارمایی دەکا. (رۆمانی میرزا– بەشی دووەمی "هاوارە بەرە" – نوسینی فەتاح ئەمیری).

پەراوێز:

(١) دەنگ لەڕێگەی (گوێ)ەوە هەست دەکرێو بەهۆی ئامێری ئاخاوتن (دستگاه گویش)ەو دەردەبڕێت، بەڵام پیت نیگار (شکڵو وێنە)ی دەنگە، کە دەنووسرێ.

(٢) نیگار = شکل.

(٣) دەنگ = صدا.

(٤) بەپێی دابەشکاری رۆژاواییەکان، ئاخاوتن لەهەشت بەش پێکهاتووە، کە بریتین لە: ١– ناو ٢– ئاوەڵناو ٣– جێناو ٤– کردرا/ چاوگ ٥– ئاوەڵکردار ٦– وردە وشە ٧– ئامرازی پێوەندی ٨– ئامرازی سەرسوڕمانو بانگێشتن. رووسەکان، دوو بەشیان خستە سەر ئەم دابەشکارییە کە بریتین لە: ١– ژمارەو ٢– پارتیکل.

(٥) بزوێن= دەنگبزوێن، دەنگدار.

(٦) لەنێوان زمانەواناندا سەبارەت بەبێدەنگ (consonant) بوونی ئەم دەنگە، بیروڕای جیاواز هەیە، زۆربەی زمانەوانان پێیان وایە، "هەمزە" بێدەنگەو هەندێ لەفۆنەتیکزانەکان (وەك دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف) بە "یارمەتیدەری بزوێن" دەیناسن. هەمزە لەخانەبەندی فۆنەتیکدا دەچێتە خانووی دەنگە گەرووییەکانەوە.

(٧) ڕێکەوەند = ترکیب.

(٨) فتحه a

(٩) بەنی قایشە جورت.

(١٠) دیارە کە بزوێنی "ی" لەوشەگەلێ وەك "ئیترس"دا، کورتترە لەبزوێنی "ی" لەوشەی وەك "پیر"دا. هەندێ نووسەر، نیگاری (یَ، یِ) یا (یی یی)یان، بۆ ئەم تاکە دەنگە داناوە؛ بەڵام کرژو خێرا دەربڕین، یا درێژەدەربڕینی ئەم بزوێنە، هیچ جۆرە مانا گۆڕکێیەك لەوشەدا پێك ناهێنێو ئەم کارە پێویست ناکا. لەباسی تایبەت بەم بزوێنەدا پتر لەسەر ئەم باسە دەدوێین.

(١١) چڕوو.

(١٢) دوا سەرنجمان سەبارەت بەدەنگی هەمزە، ئەوەیە کە بەپێچەوانەی هەندێ بیروڕاوە؛ هەمزە بزوێن نییەو هەرگیز لەسەرتای وشە، یان بڕگەو کەرتی وشەی کوردیدا، بزوێن ناوێژرێو هەموو کاتێ بەیارمەتی بزوێنێك دەوێژرێ؛ یان بەوتەیەکی تر: خۆی دەبێتە یاریدەدەری دەربڕینی بزوێنێك – وەك لەسەروە وتمان "هەمزە" دەنگێکی گەرووییەو بۆ دەربڕینی، قورگ تەنگ دەبێتەوەو دەبەسرێو هەوا بەتەوژم لەگەرووەوە دێتە دەر کە دەوێژرێ ڕێگایەکی سادە بۆ جیاکردنەوەی consonant (بێدەنگ)و vowel ·بزوێن) لەیەکتر، ئەوەیە کە سەرنج بدەینە چۆنیەتی دەربڕینی دەنگەکان. لەکاتی دەربڕینی "بزوێن"دا (کە هەموو کاتێ بەدوای "بێدەنگ"دا دێن) ئەم دوو بەشە لێك جیا دەبنەوە..

(١٣) شکڵ/ پیت.

(١٤) ئەم دەنگە لەخانەبەندی فۆنەتیکدا دەچێتە خانووی "لەرەدار (=لەرۆزك)/ مەلاشوویی" یەوە. [لەکاتی دەربڕینی دەنگی "ڕ"دا سەری زمان بەمیچی مەلاشووەوە دەلەرێتەوە].

(١٥) ئەم بۆچوونە، لەباری ڕێنووسەوە ڕاست نییە.. چونکە بەپێی باساکانی ڕێنووسی کوردیی، هەر دەنگەی نیگارێکی تایبەت بەخۆی هەیەو چۆنیەتی نووسینو نیگاری دەنگ نەبەستراوەتەوە بەشوێنی وتنی ئەو دەنگە لەسەرەتا، یان لەنێوان، یا لەئاخری وشەدا. هەر نیگارێك کە بۆ دەنگێك دانراوە، وەك پێناسەی ئەو دەنگە وایەو لەهەموو شوێنێکی وشەدا دەبێ بەو پێناسەیەوە بناسرێتەوە. نیشانەی (ـّـ) هیچ مانایەکی سەربەخۆی نییەو نیگاری "ڕ"یەك دەنگی یەکپارچەیە، کە بۆ "ر"ی قەڵەو دانراوەو نابێ لەیەك جیابکرێنەوە. جگە لەمە، بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی بەتایبەت (بۆ بێگانەزمانان) دانانی نیشانەی (ـّـ) پێویستە. بەڵام چونکە زۆربەی نووسەران، "ڕ"ی سەرەتای وشە بەبێ نیشانەی (ـّـ) دەنووسن. بۆ بەرگیری لەشڵەژاوی فرەتر، تاکو کۆڕێکی دەسەڵاتداری لەم بارەوە بڕیارێك بدا؛ باشترە (ڕ)ی سەرەتای وشە بەبێ نیشانەی (ـّـ) دەنووسن بۆ بەرگیری لەشڵەژاوی فرەترە تاکو کۆڕێکی دەسەڵاتداری لەم بارەوە بڕیارێك بوو باشترە (ڕ)ی هەر بەبێ نیشانە بنووسرێ.

(١٦) لەخانەبەندی فۆنەتیکدا بەمجۆرە دەنگە دەڵێن: کەناری/ مەلاشوویی. لەکاتی دەربڕینی ئەم دەنگەدا ڕووی زمان دەنووسێ بەمەلاشووەوەو هەناسە لەلا تەنیشتەکانی زمانەوە دێتە دەر.

(١٧) لەباری فۆنەتیکەوە ئەم دەنگە "لێوددانی"یەو بۆ دەربینی؛ ددان دەچێتە سەر لێوی خوارەوەو هەوا لەنێوان ددانەکانی پێشەوە دێتە دەرو ئەم دەنگە بە "خشە/ لەرە"وە دەوێژرێ، سەرنجی خوێنەران بۆ ئەو مەسەلەیە ڕادەکێشین. کە: چونکە باسی فۆنۆلۆژی، لەم بابەتەدا، باسێکی لاوەکییە؛ کاتێ بەکورتی، لەپلەو خانووی فۆنەتیکی دەنگێك دووایین؛ مەبەست دەرخستنی هەموو ڕوویەکی ئەم دەنگانە لەباری فۆنۆلۆژییەوە نەبووەو هەر سەرەکیترین تایبەتمەندیی فۆنەتیکی دەنگەکەمان نیشان داوە.

(١٨) لەزاراوەی کرمانجی خواردووەدا، دەنگی "ڤ" لەو وشانەدا دەبیسین کە ئەم دەنگەیان تێدا دووبارە بووەتەوە.

(۱۹) سەبارەت بەبزوێنی "ژێر"ی کوردیی؛ بیروڕای جیاوازو هەندێ ئاڵۆزیی، لەناو نووسەران‌و ئەدەبدۆستانی کوردی ئێراندا هەیە. هەندێ لەنووسەران دەقاو دەق ئەم دوو بزوێنە وەک یەک دادەنێن‌و جیاوازیی فۆنەتیکی نێوان دوو بزوێنەکە لەبەرچاو ناگرن. هەندێکیش بەپێچەوانەوە، یەکسەر ئەم دوو بزوێنە جیا لەیەک و دوور لەیەکتر دەزانن‌و پێیان وایە بزوێنی "ی"ی فارسی، هەمان بزوێنی "یا"ی کراوەی کوردییە و بۆ نموونە هەندێ وشەی فارسی دێننەوە، کە لەواندا ئاڵوگۆڕی بزوێنی "ی"ی فارسی بە"ێ"ی کوردیی هاتۆتە دی؛ وەک وشەگەل: شیر (فارسی) ــ شێر (کوردیی) ایران (فارسی) ــ ئێران (کوردی) لەحاڵێکدا ئەم ئاڵوگۆڕە، پێوەندی بەچۆنیەتی دەربڕین‌و بیژە (تلفظ)ی وشەگەلێکە کە لەزمانی دیکەوە دێنە ناو زمانی کوردیی، یابەکوردیی وەردەگێڕدرێن، یان وشەی هاوبەشی نێوان فارسی‌و کوردین‌و بەپێی فۆنەتیکی کوردیی، بزوێنی "ی"ی فارسی لەو وشانەدا دەبێتە بزوێنی "ێ". لەم وەرگێڕانی.. وشەیە لەفارسییەوە بۆ کوردیی، فۆنەتیکی وشە فارسییەکە ناپارێزێ‌و ئەگەر بمانەوێ بۆ نموونە، هەر ئەو دوو وشەیە بەپێی یاساکانی فۆنەتیک) بێ وەرگێڕان‌و هەر بەبیژە (تلفظ)ی فارسی‌و بەڕێنووسی کوردیی بنووسین، بەمجۆرە دەیاننوسینەوە: ایران (فارسی) ــ ئێران (کوردیی) شیر (فارسی) ــ شێر (کوردیی) واتە لێرەدا دەردەکەوێ کە ئەم بڕوایە کە تاڕادەیەکی زۆر سەلمێنراوە، راست نییە.

۱- زاراوە= idiom لەدانانی هاومانای idiomدا لەزمانی کوردیدا هەروەک لەزمانی ئینگلیزیدا گیروگرفتێک هەیە ئەویش ئەمەیە کە چۆن idiom لەئینگلیزیدا هەم مانای dialect (شێوەزار، لهجە) دەگرێتەوە‌و مانای (اصطلاح)یش دەدا، لە کوردیشدا "زاراوە" هەم بەمانای (شێوەزار، لهجه) بەکار دەبرێ، هەم بەمانای (اصطلاح).

۲- وشە دانەی ساکاری هەموو زمانێکەو لەبنەڕەتدا، وشەی سادەو "ناو"ەکان؛ بەپێی وازو مەیلی یەکەم ئاخێوەرانی ئەو زمانە (بۆ جێبەجێکردنی پێداویستی ژیان‌و پێوەندە کۆمەڵایەتیەکان)، بۆ شتێک یان حاڵەتێک‌و هەلومەرجێک.. دانراون‌و هەندێکیشیان پێوەندییان بەتایبەتمەندییەکانی خودی شتەکە، ئامێرەکە، یان هەلومەرجەکەوە نەبووە‌و چمک (مفهوم)ێکی "تجریدی‌و انتزاعی)یان. ئەمجۆرە وشانە، لەزماناندا ژمارەیان زۆر نییە‌و بەکەم‌و زیادکردنی پێشگرو پاشگرو ناوگر.. وشەو زاراوە (اصطلاح)ی دیکەیان لێ دروست دەبێ‌و ئاخێوەر قسەیان پێ دەکاو کەسی تر لەمەبەستی خۆی دەگەیەنێ.

یەکێک لەبابەتە گرینگەکانی زمانیی، چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن لەم وشانەیە بۆ داڕشتنی زاراوە وشەی لێکدراو..و دروایەش دروستکردنی زاراوەی نوێ (بەپێوانەی ئەو یاسایانەی، کە بەدرێژایی مێژوو لەزمانەکەدا جێگیر بوون).

داڕشتنی زاراوە، یەکێکە لەئەستەمترین‌و گرینگترین کارەکانی زمانەوانیی.. جوانترین زاراوەگەلی زمانی کوردیی، بەرهەمی کاری سروشتی‌و ئاسایی خەڵکی رەشۆکی‌و نەخوێندەوارن‌و بەپێوانەیەکی خۆمالیی‌و بەهەوێنی خودی زمانەکە، داڕێژراون، نەک لەلایەن زانایانی زمانەوە. (سەدان زاراوەی شیرینی وەک ئەم زاراوانە، زمانی کوردییان رازاندۆتەوە: شۆڕەژن، سەوزەگیا، ناسکە هەرمێ، ئاشبەتاڵ، دەستەچیلە، دارەمەیت، خەمڕەوێن، دەمەوانە، بەربەیاخی، پێخەف، سێ کوچکە، کەڵە پیاو..) هەرچەند ئەمە بەمانای لەبەرچاونەگرتنی هەوڵ‌و تەقالای جوان‌و بەرزی زمانەوانی کورد لەم بوارەدا نییە، کە بەداڕشتنی گەلێ وشەی بەڕێ‌و جێ بۆ کەرەسە‌و ئامێرو هەلومەرجی نوێی کۆمەڵایەتی؛ هەوڵیان داوە بۆ پاراوەنێشتنەوەی زمانی کوردیی، بەڵام لەدنیای ئەوڕۆدا، کە لەگەڵ تێپەڕینی هەر ساتێک ئاڵوگۆڕێکی تێکنۆلۆژی، زانستیی، ئابووریی.. رووەداو بەتایبەت بە دامێنان‌و دروستبوونی هەر کەرەسەیەکی نوێ، زاراوەیەکی نوێ لەدایک دەبێ‌و هەندێکیش دەستەو پاوان وشەو زاراوەی پێویستی ئەو ئامێرە ساز دەکرێن ... هاتنی ئەم کەرەسانە بۆ ناو وڵاتێک وەک ئێران‌و ناو گەلی کورد، جگە لەوەی وشەو زاراوەی بێگانە‌و نامۆ تێکەڵی زمانی کوردیی‌و فارسی‌و.. دەکا؛ هەندێ جاریش دیاری نالەبارو بیانی فەرهەنگی لەتەک خۆیاندا دێنن‌و زمان‌و فەرهەنگمان تووشی مەترسی لاوازبوون‌و هەرەسهێنان دەکەن؛ بۆیە جێگەی فەرهەنگستانێکی بەدەسەڵاتی کوردیی زۆر خاڵییە‌و مەترسیی لەدەستچوونی دەسمایەو گەنجینەی زمانیی‌و فەرهەنگیمان هەرە گەورەیە.

(۲۰) لەراستیدا دانانی دوو پیت بۆ یەک دەنگ لەباری زانستییەوە، راست نییە‌و ئەمە جیا لەوەی رێنووس لەباری ستاتیک (جوانکاری)یەوە لاواز دەکا، بەپێچەوانەی یاساکانی رێنووسی زمانێکی وەک کوردییە، کە (بەگشتی) بۆهەر فۆنیمێک یەک نیگاری داناوە. "کۆڕی زانیاری کورد- دەستەی کورد"، نیگاری "و"ی بۆ ئەم دەنگە پەسەند کردو بەکاری هێنا، کە ئەگەر لەباری ستاتیکی‌و هەندێ لایەنی وەک تێکەڵبوونی لەگەڵ (فتحە)ی عەرەبیدا، بەجوان نەزانرابێ؛ لەروانگەی زانستی زمانەوانییەوە راستە‌و رەوا. بەمجۆرەش لەبەر نەشێواندنی پتری مەیدانی تازەی روو لەگەشەی نووسینی کوردیی لەئێران، [تاکو هەوڵێکی سەرکەوتوو لەڕێگەی پێکهێنانی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووەا] باشترە قەڵەمبەدەستان لەنووسینەکانیاندا بۆ هاوەنگی فرەتر بزوێنی "واوی درێژ" هەر بەدوو "واو" بنوسن.

(۲۱) بۆ نووسینی ئەم ئەرکانە، پێویستە وشەو رستەکان، لەلایەن کەسێکی دیکەوە بخوێنرێتەوە، نەک رووونووس بکرێ.

(۲۲) گشت = هەموو.

(۲۳) کاتێ نیکاری دەنگی دیکەی وشەش بگۆڕدرێ، ئەم بزوێنە هەر بەشێوەی خۆی دەمێنێتەوە؛ مەگەر ئەوی کە لەهەندێ وشەدا بەپێی فۆنەتیکی تایبەتی زمانی کوریی، بزوێنی "ی"ی فارسی ببێتە "ێ" [یا"ی کراوە، وەک: بیکس (فارسی) بێکەس (کوردیی)].

سەرچاوە

(۱) وشەرۆنان لەزمانی کوردیدا (دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف).
(۲) زمانی کوردیی لەبەر رۆشنایی فۆنەتیکدا (د. ئەورەحمانی حاجی مارف)
(۳) نووسینی کوردیی بەئەلفوبێی عەرەبی (د. ئەورەحمانی حاجی مارف)
(٤) رێزمانی کوردیی (د. ئەورەحمانی حاجی مارف)
(٥) زاراوە سازی (مەسعود محەمەد)
(٦) فۆنەتیک چیمان بۆ بکا؟ (مەسعود محەمەد)
(۷) گۆڤارەکانی کۆڕی زانیاری کورد (ژمارە ۲ بەشی دووەم، ژمارە ۳ بەشی یەکەم، ژمارە ٤، ژمارە ۸و۹و۱۰).
(۸) رێزمانی کوردیی (ئەحمەد حەسەن ئەحمەد)
(۹) رێنووسی کوردیی (تاهیر سادق)
(۱۰) زمانی یەکگرتووی کوردی (د. جەمال نەبەز)
(۱۱) زمان‌و ئەدەب (حەسەن سەلاح سۆران)
(۱۲) دستور زبان کردی، شمالی – ئەورامی (د. تقی ابراهیم پور، سید جلال الدین نظامي کورانه، عبدالرحمن شاهرخی)
(۱۳) دستور زبان کردی (احمد قاضي).
(۱٤) دستور زبان کردی (مصطفی خرم دل)
(۱٥) ساختمان فعل در زبان کردی – لهجهء سقز (د. افضل وثوقي).
(۱٦) زبان کردی ولهجههای مختلف ان (محمد مرتضایی)
(۱۷) فیزیوونا رێنتیسا کوردی بدو شێوەیان (پەروێز جیهانی)
(۱۸) خوێندنی کوردی – کتێبی یەکەم (کومیسیۆنی تایبەتی نووسینی کتێبی دەرسی- ناوەندی بڵاوکردنەوەی سەلاحەدینی ئەییوبی)
(۱۹) مبانی زبانشناسی فارسی (د. ابو الحسن نجفی)
(۲۰) رێزمان (بهمن فریور/ سۆران)
(۲۱) فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری (محمد کریم شریف)
(۲۲) تحفه مظفریة (ئۆسکارمان- هێنانه سەر رێنووسی کوردی مامۆستا هێمن).

کامەران ڕەئووف بەجۆرێکی دی



ڕۆژی ١٩٩٨/١٢/٢٥

بەئامادەبوونی سەرجەم ئەندامان بنکەی ئەدەبیی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ بەدروشمی (لەپێناوی بزواندن و بڕەوپێدان بەباری ئەدەبی و ڕووناکبیری کورد) دووەمین کۆنگرەی خۆی لەهۆڵی ژووری بازرگانی سازداو لەئەنجامدا دەستەیەکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری بنکەکە دیاری کرا کە پێکهاتبوو لەبەڕێزان (یاسینی فەقێ سەعید، سابیر صدیق، ئەرخەوان، فەرەیدون پێنجوێنی، کامەران ڕەئووف).

بەو نیازەی لەنزیکەوە ئاگاداری چۆنێتی بەڕێوەبردنی کاروباری بنکەکەو پڕۆژەکانی داهاتووی بین ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ سەرۆکی بنکەی گەلاوێژدا سازدا کە بەڕێز کامەران ڕەئووفە.

* لەمەودوا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بنکەیەدا دەکەن؟

– بەو گیانەوە کە ئەم بنکەیە بەشێکە لە خۆمان.. بەشێکە لە پڕۆژەیەکی هونەری زۆرانەمان. ئەو کارەی کە لێرە دەیکەین هەر ئەو کارەیە کە لە شانۆییەکدا ئەنجامی دەدەین. لەهەنگاوی یەکەمدا: دەمانەوێ ئەم شوێنە بکەینە شوێنێکی شیاو بۆ ئەدیبو ڕوناکبیران تابتوانن تیا ئارام بگرن. شوێنەکە بەتابلۆو ئینجانەو شتی کەلەپووریی.

لەهەنگاوی دووەمدا: ڕێکخستنی کارەکانمانە لەڕێی لیژنەیەک ئیکە پشتەوە، هەنگاوی سێیەم: بنکەو دەستەی بەڕێوەبەری نوێ ئەو خزمەتەی خۆی لە کۆڕو سیمینارو کتێب چاپکردنو یارمەتی ئەدیبانو گرنگیدان بەئەدیبە زیندووەکان تالەژیاندان خزمەتیان بکەینو خەلاتیان بکەین بەرەپێدەدات. بۆ ساڵی ١٩٩٩ هەشت کتێب چاپ دەکەین.. ئەو کتێبانەش زیاتر هەوڵ ئەدەین نوسین بێ نەک وەرگێڕان. لەهەموو بوارەکانی نوسینا بێ.. لێکۆڵینەوەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری.. هتد.

هەروەها هەوڵئەدەین پلانێک دابنێین لەبواری چالاکیەکاندا کە لەڕێی پەیوەندی کردنەوە بێ بەنووسەرانەوە واتە خشتەیەک ڕێک دەخەین سێ مانگ جارێک کە چالاکیەکانی دوو هەفتە جارێ یان مانگێ جارێ ئەو کۆڕەش دەبێ بایەخێکی چاکی پێ بدرێ. فێستیڤاڵی داهاتوو دەبێ فێستیڤاڵێک بێ شیاوی ئەدیبان بێ نەک بەتەنیا ئەدیبانی خۆمان بەڵکو لەشوێنانی کەوە لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە.. لەدەرەوی وڵات ئەدیبان بانگ بکرێن بۆ ئێرە.. ئەمە پڕۆژەیە.. هەوڵ ئەدەین سەر بگرێ.

* ڕاو پێشنیارێک ئەگەر بۆ گۆڤاری گەلاوێژی نوێ هەتان بێ!

– بەبڕوای من تاپەیوەندیتان بەنووسەرانەوە زیاتر بێ هێشتا کەمە.. بابەبواری سینەماو شانۆ گرنگیەکی باشتری پێ بدرێ. من هیچ شتێکی سینەمام لەگۆڤارەکەدا نەدیوە، کە سینەما بەڕاستی هونەرێکی گرنگە. زیاتر گرنگی بدەن بەفۆرمی گۆڤارەکە.. فۆرم زۆر گرنگە بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر. چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەندە شانۆییەکاندا سازدەن لەوەش سوودمەندتر چاوپێکەوتنە جیهانیەکانی هونەرمەندە گەورەکانی دنیا وەربگێڕن.

* دوور لەخەریک بوونت بەکاروباری بنکەوە چ پڕۆژەیەکی هونەریت لەبەردەمە؟

– ئێستا خەریکی سیناریۆی فیلمێکی تازەم باس لەدوو قۆناغی میللەتەکەمان دەکات، قۆناغی پێش ڕاپەڕینو دوای ڕاپەڕین. لەڕوانینی پێشمەرگەیەکەوە. یەکەمیان کۆمەڵگای کوردەواری هەمووپان پێکەوە بەرەنگاری دوژمن دەبوونەوە بەبێ هیچ لێکترازانێک.

بەڵام دواجار ئەو یەکگرتوویە لەنەڕیەک هەڵوەشا.

● ئەی بۆ شانۆ؟

- بۆ شانۆ هێشتا دوو دڵم.. ڕەنگە جارێ پشوویەک بدەم بۆ ئەوەی لەدواجاردا هەڵمەتێکی جوان هەبێ.. پشوویەک زیاتر بەخۆمدا دەچمەوە.

فره‌ده‌نگی و ترس

ئاشکرایه ته‌وژمی بیر له‌دنیادا به‌ره‌و ئه‌وه ئه‌ڕوا که‌فره‌ده‌نگی به‌سه‌ر تاك هه‌ره‌سی ئه‌و تاکانه‌یه ئه‌یانه‌وێ به‌ده‌وری خۆیان شورایه‌ك دروست که‌نو نه‌هێڵن هیچ ده‌نگێکی‌تر دژه بکا بۆ نێو شوراکانیان..

ڕۆژبه‌ی ئه‌و سیسته‌مانه‌ی به‌ده‌وری خۆیانا شورای تاك ده‌نگیان دروست کردووه ئه‌مڕۆ له‌هه‌رسی ڕۆخدان، ئه‌و هه‌ره‌سه‌ش ده‌نگه‌کانی‌تر پێ‌ی هه‌ڵده‌ستن.. له‌فیکرو ئایدۆلۆژیادا ئه‌م حاڵه‌ته زاڵه‌و به‌ته‌نیا ئایدۆلۆژیایه‌ك ئه‌توانێ خاوه‌نی ده‌نگێ بێ، به‌ڵام که‌دێته نێو پراکتیکی سیاسی‌و کاری سیاسی ئه‌بێ له‌ناخی خۆی‌دا ئه‌م تاکه بپارێزێ، به‌ڵام له‌ده‌ره‌وه‌ی خۆی ئه‌گه‌ر ده‌ست به‌تاك ده‌نگی‌یه‌وه بگرێ، ئه‌وا بۆ خۆی مه‌رگ هه‌ڵده‌بژێرێ.

ئه‌مڕۆ له‌جیهان دا ئه‌وانه‌ی هه‌وڵی ده‌سه‌ڵات پەیداکردن ئه‌ده‌ن، ئه‌و که‌سانه‌ن که‌ئه‌یانه‌وێ ته‌نیا ده‌نگی خۆیان زاڵ بێ، په‌نا بۆ چه‌ند شێوازێك ئه‌به‌ن بۆ به‌دیهێنانی، ئه‌ویش بریتی‌یه له‌ترس = ده‌سه‌ڵات + داپڵۆسین. واته بۆ ئه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵات دروست بێ ئه‌بێ ترس‌و داپڵۆسین به‌کاربهێنێ، دیاره ترسیش تاقه ڕێگایه‌ك نی‌یه بۆ هه‌موو ده‌سه‌ڵات گرتنه ده‌ستێ. له‌سیسته‌می فره ده‌نگی‌دا، هه‌ڵبژاردن‌و دیموکراتیه‌ت بڕیاری ئه‌م ده‌سه‌ڵاته ئه‌ده‌ن‌و پڕۆسه‌ی ئه‌م کاره به‌شێوه‌یه‌کی ئاسایی دێته‌دی!

به‌ڵام له‌کاری ئه‌ده‌بی‌دا ئه‌م مه‌سه‌له‌یه شێوه‌یه‌کی دیکه‌به؛ فره ده‌نگی له‌ئه‌ده‌ب دا واته ده‌سه‌ڵاتی مه‌نطق‌و بۆچون‌و بیرکردنه‌وه، هه‌ر ده‌نگێك له‌ئه‌ده‌ب ته‌عبیره له‌تواناو هێزی ئه‌دیب بۆ پێشکه‌ش کردنی ئه‌ده‌به‌که‌ی، ڕۆژجار تاقه ڕێگا بۆ ده‌وڵه‌مه‌ندکردنی ئه‌ده‌ب‌و زاڵ بوونی فره ده‌نگی‌یه به‌سه‌ر تاك ده‌نگی‌دا، شکستی گه‌وره‌ی ئه‌ده‌ب خزانه به‌ره‌و

یه‌ك ئایدۆلۆژیا یه‌ك ده‌نگ، ئه‌ده‌ب وه‌ك دره‌خت وایه ته‌نیا به‌ره‌گ ناژی، به‌ڵکو ره‌گ ئاو ئه‌مژێ به‌ڵام گه‌ڵاش تیشکی ڕۆژو دووه‌م ئۆکسیدی کاربۆن. واته ته‌نیا شتێك ئه‌نجام نادا ته‌نیا شتێك ناچێته نێوی به‌ڵکو چه‌ند شتێ به‌شه‌کانی ئه‌ده‌بیش وه‌ك شیعرو چیرۆك‌و ڕۆمان ئه‌بێ خاره‌نی چه‌ندین ده‌نگ بن، بۆئه‌وه‌ی بتوانن لای هه‌موان ئه‌و ده‌نگه سه‌داو کاریگه‌ری هه‌بێ.

فره ده‌نگی دیارده‌یه‌کی ره‌نگدانه‌وه‌ی جۆره‌کانی ئاگایی‌یه. ئه‌مڕۆ له‌دنیادا چه‌مکی مۆنۆلۆجی ره‌فز ئه‌کرێته‌وه به‌ڵکو ئه‌وه‌ی ئه‌مڕۆ دایالۆك نه‌بێ ئه‌چێته خانه‌ی یاخی‌بوانه‌وه، ئه‌مڕۆ پۆلیفۆنیه‌ت (واته چه‌ند ده‌نگی) زمانی عه‌قڵ‌و بیرکردنه‌وه‌و چاره‌سه‌رکردن‌و گوێگرتنیشه جۆراوجۆری بیرکردنه‌وه‌و ئاگایی پۆلیفونیه‌ت ئه‌مڕۆ له‌سه‌نگه‌ری دیموکراتخوازان دا به‌هایه‌کی تایبه‌تی هه‌یه. ئه‌مڕۆ له ڕۆربه‌ی سیسته‌مه دیکتاتۆریه‌کاندا ده‌نگی زاڵ ده‌نگی تاکه، وه تاك سه‌ر پشت، ده‌نگی بالا ده‌نگی تاکی بیرکه‌ره‌وه‌یه، مۆنۆلۆجیه‌ت خۆخواردنه‌وه‌و زاڵ کردنی ده‌نگه کپ کردوه‌کانه.

هه‌ر ده‌نگێکیش له‌و تاك ده‌نگی‌یه بترازێ ئه‌وا خۆینی حه‌ڵاڵه، من تێناگه‌م بۆ ئه‌بێ ده‌سه‌ڵاتی ئایدۆلۆژیا هه‌رچی کێشی خۆی هه‌یه ئه‌یخاته سه‌ر ئه‌ده‌ب‌و بۆ ئه‌وه‌ی به‌پێی ڕه‌زمی ئه‌و بڕوا به‌ڕێوه، به‌ڵێ ئه‌مڕۆ جیهانی سێیه‌م، ده‌سه‌ڵاتی دیکتاتۆری سیاسی‌و ده‌سه‌ڵاته غه‌یبی‌یه‌کان دروشمی یه‌ك ده‌نگیان پێ باشه‌و بانگه‌شه‌ی ئه‌وه‌ش ئه‌که‌ن، هه‌رکه‌سێکیش هه‌ڵگری ئاڵای فره ده‌نگی‌یه‌ت..

که‌س نی‌یه له‌دنیادا گوێ‌ی به‌کوشتن‌و هه‌ڵواسین‌و ڕاونان‌و گرتنی ئه‌دیبان نه‌زرنگابێته‌وه‌و به‌چاوی خۆشی دیمه‌نی تێکدان‌و ژێرپێ‌خستنی به‌هاکانی ئه‌ده‌ب‌و ئه‌دیبی نه‌دیتبێ، ئه‌مڕۆ له‌دنیای ڕۆژئاوادا فره ده‌نگی یه‌کێکه له‌دروشمی هه‌ره به‌رزی ئه‌ده‌ب‌و نه‌فره‌تیش له‌دژه‌که‌ی ئه‌کرێ، که‌چی له‌ڕۆژهه‌ڵات دا له‌پێناوی به‌ده‌ستهێنانی دیموکراتی ده‌نگ‌و چه‌ندایه‌تی ده‌نگه‌کان شار به‌ده‌ر ئه‌کرێ‌و خوێنی حه‌ڵاڵ ئه‌کرێ، که‌س نی‌یه حه‌ڵاڵ کردنی خوێنی هه‌ندێ ئه‌دیبی نه‌بیستبێ که‌ره‌نگه ئه‌م حه‌ڵاڵ کردنه شتێکی مرۆیی بێ به‌ده‌نگ وه‌ڵام ئه‌درێته‌وه.

ئه‌گه‌ر ئه‌و ده‌نگه‌ش به‌مه‌به‌ستی شێواندنی هه‌ندێ له‌به‌هاکان بێ دیاره ده‌نگێکی دژه‌و ئه‌کرێ به‌ده‌نگێکی دژ له‌ڵای خوێنه‌ر سیمای بشێوێنرێ، واته ده‌نگ ئه‌توانێ ده‌نگ بسڕێته‌وه، ئه‌گه‌ر ده‌نگی کز بیه‌وێ بێده‌نگی بشێوێنێ ئه‌وا ده‌نگێك هه‌یه که‌بتوانێ ئه‌و ده‌نگه بسڕێته‌وه.. ئه‌مه‌یه چاره‌سه‌ری ئه‌سڵی مه‌سه‌له‌که.

چونکه هاوکێشه‌که له‌م حاله‌دا زاڵ نه‌بێ، ئه‌ویش به‌گشتی کردنی (التعمیم) ترسه، واته هه‌میشه له‌مێشك دا ترس ئاماده‌بێ، ئه‌گه‌ر که‌سێ له‌هه‌موو قۆزبنی دنیادا ویستی په‌یڕه‌وی فره‌ده‌نگی بکا ئه‌وا یه‌کسه‌ر ئه‌م ترسه‌و هاوکێشه‌که‌ی له‌به‌رده‌میا قووت بێته‌وه.

هه‌ر به‌هه‌مان ئه‌ندازه ئه‌م حاله‌ته له‌ڕۆژهه‌ڵاتی تاك ده‌نگ دا باڵاوه‌و ئه‌وه‌تا (ته‌سلیمه نه‌سرین) پاش باڵاوکردنه‌وه‌ی ڕۆمانی (شرمساری - الحیاء) ساڵی ۱۹۹۳، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی ده‌نگی ئه‌ده‌به‌که‌ی ئه‌شێوێنرێ خۆشی وه‌ك نێچیرێکی ڕاونراو ئه‌م کون‌و ئه‌و کونی پێ‌ئه‌که‌ن ئێمه لێره‌دا نامانه‌وێ بچینه نێو ورده‌کاری ئه‌م باسه‌وه به‌ڵام سه‌رجه‌م کێشه‌که له‌م حاڵه‌دا کۆئه‌بێته‌وه که: ئایا مه‌نطقی ره‌خنه‌گرتن ئه‌کرێ له‌دنیادا نه‌هێڵرێ ئه‌گه‌ر وابێ که‌واته ئه‌نتی ره‌خنه له‌دایك ئه‌بێ که‌ئه‌مه‌ش له‌گه‌ڵ تاك ده‌نگی‌دا هاوجووته، واته ده‌نگی زاڵ ته‌نیا ئه‌و ده‌نگه ئه‌بێ که ڕێگا نادرێ ره‌خنه‌ی لێ‌بگیرێ‌و ئه‌شبێ ده‌نگی قه‌یرانه‌که‌یه..

که‌واته له‌ئه‌نجام دا ئه‌وه‌ی سه‌رئه‌که‌وێ و ده‌سه‌ڵات به‌یدا ئه‌کا ترسه!! که ئه‌میش داپڵۆسین به‌دیی ئه‌هێنێ، بۆیه ترس ئه‌شبێ به‌تاقه ده‌رگایه‌ك بۆ بیرکردنه‌وه‌و نووسین‌و سڕینه‌وه‌ی ده‌نگی به‌رامبه‌ر.

خه‌نده سه‌لاح

دواچاوپێکەوتن لەتەك (رۆلان بارت)دا

ئەم چاوپێکەوتنە دوا چاوپێکەوتنە کە لەتەك رۆلان بارتدا پێش مردنی لە ٢١ شوباتی (١٩٨٠) دا (فیلیپ برۆکس) و (باتریك سارفتی) لە مالی بارتدا سازیان داوە.

– حالی حازر لە فەرەنسادا رۆشنبیر بیت چی دەگەیەنێت.؟

* ئەگەر چی ئەندریە جید _ بۆ نموونە _ دژی یەکێتی سۆڤێت بوو بەڵام نوسەرێکی چاك بوو و دەخوێندرایەوە.. پاش ئەوە جید چەندین هەڵوێستی دژ بە ئیمپرالیەت نواند.. جید دوا کەس بوو کە رۆڵی تەقلیدیی رۆشنبیری بینی. لە هەمان کاتدا (جید) نوسەرێکی گەورە بوو، بەڵام ئێستا ژمارەی نوسەران کەم دەبێتەوە. چونکە نووسەری گەورە بە مانا راستەقینەکەی نییە.

پاش ئەندریە جید مالرۆ ئاراگۆن دێن .. سەیرەکەی لە جیاتی سەرهەڵدانی نوسەری گەورە تێبینی پەیدابوونی ژمارەیەك رۆشنبیری زۆر دەکەین.. مەبەستم ... لە مامۆستاو .. کۆمەڵێکی فراوان لە رۆشنبیرانە: ئەوەیشی کە هەڕەشە لەمە دەکات پەرەسەندنی ئامرازەکانی گەیاندنی نوێیە وەك تەلەفزیۆن و رۆژنامەو رادیۆ کە دەورێکی خراپ دژی رۆشنبیران دەنوێنن.

لە راستیدا ئەگەر فەڕەنسا بوو بە وڵاتێکی بۆرجوازی بچوك، ئەوە رۆشنبیران ناسنامەی خۆیان وندەکەنو بەناچاری پەنا دەبەنە بەر رۆژنامەگەریو لە پاڵیا سەری خۆیان کز دەگرن، وەك شاعیرەکانی ئەمڕۆ .. یا رۆشنبیران دەبن بە بەشێك لە ئامرازی راگەیاندن .. ئەوانەیش ئێمە پێیان دەڵێین (فەیلەسوفە تازەکان)، تیۆری ئەوان دەڵێ:

((ئێمە ناچەڵین ئامرازە نوێکانی راگەیاندن یاریمان پێبکەن، چاکترە خۆمان بچینە دەزگاکانی راگەیاندنەوەو هەر ئەو ئامرازانە بەکاربهێنین، تا زمانەکەمان باشتر بەکاربهێنین وای لێبکەین زۆرترین ژمارەی خەڵك تێبگەن. من خۆم هێرش ناکەمە سەر ئەم هەڵوێستە. ئەم هەڵوێستە هۆکاری سەلمێنەری خۆی هەیە، (فەیلەسوفە تازەکان) هەوڵدەدەن لە ڕێگای فیکری خۆیانەوە گیروگرفتو کێشە بخەنە بەردەستی جەماوەر. سەربەستیو ئەخلاقو هەموو ئەو شتانەی کە وامان لێدەکەن لەم جیهانەدا گفتوگۆ بکەین.

– باشە بۆچی وەك زۆر لە رووناکبیرە فەرەنسییەکان مولتەزیم نەبوویت؟

* لە کۆتایی دوا جەنگدا، لە بیروبۆچوونا کاریگەریی سارتەرم بە سەرەوە بوو، واتا خۆم بە تیۆری ئیلتیزامەوە بەستبووەوە. هۆی ئەمەش، ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ملکەچی خۆم بۆ ویستەکانی سالانی هەرزەکاریم یا با بڵێین سالانی گەنجی. بەڵام من بۆ خۆم مولتەزیم نەبووم. مەحاڵیش بوو ببم بە کەسێکی مولتەزیم ئەمیش لەبەر هەڵوێستی تایبەتی خۆم سەبارەت بە بۆچوونم دەربارەی زمان: من حەز لە زمانی مولتەزیم ناکەم. بێ دوودڵی چەمکی ئیلتیزام پاش سالی (١٩٦٨) کراوەتر بوو. کەس گومان لەوە ناکات کە چەپڕەو مولتەزیمە (پابەندە). لە کۆتاییدا تێزێکی چەپڕەوانەی لەقاڵب دراو هەیە، بۆ نموونە: بە بۆچوونی من ڕۆژنامەیەکی وەك (لیبراسیون) باشە، بەڵام بۆچوونەکانی شێوەیەکی چەسپاویان لەخۆ گرتووە، بەڵای منەوە، گیروگرفت خستنە ڕوو هەموو کاتێك لە پەیوەندییە زمانەوانییەکانیدا دەست پێدەکات ((ئەمە سنووری منە)) ڕۆشنبیر ناتوانێت ڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەر دەسەڵات بەڵام دەتوانێت شێوازی نوێ بخاتە ڕوو تا شتەکان بجوڵێنێ.

– جا لەبەرئەمەیە ڕۆشنبیران پایەخ بە مۆدە دەدەن؟

* بەڵێ. مۆدە جێگایەکی تایبەتییە بۆ سەرنجدانو بەگەڕخستنی کۆمەڵایەتی، مۆدە لەیەك کاتدا خۆشیشەو پووچیشە چونکە ئەو مۆدەیەی کە ئەمساڵ دەیدۆزنەوە .. ناچار دەبێن ساڵی ئایندە بیگۆڕین. لەلایەکی ترەوە، مۆدە بەسەر ئەفسانەدا داناشکێنرێتەوە، چونکە مۆدە دیاردەیەکی خێرایە. بەڵام ئەفسانە جێگیر بوونو هاوسەنگیی لە وەرگرتنی نەریتەکانیا دەوێت. ئێمە لە سەردەمی بەخێراخستنی مێژوودا ناژین بەڵکو لە سەردەمی بەخێراخستنی ماجەراکاندا دەژین. لەبەرئەمە ئەفسانە لە خستنەڕووە مولتەزیمەکەیدا دەبینین، چونکە ئەفسانە لە قاڵبداروو بەستراوە. حالی حازر، تەنانەت لە ڕۆژنامەی (لیبراسیون) یشدا مەنهەجیەتێکی توندو تیژ هەیە، بۆ ئەو نەڵەوێ جۆرە لەقاڵبدانێکی سیاسی هەیە، پاشان دەبێت بە ئەفسانەیەکی چەپگەری. هەروەها چەند لایەنێکی تر هەیە، وەك گیروگرفتی ژینگە (واتە ئەوەی پەیوەندی بە ژینگەوە هەیە)، هەروەها لەبارچوونو ڕەگەزپەرستی. نامەوێ بڵێم ئەم گیروگرفتانە نین بەڵام دەڵێم ئێستا بوون بە جۆرێك لە ئەفسانە.

– جارناجارێك لە مەیخانەیەکی شەوانەدا لە پاریس دەبینرێی پێی دەوترێت (لابلاس). لە شوێنێکی ئاوەهادا پیر لەچی دەکەیتەوە؟

* دەتوانم بەشێوەیەکی گشتی تر وەڵامت بدەمەوە. ئەوە بۆچوونێکە بۆ ڕابوردو ڕەنگە پەیوەندی بە تەمەنمەوە هەبێت. بەڵام من لەو باوەڕەدام نەوەی ئێستا بەشێوەیەکی تەواو خۆشی نابینێت. ئەو چالاکییە ڕۆتینیە کەلەکە کراوانە چالاکی خۆشی نین. پەرۆشی بۆ لەزەت لە خۆشی زۆرجار وەك نەخۆشی وایە. مرۆڤ سیس دەبێتەوە ئەگەر ئەو ئارەزووە

نەبینێت. رەنگە کێشەی ئارەزوو لەدوای سەرهەڵدانی کێشەوتەنگو چەڵەمەی شارستانیو بێئارامییەوەبن .. لەو نێوەندانەدا کە قەدەغەکراوەکان تیایاندا زاڵن ئارەزوو لەناو دەچێت..

من باسی چینێکی تا رادەیەک سەربەست لە رۆشنبیران .. قوتابیان .. ئەهلی هونەر .. شانۆو مۆدە دەکەم. ئەگەر دابەزینە خوارەوە بۆ دیاریکراوەکان، قەدەغەکراوی بەهێزترمان بەرچاو دەکەوێت کە لەلایەن ئەفسانەی پیاوانو پیاوەتییەوە دەکرێ. ئەم قەدەغەکراوانەیش رەنگە هەر لە هەمان مۆدەوە بێن.

– بە رای ئێوە، بۆچی بزوتنەوە چەپڕەوەکان تووشی شکست بوون؟

* دیاردەی مێژوویی، دە ساڵێك دەبێت کەشفی کێشەو گرفتی ((مێگەلگەری)) کردووە.. ئەویش وشەیەکی (نیتشەییە) .. پەراوێزگەل (الهامشیون) بە بەردەوامی زیاد دەکەن .. کۆدەبنەوە تا مێگەل پێکبهێنن. ئەوانە بە هیچ جۆرێك سەرنجم راناکێشن چونکە ئەوەی بەسەریاندا زاڵ دەبێت لێکچوونە لە هەموو شتێکدا. ئێمە دەبینین مێژووی ئیستا روو لە مێگەلگەری دەکات:

ناوچە خوازەکان بریتین لە چەند کۆمەڵە (مێگەلێك). لەو باوەڕەدام پەراوێزی تەنها تاکگەراییە .. بەڵام دەبێت بە جۆرێکی نوێ سەیری تاکگەرایی بکەین..

– تۆ دەربارەی تاکگەرایی گەشبینی؟

* بە تەواوی نا. ئەوەی ژیان بەتاکی دەگوزەرێنێ رووبەڕوی بارێکی قورس دەبێتەوە، هەرچۆنێك بێت، توانایەکی زۆر هەیە بۆ بەرزکردنەوەی تاکگەرایی بەمەرجێك نەبێت بە ناوەڕۆکێکی بۆرجوازی گچکە .. بەڵکو خاوەنی لوغزو رەگی داکوتراو بێت .. بۆ نموونە من بە جەستەم بیر دەکەمەوە تا دان بە بوونیا بنێم.. دەگەمە حاڵەتێك تەنها بەجەستە بیری لێدەکەمەوە .. ئەمە هەڵوێستە، رەنگە لەتەك زانستو مۆدەو ئەخلاقو کۆمەڵەکاندا لێکبدەن.

– بەڵام چۆن دەتوانین بەم چەشنە بژین؟

* ناتوانین بژین تەنها بە خۆخەڵەتاندن نەبێت.. لە بارودۆخی ئێجگار نەهێنیدا، نە دوگماتی نە فەلسەفییە. ناتوانم لە فریودان زیاتر وشەیەکی تر بەدیبکەم.

– ئایا ئەمە بەربەرەکانی دژی دەسەڵات دروست دەکات؟

* بەڵێ. هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت بەرگەی ئەم بەربەرەکانییە بگرێت. بەرەنگاری لە خیاڵی دورەپەرێزییەوە. ئەتوانین رووبەڕووی هەر دەسەڵاتێك هەیە ببینەوە یا لە رێگای هێرشبردنەوە یا لە رێگای بەرگرییەوە، بەڵام دورەپەرێزی لەلایەن کۆمەڵەوە پەسەند ناکرێت.

– ئایا ئەو کتێبەی تۆ کە بەناوی ((چەند برگەیەکی گوتارێکی خۆشەویستی)) لەم کێشەکێشەدا بەشدارە؟

* لە راستیدا، نا. کتێبەکە بریتیبە لە وێنەی پیاوێك خەیاڵ بە خەیاڵەکانەوە لێدەدا. بێگومان، ئەم جۆرە هەستە خۆشەویستییە، واتا بەوەندە رۆمانسیەتەوە، عاشقان وەك دورکەوتنەوە لە کۆمەڵگەلی دەربەدەبرن، گرفتەکەیان لەوەدایە کە مافی سروشتی خۆیانە عاشق بن، قورسە ئەمەیش لە رێگای پەیوەندییە راستەقینەییەکانەوە جێبەجێ بکرێت. ئەم کتێبە بۆ من هەڵە تا رای خۆم لەم بارەیەوە دەربڕم.

رەنگە هەندێك جاریش چارەسەرەکان ئامادەکرابێتن بەڵام لەو باوەڕەدا بووم ئەم کتێبەم ((لە هەموو کتێبەکانم زیاتر دەخوێنرێتەوە لە هەموویشیان زوتر لەبیردەچێت)) چونکە ئاراستەی جەماوەرێك دەکرێت لە نێوەندی خۆم نییە. کتێبەکەم کارێکی فیکری نییە بەڵکو بریتیبە لە پرۆژەیەك .. دەتوانین بیر لە پرۆژەگەلێك بکەینەوە لە دۆخێکی رۆشنبیریی دیاریکراوەوە دەرناپەڕن بەڵکو لە بارو وەزعێکی تردا کە هی عاشقان خۆیانە. کتێبەکانی تریشم لە چەند ئاراستگەیەکی تریشەوە پەرە بە کتێبەکانی ترم ئەدەم .. واتا فیکرێترن..

– ئایا ئاواتت خواستووە رۆمانێك بنووسی ؟

* بەڵێ، هەندێك جار. ئەمەوێ درێژدادری لە نووسینا بکەمو شێوازم بگۆڕم. بەڵام دەترسم نووسینەکانم خوێنەر بێزاربکەن. نووسین لەلای من، رێگا دەدات قورسی رماو لە خەیاڵ دورخەمەوە. کەیاڵ بڕیارە لە هێرشی ئاڵۆزییەی کە لە پەیوەندیکردنا هەیە. هەر وەك دەزانن، شیکردنەوەی دەروونی دەڵێت جەستەم لە بەندینخانەی خەیاڵمایە، ئەو جەستەیەی کە بە حەقیقەت دێتە پێش چاو لە وەهم زیاتر نییە. ئێمە پێویستمان بە کەسی تر تا جەستە رزگاربکەین.. بەڵام ئەمە کارێکی زۆر قورسە ناتوانم تا ناخ جەستەم لەتەك کەسی ترا بیەم .. چونکە کەسی تریش (الآخر) بۆ خۆی جەستەی هەیە، جەستەیەکی خەیاڵی. ئەوی تر (الآخر) دەتوانێ ببێت بە شتێك .. بەڵام گەمەی خۆش ئەوەیە کەسی تر بە هەموو ماناى وشە لە دەورم بێت. هیچ بیرکردنەوەیەکی سیاسی یا مێژوویی یا سۆسیۆلۆجی نییە. ئەگەر پێش سەد ساڵ بژیامایە دەبووم بە زانایەکی دەروونی.

– بە چی پەرە بە نووسین دەدەیت؟

* لەبەر چەند هۆیەکی زۆر ناتوانم وەڵامت بدەمەوە، چەند هۆیەك کە شکۆمەندیی قسە زاڵە بەسەریانا. بەڵام دەبێت گەمە بە وشە هەرە ئاسانەکان بکەین. نووسین داهێنانە، بەم پێوەرە مومارەسەکردنی متدالبوونە، وەسیلەیەکە بۆ بەرەکانیو کۆنترۆڵ کردنی هەستی مردنو سرینەوەی گشتی. نابێت باوەڕبهێنین ئێمە دەبین بە نووسینو زیندوو پاش مردن. بەڵام سەرەڕای ئەمە، ئێمە کە دەنووسین، تۆو دەچێنین، و لەم کاری تۆو چاندنەدا دەچینە خولی گشتی لەدایکبوونەوە.

و: گەلاوێژی نوێ

ڕەوانخ

ئەمین مەعلوف
ئەو ڕۆماننوسەی
لەسەر بەردی
تانیۆس
جۆنکۆڕی هێنا

ئەمین مەعلوف ئەو ڕۆمانئوسە لوبنانیە گەورەیە کەزۆربەی نوسین‌و ڕۆمانەکانی بەفەرەنسی نوسیوەو ماوەیەکی زۆریش لەڕۆژنامەی (النهار)دا کاری‌دەکرد. تاگەیشتە ئەوەی پایزی سالی ١٩٩٣ خەلاتی جۆنکۆڕی لەسەر ڕۆمانی بەردی تانیۆس هێنا. دووەم عەرەبە کەئەم خەلاتەی پێدرا، پاش تاهیر بن جلون کەلەسەر ڕۆمانی لیلە القدر ئەم خەلاتەی هێنا مەعلوف لەوڵاتانی ئاسیاو ئەوروپادا ناسراوە، لای خۆمان تائێستا بەکوردی لەسەری نەنوسراوەو نەڕۆمانیشی نەکراوە بەکوردی.

ئەمین ساڵی ١٩٤٩ لەبەیروت لەدایك بووە. لەساڵی ١٩٧١ وەتا ساڵی ١٩٨٥ لەچەندەها ڕۆژنامەو گۆڤارا کاری کردووە. ڕۆمانە بەناوبانگەکانی ئەمین ئەمانەن، کەهەموویشیانی بەزمانی فەڕەنسی نوسیون: شەڕی سەلیبی لەبۆچوونی ڕۆژهەلاتییەکانەوە ١٩٨٣، لوی ئەفریقی ساڵی ١٩٨٦، سەمەرقەند ١٩٨٨، باعچەکانی ڕوناکی ساڵی ١٩٩١.

مەعلوف، بۆ نوسین لەشارو خێزانی خۆی دور ئەکەوێتەوەو دەچێت بۆ دێیەکی دورو واز لەدیدارو گفتوگۆی تەلەفزیۆن رادیۆو و ڕۆژنامە دێنێ‌و ناونیشانی تەنها لای خێزان‌و ئەو دەزگا چاپەمەنییە دائەنێ کەکتێبەکەی بۆ چاپدەکا.

دیارە ئەمەش لەچۆرە خەڵوەتێك دەکات کەدەبێت بۆ نوسین سازبکرێت.

یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی جیهانی ڕۆمانەکانی ئەمین ئەوەیە کە کەسە ڕاستەقینەکانی مێژوو دەکات بەبنەما بۆ پێکهێنانی ڕۆمان، لەو مادە خامە جیهانێکی فراوان دەگێڕێتەوە. لەپاڵ ئەمەشدا سود لە خەیاڵو شەخسیەتی خەیاڵی دەبینێ. کتێبی شەڕی سەلیبی وەك کارێکی کلاسیکی وایە بەڵام سەدەها هەزار دانەی لەئەوروپاو ئەمریکا لێفرۆشراوە. ڕۆمانی (لوی ئەفریقی)ش هەر سەرچاوەی لەمێژوو وەرگرتووە. ئەم ڕۆمانە سەرگوزشتەی گەڕۆکێکی موسوڵمانە. باسی کەسێکی ڕاستەقینەی مێژوو دەکات. ساڵی ١٥١٨ دزەکانی دەریا گەڕۆکێکی مەغریبی دەدزن ئەویش لەکاتی گەڕانەوەیا لەحەج، پاشان بەدیاری دەیبەن بۆ پاپا لیونی دەیەم. ئەم گەڕۆکە ناوی (حسن الوزان) بوو. بابا بەناوی (جان لیون دومدیتشی)یەوە تەعمیدی کرد، ئیتر دوای ئەوە ناوبانگی بە(لیونی ئەفریقی) دەرکرد.

ئەمین مەعلوف بەهۆی گەشتەکانی ئەم کەسە مێژوییەوە لەم شارەوە دەمانبات بۆ ئەو شار، لەغرناتەی سەردەمی عەرەبییەوە دەمانبات بۆ ئیسپانیای تۆندوتیژی، لەفاسەوە ڕامانەکێشێ بۆ میسری مەمالیکەکان، لەئەفریقاوە بۆ ڕۆماو سەردەمی بێداربونەوە. ئەم گواستنەوانەی لیون ئەوە نین هەر لەچوارچێوەی جێگۆڕکێدا بن بەڵکو ڕۆمانئوسی مەوداییەکی تری پێبەخشیون، ئەویش مەودای شارستانییە، واتا کاتێك کە لیونی ئەفریقی لەفاسەوە دەچێت بۆ ئیسپانیا، یا لەمیسری مەمالیکەوە دەچێت بۆ ڕۆما خۆیشەر لەم شارستانی‌و مێژووەوە دەبا بۆ ئەو مێژوو کاتێکیش کەتەواو دەبێت دەبینێ مێشکی پڕبووە لەخەیاڵو ڕوداوی مێژوو شارستانیی جۆراوجۆر.

ڕەخنەگرانی فەرەنسا سەریان لەوە سوڕماوە چۆن ئەمین مەعلوف توانیوێتی بەهۆی گەڕیدەیەکی نەناسراوی وەك (لیونی ئەفریقییەوە) ئەو هەموو شارستانی‌و مێژووە بەیەکاچوانە لەشێوەی ڕۆمانا بەخوێنەر بناسێنێ.

لەپاڵ ئەو کەسە مێژووییانەدا کەلە ڕۆمانەکانا هاتوون مەعلوف کەسێکی خەیاڵیش دروست دەکات و دەیخاتە گەڕ، ئەمەش وەك ئەوە وایە بیەوێ لەڕێگای ئەو کەسە خەیاڵییەوە تیشکی تایبەتی خودی خۆی بخاتە سەر ئەو ڕوداوە مێژووانە.

ئەمین لەڕۆمانەکانیا - هەروەکو خوێشی بۆی دەچێ تووشی کێشەیەك دەبێتەوە کەهەر لەسروشتی هەموو ڕۆمانێکی مێژووییدا هەیە.

کەسی مێژوویی تایبەتمەندی ناسراوی خۆی هەیە بۆیە لەچەند ڕویەکەوە سنور بۆ ئازادی جموجوڵی نوسەر دائەنێت. خۆی لەم بارەیەوە دەڵێ (بەڕای من کارکردن لەسەر کەسە مێژووییەکان ئیشەکەم سەلامەت و ڕاست دەکات‌و نایەڵێ بکەومە کەن‌و هەڵدێرێ هەڵەوە، لەبەردەما چوارچێوەیەکی ئامادەو سادەم بۆ دائەنێ. لەهەمان کاتدا چوارچێوەو سنوریەندیم بۆ دروست دەکات. هەر ئەمەیشە وا لەئەمین دەکا بیر لەوە بکاتەوە لەم شێوازو سنوریەندییە دەرچێ‌و بەشێوازێکی‌تر بنوسێ، ئەگەرچی خۆی‌و ڕەخنەگرانیش لەڕۆر لەو نوسینانەی پێشوی ڕازی بوون.

ئەم نوسەرە لەڕۆمانا سودی لەژیانی عومەری خیام‌و مانی بینیوە.

رۆژهەلآتو رۆژئاوا تەوەرێکی تـری ئـەو رۆمانـە مێژووبانـەی مـەعلوفن، دژایەتی نێوان رۆژهەلآتو رۆژئـاوا یـا وەسـتان دژی ئـەم ناکۆکییـە رووبـەرێکی زۆری لـەدەلالاتی رۆمانـەکانی ئـەمین داگـیرکردووە. خۆیشی لەچاوپێکەوتنێکا بەئاشکرا ئاماژە بۆ ئەم خاڵە دەکات (هـەندێ هەندێجاریش رۆژئاوایی).

بەبـەردەوامی لـەنێوانی ئـەم دوو قوتبـەدا خـەریکی هەرەکـەتو گواستنەوەدامو دان بـەوەدا دەنێـم ئەم گواستنەوە بەردەوامـە تـەوەری نوسینەکانم پێکدەهێنێ.

لـەکتێبی (جـەنگی سـەلیبی لـەدیدگای عەرەبـەوە) جـۆرە داشکانێکی بـەلای رۆژهـەلآتا تیایـە، ئەمـەش بەئاشکرا لەنارنیشـانەکەدا دەرئەکـەوێ. لـە (سـەمەرقەند)دا پاڵـەوانی رۆمانەکـە دەگاتـە رۆژئـاوا بـەلآم پـاش ئـەوەی لـەدەریادا دەسنوسـی چوارینـەکانی عومـەر خیـامی لێوندەبێـتو دەکەوێتـە ئاوەوە.

لـەو سـێ رۆمانـەدا کەیەکـەم تاقیکردنـەوەی مـەعلوف دەسنیشاندەکەن نوسـەر هـەوڵیداوە واقیعێکی تایبـەتی دروست بکـات، واقیعێـک دوربێـت لـەچوراچێوەی ئێستا، ئەمـەش لەبەرئـەوە نییـە کەئـەمین ئیشتیهای مێـژوو بکـات، بۆیـە دەبینـین نمونـەخوازی زاڵـە بەسـەر پاڵـەوانی رۆمانـەکاندا لـەو نمونەخوازییـەدا بونیـادی رۆمانـەکان ئـەو چەمکانـە دەخاتـەروو کەدەسەلآت و دەسەلآتداران گۆرانـی پیاهـەڵدەدەن. هـەندێجار بەپێچەوانـەی نـاوەرۆکی چـەمکی دەسەلآتیش کار دەکەن وەک گرفتـی پـەیوەندی شـای ساسـانی بـە(مـانی)یەوە کـەخاوەنی دیدێکـی فەلسـەفییە لـەئاینێکدا دورە لـەو پرۆپوچییـەی کەمێشـکی پیـاوانی شای ساسانی داگـیرکردووە. یـا بابـا لیونـی دەیـەم کە(حسـن الـوزان)ی دیلـی لای خـۆی، بەرزەکاتـەوەو لەپلەی بەندییەوە دەیکات بـەکۆڕی تەعمیدکراوی خۆی لەرۆمانی (لیونـی ئـەفریقیدا). یـا لـەو دژگەراییـەدا کەدەشـکێتەوە بەسـەر پـەیوەندی فرەنسیسـی دەرەبـەگدا بـەکۆڕی لەمیانـەوە کـەگومان لەنەسـەبو رەچەڵەکی دەکرێت.

ئـەم بۆچوونانـە ئـەوە ناگەیـەنن کەدوبارەبوونەوە سـیفەتی سـەرەکی هـەموو رۆمانەکانـە، بـەڵکو نوسـەر دەیـەوێ بـەرەو حەقیقـەتێکی رەهـا بچێت و لەچوراچێوەی شوێنو کات دەرچێ.

لـەم بارەیـەوە ئـەمین مـەعلوف جـەخت لەسـەر بـەرەنگاریو بەگژچوونـەوەی دەسـەلآتا دەکـات، بـەلآم لەهـەمان کـاتدا شکسـتی بـەرەنگاریش ئاشـکرا دەکـات، بـۆ نمونە کەسێکی میژوویی وەک عومەر خیام لەرۆمانی سەمەرقەندا، یا مانی لـە((باغچـەکانی رۆشـناییدا، یـا تانیوس لەرۆمانی (بەردی تانیوسدا. شکستی بەرنگارییەکـەیش لەوەدایـە عومەر خیام بەو هـەموو حیکمـەت و فەلسـەفەیەوە نـاتوانێت ری"ا لەحەسـەن سەباح بگرێت تـا (نظـام الملـک) نـەکوژێت، یـا حاشـیەکەی (بـهرام) ساسـانیو کامینـەکانی ریّ لەوە ناگرن مانی لەسێدارە نەدرێت.

ئەگـەر لەرۆمانـەکانی سـەرەتای رەوتی ئەدەبیا ئەمین گەڕابێتەوە بـۆ میژوو یـا تیایـاندا بـەرەو رۆژئـاوا چووبێـت ئـەوە لـەرۆمانی بـەردی تانیوسـدا بەپێچەوانـەوە کـاری کـردووەو گەڕاوەتـەوە بـۆ دێهاتـە شـاخاوییەکانی لوبنـانو میژوویـی نوێی.

رۆمانی بەردی تانیۆسیش کەسالی ١٩٩٢ خـەلآتی جۆنکـوری هێنـا ئـەم گەڕانەوەو وەرچەرخانە دەسەلمێنێ. ئـەم رۆمانـە ئاماژەیـەکی تـەواوە بـۆ سەربەسـتیو ئـازادی هـەڵبژاردن. بـەڵام ئازادییەکـە لـەچوراچێوەی واقیعـدا دەسـورێتەوە. رووداوەکـان پـەیوەندیان بـەگوندێکی سـەرەتای سـەدەی نۆزدەیەمـەوە هەیـە. ئەگـەرچی پاڵـەوانی رۆمانەکـە خەیاڵپەروەرە بەڵام بەکردەوە لکاوە بەواقیعـەوە. بـەهۆی گێڕانـەوەو لـەخیلالی کەسـێکەوە کـەناوی (تانیۆسـە) ئـەمین مـەعلوف وێنـەی واقیعـی لوبنـانو ژیانی دانیشـتوانو بەربـەرەکانی تایفـە ئاینیـەکانمان پیشـاندەدات. تـانیۆس کەسـێکی گۆشەگیرە لەبـەراوێزی رووداوەکانـا دەژی بـەڵام پـاش پرسـیارێکی زۆر کەئاڕاستەی خـۆی دەکات دێـتەوە سـەر هێڵـی کۆمـەڵو بـیری دێکـەی خۆی دەکات، و خۆشی لەوە دەبینێ کـەبیر لەکەسـە سـەقەتەکانی گوندەکەیشـی بکاتـەوە، واتـا دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی، بـۆ لوبنـان و کارەساتەکانی، ئەگـەرچی رۆمانـنوس بەئاشکرا نـاوی لوبنـان ناهێنێ، بەڵام بەوەسفی شـوێنەکاندا دەرئەکـەوێ مەبەسـتی لوبنانـە. رەخنەگرێك پرسیاری ئـەوە دەکات: بۆچـی ئـەمین مـەعلوف کێشـەی لوبنانی ئەوەندە دواخست؟ ئـەمین لەوەڵامێکدا دەڵێ: من حـەزم ئەکرد پێـش ئـەوەی بێمـە سـەر لوبنـان گەشتێك بەجیهاندا بکەم.

تـانیوس کەسـێکە دژی تۆندوتیژییـە. هـەوڵی کوشـتنی دژەکـەی دەدات بـەڵام جێبـەجێی ناکات. دژی تایفەگەرییە، لوبنـانێکی دەوێ لوبنانی بەیەکەوە ژیان بێت، لوبنـانێك هـەموو دژەکـانی تیـا کۆببێنەوە.

ب. دامون بەرزنجی

سەرچاوەکان: ١ـ لیـون الافریقـی/ئـەمین مەعلوف/ ترجمە/ د: زهیر مغامس

٢ـ مجلە (الناقد) سالی ١٩٩٤.

٣ـ مجلە افاق عربیە ١٩٩٣

وێنەیەک بەپێنوس

وێنەیەکی فەرهاد پیربال بە پێنوسی عبدالله تاهیر

نەگەر بێتەوە یادم کۆتایی حەفتاکان بوو فەرهاد پیربالّم ناسی. ئەوکاتە من چوارەم ساڵی خوێندنم لەزانکۆی سلێمانی بەشی عەرەبی تەواو دەکرد، ئەویش لەبەشی کوردی دەیخوێند. ئەوکاتە کورێکی جوان و هێمن، لەسەرخۆ، لەقسەو سەیرکردنا، بەرواڵەت خەواڵو، بەڵام وریاو بێدار لەناخ و بیرکردنەوەدا. ئەوکاتەیش یەکێك لەخەمەکانی کتێب و وشەو نوسین بوو، بەڵام نەك بەم هەمەچەشنییەی ئێستا بەیەك دوو چیرۆك سەرنجی راکێشاین، هێزی چیرۆکی ئێستایشی هەر لەو یەك دوو رەگەدا دەرکەوتبوو.

وابزانم فەرهادم - ساڵی ١٩٨٢ یا هەشتاو چوار بوو نزیك کتێبخانەی سلێمانی بینییەوە، ئەو وەختەیش گۆڤارێکی (اقلام)ی بەدەستەوە بوو. دیار بوو بەهۆی بارودۆخێکی گونجاوەوە بۆی لوابوو بێت بۆ سلێمانی - دوای ئەوەی فەرهادم نەبینییەوە.

لەنەوەدەکاندا فەرهادم بینییەوە، پێش ئەوە بەچەند سەعاتێك نامەیەکی بۆ دانابووم، تیایدا نوسیبوی کەکاتژمێر ( ) دەگەڕێتەوە بۆلام. بەڕێکەوت جێگای یەکبینینەوەکەمان نزیك کۆلیجی ئادابی جاران بوو. ئەو کۆلیجەی تیایدا، کۆتایی حەفتاکان بەیکەوە دەسانخوێند. پێش ئەوەی بێت سەیری گۆڕەپانو دەرگای کۆلیجەکەم دەکرد کەکرابوو بەپۆلیسخانە. بیری ئەو رۆژە خۆشانەم دەکردەوە، وێنەی جۆراوجۆری هاوڕێکانم دەهاتە پێش چاو. یەکێك لەوانە وێنەی فەرهاد، نیگا خەواڵوەکانی، هێمنییەکەی، لەرۆیشتن و قسەکردنا، لەخەیاڵی خۆمدا بەراوردکاریم دەکرد، رەنگە ئێستا غوربەت دەموچاوی گۆڕیبێ، بەاڵی ماندوکردبێت، هەڵسوکەوتی گۆڕیبێ. لەبڕ فەرهاد بەجانتایەکەوە دەرگاکەی داگیرکرد. هەمان فەرهادی ساڵانی سەرەتای هەشتاکان، هەمان قەدو بااڵو بزەو زەردەخەنە، چەندێ لەناو تەنوری شەڕی ناوەوەو ژانی دوپشکی غوربەتا ژیا. بەڵام بەروالەت دەتووت هیچ شتێك کاری خراپی لێنەکردووە.

نوسەرێکی ئەمریکای دەڵێ: هەن لەوڵاتدا دەژین بەڵام بەنوسین دورن لەوڵاتەوە، هەیشن دورن لەوڵاتەوە بەڵام وەك ئەوە وایە لکابن بەوڵاتەوە چونکە نوسینەکانیان بۆ ئێرەن و لێرەن. ئەمە بەتەوای بەسەر نوسەرێکی وەك فەرهادا دەچەسپێ چونکە کەلەوێش بوو لەلایەك خەریکی کۆکردنەوەی بابەتو بەلگەنامەی تایبەت بەکورد بوو، لەنوسینیشا بەئەدەبی کۆنی کوردییەوە خەریك بوو. کەدێیتە سەر خوێندنەوەی دیوانە شیعرییەکەیشی بێزاری، دڵەراوکێ، بیرکردن و غوربەتت بەبەرچەستەکراوی دێتە پێش چاو بابەت گەلێکی وایش ئامادەگی لەوڵاتدا دەسەلمێنن، پەرە بەقوڵبونەوەی لەخاکدا دەدەن.

وا هەستەکەم لەنوسیندا پیربالّ حەز لە شێوازی کورت دەکات، دەقی شیعریی کورت، چیرۆکی کورتی دور لەفشەبوونەوەو زیادەڕۆیی، لەلێکۆڵینەوەدا رستەی کورتی مانا بەخش، ئەوەی کەهەندێ کەس بەپێنج رستە دەریدەبڕن ئەم ئەیەوێ بەدوو رستە دەریببڕێ. ئەم ئارەزووە بەپیتە لەگۆڤاری ویرانیشا دەرکەوتووە.

بەرای من دوانەیەك (ثنائية) هەیە رەنگی بەسەر ژیانو نوسینو بەرهەمی فەرهادا هەڵرشتووە.

لەژیانیا بیرێك بۆ رۆژمەلات پێرێك بۆ رۆژئاوا هەیە، واتا لەنێوان دو قوتبا دێتو دەچێ، لەلێکۆڵینەوەدا دوو شێوازی هەیە،

یەکەم/ لێکۆڵینەوەی ئاکادیمی کەبەها ئەکادیمییەکانی رەخنە زاڵن بەسەریاو لەخزمەتی تەوسیق و ژیانو رووداوەکاندان، دووەم رەخنەو بۆچوونی نوێی سەربەمەهجە نوێکان.



چەندێ تاقیکردنەوەی پڕیووی لەناوەڕۆك و رووداو هەیە ئەوەندەیش تاقیکردنەوەی ئەدەبیی شکڵانی هەیە. شێوەخوازی بەدەقە بینینگاری خۆی و هەڵبژاردنی بابەتەکانی وێرانەوە دەبینرێن.

لەزانکۆدا

فەرهاد رۆحی ئەزمونگەری و تاڕادەیەکیش گروپکاری و کاری کۆمەڵیی تیایە، بەڵام نەك وەك گروپێك هەموو بۆچوون و کەسەکانی دەوروبەری بەراست و حەقیقەتی ڕەها بزانن و کەسانی تریش بخەنە پەراوێزەوە. جارێك بڕیارماندا دەقێکی بەکۆمەڵ بنوسین، کۆمەڵێك شاعیر لەسلێمانی و کۆمەڵێك شاعیر لەهەولێر. وتم کاك فەرهاد زەحمەتە ئەم ناوانە بۆ ئێمە کۆببینەوە.

ئەو ئێوارە زۆر خۆشحاڵ بووم چونکە کۆمەڵێك دژی تاقیکردنەوەی کەسانی جیاو دور لەیەکم لەسەر مێزێك بینی. وتم خەڵك دژی شەڕ کارێك ئەنجام ئەدات بەوەی خۆپیشاندانێك بکات، نارەزایەك دەربڕێ ئێمەیش بەیەکەوە لەسەر کاغەز بەم تاقیکردنەوە کۆمەڵییە نارەزایی دژی جەنگ دەرئەبڕین. گروپکاری و کۆبونەوەی ئاوهام لەلا جوانە.

ئێستا ئەوەی ماوە لەچەند رستەیەکدا کۆی دەکەمەوە دەڵێم. فەرهاد پیربالّ لەسەر دوو زەمینە وەستاوە، پێیەکی لەسەر زەمینەی رابوردووەو پێیەکی ترێشی لەسەر زەمینەی نوێگەریە.

چەکی کورتیلە چیرۆک

چیرۆکی زۆر کورت، یا کورتیلە چیرۆک، یا چیرۆکوکە هونەرێکی سەر بە جیهانی پەخشانە ئەگەرچی کۆمەڵێکی زۆر لە نوسەرو رەخنەگران بۆ ئەوە دەچن کە چیرۆکی زۆر کورت لەبەر چڕوپڕی و تەسکی رووبەی لە شیعری کورتو پەخشانە شیعر دەچێت.

ئەم هونەرە بەم شێوەیەی کە ئەمڕۆ دەیبینین وەک شێوەیەکی تایبەتی نوسین دەناسرێت نەک وەک ئەوەی رەگی بگەڕێتەوە بۆ سەر حیکایەتو پەندی کورت.

ئەگەر باسی سەرهەڵدانی هونەری کورتیلە چیرۆک بکەین لە سەرەتای سەدەی بیستدا، ئەوە لە ریزی پێشەوەی شاکارەکانیا باسی ئەو بەرهەمە بە نرخەی ناتالی ساروت دەکرێت کە ٢٤ کورتیلە چیرۆکی لەخۆ گرتبوو ساڵی ١٩٢٨ چاپکرا.

هەر لە سەرەتای ئەم سەدەیەشدا لەم بواوەدا کافکاو بریخت تاقیکردنەوەی خۆیان خستە رود و گۆشەنیگای وردیان لە چەند ساتێکی کورتا دابەڕشت بەڵام لە سەرەتادا جێگای وای لەنێو چیرۆکنوسەکانا بۆ نەئەکرایەوە.

ساڵی ١٩٥٥ رۆژنامەی ئاکتسنت دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی جۆرە نوسینێك بریتی بوو لە دوو سێ دێڕ و کەمتر لە دەقیقەیەك دەخوێنرایەوە. ئەم لاکردنەوە لەم جۆرە چیرۆکە بووە هۆیەك بۆ پێشکەوتنی کورتیلە چیرۆك.

ئەگەر چی لە سەرەتادا کورتیلە چیرۆك جەختی لەسەر رووی درەوەی شتەکان دەکرد، بەڵام وردە وردە کەوتە تیشکخستنە سەر روی ناوەوەی کەس و شتەکان.

تۆماس برنهارد کە چیرۆکی بەناوبانگی (دکتاتۆری) هەیە یەکێکە لە چیرۆکنوسە هەرە سەرکەوتووەکانی ئەم بواوەو کەسێکی وەستایە لە کورتکردنەوەی رستەو دیدو کەرەستەی کورتیلە چیرۆکا.

وتەیەکی ئێجگار بەنرخی هەیە شارەزایی تەواوی لە هونەری کورتیلە چیرۆکا دەرئەخا، تۆماس برنهارد دەڵێ: حەزدەکەم هەموو شتێك لە تاکە رستەیەکدا بڵێم هەر خۆیشی لە دواییدا دەڵێ. بەڵام هیچ کەسێك ناتوانێ لە تاکە رستەیەکدا هەموو شتێك بڵێ.

کافکایش هەر قسەیەکی لەم جۆرەی هەیە ((ناتوانی هەموو شتێك بڵێیو نایشتوانی هەموو شتێك نەڵێی. هەندێك لە شارەزایانی ئەم هونەرە بەکۆلاجکردنی چەند کورتیلە چیرۆکو کەڵەکەکردنیان رۆمانی ئەزمونگەری بەرهەمدەهێنن.

چیرۆکی زۆر کورت رووبەرێکی تەسکی لە رووداو و زەمەن هەیە، گۆشەنیگایەکی زاڵە کە دورە لە درێژبوونەوەو پانبوونەوە. جاری وا هەیە هەست بە بوونی کەسو رووداو ناکەین، بەڵکو لە مەناخێکی چڕوپڕ نزیکدەبینەوە.

وەك چیرۆکە ئێجگار کورتەکانی ناتالی ساروت کە بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی رۆمانو چیرۆکی نوێ لە قەڵەم دراوە. لە چیرۆکە کورتەکانی سارۆتدا رستەی بروسکەیت بەرچاو دەکەوێت، رووداوی وات تووش نابێت بەڵام بە وردی وەسفی تابلۆیەك یا دیوارێك یا حاڵەتێکت بۆ دەکات، چرپی ئەو حاڵەتە لە دەلالەتدا جیهانێکی گەورەو بەرین دەبەخشێ.

لە نموونە هەرە گرنگەکانی کورتیلە چیرۆك، چیرۆکی (دکتاتۆر)ە.

کارێك نەکات تەنها پاککردنەوەی کەوشەکانی نەبێت. ئەم کارە بە پیاوە سادە لادێیەکە دەسپێرێو بەخێرایی کێشی زیاد دەبێت جیاوازی ئەو لەتەك سەرۆکەکەیدا ئەوەیە ئەو تەنها فرمان لە دکتاتۆر وەرئەگرێت؛ رەنگە لەبەر ئەمە بێت کە سبوغچیەکە هەمان خۆراك دەخوات کە دکتاتۆر دەیخوات.

هەموو، تەنانەت وەزیرەکان، ئەوانەی ترپش کە نزیکی دکتاتۆرن لە سبوغچیەکە دەترسن. عەسران چەکمە جووت دەکات ساز لێدەدات. نامەی درێژ بۆ خێزانەکەی دەنوسێ، و پێیان رادەگەیەنێ کە ناویەانگی سەرانسەری وڵاتی گرتۆتەوە. ئەوان دەڵێن:

((وەختێ پیاوی سبوغچی دکتاتۆر بێت دەبێت بە نزیکترین کەس لەوەوە)). لە راستیا سبوغچییەکە نزیکترین کەسە لە دکتاتۆرەوە چونکە دەبێت هەموکاتێك لە بەردەم دکتاتۆرا دانیشێتو تەنانەت لەوێشا بخەوێ. نابێت بەهیچ جۆرێك لەوێ دورکەوێتەوە. بەڵام شەوێك کە بە ئەندازەیەکی ئێجگار زۆر خۆی بە بەهێز دەزانێت، بڕێ خەبەر دەچێتە ژورەوە، دکتاتۆر بێدار دەکاتەوە ئەوەندە مشتەکۆڵەی لێدەدات دەمرێت. پیاوە سبوغچییەکە بە پەلە جلەکانی دائەکەنێو دەیکاتە بەر دکتاتۆر و جلو بەرگی دکتاتۆریش دەکاتەبەر خۆی. کاتێك لەبەردەم ئاوێنەکەی دکتاتۆرا دەوەستێ تێدەگات کە بەراستی لە دکتاتۆر دەچێ. خێرا بڕیار دەدات، خۆی فڕێ نەداتە بەر دەرگاو هاوار دەکات کە سبوغچییەکە هێرشی کردۆتەسەرێو نەمێنێ بۆ پاراستنی ژیانی خۆی لێی داوەو کوشتویەتی. دکتاتۆر دەیەوێت پیاوە سبوغچییەکە ببەنو هەوڵ بگەیەنێ خێزانەکەی.

کاوە عەزیز

دکتاتۆر

تۆماس برنهارد

دکتاتۆر لەنێوان زیاتر لە سەد داواکارا یەك نەفەری سبوغچی هەڵبژارد. پێی رادەگەیەنێت هیچ

ئەدەبێکی نوێ لە ئەورووپا

گەڕانەوە بۆ ژیان
بۆ ئەدەبی قەرەج

ئەمڕۆ وا باوە باس لە ئەدەبێکی گەشەکردوو دەکرێت کەتوانیوێتی جێگەیەکی شیاو لەنێو مێژووی ئەدەبی ئەورووپادا بگرێت ئەویش بە ئەدەبی قەرەج ناودەبرێت.. قەرەج بەو مێژووە ئنسانیەیە پڕ لە کارەساتەیان توانیویانە ئەدەبێکی تایبەت بە خۆیان دابهێنن‌و زاڵ بن بەسەر زۆربەی کێشمەکێشەکانی ژیان‌و مەرجەکانی.. ئەمە هۆیەک نییە بۆ بەرەوڕووبونەوە لەگەڵ بوونیان بەڵکو هۆیەکە بۆ زاڵ بوونی ئەو بوونیان.

لە سەرەتادا مێژوو دەڵێت: قەرەج خاوەن نیشتمانێکی تایبەت بەخۆیان بوون‌و لەهیچ ئەستێرەیەکی تردە‌وە دانەبەزیوون بەڵکو لەنیوەی دووەمی سەدەی رابردوو لە هیندەوە بەڕێکەوتوون‌و هەندێکی تریش دەڵێن نیشتمانەکەیان لەسەرو ئەفریقا بووە.. هتد.

– بۆ قەرەج لە نیشتمانەکەی خۆیانەوە کۆچیان کردوو بە برسێتی‌و ژێردەستەیی‌و بێ لانەیی رازی بوون؟

نیشتمانی قەرەجەکان بۆ چەندید جار تووشی داگیرکردن‌و برسێتی هاتووە هەر بۆیە رۆیان لە کۆچێکی نادیار کردووەو رۆیان لەسەرجەم کیشوەرەکان کردووەو رەگەزنامەی خۆیان لەدەست داوە لەگشت ئەو شوێنانەی تیایدا ژیاون‌و بەکەمتر لەوەی هەن بینراون.

بەڵام بوونی زمانێکی تایبەتی بەخۆیان‌و بواری داهێنان هۆیەک بووە بۆ دەمەزاراندنی ئەدەبێکی قەرەج تا لە نێویدا بوونی‌خۆیان بسەلمێنن .. هەربۆیە شاعیران بە پلەی یەکەم دێن‌و بۆ ناساندنی ئەم ئەدەبەو روسیاش بەیەکەم وڵات دەژمێردرێت کە ئەم جۆرە ئەدەبەی تیادا بڵاوبۆتەوە شاعیران (ئەلکسەندەر گرمانو) و (نینا ئەلکسندروفا) و (میخائیل بزلیدسکی) و، لە پەنجاکانیشدا ژنە شاعیری پۆلۆندی (برانسیلافا فاس بابوشا) ناوبانگیەکی گەورەی بە دەست هێنا لە دوای ئەوەی کە لە ساڵی (١٩٥٦) دا کۆمەڵە شیعرێکی بە چاپ گەیان بە هەردوو زمانی (قەرەج) ی‌و پۆلەندی‌و لە یوگسلافیاش کۆمەڵێك شاعیر ناوبانگیان دەرکرد لەوانە (یوفان نیکۆلتش) و (قدری شاهینوفیتش) و (میروسلاف میخائیل‌و فیتش) و (صلاح الدین سوزیور) .. هتد ئەم کۆمەڵە شاعیرە تەنها چەند نموونەیەکی باڵای شیعری قەرەج بوون، هەروەها لە بواری رۆماندا ناوی کۆمەڵێك نووسەر کە گشت لایەك پێیان ناشنا ببوون لەوانە (ماتیوماکیسموف) بە رۆمانی (چاودێری جوڵاو) کە بۆ چەندین زمانی جیهانی وەرگێڕدراوەکە باس لە ژیانێکی راستەقینەی قەرەج دەکات‌و باس لە هەست‌و سۆزیان دەکات، هەروەها لە بواری کورتە چیرۆکیشدا هۆیەك بووە کە سەرنجی گشت لایەکی راکێشاوە کۆمەڵە چیرۆکی (گەڕانەوە بۆ ژیان) کە لە ساڵی (١٩٨٩) لە یوگسلافیا بە هەردوو زمانی‌و مربوکروانتی لەلایەن دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی (یدینستفو) کە ئەرکی چاپ‌و بڵاوکردنەوەی لە ئەستۆ گرتووە کە نووسەر (عەلی کراسینشی) زۆر سەرکەوتووانە توانیوێتی ژیانی قەرەج پێناسە بکات. شایانی باسە (عەلی کراسینشی) بە کێوێکی ئەدەبی باڵای قەرەج دەژمێردرێت، عەلی لە ساڵی (١٩٥٢) لە خواروی یوگسلافیا لەدایك بووەو ژیان‌و کردەوەو ئەدەبی قەرەج لەنێو شیعرو چیرۆك‌و شانۆگەری‌یەکانیدارەنگی داوەتەوە، بەرهەمە شیعری‌یەکانی لەگۆڤارەکانی نێو یوگسلافیادا بە بەردەوام بڵاو دەکرایەوەو چەندین پارچە شیعریشی بۆ زمانە جیاوازەکان وەرگێڕدراوەو نووسەر بەخاوەنی یەکەم شانۆگەری قەرەج دەژمێردرێت کە ئەویش شانۆگەری (بوکی خوێناوی قەرەج)ەو پاشان چەندین شانۆگەری تریشی بڵاوکردۆتەوە لەوانە (من شادمانم لەم زەوی‌یەدا)و (بەناوی خۆشەویستی) و (بەشێك لە من‌و بەشێك لە تۆ). هەروەها لە ساڵی (١٩٨١) دا یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بەناونیشانی (ئاگری قەرەج) بڵاوکردەوەو خاوەندارێتی چەندین خەڵاتی ئەدەبی‌یە کە لە ئاهەنگە ئەدەبی‌یە جیاوازەکاندا پێی بەخشراوەو دوا کۆمەڵە چیرۆکی‌عەلی کرانیسشی گرنگیەکەی گەورەترو بەرچاوتری پێبەخشرا بە پەنجەرەیەکی رووناك دەژمێردرێت لەنێو بەرهەمە شیعری‌و چیرۆك شانۆگەری‌و رمانەکانیشدا کە توانیوێتی پێناسەیەك بۆ ئەم ئەدەبە قەومی‌یە نوێیەی ئەورووپا بنەخشێنێت کە ئەوانیش قەرەجن.

ئا/ بەختیار سعید

چاوپێکەوتنێ لەگەڵ هونەرمەند ئازاد کەرکوکی



* کەی کوردستانت بەجێهێشت؟

– کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ شاخەکانی کوردستانم بەرەو ئێران بەجێهێشت و لەئەڵمانیا گیرسامەوە.. دوای ماوەیەکی کورت بیزاریبەکی لەڕادەبەدەر رووی تێکردم و بڕیاری گەڕانەوەم دا بەلام ئێران وەری نەگرتمەوە و جارێکی تر رەوانەی کردمەوە.

هەر سوربووم لەگەڕانەوە.. ئەمجارە بەرەو سوریا هاتم و لەقامیشلی زۆر چاوەڕوان بووم بەلام

پاش دوو ساڵ مانەوەم لەشام بەرەو دانمارک چووم و دواتر چوومە بەکێتی سۆفێت و دوامەوارگەشم سوێد بوو.

* هۆی دورکەوتنەوەت چی بوو؟

– بۆ تەواوکردنی خوێندن بوو.. من خوێندکارێکی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بووم بەشی شانۆ.. لەقۆناغی یەکەم بووم هەندێك هۆکاری تریش هەبوون کە ئێستا جێگای باس کردن نین.

* ئەو ماوەیەی لەدەرەوە بووی خەریکی چی بووی؟

– ئەگەرچی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانم تەواو نەکردو سەرەتای دەست پێکردنم بوو.. دواتریش لەشاخ لە کاری هونەری دانەبڕام. لەشاخدا بەهاوکاری چەند هەڤاڵێك تیپی شانۆی شۆڕشمان دامەزراند. لەساڵی ١٩٨٢دا چەند درامایەکی رادیۆیی و شانۆگەری (فایلی ٦٧)مان نمایش کرد.

پێویستیش ڕێپۆرتاژی تەلەفزیۆنیم بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لەروسیا دەرهێنا.

* چیت بۆ سینەمای کوردی هێشتا کردووە؟

– هیچ.. سینەمای کوردی هێشتا لەدایك نەبووە.

* سینەمای کوردی لەناوەوەو دەرەوەی وڵات چۆن دەبینی؟

– لەدەرەوەی وڵات ئەگەر مەبەستت دەرەوەی کوردستانی عێراق بێ ئەوەیان شتێکەو ئەگەر دەرەوەی کوردستانی گەورە بڵێی ئەمەشیان شتێکی ترە.

پیرباڵو هەڵکەرت عبدالله) (تیپی درامای کوردی)مان دامەزراندو دوو بەرهەمی شانۆییمان بەناوی (شۆڕشی نەورۆز هەواڵدن) نمایش کرد.

لەساڵی ١٩٩٨دا بەرەو بەکێتی سۆفێت چووم و لەوێ کۆرسی خوێندنم وەرگرت و دوای هەشت ساڵ لەهونەری سینەما دا ماجستێرم وەرگرت.

لەماوەی خوێندنەکەشم سێ کورتە فیلمی سینەمایی (35MM)م دەرهێنا بەمجۆرە:

فیلمی (گێژەن) ٨ خولەك.

فیلمی سینەمایی (دانیپیانان) ١٠ خولەك.

فیلمی سینەمایی (ئارەزووی ژیان) ١٢ خولەك.

ساڵی ١٩٩٢ یەتو ١٩٩٣یش بەیارمەتی دکتۆر موفق دەرگەلەیی

لەبەشەکانی تری کوردستان کاری سینەمایی کراوەو دەکرێ بۆ نموونە لەکوردستانی باکور لەپێش ئێمەوە دەستیان بەسازکردنی فیلمی سینەمایی کردووە. لەپێش ئەوانیش کوردەکانی سۆڤێت هەروەکو هاوار مستەفا لەکوردستانی نوێ باڵاوی کردۆتەوە لەساڵی ١٩٣٦دا فیلمێکی سینەمایی بەناوی (کوردێن یەزیدی) بەرهەمهێناوەو لەفێستیڤاڵی کان نیشاندراوە.

سەبارەت بەدەرەوەی کوردستانی گەورەش ئەوەندەی ئاگادارم چەند بەرهەمێکی سینەمایی هەیە لەوانە (گەلەگورگ) دەرهێنانی تەیفور غەفورو (تونێل) دەرهێنانی مەهدی ئومێدو بڕی بووکو چەند فیلمێکی ترکە بە ئامێری ڤیدیۆ کراون وەکو فیلمی (هیوا) دەرهێنانی سەلمان فایەقو چەند بەرهەمێکی دیکۆمینتاریش کە بەڕاستی ناویان نازانم.

هەندێک هونەرمەندی تریش هەن کە فیلمەکانیان لەچوارچێوەی فیلمی کوردیدا ناژمێردرێن وەک کاک قاسم عەزیزو من بۆ خۆشم سێ بەرهەمی سینەمایم هەن بەڵام بەفیلمی کوردی ناژمێردرێن.

سەبارەت بەناوەوە ئەوەندەی ئاگاداریم تەنیا یەک بەرهەمی سینەمایی کراوە ئەویش فیلمی (نێرگز بووکی کوردستانە)و دوای ئەوەش چەند فیلمێکی ڤیدیۆیی کراوە لەوانە (فرمێسکی رەشو مەرگی ئەرخەوانیو مەملەکەتی خۆر)ی هونەرمەند کامەران رەووف. (گەرانەوە)ی عەتا عوسمان.

بۆ هەڵسەنگاندنی فلیمەکانی ناوەوەو دەرەوەش بەبڕوای من جارێک زووە چونکە سەرەتامانەو هەموو ئەو فیلمانەی لەئێرەو ئەوێش کراون بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن.

دەشمەوێ ئەوە بڵێم شتێک نیە بەناوی سینەمای کوردییەوە ئەوەندەی هەنگاو هەیە بۆ دروست کردنی.

کارەکانی دەرەوەو ناوەوە لایەنێکی تری ئەوەیە کە ئەو فیلمانەی لەدەرەوە دەکرێن هەمان ناوەڕۆکی ئەوانەی ناوەوەن بەتەنیا یەک جیاوازییان هەیە ئەوانەی دەرەوە بەسینەما دەکرێنو ئەوانەی ناوەوەش بەڤیدیۆ.

سینەماو ڤیدیۆش دوو شتی جیاوازن لەیەک. پێم باش نیە ئێستا باس لەو جیاوازییە بکەم چونکە کوردستان لەبارێکی زۆر نائاسایی‌دا دەژی.

* کەواتە تۆ باوەڕت بەوە هەیە کە شتێک نیە بەناوی سینەمای کوردییەوە؟

- نەخێر سینەمای کوردی نیە.. بەڵام بۆ خولقاندنی سینەمای کوردی دەبێ بڵێین بەڵێ چونکە کادری سینەمایی هەیە، ئێمەش وەکو میللەتانی دی دەبێ خاوەنی هەموو شتێک بین بەڵام کەی؟ ئەمەیان پرسیارێکی زۆر گرانەو من وەڵامەکەی نازانم.

* بەنیازی گەڕانەوەنین بۆ کوردستان؟

- ئەم پرسیارە لەهەموو پرسیارەکانی دی گرانترە. بەڵێ.. نەخێر.. بەڵێ.. نازانم. من لەدەرەوە هەموو خەونەکانم بۆ گەڕانەوەیە بەڵام خەڵکیو وڵاتەکەم خەونەکانیان بۆ چوونە دەرەوەیە.

بڕیارم داوە بەیەکجاری لێرە بمێنمەوە بەڵام دەترسم زۆدیش دەترسم خەونەکانم بگۆڕدرێنو وەکو خەونەکانی خەڵکیو وڵاتەکەمی لێ بێ.

تێبینی/ نەم چاوپێکەوتنە لەبارێکی وادا رەخسا کە نەتوانرێ بەتێرو تەسەلی دڕێژە بکێشێو کاک ئازادیش خۆی پێی خۆش نەبوو لەسەر باشو خراپی فیلمە کوردییەکانو روانینی خۆی بۆ سینەما بدوێ.

یەڵماز گونای

روی ئارەزو

یەڵماز لەساڵی ١٩٣٧ لەدێیەکی نزیکی پارێزگای ئەدەنە، لەخواروی تورکیا، لەدایک بووە. کوڕی جوتیار بوو. پاش تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی چووە بەشی یاسای ئابووری لەزانکۆی ئانقەرەو ئەستەنبوڵ. چالاکی پیشەیی خۆی لەساڵی (١٩٥٢)وە بەکارکردن بۆ کۆمپانیایەکی بڵاوکردنەوەی فیلم دەستپێکرد.. ساڵی ١٩٥٢ یەکەم چیرۆکی کورتی خۆی بڵاوکردەوە، لەهەمان ساڵدا وەک یاریدەدەری عاتیف یەڵماز دەستی کرد بە فیلمنامەنوسی. ساڵی ١٩٦١ بەتۆمەتی نوسینی نۆڤێڵی سیاسی ((مامەڵە لەتەک سێ بیانیدا) هەژدە مانگ زیندانو شەش مانگ دورخستنەوە حوکمدرا. کۆمپانیای بەرهەم هێنانی فیلمی ((گونی فیلم)ی دامەزراند. ساڵی ١٩٧٢ لەکاتی دەرهێنانی فیلمی ((بێچارەکان))دا بەتۆمەتی پەنادانی قوتابیانی زانکۆ دەستگیرکرا، ساڵی ١٩٧٤ ئازادکراو لەنۆگۆستی هەمان ساڵدا بەتۆمەتی تەقەکردن لەقازی دادگا حوکمی بیست‌وچوار ساڵ زیندانی بەسەرا سەپێنرا. لەنیوان ساڵانی ١٩٧٤ - ١٩٨٠ بەهۆی ڕێزو خۆشەویستی جەماوەر بۆی ڕێگای پێدرا لەناو زیندانا کاری سینەمایی بکات.

سەرکەوتنی لەفیلمی ((مێگەل))و((دوژمن))دا سەرنجی بینەری لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی بەلای خۆیدا ڕاکێشت. ساڵی ١٩٨٠ دوابەدوای کۆدەتای سەربازیی لەتورکیا هەموو فلیمەکانی قەدەغەکران. ساڵی ١٩٨١ گواستراوە بۆ زیندانێکی‌تری تورکیاو لەهەمان ساڵدا توانی لەزیندان هەڵبێت. لەساڵی ١٩٨١ - ١٩٨٤ لەپاریس ژیاو لەو ماوەیەدا توانی فیلمی ((دیوار)) دەربهێنێ. یەڵماز

گۆنای پاش چل‌وحه‌وت ساڵ ته‌مه‌ن؛ ساڵی ١٩٨٤ له‌پاریس به‌هۆی نه‌خۆشی دڵه‌وه گیانی له‌ده‌سدا.

فیلم ناسین:

وه‌ك فیلمنامه‌نوس‌و ئه‌كته‌ر ئه‌م فلیمانه‌ی هه‌یه: ره‌عیه‌ت ساڵی ١٩٥٨، منداڵانی ئه‌م گونده ساڵی ١٩٥٨، عه‌شقی دیوانه‌یی كارگانو گلان ساڵی ١٩٥٩، خه‌نده‌ی بیابان ١٩٦١، دو پیاوی ئازا ١٩٦٣، پاله‌وانی به‌یه‌ك چه‌قۆوه ١٩٦٤، كوكرۆ، گورگی كۆیستان ١٩٦٤، به‌دمه‌ست ١٩٦٥ وه‌ك یاریده‌ده‌ری ده‌رهێنه‌ر: دیمه‌نی مه‌رگ، ١٩٦٠، پاشای دزان ١٩٦١، گوڵدانی قرمزی ١٩٦١، ئه‌گه‌ر له‌بیرت بكه‌م ١٩٦١، شای شایان ١٩٦٥

وه‌ك ده‌رهێنه‌رو فیلمنامه‌نوس‌و ئه‌كته‌ر ئه‌م فیلمانه‌ی هه‌یه: ئه‌سپ، (ژن‌و تفه‌نگ(١٩٦٦) فیلمنامه‌نوس)، گه‌رانه‌وه‌ی قاره‌مانان (١٩٦٦) وه‌ك فیلنامه‌نوس‌و ئه‌كته‌ر)، یاسای قاچاغ (١٩٦٦، وه‌ك فیلنامه‌نوس‌و ئه‌كته‌ر)، حه‌وت شیری وه‌حشی، پاشای كۆیستان (١٩٦٦، وه‌ك فیلمنامه‌نوس‌و ئه‌كته‌ر)، سه‌لیم (١٩٦٦، فیلمنامه‌نوس‌و ئه‌كته‌ر)، ناوی كه‌ریمه ١٩٦٧، ئه‌سڵان ١٩٦٧ ئه‌كته‌رو فیلمنامه‌نوس)، گورگه برسیه‌كان ١٩٦٩، بوكی زه‌مین ١٩٦٩، ئومێد ١٩٧٠، شین ١٩٧١، باوك ١٩٧١، بێچاره‌كان ١٩٧٢ له‌ساڵی ١٩٧٥ ته‌وكراوه، دۆست ١٩٧٤، بشێوی ١٩٧٤، مێگه‌ل ١٩٧٦، رێگا ١٩٨١، دیدار ١٩٨٢

ژیانی یه‌ڵماز، وه‌ك هه‌ریه‌ك له‌فیلمه‌كانی دراماتیكی بوو، ئه‌گه‌رچی ره‌وتی كاره پیشه‌ییه‌كانی گۆنای، به‌هۆی چالاكی سیاسی‌و ده‌سگیركردنییه‌وه، بچڕبچڕ بوو، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌شدا، توانای هێزی خۆی وه‌ك فیلمنامه‌نوس‌و هونه‌ر پیشه، له‌شه‌سته‌كاندا بسه‌لمێنێ‌و خۆشه‌ویستی خه‌ڵك وه‌ده‌ستبهێنێ. گۆنی له‌ئه‌ستێره‌یه‌كی سینه‌مایی‌یه‌وه بوو به‌جۆرێك حه‌ماسه‌ی میللی؛ بوو به‌وێنه‌یه‌ك كه‌دواكه‌وتوو ستەمدیده‌كانی كۆمه‌ڵگای توركیا توانیان تیایدا ژیانی قورسی تاله‌بارو پڕ ره‌نج‌و سته‌می خۆیانی تیابیننن.

له‌كۆتایی شه‌سته‌كاندا، وه‌ختێ كه‌رویكرده ده‌رهێنان فیلمه سه‌ره‌تاییه‌كانی هه‌ر له‌فیلمه بازرگانییه‌كان ده‌چوون به‌ڵام له‌سه‌ره‌تای ساڵانی حه‌فتادا، یه‌ك نمونه‌ی پاراوو داهێنه‌رانه له‌كاره‌كانیا ده‌بینرا. ئه‌م گورجوگۆلییه به‌هۆی دوساڵ زیندانكردنییه‌وه، بۆ ماوه‌یه‌ك وه‌ستا. یه‌كێك له‌فیلمه سه‌رنجڕاكێشه‌كانی ناوی (دۆست)ه، ساڵی ١٩٧٤ ده‌ریهێنا، پاش ئازادكردنی له‌زیندان. و پێش ئه‌وه‌ی دوباره بخرێته‌وه زیندان. له‌و وه‌خته‌دا به‌هۆی تۆمه‌تی كوشتنه‌وه حوكمی بیست‌و چوار ساڵ زیندانكردنی بۆ درا. به‌ڵام ئه‌م كێشه‌یه‌یش نه‌یتوانی كاره‌كانی بوه‌ستێنێ. دیسانه‌وه له‌زیندانه‌وه خۆی ئاڵانه ژیانی ده‌ره‌وه‌و ده‌ستی‌كرد به‌نوسینی زنجیره‌یه‌ك فیلمنامه‌ی جۆراوجۆر كه‌به‌شێك له‌وانه‌ی وه‌ك ((مێگه‌ل)) سه‌ركه‌وتنی جیهانییان به‌ده‌ست هینا. ساڵی ١٩٨١، وه‌ختێك كه‌یه‌ڵماز توانی له‌دۆزه‌خی توركیا ده‌ربازبێت بۆی‌كرا كار له‌فیلمێكی ترا بكات. كه‌ناوی (رێگا) بوو. و خه‌ڵاتی كانی وه‌ده‌ست هێنا. ئیتر هیچ گومانێك له‌توانا‌و لێهاتوی گۆنی وه‌ك فیلسازێكی داهێنه‌ر نه‌ده‌كرا.

كاری سه‌ره‌كی یه‌ڵماز وه‌ك هونه‌ر پیشه/ ده‌رهێنه‌ر، له‌سه‌ره‌تای ساڵانی حه‌فتاوه ده‌ستی پیكرد. ساڵی ١٩٧٠، له‌یه‌ك سۆپه‌رمانی قاره‌مانی فیلمه سه‌ره‌تاییه‌كانییه‌وه، وه‌ك فیلمی ((گورگی برسی)) گۆڕاو بوو به‌قاره‌مانی ته‌نیاو برینداری فیلمه‌كانی دواتری.

له‌فیلمی ((گورگه برسیه‌كاندا)) سیمای كۆمه‌ڵگای توركیا به‌چاكترین شێوه پیشاندراوه. یه‌ڵماز ئه‌و شتانه ده‌خاته‌ڕو كه‌توركیا ئه‌مڕۆ روبه‌ڕویان بۆته‌وه:

ئاره‌زوونه‌كردنی حكومه‌ت له‌چه‌سپاندنی یاسا، نائومێدی جوتیاران، ڕۆڵی ژن له‌كۆمه‌ڵگای سونته‌تی توركیا،و سه‌ره‌نجام نه‌بونی بیری شۆڕشگێڕانه ئه‌م هۆیانه، له‌پاڵ پێكهێنانی زه‌مینه‌یه‌كدان بۆ كۆمه‌ڵێك له‌قاره‌مانه شكستخواره‌كانی یه‌ڵماز؛ هه‌م له‌ده‌وروبه‌ره لادێیه‌كه‌دا (له‌فیلمی شیندا)و هه‌م له‌كۆمه‌ڵگا شارستانییه‌كه‌دا (له فیلمی ((دۆست)) دوا به‌رهه‌می ته‌واوبووی گونبیه، پێش ده‌ستگیركردنی ساڵی ١٩٧٤ ده‌ریهێنا، پڕه له‌كۆمه‌ڵێك به‌های چاك. ته‌نانه‌ت لێره‌یشدا بۆچوونی گۆنی، بۆچوونێكی تاریك‌و یه‌ئس ئامێزه. قاره‌مانی ڕۆشنبیری چیرۆكه‌كه (كه‌یه‌ڵماز خۆی ده‌وره‌كه‌ی ده‌بینی) له‌به‌یه‌ككه‌یشتنیا به دۆستێكی كۆنی‌و دنیای پوچی، به‌ره‌و نابودی رایده‌كێشێ.

((مانگرتن))، فیلمی دوا ته‌مه‌نی یه‌ڵمازه، دوابه‌دوای به‌ندكردنی، به‌هۆی دۆست‌و یاریده‌ده‌ری پێشووی‌یه‌وه، شه‌ریف گورن، ته‌واوكرا. یه‌ڵماز هه‌شت ساڵی ره‌به‌قی له‌زیندانه سه‌ختەكانی توركیادا به‌سه‌ربرد. له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌شدا بێگوێدانه ماندوبوون له‌فیلمنامه‌نوسین نه‌كه‌وت ده‌توانین له‌ناو فیلمه باشه‌كانی سه‌رده‌می به‌ندیخانه‌یدا ئاماژه بۆ ((مانگرتن))و((مێگه‌ل)) بكه‌ین، كه‌له‌لایه‌ن زه‌كی ئۆكته‌نه‌وه ده‌رهێنرا.


ئه‌م فیلمه، وێنه‌یه‌كی زیندوی ژیانی گوندنشینی بێجوله‌و داخراوی ده‌ره‌به‌گایه‌تی ئادانه ده‌خاته‌ڕو.

دوا كاری یه‌ڵماز سه‌تاوی رێگاوه، له‌تاراوگه‌دا نوسی، سنوریكی فراوانتری له‌خۆگرتووه، ((رێگا)) وێنه‌یه‌كی ته‌واوی سه‌رزه‌مینی پان‌وبه‌رینی توركیایه. ئه‌م فیلمه، چیرۆكی سێ‌زیندانییه كه‌بۆماوه‌ی هه‌فته‌یه‌ك، ئازاد ده‌كرێن تاسه‌ردانی خێزانه‌كانیان بكه‌ن.

گۆڤاری سینه‌ما ژماره (٨)ی ١٩٩٦.

و: ئه‌شكان عبدالله

لێرە



مەریوان لەنفال تەدوێ

رۆژانی ٢٨و ١٩٩٨/١/٢٩ لەهۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان بنکەی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوە بەهاوکاری بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری سلێمانی دوو کۆڕی فکری بۆ رۆشنبیری دوورەوڵات (مەریوان وریان قانع) سازکرد. کۆڕی یەکەم بەناونیشانی (ئەنفال: رووداوێک لەدوامانەوە یا ئەگەرێک لەپێشمانەوە) کۆڕی دووەم بەناونیشانی (لەیۆنانەوە بۆ جیهانگیری) کۆڕی یەکەم لەلایەن رێبینی ئەحمەد هەردی‌و دووەمیان رێبوار حەمەڕەحیم بەڕێوەی دەبرد. وا لەخوارەوە کورتەیەک دەربارەی کۆڕی یەکەمی بڵاو دەکەینەوە:

(هۆکاری سەرهەڵدانی ئەنفال، تاوەرئەنجامی جەنگی ئێران عێراق بوو، ئایا دەرئەنجامی سەرکوتی هێزی پێشمەرگە بوو، یان هۆکاری تری هەبوو، مەریوان مەسەلەکانی بردووە بۆ هەندێك هۆکار کە لەمانە زۆر دورترن، یان بردیەوە بۆ مێژوویەکی کۆنتر لەجەنگی جینۆسایدو جینۆسایدکردنی نەتەوەیەك خوێندنەوەی بەعس بەتەنها بەس نییە بۆ ئەوەی لەئەنفال بگەین شێوەی پێکهاتنی دەسەلاتی سیاسی لەم وڵاتانەدا کە رێگە دەدەن جینۆساید رووبدات:

١-هۆکاری حوکمی دیکتاتۆری‌و دروست بوونی دەوڵەتی سەرکوتگەری کە ئەم دەوڵەتە لە پرۆسەیەکدا ئەقڵی دەسەلات دەکات بەئەقڵی کۆمەڵەوە هەر فەرمانێك لەسەرەوە دەربچێت خوارەوە گوێ رایەڵی ئەو بڕیارانە دەبێت. واتە هیچ پێودانێکی ئەقڵی یان ئەخلاقی نییە بۆ بیرکردنەوە لەو بڕیارە، بەڵکو تەنها مل کەچی دەنوێنن‌و وەك کارێکی ئیداری چاوی لێدەکات‌و هیچی تر، واتە تەنها جێبەجێی کارێکی ئیداری رۆتین دەکات.

٢- دروست کردنی وەلائێکی تەواو بۆ دەسەلات بۆ سەرۆك، کە نموونەی سەرۆك ئەبێت بەشایان ترین نمونە وەدەبێت بەرکەسەی کە پێوستە هەموو لەو بچن.

٣- دروست کردنی دەسەلاتێکی کۆنترۆڵ کەر، کە هەموو تاکێکی کۆمەڵ چاودێر دەکرێت لەلایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە، سەرۆك چاودێری سەرکردەکانی تری ئەوان چاودێری بەڕێوەبەرەکانن بەبەڕێوەبەر فەرمانبەر تادەگاتە ئەوەی هەموو مرۆڤەکان چاودێری یەکتر دەکەن.

٤- دروست کردنی کەشی کوشتنی ئاشکرا بۆ چاوترساندنی هەموان.

وەئەم هێزە دەسەلاتگەرەی بەپێی میتۆدی میشیل فۆکۆ لێك بارەوەرەلاو ئەوە بەك خاڵی تری رۆشنکردەوە، کە فۆکۆ باسی لێوە نەکردووە، ئەویش سەرکردەی کارایە، کە ماکس شیبەر پێی دەڵێت مرۆڤی ساحیر دەبێتە کارا، بەڵام سەرکردەی کار لەرێگای کارە درێوەکانیەوە دەگاتە ئەوەی بتوانێت هەندێك بڕیاری سەیر بدات).

- وەهۆکارەکانی نەنفالی گەڕاندەوە بۆ حەوت خاڵی سەرەکی کە خاڵەکانی بەوردی شیکردەوە، وەئەوەشی بۆ سەلماندین کە ئەنفال کردەیەك نییە رووبدابێت‌و تەواو بەڵگو بەردەوام هەڕەشەی دووبارەبوونەوەمان لێ دەکات، چونکە هۆکارەکانی مانەوەی دەسەلاتی جینۆسایدی بەردەوام لەناوماندا هەیە، وەدەتوانن بەپێی مۆدێرنترین هۆکارەکانی جینۆسایدە، جارێکی تر کارەساتێکی لەو بابەتە بخولقێننەوە، چونکە ئەوان دەخوازن کۆمەڵ لەسەر شێوازی خۆیان‌و بەبێ تێڕوانین‌و تێگەیشتن خۆیان دروست بکەن، وەهەر لادانێك بان هەر بیروڕایەکی جیاواز مانای لادانە لەشێوەکەی ئەوان، وەحکومەت بەلەناوبردن‌و سڕینەوەی هەموو بونێکی.

کۆڕەکە نزیکی کاتژمێرێکی خایاند، پاشان گفتوگۆ دەستی پێکرد.. مەریوان توانی لەنێو پراکتیزەکردنێکی ئەکادیمی‌دا، بابەتی ئەنفال شیکاریکات‌و لەچەند لایەنێکەوە باسی بکات، باسی لەوەش کرد کە کورد تەنها میللەتێك نییە تووشی ئەنفال هاتووە لەجیهانی مۆدێرندا، نموونەی جولەکەکانی ئەڵمانیای نازی هێنایەوە، نموونەی موسڵمان‌و کۆسۆڤیەکانی یۆگۆسلاڤ‌و نموونەی دەوڵەتی تورك، کە چۆن عەقڵی سەربازی زاڵە بەسەر کۆمەڵدا، ئەوە بڕیاردەدات نەك خودی کۆمەڵگا، هەروەها کارەساتی ئەنفالی لەچەند لایەنێکی تریەوە باسکرد، وەك سڕینەوەی ئابووری ئەو ناوچانە، وەلەناوبردنی بەرهەمهێنانی ئەو ناوچەیە، کە هەمویان جوتیار بوون‌و کشتوکاڵ پیشەیان بووە، هەروەها

لێرە



ئەوەشی وەك عەقڵێكی سەیر باسكرد كە لەناو وڵاتێكدا یەك دنیا زەوی حەرام هەبێت كە بەشێكن بەزەوی وڵات وەدوور بن لەبەرەكانی شەڕەوە.

كە لەهەندێك لایەنیدا پرۆژەی ئەنفالی بەستەوە بەلاوازی یەكێتی نەتەوەیی خاكی عێراق. كە عێراق باسی یۆتۆپیای نەتەوەی گەورەی عەرەبی دەكاتو لەناوخۆدا پارچە پارچەیە، هەورەها باسی لەهاوولاتی عەرەبی دەكاتو لەناوخۆدا مانایەك بۆ هاوولاتی بوون نییە، مانایەك بۆ رێكەوتنێكی كۆمەڵایەتی نییە، كە تاكەكانی كۆمەڵ هیچ پەیمانێكی كۆمەڵایەتی پێكەوەیان نابەستێتەوە.).

دوای گفتوگۆیەكی تێڕو تەسەل كۆڕەكە كۆتایی پێ هات..

ئەوانەی بەجێیان هێشتین

وەزارەتی رۆشنبیری (بەشی هونەری) لەرۆژی ١٩٩٩/١/٢٥دا پێشانگەیەكی هاویەشی بۆ هەردوو شێوەكار (بەهادین شێخ كەریمو ئیسماعیل عومەر كردەوە) لەهۆڵی مۆزەخانە. ئەم پێشانگایە پێشكەش كرابوو ئەوانەی بەجێیان هێشتووین، هونەرمەند ئیسماعیل عومەر لەدەلیلی پێشانگاكەدا دەڵێ: (تەعبیریەت ئاگرێكە لەناوەوەی مرۆڤدا هەناسە ئەدات بۆ گوزارشت كردن لەشتەكان. وەلەهەموو ئەو پەنایانە نزیك دەبێتەوە كە مرۆڤایەتی تێدا شەتەك دەدرێ... قوڵتر تەماشای ئازارەكانی مرۆڤ دەكات تارادەی هەست پێكردن.

هەمو خراپەكارییەك ئەو ئاگرەی ناو رۆح دەهەژێنێ بۆ بێدەنگ نەبوون. تەعبیریەت بەڕادەیەك جیهان شیدەكاتەوە نەوەندەی گەیشتن بەزمانی بانگدەكان بۆیە هەمیشە كاری تەعبیری قەرنكی گەورەی بەرووبەرو بەدی دەكرێ، ئیتر بانەوەندە رۆژهەڵاتەكەمان غوربەتی نەبێ، ئاخر دەنگێك هەیە پێمان دەڵێت: درەنگە بۆ ژیان).

دستۆفیسكیەوە

لەرۆژانی ٢/٥ بەرەو دواوە وەزارەتی رۆشنبیری تیبینی شانۆی نەتەوەیی لەهۆڵی رۆشنبیریی شانۆیی (سزاو تاوان)یان نمایش كرد.. ئەم شانۆییە یرۆژەیەكی (فەللاح شاكر)ەو (ئازاد بەرزنجی) ئەركی وەرگێڕانو (حسین میسری)ش ئامادەكارو دەرهێنەر بوو. بەشدارانی نمایش بریتی بوون لە: (علی كریم- راسكالینكاف) كە دەڵێ: (بۆچی من خەڵكم كوشتووە).. (حیهاد دڵیاك- لێكۆڵەرەوە) كە دەڵێ: (تۆ تاوانباریت بەكوشتن).. (چۆیی عەبدولعەزیز- سۆنیا) كە دەڵێ: (من قێزتان لێ ئەكەمەوە، قێز لەهەموتان ئەكەمەوە).. (عەبدولی حەمە جوان- مارمیلادۆف) كە دەڵێ: (ئەخۆینەوە ئەخۆینەوە بیلێنەوە لەگەڵما).. (ژیان ئیبراهیم- یەرێژن) كە دەڵێ: (شەست.. بیبەو بیفرۆشە).. (بەهادین عازەبانی- لێكۆڵەرەوەی) كە دەڵێ: (گەورەم.. ئەخۆشی شێتی مەزنایەتی هەیە).. لەدواجاردا (حسین میسریش) دەڵێت: (من بۆ ئەوە ئازیم خەڵك خۆشی بوێم، بەڵكو ئەژیم لەبەر ئەوەی خەڵكم خۆش بوێ).

بریسكەی رۆژگارە زێڕینەكان

رۆژی دوو شەممە ١٩٩٩/١/١١ ئاوەندی چاپەمەنی زامواو راگەیاندنی خاك مەراسیمێكی گەورەیان سازكرد بۆ رێزلێنان لەدوو چرای پرشنگداری (سێكوچكەی بابان) كە ئەویش هەردوو شاعیر (سالمو كوردی) بوون. سەرەتای رێو رەسمەكە بەچەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز دەستی پێكرد،

لێرە




دواتر پەردە لەسەر هەردوو ئارامگای شاعیران لادرا لەلایەن مامۆستا (حەمە بۆر)ەوە کە بۆ شەست و سێ ساڵی دەچێ سەرگەرمی ساغکردنەوەی شێوەکانی کوردی و ئارامگاکەیەتی، پاشان (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیر پەخشانە شیعرێکی پێشکەش کرد. بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ لەلایەن (یاسینی فەقێ سەعید)ەوە وتارێکی بەو پادە پێشکەش کرد. دواتر (ئیسماعیل بەگی ساحێبقران) وتاری بنەماڵەی ساحێبقرانی پێشکەش کردو بەدوا قەسیدەی کوردی کە بەر لەکۆچ کردنی نووسیویەتی کۆتایی بەمەراسیمەکە هێنرا.

شایانی باسە هونەرمەند (زاهیر سدیق) بەدوو (ریلیف)ی قەشەنگ هەردوو ئارامگەکەی هەڵبەستبرو مەراسیمەکە لەلایەن (دڵشاد مستەفا)ەوە بەڕێوە دەچوو.

رامانێك لەناو شەبەنگی باراندا

لەڕۆژی ١٢/١/ ١٩٩٩ بەدواوە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ سیفەر ئەحمەد لەهۆڵی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لەژێر شەبەنگە بارانێکی هەرێنایی‌دا نرقمی رامانی کردین. ئەگەر چی چوارچێوەکان لەکارەکانی سیفەردا لەخودو گیانی وێنەکانی



فراوانتر بوون و ڕەشای چوارچێوەکانیشی لەهەموو ئەو ڕەنگانەی کە کەوتبوونە ناواخنی‌یەوە تووندوتیژتر بوون کەچی دوای وردبوونەوەو ڕامانێك نەفسوونێکی سەرشێت لەهەڵوێستەوە (تصمیم) لەناو هەناوی ئەو ڕەشایەی دەورویەری خۆیان دەهاتنە دەرێ و لەگەڵ خۆیان پەلکێشی دەکردین.. بەبێ ئەوە بزانی بۆ کوێ و بەبێ ئەوەی نۆش بپرسی بۆ کوێت دەبا.

ئەگەرچی سروشتی کاری گرافیك و هەڵبژاردنی زەخرەفەش بەشێوەیەکی ئاسایی ئەو فۆرمە بەرهەم دەهێنن. جووت بوونەوەیەکیش لەنێوان فۆرم و ڕواڵەتدا سەرنجی وەرگر لەپەرتبوون قوتار دەکات. ئەگەر لێرەوە فۆرم بەم ڕواڵەتە بەراورد بکەین کە هەڵبژاردنەکان دەیانەوێ ڕەوانەی ژەژکری بکەن دەگری "بلێین: لێرەدا وەکو تاکێکی گومان هەڵگر زۆر بەقوڵییەوە دنیا دەخاتە بەردەم خوێندنەوەو تێڕامانەوە یاوەخود ئارەزوویەك بۆ هەڵوەشاندنی یەقینەکان و جارێکی تر بنیادنەوەی بەهەر جۆرەی تاك ئارەزووی دەکات. ئەمەش لەڕێی دوانەی (عەشق/ مەرگ) (جورئەت/ ترس) (جوولە/ مت بوون) بەرهەم دێ و ڕەوانەی دەرەوەی خۆی دەکات.

KURDISTANI
NWE

هەوڵی کوردستانی

کوردستانی

نوێ حەوتەمین یادی دامەزراندنی کردەوە

هەڵبەت ئەم کارکردنەش هەڵگرلاوی زەمینەیەکە کەلەسەر کلتوورو رابردوویەکی چەقبەستوو هەناسە دەدات. سیفەر لێرەوە دەیەوێت توانای ئیرادەکانی خۆی تاقی بکاتەوەو گەمەیەکیش بخولقێنێ لەئامادەبوون لەهەمو بەیانیەکاندا. عەشقو جورئەتو جوولە لەگەلێك لەهەڕێناکاندا بەرەو ژیانمان دەباو هەوگو تیرسو مێت بوونیش لەهەندێکی دیدا بەرەو دوورکەوتنەوەو دابڕان لەژیانمان دەبات. عاشقەکان لەناو هەردوو ئاراستەکەدا سەما دەکەن/ جارێك/ سەمایەکی ئاگراوی/و جارێك/ سەمایەکی تەزیوو/.

مامۆستا ئازاد جەلال لەبارەی هەڕێناکانەوە دەڵێ: (بەگومانەوە هاتمە ناو پێشانگاکەت چونکە نەمدەزانی دەستو خامەت ئەوەندە رەنگینە.. جا منیش ئەوەندەی ئارەزووی بینین دەکەم ئەوەندە ناگەڕێم لەوەی ئەمە گرافیکە یان زەخرەفەیە یان هەردووکیان. ئەم یادگارەشت پێ دەڵێم بۆ ئەوەی کەلکی لێوەربگری: مامۆستایەك هەبوو لەبەشەکەتان ناوی -عبدالله رەسول بوو- ئێستا لە لەندەن دەژی ئەوکاتەی خوێندکار بوو تائێستاشی کە هەر بەردەوامە لەگەڕان بەدوای شێوازێکی هونەریدا. خۆزگە تۆش بەشێوازێکەوە نەمایتایەتەوەو هەمیشە لەگەڕاندا بوویتایە. پێشخۆشحاڵ بووم کە سیفەرم بەم توانایەوە بینی).

هەفتەی سینەمای ئێرانی

ڕۆژانی ١/٢٣ تاوەکو ١٩٩٩/٢/٢٧ مەڵبەندی میدیا بەهاوکاری تەلەفزیۆنی ئازادی



بەچاودێری هەڤاڵ مام جەلالو لەژێر دروشمی (حەوت ساڵەو درێژترین ڕووباری وشەی ڕەسەن، سەرچاوەکەی کوردستانی نوێیە) مۆمی (٨) ساڵی تەمەنی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا ساعات (١٠،٣٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٩٩٩/١/١٢ لەهۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانیو بەئامادەبوونی هەڤاڵ مام جەلالو بەڕێز کۆسرەت ڕەسول عەلی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانو ژمارەیەك لەهەڤاڵانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی (ی.ن.ك)و وەزیرە بەڕێزەکانو سکرتێری حیزبەکان هاوپەیمانانو نوێنەری UN لەسلێمانیو نوێنەری بەشی کوردی TV سەحەرو ڕادیۆی تاران و هەفتەنامەی ئاوێر لەکوردستانی ئێرانو بەڕێزان دامو دەزگا حکومەتیو ڕێکخراوە پیشەییەکانو ژمارەیەك لەئەدیبو ڕۆژنامەنووسانی شاری سلێمانیو هەولێرو ئەدیبو هونەرمەندانو جەماوەرێکی زۆر ئامادەی ئەو ڕێو ڕەسمەبوون.

سەرەتای مەراسیمەکە بەدەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کردو دواتر (٨) مۆمی تەمەنی کوردستانی نوێ لەلایەن لێپرسراوانی (٨) دواتر بەڕێز (عادل مەراد) وتەیەکی پێشکەش کردو پاشان هەڤاڵ مام جەلال بەو بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکەش کردو پاشان بەڕێزا دڵشاد عبدالله جێگری سەرنووسەر وتاری ڕۆژنامەی خوێندەوەو دواتر شاعیری گەورەی کورد مامۆستا شێرکۆ بێکەس بەخوێندنەوەی قەسیدەیەکی نوێ بەناوی (ئەستێرەیەکی هەشت نۆمی)و پاشان بەڕێز (یەمرامی وەڵد بەکی) سەرنووسەری هەفتەنامەی (ئاوێر) وتەیەکی پێشکەش کردو لەکۆتاییدا لەلایەن بەڕێز سەرۆکی حکومەتو وەزیری ڕۆشنبیریو بەرپرسی دەزگای ڕاگەیاندنەوە خەڵات بەسەر دەستەی نووسەرانی کوردستانی نوێو هاوکارانو پەیامنێرو ڕۆژنامەکاندا دابەش کرا لەوانە:

(فریاد ڕەواندزی، محمد نوری تۆفیق، دڵشاد عبدالله، عبدالله قەرەداغی، ستران عبدالله، یاسین قادر بەرزنجی، کاوە محمد، نەوزاد عەلی احمد، شێرکۆ مەنگوڕی، ئاوات عبدالله، هەوراز شەرانی، کەڤاڵ ئەحمەد، شیرین. ك).

هێندە ماوە بڵێین ساڵی دامەزراندنو داگیرساندنی مۆمی (٨)ەمت لێ پیرۆز بێت هیواداربین ساڵی هەشتەم ساڵی داهێنانو سەرکەوتنی زیاتر بێت.

لێرە



هەفتەیەکی سازکرد بۆ سینەمای نێرانی لەگەڵ پێشانگایەک بۆ پۆستەرو وێنەی فۆتۆگرافی فیلمەکان.

ڕۆژی یەکەم: فیلمی (دەست نەرۆش) لەدەرهێنانی (محسن مخملباف) نیشاندرا.

ڕۆژی دووەم: فیلمی (ژیان وهیچی تر) لەدەرهێنانی (عباسی کیا ڕۆستەمی) نیشاندرا. عەباس خاوەنی خەڵاتی (چڵە خورما)ی ئاڵتونی فێستیڤاڵی (کان)ی سینەمایە.

ڕۆژی سێیەم: فیلمی (سڵاوسینەما) لەدەرهێنانی (محسن مخملباف) نیشاندرا.

ڕۆژی چوارەم: فیلمی (میزەڵدانی سپی) لەدەرهێنانی (جەعفەری پەناهی) نیشاندرا. پەناهی خاوەنی خەڵاتی (پڵنگی ئاڵتوونی)و خەڵاتی گەورەی پەنجاهەمین فێستیڤاڵی لۆکارنۆی سینەمایی‌یە لە فیلمی (ئاوێنە) بەم فیلمەش لەفێستیڤاڵی ترۆمسۆی نەرویج و ٢٤هەمین فێستیڤاڵی بەلگرادو ٤٦هەمین فێستیڤاڵی بەرلین (بەشی منداڵان)و ٢٥هەمین فێستیڤاڵی ڕۆتەردام لەهۆڵەندا هاوبەشی کردووە.

ڕۆژی پێنجەم: فیلمی (لەژێر دەرختی زەیتونیەکانا) لەدەرهێنانی (عەباسی کیاروستەمی) نیشاندرا.

پێشانگەی خانمان

ڕۆژانی ٢/١٢ تا ١٩٩٩/٢/١٦
بەسەرپەرشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری

— بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر— پێشانگای شێوەکاری بۆ پێنج کچە هونەرمەند کرایەوە لەهۆڵی مۆزەخانە.

ئەم پێنج هونەرمەندە (دالیا مۆراد، تارا خالد، شیلان جەبار، شوعلە سلێمان، ساکار فاروق) بوون. لەوتەیەکدا دەڵێن:

ئێمە تەنها خۆشەویستی بۆ ڕۆحی یەکدی‌و حەزکردن بەجوانی کۆیکردینەوە توانیمان ئەم پێشانگایە بەرهەم بهێنین.

دالیا ساڵی ١٩٧٥ لەسلێمانی لەدایک بووەو ساڵی ١٩٩٦ پەیمانگای هونەرەجوانەکانی تەواوکردووەو هاوبەشی گەلێک لەپێشانگاکانی کردووە لەوانە بەشداری پێشانگای سی‌یەمو چوارەمی خانمان.

تارا لەساڵی ١٩٧٥ لەسلێمانی لەدایک بووەو ساڵی ١٩٩٦ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی تەواو کردووەو هاوبەشی گەلێک پێشانگای هاوبەشی کرووە لەوانە بەشداری کردووە لەپێشانگای هاوبەشی هێلکاری لەهۆڵی پەیمانگەو بەشداری فێستیڤاڵی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی لەمیدیا لەهەولێر.

شیلان جەبار لەساڵی ١٩٧٦ لەسلێمانی لەدایک بووەو ساڵی ١٩٩٦ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٩٤و ساڵی ١٩٩٧ یەکەمو دووەم پێشانگای تایبەتی کردۆتەوەو ساڵی ١٩٩٤ تابلۆکانی لەئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی ڕۆما لەئیتالیا پەسەند کراوە.

شوعلە لەساڵی ١٩٧٤ لەسلێمانی لەدایک بووەو ساڵی ١٩٩٦ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە.

بەشداری گەلێک پێشانگای کردووە لەوانە پێشانگەی سێیەمو چوارەمی خانمان.

ساکار لەساڵی ١٩٧٩ لەسلێمانی لەدایک بووەو ساڵی ١٩٩٧ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە.

بەشداری گەلێک پێشانگەی کردووە لەوانە پێشانگەی سێهەمو چوارەمی خانمانو لەناو پێشانگاکەدا رای سێ کەسمان هەڵبژارد لەوانە: (مامۆستا ئازاد جەلالو هاوڕێ مستەفاو شێرکۆ بێکەس):

(دالیاو شیلان تارای شوعلەیەکی ساکاربوون.

سەیرە ئەی بۆ ئەڵێن کچان کەمتر بەدەسەڵاتن!؟

ئەی بۆچی ئەو جوانیانە نابینن؟!

لێرە



ئەرا من، ئەمرۆ ئەو مەزنیەم لەلوتکەدا بینی.

دەستان خۆش و رەوتی هونەرینان رۆشن)

ئازاد جلال

(هەر رەنگێک سەما لەسەر سەمفۆنی هەر مەچەکێ بکات دیارە ئەوەتا ئەو تابلۆیە پێش کەش دەکات کە دەنگەکان و قەبارەکان لەناوەندی پێشانگەیەکی خنجیلانەو نمایش دەکات پێنج هەستی جیاواز پێنج فلچە هەرێک بەپێنج رێگەدا کەوتنە رێیەک وەک تجرید سەری سورمانم دوو وەک تەعبیر لەخۆمی رامانم سێ نامۆی کردم چوار بریقەی ئالتونی و تەماتوعی نێوان رووناکی و سێبەرەکان نەیان دەهێشت بەجێیان بهێڵم و دوا سەرسورمانم بۆ ناوەندی پیشانگەکەیە کەمانچەژەنێک لەسەر وەتەری ساتە سارەدەکان کەمانچە دەژەنێ و هەژارییەک لەبەرامبەریدا وەستاوە و خۆی لەبەچەستەبوونی پانتاییەکی گەورە هەڵدەکێشا. دەستان خۆش).

هاورێ مستەفا

(پێنج کچی هونەرمەندی ئەم شارە بەیەکەوە لەکۆڕاڵێکی رەنگیندا ئازارو خەم و خەون و جوانی ئەژەنن.. بەیەکەوەن و لەهەمان کاتیشدا جوێ ئەبنەوە، جوێبوونەوەی روانین، جوێبوونەوەی شێوازی کارکردن و بەڵام هەر هەموو تێکەڵ بەزەریاچە بەرینەکەی هونەر ئەبنەوە. هەموو کارەکان رەونەق و بیرو ستاتیکای خۆیان تێدایە. هەر هونەرمەندەو گۆشەیەکی ئەم ژیانەمان نیشان ئەداو بەجۆرێک خەیاڵ و روانینمان کەمەندکێشی خۆی ئەکان هەڵبەت ژن وەک سەرچاوەی ژیان لەپێشانگەیەدا جربوەی خۆی هەیە).

شێرکۆ بێکەس

کێشەی سێبەر

هەڵبەندی رۆشنبیری چەمچەماڵ و کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد -لقی چەمچەماڵ- و تیپی شانۆی گەل. لەسەر هۆڵی رۆشنبیری بۆ ماوەی سێ رۆژ لەرێکەوتی ۱۹۹۸/۱۲/۷ەوە شانۆیی (کێشەی سێبەری کەرەکە)یان نمایش کرد.

ئەم شانۆییە لەنوسینی (فردریک دورین ماتە) و لەوەرگێڕان و دەرهێنانی (محمد سەییدە) لەساڵی ۱۹۹۸ (محمد کریم) بینەری کوردی بەم نووسەرە ئاشنا کردووە بەنمایش کردنی شانۆیی (سەردانەوەی پیرێژنێک) کە لەوەرگێڕانی (دڵشاد مستەفا) بوو. مامۆستا ئیسماعیل هەورامیش بەشانۆیی (ئیمپراتۆر جۆنز) و ئازاد ئەحمەد سەوزەش بەوەرگێڕانی (کەوتنەخوارەوەی فریشتەیەک لەبابل).

شایانی باسە (کێشەی سێبەری کەرەکە) درامایەکی رادیۆییەو محمد سەیید بەشێوازێکی جوان بۆ شانۆی گونجاندووەو لەفێستیڤاڵی شارۆچکەکانی کەرکویشدا توانی خەڵاتی باشترین نمایشی شانۆیی پێ وەربگرێت.

نمایش کارانی ئەم شانۆییە بریتی بوون لە (تالیب عبدالکریم- ئەنتراکس، فەرمان عادل- دکتۆر شتروسیون، رزگار حەمە رەووف- قازی، جەلال حەمە عەلی- دەرگەوان و ئاگرکوژێنەوە، نەجات عزیز- پارێزەر فیزکتانوس، محمد سەیید- پارێزەر بولیفونوس، ئەنوەر محمد صاڵح- دادوەر، بکر محمد- میلیتاس، ئیرەج- بێژەر، محمد عبدالله، سەرۆکی گەشتو گوزار، لەتیف بێ باک- ئەندامی پارتی کار، بکر ئەحمەد- سەرۆکی کارگەی چەک، نەجات رەزا- کەشتیوان و ئاگرکوژێنەوە، عمر سەیید- کابێن، لەگەڵ میوانی بەرهەم سەربەست ئەحمەد).

شایانی باسە بزووتنەوەی شانۆیی لە چەمچەماڵدا لەساڵانی هەشتاوە لەوپەڕی گوڕو چالاکیدایە ئەویش بەکاریگەری هونەرمەندان ئازێز مەولودو سیروان رەحیم. هیواداریین ئەم تیپە بتوانن لەداهاتوودا هەمان رۆڵ و توانای ئەو ساڵانە ببوژێننەوەو گەشە بەبزوتنەوەی شانۆیی ئەو شارە بدەن.

دوو کۆڕی ناوازە

ڕێکەوتی ١/١٢و ١/١٤ی ١٩٩٩دا بنکەی ئەدەبیی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ لەزنجیرە چالاکیەکانی خۆیداو لەئەزموونی نوێی دەستەی هەڵبژێردراوی‌دا دوو کۆڕی فکری بۆ هەردوو ڕۆشنبیری لاو (رامیار محمودو سەروەر ئەحمەد) سازکرد لەهۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد- لقی سلێمانی.

کۆڕی یەکەم بەناوی (چەمانەوە بەسەر بۆشایی‌دا) بۆ بەڕێز رامیار محمود کە کۆڕەکە لەلایەن سەروەر ئەحمەدەوە بەڕێوەڕوو..

کۆڕی دووەم بەناوی (ئەفسانەی کلتوور لەناو ڕۆشنبیری کوردیدا) بۆ سەروەر ئەحمەدو کۆڕەکە لەلایەن رامیار مەحمودەوە بەڕێوەچوو.

وا لەخوارەوە کورتەیەک لەبۆچوونی هەردوکیان تۆمار دەکەین:

١- چەمانەوە بەسەر بۆشایی‌دا

لێکۆڵینەوەیەکە لەوچوارچێوەی سێ پرۆژەی شیعری (مەلای جزیری‌و مەولەوی‌و مەحوی) ئەم باسە سەرەتا ئیشکردنێک بوو بۆ جیاکردنەوەی شعر لەزمان‌و بەشێوەیەکی گشتی‌و ئاشکراکردنی ماهییەتی زمانی شعری‌و بەپەنابردن بۆ بەڵگەی شعری لای هەریەک لەو سێ شاعیرە، پاشان کارەکە بەرەو ئاڕاستەیەکی دیکە وێنەی خۆی گۆڕی بەرەو پشکنینی دیدی تراژیدییانەو هەڵگرتنی وێنەی جیهان لەبەردەم خاپوور بوون‌و دواجار نیشکردنەکە بەرەو خوێندنەوەی چەمکی مردن ڕۆیشت لەناو بیری خۆرئاوا ئاماژەکردن بۆ گرفتی مردن لەژیاریی ئاینیەکان‌و دواتر خوێندنەوەی ماناکانی مرۆڤ لەدیدگای بونگەرانەوە بۆ زیاتر



دیاریکردنی ئاقاری نوسینێک کەسیما حەقیقیەکانی مرۆڤ لەبەردەم کێشە جەوهەرییەکانی دادەبڕێت‌و هاوکات لەچوارچێوەی ئەدەبی کوردی‌دا کە جیاکردنەوەی هێڵی شعری (مەلای جزیری‌و مەولەوی‌و مەحوی)یە لەهێڵی قوتابخانەی بابان لەشعری کوردی‌دا ئەمەش لەسەر ئەو پێگە فکرییەی کە هیچ سەردەمێکی ڕۆشنبیری بەتاڵ نیە لەجیاوازی ئاقارو واتاو ناکرێت سەردەمێک بخرێتە ژێر حوکمێکی هاوبەشەوە.

٢- ئەفسانەی کەلتوور لەناو ڕۆشنبیریی کوردی‌دا

ئاخۆ بەبێ دابڕان لەگەڵ دوێنێ‌دا، دەتوانین پێ بخەینە ناو سبەینێوە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە هەمیشەو بەبەردەوامی ئەرشیفی ڕۆشنبیری کوردی ڕاپەچڵەکێنێ لەو غەفڵەتەی تیایا دەژی، ئەم پرسیارە زەنگی ئەو جەنگە ترسناک‌و چارەنووسسازەیە کە بەشێوەیەک لەشێوەکان بوونی ئێمەی پێوە گرێدراوە!

بەردەوام ڕۆشنبیریی ئێمە ئەو پرسیارەی بە(بەڵێ!) وەڵام داوەتەوەو وەک تارمایی‌یەکی خوێناوی‌و تراژیدی بەناو سەرجەم ڕوبەرە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ڕۆشنبیریەکەی ئێمە‌دا ڕۆچۆتە خوارەوە. بۆ ئەوەی سەرجەم ڕوبەرەکانی ئەم ڕۆشنبیرییە بکرێتەوە، ئەرا مەرجێکی پێویستە کە ئەو پرسیارە فەرامۆش نەکات، بۆیە مەمکین نیە ئەو پرسیارە



فەرامۆش بکەین‌و خەونیش بەتازەبوونەوەوە ببینین، وەبۆ ئەوەی ببینە خاوەنی جیهانێکی هونەرکەی، ئەوا دەبێت ئەو ڕاستیە لەیاد نەکەین کەخۆی‌و ڕەخنە لەناو پەیوەندییەکی ئۆرگانیدان‌و ناتوانین لێکترپان جیا بکەینەوە. بۆ ئەمەش دەبێت لەیاخی یاخی تر بین تاوەکو (نەخێر!) ببێتە نەریتێک لەناو ڕۆشنبیری کوردی‌دا، ئەگەر نا ئەوا هەرگیز ڕابوردوو بوارێک بۆ لەدایک بوونی نێستا ناکاتەوە چ تراژیدیایەکیشە کاتێک شعور ئەکەین ڕابردوو بەردەوامەو کۆتایی نەهاتووە، یان کاتێک هەست ئەکەین ڕابوردوو لەناو لەشتایەو هێشتا بەهەنووکە ئاشنا نەبوویت.

ئایا بەبێ دۆزینەوەو ئاشکراکردنی کێشە بنچینەییەکانی ناو ڕۆشنبیریمان، ئەتوانین ڕابوردوو بەرهەم نەهێنینەوە؟ گەر ڕۆشنبیری کوردی سەر بەکەلتووری ئیسلامی بێت یان کەلتووری ئیسلام بووبێتە بنچینەیەکی مادی‌و مەعنەوی ڕۆشنبیری کوردی، ئایا ئەمە بەڵگەیەک نیە، یان ڕاستی‌یەک نیە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیری کوردی لەپێگەی قەیران‌و کێشەکانی ئەو کەلتوورەوە خۆی لەڕابردوو دەربازبکات؟ یاخود دەبێت بپرسین هەرچەشن‌و گەڕانەوەیەک چەندێک ماوەی نێوان ئێمەو پاشەڕۆژ درێژدەکات یان وەن دەکات؟ یاخود خۆرئاوا ژیانی ڕۆشنبیری ئێمەی تووشی چ ڕووداوێکی لەناکاو کتوپڕ کردووە؟..

نێستای سۆلجنتسین لەروسیا

ڕۆمانێنوس و نوسەری ناسراو خۆشتر بوون لەنێستای کەلەوڵاتەکەی خۆیدا دەژی.

هاوولاتیيە ڕوسەکانیش بەجۆرێك لەگومانەوە سەیری هەڵوێستی نێستای سۆلجنتسین دەکەن و دەڵێن دەبوایە هەر زوو، لەوەختی خۆیا بگەڕایتەوە و ڕۆڵی لەگۆڕانکاریيەکاندا ببینیایە. کۆمۆنیست و دیموکراتیخوازەکانیش دەیانەوێت لەوە تێبگەن چۆن کەسێکی وەك سولجنتسین کەتا دوێنێ دەیویست شیوعیەت بڕوخێ ئەمڕۆ داکۆکی لەچەوساوەکان دەکات!

نوسەرێکی ئێرانی دەبێت بەئەندامی عەرەب

سەمیر ئەرشەدی کەمامۆستای زمانی فارسییە لەزانکۆی دیمەشق کرا بەئەندامی نوسەران و ئەدیبانی عەرەب.

وەك دەوترێ ئەم نوسەرە، یەکەم نوسەری ئێرانییە کەلەیەکێتی نوسەرانی عەرەب، یا لەکۆمەڵەو ئەنجومەنێکی ئەدەبی جیهانییا وەرگیرابێت.

عەلی عقله عرسان بەم بۆنەیەوە ڕۆشنبیری نێوان عەرەب و ئێرانی کرد، و ئاماژەی بەگفتوگۆی شارستانییە کۆنەکانی ناوچەکەدا، سەمیر ئەرشەدی چەندەها نوسینی فارسی کردووە بەعەرەبی، لەیاڵ ئەمەیشدا بەزمانی عەرەبی وتارو لێکۆڵینەوەی نوسیوە.

لوتفی الخولی کۆچی دوایی کرد

نوسەری میسری بەناوبانگ لوتفی الخولی مالئاوایی لەجیهان کرد. خولی یەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی هاوپەیمانیی نێو دەوڵەتی بۆ ئاشتی.

ساڵانێکی دوور درێژ سەرنووسەری گۆڤاری (الطلیعة) بوو، کەوەختی خۆی سادات بەهۆی ڕتارێکی خۆیەوە دایخست.



لوتفی کەسێکی زۆر نزیك بوو لەیاسر عەرەفاتو لەپێناوی کێشەی فەلەستینا خەباتێکی گەورەی بەقەڵەمەکەی خۆی کرد.

یەبوەندی بتەوبێشی لەگەڵ سەرکردەکانی شۆڕشی جەزائیردا هەبوو. وەختی خۆی سیناریۆی فیلمی (جەمیلە بوحیرد)ی نووسی.

خولی ساڵی ١٩٢٩ لەدایك بووە ماوەیەك وەك پارێزەر کاری‌کردووە. لەشەستەکاندا لە(الاهرام)دا ئیشی کردووە. بەشداری دامەزراندنی حیزبی (التجمع الیساری) کردووە.

(مسك الغزال)ی حەنان الشێخ لەسەر شانۆ



حەنان الشێخ ئەو رۆمانووسە بەتوانایەیە کەلەکۆتایی حەفتاکاندا ئەدەبێکی خستەڕو جیاواز لەئەدەبی ژنربەی ژنری ئەدیبە ئافرەتەکانی تری عەرەب. ئەگەر لەئەدەبی (غادە السمان)دا هەست بەسەربەستی کێشەی ئافرەت بکەین لەکەشو نەزایەکی رۆمانسیانەداو بەشێوازێکی ناسک‌و پاراو، ئەوە لەرۆمانەکانی (حنان الشێخ)دا روبەڕووی حاڵەتێکی‌تر ئەبینەوە. لای حنان توندوتیژییەکی بەردەوام دەبینین، لەنێوان ژن‌و پیاودا بۆیە رستەو شێوازی زبرمان دێتەڕێ کاتی خوێندنەوەی رۆمانەکانی.

(مسك الغزال) رۆمانێکی سەرکەوتوی حەنانە لەسەرەتای ئەم مانگەدا لەسەر شانۆی کۆمەڵەی مەسیحییە گەنجەکانی قودس پێشکەشکرا کەسەکانی شانۆنامەکە چوار ئافرەتن لەبیاباندا یەکدەگرن. هەریەکەیان جیهانی جیاوازی خۆی هەیە بەڵام کێشەی سەربەستی یەکیان دەخات، سەربەستی لەدژی بیرگەو واقیع‌و ئایندە. حەنان دەڵێت شتێکی خۆشە کەسەکانی نووسەر دێنە ڕی کاغەز بەجێبهێڵن‌و لەسەر شانۆ جموجوڵی خۆیان بکەن. وەک چۆن لەخەیاڵا دەیکەن.

دەستخەتێکی نەسرەدین شاە لای مادام تۆسۆ

ساڵی ١٨٧٣ نەسرەدین شا سەفەرێکی بۆ لەندەن کردووە. سەری لەزۆر شوێن داوە، لەگەڕانەوەیشدا یاداشتی خۆی نوسیوەتەوە.

لەو سەفەرەیدا سەری لەمۆزەخانەی مادام تووسو داوەو بۆ یادگاری لەوێدا شتێکی نوسیوە بریتییە لەچەند رستە گۆڤارێکی ئێرانی لەژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٨ بڵاوی کردۆتەوە رستەکانی ئەمانەن:

((وەختێ کەلەندەن مامەوە چوویین بۆ تەماشاکردنی مادام تووسو و ئەم چەند رستەیەمان بۆ یادگاری لێرەدا نوسی.)).

١٢٩٠ھ

گۆڤاری (المدی) فایلێک بۆ شیعری کوردی دەکاتەوە

گۆڤاری المدی کەلەسوریا بەزمانی عەرەبی دەرئەچێ بەتەمایە فایلی شیعری کوردی ئامادە بکات.

لەم بارەیەوە شاعیری ناسراو سەعدی یوسف نامەیەکی بۆ شاعیر (عباس البدری) نوسیوەو داوای یارمەتی نوسەرانی لێدەکات.

وەک لە نامەکەدا هاتووە دەقی شیعری ژنەریان لەلایە بەڵام پێویستیان بەلێکۆڵینەوەیە لەسەر شیعری کوردی بەتایبەتی دەربارەی ئەم دووبابەتە:

١ـ شێوازی هونەری پاش گۆران

٢ـ باوکاری (التقلید) لەنوێگەری کوردیدا.

سەلیم بەرەکات و رۆمانێک لەسەر مهاباد

سەلیم بەرەکات ئەو شاعیرو رۆماننووسە گەورەیەیە کەچەندێ بەزمان لێمان دوورببێت بەڵام بەناوەڕۆک‌و هەست‌و بۆچوونی لەناومانداید. سەلیم چەند رۆمانێکی هەیەو پاڵەوان‌و شوێنەکانی لەکوردو کوردستان هەڵێنجراون.

لەنامەیەکدا کەبۆ شاعیر کاك دڵشاد عبداللەی ناردووە هەواڵی ئەوە دەگەیەنێت کەخەریکی چاپکردنی رۆمانێکە دەربارەی مهابادو شکستەکانمان. شایانی باسە سەلیم بەرەکات لەکۆتایی هەشتاکاندا شیعرێکی درێژی بەناوی (مهاباد)ەوە بۆ مهاباد نوسیوەو لەو مەڵەفەدا کەلەژمارە (١٧)ی گۆڤاری ئێستادا بۆ سەلیم بەرەکات کرابوو نوسینێکی تیایە بەناونیشانی (مهابادی سەلیم بەرەکات، مهابادی ئێمە)

شایانی باسە دانەیەک لەگۆڤاری ئێستا لەرێگای نوسەر مۆفەق دەرگەلەییەوە بەسەلیم گەیشتووەو پێخۆش حاڵی خۆی بۆ ئامادەکردنی مەلەفەکە دەربڕیوە.



ساڵی ١٩٩٨

ساڵی کتێبی

محمد موکری

حەفتاکانەوە بەکورتە چیرۆک خۆی بەخوێنەران ناساندو لەرۆژنامەی برایەتی و هاوکاری و گۆڤاری بەیان و رۆژی کوردستان و هتد چەندین کورتە چیرۆکی خۆی بلاوکردەوە و لەچەند چیرۆکێك لەو چیرۆکە بلاوکراوانەبدا دەسپێشکەری یەکی زەق بەدی دەکری بۆ نوێکردنەوەی کورتە چیرۆکی کوردی و موتوربەکردنی کورتە چیرۆکی کوردی بەشەقلی نوێی چیرۆکی بیانی و فەنتازیای چیرۆکی ئەوروپایی... و ئەوەی کۆمەلە چیرۆکی - نێچیر - ی محمد موکری



بخوێنیتەوە دەتوانی بەئاسانی ئەو لایەنانە دەستنیشان بکات کەباسمان کرد.

محمد موکری شانبەشانی کورتە چیرۆك چەندین رۆمانی نووسیوەو توانیویەتی گورز تاوێك بەهونەری رۆمانی کوردی بدات... و لەم بوارەشدا جێپەنجەی داهێنانەکانی موکری بەئاشکرا بەدی دەکرێت و موکری بووە بەیەکێك لەرۆمانئووسە بەتواناکانی کوردو بابەتو کاکڵەی رۆمانەکانی موکری خوازراوو قەرزکراو یاخود وەرگێرانی ئەملاو ئەولانین... بەڵکو هەڵقوڵاوی خۆمانن...

بەواتایەکی دەتوانین بڵێین محمد موکری لەبیناسازی رۆماندا لەناوەوە بۆ دەرەوە دەڕوات بەم شێوەیەش بینایەکی خۆمالی بەکەرەستەی نوێ دروست دەکات بەپێچەوانەی هەندی رۆمانئووسی تر‌ەوە کەلەبیناسازی رۆماندا لەدەرەوە بۆ ناوەوە دێن.. بەم شێوەیەش بینایەکی تەواو لەسەر زەمینەیەکی نەرمو بۆش دروست دەکەن کەخۆی رانەگرێو زوو هەرەس دێنی.

محمد موکری لەبواری وەرگێرانیشدا خزمەتێکی زۆری ئەدەبی کوردی کردووەو چەندین بەرهەمو دەقی لەزمانی عەرەبیو فارسیو ئازەریەوە کردووە بەکوردیو لەساڵی ١٩٩٨دا دوانزە کتێبی هەمە جۆری خۆی بەچاپ گەیاندووەو هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی گەڵ لەبرادەرانی خۆی بڵێن هەقە ساڵی ١٩٩٨ ناوبنێین ساڵی کتێبی محمد موکری. هەروەها موکری گەڵ دەقی شێعریشی لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە بەڵام نازانم بۆ لەدوو تری‌ی کتێبیکدا کۆی نەکردۆتەوە!

لێرەدا ئەمەندە دەربارەی محمد موکری بەسەو ئەمەش کتێبە چاپکراوەکانی ساڵ ١٩٩٨یەتی کەبەکورتی لەبارەی هەموو یەکێکیانەوە بەپێی پێویست دەدوێین.

یەکێ لەبەرهەمەکانی کاك موکری رۆمانیکە بەناونیشانی - ئەژدیها - و ئەم رۆمانە هەڵقوڵاوی

جەرگەی رووداوە خۆش و ناخۆشەکانی شۆرشی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردەو ئاوینەیەکی روونی لایەنە سەلبی و ئیجابییەکانی ئەو شۆرشەیەو یەکیکە لەبەرهەمە شاکارەکانی محمد موکری.

نووسەری رۆمانەکە ئەم بەرهەمەی پیشکەش بەتورکی کورد رۆمانیکی تری کاك محمد موکری بەناونیشانی - تۆلە - یەو ئەم رۆمانە



باسی هەندێ لایەنی (شاخ) دەکات و تیشك دەخاتە سەر گەلی لایەنی گرنگی ئەو ماوەیە...

ئەم رۆمانە لەسالی - ١٩٨٥ - دا لەسەرگەلو نووسراوەو بۆ یەکەم جار لەسالی ١٩٨٥دا لەشاخ چاپکراوەو دووەم جاریش دیسانەوە لەشاخ لەسالی ١٩٨٦دا لەچاپدراوەو بۆ سییەم جاریش لەسالی ١٩٩٨دا لەسلیمانی چاپکراوەو هونەرمەند ریبوار سەعید نەخشەی بەرگی رۆمانەکەی کیشاوە..

نووسەر ئەم رۆمانەی پیشکەشی شەهید (عبدالخالق معروف) کردووە.

رۆمانیکی دی محمد موکری بەناونیشانی - سەگوەر - ەو بۆ یەکەمجار لەسالی ١٩٨٢دا لە - نیو زەنگ - لەچاپدراوەو بۆ چوارەم جاریش لەسالی ١٩٩٨دا لەسلیمانی لەچاپ دراوەو بەریز مام جەلال پیشەکی بۆ چاپی چوارەمی نووسیوە.

مام جەلال پیشەکی بۆ نووسیوە



موکری

ئەم رۆمانە ئەگەرچی بەقەبارەو لاپەرە بچووکە بەلام لەکاتی خۆیدا گەورەترین گۆڕەپانو ئاژاوەی سیاسی نایەوەو لەسەر ئاستی ئەدەبیو سیاسی مشتومڕی زۆری لەسەر کراو رەنگە هەندی لایەنو خالی ئەو مشتومڕانە تاچەند سالیکی دیش بر بکاتو بەئاسانی کفت نەبێتەوە.

شایانی باسە بەریز مام جەلال لەپیشەکیەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەو هەراو زەنانە کردووە کەلەئەنجامی چاپی یەکەمی ئەم رۆمانەدا لەشاخ بەرپابووە.

ئەم رۆمانە بەلگەنامەیەکی مێژوویی گرنگی ئەو سەردەمەی شۆرشەو لەهەمان کاتدا رۆمانیکە ئاستی هونەری خۆی پاراستووەو نەگلاوەتە هەلدێری نووسینی تۆمارکاریەوە...

هەروەها رۆمانیکی تری لەچاپداوە بەناونیشانی (هەرەس)



ئەم رۆمانە لەسەر ئەرکی سەرۆکی حکومەت بەریز کاك کۆسرەت چاپکراوە.

جویس بلو کەژنیکی مامۆستایە لەپەیمانگای نیشتمانی ژیارو زمانەکانی رۆژئاوا لەپاریس دەلێ: هەرەس چیرۆکیکی لێریکی ژنێجوانە... هەروەها کاك شیرکۆ بێکەس دەلێ: ئەم رۆمانی ئازارە... ئەو ئازارەی لەدرونی کوردەوە تاقەتڕۆ هەر لەدڕێژبوونو بەردەوام بوونو پەرەسەندن دایە... هەرەس کۆششێکی تازەیە... هەوڵێکی جەسوورانەو دەسپێشکەرێیەکی ئەدەبی لەبەرچاوە...

وەکو وتمان موکری لەبواری کورتە چیرۆکیشدا ناوێکی دیارەو کۆمەڵە کورتە چیرۆکی - نیچیر - ی کاك موکری چواردە کورتە چیرۆکی گرتۆتە خۆیو لەهەندی لەم چیرۆکانەدا کەلە سالانی حەفتادا نووسراون دەسپێشکەرێیەکی غانتازیا کاریو بەنوێگەری بەدی دەکریو ئەم دیاردەیە شایستەی ئەوەیە لێکۆڵینەوەی فراوانی لەسەرێکری.

لەبواری وەرگێرانیشدا کاك موکری کۆمەڵی بەرهەمی لەچاپداوەو لەوانە (مسز ژۆلیا) شانۆنامەیەکی -



کتێبەکان

ڕۆگێشت سەرندیبزگ ـ هو کاك محمد هوکری لەکتێبێکی ـ ١٠٦ ـ لاپەڕەیی قەوارە ناوەندیدا کردوویەتی بەکوردیو لەساڵی ١٩٩٨دا لەچاپی داوە...و هونەرمەند قادر میرخان نەخشەی بەرگەکەی کێشاوە.

هەروەها (تاراس بۆلبا) ڕۆمانێکی ڕۆمانتووسی گەورەی ڕووسی ـ گۆگۆل ـ هو کاك محمد موکری کردوویەتی بەکوردیو پێشەکی بۆ نووسیوەو لەپێشەکیەکەیدا ئەم ڕۆمانە بەشاکارێکی ئەدەبیی زیندوو ناو دەبات.

هەروەها شانۆیی ـ پردی ئارتا ـ ی لەچاپ داوە (پردی ئارتا)



شانۆنامەیەکی پێنج دیمەنییە لەنووسینی ـ جۆرج شیوتوکا ـ و کاك محمد موکری کردوویەتی بەکوردی.

شایانی باسە شیعری دیمەنەکانی ئەم شانۆییە کاك شێرکۆ بێکەس کردوویەتی بەکوردی هەر لەبواری وەرگێڕاندا کاك موکری شانۆیی مردووەکان ـ ی کردووە بەکوردی...

چوارپەردەییە نووسەری تازەربیجانی ناودار ـ جەلیل محمد قولی زادە ـ نووسیویەتیو کاك محمد موکری لەتازەرێیەوە کردوویەتی بەکوردیو هەروەها شانۆنامەی ـ سێ دادگا ـ ی نوسیوەو ئەم کتێبە

سێ شانۆنامەی گرتۆتە خۆی بەناوی ـ سێ دادگا ـ و شانۆنامەی یەکەم بریتییە لە ـ دەپەردە ـ و شانۆنامەی دووەم بریتییە لەسێ بەشو شانۆنانەمەی سێیەمیش شانۆنامەیەکی یەك پەردەییە.

موکری لەپێشەکی ئەم سێ شانۆگەرییەدا دەڵێ: بەڵام هەرگیز دادگاییەی لەدەروونی مرۆڤدایە گەورەترو سامناکتر نییە لەو دادگایانەی کەمرۆڤ بەکۆمەڵ بەرەو سێدارەو فرێسی زەپی دەنێرن.. ناشتوانم دڵنیابم لەوەی کەشتێ هەبێ ناوی عەدالەت بێو لەدەرەوەی دادگای دەروونی مرۆڤدابێ نەخێر.

ئەم کتێبە بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٨٣دا لە ـ باوژێ ـ چاپکراوەو بۆ دووەم جار لەساڵی ١٩٩٤دا

سێتاری ئاسنین

نووسینی: جۆزیف ئۆکۆنور



وەرگێڕانی: موکری

لەهەولێرو سلێمانی ئەم چارەشیان کە چاپی سێیەمە لەساڵی ١٩٩٨دا لەسلێمانی چاپ کراوە (سێتاری ئاسنین) شانۆنامەیەکە لەنووسینی ـ جۆزیف ئۆکونور ـ موکری کردوویەتی بەکوردی.

ئەم شانۆییە بریتییە لەسێ بەش شایانی باسە ئەم شانۆنامەیەو هەموو شانۆنامەکانی دی کەکاك موکری کردوونی بەکوردی بۆ

چاپکراوی نوێی کوردی

گەشتەکەی فرەیزەر



خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان/ بەشی شانۆ/ لەپەیمانگەی سلێمانی و هەولێرو دەزگ بەخۆڕایی یە.

هەروەها کاك موکری رۆمانی - ڤیڤازاپاتا - ی لە فارسییەوە کردووە بەکوردی. ئەم رۆمانە شاکارێکە لەشاکارەکانی رۆمانnووسی ناوداری ئەمریکا جون شتاین بگ لەلاپەرە حەوتی وەرگێڕانەکەدا نووسراوە جان شتاین بگ داستانی (ڤیڤازاپاتا)ی لەساڵی ١٩٥١دا خستۆتە بەردەستی کۆمپانیای فلیمسازی فۆکس - ی سەدەی بیستەم... پاشان لەسەرهەمان بناغەی داستانەکە... خۆی سیناریۆی بۆنووسی.



(ئەلیا کازان) لەڕووی سیناریۆکەی ئیشتاین بگ، فلیمەبەناوبانگەکەی (ڤیڤازاپاتا)ی دەرهێناوە کەمارلۆن براندۆ بەشداری تیاداکردبوو. دەقی داستانەکە بە کۆمپانیای فۆکس فرۆشرابوو.

لەکۆتاییدا دەڵێین ناهەقی ئەو برادەرانە ناگرین کەگوتوویانە هەڤوایە ساڵی ١٩٩٨ ناو بنێین ساڵی کتێبی محمد موکری.

سابلاخ و سەردەشت و دواییش هاتووە بۆ سلێمانی و ئەنجا ڕوی کردووە لە شاری کفری و لەوێشەوە چووە بۆ بەغداو دوایی لەڕێگای دیالەوە گەڕاوەتەوە بۆ ئێران.

وەکو کاك (ئومێد ئاشنا) لە برگەیەکی دی پێشەکیەکەیدا ڕوونی کردۆتەوە لە ساڵی (١٩٣٩_١٩٤٠) دا مامۆستا ڕەشید نەجیب چەند هەڵبژاردەیەکی لەم گەشتە لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردیی و بەزنجیرە لە گۆڤاری (گەلاوێژ) دا بەناوی (فرامرز) ەوە کە وەکو کاك (ئومێد ئاشنا) دەڵێ: ئازناوی مامۆستا (نەجیب ڕەشید) بووە .. بلاوی کردۆتەوە.

کتێبەکە گەلێ لایەنی گرنگی بارودۆخی کوردستانی ئەو سەردەمەی گرتۆتە خۆی.

دیوانی موخلیس

(حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژە)

ئەم دیوانە شیعرە بریتییە لە کتێبێکی هەشتا لاپەڕەیی قەوارە ناوەندیو شیعرەکانی خوالێخۆشبوو ((حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژە)) ی ناسراو بە (موخلیس) ی گرتۆتە



خۆی و لە ساڵی (١٩٩٨) دا لەچاپدراوە.. شایانی باسە ئەم دیوانە دکتۆر (عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) کۆی کردۆتەوەو پێشەکی و

TOHO

لە شەوی یەک دەقیقەیدا

ئەم کتێبە کۆمەڵە هۆنراوەیەکی شاعیری ناسراوو نوێخوازی کورد کاك (فەرید زامدار) ەو بریتییە لە حەفتا لاپەڕەی قەوارە گەورەو لەبەرگێکی جوانـدا .. لـە سـاڵی (١٩٩٨) دا لەچاپدراوە.

شاعیر لە لاپەڕە (٣) ی کۆمەڵە هۆنراوەکەیدا لـە ژێـر ناونیشـانی (وشەو گورگو بێزاری) دا ئەڵێ:

بـێزارم لـەو قسـانەی دوێنـێ و بێزارم لە وشە پیلانگێڕەکانی ئەمڕۆ ..بێزارم لە خۆشەویستیتان.. بێزارم لەو چاوانەی بڕێن لە سەگو گورگ .. ئەمەو کۆمەڵە هۆنراوەکە لە مێـژووی جیا جیـادا نووسـراون و هـەندێکیان زادەی سـاڵانی هەشـتاو هـەندێکیان زادەی سـاڵانی نـەوەدن و بەشـێکی دیـن لـە ڕەوتـە ئەزموونگەرییەکـەی کـاك (فـەرید زامـدار) لـە جیـهانی شیعرو نوێخوازیدا.

ڕووبـاری گەورەی هەرێم

ڕووبـاری گـەورەی هـەرێم نامیلکەیەکی بیست لاپەڕەیی قەوارە بچووکەو شانۆگەرییەکی شیعری بۆ منداڵان گرتۆتە خۆی کە شاعیر کاك (قایەق ئامۆ) نووسیویەتی و لـە ساڵی (١٩٩٨) دا لـە چـاپدراوە .. و نووسەر نامیلکەکەی بە گیانی پـاکی بـرای جوانەمـەرگی (شـەهید ڕەفیـق وەهاب) پێشکەش کردووە.

چرپەی دڵ

چرپـەی دڵ نامیلکەیـەکی شەسـتو چـوار لاپـەڕەیی قـەوارە بچووکەو کۆمەڵێ شیعری جوانـی پـڕ لـە سـۆزی کـاك (محمـد کـوردی) ی شاعیری گرتۆتە خۆی و شایانی باسە کاك (قایەق ئامۆ) نووسیویەتی و لـە ساڵی (١٩٩٨) دا لـە چـاپدراوە .. و نووسەر نامیلکەکەی بە گیانی پـاکی بـرای جوانەمـەرگی (شـەهید ڕەفیـق وەهاب) پێشکەش کردووە.

ڕووبـاری گـەورەی هـەرێم

ڕووبـاری گـەورەی هـەرێم نامیلکەیەکی بیست لاپەڕەیی قـەوارە بچووکەو شانۆگەرییەکی شیعری بۆ منداڵان گرتۆتە خۆی کە شاعیر کاك (قایەق ئامۆ) نووسیویەتی و لـە ساڵی (١٩٩٨) دا لـە چـاپدراوە .. و نووسەر نامیلکەکەی بە گیانی پـاکی بـرای جوانەمـەرگی (شـەهید ڕەفیـق وەهاب) پێشکەش کردووە.

چرپەی دڵ

چرپـەی دڵ نامیلکەیـەکی شەسـتو چـوار لاپـەڕەیی قـەوارە بچووکەو کۆمەڵێ شیعری جوانـی پـڕ لـە سـۆزی کـاك (محمـد کـوردی) ی شاعیری گرتۆتە خۆی و شایانی باسە ئەم نامیلکەیەی بەرباخەڵ هەروەکو خۆی لـە لاپـەڕە شەسـتو چـواری نامیلکەکەدا ئاماژە دەکات لـە سـاڵی (١٩٩١) دا نامیلکەی (خوپـەی نـاخ) ی لـەچاپ داوەو ئـەوە یەکـەمین نامیلکەی شیعری بەرباخەڵ بووە لـە ئەدەبی کوردیدا.

ڕووبار کە بۆ دەریا ئەدوێ

ئـەم کتێبـە دووەم کۆمەڵـە هۆنـراوەی کـاك (مـارف ناسـراو) ی شاعیرەو بریتییە لـە (٤٨) لاپـەڕەی قـەوارە نـاوەندیو نزیکـەی (٢٣) هۆنـراوەی جۆربـەجۆری گرتۆتـە خۆی کە لەسـاڵانی حـەفتاو هەشتاو نـەوەدا نووسـراون و (لـەتیف هەڵمـەت) پێشەکییەکی کورتـی بـۆ نووسیون.

نامۆیی نەتەوەیی

نـامۆیی نەتـەوەیی کتێبێکـی نەوەدوهەشـت لاپـەڕەیی قـەوارە ناوەندییـەو (هـەڵگورد بـەرزنجی) نووسیویەتی و لـە سـاڵی (١٩٩٨) دا لە چاپدراوە.

نووسەر لە پێشـەکی کتێبەکـەیدا دەڵـێ: ((کـاری سیاسـی و فکـری نەتەوەیی بـۆ ئـەمڕۆی نەتەوەکـەمان هۆشـیارکردنەوەی جـەماوەرە لـە بونیادی عەقڵی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئـەخلاقی و داپـەروەری و ئـازادی .. بەکسانی و مرۆڤایەتی .. بەم کارەش ئـەتوانرێ داهـاتووی نـەوەی نـوێ مسـۆگەر بکـرێ و لـە ڕەوڕەوەی زەمـەن بەجێنـەمێنێ و بەختـەوەری و بـەک گرتنـی ڕۆحـی وەک ئـامرازو ئامـانج بـۆ نەتەوەکـەمان دەستەبەر بکرێ).

کتێبنما


کوردانی سەرگەردان و برا موسوڵمانەکانیان

ئەم کتێبە کتێبێکی پرۆفیسۆری دووره وڵاتی کورد ((جەمال نەبەز)) نووسیویەتی و بەڕێزێك باسەناوی (S.K) هوه کە دیارە ناوێکی خوازراوە لە کتێبێکی قەبارە گەورەی (١٦٨) لاپەڕەیی‌دا کردوویەتی بە کوردی و ناوەندی راگەیاندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان .. لە ساڵی (١٩٩٨) دا لە چاپی داوە.

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا راپۆرتێکی زانستی‌یە بۆ ژی شەممەی رێکەوتی (٢١) ی مایسی (١٩٩٤ز) لە کۆنگرەی ئیسلامی دووەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد کە لە شاری (کۆلۆنیا) بەسترا .. خوێندراوەتەوە .. لە سەر داخوازی یەکێتی موسوڵمانانی کوردستان لە ئەڵمانیا..

شانۆ

گۆڤارێکی وەرزی رۆشنبیری شانۆیی‌یە تیپی شانۆی کوردستان




دەریدەکات و ژمارە هەشتی ئەم گۆڤارە لە کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٩٨) دا کەوتۆتە بازاڕەوە و کۆمەڵێ بابەتی شانۆیی و سینەمایی گرتۆتە خۆی.

چاپکراوی نوێی کوردی لە هەندەران

باسکار

گۆڤارێکی وەرزیی باس و لێکۆڵینەوەیە



باسکار.. گۆڤارێکی وەرزیی باس و لێکۆڵینەوەیە و ژمارە (١) ی ئەم گۆڤارە لە ماوینی ساڵی (١٩٩٨) دا لە شاری لەندەن دەرچووە و (٥٥ لاپەڕە) سەرنووسەری ئەم گۆڤارەیە.

ژمار (١) ی ئەم گۆڤارە (١٠٠) سەد لاپەڕەی قەبارە گەورەیە و شەش باس و شەش نووسەر گرتۆتەخۆی کە ئەمانەن:

١- روناکبیرانی کورد پێداچوونەوە و رەخنە لە خۆگرتن / بەپێنووسی (صەباحی غالیب).

٢- سەرنجێك لە تاقیکردنەوەکانی کورد لەگەڵ رژێمەکانی بەغدادا/ د. مەحمود عوسمان..

٣- بزووتنەوەی کوردایەتی لە نێوان لێژەنی سەربەخۆیی و گێژەنی تۆتۆنۆمیدا/ د. کوردۆ علی.

١- خواروی کوردستان و دەسەڵاتی کوردی/ د.کەمال علی.

٢- پەخشانی هونەری کوردی/ پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار.

٣- ناساندنی کتێب/ بەرگورد.

لە باسی یەکەمدا کاك صەباحی غالیب باسی هەوڵ و کۆششو دەوری روناکبیرانی کورد دەکاتو ئەوە روون دەکاتەوە کە مونەوەرانی کورد لە سەرەتای ئەم چەرخەدا رۆڵی کاریگەریان بینیوەو هۆکاری میژوویی و کۆمەڵایەتی لەبار بوون بۆ ئەوەی نزیکتر بن لە نێوەندی دەسەڵاتی سیاسی‌یەوەو قورسایی‌یان هەبووە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی‌دا..

لە وتاری دووەمدا دکتۆر مەحمود عوسمان باسی دابەشکردنی کوردستان دەکا بەپێی پەیمانی (سایکس بیکۆ) و باسی شۆڕشەکانی کوردستانی عێراق و گفتوگۆکانی

لە وتاری پێنجەمدا پرۆفیسۆر ((مارف خەزنەدار)) باسی پەخشانی هونەری کوردی دەکات لە سالی (١٩٤٥) وە تاوەکو سالی (١٩٦١) و لەو بوارەدا باسی بەرهەم و شێوازی پەخشانی هونەری بەڕێزان (ئیبراهیم ئەحمەد) و (شاکر فەتاح) و (مارف بەرزنجی) و (محرم محمد امین) دەکات.. لەدوا وتاردا بەرگوردکتێبی (الأقلیات التاریخیة في وطن العربي).

کە احمد الصاوی نووسیویەتی.. شێوەکاتەوە و لەبارەیەوە دەدوێ و ناوەرۆکی کتێبەکە بە خوێنەری کورد دەناسێنێ.

کوردو مەسەلەی کورد

ئەم کتێبە دکتۆر (شاکر خصباك) بە عەرەبی نووسیویەتی و نووسەری دووەم ولاتی کورد کاك (ئەمجەد شاکەلی) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بەکوردی و (بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ) لە سێوێد سالی (١٩٩٧) چاپی کردووە.



کتێبی کوردو مەسەلەی کورد، بریتییە لە (١٠٨) لاپەڕەی قەبارە ناوەندی و پێشەکییەك و چوار بابەتی سەرەکی گرتۆتە خۆی کە ئەمانەن:

(کوردو کوردستان/ مەسەلی کورد / کوردستانی عێراق و کوردی عێراق / پێوەندی عەرەب و کورد).

د. شاکر خەسباك لەم کتێبەیدا باسی بنەچەی کوردو جوگرافیای کوردستان و ژمارەی کوردو شۆڕشەکانی کورد لە تورکیا و ئێران و عێراق و سامانی کشتوکاڵ و ئازەڵداری و کانزاکانی کوردستان و باری کۆمەڵایەتی کوردو باری لەشساغی و فەرهەنگیی و کەسایەتی کورد دەکات..


شایانی باسە ئەم کتێبە بە عەرەبی لە سالی (١٩٥٩) دا لە چاپخانەی (الرابطة) لە بەغدا لە چاپدراوە و لە بڵاوکراوەکانی (الثقافة الجدیدة) بە نووسەرەکەشی ((شاکر خەسباك)) یەکێکە لە دۆستە هەرە دێرینەکانی نەتەوەی کورد.

Ferhad Shakely
Enparla
IDROMMENS
GRUMLIGA
DAMM

ئەم کتێبە کۆمەڵێ هۆنراوەی شاعیری ناسراوو دووەم ولاتی کورد (فەرهاد شاکەلی) گرتۆتە خۆی کە لە کوردیەوە کراون بە سویدی..

کتێبەکە بریتییە لە (٨٨) لاپەڕەی قەوارە ناوەندی و لەسوێد چاپ کراوە.

شایانی باسە فەرهاد شاکەلی



کتێبنما



(پێنج) کۆمەڵە شیعری کوردی بەچاپ گەیاندوە و یەکێکە لە رێبەرانی بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردی لە حەفتاکاندا.

لە سەرەتای سالانی شەستەوە بەتایبەتیش لەناوەندی سالانی حەفتاوە سەدان شاعیرو چیرۆکنووس و هونەرمەندو رووناکبیری کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان چ بە خوایشتو چ بەناچاری و زۆرە ملێ کەوتوونەتە وڵاتانی ئەوروپاو، بەڵام بەردەوام لەژێر چەتری دەربەدەری دا خامەکانیان هەر لەکاردا بووەو بەرهەمی رەنگینیان بە کتێبخانەی کوردی بەخشیوەو لەگەڵ (خەرمان بەرەکەت) ی بەرهەمە جوان و بەپێزەکانیاندا وا لەم گۆشەیەدا کۆمەڵێك لەو کتێب و نامیلکانە دەخەینەروو کە لە دەرگا چاپەمەنیە کوردیەکانی ئەوروپاو نوسەرانی کوردی دەربەدەری هەندەرانەوە گەیشتوونەتە دەستمان:

ئەلێکسندەر پوشکین
_ گەشتێك بۆ ئەرزەرۆم _

ئەم کتێبە شاعیری گەورەی رووس ئەلێکساندەر پوشکین نووسیویەتی بەڕێز دکتۆر مارف خەزنەدار لە رووسیەوە وەریگێڕاوە بۆ کوردی و تێبینی و پەراوێزی تێرو تەسەلی بۆ بابەتەکە نووسیوەو کۆمەڵەی فەرهەنگیی (سوید _ کوردستان) لە ساڵی (١٩٩٥) دا بەچاپی گەیاندووە. ئەم کتێبە لە (١١٢) لاپەڕەی قەوارە ناوەندی و دکتۆر مارف خەزنەدار خۆی پێشەکیەکی (١٥) پازدە لاپەڕەیی جوانی بۆ کتێبەکە نووسیوە. ئەمە جگە لەو کورتە پێشەکیەی کە پوشکین خۆی بۆ کتێبەکەی نووسیوەو لەسەر بەرگی پشتەوەی کتێبەکە نووسراوە (ئەلێکساندەر پۆشکین) لەم کتێبەدا کە یەکەمین جارە بە کوردی بڵاودەکرێتەوە باسی گەشتێکی خۆی لە بەهارو هاوینی (١٨٩٢) دا بۆ فارس و ئەرزەرۆم دەگێڕێتەوە..

پوشکین لەم گەشتنامەیەدا بەشێوەیەکی جوانی ئەدەبی باسی هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەو ناوچانەی دیتوونی دەکات.. یەکێك لەو کەسانەی لە گەشتەکەدا چاوی پێیان کەوتووە کۆرێکی یەزیدییە) بەکورتی پوشکین لەم کتێبەدا باسی هێرشەکەی (١٨٢٩) ی رووسیا دەکات بۆ سەر ناوچەکانی قارس و تفلیس و ئەرزەرۆم و هتدو هەرەوها باسی ئەوە دەکات کە چۆن لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشی تاعون لەوناوە ترساوەو تەنانەت زۆر زۆر لە دەرۆزەکەرێك ترساوەو لە خۆیی دوور خستۆتەوە نەوەکو لێوەی تووشی تاعوون بێ .. کتێبەکە رەنگدانەوەیەکی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو سەردەمەی هەندێ لە شارەکانی کوردستانی ئەو سەردەمی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی گرتۆتە خۆی و باسی دیمەنی هەندێ چیاو بەراودریش لەنێوان گەرماوەکانی ئەرزەرۆم و تەفلیس دا ئەکات.

درەوشانەوە

ئەم کتێبە بریتیە لە کۆمەڵێ هۆنراوەی شاعیری فەرەنسایی ناسارو ((ئارتوێر رامبۆ)) و نووسەری ناوداری فەرەنسا ((ڕۆنیە شار)) پێشەکی بۆ نووسیوەو شاعیری دووەم وڵاتی کورد کاك ((ئەحمەدی مەلا)) لە فەرەنسیەوە کردوویەتی بە کوردیو هونەرمەندی دەستڕەنگینی کورد کاك (قەرەنی جەمیل)) بەرگی دەرەوەی بۆ کێشاوەو (کۆمەڵەی هونەرمەندانی کورد لە فەرەنسا) لە ساڵی (١٩٩٥) دا چاپی کردووە.

شایانی باسە ئەم کۆمەڵەیە تا ئێستا چەندین بەرهەمی دی کوردی لە فەرنسا بەچاپ گەیاندووە.

بەیازی گوڵفرۆشێك

ئەم کتێبە بریتیە لە (٧٨) لاپەڕەی قەوارە ناوەندیو هەشت

چیرۆکی چیرۆکنووسی لاو ((ئارام کاکەی فەلاح)) ی گرتۆتە خۆی‌و لە ساڵی (١٩٨٨) دا (نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی) بەچاپی گەیاندووە .. شایانی باسە تایپ‌و مۆنتاژی ئەم کتێبە کاک (عبدالله رەحیم) کردوویەتی‌و لە چاپخانەی ((میدیا)) لە ستۆکهۆڵم لەچاپدراوە.

لە لاپەڕە (٥) ی کۆمەڵە بە پێچەوانەی هەموو ئەو برادەرانەی کە دژی باوکیان دەجەنگن .. ئەم کۆمەڵە چیرۆکەم پێشکەش بێت بە باوکم ..کە تازە دەستم کردبوو بە نووسین پێی وتم:

– کوڕم .. چی دەکەیت .. بیکە .. بەس مەنووسە .. نووسین رۆح دەسووتێنێت .. من نەمتوانی بە قسەی بکەم بەڵام قسەکەی راست دەرچوو.

دوێنێی سبەینێ

ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵێ



شیعری جوانی شاعیری دووره وڵات (نەزەند بەگیخانی) و زۆربەی شیعرەکانی کە لە کتێبێکی قەوارە ناوەندی هەشتاو هەشت لاپەڕەییدایە .. لە پاریس نووسیوەو بەرگی دەرەوەی کتێبەکە هونەرمەند (قەرەنی جەمیل) دروستی کردووەو کتێبەکە لە لایەن (کۆمەڵەی هونەرمەندانی کورد لە فەرنسا) بڵاو کراوەتەوەو شاعیری ناسراو ((ئەحمەدی مەلا)) لە بەرگی پاشەکی کۆمەڵە هۆنراوەکەدا دەڵێ:

شیعر لای نەزەند بەگیخانی
دەنگێکی ترە .. سەرچاوەکەی لە
زەمەنێکی بزێوەوە .. ڕووناکی ئاسا
بەکۆڵەکەی بووندا هەڵدەگژێ.

بۆنی تاریکی

ئەم کتێبە بریتییە لە (١٢٤) لاپەڕەی قەوارە ناوەندی‌و پێشەکی‌یەک‌و نۆ کورتە چیرۆکی نووسەری دووره‌وڵات کاک فەرهاد شاکەلی گرتۆتە خۆی‌و لە ساڵی (١٩٩٧) دا لە سوێد لە چاپ دراوە.

نووسەر لە پێشەکی کۆمەڵە چیرۆکەکەیدا دەڵێ:

((فەرهاد شاکەلی)) لە هەندێ چیرۆکدا هەوڵی ئەوەی داوە ئەو شێوە دەربڕینە پێڕەو بکات کە لای چیرۆکنووسانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی لای ((جێمس جوێس)) بە خۆڕاوگەی هۆش .. یا خۆڕاوگەی بیر ناوی دەرکردووە. ئەم دیاردەیە لەیەکەم چیرۆکی (بۆنی تاریکی) دا بەئاسانی بەدی دەکرێ.

لە هەندێکیشیاندا کۆمەڵە دیاردەیەکی بوونگەری دەخاتە ڕوو بەتایبەتی لە چیرۆکی (ڕاز خانەی گومان) و (تەرم) داو خۆی گوتەنی: لایەنی هەرە ڕووناک لەو دوو تێکستەدا ئەو ناوەڕۆک‌و ئاڵۆزکاوو بەبیر ئاخنراوەیە کە هەموو لێکنزیکبوونەوەیەکی زیاتر خوێنەر بەرەو دنیایەکی ئایدیال‌و ڕەهسا دەبات..

چیرۆکەکانی (کابرایەکی بێگانە) و (میرزا) ش وەکو خۆی لە پێشەکی‌یەکەیدا دەڵێ:

((ڕەگ‌و ریشەیان دەگاتەوە خەون .. ئەمە ڕێگەوڕەوان ئەو تەکنیکەیە کە نووسەری گەورەی ئینگلیز گراهام گرین ساڵانێکی دوورو درێژی ژیانی بەکاری دەهێنا..)).

شایانی باسە چیرۆکی (یەک لەدوای یەکەکانی سەردەمێکی لێخن) وەک لە پێشەکی‌یەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە کاتی خۆی بەعەرەبی نووسیویەتی‌و لە ڕۆژنامەیەکی عەرەبی‌دا بڵاوکراوەتەوەو دوایی نووسەر خۆی بەبێ دەستکاری کردوویەتی بە کوردی‌و دواتریش تەرجەمەی سوێدی کراوەو بڵاویش کراوەتەوە.

شازادەی بەختیار



ئۆسکار وایلد

شازادەی بەختیار چیرۆکێکی چیرۆکنووسی ناودار (ئۆسکار وایلد) ەو شاعیری گەورەی کورد ((گۆران)) لە پەنجاکاندا لە لێکدانەوەی کردوویەتی بە کوردی‌و بۆ یەکەم لە ساڵی (١٩٥٣) ی زایینیدا لەگەڵ هەشت کورتە چیرۆکی تری جیهانی‌دا .. لە کتێبێکدا لەچاپی داوە..

بەڵام ئەم جارەیان چیرۆکی ((شازادەی بەختیار)) لە نامیلکەیەکی چل‌و دوو لاپەڕەیی قەوارە گەورەداو بەکۆمەڵێ تابلۆوە کە هونەرمەند ((خالید ستار)) بۆ ناوەڕۆکی چیرۆکەکەو بەرگی کتێبەکە کێشاونی لەلایەن کۆمەڵەی فەرهەنگیی (سوید _ کوردستان) ەوە لە ساڵی (١٩٩٥) دا لە سوێد لە چاپ دراوە، ئەم چیرۆکە یەکێکە لە چیرۆکە هەرە بەناوبانگەکانی ((ئۆسکار وایلد)) و شایانی باسە کۆمەڵەی (سوید _ کوردستان) هەشت چیرۆکە وەرگێڕدراوەکەی تری (گۆران) ی لە هەمان ساڵدا لە کتێبێکی جەفتاو شەش لاپەڕەیی قەبارە ناوەندی‌دا لە سوێد لەچاپ داوەتەوە.

بۆ نووسەران

تکا لەنووسەرانی بەڕێز دەکەین:

- بەخەتێکی جوان‌و روون بابەتەکانیان بنووسن.
- بابەتێك زۆر درێژبێت دوادەکەوێت، بۆیە داواکارین نووسینەکان چڕوپڕبن.
- ئەو بابەتەی کە بۆ گەلاوێژینوێی دەنێرن هەمان بابەت مەنێرن بۆ گۆڤارێکی تر.
- هەر بابەتێك تانەو تەشەری بۆ کەسێکی تر تیابێت، فەرامۆش دەکرێت، یاگەلاوێژینوێ رستە تانەئامێزەکانی لادەدات.
- بابەت بڵاوبێتەوە، یابڵاونەبێتەوە، نادرێتەوە بەخاوەنی.

پۆزش

لەفاکسێکدا کە بۆ سەرنووسەری گەلاوێژینوێ هاتبوو لەبارەی شاعیر (حەمە سەعید حەسەن) بۆی ناردوین دەڵێت: (لەو شیعرەدا -تریفەو زەریا- کە لەلاپەڕە ٨٣ی ژمارە ١٠ی گەلاوێژینوێدا بڵاوبۆتەوە، لە کۆپلەی دووەمیدا "پێ بەسەر دەرپێشتا بنێ" نییە، "پێ بەسەر بەردیشتا بنێ"یە، لەکۆپلەی چوارەمیشیا "بالەهەور" نییە، "بالەهەور گوێزانەوە"یە.

تکایە ئەم راستکردنەوە بڵاوبکەنەوە.

سوپاس‌و ماندوو نەبن).

گەلاوێژینوێ داوای لێبوردن لە کاك حەمە سەعید حەسەن‌و خوێنەران دەکات.

گەلاوێژینوێ

لەسەر ئینتەرنێت

گەلاوێژینوێ پاش یازدە ژمارە جێگای خۆی لەتۆڕی ئینتەرنێتدا کردەوە. خوێنەری بەڕێز دەتوانێ لاپەڕەکانی بەم کلیل‌و ناونیشانەی خوارەوە بخوێنێتەوە:

http : // home. bip. net / hawre/

پڕۆشە

ئەرکی مرۆڤە هوشیارەکان لەبەرامبەر رستە پرسیارەکانی بوون و هۆشدا

فوئاد قەرەداغی

هەر لەو کاتەوە هۆشی مرۆڤ چووژەرەی کرد، جمکی زمانو بیرکردنەوە پایەی تایبەتی مرۆڤیان لەم گەردوونە بێ بەیەدا دیاری کرد، مرۆڤ دووچاری ململانێی هۆشو بوونی خۆی بوو.

هەر لەو ڕۆژەوە بەدوای خۆیدا دەگەڕێ، دەیەوێت لەم ژیانە کەم خایانەدا خۆی بدۆزێتەوە، زمانو بیرکردنەوەی بالبگرێو لە نهێنییەکانی سروشتو مەرجەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی بگەن.

مرۆڤ لەم پێناوەد ناچار بەکار بووەو چارەنووسی بەسەرەنجامی ئەو ململانێ نەپساوەی بوونیەوە بەستۆتەوە. بۆیە لەخەباتی بێوچانیدا زمانو بیرکردنەوەی بۆ پێشخستنی کارو چاکترکردنی مەرجەکانی بوونی خۆی بەکار هێناوەو پێ بەپێی قۆناغە میژوویەکانی ململانێ بەڕێ کەوتووەو دەستکەوت دەستکەوتی کەڵەکە کردووەو دەستاو دەست نەوەکانی لە یەکتریان وەرگرتووە تابەم سەردەمی گەشەکردنی زانستو تەکنەلۆژیایە گەیشتووە.

مرۆڤ لەنێو کارو بەرهەمهێنانەوە زمانو بیرکردنەوەی لەپەرەسەندنو هەڵکشاندا بووەو بەهرەی خودیو توانای داهێنانو وزەی میشکی بۆ ژیانێکی باشترو ئایندەیەکی گەشەدارتر بەکەڕخستووە! هەر بۆ خۆشی ئامرازەکانی قسەکردنو زانستو تەکنەلۆژیا هونەری داهێناوەو لەو ململانێیەدا چەکی خەباتی بوونو، بوونو هۆشی خۆی پێ جەخت کردۆتەوەو، ئاوێنەی ناسینەوەی خۆیو مرۆڤەکانی دەوروبەری بوون. بەڵام ئەم ڕەوتەی ژیانی مرۆڤ بێ گریو گۆڵ نەبووە، بۆیە لاپەڕەکانی خەباتی، وشەو وشەر پیت پیتی بەئاراقەو خوێنی خۆی نەخشاندووە. لەم نێوەشدا مرۆڤە چەوساوەکان، لەنێو ئەوانیشدا مرۆڤە هوشیارەکان، سەروکاروانی ئەوانیش کە فەیلەسوفەو زاناو ئەدیبو هونەرمەندانن بەشی هەرە گەورەی ئەو ئەرکە میژوویییەیان لەئەستۆ گرتووەو هێماو ئاڵای هەموو وەرچەرخاندنە میژووییەکان بوون.

ئێمڕۆش هەروەکو دوێنێ، هەروەکوو سەرجەم ڕۆژەکانی ئەم میژووە ئەرکەکان هەر لەکۆڵی ئەوانداپە، مرۆڤە چەوساوەکان، مرۆڤە هوشیارەکان، مرۆڤە ڕۆشنبیرەکان، خاوەن قەڵەمە شەریفەکان، ئەم میراتەیان بۆ ماوەتەوەو لەبەرامبەر سەرانسەری میژووی کۆنو ئێستاو دواڕۆژدا بەرپرسیارن. ئەمە چارەنووسێکی میژوویییەو بەبوونیانەوە لکاوەو، ئەرکێکی میژوویییەو ناتوانن لەگەردنی خۆیانی دامالن.

ئەم چارەنووسو ئەرکە لەبەرامبەر چەوساندنەوە بێئەندازەکانی ئەم گۆشەو ئەو کەناری جیهانی ئێمڕۆدا هەتا دێت مەزنترو قورسڵترو زەقتر دەبێتەوە. لەبەر ئەوە هەتا دێت ئەرکی قەڵەمو زادەی بیرو گیانی خۆنەویستی دەبنە ناسنامەی یاخیبوونو بەرهەڵستیو شۆڕش لەڕووی هەموو ئەو کەندو کۆسپانەی سەرەڕێی ڕەوتی بەرەو پێشەوەچوونی میژووی مرۆڤ دەگرن.


لەجیهانی ململانێی بێ ئامانی هێزەکاندا، لەنێو دۆزەخی چەوساندنەوەی چینایەتیو نەتەوایەتیو ڕەگەزیدا، لەجەنگی گەرمو ساردی بەرژەوەندە ئابووریییەکاندا، مرۆڤی چەوساوە، چینە چەوساوەکان، پیاوانی بەرهەمهێن، ژنانی کۆیلەی میژووی دڕندایەتیو نەزانیو خەرافیات، منداڵانی برسیو ئاوارەو بێ لانە.. هتد، کەڕەسەی زمانو بیری ڕۆشنبیریی خەباتگێڕن، خاڵی یەکانگیربووی هێڵە ڕەشەکانی میژووی بەشەرن، قوربانییانی بەربەرییەتی سەرتاسەری میژووی چەوساندنەوەن، بۆیە ئێمڕۆش وەک دوێنێ هەر دەبێت بابەتو هەوێنی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان بن. ئەمە ئەرکێکی جیهانگیرەو یەخەی مرۆڤە ڕۆشنبیرو خامە بەدەستەکان دەگرێتو، پابەند بوون پێیەوە پێوەری ڕاستگۆییو هوشیاریو، نیشانەی خۆ دۆزینەوە یەکی بەردەوامە کە لەسەرەتاکانی بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤو چەرخە دێرینەکانەوە درێژەی هەیەو هەتا مرۆڤیش بمێنێ درێژە دەکێشێ.

ئەم ئەرکە، ئەم ڕاستییە هەموو مرۆڤە هوشیارەکانی سەردەم، بەتایبەتی توێژە قەڵەم بەدەستەکان دەگرێتەوەو، تا لەسەفەری ئەم ژیانەدا بن هەمیشە ڕستێ پرسیار پێشیان پێدەگرێتو دەبێت وەڵامیان بدەنەوە! ■

پاشکۆ

د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:

لە پەراوێزی ڕووداوەکاندا نەبووم بەڵکو لەناو جەرگەیاندا بووم



د. عیزەدین مەستەفا ڕەسوڵ کەسێکی ناوداری ڕۆشنبیریی و بواری ئەکادیمیە. هیچ کاتێك پێویستی بەوە نییە باسی ژیانی بە ساڵ بکەین. تەمەنێکی درووەرێژی لە نەدەب و کۆڕی خەبات و وەرگێڕان و زانکۆو گەشتی جۆراوجۆردا بردۆتەسەر. چەندەها کتێبی بە عەرەبی و کوردی و ڕووسی. – نوسیوە – یادگارێکی زۆری لەتەك ئەدیبان و ڕووسەرانی خۆمان و هەندێك لە گەلانی تردا هەیە.

دکتۆر زەین و بیرگەیەکی بەهێزی هەیە، تەمەن نەیتوانیوە کاڵیانکاتەوە. ئەگەر لێمان فبولیکات، گوێشلکردن بۆ دکتۆر، دەشوبهێنین بەبەلوعەیەك بیگەیتەوە بەخور ئاوی پیادێتە خوار. تا خۆت نەیگریتەوە ناودستێت. ئێمەیش کە پرسیارمان لێکرد، دەهات و دەڕۆیشت، تۆ ڕەنگە سەرەتات لەبیر بچێتەوە، لەپڕ خۆی بەئاگاتدێنێتەوە، دەتگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتاو ئەسڵی بابەتەکە.

ئێمە لە سەرەتادا بڕیارمان دابوو کە نەو پرسیارو وەڵامانەی پەیوەندییان بە شتێکی تایبەتەوە هەیە، هەر یەکەیان لە خانەو شوێنی خۆیا دابنێین، ئەدەب بەجیا، سیاسەت بەجیا، گەشت بەجیا، ژیانی ئەکادیمی بەجیا. بەڵام بە باشترمان زانی دانیشتنەکان چۆن هاتوون، وەك خۆیان بەیێنەوەو وەڵامەکانیش بێپێشو پاشخستن، نەخرێنە خانەوە. تەنانەت لە زۆر شوێنیشا شێوەی تایبەتی قسەکانی دۆکتۆرمان، بەبێ خاڵبەندی خستۆتە سەر کاغەز.دیارە نەمەش شێوازی تایبەتی دەرئەبڕێ.

گەلاوێژینوێ

❖ دەربارەی ژیانی بەرێزتان وەکو نەدەبو رۆژنامەنووسی، سەرەتا بە کامەیان دەستتان پێکرد؟

– سەرەتا وەک ئەڵێن ئەمجارە لە پەیڤینا یادی رۆژنامەنووسی تیابوو... بەشێکی کەم لەیادا شتی خۆم یانی بەهاندانی زۆر برادەری بەرێز دەستم کرد بە هەندێ یاداشت نووسین. یاداشتەکان. جارێك بەعەرەبی دەستم دایێ وازم لێهێنا. بە عەرەبی وام نووسیبو:

(لم اکن علی رأس الاحداث ولم اکن علی هامشها بل کنت في خضمها...)

ژیانێکی سیاسی دوورو درێژم لەناو رێکخراوی نهێنیو ژێرزەویو ئاشکراو شاخ دا بردە سەر... سەرکردە نەبووم... رەنگە ماوەیەکی کەم گە پەنگە بێمە سەر باسی لە قەڵادزێ لێپرسراوی حیزبی شیوعی بووم. ئەگینا هیچ کاتێ مەسئولیەتم نەبووەو هیچ کاتێکیش تەنانەت بەو حیسابەی کە با بڵێین لە رێکخراوی شیوعیدا هەیە کە ئەبێ سێ شەرتی لینینی دانراوە لەناو رێکخراوێکی حزبی دابیو مانگانە بدەیتو لەگەڵ پرۆگرامی حیزبدا بی... ئەگەر ئەو حسابەم لەگەڵ بکرێ زۆرکات کە نەبووم چونکە لە رێکخراودا ئیشم نەکردووەو زۆر جار پارەم وەرگرتووەو پارەم نەداوە مەسەلا... ئەوە دەردەچێ لە مەسەلەکە... خەرێکی رۆژنامەگەریو ئەوانە بووم... جا مەبەستم ئەوەیە، ئەوەی کە سەرەتا لەوێ لە رۆژنامەدا نووسیم بە نووسین دابنێین... بە رۆژنامەگەری ئەگەر رۆژنامە نووسی بێ یا بۆ رۆژنامە نووسین بێ لە رۆژنامەی دیوارەوە حساب ئەکەم... زۆر کەس ئەو رۆژنامەی دیوارە پشتگوێ ئەخەن بەنیسبەت خۆیانەوە... بەڵام وا ئەزانم یادگاری خۆش و شیرینی تیایە بۆ منو بۆ زۆر کەسی تر.

یەکەم رۆژنامەی دیوار لە قوتابخانەی فەیسەڵیەی سەرەتایی کە ئێستا شوێنی بازاڕی عەسری ئێستای سلێمانیە... لە پێنجی سەرەتایی بووین ساڵی (١٩٤٤–١٩٤٥) مامۆستا محمد تۆفیق کە لە سلێمانی نەڵێی حەمەی حەلاو کەس ناناسێ کە یەکێکە لە مامۆستا کۆنەکانو لەوانەی کە سەرەتای بڵێین خەباتی سیاسی چەپ لەم شارەدا ئەو لەگەڵ مامۆستا فاضل عیرفان کە مامۆستای سەرەتایی بوو دوایی چوو خوێندنی تەواو کردوو بوو بەمامۆستای



د. عیزەدین ساڵی ١٩٤٢

ناوەندی، مانگانە رۆژنامەیەکی دیواریان دەردەکرد لە قوتابخانەکەدا هانیان داین، من شتێکم نووسی شتەکەیان بڵاوکردەوە بەڵام سەیرم کرد شتەکەی من نیە... بەڵام تامۆ بۆنێکی تیایە... دیارە کە بەقوتابیان دەنووسی خۆیان دەسکاریان دەکرد تا بەکەڵك بێت. ئەوە سەرەتا... شیعر... لەوڵاتانی ئێمەدا زۆربەی نووسەرانی بە شیعر دەستیان پێکردووە... جا ئەو شیعرانە زۆربەشی ساکارو سادەیە...

❖ رازی دوریشتان هەیە، وا بزانم لەسەر شیعر حسێبە؟

- رازی دووری شیعریشەو چیرۆکیشە... جۆرە شتێکە کە نازانم بڵێم چیرۆکە چیرۆك نیە، ریپۆرتاژە. بۆ؟ چونکە من بەلامەوە تا ئێستاش رام وایە هەتا دەرز کە ئەڵێمەوە دەرسی رەخنەی ئەدەبیو تیۆری ئەدەبو ئەوانە، من رام وایە کاری ئەدەبی کاری ئەدەبییە... نووسەر یا شاعیر یا ئەو

کەسەی کە نووسەرەکەیە سێشت لێرەدا هەیە ... بەرهەمەکەیە... نووسەرەکەیە... ئەوەی کە بۆی ئەنووسرێ وەک عەرەب ئەڵێن – متلقی – . ئەم سێ شتەیە. جا نووسەر خۆی شت ئەنووسێ شەرت نیە ئەو مەرجانەی لەبەردەمی‌خۆی دا دانابێ،ئەمە داستانە ئەمە شیعرە ئەمە پەخشانە... ئەمە رۆمانە... نۆڤێڵە... ئەوانە.. بەرهەمەکە هێتە ناوەوە بەرهەمەکەش ئەو کەسانەی کە ئەیخوێننەوە.. لە

لەوڵاتی ئێمەدا زۆربەی نووسەران بەشیعر دەستیان پێکردووە

هەموو پلەیەکی خوێنەواری‌و شارەزایی... رەخنەگر بڕیاری لەسەر دەدات بەس دوا بڕیار لەلای من ئەوەیە ئەمە بەرهەمێکی باشە یا خراپە... ئەو موناقەشانەی کە لەسەر رۆمانی ((حسێن عارف)) کران... رۆمانە یا رۆمان نیە... من بەلامەوە هیچ گرنگی‌یەکی نیە بڵێین رۆمانە یا رۆمان نیە... گرنگ ئەوەیە کارێکی ئەدەبی چاکە یا کارێکی ئەدەبی خراپە... چاک‌و خراپیش نسبی‌یە... لای من کاک حسین رەنگە شتێکی کەی ئەوێ بیڵێی... من ئەمویست شتێکی لەسەر بنووسم بەلام خۆی دیارە زۆری پێ خۆش نەبوو... هەرچەن من بەلامەوە کارێکی گەورەیە... بەرهەمێکی گەورەیە، لەبەرهەمە چاکەکانی ئەدەبیاتی کوردی‌یە... بەلام هەندێ تێبینیشم هەبوو. چ ناوەڕۆکەکە..روسخارەکە ئەوە شێوازی حسێنە لەم رۆمانەدا...کۆمەڵێ چیرۆکی کورتەو لێکدراوە... مۆنتاژکراوە جا ئایا مۆنتاژەکە باش کراوە یانەکراوە ئەوە ئیتر ئەکەوێتە سەرخۆی...سەر نووسەرەکە سەر شاعیرەکە... ئێستا بەتۆ بڵێم چۆن شیعر ئەنووسی.. ئەووەختە رەنگە بڕیار بەسەر شیعرەکەیشدا بدەم.. چونکە هەندێ شاعیر وائەزانێ هەموی بەیەکجار ئەنووسێ.. هەیە نەء... یەکدوو شاعیر کە ئاگاداری بەرهەمەکانیانم عەرەب زیاتر.. جەواهیری ... عبدالوهاب بەیاتی مظفر نواب ئاگاداری چەند بەرهەمیانم... هەتاوەکو قەصیدەی کوردستانەکەی بەیاتی جارێك لەسەرم نووسی ئێستاش شتێکم لەسەر نووسیوە.. ئەوەی بۆ گۆرانی نووسیوە... (شهادة میلاد قصیدة) من لەگەڵیا بووم شەو پێکەوەو بەرەبەیان چۆنی نووسی... شیعر چۆن دروست بوو.. جا ئەمە چۆنی نووسیوە ئوسلوبی خۆیەتی...

❖ دکتۆر سەعدی یوسفیش شیعری بۆ کورد هەیە؟

- هەیەتی بەعزێ ئیشاراتی هەیە.. هەیشێتی شیعریەتی تیایە.

❖ دکتۆر لە گۆڤاری (شمس گردستان) دا شیعری (ریاح کوردستان) ی هەیە.

- کۆمەڵێ شتی هەیە... کۆمەڵێ شتی تری هەیە... سەعدی لە چیا بووە لە کوردستان... ئەوانەی هەیە، ئەمەی دواتری کە هاتە ئێرە – طریق الی کردستان – نازانم دیتان؟

❖ بەڵێ خوێندومانەتەوە.


- پارچەیەکی هونەری بەرزە (طریق الی کردستان) بە هەشت ئەڵقە لە – السفیر – ی لبنانی دا بڵاوکرایەوە. دوایی (طریق الشعب) پێکەوە بڵاوی کردەوە.. پاش ئەوەش لە کتێبێکیدا دەرچووەو پاش راپەڕین هاتۆتە کوردستان... سەعدی لەوانەیە کە وەک شاعیرو وەک ئینسان لەگەڵ مەسەلەی کوردا بوو...

❖ من مەبەستم ئەوەبوو، ئەوەندەی ناگادری ئەزموونی شیعری جەواهیری‌و بەیاتی‌و مزەفەر نوابی... ئایا ئەوەندەش ناگادری ئەزموونی شیعری (سەعدی یوسفی) ت؟

- لەگەڵ سەعدیدا ئێمە یەک سالّی رێک لە ژوورێکدا بووین لە بەشی‌ناوخۆیی – دار المعلمین العالیة – و برادەریش بووین... کۆمەڵێ شتی ئاگادارم... بەڵام ئەوانی تر رێگەی شیعر نووسینەکەیان ئاگادارم.

❖ وا بزانم سەعدی یوسف یەکێك بوو لەوانەی کە تۆیان تەرشیح کرد بۆ خەڵاتی سولتان عویس؟

- ئەوە جارێك‌و رەنگە بۆ جاری دووەمیش کرابێتەوە... لەگەڵ سەعدیدا ئێمە زۆر شتمان لە بەیندا هەیە دۆستایەتێکە لە باسەکە لامان دا بەڵام ئەتوانین جیابیکەینەوە مەسەلەن حسین عارف ئەمە بەلامەوە... مۆنتاجێکە ئەو نابێ بەوە زیور بێ، ئەنجامەکە... بەرهەمەکە چاکە یا خراپە.. ئەوی دووەمی حسێن عارف (ئەندێشەی مرۆڤێك) من وا ئەزانم وەلامی ئەو قسانەیە کە شار بە تەقریری‌و بە ساکارو بە چی‌و بەوانە دایانە قەڵەم... ئەیەوێ پیشانی با کە ئەتوانێ شتی سایکۆلۆجی بەکاربێنێ‌و هێزی قەڵەمەکەی وەک ئەو نووسەرانەی کە شێوەی سایکۆلۆجی‌یان بەکارهێناوە بخاتە کار..



د. عیزەدین سالّی ١٩٤٨

شـێوەی سـایکۆلۆجیش شـێوەیەکە کۆنـە، بلینسکی ئەی خاتـە سـەر دراماو لـیرێك – شـیعری غینیـائیو داسـتان – دەڵـێ شـێوەی سـایکۆلۆجی شـێوەیەکە جیاوازە لـەوان، هەرچـەن شـێوەیەکی بەکارهێنانـە لـەلای تۆلسـتۆییو لای دستوڤسـکیو وجوودیـیەکان کە بەکاری دێنن.. کـاك حسـێن وەکـو ئەوەی بڵێ کە ئـەمیش ئەتوانێ ئـەو جۆرە هونـەرە بـەکاربێنێ مەسـەلە هـەر تەقریریـەت نیـە... ئیـتر کەوتۆتـە ئـەو حاڵـەوە کـە ئـەو چیرۆکـەی تیـا نووسـیوە... ئـەویش ئێسـتا لـەبارەی رەخنـەداین دەستی خۆش بێ... هـەموو حاڵێك... هەرچـەن بـۆ پێکـەنین زۆرجار ئـەڵێم حسـێن عـارفی پـارێزەر ... محامیو قانوونیو ماف پـەروەر... ئـاخری تـاوانێکی گەورەی کردووە ئـەو کابرایـەی کوشتووە... ئەمانـە شتی هونـەرییە کە ئـەڵێم کـاری هونـەری... کـارێکی چاکە یا کارێکی خراپە... تۆ نـابێ زویر بـی... بڵێـم ئەمـە شـیعر نیـە کـاك لـەتیف هەڵمـەت... بـەڵام پەخشانێکی جوانە... جا جوانەکەت مەتڵـەب بـێ... بەڵام شیعرێك بـێ بڵێـم شـیعرێکی کرچو کاڵـە ئـەوە مەسـەلەیەکی کەیـە... جـا لای مـن کـاری ئـەدەبی جوانەکەیـەو جوانەکەشـی نسـبییە... هـەژاندنی موتڵەقییە کە بڵێـین خوێنەرەکـە نسـبییە... بۆکـێ ئەنووسـی.. دیـارە تـۆ خـۆت بۆکـێ دەنووسـی... یەکێکی کـەبۆ کـێ ئەنووسـێ... مامۆسـتا مـەدەنی سالّح جارێکیـان بـە منـی وت: فـلاّن شـتی منـت خوێندۆتـەوە.. وتم نـەء... وتـی چۆن؟ تۆڕەبـوو... وتی من کەئەنووسم بیستو پێنج کەسـم لەبـەرچاوە، تـەنیا بۆئـەو بیسـتو پێنجـە ئەنووسـم... (مـەدەنی شتێکی تایبەتییە لە فەلسـەفەدا لـە نووسـینا... لـە گونجاندنی رۆژنامەگەری ئەدەبو فەلسـەفەدا) وتـی: بۆ بیستو پێنج کەس دەنووسـم یەکێکیان تـۆی ... تـۆ بـەناخێری گیـانت نەتخوێندۆتـەوە... وتم دکتـۆر بمبووری ئەیخوێنمەوە.

جا مەدەنی سالّحێك کە بۆ بیستو پێنـج کەسـێ بە خـەیاڵی خـۆی بنووسـێ قـەیناکا حـەقی خۆیـەتی بەڵام ئەبـێ خەڵکێك هـەبێ تـۆ بـۆی بنووسـی... ئـەو خەڵکـە بـە تـۆ بڵێـن... بەرهەمەکـەت بەرهـەمێکی ئەدەبی چاکە...ڕیپۆرتاجێکی رۆژنامەگەری چاکـە... زۆر جـار مـن بـەوە تـووڕە ئـەبم ئـەڵێن ئەمـە وتـاری رۆژنامەیە... تۆ وتاری رۆژنامە بۆ بەسووکی تەماشا ئەکەی؟ وتـاری رۆژنامـە چۆنـە تـۆ نایخوێنیتـەوە... زۆر سـەروتار چـاوێکی پیادەخشـێنمو دێمـە سـەر ئەنجامەکە... یا جاری وا هەیە لە ستایشـی وتـارێکی رۆژنامەگـەری یـا چـیرۆکدا دەڵێـین زمانەکـەی شاعیرانەیە... ئێ باشە تۆ لەلایەکەوە ئەتەوێ شـیعر جیـابێو لەلایەکـەوە زمـانی شـاعیرانە بـە چـاك ئـەزانی... ئـەنجام مـن بەلامـەوە ئـەو کـارە کـارێکی ئەدەبی باشە... کارێکی باشە یـا کـارێکی خراپـە... بەپێی بۆچوونو سەنگی خۆم بۆ کاری چاك... شـت هەیـە ئـەمجوولێنیو شت هەیـە نـاتوانم تەواوی‌کـەم... بیخوێنمـەوە... هـەندێ نووسـین هـەن کـە دەسـێئەدەمێ ئـەڵێی بـە هـەورازا سـەردەکەوم دەیخوێنمەوە... ناتوانم بیخوێنمەوە... جا ئەمە ئەو جۆرە کارە نابێ کە وتمان هی کاك حسـێن بـێ یـاهی یەکێکی تر بێ لەوە زویربێ... ئەمە رۆمانە یا رۆمـان نیە... بەڵام کـارێکی ئـەدەبی چاکـەو کـەس نـاتوانێ بڵێ کارێکی خراپی نووسیوە...

حسـێن زیرەکانە کۆتایی بە هەردووکی هێنـاوە... کۆمـەڵێ ئـاڵۆزی بۆخـۆیو بـۆ خەڵکەکـە دروسـت کردووەو بـە شۆڕشـی تـەموز کۆتـایی پـێهێناوە... ئیتر تۆ خۆت لێکی بدەرەوە پـاش شۆڕشـی تـەموز ئەم دڵداریـیە چی لێدێ.. ئەم حەپسـە چـی لێدێ... کابرای تریش دەمانچەیەکی داوەتێو خـۆی بکـوژێو بڕایـەوە... ئیـتر ئـەم گێـژاوەی تووشـی خـۆی نەکردووە...

❖ جەنابت وتارێکت لەسەر شیعری موناسەبە بلاوکردۆتەوە... شیعری موناسەبە لای گۆران و لای دیلان و لای مەولەوی... ئەتوانین بڵێین لەو شیعرانەدا هونەرێکی وا بەکارهاتووە کە بە نەمری ئەمێننەوە.

- جا ئەوە سەیری شیعرەکە خۆی بکە... رەنگە ئێمە لە دوو شتدا رامان جیا بێ... جەنابت رەنگە لات وابێ هەرچی بۆموناسەبەت وترا خراپ بێ... هیواش هەیە کە لای وایە شیعر دەبێ بۆ موناسەبەت بێ... بەڵام من بەڵامەوە ئەو موناسەبەتە... چۆن و چی دروستکردووە ئەوە گرنگە... ئێستا پێش ئەوەی بکەوینە سەر ئەم تۆمارکردنە بەکاك لەتیفم وت: لەوانەیە من شتێکت دێنمەوە یاد ئێستا ئەمشەو ئەجوولێیتو ئەنووسی... شتێکم خوێندۆتەوە ڤیکتۆر هیگۆ کوڕێکی مردووە (جا ڤیگتۆر هیگۆ شاعیرە زیاتر لەوەی چیرۆك نوس بێ) لای ئێمە هەر بە رۆمانتووس ناسراوە...بەڵام شیعری زۆرتر شیعری رۆمانتیکی ناسکی هەیە... ڤیگتۆر هیگۆ کوڕێکی مردووە پاش بیست سالێ قەسیدەیەکی بۆ وتووە.. ئەمە چیە.. خۆزگە بمایەو لێمان بپرسیایە بۆچی پاش بیست سالێ ئەمەی نووسیوە... من گەلێ ئیحتمال دائەنێم لەوانەیە هاوەڵێکی کوڕەکەی دیوە ئێستا گەورەبووەو واهاتۆتە پێشەوەیو ئەوی بیرئەکەوێتەوە. هەردی، ئێستاش دارای کوڕی کە لە شەستەکانا کارەبا گرتیو مرد... وینەکەی هەر هەڵواسیوە.. هەردی شاعیرێکی ناسك بوو نا شیعری ئەنووسی... و بەزۆریش نەیوت بڵێی ئیللا هەر ئەبێ شیعر بنووسی... لەوانەیە لەپڕ بجووڵێ یادی کوڕەکەی شتێکی پێبنووسێ... دەئەمە خۆ موناسەبەتیشە موناسەبەتەکە پێت ئەڵێ بنووسە... من ئەو رۆژەی کاك شێرکۆ بێکەس، ویستیان بیجووڵێنن کەشیعری لەسەر داوا نووسیوە یا نەینووسیوە.. وتی نەء.. بەڵام شتەکان خۆی هاتووەتە پێشەوەو لە چیا ژیاومو لە کوێ ژیاومو فڵان شەهید بووە باسکراوەو جووڵاوم... لە موناسەبەدا دەجووڵێی تۆ کەسێك کە بیناسی زیاتر کارت لێئەکا لەکەسێك کە نەیناسی... بۆ شیعر ... با ئەویان زۆر گەورەبێو ئەمیان ئەوەنە گەورە نەبێ... جا من نموونەیەکی جەواهیری وابزانم خۆی باسیشی کردووە لە یاداشتەکەیداو گەلێ جار بۆی گێڕامەتەوە... جەواهیری قەسیدەیەکی جوانی بۆ ستالینگراد هەیە لە شیعرە هەرەجوانەکانیەتی... هەروەها قەسیدەیەکی بۆ تونسیش هەیە... ستالینگراد کە سۆڤیەتو میللەتی سۆڤیەت بەو قارەمانێتیەوە رزگاری کردو ئەو هەموو قوربانیەی دراو لە دنیادا دەنگی دایەوە ئەو وەختە... ئەوە جەواهیری ئەزانین بەبیر هەرچەپ بووە... قەسیدەیەکی بۆ تونس وتووە تووئس ئینگلیزەکان لەدەس فاشیە درندەکانیان رزگارکرد... وتیان کە ئەمە لەسەر داوای نووری سەعید نووسراوە... خۆی ئەڵێ داوا نیە... کە قەسیدەی ستالینگرادم بڵاوکردەوە.. نووری سەعیدم دی لە موناسەبەتێکدا تەوسێکی تێگرتم ووتی تووئس نایەنێ شیعری بۆ بنووسی... تووئس بەحساب وڵاتسی عەرەبە فاشیەتی هیتلەر گرتبووی قەیناکە سوپای ئینگلیزو فەرەنسا چۆن ئەو وڵاتەیان رزگارکرد... بە حیساب بۆ وڵاتی عەرەبی نەنووسیوە بۆیە بەو قسەیە جووڵاو ئەو قەسیدەیەی بۆ تووئس نووسی جا جەواهیری راست دەکا... بەڵام نەك هەموو موناسەباتەکان... من هی گۆران وتم هەژاندنی راستەقینە نەبێ شیعری نەنووسیوە. راستەکەی دیلان دەربارەی ستالین نووسی پێم وت یەعنی تۆ شیعرت نەنوسی... ستالین مردنەکەی زۆر لە دنیادا دەنگی دایەوەو نەوەی ئێمە ئاگامان لەوە هەیە کەچی بوو... چەرچڵێك کە لووتکەی ئیمپریالیزمو سەرمایەداری بوو... ئەڵێی من ناتوانم ئەو کەسەم لەبیر بچێ کە لە ستالینگرادا سەرکەوت... ئەو وەختە وابوو ستالین... دوایی لەئەروپاداو سەرمایەداریو ئیمپریالیزمو خرۆشۆڤو فڵان بەدناویان کرد... لایمن ئەوە نیە بخرێتە ریزی جەنگیزخانو هۆلاکۆو ئەمانەوە نەء رەنگە هەڵەبووبێو تاکە کەس بووبێ بەڵام شۆسیالیزمی لە وڵاتەکەیدا بنیات نا...سوپای هیتلەری راو نا.. هەژدە کیلۆمەتری مابوو بگاتە مۆسکۆ... مۆسکۆی بەجێنەهێشتو چووە سەر گۆڕەکەی لینینو رەسمێکی لینینی دەرهێناو وتی ئێوە رۆڵەی بلینسکیو تۆلستۆیو پۆشکینو پەترۆسی یەکەمو قەیسەری گەورەو لینینو کێ کێن... ئەوە خاکەکەتان لە مەترسیەوە هەژدە کیلۆمەترە دوورە شتێکی بۆ دانراوە. بۆیە ئەم کابرایە ناخرێتە ریزی ئەو دیکتاتۆرانەوە کە ناومان بردن... جا ببورە بۆ ئەو وەختە لای ئێمەش زۆر گەورە بوو... باوکم پێی وت ئەبوایە حەسانی کوڕی ئابت بۆ پێغەمبەری بوتایە... بە دیلانی گوت.. گۆران وتی من گریام نەبوو بە شیعر... گۆرانیش ئاگام لە زۆر شیعری

هەیە هەموو جوولاندنێکی تیا نەبووبێ نەینووسیوە... هەتا ئەو شیعرانەیشی کەلێی پەشیمانبوو یەکدوو قەسیدەی هەبوو لێی پەشیمان بوو... وتی هی منەو هەقە بچێتە ناو دیوانەوە.

❖ دکتۆر ئەگەر مەجال بدەی... ستالین جەنابت رەنگە ئاگاشتان لێی بێ... رای دەربارەی ئەدیبانی سۆڤێت بەتایبەتی موعاریزەکان زۆر تووندوتیژ بووەو چەندەهای لێ کوشتوون لەوانە – ئۆسیپ مەندەلشتام – هەروەها باختین چەندەها کتێبی هەبووە لەسەرەتادا نەیتوانیوە بەناوی خۆیەوە بەلکو بەناوی خوازراوەوە چاپی کردوون. لەدوایدا لە شەستەکاندا توانیویەتی ناوی خۆی ئاشکرا بکات.. هەروەها ئەخماتۆفا... باسترناك هەموویان فشاریان خراوەتە سەر... چەندەهای ترا

- ببورە ستالین لە هەڵەو کاری تاکەکەسیو ئەوانە تەبریە ناکەم بەڵام ستالین ئەو دکتاتۆرانە نیە کە ناوم بردن. جا ئەوە مەسەلەی بۆچوونی ریالیزمیو شۆسیالیسیو کە ئەبێ ببێ بە ئەدەبێکی دەسەڵاتدار بەسەر وڵاتدا رەنگە ئەوە موناقەشەی بکەین راست بووبێ یا نا... چونکە کە شۆسیالیزمیان بیناکردووە ئەبێ بە شۆسیالیزمو هیچ شوێنەوارو ئەسەرێکی سەرمایەداری نەمێنێ... ئەوە موناقەشە ئەکرێ... لینین وتی: سەرمایەداری دەوڵەت هەبێ جارێ... سەرمایەداری دەوڵەتیش پراوەیە بۆ شۆسیالیزم... جا مەسەلەی ستالین ئێستا کتێبێکم هەر ئەمساڵ چەند مانگێ لەمەوپێش خوێندەوە... بەداخەوە ئێستا لام نیە لە سوریەیە سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی بەلچیکا نووسیوویەتی... دەستەی تڕۆتسکی بووە وەختی خۆی... گرووپێکی پێك هێناوە بچن ستالین بکوژن ... ئێستا بۆچوونێکی تازەی هەیە بە گەلێك وەسیقە ئەوانە دەربڕەخا، زۆر لەوانەی بڵاوکراوەتەوە هی کاری وڵاتانی ئیمپریالیزمو سەرمایەدارین هی خوروشوفو تا ئەگاتە گۆرباتشۆفو یلتیسنو بریماکۆفو فلانو فلانە... ئەو تەبریەی ئەکا لە هەموو شتێ. من نالێم وایەو موناقەشەی قسەکەمان لەسەر ستالین نیە... جێی موناقەشەیە بەڵام ئەوەنیە... ئەمانیش کە باسی ئەکەین رەنگە هەر یەکەی بە جۆرێك ئێمە بۆی بچین... لەگەڵ ئەخماتۆفادا... رەنگە هەقیان نەبێ ئانائەخماتۆفا... مێردەکەی شاعیر بوو لەدوو پلاندا دژی سۆڤیەت بەشدار بوو... بڕیاری خنکاندنی بەسەردا دراو لینین لە هەردووکیدا بەرێدا... چونکە نووسەر بوو... لە سێهەما کە تێکەوت ئیتر هەقی نەبوو بەسەریەوە... ئەخماتۆفا تاکو مرد _لە سالانی شەستا_ مرد هەر شیعری بۆ ئەو مێردەی دەوت... ئێستاش بیرمە ... لە قەسیدەیەکیدا دەڵێ تۆم لەخەوا دی جدانۆف دەڵێ ئەو کابرایە خائن بووە نابێ شیعری بۆ بنووسی... من لەمەدا لەگەڵ جدانۆف نیمو عاتیفەی

لەگەڵ سەعدی یوسفدا سازێکی ڕێك لەژووریێکدا بووین

خەڵك شتێکەو نابێ سەرکوت کرێ بەڵام پێم چاك بوو خۆی عاتیفەی ئەخماتۆفا لەگەڵ منداە بوایە... کابرایەك کە لەسەر خیانەت خنکێنراوە لەگەڵیا نەبێ... پێم خۆش بوو خۆی وانەبوایە... بەڵام تۆ ناتوانی زۆر لەو بکەی.

باسترناك مەسەلەیەکی تره من لەگەڵ ئەوە نیم کە ئێستا لەبەرئەوەی جوولەکە بووە زۆر کەسی بەرگری لێ ئەکا... پاسترناك ئەگەر ئەو هەرایە لەسەر چیرۆکی – دکتۆر ژیڤاگۆ – ی نەکرایە لە ڕووی هونەرییەوە ئەو شتە گەورەیە نەبوو. پاسترناك شۆڵۆخۆف نییە... سیمینۆف نییە... چیرۆکەکەش ئەوە نیە... شتێکە لەم زەمانەی ئێستای ئێمە ئەچێ.. کەمو کوڕی هەبووە پاش ئۆکتۆبەر.. برسێتە هەبووە بێئیشی هەبووە... دکتۆرێك ناچاربووە رەنگە معاشێکی کەمیان ئەدایە بچێ کاری قاچاغ بکا...بەرامبەر بەمە تۆ ئەتوانی هەموو شتێ بڵێی.

جا پاسترناك ئەوەیە... بەرامبەر بە بارەکە پاسترناك ئەوەی کە ڕووسەکان ئەیڵێن باشترین وەرگێڕی شکسپیرە.. شتی شکسپیری وەرگێڕاوە بۆ ڕووسی زۆر سەرکەوتوو بووە... بەڵام هەندێ کەسیش هەن زۆر جار ئەو خەتی جوولەکەیە هەیە لەوێش بەداخەوە خەتی جوولەکەش تێکەڵ بووە... جوولەکەی وا هەیە دڵسۆزانە بۆ وڵاتەکەو سۆشیالیزم ئیشی کردووە...

هەمیشە هەر مەسەلەی جوولەکەو سەرەنجامی جوولەکەو ئەوانەی مەبەستەو ئەوە ئیتر مەسەلەیەکی کەیە... یەعنی سەهێنیەت وەك

ئاواره له دنیادا تەماشای کەین ئەوە شتێکی کەیەن.. زۆر کاری هەر بۆئەوە بووە، جا ئەمان زۆریان ئەوانەی کە لەو نووسەرو شاعیرانە... ئەو هێڵەیان پێوە دیارە... جا من لەبەرئەوە تەنیا ناوی پاستەناك ئەڵێم.. هەروەها ئەهرنبورگ پێوەی دیارە... زۆر نا بەڵام هەر پێوەی دیارە کە جوولەکەیە...

❖ دکتۆر ئێستا ئێمە باسی هەندێ ناومان کرد.. وەکو ئۆسێپ مەندەلشتامو باستەناك ئەوانە قەیناکە هیچ نەبێ موعارزبوون... بەڵام هەیە لە گەڵیشیانا بووە، بۆ نموونە (گۆرکی) خۆ ئەوە ئاشکرایە چەندێ خزمەتی گردوون... بەڵام من وتارێکم خوێندۆتەوە لەسەر کتێبێك کە - ڤیتالی شتانبیلنسکی - سەرۆکی کۆمیتەی میراتی ئەدیبە شەهیدەکان کە لەو فەترەیەدا شەهید کراون... ئەڵێ تەنانەت گۆرکیش نەیوتوانیوە رزگاربێ لە لێپرسینەوەو سزادانی نهێنی.

- بە نیسبەت گۆرکییەوە نەمبیستووە... بۆ پێم وتی من بەرگری لە ستالینو دەوری ستالینو دەوری باگیرۆف لە ئازرباجان کە دڕندەیەکی سەیر بوو ئەوانە ناکەم... بڵێم بە تێکڕا دیفاع کەم بڵێم کاری چاکن... هەر دیفاع بە تەواویش لە تەجروبەیەکە ناکەم... تەجروبەیەکی سۆشیالیستی بوو... بەڵام کۆمەڵێ کەلێنی تیابوو... کەلێنەکان نەبوایەو کەموکوڕی خۆیان نەبوایە نەئەڕووخا... راستە دەوری دەرەوە زۆر بووە لە ڕووخاندنیا... ڕۆڵی ئیمپریالیزمو ئەمەریکا لەلایەك... ڕۆڵی سەهیۆنیزم لەلایەکی ترەوە زۆر زۆر بوو لەو ڕووخاندنەدا بەڵام ئەبوایە وانەبێ... یەکێك ئەڵێ مێژوو ئەوەیە کە بوو...ئەوە نیە کە تۆ ئاواتت ئەخواست.. جا من نائەڵێم... گۆرکی شتم بیستووە کە گۆرکی بەپێچەوانەوە ئەڵێ گۆرکی حزبیی نەبووە هەتا دواییش... سەردەمێ لە حزبدا بووە پێش ئۆکتۆبەر...دوایی چوو بۆ دەرەوە،لە ئۆکتۆبەرا بە لینینی وت تۆ دزی دز... دەسەڵات بەدەس کیزنسکیو بورجوازیەتەوە بوو... حوکمەتی دیموکراتی هەبوو... تۆ چووی لێت دزین، بەزۆر وەرت گرت... لینین خۆشی ئەویست قسەی نەکرد... کە لینین پێی وتبوو... نەواو نەوا... من ئاوا بە بیستن ئەمەم بیستووە... نەك ئەوەی کە دکتۆرای یەکەمم وەرگرت لە باکۆ... ماوەیەك چوومە دەرەوە رادیۆیەکی نهێنیشمان هەبوو ئەو وەختە ((دەنگی گەلی عێراق) لەگەڵ پەیکی ئێرانداپێکەوە بوون... ماوەیەك لەوێ ئیشم کرد... دوایی ناردمیانەوە بۆ مۆسکۆ... بۆ قوتابخانەی حزبی... کادرێکی حزبی بوو شیوعی بوو وتی سۆڤیەتیەکانی ئەوێ هەموو وڵاتەکانی تیابوو... ئێستا نهێنێتی نەماوە... ئێستا ئەو دەورەیە... کاك عەزیز محمد لەوێبوو... کاك کەریم ئەحمەد کاك باقی ئیبراهیمو من بووم... لەوێ دەرسی گشتی هەبوو دەرسی تایبەتیشی هەبوو... کە زانیان دکتۆرام لە ئەدەبدا هەیە... دەرسێکی ڕەخنەو تیۆری ئەدەبیم هەڵبژاردو مامۆستایەکیان بۆ هێنام سیدورین... ئێستاش وا بزانم هەندێ لاپەڕەی موحازەرەکانیم دەسکەوتەوە.. خۆی تەنها دانەنیشت لەگەڵما... حەفتەی دوو ڕۆژ بە حساب دەرسی تیۆری ئەدەبو ڕەخنەم پێڵێ... بەتەنیا دووبەدوو بەحساب دکتۆراشم هەیە... ئەو شتی پێشاندام لە ژیانی گۆرکیدا ڕەخنەی لەسەر گۆرکی نووسیبوو... پیر بوو ئەو دەمە دەوری حەفتا سالان بوو.. کۆمەڵێ لەم یادگارانەی بۆ من ئەگێڕایەوە... کۆمەڵێ لە کێشەی ناو شاعیران و ئەدیبانی ئەگێڕایەوە... من وام ئەزانی هەر لای ئێمە وەهایە بەڵام هەندێکی ئەوت ڕەنگە لە ناوەندی ئەدەبیەکەی خۆماندا هێشتا ڕووی نەدابێ... مەسەلەن هی مایۆکۆفسکی بۆ ئەگێڕامەوە... بە تەفسیل خۆ کوشتنەکەی... بەینی شۆڵۆخۆف و سەمینۆف و هەندێ نووسەری دی بۆ باس دەکردم... ئەهرۆنبورگ شتێکی هەبوو...- توانەوەی سەهۆڵ - سەمینۆف ریزەشتێکی لەسەر نووسی... دوایی وتی شۆڵۆخۆفی - شریر - (دڕ) پێی وت ئەوە ئێوە ڕێکەوتون کە ئەو بنووسێ... سیمینۆفیش.. نووسەری گەورەو چیرۆکنووسی گەورەیە کە ئەو ریزە نووسینێکی نووسی... ئیتر ماوەی نووسینی تر نابێ لەسەری بۆ ئەوەی ڕزگاری بێ لە ڕەخنەی خەڵك... دەئەوە پەیوەندی نووسەرانو ئەدیبانە لەوێ... بەڵام سەیرە ئەو بە نیسبەت گۆرکییەوە هیچ شتێکی نەوتووە... پاش هەموو شۆرشێك شتێکی تازە... شتی سەیر دروست دەبێ مەرکەزی قوڕەت دروست ئەبێ.

❖ تا لەم چوارچێوەیە دەرنەچین بەتایبەتیش کە قسەمان لە ڕووسیای پاش شۆرشە.. لەو وەختانەدا ئەدەبی گرێکاری سەری هەڵدا... ئەدەبی چین... جەنابت سەرنجت چیە دەربارەی ئەدەبی چین... ئەگەرچی پرسیارێکی گۆنیشە..؟

- ئەدەبی چین... هی چینێکی تایبەتی وەکو بیر پێشترە لەوە... ئێستا بمزانیایە ئەم باسانە ئەکرێ کتێبێکم لەلایە ((گۆرانیەکانی کۆمۆنەی پاریس کۆمەڵێك گۆرانی خۆی هەبووە کە زۆر کرێکاریترە لەوانەی کە ئێستا ئەوترێ... جا... ئەدەبیاتێك کە رو بکاتە چینی کرێکارو زەحمەتکێش...

پەیدابوو... کارێك کە ئەدەبێکی راستەقینەبێ... وتۆ لە شوێنێکدا هەڵگەوتووی ئەتوانی ئەوە بنەخشێنی حەقی خۆتە... بەڵام بەزۆر نەبێ... جا ئەو ئەدەبە کرێکاریە ئەگەر چینی کرێکار خۆی دروستی بکا... کارێکی چاکە... ئەوان ئەو هەوڵەیان دا کەچی هر هێشتا تەواو دروست نەبوو... گۆرکی جیایە... گۆرکی پێشتر تورنچی پاپۆڕ بووە... پینەچی بووە... گەڵ کاری کردووە لەوەوە هاتووە بووە بە ئەدیبو بە نووسەر... جا سەیر ئەکەی پلەی پێش - دایك - ی نموونەکانی هەموو ئەو نموونانەن کە کەڵکی ژیانیان پێوە نەماوە... خەڵکێکن کە مارکس پێیان ئەڵێ ((خڵتەی پرۆلیتاریا)) ئەوانەیە کە هی ئەوەنین سەرکردەی شتێ بن... راستە زەحمەتمکێشن... راستە چەوساوەن... بەڵام مەعنەوی‌یاتیان نەماوەو مردوون... گۆرکی لە رۆمانی - دایك - ەوە ئەو خەتی چینی کرێکارە دەگرێ...

ئەوەیە گۆرکی توانیویەتی لەم بوارەدا سەربکەوێ بەڵام رەنگە هەندێکیان تا ئێستاش نەیانتوانیبێ لەومەیدانەدا بوونی خۆیان دیاری بکەن.

❖ دکتۆر رۆمانی دایك‌و رۆمانی ((چۆن پۆڵامان ئاودا)) لەلایەنی هونەرییەوە چۆن هەڵدەسەنگێنی)..؟

- ئەوە هی ئەسروفسکی‌یە ئەگەر رووسی‌یەکەی وەرگێڕی دەبێتە (بەم جۆرە پۆڵان ئاودرا)) بە عەرەبی کردوویانەتە (والفولاذ سقیناه). ئائەو تاقیکردنەوە تاقیکردنەوەی بینای رێگەی ئاسنەکەیە... هی خۆیانە... ئەوانەی جەنگی دووەم بۆچی سەرکەوتوون هەر هەموویان لەناو جەنگەکەدا



دێڵێژە ١٩٤٨

بوون... قسەلدێر... بولیسپۆلیڤبۆی هەتا شۆڵۆخۆف... یا پەیامنێری جەنگ بوون یا شتێك بوون... بۆیە ئەو بارودۆخەیان بەتەواوی لە ئەدەبەکەیاندا چەسپاندووە...

❖ مەبەستم ئەوە بوو بۆچی رۆمانی دایك ئەو بایەخەی پێدراوەو گرنگییەکی سیاسی پێدراوە، بەڵام ئەوەی‌کەیان وانیە؟

- دایك... یەکەمە، جارێ لەپێشترە... دایك دووسێ سفەتی تیایە... دایك پاش سەرنەکەوتنی شۆڕشی (١٩٠٥) گۆرکی نووسیوویەتی‌و دایك تەواو سەیری فکرەکەی بکە لە رووی سیاسی‌یەوە... کتێبێکی لینین هەیە (چی بکەین)... ئەو بیرەی گۆرکی تەواو لەگەڵ بیری ئەو کتێبەی لینیندا کە دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیستی بەلشەوی‌یە یەك ئەگرێ... ئینجا پاش رووخاندنی شۆڕشەکە ئەم هیواو ئاواتە بەدەستیەوە...

دووەم گەڕان بەدوای چینێکدا کە سەرکردەبێ... کە لەگەڵ بیری کۆمۆنیستەکاندا ئەگونجێ... کە چینی کرێکارە ئەو بەیداخە ئەداتە دەست پاقڵ لەگەڵ ئەمانەدا ریکەوتوون و لە rووی هونەریشەوە تا ئێستاش بایەخی خۆی هەیە... دەوری ژن ئەودایکە... دەوری لە تێکۆشاندا لەجیاتی ژنی کابرایەکی سەرخۆشە هەموو رۆژێ تێی هەڵدەداو دەبێ مەزەی بۆ حازرکاتو لەپاش ئێش خەوی لێبکەوێ... ئەو دایکە... ئەبێ بەم دایکە... ئەوە رۆڵە مێژوویی‌یەکەیەتی... لە کاتی مێژوویی خۆیدا دایك قیمەتێکی گەورەی هەبووە... جا ئێمە زۆر هەڵەیش دەکەین کە شتێك کەنار بگرین لەبارە مێژوویی‌یەکەی خۆی... کە لە بارە مێژوویی‌یەکەی لات خست تێی ناگەن... من بڵێم فلان ریوایەتی شۆڵۆخۆف لەوەی گۆرکی باشترە... بۆ ئێستا... ئێستا ئەیخوێنمەوە رەنگە خۆشتربێ و چاتر بێ... بەڵام بۆ رۆژی خۆی ئەوە بووە... لەبەرئەوە قیمەتی خۆیشی ماوە...

❖ پێشتر پرسیارێکمان تایبەت بە ئەدەبی کرێکاری کردووە حەزدەکەم ئەم جارە لەسەر ئەدەبی عیرفانی بکەین... یەکەم پرسیار جیاوازی نێوان شاعیرێکی عارف و شاعیرێکی نا عارف چیە بەلای جەنابتانەوە..؟

- ئینجا وشەی عیرفان مەبەستت ئەوەیە تەواو بەرامبەر تەسەوف رابیگرین... یا تۆزێك گەورەتر..؟

بەڵام ئەوەی من تێیئەگەم مەبەست لە عارف زیاتر موریدی واصڵە وەك ئەڵێن لە تەسەوفدا... موریدی واصڵ چیە بەلایانەوە چەند پلەیەکە، مەقامات و ئەحواڵە، موریدی واسڵ ئەگاتە ئەوەی ئاگای لەئەسراری غەیب بێ و لە ئەسراری دونیابێ بزانێ... خۆی کە ئەڵێن بزانێ یا نەزانێ... ئەزانی یا نەزانی... لە شیعری تەسەوفدا زۆر دێ ئەوەی ئەزانێ ئاگای لەئەسراری دونیاو کەون و خوایی هەیە ئەوە بە عارف دائەنێن زیاتر... جا هەر ئەوەش ئەدەبە تەسەوفەکەیان ناو ناوە ئەدەبی عریفانی... ئەدەبی سۆفی رەنگە زاراوەکە دواتر بێ... لە ئەدەبی فارسیدا... جا ئەڵێم نازانم ناوی بنێین ئەدەبی تەسەوف یا ئەدەبی عیرفان... عیرفانەکەش هەر یەك ئەگرێتەوە... عیرفانیش لای من پلەیەکە لە تەسەوفدا... وا بزانم کاك (عبدالله) یەش تۆزێ ئاگاداره... عیرفان پلەیەکە لە تەسەوف... من بەینێك بەتەسەوفەوە خەریك بووم... هەندێ برادەر جارێك وایان بڵاوکردەوە وتیان بووی بە سۆفی... دوو سێ شتم نووسی روباعیات بەس شیعرم نەنووسیوە بەڵام مامۆستا بەشیر ئەیوت ئەمن شاعیرنیم بەڵام جاروبار داخی دووری نیشتمان بەشیعر دەنووسم...

تەسەوف وەك بزووتنەوە ئەزانن تەسەوف بە سلووك هەیەو بەبیر هەیە، بیری سۆفیانە هەیە... بیری سۆفیانە لای هەموو رەنگە **بەئەقڵی با بڵێم ئێستام... کەسی وەکوو مارکسیش سۆفین**... چونکە بەشێك لە زوهد بەشێك لە خۆ دوورگرتن لە ژیانیدا بووە... لە دونیا زۆر لەسەرکردە مارکسی‌یەکانیش بەلای منەوە کارەکەیان جۆرێکە لە جۆرەکانی تەسەوف. تەسوف ئەوە وەکو سلووك... وەك فکر لە هەموو دینێکدا هەیە. کە ئەوەی ئیسلام ئەڵێ بە - ظاهر - ناگەیتە مەسەلە ئەبێ بە - باطن - بیگەیتێ... شەریعەت ناتگەیەنێ تەریقەت ئەتگەیەنێ... خەریکی ئەو عیبادەتە دەبی و لەهەر تەریقەتێکدا بەجۆرێك سلووك ئەکرێ... ئەمە خەڵوەتە... ذکرە... شیر وەشاندنە ئاگر قووت دانە ... بەمە بگەیتە ئەو راستی‌یە کە بینینی نووری خوایی و یەقین پەیداکەی کە پەروەردگارێ هەیە... جا تەریقە هەیە فکرە... هەیە بە سلوکی رۆژانە ئەو سۆفییە نی‌یە، بەفکر سۆفییە بەلای منەوە ئەمەیان جۆرێکە لە گەڕان بەدوای راستی‌دا کابرا ئەچێ بەدوای راستی‌دا ئەگەڕێ... ئبراهیمی‌کوڕی ئەدهەم کوڕەشایە ئەچێ لەکێوو ئەشکەوتدا لەگەڵ درندەدا دەژی بۆ ئەوەی ئەو راستی‌یە بدۆزێتەوە کە بە دوای‌دا دەگەڕێ.

ئەوە هەر ئەوگیڤارایەیە کە ئەچێ سەر ئەکەوێ بەسەر ئەم چیاو ئەو چیاداو لە کووبا سەر ئەکەوێ ئەچێ بۆ کۆڵۆمبیا شۆڕش بکاو لەوێش سەرکەوتایە ئەچوو بۆ شوێنێکی کە... لای من ئەویە کە هەندێ کەس تێناگا... عبدالمجید لطفی شتێکی وای نووسیبوو... چۆن یەکیان ئەخەی... ئەوە لایەك... نرخێکی کەی تەسەوف تەسوفی رۆژهەڵات مەبەستم فارس و کورده به پلەی یەکەم تارادەیەکیش تورك... کە تورك شیعرو ئەوانەیان کەمە... زۆر کەمە، لەمێژوویشا سەیرکەین، کامەتا؟ ناوی چوار شاعیری گەورەی تورکم پێبڵێ؟

❖ هەر نازم حیکمەتە؟

- نازم حیکمەت ئەو دوایی‌یە... رەنگە (فضولی) و هەندێ شیعری تورکی هەیە.

❖ نەسیمی؟

- ئا نەسیمیو ئەوانە... ئەوەنیە کە بارستاییەکی دیاری هەبێ... فارس، دوایی کوردیش یەعنی... ئێمە شیعری کلاسیکیمان... بەجۆرێتی.. بەنەوعییەت لە پلەیەکی بەرزدایە... رەنگە بە کەمییەت ئەوە نەبێ... بە کەمییەت دیوانەکەی مەلای جزیری بەقەد دیوانەکەی حافظ نیە... بەڵام جۆرەکە سەیرکەی – حافظ –یکە... لام وایە توانای هونەریو شیعری لە حافظ کەمتر نیە. جا ئەو ئەدەبی تەسەوفە ئەدەبێکی گەورەیە... ئەگەر تەسەوف شتێکی کەی نەکردبێ ئەدەبێکی گەورەی هێناوەتە ناوەوە... بۆ ئێمەش تا ئێستا مەلای جزیریو خانی... مەولەوی بۆ ئێمە ئەوسیانە زیاتر دیارو هەڵکەوتوون.

❖ مەحویش؟

- بەڵێ مەحویش شاعرێکی دیارە لەو بوارەدا...

❖ دکتۆر مادام باسمان لە سۆفی سلووکو سۆفی فکر کرد... لێرەدا بوار بۆ ئەم پرسیارەی تریش ئەڕەخسێنێ:

ئایا پێتان وایە شاعیرێکی عارف مادام ئامڕازێکی هەیە بۆ دەربڕینی ئەو حەقیقەتانەی کە پێیان گەیشتووە رێژەی کەمالّی زیاتر لەعارفێکی ناشاعیر کە هیچ ئامڕازێکی پێنیە... یاخود هیچ ئامڕازێك شك نابا بۆ دەربڕینی ئەو راستیانەی کە پێیان گەیشتووە... بە کورتی... ئایا فەزڵی عارفی شاعیر دەدەن بەسەر عارفی ناشاعیردا..؟

- بۆشیعر نەء... من بەڵامەوە شیعر تەجروبەیەکی جیایە... جا من وەك تەجروبە شیعریەکە... ئەڵێم جارێك باسم کردووە... منیش ئێستا ئەمەوێ شاعیرەکانمان باسی بکەن... جا من بەڵامەوە عارف بێ.

رەخنەگر بێ نووسەری گەورەبێ... شەرت نیە دەسەڵاتی بەسەر ئەم ئامێرەشیعرییانەی خۆیدا ئاوابێ کە شیعرێکی باشی لێ دروست کات... یەعنی عارفەو لەدونیا ئەزانێ... تەجروبەیەکی گەورەی هەیە... بەپێی تەمەن ئەڵێم من تەجروبەی ژیانم لە جەنابت زیاترە... رەنگە ئەم تەجروبەی ژیانەی من ببێ بە یاداشت ببێ بە نووسین ببێ بە چیرۆك نەبێ بە شیعر...لەوانەیە لەپڕ لەلەحزەیەکدا ببێ بە شیعر... ئەگەر کوردیەکە من وەك بڵێین موفرەداتو شت لە جەنابت زیاتر نەزانم من هیچم نەکردووە... کاتی خۆی قسەیان ئەکرد لە حەفتاکاندا. وتم چۆن ئەبێ لەتیف هەڵمەت. کوردی لە هێمن چاکتر بزانێ کە تەجروبەی ژیانی لە هێمن کەمترە... کوردی لە هێمن باشتر بزانێ..؟ ئەگەر وابێ ئەبێ هێمن هیچ نەبێ ئەوە قسەی حەفتایە. ئێستا لەتیف ئەوە بوو بە بیستو نۆ ساڵێ ئەوە جیایە. جا مەبەستم ئەو دەسەڵاتەیە... من لە لەهجەی کوردیشدا خراپ نیم چونکە کوردستان گەڕاوم لەهجەکان باش ئەزانم... کەچی بەو هەموو موفرەداتەم رەنگە ... بەقەد کاك محمد عومەر دەسەڵاتم بەسەر موفرەداتەکانی خۆمدا نەبێ بیخەمە ناو شیعرەوە... مۆسیقام گوێ لێبووە... مۆسیقاو کێشی یەکە... ئەوانەی کە شارەزای مۆسیقان زۆر جار ئەبێ بە کێشی شیعر لایان... جا ئەمە من ناتوانم یا دەسەڵاتم بەسەریدا نیە بۆ من دەرناپەڕێ... لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی کە لەلامە لە دەروونایە دەوڵەمەندترە لە هی فلان کەس ئەوی تر ئەو بەهرەیەی زیاترە...

جا مەبەستم ئەوەیە عارفێکی چاك کەرەسەیەکی باشی هەیە بۆ شیعر، چرای کراوەتەوە غەیبە... دونیا بینینە... تەجروبەیەکی گەورەی هەیە... ئەگەر دەسەڵاتی بەسەر شیعریشدا هەبێ... ئەو شیعرانە شتێکی گەورە دەردەچن... بەڵام کەچی دەسەڵاتی بەسەردا نیەو ئەنوسێو شیعرێکی کرچوکاڵ دەردەچێ... کەچی ئەوی تر لەو شتە کەمەی کە بەدەستیەوەیە... شیعرێکی باش دەرئەبڕێ... لەبەرئەوە من بەڵامەوە حوکم بەسەر شیعردا شتێکەو بەسەر شوێنی کەدا شتێکی تر ەە...

❖ باسی موفرەداتت کرد، ئەتوانی چەند موفرەدەیەك لە بواری ئەدەبی عیرفانیدا بژمێری...؟

- وەڵایی بڵێم زۆرەیش نیە... چونکە یەك مەبەستە، مەحدودە.. مەقاماتە... ئەحواڵە... یاساکانی کەونە... بەڵام ئەشچێتەوە سەر دینو سەرموفرەداتی دینەکان قورئانو هەر وشەیەك

ستالین لەهەڵەو کاری تاکەکەسی تەبریە ناکەم، بەڵام ستالین لەو دکتاتۆرانە نیە کە ناوم بردن

بەمانایەك دێو وەك زمان وەك فەرهەنگ بە مەعنایەك بەكاری دێنێ... (ن والقلم وما یسطرون... ن) ئەوە ئیشارەتێكە ... (قلم) قەڵەمە... كەچی قەڵەم لەوێدا ئەو قەڵەمەیە كە وتی: (قەڵەم بنووسە.. چیبنووسم... لەمەولوودنامەدا هەیە... ئەو موفرەدەیە ئیتر بەپێی فەرهەنگ شتێكەو... بەڵام رەنگە شاعیرێكی سۆفی شارەزا... بتوانێ هەرهەمووی بەكاربێنێ.. تۆسەیری مەحوی كە... مەحوی كۆمەڵێ وشەی كوردی هێناوە بە مەعنا سۆفییەكان بەكاری هێناوە... ئەبینی قوڵی و فراوانیەكی بە وشەكە داوە... مانایەكی فراوانتری داوە بە وشە جیا لەوەی كە لە فەرهەنگی زماندا هەیە. ئەگەر مەحوی شاعیرێ سۆفی نەبوایە ئەو وشەیە وای لێنەئەهات... جا من بە ژمارە بتدەمێ ناتوانم تۆ رەنگە كارێكت كردبێ ژمارە بێت ئەوەكارێكی باشە بەڵام من نەمژماردووە...

❖ ژماردنی موفرەداتی تەسەوف لە شیعردا مەرج نییە، بەتایبەتی لە ئەدەبی تازەدا... مەرج نیە ئێمە بێین لە دەقێكی شیعریدا موفرەداتی تەسەوف وەك خۆیان بەكار بهێنین، رەنگە ئەگەر وامان كرد شتێكی راستەوخۆو كاڵ دەرچێ.؟

- جا ببورن هەندێ شتی وانەیش دووبارەبێتەوە لێرەدا... چونكە دەرس بەتەڵەبە ئەڵێم... رەنگە زۆری تەڵەبەكان لێم ببیستن ئەڵیم شەرتیش نیە هەر بەو مەعنایەی خۆی وەكو سۆفی، من بیرمە میسالی شیعری ئەم رۆژانەم هێناوەتەوە بۆ تەسەوف... شاعیری سۆفی بەو مەعنایە نیمانە... بەعزێ لە شیعرەكانی حەمە عومەرو... سەلاح جەلال كەنایاسم... تا ئێستاش نەمدیوە بەلام شعور ئەكەم.. لە دەروونی خۆیدا هەندێ شتی تیایەو سۆفییانە دەری ئەپەڕێنێ... بەڵام مەسەلەن حسیب قەرداغی ئەلفازی تەسەوفو موفرەداتی تەسەوف بەكار دەهێنێت بۆ مەبەستی تر بێ وجودی جیهانی سۆفییو باوەڕ بەتەسەوف، ئەو وشانە بۆ مەعنای تری سەردەم بەكار دێنێ. ئەویش من چەند قەسیدەیەكیم بیستو تەواو... **حەسیبا شتی نوێ بە ئەلفازی سۆفییانە دەڵێ.**

❖ جەواهیری راستگۆیانە دەڵێ جوولەگەی عێراق رۆشنبیری زۆریان هەبوو رۆڵیان لە بنیاتنانی ژیانی رۆشنبیریو ئەدەبیو فیكریدا بوو... بەداخەوە خۆمان بە دەستی خۆمان لەناومان دان، ئایا وەختی خۆی پەیوەندیت لەتەك كەسیاندا هەبوو... رۆشنبیری زۆریان هەبوو وەكو نەسیم رەجوانو نەعیم قەنان... سمیر نەقاو شەمعون بەلاس... نەسیم رەجوان لە گۆڤاری (الاغتراب الادبی) شدا باسی بڵند حەریدەریو دروستكردنی رابیتەیەكی ئەدەبی دەكا... ئایا لە كوردستاندا یەهوودی وا هەبوو كە بە كوردی بنووسێ... ئاخوا جمجوولی رۆشنبیریان هەبووە لە كوردستانا...؟

- راستی من خراومەتە ناو هەندێ كێشەوە ناشمەوێ بیلێمەوە نەیلێمەوە هینەكەی مامۆستا گۆران هەر خۆیان هەردوو تەرەفن... ئەوە وای لێكردوون كە هەندێ كەس زۆر بەلای جوولەكەو... زل كردنی جوولەكەدا ئەڕوا... زۆر جوولەكەیەتی لەناو نوسینو ئەدەبیاتی كوردیدا هەیە... نامەوێ نموونە بهێنمەوە... بۆئەوەی نەبێ بە شەخسیی بەڵام سەیرە سەیری هەوو رەمزەكانی ئیسلام لە محمد و لە حسەینەوە یكە لای ئیسلام سیدلشوهەدایە... لای ئێمە هەوومان شۆڕشگێڕێكی گەورەیە، حوسەینی عەلی كوڕی ئەبوو تالیب ئەوە بە سووكی تەماشابكرێ لە كتێبێكی كوردیدا بەگاڵتەپێكردنەوە باس بكرێ... ئەوە ئەمخاتە هەندێ كێشەوە كە زۆر جار بە حەساسیەتێكەوە باسی جوولەكە بكەم...

لەگاتێكدا من وەكو بیر باوەڕم بە ئومەمیەت هەیە.. جوولەكەی عێراق فیعلەن دەورێكی گەورەیان هەبووە چ لە بازاڕدا چ لە رووی (بیر) ەوە چ لەرووی ئەو قوتابخانانەوە كە دایاننناوە. هی كوردستان ئەوەی من بیرم بێ كوردنووسیان نەبووە .. لە شتی تردا لە رەسمدا لە هەولێر (دانیال قەساب) هەبوو.. ئەوە بمایە رەسامێكی گەورەبوو... ئەبوو بە شتێك ئێستاش كۆمەڵێ رەسمی لە سلێمانی لە ماڵێك هەیە ئەگەر بتوانن ئێستا ئازادییەك هەیە لێرە... ئازادییەك لەوسنوورەدا كە تۆ وەك بڵێی... دوژمنی مەسەلەی كوردو میللەت نەبێ... لەبەرئەوە من نالێم نەبەوگەروەیە كە لەواقیع بیكەیتەوە دەرێ... نەخەڵكێك سووك بكەی جا مەسەلەی جوولەكە من وتم ئەوە لایەكو لایەكی كە رەنگە هەڵوێستێكی خالد بەگداش هەیە بەرامبەر بە جوولەكە، زۆر تیژە هەندێ برادەر بە من دەڵێن تۆ سەر بەو قوتابخانەیەی زیاتر دەوری خراپییان زۆر بووە جوولەكە لە بزووتنەوەی ئیشتراكیشدا و ئێستاش بۆ رووخاندنی وڵاتی سۆسیالیستی... سەهیۆنیەت رەگەز پەرستیەكی

پیسە بەڵام جوولەکەی کوردستان نالێم چەوساندنەوەیان لەسەر نەبووە بەڵام لەگەڵ ئەوەدا لە کوردستاندا لە زۆر شوێنی تر ئازادتر بوون؛ بەڵام لێرە خوێنەواریان کەم بوو... سەرەتای قوتابخانە دەستمان پێکردو باش نەچوومە ناوییەوە... لە قوتابخانەیەک بووم غازی ئەولییەیان پێئەوت... ئەوە، تا سالّی پێشوو لە گەڕەکی جوولەکان بوو... دوایی لە غویان کرد کە نابێ... بەتەنیا قوتابخانەیەکی هەبێ... چونکە دوور بوو موسڵمانیش نەئەچوو... خواری شار بوو... ناوەکەییم بەتەواوی لەبیر نیە... ناوەکەییم لە سەر هێنایانە ناو شارەوە تێکەڵ بوو بۆ جوولەکەو موسڵمان... ئەو چوار ساڵەم لەگەڵ جوولەکەدا بردەسەر... لەنیوەی قوتابخانەکە... (خات .. فات ... تبع... تلێت... تلحا... ئەربە... خەمشە)... جوولەکانەشی ئەبووین لەناویانداو لەگەڵیشیاندا عیلاقەمان چاک بوو هەندێکیان هاتنە ناو بزووتنەوەی سیاسییەوە... لەگەڵ خەڵکەکە بوون تێکڕا بەڵام خۆشیان کەنار خستبوو لە خواروی شارەوە... خوێنەواریان کەم بوو ئەوەی من بیرم بێ تەنیا پارێزەرێک بوو – ئیسحاق میر – یەکدوانێکیش سانەوییان تەواو کردبوو... ئەو وەختەی رۆشتنەوە... لێرە لە سلێمانی نەبووە وەک نووسەر بەڵام وەک وتم لە هەولێر حاڵیان چاکتر بوو... ئەوەی کە دەیناسم دانیال قەسابە رۆژێک بێن بۆتان رێئەخەم ئەو لەوحانەی لێرە هەیە لە سلێمانیدا رەسمی بگرنو باسی بکەین... بەڵام... لەناو جوولەکەی بەغادا زۆریان تیابووە نازانم جەواهیریش چۆن ناوی ئەنوەر شائوولو میر بەسری نەبردووە... ئەنوەور شائوول شاعیر بووو ئەو دوانە نەشچوون بۆ ئیسرائیل... میر بەسری ئێستا لەم دواییەدا ئەگەر مابێ دوا کتێبی لەلەندەبەناوی – اعلام الکرد – لەچاپ دراوە... من لەلامە لەسەر کوردی نووسیوە.. کۆمەڵێ ئەلامەکە ئەمین زەکی هێناوەو لێی زیادکردووە کۆمەڵێ شت ئەوە میر بەسری... میر بەسری لە بەغدابوو ئەویش پارێزەر بوو... لەناو بزوتنەوەی شیوعیدا خوێنەواری گەورەی وەکو... شاوول نازانم کێ شاوول... ناوەکەییم بەتەواوی لەبیر نیە... ناوەکەییم لە سەر زمانە... ناوە حیزبییەکەی قادر بوو... خوێنەوارێکی گەورەبوو ئینگلیزی... فەرەنسی دەزانی... لە حەپسخانە دەرسی بە ئێمە ئەوت... پاشان شەهیدی گەورەیان هەبوو لەبزوتنەوەدا یەکەم شەهیدی حیزبی شیوعی – شاوڵ توێقە – لە چڵو شەشدا... ساسۆن دەلال بەتەمەنی بیستە بەک ساڵە بەنەشیدو هوتافەوە چووە سەر سێدارە... لە کوردستانیشدا تێکڕا دوور نەبوون لە خەڵکەکەوە... بەڵام وەک مەسیحییەکان نەبوون مەسیحی بەتایەبتی هی سلێمانی هەروەکو خەڵکی ئەم شارە بوون لە هەموو رووبەکەوە... لە کوردایەتیدا شەخسێکی وەکو کەریمی عەلەکە کە هەرچی هەبوو سەرفی ئەکرد بۆ خەڵک ... لە حیزبەکاندا... لەهاتووچڕی خەڵکا ... رێکو پێک بوون... بەڵام جووڵەکەکان ئێوارانئیتر دەرگایان دادەخست کەسێک نابینم لەناویاندا هەڵکەوتبێ لە سلێمانی.


مۆسکۆ ساڵی ١٩٦٠

❖ رای دکتۆر دەربارەی رۆژهەڵاتناسی... ئایا بەیەک چاو سەیری رۆژهەڵاتناسەکان دەکەی... نازانم کتێبەکەی – ئیدوارد سەعید – ت خوێندۆتەوە... (الاستشراق) رات لەگەڵ ئیدوارد سعید دا هەیە لەو بارەیەوە..؟

- هەندێکی.. خۆی بتەوێو نەتەوێ ئیستشراق سەرەتا لایەنە ئیستعماریيەکە بەهێزتر بووە... تەنانەت ئەو خەڵکەی کەناردوویانن... هەندێکی بەناوی تەبشیرەوە هاتووە... ((گارزونی)) و ئەوانە قەشە بوون بەناوی تەبشیری مەسیحیەوە هاتوون... بۆ خزمەتی مەسیحیەتو خزمەتی مەسیحیەتەکەش رەنگە خزمەتی سەمارمایەداری ئەوروپاو بووبێ... هەندێکیان هەر سەربەدەزگای موخابەرات بوون وەکو مێجەرسۆن و ئەدمۆنس و ئەمانە فێری زمان بوون بەتایبەتی هی بەریتانی... ئەوی رووسیش خۆ کە سەرەتا سەیر بکەی... (ئەلیکسەندەر ژابا) و (نیکیتین) و (مینۆرسکی) ئەمانە قونسوڵی رووس بوون و بە ئیشی دیبلۆماسی هاتوون... ئیشی دیبلۆماسی رەنگە تێکەڵ کرێ لەگەڵ ئیشی جاسووسیەت بۆ ولاتی خۆی... کە هاتووە ژابا ئەو هەموو دەستنووسەی کۆ کردۆتەوە... راپۆرتی لەسەر عادات و تەقالید بە مەلامەحمووی بایەزیدی نووسیوە... ئەم کارانە هەموو خزمەتی سیاسی ولاتی خۆیان بووە... نەک بۆ ئێرە بەلام وردە وردە قاڵبێکی عیلمیشی پەیداکردو کەسانی وەک مینۆرسکی و نیکیتین پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر نەگەڕانەوە سۆڤیەت... لە شەستدا سەرێکیان داو رێیان داو هاتن... ئێمە لەوێ بووین هاتن هەردووکیان... کە نەهاتنەوە چوون ئەو زمانانەی کەفێری بووبوون بۆ مەبەستی تر بەکاریان هێناو بوون بە زانا... و عاتیفەشیان لەگەڵ مەسەلەی کوردا بوو چونکە ئەوان هەر هەموویان زوبەری ئەوانەی سۆڤیەتی رۆژهەڵاتناسەکان راستە دەزگای خۆیان و حکوومەتی خۆیان ناردوونی... بۆ خزمەتی ئەوێ... بەلام بۆ ئەنجام زوربەیان رایان وابوو ئەگەر بە قسەی ئەوانیان بکردایە -لەوەی مۆسکۆدا ئەگەر خوێندبێتەوە- لە موداخەلەی هاویندا... وتم بە قسەی رۆژهەڵاتناسەکانی خۆتان بکەن هی رووس... هەر رووس و سۆڤیەتی زووربەیان لایان وایە ئەگەر کورد دەوڵەتی هەبێ یەکەم کورد سوودی لێ دەبینێ... لە دووەم رووس... یا سۆڤیەت سوودی لێ ئەبینێ... لە رووی جیۆپۆلۆتیکیو گەلێ رووی تەرەوە... ئیشەکەیان واهات ... جا لەم حاڵەدا بە چییان دادەنێی بەدۆستی کورد یا بە دوژمنی کوردیان دادەنێی.. من ناتوانم ئەوان بە کورد دابنێیم. بەڵام یەکێکی وەک ئەدمۆنس بەخۆڕایی گەورە دەکرێت، ئەدمۆنس دوژمنی سەرسەختی شێخ مەحموودو شێخ مەحموود لای من مەلێکی کوردستانو رەمزی کوردستانە... لای من کەسێکە سەری شۆڕنەکرد تا دوایی...دانیشت کە هێزی خەبات و هەڵسانو شۆڕش نەما لەو داری کەلێیە دانیشت لە بەغداد دانەنیشت لە سلێمانی دانەنیشت. بەڵام شێخ مەحموود رەمزێکی کوردەوو ئەدمۆنس دوژمنێکی سەرسەختێتی... مێجەرسۆن هەروا... ئەوە جیایە کە لە قونسوولێیە تەکەشدا بووە شتی چاکی نووسیوە... دواییش ئیتر ئەو سامانای کوردی پاراستووە... ژابا لە (١٨٥٠) دا نزیکی - ٢٠٠ - دەسنووسی کوردی بردۆتەوە بۆ رووسیا ئێستا چ مەمو زینی خانیو چ دیوانی مەلای جزیری... زوربەی ئەوانەیە ماوەتەوە... لە دونیا نەماوە... ئەنجا هەیانە خزمەتی کردووەو هەشیانە بەو جۆرە... کەدوایی خەریکی زمانەکە ئەبن... جا زمان دیسان نهێنیو سیحرێکی سەیری تیایە... تۆ کە زمانێك فێر ئەبێ شعور ئەکەی وردە وردە ئەو زمانەو خەڵکەکەیشیت خۆش ئەوێ... هەرگیز باوەڕ ناکەم لەوانەی ئێمە کەسێك فارسی باش فێر ببێ... وردە وردە فارسیشی خۆش نەوێ وەك میللەت... تورك... خۆ تورك لە هەموویان دڕەندەترو خراپترن بەرامبەر ئێمە لەناو داگیرکەراندا... تورکی فێربە رات ئەکێشێ بەلای نازم حیکمەتو مصباحەدین عەلیو عەزیز نەسینو کێو کێیەوە... جا ئەمانە کە زمانەکە فێر ئەبن ئەبینی جۆرێك لە خۆشەویستی ئەو ولاتو میللەتە لەلایان پەیدا ئەبێ... یەکێکی وەکو کاسکۆفسکی کە قورئانیشی وەرگێڕاوەو زۆریشی لەسەر عەرەبی نووسیوە. کە سەیر ئەکەی خەیاڵ ناکەی حەتا ئەم کابرایە موسڵمانیش نەبێ... لە ئەنجامی خوێندنەوەدا هەست دەکەی موسڵمانێك قسە دەکا... خۆشەویستی عەرەب.. کتێبێکی هەیە کراویشەبە عەرەبی - مع المخطوطات العربية - شعور ئەکەی کتێبی غەزەلە شیعرە... شیعری دڵداریيە لەگەڵ دەسنووسدا... ئەو دەسنووسە لاپەڕەی یەکەمی دۆزیوەتەوەو دوایی چووە بۆ - طاشقەند - و هاتۆتەوەو کە دوەمی دۆزیوەتەوەو هەموو دەسنووسەکەی بەتەواوی دۆزیوەتەوە ئەمە دڵداریيە... کە ئەیخوێنێت وە دڵداریيە... کە ئەو ئاوا دوای دەسنوسێکی عەرەبی بکەوێ... دوای عەرەبیش دەکەوێ... دوای میللەتی عەرەبیش دەکەوێو من هەست دەکەم کاسکۆفسکی وەکو موسڵمانێك قسە ئەکا... جا لەبەرئەوە من ئەڵێم شتی ئیستعماریش هەیە لەناو رۆژهەڵاتناسیدا شتی

ئەوشی هەیە کە دۆستی میللەتان بێ... لە هەندێ شوێنی تر وردە وردە جیا ئەبۆوە هەندێکی بوو بە عیلم.

❖ رەخنەگرێکی ئێرانی (رەزابراهنی) وڵاتانی جیهانی زۆر بینیوە چاپکراوی زۆری هەیە... ئەڵێ ئێمە خۆمان هەندێ لە رۆژهەڵاتناسەکان گەورە ئەکەینەوە... ئەگینا زمانێکی سەقەت ئەزانن و کەلەپوری ئێمە گەورە ئەکەنەوە بۆ ئەوەی لەرێ دەرمان کەن، نازانم جەنابت چی دەڵێی؟

- وەڵایی ئەوەش زیادە رۆیشتنە... راستییەک تێئەگەین چی تیایەو ئەزانین کامە ئەخوێنینەوە دە ئەو ئاوای بۆناچێ... ئەنجا لەبەرئەوە تۆزێک غەدری لێ کردوون بەڵام ئەوەش هەیە بەعزێ کەس... مەسەلەن دکتۆر مستەفا جەواد کەمن وتم ئەچم بۆ مۆسکۆ مامۆستام بوو... بۆ ئیختصاص لە ئەدەبی کوردیدا... وتی دەبچن فێری کوردیان بکەن و ئەوانیش شەهادەتان بدەنێ... وتی ئێمە چوویین فێری عەرەبیمان کردن شەهادەیان دایێ... ئەو رەئیانەش هەیە... تەبعەن ئەو دوو کتێبی دیوە کە بە رێکەوت گەیشتۆتە ئەوێ... رەنگە بڵێن کەم

بەعەقڵی ئێستام کەسانی وەکو مارکسیش سۆفین

هەیە رەنگە هەرهەموویان هەرە گەورەکانیشیان نەتوانن وەک خوێنەوارێکی کورد شتی کوردی هەرهەمووی بخوێننەوە... چونکە تۆ خۆت ئێستا نازانم مەسەلەن ئینگلیزی چەند ئەزانی بەڵام بەهەمووحاڵێک کتێبێک بە حەرفی عەرەبی بێت... وئینگلیزێکەیشت زۆر چاکتر بێ لە عەرەبیەکەت خێراتر ئەخوێنیتەوە لە ئینگلیزی... من ئێستا کوردی لاتینی بەباشی ئەخوێنمەوەو کرمانجیش باش ئەزانم بەڵام بابەتێکی کوردی بە حەرفی عەرەبی نووسرابێ باشتر ئەخوێنمەوە لەوەی کە رۆژنامەیەک بەکرمانجیو لاتینیش نووسرابێ... کە رەنگە وابێ... زانینەکە لەلای من نزیکیەکەیە... ئەوە تەبیعەتی ئینسانە.. جا ئەوان ئەو عەرەبیە حەتمەن فێر نابن وەک یەکێک کە عەرەبی باش بزانێ... یا کوردیەکی باش بزانێ... بەڵام هەندێکیان لە رووی عیلمیەوە زۆر چاکو بەفراوانی ئەیزانن من نموونەیەکت پێ ئەڵێم ئەوەی خانی من لێرە نووسیومە بە عەرەبی لە مۆسکۆ وەرمان گێڕابوو... خۆم دا ئەنیشتم بۆ وەرگێڕان... دوایی برادەرێک (سەکەدێف) سەگەدێف خۆی (سەعدی یەف) ە تەتەرە بووە بە رۆژهەڵاتناس... تەتەری ئەزانی و رووسی ئەزانی... عەرەبیشی ئەزانی... لەگەڵ تایپ دانەنیشت من پێم ئەوت وا! رووسێکە رێک بخ یا عەرەبیەکە... دوایی ئەیخستمە ئەوڵاوە عەرەبیەکەی منی ئەکرد بە رووسی زۆر چاک... عەرەبیەکی باشی ئەزانی... بەڵام رۆژنامەی عەرەبیت بدایەتە دەست بەو رەوانیە نەیدەخوێندەوە کە پێویستە... ئێستا ئەم رۆژنامەیە ئێمە سەیری ئەکەین بە پێنج دەقیقە کردنەوەیە لە شەخسی کوردییەف کە پیاوێکی چاک بوو خزمەتی زۆری کردو کوردێکی گەورەبوو... وەڵایی بەزۆر قەناعەتمان پێکرد کە گۆران و وردی لەیەک مستەوادانین لە شاعیریێتیدا... هیچی نەدیبوو هی ئێرە... وردی بە ئازایەتی خۆی ئەو کتێبە بچکۆلانەیەی خۆی گەیاندبووە هەموو دنیا... لە کتێبخانەی لینینگراد هەبوو لە هی وارشۆ هەبوو... لە بۆدابیست دیم... ئەیگەیاند... خەڵک سەفەر ئەکا ئەوە نووسیووی بۆم بنێرە... هی ئەویان دیوە کوردیەکەیشی ساکارترەو ئەدەبیاتی کوردیەکەی ئەویش نەگەیشتۆتە ئەو پلە بەرزە لەبەرئەوە وردی ئەڵێ:

چوار دەنک بامێ لەگەڵ سەتڵێ ئاو
لە حەپسخانە پێی ئەڵێن شۆرباو

ئەمە ئەو یەکسەر وەریئەگێڕێ و کوردیەکەی ئێمەش باش نازانێ ئەیکابە شتێکی تۆزێک رێک و پێکتر... دوایی وردە وردە تێمان گەیاند کە گۆران شتێکی کەیەو پلەیەکی کەیە.

❖ دێینە سەر نوێگەریو نوێگەری کوردی... دکتۆر چۆن سەیری نوێگەری دەکا...؟ بیستو هەشت بیستو نۆ ساڵ پێش ئێستا لە گۆڤاری بەیاندا نوێگەریتان وا تەعریف کردووە... ((رێگای راست گامەیە لە نوێگەریدا بەلای منەوە لە گۆڕی ئەدەبیاتدا ریالیزمی شۆسیالیستە)).

ئێستا چۆن سەیری نوێگەری دەکەی؟

- بە راستی من وەک وتم ریالیزمی سۆسیالیتی، من تا ئێستا باوەڕم پێی هەیە.. ئەدەبێک هەیە... ئەدەبێکی تازە... ئەوە ئیتر لە گۆرکیەوە لە

کۆمۆنەوە وتمان دەستی پێکرد... شتێکی تازە هەیە... جیایەو کۆمەڵێ مەوزوعیی تازەی هێناوەتە ناوەوەو رەنگە ئەوەش بڵێم کە یەکێتی ناوەڕۆکو رووخسار وەک تیۆری وەک نەزەریەیە... شتی لەسەر بنووسی لەوێوە هاتووە... بەڵام ئەگینا بگەڕێی لە ئەدەبیاتی کۆنیشدا ئەیدۆزیتەوە... لای - جاحظ - ئەو قسانە ئەدۆزیتەوە... لای ئامەدی، و لای گرگانیو ئەوانەی کە رەخنەی ئەدەبیان نووسیوە رەنگە بیدۆزیتەوە... بەڵام بەم مەعنایە یەکێتی ناوەڕۆکو رووخسار بەو خەستوخۆڵیەیە نەهاتووە... وانیە؟

بەجۆرێکی کە ئەوە ئەگەیەنێ... زۆر شتی ئەمڕۆمان هەیە لەگۆنەکەدا هەیە ئەوە ئەگەیەنێ... جا نوێگەری کە ئەوەبێ من بەلامەوە لەگەڵ گۆڕینی ژیاندا شتی تازە هێنانە کایەوە... لە هونەرو ئەدەبدا کە یەکە یەکە لەهونەردا من باوەڕم بە وەڕسبوون هەیە... وەڕسبوونی خەڵک لەشتی زۆر وتراوە... من کە بێم نائێم ئەو دوو براشاعیرە...و هەمووتان موفرەدەیەک چوار پێنج جار بەکار هێنرا ئیتر ئەسوێ... خوێیشت لێی وەڕس ئەبی... وێنەیەکت کە کرد چەندجار کردتەوە... قیمەتی نامێنێ... کێ بوو شیعرێکی خوێندەوەو... ئێمە ئەو دەمە دەمی روانگەبوو... ئازایەتیەکەمان ئەوەیە کەلە سەردیواری ئاودەسخانەکان ئەنووسین... لەتیف هەڵمەت وتی ئاودەسخانەکانیشیان لێدزیم...

❖ پەشێو بوو.

- جا مەبەستم ئەوەیە لە هونەردا باوەڕم بەوەرسبوون هەیە تۆ چ لە رووخساردا و چ لەناوەڕۆکدا و چ لە مەوزوعدا کە ئەوەندەی لەسەر نووسراو وترایەوە... شتێکی تازەت نەهێنا... خەڵک وەڕس ئەبێ... خۆت وەڕس ئەبی... ئەبێ شتی تازە بێنی...رەنگە شتە ئازەلیەکان... هەندێ شتی ئازەلی هەیە ناگۆڕێ... ئەو کێشەیە... ژیانو مردن چەندی لەسەر نوسراوە... هەموو شاعیرێ کە دەگاتە تەمەنێک بەرامبەر بە مردن رادەمێنێو شیعرێک هەر دەنووسێ... هەروەها خۆشەویستیش هەر دەمێنێ... هەندێ وێنە مەسەلەن من ئەگەڕێم لەمانای ئێوەدا... شەمەو پەروانە گوڵو بولبول تۆ ئازای ئا ئێستا شتێکی تازەی لێدروستکە... هەر پێت نائێم کۆنە... بەڵام کە هەروەکو کۆنەکە وترابوو ئەوە ئەبینی تازە نیەو خەڵک لێی وەڕس ئەبێ... لە هونەردا من بۆچی هەندێک وا ئەزانن کە لەگەڵ ئەم شتە تازانەدا ئەچم بۆ پێشانگای رەسم هەمووی ئەچم... زۆربەی ئەچم... وەک ئەڵێن زەوقیشم هەیە... نازانم بڵێم لێی ئەزانم... لە هونەردا من لەگەڵ هەندێکی تازەدا نیم چونکە ئێمە هێشتا پلە کلاسیکیەکەمان نەبڕیوە... هێشتا چوار لەوحەمان نیە کە رووبار وەک رووبارو دەرەخت وەک دەرەختو چیا وەک چیا بە جوانی رەسم بکا... کە سەرنج رابکێشێ جاری پێشوو وتم چوار لەوحەی دیارمان نیە... باشە تۆ لەمەوە ئەڕۆی بۆ ئەوجۆرە تەشکیلەی کە کەس هیچی لێ تێنەگا، کە رەنگە خۆویشت لێی تێنەگەی... ئێمە هێشتا لەوە وەڕس نەبووین تا بێینە سەر ئەمە... من نائێم بوەستە بەلام وەرە تەوزیعی تازە بۆ مۆسیقا کلاسیکیەکەمان بنووسە... ئۆرکێسترای بکە بەسەر ئالەتو ئامێری مۆسیقایی تازەدا... بەسەر پلەی تازەی مۆسیقادا... هەر قەتارو ئەڵودیسیەکە تا ئێستا لە شێوە ساکارەکەیدا نەبێ نیمانە... چونکە من بیستوومە هی دەرەوەم بیستووە... چۆن شتە کۆنەکەی خۆی پیشان ئەدا..

ئائەو ئۆپێرایەی جارێ لەسەرم نووسیوە وابزانم لە گۆڤاری توتندا بوو... کاکە حەمە شتی ئەدەبی بڵاوئەکردەوە - گیانە - ی (ئارام جا چا دۆریان) هەر هەڵپەڕکێی کوردیەیە هەر هەڵپەڕکێی کوردیەیە... کەئەوان گۆڤەندی پێ ئەڵێن دەهۆڵو زۆرناکەیە هەشتا ئالەت دوو سەعات بە باڵێ تەمسیل ئەکرێ... و جلی کوردیشە کراوە بە شتێکی جیهانی گەورە... فیعلەن لەسەدەی بیستەمدا ئارام خاچادۆریان یەکێکە لە مۆسیقارە گەورەکانو ئەو گیانەیە کە لە خولاسەکەیدا چونکە باڵێ هەر بزووتنەوەیەو مۆسیقایە وشەی تیانیە... لە تەلحینەکەیشدا ئەنوسرێ لە ئەمەریکا پیشاندراوە... لە لەندەن پیشاندراوە... من لە پراك دیم یەکەم جار... کە ئەمە شتی کوردیەیەو چیرۆکێکی کوردیەیو وایە خۆلاسەکەی... ئێ کەواتە هێشتا ئەو شتە کلاسیکیەیە کوردی لێی تێر نەبووینو تەواو بە جێمان نەهێناوەتا بازێک بدەین بۆ شتێکی تر... هەندێ شتی مۆسیقی کە کەسمان چێژی لێوەرنەگرینو زەوقی لێ وەرنەگرین... من نائێم تەبعەن... کەتۆ شتێکی تازەت لەوێوە هێنا... نوێ... بەس (نوێ) کە نابێ بەجارێ دابڕواوبێ لە کۆن جا ئەگەر بەکۆنم دائەنێی دامنێ...



د. عیزەدین لەگەڵ عبدالوهاب بەیاتیدا ساڵی ١٩٦٢

❖ ماموٚستا بەنیسبەت زەوقەوە، حەتمەن زەوق وەستاو نییە یەعنی، لە گوٚڕاندایە زوٚر لە شاعیران یان ئەدیبان، نوێخوازان پێیان وایە یەك لە ئەرکەکانی ئەدەب ئەوەیە کە زەوقی باو بگوٚڕێ بەرەو زەوقێکی تازەتر، نازانم لەو ڕووەو جەنابت ئەڵێی چی؟

- زوٚر شتی کوٚن هەیە لەکوٚنا، زوٚر قسە کە ئێستا ئەکرێ لە کوٚنا بوٚی بگەڕێ بەجوٚرێکی کە کراوە، نالێم شتی تازە وجودی نییە شت هەیە تازەیە کەس نەیووتووە، هەشە ووتراوە، یانی بوٚ نموونە متنبی بوٚ ناونراوە متنبی؟ بەلایەوە وابوە شاعیر پێغەمبەرە ! ئەشڵێن دیعایەی پێغەمبەرێتی کردووە !

پێغەمبەر یەعنی چی؟ پێغەمبەر کە ئەڵێ پەیامێکی خواییم پێیە کە ڕێی تازە پیشانی توٚ بدەم وە هەموو شت بگوٚڕم. ڕوخساری ئابووری کوٚمەڵ – بیروباوەڕ – جلو بەرگ لە هەندێ ئاین و مەزهەبا ئەگوٚڕێ، باشە ئەمانە هەمووی چێژ گوٚڕینیشە جا ئەو زەوقە توٚ خوٚت شتێکی تازەت لەلایە زەوقت لەگەڵ ئەم جوٚرە ڕەنگەیە – ئەم جوٚرە وێنەیەیە – ئەم جوٚرە شتەیە – چوٚن ئەتوانی بیگوٚڕی.

جا لێرەوە، دێمە سەر ئەوەی کە ئایا شیعر پەیامی هەیە یان نیەتی؟ ئەدەب پەیامی هەیە یان نیەتی؟ بەلای منەوە پەیامێکی هەیە، راستە توٚ خوٚت جووڵاندووە، هەژاندنی خوٚتە حاڵەتێکی خوٚتە شیعرێك ئەنووسی هیچ ئەوەت لە خەیاڵدا نییە بەم شیعرە بێی شوٚڕشێك بەرپا بکەی بەڵام جاری واش هەیە ئەبێ بە شتێك.

❖ دیارە جەنابتان لەگەڵ ئەو ڕایەدان کە شیعری ئێستا ئەو ئەرکەی جارانی لەگوٚڵ بوٚتەوە بوٚ نمونە جاران بە چەند قوٚناغێکدا ئەهات ئەیان ووت شیعری دڵداری شیعری نیشتمانی ئێستا شیعر، شیعری تازە...؟

- من وەك پێم وتی تۆ شیعر ئەنووسی من زوٚر جار ئەو قسانەی دەرس دووبارە ئەکەمەوە شیعر بەلای منەوە بڵێین پرۆسەیەك عەمەلیەتێکی گردبوونەوەو دەبڕینە کوٚمەڵێك شتە، تۆ لە دەروونتدا پەنگی خواردوٚتەوە. لە وشە – کێش لە مۆسیقا – لەبیر – عاتیفە... لەو لەحزەیەدا کە ئەڵێن لەحزەی شیعری من باوەڕم پێیەتی لەحزەکەش شەرت نییە دوو دەقە بێ چوار بێ. جەواهیری قەسیدە گەورەکانی دوو زوٚژو دووو شەو کەس نەیئەوێرا قسە بکا ئەچووە ژێر لێفەوە – ئووە ئووە ئووە – نەجاحی خێزانی ئەڵێ:

نابێ کەس بچێ بەلایا، نەخواردنی بۆ بەرن نەجگەرەی بۆ بەرن خۆی چی ئەکا با بیکا. ئەهاتە دەرەوە قەسیدە تەواو بووبوو زاکیرەشی زۆر چاك بوو، بە پێچەوانەوەی گۆرانەوە کە هیچی لەبەر نەبوو ئەو شیعری خۆیو خەڵکی هەموو لەبەر بوو. ئەو خەڵکەی کە بە شاعیری ئەزانی یەکسەر قەسیدەکەی ئەنووسیەوە ئەو لەحزەی شیعریە لای ئەو ئەوەندە درێژە ئەکێشێ هەیە لە پێنج دەقیقەکەیا ئەینووسێ هەیە دووسێ رۆژ گینگڵ ئەخوا هەر ئەو جەواهیریەی کە ئەڵێم حەز ئەکەم ئێوە ئەو تەجروبە شیعریە بنووسنەوە. کە چۆن شیعر ئەنووسی رەنگە شەخسیەتی شاعیر تێبگەن.

بەعزێ قەسیدەی تری بەدەست مەتڵەعەکەیەوە گیری دەخوارد ئەمەنیە ئەوەنیە ئەوەنیە لەپڕ کە هات سلام علی حاقد ئائر. ئیتر سائل – بائل – فائل – جائل.. پڕی ئەکردەوە. کەچی تۆ هەستی پێناکەی، هەستی پێناکەی کە ئەمە دروست کراوە چونکە تۆ رەنگە نەتوانی یەکێکی کە نەتوانێ ئاوا شیعر دروست بکات. ئەو ئەوەشی توانیوە..

ئەمە جۆری شاعیرە. نموونەی زۆرە بۆ شاعیران کە رەنگە لە شوێنی کەدا بێنە سەری. کە تۆ لەو لەحزە شیعریەدا ئەتەقیتەوە ئەوەی لە دەروونی تۆدایە لە مێشکی تۆدایە.. تۆ بە ئەساس بۆ خۆتی ئەنووسی ئینجا خۆت کێیت؟ خۆت لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدای یان لەگەڵ ئەودای لایەنە دڵداریەکە زاڵترە یان ئەویتر لەوانەیە کەرەسەکەی تۆ شیعری سیاسی پێنەوترێ.

ئێستا، من دوو شاعیر بەلامەوە شاعیرن. رێز لە رای ئێوە ئەگرم ئەگەر وەکو رای من نەبێ مەدهۆش بەلامەوە شاعیرێکی گەورەیە. شاعیرێکە کۆمەڵێك شتی تایبەتی خۆی پێیە. بابەتێکی فۆلکلۆریانە– میللیانە – شەعبیانە.. کۆمەڵێك شیعری دلداری. ئەوکات کە خەیاتی ئافرەتو ئەوانە بوو کۆمەڵێك شتی داوە بەدەستەوە مەدهۆش تێکۆشەریش بووە تێکۆشەرێك لە زۆربەی حیزبەکاندا ئیشی کردووە حەپسی – تێهەڵدان – زللەتی هەمووی دیوە کەچی شیعری سیاسی پێنەوترا یەك دوو قەسیدەی بەزۆر پێ وترا چی لێئەکەی. ناتوانین بڵێین لەگەڵ میللەت نییە، لەگەڵ میللەتە بەخەباتیش بە تێکۆشانیش.

❖ دکتۆر سەبارەت بە شیعری تازەی کوردی لەسەر دەستی جیلی ئێوە زیاتر شتێك جەسپا کە پێی دەڵێن قوتابخانەی گۆران لە شیعری گوردیدا، گەلەیی شاعیرانی ئێستای تازەگەری کوردی ئەوەیە کە ئێوە بۆ مواکەبەی ئەم رەوتە تازەیەی شیعری کوردی ناکەن؟ ئایا ئیزافەیەك هەیە بۆ سەر رەوتی گۆران یان شیعری ئێستایش...؟

- بێگومان لای من هەموو ناوێکی تازە شتێکی تازەیە، هەموو ناوێکی تازە نالێم هەمووی بەڵام ئەوەی بەلامەوە شاعیرە...ئێستا شیعرەکان وەکو کاغەزی ئیمتیحان وان، کاغەزی ئیمتیحانی قەلەبە هەیە ناوی پێوە نیە ناوی نهێنییە دەبینین هەمووی وەکو یەکە. ئەوە من دەمویست لەمانەی کە تازەن، خۆ نالێم بڵاونەکرێتەوە شتێکی تازە ببینم. لای زۆر کەس شتێکی تازە ئەبینم جاری وا هەیە هەستی پێئەکەم تازەیە کەچی؟ جیاوازیەکەی کاك قوباد لەگەڵ کاك لەتیف هەڵمەتا چیە؟ هەستی پێئەکەم جاری وا هەیە هەتا ئەوەش هەست پێناکەم بەڵام هەست ئەکەم شتێکی تازەیە، تۆ بڵێی تازە نییە، تازە هەیە، بەڵام بشڵێی گۆران بە تەواوی بڕاوەتەوە لە یەك دوو مەسئەلەدا لای من نەبڕاوەتەوە. چیە؟ زمانەکە راستە فراوانترە ئێستا، بەڵام چوارچێوەکەی پەتیە فراوانترە، لەپاش چواردەی تەمووزەوە دەشتی هەولێر بە فراوانی هاتۆتە ناو شیعری کوردیەوە. وەك موفرەدات و وشەو وێنەی فۆلکلۆری. پاش یانزەی ئازار بادینان دەستی پێکرد. ئێستا خەریکە هەموو کوردستان گوێ لە (MED. TV) دەگرێ ئەمە وێنەی تازەیە، وشەی تازەیە، بیریتازەیە دنیا بچوك بۆتەوە. تۆ هەموو رۆژێ ئەتوانی گوێت لە هەموو زمانێك بێت. دەتوانیت ئەمڕۆ گوێت لە مۆسیقای ئیتاڵی بێت من مۆسیقار نیم بەڵام مۆسیقای ئیتاڵیم لا خۆشە ئەشیناسمەوە کە ئیتاڵیش نازانم تۆ ئەتوانیت گوێت لە هەموو شتێك بێت. هەموو رۆژێك لەبەرئەوە حەتمیە ئەوە ئەگەر ئەو بەهرەو توانایەت هەبێ کارت تێ ئەکات. ئەمە ئەگەر تۆ گەلەییەك لەمن بکەی یان لە یەکێکی کە ئەوەش مەسەلەی توانایە. من بەداخەوە ئیشو چالاکیەکانم پەرشو بڵاوبۆتەوەجا چاك بێ یان خۆاپ نەمتوانی ئەوە بەیەك رستە بڵێم رەخنەی شیعر ی ئەکادیمی ئەو ئەکادیمیەیەتە من ئەوەڵ بە شیعر دەستم پێکرد با شیعری کرچو کاڵ بێ، کۆمەڵە چیرۆکێکم نووسی باسمکردووە سوتا، لە پەنجاکاندا رۆی دوایی شتی ئەکادیمی هێنات ئەبێ بە نووسینو دەرس و ئەوانەوە خەریك بی رەنگە ئەو گەلەییەیە بەنیسبەت منەوە

راست بێ کە پێشم چاکە تازە بخوێنمەوە ئەخوێنمەوە بەڵام وەك نووسین لەگەڵیا خەریك بم، رەنگە ئەوە کەمو کوڕی بێ لای من.بەڵام لەوانەیە هەشبێ نەتوانێ لەگەڵیا بڕوا.

❖ جەنابت لەناو ئەکادیمیەکانا، هەر زوو لەسەر شیعری نوێت نووسی..

- ئێستاش ئەڵێم کە قسە ئەکرێ ئەگەر کڕچو کاڵ بێ ئەگەر بەهێز بێ ئەگەر بێهێز بێ ئەمەمان هەیە. مێژوو ناوەستێ بەڵام مەسەلەی شاعیر مەسەلەیەکی ((علی رأس کل قرن شاعر)) هەر سەدەی شاعیرێك دێت.

ئەوەی ئەمەوێ باسی کەم وەك شیعر تێئەگەم کە وتم بەهرەی شیعریی ئەو بەهرەیە. مۆسیقاش ولیە مۆسیقا. جا لەبەرئەوە من ئەڵێم شاعیری گەورەش نەیەت بەوەندە سااڵ مەسەلەیەك نییە لەوانەیە نەیەت بەڵام ئێمە ئەمەمان هەیە ئێستا ئەمەمان هەیە ئینجا بابڵێین یەکێك بڵێین لێرە نەبێ شێرکۆبێکەس مەسەلەن شێرکۆ بێکەس ئەم داستانە شیعرانەشی گەورەن لای من.

ئێوە راتان چیبێ من نووسیم لە کتێبێکا، کە لەم دواییەدا لەشام چاپ کراوە ئەڵێم نەمدیوە لە جیهانا شەش سەعات خەڵك ئاوا دابنیشێ بێدەنگ گوێ لە شاعیرێك بگرێ ئەمە دیاردەیەکە کە ئەبێ لێکی بدەینەوە.؟

❖ باشە مامۆستا، دەمانەوێ بتخەینە بەر پرسیارێکی مێژوویی. گۆران تەجاوزکراوە یان نا؟ بە رستەیەك، ئەگەر وەاڵممان بدەیتەوە؟

- گۆران بەمانای تەجاوز یەعنی نەمابێو ڕۆیشتبێو لەو بابەتە شیعرە نەووترابێ وەکو نالی نەء. وتم زمانەکە بەردەوامی کوردیە پەتیەکەیە. کە ئەو چەسپاندی کێشەکان هێشتا کە کێش هەبێ، هەر ئەو کێشانەی فۆلکلۆری کوردیە من پێم خۆشە تۆ بچی گوێ لە ئیسپانی بگریتو سۆناتای ئیسپانیم بۆ بێنیتە کوردیەوە. من پێم خۆش بوو، لەوانەی باشیش فێر بووەو ئاگاداری شیعری ڕووسیشە، کەچی ئەبینین شیعر وەستا لەلای ئەمانەی دوایی شیعر نین، لای من شیعر نین.

❖ سێبەری گۆران لە شیعری تازەدا ماوە؟

- لای من ماوە هەر بەتەواوی ماوە. لای هەندێك نەء. لای هەندێك وێنەکان قوڵتر بوونەتەوە. وێنەکان جیاوازن. وێنە لە شیعری گۆراندا گەورەیە بەڵام وێنەکانی ئەو وێنەی خۆماڵین ئەمە یەك، وێنەی شیعری ئینگلیزیو تورکی هێناوەو دایشکانۆتەوەو کردوونی بە کوردی، ڕوخسارێکی کوردی داوەتێ. بگەڕێی بەدوای شیعری ئینگلیزیا ئەیدۆزیتەوە شتەکانی هەندێکی خۆی کلیلی داوەتە دەست ((خۆی نیشانەی پێداوە)).

ئەوەی بۆ بولبولی ئەڵێ لە سکایلێکی شیللییەوە وەرم گرتووە، ئەوەی لەسەر نەورۆزە خۆی پێی وتم لە ئەبوقاسمی لاهوتییەوە وەرمگرتووە.

❖ باسی ئەبولقاسمی لاهوتیت کرد، لە ژیاندا مابوو، تا ئەو گوردەببینی؟

- کە من چوومە سۆفیەت ئەو مردبوو بەڵام دیارە شتەکانم خوێندۆتەوە، بەڵێ کوردیشەو خەڵکی کرماشانە. ماوەیەکی زۆر لە یەکێتی سۆفێت بوو.

❖ ماوەیەکی زۆر لە سۆفیەت بوویت ئەدەبی کوردی چۆن ئەبینی لەوێ. ئێستا کە سەردانت کردۆتەوە ئایا هیچ پێشکەوتنێك هەیە؟

- نەوەڵاّ ئێستا نەمانی یەکیەتی سۆفێت پێش هەموو کەس زیانی لە کورد داوە لە ئازربایجانو ئەرمینیاو گورچستان کورد هەیە، زمانو حەقو خوێندن لە ئەرمەنستاندا هەبوو گورچستانیش دەستی پێکرد لە ئازەربایجان نەمابوو قەدەغەیان کردبوو لەو دواییەدا لە نۆ کۆمارا کورد پەیابۆوە نازانم لەکوێوە هاتنەوە. نادر نادرۆف لەم دواییەدا ئەڵێ:

لە کازاخستاندا ئەوەندە کورد هەیە من لە (۹۰)دا دیم، باشە ئەم هەموو ساڵە لەکوێ بووی؟ خۆ نەیان ئەکوشتی ئەگەر بهاتیتایەو بتوتایە کە مەسەلەی میللیو قەومی هاتەوە ناوەوە لە (۹) کۆماردا بەڵام تازە کۆکردنەوەیان زۆر زەحمەتە. شتیان هەبێ لەجیهانی سەرمایەداریا شتێکی زەحمەتە. ڕێیا تازە کە لە (۳۸) هەوە دەرئەچوو لە زەمانی جەنگا وەستا. ئەو ڕۆژنامەیە ئێستا دەرئەکرێ بە ناوی کەسەوە نا، وەك سەربەخۆ چەند

حەسیب قەرەداغی شتی نوێی بەئەلغازی سۆفییانە وتووە

کە زمان فێربوون بەداخەوە عەبدوواڵ پەشێو ئینگلیزیەکی باشیش فێر بووەو ڕووسیەکی

کەسێك مالّیان ئاوابێ بە کوردی پێکەوە تا پارەکەیان ئەدانێ بە پارەی ئەوان دەرئەچێ بەلّام شیعریان هەر لەناو چوارچێوەی فۆلکلۆری کوردی یەزیدی خۆیاندا مایەوە بەعزێ شیعری جوانیان هەیە.

❖ مامۆستا هۆی ئەوە چییە؟

- هۆکەی ئەوان خۆیان وەك جاری پێشوو وتم عەرەبی شەمۆ ئەیووت: لە ئۆکتۆبەردا تەنها من خوێندنو نووسینم ئەزانی لە ناو کوردی سۆڤێتیا. هۆی ئەوە تەبعەن چییە؟ کوردی ئەرمەنستان هەموو شوانو کۆچەربوون. بەشێکی زۆری یەزیدییە لە دەست زوڵمی شێخو مەلای خۆمان رایان کردۆتە ئەوێ.. کوردی جۆرجیا زۆربەی هەژارو فەقیرو حەمالّو بۆیاخچیو ئەوانە بوون... وردە وردە هێنایانن پەروەردەیان بکەن. بە نیسبەت ولّاتەکەوە ژمارەیەکی کەمن زۆر نین نەیانتوانی ئەئاوا پێش بکەون. تیایانا هەلّکەوت.

لە ئازربایجان شتی گەورەیان تیا هەلّکەوت، بەلّام نەك بە کوردی چونکە ئەوی دەمێکە موسلّمانیشن دەمێکیشە لەوێن زمانەکە قەدەغە کرا. هەندێکی فێری نەبوو ئەگینا وەك صمد، قاسمی قاسم زادە، سلێمان رەحیمۆف ئەمانە هەموو ئەیانووت کوردی تیایە لەوێ نووسەری گەورەیشیان تیا هەلّکەوت، لە ئازەربایجان، بەلّام لە ئەرمینیا نەبوون بە نووسەرو شاعیر، بەداخەوە..

❖ هەر لەو سنورەدا، لەشۆڕشی مهابادا کۆمەلّێ کورد رەوانەی رووسیا کران، بۆ خوێندن ئەوە هیچ ئاگامو نەتیجەیەکی هەبوو؟

- نەتیجەکە، لەوانە بۆ نموونە سەی عەزیز شەمزینی پێگەیشتووە، رەحیمی قازی پێگەیشت، عەلی گەلاوێژ پێگەیشت. هەندێکیکەیان بوون بە دکتۆر بە پزیشك لەوانەی کەمانەوە سالّێك لەوێ بوونو کۆماری کوردستان نەما. بەشێکی زۆریان هاتنەوە. بەس ئەوانەی لەوێ مانەوە پێگەیشتن وە بەرهەمەکانیشیان خراپ نەبووە.

❖ باسی فۆرمالیزمت کرد. ئێوە زۆر لە رووسیا بوون. رووسیا خاوەنی شکلانیەت بوو، لەپێش بیستو بیستەکاندا، ئایا ئێوە ئاگاتان لە فۆرمالیستە رووسیەکان هەبوو؟ لە شەستەکاندا لە گەرمەی موناقەشاتی شکلانیەتو بونیادگەری لە فەرەنسا، رەخنەگرێکی عەرەبی وەکو مەحمود ئەمین العالم لە گۆڤاری عەرەبیدا ئەیوروژان ئەگەرچی زۆر لەگەلّیا نەبووە؟

- ئەگەر بلّێم ئێمە زۆر ئاگاداربووین ئەوزۆر نا رەنگە لەناو هاوەلّەکانما بە شانازیەوە نایلّێم زۆر ئاگادارترو نزیکتر بووم. لە هەندێ جوولّانەوەی نووسەرانەوە، بەتایەبتی ئەو کاتەی کە لە ئازربایجان بووم زۆربەی نووسەرانی ئازربایجانو شاعیرانیم ئەناسی. هاتوچۆم ئەکرد لەو موناقەشانەش ئاگادار بووم.

رەنگە ئێمە مەسەلەی حیزبایەتی و بیرەکە زیاتر وای لێکرد بین کە ئەوەندە بەلای ئەوەدا نەچین. ئەو شتە تازەیە کە لای ئێمە بوو بیری مارکسی بوو. زیاتر شتە کلاسیکیەکە بەلامانەوەو بایەخی هەبوو ئەگینا باسی فۆرمالیستەکانو فۆتۆرلیستەکانو مایاکۆفسکیو ئەوان.

ئەوانە زۆرباس نەکراون.. بۆشم گێڕایتەوە وەختی بێشتەکانی ئەدۆزمەوەو ئەو مامۆستایەی کە وتم دەرسی پێ وتوم ((سیدۆرین)) حیکایەتی درێژی مایاکۆفسکیو ئەوانی بۆ ئەگێڕامەوە. ژور حەفتابوو رۆژێك دێم باستان بۆ ئەکەم مایاکۆفسکی بەلای ئەوەوە بۆچی خۆی کوشت. شت زۆر نوسراوە بەلّام ئەو مەسەلەکەی بە جۆرێکی کە باس ئەکرد.

❖ رەخنەی کوردی ئەوەندەی بایەخی بە مێژووی ئەدەب داوە ئەوەندە بایەخی بە ئەدەب خۆی نەداوە.. لەم بارەیەوە چی دەلّێ؟

- منیش هەروەك هەموو کەسێك توانام ئەوەندە بووە ئێستا کاك محمد ئەلّێ بە من ئەلّێن رەشبین، بەمنیش ئەوترێ زۆرتر خەریکی ناوەرۆکو ناوەرۆکە سیاسیەکەیە.

ئەدەب بوونی وایە دوو هۆی هەیە بەلای منەوە ناوەرۆك بنەرەتە وە ناوەرۆك روخسار ئەهێنێ. من خۆم دەسەلّاتم بەسەر ئەو لایەنەدایە زیاتر لەسەری بنووسم. یەعنی بلّێم وەك بە ئیعترافی دابنێ.

❖ لەگەلّ ئەوا نیت تا ئێستاش پێویستمان بە شیعری خیتابی مابیت؟

- بلینسکی ئەلّێ ئەدەبی رەنگین ئەوەیە ناوێنەی چەرخی خۆی بێ نالی ناوێنەی چەرخی خۆیەتی، چونکە لە چەرخی خۆیا جوان بووە ئێستاش تۆ بۆ هی ئەو وەختە لات جوانە.. بەلّام تۆ ئێستا وا شیعر بلّێی خەلّك شتێکی کەت پێ ئەلّێن. وانیە یەعنی کاك قوباد بلّێ:

لە خەوفی تەلعەتت رۆژ هەروەکو شێت
بە رووزەردی هەلّهاتو کەوتە کێوان

ئەڵێن شێت بووە، کەچی ئەوەی نالی ئەتجوڵێنێ یان ناتجوڵێنێ:

هەر جۆگەو جۆبارێك كەوا سوورو سوێر بێ
جێی جۆشی گریانی منە خوێن نەڕژاوە

دە وەڵڵایی، ئەتجوڵێنێ، چاوت لێیە ئەدەبی ڕەنگین ئەوەی وەك ڕۆژی خۆی بنوسیت بۆ ئەو وختە چاكە، بەڵام تۆ سروودێك ئێستا بەوجۆرە بنووسی ئەو منالانەش كە سەدەهایان بیستووە ئەو بایەخەی پێنادەن.

❖ باوەرشتان بەوە هەیە زیاد لە پێشەوایەك (رائیدێك) هەبێ لە شیعری نوێی گوردیدا؟

- نوێ مەبەستت لەكەیەوەیە ؟

❖ سەردەمی گۆرانو شێخ نوری..

- من كتێبێكم هەیە بۆ خوێندكارانی زانستگا بەڵای منەوە چوارکەس رابەری ئەو نوێكردنەوەیەن. ئەوەڵ شێخ نوریم گرتووە، پیرەمێرد، گۆران، قەددری جان – قەدری جانەكە لای ئێمە خەڵك ناینناسێ كوردی تورکیا بووە. دە ئەمانە هەریەكە شتێكی كردووە، پیرەمێرد لایەنە فۆلكلۆرییەكانو بەرەو كوردی پەتی هێناویەتی. كۆمەڵێ شتی كردووە گۆران لەژێر شتا تازەیە. نوریو پیرەمێرد لەگەڵ شتەكانی تریان ئەمە هەموو كۆمەڵێ خەڵكن. خەڵكی تر هەبووە لەگەڵ ڕەشید نەجیب ئەگەر بینووسیایە.

((ئەی چیا شاخی موعاللابۆ هەورامان) هەر گەشتی هەورامانەكەی گۆرانە بەجۆرێكی كە، بەو جۆرە ڕۆمانتیكییەیە بەڵام كەمی نووسیوە. ئەوڕەحمان بەگی بابان، شاعیری تر هەن. من لەو كتێبەدا ئیشارەت ئەكەم. پێش ئەوان بە چەند،

بە بیست سی ساڵ عەبدوڵڕەحیمی هەكاری ((دەنگی ژمناری دێت دگازی دگتن الله)) ئەبینی تازەیە، لێكدانی هەندێ بەحری عەروزە لەگەڵ كێشی پەنجەیا، وەكو هەزەجو موتەداڕەك. شێخ نوری گەڕایەوە سەر شیعری كۆنی عەروزی، شیعاراتو ئەوانە لەگەڵ ئەوەیا كە ئەو تازەییە. شێخ نوری خۆی وەك گۆران ئەڵێ سەرۆك بوو چونكە بڵاوی ئەكردەوە، بەڵام ئەو ئیقرارانە لە گۆران وەرگیراوەو كراوە بە ئیدانە بۆ گۆران.

من نووسیم لەو پێشەكییەی شێخ نوری، ئەڵێم بمایە شێخ نوریو گۆران، ئەم بەوی ئەوت سەرۆك ئەو بەوی دەوت سەرۆك كەچی ئێمە ئێستا ئەیانكەین بەگژیەكا. ئەوە بزوتنەوەیەكە خەڵكێكی زۆر دەستی هەبووە تیایا وەكو ئەوانەی عەرەبیش جا ئەمەیان ژمارەیان ژمارەی یەكە. نازك الملائكە پێشتر دەستی پێكردووە بەڵام هەر كۆڵیراكەی هەیەو بەس. سیاب هل كان حباً و بەبەردەوامی كردیو ڕۆیشت. دوایی بەیاتی هاتووە تا ئێستا بەردەوامە بڵند تاڕادەیەك شیعری ئەووت. بەردەوام بوو. لای من حسێن مەردانیش خۆ لەوانە حسێن مەردان وتمان ئەو (نەژۆ مەركەزە چییە) ئەیووت (انتم متفقهمون). دە ئێتر ئەوە ناتوانم تەنها بڵێم گۆران، گۆران گەورەیە بەردەوام بوو شتی تازەی هەیە مەسەلەن ئەو دەقانەی كە لە پەردەیەكا بوون پاشان ئەوەی لاهوتی كە خۆی وەك ئۆپێرایەك خەریك بوو تەواوی بكا ئەمانە تازەن، بەڵام تازەكان نەیگەیاندە فراوانییەكی گەورە. بمایەو بەرەوپێش بڕۆیشتایە زۆر شتی تازەی ئەكرد بەڵام لەوانەیە بمێنێو ئێتر لەویا بوەستێ. جا ئەوەیە دەوری شێخ نوریش سەرەتاكە ئەوەیە، پاشان شێخ نوریو گۆران ئەو كارتێكردنەی ئەدەبی تورکی، سەیرە لای ئەوان زۆر گەورەیە، بەڵام پیرەمێرد لە تورکیا (٢٥) ساڵ لە تورکیا بوو ئاوا كاری تێنەكردووە. پیرەمێرد تازەگەرییەكەی خۆمانەیە.

ئەوان وەرگیراو نییە، ناشتوانی بڵێی لاسایییە، ئەوان چوونەتە سەرکێشی خۆیان سەر زمانێكی پەتی، ئەمانیش هاتوون هی كوردیان وەرگرتووە بەڵام توانیویانە چۆنی وەرگرن. جا ئەو لێی وەرگرتن یەكێ لەو شتانەی گۆران، كە بەڵامەوە نەمرە، مەبەستم لە نەمر چییە؟

تەجرووبەیە، تۆ بڕۆ ئەدۆنیس ئەخوێنیتەوە، مەحمود دەرویش ئەخوێنیتەوە بەڵام ببێبە كوردی نابێ، واتا گیانە كەی عەرەبییە ئەنوەر قادر لەسوید ئەیترافێكی بۆ كردم، كەشیعری ئێمە ئەو سەردەمە عەرەبی بوو كوردی نەبوو، واتا گیانەكەی عەرەبیە، من ئەمكردەوە بە عەرەبی جوانتر دەرئەچوو ئێستا لایەزال خەریكن لەوە دەرئەچین. جا ئەو وێنانە حەقی خۆتە وەریئەگری. هی شاعیرێك، ئەی بۆ ئەیخوێنیتەوە؟ بۆ گوێ لە شیعرێك ئەگری كەشتێكی لێوەرئەگری. سوودێكی لێنەبینی بەڵام چۆنی دانەشكێنیتەوە ((چۆن ئەیكەیتەوە بەكوردی)).

❖ماموستا توانیت لەخیالی تەرجەمەكردنی شیعرەكانی گۆرانەوە، گۆران پێشكەش بە خوێنەری عەرەبی بكەی، ئایا بۆ شیعری تازەتر پرۆژەی واتان بەدەستەوە نییە؟


– بەداخەوە کۆمەڵێ شتم لە جەنابت وەرگرت لە فەرەیدون بەرزنجی‌و لەکاك محەمەدم وەرگرت، لە صلاح جلالو چەند شاعیرێکی تر. من ئەو ناوانە بێجگە لە گۆران شیعری کوردیم زۆر تەرجەمە کردووە، بە دوو سەردەم سەردەمێك لە رۆژنامەی (اهالی والثقافة الجديدة) لە پەنجاکانیشدا ئیشم تیا ئەکرد. داوای شیعری کوردیان ئەکرد.

❖ ماموستا وابزانم لە گۆڤاری (العلم الجديد) یشا شتت بڵاوئەکردەوە؟

– بەڵێ شیعری جگەرخوێن بوو هی کامەران بوو، لەمانەی ئێرە هی کاك لەتیفی زۆر تیایە. کۆمەڵێ ناوم نووسیوە کە ئەوانەش ئامادەیە بەداخەوە، لام نییە. من وابزانم عەرەبییەکەم وەك کوردی یەکەیە، ئەتوانم وەك زەوقێکی شیعری بنووسم، خەڵکیش وا ئەڵێن. من خۆم وانالێم. ئێستا ئەتوانم بەرگی دووەمی ئەوەش لە مادەیەکی کەما ئامادە بکەم.

❖ لە شام ئەو کتێبە رەقابەی هەیە سانسۆر ئەکرێ؟

– لە شام حاڵی حازر زۆر سەیر هەیە کابرا وتی: ئەیبەم بۆ رەقابە ئەوەنهێنێ بێ ئەگەر موافەقەتیان



فڕۆکەخانەی باکۆ — ١٩٦٢ لەراستەوە بۆ چەپ:

حسین علی شانۆف، عیزەدین مستەفا، عبدالله رازماوەر، د. نەسرین فەخری، مەرکۆڵ سەعدوڵڵا، د. رەحیمی تازی، د. عەلی گەلاوێژ، د. کەمال مەزهەر.

بەڵام شتێکی کە هەیە موعاناتی خۆمە، بەعزێ شیعر ئەخوێنمەوە ئەبێ شتێکی لەگەڵا بکەم. شاعیری کورد یەکسەر تەخمیسی ئەکرد. بەعزێ تەخمیس ئەصالەتە، ئەیخوێنیتەوە تەخمیسی ئەکا من بەبێ شعور ئەیکەم بە عەرەبی لەمانە کۆمەڵێکم لەلا کۆ بۆوە ئەمجارە هاوین لە شام کۆمەڵێکم لەلابوو چاپخانەیەك هەبوو لێیان وەرگرتمو دانیشتم پێشەکییەکی حەفدە لاپەڕەییم بۆ نوسی (قصة الشعر الكردى) بێجگە لەوەی گۆرانم باس کردووە، شیعری یەك دوانێکم لابوو، ئەوە دام بە چاپو ئێستا چاپ کراوە بەدیسك هێناومەتەوە لێرە چاپ بکرێ.

لەسەر کرد دووسێ هەزار چاپ ئەکەم ئەڕوا، نەیانکرد رێگەیەکی کە ئەدۆزمەوە لە بەیروت چاپ بکرێ، ئینجا ئەوان بەداخەوە لە شام یەکیەتی نووسەرانی عەرەب، عەلی عەقلە عرسانی شۆڤێنی کە ئەمبینی ئەمە بەعزێ شت خۆی ئەیبینێتەوە، هەر وشەی کوردی پێ تەحەمول ناکرێ، هەشیانە زۆر کراوەن ئێستا بە لاتینی، کوردی ئەنوسن، ئەڵێن لە بەیروت چاپ کراوە بەڵام سەرنوسەر فلانو دەستەی نووسەران فلان کوردی قامیشلیو عفرینو ئەوانەن یەتو بڵاویش نەبێتەوەو کەسیش نایگرێ، بەرەو پێش چوونێ لەو رووەوە هەیە .جا ئەو کۆڕە وتی وای

لێئەکەم. جا ئێستا نازانم خستمە سەر دیسک، دیسکەکەم لەلایە، لێرە نازانم، کێ، ئەگەر بتوانێ چەند ژمارەیەکی لێچاپ بکرێ هەربا هەبێ لێرە ئەگەر ئەوەی‌ئەوێ نەبێ یا نەکرێ بیری لێبکەنەوە بزانن.

❖ دکتۆر بەڕێزتان دەربارەی شاعیری گەورەی کورد ئەحمەدی خانی کۆششێکی گەورەتان کردووە کۆششێکە ئەگەر قوتابیەك بیکردایە ئەوەی ئەهێنا یەعنی بەلگەنامەی دکتۆرای بدرێتێ، کۆششێکە جێگە دەست زۆر دیارە بە ماندووبوونەوەو لەو بەرهەمەیا، بەڵام من رەنگە هەندێ رام هەبێ، رەنگە پرسیارەکەش درێژە بکێشێ راگەم ئەوەیە مەمو زینی ئەحمەدی خانی گەلەپورێکی نەتەوایەتیمانەو ماوەتەوە، ئەحمەدی خانی ئیشی تیاکردووەو بەرای من لە هەندێ شوێنا رووە ئوستووریەکەی مەمو زینی نەهێشتووە، ئەوەش زەبرێکی گەیاندووە بە دەقەکەی مەمو زین، بە رای من دکتۆر، جەنابت لەو نووسینەتدا کە کتێبە عەرەبیەکەتە دەربارەی ئەحمەدی خانی نووسیوتە من حەزم ئەکرد تەتەروقت بکردایە بۆ ئەو دەستکاریەیە کە ئەحمەدی خانی لە دەقە ئەسڵیە گەیا کردوویەتی؟ ئایا ئەحمەدی خانی کە لەوێدا وەکو فەیلەسوفێکیش دەرئەکەوێ، ئەو فەلسەفەیە ئەگەر لەو دەقەیا بێ بۆ ئەحمەدی خانی ئەگەڕێتەوە یان بۆ کەلەپووری نەتەوایەتییەگەو فەلسەفەی شەعبو میللەتە لە دەقەکەیا ماوەتەوە؟

– من ئەو کتێبە لێرە بە عەرەبی نووسیبووم لە مۆسکۆ کرا بە رووسی.

❖ کێ کردی بە رووسی؟

– من خۆم بە یارمەتی برادەرێك کە (ئەدێف) ی پێئەڵێن جاری پێشوو باسم کرد سەعیدێف عەرەبیزانێکی چاکو رووسیزانێکی چاکو پسپۆڕێکی گەورەی فەلسەفەو تەسەوف بوو، ئیتر پێکەوە کردمان بەرووسیو کراش چونکە هەموو ئەوەی کە بەرووسی نووسیبانە نامەی دکتۆراو ئەوانەو هەموو کەس یارمەتی دراوە، راستیەکەی زمانەکە ئەوەندە قورسەو ئەوەندە ناخۆشە کەس وا فێر نەبووە ئەئاوا وەك چۆن بڵێم من بە عەرەبی ئەتووسم، فارسی تاقیم نەکردۆتەوە بنوسم فارسی باش ئەخوێنمەوەو قسەش ئەکەم بەڵام تاقیم نەکردۆتەوە بنووسم تا بزانم چۆن ئەنووسم بەڵام حەتا رەنگە بڵێم ئەو توانایە کەس ئەوەنە نەیتوانیوە وا فێر بێ خۆی بە رووسی هەموو نووسیبێو یارمەتی نەدرابێ ئەوەی ئەشڵێ یارمەتی نەدراوم ئەمە عەرزو ئەمە گەز بڵێن کێ یارمەتی داوەو کێ چی کردووە، ئەمە هەموو کەس تێناگات ئەم قسەیە بکەی، گەلانی واهەن وەکو بەریتانیا تەبعەن بنەڕەتێکی ئینگلیزیت هەیە ئەچیتە ئەوێ بەهێزتر ئەبی ئەتوانی بە ئینگلیزی بنووسی ئەوەیش هەر ئەبێ دەستکاری بکرێ، بەس رووسی گرانە جا ئەوە کە کرا بە رووسی، بوو بە نامەی دکتۆرای ناووك، دکتۆرای ناووك ئەزانن شەهادەیەکی گەورەیە لەوێ پاش دکتۆرا کەیەت یەکەم کە کاندیداتەکەیە هیچ نەبێ ئەبێ بە (دە) ساڵێك وەری بگری و تەنها لەسەر نامەیەك نایەت لەسەر کۆمەڵێ نووسین ئەتدەنێ بەڵام موناقەشەی نامەیەك ئەکرێ ئەوە کە موناقەشە کرا بوو بە نامەی دکتۆرای ناووك و دکتۆرای ناووکیش پلەی پرۆفیسۆریشیان لەگەڵا یامێ لەو وەختەدا لەبەرئەوە کە ئەڵێی ئەهێنێ لەوەزیاتری هێنا، لای ئەوانو شانازیش بە شتێکیش ئەکەمەوە لە بڕیاری ئەکادیمی زانستی سۆڤیەتا بڕیارەکە، بڕیاری شەهادەت دانەکە ئەڵێ ئێمە تا ئێستا لە دووشت خانیو کوردمان لەبیر چووە لەمەودوا بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە شاعیرانی سۆڤێتدا لەپاڵ حافظ و جەلالەدینی رومیو ئیبن ولفارز دا ئەبێ ناوی ئەحمەدی خانیش بێت کە یەکێکە وەکو ئەوان گەورە، دووڵە ئەدەبیاتی شەرقا کە پرۆفیسۆر ئۆربیلی ئەڵێ کە خانی ئەخوێنمەوە یەکسەر فیردەوسی فارسو رۆستەفیللی گورجی دێنەوە بیرم، ئەبێ خانی لە ریزی شاعیرانی گەورەی رۆژهەڵاتیشدا لەمەودوا ناوببرێ کە ناوئەبەن لە شتی رۆتینی یا شتی دووبارەکراوە لەیادێکدا، شەهادەیەکی گەورەی رۆژهەڵاتیا ئەوە بە شانازی ئەزانم کە بتوانم قەناعەت بە دەزگایەکی عیلمی بکەم، کەوا باسی خانی بکرێ، ئەوە نامەکە هەرچی ئەو مەسەلەیە کە باس کرێ تۆزێ وردتر کتێبەکە بخوێنیتەوەو کاك لەتیف ئەبینی من لە شوێنێکا باسی ئەوەم کردووە لە ئەفسانەوە بۆ واقیع.

جا ئەمە ئەگەر بۆی بچی دیارە لە ئەدەبیاتی ئێستادا بەس ئێستا رەمزە بەڵام لە دەورێکی کەیا چی بووە؟ لەدەوری کۆنی فۆلکلۆرا باوەڕبووە، باوەڕ ئەوەی کە من چەندجار نووسیومە مارکس ئەڵێ ئەفسانە زادەی دەوری منالّی مرۆڤایەتی بووە،

یەعنی منالێك كە تۆ چۆنی تەماشا ئەكەی، منالێك ئێستا بێنە چۆن لەو ئاگرەو لەو كتریەو لەو چایە ئەگا لەو ئاوە ئەگا، چۆنی بۆئەچێو ئەمە چییە؟ مرۆڤایەتی ئاوا سروشتو گەردوونی لێكداوەتەوە ئەوە ئەفسانەی دروست كردووە،ئەوە باوەڕ بووە، پاش ئەوە فەیلەسووفانیش ئەڵێن، دیسان ئەفسانە بەشێكە لە تیۆری زانین (نظریة المعرفة) لای ئینسان، بەرەو پێش ئەوڕوا تۆ ئەتوانی لە كەون بگەی، لەدنیا بگەی ئیتر تەماشای مێژووی هەموو مرۆڤایەتی بكە وردە وردە ئەم زانینە پێشكەوتووە شتی تازە ئەزانن، ئێستا لەگەڵ بیست سال لەمەوپێشا پێشكەوتن هەیە لە هەموو مەیدانێكی زانستا، فاڵن ڤایرۆس دۆزراوەتەوە، فاڵن روداوی فیزیایی دۆزراوەتەوە، فاڵن دورگە ((جزیرە) ی تازە دۆزراوەتەوەو شتی تازە هەیە ئەوە زانینی ئینسان زیاد ئەكات وردە وردە، جا ئەفسانەش سەرەتایەكی تیۆری زانینە نەك هەر هی دەوری منالێتی مرۆڤایەتییە جا لەو دەورەدا باوەڕ بووە، دەورێكە كە بزانە چی بووە، لای خانی زۆر بەهینی لەیەك دور شوێنا من ئیشارەتم كردووە، زۆر بە هێواشی بەلای ئەفسانەكەدا ئەڕوا، نەئەیەوێ بڵێ هەیە نەئەیەوێ بڵێ نییە، نمونەكەت پێ بڵێم... بڵێین لە دەقی میللیدا خدری زیندە هەیەنەك لەمەو زینا نا لە زۆربەی ئەفسانەكانی دنیادا لە داستانەكۆنەكاندا خدری زیندە هەیە، خدری زیندە وەكو وتم ئەو ئاخری قەشەكە ناچارە ئەڕوا، بۆ كوێ، بۆ حەڵەب لێرە حەڵەب رەمزی دوریەیە ئەوە پێی ئەڵێن مۆتیف لە ئەدەبا، مۆتیف دوری شوێنێكی دور بڵێمەمو زینی فۆلكلۆریەكان مەم یا كوڕی برایم پاشای یەمەنە، یان كوڕی پاشای مەغریب زەمینە بۆئەوەی بڵێین لە دورەوە هاتووە لە زۆر ئەفسانەی دنیادا هەیە لە دورەوە دوای ئەوەش مۆتیفەكە لە دورەوە دوای خۆشەویست كەوتو حەوت پێلاوی ئاسن بشكێنێو بڕوا ((ئەم بە چەن)) ئەم نا خانی هەردووكیانی كردووە بە خەڵكی جزیرە ئەم میرە یان خوشكی میرە خدری زیندەكە ئەڕوا بەرەو حەڵەب، ئەصڵی بەدوای كەرەما، حەڵەب شەش مانگ دوورە لەپڕ پیرەمێردێك ئەبینێ، پێی ئەڵێ من حەزم لەو كچە كردووەو لە حەڵەبەو ناگەمە حەڵەب، ئەڵێی چاوت بنوقێنەو چاو بكەرەوە ئەوە حەڵەبەو بڕۆرە ژوورەوە هەر لەسەر شانۆ نیشانی ئەدەن لە دورەوە شتێ دیارە حەڵەب دیارە، لێرە مەمو زین ئەیانەوێ بزانن دنیا چییە؟ مەمو تاژدین جلی كچانەیان لەبەركردووە لە رۆژی نەورۆزدا یەك ئەگرن لای خانی جیایە، ئەویتر پەری ئەیانهێنێ، پەری زین هەڵئەگرێ ئەیهێنێتە لای مەم كچەكە دەست ئەبا بۆ ملی خەوی لێئەكەوێ دەست لائەبا نەماوە پێی ئەڵێن ئەوەتا لە شاری جزیرە، جزیرە لەكوێیە؟ پێی ئەڵێن لەوپەڕی دنیایە بڕۆ سوپا كۆئەكاتەوە پانزە هەزار هەر فەرسەخەی هەزاریان ئەگەڕێنەوە

لەپاش ١٤ی تەموزەوە، دەشتی هەولێر وەك وشەو وێنەی فۆلكلۆری بەفراوانی هاتۆتە ناو شیعری كوردییەوە

كۆتاییەكانی دوێنێی حسێن عارفم باس كرد (١٤) ی تەموز خدری زیندەیە، كوشتنی كابرا خدری زیندەیە خۆی رزگار ئەكا كەوتۆتە ئالۆزییەكەوە ئینسان كەس نییە رزگاری بكا خدری زیندە نەبێ من ئەوەی كە لەبیرم بێ لەسەر شانۆ ئەصلیو كەرەمم دیوە بە ئازەری ئەوەی نازم حیكمەت دوایی نووسیویەتی، ئەفسانەییەكە كابرایە دێت داوای كچی قەشە ئەكا، قەشە رازی نییە، پادشا هەم ئێمە دینمان جیایە چۆن بۆ یەك ئەبن دوایی خۆیو پەنگین یان گورگین ئەمێننەوە ئەم وای لێنەكردووە ئەمان لە جەژنی نەورۆزدا جلی كچانە لەبەر ئەكەن كوڕەكان، كچەكان جلی پیاوانە لەبەرئەكەن یەكتری ئەبینن عاشقی یەك ئەبن ئەمە وەك ئیشارەتم پێكردووە خۆشەویستییەكی ئیفلاتونییە، خۆشەویستی ئینسان بۆ ئینسان دەنا ئەمان خۆیان دەزانن كوڕن چۆن حەز لە دوو كوڕ ئەكەن، ئەوانیش ئەزانن كە خۆیان كچن چۆن حەز لە دوو كچ دەكەن نابێت كەچی بوو، یەنەوە پیرێژن

ئەوەتا هینیان بۆ دائەنێ جا دنیایەك شێواوە لێرەدا خدرەکە چی لێئـەکا خانی، خدرەکە والێئـەکا نالێ حەزرەتی خدر هەیە یانی نەئەڵێ هەیە نە ئەڵێ نییە، پـیرەمێردێکی دی وتـی ئـەی خـدری ڕێی هیدایـەت بۆئـەوەی خـەڵکی ڕێی لێنـەگرن بڵێـن خـدرت چـی لێکرد... خدر لای هەندێك لە موسـڵمانان پێغەمبـەرە لـە قورئانیشدا بـە پیاوچـاکێك لەقەڵـەم دراوەو لـە کوردەواریدا بووە بە ئەفسانەو بەڵام خـانی لەمـەمو زین دا ڕەگەزی ئەفسانەکەی لابردووەو بـەڕەو واقیـع هاتووە بۆ؟

دیـارە سـەردەمەکەی ئـەو کـە بـەلای منـەوە سەردەمی سەرهەڵدانی بەمانایەك سـەرمایەداریـیە، کارگەیـە لـە جزیـرەدا لـە بەتلیسـدا.. مانیفاکتۆرەبـە پیشەسازی پـەیابووە، گردبوونـەوەی پارەیـە بـووە کـەوا لەسـەردەمی سـەرمایەداری ئەگـەر داگیرکـەری تورك نەهاتایـە بـەلای منـەوە کوردستان خـەریك بـوو بچێتە ئـەو پلەیـەوە، پلـەی پیشەسازیشـەوە ئا لـەو دەورەیا ئەفسانە ڕۆڵی نامێنێ، ئەم نەئەوەیە لایبا نە ئەوەیە داینێ ئینجا ڕەنگـە لـەو خەیاڵـەی گـۆڕی بـێ کـەتۆ ئەتـەوێ بـەڵام ئـەوخۆی کـەچی واشـناڵێ ئـەو ڕەگـەزەکانی مــەموزین کـە بەشـێکە ((هـەندێك ژ فەسانێ ژە بۆتان هەڵنەسانە هەندە بۆهتان)) هەنێك لە فەسانەی بۆتان لە ئەفسانەی یان ئەو شتانەی لـە وڵاتـی بۆتـان بـاڵاوە ((هـەندێك فەسـانە)) هـەندێك ئەفسانە ((هەندە بوهتان)) هەندێك بوختان، بوختان چیـیە؟ بەلای منەوە ئائەو داڕشتنی چیرۆکەیـە، ئـەو دواننەیـە کـە خـۆی بـۆی دروسـت کـردووە،ئـەو تەکنیکانەیـە شـتێك لـە ئەفسانەی تیایـە، ئینجـا تـۆ بەلاتەوە هەر ئەو ئەفسانەیە، بەم جۆرە نە ئەما نالێم کردوونـی بەخـەڵکی ئـێرە ' کێشـەکەی لـێرە دەرخستووە لەناو جزیـرەی بۆتانـا نـەك لـە دوورەوە هاتبێ.

❖ مەخسەدم ئەوە بوو توانویـەتی مەودایـەکی تری باتێ؟

– ئـا... مەودایـەکی تـری داوەتـێ، ئەوەیـە جزیـرەی هێنـاوە ئـەو جـەژنی نـەورۆزەی دروسـت کردووە، کە بە ڕەئـی ئـەو ئـەڵێ لـە جـەژنی نـەورۆزا عادەت بوو کچو کوڕ یەکتریان ئەدی، بوعدێکـی تـری داوەتێ، مەسەلەن نەورۆزی گەورە کردووە کچو کـوڕ یـەکتری ئـەبینن ئـەڵێ ((کـوفێ خـۆم ژ خـۆم ژ خـۆرا بژاردن)) کوف کە لە شـەریعەتی ئیسـلامدا هەیـە کـە ئەبێ ژنو مێرد هاوکوف بن ئەوە ەش تەفسیری زۆرە هاوکوف یەعنی چی هاوشـانی یـەك بـن دوایـی ئـەڵێ لەوێ عادەتی موبارەکە، کـە عـادەتی موبـارەك ئـەو یەکتری هەڵبژاردنەیە، ئەمـە شـتێکی تـازەی یـاوەتێ ئازادی ژنو پیاو لـە نـەورۆزا ئـەڵێن نـەورۆز عـادەتی زەمانە نەك هی ئێستا جاران نـەورۆز ئـاوابووە ئـەڵێم ڕەنگە وا نەبووبێ خۆی دروستی ئەکا دوورەمێن وەکو وتم لەناو جزیرەدا ئەو خۆشەویستیـیە دروست ئـەکا، ئینجا ئـەیکا بـەو بابـەتی کوردایەتیـیە کـە کۆمـەڵێ شتی تر شتێکی گەورەی لێ دروست کـردووە، ئـەزانم هەندێ هەن ئـەڵێن خـانی فەیلەسـوف نیـیەو تـۆ بـە خۆڕایـی کردۆتـە بـە فەیلەسـوف، باشـە وەك کـورد شـایەنی ئـەوە نـەبێ کـە فەیلەسـوفی هـەبێ، فەیلەسووف چیـیە؟

کەس ئەفلاتون نیـیە، تـا ئێستاش ئەرستۆیەکی کـە دروست نـەبووە لـە زۆر مـەیاندا بـەڵام دنیایـەك فەیلەسوفی تـر هەیـە لـە هیگڵـەوە لـە فیورباخـەوە لەمارکسـەوە وەرە لـەناو عـەرەبا (ابـن رشـد) فەیلەسوف،،زۆرە بەڵام کەس لەلای من ئەرستۆ نیـیە یەعنی نابێ کورد فەیلەسوفی هەبێ، فەلسەفە خـۆی چیـیە؟ لێکدانـەوەی گەردوونـە، لێکدانـەوەی بـیرە، لێکدانـەوەی کۆمەڵـە، ئـەوە فەلسـەفەیە، زۆر شـت، فۆلکلـۆر فەلسـەفەیە کـە ئێستا ئینتقائی پێئـەڵێن هەڵبژاردن تۆ شتێ لەمارکسیسمەوە بێنـە، شـتێ لـە کانتەوە بێنەو شتێ لە فیورباخەوە بێنە و شتێکی لێ دروست بکە ئەوە بابەتێکی وا حەتا لە مەزهەبـەکانی ئیسـلامیا بـەدێڕێك بریـارێکت بـۆ لەسـەر شـتێکی فەلسەفی بۆ ئەدا عەقڵەکەی کراوەتەوە خۆی بەیـەك شوێنەوە نەبەستووە من ئەڵێم شاعیری ترمـان هەیـە قوتـابی فەلسـەفە یـان مامۆسـتای فەلسـەفەن بـەڵام خانی، فەیلەسـوفە خـۆی چونکـە ئـەم فەلسـەفە تێکەڵانـە تێکـەڵی کردووە خـۆ هـەموو کەسـیش لـە سـکی دایکیـەوە نەیـهێناوە، هـەندێك لێکدانـەوەی زیـادی خۆشـی هەیـە بۆئـەو ڕۆژە خوێنـەروارێکی گەورەیە، جا ڕەنگە ئەمڕۆ بە ئیمتیازێکی بزانی بەڵام ئەو ڕۆژە نا فیکرێکی کراوەیە لە هەموو بابەتێك جـا ئەو ئەفسانەش من لە کتێبی فۆلکۆرا نووسیبووم کە لـە هـەموو کۆڵانێکـا خێوێـك هـەبوو منداڵیـان پـێ ئەترسان کە کارەبا هات خێو نەما ئەفسانە ئێستا.. ئێمە منداڵ هان ئەدەین کەبەفیلمی کارتۆن بەشتی تر دوای ئەفسانە بکەون چونکە بووە بە ڕەمـز، ڕەمزی جوانی، بووە بە ڕمزی خەیاڵ نابێ بـەباوەڕ، کـەچی لـەدەورێکا من بیرمـە لـە قوتابخانـەی سـەرەتاییدا

مامۆستاکەمان پیاوێکی گەو ەبوو عەبدوالواحیدنووری شەو چی ئەکەن، لەبەر چراو فتیلە بوو ئەیوت گوێ لە حیکایەتی نەنکو پورو شتی وا نەگرن، خێوو دێوو درنجو ئەمانە نیە شەولەبان نیە، چونکە ئەو وای لێکرد بەم ئەفسانانە... مێشکی بەلای شتی راستیدا بڕوا بۆئەو دەورە وابوو من ئێستا نالێم کە عەبدوالواحید نوریەک کە نووسینەکانی ئەبینن کابرایەکە کەبیری چەپ ئەو هێناویەتە ناو کوردەوە بە نووسین چەپ دوژمنی ئەفسانەو شتی کۆن نیە فۆلکۆری کۆن، چونکە ئەیوت منالەکە واپەروەردە بکە باوەڕی بەمجۆرە شتانە نەبێ بەباوەڕێکی تازە پەروەردە ببێ ئەوەیە خانی لای من.

❖ هەندێك کەس سەرهەڵدانی فیکری ناسیونالیستی لەلای کورد ئەبەستنەوە بەسەردەمی نووسینی خانیەوە تا سەردەمی بلاوبوونەوەی خانیەوە لە پاش بلاوبوونەوەی جەریدەی کوردستان جەنابتان لەوبارەیەوە زۆر بە کورتی راتان چیە؟

– زۆرجار ئەڵێن کێ ئەڵێ ئەم بیروباوەڕە هەبووە؟ مەسەلەن ئەوەی کەنامەوێ بەدرێژی باسی بکەم من فەسڵێکم لەسەر مۆسیقا هەیە بەلای خانیەوە ئەگەر بزانن مۆسیقا دیسانەوە سوپاسی کاك لەتیف ئەکەم کە کۆششەکەی بەکۆششی چاك زانی پێوەی ماندووبووم مۆسیقا رەنگە من خوێندوومەتەوە لەسەر مۆسیقا بەلام لە خانیدا بیدۆزەرەوە مۆسیقای ساسانیو سەلجووقیم هێنا هەرهەمووی‌ناوی ئامێرەکانو کۆمەڵێ شتی مۆسیقی ئینجا خانی دیسانەوە بۆ مۆسیقای خوێندەوە ئەبینی سی چل مەقامی مۆسیقا ئامێری مۆسیقا هەندێ حوکمی مۆسیقی تیایە تێی گەیشتم ئەچووم ئەمپرسی ئێستاش بیرمە رەهاوی سەماع کردن رەهاوی یەعنی سەماعو رەهاوی یان پێکەوە لکان، رەهاویم دۆزیەوە کە مەقامە و سەماعیشە دیارە لە عەڵی مەردانم پرسی وتی ئەوە هیچ کەسێ ناتوانێ ئەو دووانە پێکەوە بلکێنی ئەمە بڕیاری مۆسیقیەیە یەعنی مۆسیقارێ توانیویەتی گۆرانییێژە ئەو دوو مەقامە پێکەوە بلێ یەعنی خانی ئاگاداریەتی

خانیو مۆسیقا خانی لەکوێ؟ من ئەگەر هەرهیچیمان نەبووبێ مەلایەك هەبووە لە جزیرە ناوی ئەم هەموو ئاڵەتی مۆسیقایەی زانیوە ناوی ئەم هەموو مەقامەی زانیوە لە هەندێ شتی مۆسیقا گەیشتووە بەستە چۆن لە مەقامەوە دەرئەچێ،و فلان چی دەرئەچێ، حوکمی مۆسیقی هەیە من زۆر نەچوومە ناو شتەکانەوە ناوی ئامێرو مەقامەکانم نووسی بۆئەوەی نەبم بە کابرایەك باس لە مۆسیقا بکەم ئیشی پسپۆرەکانمانە بەداخەوە تا ئێستا کەس خەریکی نەبووە، من کردم بە کوردی ئەو فەسڵە بۆ ناسری رەزازی بڕیاری وایە شتێکی لەسەر بکا، ئەم ئاڵەتانە



لەگەڵ حسین علی شانۆفدا مایسی ١٩٦٣

کامیان ماون لەناوکوردا کامیان هەبوون سەردەمی ئەو کامیان بیستوویەتی کامیان نەبوون بەڵام تۆ تەنها خوێنەوارێکی وات هەبێ مەلایەك ئەناوا لەسەدەی حەفدەدا باسی مۆسیقا بکا ئەمە گەورەیە کە یەك کەسیش هەبێ لەوانەیە ئێستا نەمانبێ ئەوە نوقسانیەیە جا مەسەلەی بیری نەتەوایەتیش هەندێ ئەیبەنەوە سەر شەرەف خان بەڵام شەرەف خان بەو هینەنیە شەرەف خان ئەبینی لەگەڵ سولتاندایە گەورەیە کە مێژووی کوردی نووسیوە لە ئێران بووە لەگەڵ شای ئێراندا لە کۆشکی شای ئێراندا گەورەبووە دوایی هاتۆتە لای سولتان بۆ سولتانی زۆر نووسیوە وەك سەربەخۆییەكو هەموو میرنشینی کوردێك بگرن لای ئەونیە بەڵام دیسان پەسەندیو گەورەیی کوردو خۆشەویستی کوردی لایە بەڵام وەك بەرنامەیەك ئەوەتا لای خانی هەیە بەڵام وەك خۆی ئەڵێ دیسان میری بۆتان ئەڵێ نظر خاس نظر نەدامەت بەتایبەتی نەزەری نەدا بە ئێمە چونکە نەزەری ئەو عامە گوێ لە من ئەگرن، جا

رەنگە ئەوەی خانی تا دەوری رۆژنامەی کوردستانو پەیابوونی بزوتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی کورد بەوشێوە تازەیە رەنگە وا نەبووبێ بەڵام خۆ شێخ عوبەیدوڵڵا پێش رۆژنامەی کوردستانە ئەو شۆڕشانەی میرەکانی کورد چ بۆتان بێ، چ پاشای کۆرە بێ، چ بابان بێ، رەنگە یەکسەر بەو ناوەنا کە هەموو کورستان یەک بخات بەڵام هەموویان هەوڵی یەکخستنی کوردستانیان داوە ئەو قسانەی خانی لە تەتبیقا هەبوە جا چەندێ لەژێر کارو تەئسیری ئەوا بووە چەندێ هەرواهی کۆمەڵەکەبووە، کەیش ئەو قسانەی ئەو بوو بە دروشمی سیاسی دەبینی ئیملەن کە حیزبە سیاسیەکان هاتن تا ئەمڕۆش بە خانی دەست پێئەکەن، حاجی قادر رەنگدانەوەی خانیە،خانی سەردەمی خۆیەتی بەس زۆریشی لە خانیەوە وەرگرتووە هەرعیبادەتەکان گەردێ بۆم ئیتیفاقێك، سەیری هەموو نەصەکانیش کە هەریەکەیان وایە.

❖ باسی دۆستایەتی خۆت لەتەك مەدەنی سالحدا کرد: مەدەنی لەشوێنێکدا دەڵێ:

– هەڵبژاردنی جۆری خوێندنەوە لەسەرەتای تەمەندا شێوازێك لای ئەو کەسە دروست ئەکات کە یا بە زەحمەت لێی دەربباز دەبێ یان لەگەڵیا دەمێنێتەوە. بۆ نموزە باسی (جاحظ) ئەکات، ئەڵێ هەندێك کەس لەژێر کاریگەری شێوازی (جاحظ) یا (توحیدی) یا (ابن قتیبە) دان

❖ ئایا، ئێوە کتێبێك هەیە لە سەرەتاوە کاری تێکردبێتن؟

– لەویادداشتانەدا کە ئێستا لە پەیڤینیدا رەنگە ئەمجارە دەرچێ باسی خوێندنەوەی جیلی خۆمانم کردووە، خۆمان یەعنی کۆمەڵێك، رەنگە ئەوانەی کە پێکەوە بووین لە قوتابخانە لە هەموویان دیارتر کە مابێ هەر لەمەیدانەکەدا دکتۆر کەمال فرئادە کە زۆر خوێندنەودمان یەکبوو، جەمال نەبەز، تا رادەیەك، بەڵام جەمال نەبەز ئەو وەختە دووربوو لە بیری سیاسی و کاری سیاسییەوە. ئێمە لە دووی ناوەندیەوە چووینە ناو کاری سیاسییەوە، ئەو درەنگ هاتەوە ئەو مەیدانە، رەنگە خوێندنەکانی ئەو تۆزێ جیاوازتر بێ بەڵام خەڵکێکی کە هەبوون شتی کوردی چی دەرئەچوو ئەمانخوێندەوە. ئێستا بیرمە لەگەڵ دکتۆر کەمال هەر لە ناوەندیدا، وەڵا، لەسەرتایشدا کەمانچەژەنی پیرەمێرد لە ژیندا بڵاوی دەکردەوە هەر هەفتەی لاپەڕەیە لەلاپەڕەی چوارەمی ئەدیبو ئەودیو ئەتوانی بیبڕیو بیکەی بە کتێب، ئەوە لە ژیندا بڵاوبۆوەو دوایی کردی بەکتێب. شتی کوردیمان ئەخوێندەوە. وردە وردە کتێبخانە پەیدا بوو. لێرە شەوی بەعانەیەك کتێبت ئەبردە ماڵەوە، بوو بەهی حیزبەکان. رزگاری هینی خۆیان هەبوو، شیوعی هی خۆیان هەبوو، ئەچووین کتێبمان وەرئەگرتو ئەمانخوێندەوە. شەوی بەعانەیەك ئیتر خواخوامان بوو زووش تەواوی بکەین. عانەیەك کەرۆژانەبوو بۆ ئێمە زۆربوو کوڕە فەقێیك هەر ئەوەندەی وەرئەگرت.

جا من ئەوەی بیرمە عەرەبیمان نەئەزانی چونکە ئێمە سەرەتاییمان بەکوردی خوێندبوو. لەناوەندیدا یەکسەر هەموی ئەبوو بە عەرەبی مامۆستای کوردیش کەم بوون، من یەکەم کتێب ئێستاش لەبیرمە، بڕچی لەبیرمە؟ بە رووسی زۆر بەدوایدا گەڕام بەناوی (اهوال الاستبداد) بەعەرەبی کۆمەڵێ ریوایەت تازەبوون. (فی سبیل التاج و ماجد لین وعبرات) ئەمانەمان ئەخوێندەوە. ئەوە ئەوانەی لە بەردەستابوون ئەمانخوێندنەوە، عەرەبیمان نەئەزانی بە لێپرسراوی کتێبخانەکەم وت ئەتوانم بەقەڵەمی رەصاص مانای وشە عەرەبیەکان بنووسم؟ وتی وەڵا مەمنونیش ئەبین یەك بەیەك ئەوانەی نەمئەزانی لە باوکمم ئەپرسی ئەمنوسییەوە. جارێك خوێندمەوە ئەوەڵ جار لە راستیا خوێندمەوە ئەو خۆشیەی کە هەبوو ئێستاش هەستی پێئەکەم. کە چوومە مۆسکۆ پرسیم بەو مانایەو بەوناوە هیچ رۆمانێ نەبوو دوایی بیرمە ئێستاش دوایی ئەوەی بیرمە ئێستاش وێنەی میر ئەمیر نیکیتا کە لە بەندیخانەوە چۆنی رزگار ئەکەنو ئەوانەو ئەو دیمەنەم ئەگێڕایەوە، خۆی ئەوەی کەمن لە دووی ناوەندیدا لە (٩٤٦) دا خوێندبومەوە لە (٩٦٠) ئەو دیمەنەم بۆ چەند رووسییەك گێڕایەوە.

ئەوە یەکەم کتێبە کە لەبیرم بێ دوایی دایکی گۆرکییشم هەر بەو جۆرە خوێندەوە. کە ئەڵێم ئیتر کەوتینە خوێندنەوە. ئێمە بڵێم دوو هێڵ بووین، ئەوانەی کە زیاتر خەریکی سیاسەت بوین هەندێکیان دوریشە لەبیری ئێمەوە بەڵام ریواتەکانی جورجی زەیدان لەلایەکەوە ریوایەت بوو، لەلایەکەوە مێژوو بوو، لەلایەکەوە شتێکی تری ئەدایتێ دەربارەی ئیسلام. ئەزانی زۆر لە رێبازە ئیسلامییەکان لەگەڵیانین دەڵێن مێژووی ئیسلامی

شێراندووە ئەوانەی جۆرجی زەیدان ئالە و ماوەیەی قوتابخانەی ناوەندی و بەرەو ئامادەیی هەمویم خوێندۆتەوە هەر من نا کۆمەڵێ بوویەن وابووین، نووسوڕێکی کە هەبوو ((قەدری قلعچی)) ئەو وەختە چەپ بوو یان هەرکۆمۆنیست بوو، سوریەو چوو بۆ لوبنان حەڵەبیە بە ئەسڵ، کۆمەڵێکی بەناوی ((اعلام الثریە)) یەوە هەبوو شۆڕبان، دیموقریت،

باوکمەوە ناسیومە ئالەم بابەتانە ئەحمەد غەفور کە ئەوکاتە لێپرسراوی شیوعی سلێمانی بوو ئیتر لەو جیهانەشدا شتی تێکەڵ لە فەلسەفەی کۆن، لەو موناقەشانەی کە گوێم ئەگرت لەموناقەشە ئەدەبیەکان ئێستا زۆرم لەبیرە. ئەوانەی بیخود، پیرەمێردو ئەوانە کە قسەیان دەوری هەبوو لەو تەکوینە.

پاش ۱۹۵۳ کاك کەریم ئەحمەد بوو بەلێپرسراو وتی: بابە تازە بیبسی کۆڵاو کۆکا کۆڵا هاتە عێراقەوە. ئێمە ئەمانویست نەیەت چونکە سۆدەو سیفۆنی خۆمانە هەبوو بۆ ئەوەی نەشکێ، نەمانتوانی، وتی تازە بیخۆنەوە، بەڵام من تا پەنجاو شەش دەمم لێ نەدا

سپارتاکۆز، هەریەکەش ناوێکی پێوەبوو مەسەلەن صلاح الدین الایوبی رجل خیر رجە التأریخ، أبو ذر الغفاری اول ثائر فی الاسلام، جمال الدین الافغانی، کۆمەڵێ کتێبی بەنرخ بوون، کابرا کە رێبازەکەی خۆی گێڕی ئیتر وشك بۆودو نووسینیشی پێنەما ئەمانەمان بەریز ئەدا پەیەك ئیتر دوایش کەوتینە سەر خوێندنەوەی کتێبی ماركس کە زۆر کەم بوو. هەندێکیمان لە شانەکاندا وەك دەرس دەخوێند ریوایەتو نووسینی رووسیش وردە وردە ئەهات، بەڵام زۆری قەدەغەبوو ئیتر کۆمەڵێکیش بەلای رۆمانەکانی ترا ئەڕۆیشتن یەعنی ئێمە ردنگە زیاتر بەلای شتە چەپەکاندا بەڵام مەسەلەن ئەوەی کە لەبیرم بێ هەر لە قوتابخانە کە لەگەڵمانا بوو دکتۆر کاوس قەفتان ئەو وەختەش موپاسانو ئائەم جۆرانەی فەردنسیەکانی ئەخوێندەوە کە ئێمە ئەو وەختە بە شتی بۆرجوازیسانی دائەنان. ئێستاش ردنگە کاری مابێ بەسەرمانەوە بەڵام ردنگە بەسەرمانەوە شتێکی کە کاری مابێ، من لەپاڵ ئەوەدا کە لە قوتابخانەی رەسمییا ئەمخوێند بەڵام مزگەوت بەنیسبەت منەوە باوکم هەموو شتی ئەخوێندەوە خەڵکی زۆر کراوە بوو، هەموو بابەتێکی ئەخوێندەوە، هەمەڕەنگ، هەمەڕەنگیش ئەهاتنە لای، لەمەلایا لە خوێندەواری ئەو سەردەمەیا بێکەس، بیخود، میرزا مارف، هەردی، مەسەلەن بەهۆی

❖ دکتۆر چۆن دەخوێنێتەوە؟ لەگەیا ئەنووسێ؟ ئایا بەرنامەیەکی دیاریگراوت هەیە بۆ کاری نووسین؟

– نەء من نووسین سەربە میزاجی خۆمە، کاك شێرکۆ یەك دووجار شتی بینیم ئەیوت تۆ لەکاتی پەلەدا شتی باشت پێ ئەنوسرێ. بۆ نمونە لەمیهرەجانی شیعری کوردی دووەمدا وتاری کردنەوەکە پێش ئەوەی بڕۆین بۆ هۆڵەکە نیوەڕۆ، لە بارەگاکە نووسیم بەدڵیان بوو بەڵام چیە میزاجە، بیرمە کە ئیجازەی یەکێتی نووسەرانیان دابنێ لە شوباتی (۱۹۶۹) دا ئێوارە کۆبوونەوەمان هەبوو. دەستەی دامەزرێنەرەکە داوای بانگەوازێکیان لێکردبووم بۆ نووسەران ئەگەر بیبینیت بەرنامەکەمان کە چاپ کردبوو بەرگێکی سوری بچوك بوو بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ، ئەو بانگەوازەی تیایە لەپشتەوە بەناوی دەستەی دامەزرێنەرانەوە من نووسیم حسێن عارف وتی، دیارە زۆر خۆتت پێوە خەریك کردووە و زۆر ماندووبووی، کاك مارف خەزنەدار وتی ئەگەر مردیت لە پۆلمەی سەرچینیدا بۆت ئەنووسم، پۆلمەی سەرچینی یەعنی چی؟ یەعنی بەرهەمی تەواو هەندێك نوسەر هەیە هەرچی هەیە بۆی ئەنوسن جا ئەوە ئیشارەتە بۆ ئەوەی لینین کۆمەڵێ شتی نووسیوە کۆن بەناوی حیزبەوە بڵاوبۆتەوە. کە مردخستیانە ناو بەرهەمەکانی


خۆیەوە، بەپێچەوانەی زۆر سەرکردەی حیزبەکانی ئەمرۆ لە هی ئەوانیشەوە خەڵك ئەینوسێ‌و بەناوی ئەوانەوە بڵاوئەبێتەوە. ئەوانەی ئەوان وابوو تا وتم باشە کاك مارف بۆچی من پێش تۆ بمرم‌و تۆ بیخەیتە ناو بەرهەمی تەواومەوە بەوجۆرە باسیان کرد، حسێن وتی دیارە زۆر خۆت پێوە خەریك کردووە وتم وەڵا حسێن لە کۆلێژ هاتمە دەرەوەو لەوبەرەوە مەتعەمێکی بچوك هەیە دانیشتم بەدەم نان خواردنەوە دەستم کرد بە نووسینی.

جا شتەکان تابیعی میزاجی خۆمە. جاری وا هەیە زۆر لەخۆم ئەکەم پێم ئەڵێن بۆ شتێك ناتوانم،کتێب، ئێستا یەك دوو کتێب بەدەستمەوەیە دەستی پێبکەم لەنیوەچڵ بەعزێکیم راگرتووە، لەپڕ ئچمە سەر شتێکی کە، ئەچوومە کتێبخانەکە جاری وا هەیە تاقەتم نییە تەوای بکەم، دەست ئەدەمە کتێبێك کۆن تازە ئەو خوێندنەوانەش ئەگەر دووبارە کردنەوەبێ، رەنگە بەپێی بەرنامەیەك نەبێ.

بەداخەوە نەمتوانی وەکو زۆرکەس کە کات بۆ نووسین دائەنێن، شوێنی بۆ دائەنێن، مێزی بۆ پاکئەکەنەوە. دیمە ئاخر، دە من وانییە ئێستا، لەوانەیە هەر لێرەوە ئێوە نەهاتنایە، ناتوانم بەبێ کار دانیشم. زۆر کەم بێ کارییەکە ئەو وەختەیە کە گوێ لە رادیۆ بگرم، بڵێم بێکارییە، ئەویش زۆر جار گوێ لە دەنگوباس ئەگرم، بەڵام کتێبێك هەر ئەگرم بەدەستەوە کتێبی جیا جیا بێهەندێ جار پێنج شەشێ ئەبینی لە ژوورسەرمەوە.

❖ دکتۆر حەزی لە چییە؟ و رقی لە چییە؟ لەوانەیە ئەم پرسیارە بەلاتەوە غەریب بێت. من لە شوێنێکا خوێندومەتەوە رۆڵان بارت باسی ئەوە ئەکات حەزی لەچییەو رقی لەچییە. حەزی لەوەیە بەنەعلەوە بە شەقامێکی فەرەنسیدا، نازانم لە فەرەنسادا شەقامێکە، بەشەو بگەڕێ. حەزی لە بیرەیەکە لەناو بەفردا بێ، رقی لەوەیە کە لەگەڵ کەسێکا شەو دانیشێ‌و یەکەم جار بینیبێتی. نازنم تۆ حاڵەتێکی وات هەیە...؟

– ناتوانم بەتەواوی بڵێم شتێکی ئاوا بەڵام شتێك، مەسەلەن، ئەوە چا ئێستا هەر بەردەوام یەك بەدوای یەکیشدا بێ حەزی لێئەکەم خواردنەوەی شتی تر شەرت نییە ئەوەی کە تائێستا عاشقی بووبێتم و دەستم نەکەوتووە کە خۆم ئازاد بم مەرجم بەسەرەوە نەبێ ئێستا من چەند جار هاتومەتە ئێرە سوپاستان ئەکەم وە لە کاتی خۆشیا هاتووم وا بزانم ئەگەر چەند دەقیقەیەك دواکەوتووم ئەوەش رەنگە زۆر جار لە مەسەلەی مەوعیدو شتا وردبم کاری ئیشی تەنزیم و رێك‌و پێکی شیوعێتییە چونکە خولەکێك دوابکەوتیتایە دەرئەکرایت لە حیزب کە ئەو سانییەیە لەوانەیە مەترسییەکی تیا بێ، من تا بتوانم وردم جاری‌وا هەیە حیسابی رێگە کەمتر ئەکەی حیسبای چی ئەکەی (٥) دەقیقەیەك ئەکەوی کە زیادی نەبێ حەز بەو رێك‌و پێکییە ئەکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا حەزئەکەم ئازاد بم، مەسەلەن ئەم مەوعیدانەی ئێمە، حەزم ئەکرد خۆم مەسەلەن خۆم کەی بێم ئەشهاتم بەڵام کە وتمان (٢،٣٠) چونکە هەر من نیم، رەنگە ئەمرۆ من حەز بکەم لەو (٢،٣٠)دا بۆلایەکی کە بچم، ئەو ئازادییەم تا ئێستا لە هیچ شتێکی ژیانما دەست نەکەوتووە. لە جل‌و بەرکا حەز لە پاك‌و تەمیزی ئەکەم بەڵام ناتوانم پاك‌و تەمیز بم، زۆر رۆژ کەدێمە دەرەوە منااڵەکان ئەیکەن بەقڕە ئەڵێن ئەم بۆینباخە



١٩٦٥ بەرسیرین

لەم کراسە نایەت ئەم شتە لەوە نایە، بەڵام فێری نەبووم لەلاوێتیشا فێری نەبووم چونکە ئێمە بەڕاستی گەنجێتیمان بەتایبەتی لە حیزبی شیوعیا وابردەسەر کە ئەو وەختە هەموو شتێ قەدەغەکرد توخنی ئافرەت کەوتن، ڕەخنەم لە حسێن عارف ئەگرت ئەڵێم ئەو تێکۆشەرانەی تۆ پیشانت داوون

بە کۆمەڵ و نەریتەکانیەوە؟ زۆر جار خەیاڵی ئەدەبی ڕۆڵ ئەبینێ؟

– ڕیوایەتی مێژوویی، ڕیوایەتی مێژوویی ئەوەیە باسی شۆڕشی فلان شوێن بکەی یان نەکەی، شۆڕشی فەرنسا، شۆڕشی شێخ مەحمود، ئەوە ئەبێ شتە مێژوویەکان نەگۆڕیت، شێخ مەحمود (١٩١٩) حوکمداربووە لە (٩٢٢) دا

زۆر لەشیعرەکانی ئێستا وەکو کافەزی تاقیکردنەوەی تەڵەبەوان، هەیە ناوی پێوە نیە، ناوی نهێنییە، دەبینین هەمووی وەکو یەکن.

مەلیك بووە لەوەنەدا چووەتە پیران تۆ حەقی گۆڕینییت

ئەوە ئێمە نین، هی ئەو دەورە نین چونکە دڵداری نەبو، هەریەکە شتی وای نەبوو خۆشەویستێکی هەبێ نەکراوە من جارێ وتم مامۆستا بەهادین نوری دانیشتبوو لە (١٩٤٨) دا بیبسی کۆلای قەدەغەکرد شتی بێگانەیەو ئەویشسکرتێری حیزبی شیوعی بوو، (١٩٥٣) ئەو گیرا پاش (١٩٥٣) کاك کەریم ئەحمەد بوو بە مەسئول وتی: بابە تازە بیبسی کۆلاو کۆکاکۆلا هاتە عێراقەوە ئێمە ئەمانویست نەیەت چونکە سۆدەو سیفۆنی خۆمانە، هەبوو بۆ ئەوەی نەشکێ، نەمانتوانی تازە بیخۆینەوە.

بەڵام من تا (١٩٥٦) دەمم لێنەداوە لە (١٩٥٣) حەڵاڵ بوو جا گەنجێتیەکەمان وابوو لەبەرئەوە فێری هەندێ شت نەبووم، ئێستا تازە فێرنابم، بەڵام حەز بەو ئازادیەیە ئەکەم ئازاد بم لە هاتوچۆیا لەڕۆشتنا بەس ئەوە دیارە نیە ئینجا بڵێم حەز لە شتێك بە تایبەتی ئەکەم نایکەم ئا، خواردن تا ئێستا لە مادا نەم ووتوە فلان شت لێبنێ فلان لێمەنێن، حەتمەن تۆ هەرکەسە خواردنێکی لا خۆشترە لەویتر، چونکە هەووشتێ ئەخۆم ناچارم هەووشتێ ئەخۆم، بەڵام ڕەنگە حەز لەمەیان ئەکەم لەوەیان ئەکەم کەمیش ئەڵێم ئێستا لەمادیشدا ئەزانن کە تۆ وتت ئەمەیان سوێرە وەڵا ناخۆشە، ژن وائەزانێ دنیا ڕووخاوە، لەبەرئەوە حەتا ئەوەش نادڵێم، ڕەنگە خۆم حەز لەمەیان لەم گۆشتە زیاتر بکەی حەز لەویان زیاتر بکەی، جارو بار حەزم لە دەشتودەرە قەت حەزم لە تەنیایی نەکردووە.

❖ باسی شارت کرد، ڕۆمانی شار، مەرجە لە ڕۆماندا یان لە شیعرداو لە نوسیندا تۆ پابەند بی نیە ئەوە شتێکی مێژوویی یە، شەخسیەتی شێخ مەحمود بووە بە حوکمدار، بووە بە مەلیك و دوایی چۆتە داری کەلی دانیشتووە، تۆ ناتوانی شێخ مەحمود بەناوی شێخ مەحمودەوە بێنی لە سلێمانیدا دایبنێی.

ئەو ماوەیە شتی مێژوویی چیە، بەس مێژوو ئەگێڕێتەوە بەڵام هەندێکیش هەیە هەر شتێکی مێژوویی تیایە چونکە هی سەردەمێکە هی خەڵکی سەدەمێکە خۆ نەجیب محفوز مێژوویی تەواو نیە، بەڵام میصری ئەوکاتە کە لە (خان الخلیلی) ەکەی دا باسی دەکات هی سالانی (٢٠) ە سالانی (٣٠) ی ناتوانی وەکو ئێستا تەصویرکەی ڕەنگە خەیاڵێك دروست بکەیت خەیاڵ وەکو خەولەخەوا تۆ خۆتو باوکتو باپیرت پێکەوە دانیشتوون لەگەڵ کوڕەکەی تۆدا، کە هیچ یەکیان نەدیووە، تۆ ئەتوانی ئەمە وەك چیرۆك دروست بکەیتو دواندنو حیوار دروست بکەیت بەڵام من مەبەستەکەم لێرە بوو لە شارا ئەو لەنگەری لای حیزبی شیوعیو شیوعیەکان گرتووە، مەبەستم ئەوەیە ئەوە ئاواتی حسێن خۆیەتی ئەوە حەقی خۆیەتی نوسیویەتی، بەڵام واقیعەکە وانەبووە، جا منیش حەقم هەیە بڵێم من ئەوە ئاواتم وایە.

❖ لای عەرەبەکانیش ئەو گێشەیە هەیە کە زۆربەی ڕۆمانەکانیان پابەند بوون بە مێژووەوە، ئایا هەتا ئێستا لای کورد ڕۆمانی هونەری بەهەموو مانای وشەکە هەیە پێی بوترێ ڕۆمانێکی هونەرییە؟

– بۆنی‌یە مەسەلەن ئەژدیهای محەمەد موکری چی‌یە؟ خۆشتی تأریخیشی تیایە شۆرشیشی تیایە شەخسیاتی سەیریشی تیایە کەریم و حەمەکەریم کامیان کامیان حەمە موکری خۆیەتی من ئەپرسم مەسەلەن سەعدوللا ئایا سەعدوللا پەرۆش هەر خۆیەتی یان یەکێکە لەو ئەچێ، قایەرە فەنی‌یەکە



ناوپردان لەگەڵ هەژاری موکریانیدا

عەلی زەردەشتی‌یە یان یەکێکە لەو ئەچێ بەعزێ شەخسیەت هەیە لە راستەقینە ئەچێ کە ناوت گۆڕی لێت گۆڕی تۆلە خۆتەوە شتی بۆ دروست ئەکەی ئەوەی لە من ناگەن مەسەلەن لەو ئوستادەدا کە من نەمنوسی رۆمان نوسیم کارێکی ئەدەبی‌یە خەڵک بڵێ رۆمانە یان رۆمان نی‌یە بەو جیهانە جەنجاڵەوە لای من رۆمانە بەڵام شەخسیەتەکان چونکە ناوەکانیانم گۆڕیوە بەلای منەوە شەرت نی‌یە ئەمە فلان کەس بێ یان فیسار کەس بێ هەندێ ناوی تیایە لە خەڵکی راستەقینە ئەچێ چونکە زۆر لەو نوکتانە رووی‌داوە لەو دوکانەی مامۆستا بەشیرا، تا بەڵام شەرت نی‌یە ئەوە وابێ من ناوەکەم گۆڕیوە ئەتوانم لێی زیاد بکەم لێی کەم بکەم ئەوە ئارەزووی خۆتە بەڵام دیسان حەتا ئەوەی تریش کە وەری ئەگری یەشار کەمال ئەڵێ حەمەدۆك نی‌یە، ئینجە مەمەد وجودی نی‌یە کەچی تۆ وا ئەزانی هەیە ئێستا کە بەو تۆرۆسەیا ئەڕۆم ئاوا چەندجارێ بە ئوتۆمبیل هاتووم پاش ئەوانە ئەگەڕێم بۆ ئینجە مەمەد بۆ کەریم ئۆغڵی یەکێکی سەرۆکی عەشیرەتی تورکمانو کۆچەرو رەنگە شتێکی لەوە هەبێ رەنگە نەبێ خەیاڵی ئەم بینەرەتی‌یە چەتەی چاك هەبووە چەتەی خراپ هەبووە، ئەمەی بە یەشار کەمال نوسیوە جا ئەمەش تۆ ئەتوانی بڵێی میژوویی‌یە چونکە لەوسەردەمەدا وابووە بەو جۆرە یەعنی نووسەر ناتوانێ لەواقیع لە سااڵ لە تەمەن دووریکەوێتەوە ناتوانێ لەخۆی دوریکەوێتەوە.

❖ بەبۆچوونی من خەیاڵ لەئەدەبدا سنوری بۆ نیە تۆ ئەتوانی ئەفسانە بەکاربێنی لە ریوایەدا شتی میژووی بەکار بهێنی، تاوای لێبکەی ببێت بە دژی خۆیشی. بۆ نموونە: لە شانۆنامەیەکی محێدین زەنگەنەدا ((کاوە دڵدار)) محێدین زەنگەنە هاتووە کاوەی کردووە بەخائین. ئەدیب ئەتوانێ بە خەیاڵ شتەکان بشکێنێ و شتی‌تر دروست بکات؟

– نازانم بڵێم دەستکاری ئەوە رەنگە بۆچوونی خۆت بێت ئەڵێن کاوە کورد نەبووە زوحاك کورد بووە کاوە هاتووەو دەوڵەتی کوردی زوحاکی داگیرکردووە لەناو کورددا شتی بێسەروبن زۆرەو من بەلامەوە کاوەو زوحاك هەر نەبوون رەنگە هەر نەبووبن شتێکی بچووك هەیەو ئەفسانە گەورەی ئەکا جا مەخسەدم ئەوەیە بۆی هەیە بۆی نی‌یە ئەو ئەینوسێ ئینجا تۆش بۆت هەیە بڵێی نابێ دەستکاری ئەم شتە میژوویی‌یە بکەی من مەبەستم ئەمەیانە تۆ نابێ دەستکاری ئەوە بکەی کە شێخ مەحمود بێنیت بۆ شارو بیکەیتەوە بە بازرگان ئەگەر شێخ مەحمودبێ بەڵام رەنگە بتەوێ شەخسیەتی شێخ مەحمودو زەلامێکی کە بکەی بەیەك.

❖ رۆمان گۆمەڵێ هونەرو تەکنیکی هەیە کاتێ کە زۆر لەو رۆمانانە کە پابەند ئەبن بە میژووەوە ئەو فەنییەتەی رۆمان جێدەهێڵن، هاتنە ژوورەوەی میژوو شێوەیەك لەفەنییەتی رۆمانەکە دەگۆڕێ..

– وەك پێم وتـی کابرایـەکی موبدیـع ئەنوسـێ ئازادی خـۆی هەیـە لـەو نووسینەدا لای مـن چـەند سـەرکەوتووە، چـەند چاکی کـردووە، چـەند خراپـی کردووە، زمان جەنابت بەو زمانـەی کـە ئێستا پـێی ئەنووسی مەینوسە کۆمەڵێ مەجازی تر دروست بکـە کۆمەڵێ پاشگرو پێشگر هەیە ئاخر لە عـەبدولوەهاب بەیاتی دنیا هەڵگـەڕابۆوە لەسـەر ئـەم بەیتـە، دوایـی لایبرد:

(انا عامل ادعی سعید ومن الجنوب ابواي ماتـا في طريقهما الى قبر الحسين

جیـای کردنـەوە دنیـا هــەوڵیان داو زۆر رووندیـان کردەوە حەقی نیـە زماندەستکاری بکرێ ئـەو ئـەڵێ ئەمە شێواوی دەروونی خۆمە.

((علیه ماتا في طريقهما السلام))، وتم کـابرا خـۆی وا ئەنووسێ یەکی ئـەڵێی وەڵـڵا زۆر جوانـە، دە مـن ئـەڵێم شـاعیر دەلیلـی ئەوەیـە کـە هـەژانی خـۆی دەرئەبڕێ، یەکێکی کە ئەڵێ نەخێر هاتوە زمانەکـەی تێکداوە، جا ئەوەیە تۆ ئەنووسی قەڵەم با چی ئـەڵێ بیڵێ هەرکەسیش ئازادە.

ئـەوەی مێژووییـە چـۆن مەسـەلەن ئـەوە مـن وتم شـێخ مـەحمود لـە پیرانـەوە هاتـەوە، پـاش شـــەڕی بەردەرکی سەرا کەپێی ئەڵێن شەشی رەشی ئەیلول، شـەڕی ئاوبـاریکی کـــرد لەتۆڵـەی ئـەو کوشـتارەی سلێمانییا جوڵا ئیتر دانیشتبوو جوولا هـات شـەڕێکی کرد، مەحمود جەودەت لەسەرپاکەتی جگەرەیەك لـە خەندەقەکـەیا شـتێکی بەجێهێشـتووە ئـەڵێ ئەمـە لەتۆڵەی ئەلەگون سوتاو، ئەلە گون سووتاو شێتێکی سلێمانی بوو کـوژرا، بـەر گوللـە کـەوتووە واتـە ئـەم شەڕە گەورەیە لە تۆڵەی ئەوە، لە تۆڵەی یەك شێت، لەتۆڵـەی ئـــەو شـێتەدا نـــاوی ئـــەوانی کـــەماوە شـــەهیدەکانی کـەماوە تۆڵـەیان بسـتێنین ئـــەوەی زێوەرتان بینی ئەوەی لەم دواییـــەدا چـاپ کـراوە بـۆ رۆژی خـۆی شـــتێکی ســـەیرە، خـــەیاڵێکی ســـەیرە، شتێکی چاکـە ئـەو بـە خـەیاڵ حکومـەتێکی دروست کـردووە، کـە بـە لایـەوە ئـەبوو وابـێ خـۆ بـۆ مێـژوو ئەتوانێ دەستکاری وا بکەی.

❖ باسی یەشار کەمالتان کرد ئایا جـەنابتان یەشار کـەمالو سەلیم بـەرەکاتو مەحمـەدی قازی یان عـەلی ئەشـرەفی دەرویشان ئەمانـە ئەخەنـە چ خانەیەکەوە؟

– ئـــەوە زۆر تووشـــم بـــووە ئـــەو مەســـەلەیە بەتایەبتی لـە دەرسـا بـە تایبـەتی دەربـارەی یەشار کـەمال کـە لەسـەرم نووسـیو وەك نـو سـەری کـورد پێشکەشم کرد لە کۆڕێـدا لـە زانسـتگای موسڵ هـەر ئێمـە نـین بـەڵکو زۆر میللـەتی دنیـا ئـەدەبیاتێکیان هەیە بە زمانی تر، جا ئەوانـە جیائەکەمـەوە کردومن بەسێ بەشەوە: ئەمانە بە نیسبەت کوردەوە ئەوانەی خۆمان کە بە چەند زمانێ شیعریان هەیە ئەوە شێخ رەزایە، نالیـە، مەلای جەزیریـە چونکە وەکوکـراوە، بەشـەرت بـۆ شـاعیری کلاۆڵـی کـورد کـوردی چیـیـە؟ کـوردی ئاسـانە ئەگـەر تـۆ پیـاوی بـە عـــەرەبی قەصیدەیەك بڵێ لەبەرئەوەی نالی ئەڵێ:

فارسو کوردو عەرەب هەرسێم بەدەفتەر گرتووە
حاکمی سێ موڵکە ئەمڕۆ نالی دیوانی هەیە

تا بەسێ زمان نەبێ نابێ بە دیوان ئەوەی بەسەرا فەرزکراوە لەبەرئەوە زۆربەیان شیعریان بە زمانی تـر وتـووە کەمیشـیان سـەرکەوتون وەك شـــاعیر وەك شـیعر، وەك شـێخ رەزا بـــەڵێ لـە فارسیـیەکەیشـا عەرەبیەکەش کـەمیان سـەرکەوتوون ئـەبینی زمـان ئـەو زمانـە گەورەیـەی شـێخی نۆدێ کـەس نـیـیـەتی کەچی وەك شیعر سەیری کە ئەو ناسکیـیەی تیانیـیە ئەمانـە تـاقمێکن هـەر هـــی کـوردن، بابـەزمانی تـر نوسرابێ تاقمێکیان هەیە کە بە ئەصڵ کوردن من لـە شۆێنێکا لەسەر حسێن مەردانم نووسـی ئـەڵێم وەکـو تۆوێك وایە بـا بیباتـە شـوێنێکی دوور لـەوێ ببـێ بـە درەختێکی سیبەرەدار نەبێ بە درك لە قاهیرەش ئەوە بوو ئەوەش کرا لەسەر شەوقی مالّی ئاوابێ (حسێن مەردانیش)) هەر خۆی ئیعتراف ئەکا کە کوردە عـەلی چاوەیشی باپیریشیم ئەناسی.

ئەڵێم تۆوێکە ئـەڕوا ئـەبێ بـە درەختێکـی بـەردار

شیعری کوردەکانی سـۆڤیەت لـەناو چوارچێـوەی فۆلکلـۆری کوردیـی یەزیدیی خۆیاندا مایەوە، هەندێ شیعری جوانیان هەیە.

ئەمین، کە داوای (تعلیم المرأة) کردووە، عبدالرحمن کواکبی لە طبائع الاستبداد ی هەیە، محمد عبدە زۆرن لە میصر، ناوی ئەوانەم وت یەکێ وتی ئەم هەموو کوردە چین؟

وتم ئێمە منەتتان بەسەرا ناکەین بەلام ئێمە بڵێین وەلا میللەتێکن ئەوانمان پێشکەشی ئێوە کردوە بۆ ئەبێ عەیب بێ حەتا وتم کۆمەلێك هونەرمەندیش ناویان نابەم.

((لانی اعتمد علی الروایە)) بیستوومە مەحمود ئەکرد وین الاکراد، وین الاکراد، یەعنی محی‌الدین کوردە مەسەلەن ئەوە ئەو تۆوەیە کە رۆیشتووە.

بەلام کۆمەلێ نووسەرمان هەن کەلەناو کۆمەلی کوردا ژیاون باسی کۆمەلی کوردەواری ئەکەن وێنەکانیان زۆر شتیان کوردیی بەلام ناتوانن بەکوردی بنوسن ئەوە (یەشارکەمال) یەکێکە لەوانە یەشار کەمال قەت نەبووە بڵێ من کوردنیم لەیەکێ لەوانەی پەرلەمانی تورکیام پرسی وتم: یەشار کەمالو کورد چۆنە؟ وتی وەختێ ئەوناوی کوردی



هێمن ، د. عیزەدین ، د. شاکر خەصباك ، کەرکوك ١٩٧٣

ملیجی کورە. ((رغدەو حمیدە نعناع)) و یوسف شعبان و صلاح سعدنی کۆمەلێکیان کوردن کورد زۆرە لەوێ عقاد خۆی خۆ من هی عقادم خوێندەوە خاڵی عومەر ئاغا کە چۆتە فرقەی تەحریری سودان خەڵکی دیاربەکر بووە عەقاد خۆی ئەڵێ باوکم ئاوریشم فرۆش بووە، عقاد (عقدە) یەعنی کلاڤە، ئەمانە چیە؟ تۆوێکە لەوێ رواوە بووە بە شتێکی چاکە ناشتوانی پێی بڵێی بۆچی باسی کوردت نەکردووە؟ بۆ کورد ایەتیت نەکردووە محمود تەیمور و (ال تەیمور)، جا من بە عەدنان موفتیم وت کاکە ئەم کۆنە کوردانە بدۆزەرەوە هیچ نەبێ لە شوێنێکا سوودێکیان هەیە مەسەلەن لە شەخسیاتی گەورەدا تەنها بڵێ خان محی‌الدین هات بۆ کۆڕەکە بۆ نەدوەکە بڵێی‌هاتو حەتا لەمەصعەدەکە هاواری

ئەمێنا لە ریوایەتەکان ئەینووسی کورد کورد کەس نەیئەوێرا بڵێ کورد لە تورکیا، ئەو باسی کوردی ئەکرد.

لێرە پرسیارەکە ئەوەیە بڵێ مادام ناتوانێ بە کوردی بنووسێ نەنووسێ باشترە، ئەوە بۆچوونی هەندێ کوردە بەناوی ناسیونالیستی‌یەوە. بەداخەوە ئەم نووسەرانەمان خۆزگە بیانتوانیایە بۆ کوردیشیان بنووسیایە مەسەلەن یەلماز گۆنای برادەرێك لە بەرلین کەوتە قسەی ناشیرین پێی وتی بۆ؟ وەلا یەلماز گۆنای پڕۆژەکەی وابووە نۆبڵ وەرگری ئەوسا بکەوێتە کوردایەتی‌یەکی تۆندوتۆڵ خۆ یەلماز بۆ کوردیشی کردووە، یۆڵ و رانەمەڕو شتی تر من بە کوردییان تەماشا ئەکەم، بەلام هەندێ هەیە چەندە سوودی بۆ کورد هەیە. محەمەدی قازی

خۆی هات چەند شتێکی لەسەر کوردو بۆکورد نووسی لە بنەماڵەی قازی مهابادە بەڵام ئەو کوردیی‌یەی نەئەزانی بە کوردی بنوسێ هەرئەوەندەی پێکراوە.

❖ دێینە سەر بواری ئەکادیمی دکتۆر عیزەدین. ئێوە خزمەتێکی زۆرتان لەم بوارەدا هەیە. راتان بەرامبەر رەخنەی ئەکادیمی چۆنە؟

– راستە من تەمەنێکی دوورو درێژم لەم بوارەدا بردۆتە سەر، سەرپەرشتی چەندەها لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیم کردووە، چەندەها لێکۆڵینەوەم نووسیوە...

❖ دکتۆر مەبەستم لە رەخنەی ئەکادیمی ئەو جۆرە رەخنەیە کە بایەخ بە مێژووی ئەدەبو ژیانی ئەدیبو نووسەران دەدا، واتا رەخنەیەکە لەو چوارچێوەیە دەرنەچووە. لە فەرەنسا وەختی خۆی رۆڵان بارت هێرشێکی توندی کردە سەر ئەم جۆرە رەخنەیە.

– بایەخ بە مێژووی ئەدەبو ژیانی ئەدیب ئەدرێت، بەڵام شتی تریش هەیە، لە زانکۆدا شتی تریش ئەنوسرێ.

❖ من بەشێوەیەکی گشتی باسی رەخنەی ئەکادیمی ئەکەم نەک تەنها هی شوێنێکی دیاریکراو، رەخنەی ئەکادیمی دەرەوەی دەق دەگرێ، لە ژیان و رووداو و زانیاری حازر بەدەست دەربارەی شاعیر و دەوروبەرەکەیەوە بۆنووسینی لێکۆڵینەوە دەچێت. هەر لێرەدا، مادام باسی زانکۆ دەکەین دەمەوێ بڵێم مەنهەجی وانەکان چەندەها ساڵە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە. ئێستاش بە زەوقو ویستی (٤٠- ٥٠) ساڵێک پێش ئێستا دەنووسرێنەوە. هەر باس باسی قانیعو بێکەس وەلی دێوانەو ساغکردنەوەی شیعری بڵاونەکراوەی فڵانو فیسارە. ئەبوایە ئەمانە وەک مێژووی ئەدەب بخوێنرانایە. دەبێت قوتابی لەسەر رەوتی نوێگەریو ئەدەبی نوێ پەوەردەبکەین. سەیرە قوتابی لەکێشو قافیە، زیاتر چ شتی تر دەربارەی شیعرو ئەو هەموو گۆڕانکارییە ئەدەبیانە نازانێت، کە لە جیهاندا رووبان داوە.

– راستە مەنهەجی کۆن هەیە. پێویستمان بە تازە هەیە. بەڵام با ئەوانی تریش لەیاد نەکەین. شتەکانمان کۆنن ئێمە هەوڵماندواوە، پێشنیازمان خستۆتە روو، بەڵام من هەر خۆم نیم، بەدەستی کەسانێکی تریشەوەیە.

❖ دکتۆر، ئایا لەجیهاندا زانکۆیەکت بینیوەو حەزت کردووە ببێت بەنمونە لەزانکۆکانی کوردستانا. چەند ساڵێک پێش ئێستا دکتۆر (علی شلق) لە وتارێکدا نووسیبوی (داوەتیان کردم بۆ زانکۆیەک، دەبوایە پاش تەواوکردنی قۆناغەکە خوێندکار کتێبێکی نامادە بکردایە).

– من زانکۆی وام نەبینیوە، بەڵام لای ئێمەیش لەسەر بابەتێک شت نامادە دەکەن.

❖ مەبەستم ئەوە نییە وەک راپۆرتێکی ئاسایی بنووسن. دکتۆر زۆرمان ماندوو کردیت. دوا داواکاریمان لە جەنابتان ئەوەیە. ئێمە ناوی چەند نووسەرو رۆشنفکرێکی خۆمانو جیهاندمان خستە ناو زەرفێکەوە، کە دەرمانهێنان بەم شێوەیەی خوارەوە هاتبوون. داواکارین خۆتان بەپێی نرخی داهێنانی خۆیان ژمارەیان بۆ دابنێنو رێکیان خەن. نەک بەپێی مێژووی ژیانی ئەدەبییان یا نووسینیان.

ناوەکان:

١) غەزالی ٢) کندی. ٣) ئیبن سینا. ٤) فارابی. ٥) ئیبن روشد.

دانانەکەی د. عیزەدین بەم شێوەیە دەرچوو:

١) فارابی. ٢) ئیبن روشد. ٣) کندی. ٤) ئیبن سینا. ٥) غەزالی.

هەندێ ناوی تر:

١) هایدگەر. ٢) کانت. ٣) مارکس. ٤) سپینۆزا. ٥) سوقرات. ٦)ئەرستۆ

دانانەکەی د. عیزەدین بەم شێوەیە دەرچووە:

١) ئەرستۆ. ٢) مارکس. ٣) سپینۆزا. ٤) کانت. ٥).....

هەندێ ناوی تر:

١) سوارە ئێلخانی زادە. ٢) شێرکۆ بێکەس. ٣) رەفیق سابیر.

٣) ئەنوەر جاف. ٣) نەوزاد رەفعەت.

دانانەکەی د. عیزەدین بەم شێوەیە دەرچوو:

١) شێرکۆ بێکەس. ٢) سوارە ئێلخانی زادە. ٣) رەفیق سابیر.

٣) ئەنوەر جاف. ٣) نەوزاد رەفعەت.

١) سەعدی یوسف ٢)ئەدۆنیس. ٣) حسب الشێخ جعفر. ٤)فەوزی کەریم. دانانەکەی د. عیزەدین

٢) سەعدی یوسف ٢)ئەدۆنیس. ٣) حسب الشێخ جعفر. ٤)فەوزی کەریم.

١) نیمایوشیج. ٢) نازم حیکەمت. ٣) بەدر شاکر سەیاب. ٤) گۆران. دانانەکەی د. عیزەدین

١) گۆران. ٢) نازم حیکمەت. ٣) نیمایوشیج. ٤) بەدر شاکر سەیاب.